# دەسەڵاتی ئیسلامیەکان

## لە نێوان ترس و ئومێددا

**نەوزادی موهەندیس**

چاپی یەکەم
سلێمانی
٢١٠٧

مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

پێناسی کتێب:

- ناوی کتێب : دەسەلاٌتی ئیسلامیەکان لە نێوان ترس و ئومێددا
- نوسەر : نەوزادی موهەندیس
- بابەت : سیاسی
- پیتچنین و هەڵەبڕی : نەوزادی موهەندیس
- نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ : زەردەشت علی سۆرانی
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- شوێنی چاپ : چاپخانەی پیرەمێرد / سلێمانی
- نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم / ٢٠١٧

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٠٦٩ ) ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

## ناوەڕۆک

==============

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ======== | ========== |


پێشکەشە .............................................. ٨

پێشەکی .............................................. ٩

**بەشی یەکەم** ........................ ١٤

کورد لە نێوان مەرکەزیەت و لا مەرکەزیەتدا ................. ١٦

کامیان گرنگترە بۆ کورد مادەی ١٤٠ی دەستوور ............٢١

دیمانە لەگەڵ گۆڤاری شەقامدا ..................................٢٧

ساڵی ٢٠٠٩ ساڵی هەڵبژاردنەکان لە دونیا و لە کورد ......٣٥

خوێندنەوەیەک بۆ هەڵبژاردنی پەڕلەمان و .....................٤٠

ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی سێبەر لە پەڕلەمانی ئایندەدا .....٥٣

دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دوو جەمسەری ........................٦٤

یەک لیستی یان فرە لیستی لەکوردستان و عێراقدا .........٦٩

شنەبای گۆڕان یان گێژەڵوکەی ئاخر زەمان .................٧٤

هەڵبژاردنی پەڕلەمانی ساڵی ٢٠١٠ و مەترسیەکانی.......٧٨

سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا ..................... ٨١

ئۆپۆزسیۆن بوون خیانەت نیە ..................................٨٦

پۆستی سەرۆك كۆماری لە بەغداد ........................ ٩٠
گۆڕان نەزوەیەکی سیاسی یان مەتڵەبێکی جەماوەری ......٩٤
ئەرێ دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ....١٠٠
مقاوەمەتی شۆڕشگێڕی یان دانوسانی سەرشۆڕی ؟ .......١٠٣
پرۆسەی گۆڕان لەماوەی ساڵێکدا بەکوێ گەیشتوە ؟ .....١٠٧
یەك و یەکگرتوویی و برایەتی بەزۆر ناسەپێنرێت !! .......١١٣
بزوتنەوەی گۆڕان لەنێوان هەڵکشان و پاشەکشەدا..........١١٦
گەلی تونس و سەرکردەکەی پەندێك بۆ ......................١٢٠
میسری دوای موبارەك بەرەو کوێ ؟ .........................١٢٤
نهێنی سەرکەوتنی سێیەمین جاری ئاك پارت لە تورکیادا....١٢٩
ئەرکی کێیە ئەم گۆمە مەنگە بشڵەقێنێ ؟..................١٣٣
ڕووخاندنی ڕژێمی سوریا دەروازە گەورەکەی گۆڕان..........١٣٧
تورکیا و خەوبینینی بە زیندوکردنەوەی ...................... ١٤١
دەسەڵاتی ئیسلامیەکان لە نێوان ترس و ئومێددا............١٤٦
بزوتنەوەی نەهزەی ئیسلامی لە تونس .....................١٥١
ئایندەی دەوڵەتی عێراق بەرەو کوێ ؟ ......................١٥٧
هەڵوێستەکەی لیستی عێراقیە ...........................١٦٢
پاشەکشەی ڕۆڵی ئێران لە هاوکێشە ........................١٦٧
خوێندنەوەیەك بۆ ڕەوشی سیاسی ئێستای.....................١٧١
پاشەکشەی ڕۆڵی ڕوسیا لە ناوچەی ........................١٧٧
پۆستە گشتیەکان لەنێوان ئەرك وئامانجدا ..................١٨١
کۆبونەوەی لوتکەی عەرەبی لە عێراق لە نێوان ............ ١٨٥
کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی دارعاسا ................... ١٩٢
چارەنوسی حکومەتی مالکی بەرەو کوێ ؟................. ١٩٨

تەنگژە سیاسیەکانی عێراق لەکوێوە؟ تاکەی ؟ ..............٢٠١
دیجلە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی شەپۆلەکانیەوە ............٢٠٥
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قوڵپ دەدات! .........................٢١٠
جارێکی تریش حکومەتی وەزیر و ئەندام ...................٢١٤
سیستەمی سیاسی عێراقی نوێ بەرەو کوێ ؟ ..............٢١٨
دیمانە لەگەڵ گۆڤاری نێوەنددا...............................٢٢٢
کێرڤی تەمەنی ڕژێمی سوریا ڕوو لە داکشانە ...........٢٢٥
سیاسەت و سیاسی موحەنەك کێ بوون؟ ....................٢٢٩

## بەشی دووەم

بەشی دووەم............ ٢٣٤
دیمانە لەگەڵ گۆڤاری شەقامدا ............ ٢٣٥
میراتگری کوردایەتی ڕەسەن کێیە؟ ............ ٢٤١
ئاسۆکانی مەسەلەی کورد لە تورکیادا بەرەو کوێ ؟ ........٢٤٧
پێگەی سیاسی کورد لە دەسەڵاتی ...........................٢٥١
کێ پاڵنەری سەرەکی بوو لە دروستبوونی ...................٢٥٥
تیرۆر لە کوردستاندا لەکوێوە؟ بەرەو کوێ ؟ ...............٢٥٩
پڕاك تاکە ئومێدی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........٢٦٤
دەسەڵاتی کوردی و هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆریەت ..........٢٦٨
سەرئەنجام کورد سەرکەوت ......................................٢٧١
ئەرێ پێویستە کێ داوای لێبوردن لە کێ بکات ؟ ............٢٧٤
حکومەت لەنێوان دەستلەکارکێشانەوە و ڕووخاندندا .......٢٧٨
بەڵێ کوردستان لەتونس و میسر ناچێت بەڵکو ............ ٢٨١
کاروانی چاکسازی و گۆڕانکاریەکان ...................... ٢٨٥

ئەریٚ هەرێمی کوردستان بۆتە دورگەیەکی ئارام و.......... ٢٩٠
دەوڵەتی کوردی لەنێوان خەون و مافێکی ڕەوادا .......... ٢٩٤
دووری نێوان پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و .................... ٢٩٩
بوونی زمانێکی یەکگرتوو گرنگە بۆ .................... ٣٠٢
گەندەڵی لەنێوان بون بە کەلتوور و دیاردەیەکی .......... ٣٠٦
ئەرکی نەتەوایەتیمان بەرامبەر برا ....................٣١٩
پێگە وهەڵوێستی کورد لەم قەیرانە .................... ٣٢٥
بەڵێ سلێمانی شایانی بوون بە پایتەختی.................... ٣٢٩
ئایندەی ئەو جەمسەرگیریە سیاسیانەی .................... ٣٣٤
خوێندنەوەیەك بۆ ڕەوشی سیاسی کوردوستان............٣٣٨
بالێگەڕێین ئاڵوگۆڕە ئاشتیانە و .................... ٣٤٤

**بەشی سێیەم** .............................. ٣٤٧
ئەریٚ یەکێتی دەتوانێت تاسەر بە ....................٣٤٨
سەرکەوتنێك ...بەلاّم پڕ ئازار ....................٣٥٦
تکایە..زیاتر مێژوومان ڕەشتر مەکەن و جوانی ......... ٣٦٠
هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و .................... ٣٦٥
خوێندنەوەیەك بۆ کۆنگرەی سێیەمی ....................٣٦٩
ئەریٚ کاتی ئەوە نەهاتوە کە بزوتنەوەی گۆڕان ............٣٧٥
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەدوای ٤/١٨ ............٣٨٣
کوردستانی نویٚ فێرگە گەورەکەی ....................٣٨٩
ئەریٚ کاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی............٣٩٢
خوێندنەوەیەك بۆ پڕۆژەی (( چاکسازی و ............٣٩٨
دیمانە لەگەڵ گۆڤاری نێوەند ئەنجامدراوە ............٤٠٦

## بەشی چوارەم ........................ ٤١٢


چینی ئۆزۆن ........................................٤١٣
پیس بوونی ژینگە ........................................٤٢٠
دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی ناسینی و هۆکار...... ٤٤٢
تەکنەلۆژیای نەوت و گاز ............................ ٤٥٣
چی دەزانیت دەربارەی زەمین لەرزە؟ ........................ ٤٦٢
ئەندازەی بۆماوەیی ................................ ٤٧٦
هەندێك لە نهێنیەکانی نەوت کەلای ........................٤٨٣
مێژووی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کاریگەری و ......٤٩٣
وزەی خۆر وەك سەرچاوەیەکی وزەی ...................... ٥١٢
ئەریٚ تاکەی نەوت لە کوردستاندا هەر نابێتە بە............ ٥٢٤
پیشەسازی شووشە.......................................٥٣١
خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ سیاسەتی ........................٥٤٠
پیشەسازی کاغەز ................................ ٥٤٩
پرۆژەی هێڵی بۆری غازی سروشتی ........................ ٥٦٠
پیشەسازی صابون ....................................... ٥٧٠
دیمانە لەگەڵ پێگەی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی ........ ٥٧٨
سیٚ کوچکەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە .................... ٥٨١
وزەی تازەبۆوە ............................................ ٥٨٦
ڕۆڵ و کاریگەری پترۆڵ وئاسۆکانی ........................ ٦٠٢
سووتەمەنی و جۆرەکانی ........................................ ٦٢٣

**پێشکەشە :-**

- **بە گیانی پاکی باوکی زۆر خۆشەویستم کە لە ٢٠١٦/١١/١٥ دا بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین و تا ئەبەد بەجێیهێشتین و چیتر ناتوانم بۆ چرکە ساتێکیش ببیبینمەوە..**
**هەزاران سلاو لە ناوت ... هەزاران سلاو لە گۆڕت ئەی دڵسۆزترین و خۆشەویسترین کەس لە ژیانمدا..**

- **پێشکەشە بە گیانی هەموو ئەو ئازادیخواز و یەکسانی خوازانەی کە بونە قوربانی لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و وەستانەوەیان بەڕووی ڕژێمە چەوسێنەر و تاکڕەو و گەندەڵکار و دەسەلاتە خۆسەپێنەکاندا، بەگیان و خەباتی خۆیان گۆڕانکاری گەورەیان چێ کرد لە کوردستان و ناوچەکە و دونیاشدا..**

*******************************

# پێشەکی

- ئەم کتێبەی لەبەردەستی تۆی خوێنەردایە بریتیە لە کۆکراوەی هەموو ئەو بابەتە سیاسی و ئابوری و زانستی و ئەندازیاریانەی بەندە کە لەماوەی ٣ ساڵ و ٢ مانگ و ٢٤ ڕۆژدا نوسیومن.کە خۆی لە (( ١٠٥ )) بابەتدا دەبینێتەوە.

ئاشکرایە لەو ماوەیەدا ٣ ڕووداوی گەورە ڕویانداوە لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان خستۆتە سەر ڕووداوەکانی دواتر و بیربۆچونەکانی زۆرێکمان، کە بریتین لە :

١. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩دا هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەق کە خۆی لە ئیعلانکردنی جیابونەوەی لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ بە ناوی (( بزوتنەوەی گۆڕان ))دا بینیەوە ، بۆخۆی ئەم دیاردە و ڕووداوە کوردستان بەگشتی و ناوچەی (( سەوزی )) هەژاند و بوە هۆی لێکترازاندنی ڕیزەکانی کوردایەتی بەگشتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە تایبەتی. ئەم ناوچەیە کە سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و شارەزوور و پێنجوێن و پشدەر و ڕانیە دەگرێتەوە هەر لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوەوە کانگا و قەڵای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و کوردایەتی بوە بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەماوەی ١٦ ساڵ خەباتی شاخ و شار بەنهێنی و ئاشکرا و بەخشینی هەزاران شەهیدی سەنگەر و لەسێدارەدانی سەدان تێکۆشەر لەزیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا لە سەرکردە و کادر و فەرماندەی پێشمەرگەدا توانرا هەر بە پلان و ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان لەم بەشەی کوردستاندا بەرپابکرێت و سەریش بگرێت و بتوانرێت پەرلەمان و حکومەت و دەسەلأتێکی خۆماڵی لەسەر خاکی کورداندا دابمەزرێت و خۆش بەختانە لە ئێستادا ماوەی ٢٥ ساڵیش تەمەنی تێپەڕاندوە.

بەلاَم گەلێك هۆكاری خۆی و بابەتی هەبوون كە بونە هۆی پەیدابوون و سەرهەلّدانی هێزێكی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لەناو هەناوی ئەم هێزە شۆڕشگێڕ و ماندونەناس و پڕ دەسكەوت و خاوەن جەماوەرە پانوپۆڕەی سەرتاسەری كوردستان و گیانفیدابیە بۆ بزوتنەوەی كوردایەتی، كە لێرەدا جێگەی باسكردنی نیە، ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنە لەپاڵ بوونی هێزی نەیار و ئۆپۆزسیۆنی دەسەلاّتی ئەوكاتە كە خۆی دەبینیەوە لە هەردوو پارتی ئیسلامی سیاسی (( یەكگرتو و كۆمەلّی ئیسلامی))دا  كە ئەوان بەهێندەی بزوتنەوەی گۆڕان توندە هەلّویسّت و ڕەق نەبوون و بوێریشیان كەمتر بوو بەشێوەیەكی نەرمتر(( ئۆپۆزسیۆنی نەرم)) كاری سیاسی خۆیان ئەنجام دەدا. بەلاّم دوای هاتنە كایەوەی بزوتنەوەی گۆڕان بەو هێز و پشتیوانیەی كە هەیبوو لەلایەك بەهۆی كاریزمایی ڕێكخەری گشتیەكەی بەڕێز (( نەوشیروان مستەفا)) و ڕابووردوو و پاشخانی خەباتی شاخ و شاری و دووربوونی لەدیاردەكانی گەندەلّی و دواتریش كۆبونەوەی جەماوەرێكی پانوپۆڕ  و هەمەجۆر بیروبۆچون و ئاڕاستە لەدەوری ئەم بزوتنەوەیە  وایكرد كە بەشێوەیەك لەشێوەكان ئەم دووهێزە بزوتنەوەی گۆڕان بە پشتیوانیەكی گەورە بۆخۆیان بزانن و ئەوانیش  توندتر و بوێرانەتر لەجاران بێنە پێشەوە و دەنگی ناڕەزایی خۆیان دژ بەدەسەلاّتی كوردی بەگشتی و بەتایبەتیش یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بەرزبكەنەوە لەناوچەی سلێمانیدا. ئەمەش هۆكاری خۆی هەیە كە بریتیە لەوەی سروشتی خەلّكی سلێمانی و سەركردە و هێزە سیاسیەكان جیاوازترە لە ناوچەی هەولێر و بادینان و هەمیشە ڕابەری شۆڕش و ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەریەكان بونە لە سەردەمی ئینگلیزەكانەوە تا سەردەمی پاشایەتی و كۆماریەكانی دەولّەتی عێراقی و بەهەمان شێوەش سروشت و تێڕوانین و ئایدیای یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و سەركردایەتی و ڕابەرەكەی بەڕێز ((مام جەلال )) كە زیاتر دیمكوراسیتر و ئازادیەكانی فەراهەم كردوە . ئەم گۆڕانكاریانە تا ئێستاش كاریگەری ئەرێنی  و نەرێنیان هەیە و بەردەوامە، بەداخەوە ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە هێندەی هەلّپەی گرتنە  دەستی دەسەلاّتی هەبوو نیو هێندە بەتەنگ داخوازی و مافە ڕەواكانی جەماوەرەوە نەبوە و لەماوەی ئەم ٨ سالّی ڕابووردووەشدا نەیتوانیوە بەو هێزە جەماوەری و مافی هەلّبژاردنانەی كە بەدەستیان

هێناوە لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی شارەکاندا بتوانن لانی کەمی دروشمی سیاسی و بریقەدارەکانی خۆیان بسەپێنن و جێبەجێیان بکەن. بۆیە ئەوەی ئومێد و هیوا بوو لەلای جەماوەر هەموانیان بەبادا و ڕەوینەوە و ئەنجامیان شکستی سیاسی و ئابوری بوو. هەربۆیەش لە ئێستادا هەموان لەم هەرێمەدا لە ترسێکی گەورەدا دەژین و ئایندەمان لا ڕوون نیە.

٢. دوابەدوای ئەم ڕووداوە ناوخۆییە گەورە و کاریگەرە ، لەناوچەکەشدا بەتایبەتیش ولاتانی عەرەبی لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ وە بەناوی بەهاری عەرەبیەوە شەپۆلێکی ناڕەزایی جەماوەری لە ژمارەیەك لە ولاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی عەرەبیدا سەریانهەڵداو بونە هۆکاری گۆڕانکاری و ڕووخاندنی ئەو دەسەلات و حومکڕانە تاکڕەو و گەندەلانەی کە بەدەیان ساڵ بوو جەماوەری گەلەکانیان دەچەوساندەوە، تونس و لیبیا و میسر و یەمەن و سوریا و...هتد. لە پێشەنگی ئەو ولات و گۆڕانکاریاندا بوون، لە زۆرێك لەو ولاتانەدا بزوتنەوە ئیسلامیە سەلەفیە توندڕە و میانڕەوەکان توانیان سوار شەپۆلی ناڕەزایی جەماوەر بن و بتوانن لە ڕێگەی هەلبژاردن و صندوقی دەنگدانەوە بگەنە کورسی دەسەلات، هەربۆیە ئەم وەرگرتنی دەسەلاتانە لەلایەن هێزە ئیسلامیە سیاسیەکانەوە بوە هۆی لەلایەك ترس و دڵەڕاوکێ بۆ هەموو ئەو کەس و لایەن و حیزب و سەرکردانەی کە تا ئەوکات دەسەلاتی ڕاستەقینەی ئیسلامیەکانیان تاقینەکردبۆوە و ئیسلامیەکانیش بە جیاوازی ئاڕاستە و بۆچوونە سیاسیەکانیانەوە لە سەردەمی کاری نهێنی و ئاشکرای دەرەوەی دەسەلاتیشدا نمونەیەکی گەش و جوان و نەرمونیانیان پێشکەش بەجەماوەری گەلەکانیان نەکردبوو و لەلایەکی تریشەوە بونە جێگەی ئومێد و هیوابەخشین بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە سەردەمانێکی دوورودرێژ بەدەستی هێزە عیلمانیەکانەوە دەچەوسێنرانەوە و دەیانناڵاند. هەربۆیە ئەو هێزانە زوو بەزوو کەوتنە خۆ بۆ دژایەتی و هەڵگەڕانەوە لەو هێزە ئیسلامیانە و توانیان لەماوەی ساڵ یان دوو ساڵێکدا دەسەلاتیان لێوەربگرنەوە بەتایبەتیش لە تونس و میسردا و توانیان سەرکردە و ڕابەرەکانیان لە زیندانەکاندا توند بکەن. بۆیە هێندە بوار بەو هێزە ئیسلامیانە نەدرا بۆئەوەی لەدەسەلاتدا بمێنەوە و ماهیەت و ڕووی ڕاستەقینەی

بەرنامە و دروشمەکانیان بۆ جەماوەر ئاشکرا ببێت ئەوکات بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدرێت، هەربۆیە لەلایەك ناهەقیەکی گەورە بەرامبەریان کرا و لەلایەکیش ئەوانیش بۆخۆیان لەو ماوە کەمەشدا نمونەیەکی ناشیرین و قێزەون لە توندوتیژی و ڕق و قین و تۆڵەکردنەوە و دواکەوتوییان پێشکەش بە جەماوەر و ناوچەکە و دونیای پێشکەوتوشدا و ترسێکی گەورەشیان پیشان هەمواندا بۆ ئاینده، هەرئەمەش بوو کە مەرگی خۆیان لە کورتترین ماوەدا بینیەوە. و ئومێدیش بە گۆڕانکاریەکان کاڵبونەوە و جەماوەر بەخواست و مافە ڕەواکانی خۆیان نەگەیشتن.

هەرئەم ڕووداوانەی ناوچەکە بوو کە لەساڵی ٢٠١١ بەدواوە لە هەرێمی کوردستانیشدا لەسەر ڕێتمی ئەو شەپۆلە عەرەبیە و بەتایبەتیش بەهەمان شێوە لەسلێمانیدا (( دڵە زیندوەکەی کوردایەتی )) هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کەوتنە خۆ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داواکاریەکانیان و ڕژانە سەر شەقام و ماوەی ٢ مانگ لەبەردەرکی سەرای سلێمانیدا دەنگی ناڕەزاییان بەئاشکرا بەرزدەکردەوە. هەربۆیە حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە بەهەمان شێوەی ڕژێمە عەرەبیەکان لە حکومەت و پەرلەمان لەگەڵ نەرمی نواندنیاندا بەڵام هەر سووربوون لەسەر مانەوە و بەگژداچوونەوەی پاکێج و بەرنامە و داواکاریەکانی ئۆپۆزسیۆن و لەکۆتایشدا بەزەبری هێز بڵاوە و کۆتاییان بەو شەپۆلە ناڕەزاییە هێنا.

٣. لەلایەکی تریشەوە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و چەتەکانیان و هاوشێوەکانیان لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە و دواتریش لە سوریا لە ساڵی ٢٠١١ و بەرکەوتنیان لەگەڵ کورد و کوردستانیش، وەك مەترسیەکی جدی بۆ سەر ئەم دەسەڵاتە کوردیە و تەنانەت ناوچەکە و دونیاش. بوە هۆی گۆڕانکاریەکی گەورە لە پلان و بیرکردنەوە و زهنیەت و مامەڵە و سلوکی تاك و کۆمەڵگاکان و تەنانەت حکومەت و دەسەڵاتەکانیش و هەموویان کەوتنە خۆ بۆ یا خۆگونجاندن لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانکاریەکاندا یان بۆ بەرگری و مقاوەمەت لەمانەوە و بونیان لەدەسەڵاتەکانیاندا.

- دەشێت هەموو ئەم ڕووداوانە هۆکارگەلێکبن بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری لە تێڕوانین و بۆچونەکانمان بۆ هەموو ئەو ئاڵنگاریە سیاسی و وئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنیانەی کە لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا ڕوویانداوە. کارێکی ئاسایشە مرۆڤ لەبەریەککەوتن و ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵیاندا توشی جۆرێك لە شۆك یان پەرچەکردار یان ڕەگەڵ کەوتنی شەپۆڵی گۆڕانکاریەکاندا بکەوێت و گۆڕانکاری لە بیروبۆچون و ڕەخنە و نوسینەکانیدا ڕووبدەن.

لەسایەی ئەو گۆڕانکاریانەوە دەشێت ئێمەش لەو نوسینانەی کە ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەم و ڕۆژگار و ئەو ماوە زەمەنیە بن کە تیایاندا نوسراون. و مەرجیش نیە کە لە ئێستادا خاوەنی هەمان بۆچون و بیروڕا مابێتینەوە کە ئەمەش بۆخۆی جارێکی تر کارێکی ئاساییە لە سروشتی مرۆڤەکاندا، چونکە مرۆڤەکان خاوەن عەقڵ و بیرکردنەوەن ، وەك بونەوەرێکی زیندووش لەهەمانکاتدا کاریگەریان بۆ سەر دەوروبەریان دەبێت و دەوروبەرەکەشیان کاریان تێدەکەن. بۆیە گۆڕانکاری لە بیروبۆچونەکانی مرۆڤدا کارێکی ئاساییە و لەگەڵ سروشتە زیندوو و گۆڕاوەکەیدا وێکدێتەوە.

بەهیوای ئەوەی کە لە هێڵە ڕاستەکەی کوردایەتی لامان نەدابێت و هەموو ڕەخنە و نوسینەکانیشمان لە خزمەتی دژایەتی گەندەڵی و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر و ناعەدالەتیدا بێت کە بەداخەوە لەسایەی ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیەشدا هەر بەردەوامیان هەیە هەروەکو سەردەمی داگیرکارانی کوردستان.

❖ لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی کاکە (( دەشتی علی سۆرانی)) هاوڕێی ئازیزم بکەم کە خۆبەخشانە و زۆر بەدڵسۆزیەوە کاری دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و زۆربەی کتێبەکانمی گرتۆتە ئەستۆی خۆی..لەخوا داواکارم تەمەن درێژ و لەش ساغ و نمونەی زۆر بێت.

❖ بەهەمان شێوە گەرەکمە کە سوپاسی بێ پایەنی خۆم وەك هەمیشە ئاڕاستەی هاوسەری خۆشەویستم بکەمەوە ، کە بەدڵفراوانی و هێمنی و ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی گونجاو بۆم، هەمیشە هاوکار و پاڵپشتم بوە بۆ نوسین و خوێندنەوەی زیاتر و هیچ کاتیش ناڕەزایی دەرنەبڕیوە لە سەرقاڵ بونم بە

نوسینەکانمەوە وەك لە خێزانەکەم، بۆیە گەر ئەو وتەیە ڕاست بێت (( لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە ژنێکی مەزن هەیە)) ئەوا بەدڵنیاییەوە بەسەر ژن و هاوسەر و خاتونەکەی مندا دەگونجێت کە ژنێکی زۆر مەزنە. بۆیە بەبێ بوونی ئەو لە ژیانمدا زۆر ئەستەم بوو ببمە ئەم قەڵەم بەدەستەی ئێستا.

❖ لەکۆتایدا بەهیوای ئەوەی ئەم کتێبەشمان ببێتە جێگرێکی بەنرخ و بە بەها لە کونجێکی کتێبخانەی کوردیدا و ڕەنگدانەوە و دەرخەری قۆناغێکی مێژوویی هەرێمەکەمان بێت و لە ئایندەدا نەوەکانی داهاتوو سوودی لێببینن.

داواکاریشم لە هەڵەو کەموکوڕیەکانمان بمانبوورن و چاوەڕوانی تێبینی و تەنانەت ڕەخنەکانیشتان دەکەم و بەدڵێکی فراوانەوە وەریدەگرین.

**لەگەڵ ڕێزی........**

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

**١ / ١ /٢٠١٧**

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# بەشی یەکەم

لە پەراوێزی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا...

## کورد لە نێوان مەرکەزیەت و لا مەرکەزیەتدا
## کامیان هەڵببژێرێت لە عێراقی نوێدا؟ *

- ئاشکرایە دوو جۆری سەرەکی دەسەڵات هەیە , جۆرێکیان مەرکەزیەت (( سەنتڕاڵیزم ))centralisataion که تیایدا دەسەڵات و بڕیار تەنها لە ناوەند و پایتەختدایە و لەوێشدا تەنها لە دەستی تاکە کەسێکدایە کە ئەویش بە (( دیکتاتۆر )) ناو دەبرێت و بەم شێوە مەرکەزیەتەش دەوترێت مەرکەزیەتی چڕ concentration centralization , یان دەسەڵات و بڕیار لەلای چەند کەسێکی کەمی دەوروپشتی دیکتاتۆردایە کە بەم جۆرەش لەمەرکەزیەت دەوترێت مەرکەزیەتی ناچڕ deconcentration centralization , کەلەهەردوو دەسەڵاتی مەرکەزیەتی چڕ و ناچڕدا دەسەڵاتێکی شمولی وداخراو وقەتیسکراوە لەچوارچێوەیەکی بچوکی چەند کەسیدا و هەموو ئیش وکاری سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و..هتد.بەگەورەو بچوکەوە لەلای خۆیانەوە بڕیاری لێدەدرێت و بواری ڕاوەرگرتن و گوێگرتن و پێشنیاز و داواکاری جەماوەر وناوچەکان و لێپرسراوەکانیان نیە و خۆیان بەرپرسی سەرەتاو کۆتای هەموو کار و کردە و سیاسەت و پلانێکن و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی کارگێڕی و دارایی نادەنە ناوچە دوورە دەستەکان. جۆری دووەمیش لەدەسەڵات بریتیە لە لەدەسەڵاتێکی لامەرکەزیەت یان ناناوەندێتی decentralization بەواتای ئەوەی کە ناوەند یان پایتەخت بەشێك لەدەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکانی دەداتە لێپرسراوە هەرێمی و ناوچەییەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی وولات و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ناوەندا و بۆ زۆربەی بڕیارەکان ناگەڕێنەوە بۆ ناوەند و تەنها بۆ هەندێ بڕیاری گرنگ نەبێت کە پەیوەندی بەبەرژەوەندی نیشتیمانی و سەروەری وڵاتەوە هەبێت.ئەم جۆرە لە دەسەڵاتیش لەسایەی سیستەمی (( دیموکراسیدا)) دێتە دی.کە سیمای ئەم جۆرە سیستەمە کرانەوەو شەفافیەت و بوونی ئازادی و ڕاگۆڕینەوەو بەشداریکردنی گەلە لە حوکمی خۆیدا.

هەربۆیە هەرکاتێك جۆری دەسەلأت لە هەر وڵات و کۆمەڵگایەکدا بەشێوەی لامەرکەزیەت (( بەمانا سیاسی و ئابوری وکۆمەلأیەتیەکان )) جێبەجێکرا.ئەوە مانای بوونی سیستەمی دیموکراسیەت دەگەیەنێت.بەپێچەوانەشەوە هەر کاتێك سیمای دەسەلأت (( مەرکەزیەت)) بوو.ئەوا مانای سیستەمێکی شمولی و داخراو دیکتاتۆریەت و تاك ڕەوی دەگەیەنێت.

- **لێردە پرسیار ئەوەیە لە عێراقی نوێدا, لە عێراقی دیموکراسیەت و گۆڕان و کرانەوەدا. لە عێراقی دوای حوکمی ٣٥ساڵەی دیکتاتۆریەتی بەعسی صدامیدا. لە عێراقی خاوەن دەستوری هەمیشەیی و فیدراڵی و فرە حیزبی و فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و دینی جیاوازدا.کام لەم دوو جۆر و شێوازەی دەسەلأتە هەڵبژێردرێت؟مەرکەزیەت یان لامەرکەزیەت؟ دەسەلأتێکی دیموکراسی و کراوە و شەفاف و ئازادانە یان بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ڕەشی دیکتاتۆریەت و تاك حیزبی و تاکە کەسی و مەرکەزیەتی دزێو؟ و گەلێك پرسی تریش.**

وەلأم, بۆ ئەوەی بەدیقەت بین لە وەلأمەکەماندا پێویستە باش لەهەردوو شێوازی دەسەلأتەکە بگەین و بیانناسین و سیفاتە باش و خراپەکانیشیان ڕوون و ئاشکرا بێت لەلامان. و مەترسی و دڵڕاوکێکانیشمان لە هەردوو شێوازەکە لا ڕوون بێت. لە عێراقی نوێدا ,کە شێوازی حوکم دیموکراسی و تەعەدودی و فیدڕاڵیە و بە پێی دەستوری هەمیشەیی دانی پیادانراوە و زۆرینەی گەلانی عێراقیش پەسەندیان کردوە و هەموو حیزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی دانیان بەو بنەمایانەدا ناوە و هەوڵ و خەباتی زۆریشیان لە پێناویدا داوە . و ئەنجامیش سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. لە ڕووخان و هەڵتەکاندنی بنەما و فەلسەفە و ئایدیای سیستەمێکی حوکمی شمولی و تاکڕەوی و دیکتاتۆری کەلەلای هەموان ڕوویەکی دزێو و ناشیرین و قۆناغێکی تاریك و ناحەزی هەبوە لە مێژووی عێراق و عێراقیەکاندا.و بەمەش هەموان زۆر باش لایەنە خراپەکانی ئەو جۆرە حوکمە دەزانن,بۆیە زۆربەی گەلانی عێراق گەڕانەوە بۆ ئەو جۆرە حوکم و دەسەلأتە ڕەت دەکەنەوە تەنها ئەو لایەن و کەسانە نەبن کە خاوەن بیرێکی شۆڤێنی

و نەتەوەیی و مەزهەبی تەسکن و حەزو خۆشەویستیان بۆ دەسەلات و خۆسەپاندن زاڵترە لەلایان بەسەر بەرژەوەندی و گەشەکردن و پێشکەوتنی وولات.

ئاشکرایە لە سایەی ٣٥ ساڵەی حوکمی دیکتاتۆری و مەرکەزیاتدا سەرجەم گەلانی عێراق بەبێ جیاوازی لە بارودۆخێکی نائارامی و دواکەوتوویی و داخراویی و هەژاری و برسێتیدا دەژیان و ولات جگە لە شەڕ و کوشتار و قات و قڕی و گۆڕی بەکۆمەڵ و کیمیاویباران و ئەنفال و گرتن و بێسەروشوێنکردن و کاولکاری هیچی تری دەسنەکەوت.لەبەرئەوە لە ئێستای عێراقی نوێدا بەلای زۆربەی تاك و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی عێراقەوە ئەم جۆرە سیستەمە ڕەتکراوەو نەفرەت لێکراوە. بۆیە پێویستە و ئەرکی هەموو دیموکراسی خواز و پێشکەوتوخواز و ئازادی خوازێکە بەبێ جیاوازی نەتەوەو دین و مەزهەبیەوە کاربکەن بۆ ڕێگە گرتن لە هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی هەر لایەن و گروپ و کەسێك کە بەنیازی گەڕانەوەیە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی مەرکەزیەت و شمولی و تاك ڕەوی.

لەبەرامبەردا شێوازی حوکمی لامەرکەزی کە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە حوکمە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم و شێوازێکی تاڕادەیەکی زۆریش لە عێراق و کۆمەڵگای عێراقیدا نوێ یە چونکە بە درێژایی حوکمی ٨٣ ساڵەی دەوڵەتی عێراقی بە پاشایەتی و کۆماریەوە هەموانیان دەسەلاتێکی داخراو و شمولی و بنەماڵەیی و تاك ڕەوی بوون و گەل بەشداری تیادا نەبوە.

بۆیە لە عێراقی نوێشدا تائێستا و دوای ٥ساڵ لە ڕووخان و هەڵتەکاندنی ئەو جۆرە حوکم و دەسەلاتە. گەلانی عێراق بە ڕاستی و دروستی لە ئامانج و بنەما و لایەنە باشەکانی سیستەمی حوکمی لامەرکەزیەت ئاشنا نەبوون. هەربۆیە تا ئێستا خەم ساردیەك لەلایەن تاك و کۆمەڵ و هەندێ لایەنی سیاسیشەوە هەست پێ دەکرێت بۆ بە پیرەوەچوونی ئەم جۆری حوکم و دەسەلاتە و بەمەترسی دەزانن بۆ سەر یەك و یەکگرتوویی گەلانی عێراق و بە هەڕەشەی دەزانن بۆ پارچە پارچەبون و لێکترازان.بەلام لە ڕاستیدا حوکمی لامەرکەزیەت, یان فیدراڵیەت بریتیە لە یەکگرتنێکی خۆویست لە نێوان پێك هاتە و ناوچە جیاوازەکانی یەك گەل و ولاتدا و هیچ مەترسیەك دروست ناکات لەسەر یەك و یەکگرتوویان.بە پێچەوانەوە چونکە

یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیە هەمیشە هۆکاری پتەوبوون و چەسپاندن و بەهێزبوونی دەسەلاتە بە تایبەتیش لەو ولات و کۆمەلگایانەدا کە خاوەنی فرە پێکهاتە و فرە ئایدیا و فرە ئاراستەی جیاوازبن. لەم جۆرە سیستەمەدا, چالاکی وکارایی دەسەلات و حوکمە ناوچەییەکان زیاتر دەبێت و ڕۆتین و دواخستنی کارەکان کەمتەر دەبێتەوە بەپێچەوانەی حوکمی مەرکەزیەت و ناوەندێتی کە پڕە لە ڕۆتینی زیان بەخش و دواکەوتنی بڕیارەکان. بەهەمان شێوە ڕاستە لەم جۆرە حوکمەدا ڕۆلی سەرپەرشتی ناوەند کەم دەبێتەوە,بەلام لە بەرامبەردا ڕۆلی چاودێریان زۆرتر دەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری کاراتربونی دەسەلاتە ناوچەییەکان. و ئەنجامیش گەشە و پێشکەوتنی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

سیستەمی لامەرکەزیەت مانای دەرچوون نیە لە بڕیار و دەسەلاتەکانی ناوەند. بەلکو بریتیە لە پابەندبوون وشەراکەتی ناوەند. جا چەندە ڕادەی پابەندبوون زیاتر بێت مانای زیاتری چەسپاندنی دەسەلات دەگەیەنێت. هەروا چەندە ڕادەی بەشداریکردنی هاولاتیانی ناوچە جیاوازەکان زیاتر بێت لە بڕیار و دەسەلات و دیاریکردنی ئایندەی خۆیاندا, ئەوەندەش ڕادەی پابەندبوون و شەراکەت زیاتر دەبێت و بەمەش ئەنجام چەسپاندنی زیاتری دەسەلاتی لێدەکەوێتەوە.چونکە ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەلنەگرە هەرکاتێ تاك یان گروپ و لایەنی سیاسی بەشداربێت لە بڕیار و حوکمی ناوچەیی خۆیدا هێندەش دلسۆز دەبێت لە پاراستنی سەرەوەت و سامان و مولکی ناوچە و ولاتەکەی خۆیدا. و بە پێچەوانەشەوە چەندە دووربێت لە دەسەلات و بڕیارەکان هێندەش دژی دەسەلات دەبێت و دلسۆزیش نابێت بۆ پاراستنی مولك و سەروەت و سامانی ولاتەکەی .

هەلەیەکی کوشندە و تێگەیشتنێکی ناکاملێشە هەر کەس و لایەنێك وابزانێت بە بەهێزکردنی ناوەند و نەدانی دەسەلات بە هەرێم و ناوچە جیاوازەکان. حوکم و نفوزی بەهێز دەبێت و دەسەلاتەکانیش زیاتر دەچەسپێت.بەپێچەوانەوە چونکە ئەوە تەنها دەسەلاتە لە پێناو دەسەلاتی تاك ڕەویدا. نەك لە پێناو پشتگیری و هاوکاری و چەسپاندنی متمانەو بوار پێدانی ئاستەکانی خوارەوە و داهێناندایە. هەربۆیە پێدانی دەسەلات بەهەرێم و ناوەندەکانی خوارتر دەبێتە مایەی

بەهێزکردنی زیاتری دەسەلاتە ناوچەییەکان کە هەرئەوان سەرچاوەی هێز و دەسەلاتی ناوەندیشن.

- بەم شێوەیە جۆرە دەسەلاتی لامەرکەزیەت سوود و قازانجی زیاترە لەسەر بواری ستراتیژ و دوور و ئایندە.هەربۆیە پێویستە هەموان بەوپەڕی هێز و تواناوە کاربکەن بۆ چەسپاندنی ئەم جۆرە حوکم ودەسەلاتە لە عێراقی نوێدا.کوردیش پێش هەموان و زیاتر لە هەموانیش،ئەرکێتی دەست بە ئەڵقەی فیدڕاڵیەت و لامەرکەزیەتی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەوە بگرێت بۆ ناوخۆی کوردوستان و لەناو عێراقیشدا و کاری جدیش بکات لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانیدا لە پێك هاتە جیاوازەکانی گەلانی عێراق لە عەرەب و تورکومان و لەشیعە و سونە لە مەسیحی و کلدان و ئاشورو...هتد.بۆ ڕێگەگرتن لە هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی دژ بە دیموکراسیەت و فیدڕاڵیەت و هەنگاونان بەرەو زیندوکردنەوەی سیستەمی تاك ڕەوی و دیکتاتۆریەت و مەرکەزیەتێکی چڕ و داخراو و دزێو.

لە ئێستادا و دوای ئەنجامدانی پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ١٤ پارێزگاکەی باکور و ناوەڕاست و باشوری عێراق کە ئەنجامە بەراییەکان وانیشان دەدەن کە لیستی سەرۆك وەزیران(( ئیئتیلافی دەولەتی یاسا)) ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێنابێت.کە ئەمەش دەبێتە بەهێزبوونی زیاتری بنکەی دەسەلات و جەماوەری حیزبی دەعوەی ئیسلامی سەرۆك وەزیران و قورسایی زیاتریشی دەداتێ لە بڕیار و جێبەجێکردنی سیاسەتە شۆڤێنی و تاك ڕەویەکانیدا. کە هەموو ئەمانەش بە پلەی یەکەم دژ بە خواست و داواکاری و بەرژەوەندیەکانی کوردە لە عێراقی نوێدا.بۆیە ئەمەش هەڕەشە و مەترسیەکی گەورە و جدیە و وا پێویست دەکات سەرکردایەتی کوردیش هەوڵ و تەقەلا و سیاسەتی خۆی ڕوونتر و ڕاشکاوانەتر پیادە بکات و گەر پێویستیشی کرد کار بکات بۆ لادان یان لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆك وەزیران لانی کەم بۆ ئەو ماوەی ساڵ و نیوەی کە ماویەتی بۆ ئەوەی نەتوانێت سیاسەت و بەرنامە مەرکەزیەتیەکەی و دژ بەکورد و کوردوستان جێبەجێ بکات.

---

* ئەم بابەتە لەسایتی سبەی لە ٢٠٠٩/٢/١٤ و ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە ٤٠٧ لە ٢٠٠٩/٢/١٦ دا بلأوکراوەتەوە.

## کامیان گرنگترە بۆ کورد

## مادەی ١٤٠ی دەستوور یان گرێبەستە نەوتیەکان ؟*

• سەرەتا پێویست بەوە دەکات چەند ڕاستیەك وەبیر خۆمان بێنینەوە بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لە مەغزای ئەم بابەتە.

مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ, هەر لەخۆوە و بەسانایی نەهاتۆتە بون و هەرواش بەساناتر جێگیرنەکراوە لەو دەستورەدا,بەڵکو بەری ڕەنجی خەبات و ململانێ و دان وسانێکی توندوتیژ و گەرم وگوڕبوە لەنێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی عەرەب بەسونە و شیعەیانەوە بەدیموکرات و شۆڤێنیانەوە بە عیلمانی و ئیسلامیانەوە .

ئاشکراشە مادەی ١٤٠ی دەستور کە بەم شێوەیە جێگیر کراوە, لەبەرامبەر نەرمی نواندن ئەگەر نەڵێین تەنازول کردنیش لەلایەن کوردەوە لەسەر هەندێ خواست وداواکاری و مافی ڕەوای تر.ئاشکرایە مادەی ١٤٠ درێژکراوەی مادەی ٥٨ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت بوو کە لە سەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا ئیمزاکرا لە ٢٠٠٤/٣/٨دا. کە هەر ئەو کاتەش لەپێناو چەسپاندنی ئەو مادەیەدا کورد زۆر پێداگیری و بەهێزەوە کاری کرد بۆ چەسپاندنی بەو شێوەیەی کە ویستی (( ئەوکات کورد زۆر بەهێز بوو))تاکار گەیشتە ئەوەی سەرکردایەتی کورد ٢ هەفتە گەڕایەوە کوردوستان و بەغدای بەجێهێشت لەسەر ئەو مادەیە و دواتر لەدوای دان و سان وململانێیەکی توندا گەیشتنە ئەنجام و یاساکە ئیمزاکرا.و کاتێکیش مام جەلال بوە سەرۆك کۆماری عێراق لەناو عەرەبەکانی عێراق و وناوچەکەشدا حەسودیان بەکورد دەبرد و دەوترا(( کورد داوای کەرکوکی دەکرد بەغداشی وەرگرت و داوای کوردوستانی دەکرد هەموو عێراقیشی وەرگرت)).

بەم شێوەیە مادەی ١٤٠ی دەستور مادەیەکی زێدە گرنگە بەگشتی بۆ هەموو عێراق و ئەو ناوچانەی کە جێگە ناکۆکین لەنێوان پارێزگا جیاوازەکانی عێراقدا لە باشور و ناوەڕاست و باکوریشداو بەهەموو مەزهەب و نەتەوەکانیشەوە . بەتایبەتیش بۆ کورد زێدە گرنگترە چونکە کێشە هەرە گەورەکان لەناوچەکانی کوردوستاندایە و گرنگترین و پڕبایەخترین شار و شارۆچکەی کوردوستان دەگرێتەوە هەر لە کەرکوك

و خانەقین و سەعدیە و مەندەلی و جەلەولا و قەرەتەپە و دوزخورماتو و داقوق و دوبز و مەخمور و شەنگار و ..هتد.کە کۆی ئەم ناوچانە نزیکەی یەك لەسەر سێی ڕووبەری هەرێمی کوردوستان دەبن.

هەربۆیە جێبەجێکردن و بەئەنجام گەیاندنی ئەم مادەیە بۆ هەموو عێراق و کوردوستان زۆر گرنگە و دەبێتە کلیل و مایەی چارەسەری کێشەکان و ئاشتبونەوەی ڕاستەقینە و نەهێشتنی ململانێی مەزهەبی و نەتەوەیی و سەقامگیری تەواوەتی لە عێراقدا و باشتر چەسپاندنی بنەما دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و پێشخستن و گەشەپێدانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و...هتد, بۆ کوردوستان و عێراقیش.

مادەی ١٤٠ی دەستوور بۆ کورد دەرمانی زۆر دەردە لەوانە :

- گەڕانەوەی ٣/١ی خاکی کوردوستان بۆ سەر هەرێم .
- دەوڵەمەندکردنی دەسەڵات و حکومەتی هەرێمیشە لەڕووی پانتایی ڕووبەری جوگرافیەوە .
- چەسپاندنەوەی ڕاستیە مێژویەکانیشە دەربارەی کوردوستانیبونی ئەو ناوچانە.
- بەهێزبوونی هێزی مرۆیی و پتەوکردنی ژێرخانی ئابوریشە.
- دروستکردنی پانتاییەکی دڵنیاییشە لەڕووی سەربازییەوە ..گەلێکی تریش.

بۆیە ناکرێت کورد بەهیچ شێوەیەك جێبەجێکردنی ئەم مادەیە پشتگوێ بخات یان خەمسارد و کەمتەرخەم وبێئومێد بێت .بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت زۆر شێلگیرانە هەوڵ و خەبات بدات بۆ جێبەجێکردنی بەڕێگا دەستووری و شەرعی و یاساییەکانەوە دوور لە گیانی شەڕەنگێزی و دەمارگیری و توندڕەوی و تەنگەنەفەسیەوە.چونکە شەرعیەتی ئەو مادەیە لە شەرعیەتی دەستورەوە سەرچاوەی گرتوە و بەنەمان یان گۆڕینی دەستور شەرعیەتی نامێنێت. ئاشکراشە لەدەستدانی شەرعیەتی دەستوریش لەدەستی گەلانی عێراقدایە بەکوردیشەوە و ئاسان نیە دەستور شەرعیەت لەدەست بدات.

- لەملاشەوە ئاشکرایە کە حکومەتی هەرێمی کوردوستان لە ساڵی ٢٠٠٥وە ژمارەیەك گرێبەستی نەوتی ئیمزاکردوە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی پلە ٣ و٤ ی بواری نەوتی لە ولاَتانی ((کۆریای باشور و نەرویج و هندستان و ..هتد)).ئیدی لەو کاتەوە کێشەی گەورە لەنێوان هەولێر و بەغدادا سەریهەڵداوە و تائێستاش چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە .لەلایەك سەرکردایەتی کورد دەیەوێت بواری نەوت کە بوارێکی زۆر گرنگ و کاریگەرە لەسەر گەشە و پێشخستنی ولاَت و کۆڵەکەیەکی سەرەکی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆییشە, چونکە هەر ولاَتێك خاوەن سەرچاوەکانی وزە بێت بەتایبەتیش نەوت و گازی سروشتی ئەوا دەبێتە خاوەن ئابوریەکی بەهێزو لەوکاتەشدا بڕیاری سیاسی سەربەخۆ دەبێت و دەتوانێت پەیوەندی بازرگانی و ئابوری و سیاسی لەگەڵ ولاَتانی دونیادا بەگەورەو بچوکەوە دروست بکات کە ئەم حاڵەتە بۆ کورد زۆر پێویستە ئەگەر لە ڕوانگەی نەتەوەیی و دەوڵەتی سەربەخۆییەوە لێی بڕوانرێت. بەلاَم ئەگەر سەرکردایەتی کورد پەلەی ئەوەیان بێت تا یاسای گاز و نەوتی عێراقی دەردەچێت نەوت دەربهێنن و بیفرۆشنەوە بە قاچاغ بەولاَتانی دەرودراوسێ و پارەکەشی بۆ بنەماڵە و چەند کەسێك بێت ئەوا نەکردنی زۆر باشترە وەك لەکردنی . چونکە لە ئێستادا و لەسەر ئەو چەند گرێبێستە کەمە دوژمنی زیاتر لەناوخۆی عێراق و لەناوچەکەشدا بۆ کورد پەیدا بوە و تەنانەت هێزە سیاسیە دۆستەکانیش بونەتە دوژمن و لایەنە ناکۆکە عەرەبیەکانی سونە و شیعە لەسەر ئەم مەسەلەیە و مەسەلەی گۆڕینی ئالاَی عێراق یەکیان گرتەوە و بونە دۆست دژی کورد و داواکاریەکانی و هەربۆیەش ڕۆڵی کورد لە ئێستادا بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا زۆر پاشەکشەی کردەوە و هەموانیش هەستی پێدەکەین کە سەرۆك وەزیران چۆن هەڵسوکەوت دەکات و بەنیازی چیشە.

ئاشکرایە نەوت و گازی سروشتی ڕۆڵی گەورە دەبینن لە سیاسەت و ئابوری دونیادا هەر کۆمەڵگا و ولاَتێك خاوەنی ئەو دوو سەرچاوەی وزەیە بێت ئەوا کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و پیشکەوتون.و لەم سەرەمەی بەجیهانیبونیشدا هێندەی کۆمپانیا زەبەلاحە فرە نەتەوەییە ئابوریەکان و هێز و گروپ و ڕێکخراوە

ئابوریەکان بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی کێشە و ململانیٚ نێودەوڵەتیەکان دەدەن و ڕەسمی سیاسەتی دونیا دەکێشن نیو هێندە حکومەتەکان و پارت و هێزە سیاسیەکان بڕیار نادەن لەسەر کێشە گەورەو هەنوکەیی و جیهانیەکان . بۆیە بواری نەوت و پیشەسازی نەوت و پترۆکیمیاویات لە هەموو دونیادا پیشەسازیەکی قورسە لەڕوو تێچونی دۆزینەوە و هەڵکەندن و پالاٚوتن و فرۆشتن و قازانج و داهاتیشەوە.

ئاشکراشە عێراق بەکوردستانیشەوە ولاٚتێکی نەوتیە و نزیکەی ٩٥٪ ی بودجەی سالاٚنەی پشت دەبەستێتە سەر نەوت و پیشەسازی نەوتی.کە زیاتر لە ٦٠٪ی نەوتی عێراق بەدەرهاتوو یەدەگیشەوە لە کوردوستاندایە.بۆیە گرنگیدان و بوژاندنەوە و بەگەڕخستن و پێشخستنی ئەم بوارە زێدە گرنگە بۆ ئەم قۆناغەی عێراق و کوردوستان و بۆ زووتر ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و داهاتی تاك و نەتەوەیی.لەعێراقی نوێدا و لەدەستووری هەمیشەیدا بواری ئابوریش وەك هەموو بوارەکانی تر ڕێکخراوە وبە تایبەتیش نەوت و سامانە سروشتیەکان کە مەسەلەیەکی سیادیە و دەبێت لەژێر چاودێری ناوەندا کاری تیادا بکرێت بەپێی هەردوو مادەی ((١٠٨ و١٠٩))ی دەستوور.هەرێمی کوردوستانیش بەپێی دەستوور بەشێوەیەك ڕێگەی وەبەرهێنانی نەوتی پێدراوە بەلاٚم دەبێت بە چاودێری یان لانیکەم بە ئاگاداری و هەمئاهەنگی لەگەڵ ناوەندا ئەو پڕۆسە هەستیار و سیادیە کاری تیادا بکرێت.

بەلاٚم سەرکردایەتی سیاسی کورد و بەتایبەتیش لایەنێکی ئەو سەرکردایەتیە زۆر شێلگیرانە کەوتۆتە خۆ بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بەبیٚ ئاگاداری ناوەند و دوور لەیاساو شەرعیەتی دەستوری و بەبیٚ بونی یاسایەکی نەوت وگازی عێراقی و هەروا دوور لە بنەماکانی گرێبەستی نەوتی جیهانی و بیٚ حساب بۆکردنی نرخی بازاڕ و سیاسەتی نەوتی ئۆپیك و جیهانی و..هتد.کەوەك بیستراوە و بلاٚوکراوەتەوە ڕێژەی قازانجی ئەو کۆمپانیایانە هێندە بەرزە کە وەك شەریکە بەش وان لە گەڵ حکومەتی هەرێمدا و بۆ ماوەی دوورخایەنن کە ئەنجام زیانیان زیاترە لە قازانجیان لەڕووی ئابوریەوە.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا کورد لە نێوان جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستورەوە بەو هەموو گرنگیەوەی لەگەڵ چەند گرێبەستێکی نەوتیدا کامیان هەڵبژێرێت؟ مادەی ١٤٠ کە گرنگی دوورمەودای هەیە لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان چەند گرێبەستێکی نەوتی کە لە ئێستادا تەنها قازانجی بۆ بنەماڵە و چەند کەسێك هەیە؟ ئایا مادەی ١٤٠ گرنگە بۆ ئێستا و ئایندەی کوردوستان کە زامنی گێڕانەوەی یەك لەسەر سێی خاك و سامانە سروشتیەکانی کوردوستانە بۆ سەر هەرێم یان چەند ملیۆن و ملیار دۆلارێك؟ و دەیان پرسیاری تریش..**

وەڵام , بەدڵنیای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور گەلێك گرنگترە لەو گرێبەستە نەوتیانە.چونکە بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لەیەك کاتدا خاك و گەلی کوردوستانی دابڕاو دەگەڕێنەوە سەر هەرێم بەهەموو پێکهاتە و سامانە سروشتیەکانی ژێر زەویشەوە کە لەوەی ئیستا گەلێك زیاترە,و دەبنەوە موڵکی هەتاهەتایی کوردوستان. بەڵام بەچەند گرێبەستێکی کەم و دوور لەیاساو دەستوور و بۆ چەند ملیۆن و ملیار دۆلارێکی کاتی نە کوردوستان قازانج دەکات و نە دوژمنانیش لێدەگەڕێن و بەمەش دوژمنمان لە ناوخۆ و ناوچەکەشدا بۆ زیاد دەبێت و دۆستەکانیشمان لێمان دوور دەکەونەوە کەلەم کاتەدا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر پێویستمان بەدۆستە نەك دوژمن , چونکە گۆڕانی گەورە ڕوویداوە لە سیاسەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە و بەلآنسی هێزیش بەلای کووردا نیە لەناوخۆی عێراقیشدا و پێویست ناکات بکەوینە هەڵەی کوشندەوە بەلێدوانی ئاگرین و خۆ گیڤکردنەوە وخۆ بەزل زانین و ,,,هتد.

ئاشکرایە سەودا و مامەڵەی بازرگانی دەکرێت سازشی تیادا بکرێت و هەریەکە واز لە چەند ملیۆن دۆلارێك بهێنن , بەڵام هەرگیز مافی هیچ دەسەڵات و پارت و سەرکردەیەك نیە کە سازش بە خاك و گەلەوە بکات و بستێك لەخاکەکەی دەستلێهەڵبگرێت .هیچ نەبێت با وەك فەلەستینیەکان سازش لەسەر خاکەکەمان نەکەین لەبەرامبەر پارە و دۆلار و گرێبەستی نەوتی . ئەوەتا هیچ سەرکردەو ڕابەرێکیان لەماوەی ٦٠ ساڵی دروستبوونی دەوڵەتی جولەکەدا لەسەر بستێك خاك یان لەسەر شاری قودس ئاشتی لەگەڵ جولەکەدا ناکەن لە چوارچێوەی پڕۆژەی((ئاشتی بەرامبەر بەخاك)).

کەواتە سەرکردایەتی کورد ئەرکێتی کە هیچ کاتێك ئەو دوومەسەلەیە مادەی ١٤٠ و گرێبەستە نەوتیەکان نەخاتە تای تەرازووەوە و لەگەڵ یەکدا و وەکویەك سەیریان نەکات.چونکە هیچ کاتێك گرنگی ئەو گرێبەستانە کە تا ئێستا زۆربەی پارتە سیاسیەکان و حکومەت و پەڕلەمان و جەماوەری گەلەکەشمان نازانن چی تێدایە و خاڵ و بڕگە و بەندەکانی بەقازانجی کێیە؟کە هەر ئەم شاردنەوە و ئاشکرانەکردنەی ئەو گرێبەستانە بونەتە نیشانەی پرسیارێکی گەورە لای هەموان و گومان لە مصداقیەتی گرێبەستەکان و نیەتی سەرکردایەتی کوردیش دەکرێت.ئەگەر ئەم سەرکردایەتیەی ئێستای کوردوستان(( پارتی و یەکێتی )) خۆیان بەخاوەن و دروستکەری ئەم مێژوو و دەسەلأت و خاکەی کورد دەزانن نابێت بەهیچ شێوەیەك سازش لەسەر بستە خاکێکی کوردوستان بکەن.

- لەکۆتاییدا , هەموان داوای چەسپاندنی دەستوور و یاسا و شەرعیەت دەکەین لە عێراقی نوێدا , بۆیەش پێویستە هەموان بەکوردیشەوە لەو چوارچێوەیەدا هەڵسوکەوت بکات و لەم قۆناغەدا کە دروشمی فیدراڵی بەرزکراوەتەوە , خۆ ئەگەر دەکرێت دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنرێت ئەوا هەموو کورد پێیخۆشە و لەپشت سەرکردایەتیەکەیەوە دەبێت و بەرەنگاریش دەکات . بەڵام تا ئەوکاتە با بەهەندێ هەڵسوکەوتی دوور لەیاسا و دەستوور و بۆ بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی هەنگاوی وا نەنێین کە ئەوەی بەدەستیشمان هێناوە لەدەستی بدەین و مایە پووچ ببینەوە و بگەڕێینەوە قاوغەکەی پێش ڕاپەڕین. بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوریش کورد پێویستی بەیەك هەڵوێست و یەك گوتاری سیاسی و یەك نەفەسی خەباتگێڕانە هەیە کە پشت ئەستوریش بێت بە پشتیوانی جەماوەری گەلەکەشمان بۆ دروست کردنی فشار لەسەر هەموان لە عێراق و ناوچەکە و تەنانەت زلهێزەکانیش. بەپێچەوانەشەوە ڕەنگە ببینە خاوەنی چەند ملیار دۆلارێك لەو گرێبەستانە, بەڵام بۆ هەتاهەتاییە یەك لەسەر سێی خاکی کوردوستان لەدەست دەدەین و ئەو کاتەش پەشیمانبونەوە دادی کەس نادات و نەوەکانی ئایندەش تووشی کێشەی گەورەتر دەکەین و لەنەفرەتی مێژووش ڕزگارمان نابێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە بەرواری ٢٠٠٩/٣/٢٠دا بلأوکراوەتەوە.

دیمانە

## ئەم دیمانەیەم لەگەڵ گۆڤاری شەقامدا ئە نجامداوە.. *

پ - ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبژاردن دوابکەوێت لەوادەی خۆی، ئایا دواکەوتنی ئەم پرۆسەیە چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر سیستەمی سیاسی؟ ئایا ئەمە نیشانەی پرسیار دروستناکات لەسەر سیتەمی سیاسی کوردستان؟

وەڵام :

بەدڵنیاییەوە, هەر دواکەوتنێك بەهەر بروبیانویەکی یاسایی یان سیاسیەوە بێت لەلایەن پەرلەمان یان کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان یان هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردوستان(( پارتی و یەکێتی )) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردوستان,. نیشانەیەکی گەورەی پرسیار لەسەر تەواوی سیستەمە سیاسیەکەی کوردوستان دادەنێت و گومانیش لە ڕاستگۆیی نیەتی دەسەڵاتە سیاسیەکە دروست دەکات کە تا چەند ڕاستگۆن لە پەیرەوکردن و پیادەکردن و چەسپاندنی زیاتری دیموکراسیەت لە دەسەڵات و کۆمەڵگای کوردەواریدا. هەروەها هەر دواکەوتنێك لەوادەی هەڵبژاردنەکان کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە, چونکە نەکردن یان دواکەوتنی پرۆسەکە مانای بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخە پڕ لە گلەیی و ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵکە و جا چەندە بەردەوام بێت هێندەش ناڕەزایی و تورەیی و بێزاری هاوڵاتیان زیاد دەکات لەبەرامبەر نادیموکراسیەت و ناعەدالەتی و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان و ..هتد.و بەمەش پرۆسە سیاسیەکەی کوردوستان لەجیاتی بۆ پێشەوە ڕێبکات بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و ئەمەش خاڵێکی نێگەتیڤە لەبەردەم لەلایەك دەسەڵاتی ناوەند لە بەغداد ولەلایەکی تریشەوە لەبەردەم بەناو هاوپەیمان و دۆستەکانی کورد(( ئەمریکا و بەریتانیاو دنیای دیموکراسیەتی ڕۆژئاواشدا)).

پ- گرنگیی بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا چییە؟ئایا هاووڵاتییان دەتوانن هەڵبژاردن بکەنە سەکۆیەك بۆ گۆڕانکاری، ئەگەر هاووڵاتییان بەشداربن گۆڕانکاری دروست دەبێت؟

وەڵام :

بەشداریکردنی هەر تاکێکی سەروو تەمەن ١٨ ساڵ لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا, سەرەتا مافێکی زۆر سادە وسەرەتاییە و هەر کەس ئازادە چۆن و بە چ شێوازێك پیادەی ئەو مافەی خۆی بکات بە کردن یان نەکردنی.بەڵام بەدڵنیاییەوە بەشداریکردن کاریگەری گەورە و گرنگی دەبێت, چونکە هەموو دەنگێك دەبێتە مایەی یان چەسپاندنی زیاتری ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە یان دەبێتە مایەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو دەسەڵاتە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە و ئاشتیانە.

ئەم پڕۆسەی هەڵبژاردنانە بەگشتی لە هەموو دونیادا و بەتایبەتیش لەکوردوستان و ئەم وڵاتانەی ناوچەکە کە تازە بەتازە ئاشنا دەبن بە دیموکراسیەت و لەهەنگاوی یەکەم و سەرەتاییدان بریتیە لە چانسێك بۆ هاوڵاتیان تا بەئازادانە و لەماوەی ٤ساڵ ئەگەر زیاتریش نەبێت کە دەنگ و بڕیاری خۆیان بدەن لەسەر چارەنوسی خۆیان و کۆمەڵگاکانیان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەسەر چارەنوسی دەسەڵاتە سیاسیەکەی وڵاتەکانیان و دەتوانن گەورەترین گۆڕانکاری چێ بکەن لە سیستەمە سیاسیەکەی وڵاتەکەیان و بیکەنە سەکۆیەکی ئازادانە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان.چونکە جەماوەر هەمیشە هۆکار و سەرچاوەی گۆڕانە و بەهەمان شێوەش جەماوەر سەرچاوەی هەموو شەرعیەتە بۆ دەسەڵاتەکان.بۆیە تەنها جەماوەر بڕیاردەری ڕاستەقینەی چارەنوسی دەسەڵات و سیستەم و کۆمەڵگاکانە.

پ- زیانەکانی بەشدارینەکردنی خەڵك لەهەڵبژاردندا چۆن دەبینیت، ئایا بەشدارینەکردنی خەڵك لەهەڵبژاردندا درێژەدان نییە بەو دۆخەی ئێستا لەکوردستان؟ کاریگەریی هۆشیاریی هاووڵاتییان لەئاست گرنگیی دەنگدانو بەکار هێنانی سندوقی هەڵبژاردن بۆ گۆڕانکاری چۆن دەبینیت؟

وەڵام :

بەشدارینەکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا نەك هەر زیانی هەیە بەڵکو سەرەتایەکی پڕ مەترسیداریشە. چونکە بەشدارینەکردن مانای ڕازیبونە بەم دەسەڵاتە وبەرنامە و سیستەمە سیاسیەی کە هەیە و بۆ ماوەی ١٨ ساڵی ڕێکە لەدوای ساڵی ١٩٩٢وە بەخراپترین شێواز ئیدارەی ئەم هەرێمە دەدەن و نەشیان توانیوە کە لانی کەمی بەرنامە و خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بە هاوڵاتیان بکەن و بتوانن جەماوەری

گەلەکەمان لە خۆیان ڕازی بکەن و بتوانن کەش و هەوایەکی دیموکراسیانە و ئازادانە و دادپەروەرانە دابین بکەن و خۆشگوزەرانی و کۆمەڵگایەکی ڕەفاه پێکەوە بنێن کە تیایدا تاك و گروپ و کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکانیش هەست بەبون و مافەکانیان بکەن و بێکاری و پێشێلکردنی مافەکان و توندوتیژی و ...هتد.تیایدا نەبێت. بەشدارینەکردنی جەماوەر کاریگەری لانی کەم بۆ ٤ساڵی تر دەبێت و دەبێتە هۆی درێژەدان بەتەمەنی ئەم دەسەلاَتە گەندەڵ و خراپەکار و سەرنەکەوتوەی هەرێمەکەمان.

جالێرەدا هۆشیاری تاك و کۆمەڵ کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت. چەندە تاك و کۆمەڵ هۆشیار بن و هۆشیاری سیاسی و یاساییان هەبێت دەربارەی ماف و داواکاری و ئایندەیان هێندە بەتەنگ بەشداریکردنیانەوە دەبن و هەمیشە کۆمەڵگا هۆشیارەکان ئاستی بەشداریکردنیان بەرزە و کۆمەڵگا دوواکەوتوو هەژار و نەخۆش و برسیەکانیش بەشداریکردنیان نزمە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا. بەلاَم خۆشبەختانە و دوای ١٨ ساڵی حوکمی سیستەمی دوو حیزبی لە کوردوستاندا کۆمەلاَنی خەڵك هوشیار بونەتەوە و پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنەی ئەم جارە بکەنە خاڵی گۆڕان و وەرچەرخان و هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن و بەشداریەکی گەورە و بەرچاویان هەبێت بەمەبەستی گۆڕان لەسەرتاپای دەسەلاَت و سیستەمە سیاسیەکەی کوردوستان.

پ- ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنیەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنو دواجاریش پرۆسەی گۆڕانو بڕیار چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ هەندیکجار ڕێکخراوە مەدەنیەکان پەنا دەبەنە بەر بایکۆتکردن، ئایا لەم قۆناغەدا پەنا بردنە بەر بایکۆت کاریگەریی دەبێت بۆ گۆڕانکاریی سیاسی؟

وەلاَم :

لەهەموو دونیای دیموکراسیدا, ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنیەکان گەورە و کاریگەر و بەرچاوە.لەپرۆسەی چەسپاندنی دیموکراسیدا و لەبەرەو پێشبردنی سیستەمی حوکم و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا و پاراستنی مافەکان و..هتد.

بۆیە ناکرێت ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەم هەموو کاریگەری و گرنگیەیانەوە و ڕۆڵە پۆزەتیڤانەیانەوە خۆیان کەنارگیر بخەن و ڕۆڵی ڕابەرایەتی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا

لەدەست بدەن و گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن بۆ هێزە بالأدەست و تۆقێنەر و خۆسەپێنەکان و نادیموکراسیەکان.بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان مانای لاوازی و بێئومێدبونە لە گۆڕانی سیاسی, کەلە ئێستای کوردوستاندا ئەو هەڵوێست و بایکۆتکردنە لەلایەك پڕۆسەی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی پەك دەخات و لەلایەکی تریشەوە دەبێتە مایەی زیاتر چەسپاندن و جێگیربوونی ئەم دەسەلأتەی ئێستاش کە متمانەی زۆرینەی کۆمەلأنی خەڵکی کوردوستانی لەدەست داوە و بۆتە جێگەی ناڕەزایی نەك بەتەنها کۆمەلأنی خەڵك و لایەنگرانی پارتە سیاسیەکانی تر بەڵکو نەشیان توانیوە دڵی لایەنگران و ئەندامان و سەرکردایەتیەکانی خۆشیان ڕازیبکەن. نمونەش ئەو هەموو ململانێ و ناکۆکیانەیە کە بەئاشکراو نهێنی لەناو خودی هەردوو حیزبی دەسەلأتیشدا هەن .

پ- بوونی لیستی داخراو پێویستە؟ ئایا لیستی داخراو گەمەیەکی سیاسیی داخراو نییە کە هاووڵاتیان نازانن کام کەس بەچ پڕۆژەیەکە، چ باکگراوندێکی سیاسی، بە چ ئاستێکی خوێندەواریو هۆشیاری لەپاش تەواوبوونی پڕۆسەکە دەبێت بەنوێنەریان؟

وەلأم :

زۆر ڕاستە بونی لیستی داخراو یان سەپاندنی لیستی داخراو بەهەر بیانویەکەوە , لەلایەك پێشێلکردنی مافی تاك و گروپەکانی دەرەوەی پارتە سیاسیەکانە و لەلایەکی تریشەوە سەرەتایەکی مەترسیداریشە بۆ ئێستا و ئایندەی پڕۆسەی دیموکراسیەت لە کوردوستاندا. لیستی داخراو هەمیشە لەلایەن دەسەلأتە سیاسیە داخراو و تاکڕەو خۆسەپێن و دژە دیموکراسیەکانەوە پیادە دەکرێت و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازادو سەربەخۆدا یەك ناگرێتەوە. هەموو دەسەلأتێکی سیاسی ترسنۆك(( مانای ترس لە دۆڕاندنی گەمە سیاسی و دیموکراسیەکە و لەدەستدانی دەسەلأتەکەی )) پەنا دەباتە بەر لیستی داخراو, بۆئەوەی ئەندام و لایەنگرانی سەر بە دەسەلأت و پارتە سیاسیەکە بچنە ناو پەڕلەمان و لەوێشدا بەگوێرەی ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن ویاساو ڕێساو بەرژەوەندیەکانی حیزبەکانیانەوە بڕیار بدەن نەك بۆ بەرژەوەندی پانوپۆڕی کۆمەلأنی خەڵك. لێرەدا نوێنەر یان کەسی هەڵبژێردراو یان کەسی دەستنیشانکراو دەبێتە نوێنەری حیزب

**نەك جەماوەر و گەل, لەبەر ئەوەی تاك دەنگ دەداتە لیستی حیزب نەك تاکە کەس. جالێرەدا لیستەکە هەندێ جار کەسی زۆر نەشیاو لە ڕووی نەبونی هۆشیاری و نەبونی بەرنامە و نەبونی بڕوانامە و خوێندەواری و نەبونی لێهاتوویی و نەشارەزای تێدەکەوێت و بەمەش هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە لە سیستەمەکەدا نابێت و پەڕلەمانێکی لاواز و بێهێز و ناسەربەست لە بڕیارداندا دروست دەبێت. نمونەش هەردوو خولی هەڵبژاردنەکانی پەڕلەمانی کوردوستانە لە ساڵەکانی ١٩٩٢ و ٢٠٠٥دا.**

پ- ئایا لیستی داخراو دەتوانێت نوێنەری ڕاستەوخۆی خەڵك بێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە دواجار حیزب نوێنەرەکان دیاری دەکات، واتە حیزب کێی پێ خۆش بێت ئەوە دادەنێت بەناوی خەڵکەوە؟ ویستو ئیرادەی کەسانی دەستنیشانکراو کە لەلایەن لیستی داخراوەوە دەنێردرێنە پەڕلەمان تا چەند ویستو ئیرادەی خەڵكو خۆیەتی؟

**وەڵام :**

**وەك لە پێشتریشدا باسمان کرد لە سیستەمی لیستی داخراودا نەکەسی پاڵێوراو سەربەستە و نەکەسی دەنگدەریش سەربەستە . چونکە هەردووکیان بەسەریاندا سەپاوە کە پاڵێوراو لە بۆ بەرژەوەندی حیزب خۆی بپاڵێوێت جا پێی خۆش بێت یان نا. دەنگەدەریش بەهەمان شێوە ئازادی هەڵبژاردنی کەسەکانی لێ زەوتکراوە و تەنها ئەرکێتی کە دەنگ بداتە لیستی حیزبەکە. بۆیە لێرەدا هەردوولایان چ پاڵێوراو چ دەنگدەریش ویست و ئیرادەیان لێ سەندراوەتەوە و لە ئەنجامیشدا پەڕلەمانێکی لاواز ودەستەمۆکراوی حیزب و بێئیرادە دێتە کایەوە و تەنها نمایندەی حیزب دەکات نەك گەل.**

پ- ئایا لەئێستادا لیستی کراوەمان پێویستە یان لیستی داخراو؟ ئێوە لەوبڕوایەدان بوونی لیستی کراوە دەتوانێت قۆناغێکی دیکە بێت لەو گۆڕانە کە چاوەڕوان دەکرێت؟

**وەڵام :**

**بەڵێ لە ئێستا و دوای ١٨ ساڵ تەمەنی دەسەڵاتی دووپارتی سیاسی لە کوردوستاندا. کاتی ئەوەیە کە چیدی ویست و ئیرادە و بەرژەوەندی و قەدەری میلەتێك و چارەنوسی ٤-٥ ملیۆن کورد لەدەست تەنها دوو پارتی سیاسیدا قەتیس نەکرێت بەبێ گۆڕان و پێشکەوتن و پێویست بەوەدەکات کە لە پرۆسەیەکی**

دیموکراسیانە و ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی دەسەلاٌت چیٚ ببێت و پەڕلەمان و حکومەتێکی بنکە فراوان کە نمایندەی سەرتاپای گەلبکات پێکبهێنرێت.و چیدی ڕەوڕەوەی ڕوداو و پێشکەوتنەکان لە جێگای خۆیاندا نەوەستن و بەرەوپێش بچن.

لانی کەم با جەماوەر ئەزمونی لیستی کراوەش تاقیبکاتەوە و بۆ ماوەی ٤ ساڵی ئایندە بەری ڕەنج و کار و بەرنامە وسیاسەتەکانی خەڵکانی نویٚ و پارت و سیاسەتی نوێش ببینێت و ئەوکات بۆ ئایندەی بڕیاری ڕاست و دروستی خۆیان بدەن کە ئاخۆ درێژە بەکام لەو جۆر و شێوازانەی هەڵبژاردن بدەن. بەدڵنیایی هەر بۆ خۆی پیادەکردنی لیستی کراوە سەرەتایەکە بۆ گۆڕان و پێشبینی کاری باش و ئایندەیەکی گەشتریشی لێدەکرێت.

پ- بوونی لیستی سەربەخۆ چ گرنگییەکی هەیە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا؟ ئایا لیستی سەربەخۆ دەتوانێت دەنگە ناڕازییەکان لەخۆی کۆبکاتەوەو ببێتە هێزێك ڕکەبەری لیستەکانی تر بکات؟ بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا ناڕەزایی گەشتووەتە لوتکە؟

وەلاٌم :

هەر خۆی هەڵبژاردن پێویستە پڕۆسەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بێت جا چەندە تاکی ئازاد و لیستی سەربەخۆشی تیادا بێت هێندەش پڕۆسەکە ئازادانە و سەربەخۆیانە و دیموکراسیانەتر دەبێت.هەربۆیە بوونی لیستی سەربەخۆ مانای ڕچە شکاندنی سیستەمی دەسەلاٌتی دوو پارتی سیاسی کوردوستانە و والاٌکردنی دەرگایەکی پان و پۆڕیشە بۆ دەنگە ناڕەزا و تووڕە و زویر و دڕدۆنگەکانی ناو کۆمەڵگاشە و دەبێتە مایەی کۆکردنەوەی هەموو ئەو دەنگانە.ئەگەر لیستێکی تەواو سەربەخۆ ببێت و کەسانی بەتوانا و شیاو و خاوەن ڕابوردووپاك و گەنج و زمان زان و خاوەن بڕوانامە بن. کە دوور بێت لە بنەمای حیزبی و خزمایەتی و تەکەتولچێتی و خێلٚ و عەشرەت و ناوچەگەرێتی.گەر بەم شێوەیە بێت ئەوا بەدڵنیایی دەبێتە لیستێکی بەهێزی ڕکابەری لیستی پارتە دەسەلاٌتدارەکان و دەبێتە جیٚ متامانەی جەماوەریش. چونکە وەك باسمان کرد ئەم کارە داهێنانێکی نوێیە لە ئەزمون و تەمەنی هەڵبژاردن و دەسەلاٌتی سیاسی کوردوستاندا و مرۆڤیش بە خۆڕسك حەز بە گۆڕان و تاقیکردنەوەی کاری

نویێ دەکات.بەتایبەتیش ڕێژەی دەنگە ناڕازیەکان لە ئێستای کۆمەڵگای کوردوستاندا لەهەردوو پارتی دەسەلاتدار ڕێژەیەکی بەرز و بەرچاوە.

پ-چۆن دەڕوانیتە پێویستی بوونی لیستێکی ئۆپۆزسیۆن؟ لیستی ئۆپۆزسیۆن چۆن دەبێتە دەنگی دەنگە جیاوازەکانی دەرەوەی لیستی دەسەلات؟

وەلام :

بونی لیستی ئۆپۆزسیۆن پێویستیەکی حەتمی و ژیاریشە بۆ ئێستای کوردوستان لە بەرامبەر لیستی هەردوو پارتی دەسەلاتداردا.چونکە نەبونی ئەو لیستە دەبێتە مایەی قۆرخکردنی دەسەلات و خۆسەپاندن و تاك ڕەوی و حساب بۆ نەکردنی ویست و ئیرادەی گەل و دواتریش بەرتەسککردنەوەی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافەکان و نەبونی یاساو سەرهەڵدانی تیرۆر و تۆقاندن و خەفەکردنی دەنگە ناڕازیەکان.ئاشکراشە لە ئێستادا و دوای تێپەڕاندنی ١٨ ساڵ لەدەسەلاتی دوو حیزبی لە کوردوستاندا.زەمینەیەکی لەبار دروست بوە بۆ دروستبوونی لیستی ئۆپۆزسیۆن.بەلام ئەم لیستەش دەبێت لەسەر بنەمای زانستی و واقعی و سیاسی دابمەزرێت کە بەحەق ببێتە لیستێکی بەهێز و بڕواپێکراوی جەماوەر.لیستێك بێت خاوەنی بەرنامە و ستراتیژ و پلانی سەرکەوتوانە بێت بۆ ئێستا و ئایندەی کوردوستان و دووربێت لە هەڵە و کەموڕیەکانی ئەزمونی چەند ساڵەی دووپارتە سیاسیەکەی کوردوستان. و لیستێك نەبێت تەنها کۆکردنەوە و سەر بەیەکداکردنی چەند حیزبێك بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سەرکردە و حیزبەکانی خۆیان.

پ- ئەوەی تائێستا دیارە چوار حیزبەکە بەیەکەوە دادەبەزن ونەوشیروان مستەفاش لیستی دەبێت، بەبۆچونی جەنابت هەریەکە لەم دولیستە چ ڕۆڵێکیان دەبێت؟ ئایا ئەم دوو لیستە دەتوانن هاوکێشە سیاسیەکان بگۆڕن؟

وەلام :

تائێستا یەکلانەبۆتەوە کە ئەو چوار حیزبە پێکەوە لیست دروست دەکەن و بەهەمان شێوەش کاك نەوشیروانیش بەڕەسمی ڕاینەگەیاندوە کە لیستی سەربەخۆ دروست دەکات. هەموویان دەنگۆو گریمانیە.بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو دوو لایەنە(( چوار حیزبەکە و کاك نەوشیروانیش)) لیستی سەربەخۆیان هەبێت, لەلایەك مافی سروشتی خۆیانە و

لەلایەکی تریشەوە کارێکی تەندروست و مایەی دڵخۆشی و زیاتر چەسپاندنی دیموکراسیەتەو بەدڵنیایش ڕۆڵی پۆزەتیڤ دەگێڕن لە پڕۆسە گەورە و گرنگەکەی گۆڕاندا.و سەرەتایەکی ساغڵەمیش دادەهێنن لە پیادەکردنی دیموکراسیدا لە کوردوستاندا.و ئەگەر لەیەکەم هەنگاویشدا کورسی و دەنگی کەمیش بەدەست بهێنن گرنگ نیە, گرنگ دەسپێکردنی سەرەتاکەیە و بەدڵنیاییش گەر لەم سەرەتا و هەنگاوەدا گۆڕانی گەورە بەدەست نەهێنن و نەتوانن تەواوی هاوکێشە سیاسیەکە بگۆڕن ئەوا بێگومان هاوکێشە سیاسیەکە دەلەرزێنن و گۆمە مەنگەکە دەشڵەقێنن و ناهاوسەنگی دەخەنە بەلأنسی سیاسی کوردوستانەوە. کەئەمەش لە ئەنجامدا لەبەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەلأنی خەڵك تەواو دەبێت و دەنگ و ڕەنگ و بیر و جەستە و خوێنی نوێش دێتە پێشەوە کە بۆ ئایندەی گەلەکەمان کارێکی زێدە گرنگ و بە قازانجە.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری شەقام ژمارە ١٢٠ لە ٢٠٠٩/٤/١٠دا بلأوکراوەتەوە.

## ساڵی ٢٠٠٩

## ساڵی هەڵبژاردنەکان لە دونیا و لە کوردوستانیشدا *

• ئاشکرایە کە پڕۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لە سیما و خەسڵەتە هەرە دیارەکانی سیستەمی حوکمڕانی دیموکراسی هەر کۆمەڵگا و وڵاتێك ,هەربۆیە هەمیشە ئاستی چەسپاندن و پتەوبون و ڕەگ داکوتانی دیموکراسیەتی هەر کۆمەڵگا و دەسەلاتێك دەپێورێت بە ئاستی بەرزی شەفافیەت و ئازادی و سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانەوە و قبوڵکردنی ئەنجامەکانی وئاڵوگۆڕکردنی دەسەلاتیش بەشێوەیەکی سانا و ئاشتیانە لەنێوان براوە ودۆڕاوەکاندا دوور لە بەکارهێنانی توندوتیژی و دەستگرتن بەکورسی دەسەلاتەوە و پەنابردنە بەر هەڕەشەو گوڕەشە و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی بۆ ئەوەی ماوەیەکی زیاتر لەدەسەلاتدا بمێنێتەوە.

ئەمانە سیفاتی دیاری هەموو سیستەمە دیموکراسیەکانە لە دونیای سەردەمدا و بۆتە مۆدێلێکیش و ئەمری واقیع و تەنانەت لە وڵاتە دواکەوتوەکان و توتالیتاری وخۆسەپێنەکانیشدا جۆرێك پابەندبوونیان تیادایە بۆ ئەم بنەما سەرەکیانەی دیموکراسیەت لە پڕۆسەی هەڵبژاردنەکاندا و ئەگەریش تەنها وەك دروشمیش بەرزیان کردبێتەوە پابەندین.

پڕۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی لە عێراقی نوێی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صدامیدا بەکوردوستانیشەوە بۆتە تاکە ڕێگا بۆ گرتنە دەستی دەسەلات یان بەشداریکردن لە دەسەلاتدا , دوور لە شەڕ و جەنگی ناوخۆیی و کودەتای سەربازی کە لە سەردەمانی پێشوتردا باویان بوە.و لەماوەی ئەم ٦ ساڵەی ڕزگاری عێراقدا تا ئێستا چەند پڕۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کراوە و تاڕادەیەکی باشیش ئەنجامەکان قبوڵکراون, سەرەڕای هەبونی دیاردە دزێوەکانی فرت و فێڵ و گزیکردن و دەنگکڕین و پارە بەخشینەوەو.... هتد..

• لەهەرێمی کوردوستانیشدا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و بۆ یەکەم جار پڕۆسەی هەڵبژاردنێکی بێ وێنەی پەرلەمانی کوردوستان ئەنجامدرا و دواتریش ٢ پڕۆسەی

هەڵبژاردنی شارەوانیەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکانیشی بەدوادا هاتو لە ئێستاشدا لەبەردەم پرۆسەیەکی زێدە گرنگ و هەستیار و وەرچەرخێنەری نوێداین کە ئەویش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردوستانە کە وا بڕیارە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ئەنجام بدرێت. ئەم هەڵبژاردنەی ئەم جارە لەچەند لایەکەوە گرنگە, لەلایەك بۆ یەکەمین جارە کەزیاد لە ٤٠ قەوارە و کیانی سیاسی و لیستی جیاواز کێبڕکێ دەکەن لە سەر بەدەست هێنانی ١١١ کورسی پەرلەمان.لەلایەکی ترەوە بونی لیستی جیاوازی تاڕادەیەك بەهێز لەدەرەوەی لیستی هەردوو پارتی دەسەلاتدار(( پارتی و یەکێتی ))کە دەبێتە هۆی زیاتر گەرموگوڕترکردنی کێبڕکێکە. لەلای سێهەمیشەوە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیشە لەهەمان پرۆسەدا و ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە و بەشداریکردنی چەند پاڵێوراوێکی تریشە لەبەرامبەر سەرۆکی هەرێمدا بۆتە هۆی تێڕامان و خاڵی سەرنج ڕاکێش. لەلای چوارەمیشەوە ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی ئەمجارە سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدانو دروستبونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانی کوردوستاندا.

هەموو ئەم هۆکارانە وادەکەن کە لەلایەك پرۆسەکە پڕ بایەخ وگرنگی پێدانی زیاتر بێت و جەماوەریش بەڕێژەیەکی زۆر بەشداری تیادا بکەن بۆ یەکلایکردنەوەی ئەنجامەکان بەلای دەسەلاتی دووپارتە سەرەکیەکەی دەسەلات یان بەلای دەسەلاتی نوێدا.و لەلایەکی تریشەوە ئەنجامی ئەم جارەی هەڵبژاردنەکە بۆ هیچ کەس و لیست و گروپێك مسۆگەر نیە و لە گیرفانی هیچ لایەکدا نیەو تاڕاگەیاندنی ڕەسمی ئەنجامەکان کەس ناتوانێت پێشبینی ئەنجامەکان بکات.و سەرکەوتنی گەورە پێشبینی بکات.

خاڵێکی گرنگتری ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە مصداقیەت و ڕاستگۆیی هەموو هێز و پارت و لیستە جیاوازەکانیش دەخاتە بەر پرسیارەوە لە پابەندبونیان بە دیموکراسیەت و ئازادی و قبوڵکردنی لایەنی بەرامبەر و بنەمای کێبڕکێی شەرعیانە بۆ وەرگرتنی دەسەلات. و هەربۆیەش لەناوخۆی کوردوستان و عێراق و ناوچەکە و تەنانەت زلهێزەکانیشەوە چاوەڕوانی ئەم گەمە دیموکراسیەی گەلی کورد و ئەم دەسەلاتە سیاسیەی کورد دەکەن و بە چاوێکی کراوە و ووردبینەوە لێی دەڕوانن

ئایندەی دیموکراسیەت و چەسپاندنی ئەم دەسەلآتە و ئەم هەرێمەش لەسەر مەحەکە بۆ هەموو لایەك.

ئاشکرایە ئەم پرۆسەی هەلبژاردنەی کوردوستان لەم ساڵی ٢٠٠٩دا هاوکاتە لەگەڵ چەند پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لە گەلێك ولآتی دونیادا و هەر لەسەرەتای ئەم ساڵەوە تا نیوەی یەکەمی تائێستا زیاد لە ١٠ هەڵبژاردن لە ولآتانی جیاوازی دونیادا کراوە و دەشکرێت هەر لە (( عێراق و کوێت و ئێران و تورکیا ولوبنان ومەنگۆلیا و پەناما و پاکستان وئیسرائیل وجەزائیر و ئەفریکای باشور وئەمریکا و هندستان ))و...هتدیش. بۆیە ساڵی ٢٠٠٩ ساڵی هەڵبژاردنەکانە . هەریەکە لەو ولآتانەدا بەشێوازی جۆراو جۆر ململانێی هەڵبژاردن کراوە و هەموانیش پابەندبوون بە بنەما سەرەکیەکانی بردنەوەو دۆڕاندن و ئەنجامەکانیشیان قبوڵکردوە و پیرۆزبایشیان لە یەکدی کردوەو هەر ئەم کارەشیان بۆتە هۆی پاراستنی یەکڕیزی و کیان و سەروەری کۆمەڵگا و ولآتەکانیان.

هەربۆیە پێویست دەکات و ئەرکێکی گەلێك پڕ بایەخیشە لە ئەستۆی هەمواندا بەسەرکردە و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە وڕێکخراوە مەدەنی و جەماوەری و تاك بە تاکی جەماوەریشەوە کە گیانی برایەتی و تەبایی و پێکەوە ژیان و ئاشتیانە بپارێزن و بەشداری ئەم پرۆسەیە بکەن دوور لە گیانی تۆڵەکردنەوەو نانەوەی ئاژاوە و پشێوی و پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێز و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە یەکتری و دەستکردن بە فرت و فێڵ و گزیکردن.

دەبێت هەموان ئەو ڕاستیە بزانن کە بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتیمان وادەخوازێت کە هەموان پابەندی تەواوی بنەما دیموکراسیەکان بن و بەرژەوەندی گەل و خاکی کوردوستان بخەنە سەروو بەرژەوەندی بچوك و تەسکی حیزبایەتی و تایبەتی و ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی نەگۆڕنەوە بە بەرژەوەندی و پاراستنی هەندێك کەس و گروپ و پارت و لیستی جیاواز.

پێویستە هەموان جەنگێکی یان ململانێیەکی مۆدێرنانە وشەریفانە بکەن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر و دەسەلآت دوور لە پەلکێشکردنی ناحەزانی ئەم

ئەزمون و دەسەڵاتە بۆ ناو پرۆسەکە و دواتریش هەڵدێران بەرەو خانەی جاسوسیەت و پیاوپیاوێنەی دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیاش.

پێویست دەکات هەموان ئەم گەمە دیموکراسیە بە گیانێکی وەرزشیانەوە پیادەبکەن و ئەنجامەکانیش قبوڵبکەن چونکە براوە و دۆڕاوە هەموان کوردن و هەموانیش خۆ بە دڵسۆز و ڕۆڵەی ئەم گەل و خاکە دەزانن. هەربۆیەش پێویست دەکات کە چانسی تاقیکردنەوەی بەختیان پێبدرێت.و کارێکی ئاسایشە کە جەماوەر دەنگی خۆی بداتە هەرکەس و لایەن و لیستێك , بەڵام ئەوەی ئاشکرایە وەك بنەمایەکی سەرەکی هەمیشە چانسی گەورەی سەرکەوتن بۆ ئەو پارت و لیستە دەبێت کە لەسەر زەمینەی واقیع دەسەڵاتی بەدەستە و خزمەتگوزاری و پرۆژە و دەسکەوتی گەورەی پێشکەش بە میلەتەکەی کردەوە و خاوەن ئەزمونی دەسەڵاتە نەك ئەو هێز و لایەنانەی کە تائێستا دەسەڵات و ئیدارەیان تاقینەکردۆتەوە و نازانرێت توانا و لێهاتویی و بەخشندەییان چەندە و چۆنە.

ئاشکرایە تا ئێستا کورد و ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی کوردوستان لەماوەی ئەم ١٩ ساڵەی دەسەڵاتیدا لەگەڵ بونی هەموو کەموکوڕیەکانیدا وێنایەکی جوان و درەوشاوە و باشیان پێشکەش کردەوە بە عێراق و ناوچەکە و دونیاش و توانیویەتی تاڕادەیەکی باش ئاشتی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی فەراهەم بکات و گەلێك دەسکەوتی گەورە لە عێراق و ناوچەکەدا بۆ مەسەلەی کوردو ئایندەش وەدەست بهێنێت, بۆیە ناکرێت بە چاوێکی سوك و بەکەم بزانرێن و تەماشایان بکرێت.

ئەم دەسەڵاتە کوردیە بەهەموو کەموکوڕیەکانیەوە بریتیە لە نەك هەر مێژووی گەلەکەمان بەڵکو بریتیشە لە پرشنگدارترینی مێژووەکەمان و ناکرێت میلەتان حاشا لە مێژوو ڕابوردوی خۆیان بکەن, بەڵکو ئەرکیانە کە کاری باشتر و جوانتر و گەورەتر پێشکەش بکەن بۆ ئایندە.

کوردیش وەك هەموو میلەتانی پێشکەوتووی دونیا و تازە پێگەیشتوەکانی ناوچەکەش میلەتێکی زیندوە وحەز بە پێشکەوتن و داهێنان و بەشداریکردنی لە چەسپاندنی ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلان دەکات.هەربۆیە دەبێت پەند و وانەش وەربگرێت لە ئەزمونی گەلانی تر و بە تایبەتیش لە پرۆسەی چەسپاندنی

دیموکراسیەت و گەمەی هەڵبژاردنەکاندا و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا.و ئەم ساڵی ٢٠٠٩ یە بکاتە ساڵی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەشێوەیەکی ڕاست و ڕاستەقینە و ئایندەی ئەم دەسەلأت و سیستەمە سیاسیەی کوردوستان چەسپاوتر و گەشاوەتر بکات و کۆمەڵگای کوردەواریش دڵخۆش و ئارام و خۆشگوزەرانتر بکات و ئاشتی و ئاوەدانی زیاتر وەدیبهێنێت و سەرکردە و جەماوەر لە دەوری کوردایەتی ڕەسەن و ڕاستەقینە کۆ بکاتەوە چونکە هێشتا ئەم دەسکەوت و دەسەڵاتەمان لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی دوژمنان و تیرۆریستان و ناحەزانی ناوخۆ و دەرەوەدایە و لەبۆسەدان بۆ هەر نوچدان و کەوتن و بێهێزبون و لەتلەتبونی ئەم یەکریزی و یەکگرتوەی میلەتەکەمان.بۆیە ئەرکی هەموانە بە گیانێکی گەورەی بەرپرسیارێتیەوە ئەم قۆناغەش تێپەڕێنن و دەسکەوت و سەرکەوتنی گەورە تریش وەدەست بهێنن و ئەم پڕۆسەی هەڵبژاردنەش وەکو ساڵی ١٩٩٢ بکەنە کەرنەڤاڵێکی دیموکراسیانەی گەلەکەمان و وێنەیەکی ڕلستگۆیانەی دیموکراسیش پێشکەش بە دۆست و ناحەزانیشمان بکەن.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٣٠ لە ٢٠٠٩/٥/٣٠دا بلأوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەیەك بۆ هەڵبژاردنی پەڕلەمان و پەند وەرگرتن لێی بۆ ئایندە *

- ئاشکرایە پرۆسەی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ کە سێیەم هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسی بوو لە کوردستاندا بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەڕلەمانی کوردستان.
- **ئەم هەڵبژاردنە و لەم قۆناغەی کوردایەتیدا, بۆچی بوە جێگەی تێڕامان و لێووردبونەوەو گرنگی پێدانی گەورە لەلایەن ناوخۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و زلهێزەکانی دونیاشەوە و هۆکارەکان چیبوون؟**

١. ئەم قۆناغەی کوردایەتی ,گەلێك هەستیار وناسکە,چونکە لەلایەك هێزەکانی ئەمریکا لەسەرەتای پرۆسەی کشانەوەی خۆیاندان و لەبەرامبەریشدا هێز و توانای سوپای عێراقیش بەرەو زیاد بون دەچێت کە ئەمەش مەترسیەکی جدیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٢. سەرهەڵدانی بیرۆکەی دامەزراندنەوەی عێراقێکی نوێی سەنتڕالیزمی بەهێز لە بەغداد لەلایەن هێزە سونی و شیعی و نەتەوەکانی تورکومان و ...هتد.کە ئەمەش مەترسیەکی جدیترە بۆ سەر هەرێمی کوردوستان.

٣. چارەسەرنەکردن و گەورەبون و ئاڵۆزبونی کێشە سیاسی و ئابوریەکان لە نێوان بەغداد وهەولێردا و دواخستنی چارەسەریشی بە پیلانە و ئەمەش مەترسیەکی تری گەورەترە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٤. دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستور و نەکردنی گۆڕانکاریەکان لە دەستوردا لە هەندێ بڕگە و بەندی دەستوردا و هەڵگرتنی بۆ خولی ئایندەی پەڕلەمانی عێراق کە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجام دەدرێت و هەموو هێزە عەرەبیەکان بە سونەو شیعەوە بەنیازن کە هاوپەیمانی و هێزی کاریگەر و گەورەتر و بەهێزتر پێك بێت کە بتوانێت بە ئاسانی ئەو گۆڕانکاریانە بکات و دژی خواست و ویستەکانی کورد بێت .کە ئەمەش مەترسیەکی گەلێك گەورەترە بۆسەر هەرێمی کوردستان .

٥. هەموو ئەم مەترسیانە, دەبنە مایەی بێهێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بچوك بونەوەی دەسەڵاتەکانی وهێزە سیاسی و سەربازی وئابوریەکانیشی.کە ئەمەش ڕێگە بۆ هێز و دەوڵەتانی ناوچەکە خۆشتر دەکەن کە بڕیار و ڕاسپاردەکانیان باشتر وساناتر بسەپێنن بەسەر دەسەڵاتی ئەم هەرێمەدا.

٦. زلهێزەکانیش و لەسەروشیانەوە ئەمریکا لەگەڵ ئەمری واقیعدا مامەڵە دەکات و گەرەکێتی دەسەڵاتێکی بەهێزیش لە بەغدادا دابمەزرێت و تەواوی خاك و گەلانی عێراقیش کۆنترۆڵ بکات و ئەمەش لەبەرژەوەندی کورددا نیە.

ئەمە و دەیان مەترسی و ئەگەری چاوەڕواننەکراوی تر لە بەردەم ئەم دەسەڵاتە کوردیەدایە, بۆیە ئەم هەڵبژاردنەش لە هەموانی تر گرنگی و بایەخی پەیداکردبوو چونکە زۆر لایەن بە دۆست و دوژمنانیشەوە چاوەڕوانی گۆڕانی بەلأنسی هێزە سیاسیەکانیان دەکرد لە کوردستاندا و گەلێکیشیان هیوایان دەخواست کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (( یەکێتی و پارتی )) کە خاوەن مێژوو و جەماوەر و دەسکەوت و ڕابەرانی مەزنن ئەم هەڵبژاردنە بدۆڕێنن و ئیدی ئەم دەم و چاو و پلانی بەرەنگاریە سەرسەختانەی کوردایەتی لە بەردەمیاندا نەمێنێت و بتوانن پیلان و نەخشە دوژمنکارانەکانیان پیادە بکەن و بۆ ئایندە ڕیزەکانی گەل و سەرکردایەتی کورد لە یەکدی دابڕن :-

١. لە پێش هەموانیشەوە هێزە سیاسیە گەورەکانی عێراق بە سونە و شیعەیانەوە بوو. کە زۆر دەمێکە یەکێتی و پارتی و سەرکردایەتیەکانیان بە لەمپەڕ و ڕێگر دادەنێن لە بەردەم پیلانەکانیاندا بۆ بێهێزکردنی پێگە و سەنگینی کورد لە بەغداد و لە عێراقیشدا.

٢.دواتریش تورکیا و ئێران و دەوڵەتانی تری ناوچەکەش هەریەکەیان بە هۆکارێکەوە گەرەکیانە کە گۆڕانکاری بکەن لەم هەرێمەدا.

٣.پێدەچێت ئەمریکا و بەریتانیاش وەك دوو زلهێز لە سایەی دەسەڵاتی حیزبی دیموکرات و کرێکارانەوە حەز بە گۆڕانکاری بکەن لەم هەرێمەدا.

٤. لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانیش بە حیزبە سیاسیەکان و جەماوەریشەوە, هەموانیان داوای گۆڕان دەکەن و هەوڵی گۆڕان دەدەن و بە جدیش لەم هەڵبژاردنەدا کاریان کرد بۆ سەرکەوتنی ئاڕاستەی گۆڕان.

گۆڕان, بە مەبەستی گۆڕانی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی کۆمەڵگای کوردەواری.بەتێگەیشتنێك جیا لە تێگەیشتن و بۆچوون و بیروڕای هەردوو پارتی دەسەلآت کە ١٩ ساڵە دەسەلآتی ئەم هەرێمەیان لە دەستدایە.

- ڕەوتی گۆڕان , کێن و چیان دەوێت و لە کێ پێك هاتوون؟

ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵە کەسانێك پێك هاتوون کە یەکێتی بیر و فەلسەفە و کار کۆی نەکردونەتەوە و پێکهاتەیەکی یەکگرتوو پتەوی بیروباوەڕی نین بەڵکو پێکهاتەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی فرە ئایدیاو بۆچون و فرە بەرژەوەندی جیاوازن بۆ مەسەلەی گۆڕان و تەنها خاڵی هاوبەش تیایاندا بریتیە لە کۆکبونیان لەسەر چێ بوونی گۆڕانکاری لەم دەسەلآتەی پارتی و یەکێتیدا وهەریەکەشیان لە بۆچون و تێگەیشتن و بەرژەوەندی خۆیانەوە و ئیدی پێکەوە کاریان کرد بۆ سەرکەوتنی ئەم ڕەوتە گۆڕانخوازە.

- ئاڕاسە جیاوازەکانی ناو ڕەوتی گۆڕان

١. هەیانە داوای گۆڕانکاری دەکات بە نیازی گرتنە دەستی دەسەلآت و کۆکردنەوەی پلە و پایە و پۆست و ئیمتیازاتە مادیەکان.

٢. هەشیانە بۆ لەباربردنی ئەم کەش و هەوا ئازاد و دیموکراسی و ئارامیەی ئەم هەرێمە تێدەکۆشا.

٣. جەماوەری پان و پۆڕیش بەنیازی چاکترکردنی یان گۆڕانی دەم و چاوەکان بوو بۆ هێنانە پێشەوەی دەم و چاوی نوێ بەو نیازەی ساڵانێکی داهاتوو لەسایەی هێز و سیاسەت و ڕابەری نوێوە ژیانیان بەسەر بەرن.

٤. هەشبوو بێ مەبەست و تەنها لە پێناو گۆڕان خۆیدا وەکو(( وشە )) دوای ئەم ڕەوتە کەوتبوو لە ئەنجامی بێزار بوون لەم دەسەلآتەی ١٩ ساڵەی یەکێتی و پارتی و حەزیان بە گۆڕان دەکرد بۆ تاقیکردنەوەی هێزی سیاسی نوێ.

بۆیە پرۆسەی گۆڕان لە کوردستاندا لە ئەنجامی هۆشیاری سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی تەواو کامڵ و پێگەیشتوەوە نەهاتۆتە دی و لە ئەنجامی هاوپەیمانی و لێکتێگەیشتن و هاوکاری و هاوئامانجی هێزە سیاسیەکانەوە نەهاتۆتە بوون.بەڵکو زیاتر لە ئەنجامی نەزوەیەکی شەخصی یان شکستێکی کەسی یان گروپ و چەند کەسێکەوە هاتۆتە ئاراوە و لەسەر زەمینەی واقعی کوردستان خۆی ناساندوە و ئیدی بێ بەرنامەیی و بێ پلانی و بێ ڕابەرایەتیەکی ڕەسەن و ڕاستەقینە هاتە گۆڕەپانەکەوە و بە شێوەیەکی عەفەوی و سۆزەوە پەلی هاویشتە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریەوە.و بریتیە لە هەڵچونێك یان کەف وکولێکی وروژێنراوی کپکردوی ناو دەرونی کەسەکان و بەخێرایی بلاوبۆوە و هەموانی بە عیلمانی و ئیسلامی و نەتەوەیی لە خۆی کۆکردەوە.بەبێ ئەوەی زۆربەیان ئاڕاستەی بیرکردنەوەی کەس و گروپ و لایەنەکان لە چەمك و مەغزاو و بەرنامە و ستراتیژی گۆڕان تێگەیشتبن.

ئاشکراشە بەهەمان خێرایش دادەمرکێتەوە وخامۆش دەبێت دوای ئەوەی کە تاکەکانی ئەو ڕەوتە بۆیان دەرکەوت کە ئامانجیان نەپێکاوە و ئەوەی بەڵێنیان پێدرابوو یان کردبویانە خەون و خەیاڵ بۆیان نەهاتە دی .

هەربۆیەش ئەم هەڵچونە دەرونی و عەقڵیەتەی کەس و گروپ و ڕابەرەکانی ئەم ڕەوتەی گۆڕان لەیەکەم تاقیکردنەوەی هەڵبژاردندا توانیان ڕێژەی ٢٣٪ دەنگەکان وەدەست بهێنن, هەرچەندە هەوڵ وتێکۆشان و بەرنامەی ئەوان وەهابوو کە لەیەکەم گوڕم و خۆتاقیکردنەوەدا هەردوو پارتی و یە کێتی بەزەویدا بدەن و لە دەسەڵات دوریان بخەنەوە و خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست.

بیریان چوبۆوە یان لەبیر خۆیان بردبۆوە کە پارتی و یەکێتی هێشتا لە توانایاندا ماوە بەرگری لە بەرنامە و مێژوو و خەبات و ئێستا و ئایندەی خۆیان بکەن.

هێشتا ئەو دوو حیزبە دەتوانن درێژە بە کاروانی خەبات و دەسکەوت و داهێنان و پێشکەوتنەکان و ئاوەدانی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری بدەن.

هێشتا پارتی و یەکێتی خاوەنی ئەوەندە جەماوەر و لایەنگرن کە بۆ چەند ساڵێکی تریش لە دەسەڵاتدا بمێننەوە بەمەبەستی خزمەتکردن نەك پاوانکردنی دەسەڵات.

بەبڕوای ئێمە ئەم ڕێژەی ٢٣٪ی کە ڕەوتی گۆڕان وەدەستیان هێناوە زۆرترین ڕێژە و کۆتایی سەرکەوتنەکانیشیان دەبێت, چونکە لەم چوار ساڵەی داهاتوودا جەماوەر هێز و بیرکردنەوەو پلان و کاری ئەوانیش دەبینێت و هەروەك چۆن یەکگرتوی ئیسلامی لە دووەم هێزەوە پاشەکشەی کرد بۆ هێزی سێیەم و چوارەم. ئەم ڕەوتەش هەروای بەسەر دێت . ئەگەر پارتی و یەکێتی بەسەر کار و کردەوەو بەرنامە و سیستەمی کارکردنی حیزبی و حکومی خۆیاندا بچنەوە , خۆ ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەسەر ئەم شێوازی کارکردنەی ١٩ ساڵەی ڕابوردوودا ئەوە بە دڵنیاییەوە لە هەڵبژاردنی ئایندەدا خراپترین ئەنجام وەدەست دەهێنن.

ڕەوتی گۆڕان و گۆڕانخوازانیش سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست دەهێنن. جا بۆئەوەی ئەم ڕەوتە شێوەیەکی یاسایی تر و سیاسی تر وەربگرێت و بتوانێت هەموو داواکاری و خواستە جیاوازەکانی ناو پێکهاتەکەی دابین بکات و کارو کردەوەکانیشی بە سیستەم بکات پێویست دەکات خۆی لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا ڕابگەیەنێت و سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی مۆڵەتدراو بە جەماوەر و دەسەلاَت بناسێنێت. چونکە ناکرێت کۆمپانیایەك سەرکردایەتی و داڕێژەری گەلێك یان دەسەلاَتێك بێت لەم هەرێمەدا و چیدی ناتوانێت لە ژێر ناونیشانی کۆمپانیایەکدا کاری سیاسی و هەڵبژاردن و دەسەلاَت پیادە بکات و ئەرك و لێپرسراوێتی و داخوازیەکانی جەماوەریش لێی گەلێك گەورەتر بون. بۆیە چیدی ناکرێت بەم شێوازەی پێش هەڵبژاردن کاریان بەردەوام بێت.

- **ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٩/٧/٢٥**

لەبەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٩ دا و لە ڕۆژی ٤ شەممە و کاتژمێر ٣٠ر٤ ی پاشنیوەڕۆ و لە شاری هەولێر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا و لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەم شێوەیە ڕاگەیاند:-

- بۆ لیستەکانی هەڵبژاردن:

لیستی کوردستانی

٣٤ر٥٧٪

**لیستی گۆڕان**

٧٥ر٢٣٪

**لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری**

٨ر١٢٪

**لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان**

٤٥ر١٪

**هەموو لیستەکانی تر پێکەوە ((٢٠)) لیست و قەوارەی سیاسی**

٦١ر٤٪

**لە کورد و تورکومان و سریان و کلدانەکانن**

**تێبینی:-**

=====

١. **بۆ هەر کورسیەك نزیکەی ٢٠٠٠٠ دەنگە**
٢. **٥ کورسی بۆ تورکومان و ٥ کورسی بۆ سریان و ١ کورسی بۆ ئەرمەن**
٣. **نزیکەی ٥٠٠٠٠٠ دەنگدەر نەچون بۆ دەنگدان**

- **بۆ کاندیدەکانی سەرۆکایەتی هەرێم:-**

**کاك مەسعود بارزانی**

٥٧ر٦٩٪

**د.کمال میراودەلی**

٣٢ر٢٥٪

**هەڵۆ ئیبراهیم احمد**

٤٩ر٣٪

**سەفین حاجی شێخ محمد**

٤ر١٪

حسین تەها گەرمیانی
٥٩ر٠٪

- **هۆکاری ئەم سەرکەوتنەی ڕەوتی گۆڕان لە کوردستان بەگشتی و لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا بە تایبەتی چیبوو؟**

١. ئاشکرایە لەم دەڤەرەی سلێمانیدا و لەسایەی دەسەلاتی یەکێتیدا دیموکراسی و ئازادیەکان تاڕادەی فەوزا و بێسەروبەری چەسپیوە و خەملیوە و هەموان بەتاك و گروپ و سەرکردەکانیشەوە دەتوانن بە تەواوی ئازادی و سەربەستیەوە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕن و دەزگای میدیا دابنێن و لیست و قەوارەو پارتی سیاسیش دروست بکەن. نەك هەرئەمە بەڵکو دەتوانن بازرگانی و بازاڕیش وەگەڕبخەن و زیاد لەمانەش ئەم پانتاییە ئازادی و دیموکراسیەی یەکێتیش بقۆزنەوە و لەناو ڕیزەکانیدا کاری نهێنی و خۆڕێکخستن ئەنجام بدەن و نهێنی و تاکتیك و ستراتیژی ئەم حیزبەش ئاشکرابکەن و زەرەر و زیانی گەورەشی پێبگەیەنن و لەسەر زەمینەی سیاسی و ئابوری و لەناو هەناوی یەکێتیدا مشەخۆرانە گەشە بەکارو چالاکیەکانیان بدەن و مێژوو و خەبات و دەسکەوتەکانی یەکێتیش بکەنە پەردەپۆش بۆ گەورەبونی خۆیان و ناساندن و کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری خۆیان.

٢. لە لایەکی تریشەوە سروشتی خەڵکی شاری سلێمانی و بەتایبەتیش سەنتەری شاری سلێمانی کە سیفەتی زیندوێتی وکراوەیی و ئازادی و ڕۆشنبیری و هۆشیاریان هۆیەکی تری گەورەبون و گەشەکردن و بلاوبونەوەی ڕەوتی گۆڕان بوو، دواتریش کاریگەری ئەم شارە لەسەر هەموو شار و شارۆچکەکانی تریش هەبوو.وەك هەمیشە شاری سلێمانی ئەم ڕۆڵە پێشەنگەی بینیوە لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا.

٣. هۆکاری سەرەکی تریش بوونی ناعەدالەتی و گەندەڵی و کەموکوڕی و بێ یاسایی و کەموکوڕی لە خزمەتگوزاریەکان و دەستدرێژیکردنە سەر موڵك و ماڵی

گشتی لەلایەن کەسایەتی و لێپرسراوانی باڵای هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە (( پارتی و یەکێتی )) بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی و بنەماڵەکانیان نەك بۆ بەرژەوەندی حیزبەکانیان و پاوانکردنی بازاڕ و ئابوری کوردوستانیش لەلایەن کەسەکان و کۆمپانیاکانی سەر بەهەردوو حیزبەوە.

٤. ئیشنەکردنی دڵسۆزانە و لێبڕاوانەی سەرکردایەتی و کادرانی یەکێتیە لەکاتی ئاساییدا و لەکاتی تەنگانەشدا ناتوانرێت لەماوەیەکی کەمدا دڵی ڕەنجاوی جەماوەر ڕازیبکرێت هەربۆیە هەڵەشە و پەڵەشەیی بە ئیشوکارەکانی هەڵبژاردنەوە دیاربوو.

٥. دروستبونی بۆشاییەکی گەورە لە نێوان سەرکردایەتی یەکێتی لەلایەك لەگەڵ کادرانی حیزب خۆشیدا و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ جەماوەریشدا و ئەمەش هۆکاری گەورەی توڕەبون و بێزاری هەموان بوو.

٦. غروری سەرکردایەتی و خمولی جەماوەر و کادرانی یەکێتیش لە چونە سەر صندوقی دەنگدان و دواکەوتنیان و دەنگنەدانیان.

٧. جێبەجێنەکردنی وەعد و بەڵێنەکانی سەرکردایەتی بۆ پڕۆسەی چاکسازی و نوێبونەوە لەناو یەکێتیدا کە ئەمەش هێندەی تر ڕیزەکانی ناو یەکێتی لەبەریەك هەڵوەشاند و کێشە و گرفت و کەموکوڕیەکانی قەبەتر کرد.

٨. بیَ بەرنامەیی و بێسەروبەرەیی لە ڕووی (( لۆجستی و ئیداری و داراییەوە)) بە ئاشکرا دیاربوو بە ئیشوکارەکانی هەڵبژاردنەوە لەگەڵ ئەوەی پارە و پولێکی بیَ شومار خەرجکراوە.

٩. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان/ ئۆفیسی سلێمانیش هۆکارێکی تری ئەم دەنگنەهێنانە بوو بەوەی ناوی زۆرێك لە هاوڵاتیان نەهاتبۆوە و دانانی زۆرێك لە کادرانی ڕەوتی گۆڕان بە لێپرسراو لە بنکەی دەنگدانەکاندا.

کە هەموو ئەم هۆکارانە ئاستی ناڕەزایی خەڵك و جەماوەری بە ڕادەیەك ئەستور و قوڵکردبۆوە کە گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی ڕەوتی گۆڕان چارەسەری کێشە و داخوازی و داواکاریەکانیانە و دەنگدان پێی دەبێتە مایەی ڕزگاربوون لەم دوو پارتە

و لەم دوو سەرکردە و لەم بنەماڵەیە کە بەلای ئەوانەوە چیدی بەکەڵکی ڕابەرایەتی وسەرکردایەتی کۆمەڵگای کوردی نەماون و زەمان و زەمینەی ئەوان بەسەر چووە.

ئەم سەرکەوتنەی گۆڕان, هێندەی لەبەر ڕق ئەستوری و بێزاری جەماوەر بوە لە دەسەلاّت نیو هێندە لەبەر هۆشیاری و لەبەر خۆشەویستی گۆڕان و ڕابەرەکەی نەبووە. بۆیە گرنگە کە بزانین ئەم سەرکەوتنە بناغەکەی پتەو وچەسپاو و خاوەن بیروباوەڕ نیە, بەڵکو بنەمایەکی هاوبەشی لەرزۆکیان هەیە کە توڕەیی و بێزاری و میزاجی کەسەکانە. کە چارەسەر و کپکردنەوەو ڕازیکردنیان زۆر سانایە لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە.و هەموو ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە دەنگی ڕاستەقینەی گۆڕان نیە وەك پرۆسەیەکی گرنگ و کاریگەر و چاکسازی و ڕیفۆرم , بەڵکو بریتیە لە کۆی دەنگە ناڕازیەکان بەجیاوازی بیر وڕایانەوە و وەك هەناسەدانێکی پشوو وەرگرتن وابوە لای زۆربەی تاکەکان.

- **ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە هەردوو پارتی و یەکێتی لەناو حکومەتدا هەڵیبگرن لەم چوار ساڵەی ئایندەدا:-**

١. بەسەر بەرنامە و سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە و گۆڕانکاری لەسەرکردایەتی و دەم و چاوەکاندا بکەن.

٢. بەرنامەی نوێی گونجاوی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و خزمەتگوزاری و ئاوەدانی دابڕێژن.

٣. هەوڵی جدی بدەن بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و دڵڕازیکردن و زیندوکردنەوەی ئاڕاستەی خێڵچێتی و ناوچەگەری و بنەماڵەچێتی و ...هتد.

٤. بەجدی کارکردنە بۆ سەروەرکردنی یاساو پێشێلنەکردنی مافەکانە و چیدی وەك دروشم بەرزنەکرێنەوە.

٥. داهات و دەرامەتی حکومەت بەشێوەیەکی شەفاف و ئاشکرا کۆبکرێنەوە و لەبەرامبەریشدا هەموو خەرجیەکانیش ئاشکرا بکرێن و بەپێی یاساو ڕێنماییە داراییەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٦. سازشنەکردنی زیاتر لەسەر ماف و داواکاریە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکانی کوردە لەبەرامبەر بەغدادا.

٧. بەفیڕۆنەدانی سەروەت و سامانی نیشتمان و گەل وپیادەکردنی یەکسانی و دادپەروەری و چاکسازی لە دام و دەزگاکانی حیزب و حکومەتدا .

٨. هەوڵی زیاتری بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا بدەن و دیموکراسی و ئازادیەکان باشتر بچەسپێنن.و هەوڵی بە دام و دەزگایکردنی حکومەت بدەن.

٩. گرنگی دانی زیاترە بە داواکاری و خواستەکانی گەنجان و لاوان و ژنان و جوتیاران و ڕۆشنبیرانە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا وەك ٤ توێژی فراوان و گرنگی ناو کۆمەڵگا.

- **لەسەروو هەموشیانەوە پێویستە یەکێتی بەتایبەتی و پارتیش بەگشتی لەناو حیزبدا هەڵسن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-**

١. هەوڵی زۆر جدی بدەن بۆ باشتر ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەیان بەبیروڕای دیموکراسیەت و ئازادیەکان و مافەکان.

٢. پێگەیاندنی کادری جەماوەری هۆشیار و گەڕۆك کە پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی شۆڕشگێڕانەی خاکیانەی بە بیروباوەڕ گۆش کرابن و خاوەنی فکر و ئایدیایەکی ڕەوان و ئاشکراو پتەو بن بۆ ئەوەی توانای بەرەنگاربونەوەو گفتوگۆیان هەبێت لەگەڵ نەیاران و جەماوەریشدا و بەهەمان شێوەش بەمەبەستی بەدەمەوەچوونی داواکاری هاولاٌتیان لەهەموو کوچە و کۆڵان و شار و شارۆچکەیەکدا.و دوورکەوتنەوە لە کاری مەکتەبی و ناو مەڵبەند و کۆمیتەکان.

٣. بەستنی کۆنگرە بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێك وپێك و لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بۆ ئەوەی پرۆسەی نوێبونەوە بە شێوەیەکی خۆڕسك و ئاسایی چێ ببێت لەناو حیزبدا لە بەرنامە و سەرکردایەتی و سیاسەتەکاندا.

٤. دیاریکردن و دابەشکردنی دەسەلاٌتەکان هەر لە سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و مەکتەبەکان و مەڵبەندەکان و ...هتد.بۆ دیاریکردنی

لێپرسراوێتی و لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمەکان وهێنانە پێشەوەی کادرە شارەزا و بەتواناکان و لێهاتو و دڵسۆزەکان.

٥. بوژاندنەوەی سەرەتا شۆڕشگێڕیەکان لەناو ڕێکخستنەکاندا و لەناو هێزی پێشمەرگەشدا. لە دڵسۆزی و بەوەفایی و نهێنی پاراستن و پاراستنی بەرژەوەندی یەکێتی و نەبونی دیاردەی دزێوی تەکەتولی کوشندە و ڕوخێنەر.

٦. زیندوکردنەوەی بنەمای هەڵسەنگاندن بە باش و خراپ بە شێوەی پاداشت و سزا بۆ کادران و هەڤاڵانی هەموو ئۆرگانەکان دوور لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و دڵڕازیکردن و تەکەتولچێتی کە نەبوونی ئەم بنەمایانە بونە هۆی زۆری و بۆری و دروست بونی جیاوازی لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا.

٧. دوورکەوتنەوە لە دیاردەی دزێو و ناشیرین و کلاسیکی لە بەخشینەوەی پارە و ئۆتۆمبێل و دەمانچە و زەوی و شتی تر بەسەر کەسایەتی و خێڵ و ناوچەکاندا. کە دەرکەوت هیچیان کەڵکی نەبوو بۆ یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا . بەڵکو ڕازیکردنی جەماوەر و چینی هەژار و کەم دەرامەتەکان پێویستە چونکە هەر ئەوان سووتەمەنی و کاراکتەری دڵسۆزی یەکێتین هەر لەسەرەتاوە تاکو ئەمڕۆکە و لەهەموو ڕۆژە ڕەش و تەنگانەکاندا ئەوەش تەنها بە خزمەتکردن دەبێت.

٨. چیٚ کردن و چەسپاندنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و وەکویەکی لەنێوان کادران و ڕێکخستنەکاندا لە پێدانی پلە و پایە و پۆست و ئیمتایازاتەکاندا.و بۆئەوەی تەنها قۆرخ نەکرێت بۆ بنەماڵە و خێڵ و ناوچەکان ولەبەرامبەریشدا کەسانی بەتواناو داهێنەری لێبێبەش بکرێت.و هیچ کەسێك لە سەرکردە و ڕابەر و بنەماڵە و خزمەکانیان بەرزتر نەبن لە پرەنسیپە حیزبیەکانی ناو یەکێتی و هەموانیان بە خەبات و تێکۆشان و ماندوبونیان و لە ئۆرگانەکانی حیزبەوە بەرزببنەوە.

٩. گرنگی نەدانە بە خێڵ و ناوچە و بنەماڵە و کەسایەتیەکان لەسەر حسابی نیشتیمان و نەتەوە و پیرۆزیەکان و بەرژەوەندیە باڵاکانی یەکێتی و کوردستان و فکر و بیربۆچون و فەلسەفەی یەکێتی.

١٠. هەموو داهات و خەرجیەکی یەکێتی بەپێی پرەنسیپ و یاسا و ڕێسا داراییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وهیچ کەس بۆی نەبێت بە ئارەزوی خۆی تەخشان و پەخشانی بکات لەسەر بنەمای مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و تەکەتولچێتی و خێڵ و ناوچە و خزمایەتی.

١١. چاو خشاندنەوە بەو لێپرسراوە حیزبیانەی کە نەیانتوانیوە وەکو پێویست لە سنورەکانی خۆیاندا چالاك بن و بەرنامە و سیاسەتی یەکێتی بگەیەننە جەماوەر و هێنانە پێشەوەی کادری نویٚ بۆ ئەو جێگەیانە لەسەر بنەمای توانا و لێوەشاوەی و ڕادەی خۆشەویستی جەماوەری.

بەم شێوەیە دەکرێت کە متمانەی جەماوەر وەدەست بهێنێتەوە و بیان کەینەوە دۆست و جەماوەرە دڵسۆزەکەی یەکێتی و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا بە کەڵکی یەکێتی دەنگ بدەن.ئاشکراشە نەکردنی ئەم کارانە و زۆری تریش بونە هۆی بیٚ متمانەیی جەماوەر بە یەکێتی و پارتی و دەنگ نەدان بۆیان لەم هەڵبژاردنەدا.

- ئەم هەڵبژاردنە خاڵی وەرچەرخانی گەورە و گرنگ و زۆر کاریگەر بوو بۆ هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و بۆ حیزبە سیاسیەکانی تر و بۆ جەماوەریش. چونکە سەرەتای دروست بونی ڕای سیاسی جیاواز و بەهێز بوو کە دەبێتە بنەمای دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی بەهێز و ئەمەش وادەکات پەرلەمان و حکومەتی ئایندەش بەهێز بێت کە هەموشیان لە کۆتایدا بە قازانجی زیاتری چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئاشتی دەشکێتەوە لەم هەرێمەدا و دەسکەوت و داهێنان و پێشکەوتن و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی زیاتریش بەدەست دێت.

هەرئەم هەڵبژاردنەش بوە هۆی ئەوەی کە یەکێتی و پارتی ڕابچڵەکێنێت و لەسەر کێوی غرور و لە خۆبایبون و پاوانکردنی دەسەڵات بێنە خوارەوە و ئەو بڕوایەش لای سەرکردایەتی و کادرانیش دروست ببێت کە چیدی و بۆ هەتاهەتایە پارتی و یەکێتی لە دەسەڵاتدا نامێنن و ڕۆژان و سەردەمێکیش دێن کە ئەمان دەبنە ئۆپۆزسیۆن و لە دەسەڵاتدا نامێننەوە و بۆیە پێویست

دەکات کە پرۆسەیەکی گۆڕانی لێپرسراوانە و ڕاستەقینە چێ بکەن لە فکر و بەرنامە و سیاسەت و بیروبۆچونەکانیاندا بۆ حوکم و دەسەڵات لە ئایندەدا.

بۆیە پێویستە هەموان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە پەند لەم پرۆسەی هەڵبژاردنە وەربگرن بۆ ئایندە و بەسوودی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی کوردایەتی وەگەڕی بخەن, نەك بە پێچەوانەوە بیکەنە هۆکاری لێکدابڕان و لێکترازانی ڕیزەکانی کۆمەڵگە و زیاتر قوڵبونەوەی ناکۆکیەکان و دواتریش لە دەستدانی ئەم دەسەڵات و دەسکەوتانەی کوردایەتی.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٣٣٣ لە ٢٠٠٩/٦/٢٠دا بلاّوکراوەتەوە .

# ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی سێبەر لە پەرلەمانی ئایندەدا *

- ئۆپۆزسیۆنی سیاسی: بریتیە لە ڕەوتێك یان زیاتر کە جیاوازیان هەیە لە ئاڕاستەی سیاسیدا,بەڵام لەیەك خاڵدا هاوبەشن ئەویش بریتیە لە هەوڵدانیان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی یان لانی کەم ئیست پێکردنی دەسەڵات.ئەوەش لە ڕێگەی هۆکاری سیاسی و دەستوریە ڕێپێدراوەکانەوە یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی وەك ئەو هۆکارانە. هەرکەسێکیش لایەنگر یان پیادەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بکات پێی دەوتریت (( بەرهەڵستکار)).

دەشێت ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بگۆڕێت بۆ ئۆپۆزسیۆنی چەکداری کەلەم حالەتەدا پێی دەوترێت((هەڵگەڕانەوەی چەکداری یان شۆڕش)) , هەروەها دەشێت زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆزببێت و بگاتە شەڕی ئەهلی یان شەڕی ناوخۆ.

- ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەش, زەمان و زەمینەی گونجاوی گەرەکە بۆ ڕسکاندنی و پێگەیشتنی و کامڵبونی و پێویست دەکات هۆکاری خۆیی و بابەتی لەباربێت بۆ سەرهەڵدان و لەدایك بونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرکۆمەڵگا و وڵاتێك و سیستەمێکی سیاسیدا.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە, ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کەی دروست دەبێت؟بۆچی دروست دەبێ؟کاری ئۆپۆزسیۆن چیە و هەوڵ و خەبات لەپێناو چیدا دەکات؟

ئاشکرایە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی سەرەتا لە کۆمەڵگایەك یان سیستەمێکی سیاسی دیموکراسیدا سەرهەڵدەدات کە بڕوای بە شەرعیەتی ئۆپۆزسیۆن هەبێت و ڕێز لە مافەکانیان بگرێت لە پێش هەموشیانەوە مافی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتە لەکاتی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا,و ئەوکاتە ئۆپۆزسیۆن دەبێتە هۆکارێك بۆ گۆڕان. لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ناتوانرێت ڕەوتی گۆڕان پشت بە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی ببەستێت بەتایبەتیش لەکاتێکدا ئەو ئۆپۆزسیۆنە نهێنی بێت یان ڕێلێگیراو بێت.

- ئۆپۆزسیۆنێك لەبەرامبەر پارتی دەسەڵاتدار کە زۆر جاران بەرژەوەندی حیزب دەخاتە سەروو بەرژەوەندی گەلەوە و لە شا ڕێگای ڕاست و دروستی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی وڵات و گەل دوور دەکەوێتەوەو هەنگاو دەنێت بۆ تاك ڕەوی و مل نان بەرەو دیکتاتۆریەت و قۆرخکردنی دەسەڵات و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان و پاوانکردنی بازاڕ و ئابوری وڵات لەلایەن ڕابەر و سەرکردە و بنەماڵە و پارتی دەسەڵاتدارەوە.
- ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمێکدا سەرهەڵدەدات کە یاسا پێشێل بکرێت و ئازادی تاك و گروپ و ڕێکخراو و میدیا و زانکۆکان بەرتەسك بکرێتەوە و میزاجی سەرکردە و ڕابەر و بڕیارەکانی جێگەی یاسا و دەستور بگرنەوە.
- ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمێکدا سەرهەڵدەدات کە پارتی دەسەڵاتدار پشت بکاتە بەرژەوەندی زۆرینەی جەماوەر و بەتەنگ داخوازی و داواکاری و ویستەکانیانەوە نەچێت و هەوڵی پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵات نەدات و هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی و بێکاری نەدات.
- ئۆپۆزسیۆن لەسایەی دەسەڵاتێکدا سەرهەڵدەدات کە ناعەدالەتی و دیاردەکانی گەندەڵی و مشەخۆری و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و خزمخزمێنە و دڵڕازیکردن سەرهەڵبدەن و ڕۆبچنە ناو ناخی تاکەکان و دەسەڵاتیشەوە و جێگەی هەڵسەنگاندن بگرێتەوە لەسەر بنەمای توانا و لێهاتویی و شارەزایی و مومارەسە و داهێنان.
- ئۆپۆزسیۆن لە بارودۆخێکدا دروست دەبێت کە دام و دەزگا حکومیەکان تەنها بۆ بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار بەکاربهێنرێت و بەخواست و ویستی سەرکردە و ڕابەر وکاربکات نەك لەسەر بنچینەی یاساو ڕێنمایی و دەستور.
- ئۆپۆزسیۆن لە سەردەمێکدا سەرهەڵدەدات کە گەل ڕاوبۆچونی نەبێت و بەشداری لەدەسەڵات و بڕیارداندا نەکات لەڕێگەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی ئازاد و سەربەخۆوە و ئاکتیڤەوە.کە بتوانێت یاسا و ڕێسای گونجاو دەربکات کە لەبەرژەوەندی گەلدا بێت نەك لە بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار.

- ئۆپۆزسیۆن لەکاتێکدا سەرهەڵدەدات کە ولات بیٚ سەروبەری و فەوزای سیاسی تیادا دروست ببێت و دەسەلاتەکان لێك جیانەکرێنەوە و حیزبی دەسەلاتدار بکوژ و ببڕی ولات بێت.
- ئۆپۆزسیۆن لە ساتە وەختێکدا سەرهەڵدەدات کە ڕق و بێزاری و تورەیی جەماوەر گەیشتبێتە لوتکە و نزیك لە تەقینەوە .

ئالەم بارودۆخە بارگەویەدا کە هەموو ئان و ساتێك ئامادەیە بۆ تەقینەوە و کەمترین بزیسکەی دەوێت بۆ کلپەکردن. ئەوا بارودۆخی خۆیی و بابەتی ئامادەیە بۆ لەدایك بوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەهێز کە ڕابەرایەتی جەماوەر بکات و ڕق ئەستوری و ناڕەزاییان کۆبکاتەوەو ئاڕاستەیان بکات بەرەو گۆڕانی سیستەمە سیاسیەکە بەشێوەیەکی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی و پەنا بردنە بەر هێزی چەکدار.

- کارو مەهامی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی چیە؟

زۆر جاران ئەو ڕەخنەیە لە ئۆپۆزسیۆن دەگیرێت کە ناتوانێت گۆڕانکاریەك بکات کە جەماوەر داوای دەکەن و خوازیارین,و لەزۆر کاتیشدا دەسەلات ئەم بێتواناییەی ئۆپۆزسیۆن بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پیشانی جەماوەری بدات کە ئۆپۆزسیۆن بیٚ توانا و بیٚ دەسەلات و هیچ سوود و کەڵکێکیان نیە. بەلام ئەوە ڕاست نیە کە ئۆپۆزسیۆن گەر توانای گۆڕانی گەورەی نەبێت ئیدی بیٚ کەڵکە و هیچ ڕۆڵێك ناگێڕێت لە گۆڕاندا.بەڵکو ئۆپۆزسیۆن شەرعیەتی لەوێوە وەردەگرێت کە تاکە هۆکارە بۆ گۆڕان لەناو خۆی دەسەلاتدا و دەیپارێزێت لە گەندەڵی و توانەوە و.بەهەمان شێوە گرەنتیە بۆ ئەوەی کە سیستەمی سیاسی نەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی دەمارگیری و ئینتیما بۆ ڕابەر و سەرکردەکان کە ڕوخێنەری هەموو یاسا و دادپەروەریەکە. ئۆپۆزسیۆن شەرعیەتەکەی وەرناگرێت لە توانای بۆ گۆڕانەوە بەڵکە شەرعیەتەکەی لەو کارانەوە وەردەگرێت کە پێی هەڵدەسێت لە:-

١. بەشداریکردنی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە و چونە ناو پەرلەمانەوە وەکو نماینەدەیەکی ڕاستەقینە و ڕاسگۆی بەرژەوەندی و داواکاری جەماوەرەوە. بەمەش لەلایەك دەبێتە هێزێکی سیاسی خاوەن جەماوەر و

شەرعیەتی یاسایی و دەستوری . و لەلایەکی تریشەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پیلانەکانی دەسەڵاتدا بۆ هەنگاونان بەرەو تاك ڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵات و خۆسەپاندنی زیاتر.

٢. کاری ئۆپۆزسیۆن بریتیە لە چاودێریکردن و بەدواداچونی ئیشوکاری حکومەت. و لە دەسەڵاتدا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەهەدەردانی سامان و سەروەتی گەل و میلەت و ڕێگە نادات پەرلەمان ببێتە هۆکارێکی نەرم و نیان بەدەست حکومەتەوە و پەرلەمان دەبێتە جێگەی پێگەیاندنی کادری سیاسی پێشەنگ بۆ دەسەڵات ولانی کەم هاوسەنگیەك دروست دەکات.

٣. لەئەنجامی چاودێری حکومەت و ئیشوکارەکانیدا ڕێگە لە دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مەحسوبیەت و خزمخزمێنە دەگیرێت و ڕێگە نادات لەسەر بنەمای ناوچەگەری و عەشرەت و مەزهەب وبنەماڵە کەسەکان پۆست و کارە حکومیەکان بگرنەوە و دەسەڵات دەگێڕدرێتەوە بۆ یاسا.

٤. کارێکی تری ئۆپۆزسیۆن بریتیە لە جڵەو گرتنی هەموو بزوتنەوە ناڕەزاییەکان و گۆڕینی بۆ داواکاری سیاسی کە دەکرێت گفتوگۆ و تێگەیشتن لەبارەیەوە بکرێت.

٥. کاری ئۆپۆزسیۆن بریتیە لە گەشەپێدانی ئازادی کاری سیاسی و میدیاو زانکۆکان و ڕێکخراو و جەماوەر و سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی وڵات و پیادەکردنی سیاسەتێکی شەفاف و ئاشکرا لەهەموو مەسەلەکاندا و ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت.

- بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت کەش و هەوایەکی ئازاد و دیموکراس و ئارام و ئاشتی بێنێتە کایەوە کەهەموو چین و توێژەکان هەست بە عەدالەتی و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و مافەکانی خۆیان بکەن دوور لەترس و تۆقاندن و نانبڕین و برسێتی و هەژاری و دواکەوتویی و بێکاری و نەخۆشی.

هەربۆیە نەبونی ئۆپۆزسیۆن لەهەر کۆمەڵگایەکدا مانای نەبونی سیاسەتە لە بنیچینەدا و دواتر مانای نەبونی ئازادی و دیموکراسیش دەگەیەنێت, هەرچەندە دەسەڵاتەکەش لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە هاتبێتە سەر حوکم. چونکە هیچ دەسەڵاتێك

چەند بەهێز و گەورە و کاریگەر بێت ناتوانێت جێگەی بۆشایی ئۆپۆزسیۆن بگرێتەوە ونمایندەی ئەو کەس و گروپ و لایەنانە بکات کە تیایدا بەشدار نین و ناتوانێنت ببێتە نمایندەی داواکاری و داخوازیەکانیان.هەربۆیە بونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی مەرجی یەکەمی پێشکەوتن و سەرکەوتن و گەشەکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگایەکە و نەبونیشی خاڵێکی ڕەشی کەمتەرخەمی و خەمساردی دەسەڵات دەگەیەنێت لەبەرامبەر داخوازیەکانی جەماوەردا.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئەرێ لە ئێستای کۆمەڵگای کوردەواریدا زەرورەتی بون یان لەدایك بونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی هاتۆتە ئاراوە؟ ئەگەر هاتوە, ئایا پێویستمان بە چ جۆرێکە لە ئۆپۆزسیۆن باش یان خراپ؟ ئایا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە کوردستاندا و لە پەڕلەمانی ئایندەدا دەکرێت کە حکومەتێکی سێبەر پێك بهێنێت؟ و ئەمە و دەیان پرسی تریش...

پیشێ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە,پێویستە زانیاریمان دەربارەی حکومەتی سێبەر هەبێت و بزانین ئەم حکومەتە چیە؟ و لەکوێ سەریهەڵداوە؟ و کارو مەهامی چیە؟ و دەسەڵات و ئیمتیازاتەکانیشی چین ؟

سەرەتا حکومەتی سێبەر:- بریتیە لە ئەنجومەنی وەزیرانێکی تەواو کە پێك دێت لە سەرۆك وەزیران و تەواوی وەزیرەکان, لەبەرامبەر کابینەی وەزیرانی فعلی. بەڵام ئەم حکومەتە پیادەی دەسەڵاتی فعلی ناکات, بەڵکو حکومەتێکی ئۆپۆزسیۆنە و ئەنجومەنی وەزیرانێکی بەرهەڵستکارە لەدەرەوەی دەسەڵات. بونی ئەم حکومەتە سیفەتێکە تەنها لە سیستەمی دەستوریی بەریتانیادا بونی هەیە لەساڵی ١٩٢٣ وە.

بەریتانیا بەو سیفەتەی کە دێرینترین و بەناوبانگترین وڵاتانی دونیایە لە ڕووی بونی سیستەمێکی پەڕلەمانی و دیموکراسی سەردەمیەوە, و بنەما و بیروباوەڕەکان لێرەوە سەریان هەڵداوەو گەشەیانکردوە و دواتر بڵاوبونەتەوە بۆ هەموو کیشوەری ئەوروپا و دونیاش. بەوپێیەشی کە ئەم وڵاتە سیستەمی دوو حیزبی سیاسی پیادە دەکات(( حیزبی پارێزگاران و کرێکاران)) لەسەدەی حەڤدەهەمەوە, هەرکاتێك و لەئەنجامی هەر هەڵبژاردنێکدا هەر حیزبێك زۆرینەی کورسیەکانی پەڕلەمانی وەدەستهێنا(( ٥٠+١)) کە ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی گشتی (( مجلس

عمومی بەریتانی)) بریتیە لە ٦٥٠ کورسی ئەوا حکومەتی فعلی پێك دەهێنێت و لەبەرامبەریشدا حیزبی ئۆپۆزسیۆن حکومەتی سێبەر پێك دەهێنێت.کە ئەرکی چاودێری کردنی حکومەتی دەسەلاتدارە.

ئەم پێکهێنانی حکومەتی سێبەرە بەتەنها لە عورفی بەریتانیدا هەیە. هەرچەندە لە هەندێ ولاتی تریشدا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم شێوازە پیادە دەکرێت بەلام ناگاتە ئاستی ئەم شێوازە لەدەستوری بەریتانیادا. چونکە تەنها بنەمای سەروەری یاسا لە چەمکەکانی دەستوری بەریتانیادا مافی داوە بە ئۆپۆزسیۆن کە حکومەتی سێبەر پێك بهێنێت کەوەرگیراوە لە داب و نەریتی دەستوری و پیرۆز ڕاگرتنی گەلی بەریتانیا بۆ ئازادیەکان و تەنها ولات لە دونیادا بەریتانیایە کە پێگەیەکی یاسایی داوەتە ئۆپۆزسیۆن و دەستوریش دانیپیاداناوە. لەبەرئەوە حکومەتی سێبەر چونکە حکومەتی ئۆپۆزسیۆنە بۆتە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی و یاسایی کە پەیوەستە بە سیستەمی پەرلەمانی بەریتانیاوە.کە تیایدا سەرۆکی حکومەتی سێبەر هەندێ مافی هەیە وەك:-

١. سیفەتێکی ڕەسمی هەیە و بەو سیفەتەی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن شکۆیە Leader Of His Majesty Oppostion موچەیەکی باشی لە خەزێنەی دەوڵەت بۆ دیاریکراوە لە ساڵی ١٩٣٧ وە. کە ئەمەش مانای وایە لەلایەن سیستەمی دەستوریەوە کە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن هەڵدەستێت بەکارێکی گشتی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی سیاسیدا. ئەویش بە سیفەتی سەرۆکی حکومەتی سێبەر Fantome Cabinet .

٢. هەر لەسایەی ئەم سیستەمە دەستوریەی بەریتانیادا, سەرۆکی حکومەتی سێبەر بەشداری لەکاروباری دەسەلات دەکات و لە بۆنە گرنگە نیشتیمانیەکاندا کە پێویست بەوەرگرتنی بڕیاری گرنگ و مێژوویی و چارەنوسساز دەکات بەشداری دەکات و سەرۆکی حکومەتی فعلی ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی سێبەر دەکات.وەك ئەوەی کە ڕوویدا لە کاتی جەنگی ڕووخاندنی ڕژێمی صدام حسین لەساڵی ٢٠٠٣دا و ڕێکەوتنامەی بەناوبانگی نێوان سەرۆکی حکومەتی فعلی و

سێبەر لەساڵی ١٩٤٧ دەربارەی کشانەوەی بەریتانیا لە هندستان و ڕێکەوتنامەی هەردوو حکومەت لەساڵی ١٩٦٧ دەربارەی کێشەی ڕوسیا و ..هتد.

٣. بەهەمان شێوە سەرۆکی حکومەتی سێبەر خاوەن ڕێزێکی گەورەیە لە ئەنجومەنی عمومدا و یەکێکە لە گرنگترین ئەندامی ئەنجومەنی عموم و لە بەرامبەر کورسی سەرۆکی حکومەتدا دادەنیشێت و هەرئەویش دانیشتنەکانی پرسیار و وەڵامی ڕۆژانی ٣شەممان و ٥ شەممانی ئەنجومەنەکە دەکاتەوە.

٤. هەروەها ئەم سەرۆکی حکومەتی سێبەرە لەلایەن سەرۆکی وڵاتان و سەرۆك وەزیرانی وڵاتانەوە پێشوازی لێدەکرێت بەڕەسمی.

- لەهەر کاتێکدا گۆڕانکاری بوو یان حکومەتی فعلی دەستی لەکارکێشایەوە بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوا حکومەتی سێبەر کە لە سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان پێك هاتوە بەرامبەر سەرۆك و وەزیرەکانی کابینە فعلیەکە دەست بەکاردەبن لەکاتی سەرکەوتنیاندا.هەر وەزیرە و کاری چاودێری وەزارەتەکەی بەرامبەری دەکات و کەموکوڕی و هەڵەکانیان دەستنیشان دەکات و گەندەڵیە دارایی و کارگێڕیەکانیان دەخاتە ڕوو بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی ئیشوکارەکان.
- گرنگترین کاری حکومەتی سێبەر بریتیە لە چاودێری و بەدواداچوون بۆ ئیشوکارەکانی حکومەتی فعلی.
- ئەرکەکانی حکومەتی سێبەر لە پەڕلەماندا:-

١. مافی پرسیارکردنی هەیە لەهەر وەزیرێك کە پێویست بکات و لەسەر هەر مەسەلەیەك.

٢. مافی لێپرسینەوەی هەیە لەهەر وەزیرێك کە بەتۆمەتی کەمتەرخەمی و خەمساردی و دەرچوون لەیاساو دەستوری ئاڕاستەی کرابێت.

٣. مافی لێکۆڵینەوەی هەیە لەهەر وەزیرێك دەربارەی هەر مەسەلەیەك و ئەگەر پەڕلەمان نەگەیشتە بڕواکردن بە وەڵامەکانی ئەو وەزیرە ئەوا متمانەی لێ دەسەنێتەوە.

٤. مافی لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەتی هەیە کە ئەمە مەترسیدارترین چەکە بەدەست ئۆپۆزسۆنەوە(( حکومەتی سێبەر و ئەندامەکانیەوە)) بەرامبەر حکومەتی فعلی.

بەم شێوەیە دەبینین کە حکومەتی سێبەر تەنها لە وڵاتی بەریتانیا و لەسایەی سیستەمی پەڕلەمانی و دەستوریدا هەیە و ماف و ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەیە کە دەستوور بۆی زامنکردووە.

- بۆ وەڵامی پرسیارەکانی پێشومان دەربارەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی کوردستان و زەرورەتی ئۆپۆزسیۆن و شیاوی حکومەتی سێبەر. ئەوەیە:

بەڵێ لە ئێستای دەسەڵاتی کوردیدا زەرورەتی بون و لەدایك بون و سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هاتۆتە ئاراوە و بەهێزیشەوە خۆی سەپاندۆتە سەر گۆڕەپانی سیاسی, بەمەبەستی گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و..هتد. لەکوردستاندا. بەمەبەستی گەشەپێدان و پێشخستنی زیاتر و چەسپاندنی لەسەر بنەمای بە موئەسەساتکردن و دوورخستنەوەی لەدەسەڵاتی حیزبی و کردنی بەدەسەڵاتی ڕاستەقینەی جەماوەری زۆرینەی گەل. بۆئەوەی لەگەڵ گۆڕان و پێشهات و ڕووداوە نوێکانی ناوچەکە و دونیاشدا بگونجێت و لەم سیستەمە نوێیەدا یاسا سەروەربێت و هەموان لەبەردەمیدا وەك یەك و یەکسان بن و عەدالەت و شەفافیەت و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان بێت و دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و ڕۆتینی زیانبەخش و پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و بارزگارنی و بازاڕەکان لەلایەن حیزب و سەرکردە و بنەماڵەوە نەمێنێت و هەروەها دیاردەکانی ناوچەگەری و عەشرەت و مەزهەب و بنەماڵەچێتی باویان نەمێنێت و بنەماکانی دیموکراسی لە هەڵبژاردن و ئازادی و ڕەخنە قبوڵکردنی بەرامبەر و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە ئاشتیانە جێگەیان بگرێتەوە.

بەم شێوەیە لە ئەنجامی بێ دادی و بێ یاسایی و پاوانکردنی دەسەڵات وتاکڕەوی و زەوتکردنی مافە سیاسی و ئابوریەکانی تاك و گروپ و میدیا و بازاڕ و...هتد.لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە و دروستبوونی ناڕەزایی و توڕەبون

و بێزاری و ڕق ئەستوری جەماوەرەوە زەمان و زەمینەی گونجاو و لەبار هاتۆتە ئاراوە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن.

- بەلاَم ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ کە لە پێناو بەرژەوەندیە بالاَکانی گەل و نیشتماندا تێبکۆشێت نەك لە پێناو وەدەستهێنانی هەندێ دەسکەوتی تایبەتی و پلە و پایە و پۆست و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و بەتەنها هەوڵی بۆ وەدەستهێنانی دەسەلاَت بێت و سەروەت و سامان کۆکردنەوە بێت.
- ئۆپۆزسیۆنێك کە هەڵەکانی ١٩ ساڵەی هەردوو پارتی دەسەلاَت دووبارە نەکاتەوە و بەتەنگ داواکاری و خواست و ویستەکانی سەرجەم چین و توێژەکانەوە بێت و ژیانێکی پڕ کەرامەتیان بۆ دابین بکات.
- ئۆپۆزسیۆنێك کە بڕوای تەواوی بە سەروەری یاسا و بە موئەسەساتکردنی حکومەت هەبێت و خەبات بکات بۆ زیاتر چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان.

بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆن دەبێتە کاراکتەرێکی ئاکتیڤ و باش بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم دەسەلاَتە کوردیە وکاراترکردنی حکومەت و ئیشوکارەکانی وباشترکردنی خزمەتگوزاریەکان و هێنانەکایەی پەڕلەمان و حکومەتێکی کاراتر لەجاران. بۆیە بوونی ئۆپۆزسیۆن نەك هەر داواکاری و خواستە بەڵکو بۆتە زەرورەتێکی حەتمی و هەردواکەوتن و چاوپۆشینێك و خەمساردیەك بۆ دروستبونی ئۆپۆزسیۆن و کاراکردنی لەبەرامبەریدا مانای نادڵسۆزیە بۆ ئەم دەسەلاَتە کوردیە.

- لێردە ئەو پرسیارانە قوت دەبنەوە,ئەرێ دەکرێت لەم پەڕلەمانەی ئایندەماندا کە لیست و دەنگ و ڕەنگی جیاوازی تێکەوتوە لەپاڵ لیستی هەردوو پارتی دەسەلاَتداردا کە بۆ ماوەی ١٩ ساڵە قۆرخیان کردبوو بۆ خۆیان, کە هێزی ئۆپۆزسیۆن کە توانایان کەم نیە و ناکرێت پشتگوێ بخرێن. کە حکومەتێکی سێبەر دروست بکەن لەبەرامبەر حکومەتی فعلی هەردوو پارتی دەسەلاَتداردا؟ ئایا دروست بونی حکومەتی سێبەر بە قازانجی بەهێزکردن و چەسپاندنی زیاتری حکومەتی فعلی دەشکێتەوە یان بە زیانی؟

لەڕووی دەستوریەوە, تائێستا هەرێمی کوردستان نەبۆتە خاوەنی دەستورێکی پەسەندکراو لەلایەن گەلەوە هەربۆیە دەقێکی دەستوری نیە کە زامنی ماف و ئەرکی ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی سێبەریش بکات وەك ئەوەی لە دەستوری بەریتانیدا هەیە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا یاسەیەکیش نیە کە ڕێگر بێت لە دروستبوونی حکومەتی سێبەر و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی.

بۆیە دەشێت کە حکومەتێکی سێبەر لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە پێك بهێنرێت لە پەڕلەمانی کوردستاندا گەر بێتوو هێزی ئۆپۆزسیۆن یەك و یەکگرتووبێت لە هەڵوێست و گوتاری سیاسیاندا لەبەرامبەر حکومەتی فعلیدا, چونکە ئەگەر هێزی ئۆپۆزسیۆن یەکگرتوو نەبن ئەوا ئەم داهێنان و کارە نوێیە لە سیستەمی سیاسی کوردیدا سەرکەوتوو نابێت وەك ئەوەی لە بەریتانیادا هەیە. دەبێت هێزی ئۆپۆزسیۆنیش لەلایەك گۆڕان و جیاوازیەکانی نێوان سیستەمی سیاسی بەریتانی و کوردستانی ڕەچاو بکات و لەلایەکی تریشەوە عورف و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردەواری و ئینگلیزیش حساب بکات و لەلای سێیەمیشەوە تەمەن و ئەزمون و پێگەی ئەم دەسەڵاتە کوردیەش لەناو عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا هەڵبسەنگێنێت کە نامۆن بەم جۆرە شێوازی پیادەکردنەی دەسەڵاتی دیموکراسیەت. چونکە لەهەردوو وڵاتی میسر و لەلایەن پارتێکی سیاسیەوە حکومەتی سێبەر پێك هات و لە عێراقی نوێشدا و لەسەردەمی کابینەی د. ئیبراهیم جەعفەریدا لیستی ئەلعێراقیە بەسەرۆکایەتی د. ئەیاد عەلاوی بەنیاز بوون کە حکومەتێکی سێبەر پێك بهێنن بەڵام لەهەر دوو وڵاتدا ئەزمونەکە نەخەمڵی و پێنەگەیشت و نەچەسپیش لەسەر زەمینەی واقیع وسەرکەوتوو نەبوون.

- هەربۆیە گەر هێزی ئۆپۆزسیۆن گەرەکیانە و لەبەرنامەیاندایە کارێکی لەو شێوەیە بکەن, پێویستە پێشتر چەند هەنگاوێك هەڵبگرن وەك:-

١. لەدەستوری ئایندەی کوردستاندا دەقێکی ڕون و ئاشکرا بچەسپێنن دەربارەی ماف و ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە پێکهێنانی حکومەتی سێبەردا بۆئەوەی کارەکە دەستوری بێت.

٢. بەهەمان شێوە یاسای کاری سیاسی حیزبەکان دەربکەن کەلەگەڵ ڕۆحی ئەم سەردەمەو گۆڕانکاریەکانی سەر گۆڕەپانی ئێستای سیاسی کوردستاندا بگونجێت.

بەم شێوەیە دەکرێت ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و کارا و ئاکتیڤ و باش و حکومەتێکی سێبەری بەهێزیش دروست بکرێت لە پەڕلەمانی کوردستاندا و ببێتە نمونەیەکی جوان و دیموکراسی لە عێراق و ناوچەکەشدا و لەسایەشیدا پەڕلەمان و حکومەتێکی کاراتر بێتە ئاراوە و سەرئەنجامیش کۆمەڵگاو دەسەلآتێکی کوردی دیموکراسی و پڕ ئازادی و عەدالەت و خۆشگوزەرانیش بکەینە دیفاکتۆ , بەهاوخەباتی و هاوکاری ئۆپۆزسیۆن و دەسەلآت پێکەوە ئەم دەسەلآتە کوردیە جوانتر و گەشاوەتر و پتەوتر و چەسپاوتر و پێشکەوتوتر بکەین وسەرەتایەکی جوانتر و ڕاستریش بۆ کاری سیاسی ئایندەمان دەستپێبکەین و تا لە عورف و داب و نەریتی سیاسی و جەماوەریشدا قوڵ ببێتەوە و ئیدی هیچ پارت و دەسەلآتێکی تر نەتوانێت لێی لابدات و ڕەتیان بکاتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠٠٩/٨/١٧ و لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی ژمارە ٥٣٨ لە ٢٠٠٩/٨/٢٣دا بلأوکراوەتەوە.

## دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆن

## دوو جەمسەری هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگن *

- ئاشکرایە دوانەی (( دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆن)) لە سیستەمی سیاسی هەر وڵات و کۆمەڵگایەکدا, بریتین لە دوو کۆڵەکەی بنچینەیی و هەرئەوانن کە دەتوانن هاوسەنگی هاوکێشە سیاسیەکە ڕابگرن یان تێکیبدەن.

هیچ سیستەمێکی سیاسی لە دونیادا نابێتە سیستەمێکی دیموکراسی گەر دەسەلأت تیایدا قبوڵی بونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نەکات و ڕێگربێت لەبەردەم دروستبون و گەشەکردن و هاوبەشیکردنیشیدا لەسیستەمە سیاسیەکەیدا. بەمانایەکی تر سیستەمی سیاسی مانایەکی نامێنێت بەبێ بوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا و نەبونی هێزی ئۆپۆزسیۆن بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات لەنێوان دەسەلأت و جەماوەردا. چونکە هەموو دەسەلأتێك بەتەنها نمایندەی بەشێکی جەماوەر دەکات نەك هەمووی.هەر بۆیە هیچ دەسەلأتێك ناتوانێت ببێتە جێگە متمانەی تەواوی کۆمەڵگا و بتوانێت هەموان لە خۆی ڕازی بکات و داخوازی و داواکاریەکانیان وەدی بهێنێت.

هەربۆیە بون و گەشەکردن و کارا بونی ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر دەسەلأتدا.کارێکی سروشتی و گرنگ و ژیاریشە.بەم شێوەیە دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆن بونەتە هەردوو جەمسەری هاوکێشەیەك کە ناهاوسەنگە لە توانا و دەسەلأت و هێز و کاریگەری و ئەرکیاندا. هاوکێشەکە بە سانایی بریتیە لە

((دەسەلأت +ئەرك ئۆپۆزسیۆن+چاودێری )) .

- لێرەدا جەمسەری دەسەلأت, ئەرك و جێبەجێکردنی پڕۆژە و خزمەتگوزاری و وەدیهێنانی خواستەکانی جەماوەری لە ئەستۆدایە و دەبێت کاری جدی و گەرموگوڕ بکات لەماوەی دەسەلأتیدا تاببێتە جێگە متمانە و لێڕازیبونی زۆرینەی جەماوەر. تابتوانێت زۆرترین ماوە لە دەسەلأتدا بمێنێتەوە.جا ئەگەر دەسەلأت توانی پیادەی مەهامەکانی بکات بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە و باش, ئەوا پێگە و

کاریگەری ئۆپۆزسیۆن لاواز و کەم دەکاتەوە و بۆشایی نێوانیان بچوك دەبێتەوە. و ئۆپۆزسیۆن لەم کاتەدا دەبێتە ئۆپۆزسیۆنێکی هاوکار و باش.

بەلآم ئەگەر دەسەلآت نەیتوانی مەهامەکانی وەکو خۆی لە چوارچێوەی یاسا و دەستوردا جێبەجیٚ بکات و دیاردەکانی گەندەڵی و مشەخۆری و بەرتەسککردنەوەی دیموکراسیەت و ئازادیەکانی پیادەکرد و مافەکانی تاك و گروپ و ڕێکخراوەکانی پێشێلکرد و نەیتوانی لانی کەمی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی وەدی بێنێت و پەنای بردە بەر تیرۆر و تۆقاندن و کوشتن و بڕین وچاوسورکردنەوەو ڕاوەدونانی تاك و گروپ و ڕێکخراوەکانی و ...هتد. ئەوا لەم کاتەدا ڕق و بێزاری و توڕەیی جەماوەر سەرچاوە دەگرێت و سەرهەڵدەدات و لەم کاتەشدا پانتاییەکی گەورە بۆ ڕابەرایەتیکردنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دروست دەبێت بۆ ئەو ناڕەزایەتیەی جەماوەر.و لەم کاتەدا ڕۆڵ و کاریگەری ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن وەدەردەکەوێت و مەهامی سەرەکی دەبێتە چاودێریکردنی ووردی هەڵسوکەوت و گوتار و ئیشوکارەکانی دامودەزگاکانی دەسەلآت و دەرخستنی کەموکوڕی و هەڵە و گەندەڵیەکانی بۆ ڕای گشتی جەماوەر. بەمەبەستی کۆکردنەوەو توندکردنەوە وئەستورکردنی ڕق و بێزاری جەماوەر بەرامبەر بە دەسەلآت و فشار خستنە سەری بۆ وازهێنان لە دەسەلآت یان ڕوخاندنی و متمانە لێسەندنەوەی لە پەڕلەمانداو چێکردنی هەڵبژاردن و بردنەوەی گەمەی هەڵبژاردن و گرتنە دەستی دەسەلآت بە ئاشتیانە.

بەم شێوەیە دەسەلآت بۆ خۆی سەرچاوەی دروست بونی هەموو باشی و خراپیەکانی ئۆپۆزسیۆنە. چونکە کاری ئۆپۆزسیۆن وەستاوەتە سەر کاری دەسەلآت . ئۆپۆزسیۆن پەرچەکرداری دەبێت لە بەرامبەر هەموو کردارێکی دەسەلآتدا بەباش یان خراپ.

لەم کاتەدا هاوسەنگی هاوکێشەکە تێکدەچێت و بۆشایی نێوان دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆن گەورە دەبێت و ئەمەش لە ئەنجامی دەسەلآتێکی خراپەوە دێتەدی کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی نێگەتیڤ و لەسەر بچوکترین هەڵە و کەموکوڕی دەسەلآت پەنا دەباتە بەر هەڕەشە و فشاری جەماوەری وەك پێشتر

باسمان کرد, هاوکێشەی نێوان دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن لە بنچینەدا ناهاوسەنگە و هەمیشە ئەو دوو هێزە لە کێبڕکێدان و بەپێچەوانەی یەکتریەوە بەتاودان و کاریگەری جیاواز هاوکێشەکە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن.

ئاشکرایە دەسەلات لە ڕووی مادی و مرۆیی و کاریگەری بەسەر بارودۆخەکەدا بەهێزتر و هەیمەنە و هەژمونی گەورەترە لەبەرامەر هێزی ئۆپۆزسیۆندا, بەلام لە ڕووی بیروباوەڕ و جولاندنی ڕای گشتیەوە ئۆپۆزسیۆنیش دەتوانێت ناهاوسەنگیەکە ڕابگرێت و ئیست بە دەسەلات بکات.

- لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەلگەی کوردەواریدا لە ئایندەدا چۆن هاوسەنگی ئەم هاوکێشە پڕ مەترسی و هەستیارە ڕادەگرن؟ ئایا دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن دەبنە دوژمنی سەرسەختی یەکتری یان دەبنە هاوکار و پێکەوە کاردەکەن؟ ئایا دەسەلات لە ڕوانگەی زۆرینە و کەمینەی پەڕلەمانەوە دەڕوانێتە ئۆپۆزسیۆن یان لە ڕوانگەی کاریگەری و سەنگینی پێگەی جەماوەریەکەیەوە حساب بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکات؟ و دەیان پرسیاری تریش........

بەدلنیاییەوە ئەگەر پڕۆسەی هەلبژاردن لە کوردستاندا و لەماوەی ئەم ١٩ سالەی دەسەلاتی کوردیدا,بەشێوەیەکی خولی و لەکاتی خۆیدا چێ بکرایە, ئەوا زووتر هێزی ئۆپۆزسیۆن دروست دەبوو لە ئەنجامیشدا ئەزمونی دەسەلات و سیستەمی سیاسی و دیموکراسی لە کوردستاندا باشتر دەچەسپی و باشتر فێری ئالوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات دەبوین و گەلێك دەسکەوتی گەورەتریش بەدەست دەهات و ئەم دەسەلاتی دوو حیزبیەش بۆ ١٩ سال نەدەچەسپی و ئەم دوو حیزبە و سەرکردەکانیشی نەدەبونە پالەوان و قارەمانی دروستکراو و سەپێنراو لە کوردستاندا و دەتوانرا هەموو توانا و هێز و ئاڕاستەکانی تریش بەشداریان پێبکرایە و ئەزمونەکەش گەشتر و دەولەمەندتر بکرایە.

بەلام لە ئێستاشدا کە هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی  دروست بوە و گەشەی کردوە درەنگ نیە.و دەتوانرێت کاری گەورە و دەسکەوتی گەورەتریش وەدیبێت کە هەموانیان لە سوودی بەرژەوەندیە بالاکانی گەل و نیشتیماندا بن.

دەسەلاَت لە ئێستای کوردستاندا کە لەلای(( دوو پارتە گەورەکەی دەسەلاَتدارە)) دەسەلاَتێکی سەرکەوتوو باش نەبوە. بەو بەڵگەیەی کە جەماوەر لەیەکەم هەلی بۆ هەڵکەوتویدا و لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا توانی دەنگی ناڕەزایی خۆیان بە ئاشکرا پێڕابگەیەنن و قورسایی و سەنگینیشیان خستنە بەر مەترسیەوە و ژمارەی کورسیەکانیان لە ١٠٠ کورسیەوە لە ساڵی ١٩٩٢ وە کردە ٧٤ کورسی لە ساڵی ٢٠٠٥دا و لەساڵی ٢٠٠٩شدا بوە تەنها ٥٩ کورسی. کە ئەمە ئاماژەیەکی گەورە و گرنگ و زۆر ڕۆشن و وریاکەرەوەیەکی بەهێزیشە بۆ ئەو دوو پارتەی دەسەلاَتدار و لە ئەنجامی خراپی کارو کردەوەو وسیاسەت و سیستەمی ئیشوکارەکانیانەوە متمانەی جەماوەریان ڕوو لە کزیە. خۆ ئەگەر لەماوەی ئەم ١٩ ساڵەدا چەندین هەڵبژاردنی تر سازبکرایە ئەوا بەدڵنیایی زۆر زووتر متمانەی جەماوەرییان لەدەست دەدا.

کەواتە لەبەرامبەر ئەم دەسەلاَتە خراپەدا هەمیشە پەرچەکرداری توند و ڕەق دروست دەبێت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە و هەوڵی ڕوخاندن و گۆڕانیان دەدات. بەلاَم ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا بەشێوەیەکی خولی و بەردەوامی چیٚ بکرێت هەم دەسەلاَتێکی باش و کارا و هەم ئۆپۆزسیۆنێکی باش و کاراش دێتە کایەوە.

لە ئێستاشدا باشتر وایە بۆ هەردوو دەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆنیش کە لە ڕوانگەیەکی بەکەم سەیر کردن و بچوکی و بنەمای زۆرینە و کەمینەی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان سەیری یەکدی نەکەن و دەسەلاَت خۆی بە فیرعەون بزانێت کە هەموو کارێکی پێدەکرێت و ئۆپۆزسیۆنیش خۆی بە موسا بزانێت کە بەتەنها دەتوانێت ببێتە ڕزگارکەر و وەدیهێنەری هەموو خواست و داواکاریەکانی جەماوەر و هەریەکەیان حسابی وورد بۆ کاریگەری و توانا و هەژمونی یەکتری بکەن بەسەر ڕووداو و ڕای گشتی جەماوەرەوە وهیچ کامیان لە ئێستادا ناتوانێت ببێتە نمایندەی زۆرینەی ڕەهای جەماوەر لە کوردستاندا.

دەبێت دەسەلاَت لە ڕوانگەی خۆسەپاندن خۆی ڕزگار بکات و ئۆپۆزسیۆنیش سەنگەری دوژمنایەتی لە دەسەلاَت نەگرێت چونکە قۆناغی مەسەلەی کورد لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا بە ساتە وەختێکی هەستیار و ناسك و مێژوویدا تێپەڕ دەبێت کە ئەگەر ژیرانە و پێکەوە و دەستە جەمعی کاری بۆ نەکرێت ئەوا ئەو ئاسۆیانەی کە ڕوونبونەتەوە لەبەردەم

مەسەلەی کورددا بەرەو تاریکی و تەمومژاوی دەچنەوە. بۆیە ئەرکی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنیشە لە ئێستادا پێکەوە کاربکەن و هاوکاری یەکتری بکەن نەك دوژمنایەتی یەکتری بکەن بەگیانی تۆڵە سەندنەوە. بەلام بەبێ ئەوەی هیچ کامیان(( دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن )) سروشتی کاری خۆیان لەبیر بکەن.

هەربەمەش دەتوانن گەشە بە ململانێکانیان بدەن و ئەزمونی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا کاراتر بکەن و بیچەسپێنن و بیکەنە بنەمایەکی ڕاست و ڕەوانی خەباتی سیاسی و جەماوەری و پەرلەمانی و دیموکراسی و بۆ ئایندەش بیکەنە کلتورێکی ڕەسەنی کوردانە و ببنە دوو جەمسەری تەواوکەری هاوکێشە سیاسیەکە, نەك ببنە دوو جەمسەری تێکدەر کە ئەزمونەکە و دەسەلاتەکە و هەموو مێژوو دەسکەوتەکانیش بخەنە بەر مەترسی بچوکبونەوەو لەناوچوون.

کاری ئێستای دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕاگرتنی هاوسەنگیە لە نێوان خۆیاندا و جوانترکردنی وێنای ئەم ئەزمونەیە بە بوونی دەنگ و ڕەنگی جیاواز و بونی لیستی جیاواز لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقیشدا, چونکە یەك دەنگی و یەك ڕەنگی و یەك دەموچاوی مانای تاك ڕەوی و خۆسەپاندن و پاراستنی بەرژەوەندیە تەسك و بچوکەکانە نەك بەرژەوەندیە گشتی و فراوانەکانە. بونی لیستی جیاواز مانای ئاشکرابون و شەفافیەتە نەك شاردنەوەو قۆرخکردن و دزین و بەتالانبردن. مانای سوودمەندبونی زۆرینەیە نەك کەمینە.

- لەکۆتاییدا, ئەگەر پەروەردگاریش بیزانیایە سوود و قازانج و حیکمەت لە یەك دەنگی و یەك ڕەنگیدایە نەدەچوو ئەم هەموو نەتەوە و ئاین و مەزهەب و زمان و ڕەنگە جیاوازانە دروست بکات(( انا جعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم)).

بەهەمان شێوەش بوونی لیستی جیاواز و فرە دەنگی و فرە ڕەنگی لەناو هێز و پارت و جەماوەری کوردستاندا بۆ ئەوەیە بزانرێت کامیان لە وانی تر دڵسۆزترن بۆ کورد و مەسەلەکەی و بۆئەوەی جەماوەر هەموان وەکو خۆیان بناسێت و بزانێت شینەکەیان بۆ حسێنە یان بۆ هەریسەکەیە و هەربەمەش ئەزمون و دەسەلاتەکەمان دەپارێزرێت نەك بەتاك حیزبی و دووحیزبی یان بەسەرکردە و ڕابەری کاریزمای دروستکراو.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە بەرواری ٢٠٠٩/٩/٤دا بلاوکراوەتەوە.

## یەك لیستی یان فرە لیستی
## لەکوردستان و عێراقدا....*

• پرۆسەی دیموکراسی لەهەر دەسەڵات و کۆمەڵگایەکدا تەواو وکامڵ و پێگەیشتوو دەبێت کاتێك سەرجەم تاك و گروپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و چین و توێژەکان تەواوی ئازادی کار و ڕادەربڕین و هەڵسوکەوتیان هەبێت و نمایندەی ئازادی خۆشیان هەبێت کە بە ئازادانەش هەڵبژێردرابن بۆ ئەنجومەنە محەلیەکان و پەڕلەمانی وڵات .

هەربەم شێوەیەش هەمووان بەشداریەکی ڕاستەقینە دەکەن لە دەسەڵات و ناوەندی بڕیاردان و لەهەمان کاتیشدا هەست ناکەن کە مافیان پێشێل دەکرێت و لە ڕوانگەی کەمینە و زۆرینەوە حسابیان بۆ دەکرێت و دەسەڵاتەکەش بە موڵك و نمایندەی خۆیان دەزانن و تا ئەوپەڕی تواناش بەرگری لێدەکەن و هەوڵی گەشەکردن و پێشخستنی زیاتریشی دەدەن.

بەڵام ئەگەر ئەو ئەنجومەنانە و پەڕلەمانی وڵات قۆرخ و پاوانکراوبێت لەلایەن لیستێك یان دوو لیست, ئەوا بە دڵنیایی ئەو ئەنجومەنانە نمایندەی هەموان وەك یەك ناکات و ناشتوانێت ببێتە وەڵام دەرەوەی خواست و ویستەکانی هەموان و تەنها دەبێتە جێگە متمانەی جەماوەر و لایەنگرانی لیستەکانی خۆیان و بەمەش دەبێتە دەسەڵاتێکی زۆرینە بەڵام دەسەڵاتێکی بنکە جەماوەری بەرتەسك. کەمەرجی سەرکەوتنی هەر دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسیش لە دونیادا ئەوەیە کە ببێتە جێگەی متمانەی هەموان و ببێتە حکومەت و دەسەڵاتێکی بنکە فراوانی جەماوەری.چونکە شەرعیەت پێدانی جەماوەر بۆ هەر دەسەڵاتێك گەورەترین پشتگیری و هێز و توانایە بۆ ئەو دەسەڵاتە و هەمیشە جەماوەر سەرچاوەی شەرعیەت و ڕاست و دروستی دەسەڵاتە و گەر جەماوەر بە هەموو چین و توێژ و ئاڕاستە فکری و سیاسیە جیاوازەکانیەوە پشتگیری لەهەر دەسەڵاتێك بکەن لەکاتی ئاشتی و جەنگ و ناکۆکیەکاندا هەمیشە ئەو دەسەڵاتە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەمێنێتەوە ودەتوانێت بەرگریش بکات. بە پێچەوانەشەوە هیچ

دەسەلاتێك بەبێ بوونی شەرعیەت و پشتگیری جەماوەر تاسەر نامێنێتەوە و سەرکەوتوش نابێت.

• لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئایا لەم قۆناغەی ئێستای کوردستان و عێراقیشدا, کورد چۆن دەبێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و گەمەی دیموکراسی و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراقدا بکات؟ بەیەك لیستی یەکگرتوو یان چەند لیستێکی جیاواز؟ ئایا سەرکەوتن لە بونی یەك لیستدا مسۆگەرترە لە بوونی چەند لیستێکدا؟ ئایا یەك لیستی نمایندەی هەموان دەکات یان بوونی چەند لیستی جیاواز؟ و دەیان پرسیاری تریش........

سەرەتا دەبێت چەند ڕاستیەك وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە هەمیشە هێز لە یەکێتی و یەکگرتویدایە و لاوازیش لە پەرتبوون و درزتێبوونی ڕیزەکاندایە.هەروەهائێستای کوردستان و عێراقیش لەبەر هەڕەشەی تیرۆریستان و کۆنە بەعسیەکان و دەستێوەردانی دەرەکی و ئاژاوەی تایەفی و مەزهەبی و نەتەوەیدایە. هێشتا سیستەمی سیاسی و دیموکراسیەکەی کوردستان و عێراقیش باش نەچەسپیوە و لە قۆناغی ڕسکان و دروستبوون و گەشەکردندایە. هێشتاش گەلێك دەسکەوتی گەورەو گرنگی سیاسی و ئابوری و نەتەوەیی ماوە کە کورد وەدەستی نەهێناون کە دەکرێت هێز و توانای قەوارە سیاسیەکەی هەرێمی پێ بەهێزتر و چەسپاوتر بکرێت لەوانەش , جێبەجێکردنی تەواوی مادەی ١٤٠ی دەستور و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی شەنگال و مەخمور و کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و..هتد و یەکلایکردنەوەی کێشەکانی هەرێم و بەغداد لە سەر هێزی پێشمەرگە و سامانە سروشتیەکانی نەوت و غاز و بودجە و سەرژمێری دانیشتوان و ...هتد.

بۆیە هەموو ئەم هەڕەشە و مەترسیانە وامان لێ دەکەن کە دەسبگرین بە ئەڵقەی یەکڕیزی و یەکگرتویی گوتار و هەڵوێستی سیاسی کوردەوە. بۆ ئەوەی هەموان پێکەوە کاربکەن بۆ سەرخستن و گەشەکردنی ئەم دەسەلاتە کوردیە و بەدەستهێنانی خواست و ویستە ڕەواکانی گەلەکەمان کە هێشتا وەدی نەهاتوون. بۆیە لێرەدا پێویستە هەموان وابیربکەینەوە کە تەواوی هێز و تواناکان لە یەك

لیستی پتەو و بەهێز و یەکگرتوی کوردیدا کۆبکرێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

**بەڵام ئایا لەم ٦ ساڵەی ڕابوردووودا کە کورد بەیەك لیستی یان دوو لیستی لە پەرلەمانی عێراقدا بەشداربوە و لە کوردستانیشدا بۆ ماوەی ١٩ ساڵە بە یەك لیست یان دوو لیستی یان زیاتر بەشدارە لە دەسەلأتدا. کە شێوە پاوانکردنێکی تیادابوە بۆ دەسەلأت لە لایەن هەردوو گەورە پارتی دەسەڵاتدارەوە توانراوە هەموو خواست و ماف و ویستەکانی کورد وەدی بهێنرێت؟ ئایا ئەو دوو پارتە گەورەیە هێندەی کاریان بۆ دەسکەوتی مادی خۆیان و حیزبەکانیان کردوە نیو هێندە کاریان بۆ دەسکەوتە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی کورد کردوە؟ ئایا ئەوان تەنها مەبەستیان لە بونی یەك لیستیدا تەنها پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوەندیە مادیەکانی خۆیان نەبوە؟ بۆئەوەی هەمیشە هەر ئەوان دەم ڕاست و ڕیش سپی گەلی کورد بن؟ ئایا مەترسیان لە بونی فرە لیستیدا لەبەر ئەوەنیە کە ترسیان لە کەمبونەوەی دەسەلأت و نفوزیان هەیە لە کوردستان و عێراقدا؟**

لەبەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە کوردستان و عێراقیشدا لەماوەی ١٩ ساڵی ڕابوردوودا نەیان توانیوە تەواوی خواست و مافەکان وەدیبهێنن. هەرچەندە گەلێك دەسکەوتی گەورەو گرنگیشیان وەدەست هێناوە.بەڵام هەر لەسایەی یەك لیستی یان دوو لیستی ئەوانیشدا و نەبونی لیستی جیاوازی تر شەڕی ناوخۆ بەرپابوو, کوردستان کاولتر و وێرانتر بوو, شەهید و بریندار و کەمئەندامی زیاتر بوو, پێگەی سیاسی و ئابوری کوردستان خراپتر بوو, بێکاری و هەژاری و بەجێهێشتنی ولأت زیاتر بوو,یاسا پێشێلکراو و ئازادیەکان بەرتەسك کرانەوەوحیزبایەتی جێگەی بە کوردایەتی گرتەوەو متمانە و ئینتیما لای تاکی کورد هێندەی بۆ حیزب و سەرکردە و ڕابەر و بنەماڵە و ناوچە و خێڵ و خزمایەتی قۆرخ بوەوە نیو هێندە ئینتیما بۆ کورد و کوردایەتی نەبوژایەوە.

دەسەڵات هێندەی بۆ پارتی و یەکێتی بوە. نیو هێندە بۆ حیزب و کۆمەڵە و جەماوەری گەلەکەمان نەبوە. ئابوری و بازاڕ و بازرگانی و پلە و پۆست و

ئیمتیازاتەکان هێندەی بۆ حیزب و سەرکردە و بنەماڵە بوون نیوهێندە بۆ کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانکراوەکان و ژنان و گەنجان و جەماوەری گەلەکەمان نەبوە.

هەربۆیە لەسایەی ئەم پاوانکردنی دەسەلاٌتەدا لەنێوان ئەم دوو گەورە پارتە دەسەلاٌتدارەدا, زەرورەتی بون و سەرهەڵدان و دروستبونی لیستی جیاواز و هێز و ئاڕاستەی سیاسی جیاواز هاتە ئاراوە و سەرهەڵدانی دەنگی ناڕەزایی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بوە کارێکی حەتمی  چ لە کوردستان و چ لە عێراقیشدا.

بەدڵنیاییشەوە هەرچۆن لەسەردەمی شاخدا چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی و چەکداری هەبون و بەهەموانیان نمایندەی سەرجەم گەلی کوردیان دەکرد و خەباتیان دەکرد لە پێناو گەیشتن بە ڕزگاری و سەرفرازیدا. ئاوهاش لە ئێستادا پێویست بەبونی فرە لیست و فرە ئاڕاستەی جیاوازی سیاسی دەکات بۆ ئەوەی بە هەموان بەشداری لە گەشەکردن و بالاٌترکردنی ئەم دەسەلاٌتە کوردیەدا بکەن و تەنها لیست و پارت و سەرکردەیەك نەبنە جێگرەوەی  هەموو گەلی کورد و بۆ ئەوەی هەموو خواست و ویست و ئامانجی گەلەکەمان لەیەك لیست و پارت و سەرکردەدا کۆنەبێتەوە و بەدۆڕاندن یان گۆڕان و بچوکبونەوەی ئەو لیست و پارت و سەرکردانە لەبەردەم هەڕەشە و گۆڕانکاری و نەیارەکاندا هەموو گەلەکەمان و مەسەلەکەشی لەناو بچێت.

بونی فرە لیستی چۆن لە کوردستان بوە مایەی زیاترکردنی ئازادیەکان و چەسپاندنی دیموکراسی و ئاشکراکردنی گەندەڵی و کەموکوڕیەکان و ئاشکراکردنی بودجە و دەسەلاٌت و شەفافیەت, ئاوهاش لە عێراقیشدا دەبێتە مایەی وەدەستهێنانی گەلێك دەسکەوتی تر.

بەلاٌم لە عێراقدا پێویستە و ئەرکی هەموو لیست و قەوارە سیاسیەکانە کە هەموان پێکەوە کاربکەن بۆ مەسەلە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی کوردستان و

بەهیچ جۆرێك سازش نەکەن لەسەر بچوکترین دەسکەوت و مافەکان و هێڵێکی سووری قەدەغەکراو بۆ خۆیان دیاریبکەن کە هیچ کەس و لایەن و لیستێك جورئەتی تێپەڕاندن و بەزاندنی نەکات.

فرە لیستی و فرە ڕایی دەبێت لە پێش هەموو شتێکدا لە خزمەت بەرژەوەندیە باڵاکانی کورد و کوردستاندا بێت نەك بۆ وەدەستهێنانی چەپکێك دەسکەوتی مادی و پلە و پۆست و ئیمتیازات بۆ کەس و سەرکردە و ڕابەر و لیستەکان بێت.کاری کورد لە کوردستان با تاك لایەن و ئازادانە بێت بەڵام لە عێراقدا کورد کاری دەستە جەمعی و هاوبەشی و هاوکاری و پێکەوەیی پێویستە .

وەك لە فەرمودەیەکی پەیامبەری ئیسلامیشدا هاتوە کە (( اختلاف امتی رحمة)) . و دینی ئیسلامیش بۆ خۆی لە دوو مەزهەبی (( سونە و شیعە)) و هەریەکە لەوانەش لە چەندین لق و پۆپی فکری جیاواز دروست بوون کە نزیکەی ٧٣ لقی فکری و مەزهەبی جیاوازن کە هەموانیان لە ووردەکاریەکاندا جیاوازن بەڵام هەموانیشیان لە چوارچێوەی ئیسلام و بڕوابون بە پەروەردگار و پەیامبەردا یەك و یەکگرتوون و کار بۆ سەرکەوتنی بەرنامە گشتیەکەی ئیسلام دەکەن.

هەربۆیەش بونی فرە لیستی لەکوردستان و عێراقیشدا کارێکی ئاساییە و مایەی ڕەحمەت و هۆشیاری ڕیزەکانی گەلەکەمانە و ئامانجیش لێی گەشەکردن و سەرخستن و وەدەستهێنانی زیاتری دەسکەوتەکانە و ئەم دەسەڵاتە کوردیەیە. نەك لاوازکردن و بچوککردنەوەی.

بەو هیوایەی هەموان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە بەگیانێکی کوردانەو برایانەی ڕاستەقینەوە ئەم قۆناغە ناسکەی میلەتەکەمان تێبپەڕێنن و پڕۆسەی سیاسی لە کوردستان و عێراقیشدا زیاتر گەشە پێبدەن.و ببنە دوو ڕووی تەواوکەری مەسەلە گەورەکەی کوردایەتی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لەبەرواری ٢٠٠٩/٩/١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## شنەبای گۆڕان یان گێژەڵوکەی ئاخر زەمان *

گۆڕان:- بریتیە لە پڕۆسەیەکی لەسەرخۆ و ووردی گشتگیری پلان بۆ دانراوی ژێر کۆنتڕۆڵ بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و ...هتد. بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و مانەوەی بەبەردەوامی و نەهێشتنی دیاردەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و مشەخۆری و ...هتد.

جا ئەم پڕۆسەی گۆڕانە زانستیە پێویستی بە شێواز و ئامراز و ڕابەر و کۆمەڵگایەکی شیاو و لێهاتوو هۆشیار هەیە.کە پێویستی بە زەمان و زەمینەی لەباریش هەیە بۆ چێکردن و گەشەکردن و سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنی پڕۆسەکە.

پڕۆسەی گۆڕانیش بچوك بێت یان گەورە لەخۆڕا و بەبێ هۆکار نایەتە گۆڕێ و سەر هەڵنادات. بەڵکو گەلێك هۆکار دەبنە هۆی سەرهەڵدان و خێراتربوونی پڕۆسەکە. جا چ لە بواری سیاسی  یان ئابوری یان کۆمەلآیەتی یان ئیداریدا بێت.

گۆڕان لە کۆمەڵگادا لە ئەنجامی نەبونی ئازادی و دیموکراسی و سەرهەڵدانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و مشەخۆری و تێکچڕژانی دەسەلآتەکان و لە گرێژەنەچوونی هەموو بەهاو بنەما ئەخلاقیەکان و قۆرخکردنی دەسەلآت و بازاڕ لەلایەن دەستەیەك یان کۆمەڵە کەسانێکی کەمەوەو بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وپشتکردنە زۆرینەی جەماوەر. و پێشێلکردنی دەستور و یاسا و بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی و ئیرهابی جەستەیی و فکری و نانبڕین و ...هتد.دێتە کایەوە.

بەم شێوەیە ئەم هەموو هۆکارانە پێکەوە یەکدەگرن وکۆدەبنەوە و دەبنە هۆی دروستبوونی ناڕەزایەتیەکی گەورە و قوڵ و ڕەگداکوتراو لەناو جەماوەردا و هەر ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ بیرکردنەوە یان هۆشیاربونەوە و پلاندانان بۆ چێ کردنی پڕۆسەی گۆڕان لەم دەسەلآتەدا بە ئامانجی مانەوەو بەردەوامبونی ژیان و گوزەران.

جا پڕۆسەی گۆڕانیش دوو جۆری هەیە:-

١. گۆڕانی لەسەر خۆ:-

ئەم جۆرە لە گۆڕان لە هەموو کاتێکدا مەبەستە و ئامانجیش دەپێکێت چونکە:

- خۆی بۆ ئامادەکراوە و پێشتریش پلانی بۆ داڕێژراوە.

• ئەم گۆڕانە لەناوەوەی دامودەزگایەکدا چێدەکرێت نەك لەدەرەوەیدا و بەمەش کۆنترۆڵکراو دەبێت.

• مەبەستیش لەم گۆڕانە مانەوەو بەردەوامبونە.

٢. گۆڕانی کتوپڕ:-

ئەم جۆرە گۆڕانە وەك گێژەڵوکەیەکی توڕە و هەڵچوو وایە و لە پڕ و لەناکاو پەیدا دەبێت و بەهەمان خێرایش کۆتایی دێت و دوور لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی دەبێتە هۆی تێکدان و کاولکردن و فەوزا و بێ سەروبەرەیی, چونکە پێشتر خۆی بۆئامادەنەکراوە وهەمیشە هەوڵدەدرێت پرۆسەی گۆڕانکاریەکە لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگە یان دام و دەزگا(( جا چ حیزبی بێت یان ئیداری یان سەربازی, ئابوری, کۆمەڵایەتی )) بێت چێ بکرێت کە لەم کاتەشدا کۆنترۆڵکردنی ئاسان نابێت. و ئەم گۆڕانەش ئامانج لێی ڕێکخستنەوەی هەیکەلەی ڕێکخراوەیی ئەم دام ودەزگایەیە کە گۆڕانەکەی تێدا دەکرێت لەسەر مەودایەکی نزیك بەڵام مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر ڕەهەندێکی دوور.

• بەم شێوەیە پرۆسەی گۆڕان لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی پێویست دەکات لە ناوخۆی ئەو کۆمەڵگا و سیستەمەوە بێت کە ئامانجە گۆڕانکاری تیادا بکرێت نەك لەدەرەوەی سیستەمەکە. وەپێش ئەوەش دەبێت ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە ڕابەرایەتیکردنی پرۆسەی گۆڕان پێویست دەکات کە کاری گۆڕین لە ناخ و مێشك و عەقڵیەت و هەڵسوکەوتی خۆیاندا بکەن. و ببنە پێشەنگێکی باش و نمونەیی و سەرکەوتوو.چونکە پرۆسەی گۆڕان بە کەسانێکی نەخوێندەوار و نەزان و بێ توانا و گەندەڵ و نادیموکراسی ناکرێت(( فاقد الشیء لا یعطی)). بۆیە کرداری گۆڕینی کەسەکان و عەقڵەکان لە پێش پرۆسەی گۆڕانەوەیە.

• لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لە کوردستاندا, لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و حوکمڕانی و کۆمەڵگەی کوردەواریدا, چ جۆرە گۆڕانێکمان پێویستە؟ گۆڕانێکی شێوە شنەبایی یان گێژەڵوکەیی؟ ئایا ئەو کەسانەی کە ئاڵای گۆڕانیان هەڵگرتوە هەموانیان شایەنی ئەو ڕابەرایەتیەن و دەتوانن ئەو پرۆسە گرنگە بە ئامانج بگەیەنن و هەموو ئەو دروشمانەی کە بەرزیان کردۆتەوە وەدی بهێنن؟ ئایا لە ئێستادا

پڕۆسەی گۆڕان لە کوردستاندا زەرور بوو یان کاتی نەهاتبوو؟ وە دەیان پرسیاری تریش........

- بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش, دیقەتی ووردی گەرەکە, بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی لایەنگری لایەك لەسەر حسابی لایەکەی تر.

ئاشکرایە لە ئەنجامی کەلەکەبونی ئەو هەڵە و کەموکوڕی و پێشێلکردن و ناعەدالەتیانەدا, دەنگی ناڕەزایی جەماوەر و پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراو وکۆمەڵە دیموکراسیەکان و مەدەنیەکان کۆبونەوەو یەکیان گرت وڕەوت و بزوتنەوەی گۆڕانیان پێکەوەنا و داواکاری گۆڕانکاریان لە دەسەلاتدا کردە دروشم و داواکاریەکی جەماوەری و زەرورەتێکی قۆناغەکە و دیاردەیەکی ناوچەیی و جیهانیش.

بەلام دەبێت ئەو ڕاستیەش بڵێین کە لە ئێستای کوردستاندا پڕۆسەی گۆڕانێکی هێدی و هێمن و لەسەرخۆی شنەباییمان پێویستە لە نمونەی (( دەوڵەتی چینی میللی)), نەك گۆڕانێکی کتوپڕو گێژەڵوکەیی لەنمونەی(( یەکێتی سۆڤیەتی جاران)).

لێرەدا وسەرەڕای گەیشتنە بڕوای گۆڕان لەلایەن دووپارتی دەسەلاتدارەوە. بەلام نەیان توانی گۆڕانکاری بکەن یان نەیان ویست بیکەن, لەبەرامبەریشدا سەرکردایەتی و ڕابەرانی ڕەوتی گۆڕان و گۆڕانخوازانیش ئەو کەسە نمونەیی و لێهاتو و پشوو درێژ وخاوەن بەرنامە و پلانێکی زانستی و وورد و ڕوون و ڕوئیایەکی ڕۆشن نەبوون و نین تائێستاکەش کە چیان گەرەکە و چییان نیازە و چیش دەکەن.

ئەم ڕەوتەی گۆڕانخوازان کە سواری شەپۆلی هەڵچوو و جۆش و خرۆشی جەماوەر بوە بەس نیە بۆ درێژە پێدان بە خەبات و پڕۆسەی گۆڕانکاری بەبێ بوونی ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن فکر و ئایدیا و بەرنامەیەکی دیموکراسی و پێشکەوتنخواز چونکە تەنها ڕێکخراوی سیاسیە دەتوانێت ڕۆڵی میحوەری بگێڕێت لە درێژەدان بە جۆش و خرۆش و سەرکردایەتیکردنی جەماوەر, وەك پێشتر باسمان کرد, بەڵێ پڕۆسەی گۆڕان لە کوردستاندا بۆتە زەرورەتێکی مێژوویی و دەبێت لە تەواوی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکەی دەسەلات و کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکرێت. هەربۆیەش پڕۆسەیەکی مێژوویی گەورە و گرنگی ئاوها پێویست بە هاوکاری و هاوئاهەنگی و تەبایی سەرجەم پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری

و جەماوەریش هەیە بەدەسەلات وئۆپۆزسیۆنەوە.دەبێت هەموان دان بەبون و جەماوەری و سەنگ و قورسایی و مێژوو و دەسکەوتی یەکتردا بنێن.ئەوسا پرۆسەیەکی ئاشتەوایی ڕاستگۆیانە چێ بکەن لەناوخۆی خۆیاندا و ببنە هاوکار و تەواوکەری یەکتر. نەک ببنە دوژمن و ڕێگر و تێکدەری تەواوی ئەزمون و دەسکەوت و دەسەلاتەکە. و دەبێت هەموان بە چاوی برایانە و خەمخۆرانە لە یەکدی بڕوانن نەک لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە, چونکە قۆناغەکەی ئێستای کوردستان چ لە ناوخۆی عێراق و چ لە ناوچەکە و چ لە دونیاشدا هێندەی بەبەرەوە نیە کە ببێتە چەند سەنگەرێکی دوور لەیەکتر و هێشتا مەترسی و ئاستەنگ و ڕێگری و دوژمنان هێندە زۆرن و گەورە و کاریگەرن کە ببنە ڕێگر و مەترسی بۆ سەر ئێستا و ئایندەشمان.

جا بۆیە لەگەل گەورەیی و زەرورەتی پرۆسەیەکی هێمن و شنەبایی گۆڕاندا, هێندەش تەبایی و لێکتێگەیشتن و حیوار و نزیکبونەوە پێویستە.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەوالی ژمارە ٣٥٤ لە ٢٠٠٩/١١/٢١دا بلاوکراوەتەوە .

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٠ و مەترسیەکانی بۆ سەر ئایندەی پێگەی کورد لە عێراقدا...*

- ئاشکرایە لە عێراقی نوێی دیموکراسی و فرەیی و پەرلەمانی و فیدڕاڵی دوای ڕژێمی بەعسی صدامی دیکتاتۆری. عێراقێکی گەلێك جیاوازە لە ڕووی دەسەلأت و فەلسەفەی حوکم و شێوازی بڕیاردان و چۆنێتی وەرگرتنی کورسی حوکم , چونکە لە ئێستادا گەل سەرچاوەی هەموو شەرعیەت و دەسەلأتەکانە و پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیش سەنگی مەحەکی سەرکەوتن و جەماوەری بوونی سەرجەم پارتە سیاسی و سەرکردە و ڕابەرەکانە و لە دەرەوەی ئەم سیستەمەدا هیچ کەس و لایەن و نەتەوە و مەزهەبێك ئایندە و پێگەی دیارنیە.بۆیە گرنگیدان بەم پرۆسەی هەڵبژاردنانە و ڕەچاوکردنی هەڕەشە و مەترسیەکانی بونەتە دوو مۆتەکەی تۆقێنەر بۆ هەموان, چونکە ترس هەمیشە دوو ئەگەری هەیە, یان دۆڕان و تەسلیمبونە و یانیش ڕوبەڕوبونەوەو سەرکەوتنە.هەربۆیەش کورد ئەرکێتی و تەنها ڕێگاچارەش لەبەردەمیدا بریتیە لە ڕووبەڕووبونەوە و سەرکەوتن, چونکە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ دا هەموو بەلأنسی هێز و هاوکێشە سیاسیەکان دەگۆڕێن و هیچ کەس و لایەنێك سەرکەوتنی مسۆگەر نیە و ناتوانێت دڵنیای تەواو بێت لە ئەنجامەکان . ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا گەلێك جیاوازی هەیە لەوانە:
- ئەم هەڵبژاردنە بە سیستەمی کراوە چیٚ دەکرێت.
- چەند لیست و قەوارەیەکی سیاسی جیاواز بە تەنها و بە سەربەخۆ بەشداری دەکەن لە کوردستاندا کە ئەمەش زیان بە پێگەی گشتی کورد دەگەیەنێت لەوەرگرتنی کورسیە قەرەبوەکاندا, چونکە ئەو کورسیانە تەنها بەر لیستە گەورە و براوەکان دەکەوێت.
- لەم هەڵبژاردنەدا سونەی عەرەب بە ڕێژەیەکی فراوان و گەورەتر بەشداری دەکەن.
- ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراق لە ٢٧٥ وە دەبێتە ٣٢٣ کورسی.
- ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکدا ساز دەکرێت کە هێزەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی شارەکاندان و عێراق و ئەمریکا پابەندن بە ڕێکەوتنی (( سۆفا )) کشانەوەی هێزەکان لە ساڵی ٢٠١١دا. کە ئەمەش زەمینەی ئەوەی خۆشکردوە کە دەوڵەتانی دراوسیٚ

حسابی وورد و گەورەتر نەکەن بۆ ئەمریکا وەك ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٥دا دەیانکرد و لەهەمان کاتیشدا لە ٢٠٠٥دا کۆماریەکان لەئەمریکا لەسەر حوکم بون کە ڕژێمی بەعسیان ڕوخاند و لە ئێستادا دیموکراتەکان لەسەر حوکمن.

- ئەم هەڵبژاردنە لە سایەی دەستورێکی هەمیشەیدا ساز دەکرێت کە عێراق ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری تیادایە جیا لە ساڵی ٢٠٠٥.
- لەم هەڵبژاردنەدا, لە پەرلەماندا تەنها سەرۆکی کۆمار هەڵدەبژێردرێت, نەك دوو جێگریش لەگەڵیدا , کە ئەمەش مانای نەمانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەگەیەنێت و ئۆتۆماتیکیش مانای نەمانی سیستەمی بەکارهێنانی ڤیتۆش دەگەیەنێت بۆ بڕیارەکانی پەرلەمان.
- ئەم هەڵبژاردنە لە ساتەوەختێکدا دەکرێت کە کۆنە بەعسیەکان بەهەردوو باڵی(( عیزەت دووری و یونس الاحمد)) هەوڵی یەکگرتن و خۆڕێکخستنەوەی ڕیزەکانیان دەدەن و گەرەکیانە بۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یەکێك لەشارەکانی(( موسڵ و ڕومادی)) داگیربکەن و حکومەتێکی تیادا ڕابگەیەنن و دواتریش سەرجەم ولاَتانی عەرەبی سونە دانی پیادا بنێن.
- ولاَتانی دەوروبەر لە ئێستادا لە هەوڵی گۆڕینی ئەم دەسەڵاتەی ئێستادان و بودجەی زۆر خەرج دەکەن بۆ لیستە جیاجیاکانی عێراق.
- لەم هەڵبژاردنەدا پێگەی کورد لاوازتر دەبێت لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ و بەمەش کورد ناتوانێت بە سانایی خواست و مەرام و داواکاریەکانی جێبەجێ بکات.

بەهۆی ئەم جیاوازیانە و گەلێکی تریشەوە, کورد پێگە و ئایندەی ڕۆشن نیە. لەلایەك ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەرەو لاوازی و بێهێزی دەچێت و لەلایەکی تریشەوە لەناوخۆی کوردستاندا ناجێگیری سیاسی لە ئاسۆدایە. بەهۆی لەلایەك سەرهەڵدانی لیستی جیاواز کە توانیویەتی تاڕادەیەك سوود لە ڕق و قین و بێزاری جەماوەری کوردستان وەربگرێت و بتوانێت ببێتە خاوەنی کورسی پەرلەمانی و جەماوەر و بەمەش بۆتە هۆی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و پێگە و دەسەڵاتیان بەرەو بچوکبونەوەو لاوازبون بەرێت. و لەلایەکی تریشەوە

نەوەیەكی نوێی دوای ڕاپەڕین پێگەیشتون و بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا دەكەن كە مەیلی حیزبایەتیان كەمە و بێزاربوون لە سیاسەت و ئەمەش وادەكات كە كاركردن تیایاندا قورس و سەخت بێت .جا ئەو هۆكارە ناوخۆییانەی كوردستان لەلایەك و عێراق لەلایەكی ترەوە و پیلانی دەوڵەتانی دراوسێش لەلای سێهەمەوە پێكەوە كاردەكەن بە ئاڕاستەی لاوازبوون و بچوكبونەوە و نادیاربوونی ئایندەی پێگەی كورد لە عێراق و ببنە مەترسی و هەڕەشەی جدی بۆ سەر كورد بەگشتی و بۆسەر هەردوو پارتی دەسەلأتدار بە تایبەتی. چونكە لە باشترین حاڵەتدا كورد لە سەرتاپای عێراقدا دەبێتە خاوەنی نزیكەی ٦٠ كورسی كە ئەم ژمارەیە لە ٣٢٣ كورسی دەكاتە یەك لەسەر پێنج و كەمتریش و بەمەش كورد نابێتە لیستێكی گەورە و كاریگەر لە بەرامبەر عەرەبی شیعە و سونەدا و ئەمەش وادەكات كە عەرەب بەگشتی  بەرنامە و ئەجێندای سیاسی خۆیان بسەپێنن و كوردیش لاحول لە ولا قوة.

- چارەسەریش بۆ كورد تەنها, یەك و یەكگرتویی گوتار و هەڵوێستی سیاسیە و یەك لیستیە لە نێوان هەموو پێك هاتە و قەوارە جیاوازەكانی كوردستان و ڕێكەوتن لەنێوان یەكتریدا و قبوڵكردنی یەكدی و دان پیادانانە بە سەنگ و قورسایی و جەماوەری ئەوی تردا.و كۆك بونیانە لەسەر مەسەلە نەتەوایەتیەكان و دواتر بەشداریەكی جدیانە و زۆرینەیە لە هەڵبژاردنەكاندا بەهۆی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی كەلەسەر كوردن بۆئەوەی قەوارەی كورد زیاتر بچوكتر و لاوازتر نەبێت, لەسەر ئاستی هێز و پارتە سیاسیە عێراقیەكانیش دەست گرتنە بە بنەمای تەوافوقی سیاسیەوە چونكە بێ ئەم تەوافوقە سیاسیە كورد ناتوانێت پارێزگاری لە پێگە و هێز و قەوارە  و دەسكەوتەكانی خۆی بكات و لە ناوەندی بڕیاردانیشدا لە بەغدادا كاریگەری و بەشداری ئاكتیڤی هەبێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠٠٩/١٢/٢٥دا بڵاوكراوەتەوە.

## سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا
## مژدەی ئایندەیەکی گەشترە *

- ئاشکرایە دونیای سیاسەت بەبێ بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن مانای ڕاستەقینەی خۆی نابەخشێت و سیاسەت بوونی نابێت بەبێ بوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن و بەهەمان شێوەش ئۆپۆزسیۆن بوونی نابێت لەکەش وهەوایەکی سیاسی توند و تیژ و بونی شەڕی ناوخۆ و ململانێ خوێناویەکاندا. بەم شێوەیە دونیای سیاسەت بەبێ بونی هێزی ئۆپۆزسیۆن دونیایەکی خاڵیە لە چەمك و جوغزی ڕاستەقینەی خۆی.

یەکێك لە سیما دیارەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتوو و دیمکوراسیخوازەکان بریتیە لە بوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی چالاك . چونکە هەرگیز ئۆپۆزسیۆن لە سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆری و توتالیتاریدا نەشونما ناکات و ناتوانێت ببێتە نمایندەی ڕاز و نیاز و داواکاریە ڕەواکانی جەماوەر.لەبەرامبەریشدا هیچ دەسەڵاتێکیش چەندە باش و سەرکەوتووش بێت ناتوانێت ببێتە نمایندەی هەموو جەماوەر هەربۆیەش بۆ هەموو دەسەڵاتێك هێزێکی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆن پەیدا دەبێت.

لە وڵاتی پێشکەوتودا هێزی ئۆپۆزسیۆن چەندە کار دەکات دژی دەسەلات , هێندەش بوونی بەسوودە بۆ هەمان دەسەلات خۆی, چونکە دەسەلات لەبەرامبەر چاودێری و بەدواچوونی کارەکانیدا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەکەوێتە خۆ بۆ چێکردنی کار و پرۆژە و خزمەتگوزاری پێشکەشکردن لە پێناو مانەوە و بەردەوامبونیدا لەدەسەڵاتدا. بەم شێوەیە بوونی ئۆپۆزسیۆن هەمیشە لە قازانجی جەماوەردا تەواو دەبێت چونکە لە ئەنجامدا هەر جەماوەر سوود دەبینێت لە ململانێی شارستانیانە و مەدەنیانەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن. هەربۆیەش دەبینین هەمیشە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕۆژ بەڕۆژ جەماوەر زیاتر لێیان کۆدەبێتەوە و ئەنجامیش هەر بەسەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن کۆتایی دێت.

سەرهەڵدان و دروست بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەهەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکدا بێت دەبێتە مایەی زیاتری چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. لەبەرامبەردا نیو هێندە نابێتە هۆی ناجێگیری سیاسی و ئابوری

و کۆمەلأیەتی, هێندەی دەبێتە مایەی گەشەکردن و نەهێشتنی گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکان نیو هێندە نابێتە مایەی دواکەوتن و شلەژانی سیاسی و ئابوری .هەربۆیە سەرهەڵدان و بونی هێزی ئۆپۆزسیۆن بۆتە پێویستیەکی گەورە و گرنگی ئەم سەردەمە بەمەبەستی چێکردنی گۆڕانکاری گەورە لە ئاڕاستەو بۆچوون و جۆری دەسەڵاتەکان و گەڕانەوەی دەسەڵاتە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بۆ زۆرینەی جەماوەر.

ئاشکرایە ئەرکی سەرەکی هەموو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە دونیادا بریتیە لە چاودێری و بەدواچوونی ئیشوکار و بەرنامەی دەسەلأت و دەرخستن و گەورەکردنی هەڵە و کەموکوڕیەکانی و گەندەڵی و بیٚ یاسایی و زیادەڕەویەکانی و کەڵك لێوەرگرتنیان بۆ دروستبوون و گەورەکردنی نارەزایی جەماوەر دژی دەسەلأت بەهیوای لەکارخستنی دەسەلأت و وەرگرتنی دەسەلأت بۆ خۆی و جێبەجێکردنی ئامانج و دروشم و بەرنامەکانی خۆی بۆ خزمەتی جەماوەر و مانەوەی و بەردەومبوونی لە دەسەڵاتدا بەهۆی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە جەماوەر و بەدەمەوە چوونی خواست و ویستەکانیان وپێشخستنی کۆمەڵگا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

- لێرەدا چەند پرسیارێك سەرهەڵدەدا دەربارەی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا وپرسیار دەکرێت کە ئایا ئاڕاستەی فکر و کار و بەرنامەی ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنە چیە ؟ بۆچی و بە چ نیازێك دروست بوە؟ ئایا دەتوانێت ببێتە جێگە متمانەی ڕاستەقینەی جەماوەر؟ و ئایا دەتوانێت گۆڕانکاری لەدەسەڵاتی ١٨ ساڵەی هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا بکات؟ودەیان پرسیاری تریش....

سەرەتا دەبێت چەند ڕاستیەك وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە دوای ١٨ ساڵ لە دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی کە نەیتوانیوە تاکو ئێستا زۆرینەی داواکاریەکانی جەماوەر بێنێتە دی و ببێتە جێگەی متمانەی زۆرینەی جەماوەر و ژیانێکی سەربەرز و ڕووسورانە بۆ گەنجان و ژنان و هەژاران و کەمدەرامەتان و خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە و هاولأتیانی سادەی تری کۆمەڵگای کوردەواری دابین بکات , دروستبون و سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆن بوە کارێکی زێدە پێویست و ژیاری . بۆ چێکردنی پڕۆسەی گۆڕانکاری و ڕەواندنەوەی بێمتمانەیی و بێئومێدی لەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە.

ئاشکرایە کاری ئۆپۆزسیۆنیش دژی سیستەمی سیاسی (( هەر سیستەمێك بێت)) بریتیە لە مافێکی ڕەواو شەرعی بۆ هێزە سیاسیە جیاوازەکان بەو پێیەی کە ژیانی گشتی بریتیە لە شانۆیەکی کراوە کە هەر کەس و لایەنێك ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات, بەلاَم پێویست دەکات کە هێڵێکی جیاکەرەوە هەبێت لە نێوان پیادەکردنی مافی ئۆپۆزسیۆنبوندا لە چوارچێوەی دابونەریتە دیموکراسیەکان و تێپەڕاندن و بێڕێزیکردنی بەنیاز و بێ نیاز بەرامبەر بەرژەوەندیە بالاَکانی گەل و نیشتیماندا.

هەربۆیەش لەم ڕوانگەیەوە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواریش پێویستی بە بونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسەن هەیە کە ئەرکێتی :

• هەستێت بە ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕیەکانی ١٨ ساڵەی ئەم دەسەلاَتە کوردیە کە تائێستاش بەردەوامی هەیە بەومەرجەی کە هێڵە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی کوردەواری نەبەزێنێت.

• ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەبێت بەو نیازە کاربکات کە گەندەڵی و ناعەدالەتی و ماف پێشێلکردن و نەبونی ئازادیەکان و بێڕێزی بەرامبەر یاسا و نەبونی سیستەمی موئەسەساتی لە دەسەلاَتدا نەهێڵێت . و کاربکات بۆ نەهێشتنی بێکاری و هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و دواکەوتویی کۆمەڵگای کوردەواری.

• تێبکۆشێت بۆ چێکردنی پرۆسەی گۆڕانێکی سەرتاسەری و وورد و لەسەرخۆ و ڕاستەقینە لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا.

• دەبێت خەبات بکات بۆ بەدەستهێنانی زیاتری دەسکەوتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی کوردەواری لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و گەڕاندنەوەی هەموو ئەو جێگە کوردستانیانەی کە تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا بە بەرژەوەندی کورد و چەسپاندنی زیاتری بنەماکانی دەسەلاَتی دیموکراسیانەی کوردی ,...هتد.

• کاربکات بەئاڕاستەی تۆخکردنەوەی هەست وبیری نەتەوایەتی و ئینتیما تەنها بۆ کوردوکوردستان بێت لەبەرامبەر لاوازکردنی ئینتیما بۆ سەرکردە و ڕابەر و بنەماڵە و ناوچەو عەشرەت و مەزهەب.

• بەرنامەی هەبێت بۆ گەشانەوە و گەورەکردن و سەنگینکردنی وێنا وڕۆڵ و قورسایی کورد لە دەوڵەتی عێراقی نوێدا.

• پلانی وورد و زانستی هەبێت بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی زیاتری بوارەکانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازی و پتەوکردنی زیاتری ژێرخانی ئابوری و فەراهەمکردنی ژیانێکی پڕ سەروەری و خۆشگوزەران بۆ هەموان بەبێ جیاوازی.

• ئۆپۆزسیۆن ئەرکێتی کە بەعەقڵ وبەرنامە و شێوازی کارکردنی نوێ بێتە مەیدانی خەباتی سیاسی و جەماوەری دوور لە بەرنامە و شێوازی کارکردنی کلاسیك و سواوەکەی ١٨ ساڵەی ئەم دەسەلاتە.

مایەی سەرکەوتنە کە دروستبوون و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەکوردستاندا کە تەمەنی کەمترە لە ساڵێك توانیویەتی ببێتە جێگەی ڕەزامەندی و متمانە و بڕواپێهێنان و کۆکردنەوەی زۆرینەی بەرچاوی جەماوەر لەبەرنامە و کار و گوتاری سیاسی خۆی. و توانی لەیەکەم تاقیکردنەوەی توانای خۆیدا و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ڕێژەی ٢٣٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێت کە دەسەلات چاوەڕوانی ئەم ئەنجامەیان نەدەکرد و هەربۆیەش توشی شۆك و شڵەژان و شپرزەیی بوون لە کاردانەوەیاندا. ئەمە گەر ئاماژەیەك بێت بۆ ڕاستیەك ئەوا ئاماژەیە بۆ ڕاستی و دروستی بەرنامە و کار و کردەوە و گوتار و ڕێچکەی فکری و ئایدۆلۆژیای ئۆپۆزسۆن کەلە ئێستای کوردستاندا لە ڕەوت و بزوتنەوەی گۆڕان و هەندێك هێزی تردا خۆی دەبینێتەوە.

• بەم شێوەیە بزوتنەوی گۆڕان وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی گەورە و چالاکی جەماوەری :-

• بوە سەر مەشق و پێشەنگ و ڕابەری هێنانەدی سەردەم و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی کوردستاندا لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و بەرنامە و کار و گوتاری سیاسی لەسەر ئاستی تاك و گروپ و کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکاندا. ئۆپۆزسۆن بوە مایەی مژدە بەخش و زیندوکردنەوەی هیوا و متمانە بە ئاینده.

- ئۆپۆزسیۆن بوە مایەی هەڵدانەوە و پەردە لادان لەسەر ڕاستیەکان و چاوکردنەوە و بوێری تاك و کۆمەڵ لەبەرامبەر دەسەڵاتدا و هەموان کەوتنە ڕاستی گوتن و داواکردنی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و دەرخستنی گەندەڵی و ناعەدالەتیەکانی دەسەلات.
- ئۆپۆزسیۆن بوە مایەی مەترسی لەدەستدانی جەماوەر و دەسەلات لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتەوە.
- ئۆپۆزسیۆن بوە مایەی باشترکردنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و خێراتر ڕاپەڕاندنی پرۆژەکان.
- ئۆپۆزسیۆن بوە مایەی لاکردنەوەی دەسەلات بەلای هەژاران و گوندنشینان و ئەنفالکراوان و شەهیدان و کەمدەرامەتانی کوردەواریدا.
- ئۆپۆزسیۆن بوە مایەی ڕاچڵەکان و لەرزاندنی پایەکانی دەسەڵاتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار, کەهیچ کاتێك لەو بڕوایەدا نەبوون هیچ هێزێك بتوانێت جێگە و متمانەی جەماوەریان پێ لەق بکات و دەتوانن درێژە بە قۆرخکردنی دەسەلات بەهەموو خۆشی و ئیمتیازاتەکانیەوە بدەن و درێژە بدەن بە ناعەدالەتی و ناشەفافیەت و گەندەڵی و زەوتکردنی ماف و پشتگوێخستنی داواکاریە ڕەواکانی جەماوەر.

بەلام لە ئێستادا کەلەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقداین لە ٢٠١٠/٣/٧دا. ئەم دەسەڵاتە کوردیەی ئێستا لەلاوازترین وێسگە و قۆناغەکانی ژیانیدایە و کەس حەسودی پێنابات لەسەر ناتەبایی لەنێوان دووشەریکەکەی دەسەلات و بێ بەرنامەیی لەکاری حیزب و حکومەتیاندا و ترس و دڵەڕاوکێیان لە دۆڕاندنی دووەمجاریاندا و شپرزەیی و شڵەژانێکی زۆریان پێوەدیارە و هێزی ئۆپۆزسیۆن و گۆڕانیان لێبۆتە دێوەزمە و سەرسوڕماون لە توانا و کار و بەرنامەیان . بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا بۆتە سومبولی ڕزگارکردن و ئازادی و خۆشگوزەرانی و مژدەبەخشی ئایندەیەکی گەشتر و ڕووناکتر.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا ژمارە ٥٦٨ لە ٢٠١٠/٢/٩ دا بلاوکراوەتەوە .

*******************************

## ئۆپۆزسیۆن بوون خیانەت نیە *

- ئاشکرایە دونیای سیاسەت بریتیە لە فرە بیروبۆچون و فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و بەڕێوەبردنی ململانێکانە لە نێوان ئەم باڵ و بیروڕا جیاوازانەدا بەشێوەیەکی هاوسەنگ بۆ درێژەدان و بەردەوام بونی ژیانێکی سیاسی ئارام دوور لە توندوتیژی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ ئەوەی پێکەوە هەموان کاربکەن بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا.

بەڵام ئەگەر ژیانی سیاسی لەهەر کۆمەڵگایەکدا بریتی بێت لەیەك دەسەڵاتی و یەك بیروڕا و یەك پارتایەتی و ..هتد. ئەوا ئەو ژیانە سیاسیە مانای تەواو و سروشتی خۆی ناگەیەنێت , بەمانایەکی تر بریتی دەبێت لەدەرخستنی یەك ڕووی ڕاستیەکان, هەروەهابونی دەنگ و ڕەنگی جیاوازی تر لە دەسەلات واتە ئۆپۆزسیۆن بوون . کاری ئۆپۆزسیۆنیش بریتی دەبێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی هاوکێشەو ململانێکان لە نێوان پارتی دەسەلاتدار و ئۆپۆزسیۆندا.

بەم شێوەیە نەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەهەر کۆمەڵگایەکدا دەسەلات بەرەو تاك ڕەوی و خۆسەپاندن و قۆرخکردنی دەسەلات دەبات و ئەنجامیش بەرتەسککردنەوەی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و پێشێلکردنی یاسا و مافەکان و ناعەدالەتی و ناشەفافیەتی لێ دەکەوێتەوە, کە هەموو ئەمانەش تەنها لەبەرژەوەندی دەسەلات تەواو دەبێت دوور لە بەرژەوەندی جەماوەر و بەمەش لەسایەی سیستەمێکی وادا کۆمەڵگا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و هیچ پێشکەوتن و داهێنانێك وەدی نایەت.

بەڵام بە بونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا و چالاك و ڕەسەن و نیشتیمان پەروەر و دڵسۆز, ئەوا لەلایەك سیستەمی سیاسی ولات بەرەو دیموکراسیەت زیاتر هەنگاو دەنێت کە تاك و گروپ تیایدا هەست بە ئازادی و سەروەری یاسا و کەرامەتی خۆیان دەکەن و هەموانیش لەهەوڵی دەرخستنی ڕاستیەکان دەبن و دەبنە چاودێرێکی وریا بەسەر کاروکردەوەی دەسەلاتدا و ڕێگر دەبن لەبەردەم زوڵم و چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانیان و زەوتکردنی سەروەت و سامانی ولات و شاردنەوەی داهات و خەرجیەکان و بلاوبونەوەی گەندەڵی و مشەخۆری لەلایەن

دەسەلاتەوە.جاهێزی ئۆپۆزسیۆن چ وەك پارتی سیاسی یان وەك میدیای ئازاد هەردووکیان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەو ململانێ شارستانی و دیموکراسیانەدا کە هەموانیان لە پێناو ئاشتی و خۆشگوزەرانی جەماوەردا تەواو دەبێت.
هەربۆیە دروستبونی ئۆپۆزسیۆن و خۆ بە ئۆپۆزسیۆنزانی و کارکردن بۆ ئۆپۆزسیۆن و لایەنگری و پشتیوانیلێکردنی لەلایەن هەر کەس و گروپێکەوە بێت خیانتەکردن نیە لەگەل و نیشتیمان.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لە کوردستاندا دروستبونی ئۆپۆزسیۆن لەبەرژەوەندی کێدایە؟ دەسەلات یان جەماوەر؟ خۆئەگەر لەبەرژەوەندی جەماوەردایە ئیدی بۆچی دەسەلات تورەیە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن بوون لە کوردستاندا لەلایەن دەسەلاتەوە چۆن لێی دەڕوانرێت بە چاوێکی دۆستانە یان خیانەتکارانە؟ و دەیان پرسیاری تر...

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە لەبیر نەکەین, کەبوونی ئۆپۆزسیۆن و سەرهەڵدانی لە کوردستانی ئازاددا,هەمیشە ئامادەگی هەبوە وەك دەنگێکی ناڕازی لەبەرامبەر دەسەلاتدا, بەلام بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەبوە و نەبۆتە هێزێکی پان وپۆڕی جەماوەری خاوەن هێز و توانا. ئەگینا بوونی چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ئاشکراو نهێنی لەدەرەوەی دەسەلاتدا بۆ خۆی مانای بوونی ئۆپۆزسیۆن بوە و دژایەتیکردنیان بۆ سیاسەتەکانی دەسەلات و خستنەڕووی کەموکوڕیەکانیان بریتی بوە لەکاری ئۆپۆزسیۆن و هەڕەشە و فشارەکانی دەسەلاتیش بۆسەریان و شەڕکردنیان و هەوڵی بچوکردنەوەیان و دووکەرتکردنیان بەمانای ترسی دەسەلات بوە لە هێز و گەورەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا ئەم هەولانەی دەسەلاتیش دەچنە چوارچێوەی دژایەتیکردنی دەسەلاتی کوردی بۆ بونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا.کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو.
بەلام سەرهەڵدانی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسەنی کوردایەتی و خاوەن فکر و تێزی جیاوازی کارکردن و ڕێکخراو وخاوەن بۆچونی تایبەت بۆ سیستەمی سیاسی و دەسەلات بەڕێوەبردن و هەموو بوارەکانی تری کۆمەڵگا لەساڵی ٢٠٠٩وە دەستی پێکرد بە ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی ڕەوت و بزوتنەوەی گۆڕان وەك بزوتنەوەیەکی

جـەماوەری و هۆشـیار و شارسـتانیانەی بـێ چـەك. کـەداوای گـۆڕانی دەسـەلاتی کوردی پاوانخوازی دوو حیزبی و دوو بنەماڵەیی دەکات و لە جێگەشیاندا هەوڵی دامەزراندنی دەسەلاتێکی کوردی دیموکراسی و ئازادانە و شەرعی و موئەسەساتی دەدا بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـە مافـەکانی تـاك و کۆمـەڵ بکـات و عەدالـەت و خۆشگوزەرانی دابین بکات بۆ هەمووان بە بێ جیاوازی.

بەم شێوەیە کاری سەرەتا و کۆتای ئۆپۆزسیۆن هەمیشە لەبەرژەوەندی جەماوەردا تەواو دەبێت و دژ بەدەسەلاتی سیاسیە.بەلام لەئێستای کوردستاندا دەسەلات ئەم ڕاستیەی قبوڵ نیە و دەیەوێت هەرخۆی پاوانی دەسەلات بکات بەناوی پەرۆشی و دڵسۆزی و خزمـەتگوزاری جـەماوەرەوە بۆ ئـەوەی زیاتر لەدەسـەلاتدا بمێنێتـەوە . لێرەدا دەسەلات کەوتۆتە هەڵەیەکی مەنتقیەوە کە لەلایەك بانگەشەی خزمەتکاری میلـەت دەکـات و لەلایـەکی دیـەوە دژی دروسـتبونی هێـزی ئۆپۆزسـیۆنە کـە سـەرەنجامی کاری ئۆپۆزسیۆن لەبەرژەوەندی میلەتدایە.بۆیە دەبێت دەسەلات لە غرورو خۆبەزلزانین وقولەی قافی دەسەلات بێتە خوارەوە و مل بدات بۆ داواکاری و خواستی جـەماوەری تـوڕە و زویرلێیـان چـونکە دەسـەلاتێکی دڵسـۆز و ئـەمین و عەدالـەت و بـەوەفا نـەبوە بۆیان و گـەر ئێستاش نـەبێت لەداهاتودا بەناچاری هـەر دەبێت مل بدات بۆ خواستەکانی جەماوەر بۆ گۆڕان.کـە لەلایـەن ئۆپۆزسیۆنەوە ڕابەرایەتی دەکرێت و ناکرێت بەچاوی خیانەتکار لە ئۆپۆزسیۆن بڕوانێت و بەڵکو دەبێـت وەك دەسـەلاتێکی بـاش و دڵسـۆز بـە میلـەت مامەڵەیـەکی عـەقلانی و شارستانی لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆندا بکات, بەتایبەتیش کە هێزی ئۆپۆزسیۆن کە خۆی لە بزوتنـەوەی گۆڕان و هەنـدێ هێـزی ئیسلامیدا خۆی دەبینێتـەوە و خاوەن جەماوەر وسـەنگ و قورساییەکی فراوانن نـەك هـەر لەکوردسـتاندا بـەڵکو لەتـەواوی عێراقـدا و زلهێزەکـانیش مامەڵەیـەکی ئاسـایی و سیاسـیان لەگەڵـدا دەکـەن و قبوڵیشیانن و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا بە دیاردەیەکی شارستانی و دیموکراسـی و تەندروسـت لـە قەڵـەم دەدەن, بەتایبـەتیش کـە هێـزی ئۆپۆزسـیۆن لەکوردستاندا و لەیەکەم هەوڵ و بەشداریکردنی لەپڕۆسەی هەڵبـژاردنی پەڕلەمانی کوردسـتاندا لـە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا تـوانی ببێتـە خـاوەنی ٣٨ کورسـی لـە پەڕلـەمانی

کوردستاندا ئەگەر کاری دزی وفێڵکردن و تەزویرکردنیش نەبوایە ئەوا ژمارەیەکی زیاتر کورسیان وەدەست دەهێناو پێشبینیش دەکرێت کە لە هەڵبژاردنی ۲۰۱۰/۳/۷ی پەرلەمانی عێراقیشدا ژمارەیەکی بەرچاو کورسی وەدەستبهێنن.

هەربۆیە ئیدی کاتی ئەوە هاتوە دەسەڵاتی کوردی دووحیزبی کاڵ ببێتەوە و مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆندا بکات و بەچاوی خیانەتکار لێیان نەڕوانێت و ئۆپۆزسیۆن بون و پشتگیری کردنی ئۆپۆزسیۆنیش بەکارێکی خیانەتکارانە حساب نەکات و نانبڕین و هەڕەشە و گوڕەشەی بەدواوە نەبێت.چونکە تەنها کارێك کە دەسەڵاتی کوردی خۆی پێوە بادەدات بوونی ئەم دیموکراسیە ناکامڵەیە. جا بۆئەوەی زیاتر ئەم ئەزمونی دەسەڵاتە جوانتر بکەن لەبەرچاوی دونیادا کارێکی عاقڵانە دەکەن کە مامەڵەی شارستانیانە و سەردەمیانە لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆندا بکەن. بەتایبەتیش کە ئەم ئۆپۆزسیۆنە هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری میلەتەکەمانە و بە دەستی دەرەکی و پشتیوانی مادی و مەعنەوی هیچ کەس و لایەنێك دروست نەبوە و تەنها خواست و داواکاری و بێزاری جەماوەری گەلەکەمانی لە پشتەوەیە. کەواتە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕەسەن و خۆڕسك و سروشتکردە نەك دروستکراو و قوتکراوە بۆ دژایەتی ئەم دەسەڵاتە.بۆیە هێندەی دەسەڵات و بگرە زیاتریش دڵسۆزە بۆ گەل و نیشتیمان.هەربۆیە شایەنی ڕێزگرتنە نەك دژایەتی و تەخوینکردنی.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا ژمارە ۵۷۰ لە ۲۰۱۰/۲/۲۳ دا وسایتی سبەی لە ۲۰۱۰/۲/۲٤ دا بلاّوکراوەتەوە.

*******************************

## پۆستی سەرۆك کۆماری لە بەغداد
## یان
## ئاشتبونەوەی ناوخۆیی لە کوردستان ؟ *

- ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیەی عێراق لە ٢٠١٠/٣/٧دا , بوە سەنگی مەحەك بۆ هەموو هێز و قەوارە و هاوپەیمانی و تەنانەت کەسایەتیە کاریگەر و بەناوبانگ و دەستڕۆیشتوەکانی حکومەتی عێراقی و هەموان قەوارەو سەنگ و قورسایی جەماوەری خۆیان بۆ دەرکەوت, هەرچەندە هێشتاش ئەم قەوارە و سەنگینیەیان لە ١٠٠٪ ڕاست و دروست نیە و دەرخستەیەکی سروشتی و ئاسایش نیە.چونکە گەلێکیان پەنایان بردۆتە بەر دیاردە دزێوەکانی دەنگکڕین و بەخشینەوەی دیاری و تەنانەت ساختەکاری و فرۆفێڵکردنیش لەکاتی دەنگداندا.
- پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقی نوێدا و لە دووەم وێسگەی خۆیدا وەك یاسا سروشتیەکە دەڵێت (( مانەوە بۆ بەهێزە یان مانەوە بۆ شیاوترینە)). توانی کۆمەڵە کەسانێك یان قەوارە و لیستێك کە خۆیان لێگۆڕابوو وە خۆیان کردبوە فسفس پاڵەوانی گۆڕەپانەکە. کردینیە بلّقی سەر ئاو و وەدەرینان لە بازنە و گۆڕەپانە سیاسی و دەسەڵاتەکە.

بەم شێوەیە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقداساڵ دوای ساڵ گەشەتر دەکات و دەتوانێت عێراقی نوێ بەسەرکردەی نوێ و بە کەسانی شیاو و بەتوانا و بەهێز ببات بەڕێوە لە هەموو ئاستەکاندا بەرەو گەشەکردن و بەهێزبون و چەسپاندنی زیاتری ببات و بشبێتە نمونەیەکی گەش بۆ ناوچە عەرەب و ئیسلامیەکەش و ئەوانیش ببنە شوێنپێهەڵگری ئەزمونە دیموکراسیەکەی عێراق.

لە کوردستانیشدا بەهەمان شێوە لە هەردوو پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٠/٣/٧ پرۆسەی دیموکراسی گەشەی زیاتری کرد و توانی هێز و لایەن و قەوارەی نوێ بێنێتە پێشەوە لەسەر حسابی بچوکبونەوەی هێزە سیاسیە تەقلیدیەکان کە خۆی لە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری (( پارتی و یەکێتیدا)) دەبینێتەوە.

• لێرەدا پرسیار ئەوەیە , لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە نوێیەی پەرلەمانی عێراقیدا و بەدەستهێنانی ئەو دەنگانەی کەوەدەستهاتوون لەلایەن لیست و قەوارە و هاوپەیمانیە سیاسیەکانی عێراق و کوردستانەوە, ڕەوشی سیاسی عێراق بەرەوکوێ دەڕوات؟ ئایا حکومەتی زۆرینە و کەمینە و ئیستیحقاقی هەڵبژاردن پێك دێت یان حکومەتی تەوافوقی سیاسی و ئیئتیلافی؟ئایا بۆ کورد پۆستی سەرۆك کۆماری گرنگترە یان پرۆسەی ئاشتەواییەکی ڕاستەقینە و خۆڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و یەکخستنی کردار و گوتاری سیاسی بەرامبەر هێزە عەرەبیەکان؟ ئەمە و دەیان پرسیاری تر...

بەکورتی و کرمانجی, ڕەوشی عێراقی ٤ ساڵی ئایندە بەهەمان شێوەی ڕابووردوو پڕ دەبێت لە ململانێی سیاسی بەتایبەتیش کە دوو لیستی گەورەی شیعی و سونی لە گۆڕەپانەکەدا هاتونەتە پێشەوە لیستی (( دەوڵەتی یاسا و ئەلعێراقیە)), لە نێوان شیعە- سونە لەلایەك و کورد-عەرەب لەلایەکی ترەوە و تەنانەت هەندێ جاریش شیعە-شیعە و سونە-سونەشی تێدەکەوێت , نابێت ئەو ڕاستیەشمان لە بیر بچێت کە عێراق وڵاتێکی فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیە, بۆیە ناتوانرێت حکومەت لە بەغداد حکومەتێکی کەمینە و زۆرینە بێت, چونکە هیچ لایەنێك ناتوانێت زۆرینەی ڕەهای دەنگ و کورسیەکانی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بتوانێت وەك (( پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی تورکیا)) تاك لایەنە حکومەتێکی بەهێز و یەکگرتوو پێکبهێنێت.هەربۆیە بەناچاری پێویست دەکات حکومەتێکی پێکەوەیی(( ئیئتیلافی )) پێکبهێنرێت لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسی لە نێوان سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکاندا, بەڕەچاوکردنی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن کە هەر لایە توانیویەتی تاچەند ببنە نمایندەی پێکهاتە و ناوچە و نەتەوەکەی خۆی.چونکە نمایندەکردنی لایەنێك لە زەمەنێك بۆ زەمەنێکی تر دەگۆڕێت و ناکرێت و کارێکی عاقڵانەش نابێت کە تاکە لایەنێك یان کەسایەتی و سەرکردەیەکی سیاسی بۆ هەتاهەتایە نمایندەی گەل و وڵات و نەتەوەو ئاین و مەزهەبێك بکات.

جا لەم پرۆسە ئاڵۆز و پڕ ململانێ و کێشمەکێشی سیاسیەدا و لەسەروو بەندی پێکەوەنانی حکومەتی نوێدا.کورد وەك پێکهاتەیەکی نەتەوەیی سەرەکی لە عێراقدا و بەرەچاوکردنی پێگە سەنگین و مێژوییەکەی لە خەبات دژی دیکتاتۆریەت و رزگارکردنی عێراقدا , ئایا دەکرێت فەرامۆش و پەراوێز بخرێت و دوور بخرێتەوە لەناوەندی بڕیار و پۆستە سیادیەکاندا؟ئایا کورد بۆ خۆی چی بەلاوە گرنگە, پۆستێکی سیادی بێ ناوەڕۆك و بەتاڵ و بێ دەسەلات و تەشریفاتی وەك پۆستی سەرۆك کۆماری لە بەغداد, یان بەهێزکردن و پتەوکردنی گوتار و کرداری سیاسی هەموو گەلی کورد لە چوارچێوەی پێکهاتە سیاسیەکانیدا؟

لەئێستادا بۆ کورد و سەرکردایەتیەکەی واباشترە کە هێندەی هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستێکی سیادی بێ دەسەلات دەدات لە بەغداد , نیوهێندەی ئەوەش هەوڵێکی راستگۆیانە بدات بۆ چێکردنی پرۆسەیەکی گەورە و گرنگ و کاریگەر بۆ ئێستا و ئایندەی مەسەلەی کورد لە عێراقدا ئەویش ئاشتکردنەوە و گفتوگۆکردن و راوێژکردن و بیروراگۆڕینەوە و دواتریش تەبایی و یەك و یەکگرتویی ریزەکانی گەلەکەمان و لیست و قەوارە سیاسیەکانێتی بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەوە. ئەمەش بە گوتار و دروشمی بریقەدار و گوتەی سەر تەلەفزیۆن و بەردەم میدیاکان نابێت , بەڵکو کردار و هەنگاوی بوێرانە و ئازایانەی گەرەکە.ناکرێت لەگەڵ دوژمنان و ناحەزاندا هاوپەیمانی ببەسترێت و رێك بکەون لەسەر هەندێ پلە و پۆست و ئیمتیازاتی کەم , بەلأم لەگەڵ هاوخەبات و براکانیشدا دڕدۆنگ و بنەمای گفتوگۆ رەتبکرێتەوە. کارێکی شیاویش نیە لەکوردستان دوژمنایەتی و حساب بۆنەکردن و پەراوێزخستن پیادەبکرێت و لە بەغدادیش داوای هاوپەیمانی و دانیشتن و یەکدی قبوڵکردن بکرێت.

ئەم سیاسەتی دووفاقیەی دەسەلأت لەکوردستاندا لەلایەك لەگەڵ ناحەزاندا و لەلایەکیش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا کاریگەریەکی زۆر نێگەتیڤی دەبێت بۆ سەر پێگە و قورسایی کورد لەلایەك و چارەسەرنەکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدادیش لەلایەکی ترەوە و دەسەڵاتیش دەخاتە بەر کۆمەڵ گەلێك پرسیاری گەورەوە لەلایەن جەماوەر و نەوەی نوێشەوە. هەربۆیە پێویستە کە پارتی و

یەکێتی پێش هەر هاوپەیمانێتیەك لەگەڵ لیست و لایەنە عەرەبیەکاندا (( بە سونە و شیعەکانیشەوە)) هەستن بە هەنگاوی بوێرانە بەرامبەر هێزی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا و پێکەوە بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن و هاوپەیمانی لەگەڵ هەر لایەکدا ببەستن لەسەر بنەما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان ڕێکبکەون و ماف و دەسکەوتەکان بە فیڕۆ نەدەن و لە داهاتوشدا سیاسەت بکەن نەك هەوڵی موجامەلە و دڵڕازیکردن بدەن.

چونکە کورد هێندە سەنگ و قورسایی هەیە کە دەتوانێت هاوکێشە سیاسیەکان لەیەك کاتدا هاوسەنگ و تێکیش بدات, چونکە هیچ لیستێکی شیعی و سونی ناتوانێت بە بێ کورد زۆرینەی ڕەها مسۆگەر بکات و حکومەت پێك بهێنێنت کە ئەمەش خاڵی بەهێزە بۆ کورد کە لە هاوپەیمانێتی دروستکردندا سوودی لێوەربگرێت بۆ چەسپاندنی ماف و دەسکەوتە نەتەوایەتیەکان و وەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتریش نەك بەدوای پلەو پۆستی بێ ناوەڕۆك و تەشریفاتیدا ڕابکەن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠١٠/٣/٢٦دا بلاْوکراوەتەوە.

## گۆڕان

## نەزوەیەکی سیاسی یان مەتلەبێکی جەماوەری *

- وەك ئاشکرایە هەموو بزوتنەوەیەکی گۆڕان مانا و مەغزایەکی قوڵ و فراوانی هەیە لە ڕووی کاریگەری و پانتایی کارکردنیەوە لەسەر سیستەمە باوەکەی دەسەلات و کۆمەڵگاوە . گۆڕان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئامادەگی هەیە و پێویستیەکی بەردەوامە بۆ گەشەپێدان و نوێبونەوە و بەرەوپێشچوون و داهێنان و هەنگاونان بەرەو ئاینده. گۆڕان بۆ خۆی مژدە بەخشێکی فرە ڕەهەندە و دژی هەموو ستاتیکایەك و چەقبەستن و کۆنەپارێزی و لەڕێلادانێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و ...هتد.و پرۆسەیەکە گەر ئەمڕۆ ڕوونەدات بەدڵنیایی سبەی هەر ڕوودەدات.

بەم شێوەیە پرۆسەیەکی ئاوها گەورە و گرنگ و کاریگەر و زێدە هەستیار پێویستی لەلایەك بە ڕابەران و چالاکوان و هەڵسوڕاوانێکی زێدە کارامە و عەقڵ فراوان و دوور ڕەهەندی سیاسی و فکری و ئابوری و سنگ و نوچە فراوان هەیە کە بڕوای تەواویشی بە دیموکراسی و ئازادیەکان هەبێت, و لەلایەکی تریشەوە پێویستی بە شێوازێکی سەرکەوتوو و نەرم و نیان و لەسەرخۆ و گونجاوی قۆناغ و سەردەمەکەش هەیە.

هەربۆیە کارێکی زێدە پێویستە کە ئەم دوو هۆکارە وەك زەمینەسازیەکی لەبار بخوڵقێنرێت بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی سەرکەوتووی گۆڕان چێ ببێت و بگاتە ئامانجەکانی خۆی.

- گۆڕان لە ئەنجامی چی و بۆ چیش ؟

هەموو پرۆسەیەکی گۆڕان لەهەر کۆمەڵگا و سیستەم و دەسەلاتێکدا لە ئەنجامی چەندین فاکتەر و پاڵنەرەوە سەرهەڵدەدات لەوانە:

١.لادانی سیستەم و دەسەلاتە سیاسیەکە لە شاڕێگای خزمەتکردنی جەماوەر و ئاوەدانکردنەوە و خۆشگوزەرانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی.

٢.نەمانی بنەما و بەها ئەخلاقی و پەروەردەیی و کۆمەلایەتیە پیرۆزەکان.

٣.ونبوونی یان نەمانی شەفافیەت و عەدالەت و ئازادی و دیموکراسیەت.

٤.زیادبوونی دیاردەی گەندەڵی و مشەخۆری و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و زیادەڕەوی بەسەر یاسا و ڕێسا و موڵکی گشتی و ڕێزنەگرتنی مافەکانی تاك و کۆمەڵ.

٥.دامەزراندن و چەسپاندنی سیستەمێکی تاك ڕەوی سەرکردە و حیزب و بنەماڵە و عەشرەت و ناوچە و مەزهەبی.

٦.بلاوبونەوەی زوڵم و چەوساندنەوەی چینایەتی و تۆخکردنەوەی بەرژەوەندیە مادیەکان لە پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکان لەسەر حسابی کاڵبونەوەی ئینتیمای نەتەوایەتی.

٧.بلاوبونەوەی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی.

ئەمانە و گەلێکی تریش دەبنە بزوێنەر و داینەمۆی هەست و سۆزی تاك بەتاکی کۆمەڵگا و دواتریش گروپ و چین و توێژەکان و زیاتریش سەرتاپای کۆمەڵگا دەگرێتەوە بۆ چێ کردنی پرۆسەیەکی گەورەی گۆڕان و دەبێتە مەتڵەبێکی جەماوەری فراوان و بەمەش شەرعیەتێکی گەورە وەردەگرێت و هەموان پێکەوە کاردەکەن بە ئاڕاستەی گۆڕان و وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە :

١. گۆڕانی سیستەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیە باوەکە.

٢. چەسپاندنی عەدالەت و شەفافیەت و وەکیەکی تاکەکان و ئازادی و دیموکراسیەت.

٣. سەروەرکردنی یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هەموو چین و توێژ و تاکەکانیش.

٤.هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و داهێنەر.

٥.گۆڕان لە عەقلیەتی کارکردن و حوکمڕانی و پیادەکردنی سیستەمێکی یەکسانی و دادپەروەری بۆ هەموان لەسەر بنەمای ئەرك و ماف دوور لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و دڵ ڕازیکردن.

بەم شێوەیەش کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو و داهێنەر و خۆشگوزەران و گۆڕانخواز و ئایندە دۆست چێ دەبێت.کە هەموو تاکێك هەست بە بون و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەکات و کەرامەت و سەروەری و پیرۆزیەکانیشی پارێزراو دەبێت.

ئایا گۆڕان لە کوردستاندا و لە ئێستادا, بۆتە مەتڵەبێکی جەماوەری ڕاستەقینە یان وەك نەزوەیەکی سیاسی سەیردەکرێت و حسابی بۆ دەکرێت؟ گۆڕانخوازانی ڕاستەقینە کێن ؟ تەنها دەیان کەسی هەڵسوڕاوی دیارن یان جەماوەرێکی پانوپۆڕی سەرتاسەری کوردستانن؟ ئەمەو دەیان پرسیاری تریش...

بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە دیقەت و ویژدان دۆستی گەرەکە, چونکە حوکمێکی کوێرانە و بیٰ بنەمایانەی دوور لە حسابکردن بۆ ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەکانی سەر زەمینەی واقیع و ئەزمونی کارکردنی فعلی ماوەی کەمتر لە ساڵێك وادەکات کە مرۆ بەدیقەتەوە وەلام بداتەوە.

لەڕاستیدا لەسەرەتاوە لەلایەن زۆر کەسەوە, بانگەوازی ڕیفۆرم و دواتر گۆڕان واسەیری دەکرا و تێیگەیشتبوون کە تەنها نەزوەیەکی سیاسی یان سەرکێشیەکی حساب بۆنەکراوە و تەنها لە جوغز و چوارچێوەی عەقڵ و بیر و بۆچوونی چەند سەد کەسێکدا دەمێنێتەوە و ناتوانێت پەل بکێشێت بۆ مەودا و پانتاییەکی فراوانتر و سنوری ناوچەیەکی دیاریکراو تێناپەڕێنێت.و ڕۆڵ و کاریگەریشی لەو حیزبۆکە بچوکانەی ئێستای سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان گەورەتر نابێت.

بەلام ئەم بیروڕایە لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ی پەرلەمانی کوردستانەوە تاڕادەیەکی گەورە ڕەوییەوە و زۆرێك لەو بیروڕایانەی گۆڕی. هەرچەند ئەو ژمارە دەنگەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەیەکەم ئەزمون و هەنگاوی پڕ مەترسی و زۆر هەستیاری خۆیدا بۆ تاقیکردنەوەی توانا و هێزی جەماوەری خۆی بەدەستی هێنا سەرتاپای دەنگی ڕاستەقینەی گۆڕان خۆی نەبوو, بەڵکو لە ئەنجامی دڵ گەرمی و قووڵی ناڕەزایی هەموو چین و توێژەکان و تاك بەتاکی کۆمەڵگا و ئەندام ولایەنگرانی سەرجەم حیزبە سیاسیە تەقلیدیەکانەوە هاتبوو, بەو هیوایەی لەیەکەم جەولەی ئەم گەمە سیاسی و دیموکراسیەدا پشتی دەسەلات لە

زەوی بدرێت, بەلاّم نەتوانرا ئەو کارە بکرێت. بەلاّم ئەم هەنگاوە و سەرەتایە بوە زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر مێژوو و پێگە و دەسەلاّتی حیزبە گەورە و دەسەلاّتدارەکان و توشی شۆکی کردن. بەم شێوەیە گۆڕان وەك بزوتنەوەکی سیاسی لە چوارچێوەی فکر و بیروڕاو و مەجاز و نەزوەیەکی سیاسی کورت و تەسکدا نەمایە و بوە مەتڵەبێکی سەرەکی و ڕەوای جەماوەری فراوانی کوردستان و هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ ش جارێکی تر و لەدوای ٧ مانگ ئەو ڕاستیەی باشتر و بەهێزتر سەلماندەوە کە گۆڕان بۆتە مەتڵەبێکی جەماوەری سەرتاسەری کوردستان و جێگە پێی خۆی قایمکردوە لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری و گەلێك ئومێد و هیوا و خواستی لەسەر هەڵچنراوە بۆ ئایندە.

- **لێرەدا و لە ئە نجامی ئەم دوو پرۆسەی هەڵبژاردنە و ناساندن و چەسپاندنی ناو و بەرنامە و ئاڕاستەی کارکردن و دروشم و خواستەکانی گۆڕانەوە, چی پێویستە بکرێت بۆ بەردەوامبوون لەسەر چونە پێش و گەرموگوڕ ڕاگرتنی جۆش و خرۆش و پشتیوانی جەماوەر بۆ بزوتنەوەکە؟ ئایا بزوتنەوەی گۆڕان هەروا بەم شێوە جەماوەریە پانوپۆڕە بمێنێتەوە یان ڕێکبخرێت لە چوارچێوەی شێوازێکی نوێی ڕێکخراوتری کارکردندا دوور لە شێوازی کارکردنی حیزبە سیاسیە تەقلیدیەکان؟ ئایا گۆڕان بکرێتە حیزبێکی سیاسی سەرکەوتوو تر دەبێت یان بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری بمێنێتەوە؟**

پێش وەلاّمدانەوە , زەرورە بزانین ئەم سەرکەوتن و گەشەکردن و ناساندنە خێرایەی بزوتنەوەی گۆڕان لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسەن بەری ڕەنجی کێیە؟ بەتەنها بەری ڕەنجی چەند سەد کەسێکە لە ڕابەران و چالاکوان و هەڵسوڕاوانی دیار و بەرچاوی بزوتنەوەکە؟ یان سەرتاپای جەماوەر و دەنگدەران و لایەنگرانی بزوتنەوەکەیە؟

وەلاّم ئەوەیە کە ڕاستە بزوتنەوەکە لەسەر دەستی چەند کەسێکی کەمدا دامەزراوە و کاری جدی بۆ کراوە بۆ دەرکەوتن و ناساندنی بەلاّم وەدەستهێنانی ئەم دوو سەرکەوتنە گەورەیەی هەڵبژاردنەکان لەسەر دەستی تاك بەتاکی دەنگدەران و لایەنگرانی بزوتنەوەکە وەدیهاتوون کە بێ بەرامبەر و بێ ئەوەی چاویان لە پۆست و پلە و ئیمتیازات بێت. نەك هەرئەمەش بەڵکو ژیانی خۆیان و

نانی خێزان و منداڵەکانیشیان خستۆتە بەردەم هەڕەشەی مەترسیەوە.ڕاستە لەدایك بونی بزوتنەوەکە لەلایەن چەند کەسێکی کەمەوە بووە , بەڵەم لەوەش کاریگەرتر کۆبونەوە و گەشەپێدان و بەگەرموگوڕ ڕاگرتنی جۆش و خرۆشی فراوانی جەماوەرە لە دەوری بزوتنەوەکە.

کەواتە هەموان دروستکەر و پارێزەر و ناسێنەری بزوتنەوەکەن لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا,. و ئەمەش ئیمتیازات نیە بۆ هیچ کەس و چەند سەد کەسێك بەڵکو جێگەی شانازییە بۆ هەر یەکێك کە بەکردار یان بەقەڵەم و نوسین و یان بە پشتیوانی و لایەنگری یان بەدەخیلەی منداڵەکانی و یان بەدەنگدانی بۆ بزوتنەوەکە هاوکاری و هاوبەشی کردبێت. مادام گۆڕان بۆتە مەتڵەبێکی جەماوەری کەواتە جەماوەر هەموو خاوەن و دامەزرێنەر و پارێزەری بزوتنەوەکەیە.

- **چی بکرێت بۆ هێشتنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە ئایندەدا وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارای جەماوەری؟**

بەم شێوەیە و دوای ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان بوە خاوەنی ٢٥ کورسی پەڕلەمانی کوردستان و ٨ کورسی پەڕلەمانی عێراق و بۆتە هێزێکی سیاسی و جەماوەری بنکە فراوانی وا لە سەرئاستی عێراق پێنجەم و لەسەر ئاستی کوردستانیش دووەم هێزە, پێویستە شێوازی کارکردنی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەم ئەرك و لێپرسراوێتیە گەورەیەی کەوتۆتە سەر ئەستۆی.

بەشێوەیەك کە دەبێت سەرەتا بزوتنەوەکە ئۆرگانیزم بکرێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەشێوەیەکی نوێ کە تیایدا لەلایەك مەرکەزیەت هەبێت و لەولاشەوە ئازادی و دیموکراسیەت چەسپاو و ڕێزلێگیراو بێت, هەروەها ئەرك و دەسەلاتەکانی ئۆرگانەکانیش دیار و ڕوون و ئاشکرا بن.کاری ڕێکخراوەیی و جەماوری و پەیوەندیەکان و ئیدارە و دارایی و هەڵبژاردن بە شێوازێکی نوێ ڕێکبخرێن. بۆ ئەوەی لەلایەك ڕایەڵە و پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا فراوانتر و بەردەوامتر و گەرموگوڕتر بێت و لەلایەکی تریشەوە کادر و هەڵسوڕاوەکانی گۆڕانیش پەروەردەیەکی فکری و عەقائیدی کوردانەی ڕەسەن و ڕاستەقینە بکرێن, بۆ ئەوەی بە ئیمان و متمانە و قەناعەتی تەواوە کاربکەن بۆ بزوتنەوەکە و لەلای سێیەمیشەوە پێویستە بزوتنەوەکە هەوڵی دامەزراندنی

تۆڕێکی پەیوەندی گەرم و گوڕ و فراوان بدات لەگەڵ هەموو هێزە سیاسیە کوردی و عێراقیەکان و ناوچەکەشدا و خۆی لە (( صەومەعەی )) گردەکە ڕزگار بکات لە پێناو دوورکەوتنەوە لە پەراوێز خستن و تەریککردنی لە گۆڕەپان و پرۆسە سیاسیە گەورەکە و دووربکەوێتەوە لە سیفەتی ناوچەیی و هەنگاو بنێت بەرەو نیشتیمانی و نەتەوایەتی و ناوچەیش.بەم شێوەیە دەکرێت لەلایەك بزوتنەوەکە وەك بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری بهێڵرێتەوە و لەلایەکی تریشەوە کاربکرێت بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوەکە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و ئیداری و دارایی و ...هتدوە. چونکە ناکرێت بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری بەبێ ڕێکخستنێکی سیاسی و سەرکردایەتیەکی کارامە و دووربین بەجێبهێڵرێت بۆ کاری قەدەر و هەڕەشەی چاوسورکردنەوە و نانبڕین و ئیمتیازات پێدان و پەشیمانکردنەوە.

هەربۆیە بەم شێوەیە دەتوانرێت بزوتنەوەکە بەگەرم وگوڕی و کارایی بهێڵرێتەوە, بەمەرجێك هەموان دووربکەوینەوە لە عەقڵی تەسکی خودپەرستی و تەکەتولچێتی ناڕەوا و بێ بنەمای فکری و دوور لە داهێنان و دڵڕازیکردن و شاردنەوەی ڕاستیەکان لەیەکتری و لە جەماوەریش چونکە نهێنی سەرکەوتن و مانەوەی هەر بزوتنەوەیەك سەرچاوە دەگرێت لە ئیمان بون بە ڕەوایی مەسەلەکە و یەك و یەکگرتوویشی لە فکر وکردار و گوتاریدا.دوور لە بەرژەوەندی مادی و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و پلە و پۆست و ئیمتیازاتەکان.کە تەنها کەسە دەستڕۆیشتوو و لێپرسراوەکان هەوڵی بۆ دەدەن نەك جەماوەرە پانوپۆڕە دڵسۆزەکەی گۆڕان و هەمیشەش هەروا بوە کێشە و ململانێکانی سەرەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە و ئەنجامیش دووکەرت بوون و بێهێزبوونی بزوتنەوەکەی لێدەکەوێتەوە.کە هەق وایە ڕابەرانی گۆڕان پەندی قوڵ لە ئەزمونی ململانێکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانی و دنیاییەکانیش وەربگرن و ئەو ئەزمونە دووبارە نەبێتەوە لە بزوتنەوەی گۆڕاندا.لە پێناو بە ئامانج گەیشتن وسەرکەوتنی ئەزمونی ساوای ئۆپۆزسیۆن بوون لە کوردستاندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لەبەرواری ٢٠١٠/٤/١٠دا بلاوکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی

## ئەرێ دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە؟ *

•ئەوەتا ماوەی زیاتر لە ٣ هەفتەیە هەردوو دەوڵەتی داگیرکاری بەناو دیموکراسی و ئیسلامی تورکیا و ئێران کەوتونەتە تۆپبارانکردنی گوندنشینەکانی سەرسنوری هەردوو وڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق. بە بیانوی بوونی بارەگاکانی پژاك و پەکەکە لەو گوندانەدا و داڵدەدانیان لەلایەن گوندنشیانانەوە و وەك وەڵامێکی تۆڵەسەندنەوەش لەبەرامبەر کار و چالاکی و کارە پارتیزان و شۆڕشگێڕانەکانی پژاك و پەکەکە دژ بەدام و دەزگاکانی سوپا و بەسیج و پاسداران و جەندرمەکانی تورکیا و ئێران.بەو هیوایەی توانا و کارو چالاکی پژاك و پەکەکە لاواز بکەن و ورەی پۆڵاینی گەریلا چاونەترسەکانیان بڕوخێنن و پێگە و بارەگاکانیان پێ چۆڵ بکەن. نازانن کە لەبەرامبەر هەر گولە تۆپ و هاوەن و تۆپبارانکردنێکی فڕۆکەکانیاندا زیاتر ورەی پۆڵاین ئاسایان بەهێز و پتەوتر دەبێت و پشتگیری و لایەنگیری جەماوەری هەر چوار پارچەی کوردستانیشیان بۆ زیاتر دەبێت. ئەمە سەرەڕای هاوکاری و پشتیوانی دەوڵەتانی ئەوروپا و دیموکراسیخوازی دونیاش.

❖ **لێرەدا پرسیار ئەوەیە. ئەرێ دەوڵەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان چ بونێکیان هەیە؟ ئایا بۆ وەڵامی ئەم تۆپبارانکردن و شکاندنی سیادەی عێراقیە نادەنەوە و خۆیان کڕکردوە؟ ئەرێ ئەم بێ دەنگیە لە بێدەسەڵاتیانەوەیە یان لە ڕازیبونیانە لەسەر ئەم پێشێلکاریە نێودەوڵەتیە؟**

ئاشکرایە دەوڵەتی ناوەندی عێراق لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەساڵی ٢٠٠٣ وە دەوڵەتێکی خاوەن سیادە نەماوە و بڕیاری جەنگ و ئاشتی لەدەست خۆیدا نیە . چونکە لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکراوە و لەڕووی هێز و توانای سەربازیشەوە عێراق و سوپای سەردەمی صدام نەماوە کە نە ئێران و نەتورکیا هیچ کاتێك نەیاتوانیوە بچوکترین دەستدرێژی بکەنە سەر سنوور و سیادەی عێراقی.هەربۆیە لە ئێستادا ئەو دوو وڵاتە لاوازی و بێهێزی و نەبوونی حکومەتێکی خاوەن سوپا و توانای سەربازی گەورە لە بەغداد بەهەل دەزانن و تەراتێنی ئازادانە دەکەن لە

پێشێلکردنی سەروەری سنوور و سیادەی عێراقیدا.هەرچی حکومەتی هەرێمیشە لەدەوڵەتی ناوەندی لاوازتر و بێدەسەڵاتتر و بێ سوپا و بێهێز و توانای بەرچاوی سەربازیە کە بتوانێت وەڵامی ئەو دەستدرێژیانە بداتەوە. ڕاستە پاراستن و وەڵامدانەوەی ئەو دەستدرێژیانە ئەرکی سوپا و دەوڵەتی ناوەندی فیدڕاڵیە. بەڵام ئەمە ڕێگر نیە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بکاتە خاوەن هێزێکی سەربازی بەتوانا و تۆکمە و پۆشتە و پەرداخ لە ڕووی چەك و تەقەمەنی و مەشق و ڕاهێنان و تەکنیکی سەربازیەوە.حکومەتی هەرێم تا ئێستا جگە لە سازش و نەرمی نواندن و دەرکردنی بەیاننامەی شەرمنانەی سەرکۆنەکردنی ئەو پێشێلکاریانە و داواکردنی ڕاگرتنیان هیچ هەڵوێستێکی توندی نەتەوەییانەی نەنواندوە. بۆ پشتگیری پژاك و پەکەکە بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر سەرکۆنەی پژاك و پەکەکە و چالاکیەکانیان دەکات و داوای ڕاگرتنیان دەکات و ماف تۆڵەسەندنەوەش دەداتە تورکیا و ئێران.

دەسەڵاتدارانی هەرێم دوور لە هەموو داب و نەریتێکی دیپلۆماسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و ڕێزگرتن لە یەکتری و دراوسێیەتی باش و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی یەکتری. بێ ئابڕوانە و زۆر بێ شەرمانە لەکاتی ئەو تۆپبارانکردنانەدا سەردانی ئەو وڵاتانە دەکەن و لەژێر ئاڵا خوێناویەکانیاندا ڕادەوستن و سەر دادەنەوێنن و پێشوازیش لەوەفدە بەناو باڵاکانیان دەکەن لەکوردستان.و خۆیان کەڕکردوە و ئەو پەڕی دووڕووی و نیفاقی سیاسی پیادە دەکەن لەبەرامبەر ئەو وڵاتانە و گەلەکەشماندا و تەنانەت ڕێز لە داماوی و مەزڵومیەتی ئەو هەزاران گوندنشیانە ناگرن کە زەرەروزیانی ماڵی زۆریان پێگەیشتوە لەو تۆپبارانکردنانە کە ئەرکی سەرەکی حکومەتی هەرێمە پاراستن و دابینکردنی جێگە و پێداویستی بۆیان.

ئاشکرایە ئەم بێدەنگیەی حکومەتی ناوەند و هەولێریش لەلایەك لە بێتوانایی و بێ دەسەڵاتی و لاوازیانەوەیە و لەلایەکی تریشەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕازیبون و ملشۆڕکردن و دڵڕاگرتنی ئەو دوو وڵاتەیە. هەریەکە بەبۆنەیەکەوە هەرچی ئێرانە هەژموونی سیاسی و ئابوری و سەربازی بەسەر شیعە باڵادەستەکانەوە هەیە لە بەغداد و دەسەڵاتدارانی کوردستانیشەوە و هەرچی تورکیاشە بەهەمان شێوە

هەژموون و فشاری سیاسی و ئابوری لەسەر کوردستان هەیە.بەتایبەتیش هەردوو بنەماڵە.

بۆیە هەریەکە لە دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێمیش بون و نەبونیان وەك یەك وایە.چونکە ناتوانن بچوکترین پەرچەکردار دژی ئەو دوو وڵاتە بنوێنن.تەنانەت ناشتوانن وەکو پێویست هاوکاری مادی و مەعنەوی لێقەوماوانیش بکەن.بۆیە ئەم بێهەڵوێستی و بێدەنگیەی هەردوو حکومەتی ناوەند و بەتایبەتیش هەولێر بۆتە مایەی زیاتر شەرمەزاربونیان و ئاشکرابوونی دەستەکان و پیلانەکانیان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا لەبەردەم جەماوەری گەلەکەمان. تەنانەت ناشتوانن وەکو هەڵوێستی جەماوەری شارەکانی بەسرە وموصڵی عەرەبیش بەهاوبەشی لەگەڵ کوردەکاندا بچنە بەردەم بارەگای کونسوڵیەتی ئەو وڵاتانە و ناڕەزایی و خۆپیشاندان بکەن و جەماوەر و لایەنگرەکانی خۆشیان خەساندوە و بێهەست و سۆزی نەتەوەییان کردوون. هەردوو حکومەتی ناوەند و هەولێر بەپێچەوانەی هەڵوێستی جەماوەرەوە کەوتونەتە هەمائاهەنگی و جاسوسی کردن بۆ تورکیا و ئێران دژی گەریلا نەبەزەکانی پژاك و پەکەکە و گەرەکیانە لە شاخە سەرکەش و بڵندەکانی قەندیل هەڵیان بکەنن وئەو دوو هێزە شۆڕشگێڕە ڕەسەنەی کوردایەتی بێهێز و لاواز بکەن و ڕایانبکێشنە گۆڕەپانی سازشکردن و ملشۆڕکردنەوە وەکو خۆیان تاپیلانە گڵاوەکانی تورك و فارسەکان سەربگرێت.بەڵام ئەو ڕۆژگاری فسەفسکردن و پیلاندارشتنانەی ژێربەژێر لەدوای دەرگا داخراوەکانەوە بەسەرچوە و جەماوەری گەلەکەمان زۆر لە دەسەڵاتدارە خەسیوەکان هۆشیارترن و ڕۆژ بەڕۆژیش دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراقی و کوردیش لەکوردستان لە بەردەم جەماوەری عێراقی و کوردستانیشدا ڕسواتر دەبن لەسەر ئەو بێهەڵویستیە نا نیشتیمانی و نا نەتەوایەتیەیان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردستانپۆستدا لە بەرواری ٢٠١٠/٦/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## مقاوەمەتی شۆڕشگێڕی یان دانوسانی سەرشۆڕی ؟*

❖ سەرەتا بەندە هیچ کاتێك لەگەڵ توندوتیژی و بەکارهێنانی چەك وهێز و تۆقاندن و تیرۆردا نیم. بەڵام لەمەسەلەی بەرگریکردن لەماف و داخوازی و مەسەلەیەکی ڕەوادا پشتگیری هەموو هۆکار و ڕێگاچارەیەك دەکەم بۆ وەرگرتن و سەندنەوەی. بەتایبەتیش مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ و کاریگەری وەك مەسەلەی ژێر دەستەیی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی وەك مەسەلەی کورد. لەو وڵاتانەی کە دابەشکراوەتە سەریان لە تورکیا وئێران و عێراق و سوریادا.

❖ هەربۆیە لە ئێستادا ڕەوایەتی و شەرعیەت دەدەمە هەموو کاروچالاکیەکانی گەریلا نەبەزەکانی پژاك و پەکەکە کە دژی هەردوو زلهێزی ناوچەیی تورکیا و ئێران ئەنجامی دەدەن.چونکە ئەو دوو ڕژێمە تەنها لە زمانی چەك و هێز و تۆقاندن تێدەگەن نەك گفتوگۆ و ئاشتی و پێکەوە ژیان و وەکیەکی لەگەڵ گەلانی تردا و بەتایبەتیش کورد.

❖ لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئایا بەم چالاکیە کەم و بچوکانە پژاك و پەکەکە چییان دەست دەکەوێت؟ دەتوانن ئەو ڕژێمانە بڕوخێنن یان ناچاری داننیان بکەن بەمافەکانی گەلی کورددا؟ئایا ئەو دوو ڕژێمە لەبەرنامە و ستراتیژیاندا هەیە کە مافی کوردان بدەن بە ئاشتی و لەڕێگەی گفتوگۆوە؟ئەی پژاك و پەکەکە تاکەی ئامادەیی جەنگی بەرەنگاری و مقاوەمەتی شۆڕشگێڕین؟ئایا ئەوەی لە مقاوەمەتەوە وەدەستی دێنن ناتوانن لەڕێگەی گفتوگۆو دانوسان و ئاشتی و دیپلۆماسیەوە وەریبگرن؟ و دەیان پرسیاری تریش...

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە لەبیر نەکەین کە ڕژێمەکانی تورك و فارس و عەرەب داگیرکاری خاك و نەتەوەی کوردن و دەستپێشخەری زوڵم و چەوساندنەوە و لەناوبردن و قاتوقڕکردنی نەتەوەی کوردن.هەربۆیەش بەناچاری کورد پەنای بردۆتە بەر مقاوەمەت و شۆڕش و خەباتی چەکداری. چونکە ئەو ڕژێمانە لە غرور و باڵادەستی و دەسەڵاتیانەوە هیچ کاتێك حسابیان بۆ کورد و مەسەلەکەی نەکردووە تا بەئاشتیانە چارەسەریان بکەن.ئەوان بۆ گەلانی خۆشیان بڕوایان بەدیموکراسیەت و

حوکمی زۆرینەی شەعب نیە جا چجای بۆ کورد.بۆیە کورد لەگەڵ ئەو ڕژێمە سیاسیانەدا ئەزمونێکی دوورودرێژو تاڵی هەیە و بۆی دەرکەوتوە کە تەنها لە ڕێگەی شۆڕش و خەباتەوە دەتوانێت ناچاریان بکات بۆ ئاشتی و گفتوگۆکردن.بۆیە بەردەوامبوون لەسەر کار و چالاکی و مقاوەمەتی شۆڕشگێڕی تاکە هۆکارێکە بۆ ملکەچپێکردنی ئەو ڕژێمانە. هەرچەندە بچوك و کەم کاریگەریش بن.

کورد خەبات و شۆڕشیان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییانە لەسەر خاکی خۆیان نەك بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانە بێت لەتاران و ئەنکەرە و بەغداد و دیمەشق.چونکە کورد تەنها داوای مافی خۆی دەکات وەکو گەل و نەتەوەیەك لەسەر خاکی خۆی . بۆیە زۆربەی شۆڕشەکانی کورد داوای سەربەخۆیی یان خودموختاری یان فیدراڵیان کردوە بەپێی قۆناغەکانی خەبات , نەك داوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانە.

بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ کام لەو ڕژێمانە بیریان لە چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد نەکردۆتەوە و هەمیشە پەنایان بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ و سەرکوتکردن و کیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید و سوتماککردنی گەل و خاکی کوردستان کردۆتەوە. بۆیە گەر ناچار نەکرێن هیچ کاتێك ئامادەنین لەسەر مێزی گفتوگۆ و ڕووبەڕوو لەگەڵ کوردا دابنیشن بۆ دانانن بە مافەکانیدا.

هەربۆیە پژاك و پەکەکە کە لە ئێستادا بونەتە سیمبولی مقاوەمەتی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەنی کوردایەتی بەناچاری درێژە بەخەبات و مقاوەمەت دەدەن و تابۆیان بکرێت درێژە بەخەبات دەدەن تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

پژاك و پەکەکە و لە پێشتریش خەباتی کوردانی باشوور هەمیشە لە قۆناغی شاخ و شۆڕشدا گەلێك دەسکەوتی گەورە و گرنگیان وەدەستهێناوە و لە زۆر قۆناغدا ئەو ڕژێمانەیان ناچاری گفتوگۆکردن کردوە. و کورد هەمیشە لە شۆڕش و خەباتدا زۆر دەسکەوتی وەدەست هێناوە. بەڵام لەسەر مێزی گفتوگۆ لەدەستی داون. نزیکترین نمونەش کەمبونەوە و کاڵبونەوە و بچوکبونەوەی دەسکەوت و هەژمونی کوردە لە بەغداد لەسایەی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستانەوە. هەربۆیە کورد یان زۆر نەزانە و هیچ فێر نابێت لە فێڵ و گەمەی سیاسی و دیپلۆماسیدا یان دوژمنەکانی زۆر زیرەکترن.هەربۆیە هەمیشە خاڵی لاوازی سەرانی کورد ئەوە بوە کە نەیانتوانیوە

لەسەر مێزی گفتوگۆ و بە ئاشتیانە مافەکانی خۆیان بسەنن جگە لەشەڕ و مقاوەمەتکردن.

پێدەچێت نەبوونی ئەزمونی حوکم و دەسەڵات و بەڕێوەبردن لەلایەك و بەردەوام سەرقاڵبوونی کوردان بە شۆڕش و بەرەنگاریەوە لە مافەکانی وای لێکردبێت تەنها هونەری جەنگ و شۆڕش فێربوبێت نەك هونەری سیاسەت و دیپلۆماسیەت. هەربۆیە لەیەکەمیاندا سەرکەوتوو لەدووەمیشیاندا لە پاشەکشێدا بووە.

❖ ئەی چارەسەر چییە؟ کورد هەر لەسەنگەری خەبات و مقاوەمەتی شۆڕشگێڕیدا بێت؟ یان هەنگاو بەرەو سەنگەری دانوسانی سەرشۆڕانە بەرێت؟

ئاشکرایە ئەم قۆناغ و سەردەمی سەدساڵی بیست ویەکەمە گەلێك جیاوازە لە سەدساڵی بیستەمی ڕابووردوو کە سەردەمی ئازادی گەلان و شۆڕش و خەبات و مقاوەمەت بوو. سەرەڕای گۆڕانی نەزمی جیهانی و بچوکبونەوەی دونیا بەهۆی پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەکانی تەکنەلۆژیا لەبواری پەیوەندیکردندا وای کردوەکە مرۆڤ بەسەر هەموو کار وکردار و بەرنامە و گوتاری خۆیدا بچێتەوە و هەوڵی خۆگونجاندن بدات لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکاریە ناوچەیی و دونیاییەکانیشدا.

ئەم سەردەمە هێندەی ئابوری و بازاڕ و بازرگانی و کۆمپانیا گەورە فرە نەتەوەییەکان سیاسەت ئاڕاستە دەکەن و بەڕێوەشی دەبەن. نیوهێندە سیاسەت فشار و کاریگەری نیە لەسەر گۆڕانکاریەکان و لەلایەکی تریشەوە تێکەڵ بوون و پێکەوە ژیانی شارستانیەت و گەلانی دونیاش پێکەوە هێندەی دی ئەم قۆناغەی جیاوازکردوە لە ڕابووردوو.

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکاریانەشدا, شۆڕش و خەبات و مقاوەمەت پێگەی خۆیان وون نەکردووە. ئێستاش ڕۆڵ و کاریگەرییان بە زیندوویی ماوەتەوە.ئەوەتا سوپاسالاری تورکیا (( باشبوغ )) دان بەوەدا دەنێت کە تابەیانی خەوی لێناکەوێت لەبەر چالاکی گەریلاکانی پەکەکە و لەئێرانیش لەبەرامبەر چالاکیە بچوکەکانی پژاك بەڵام کاریگەرەکانیان ماوەی زیاتر لە مانگێکە کەوتۆتە تۆپبارانکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان وەك تۆڵە سەندنەوەیەك.

کەواتە شۆڕش و مقاوەمەت لە ئێستاشدا بۆ کورد زۆر پێویستە تا ئەو کاتەی ڕژێمە داگیرکارەکان مل دەنێن بۆ ڕاستیە مێژوویەکان کە کوردیش نەتەوەیەکە و ماف ئازادی و سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی هەیە.

گەلێك کەس و لایەن لەناوچەکە و دونیاش و بەتایبەتیش دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان پێیان وایە کە ئەم کارو چالاکیانەی پژاك و پەکەکە زیانیان زیاترە لە قازانجیان و زۆرترین زیانیش بەم ئەزمون و دەسەڵاتەی کورد دەگەیەنن لە باشوور. هەربۆیە پێویستە واز بهێنن لەو کارانە و ڕووبکەنە خەباتی سیاسی و جەماوەری و پەرلەمانی و دانوسانکردن لەگەڵ ئەو ڕژێمانەدا.

**لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئایا کاتێ پژاك و پەکەکە کە چەندین جار شەڕیان ڕاگرت, ئەو ڕژێمانە ((تورکیا و ئێران)) چ هەڵوێستێکی نەرمیان نواند؟ ئایا ئامادەبون دان بنێن بە مافی کورداندا لە ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوە ژیان و یەکسانی و خودموختاری وفیدراڵیدا؟ئایا توندڕەوە تورك و فارسەکان لێگەڕان کوردان تەنانەت خەباتی سیاسی و جەماوەری و پەڕلەمانی و یاسایی خۆیان بکەن لەو وڵاتانەدا؟. ئایا هەمیشە چاوسورکردنەوە و تۆقاندن و ترساندنی هێزە سیاسیە ڕێپێدراوەکان و ئەندام پەرلەمان و سەرۆك حیزبەکانیان نەگرتۆتە بەر؟ ئایا چەندین حیزبی سیاسی و یاساییان دانەخستوە و سەرانی ئەو حیزبە کوردانەیان ڕاپێچی زیندانەکانیان نەکردوە؟ ئایا سوپا و عەسکەریەکانی ئەو ڕژێمانە هیچ مەودایەکی ئاشتی و سیاسیان هێشتۆتەوە بۆ کاری سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەریانە؟**

کەواتە ئەوە کورد نیە کە نەیویستوە دانوسان بکات و نەیەتە سەرمێزی گفتوگۆ. بەڵکو ئەوە توندڕەوە عەسکەری و سیاسیەکانی ئەو ڕژێمانەیە کە قبوڵی ئەو کارە ناکەن.هەربۆیە پێم وایە درێژەدان بە خەباتی چەکداری و مقاوەمەتی شۆڕشگێڕانەی خاوەن شەرعیەتی جەماوەری لانی کەم تاکە ڕێگایە لەبەردەم کورداندا بۆ وەرگرتنەوەو سەندنی مافەکانیان. نەك هەنگاونان بەرەو دانوسانی سەرشۆڕانە و وازهێنان لەماف و داخوازیە ڕەواکانی گەلی کورد لەبەرامبەر توندڕەوی و ملهوڕی و شۆڤێنی و غروریەتی ئەم ڕژێمانەی ئێستای تورکیا و ئێراندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردستان پۆستدا لە بەرواری ٢٠١٠/٧/٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## پرۆسەی گۆڕان
## لەماوەی ساڵێکدا بەکوێ گەیشتوە ؟ *

- ئاشکرایە ٢٠٠٩/٧/٢٥ سەرەتای دەسپێکی قۆناغێکی نوێی سیاسی بوو لە هەرێمی کوردستاندا,و خاڵی وەرچەرخان بوو لە فکر و ڕێبازی خەبات و کارکردنی سیاسی لەم هەرێمەدا.بۆیەکەم جار بوو لە دوای ١٩ ساڵی دوای ڕاپەڕین و دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی. پرۆسەی دیموکراسیەت بەو پەڕی مانایەوە و ئازادانە پیادە بکرێت بە دەنگ و ڕەنگی جیاوازەوە دوور لە شەرم و ترس و سڵەمینەوە.

٢٠٠٩/٧/٢٥ سەرەتای پرۆسەیەکی گۆڕانی ڕاستەقینە و سەرهەڵدانی بیر و تێز و ڕوانینێکی نوێ بوو بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی و بەرەو پێشبردنی کایەی سیاسی و شڵەقاندنی گۆمی مەنگ و چەقبەستوی دەسەڵات لە نێوان دوو حیزب و دوو ڕەنگدا.

١٩ ساڵی دەسەڵاتی دوو حیزبی و ٥٠ بە ٥٠, کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو لاڕێی دەسەڵات و ناسەقامگیری ئیداری و شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و گەندەڵی برد و کۆمەڵ گەلێك دیاردەی دزێوی خستە ناو هزر و بیر و بەرنامەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیەوە. هەر لە شکاندنی نەفسیەتی تاکەکانەوە لە ڕێگەی بێ مووچەیی و برسێتی و نەبونی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و دابین نەکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.جۆرەها نەخۆشی و هەژاری و دواکەوتوویی و بەجێهێشتنی ماڵ و منداڵ و وڵات و سەرهەڵگرتن بەرەو دونیای دەرەوە لەلایەن گەنجانەوە.

١٩ ساڵی بەناو دەسەڵاتی کوردی, جارێکی تر شەڕی خوێناوی براکوژی بەخوێناویترین شێواز دووپاتکردەوە و ڕیزەکانی گەلی کوردی هێندەی تر لەبەریەك هەڵوەشاند.

بێ یاسایی و نەبوونی ئازادی بیروڕا و نەبونی میدیای ئازاد و پێشێلکردنی مافەکان سیمای دیاری ئەم دەسەڵاتە بوون.

چێ نەکردنی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان و پەڕلەمان و سەندیکا پیشەییەکان لەکاتی خۆیدا بەلاڕێدابردنی پرۆسەی دیموکراسیەت بوو. هەموو ئەم کارانەشیان

بە پیلان و بەرنامە بوو بۆ قۆرخکردنی دەسەلاٚت و دزینی زیاتری سەروەت و سامانی میلەت.

هەربۆیە بێزاری و تورەیی و گازندەی تاکەکان و گروپەکان و حیزبە سیاسیەکانیش گەیشتە لوتکە و دەنگیان بەرزکردەوە بە ڕووی ناعەدالەتی و ناشەفافیەت و بیٚ کاری و زەوتکردنی دەسەلاٚت و سەروەت و سامانی میلەتدا.و هەموان داوای پرۆسەیەکی وورد و ڕاستەقینە و لەسەرخۆ و هێمنی ڕیفۆرم و چاکسازیان دەکرد لە سەرجەمی سیستەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاٚیەتی و خوێندن وپەروەردە و ...هتد.

پێش ٢٠٠٩/٧/٢٥ نارەزایەتیەکانی گەل و حیزبە سیاسیەکان شەرمن و بیٚ دەنگ و تارادەیەکیش ترسنۆك بوون و زۆر جاران سازشیان هەلبژاردوە لەبەرامبەر دەسەلاٚتدا لە جیاتی ڕاشکاوی و نەترسی و دەرخستنی ڕاستیەکان. بەلاٚم بۆخۆی سەرەتایەکی کزۆلٚ بوو بۆ سەرهەلٚدانی بەرەیەکی جیاواز لە دەسەلاٚت و دروستبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی.

بەلاٚم لە ٢٠٠٩ /٧/٢٥دا و لە هەلٚبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا. بزوتنەوەی گۆڕان وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری بیٚ چەك بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە و بوێر و چاونەترسانە ئالاٚی نارەزایی و گلەیی و گازندەی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەلاٚنی خەلٚکی کوردستانیان بەرزکردەوە و سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کرد و توانی ٢٥ کورسی بەتەنها وەدەست بهێنێت و بەکۆی ئۆپۆزسیۆنیش ٣٨ کورسی (( یەکگرتوو و کۆمەلٚی ئیسلامی)) بەدەست بهێنن کە نزیکەی یەك لەسەر سیٚی کۆی کورسیەکانی پەرلەمان و زیاتریشن لە ژمارەی کورسیەکانی هەریەکە لە پارتی و یەکێتی بە تەنها کە هەریەکەیان ٢٩ کورسیان وەدەست هێنابوو.

ئەم سەرکەوتنە و لە هەنگاوی یەکەمدا, گورزێکی کاریگەر بوو لە جەستەی دەسەلاٚت و سەرانی دەسەلاٚتی تووشی شۆك و شپرزەیی کرد و مەترسی جدی لەسەریان دروست کرد.ئیدی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بوە ڕۆژێکی مێژوویی و وەرچەرخان لە خەباتی سیاسی کوردیدا لەم بەشەی کوردستاندا و بزوتنەوەی گۆڕان

وئۆپۆزسیۆنیش بوونە خاوەن پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لەڕووی جەماوەری و سیاسی و پەرلەمانی و سەنگ و قورساییان پەیداکرد لە ناوخۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا.بەسەرکەوتنیشیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا لە ٢٠١٠/٣/٧دا هێندەی تر هێز و توانا و بوونی خۆیان چەسپاند و جێگە پێی خۆیان قایمتر کرد.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە,ئەرێ پرۆسەی گۆڕان لەماوەی یەك ساڵدا گەیشتۆتە کوێ ؟ ئایا سەرجەم ئامانج و دروشمەکانی هێناوەتە دی؟ ئەرێ پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن و گۆڕان کارابوون و لە جێگەی متمانەی دەنگدەرانیاندا بوون؟ و ئایا تەبایی و پەیوەندی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان پەرلەمەنتارانی کوردستان و بەغدادا ؟ ئایا لەماوەی ئەم ساڵەدا بزوتنەوەی گۆڕان چیان کردوە؟ وئایا نەدەکرا کاری زیاتریشیان بکردایە ؟ یان .......**

سەرەتا, وەك ڕەخنەیەکیش و وەك ڕاستیەکیش, بزوتنەوەی گۆڕان گەر نەڵێین پاشەکشەی کردوە, ئەوا بە دڵنیایی سست و خاو بۆتەوە و گەرم وگوڕی ٧/٢٥ ی نەماوە و پرۆسەی گۆڕانیش ئەگەر چوشبێتە پێشەوە ئەوا کیسەڵیانە بووە نەك ئاسکانە. هەربۆیە هەستێکی ڕەشبینی سەریهەڵداوە لە نێوان هەڵسوڕاوان و لایەنگرانی گۆڕان خۆیاندا و هەریەکەیان سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیانن.

ئەمەش, بەڕای بەندە بۆ چەند هۆکار و فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١. نەگونجان و هاوڕانەبوون و ناتەبایی لە نێوان زۆرێك لەسەرکردە و کادران و لایەنگران لەسەر زۆرێك لە مەسەلەکان.

٢. تائێستاش ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر گردەکە نەهاتونەتە خوارەوە و بە شێوەیەکی بەرچاویش تێکەڵاو خەڵك و جەماوەر نەبوون. و بەهەمان شێوەی لێپرسراوانی دەسەلأت هەڵسوکەوت دەکەن.

٣. ئاشکرا نەبوون و ڕوون نەبوونی ئامانج و دروشم و بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەکە بۆ سەرجەم چین و توێژەکان.

٤. لەماوەی ئەم ساڵەدا بزوتنەوەکە هێندەی بە خۆڕێکخستنەوە و بیناکردنەوەی ئۆرگانەکانی ناوخۆی خۆیەوە بوە,نیوهێندە سەرقاڵی داواکاری جەماوەر و بەجێهێنانی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن نەبوە.

٥. بزوتنەوەکە لە ڕووی هەڵبژاردنی نوێنەرانی بۆ پەرلەمانی کوردستان و عێراق سەرکەوتوو نەبوە و کەسانێکی هەڵبژاردووە کە تەنها نوێنەرانی خۆیانیان کردوە و خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەرفراوان نەبوون. بەهەمان شێوە لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە تەنها چاوپێکەوتن و میوانداری چەند کەسێکی کەم دەکەن, وەکو ئەوەی کە کەسی شارەزا و پسپۆڕ و لێهاتوویی تر نەبێت لە وڵاتدا. بەهەمان شێوەی دەسەلاّت کەتەنها چەند دەیە کەسێکی گوێڕایەڵ و خولاوە لە بازنەی سیاسەتەکانی خۆیاندا میوانداری بەرنامە جیاوازەکانیان دەکەن.بەمەش بزوتنەوەکە نەیتوانیوە دەموچاو و توانا و لێهاتووی نوێ لەناو گەنجان و ژنان و ناوچە جیاوازەکاندا بهێنێتە پێشەوە .هەروەها بزوتنەوەکە بەرگێکی ناوچەیی بەرتەسکی لە خۆگرتوە و خۆی قەتیسکردوە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا و بەمەش خۆی کردووە بە نوێنەری تەنها ناوچەیەك و کۆمەڵە کەسانێك.

بەم شێوەیە بزوتنەوەکە نەیتوانیوە سەرجەم دروشم و ئامانجەکانی وەدیبهێنێت و ئەدائی پەرلەمانتارەکانیشی وەك پێویست نەبوە(( وەك ڕابەری بزوتنەوەکە ڕایگەیاند کە نیوە ڕازی و نیوە ناڕازیە لە ئەدائیان)) و لەو ٢٥ ئەندام پەرلەمانەی کە هەیەتی تەنها بە ژمارەی پەنجەکانی یەك دەست ئەندامی کارایان تیادایە و ئەوانی تر لەبەر سێبەر و سایە و بێدەنگیدا ڕۆژ بەڕێدەکەن.کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر بزوتنەوەکە لەناو جەماوەردا.هەربۆیە بزوتنەوەی گۆڕان لەماوەی ئەم ساڵەدا کارێکی ئەوتۆی نەکردوە کە ببێتە جێگەی ڕەزامەندی جەماوەر و ئەوەی هەستی پێدەکرێت نەبوونی تەبایی و ڕاگۆڕینەوە و هاوکاریی لەنێوان نوێنەرانی بزوتنەوە لە پەرلەمانی کوردستان و بەغدادا ودەکرا گەلێك کاری زیاتری بکردایە, وەك:

- زیاتر بەدەم کێشە و داواکاری چین و توێژەکان و ناوچەکانەوە بچوایە.و نوێنەرانی لە پەرلەمان لەماوەی ٢ مانگی پشووی هاوینەیاندا بۆ دیارنین و بۆ ناچنە ناوچە جیاوازەکان و لەکێشە و کەموکوڕیەکان تێبگەن و کاریان لەسەر بکەن , یان ئەمانیش وەك نوێنەرانی دەسەلاّت پاڵیان لێداوەتەوە.
- بەڕاشکاوانە و چاونەترسانە گەندەڵیەکانی دەسەلاّتی ئاشکرا بکردایە.

- لەسەر نەبوونی خزمەتگوزاریەکانی وەکو (( سووتەمەنی و ئاو و بەرزبونەوەی نرخی کالاّکان لە بازاڕدا و خراپی بەشە خۆراکی خەڵکی و سووتانی هۆتێل سۆماو کەوتنەوەی کارەسات لێی و قەیرانی نیشتەجێبوون و دەیان کێشەی هاولاّتیان )) دەبوایە بەرنامە و هەڵوێستی ئاشکرایان هەبوایە و جەماوەریان بهەژاندایە.
- لەسەر ئاستی مەسەلە نەتەوایەتیەکانی وەك مادەی ١٤٠ و سەرژمێری دانیشتوان لە کەرکوك و جێگە ناکۆکەکان و پێکهێنانی حکومەتی عێراقی, هەڵوێستی ڕاشکاوانە و دیاری هەبوایە, نەك وەك ئێستا بۆتە پاشکۆی دەسەلاّت و بیٚ دەنگن لەڕاگەیاندندا و چالاکیە سیاسیەکانیاندا.
- لەسەر مەسەلەی یەکنەگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و دارایی و دەرهێنانیان لە چنگی دوو حیزبەکە دەبوایە هەڵوێستی بوێرانەتریان هەبوایە.

بەم شێوەیە دەکرا گەلێك کاری گەورەتریان بکردایە, بەلاّم هێشتاش نەچوە بچێت و ٣ ساڵی تریان لەبەردەمدا ماوەتەوە و دەکرێت پەند لە هەڵە و سستی و کەموکوڕیەکانی ئەم ساڵە وەربگرن و تەکانێکیش بدەنە خۆیان بۆ پێشەوە و کاری سەرەکیشیان دەبێت بریتی بێت لە :–

بەستنی کۆنگرەی دامەزراندن و پەیڕەو و بەرنامەیەکی شەفاف و ڕوون بۆ خۆی پەسەند بکات و بارەگا لە شارو شارۆچکەکان بکاتەوە و زیاتر بچێتە ناو جەماوەرەوە و لە کێشەکانیان تێبگات و بیان کاتە کارتی گوشار بۆ سەر دەسەلاّت و کاری چاودێری دام و دەزگاکانی دەسەلاّت توندتر بکات و دەسەلاّت و ئۆرگانەکانی خۆی دیاریبکات و داهات و خەرجیەکانی شەفاف بن و پەیوەندیە ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و دونیاییەکانیشی پەرە پێبدات و دووربکەوێتەوە لە دیاردە دزێوەکانی تەکەتولی ناڕەوا و هێنانە پێشەوەی کەسانێکی بیٚ توانا لەسەر بنەمای خزمایەتی و مەحسوبیەت, بەڵکو دەبێت توانا و لێهاتوویی و شارەزایی و پسپۆڕی و جەماوەریبون بکاتە پێوانە.

لەکۆتایدا. ڕاستە ساڵێك لەتەمەنی هەر تاك و لایەنێکی سیاسیدا زۆر کەمە لەبەرامبەر مێژوویەکی دوور و درێژدا, بەلاّم بەسەرداچونەوە و هەڵسەنگاندنی

کارەکانی بە چاوێکی ڕەخنەگرانە کارێکی خراپ نیە و ناچێتە قاڵبی دژایەتیکردنەوە, بۆئەوەی لەسەر گڵکۆی سەرکەوتنی ٧/٢٥ خەو نەیانباتەوە و خەم ساردنەبن بۆ ئایندە پێویستە هەمیشە بزوتنەوەی گۆڕان مۆمی درەوشاوەی ئومێد و ئاسۆ ڕوونەکان بێت و دووربێت لە کزبوون و کوژانەوە.

---

* ئەم بابەتە لە  سایتی کوردستانپۆستدا لە بەرواری ٢٠١٠/٧/٢٨دا  بڵاوکراوەتەوە.

## یەك و یەکگرتوویی و برایەتی بەزۆر ناسە پێنرێت !! *

• ئاشکرایە هەموو پڕۆسەیەکی یەك و یەکگرتن و لێکنزیکبونەوەیەکی سیاسی و ئابوری و تەنانەت کۆمەلاَیەتیش لە نێوان دوو حیزبی سیاسی یان دوو کوتلە و کۆمپانیای ئابوری و بازرگانی و یان دوو بنەماڵەش , لەسەر چەند بنەمایەك دەبێت کە هەردوولا خواست و ویستیانە و بەڕازیبوونی هەردوولاش ئەنجام دەدرێت وەك گرێبەستێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتیش و ئەوکات شەرعیەت و ڕەوایی و ڕەسمیەت وەردەگرێت و دواتریش هەردوولا ڕێز لەو هاوپەیمانیە و ئیمزایانەی خۆیان دەگرن و هەوڵی گەشەدان و پێشخستنیشی دەدەن.ئەو بنەمایانەش بریتین لە وەك یەکی لە ئەرك و مافدا و ڕێزگرتنی یەکتری و مامەڵەی باشی یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندی هەردوولا و ....هتد.ئیدی بەم شێوەیە پڕۆسەیەکی یەك و یەکگرتوویی و لێکنزیکبونەوەیەکی ڕاست و ڕاستەقینە دادەمەزرێت و هەردوولاش هەمیشە لە هەوڵی قوڵکردنەوە و توندوتۆڵکردنەوەی ئەو گرێبەست و پەیوەندیانەن و پەرۆشی سەرکەوتن و درێژەپێدان و پێشخستنیدان کە لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت.ئەوەی لەسەر زەمینی واقعی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقیش دەبینرێت و گوزەر دەکات دەقاودەق پێچەوانەی ئەم پرەنسیپە گشتیانەی پەیوەندی و دۆستایەتی و یەکگرتوویی و برایەتین لەنێوان کوتلە و لیست و پارتە سیاسیەکاندا و بە تایبەتیش لە نێوان حیزبە دەسەلاَتدار و ئۆپۆزسیۆنەکاندا.

لەپەراوێزی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا, و لەئەنجامی فشار و خۆبەزلزانین و مەرجەع و بالاَدەستی و خۆسەپاندنی هەردوو حیزبی دەسەلاَتدار و بنەماڵەدا لە کوردستاندا و هەمیشە ئامادەبوو بۆ سازشکردن لە عێراقدا و ئەوەی کە نەیانتوانیوە لە کوردساتاندا و بە هەڵبژاردن و دەنگدانی بێ فرت و فێڵ و تەزویرکردن وەدەستی بێنن بەرامبەر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەگشتی و بزوتنەوەی گۆڕان بە تایبەتی, ئەوا لە هەوڵدان لە ڕێگەی فشار و ڕێکەوتنی نهێنیەوە ڕێگە لە گەشەکردنی سیاسی و جەماوەری بزوتنەوەی گۆڕان بگرن لەسەر ئاستی عێراق و گەرەکیانە بە پشتیوانی دوژمنانی کورد و بەناو دۆستەکانی خۆیان گۆڕان ناچار

بکەن بۆ ملکەچی و سەردانەواندن لەئاست دەسەلاتی خۆسەپێن و گەندەڵی هەردوو بنەماڵەدا. ئەوان لە کوردستاندا کە ناتوانن گەمەی سیاسی و هەڵبژاردن و دیموکراسی و ئازادیەکان ببنەوە لە گۆڕان , چیدی پێویست ناکات پەنا ببەنە بەر پیلانی دوژمنانە لە عێراقدا بۆ کەنارخستن و پەراوێزخستنی گۆڕان بۆئەوەی ڕۆڵی کارا و سروشتی خۆی بگێرێت لە سەر ئاستی هەموو عێراقیشدا. لەڕێگەی بێبەشکردن یان پێنەدانی وەزارەتێك یان دەسکەوتی هەڵبژاردن کە مافی سەد دەرسەدی بزوتنەوەی گۆڕان خۆیەتی و پیاوەتی و سواڵکردن و پێبەخشینی هیچ کەس و لایەنێك نیە.ئەوان بەهەڵەدا چوون گەر وابزانن گۆڕانیش وەکو خۆیان لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی شەخصی و بنەماڵە و حیزبیدا کار دەکەن و لە پێناو وەرگرتنی پۆستێکی بەناو گەورە و سیادی بەلام ناوەڕۆك بەتاڵ دەیان سازش دەکەن و لەسەر داواکاری و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان, ئەوان بۆ وەزارەتێك یان سەفیرێك تەنانەت مودیر عامێکیش ئامادەن سازشی گەورە لەسەر کەرکوك و مادەی ١٤٠ و هێزی پێشمەرگە و بودجە و نەوت و گاز بکەن.

بەلام بزوتنەوەی گۆڕان وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ و هەڵقوڵاو لەناو جەرگەی پێداویستی و داوا ڕەواکانی نیو ملیۆن کوردەوە خاوەن کەرامەت و قودسیەتی نیشتیمانی و نەتەوایەتیی کوردانەی خۆیەتی و خاوەن پرەنسیپ و بەرنامەی سیاسی ڕوون و ئاشکرایە بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان و بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە بۆ ململانێ سیاسیەکان دوور لە ئەجێندای نهێنی و شاراوە و موخابەراتیەکان لەگەڵ کەس و لایەن و پارت و سەرکردە و دەوڵەتاندا. هەوڵ و خەباتیشی لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە و عەدالەتی کۆمەلایەتی و بنەبڕکردنی گەندەڵی و پیادەکردنی شەفافیەت و ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆۋ و سەروەرکردنی یاسا و نەهێشتنی هەژموونی حیزب و سەرکردە و بنەماڵەیە بەسەر دام و دەزگا حکومیەکاندا و هەوڵدانێتی بۆ بە موئەساستکردنی سەرجەم جومگەکانی حکومەت و دەسەلاتە لە کوردستان و عێراقیشدا.جا گەر پارتی و یەکێتی بە ڕاستی و ڕاستگۆیانە پەرۆشی یەکریزی کوردن لە بەغداد و فرمێسکی تیمساحی دەڕێژن بۆ برایەتی کورد, پێویست بە فرت و فێڵ و فشار دروستکردن ناکات بۆ سەر بزوتنەوەی گۆڕان بۆ گەڕاندنەوەی بۆ ناو چواچێوەی لیستی فراکسیۆنی کوردستانی, بەڵکو کورتترین ڕێگا و ڕاسترینیشیان بریتیە لە جێبەجێکردنی

داواکاریەکانی گۆڕان وەك لە پڕۆژەی چاکسازیە سیاسیەکەیدا ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کردوە کە هیچیان داواکاری شەخصی و حیزبی نین و هەموانیان بۆ جوانترکردن و چەسپاندنی دەسەلأتی کوردەواریە لە بەرچاو عێراق و دونیا و ناوچەکەشدا و بنەمایەکی توندو تۆڵیشە بۆ برایەتی ڕاستەقینە و یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانیش. هەروەهاش وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسەن و خاوەن ٨ کورسی پەرلەمانی عێراق و لە ئێستاشدا کە بۆتە چوارەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکان. پێویست دەکات زیاتر ڕێز و تەقدیر بکرێت نەك دوژمنایەتی و برایەتیش لەسەر بنەمای برا گەورە و بچوکی ناکرێت و بە زۆریش ناسەپێنرێت .هەربۆیە گەر پارتی و یەکێتی گەرەکیانە چ لە کوردستان و چ لە عێراقیش یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکان و برایەتی ڕاستەقینە هەبێت و ڕێزلێگیراویش بێت لەلایەن هەموانەوە. با دەستپێشخەری بکەن لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی چاکسازیە سیاسی و ئابوری و ئیداریەکان لە کوردستاندا و دان بەمافی ئۆپۆزسیۆندا بنێن و ڕێز لە خەبات و ڕاز و خیتابیان بگرن و هەوڵی چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان بدەن و شەفافانە بڕیار و ڕێکەوتنەکان و حکومەت بەڕێوەبەرن و هەوڵی جدی بدەن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و پاوانخوازی و قۆرخکردنی دەسەلأت و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان . گەر ئەم هەنگاوانە هەڵنەنێن ئیدی چ مانایەك دەمێنێتەوە بۆ ئیدیعاکردنی برایەتی و یەکڕیزی ناوخۆیی .

لەکۆتاییدا مێژو و میلەتیش گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کە کێ و چ لایەن و سەرکردە و پارتێك هەوڵی تێکدانی ڕیزەکانی گەلیان داوە و کێ و چ لایەن و سەرکردە و بزوتنەوەیەکیش پەرۆش و خەمخۆری ڕاستەقینەی ئێستا و ئایندەی نەوەکان و نەتەوە و خاك و گەلی کوردستان بوە و سازشی نەکردوە لەسەر مافە ڕەواکانی کوردایەتی. و زەمەنیش زامنی وەدەرخستنی هەموو ڕاستیەکانە دوور بێت یان نزیك.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠١٠/١٢/٢٧دا ولە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا ژمارە ٦١٤ لە ٢٠١٠/١٢/٢٨دا بلأوکراوەتەوە.

# بزوتنەوەی گۆڕان لەنێوان هەڵکشان و پاشەکشەدا...*

- ئاشکرایە بزوتنەوەی گۆڕان دوای خۆ اعلانکردنی پێش کەمتر لە ٢ ساڵ وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ و دیاریکردنی بەرنامە و ستراتیژی خۆی لە پرۆسەیەکی گشتگیر و سەرتاسەری گۆڕاندا لە هەموو کایە سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و ئیداری و دادوەری و ..هتد لە کوردستاندا. بوە ڕابەر و پێشەنگی داهێنانی مۆدێلێکی نویٚ لە کارکردنی سیاسیدا و بوە سومبوڵی دژایەتیکردنی دەسەلآت و گەندەڵی و هەڵگری ئالآی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕەسەن و هەڵقولآو لەناو جەرگەی پێداویستی و خواست و ویستەکانی جەماوەرەوە.

بزوتنەوەی گۆڕان لە خۆڕا سەریهەڵنەداوە و لە خۆڕاش گەشە و گەورە نەبوە و بەبیٚ بناغەیەکی توندوتۆڵیش نەبۆتە جێگەی متمانەی جەماوەرێکی پان و پۆڕ و فراوانی هەمەڕەنگ و هەمە دین و هەمە مەزهەب و هەمە نەتەوەش. بەڵکو ڕاستی و ڕاستگۆیی لە دروشم و بەرنامە و ستراتیژیدا وایکردوە کە ببێتە زمانحاڵی ئەو زۆرینە جەماوەرەی کە لەتەمەنێکی زۆر کورتی خۆیدا توانی چارەکی دەنگدەرانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆخۆی مسۆگەر بکات. دوور لە بەکارهێنانی هەڕەشە و چاوسورکردنەوە و تۆقاندن و ترس بە نانبڕین و لە وەزیفە دوورخستنەوە و گرتن و بێسەروشوێنکردن.

دروشم و ستراتیژی بزوتنەوەی گۆڕان زۆر ئاشکرا و لەسەر مێزە و هەموان دەتوانن باش تێیبگەن و باشیش کاری بۆ بکەن لەم پەڕی ڕاستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ بە تێپەڕبوون بە ناوەندە ئیسلامیەکانیشدا.

پرۆسەی گۆڕان و چاکسازیەکانیش لەسەرجەم کایەکانی ژیانی دەسەلآت و کۆمەڵگەی کوردەواریدا داواکاریەکی گشتگیری سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگایە بە ئەندام و لایەنگرانی هەردوو حیزبی دەسەلآتداریشەوە. چونکە هەموان لایان ڕوونە کە هەردوو حیزبی بالآدەست ئیرادە و ویستی ڕاستەقینەیان نیە بۆ چاکسازی و گۆڕان, بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە هەردوو حیزب ٢ کۆنگرەی گەورە و فروانیان بەست و

بەدەیان ملیۆن دینار و دۆلاریشیان تیادا بەهەدەردا و تەخشان و پەخشانیان پێوەکرد و شایی و لۆغانی شەوانەشیان بۆ ڕێکخست لەناو هۆڵی کۆنگرەکانیاندا. بەهیوای ئەوەی گۆڕانکاریەك لە تاکتیك و ستراتیژ و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیاندا بکەن و خوێنو جەستە و سەرکردە و عەقڵی نویٰ بێننە پێشەوە . بەڵام ئەنجام ئەو کۆنگرانە بونە هۆکاری زیاتر چەسپاندنی دەسەڵات و بوونی ئەندامانی بنەماڵە و سەر بە بنەماڵە لەهەردوولادا و تەنانەت نەبونە جێگەی ڕەزامەندی سەرکردایەتی وئەندام و لایەنگرانی خۆشیان چ جای جەماوەری کوردستانیش.

جا حیزبێك نەتوانێت لەناوخۆی خۆیدا گۆڕانکاری زۆر زەرور و پێویست ئەنجام بدات ئیدی چۆن چاوەڕوانی چێکردنی گۆڕانکاری گەورە و فروانی لێدەکرێت لەسەر ئاستی وڵات و دەسەڵات و جەماوەر.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە , ئایا ئەو دوو حیزبە بۆ ناتوانن گۆڕان چیٰ بکەن؟ ئایا نایانەوێت یان ناتوانن؟

بەکورتی ئەو دوو حیزبە گەیشتونەتە قۆناغێکی بەدمەستی و غروربونێك کە ناتوانن دەست بەرداری ئەو هەموو دەسکەوت و پۆست و ئیمتیازاتە گەورانە بن کە لەسایەی دەسەڵاتەوە چنگیان کەوتوە و لەسایەی ئەم بیٰ یاساییەش و ئەم ناعەدالەتیەشدا و ئەم لێنەپرسینەوەشدا بونەتە فیرعەونی زەمانی خۆیان و گەرەکیانە کوردستان و ئەم هەرێمەش وەك میرنشینەکانی کەنداو حوکم بکەن و مۆدێلی ئەوان لە ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات پیادە بکەن و کوڕ و کوڕەزا لە باوکەوە دەسەڵات بە میرات وەربگرن و کۆمەڵگەش کۆیلە و ژێر دەستەی ئەوان بن.

جا تا ئەو غرور و لوتبەرزییەی ئەو دوو حیزبە بەتەواوەتی تێکنەشکێنرێت ئەوان بیر لە گۆڕانکاری و گەڕانەوە بۆ لای داواکاریەکانی جەماوەر ناکەنەوە . شکاندنی ئەو لوتبەرزیەشیان تەنها و تەنها بە گۆڕانێکی بنەڕەتی و ساغڵەم و زانستی دەبێت لە هەموو کایەکانی ژیاندا و دوورخستەوەیان دەبێت لە دەسەڵات و لێپێچینەوە و ڕاکێشانیشیان دەبێت بۆ بەردەم یاساو دادوەری. هەربۆیەش کە دەزانن سەرئەنجامی خۆیان و بنەماڵە و دەسەڵاتیان لە گۆڕ دەنرێت لە سایەی ئەو

پرۆسەی گۆڕانەدا, ئەوا نە دەیانەوێت گۆڕانکاری بکەن و نە ئەشتوانن ئەو پرۆسە زۆر گرنگ و زێدە هەستیارە چێ بکەن.

- لێرەدا پرسیارێکی دی سەر هەڵدەدات. کە ئایا دەکرێت هەموان بەتاك و گروپە مەدەنیەکان و بزوتنەوە و پارتە سیاسیەکانیشەوە دەستەوئەژنۆ دابنیشن بێدەنگانە و چاوەڕوانی قەدەری خۆیان بکەن لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا؟ یان ئەرکی هەموانە کە بەگژ ئەم دەسەڵاتەدا بچنەوە و هەوڵی گۆڕانکاری بدەن؟ ئایا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوێی ئەم ئەرك وهاوکێشە و ململانێیەدان؟

ئاشکرایە لە ئەنجامی هەر بێدەنگیەکدا. دیکتاتۆریەت لەدایك دەبێت. هەربۆیەش کپکردنی ئازادیەکان و دەنگە ناڕازیەکان و هەڵبژاردنی بێدەنگی. بەدڵنیایی دیکتاتۆریەتی خۆماڵی ئەم دوو حیزبە تۆخترەدەکاتەوە, هەربۆیە ئەرکی مێژوویی و گەورەی هەموانە بە تاك و کۆ بە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی مەدەنیەوە و لەپێش هەموانیشەوە پارت و بزوتنەوە سیاسیەکانە کە بەگژ ئەم بارودۆخە پڕ گەندەڵی و پڕ ناعەدالەتی و شێوە جەنگەڵیەدا لە کوردستاندا بچنەوە و ڕێگە نەدەن شێوازی حوکمی بەعس ئاسا لە سەرکوتکردن و کپکردنی ئازادیەکان و دەنگە ئازادخواکان و خۆپیشاندان و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان بگرن.

- ئاشکرایە لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ وە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسەن لە دایك بوو لە کوردستاندا و توانی لە یەکەم هەنگاویدا سەرکەوتنی گەورە و بەرچاو وەدەست بێنێت.بەڵام بە داخەوە دەڵێین ئەم هێزە لەماوەی کەمتر لە ٢ ساڵی تەمەنیدا هەندێکیان کەوتنەوە داوی دوو حیزبەکە و کەوتنە سازشکردن و مساوەمە لەسەر داوا ڕەواکانی جەماوەرەکەیان و بەرنامە سیاسیەکانی خۆیان و هەر زوو بونە گوێڕایەڵی دەسەڵات و لەبەردەم ئیغراکردنیان بە پارە و پۆست و ئیمتیازات نەیان توانی مقاوەمەت بکەن و خۆڕاگربن.بەڵام ئەوەی کە مایەی لەلایەك دڵخۆشی و جێگەی ئومێدە و لەلایەکی تریشەوە مایەی سەربەرزی و شانازیشە کە تەنها بزوتنەوەی گۆڕانە کە تائێستا توانیویەتی مقاوەمەتێکی سەختی شەریفانە بکات لەبەردەم گوشار و هێرش و گەمارۆی دەسەڵاتدا. و بە ئاشکرا و بێ سڵەمینەوە بەرنامەی کاری لە چاکسازی و گۆڕانی خۆی لە هەموو کایەکاندا ئاشکرا کردوە و هەوڵی سەرخستنیشی دەدات و لەبەردەم ئیمتیازات و پۆست و پلە و وەزارەتیشدا خۆڕاگربوە و بۆتە سەرە نێزەی گۆڕانکاری لە کوردستاندا .لە

ئێستادا دەسەلاَت هێندەی بە بزوتنەوەی گۆڕان و بەرنامەکەی و چالاکیەکانی قەلَسە نیوهێندە بە هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا و لێخۆشبوون لە کۆنە بەعسیەکان لە عێراقدا جاڕس نیە.وەکو ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان ئەنفالچی و کۆنە بەعسی و خائین بەگەل و نیشتیمان بێت.دەسەلاَت باش دەزانێت کە تەنها گۆڕان و گۆڕانخوازانە دەتوانن بەم بەرنامەیەیان کۆمەلَگایان لیَ هانبدەن و پشتیوانی جەماوەریش بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بشبنە هێزێکی گەورە و فراوانی جەماوەری پلە یەك لە کوردستاندا کە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئێستا و ئایندەیان دروست بکات.هەر بە ڕاستیش و لەسەر زەمینەی سیاسی ئێستای کوردستانیشدا هێزێك نەماوە کە دەسەلاَت حسابی بۆ بکات و تەنانەت لەناو دەسەلاَتیشدا پارتی حساب بۆ یەکێتیش ناکات و تەنها گۆڕانە لەبەردەم پارتی و دەسەلاَتدا مقاوەمەت دەکات و ماوەتەوە و خۆڕاگرە و حسابی بۆ دەکرێت.
لەکۆتاییدا بزوتنەوەی گۆڕان لەدایك بوو , لەخەم ڕەخسی , هێواش هێواشیش گەورە دەبێت و بەهێزتریش دێتە بەرچاو بەهۆی هەلَوێستە ڕەسەن و کوردانە و واقعبینانەکانیەوە لەسەر مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکانیەوە. بە چاوپۆشین لە هەندیَ هەلَە و کەموکوڕی و نوچدانی کاتی لە تاکتیکی ڕۆژانەیدا. و بۆتە خاوەن متمانەیەکی گەورەی جەماوەری و جێگە ئومێد و تروسکایەکی ڕۆشن و هەنگاونان بۆ پێشەوە بەرەو دڕدانی بە تاریکی و گەندەلَی دەسەلاَت و هەلَکشانە بەرەو لوتکە. بزوتنەوەی گۆڕان جگە لە بەردەوام بوون و مقاوەمەتکردن و هەلَکشان هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نیە بۆ پاشەکشە و گەڕانەوە بۆ دواوە و ملکەچی و سەردانەواندن بۆ دەسەلاَت. هەربۆیەش پێویست دەکات بزوتنەوەکە زیاتر و زیاتر پەیوەندیە نیشتیمانی و نەتەوایەتی و هەرێمایەتی و دونیاییەکانی خۆی فراوانتر بکات و هیچ کاتێك لە گۆڕەپانە سیاسیەکەی کوردستان و عێراق نەکشێتەوە و لە بەرزترین بلَندگۆکانی عێراق و کوردستاندا خەبات بکات وهیچ کات بە (( سیاسەتی یان هەموو یان هیچ )) مامەلَە لەگەلَ ڕووداوە سیاسی و لایەنە سیاسیەکاندا نەکات . چونکە لەم قۆناغەدا گۆڕان پێویستی بە زیاتر خۆناساندن و چەسپاندنێتی نەك هەلَبژاردنی بایکۆتکردن و خۆکەنارخستن و دوورکەوتنەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠١١/١/٣دا بلاَوکراوەتەوە.

## گەلی تونس و سەرکردەکەی
## پەندێك بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان *

●وەك ئاشکرایە وڵاتی تونس و گەلی تونسیش بەڕابەرایەتیکردنی شۆڕشگێڕی سەردەمی ڕزگاری نیشتیمانی تونس (( حەبیب بۆرقێبە)) توانی سەرکەوتن وەدەست بهێنێت و دەوڵەتێکی سەوزی جوان لەسەر کەنار دەریای ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا بۆ خۆیان پێکەوە بنێن لەساڵی ١٩٥٦ وە کاتێك توانی سەربەخۆیی خۆی وەدەستبهێنێت لەدوای ڕزگاربوونی لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری ئەو کاتەی فەڕەنساوە لەسەدەی بیستی ڕابوردودا. ئیدی لەوساتەوە تاکو ئێستا تەنها دوو سەرۆك کۆماری بەخۆیەوە بینیوە. کە یەکەمیان حبیب بۆرقێبە یە کە لەڕێگەی شۆڕشەوە هاتە سەر حوکم لەساڵی ١٩٥٧ وە بۆ ساڵی ١٩٨٧ وماوەی ٣٠ ساڵ سەرۆك کۆمار بوو دووەمیشیان زەینەل عابدین بن عەلی بوو کە بەکودەتایەکی سپی بەسەر یەکەمدا هاتە سەر حوکم لەساڵی ١٩٨٧ د ا و تا ٢٠١١/١/١٤ کە دەکاتە نزیکەی ٢٣ ساڵ لەسەر حوکم مایەوە و ئەنجام یەکەم سەرۆك کۆمار بەشانازی و سەروەریەوە و لەناو خاك و گەلی خۆیدا سەری نایەوە . بەڵام دووەمیان وڵات بەدەریان کردو لە ئەنجامی ڕاپەڕینێکی ١مانگەی جەماوەریەوە کۆتاییان بەدەسەڵاتی تاکە کەسی و تاکە بنەماڵە و تاکە حیزب هێنا.

●لێرەدا پرسیار ئەوەیە. کە ئایا وڵاتێك لە مێژووی ٥٠ ساڵەی خۆیدا بتوانێت تەنها دوو سەرۆك کۆمار بەخۆیەوە ببینێت . دەبێت چ جۆرە دەسەڵات و حوکمێك بوبێت. دەبێت چ مانایەك بۆ ڕای گەل و دیموکراسیەت و ئازادیەکان مابێتەوە؟ ئەی ئایا دەبێت پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و شەفافیەت و یەکسانی و سەروەری یاسا بە چ ئەندازەیەك بوبن؟

بەئاشکرا دیار بوو کە دەسەڵات لەلایەن تاکە کەس و تاکە بنەماڵە و تاکە حیزبەوە (( حزب التجمع الدستوری الدیموقراطی)) کە میراتگری (( حیزب الحر الدستوری )) دەسەڵاتدار بوو کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ تەنها حیزبی سیاسی بوو کە ڕێگەپێدراو بوو بۆ کاری سیاسی بەڕێوە دەبراو لە سایەی حوکمێکی پۆلیسی و تۆقێنەر و

خۆسەپێنەوە بەڕێوە دەبرا و پۆستی سەرۆك كۆماری بۆ هەتاهەتایی و تا مردن بوە. ئیدی بەم شێوەیە ولأتێكی بەقەبارە بچوكی خاك كە ڕووبەری ١٦٢٦١٠ كیلۆمەتر چوارگۆشە و گەلی تونس كە ژمارەیان ١٠٣٢٦٦٠٠ كەسە بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٨ و ببوە دروستكەر و لانكەی گەورەبون و سەرهەڵدانی دیكتاتۆریەت و لەسایەشیدا دیموكراسیەت و ئازادیەكان پێچرابونەوە و مانایەكیان بۆ نەمابۆوە و یاسا و سەروەریەكەشی لەولأت وەدەرنرابون و تاك و كۆمەڵ و گروپ و پارت و ڕێكخراوە سیاسیەكانیش قاونرابوون و یاساغ كرابوون و عەدالەت و ماف پەروەری بێ ناوەڕۆك و شەفافیەتیش زۆر تەڵخ و تاریك لەكەدار ببون.

لەبەرامبەریشدا چەسپاندنی دەسەلأتی تاكڕەوی و دزینی سەروەت و سامان و قۆرخكردنی بازاڕو بازرگانی و ئابوری لەلایەن بنەماڵەی دەسەلأتدارەوە و بەهەدەردانی توانا مادی و مرۆییەكانی گەلی تونسەوە و سامانە سروشتیەكانی و بلأوبونەوەی گەندەڵی و پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ و بێكاری و برسێتی و ناعەدالەتی ژیانی تاك و كۆمەڵگای تونسی خستبوە بەر هەڕەشەی مان و نەمانەوە.سەرەڕای هەندێ دەسكەوتی بچوك لە چوارچێوەی ولأت و پەیوەندیە دەرەكیەكانیدا و هەرچەندە تاڕادەیەك داهاتی تاكی تونسی گەیشتبوە ٥٠٠ دۆلار بەبەراورد لەگەڵ ولأتانی دەوروبەری و عەرەبی تردا بەرزتر بوو جگە لە ولأتانی كەنداو, بەلأم گوێنەگرتنی دەسەلأت لە ڕەخنە و ڕاجیاوازە سیاسیەكان و بەدەنگەوە نەهاتنی چین و توێژە جیاوازە كەم دەرامەت و هەژار و بێكارەكان وایكرد كە تەنها بەهۆی سووتاندنی عەرەبانەیەكی هەژارێكەوە و دواتر خۆسوتاندنی لە ولایەتی بوزید و لێدانی زلەیەكی یاساوڵەكانی دەسەلأتەوە لە هاولأتیەك بزیسكەی ڕاپەڕینێكی سەرتاسەری جەماوەری داگیرساو سەرتاسەری ولأتی گرتەوە وئەنجامیش سەركەوتن بۆ گەل و هەڵهاتنی سەركردە بەزیوەكەی لێكەوتەوە.

- ئەم ئەزمونەی گەلی تونس و دەسەلأت و سەركردە ڕاكردوەكەی بەڕاستی جێگەی تێڕامان و ووردبونەوە و تێفكرین و بەسەرداچوونەوەی هەموو

حساباتەکانی گەرەکە لەلایەك لەلایەن جەماوەرەوە و لەلایەکی تریشەوە لەلایەن سەرکردە و دەسەلاتە تاکرەو و خۆسەپێنەکانەوە.

لەلایەن جەماوەرەوە هەقە چیدی هێز و تواناو گەورەیی و هەیبەتی گەل پشتگوێ نەخرێت و ملکەچی و سەردانەواندن نەکەنە پیشە و چەپلەلێدان و دەنگدانی زۆرەملێ رەتبکەنەوە چونکە هەر گەلە سەرچاوەی هەموو دەسەلاتەکان و متمانەپێدان و شەرعیەتپێدانیان .

لەولای تریشەوە هەقە سەرکردە و دیکتاتۆرەکانیش باش لەو راستیە مێژوویە تێبگەن کە چارەنوسیان تەنها بەدەستی گەلەکانی خۆیانە بەباش یان خراپ بۆیە هەقە هیچ کات بیر لە تاك رەوی و هێز بەکارهێنان و دوورە پەرێزی و کەنارخستنی هیچ هێز و لایەنێکی جەماوەری و سیاسی نەکەنەوە و سیاسەتی ملهورانە و لوتبەرزانە پیادە نەکەن و هیچ کاتێك تووشی غرورو و بەدمەستی دەسەلات نەبن . دیکتاتۆرەکان هیچ کات نەیانتوانیوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەردەم رق و تۆلە و کینەی گەلدا خۆیان رابگرن و هەر هێندەیان پێکراوە و بۆ ماوەتەوە لەساتە کۆتاییەکاندا دان بەهەلە و کەموکوریەکانیاندا بنێن و بکەونە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و دەست وپێوەندەکانیان و راکردنیان لەولات. نمونە نزیك و زیندوەکانیش دیکتاتۆری رۆمانیا شاوشیسکۆ و شای ئێران و صدامی بەعس و بن عەلی تونسە و لە داهاتووشدا بەدلنیایی نمونەکان زیاتر دەبن.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە. کە ئایا دەسەلاتی کوردی و گەلی کورد لەکوێی ئەم بەراوردە دایە لەگەل گەل و سەرکردە بەزیوەکەی تونسدا؟**

- ئاشکرایە دەسەلاتی کوردیش وا بۆ نزیکەی ٢٠ سال دەچێت کە بەشێوەیەکی تارادەیەکی زۆر خۆسەپێن و تاك رەو و لەسەر بنەمای بنەمالەچێتی و عەشرەتچێتی وتاکە حیزبی حوکمرانی دەکات و کەم تازۆر حەز بە پیادەکردنی دەسەلاتێکی رەها و دیکتاتۆریانە دەکات کە دیموکراسیەت و ئازادیەکانی تیادا بەرقەرار نەبێت و گۆرەپانی سیاسی و ئابوری تەنها بۆ سەرکردە و بنەمالە و حیزبەکانی خۆیان پاوان کرابێت و عەدالەت و مافەکان و ئازادیەکانیش تەنها بە پرس و را و دەسەلاتی ئەوان و لەبەرژەوەندی ئەواندا بێت و رەخنە و کاری سیاسی قۆرخ کرابێت و بازار و بازرگانیش هەر بۆخۆیان و کۆمپانیا و بنەمالەکانیان بێت و یاسا و سەروەریەکەشی لە ژێر رەحمەتی خۆیاندا بێت . کە هەموو ئەمانەش پایە و پرەنسیپە گرنگەکانی دیکتاتۆریەتن و

ئـەنجامیش هـەژاری و بێکـاری و نەخۆشـی و دواکـەوتویی لێدەکەوێتـەوە و زۆرینـەش بێبەش و کەمینەش بالادەست دەبن و کۆتایش خوێناوی دەبێت لە ئەنجامی ناڕەزایی و تورەبـوون و خۆپیشـاندان و دواتـریش ڕاپـەڕینی سەرتاسـەری و جـەماوەری لـێ سـەوز دەبێت و بەم شێوەیەش کۆتایی بەدەسەلاتە تاك ڕەوەکەی کوردستانیش دێت.

لە ئێستادا تاك و گروپ و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانیش ناڕازین , تورەن , بێـزارن , خۆپیشـاندان دەکـەن نـەك تـەنها لـەناو کوردسـتان بـەلکو لەئـەوروپاو دونیـای دەرەوەشـدا. ئەمـەش لـە ئـەنجامی ملـهوڕی و غـرورو و نەگەڕانـەوەی دەسـەلاتە بـۆ لای داواکاریەکانی جەماوەر. چونکە جەماوەر ناڕازین لە کپکردنەوەی ئازادیـەکان و میـدیاکان و بەرتەسکردنەوەی دیموکراسیەت و دزینـی نـەوت و گـاز و سـەروەتی میلـەت و موچـەی فەرمانبەران و پۆلیس و پێشمەرگەکانی خۆشیان و ناڕازین لە پاوانکردنی بازاڕ و ئابوری و پێشێلکردنی مافەکان و تیرۆرو تۆقاندن.

- جابـەم شـێوەیە ئەگـەر دەسـەلاتەکەی کوردسـتانیش زیـاتری نـەکردبێت لـە دەسـەلاتەکەی بن عـەلی لـە تـونس ئـەوا کـەمتری نـەکردوە . لەبەرامبەریشـدا گـەلی کوردیش هیچی کەمتر نیە لـە خـەبات و تێکۆشـان و قوربانیـدانی گـەلی تونس. هەربۆیـە چیدی گـەلی کوردیش هەق نیە ڕێگە بەدەسەلات بدات کە بەدەم داواکاری و مافە ڕەوەکانیـەوە نەیـەت و درێژە بەملهوڕی و پاوانخوازی و خۆسەپاندن بدات. هەربۆیەش گەر بارودۆخی تونس و کوردستان بەراورد بکرێت ئەوا بەدڵنیایی کـاتی ڕاپـەڕینێکی جـەماوەری هـاتووە دژی ئـەم دەسەلاتە بۆ ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی کوردایەتی ڕەسەن ودەرخستنەوەی ڕووی گـەش و پاکی و تێگەیشتن لە چەمك و میتۆدو پایەکانی دەسـەلات بەبەرژەوەندی زۆرینـەی گـەل .

هەروەك شاعیری نەمری تونسیش (( ئەبولقاسمی شابی )) لە مێژە وتویەتی :

اذا الشعب يوما اراد الحياة

فلا بد ان يستجيب القدر

ولابد لليل ان ينجلى

ولابد للقيد ان ينكسر

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردستان پۆست و سبەی دا لە بەروارەکانی ١٦ و ٢٠١١/١/١٧دا بلاوکراوەتەوە.

## میسری دوای موبارەك بەرەو کوێ ؟ *

- میسـر گـەورەترین وڵاتـی عەرەبیـە لـەڕووی ژمـارەی دانیشـتوان و نفـوز و مێـژوەوە و پێگەیـەکی جیۆسیاسـی ئێجگـار گرنگیشـی داگیرکـردوە بـەوەی کەوتۆتـە سـەر سـێ ڕێیـانی هەرسـێ کیشـوەری ئاسـیا و ئـەوروپا و ئـەفریقیا و کەوتوشـەتە ناوەڕاست و چەقی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و بە دایکی دونیاش دەناسرێت بەوەی کە یەکەمین لانکەی مێژووی مرۆڤایەتیشە.

میسـر یەکێکـە لـەو چـوار وڵاتـە گـەورە و گـرنگ و کاریگەرانـەی ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوین کە هەوڵدەدەن ڕۆڵـی ڕابەرایـەتیکردنی ناوچـەکە بگرنـە دەسـت لـەپاڵ تورکیـا و ئێران و ئیسڕائیلدا.

میسر لەساڵی ١٩٥٢وە ڕژێمی پاشایاتی کۆتایی پێهێناوە و لە جێگەیدا ڕژێمێکی کۆمـاری تیـادا دامەزرانـدوە و لەوکاتـەوە تـاکو ئێسـتا کـە ٦٠ سـاڵ زیـاترە تـەنها ٣ سـەرۆك کۆمـاری گـۆڕیـوە کـە ئـەوانیش(( جمـال عبدالناصـر و انورسـادات و حوسـنی موبـارەك )) بـوە و تەمـەنی حـوکمی هەریـەکێکیان لەتەمـەنی حـوکمی پاشـاکان کـەمتر نەبوە.

میسر قورسایی و سـەنگی خـۆی هەیـە لـە دونیـای عـەرەبی و ئیسـلامی و ناوچـەکە و دونیاشـدا و هـەر ڕووداوو گـۆڕنکاریـەك تیایـدا بـە بـاش یـان بـەخراپ کاریگـەری بـۆ سەرهەموانیان دەبێت.

میسر لەسەرەتای سییەکانی سـەدەی ڕابوردووەوە بـوە یەکـەمین مـەنزڵگا و زاینگـەی کۆمەڵـەی ئیخـوان موسـلیمین کـە ڕێکخراوێکـی ئیسـلامی سـەلەفی و توندڕەو بـوو کـە لەسـەر دەسـتی حەسـەن بـەنادا دامـەزرا و لەوکاتـەوە میسـر بۆتەجێگـەی ململانـێ لەلایـەك هێـزە عیلمـانی و نەتەوایـەتی و مارکسـیەکان و لەولاشـەوە ئیسـلامیەکان و لەسـەردەمی پاشـایەتی و کۆماریشـدا کۆمەڵـەی ئیخـوان موسـلیمین کـاری سیاسـی ئاشکرای لێقەدەغەکراوە و بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە تـەنها چـەند کـات و سـاتێکی کـەم نـەبێت ئـەویش وەکـو تـاکتیکێکی سیاسـی لەلایـەن

دەسەڵاتەوە ڕێگەی پێدراوە بە ئاشکرا کار بکات. و سەرکردەکانی وەك حەسن بەنا و سەید قوتب تیرۆر و لەسێدرە دراون.

سیستەمی میسر لەساتی دامەزراندنی ڕژێمی کۆماریەوە گیرۆدەی حیزبی دەسەڵاتدار و ڕابەری نەمر بوە و هەرچەندە لە ئێستادا ٢٤ حیزبی سیاسی یاسایی هەن و ١١ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی تریش هەن کە لەلایەن دەوڵەتەوە کاری سیاسیان لێقەدەغەکراوە و دانیان پێدانەنراوە هەر بەناو دیموکراسیەت و ئازادیەکانی تێدا بوە ئەگینا هەمیشە لەژێر حوکمی سەربازی و یاسای تەواریدا تەمەنی کۆماری بەڕێکردوە.

سیستەمی سیاسی تاڕادەیەکی زۆر تاك ڕەو و توتالیتاری بوە و ئەنجامیش ئابوریەکی لاواز و هەژار و باری کۆمەلأیەتیەکی لێکهەڵوەشاوی لێکەوتۆتەوە و ئەمانەش بونەتە هۆی بلأوبونەوەی هەژاری و بێکاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری و ...هتد.

میسر لەزەمەنی کۆماریدا تووشی گەلێك شەڕی گەورە و گەمارۆی سیاسی و سەربازی بۆتەوە هەرلەساڵی ١٩٤٨ و١٩٥٦ و١٩٦٧ و١٩٧٣ و...هتد.ئەنجامیش بوە یەکەم دەوڵەتی عەرەبی کە ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئیمزاکرد لەسەردەمی ساداتدا لەساڵی ١٩٧٨ و بەتیرۆرکردنی ساداتیش کۆتایی هات لەساڵی ١٩٨١دا بەدەستی خالد ئیسلامبولی.

- بەم شێوەیە و لەساڵی ١٩٨١وە تا ساڵی ٢٠١١ محمەد حوسنی موبارەك بوە سەرۆك کۆمار و ماوەی ٣٠ ساڵی ڕێك لەژێر سایەی یاسای تەواریدا ولأتێکی ٨٠ ملیۆن کەسی بەڕێوەدەبردو لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و هەژاری و بێکاری و نەخۆشی و ناعەدالەتی و نەبوونی دیموکراسیەت و ئازادیەکان زۆر گەشەیان کردو کۆمەڵگای میسری ببوە کۆمەڵگایەکی داخراو و زیندانێکی گەورە. بەمەش گەل بێزار و تووڕە بوو لە یەك سەرۆك و یەك حیزب و یەك مۆدێلی حوکمڕانی. هەربۆیە دوای ٣٠ ساڵ و لەدوای ئەزمون و شۆڕشی یاسەمینی تونسیەکان لە ٢٠١١/١/١٤دا . جەماوەری گەنجانی میسریش دەستیان کردە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سپی هاوشێوەی تونسیەکان لە ٢٠١١/١/٢٥دا و دوای تەنها ١٨ ڕۆژ توانیان کۆتایی

بەحوکمی ٣٠ ساڵەی حوسنی موبارەك بهێنن و حکومەت و حیزبەکەشی بڕوخێنن و بەمەش هەیبەتی فیرعەونەکانی لەسەدەی بیست و یەکدا تێکشکاند و گەلی میسر بە ئازادی و دیموکراسی و ژیانێکی نوێ شادبووەوە لە شەوی ٢٠١١/٢/١١دا.

وازهێنانی حوسنی موبارەك بوە مایەی خۆشحاڵی هەموو گەلانی ناوچەکە و عەرەبی لە کەنداوەوە بۆ زەریا. ئەم باهۆزی گۆڕانکاریە لەناکاو و کتوپڕەدا لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١وە بۆتە مۆدێلێکی نوێی گۆڕانکاری هاوشێوەی گۆڕانکاریەکانی ساڵی ١٩٩١ی سۆڤیەتی جاران و ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە تیایدا گەلێك لە حیزب و سەرکردە و حکومەتەکانی بلۆکی سۆسیالیستی و دیکتاتۆری بەرەو زبڵدانی مێژوو تورهەڵدا و لەئێستاشدا هەموو هێز و حکومەت و تاکڕەوەکانی ناوچەکە ترسیان لێنیشتوە و لەپێشیشەوەیان جەزائیر و یەمەن و سوریاو ...هتد سەرەیان گرتوە بۆ گۆڕانکاری.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە. کەئایا دوای نەمانی حوسنی موبارەك سیستەمی سیاسی میسر بەرەو کوێ و بە چ ئاڕاستەیەك هەنگاو دەنێ؟ ئیسلامی یان عیلمانی؟ دیموکراسی یان توندڕەوی و تاکڕەوەی؟ چ حیزب و لایەنێکی سیاسی دەتوانێت بەری ڕەنجی ئەم شۆڕشەی گەنجان بۆ خۆی کۆبکاتەوە و سوار شەپۆلی داواکاری و ناڕەزایەتیەکەیان ببێت و ببێتە سەرکردە و ڕابەری ئاینده؟ئایا عەقڵ و سیاسەت و زانست سەرکەوتوو دەبن یان عەسکەر و کۆنەپارێزی و جەهالەت؟ و دەیان پرسیاری تریش.

ئاشکرایە گەلی میسر گەلێکی هۆشیار و بە ئەزموونە و چۆن توانی بەهێز و توانای خۆماڵی گەنجەکانی شۆڕشێکی سپی بەرپا بکات و فیرعەونی سەردەم وەدەرنێت لە حوکم و لە وڵاتیش, ئاوهاش دەتوانێت چارەسەری گونجاو و ڕێگای ڕاست و دروستی ئایندەشی بکێشێت و هەڵببژێرێت. بەدڵنیاییی لە ئاییندەدا ململانێی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسیە تەقلیدی و نوێکاندا لەناوخۆیاندا ڕوودەدات و هەریەکە بۆ وەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی ئاینده و سەرۆك کۆمار هەوڵدەدەن. حیزب و کۆمەڵە تەقلیدیەکان ڕابووردوویەکی گەش و دەسکەوتی گەورەیان نەبەخشیوە بەگەلی میسر تا شانازی پێوە بکەن و بتوانن جەماوەر لە خۆیان کۆبکەنەوە چونکە بەدرێژایی حوکمی کۆماری میسر نەیانتوانیوە تەوقی دیکتاتۆریەت و عەسکەرتاریەت

بشکێنن و ئازادی و دیموکراسی فەراهەم بکەن بەعیلمانی و ئیسلامیەکانیشەوە. هەربۆیە ڕێگەی تێناچێت کە ئایندەیان بۆ مسۆگەر بکرێت و تەنها هێندەی جەماوەر و قەوارە تەقلیدیەکانی خۆیان دەنگ دەهێنن.چونکە هەموانیان کەسانی سەردەمی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابوردون و خاوەن عەقڵ و بیرکردنەوەی نوێ نین و تەنها لەسەر خەرمانی ڕابووردوویان ماونەتەوە.

هەربۆیە بەدڵنیایی ڕەوتی نوێی گەنجان و ڕابەرایەتی ئەم شۆڕشە نوێیە هەڵی سەرکەوتن و وەدەستهێنانی زۆرترین متمانەی گەلیان لەبەردەمدایە. بەمەرجێك دەستورێکی شارستانی و پێشکەوتنخواز و سەردەمیانە دابڕێژرێت و ڕێگە بە هەموو توانا و لێهاتوویەکان بدات بۆ بەشداریکردن و ڕێگە بەحیزبی سیاسی ئیسلامی و مەزهەبی توندڕەو نەدات لەپێناو چەسپاندنی سیستەمی سیاسی نوێ و بونیاتنانەوەی میسری نوێ لەژێر سایەی دیموکراسی و ئازادیەکاندا.

بەدڵنیایش ململانێ لەنێوان هێزە عیلمانی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئیسلامیەکاندا توند دەبێت. و ئیسلامیەکانیش هەموو هەوڵیان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیە و گەرەکیانە سەردەمانی سەرەتای حەسەن بەنا و سەید قوتب ببوژێننەوە و هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەوڵەتێکی ئیسلامی لە میسردا چێ بکەن.

بەڵام لەبەر زۆر هۆکاری زاتی و مەوزوعی میسر و ناوچەکە و دونیاش هیچ هێزێکی ئیسلامی توندڕەو کە بیەوێت دەوڵەت و حوکم و کۆمەڵگا بکاتە کۆمەڵگا و دەوڵەتێکی ئیسلامی بۆی ناچێتە سەر و زۆرینەی گەلی لەگەڵد نابێت. چونکە نمونەی ئێرانی ئەحمەدی نەژاد و ڕێکخراوی سەلەفی ئەلقاعیدە و دەوڵەتی تالیبانی ئەفغانستان لە زهن و بیری مرۆڤایەتیدا چەسپیوە و کارەساتی ١١ی سێپتەمبەریش لەبیر نەچۆتەوە.کە چەندە مەترسیان لەسەر ئاشتی جیهان داناوە.بەڵام گەر بتوانن خۆیان و کۆمەڵەکەشیان مۆدێرن بکەن و بەسەر چەمك و تێگەیشتنەکانیاندا بچنەوە و هەوڵبدەن هاوشێوەی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا خۆیان ڕێکبخەنەوە ئەوا زۆر نزیکە کە بگەنە دەسەڵات و ببنە خاوەن جەماوەرێکی پان وپۆڕی ئیسلامی میانڕەو.

هەربۆیە گەلێك سیناریۆ و خوێندنەوەی جیاواز هەیە بۆ ئایندەی سیاسی میسر کە بەتەنها میسریەکان خۆیان بەشدار نابن لە داڕشتنەوەیدا و بەڵکو لەبەر گرنگی و

گـەورەیی و نفـوزی میسـر لەناوچـەکە و دونیاشـدا هەمووڵایەنـەکان بـە عـەرەبی و ئیسلامی و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشەوە بەشداری جدی دەکەن لەو پێناوەدا و لە میسری دوای موبارەکدا و هـەر لایـەکیش گـەرەکێتی بەخواسـت و ویسـت و بەرژەوەندیـەکانی خۆی میسر بونیاتبنێتەوە و وێنا بکات. هەربۆیەش لـە ئێستادا هـیچ کـەس و لایـەنێك ناتوانێت ئایندەی میسری دوا موبارەك بنەخشێنێت و خوێندنەوەی ڕاست و دروستی بۆ بکات و تەنها زەمەن و ڕۆژگاری ئایندە زامنی ئایندەیەکی گەشتر و دیمکوراسیتر و پڕ لە ئازادیەکانە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردستان پۆست و سبەیدا لە بەروارەکانی ١٤ و ٢٠١١/٢/١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

## نهێنی سەركەوتنی
## سێیەمین جاری ئاك پارتی لە توركیادا...*

• ئاشكرایە پارتی داد و گەشەپێدان لە توركیا تەمەنێكی كورت و سەركەوتن و دەسكەوتێكی گەورەی وەدەستهێناوە و لە مێژووی سیاسی توركیادا بۆتە پارتێك و نمونەیەكی كەم وێنە و لە ناوچەكەشدا بۆتە دیاردەیەكی چاولێكراو لەبەرئەوەی لەتوركیایەكی عیلمانیدا توانیویەتی بۆ سێیەمین جار لەسەر یەك سەركەوتنی گەورە وەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنە گشتیەكانی پەرلەماندا وەك پارتێكی سیاسی ئیسلامی میانڕەوببێتە جێگە متمانە و دەنگدانی زیاد لە نیوەی گەلانی توركیا بەهەموو پێكهاتەكانیەوە بۆخۆی مسۆگەر بكات.

جێگەی خۆیەتی كە بپرسرێت ئەرێ دەبێت نهێنی ئەم سەركەوتنانەی ئاك پارت لەچیدا بێت و لەكوێوە سەریهەڵگرتبێت؟؟

ئاشكرایە ڕێگای سەركەوتن و گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی هەموو پارتێكی سیاسی شاڕێگەی خەبات و یەكەم و دوائامانجی هەر پارتێكە.بەلام ئەم خەباتەش شێواز و ئامراز و زەمان و زەمینەی گونجاوی گەرەكە بۆ ئەوەی بتوانرێت كۆدەنگی جەماوەر لە دەوری خۆی كۆبكاتەوە و شەرعیەتی جەماوەریش وەدەست بهێنێت.

ئاك پارت لەسەرەتاوە و تاكو ئێستاش وەك حیزبێكی سیاسی ئیسلامی میانڕەو خۆی نیشانداوە و خۆی ناساندوە و وەك خاوەنی تێز و تێڕوانینێكی ڕۆشنیش بوە بۆ هەموو مەسەلە سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتیەكان و پەیوەندیە ناوخۆی و ناوچەیی و دونیاییەكانیش.

لەڕووی سیاسیەوە توانیویەتی شكست بەهەموو حیزبە سیاسیە كلاسیكیەكانی توركیا بهێنێت كە ماوەی ٨٠ ساڵ بوو دەسەلاتیان قۆرخ كردبوو لەنێوان خۆیانداو بەزەبری هێز و تۆقاندن و تیرۆر و پشتگیری عەسكەریەكان. بەلام توركیای ئێستا گەلێك جیاوازە لە توركیای سەدەی بیستەم لەڕووی كەمكردنەوەی و نەهێشتنی تیرۆر و تۆقاندن و گەمارۆدانی ئازادیەكان و

میدیاکان و ڕادەربڕینی ئازادانە و کەمکردنەوەی دەسەلاتی عەسکەریەکانیش.بەلام ئاك پارت هەموو ئەم بنەمایانەی هەڵتەکاند و زۆر بەکراوەیی و ڕاشکاوانەوە ڕێچکەی سیاسی خۆی ئاشکراکرد و سەرەتا دەسەلاتی عەسکەریەکانی لەهەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا کەمکردەوە و گەشەی زیاتری بە ئازادیەکان و دیموکراسیەت داو زۆر بە جورئەتیشەوە باسی لەمەسەلەی کەمە نەتەوایەتیەکان و لەناویشیاندا کورد کرد.

لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوینیش توانی ململانێی ٣ زلهێزەکەی ناوچەکە بکات لەگەڵ میسر و ئێران و ئیسڕائیل و لە ئێستاشدا تورکیا بۆتە دەمڕاست و نابژیوانێکی بەردەوام و ئامادەباش بۆ هەموو کێشە و ململانێکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین.

لەڕووی ئابوریشەوە لەسەردەمی ئاکپارتدا ئابوری و بازاڕ و بازرگانی تورکیا بەڕێژەیەکی بەرچاو گەشەی کردوە و داهاتی تاکەکەس و نەتەوەیی زۆر بەرزبۆتەوە و تورکیا لەبوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانیدا گەشەی بەرچاوی کردوە و بۆتە خاڵی تێپەڕبوونی نێوان سێ کیشوەری ئاسیا و ئەوروپاو ئەفریقیا.

لەسەر ئاستی کۆمەلایەتیش توانیویەتی چاکسازی گەورە لە سیستەمی تەندروستی و پەروەردە و هاوکاری کۆمەلایەتیدا بکات و لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریەکانیش بێ جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکانی تورکیادا هاوکاری هەموان کراوە و لە ئێستادا هەموان هەست بە ئارامیەکی زیاتر دەکەن و وەك لە ڕابوردوو , بەدەست هەژاری و دەستکورتی و نەبونی و نەخۆشیەوە ناناڵێنن.

هەر بۆیە هەموو ئەم کارانە ڕاست و دروست و شەفافانەی ئاکپارت بونەتە هۆی سەرکەوتنەکانی و کۆبونەوەی زۆرینەی جەماوەر لە دەوری و بونەتە پاڵپشت و لایەنگری. نهێنی سەرکەوتنەکانی ،خزمەتکردنی جەماوەری گەلەکەیەتی بە بێ جیاوازی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند و زۆرینە و کەمینەدا.و دوورکەوتنەوەیەتی لە ناعەدالەتی و گەندەڵی و مشەخۆی .

ئاك پارت ڕێبازێکی ئیسلامی نەرم ونیانی گرتۆتە بەر و توانیویەتی تورکیایەکی چەقی ڕووداوەکان و ٨٠ ملیۆن کەسی و پێکهاتە جیاواز دوور بخاتەوە لە مەترسیەکانی جەنگی دژە تیرۆر و تیرۆریستان وتورکیای پاراستوە لە بچوکترین کاری تیرۆریستی کە هەموو دونیا بەدەستیەوە دەناڵێنێت و لەکاتێکیشدا کە هەرچوار لای سنورەکانی لە عێراق و سوریاو ڕوسیاو ئێران نائارامی و جەنگ و توندڕەوی تیایاندا هەبوە.ئاکپارت لە سایەی سیاسەتێکی ژیرانە و دۆستایەتی باشیەوە لەگەڵ هەمواندا بەلانسی هێز و بەرژەوەندیەکانی بەلای خۆیدا شکاندۆتەوە.

ئاکپارت لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیاش , توانیویەتی هاوسەنگی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەزگای سەربازیدا و هەموو پارتە سیاسیەکان و کەمە نەتەوەکان ڕابگرێت و بۆ هەریەکەیان ئامڕاز و شێوازی گونجاوی هەڵبژاردوە.

کێشەی سەرەکی ئاکپارت, دوو مەسەلەن یەکەمیان دیموکراسیەت و چەسپاندنیەتی بە پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا و دووەمیشیان مەسەلەی کوردە کە بونەتە دووکارتی فشار و دوو ئاستەنگ لەبەردەم چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا.

ئاکپارت بۆ مەسەلەی دیموکراسی هەنگاوی زۆرباشی ناوە و تاڕادەیەك جێگەی ڕەزامەندی ئەوروپیەکانە و پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتیەکانی لەناوچەکەدا کەم وێنەیە لە نەزاهەت و پاکی و سەربەخۆیی و بێلایەنیدا و ئازادیەکانیش تاڕادەکی باش سەقامگیرن و پارێزراون.

ئەوەی ماوەتەوە مەسەلەی کوردە. لەم مەسەلەیەشدا ئاکپارت هەنگاوی بوێرانەی ناوە. کە لەتورکیایەکی پان کەمالیستی و عیلمانیدا هەنگاوی گەورە و مەترسیداریشن بۆ ئاکپارت, یەکەم پارتی سیاسی تورکیایە دانی بەبونی کورد و زمانی کوردیدا ناوە. یەکەم پارتە خوێندنی کوردی ئازادکردوە لەخوێندنگا و زانکۆکاندا. یەکەم پارتە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی بەزمانی کوردی کردۆتەوە.یەکەم پارتە کە ڕایگەیاند لەتورکیادا کێشەیەك هەیە بەناوی کێشەی کورد و هەنگاودەنێین بۆ چارەسەرکردنی. بەم شێوەیە ئەم هەنگاوانەی هەرچەندە بچوکن

لە ئاست چارەسەری ڕیشەیدا بەڵام بۆ خۆی هەنگاوی گرنگن لە تورکیایەکی ٨٠ساڵەی کەمالیزم و پان تورکیزمدا.

سیاسەتی ژیرانەی سەرانی ئاکپارت لەوەدا بوو بەو نەرم نیانیەیان توانیان هۆشیاری سیاسی تاك و کۆمەڵی تورکیا بگۆڕن لەبەرامبەر مەسەلەی کورد و لەتورکی شاخاویەوە بیگۆڕن بە هاوڵاتی ئاسایی تورکیا.

ئاشکرایە ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد دوورودرێژە و بێکێشە و گرفت نابێت بەڵام گرنگ بوونی نیەتێکی ڕاستگۆیانەیە لەلایەن ئاکپارتەوە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە وەستاوەتە سەر هەڵوێست و گوتاری سەرانی کوردیش لەتورکیا کە بتوانن بە ڕێگایەکی ئاشتیانە و یەکگرتوانە مامەڵەی ژیرانە لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەدا بکەن و بتوانن چەندی بۆیان دەکرێت دەسکەوتی سیاسی وەدەستبێنن لەسایەی دەسەڵاتی ئاکپارتدا. نمونەی سەرکەوتنی کوردان لەم هەڵبژاردنەی ١٢ی حوزەیراندا نمونەیەکی گەشە بۆ ئاییندە و ئومێد بەوەی کە لە داهاتوودا کوردەکان بتوانن ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لە ناوەندی بڕیار و حکومەتی داهاتوودا.

لەکۆتایدا دەکرێت کە سیستەمە سیاسیەکانی ناوچەکە بەعێراق و کوردستانی خۆشمانەوە هەنگاو و سیاسەتەکانی ئاکپارت بکەنە ڕچە و ڕێبازی خۆیان و بیکەنە نمونەیەکی گەش و ڕۆشن بۆ دەسەڵاتەکانیان و پەی بەرن بەو نهێنی سەرکەوتنانەی ئاکپارت بۆ خزمەتی جەماوەر و گەلەکەیان و لە پێناو ئاشتی و پێکەوەژیان و گەشەو ئاوەدانی زیاتری وڵاتەکانیان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ناوخۆ لەبەرواری ٢٠١١/٧/٣دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەرکی کێیە ئەم گۆمە مەنگە بشڵەقێنێ ؟*

• لای هەموان بەسەرکردە و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و تاك بەتاکی جەماوەری گەلەکەشمان,ئاشکرایە ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستانی پیادا تێپەڕ دەبێت, بارودۆخێکی نائاساییە و هێندەی نزیکە لەدڕدۆنگی و دوورەپەرێزی و ناجێگیری سیاسی لەنێوان پارتە سیاسیەکاندا, نیو هێندە نزیك نیە لە تەبایی و برایەتی و یەکدی قبوڵکردن.هەربۆیەش کەش وهەوایەکی بێ متمانەیی و گرژی و بارگاوی هێناوەتە ئاراوە کە هیچ کەس و لایەنێك هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکەن.بەتایبەتیش دوای هەڵپەساردنی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ دانیشتن و گفتوگۆکردنە پێنجقۆڵیەکان.

• ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە لە دابونەریت و ئەدەبیاتی هەموو دانوسانێکدا کە هەردوو لایەنی خاوەن کێشە و ململانێکە,ئەرکیانە کە زەمینەسازی تەواو بکەن بۆ گەیشتن بە مێزی گفتوگۆ و هەرواش ئامادەسازی باشیش بکەن بۆ بەردەوام بوونی گفتوگۆکان بەمەبەستی گەیشتن بە خاڵی کۆتاو ڕێککەوتن و چارەسەری مام ناوەند بۆ هەردوولا.ئەمە بۆ دوولایەنی دوژمن بەیەك و خاوەن کێشە و ململانێی مێژوویی و خوێناوی و سەخت.جا چ جای بۆ دوولایەنی براو هاونیشتمان و هاوخەبات و هاوئامانج وەك هەموو پارتە سیاسیەکانی ئێستای کوردستان.

بەهەمان شێوەش بنەمایەکی تری دان و سان بریتیە لە پشوودرێژی و هەستکردن بە لێپراسراوێتی وگوێگرتن لە یەکتری ئەگەر تەنانەت بەرامبەرەکەش زۆر توندو ڕەق و خۆبەزلزانیش بێت. هەروەها بنەمایەکی تری دان وسان بریتیە لە گەیشتن بە خاڵی هاوبەش و کارکردن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ خاڵە سەخت و دژوارەکان تانزیکبونەوە لە ڕێکەوتنی کۆتایی.کەواتە مەرج نیە و کارێکی ڕاستیش نیە کە هەر لایەك هەوڵی سەپاندنی تەنها بەرنامەو ئەجێندا و پرۆژەی خۆی بدات و هیچیش لەبەرامبەر قبوڵ نەکات و بۆشی نەسەلمێنێت, چونکە دان

و سان بۆ خۆی بریتیە لە پێدانی هەندێك و وەرگرتنی هەندێکی تر بۆ هەردوولا نەك یان هەموو یان هیچ.

• لێرەدا پرسیار ئەوەیە,ئایا دان وسانە پێنج قۆڵیەکەی کوردستان زەمینەسازی لەباری بۆ کرابوو؟ ئایا هەموان بە نیەتێکی ڕاستگۆیانەوە بەشداریان تیاداکرد و هەوڵی سەرخستنیشیان دا؟ئایا ئەم دان وسانانە لە پێناو ئاسایکردنەوەی ڕاستەقینەی بارودۆخەکەدا بوو بەرەو چاکسازی و گۆڕینی سیستەمە سیاسیەکە یان تەنها بۆ مەبەستی دەرکەوتنی میدیاکان و خۆڵکردنە چاوی جەماوەر و دونیای دەرەوەدا بوو؟

لەڕاستیدا گەر بوترێت زەمینە سازی تەواو کرابوو بۆ دانیشتن و دانوسانەکان ئەوا بەهەڵەدا دەچین,چونکە ئەو هۆکارانەی کەببونە هێنانە ئارای ئەم قۆناغە و ئەم بار گرژیەی ئێستا لە دوای ٢/١٧ وە و خۆپیشاندان و کوژران و بریندارکردن و ڕاوەدوونان و نانبڕین وفشار بۆسەر لایەنگرانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و..هتد. هیچیان چارەسەر نەکرابوون لەلایەن هەردوو پارتی حوکمڕانەوە. کە لە دوو کۆبونەوەی یەکەمدا بریتی بوون لەداواکاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن, بەڵام لەوکاتەوە و تاکو ئێستاش ئەو داواکاری و هەنگاوەنە جێبەجێنەکراوون, و لەلایەکی تریشەوە لەبەرامبەر پڕۆژەکەی ئۆپۆزسیۆندا پارتەکانی حوکمڕانیش پڕۆژەیەکی دوور و درێژیان دایە ئۆپۆزسیۆن کە ئەمە بۆ خۆی سەرەتای بێ متمانەی و لێکدوورکەوتنەوە بوو وەبوە هۆی پاشەکشەی ئۆپۆزسیۆن لە دان وسانەکان چونکە هەستیان بە نیەتێکی ڕاستگۆیانە نەکرد بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان.

بەڵام زۆر جاران لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا تا گەیشتن بە خاڵی کۆتایی و ڕێککەوتن, کاری دژ بەیەك و لەبەرەکانی جەنگیشدا دەنگی تۆپ و فیشەك و خوێن هەر بەردەوام دەبێت و مەرج نیە کەوا هەموو کەش وهەواکان بەتەواوەتی ڕوون و ساف بن ئەوسا دان وسان بکرێت.هەربۆیە پێدەچوو دوای دووسێ کۆبونەوە هەردولا نیەتی یەکتریان بۆ دەرکەوتبێت کە ڕاستگۆنین لەدان و

سانەکاندا وتەنها بۆ دەرکەوتن لەبەردەم میدیاکان و بەهەڵەدابردنی ڕای دەورەوبەرو دونیا بووە دەربارەی بارودۆخەکانی کوردستان.
هەربۆیەش دوای بینین و هەستکردنی بیٚ متمانەیی لەلایەن هەردولاوە بۆ یەکتری پڕۆسەی دان وسانەکانیان پەکخست و پاشەکشەیان هەڵبژارد لەجیاتی بەردەوام بوون و بەمەش نەك بارودۆخەکەیان ئاسایی نەکردەوە بەڵکو هێندەی تر بەرەو ئاڵۆزی و ناجێگیری زیاتریان برد و ئەو ئومێدەی کە دروست بوو بۆ ئارامکردنەوە ئەویشیان لەباربرد.

- ئەی ئێستا و دوای هەڵپەساردنی دان وسانەکان بۆ نزیکەی مانگێکە چی بکرێت؟ و هەموان چاوەڕوانی چین؟

پێش وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە. دەڵێین پاشەکشەی ئۆپۆزسیۆن لە دان وسانەکان و هەڵپەساردنیان لە ٢٠١١/٧/١١ وە کارێکی سیاسی ڕاست و دروست و لەجێگەی خۆیدا نەبوو و وەنەدەبوو کە ئاوها مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکرێت. جانازانم لەبیرتەسکی و نەزانینی هونەری دانوسانەوە بوو یان لە بیٚ ئەزمونی و کەمی تەمەنی ئۆپۆزسیۆن بونیانەوە بوو یان بەڕاستی هەستیان بە نیەتێکی ڕاستگۆیانە نەکردوە لەلایەن پارتە حوکمڕانەکانەوە.
بەهەرحاڵ لە ئێستاداو دوای تێپەڕبەوونی نزیکەی یەك مانگ بەسەر هەڵپەساردنی دان وسانەکاندا. پێویست دەکات کە گۆمی مەنگی ئەم بارودۆخە جوڵەی تێبکەوێت و بشڵەقێت و ئەم کەش وهەوای نەشەڕ نەئاشتی و بێدەنگیە تێبپەڕێنرێت.
ئەم کارەش ئەرکی هەموانە و پێویستی بەدەستپێشخەریەکی مێژوویی و بوێرانە و ڕاستگۆیانە هەیە لەهەر لایەك و لەهەر سەرکردەیەکەوە بێت. ئاشکراشە هەر لایەن و سەرکردەیەك هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێت ئەوا دەبێتە جێگەی ڕێز و پێزانین و گەورەیی و متمانەی زیاتر لەلایەن جەماوەرەوە وەدەست دەهێنێت.
بۆیە ناکرێت ئەم بارودۆخە هەروا بەردەوام بێت و چاوەڕوانی قەدەری خۆمان بکەین یان چاوەڕوانی خەڵکانی دەرەوەی ماڵی کوردی بکەین ببێتە دەمڕاست و سەرپەرشتیکەرمان.چونکە تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە کارێکی تاکە کەسی و

حیزبی و بنەماڵەیی و کێشەیەکی کۆمەلآیەتی نێوان دوو هۆز و دوو بنەماڵەی بەشەڕ هاتوو نیە بەڵکو ئەمە مەسەلەیەکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی و کوردایەتی ڕاستەقینەیە کە بەرژەوەندی هەموانی پێوە بەندە و ئێستا و ئایندەشی لەسەر هەڵچنراوەو پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی ملیۆنان کوردەوە هەیەو و بۆ ناووناوبانگی ئیدارە و ئەم دەسەلآتە کوردیەش کاریگەری هەیە لەناو عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا.

بۆیە ئەرکی سەرکردەکانە کە هەنگاوێکی عەمەلی و جدیانە هەڵبنێن و دووربکەونەوە لەیاری (( ڕاکێشانی حەبلەکە)) چونکە نەقۆناغەکە و نە مەترسیەکانیش ڕێگە بەوە نادەن کە بارودۆخی کوردستان بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

بۆیە بوونی نیەتێکی ڕاستگۆیانە بۆ چیٚ کردنی پرۆسەیەکی گشتگیری چاکسازی و گۆڕینی سیستەم و وەلآمدانەوەی داخوازیەکانی جەماوەر لە نەهێشتنی ناعەدالەتی و گەندەڵی و پێشێلکردنی یاساو نەهێشتنی کەموکوڕیەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بە جەماوەر و..هتد.لەلایەن دەسەلآتەوە ئەرکێکی هەنوکەییە و لەبەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆنیش ئەرکێتی کە زیاتر و فراوانتر بیرو بەرنامەکانی دابڕێژێت و دەسەلآت بە دوژمن دانەنێت و خۆشی بەفریشتە و بیٚ کەموکوڕی بزانێت . هەربۆیە گەر کەموکوڕی و هەڵە هەبێت لەهەردوولاوە هەیە بەڕێژەی زۆر و کەم. هەربۆیەش پێویست دەکات بەهەردوولا و بەهاوکاری و هاوئامانجی پێکەوە بەرنامەی چاکسازی وئایندەسازی دابنێن و کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی تەواوی پرۆسە و سیستەمەکە و دەبێت هەموانیش ئەو ڕاستیە بزانن کە لەخۆشیەکاندا هەموان پێکەوە دەیچننەوە و لە ناخۆشی و کارەساتەکانیشدا هەموان پێکەوە لەناودەچن و غەرق و نغرۆی هەتاهەتای دەبن.و هەربۆیەش دەستپێکردنەوەی دان وسانەکان بەبیٚ مەرجی پێشوەختە ئەرك و لێپرسراوێتی هەر پێنج لایەنە سیاسیەکەیە پێش هەموو کەس و لایەنێکی تر.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ لەژمارە ٥٥٥٧ لە ٢٠١١/٨/١٤دا و لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی ژمارە ٢٨٨لە ٢٠١١/٨/١٦دا بلآوکراوەتەوە.

## ڕووخاندنی ڕژێمی سوریا
## دەروازە گەورەکەی گۆڕان لەڕۆژهەلاَتی ناویندا...*

- لای هەموان ئاشکرایە بەهاری ساڵی ٢٠١١ بەڕاستی بوە بەهاری گۆڕانکاری و گەشانەوەی دیموکراسیەتی گەلانی عەرەبی ناوچەکە و لەبەرامبەریشدا بوە پایزی تەمەنی دەسەلاَتە ملهوڕ و دیکتاتۆری و خۆسەپێنەکان و لەناوچوون و ڕووخاندنی ڕژێمەکانی تونس ومیسر و لیبیا و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەریش لە یەمەن و سوریا و عومان و ئوردن وبەحرەین و ئێران و...هتد.لەناوچەکەدا و بەردەوامبوونیان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی باشوری سودانیش هێندەی تر هاوینی ئەم ساڵیان گەرموگوڕتر کرد و زۆرێك لەهیوا و ئومێدی گەلانیان بوژاندەوە.
- ئاشکراشە بۆ دەیان ساڵە ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوینە بەبەردەوامی کوانوی گەشانەوەی ژیلەمۆی ململانێی سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی ولاَتانی ناوچەکە و دونیاش بوە.بەهۆی کێشەی عەرەب–ئیسڕائیل و بوونی کێشەی کورد و کەمەنەتەوەکانی ترەوە و بەهۆی ڕەگ داکوتانی هەندێ دەسەلاَتی بنەماڵەیی و پاشایەتی و دیکتاتۆریەوە زۆر لە مێژە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی حوکمڕانیەکاندا نەبوە و گەلانی ئەم ناوچەیەش لە ژێر سایەی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و دواکەوتویدا دەناڵێنن.
- هەربۆیەش ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەدوای سەرکەوتنیان بەسەر بلۆکی سۆسیالیستیدا لەساڵی ١٩٩٠دا و هێنانە کایەی سیستەمێکی نوێی جیهانی لەسایەی بەجیهانیبوون و داهێنانە تەکنەلۆژیاییە سەرسوڕێنەرەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل و کۆمپیوتەر و ...هتد.بەرنامە و پلانێکی گشتگیری گۆڕانکاریان بۆ ئەم ناوچەیە داڕشت لەژێر ناوی (( ڕۆژهەلاَتی ناوینی نوێ)) کە بەپێی بیردۆزەی (( فەوزای دروستکەر))وە جێبەجێدەکرێت کە هەموو ولاَتانی عەرەبی و ئێران و تورکیا و ئیسڕائیل و پاکستان و ئەفغانستان دەگرێتەوە و مەبەست لێی گۆڕانکاریی لە سیستەمە سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژیاییەکانی ناوچەکەیە و چەسپاندنی دیموکراسیەت و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە گەورەکان و دروستکردنی ولاَتانی بچوکی

نوێیە.و سوود وەرگرتنی گەلانی ناوچەکەشە لە داهێنان و زانیاری و زانستە نوێیەکان.ئەم پلان و پرۆسەی گۆڕانەش لەساڵی ٢٠٠١وە دەستی پێکردوە لە ئەفغانستان و عێراق و تا ئێستاش بەردەوامە و بۆ ئایندەش هەر درێژەی دەبێت.

- ئاشکرایە ووڵاتانی میسر و ئیسڕائیل و سوریا و عێراق و سعودیە و تورکیا و ئێران ولاّتانێکی گەورە و کاریگەرو بەهێزن و کەوتونەتە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە و ڕۆڵ و کاریگەری گەورە دەگێڕن لە ململانێ سیاسی و ئابوری و سەربازیەکاندا و هەر گۆڕانکاریەك تیایاندا , کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر تەواوی ناوچەکە. بە پێچەوانەی ولاّتانی دوورە دەستی وەك تونس و لیبیالە خۆرئاوا و پاکستان و ئەفغانستان لە خۆرهەلاّتی ناوچەکەدا.
- لێرەدا پرسیار ئەوەیە . ئایا لە دوای ڕووخاندنی ڕۆژێمەکانی تونس و میسر و لیبیا نۆرەی کێیە بۆ ڕووخاندن سوریا یان یەمەن ؟ ئایا بۆچی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سوریا زۆر کاریگەرترە لە سێ ڕژێمەکەی تر لە ناوچەکەدا؟

ئاشکرایە ڕژێمی بەعسی سوریا لەساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوەوە حوکمڕانی سوریا دەکات و لەلایەن کەمینەیەکی بەمەزەب عەلەویەوە حوکمی ولاّتی شام دەکەن و بەڕژێمێکی شۆڤێنی و نەتەوەپەرستی توندڕەوی عەرەب ناسراوە و زۆر دژ بەبەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوایە لەناوچەکەدا و دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی جولەکەشە. یەکێك بوە لەو ولاّتانەی کە سەر بەبلۆکی سۆسیالیستی بوە و هاوپەیمانێکی گرنگی ئێرانی بەمەزهەب شیعیشە و کاریگەری گەورەشی هەبوە لەسەر هەموو ڕێکخراوە توندڕەکانی فەلەستینی و عەرەبیەکانەوە و بەمەش هەمیشە مەترسیەکی گەورەی دروستکردوە بۆ سەر ولاّتی جولەکە. و ماوەیەکی دوورودرێژی ٢٠ ساڵەییش ولاّتی لوبنانی خستبوە ژێر سایە و فەلەکی خۆیەوە. بەهۆی ئەم هەموو هۆکارانەوە, سوریا ببوە چەقی ڕووداوەکان و هیچ گۆڕانکاریەك لەهاوکێشەی عەرەب-ئیسڕائیل و ئێران-ئەمریکادا بەبێ سوریا وەدی نەدەهات.

لە ئێستاشدا سوریا گرنگی گەورەی هەیە لەسەر ڕەوتی گۆڕانکاریەکان و بە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سوریا دەروازەیەکی گەورە دەکرێتەوە بەسەر گۆڕانکاری گەورەتردا لەناوچەکەدا و لە ئەنجامی بەکارهێنانی توندوتیژی و زوڵم وزۆر و

چەوساندنەوەی ئەم ڕژێمە بۆ گەلەکەی لەماوەی ٤٠ ساڵی ڕابوردودا و بەتایبەتیش ماوەی ئەم ٨ مانگەی ڕابووردوو کە ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی گەلەکەی سەرکوت و خەڵتانی خوێن دەکرد. ئەم ڕژێمە زیاتر لە ڕژێمی یەمەن لەپێشترە بۆ ڕووخاندن و گۆڕانکاری تیایدا لە دوای ڕژێمی موعەمەر قەزافیەوە لە لیبیادا.گەرچی سەرکردایەتیەکی هاوبەش و باوەڕپێکراوی یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆن نیە لە سوریادا بۆ ڕابەرایەتی کردنی ئەم قۆناغ و ڕاپەڕینە جەماوەرییە وەك ئەوەی لە لیبیادا پێك هاتبوو.

گرنگی ڕووخانی ڕژێمی سوریا لەوەدایە کە , دوژمنێکی سەرسەختی ولاتی جولەکە لەناو دەچێت کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ سەرکەوتنی پلانی(( ڕۆژهەلاتی ناوینی نوێ)) و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ئایندەدا.

نەمانی ڕژێمی سوریا مانای خاوبونەوەیەکی تەواوە لە ململانێی عەرەب –ئسیرائیلدا, چونکە سوریا پاڵپشتێکی سەرەکی ڕێکخراوە توندڕەوە فەلەستینیەکانی وەك حەماس و حیزبولاّی لوبنانی بوە کە هەڕەشەی گەورەبوون بۆسەر دەوڵەتی جولەکە.

ڕووخانی ڕژێمی سوریا مانای پچڕاندنی ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان ئێران و ئەو دوو ڕێکخراوەیە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە و ئەمەش مانای لاوازبوونی ئەو دووڕێکخراوەیە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا.

ڕووخاندنی ڕژێمی سوریا. دەبێتە مایەی لەناوچوونی هاوپەیمانی و دۆست و پاڵپشتێکی گەورەی ئێران لەناوچەکەدا و بەمەش ئێران دەستی لەناچەکەدا دەبڕدرێت و ناتوانێت چیتر بەرنامە و پلانی شیعە مەزهەبی دژی سونە مەزهەبەکان درێژە پێبدات و لەهەمان کاتیشدا دژی دەوڵەتی جولەکە و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواش سیاسەتی دژایەتیکردنی پیادە بکات.ئەمەش دەبێتە هۆی بچوکبونەوەی ڕۆڵ و کاریگەری و هەیمەنەی ئێران لە عێراق و تەواوی ناوچەکە و فشار و گەمارۆی زیاتریش دەکەوێتە سەر ئێران و پاڵێوراوی سەرەکی دەبێت بۆ گۆڕانکاری تیایدا. بەتایبەتیش کە ئێستا باڵی توندڕەو وموحافیزکارەکان بالأدەستن و زۆر دژایەتی ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا دەکەن.

- ئەی کاریگەری گۆڕانکاری لە سوریادا لەسەر کورد چی دەبێت؟

یەکێك لە ئەگەرە بەهێزەکان ئەوەیە کە بەڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سوریا کورد لە سوریادا بەهەمان شێوەی عێراق دەبنە شەریك و هاوبەشێکی بەهێز لە حوکمدا گەر هێزە کوردیەکان یەك و یەکگرتووبن و ناکۆکی و مللاملانێ حیزبیە بچوك و تەسکەکانیان وەلا بنێن و هەڵەی سیاسی گەورە نەکەن لەنێو خۆیانداو ئەگەری زۆریش هەیە ببنە خاوەنی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیش ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان و پانتایی و قولاییەکی ستراتیژیش بۆ هەرێمی کوردستان بەرجەستە دەکات, بە گۆڕانکاری لە ئێران و بچوکبونەوەی هەژمون و نفوزی لەناوچەکەدا کورد هێندەی تر ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدا دەبێت, لەکاتێکدا لە تورکیای ئێستای سەردەمی ئەردۆگانیشدا گەر ڕاستگۆیانە بێتە پێشەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەوا بەدڵنیایی ئاسۆی ئومێد و هیواکان زیاتر ڕوون و گەشاوە دەبن بۆ یەکگرتنی کورد و پێکەوەنان و دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ. گەر پیلانی ژێربەژێر و نهێنی و سیخوڕیەکانی وڵاتانی سونە مەزهەبی ناوچەکە و ئسرائیل و ئەمریکا نەبنە ڕێگر لەبەردەم ماف و خواستەکانی کورددا.

هەربۆیە ئەم قۆناغە بۆ کورد لەلایەك زۆر گرنگە و لەلایەکی تریشەوە زۆر هەستیار و ناسکە و پڕ مەترسیە و پێویست دەکات سەرکردایەتی سیاسی کورد لەهەر چوار پارچەکەدا زۆر بەهێمنی و بەووردی و وریایەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو وپێشهاتەکاندا بکەن و پەیوەندی توندوتۆڵیشیان لەنێواندا هەبێت و ناوخۆی ماڵی کوردان زیاتر ڕێکخراو و تۆکەمتر بکەن و ئەم هەلە ناوازە مێژوویە لەدەست نەدەن بۆ پێکەوەنان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کە ئاوات و خەونی سەدان ساڵەی گەلی کوردە.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٥٥٧٣لە ٢٠١١/٩/٦دا و لە سایتی ناوخۆ لە ٢٠١١/٩/١٣دا بلاّوکراوەتەوە.

## تورکیا و خەوبینینی
## بە زیندوکردنەوەی خەلافەت و ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیەوە!*

- ئاشکرایە هەڵکەوتەی پێگەی جیۆسیاسی تورکیا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناویندا و لەسەر سێ ڕێیانی هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەوروپاو ئەفریقیا و خاوەنی زیاد لە ٥٠٠ ساڵ تەمەنی ئیمپراتۆریەت و خەلافەتی ئیسلامی لەناوچەکەدا و تێکەلاوبوونی بە شارستانیەتی ئەوروپا و ئاسیا و کرانەوەی بەسەر هەموو دونیادا بەهۆی کرانەوەی سنورەکانیەوە, بۆتە خاوەنی هەندێ خاڵی بەهێز بۆ ئەوەی سەرلەنوێ و لەم سەردەمەشدا هەندێ خەسڵەتی ڕابەرایەتی ناوچەیی وەربگرێت.

لەمێژووی نوێی ئەم ناوچەیەدا چەند ولاتێك هەمیشە ڕۆڵ و کاریگەری و خاوەن نفوزی سیاسی بوون, لەوانە تورکیا و ئێران و ئیسرائیل و میسر و سعودیەن. ئەمانەش هەریەکەیان لەبەر هۆکارێك ئەو قورساییە ناوچەییان وەدەستهێناوە.

هەریەکە لە ئێران و تورکیای غەیرە عەرەبی بەلام ئیسلامی خاوەنی دوو گەورە شارستانی و ئیمپراتۆریەت بوون لە ناوچەکەدا و هەرچی ئیسرائیلیشە وەك دەوڵەتێکی دروستکراوی دەستی زلهێزەکانی دونیا و غەیرە ئیسلامی لەناوچەکەدا ڕۆڵ و کاریگەری هەیە.میسر و سعودیەش وەك دوو ولاتی گەورەی ئیسلامی و عەرەبی و سونە مەزهەب ڕۆڵ و کاریگەری و دینی و ئابوری گەورە دەگێڕن.هەرچی ولاتانێکی وەکو عێراق و سوریاش لە ڕووی دەمارگیری نەتەوەیی عەرەبیەوە زۆر جاران ڕۆڵ وکاریگەریان هەبوە, بەلام هیچ کات ڕۆڵی ڕابەری ناوچەییان نەبوە.

جا لەنێوان ئەو ٥ ولاتەی یەکەمدا هەمیشە ململانێ و ڕکابەری هەبوە بۆ ئەوەی هەریەکەیان خۆیان بکەنە تاکە ڕابەر و پێشەواو دەمڕاستی ناوچەکە. و هەریەکەیان هەوڵیداوە یا لەبواری سیاسی یان ئابوری و یان دینی و مەزهەبی یان تەکنەلۆژیاو زانیاری یان لەبواری سەربازی وخۆپڕچەککردندا, گرەوی سەرکەوتن و ڕابەرایەتی وەدەست بێنێت.

بەلام زیاتر لە نیوسەدەیە کە ئەم ململانێیە بەردەوامە و هێشتاش هیچ کامیان خاوەن دەسەلات و نفوزی ڕەها نیە لەناوچەکەدا و تەنها ئەوە نەبێت کە هەریەکەیان لە قۆناغێکدا جۆرە سەرکەوتن و بالادەستیەکی کاتی چنگ کەوتوە, بەلام هیچ کات و هیچ کامیان دەسەلاتی ڕەهایان نەبوە.

- لە ئێستادا و لەگەرمەی ڕووداو و پێشهاتەکانی بەهاری عەرەبیدا و ڕابوون و ڕاپەڕینە جەماوەریەکان و سەرەونگوم بوونی ڕژێمە دیکتاتۆریەکاندا, سەنگ و قورسایی هەریەکە لە میسر و سعودیە زۆر کاڵ بونەتەوە بەهۆی گۆڕانکاری لە ڕژێمی میسردا کە زیاد لە ٦٠ ساڵە تاکە حیزبێك حوکمی میسری دەکردو پێگەیەکی سیاسی بەهێزی داکوتابوو لەناچەکەدا هەر لەسەردەمی جمال عبدالناصرەوە. بەلام بەڕووخانی ڕژێمی حوسنی موبارەك کۆتایی بەو بەهێزی و کاریگەرییەی میسر لەئێستادا هاتوە.میسر لەبازنەی ڕابەرایەتیکردن چۆتە دەرەوە.هەرچی سعودیەشە بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی لە عێراقدا کە سونە مەزهەب بوو و هەروەها بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەکانی چوار دەوری لە یەمەن و بەحرەین و عومان و سوریاو سودان و صۆمال و کاڵبونەوەی ڕۆڵی میسریش وەك زلهێزێکی سونە مەزهەب سعودیەش کاریگەری کەمبۆتەوە و لە بازنەکە دوورکەوتۆتەوە.

دەربارەی ئیسرائیلیش بەهۆی خاوبونەوەی کاتی ململانێی عەرەب –ئیسرائیلەوە و سەرقاڵبوونی دونیا بە گۆڕانکاریەکانی بەهاری عەرەبیەوە ئیسرائیلیش ڕۆڵو کاریگەری وەك پێشوتر نەماوە چونکە هەمیشە ئیسرائیل لە قۆناغی شەڕ و ملاملانێکاندا ڕۆڵی زیاتر دەبینێت وەك داشی دامەی دەستی زلهێزەکان.لەئێستادا تەنها ڕۆڵی بەرگری کردن دەبینێت نەك هێرشبەر.

ئەوەی پەیوەستیشە بە ئێرانەوە چاوەڕوان دەکرێت ئەم گۆڕانکاریانەی ناوچەکەی گرتۆتەوە دژبێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەم ڕژێمە ئیسلامیەی لە ئێراندا بالادەستە بەتایبەتیش باڵی توندڕەوەکان.چونکە خاوبونەوەی کێشەی عەرەب–ئیسرائیل ڕۆڵی حەماس و حیزبولای سست کردوە و ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی سوریا و مەترسی ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە, هەموو دەست وپێوەندەکانی ئێرانی

لەناوچەکەدا بەرەو کش و ماتی بردەوەو هەموو ئەمانەش وادەکەن کە پاڵێوراوی یەکەمی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سوریا ئێران بێت, بەمەش ڕۆڵ و کاریگەری ئێرانیش لە بازنەی ململانێکەدا کاڵ دەبێتەوە و بۆ ماوەیەك خامۆش دەبێت.لەو کاتەشدا وڵاتێکی گەورەی شیعە مەزهەب و خاوەن نفوز و دژ بەبەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا لەناوچەکەدا بچوك دەبێتەوە وبەرەو نەمان دەچێت.

ئەوەی کە لە ئێستادا ماوەتەوەو هەندێ ئەگەر هەیە کە تاماوەیەك ببێتە کاراکتەری سەرەکی سەر گۆڕەپانەکە و ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبێت لەناوچەکەدا دەوڵەتی کۆماری تورکیای عیلمانیە لەسایەی حوکمڕانی حیزبی عەدالەت و گەشەپێدانی ئسیلامی میانڕەوە وە بە سەرکردایەتی ساین تەیب ڕەجەب ئەردۆگانە.

تورکیا لە ئێستادا لە بەرامبەر ئەو چوار وڵاتەی کە باسمان کردن لەهەموویان بارودۆخی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی تاڕادەیەکی باش جێگیرە. جگە لە بوونی کێشەی کورد و زیاتر چەسپاندنی دیموکراسیەت و بوون بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا. کێشە و گرفتێکی ئەوتۆی تری نیە و ئەردۆگان و حیزبەکەشی هەموو توانایەکیان خستۆتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەباسمان کردن (( هەرچەندە لە ڕوانگە و تێگەیشتنی خۆشیانەوەش بێت)) هەنگاوێگی گرنگ و گەورەیان هاویشتوە. هەرکاتێك توانیان ئەو کێشانە چارەسەر بکەن (( کە نزیك نیە ))ئەوا دەتوانن لافی پێشەوایەتی و ڕابەرایەتی ناوچەکە لێبدەن و بتوانن خەونێك گەرچی نەزۆکیش بێت بەسەردەمانی ئیمپراتۆریەت و خەلافەتی ئیسلامی پانوپۆڕی لەدەستچوویانەوە ببینن.

ئەوەتا تورکیا لە ئێستادا بۆتە کاراکتەرێکی سیاسی کاراو چالاکی سیاسی ناوچەکە و دەم و دەست وەردەداتە گەورە و بچوکی مەسەلەکان هەر لە میانەکردنی کێشەی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاوا و مەسەلەی عێراق و ئەفغانستان و سوریا و لوبنان و فەلەستین و بەحرەین و لیبیا و میسر و تونس و تەنانەت صۆمالی لەبرساندا مردووش. لەولاشەوە پەلی هاویشتوە بۆ کۆمارە سەربەخۆکانی ناوچەی قەوقاز لەڕێگەی بۆری گازی سروشتی نابۆکیەوە و گەرەکێتی ڕۆڵی نێوەند ببینێت

لەنێوان ئاسیا و ئەوروپاشدا. بەهەمان شێوە هەمئاهەنگی تەواویشی کردوە لەنێوان خۆی و سیاسەت و بەرنامە و پلانەکانی ئەمریکاشدا لەناوچەکەدا و هێندە لەخۆی ڕازیە کە هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات و بە عەمەلیش هەموو باڵوێزخانەی ئیسرائیلی لە ئەنکەرە دەرکرد و ڕێکەوتنامەکانیشی هەڵپەسارد و ڕاشیگەیاند کە چیتر دەریای سپی ناوین قۆرخ نیە بۆ ئیسرائیل.ئەم هەوڵ و فشار و هەڕەشە و لەخۆڕازیبونەی تورکیا هەنگاوی یەکەمن بەئاڕاستەی خۆ ئامادەکردن بۆ بینینی ڕۆڵی ڕابەرایەتی کردنی ناوچەکە و سەپاندنی نفوز و هێز و دەسەڵاتی خۆی.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە, داخۆ تورکیای ئەردۆگانی ئیسلامی میانڕەوی سەدەی بیست و یەکەم , دەتوانێت ببێتەوە بە ئیمپراتۆریەت و خەلافەتە ئیسلامیە پانوپۆڕە کۆنەکەی سەدەکانی ناوەڕاستی سوڵتانەکان؟

وەڵامێکی ڕاست و دروست و ڕاست و ڕەوانی ئەو پرسیارە ئەوەیەکە (( نەخێر))!!

چونکە نە تورکیای ئێستا و نە ڕووداو و پێشهاتەکان و نەبەرژەوەندیەکان و نەسەرکردە و نە گەلانی تورکیای ئێستا و ناوچەکە و دونیاش هەموانیان زۆر جیاوازن لە لە هەموو بوارەکانی تورکیای سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست.

لەبەر ئەوەی تورکیای ئێستا تورکیایەکی عیلمانی ئیسلامی تێکەڵ لەگەڵ شارستانیەتەکانی ئەوروپا و ئاسیای مەسیحیدا و تێکەڵ بوونی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان لەگەڵیاندا بەجۆرێکە کە ناتوانرێت چاویان لێبپۆشرێت.

تورکیای ئێستا گەمارۆدراوە بە وڵاتانێکی ئاسیایی و ئەوروپایی دیموکراسی و پڕ لە ئازادی و بەهێز لە ڕووی ئابوری و سەربازی و سیاسی و تەکنەلۆژیاوە.

لە تورکیای ئێستادا سەرکردەکان و گەلەکەشی هەموو یەك ڕەنگی سیاسی و دینی و مەزهەبی نین وەك سەردەمی سوڵتانەکانی پان ئیسلامیزم.

لەلایەکی تریشەوە سەرکردە و گەلانی دونیای عەرەبی و ئیسلامیش هەمان سەرکردە و گەلانی سەردەمانی سوڵتانەکان نەماون و هەموان بەتەواوەتی لە ماهیەت و مەبەستی سیاسی پشت خۆ بە ئیسلام زانینی تورکەکانەوە گەیشتون و لە ئێستاشدا ئیسلامی پاك و خاوێنی سەردەمانی سەرەتاکان نەماوە و هەموان

بەئیسلام و غەیرە ئیسلامیەکانیشەوە لە کوشت و کوشتار و تیرۆر و تۆقاندن و خوێنڕشتن و سزادان و کپکردنی ئازادیەکان و پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ لەسەر دەستی ئیسلامی میانڕەو و توندڕەوەکانی تاڵیبان و قاعیدە و ئیخوان موسلیمیەنەکانەوە گەیشتون .

هەربۆیەش هۆشیاری و تەکنەلۆژیاو زانست و زانیاریەکانی گەلانی ناوچەکەش گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕێگە بە سەرهەڵدان و زیندووبونەوەی ئیمپراتۆریەتێکی دواکەوتوی ئیسلامی سیاسی نادەنەوە لە ناوچەکەدا.

ئەمە جگە لەوەی کە بەرنامەی ئەمریکا و خۆرئاواییەکانیش بۆ ناوچەکە لەساڵانی ١٩٧٩وە داڕێژراوە و لەکۆبونەوەی چوارقۆڵی ئەمریکا و بەریتانیاو فەڕەنساو ئەڵمانیادا لە دورگەی گوادالۆپیٚ لە دەریای کاریبی بڕیاری لەسەر دراوە کە دەبێت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە شێوەیەکی ئارام نەمێنێتەوە و گۆڕانکاری تیادا بکرێت بەشێوەیەك دەوڵەتە گەورەکان بچوکبکرێنەوە و یەکەم گۆڕانکاریشیان لە ڕژێمی پاشایەتی شاهەنشاهی ئێرانی پۆلیسی پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە کەنداودا کرد و ڕوخاندیان لەساڵی ١٩٧٩دا. هەربۆیەش لەژێر ناوی (( ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و نوێدا)) و لەسایەی (( بیردۆزەی فەوزای دروستکەردا)) ئەم ناوچەیە لەسەر ڕێگای گۆڕانکاری و لێکهەڵوەشاندنەوەی زیاتردایە لە ئایندەدا.

هەربۆیە خەونەکانی تورکیا بۆ بەگەورە هێشتنەوە و ڕابەرایەتیکردن و زیندوکردنەوەی خەونی خەلافەت و ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی تورکی لەناوچەکەدا بەزڕی دەمێنێتەوە و دەبنە بڵقی سەر ئاو و هەرگیز وەدی نایەن و ئاییندە بەدڵنیایی بۆ ئەو گەل و لات و کەمینانەن کە تائێستا نەبونەتە خاوەن دەوڵەت و سەربەخۆی خۆیان وەك کورد و بەلوچ و بەربەر و قیبتی و ..هتد. لەناوچەکەدا.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٥٥٩٣ لە ٢٠١١/٩/٢٩دا بلاوکراوەتەوە.

## دەسەڵاتی ئیسلامیەکان لە نێوان ترس و ئومێددا...*

• ئاشکرایە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی بەهاری عەرەبی لە تونس و میسر و لیبیادا بوە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمە خۆسەپێن و تاکرەو و چەوسێنەرەوەکان و لە سوریاو یەمەنیشدا سەرانی ئەو دوو ڕژێمەش چاوەڕوانی قەدەری خۆیانن لە ڕووخاندن و کوشتن و دادگایکردنیاندا. هەربۆیە ساڵی ٢٠١١ بوە ساڵی نەهامەتی و ڕووخاندن و نەمانی ڕژێمە ملهوڕەکانی ناوچەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوین و بوە ساڵی بوژاندنەوە و سەرکەوتنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان. بەم شێوەیە ئەم ناوچەیە کە نزیکەی ٦ دەیەی تەواوە گۆڕانکاری گەورە و بەرچاوی بەخۆوە نەبینیوە , بوە بە چەقی گۆڕانکاریەکان و گۆمی مەنگی چەقبەستووی ئەو دەسەڵاتانەی هەژاندو لە بناغەوە هەڵی تەکاندن.

ئەم قۆناغی یەکەمی ڕووخاندن و سەرکەوتنی ڕاپەڕینانە قۆناغێکی گرنگ و سەرەتا و زێدە هەستیار بوون,بەڵام لەم قۆناغەش گرنگتر قۆناغی دوای ڕاپەڕین و گۆڕین و سەرکەوتنەکانە.چونکە کۆمەڵ گەلێ پرسیار لە ئەندێشە و بیری تاک و گروپەکانی ئەو کۆمەڵگایەنە و ناوچەکە و دونیاش سەریهەڵداوە و هەموان چاوەڕوانی چێ کردنی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکەن و ئەم قۆناغی پەڕینەوەیە زۆر بەلایانەوە گرنگە بۆ خوێندنەوەی ئایندەی ناوچەکە , لەو پرسانە: ئاخۆ لەدوای زەمەنێکی ٦٠ ساڵەیی ناوچەکە, چ جۆرە دەسەڵاتێك دەچەسپێت؟ دیموکراسی یان تاکرەویەکی تر؟ ئیسلامی یان عەلمانیەکی تر؟ ئایا بەری ڕەنجی گەنجانی شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیو کام گروپ و مەزهەب و پارتی سیاسی دەیچننەوە؟ و ئەمە و دەیان پرسی تریش.......

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسانە,گرنگە هەندێ ڕاستی مێژوویی وەبیر خۆمان بێنینەوە لەوانە:

ئەم ناوچەیە بۆ ماوەی سەدان ساڵە لە چوارچێوەی بیرو ئەندێشە و هەژموونی نەتەوەیی عەرەبی سەردەست کە بە بیروباوەڕی ئیسلامی گۆشکراون دەسەڵات و حوکمیان بەدەستەوە گرتوە بەزەبری هێز و شمشێر و لە ڕێگەی کودەتای

سەربازی و خوێناویەوە.و هەموو دەستور و یاساکان سەرچاوەی سەرەکیان ئاینی ئیسلام بوە بەتێکەڵ لەگەڵ سەرچاوەی دونیایی تردا.. کە زۆربەیان نادیموکراسی و خۆسەپێن بوون و دوور بوون لە دیموکراسیەت و بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و سەرجەمی ڕژێمەکان دواکەوتوو و گەندەڵ و تاکڕەو و حیزبی و بنەماڵەیی بوون.

زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگاش ئیسلام و ئاین زابوون، بۆیە بیروبۆچوون و پێشنیاز و ڕاکانیان لەو چوارچێوانەدا دەرنەچوون و لە ئێستاشدا کە بە بنەما دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا و کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی ژنان نامۆن و ڕانەهاتوون.. زۆر زووە کە مرۆڤ گەشبین بێت لە ئایندەی ئەو دەسەلاتانەی کە دوای ئەم ڕاپەڕینانە دێنە سەر کورسی حوکم، لانی کەم بۆ ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو.

هەربۆیە لە ئێستاوە وەك پێشبینکردنێکی واقعی و خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروستی دەروونی و ئامادەگی و باکگراوەندی تاك و گروپ و سەرکردە و پارتەکانی ئەو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیانە دەتوانرێت بووترێت کە پارتە ئیسلامیەکان دەتوانن سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا وەدەستبێنن و حوکم و دەسەلاتی چەند دەیە ساڵێکی تری ناوچەکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەم پێشبینیە لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتوە کە بە درێژایی مێژووی ٦٠ ساڵەی سەربەخۆبوونی ئەم ولات و کۆمەڵگایانە و بەناو دامەزراندنی حوکمێکی نیشتیمانی دوور لە ئیستیعمار. بە تەنها پارتە سیاسیە عیلمانیەکان و نەتەوەییەکان و ئیشتراکیەکان وموحافیزکارەکان ولە چوارچێوەی سیستەمی پاشایەتی و بەناو کۆماریدا بەدەستەوە بووە.ئەنجامیش سەرکوتکردنی هەموو کۆمەڵگا و زیندان و چەوساندنەوەو هەژاری و دواکەوتویی و برسێتی و بێ کاری و گەندەڵی و پێشێلکردنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و بێڕێزیکردن بوە بە خواست و ویستە ڕەواکانی زۆرینەی گەل. هەربۆیە ئەزمونی تاڵ و ڕەشی دەسەلاتی ئەو پارتە عیلمانیانە وادەکات کە تاکی ئەو کۆمەڵگا ئیسلامیانە کە دەنگ بدەنە پارتە ئیسلامیەکان کە هەمیشە دوورخراوە و مافخوراو و

سەرکوتکراوبوون , لەبەر ئەوەی دەسەلاَتیشان لەلا نەبوە دەست و دەم خاوێن بوون و دوور بوون لە گەندەڵی و ڕەشەکوژی و ئازاردان و خوێن وفرمێسکڕشتنی گەلەکانیان و هاوبەش و هاوکاریش نەبوون. بۆیە گەر وەك تاقیکردنەوەیەکیش بێت بۆ نیاز و مەرام و بەرنامە سیاسیەکانیشیان کۆمەڵگا دەنگیان پێدەدات لە چوارچێوەی ئەو پڕۆسە گۆڕانکاریە گشتگیرەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە کە هەموان وەك عەسای موسا لێیدەڕوانن و هەموو ئاوات و خواست و ئومێدێکیان پێوە گرێداوە. باشترین بەڵگەش ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بزوتنەوەی نەهزەی ئیسلامی تونسی بوو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی تەئسیسیداو دوای ۲۳ ساڵ حوکمی تاکڕەوی بن عەلی توانی ۹۰ کورسی لەکۆی ۲۱۷ کورسی و بەڕێژەی ٤۱ر٤۷٪ی دەنگەکان وەدەستبێنێت و بەمەش دەتوانێت حکومەت پێکەوە بنێت.ئەم بزوتنەوەیەلەساڵی ۱۹۷۲دا دامەزراوە و لە ۱۹۸۱/٦/٦دا بەڕەسمی خۆی ڕاگەیاندوە, بەلاَم وەك پارتێکی سیاسی بەڕەسمی دانی پیادا نەنراوە تاکو ۲۰۱۱/۳/۱ و دوای ڕووخانی حوکمی بن عەلی بەڕەسمی وەك پارتێکی سیاسی ناسراوە و لە دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی مامۆستای فەلسەفە(( ڕاشد ئەلغەنوشی)) ە و تاکو ئێستا ٤ جار هەڵبژێردراوە بە سەرۆکی بزوتنەوەکە لە ساڵانی ۱۹۷۲–۱۹۸۰ و ۱۹۸۱ و۱۹۸٤–۱۹۸۷ و ۱۹۹۱دا.

لەسەر زاری سەرۆکی بزوتنەوەکەشەوە(( ڕاشد ئەلغەنوشی)) وە بەڵێنی ئەوە دراوە کە سیستەمی دیموکراسی و ئازادیەکان پیادە بکەن و ئەوەی وەدەست هاتوە لەمافی ژنان و ئازادیەکانیان دەستکاری نەکرێت و تەنانەت کارە حەرامکراوەکانیش لە کردنەوەی یانەی شەوانە و مەی فرۆشتن و خواردنەوەشی ڕێگە پێدراو بێت .. کە ئەمانە بۆخۆی سەرەتایەکی باشن بۆ قبوڵکردنی کۆمەڵگا بۆ ئەو پارتە ئیسلامییانە.

بەهەمان شێوە سەرۆکی ئەنجومەنی کاتی لیبیا (( مستەفا عەبدولجەلیل)) لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕزگارکردنی تەواوی لیبیادا لە شاری بەنغازیەوە ڕایگەیاند کەوا سەرچاوەی سەرەکی دەستوری نوێی لیبیا ئاینی ئیسلام دەبێت.لەمیسریش لای هەموان ئاشکرایە کە بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین هێزێکی خاوەن پێگەی

بەهێزی جەماوەریە و خاوەن مێژوویییەکی پرشنگداریشە و نفوزی لە دونیای عەرەبی و ئیسلامیشدا فراوانە و هەربۆیە پێشبینی دەکرێت کە دەنگێکی زۆری لەگەڵدا بێت. لە سوریاو لە ئەنجومەنی کاتی شۆڕشگێڕانیشدا بزوتنەوە ئیسلامیەکان خاوەن دەسەڵات و نفوزی گەورەن و لە یەمەنیش هێزو دەسەلاتی ئیسلامیەکان ئاشکرایە.لە ناوچەکەشدا بەگشتی ولاتانی کەنداو و ئێران و تورکیا و سودان و عێراق و لوبنانیش هەموو بنەماڵە و ڕێکخراو و پارتە ئیسلامیەکان بالادەستن تیایاندا.

بۆیە گەر ئەم پێشبینیانە ڕاست دەربچن ئەوا بە هەق ئیسلامیەکان بەرەو دەسەلات هەنگاو دەنێن و ئایندەی ناوچەکە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی ئیسلامیەکانەوە..

**لێرەدا پرسیار ئەوەیە,ئەری ئەم هەموو ترس و دڵڕاوکێیە لە پای چی دەربارەی دەسەلاتی ئیسلامیەکان؟**

بەداخەوە دەڵێم کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ پاکی و بێگەردی و نەرم ونیانی و لێبوردەیی و بەخشندەیی و خاوەن هەموو ئاکارە ئەخلاقیە بەرز و جوانەکان. بەلام لەسەردەستی کۆمەڵێك گروپ و تاك و پارتی ئیسلامی و ڕێکخراوی توندڕەو ئەو هەموو سیما جوانانەی ئیسلامیان لەبەرچاو گەلانی ناوچەکە و دونیاش ناشیرین و قێزەون و ڕەش و تاریك کردووە سیفەتی خوێن و فرمێسك ڕشتن و شمشێر و تیرۆر و تۆقاندنیان بۆ ئیسلام دروست کردوە. هەربۆیە پارتە ئیسلامیە میانڕەوەکانیش لە ژێر هەژمون و فشاری ئەو شالاوی توندڕەوانەدا وەك ڕێکخراوی قاعیدە و تالیبان و ..هتددا. نەیان دەتوانی ببنە خاوەن پێگەی یاسایی و جەماوەری بەهێز و گەورە.

بەلام گەر وەك نمونەی پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی تورکیا کە ڕێچکەیەکی ئیسلامی میانڕەوی گرتۆتە بەر و توانیویەتی کە بۆ سێیەمین جار هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەزۆرینەی دەنگ بباتەوە و چاکسازی گەورە و گەشەپێدانی گەورتریش بکات لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و بازاڕ و کۆمەلایەتی و خوێندن و تەندروستی و سەربازی و ..هتد.. ئەوا دەتوانن نمونەیەکی جوان و

درەوشاوە پیشانی هەموو دونیا بدەن و ئەوروپاو ئەمریکاش پشتیوانیان لێبکەن.. هەربۆیە گەر ڕێچکە ڕاست و دروستەکەی ئیسلامی میانڕەو پیادە بکەن ئەوا پێویست بە هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەك ناکات و لەجێگەی بێ ئومێدی و ڕەشبینیدا ئەوا هەمووان گەشبین و بە ئومێدەوە بۆ ئاینده دەڕوانین و هیچ نەبێت ئەزمونی دەسەڵاتی ئەم پارتە ئیسلامیانەش دەبینین و ئەوکات بڕیاری کۆتایی دەدەین بەسەر مەرام و نیاز و بەرنامەکانیاندا بە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەیان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردیۆ لە ٢٠١١/١١/٣دا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٦٢٤ لە ٢٠١١/١١/٤دا و سایتی ستاندەرکورد لە ٢٠١١/١١/٣دا و ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٣٥٠ لە ٢٠١١/١٢/٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# بزوتنەوەی نەهزەی ئیسلامی لە تونس
# مێژوو, خەبات, دەسەلات *

- بەبۆنەی سەرکەوتنی لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی دوای ٢٣ ساڵ لە حوکمی تاکڕەوی زەین العابدین بن علی لە تونسدا.و دوای ئەوەی بە درێژایی مێژووی دامەزراندنی لەلایەن دەسەڵاتەوە بەڕەسمی دانیپیادانەنراوە وەك پارتێکی سیاسی, هەمیشە و بەبەردەوامی کاری سیاسی خۆی بە نهێنی درێژە پێداوە و لەو میانەیەشدا سەرکردەو ئەندامانی تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە و دوورە ولاتی هاتوون لەلایەن ڕژێمەکەی بن عەلیەوە.بەڵام لە یەکەم هەنگاوی و لە دوای تەنها ٧ مانگ لە بەڕەسمی ناساندنی لە ٢٠١١/٣/١دا ودوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بن عەلی لە ئەنجامی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی تونسیەکانەوە و لەیەکەم پڕۆسەی هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسی ئەو ولاتەدا توانی ٩٠ کورسی لە کۆی ٢١٧ کورسی و بەڕێژەی ٤٧ر٤١٪ی دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات. بەمەبەستی لە نزیکەوە ناساندنی بە خوێنەری کورد ئەم چەند زانیاریەی لای خوارەوە لەسەر بزوتنەوەی نەهزە و سەرکردەکانی و مێژوو و ڕەوتی گەشەکردنی و کارو بەرنامە و دروشم و ئامانجەکانی دەخەینە بەر دەست .
- بزوتنەوەی نەهزە(( بزوتنەوەی ئاڕاستەی ئیسلامی پێشوو)) بریتیە لە بزوتنەوەیەکی مێژووکرد کە نوێنەرایەتی ڕەوتی ئیسلامی دەکات لە تونسدا.ئەم بزوتنەوەیە لە ساڵی ١٩٧٢دا دامەزراوە و بە ئاشکرا لە ١٩٨١/٦/٦دا خۆی ڕاگەیاند, بەڵام وەك پارتێکی سیاسی دانیپیادانەنراو لە تونسدا تا بەرواری ٢٠١١/٣/١ کە لەلایەن حکومەتی محمد الغنوشی(( ٢٠١١))ی کاتیەوە و دوای هەڵهاتنی زەین العابدین بن علی لە ولات لە ئەنجامی شۆڕشی یاسەمینی تونسیەکانەوە لە ٢٠١٠/١٢/١٧دا. بەڕەسمی دانی پیادانرا و لە ئێستادا بزوتنەوەی نەهزە بە یەکێك لە پارتە سیاسیە گرنگەکان دەژمێردرێت لە تونسدا.
- سەرەتاکانی گەشەکردنی

سەرەتای ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابووردوو کە لە ژێر ناوی ((کۆمەڵی ئیسلامیدا)) کاری دەکرد و یەکەم کۆبونەوەی خۆی بەنهێنی ئەنجامدا لە مانگی ١٩٧٢/٤دا. لە بەناوبانگترین دامەزرێنەرەکانی مامۆستای فەلسەفە ڕاشد الغنوشی و پارێزەر عبدالفتاح مورو ودکتۆر مونصف بن سالم بوون, دواتر ژمارەیەك لە چالاکوان پەیوەندیان پێوەکردن وەك (( صالح گەرگەر وحبیب المکنی وعلی العریض)). لەسەرەتادا چالاکی بزوتنەوەکە تەنها لە بواری فکریدا بوو لە چوارچێوەی سازدانی کۆڕوکۆبونەوە لە مزگەوتەکاندا و چوونە ڕیزی کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە قورئانی پیرۆز.

لەسەرەتادا چالاکیەکانی بزوتنەوەکە جێگەی پێشوازی کردن بوو بەشێوەیەکی ناڕۆشن لەلایەن پارتی سۆشیالیستی دەستوریەوە(( کە تاکە پارتی سیاسی بوو لەوکاتەدا)),کە بۆچوونی وا بوو ئەم بزوتنەوەیە پاڵپشتێکی گرنگە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ڕەوتی چەپەکان کە باڵا دەست بوون بەسەر بەرەی ئۆپۆزسیۆندا. لەساڵی ١٩٧٤دا ڕێگە بە ئەندامانی کۆمەڵە درا کە گۆڤاری (( معرفە )) دەربکات کە بوە مینبەرێکی کارا بۆ فکر و بۆچوونەکانی بزوتنەوەکە.لە مانگی ١٩٧٩/٨دا بە شێوەیەکی نهێنی کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵی ئیسلامی بەسترا.کە تیایدا بەرنامەی بنەڕەتی پەسەندکرا کە لە چوارچێوەیدا هەیکەلی ڕێکخستنی بزوتنەوەکە داڕێژرا.

- بەریەککەوتنەکانی بزوتنەوەکە و دەسەڵات لە ساڵی هەشتاکاندا

کۆمەڵی ئیسلامی کۆنگرەی دووەمی خۆی سازدا بە شێوەیەکی نهێنی لەشاری سوسە لەڕۆژانی ٩و١٩٨١/٤/١٠دا, لەهەمان کاتی بەستنی کۆنگرەی نائاسایی پارتی سۆشیالیستی دەسەڵاتدار.کە تیایدا ڕاگەیەندرا کە سەرۆك حبیب بۆرقێبە ڕەزامەندی دەربڕیوە بە دروستبوونی پارتی سیاسی تر لەپاڵ حیزبی دەسەڵاتداردا. هەربۆیە کۆنگرەی دووەمی بزوتنەوەکە بڕیاریدا شێوازی کاری ئاشکرا پەیڕەو بکات و ناوی خۆشی گۆڕی و ناوەکەی بووە(( بزوتنەوەی ڕەوتی ئیسلامی)) و لە بەرواری ١٩٨١/٦/٦دا بەئاشکرا بزوتنەوە دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند لە میانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ڕاشد الغنوشی و عبدالفتاح

مورو سازیاندا. لەهەمان ڕۆژدا بزوتنەوە داوایەکی بەرزکردەوە بۆ دەسەلأت بۆ مۆڵەت پێدانی ڕەسمی کارکردنیان بەلأم لەلایەن دەسەلأتەوە هیچ وەلأمێکیان نەدرایەوە.

لە ١٩٨١/٧/١٨دا دەسەلأت سەرانی بزوتنەوەکەی گرت و لەمانگی ٩ی هەمان ساڵدا درانە دادگا بەتۆمەتی پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوێکی ڕێگە پێنەدراوەوە و شکاندنی کەرامەتی سەرۆك كۆمار و بلأوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و دابەشکردنی بلأوکراوەی دوژمنکارانە. بەمەش دادگا بڕیاری بەسەر هەریەکە لە ڕاشد الغنوشی و مۆرودا دا بەبەندکردن بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و لەمانگی ١٩٨٤/٨دا غەنوشی ئازادکرا بە میانەی وەزیری یەکەمی دەوڵەت محمد المزالی و مۆرۆش لەساڵی ١٩٨٣دا ئازادکرا. ناوەڕاستی هەشتاکان گەشەکردنی بزوتنەوەکە دەستی پێکرد لەگەڵ بەرەنگاربونەوەکانی لەگەڵ دەسەلأتدا.ململانێکان لەساڵی ١٩٨٧دا گەیشتە لوتکە لەگەڵ حوکمدان بەسەر غەنوشیدا بەکاری قورس و بەدرێژایی ژیانی و تۆمەتبارکردنی بزوتنەوەکەش بە بەشداریکردن لە تەقینەوەکانی ٤ خانودا لەسەر کەناری دەریای سپی کەشوێنی گەشتوگوزاری بوون,و گومانی بەشداریکردنی بزوتنەوەکەش لەکاری توندوتیژیدا و لەناویشیاندا هێرشکردنە سەر لقی پارتی گردبونەوەی دەستوری دیموکراسی لە باب السوێقە لە ١٩٩١/٢/١٧دا. و هەروەها تەقینەوەی خانوەکانی سوسە و مەنسیر لە ساڵی ١٩٨٦دا کە بوە هۆی برینداربوونی ١٦ گەشتیار.

بزوتنەوەکە لە مانگی ٢٠١١/٢دا ڕووداوەکانی باب السوێقەی خستە ئەستۆی خۆی و دانیشی نا بەوەدا کە هەڵەی تاکە کەسی بوون کە لەلایەن هەندێ گەنجی بزوتنەوەکەوە کە لە ژێر زوڵم و چەوسانەوەدا بوون و لە ئەنجامی ئامادەنەبوونی سەرانی بزوتنەوەکەدا بەهۆی بەندکردن و دوورخستنەوەیاندا بە ئەنجامیان گەیاندبوو.

- دەسەلأتی زەین العابدین بن عەلی و دوای ڕووخاندنیشی

بزوتنەوەی نەهزە پێشوازیکرد لە لابردنی سەرۆك حبیب بۆرقێبە لە ١٩٨٧/١١/٧دا, ڕژێمی نوێ هەستا بە ئازادکردنی زۆرینەی بەندکراوەکانی بزوتنەوەی نەهزە لە

مانگەکانی یەکەمی دەسەڵاتیدا.لە ١٩٨٨/١١/٧دا بزوتنەوە یەکێك بوو لەو هێزانەی کە واژۆیان کرد لەسەر ڕێکەوتنێکی نیشتیمانی کە سەرۆك زەین العابدین بن عەلی داوای کردبوو وەك بنەمایەك بۆ کاری سیاسی لە وڵاتدا, بزوتنەوە بەشداری کرد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لە مانگی ١٩٨٩/٤دا, لەژێر ناوی لیستی سەربەخۆدا و بەپێی ئەنجامە ڕاگەیەنراوەکانیش توانی ڕێژەی ١٣٪ی دەنگەکان بەدەست بێنێت.

لەمانگی ١٩٨٩/٢دا بزوتنەوە ناوی خۆی گۆڕی بۆ (( بزوتنەوەی نەهزە)) بۆ پابەندبوونی بە یاسای کاری پارتە سیاسیەکانەوە کە ڕێگەی نەدەدا کە پارتی سیاسی لەسەر بنەمای ئاینی دابمەزرێت. دوای داواکردنی مۆڵەت پێدانی بۆ کارکردنی ئاشکرای سیاسی , داواکاریەکەی ئەم جارەش ڕەتکرایەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە.

لە ١٩٨٩/٥/٢٨دا, ڕاشد الغنوشی وڵاتی بەجێهێشت بەرەو وڵاتی جەزائیر, لەدوای ئەو صادق شۆرۆ سەرۆکایەتی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەکەی گرتە دەست .لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا بزوتنەوە ڕووبەڕووی پێکادانی توند هات لەگەڵ دەسەڵاتدا و لە کاتی جەنگی کەنداودا ململانێکانی گەیشتە ترۆپکی توندی.

لەمانگی ١٩٩١/٥دا دەسەڵات ڕایگەیاند کەوا هەوڵێکی لەناوبردنی ڕژێمی پوچەڵکردۆتەوە کە بەنیازبوون سەرۆك بن عەلی تیرۆر بکەن.هەربۆیە هێزەکانی ئاسایش هەڵمەتێکی توندیان کردە سەر ئەندام و لایەنگرانی بزوتنەوەکە و ژمارەی گیراوان گەیشتە ٨٠٠٠ کەس.لەمانگی ١٩٩٢/٨دا دادگای سەربازی بڕیاریدا بەسەر ٢٥٦ سەرکردایەتی و ئەندامانی بزوتنەوەکەدا کە هەندێکیان بەندکردن بۆ هەتاهەتایی بوو.

دەسەڵات لەسەر هەڵمەتەکانی ڕاوەدوونانی لایەنگرانی بزوتنەوەکە بەردەوام بوو سەرەڕای ناڕەزایی کۆمەڵەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. سەرەڕای ئازادکردنی زۆربەی لایەنگرانی بزوتنەوەکە,بەڵام کاروچالاکی بزوتنەوەکە قەدەغەکراوبوو, تەنها چالاکیەکانیان لەنێوان تونسیەکانی دەرەوەی وڵات لە ئەوروپاو ئەمریکای باکوردا بوو هەتا ڕووخاندنی ڕژێمەکەی بن عەلی.

لە ئێستادا ڕاشد الغنوشی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە دەکات کە تاڕووخانی ڕژێمەکەی بن عەلی لە تاراوگە و لەشاری لەندەن دەژیا و لە جیاتی ئەو ولید البنانی سەرکردایەتی بزوتنەوەکەی دەکرد. لەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بن عەلی غەنوشی لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی ئاسمانی الجزیرەدا لە ٢٠١١/١/٢٢دا ڕایگەیاند کە ئەو لەگەڵ دیموکراسیدایە و دژی خەلافەتی ئیسلامیە( کە حیزبی تەحریر)) داوای دەکات.

- نەهزە و ئیخوانەکان

بزوتنەوەی نەهزە لە ڕاگەیەنراوی دامەزراندنیدا ئاماژەی بەوەنەداوە کە پەیوەندی بە ئیخوانەکانەوە هەبێت و ئەوەشی ڕەتنەکردۆتەوە. هەندێ سەرچاوە دەڵێن کە بزوتنەوە لەسەر بەرنامە و فکری ئیخوان موسلمین دامەزراوە. ڕۆژنامەنوس(( صلاح الدین الجورشی )) ڕایگەیاند کە ڕاشد الغنوشی سەرۆکی بزوتنەوەکە بزوتنەوەی ئیخوان بە هاوپەیمان دادەنێت نەك سەرچاوە.بەڵام هەندێ سەرچاوە بە ئیخوانی تونسی دادەنێن, هەروەك چۆن سەرۆکی بزوتنەوەکە ڕاشد الغنوشی دامەزرێنەری بزوتنەوەکە بۆخۆی ئەندامی مەکتەبی ئیرشادی جیهانیە کەسەر بە کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینەکانە.

- لیستی ناوی سەرۆکەکانی بزوتنەوەی نەهزە

| | |
|---|---|
| ١. ڕاشد الغنوشی | ١٩٧٢/٤-١٩٨٠/١٢ |
| ٢. عبدالرؤوف بولحابی | ١٩٨٠/١٢-١٩٨١/٤ |
| ٣. ڕاشد الغنوشی | ١٩٨١/٤-١٩٨١/٧ |
| ٤.فازل البلدی | ١٩٨١/٧-١٩٨١/١٠ |
| ٥.حمادی الجبالی | ١٩٨١/١٠-١٩٨٤/١٠ |
| ٦. ڕاشد الغنوشی | ١٩٨٤/١١-١٩٨٧/٨ |
| ٧. صالح گەرگەر | ١٩٨٧/٨-١٩٨٧/١٠ |
| ٨. جمال العوی | ١٩٨٧/١٠-١٩٨٨/٤ |
| ٩.الصادق شۆرۆ | ١٩٨٨/٤-١٩٩١/٣ |
| ١٠. محمد القلوی | ١٩٩١/٣ |

| | |
|---|---|
| ١١.محمد العكروت | ١٩٩١/٣ |
| ١٢. محمد بن سالم | ١٩٩١/٤-١٩٩١/٧ |
| ١٣. الحبيب اللوز | ١٩٩١/٧-١٩٩١/٩ |
| ١٤. نورالدين العرباوی | ١٩٩١/١٠ |
| ١٥. وليد البنانی | ١٩٩١/١٠-١٩٩١/١١ |
| ١٦. ڕاشد الغنوشی | ١٩٩١/١١ و تا ئێستا. |

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردیۆ لە ٢٠١١/١١/١٧دا وڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٥٦٦٣ لە ٢٠١١/١٢/٢٧دا  بڵاوکراوەتەوە.

## ئایندەی دەوڵەتی عێراق بەرەو کوێ ؟ *

• ئاشکرایە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ وە لەسەر دەستی ئیستیعماری ئینگلیزی ئەو سەردەمە دامەزراوە بەم شێوەیەی ئێستای ,بەزۆر و دوور لەخواستی دانیشتوانەکەی پێکەوە لکێنراوە.هەربۆیە ئەم دەوڵەتە دەسکردە سروشتێکی خۆڕسك و دانپیادانراوی نیە لەلایەن گەلانی عێراقەوە,هەربۆیەش عێراق هەڵکەوتە وپێکهاتەیەکی عەجیب و غەریبی هەیە لە ڕووی تۆپۆگرافیاونەتەوایەتی و ئاینی و مەزهەبی و ڕەنگ و نەژادی جیاوازەوە.کە هەمیشە خاڵی لاوازی بوە و بەبەردەوامی ئەو دەروازەیە بوە کە ناحەزان توانیویانە بەکاریبێنن بۆ مەبەست و پیلانەکانیان دژی حکومەتە مەرکەزیەکانی عێراق و ببێتە مایەی سەرئێشە و گێچەڵ نانەوە بۆی.

لەلایەکی تریشەوە حکومەتە پاشایەتی و کۆماریەکانیش لەسایەی دەسەڵاتی کەسایەتی و حیزبی گۆشکراو بە بیر و ئایدۆلۆژیای شۆڤێنی و تاکڕەوی وخۆسەپێنی فەرمانڕەوایی کراوە کە هیچ کات نەیان توانیوە یان نەیانویستوە کە کەشوهەوایەکی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی باڵ بکێشێت بەسەر هەموو گەلان و خاکی عێراقدا و دوور و نزیك بڕوایان بە مافی یەکسانی ژیانی ئەو پێکهاتە جیاوازانە نەبووە و ئەم دەوڵەتەش هیچ کات و بەدرێژایی مێژوەکەی تاڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ٢٠٠٣دا, خاوەنی دەستورێکی هەمیشەیی نەبوە تا لە چوارچێوەیدا ماف و ئەرکی تاك و گروپ و پارتە سیاسیەکان بپارێزرێت و هیچ کەس و لایەنێك نەتوانێت مافی ئەویتر پێشێل بکات. ئەو سەرکردە و پارتە دەسترۆیشتوانە هەمیشە بڕوایان بەتاك ڕەوی و شۆڤێنیەت و ڕەگەزپەرستی هەبوە و لەو پێناوەشدا زوڵم و زۆر و ئەشکەنجە و چەوساندنەوەی هەمەجۆریان پیادە کردوە. لەبەرامبەریشدا گەلانی عێراقیش کاردانەوەی نەرێنیان هەبوە و بەگژ ئەو دەسەڵاتەدا چونەتەوە لەڕێگەی ناڕەزایدەربڕین و خۆپیشاندان و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەوە.

هەربۆیە هەمیشە ئەم دەوڵەتە هێندەی سەرقاڵی سەرکوتکردن و لەناوبردنی گەلەکەی خۆی بوە نیو هێندە بەتەنگ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و پێکەوە ژیان و خۆشگوزەرانی گەلانی عێراقەوە نەبوە. هەروەکو بڵێی لە دروستبونیەوە تا کۆتایی ئەم دەوڵەتە بەر نەفرەتی خوایی کەوتوە و نابێت هیچ کات ئاشتی و ئارامی بەخۆوە ببینێت, سەرەڕای دەوڵەمەندی لەتوانا مادی و مرۆییەکانیدا و هەمیشە بەدرێژایی مێژووە ڕەش و تاریکەکەی لە خوێن و فرمێسکدا ڕۆچوە و هەمیشە خەم و خەفەت وڕەنگی ڕەش باڵاپۆشی تاکەکانی بوە.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئەریٚ تاکەی ئەم ڕەوڕەوەی مێژوە ڕەش و تاریکە بەردەوام دەبێت؟ ئایا ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی ناوچەکە و دونیا نابنە هۆی گۆڕانکاری لە عەقڵ و بیرکردنەوەی سەرکردە و پارتە دەسەڵاتدارەکاندا؟ ئایا پەند و عیبرەت لە ڕابووردوو وەرناگرن؟

سەرەڕای ڕووخاندنی دڕەندەترین ڕژێمی دەسەڵاتدار لە عێراقدا لەساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن گەلانی عێراقەوە.کە تا ترۆپکی دەسەڵاتی بە ئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵ هەموو داواو مافێکی ڕەوای گەلانی عێراقدا دەکرد. ئاشکرایە قۆناغی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی صدامی خوێناویترین قۆناغی دەسەڵات بوە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراقی, بە ڕوخاندنیشی هیوا و ئاواتێکی گەورە لای هەموان دروستبوو,کەوا چیتر عێراق ناگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە ڕەش و تاریکانە و هەموان لەسایەی سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی نوێدا و لەسایەی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانیدا ژیانێکی بەختەوەر و کۆمەڵگایەکی ئازاد گوزەران دەکەن. و هەموو ناوچە و پێکهاتە جیاوازەکانیش لە ماف و ئەرکیاندا یەکسان دەبن و هەموان سەرقاڵی پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی خۆیان دەبن, چونکە هەموان پێکەوە بەشداریان کردوە لە ڕووخاندنی ڕژێمی لە گۆڕنراودا و بەویستی خۆشیان لە چوارچێوەی عێراقدا ماونەتەوە و هەوڵی پاراستنی یەکڕیزی و یەك پارچەیی گەلان و خاکی عێراق دەدەن.بەپێچەوانەی سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقەوە کە بەزۆرە ملیٚ پێکەوەلکێنرا, هەربۆیە هەموان بە ئومێدەوە دەڕواننە ئاینده.

بەلاٌم لەدوای ٨ ساڵ و لە دوای دانانی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ یەکەم جار لە عێراقدا و لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و پێکەوەنانی حکومەت و بنیاتنانەوەی سەرلەنوێ دامودەزگاکانی دەوڵەتی لەسەر بناغەی سیستەمێکی نوێی دیموکراسی و فرەیی و فیدراڵی و پێکەوە ژیانی وەکیەکی. هەست دەکرێت کە جارێکی دی کەس ولایەنە دەستڕۆیشتوەکان حەز و ئارەزووی تاکڕەوی و خۆسەپاندن و مافپێشێلکردن و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر وپەراوێزخستنیان و سەپاندنی مەرکەزیەت لەلایان سەریهەڵداوەتەوە و بیانەوێت بە جۆرێکی تر و لەژێر ناو ناونیشانی تردا عێراق بگێڕنەوە بۆ دواوە و بەهەمان شێوە جارێکی تریش گیرۆدەی ململانێی ناڕەوا و خوێنڕشتنی بکەنەوە بەبیانوی پاراستنی یەك و یەکگرتوویی خاك و گەلانی عێراق.

ئەوان لە بیریان چۆتەوە کە بەکارهێنانی هێز تەنها هێز بەرهەم دێنێت و هەرگیز خۆسەپاندن و تاکڕەوی و سیاسەتی ئاگر و ئاسن خۆشی و شادی و ئارامی وەدینەهێناوە.

لەماوەی ئەم ٨ ساڵەدا, حکومەتی بەغداد ویستویەتی تەواوی دەسەلاٌت و بڕیارەکان لای خۆی بێت,هێزی سەربازی و ئەمنی و دام و دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتیەکان لای پارتی دەسەلاٌتدار بێت,سەرچاوەی دارایی و کانزایی و سروشتیەکان لای بەغداد بێت, پەیوەندیە دەرەکی و ناخۆیی و ناوچەییەکان لە ژێر چاودێری بەغدادا بێت. دانانی پلان و دابەشکردنی پڕۆژەکانیش بەئارەزووی بەغداد بێت و تەنانەت دامەزراندنی کارمەندێکی ئاسایی لە بەغدادەوە بێت , گەرەکێتی لەسایەی بەناو دیموکراسی و فیدراڵیدا تاکڕەوی و خۆسەپاندن و مەرکەزیەت ببوژێنێتەوە دوور لە گیانی پێکەوە ژیانی و تەبایی و ڕێککەوتن و بەتەنها بۆ خۆی کاربکات.

هەمو ئەم کارانە بەدرێژایی ٨ ساڵی ڕابووردوو بونەتە هۆی دروستبوونی زیاتری نائارامی و پشێوی دروستکردن و لاوازکردنی گیانی کارکردنی تەوافوقی و ئیجماعی نیشتیمانی لە نێوان لایەنە سیاسیەکاندا و نەمانی متمانە بەیەککردن ولە ئێستادا کارگەیشتۆتە ئاستێك کە پارتی دەسەلاٌتدارلە عێراقدا پەیوەندیەکانی

لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا باش نیە . ئەوەتا لەگەڵ کورددا ڕێکەوتن دەکات و جێبەجێی ناکات و بەڵێن دەدات وبەوەفا نیە بۆی ,هەر لە مەسەلەی پێشمەرگە و گاز و نەوت و مادەی ١٤٠ی دەستور و داهات و دارایی و ..هتد. لەگەڵ سونیەکاندا زۆر خراپە و تەنانەت لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نیشتیمانی شیعەکانیشدا پەیوەنیەکانی ساردو سڕن.

بەم شێوەیە ئەم دەسەلاّتەی ئێستای عێراق لەوەناچێت هیچ سوود و پەندێکی لەهەموو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و بەهاری عەرەبی وەرگرتبێت و عەقڵ و بیرکردنەوەشی گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت.

لەسایەی ئەم بارودۆخەدا دەکرێت بپرسرێت کە ئایا ئایندەی دەوڵەتی عێراقی نوێ بەرەو کوێ و بەکام ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت؟

بەدڵنیاییەوە گەر دەسەلاّتدارانی عێراق سووربن لەسەر پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتی پەراوێزخستن و پێشێلکردنی ماف و قەتیسکردنی دەسەلاّتەکان لای بەغداد.ئەوا زۆر نزیکە ئەو عێراقەی کە ئەوان گوایە هەوڵی پاراستنی یەك و یەکگرتوویی دەدەن و ناهێڵن دابەش ببێت بۆ سێ هەرێمی کوردی و سونی و شیعی, ئەوا نەك دابەش دەبێت بۆ ٣ هەرێم بەڵکو دابەش دەبێن بۆ ١٨ هەرێمی سەربەخۆ بە کوردستانیشەوە. ئەوەتا سەرهەڵدانی بیرۆکەی دامەزراندنی هەرێمە جیاوازەکان لە موسڵ و صلاح الدین و دیالە و بەسرە و کوت و ...هتد.بەرئەنجام و کاردانەوەی ئەو پارێزگایانەن و تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی قەزا و ناحیەکانیش داوای جیابونەوە بکەن لە پارێزگاکانیان.

بۆیە دەسەلاّتی ناوەند گەر دەیەوێت عێراقی نوێ بەیەك و یەکگرتوویی بمێنێتەوە و تاك و گروپ و لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە جیاوازەکان هەست بەبوون و بەشداری و شەراکەتی ڕاستەقینە و کارکردنی پێکەوەیی و تەوافوق و ئیجماعی نیشتیمانی بکەن ئەرکێتی کە:

- پابەندی تەواوی بەخاڵ و بەندەکانی دەستووری هەمیشەییەوە هەبێت.
- پابەندی تەواوی ڕێککەوتنە نیشتیمانیەکان بێت و لەسەر بناغەی تەوافوقی نیشتیمانی و پێکەوە کارکردن.

- پابەند بێت بە چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و فیدراڵی و فرەیی لە دەسەلآتدا.
- پابەندبێت بە شەراکەتی ڕاستەقینەی نیشتیمانی بەجۆرێك کە هەموو لایەنە سیاسیەکان بە فعلی بەشداری ئیدارە و دەسەلآت و بڕیاردان بکەن.
- واز لە بیرۆکەی خۆسەپاندن و ناوەند بەهێزکردن و مەرکەزیەتی کوشندە بهێنێت.
- واز لە سیاسەتی تەهمیشکردن و پەراوێزخستنی پارێزگاکان بهێنێت.
- سەروەت و سامانی دەوڵەت بە یەکسانی دابەشبکاتە سەر هەمووان.
- بڕوای بە ئاشتی و پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردنی ڕاستەقینە هەبێت و دووربکەوێتەوە لە گرتن و ڕاوەدونان و تیرۆرکردنی سیاسی و بەکارهێنانی هێز لە چارەسەرکردنەکاندا.
- هەوڵبدات یاساو دادوەری و عەدالەتی کۆمەلآیەتی بچەسپێنێت.
- هەوڵی نەهێشتنی گەندەڵی و بەهەدەر دانی سەروەت و سامانی وڵات بدات.

گەر دەسەلآتدارانی بەغداد ئەم هەنگاوانەیان هەڵگرت و بەجدیش کاریان بۆ کرد, ئەوا ئایندەی عێراق ڕوون و دڵخۆشکەر و ئومێدبەخش دەبێت و بەیەکویەکگرتویش دەمێنێتەوە. بەپێچەوانەشەوە ئەوا دەبێت چاوەڕوانی دووبارەبونەوەی شانۆگەریە خوێناویەکانی ڕابووردوو ببین و بۆ چوار گۆشەی یەکەم بگەڕێینەوە و دەوڵەتیش لەبەردەم چارەنوس و مەترسی دابەشبون و لێکهەڵوەشاندنی هەتاهەتایدا بێت.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٥٦٤٢ لە ٢٠١١/١٢/٢دا بلآوکراوەتەوە.

## هەڵوێستەکەی لیستی عێراقیە
## بارودۆخی سیاسی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟ *

- ئاشکرایە لیستی عێراقیە بەسەرۆکایەتی د. ئەیاد عەلاوی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ ی پەرلەمانی عێراقدا توانی ٩١ کورسی لە کۆی ٣٢٥ کورسی وەدەستبهێنێت و بەمەش بوە یەکەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکە و هەر ئەم ئەنجامەش وایکرد مافی پێکهێنانی حکومەت بەو لیستە بدات .بەڵام پیلانەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و لیستی دووەمی براوەی هەڵبژاردنەکە کە لیستی دەوڵەتی یاسا بوو بەسەرۆکایەتی د.نوری مالکی کە ٨٩ کورسی وەدەستهێنابوو , وایان کرد کە پێکهێنانی حکومەت ببێتە کێشەیەکی گەورەو گرێیەکی نەکراوە کەماوەی زیاتر لە ٨ مانگ پێکهێنانی حکومەت دواکەوت و دواجار بە هەوڵی سەرکردایەتی کورد و بە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێم لە شاری هەولێر ڕێکەوتنێك لە نێوان هەموو لایەنە براوەکانی ناو پەرلەمان ئیمزاکرا لەسەر دابەشکردنی سێ سەرۆکایەتیەکە و دروستکردنی ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژیەکان , کە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژیەکان بۆ لیستی عێراقیە و سەرۆکایەتی کۆمار بۆ کورد و سەرۆکایەتی حکومەتیش بۆ دەوڵەتی یاسا بێت.

بەم شێوەیە حکومەتێکی نوێ پێکهێنرا بەسەرۆکایەتی دەوڵەتی یاسا و لیستی عێراقیەی لێ دوورخرایەوە کە هەر ئەمەش بوە خاڵی لاوازی حکومەتەکە و بێ متمانەیی باڵی کێشابوو بەسەر هەموو کار و بەرنامە و بیروڕاکاندا و ڕۆژ بەڕۆژ هەردوو لیستی دەوڵەتی و یاسا و عێراقیە لەیەك دوور دەکەوتنەوە بەمەش پایەکانی حکومەت لەرزۆك و نەچەسپیو بوون. ئەوا دوای زیاتر لە ٢ساڵیش دەبێت نەتوانراوە کە وەزارەتە ئەمنیەکانی ناوخۆ و بەرگری و هەواڵگری پڕ بکرێنەوە و کەسانی شیاویان تیادا دابنرێت .

کێشە و گرفتەکان نەك هەر خاوەنەبونەتەوە بەڵکو لە ئێستادا و لەکاتی کشانەوەی دوا سەرباز و بنکەی سەربازی ئەمریکادا لە ٢٠١١/١٢/١٨دا کێشە و ململانێکان گەیشتونەتە ترۆپکی و هەمیشە بەردەوامیان هەیەو نزیکبونەتەوە لە

یەکلایکردنەوەیان. سیاسەتی حکومەتی مالکی لەم ٢ ساڵەی ڕابردوودا بریتی بوە لە تەهمیشکردن و پەراوێزخستنی سونە و کورد و تەنانەت هەندێ هێزی شیعەش و دوورخستنەوەیان و گوێلێنەگرتنی داواکاریەکانیان و کۆکردنەوەی هەموو دەسەلاّت و بڕیاردانەکان لە بەغداداو لەنێویشیاندا لە دەستی کەسە نزیکەکان و دەستڕۆیشتوەکانی ناو دەوڵەتی یاسا, هەروەها ڕاوەدونان و گرتن و تیرۆکردنی سەرکردە و کەسانی دیاری لیستی عێراقیە و لایەنگرانیان و دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆی پارێزگاکان و هەربۆیەش پارێزگا سونی و شیعیەکان لە صلاح الدین و دیالە و ئەنبار و موصلّ و بەسراش داوای سەربەخۆبوونی پارێزگاکانیان دەکەن وەك هەرێمێکی سەربەخۆ و...هتد.

لەبەرامبەر ئەمەشدا لیستی عێراقیە و سونەکان هەمیشە بەدگومان بوون لە حکومەت و ئەوەتا لیستی عێراقیە لە بەرواری ٢٠١١/١٢/١٧دا وەك کاردانەوە و ناڕازیبوون ئامادەبوونی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا هەڵپەسارد و هەڕەشەی کشانەوەش دەکات لە حکومەت و لەبەرامبەریشدا نوری مالکی داوای متمانە لێسەندنەوەی صالّح موتلّەگی جێگری دەکات و پاسەوانە تایبەتەکانی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماریشی گرتوون و هەڕەشەی گرتن و دەستبەسەرکردنی خۆشی دەکەن.بەهەمان شێوە حکومەتی مالکی لەم ٢ ساڵەی ڕابووردوودا لەبەرامبەر داواکاریە ڕەواکانی کوردیشدا خۆی بێدەنگ و نەبان کردوە و گەرەکێتی بەکات تێپەڕبوون مەسەلە گرنگەکانی مادەی ١٤٠ی دەستوور و گاز و نەوت و پێشمەرگە و بودجە و ..هتد. جێبەجێ نەکات و بیداتە دەست قەدەرێکی نادیاری دوا خۆی.و ئاسۆیەکی ڕوون بەرچاو ناکەوێت.هەربۆیە لە ئێستادا بارودۆخی سیاسی عێراق گەیشتۆتە بنبەست و ئەگەری کەوتنەوەی توندوتیژی و زۆر خراپتری لێدەکرێت.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئەرێ دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا ئایندەی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟ ئایا لایەنە سیاسیەکان بەرژەوەندیە حیزبی و تایەفیەکانیان وەلادەنێن لە پێناو بەرژەوەندیە بالاّکانی عێراقدا؟ یان دەکەونە

ململانێی خوێناوی و شەڕی ناوخۆی و تایەفی و ...هتد؟ ئایا ئەم هەڵوێستەی لیستی عێراقیە تاکویٚ و بەرەوکویٚ مل دەنێت؟

بەدڵنیاییەوە. بون و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تاکە زامنی ڕاگرتنی ئارامی بارودۆخی سیاسی عێراق بوە و ڕێگری گەورەش بوە لەبەردەم هێز و لایەن و میلیشیا چەکدارە سونی و شیعیەکاندا بۆ تێکبەربوون و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ. بەڵام بەنەمان و کشانەوەی ئەو هێزانە ئەوا نەك ڕێگر نامێنێت بەڵکو هاندانی زیاتر دروست دەبێت بۆ دەستێوەردان لە لایەن لایەنە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیەکانیشەوە بە سونی و شیعیانەوە.هەربۆیە ئایندەی سیاسی عێراق پێدەچێت مل بنێت بەرەو شەڕی ناوخۆی و جیابونەوەی زیاتر و دابەشبوونی گەلان و خاکی عێراق نەك بۆ سیٚ هەرێم بەڵکو بۆ چەندین هەرێمی سەربەخۆ.ئەمەش لە ئەنجامی وەژێر پێخستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی عێراقە لە پێناو بەرژەوەندیە تەسك و بچوکەکانی حیزبی و تایەفی و سەرکردەکاندا بەسونی و شیعیەوە.

هەرئەمەش وادەکات کە عێراقی ئایندە عێراقێکی پڕ ململانیٚ و خوێناوی و دژە دیموکراسی و فیدراڵی و پێکەوەیی هەنگاو بنێت.ئەم هەڵوێستەی لیستی عێراقیەش, لەچوارچێوەی ئەو ململانیٚ شاراوە ئاشکرایەی ٨ ساڵی ڕابووردو و بەتایبەتیش ئەم ٢ ساڵە ڕابووردووی دەسەڵاتی دەوڵەتی یاسای شیعە مەزهەبەوە خۆی دەبینێتەوە و تاڕادەیەکیش ڕەوایەتی تیادایە. چونکە عێراقیە خۆی بەمافخوراوی پێکهێنانی حکومەت دەزانێت و هەروەها مافی تەواوی خۆشی نەدراوەتیٚ لە پڕکردنەوەی پۆستە وەزاریە ئەمنیەکاندا و تائێستاش بەوەکالەت بەڕێوە دەبرێن و گرتن و ڕاوەدونان و تۆمەت بەخشینەوە بەلایەنگران و سەرکردەکانی ئەو لیستەدا بەردەوامەو خاڵێکی سەرەکی ڕێککەوتنامەی هەولێریش کە دروستکردنی ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژیەکان بوو کە مافی لیستی عێراقیە بوو تائێستا جێبەجێنەکراوە و نیەتیش نیە جێبەجێبکرێت. ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆ وەرگرتنی ئەو هەڵوێستەی لیستی عێراقیە و گەر

بەردەوامیش بن ئەوا ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی  حکومەت و سەرلەنویٚ گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمی لێدەکرێت, ئەگەر چارەسەرێکی مام ناوەندی بۆ دۆخەکە نەدۆزرێتەوە.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە. ئەدی کورد پێویستە چ بکات لەم نێوەندەدا؟ ئایا سووربێت لەسەر ناوبژیوانکردنی دژەکان (( سونە و شیعە))؟ یان چیدی خۆی دوورە پەرێز بگرێت لەو دوو جەمسەری ململانێیە و تەنها بە تەنگ بەرژەوەندی و داواکاریەکانی کوردستانەوە بیٚ ؟

ئاشکرایە بەدرێژایی ئەم ٨ ساڵەی ڕابووردوو. کورد و سەرکردایەتیەکەی بەگشتی و بەتایبەتیش سەرۆك مام جەلال وەك سەرۆك کۆمارو چاودێری پاراستنی دەستور و چەتری هەموو عێراقیەکان هەوڵی لێبڕاو و زۆر دڵسۆزانەیان داوە بۆ هێورکردنەوەی ململانێکان و دوورخستنەوەی عێراق لەشەڕێکی نەخوازراوی ناوخۆیی و تەنانەت زۆر جاران لەسەر حسابی بەرژەوەندیەکانی کوردیش خۆی. بەلاّم تا ئێستا کورد چ سوودێکی لە حکومەتی بەغداوە وەدەست نەگەیشتوە و ماف و داواکاریە ڕەوا و دەستوریەکانی خۆشی بۆ نەسەلمێنراوە و هەوڵی جدی و بەرجەستە و نیازپاکی هەست پێنەکردوە. بەتایبەتی دەربارەی مادەی ١٤٠ی دەستور و یاسای گاز و نەوت و هێزی پێشمەرگە و...هتد.و تەنها بەبەڵێنی زارەکی و موجامەلەی ناڕاست و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنیان ساڵاّن و مانگانیان بەڕێکردوە. لەلایەنی سونەکانیشەوە تاکو ئێستا نەسەرکردە و نە لایەنگران و نە نوێنەرانیان لە پەرلەماندا بە ئاشکرا و بە نوسراو پابەندبوونی خۆیان ڕانەگەیاندوە بەمافەکانی کوردەوە و هەمیشە داواکارن کە گۆڕانکاری لە دەستوردا بکرێت و فیدڕاڵیەت و مادەی ١٤٠ی دەستووریش بە مایەی کەرتبون و دابەشبوونی عێراق دەزانن.

ئەمانیش کوردیان تەنها لەوکاتانەدا گەرەکە وەك دۆست و پشتیوان و هاوکار کە تا تای تەرازوەکە بەلای خۆیاندا دەشکێتەوە لەبەرامبەر شیعەکاندا.بۆیە دەکرێت کورد بەردەوام بێت لەسەر هەوڵە میانڕەو و ئاشتیخوازەکانیدا و دوورخستنەوەی عێراق

لە ئایندەیەکی نادیار و ملنراو بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی, بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستە پێداگیری تەواویش بکات لەسەر مافە دەستوریەکانی خۆشی و چیدی لێنەگەڕێت کات بەفیڕۆ بڕوات و نەشزانرێت ئایندە چی شاردۆتەوە لەکاتی بەهێزبوونی باسکی دەوڵەتی مەرکەزی لە بەغداد لەسایەی هێز و سوپایەکی بەهێز و پڕ چەك و خاوەن تۆپ و تانك و فڕۆکەی جەنگی نوێ.سەندنی ئەو داواکاریانەی کوردیش پابەندە بە بە هێزی و پتەوی و بە یەکگرتوویی مانەوەی ڕیزەکانی کورد لە بەغداد و کوردستانیش.نەك وەك ئێستا لە کوردستان و بەغداد گوتار و هەڵویست و پێکەوەکارکردن و تەبایی بونیان نەماوە لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا کە ئەمەش بۆخۆی خاڵی لاوازی کوردە لە بەغداد.

بەڕای ئێمە باشترین چارەسەر بۆ ڕزگارکردنی عێراق و دۆخە سیاسیەکەی دروستبون و پێکەوەنانی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کارا و ئاکتیڤە بەبەشداری هەموو ئەو هێز و لایەنانەی کە ناتوانن لەگەڵ حکومەت کاربکەن و لەچوارچێوەیەکدا کۆببنەوە و درێژە بەکاری سیاسی و جەماوەری و پەرلەمانی و ئاشتیانەی خۆیان بدەن و هەموانیش لە زمانی هەڕەشە و گوڕەشە و تۆڵەسەندنەوە و سڕینەوەی ئەویتر دووربکەونەوە و هەموانیشیان پابەندی دەستور و یاساکان بن و ڕێگریی سەرسەختیش بکەن لە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەتێکی نوێ گەر سونی بێت یان شیعی و بەمەش عێراق لە مەترسی و دڵەڕاوکێ و نائارامی سیاسی دەگوزێزنەوە بۆ کەناری ئارامی و گەشەکردن و پێشکەوتن و بوژاندنەوە و پێکەوەژیانی و قبوڵکردنی یەکتری.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستادەر کورد لە ٢٠١١/١٢/٢٦دا وسایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١١/١٢/٢٨دا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٦٧٧ لە ٢٠١٢/١/١٦دا بلاًوکراوەتەوە.

## پاشەکشەی ڕۆڵی ئێران
## لە هاوکێشە سیاسەکانی ناوچەکەدا...*

- لای هەموان ئاشکرایە کە ئێران وڵاتێکی خاوەن نفوز و دەسەڵات و مێژوو ئیمپراتۆریەت و شارستانیەتێکی گەورە بوە هەر لە دێر زەمانەوە و تاکو ئێستاش.ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی پێگەی جیۆسیاسیەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا و پانوپۆڕی ڕووبەرەکەی و زۆری ژمارەی دانیشتوانی و بەهێزی و دەوڵەمەندی ئابوریەکەی و کاریگەری سیاسەتەکانیشی  لە ناوچەکە و دونیادا و بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێشدا.

ئێران لەسەردەمی شاهەنشاهی قاجاری و پەهلەویەکاندا و بەتایبەتیش محمد ڕەزا شای کۆتا ئیمپراتۆری ئێران کە خۆی بە میراتگری ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشایی ئێران دەزانی. هەمیشە لایەنگری سیاسەتەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوە و توانیویەتی لەسایەی پشتگیری و پشتیوانی سیاسی و سەربازی و ئابوری ئەواندا ببێتە وڵاتێکی مۆدێرن و عیلمانی و بەهێزی سەربازی و ئابوری ناوچەکە و بتوانێت بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواش بپارێزێت ووەکو پۆلیسی کەنداوی فارسیش مامەڵە بکات و هیچ مەترسیەکی بۆ ئیسرائیلیش نەبێت کە هاوپەیمان و دۆستی نزیکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بوە و لەم لاشەوە دوژمنی سەرسەختی بلۆکی ڕۆهەلات و کۆمۆنیستی سۆڤیتی بوە و بۆتە لەمپەرێك لەبەردەم سیاسەتی نزیکبونەوە و هاتنە ناوەوەی سۆڤیەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و تاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بووە.

بەڵام دوای ئەوەی ڕۆڵی محمد ڕەزا شا لەلای ڕۆژئاوا تەواوبوو, وە سیاسەتەکانیشی لە خزمەتی گەلانی ئێراندا نەبوون. هەربۆیە بەڕابەرایەتی شۆڕشی ئیسلامی و کاریگەری ئیمام خومەینی پێش ٣٣ ساڵ لە ئێستا, شۆڕشی گەلانی ئێران لەمانگی ١٩٧٩/٢دا, ئیمپراتۆریەتی شاهەنشاهی ئێرانیان ڕووخاند و لە جێگەیدا کۆمارێکی ئیسلامی شیعە مەزهەبی وەلی فەقییان دامەزراند و لە ئێستاشدا یادی ٣٣ ساڵەی ئەو شۆڕشە دەکرێتەوە.

ئیدی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە بوە خاڵی وەرچەرخانی سیاسەتەکانی ئێران و بە پلەی ١٨٠ هەڵگەڕایەوە.ئێرانی سەردەمی شای پۆلیسی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەکەنداودا بوە دوژمنی سەرسەخت و پلە یەکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا. مەلایانی سەرکردەی شۆڕشەکە کەوتنە خۆ بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ وڵاتانی دراوسێ و بە تایبەتیش عەرەبەکانی کەنداو و دوورتریش.گەرەکیان بوو کە مەزهەبی شیعە بڵاوبکەنەوە و لەم ڕێگەیەشەوە گۆڕانکاری لە سیسەمی حوکمی ئەو وڵاتانەدا بکات.

ئێرانی ئیسلامی لەوکاتەوە وتائێستاش بەبەردەوامی هاندەر و پشتگیری کەری هەموو بزوتنەوەیەکی شیعە مەزهەب بوە لەناوچەکە و دونیاشدا, و لەهەر جێگەیەکیش دژایەتی ئەمریکا و ڕۆژئاواش هەبوبێت ڕاستەوخۆ لایەنگیری کردوە بەهێز و دارایی و لۆجستی و ...هتد.شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەسەردەمانێکدا ببوە قیبلەنوما و نمونە بۆ زۆرێك لە بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی ناوچەکە بە ئیسلامی و نەتەوەییەکانیشەوە.ئێرانی ئیسلامی دوای دەرچوونی لە جەنگی ٨ ساڵەی عێراق-ئێران تاڕادەیەك بەسەرکەوتوویی کە سیستەمێکی نوێ و نەچەسپاو بوو. ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ سەرگەرمی خۆڕێکخستنەوەی نێوماڵی خۆی بوو لە ڕووی سیاسی و ئابوری وسەربازی و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجیەوە.و توانیویەتی هێز و دەسەڵاتی خۆی بە باشی بچەسپێنێت و گەشەی گەورەی ئابوری و بازرگانی بکات و داهێنان و دەسکەوتی گەورەی سەربازی و ئەتۆمی و زانستی وەدەستبێنێت.کە لە ئێستادا ئێران بۆتە ڕکابەری پلەیەکی سیاسەتەکانی ئەمریکا و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیشی.

ئێران لەماوەی ٢٠ساڵی ڕابووردودا توانیویەتی بەهێزی شیعە مەزهەبی و سەربازی و ئابوری خۆی, نفوز و لایەنگران بۆخۆی دروست بکات لە قوڵایی گۆڕەپانی ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکادا.هەر لە پەیوەندی زۆرباشی لەگەڵ ڕژێمی سوریا و دروستکردنی حیزبوڵای لوبنانی و پشتگیری ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینی کە ئەمانە مەترسی گەورەن بۆ سەر ئیسرائیل و دواتریش دەستخستنە ناو کاروباری عێراقی دوای صدام حسینەوە لە ٢٠٠٣ وە تاکو ئێستاش بەشێوەیەك ئێران ڕۆڵی هەیە لە عێراقدا کە هیچ گۆڕانکاریەکی سیاسی و ئابوری و سەربازیش ناتوانرێت

بکرێت بەبێ ڕەزامەندی ئێران, چونکە دەسەڵاتدارانی ئێستای بەهێزی عێراق شیعە مەزهەبن و هاوڕا و تەبان لەگەڵ ئێراندا.

ئێران لەڕووی ئاینی و مەزهەبیەوە گەورەترین مەترسیە بۆ سەر ڕژێمەکانی حوکم لە دەوڵەتانی کەنداودا,ئەوەتا کوێت و بەحرەین و سەڵتەنەی عومان و تەنانەت سعودیەش بە ئاشکرا ململانێیەکی شیعە و سونە مەزهەبیان تیادا تۆخ بۆتەوە.ئێران تەنانەت لە لیبیاو مەغریب و میسر و سودان و یەمەنیشدا,ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر نانەوەی ئاژاوە و پشێوی و گۆڕانکاریەکان.ئێران لەبەرامبەر ئەمریکادا لە پاکستان و ئەفغانستانیش دژایەتی دەکات و لەگەڵ تورکیای سونە مەزهەبیش لەناوچەکەدا لە ئێستادا کێبڕکێ دەکات لەسەر ڕۆڵی ڕابەرایەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

بەڵام پێدەچێت ڕووداو وپێشهاتەکانی بەهاری عەرەبی لەبەرژەوەندی ئێران تەواو نەبن, هەرچەندە پێدەچێت هێزە ئیسلامیەکان گرەوی هەڵبژاردن و گۆڕانکاریەکان ببەنەوە.چونکە لەلایەك هێزە ئیسلامیە ئیخوانیەکان لە میسر و سوریاو لیبیاو تونس و مەغریب و ..هتد.سونە مەزهەبن کە ململانێیەکی مێژوویان لەگەڵ شیعە مەزهەبەکاندا هەیە.هەروەها بە ڕووخاندنی ڕژێمی سوریای بەعسی نەتەوەیی شیعە مەزهەبیش, ئەوا قەڵایەکی بەهێزی پشتیوانی ئێران لە ناوچەکەدا دەڕمێت کە لەڕێگەیەوە ئێران مەترسی دروستکردبوو بۆ سەر ئیسڕائیل لەڕێگەی هەردوو بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی و حیزبولاّی لوبنانیەوە. جا هەرکات ڕژێمی سوریا ڕووخا و بەدڵنیاییش دەڕوخێت ئەوا نفوز و دەسەڵاتی ئێران هێواش هێواش بەرەو پاشەکشە و لاوازی و چونەوەیەك دەچێت. تەنها لە چوارچێوەی ئێران خۆیدا دەمێنێتەوە. چونکە لە عێراقیشدا هەموان بە شیعە نەتەوەییەکان و عەرەبی سونە و کوردیشەوە ڕۆڵی نێگەتیفی ئێرانیان هەست پێکردوە.بۆیە پێشبینی ناکرێت تاسەر ئێران بتوانێت دەسەڵاتدارانی عێراقی ڕام و دەستەمۆ بکات.

ئاشکراشە ئەمریکا و ئەوروپاش هەرکاتێك گێژاو و هەژانی گەلانی عەرەبی و ناوچەکە خاوبۆوە و هێمن بووەوە.ئەوا فشار و گوشارەکانیان بۆ سەر ئێران زیاد دەکەن. و لە ئێستاشدا بەرهەمی فشار و گەمارۆ سیاسی و ئابوریەکان دەرکەوتوون و

هێزی سیاسی و ئابوری ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچەکە و دونیا دادەبڕێن و گۆشەگیر دەکرێن.و پێدەچێت گۆڕانکاری لە ئێراندا ساناتر و خێراتر ڕووبدات بەهۆی:

- ئێران دۆستی ڕاستەقینەی بەهێزی نەماوە لەناوچەکە و لەچوار دەورو دراوسێکانیدا.
- ولاتێکی پان و پۆڕ و کراوەیە بەهەر چوار لادا کە سنور بەزاندنی بۆ ناوەوە ئاسانە.
- ئابوری ئێران هێندە بەهێز نیە کە بتوانێت ماوەیەکی زۆر بەرگەی فشار و گوشارو گەمارۆ ئابوریەکان بگرێت.
- ڕق و کینەی گەلانی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر و ئەستور تر دەبێت بەرامبەر دەسەلاتدارانی ئێران لەناوخۆدا.بەهۆی چێنەکردنی چاکسازی و ڕێگە گرتن و بەرتەسکردنەوەی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و میدیاو کاری سیاسی وکە ئەمانەش هۆکارن بۆ گۆڕانکاری و هێنانی بەهاری ئێرانی بەخێرایی.

لە کۆتاییدا بە گۆڕانکاری لە ڕژێمی ئێرانیدا ئەوا بەشێکی گەورەی بیردۆزەی فەوزای دروستکەر لە ناوچەکەدا دەگاتە ئەنجام لە گۆڕانکاری بوارەکانی سیاسی و ئابوری و زانستی گەلانی ناوچەکەدا و سەرلەنوێ پێکەوەنانەوەی ڕۆژهەلاتێکی ناوینی نوێ . کە گریمانەی زۆر هەیە لەو کاتەدا کوردستانی سەربەخۆش پێکەوە بنرێت لەو پرۆسەی ڕێکخستنەوە و گۆڕانکاریانەی ناوچەکەدا.بەدلنیاییش ئاینده زۆر زیاتری لە ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی لەگەل خۆیدا هەلگرتوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستادەرکورد لە ٢٠١٢/٢/٣ وسایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/١/٢٧دا بلاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ ڕەوشی سیاسی ئێستای عێراق وئاسۆکانی ئایندە...*

- کارێکی ئاساییە کە دوای ڕووخاندنی ڕژێمێك و هەڵتەکاندنی بنەماکانی ئەو دەوڵەتەی کە لە سایەی ڕژێمی ڕووخاودا بەڕێوەدەبرا لەسوپاو دام و دەزگا هەواڵگری و حیزبی و حکومیەکان و هەڵوەشاندنەوەی یاساو بڕیارەکان و لەگۆڕانی سیاسەتی تاك حیزبی و تاك سەرکردەیی بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵ, و هاتنە کایەی سیستەمێکی جیاواز لەهەموو ڕووەکانەوە لە سیستەمی پێشوو. پاشاگەردانی و پێشێلکردنی یاساو مافەکان و دیاردەکانی ڕاوڕووت و تۆڵەسەندنەوەو داگیرکردنی ماڵ و موڵکی گشتی و تایبەتی و دەستوێوەردانی وڵاتانی دراوسێکان لە کاروباری ناوخۆیی و هەریەکەش ئەجێندای سیاسی و ئابوری و ئایدۆلۆژیایی خۆیان جێبەجێدەکەن.

بەلام کارێکی نائاساییە کە ئەم ڕەوشەی وڵات هەروا بەردەوام بێت دوای هەشت نۆ ساڵ و دوای نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی و دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و دوای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هەیکەلەی سوپاو هێزەکانی ناوخۆ و سەرجەم دام و دەزگا دەوڵەتیەکانی تر. لەسەر بناغە و سیستەمێکی نوێ کە خۆی لە باوەڕبوون بە بنەماکانی دیموکراسیەت و ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و فرەیی و فیدڕاڵی و هاوکاریکردن و شەراکەتی نیشتیمانی دەبینێتەوە.

دەوڵەتی عێراقی نوێی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣ وە, ناکرێت و ناشێت بەماوەیەکی زۆر کەمی ٨ ساڵەیی سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی برای دوێنێ و دوژمنی ئەمڕۆ لەهەموو بیروباوەڕ و پەیمان و برایەتی و هاوپەیمانێتیەکانی دژ بەڕژێمی بەعس پەشیمان ببنەوە و جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی تاك حیزبی و تاك سەرکردەیی و تاك مەزهەبی و تاك نەتەوەی سەردەست و دووربکەونەوە لە بنەماکانی شەراکەت و تەوافوق و ئاڵوگۆڕی دەسەلات بە ئاشتیانە.ناشێت و کارێکی ناعاقلانەیە کە جارێکی دی یەك پێکهاتە و یەك مەزهەب

و یەك عەشیرەت دەسەلاتی ڕەها بگرێتە دەستەوەو ئەوانی تر پەراوێز و تەهمیش بکات.

عێراقی نوێ بە پێك هاتە سەیر و سەمەرەکەیەوە لە نەتەوە و مەزهەب و ئاینی جیاواز کە خۆی لە خۆیدا مۆزائیکێکی ڕەنگاوڕەنگ و جوانە, ناکرێت ئەم گوڵدانە ڕەنگاوڕەنگە و ئەم هەموو بیروبۆچوون و خواست و تێڕوانینانە لە قاڵب بدرێت و تەنها یەك دەنگ و یەك ڕەنگی تیادا زاڵ ببێت.

هەربۆیە نە گەلانی عێراق و نەسەرکردە و نە پارتە سیاسیەکانیش هیچ کامیان هێندە گەمژەی سیاسی نین کە جارێکی تر ڕێگە بەو گەڕانەوەیە بدەن بۆ دواوە , هەربۆیە پێشخستن و گەشەپێدان و چەسپاندنی ئەم پڕۆسە سیاسیە نوێەی عێراق پێویستی بە شەراکەت و هاوکاری و هەمئاهەنگی و لێکتێگەیشتن و برایەتی و پشوودرێژی هەموان هەیە بە عەرەبی سونە و شیعە و کورد و تورکومان و ئیسلامی و مەسیحی و ...هتدوە. پێویستە هەموان لە ناوەندی بڕیاردان نزیك بن و بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراقی بخەنە سەر هەموو بەرژەوەندی و لایەنگیریەکانەوە.

گەرنا ئەوا دەبێت هەموان ئەو چارەنوسە تاریك و تاڵ و ژەهر ئاسایە قبوڵ بکەن و لەسەر دووڕییانی یان یەك و یەکگرتویی و پێکەوەکارکردن یان جیابونەوەو سەربەخۆبوون و لێکهەڵوەشاندنەوە هەڵبژێرن.

ئەم دۆخە سیاسیەی ئێستای عێراقی پیادا گوزەر دەکات دۆخێکی زۆر هەستیار و ناسك و چارەنوسسازە.چونکە هەموو بنەماکانی کاری پێکەوەیی و متمانە و شەراکەت و تەوافوق کاڵ بونەتەوە و نزیك بونەتەوە لە لەناوچونیش و حەزو ئارەزووی دەسەلات و خۆسەپاندن و تەهمیشکردنی بەرامبەر و لە قاڵبدانی ڕکابەرەکان ونانەوەی بۆسەی سیاسی و بەخشینەوە و هەڵبەستنی تۆمەت بۆ سەرکردەکان و هەڵبڕینی عەسای تاعەت و بەرزکردنەوەی زمانی هەڕەشە و تۆڵەسەندنەوە و تەصفیەکردنی ڕکابەرە سیاسیەکان هێواش هێواش تۆخ دەبنەوە و نزیك دەبێتەوە لە تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەلات و بێبەشکردنی شەریك و هاوپەیمانەکانی دوێنێ و پاشگەزبونەوە لە هەموو بەڵێن و ڕێکەوتنامە ئیمزاکراوەکان و خۆ دزینەوە لێیان.

دۆخی ئێستای سیاسی عێراق گەر نەڵێین لەدۆخی هەڵکردنی گەردەلوول دەکات , ئەوا بە دڵنیایی لە دۆخی پێش هەڵکردنی گەردەلولەکە دەچێت کە تەپو وشك بەسەریەکدا دەدات و دۆخێکی بێ متمانەیی و نائارامی و پڕ لە دڵەڕاوکێی دروست کردووە.کە پێویست و کارێکی زۆر هەنوکەییە کە هەموان بەسەرکردە سیاسی و ئاینی و خەمخۆرانی عێراقەوە بەدۆست و هاوپەیمانەکانیشەوە کاری جدی بکەن بۆ ڕێگرتن لەو کارەساتە حەتمیە کە تیایدا عێراق بەدڵنیایی بەرەو چارەنوسێکی نادیار و ناڕۆشن دەبات و تای تەرازوەکەش بەلای جیابونەوە و چەندکەرتبوون و لێکهەڵوەشانەوەدا لاسەنگ دەبێت و ئەو کاتیش هەموان بەرپرسیار دەبن لە بەرامبەر مێژوو نەوەکانی دواڕۆژو بۆ هەتاهەتاییش ناوی وڵاتی دووڕووبارەکە لەسەر نەخشەی جوگرافیای دونیادا دەسڕێتەوە کە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە خاوەن مێژووشارستانیەتیەکی گەورە بووە.

دۆخی ئێستای سیاسی عێراق لە ئەنجامی ململانێی سیاسی و ئابوری و دەسەڵاتە لەنێوان لایەنە شیعەکان و سونەکاندا,ئەم دوو پێکهاتەیە کە هەر چەندە یەك نەتەوە و یەك زمان و یەك ئاینن بەڵام تەنها خودایان یەکە و بەدرێژایی مێژوویی ئیسلام ڕکابەری سەرسەختی یەکتری بوون وەك دوو مەزهەبی جیاوازی ئیسلام.

شیعەکان هەرگیز داپڵۆسین و چەوساندنەوە و پەراوێزخستن و دوورخستنەوەیان لەدەسەلات لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە لەساڵی ١٩٢١دا لەبیر ناکەن هەرچەندە زۆرینەی دانیشتوانیش بوون و لە ئێستادا و دوای ٨٠ ساڵی حوکمی سونیەکان و گرتنە دەستی دەسەلات ئیدی جارێکی دی لێناگەڕێن بێبەشکردنە مێژوویەکە دووبارە ببێتەوە و بەگیانی تۆڵەبەسەندنەوەو تەهمیشکردن و پەراوێزخستنی سونیەکان دەسەلات بەڕێوە دەبات.

لەبەرامبەریشدا سونیەکان هەرچەندە بەژمارە کەمن بەڵام خۆیان بە دروستکەر و دامەزرێنەر و خاوەنی ئەم دەوڵەتە دەزانن و گەرەکیانە هەروەك چۆن ٨٠ ساڵ حوکمیان کردوە ئاوها بەردەوامبن, ئەوان بیریان چۆتەوە کە لە عێراقی نوێدا هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و سندوقەکانی دەنگدان جێگەی هێز و توندوتیژی گرتۆتەوە.

سونەکان بەهۆی مێژوە ڕەش و خوێناویەکەیانەوە لەلای زۆرینەی گەلانی عێراق بە شیعە و کورد و بەشێك لە سونەکان خۆشیان بێزار و قێزەونن و لەماوەی ئەم ٨ ساڵەی دوای بەعسیەکانیش وێنایەکی جوان و دڵنیاکەرەوەیان لەنیەت و بەرنامە و گوتار و کرداریاندا نەداوە بەهەموان و هەمیشە لەنێوان کورد و شیعەدا لەئاوی لێڵدا مەلەیان کردوە.

هەربۆیە ئەم ململانێیە بۆتە خاڵی لاوازی دەسەلاٽ لە عێراقی نوێدا و هیچکامیان نە پێکەوە دەتوانن کاربکەن و نەدەشتوانرێت بەبێ ئەویتر ولاٽێکی ئاسایی و ئارام و بێ کێشە ببرێت بەڕێوە.

هەردوو جەمسەری ململانێکەش خۆیان خاوەن بڕیاری سیاسی سەربەخۆی خۆیان نین و هەریەکەیان پابەند و وابەستە و ددەستەمۆ و گوێ لەمشتی هێز و ولاٽێکی ناوچەکەن و گەرەکیانە سەرلەنوێ عێراق بکەنەوە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ مێژوویەکەی نێوان صەفەویەکان و عوسمانیە نوێکان و بەمەش هەموان زەرەرمەندی سەرەکی دەبن.

لەلایەکی تریشەوە لەناو هەناوی ئەم دوو جەمسەرەی شیعە و سونەیەش خۆیاندا ململانێی توندی شیعە–شیعە و سونە–سونە هەن و هەریەکەیان گیرۆدەی چەندان ململانێی مەزهەبی و مەرجەعیەت و بەرنامەو ئەجێندای جیاوازن. زۆر دوور نیە گەر ململانێ سەرەکیەکەی شیعە–سونە بەلایەکدا بکەوێت ئەوا لە ئایندەدا ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان هێزە جیاوازە شیعە–شیعە و سونە–سونەکان بەتوندی سەرهەڵبدەن و هەریەکەیان هەڵپەی قۆرخکردنی پارێزگایەك یان چەند پارێزگایەك دەدەن بۆ گرتنە دەستی دەسەلاٽ و ڕاگەیاندنی هەرێمی سەربەخۆکە لە ئێستادا سەرەتای ئەو نیەت و بۆچونانەیان سەریهەڵداوە کە ئەمەش هێندەی تر ئایندەی عێراق بەرەو ناڕۆشنی دەبات.

کوردیش وەك پێکهاتیەکی دووەمی نەتەوەیی لە عێراقدا, ڕۆڵ و کاریگەری گەورە دەبینێت وبینیویشێتی هەر لەپێش ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە تا قۆناغی ڕزگارکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نوێ.هیچ کەس و لایەن و پارت و

سەرکردە و هێزێکی عێراقی و ناوچەکە و تەنانەت زلهێزەکانیش ناتوانن ئەم ڕۆڵە ئیجابیەی کورد لەبەرچاو نەگرن.

کورد بۆخۆی خاوەنی مافی ڕەواو مێژوویی خۆیەتی لەم وڵاتەدا کە بەشدار و شەریك و هاوکاری ڕاستەقینە بێت لەناوەندی بڕیار و جێگەی شیاوی خۆشی هەبێت وەك مافێکی ڕەوا نەك وەك خێرپێکردن.هەربۆیەش کورد لەم ململانێ سیاسیەی سونە – شیعەدا بەشدار نەبوە و ناشبێت بەڵکو هەمیشە کۆڵکەی هاوبەش و ڕۆڵی ناوبژیوان و دانایەکی بە ویقار و ئامۆژگاریکەری بینیوە و ڕێگری سەرەکیش بوە لە بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی و تایەفی و هەڵدێرانی دەوڵەت بەرەو نەمان و پارچە پارچە بوون کە زۆر جاران لەسەر حسابی مافە ڕەواکانی خۆشی بوە.

کورد کە هیچ کات لایەنی کێشە دروستکردن نەبوە , بەڵکو بەحوکمی شەراکەت و پێکەوە ژیان لە عێراقدا, مێژوو و قۆناغ و ململانێکان دەیسەپێننە سەری کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشدار بێت لە ململانێکاندا و زۆر جاران ئاگری سوتێنەری ئەو ململانێیە دەگاتە بەردەرگای ماڵی کورد و زیندوو ترین نمونەش کێشەی تارق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمارە. گەر ژیری و دووربینی کوردو بەتایبەتیش سەرۆك کۆمار نەبوایە ئەوا بە شێوازێکی خوێناوی کۆتایی پێدەهات.کە هێشتاش هەربەردەوامەو مەترسیەکانیشی ئامادەبونیان هەیە.

لەلایەکی تریشەوە کورد بۆخۆشی لەگەڵ هەردوو جەمسەری ململانێکەدا خاڵی هاوبەش و جیاوازیشی هەیە کە ناکرێت هیچ کامیان فەرامۆش بکات, بەڵام ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگیەش زۆر زەحمەتە و کارێکی ئاسان نیە کە تاهەتاهەتایە کورد بتوانێت لە ڕاگرتنیدا سەرکەوتوو بێت.شیعە و سونە بۆ کورد هەریەکەیان گرنگی خۆیان هەیە کە ناتوانرێت دەست لە هیچیان بەربدرێت.

هەربۆیە ئاسۆکانی ئایندە بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا لەسایەی ئەم دۆخە پڕ مەترسیەدا ناڕۆشن و تاریك و لێڵە . بەڵام گەر هەموان پابەندبن بە دەستگرتن بەدەستوور و ڕێزگرتنی بنەماکانی دیموکراسیەت و فیدڕاڵی و شەراکەت و تەوافوقی سیاسی و نیشتیمانی ئەوا دەکرێت کە ئەم دۆخە

تێبپەڕێنرێت وپێکەوە کاربکەن و ولاتیش بەڕێوەبەرن . بە پێچەوانەشەوە تەنها چارەسەر جیابونەوە و ڕاگەیاندنی هەرێمی سەربەخۆ و دەولەتی سەربەخۆیە بۆ هەریەکە لە شیعە و سونە و کورد, کەئەم بۆچونەش لەگەلٚ گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و لەگەلٚ سیاسەتی زلهێزەکانیشدا یەکدێتەوە بە چەسپاندنی تێوری فەوزای دروستکەر لە ڕۆژهەلاتی ناوینی نوێدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/٢/٨دا بلاوکراوەتەوە.

## پاشەکشەی ڕۆڵی ڕوسیا
## لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا... *

• ئاشکرایە ڕووسیا وەك میراتگری یەکێتی سۆڤێتی جاران لە دوای ساڵی ١٩٩٠ وە , ڕۆڵی لە هەموو دونیادا بەگشتی و لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە تایبەتی بەرەو کاڵبونەوە و لاوازبوون چووە. ئەوەش هۆکاری خۆیی و بابەتی هەبوە وەك خراپ بوونی ڕەوشی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتد. و سەرقاڵبوونی بەکێشە و ململانێ ناوخۆییەکانیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناو و ناوبانگ و هەیبەت و قورسایی لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەر ئامادەگی هەبوە و زۆرێك لە وڵاتان و بە تایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە لە سایەی سیستەمی دیکتاتۆریەوە حوکم دەکران و گەلانی خۆیان دەچەوساندەوە و هیچ بڕوایان بەدیموکراسی و ئازادیەکان نەبووە هەمیشە لایەنگر و دۆستی ڕووسیایان هەڵبژاردووە.

ماوەی حوکمڕانی و بەردەوامبوونی کۆمۆنیستەکان کە زیاد لە ٧٠ ساڵی خایاند لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕوسیادا, بەبەردەوامی بەشێوەیەکی شمولی و تاکڕەوی و پارتی پێشڕەو و تاك سەرکردە حوکمی ئەو وڵات و گەلانەیان کردوە و بە ئێستاشەوە بڕوایان نیە بەو دیموکراسیەت و ئازادی و لیبڕاڵیەتەی ڕۆژئاوا.

هەربۆیەش دوای ٧٠ ساڵ لە ململانێ و پێکەوەنانی بلۆکی سۆسیالیستی و دابەشکردنی دونیا بەسەر دوو جەمسەردا. نەیتوانی لەبەرامبەر داواکاری و خواست و حەزی سروشتی گەلانی خۆیان خۆڕابگرن بۆ دیموکراسی و ئازادی و کرانەوە و دوورکەوتنەوە لە حوکمی شمولی و حیزبی و توتالیتاری و ئەوەبوو لە ئەنجامی پرۆسەی (( بیرۆسترۆیکا و گلاسنۆستی)) گۆرباتشۆفەوە. بناغە و بنەماکانی فکری کۆمۆنیستی و دەوڵەتی سۆڤێتی هەڵتەکاو لە ئەنجامی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی گەلانی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی تریش, باهۆزێکی دیموکراسی و گۆڕانکاری لەسەرتاسەری دونیادا سەریهەڵداو بەهاری سیاسی لەو وڵاتانەدا دەستیپێکرد و بووشە مژدەبەخش و ئومێددەرێك بەگەلانی تری دونیاش.

یەکێتی سۆڤیەت و ڕوسیاش تا ئێستا لەگەڵیشیاندا چین وەك دوو وڵاتی خاوەن مافی (( ڤیتۆ)) لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بە بەردەوامی پشتیوانییان لە حوکمڕانە تۆقێنەر و تیرۆریست و نادیموکراسیەکان کردوە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گەلانی ئەو وڵاتانە.هەربۆیەش هیچ کاتێك ئەو دوو وڵاتە لەسەر ئاستی گەلانی دونیا خۆشەویست و بەچاوی دۆستایەتیەوە لێیان نەڕوانراون.

گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش لەو چوارچێوەیە بەدەر نین, سۆڤێت و ڕوسیەکان بە بەردەوامی لەماوەی ٩٠ساڵی ڕابووردودا هەمیشە هەوڵیان داوە کە پێگەی خۆیان قایم و توندوتۆڵ بکەن لەم ناوچەیەدا. چونکە گرنگی جیۆسیاسی و ئابوری ئەم ناوچەیە هەمیشە جێگەی ململانێ و چاوتێبڕینی وڵاتە زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دونیا بووە و لە ململانێیەکی توندی شاراوە و ئاشکرادا بوون بۆ دەست بەسەراگرتنی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان.

سۆڤێتیەکان لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە و دەستپێکی قۆناغی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئەم ناوچەیە بۆ سەربەخۆیی لە ئیستیعمار لە دەیەکانی پەنجاکان و دواتری سەدەی ڕابوردووەوە, خۆیان وانیشان دەدا و بەفعلیش پیادەی سیاسەتی پشتیوانی لەو شۆڕش و گەلانەیان دەکرد بەنیازی دروستکردنی دۆست و پێگەی سیاسی و ئابوری و سەربازی لە ناوچەکەدا. و تاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوبون, ئەوەتا ڕژێمەکانی ناصر لەمیسر و قەزافی لە لیبیا و بۆمدین لە جەزائیر و بۆرقێبە لە تونس و کۆمۆنیستەکان لە یەمەنی باشور و سودان و بەعسیەکان لە سوریاو عێراق و...هتد.چەند دەیە ساڵێك و تاڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و بە ئێستاشە بونە لایەنگر و دۆست و لە خولگەی سیاسەتەکانی سۆڤیەت و ڕوسی و چینیەکاندا دەخولانەوە.و لەکاتی هەر گرژی و ئاڵۆزی و سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و شۆڕشەکان لەم وڵاتانەدا پەنایان بۆ ڕوسیا و چین دەبرد تا پشتگیری و هاوکاریان بکەن لە بەرامبەر فشارە سیاسی و ئابوریەکانی ڕۆژئاوادا لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا.

بەمەش ڕوسیا و چین سۆز و خۆشەویستی گەلانی ناوچەکەیان لەدەست داوە.لەم سەردەمەی ئێستادا و لە بەهاری عەرەبیدا ڕوسیا و چین بە ئاشکرا پشتیوانیان

لەدەسەڵاتدارە سەرکوتکەرەکانی میسر و لیبیا و تونس و یەمەن و سوریا دەکرد و تائەوپەڕی توانایان بەرگریان لێدەکردن و تەنها لەسەر مەسەلەی سوریاو لەماوەیەکی کەمدا ٢ جار مافی ڤیتۆی بەکارهێناوە بۆ پاراستن و مانەوەی حوکمی بەشار ئەسەد و بەعسیەکان لەسەر حوکم چونکە کۆتا ڕژێمی لایەنگر و پێگەی ڕوسیا ماوە لە ناوچەکەدا.

لە مێژووی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایشیشدا سۆڤێت و ڕووسیەکان زۆرترین جار مافی ڤیتۆیان بەکارهێناوە کە ١٢٠ جارە بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکا ٧٧ جار و بەریتانیا ٣٢ جار و فەڕەنسا ١٨ جار و چین تەنها ٥ جار . ڕوسیا هەمیشە گەمەی بە چارەنوسی گەلانەوە کردوە و هیچ کاتێك دۆستێکی تاسەر نەماوەتەوە, بەلأم کاتێك زانیویەتی ڕۆژەکانی حومڕانەکان نزیك بۆتەوە و بەوەش بەرژەوەندیەکانی دەکەوێتە مەترسیەوە کەوتۆتە سەوداو مامەڵەی مادیەوە و دەستی لە پشتی ئەو ڕژێمانە بەرداوە نمونەش ڕژێمی بەعسی صدامی عێراق و لیبیا و یەمەن و ...هتد. لەناوچەکە و دونیاشدا.

هەر ئەم هەڵوێستە لاواز و ئینتیهازیانەی وای لە ڕوسیا کردوە کە سەنگ و قورسایی و کاریگەری کەم ببێتەوە لە ناوچەکە و دونیاشدا, لە ئێستادا نەك لە پێگەی بەهێزی سەرکردایەتی و دەستپێشخەریدا نەماوە بەڵکو بوشەتە پاشکۆی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواش.ڕوسیا هەروەك چۆن لە سیاسەتە نێودەوڵەتیەکانیدا سەرنەکەوتوە و نەیتوانیوە پارێزگاری لە پێگەی بەهێزی خۆی بکات و دۆست و لایەنگر بۆ خۆی و سیاسەتەکانی پەیدا بکات و ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە چارەسەری کێشە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی ناوچەکە و دونیاشدا. ئاوهاش لە ناوخۆدا شکستی هێناوە,ئەوەتا ئێستاش خەون بە زیندووکردنەوەی یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە و حوکمێکی شمولی و تاکڕەوانە و تاك سەرکدەییەوە دەبینێت. و ماوەی ١٢ ساڵی ڕێکە ڕوسیایەکی ١٤٢٩٤٦٨٠٠ ملیۆن کەسی و ڕووبەرێکی فراوانی ١٧٠٧٥٤٠٠کم دووجا تەنها لەلایەن حیزبێك و سەرکردەیەکی وەکو پۆتین و میدیدیڤەوە بەڕێوە دەبرێت و بەنیازیشن بۆ ماوەی ٥-٧ ساڵی تریش بەردەوام بن.

بەڵام گەلانی ڕوسیاش لە دوای دواین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆمای ڕوسیاوە ڕق و بێزاری خۆیان لە تەزویر و فڕوفێڵی ئەم حیزب و دەسەڵاتە دەربڕی و هاتنە سەر شەقام و خۆپیشاندانیان سازدا و داوای گۆڕانکاری و چاکسازیان دەکرد لە سیستەمی حوکم و دەم و چاوەکاندا.

بەم شێوەیە ڕوسیای ئێستا لە ناوخۆ و دەرەوەشدا سیاسەتەکانی کاریگەری و ڕۆڵی لە پاشەکشە و پەراوێزخستندایە نەك لە پێشڕەوی و دەستپێشخەریدا بێت.کە ئەمەش لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە و بەرژەوەندی پەرستی خۆیی و لایەنگری دیکتاتۆرەکان و پشتکردنە مافە ڕەواکانی گەلان و بە هەڵە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی حسابەتە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان و لێنەکۆڵینەوە و تێنەگەیشتنی خواست و ویستەکانی گەلانەوە بوە و لە بڕوانەبونیشیانەوە بوە بە دیموکراسیەت و ئازادی و کرانەوەو ڕەخنەگرتن و عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوە بوە کە مافێکی سروشتی گەلان و دروشمی هەرە گەورەی سەردەمیشە.هەربۆیەش ئەنجامی سیاسەتی هەڵەپەیڕەوکردن بریتیە لە پەراوێزخستن و لاوازبوون و کاڵبونەوەی هێز و کاریگەری وڕۆڵە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانە.

---

* ئەم بابەتە لە  سایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/٢/٢٢دا و سایتی ستاندەرکورد لە ٢٠١٢/٢/٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

لە پەراوێزی پەسەندکردنی بودجەی ٢٠١٢ی دەوڵەتی عێراقدا...

## پۆستە گشتیەکان لەنێوان ئەرك وئاما نجدا...*

❖ ئاشکرایە هەموو پۆستە گشتیەکان کە بۆ خزمەتی گشتی هاولاَتیانە تەنها مەبەست خزمەتکردن و سوود گەیاندنە بە هاولاَتیان و گەل و نیشتیمان.نەك خزمەتکردنی کەسی و خزم و دۆستەکانی.

ئەو پۆستە گشتیانە هێندەی وەك هۆکارێکن بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کە ئەویش تەنها و تەنها سوودی گشتیە بە گەل و نیشتیمان, نیو هێندە بۆ خۆی ئامانج نیە تا پشتی لێبکرێتەوە و بە گەیشتن بە ئامانجەکەی ئیدی تەنها بە سوود و قازانجی تاکە کەسی یان گروپ بیری لێبکرێتەوە.

بۆیە هەر کەس و لایەن و سەرکردەیەك کە دەسەلاَتیك یان پۆستێکی گشتی لە ولاَتدا دەگرێتە ئەستۆ, ئەوا دەبێت ئەو پۆستە بۆ بەرژەوەندی گشتی هەڵسوڕێنێت نەك بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین دەسکەوت و سەروەت و سامان بۆ خۆی و حیزبەکەی و بنەماڵەکەی.

ئەو پۆستە گشتیانە هەمیشە دەبێت وەك وەزیفە و ئەرکێکی زۆر پیرۆزی کاتی لێیبڕوانرێت نەك وەك میرات و بۆ هەتاهەتاییە هەربۆیەش پێویستە لەو زەمەن و قۆناغەدا تاکی بەرپرس بە دڵسۆزترین و ڕاستگۆترین و دەستپاکترین شێوە بەڕێوەی بەرێت. کەواتە دەبێت کەسی بەرپرس لە خزمەتی پۆستەکەدا بێت نەك پۆستەکە بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی خۆی بەکاربهێنێت.

بەداخەوە لە ئەزمونی حوکمڕانی ٢٠ ساڵەی کوردستاندا, ئەم پرس و بابەتە لەلایەن زۆربەی ئەوکەس و لێپرسراوانەوە کە پۆست و پلەی گشتیان هەبوە. بە پێچەوانەی ئەو سەرەتاو ڕاستیانەوە مامەڵەیان کردووە. هەربۆیە دیاردە نەخوازراوەکانی گەندەڵی و مشەخۆری و مەنسوبیەت و مەحسوبیەت و دڵڕازیکردن بلاَوبۆتەوە و شۆڕبۆتەوە بۆ نزمترین ئاستی وەزیفی دەوڵەتیش. گەر بەخێرایی بەری پێنەگیرێت ئەوا زۆر نزیکە کۆمەڵگایەك و نەوەیەکی گەندەڵ و مشەخۆری زۆر خراپ بەرهەم بهێنرێت. تاکە ڕێگەش بۆ بەرگرتن لەم پەتا دزێوە سەروەرکردنی یاسا و دامەزراوەی

داواکاری گشتی و ئاکتیڤکردنی دەزگای چاودێری دارایی و پاراستنی موڵك و ماڵی گشتی و دەزگای نەزاهەیەکی سەربەخۆیە, ئەوەش لە ڕێگای پڕۆسەیەکی وورد و زانستی و واقعی چاکسازی سیستەمی سیاسی و ئیداری و داراییەوە دەبێت.
نمونەش بۆ ئەم کارە دزێوانەی کە لە سایەی وەرگرتنی ئەو پۆست وپلە گشتیانەوە وەدەست دێت.ئەوەیە کە هەموو پەڕلەمانتاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و شاراوەنیەکان و وەزیر و ...هتد.ڕوو دەدەن.
ئەم دیاردانەش نەك هەر کوردستان بەڵکو تەواوی دەوڵەتی عێراقیشی گرتۆتەوە,ئەوەتا لە کۆبونەوەی پەڕلەمانی تایبەت بە پەسەندکردنی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٢ ی دەوڵەتی عێراقدا کە لە بەرواری ٢٠١٢/٢/٢٣دا بەڕێوەچوو تەنها بە ئامادەبوونی ٢١٩ ئەندام لە کۆی ٣٢٥ ئەندام , بڕی ٦٠ ملیارد دینار تەرخانکراوە بۆ کڕینی ٣٥٠ ئۆتۆمبێلی فیشەك نەبڕ کە نرخی هەر یەکێکیان نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دینارە. کە ئەم بڕە پارەیە دەتوانرێت دەیان پڕۆژەی بچوك و مام ناوەندی پێ جێبەجێبکرێت بۆ بەرژەوەندی گشتی. نەك تەنها گیانی ٣٥٠ کەسی پێ بپارێزرێت, کە لە بنچینەدا ٣٢٥ ئەندام پەڕلەمان هەیە, ئیدی بۆ ٣٥٠ دەکڕن. لەلایەکیتریشەوە و لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە و لە ساڵی ٢٠٠٣ وە دوای دووخولی پەڕلەمانی, ژمارەی ئەو ئەندام پەڕلەمانانەی کە مەترسیان لەسەر بوە یان تیرۆرکراون لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن, باشە خێرە لەسەرەتای بارودۆخی زۆرخراپی ئەمنی عێراقەوە ئەم داوایە نەکراوە کە مەترسیەکان زۆرتربوون.کەچی ئێستا و دوای ٩ساڵ و دوای باشتر بوونی باری ئەمنی ئەم خەرجیە زۆرە دەکرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە موچەی خۆیان کە نزیکەی ١٢ ملیۆن دینارە کە بریتیە لە موچەی اسمی ٤٠ دەرچووی کۆلێژ کە بە ٢٩٦٠٠٠ دینار دادەمەزرێت.سەرەڕای خەرجکردنی کرێی خانوو و شوقە و بەنزینی ئۆتۆمبێل و سەفەر و گەشتەکانیان و ١٠-٢٠ پاسەوان. لەهەمان کاتیشدا داوا دەکەن کە لە کۆتایی ٤ ساڵدا بەهەمان موچە و ئیمتیازاتەوە خانەنشین بکرێن.کە ئەم کارە لە هەموو دونیادا وێنەی نیە.گەر وابڕوات لە دەیە ساڵێکی تردا عێراق بە کوردستانیشەوە دەبێتە وڵاتێکی زۆرترین خانەنشین و زۆرترین بڕی بودجە بۆ خانەنشینی ئەم پلە و پۆستە تایبەت و گشتیانە تەرخان

دەکرێت. هەربۆیە لە ئێستادا ئەم پلەو پۆستانە نەك بونەتە ئەرك و وەزیفە بۆ خزمەتکردن بەڵکو بونەتە ئامانجە سەرەکیەکە بۆ ئەوەی خزمەتی خۆیان و عەشرەت و خزمانیان پێ بکەن.

بەمەرجێك لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا ٦٣ ئەندام پەرلەمان لەماوەی ٤ ساڵدا هیچ وشەیەکیان لە دەم نەهاتۆتە دەرەوە و سەرەڕای ٤ مانگ پشووی ڕەسمی پەرلەمان و پشوەکانی تری ولاتیش. لەگەڵ ئەوەی هیچ کۆبونەوەیەك نەبوە کە ٥٠ ئەندام پەرلەمان و زیاتریش غائب نەبوبن,یان هەندێ جار لەبەر نەبوونی نصابی یاسایی کۆبونەوەکان دواخراوە.

جا ولاتێك ئەمە حاڵی یەکێك لە دەزگا هەرە گرنگەکانی یاسادانانی بێت, ئەوا دەبێت فاتیحا بخوێنرێت لەسەر دوو دەسەلاتەکەی تریش لە حکومەت و دادەوەری کە هیچیان حاڵیان باشتر نیە لە پەرلەمان.

بەداخەوە لەکوردستانیشدا گەر خراپتر نەبێت ئەوا باشتر نیە ئەوەتا ئەندام پەرلەمان سەرەڕای موچەی خۆی کە ٨-٥ر٨ ملیۆن دینارە و خەرجی سەفەر و ئۆتۆمبێل و شوقە و پاسەوان و ...هتد.داوا دەکەن کە خانەنشین بکرێن و شوقەکانیشیان پێ بفرۆشرێتەوە.

کە هەموو ئەم کارانە دەچنە چوارچێوەی گەندەڵی و خراپ قۆستنەوەی پلە و پۆستەکانیان, کە لە بنەمادا بۆ خزمەتکردنە نەك بۆ خزمەت وەرگرتن ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا بۆ زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان لە کوردستان و عێراقیشدا, گەر بەهۆی ئەو پلە و پۆستەوە نەبوایە ئەوا هیچ کەس نەیدەناسین و هیچ کاتێکیش نەدەبونە خاوەنی ئەوەندە سەروەت و سامان.بۆیە هێندەی ئەو پۆستانە خاوەنەکانیان کردۆتە کەسایەتی گشتی و بەناوبانگ و ڕێزلێگیراو وخزمەتی پێکردوون. ئەوا خاوەنەکانیان نیوهێندە خزمەتی پۆستەکانیان نەکردوە.

لەلایەکی تریشەوە هیچ یەکێك لەو ئەندام پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانی و وەزیر و ...هتد.گەر لەسایەی حیزب و ناو ناوبانگی حیزبەکانیانەوە نەبوایە,هیچیان بە توانا و لێهاتووی وناسراوی خۆیانەوە نەدەگەیشتنە ئەو پلە و پۆستانە.هەربۆیە ئەرکی حیزب و مەرجەعەکانیشە کە لێپرسینەوە و بەدواداچوون

بکەن بۆ کاری هەر کاندید وپاڵێوراوێکیان لەهەر پلە و پۆستێکدا بن بۆ ئەوەی چیتر نەبنە بار وقورسایی بەسەر حیزبەکانیان و میزانیەی گشتی و میلەتیشەوە.
هەقیشوایە چیدی چاوپۆشی و نەرمی نەنوێنن لەسەر کاندیدە کەم تەرخەم و بێخێر و بێ بەخششەکانیانەوە و فێریان بکەن کە پلەو پۆست و وەزیفە و ئەرك و هۆکاری خزمەتکردنە نەك ئامانجی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ستانداركورد وكوردیۆ و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٥ و٦و٢٠١٢/٣/٧دا و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە٤٦٣ لە ٢٠١٢/٣/١٠دا بلاْوکراوەتەوە.

## کۆبونەوەی لوتکەی عەرەبی لە عێراق
## لە نێوان ئەرك و چاوەڕوانی گەورەدا... *

- چەردەیەك لە مێژووی کۆمکاری ولاَتانی عەرەبی

کۆمکاری ولاَتانی عەرەبی وەك ڕێکخراوێکی ناوچەیی عەرەبی لە ۱۹٤٥/۳/۲۲دا بەڕەسمی ڕاگەیەنرا لەلایەن ۷ ولاَتی سەربەخۆی عەرەبی ئەوکاتەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.پانتایی جوگرافیای کار و چالاکی ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە نزیکەی ١٤ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە کە ولاَتەکانی ئەندامی ئێستای دەکەونە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا و باکور و باکوری ڕۆژهەلاَتی کیشوەری ئەفریقیاوە.ئەم پانتاییەش بە دووەم پانتایی جوگرافی دادەنرێت لە جیهاندا لە دوای ڕووسیاوە. کۆی ژمارەی دانیشتوانی سەرجەم ولاَتانی ئەندامی لە سالَی ۲۰۱۱دا بریتیە لە ۳۳۹٥۱۰٥۳٥ کەس کە بە چوارەم گەورەترین کۆمەلَگای دانیشتوان دادەنرێت لە دونیادا لە دوای چین و هند و یەکێتی ئەوروپاوە. و زمانی ڕەسمیان بریتیە لە زمانی عەرەبی.

هێزی چەکدار و سوپای ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بە پلەی سێیەم دێت لەسەر ئاستی جیهان لە دوای چین و هندەوە و کۆی خەرجی سالاَنەی دەگاتە ٥۳۳۹۹۰۷۰۰۰۰ دۆلار.

ئەم ڕێکخراوە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی بارەگای سەرەکی لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسردا بوە جگە لە ماوەی نێوان سالاَنی ۱۹۷۹-۱۹۹۰ نەبێت کە بارەگاکەی گوازرایەوە بۆ شاری تونس لە ولاَتی تونس و لە ئێستادا ۲۲ ولاَتی عەرەبی ئەندامن لەم ڕێکخراوەدا.چوارچێوەی کاری ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی و زانستی بۆ گەشەپێدانی بەرژەوەندیەکانی ولاَتانی عەرەبی.

هەر ولاَتێکی ئەندام خاوەن یەك دەنگە لە ئەنجومەنی کۆمکارەکەدا,جیاوازی نیە لە نێوان ولاَتانی دامەزرێنەردا کە ۷ ولاَتن و بریتین لە ولاَتانی (( میسر و سوریاو عێراق و لوبنان و ئوردون و سعودیە و یەمەن)) و ولاَتانی وەرگیراو بە ئەندام کە

ژمارەیان ١٥ ئەندامن و لە کاتی جیاوازدا بونەتە ئەندامی ڕێکخراوەکە.ولاَتانی دامەزرێنەر لە ١٩٤٥/٣/٢٢ دا ئیمزایان لە سەر پڕۆتۆکۆلێك لەشاری ئەسکەندەریە لە میسر کرد کە بە پڕۆتۆکۆلی ئەسکەندەریە ناسراوە و بوە بناغەی ڕێکەوتننامەی دامەزراندنی کۆمکاری ولاَتانی عەرەبی و ئیدی سالاَنە لە ٣/٢٢دا یادی دامەزراندنی کۆمکاری ولاَتانی عەرەبی بەڕەسمی دەکرێتەوە.مەرجی بوون بە ئەندام بریتیە لەوەی کە ولاَتانی عەرەبی سەربەخۆبن و ٧ ئەندامی بنچینەین و ئەوانیتر وەرگیراون. هەر ئەندامێکیش مافی خۆ کشانەوەی هەیە بەمەرجێ پێش یەك ساڵ کۆمکاری عەرەبی ئاگاداربکاتەوە بەبێ ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی .یان کۆمکار بۆی هەیە ئەندامێك دەربکات ئەگەر ئیلتیزاماتی بە ڕێککەوتنامەی کۆمکارەوە نەکرد, هەروەها دەتوانێت ئەندامێتی ئەندامانی هەڵپەسێرێت وەك ئەوەی لەگەڵ میسر کردی لە ساڵی ١٩٧٨ کاتێك ڕێکەوتنامەی کامبدێڤدی ئیمزاکرد لەگەڵ ئیسرائیلدا یان لەگەڵ لیبیا و سوریاشیدا کرد لە سەردەمی ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی ئەو ولاَتانەدا کە پەیوەست نەبوون بە دەستپێشخەریەکانی کۆمکارەوە بۆ چارەسەری کێشەی ولاَتەکانیان.

لەم کۆمکارەدا ئەندام بە شێوەی چاودێر وەرناگیرێن وەك ئەوەی کە ئەریتریا لە ساڵی ٢٠٠٣ داوای کرد و فەنزەوێلا لە ٢٠٠٦ و هندستانیش لە ٢٠٠٧دا. یان ئیسرائیل کە ٢٠٪ دانیشتوانی بە ڕەسەن عەرەبن و زمانی عەرەبیش زمانی دووەمی ڕەسمیە یان ولاَتی چاد کە زمانی ڕەسمیان عەرەبیە بەلاَم وەرناگیرێن چونکە ولاَتی چاودێر مافی ڕاوبۆچون و ئامۆژگاری هەیە نەك دەنگدان.

❖ گەورەترین شارە عەرەبیەکان

لە ڕووی دانیشتوانەوە , شارەکانی قاهیرە و بەغداد و خەرتوم و دیمەشق و ڕیاز و ئەسکەندەریە و دار البیضاء و جەزائیر گەورەترین شارە عەرەبیەکانن.

• دیانەت

هەرسێ دیانەتی یەهودی و مەسیحی و ئیسلام لەم ناوچەیەدا هاتونەتە خوارەوە و پێڕەوانیان هەیە کە لەسنوری کۆمکاری عەرەبیدان.دیانەتی یەکەم ئیسلامە و دووەمیش مەسیحیە, زۆرترین ژمارەی دانیشتوان موسوڵمانی سونی

مەزهەبن.هەرچەندە شیعە مەزهەبیش لە هەندێ وڵاتانی وەك عێراق و بەحرەین و لوبنان و کوێت و سعودیەشدا کۆمەڵی گەورە پێکدێنن,هەرچی مەسیحیەکانیش هەیە بە ٢٠ ملیۆن مەسیحی دەژمێردرێن.کە لە وڵاتانی میسر و عێراق و ئوردون و لوبنان و فەلەستین و سودان و سوریادا دەژین.هەندێ ژمارەی جولەکەش هەن لە مەغریب و تونس.هەروەها دیانەتی تریش وەك بەهائی و دورزیش هەن.

- لەڕووی ئابوریەوە

ناوچەی کارو چالاکی کۆمکاری عەرەبی دەکەوێتە ناوچەیەکی گرنگی دونیاوە کە ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوینە کە زۆربەی وڵاتەکانی دەوڵەمەندن بە نەوت و گازی سروشتی و خاوەنی خاکی بەپیت و بەرەکەت و سامانی سروشتی و ئاوی گەرم و شیرین ولەوەڕگا و زەوی کشتوکاڵین بەشێوەیەك باشوری سودان و سودان بە (( سەبەتەی خۆراکی وڵاتانی عەرەبی )) دادەنرێت لەبەر دەوڵەمەندی. هەروەها لەبواری گەشتوگوزاریشەوە گەلێك دەوڵەمەندە و خاوەن داهاتێکی گەورەیە بەتایبەتی وڵاتانی میسر و لوبنان و تونس و مەغریب و ئیمارات و ئوردون. هەروەها لە بواری پەیوەندیکردنیش بەردەوام لە گەشەکردندان و هەردوو کۆمپانیای ئۆراسکۆم و ئیتصالات دەچنە پێشبڕکێ جیهانیەکانەوە.

لەبواری ئابوریدا. دوو پڕۆژەی ستراتیژی جێبەجێکروان کە بریتین لە پڕۆژەی ((گەیاندنی هێڵی بۆری گازی عەرەبی)) لە میسر و عێراقەوە بۆ سوریاو لوبنان و ئوردون و تورکیا. دووەمیشیان بریتیە لە پڕۆژەی(( ناوچەی بازرگانی ئازادی عەرەبی گەورە)).

- بەراوردکردنی کۆمکاری عەرەبی بە ڕێکخراوەکانی تر

لە جیهاندا چەند ڕێکخراوێکی هاوشێوەی کۆمکاری عەرەبی هەن وەك (( ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی و ئەنجومەنی یەکێتی ئەفریقیا)) کە لەسەر بنەمای سیاسی دامەزراون.هەموو ئەندامانی کۆمکاری عەرەبیش ئەندامن لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیدا و هەندێك ڕێکخراوی بچوك و لاوەکی تر هەن لەناو کۆمکاردا وەك (( ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو و یەکێتی ڕۆژئاوای عەرەبی)).

ئەم کۆمکارە ١١ ڕێکخراوی سەربەخۆی هەیە کە لەبوارەکانی تەندروستی و ئەندازیاری و بەڵێندەرایەتی و تەکنەلۆژیاو زانیاری و پەیوەندی و ئابوری و هەناردەی نەوت و گەشەپێدانی کارگێڕی و ڕاگەیاندن و پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانست و لێکۆڵینەوە و ئەکادیمیدا کاردەکەن.

- ئەمینداره گشتیەکانی کۆمکاری عەرەبی

دیاریکردنی ئەمینداری گشتی کۆمکارەکە پێویستی بە ڕەزامەندی ٣/٢ ی دەنگی ئەندامان هەیە کە نوێنەری ڕەسمی کۆمکارە لە نێو کۆڕ و کۆبونەوە نێودەوڵەتیەکاندا و لەمێژووی دامەزراندنی کۆمکارەوە ژمارەیەك لە کەسایەتی دیاری عەرەبی پۆستی ئەمینداری گشتی کۆمکاریان پێسپێردراوە لەوانە:

١. عبدالرحمن عەزام ,میسری لە ١٩٤٥-١٩٥٢
٢. محمد عبدالخالق حسونە,میسری لە ١٩٥٢-١٩٧٢
٣. محمود ڕیاز,میسری لە ١٩٧٢-١٩٧٩
٤. شازل ئەلقولەیبی, تونسی لە ١٩٧٩-١٩٩٠
٥. احمد عصمت عبدالمجید ,میسری لە ١٩٩٠-٢٠٠١
٦. عمرو موسی,میسری لە ٢٠٠١-٢٠١١
٧. نبیل العربی ,میسری لە ٢٠١١ وە تاکو ئێستا

- کۆنگرەی لوتکەکانی عەرەب

لەمێژووی دامەزراندنیەوە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لەساڵی ١٩٤٥وە سەرانی عەرەب ٣٣ کۆنگرەی لوتکەیان بەستوە کە ٢٢ یان ئاسایی و ١١یان نائاسایی بووە لەپاڵ ٢ کۆنگرەی لوتکەی ئابوریشدا.

- هۆکارەکانی نەگەیشتنی کۆمکاری عەرەبی بە یەکێتیەکی قوڵ و گشتگیر

بەدرێژایی مێژووی ٦٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی,ئەندامانی ئەم کۆمکارە نەیان توانیوە, تەواوکاریەك و یەکێتیەکی قوڵ و هەمەلایەنەی هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا پێکەوە بنێن هەرچەندە یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی

١٩٥٨ یشەوە دەستیان بە پڕۆسەی یەکێتیەکەیان کردوە بە ١٣ ساڵ دوای ئەمان.ئەویش بەهۆی:

١.کۆمکار بە دوو پێوانە مامەڵە دەکات,لەلایەك گەرەکێتی بەرێکخراوەیی بوونی کۆمکار بچەسپێنێت کە بالاٌترە لە ئاستی نیشتیمانی و لەلایەکی تریشەوە گەرەکێتی پارێزگاری لە سەربەخۆیی ئەندامان بکات کە بۆچونی سەرۆك و پادشاکانی عەرەبە بۆ پاراستنی دەسەلاٌت و سیادەی نیشتیمانی و تاك بڕیاریان.

٢.مەترسی ولاٌتە دەوڵەمەندەکان لە بەشدارییپێکردنی ولاٌتە هەژارەکان لە سەروەت و سامانیاندا.

٣.ململانێیٚ و ناکۆکی نێوان سەرۆك و پادشاکان لەنێوان خۆیاندا.

٤. کاریگەری و فشارە دەرەکیەکان بۆئەوەی ئەو یەکێتیە قولٚ و گشتگیرە دروست نەبێت.

ئەمانە هەموو پێکەوە بونەتە ڕێگر لەبەردەم کامڵبوونی ئەو یەکێتیەدا.

- کێشە و گرفتە سەرەکیەکانی ولاٌتانی عەرەب لە هەموو کۆنگرەی لوتکەکاندا:

کۆمکاری عەرەبی و جیهانی عەرەبیش لە دامەزراندنیەوە و تاکو ئێستاش بەدەست چەند کێشەیەکی ئالۆزو درێژخایەنەوە دەناڵێنن کە چارەسەرکردنیان تائێستا بۆتە خەون و نایەنە دی وەك:

١. کێشەی نەبوونی یەك ناوەندی بڕیاری سیاسی بەهێز کە هەموان پابەند بن پێیەوە.

٢. ململانیٚ و کێشە و گرفتە سیاسی و ئابوری و سنوری و سەربازیەکانی نێوان سەرکردەکانی عەرەب و ولاٌتە دراوسێکان.

٣. کێشەی ململانێی عەرەب_–ئیسرائیل.

٤. کێشەی دەستدرێژی و چاوتێبڕینی ئیسرائیل بۆ ئاوەکانی عەرەب.

٥. کێشەی داگیرکردنی ئێران بۆ ٣ دورگەی ئیماراتی عەرەبی.

٦. کێشەی هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی.

لەئێستاشدا و لە سەروەختی بەستنی کۆنگرەی ئاسایی لوتکەی سەرانی عەرەب لە شاری بەغداد لە عێراقدا کە وابڕیارە لە ڕۆژانی ٢٧–٢٠١٢/٣/٢٩ دا سازبکرێت.گەلێك کێشەی

هەنوکەیی جیا لەو کێشە موزمینانەی پێشەوە هاتونەتە ئاراوە کە پێویست دەکات ئەم کۆبونەوەی لوتکەیە بەجدی هەڵوێستەیان لەسەر بکات لەوانەش:

١. مەسەلەی دیموکراسی و ئازادی کە داخوازی گەلانی ولاّتانی ئەندامی کۆمکارن.
٢. مەسەلەی بواری پەیوەندی و داهێنان و تەکنەلۆژیاو زانیاریەکان.
٣. کێشەی تیرۆر و ئیسلامی توندڕەو.
٤. مەسەلەی بەهاری عەرەبی و ڕاپەڕینە جەماوەریەکان.
٥. مەسەلەی گەندەڵی و ناشەفافیەت.
٦. مەسەلەی پەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان.
٧. مەسەلە ئابوریەکان.
٨. مەسەلەی یەك سوپا و یەك دراو بەمەبەستی کامڵکردنی ئەم یەکێتی و کۆمکارە.

هەموو ئەم مەسەلە گرنگ و هەنوکەیی و چارەونوسسازانە ئەرکێکی گەورە دەخەنە ئەستۆی ولاّتی عێراق و سەرکردایەتیەکەی کە لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا بۆ ساڵی ئاینده و تا لوتکەی داهاتوو, پابەندی دەکات کە هەوڵ و هیمەت و ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت بۆ سەرخستنی بەرنامە و ئامانج و ئەرکەکانی قۆناغی ئاینده.

- گرنگی ئەم لوتکەیە بۆ عێراق

بەتەنها بەستنی ئەم کۆنگرەی لوتکەیە لە عێراق لەم کات و ساتە زۆر هەستیار و مەترسیدارەی عێراق بەتایبەتی و ناوچەکە بەگشتی پیادا گوزەر دەکات بۆ خۆی گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیە. چونکە لەلایەك ناوچەکە و ولاّتانی عەرەبی بە قۆناغێکی یەکلاکەرە و پڕ گۆڕانکاریدا تێپەڕ دەبن کە بونەتە هۆری ڕووخاندنی چەندین سیستەمی حوکم و سەرۆکی موخەزرەمی عەرەبی کە بۆ چەند دەیەیەك ساڵ حوکمی ناوچەکەیان دەکرد و مەترسیی دروستکردنیش بۆ سەر چەندێکی تر, قۆناغێك کە بریتیە لە ڕۆچوونی سیستەمی عیلمانی و وەخۆکەوتن و سەرکەوتنی سیستەمی ئاینزایی توندڕەو و میانڕەو.قۆناغێك کە سەرجەم عەرەب بە دەوڵەمەند و هەژارەوە هەست بە دڵنیای و ئارامی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و سەربازیش ناکەن و هەڕەشەی شەڕی خوێناوی ئەهلی و مەزهەبی و دینی و تیرۆرو تۆقاندن هەمیشە ئامادەگی هەیە. جا چارەسەرکردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەم هەموو مەسەلە و کێشە و گرفتانە, لەپاڵ گرفتە موزمینەکانی تردا. سەرکەوتنی کۆنگرەکە گرنگی زیاتر دەداتە عێراق و سەرکردایەتیەکەی.

لەلایەکی تریشەوە عێراق بۆخۆی گیرۆدەی کۆمەڵ گەلێك کێشە و گرفت و نائارامی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆی بۆتەوە کە لە ئێستادا چەقیان بەستوە و ئاسۆی چارەسەرەکانیش زۆر ڕوون نین.

بەستنی کۆنگرەکە لە عێراقدا ماناو ئاماژەی گەورەی هەیە بەو سیفەتەی عێراق یەکێکە لە ٧ وڵاتە دامەزرێنەرەکەی کۆمکاری عەرەبی و ئەمە تەنها ٣ یەم جارە کۆنگرەی لوتکە لە عێراقدا سازبدرێت. ئاشکرایە دوای داگیرکردنی کویت لەلایەن ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەساڵی ١٩٩٠ وە و دوای ڕوخاندنی ئەو ڕژێمەش لەساڵی ٢٠٠٣دا .عێراق بە قۆناغێکی ئاڵۆز و شێواوی سیاسی و ئابوری و پەیوەندیە عەرەبیەکان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشدا تێپەڕ دەبێت. و قۆناغێکی پڕ کێشە و ململانێ و گۆشەگیری بوە, بۆیە سازدانی ئەم کۆنگرەیە لە بەغداد هەنگاوێکە بەرەو ئاڕاستەی گەڕانەوەی عێراق بۆ جێگە و پێگەی شیاوی خۆی لەناو نێوەندە عەرەبیەکەیدا, و دروستبوونی متمانە و بڕوا لە نێوان عێراق و ئەندامانی تردا. بەتایبەتیش وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کە ترسی زۆریان هەیە لە عێراقی ئایندە کە بکەوێتە ژێر هەژمونی دەوڵەتی فارسی شیعە مەزهەبی ئێرانیەوە. بۆیە هێندەی گرنگی کۆنگرەکە بۆ عێراق, لەبەرامبەریشدا ئەرك و قورسایی گەورەتریش دەخاتە ئەستۆی عێراقەوە گەر سەرکەوتووبێت لەم سەرکردایەتیکردنەی عەرەبدا.دەبێتە ئەزمونێکی باش بۆ ئایندەش و بۆ سەرکەوتن بەسەر کێشە و ململانێ سیاسیەکانی ناوخۆشدا.

هەربۆیە ئەم کۆنگرەیە لە نێوان ئەرك و خواستە گەورەکانی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بۆ عێراق و سەرکردایەتیەکەشی. و ئاشکراشە ڕۆڵی کوردیش لە ڕێگەی سەرۆکایەتی بەڕێز مام جەلال وەك یەکەم سەرۆکی کوردی عێراقی بۆ کۆنگرەکە و بۆ ساڵی ئایندەش کاریگەری و قورسایی کورد دادەنێت لەسەر بڕیار و بۆچون و دەستپێشخەری و کوردیش هێندەی تر بون و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بۆ دونیای عەرەبی پیشان دەدات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستادارکورد لە ٢٠١٢/٣/٢٧ وڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٤٦٥ لە ٢٠١٢/٣/٣١دا وسایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/٤/٥دا بلاوکراوەتەوە.

## کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی

## دارعاسا ئەفسوناوییەکە... *

• دەستپێشخەری بەستن و سازدانی کۆنگرەیەکی نیشتیمانی عێراقی کە هەموو لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە ئیتنی و مەزهەبیەکان تیایدا بەشدار بن , لەلایەن بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقەوە بوو.بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری مێزی گفتوگۆ, بەنیازی ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ سەرجەم کێشە و گرفتە سیاسی و ئابوری و ئیداری و دەسەلأت و ئەمنیەکان بدۆزرێنەوە وعێراق ڕزگار بکەن لەم قەیرانە سیاسیەی کە تێیکەوتوە, بەداخیشەوە ئاسۆی چارەسەر و لێکتێگەیشتنەکانیش زۆر ڕوون و دڵخۆشکەر نین.

ئاشکرایە کێشە و گرفتە سیاسیەکانی عێراق هەر لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ٢٠٠٣/٤/٩وە سەریان هەڵداوە, لەلایەن لایەنگرانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو و بەرەی ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ و دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی پاش ڕزگارکردنی عێراق, لەنێوان بەرەی قاعیدە و بەعس و تیرۆریستان و لەنێوان بەرەی ڕزگاریخوازان و دیموکراسیخوازانی عێراقی نوێدا , لە نێوان پێکهاتە ئیتنی و مەزهەبی و دینیەکانیش هەموان پێکەوە. ئەم ململانێ ودڕدۆنگی و گرژی و ئاڵۆزیانە بەردەوام بوون بە درێژایی ماوەی ٩ ساڵی ڕابوردوو, گاهێك توندو خوێناوی و گاهێکیش هێور و خاو, بەڵام کێشەی دەسەڵاتگرتنە دەست لە لایەن لایەنە سیاسیەکانەوە لە دوای هەڵبژاردنی پەڕلەمانی لە ٢٠١٠/٣/٧ دا بۆتە گرفت و ئامانجی سەرەکی سونە و شیعیەکان.ئیدی لەدوای جاڕدانی ئەنجامە بەراییەکان و ئەنجامە ڕەسمیەکانی هەڵبژاردنەوە, نیەتی هەردوولایان کە لیستی عێراقیەی نوێنەری زۆرینە سونی بەسەرۆکایەتی د.ئەیاد عەلاوی و کە بەپلەی یەکەم و بە ٩١ کورسی و لیستی دەوڵەتی یاسا نوێنەری زۆرینە شیعە بەسەرۆکایەتی د. نوری کامل ئەلمالکی و بە لیستی دووەم و بە ٨٩ کورسی, بونە براوەی هەڵبژاردنەکە, کەوتنە تانە لێدانی ئەنجامەکان و بیانوو دۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەویتر حکومەت پێك نەهێنێت, ئەوەبوو دوای ٨ مانگی ڕێك دواکەوتن , لەسەر دەستی کورد و دەستپێشخەریەکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانرا هەموو لایەنەکان لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆبکرێنەوە و

لەشاری هەولێر ڕێکەوتنامەیەکی سیاسی ٣ قۆڵی بارزانی و مالکی و عەلاوی ئیمزا بکرێت لەسەر دابەشکردنی ٣ سەرۆکایەتیەکە و بەمەش عێراق ڕزگار کرا لە خاڵی چەقبەستن . لەژێر فشارە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا لیستی عێراقیە وازی لە پۆستی سەرۆکی حکومەت هەڵگرت بەو مەرجەی کە ئەنجومەنێکی سیاسی بۆ سیاسەتە ستراتیژیەکان پێکبهێنرێت و بدرێت بە لیستی عێراقیە بەلاّم ئەو کارە تائێستا نەکراوە.ئەم چارەسەر و ڕزگارکردنە کاتیەی عێراق لە قەیران دوا چارەسەر و دوا پێشێلکردنی بەڵێن و ڕێکەوتنامەکان نەبوو بەڵکو تا ئێستاش ململانێکان و خاڵە ناکۆکەکان تا دێت زیاتر توندتر دەبێت.

لەلایەك ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژیەکان پێك نەهاتوە و وەزارەتە ئەمنیەکان کە هەندێکیان مافی عێراقیە بون پڕ نەکراونەتەوە بە کەسانی سەر بەو لیستە و لە زۆربەی وەزارەتەکاندا ڕێژەی سونە و کورد زۆر کەمن و سەرجەم پۆستە ئەمنی و سەربازیەکان شیعەن و گەر کوردێك یان سونیەك هەبن ئەوا بیٚ دەسەلاّت و لاواز و پشتگوێخراون و ململانێی توندیان لەگەڵدا دەکرێت.و یاسا و دەستووریش وەکو خۆیان جێبەجێناکرێن.و پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش کەم دەسەلاّت و پەراوێزخراون. بەشێوەیەکی گشتی دەسەلاّتی سیاسی و ئابوری و ئیداری و دارایی و سەربازی و ئەمنی لەماوەی ئەم دووساڵەی حکومەتی مالکیدا هێواش هێواش بەرەو بەرتەسك چونەوە و بچوکبونەوە و قەتیسکردن چووە بەتەنها بۆ لیستێك و مەزهەبێك و حیزبێك و تاکە کەسێك کە ئەوانیش لیستی دەوڵەتی یاسا و شیعە مەزهەب و حیزبی دەعوە و نوری مالکیە. کە هەموو ئەم کێشە و گرفتانە و چەندینی تریش وەکو بەردەوام بوونی دیاردەی تیرۆر و تۆقاندن و تەقاندنەوە و ئینفیلاتی ئەمنی و نەبونی خزمەتگوزاریەکان و بلاّوبونەوەی گەندەڵی و ناشەفافیەت و پێشێلکردنی مافەکان. بونەتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی لەلایەن سەرجەم پێکهاتەکانەوە بە شیعە مەزهەبەکان و بە پارێزگاکانی باشوری ولاّتیشەوە دژی ئەم دەسەلاّتە تاکڕەویەی نوری مالکی.

گرفتی سیاسی ئەم جارەی عێراق سەرەڕای هەموو ئەم کێشە و گرفتانە,کێشەی جێگری یەکەمی سەرۆك کۆماریش تارق هاشمی هاتە سەر و هێندەی تر گۆمەکەی

شلەقاندو ململانێکانیشی توندو ئالۆزتر کرد و بەهاتنیشی بۆ کوردستان کوردیشی کردە بەشێك لە ململانێکان کە هەموو کات کورد بەشێك بوە لە چارەسەکان, ئەویش بەوەی کە ناوبراویان تۆمەتبارکردوە بە دنەدان و هاوکاری و پشتگیری تیرۆریستان و فەرمانی دەسگیرکردنیشی بۆ دەرچووەو لە ئێستاشدا بەمیوانی و پشتیوانی کورد بۆ زیاتر لە ۲مانگە لەکوردستاندا ماوەتەوە.ئەم کێشەیە لەئێستادا بۆتە کێشەی پلە یەك لەنێوان لیستی عێراقیە و دەوڵەتی یاسادا, عێراقیە پێیوایە ئەم کێشەیە دروستکراو وسیاسیە نەك یاسایی وگەرەکێتی کە ئەم کێشەیە یەکەم جار چارەسەر بکرێت ئەوسا ئامادەیە لەکۆنگرەی نیشتیمانیدا بەشداری بکات و لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی یاسا پێوایە ئەو کێشەیە کێشەیەکی یاساییە و پێویست ناکات باس بکرێت و کۆنگرەی لەسەر پەك بخرێت.بەم شێوەیە لە خاڵی یەکەمدا تووشی چەق بەستن هاتوون و هیچ ڕێگا چارەسەرێکی مام ناوەندیش لە هیچ کەس و لایەنێك قبوڵ ناکەن.

جا بۆ چارەسەرێکی نیشتیمانی و دەستە جەمعی و هەموو پێکەوەیی, سەرۆك مام جەلال دەستپێشخەری ئەم کۆنگرە نیشتیمانیەی خستۆتە بەردەستی هەموان, هەرچەندە هەندێك ناڕازیبوون لە سەرەتادا و بە پێویستیان نەدەزانی, بەڵام لەدواجاردا هەموان ڕازیبون و لە ئێستادا چەند کۆڕ و کۆبونەوەی لایەنەکان سازدراوە بەمەستی ئامادەباشی بۆ ئەو کۆنگرەیە.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسانە دێنە پێش , ئەرێ کۆنگرەیەکی نیشتیمانی ئاوها بەدەردی کۆنگرە و ڕێکەوتنامەکانی تر ناچێت؟ئایا ئەم کۆنگرەیە لە توانایدایە کێشە و گرفتە سیاسیە ئالۆزەکانی ۹ ساڵی ڕابووردوو پێکەوە چارەسەر بکات؟ئایا ئەم کۆنگرەیە هەموان بە نیاز پاکی و ڕاستگۆیی و سەرکەوتنی کۆنگرەکەوە و بەجدی بەشداری دەکەن؟ ئایا ئەم کۆنگرەیە لەم سات و کاتەی سەروبەندی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیدا لە بەغداد بواری سەرکەوتنی هەیە, یان دوابخرێت بۆ دوای کۆنگرەی لوتکە عەرەب؟

ئەمانە و دەیان پرسی تریش..

بەدڵنیایی کێشە و گرفتە زۆر و ئالۆز و کەڵەکەبوەکانی عێراق و ململانێ سیاسی و تایەفیەکانی شیعە و سونە بە پلەی یەکەم و کورد و عەرەبیش بەپلەی دووەم و دواتر

ئەوانی تریش. نەك بە یەك كۆنگرە بەڵكو بە دەیانی تریش نایەنە چارەسەر.چونكە ئەم ململانیٰ سیاسی و تایەفیەی لە عێراقدا هەیە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی قوڵی هەیە كە ناكرێت لەبیر بكرێت. لەولاشەوە بێمتمانەیی و بڕوانەبون بە یەكتری و ڕاستگۆ نەبونیش بۆ ئیمزا و بەڵێنەكان و بڕوانەبوون بە دیموكراسیەت و ئازادی و مافی وەك یەكی و بە ئاشتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و گوێنەگرتن لە ڕای بەرامبەر و دەستگرتن بەڕای خۆوە . هەموو ئەمانە هۆكارن بۆ شكستپێهێنانی كۆنگرەكە.و وەك هەموو ڕێكەوتن و بەڵێنەكانی تر بەمەرەكەبی سەر كاغەز دەمێننەوە.

ئاشكراشە كۆنگرەیەكی ئاوها كە هەموان بە ڕاستیان بێت یان ناڕاست هەموو خواست و ئومێدێكیان لەسەر هەڵچنیوە, ناتوانێت لەماوەی ٢ بۆ ٣ ڕۆژدا سەرجەمی كێشە و گرفتەكان و خاڵە ناكۆك و گریٰ كوێرە سیاسیەكان چارەسەر و بكاتەوە.هەربۆیەش چارەسەركردنی هەندێك و هەڵگرتنی هەندێكی تر بۆ ئایندەیەكی نادیار خۆی لە خۆیدا مانای بەردەوام بوونی گرفتە سیاسی و ململانێكان و شكسپێهێنانی چارەسەرەكانی تریشە. بەدڵنیایش هەموو لایەن و پێكهاتەكان بە یەك گیانی پەرۆشی و خەمخۆری و دڵسۆزیەوە بەشداری ناكەن و هەندێك تەنها بۆ هێوركردنەوە و دڵڕازیكردن و گوزەراندنی قۆناغەكە بەشدار دەبێت , هەندێكی تریش پێدەچێت هەندیٰ ڕاو بۆچون و پێشنیاز بخاتە ڕوو كە پێی ڕەوایە بەڵام بۆ شكستی كۆنگرەكەیە وەك دەڵێن (( قول الحق یراد بها الباطل)).

ئاشكراشە لە ئێستادا وابڕیارە لە ڕۆژانی ٢٧-٢٩/٣/٢٠١٢دا كۆنگرەی لوتكەی سەرانی عەرەبی ژمارە ٢٣ خولی ئاسایی لەشاری بەغداد سازبدرێت, كە ئەم كۆنگرەیەش بۆ خۆی گرنگیەكی یەكجار گەورەی بۆ عێراق هەیە و دەبێتە دەروازەی ئاشتبونەوە و گەڕانەوەی عێراق بۆ جێگە و پێگەی ئاسایی خۆی لە ناو نێوەندە عەرەبیەكەیدا دوای نزیكەی ٢٠ ساڵ لە دابڕان و گۆشەگیری . بەڵام ئەم بارودۆخە قەیراناویەی عێراق نیشانەی پرسیاری گەورە دروست دەكات لەسەر سەركەوتنی كۆنگرەكە. هەربۆیە حكومەتی عێراق هەموو كارئاسانی و نەرمیەك دەنوێنێت لە پێناو بەشداریكردنی زۆرترین سەرانی عەرەب و بەتایبەتیش دەوڵەتانی كەنداو.

لەبەرامبەریشدا لیستی عێراقیە داوادەکات کە بەستنی کۆنگرەی نیشتیمانی پێش کۆنگرەی لوتکە عەرەب سازبدرێت, لەمەشدا دوو مەبەستی هەیە و گەرەکێتی نەرمی حکومەت بقۆزێتەوە و کێشەکانی لەگەڵ عێراقیەدا چارەسەر بکات و دووەمیش گەرەکێتی ناو وناوبانگی عێراق بەبەرزی ڕابگرێت و بەیەك گوتار و هەڵویستەوە بەشداری کۆنگرەی لوتکە بکات.بەپێچەوانەشەوە ڕایگەیاندوە گەر کۆنگرەی نیشتیمانی دوابخرێت ئەوا کێشەکانی عێراقیە دەخەینە بەردەم کۆنگرەی لوتکەوەو بەمەش زیان دەگات بە ناووناوبانگی عێراق و ئەوەی بەنیازبوو لە کۆنگرەی لوتکە دەست بکەوێت لە کیس بدرێت.

لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی یاسا گەرەکێتی کۆنگرەی نیشتیمانی دوابخرێت بۆ دوای کۆنگرەی لوتکە , ئەو پێیوایە کە کێشە ناوخۆییەکان ئەرکی نیشتیمانیە و دەتوانرێت لەناوخۆدا چارەسەریان بۆ بکرێت و با کۆنگرەی لوتکە سەرقاڵی کێشەکانی عێراق نەکەین و ئەجێندای کارەکانی کۆنگرە زۆر گرنگن و گەلێك کێشەی عەرەبی هەنوکەیی لەخۆ دەگرن. بەم کارەش ناو وناوبانگی عێراق بەرز ڕادەگیرێت و متمانە بۆ عێراق دەگێڕدرێتەوە لەناو عەرەبەکاندا.

بۆیە لە ئێستادا ئەم خاڵەش چۆتە سەر خاڵە ناکۆکەکانی تر و کێشەکەی هێندەی تر ئاڵۆزکردوە و سەنگەرەکانیشی هێندەی تر مەترسیدارتر کردوە.

ئەدی چ بکرێت و چارەسەر چییە؟

بەڕای ئێمە هێندە متمانە و ئومێد هەڵنەچنرێت نە لەسەر کۆنگرەی نیشتیمانی کە لیستی عێراقیە بە دواچارەسەری دادەنێت و نە لەسەر کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیش کە دەوڵەتی یاسا زۆر گرنگی پێدەدات. چونکە مێژووی ڕابووردووی هەموو کۆنگرەی لوتکەکان و هیتریش کە لەلایەن عێراقیەکان و عەرەبەکانەوە بەستراون سەلماندویانە کە ناتوانرێت سەرجەم کێشەکان لە کۆنگرەیەکدا بێنە چارەسەر و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێت.

هەربۆیە دواکەوتن یان پێشکەوتنی کۆنگرەی نیشتیمانی هیچ حاڵەتێکی وا گەورە لەگۆڕانکاریەکاندا دروست ناکات, بۆیە هەق نیە ئەم پێشکەوتن و دواکەوتنەش بکەنە کێشەیەك چونکە ماوەی بەردەم کۆنگرەی لوتکە کەمتر لە ١٥ ڕۆژی ماوە ,

لێرەدا گرنگ کات و زەمەن نیە بۆ چارەسەرەکان بەڵکو گرنگ متمانە و ڕاستگۆیی و بڕوابونە بە گیانی شەراکەت و تەوافوق و پێکەوەکارکردنی سیاسی لە عێراقی نوێی دیموکراسی و ئازادی و فیدڕاڵی و فرەیی سیاسی و ئیتنی و مەزهەبی و ئاینیدا.

هێندەی ئومێد و خۆزگەکان چڕ دەکەینەوە لەسەر کۆنگرەیەك و دانیشتنێك و وەك عەسای موسای ئەفسونایی لێیدەڕوانین با گیانی تەبایی و برایەتی و یەکسانی و ئاشتی و پێکەوەیی لەدڵەکانماندا بڕوێنین و گەشەی پێبدەین لە جیاتی ڕق و کینە و ململانێی ناشەریفانە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکوردله٢٠١٢/٣/٢٠ وسایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/٣/٢١دا و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٤٦٨ لە ٢٠١٢/٤/٢١دا بڵاوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی كۆبونەوە  پێنج قۆڵیەكەی شاری هەولێردا...

## چارەنوسی حكومەتی مالكی بەرەو كوێ ؟*

• ئاشكرایە ڕۆژی ٢٠١٢/٤/٢٨ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان و جێگەی هەمیشە كۆكردنەوەی لایەنە ناكۆكەكانی عێراق و پایتەختە گەرم و گوڕترەكە لە بەغدادی پایتەختی سیاسی عێراق كۆبونەوەیەكی گرنگی ٥ قۆڵی ئەنجامدرا لە نێوان ٥ سەركردەی دیار و كاریگەر و سەنگینی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و ناوچەكە و دونیاش, چونكە هەریەكەیان نمایندەی بەشێك و پێكهاتەیەك و بۆچونێكی گەلانی عێراق دەكەن, هەریەكە لە دوو سەرۆكەكەی كورد بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی نمایندەی دووەم پێكهاتەی نەتەوەی عێراق دەكەن و خاوەنی ٤٢ كورسی پەڕلەمانن وسەركردایەتی هاوپەیمانی كوردستانیش دەكەن بەزیاد لە ٥٠ كورسی و سەرۆكی دووپارتی سیاسی گەورەی كوردستانن و خاوەن ڕۆڵ و كاریگەری و خەبات و مێژوویەكی پرشنگداریشن. بەهەمان شێوە بەڕێز موقتەدا صەدریش سەركردەی ڕەوتێكی گرنگ و كاریگەری ناو شیعەكانە و دووەم لیستی براوەی شیعەكانە و خاوەنی ٤٠ كورسی پەڕلەمانە و لە بنەماڵەیەكی ناودار و ڕێزلێگیراوی شیعەكانە, لەبەرامبەریشدا هەردوو سەركردەی عەرەبی سونە د. عەلاوی و نوجەیفی سەركردەی لیستی عێراقیە و سەرۆكی پەڕلەمان و خاوەن ٩١ كورسی پەڕلەمانی و ڕێزدارن لە ناو زۆرینەی عەرەبی سونەدا. هەریەك لەم سەركردانەش پشتگیری و باكگراوندێكی فراوانتر و كاریگەرتریان لە پشتە لە وڵاتانی ناوچەكە و زلهێزەكان كە هێندەی تر قورسایی و سەنگینی و كاریگەرییانی زیاد كردوە.

• ئەم كۆبونەوەیە لە هەولێر بۆچی بوو؟وە لە پێناو چیدا بوو؟

ئاشكرایە ئەم حكومەتەی ئێستای عێراق كە د. مالكی سەرۆكایەتی دەكات, لە ئەنجامی ژانێكی دوور ودرێژ و مەترسیدارەوە هاتە بوون دوای زیاتر لە دواكەوتنی ٨ مانگ, ئەویش بە دەستپێشخەری سەرۆكی هەرێم و لە ئەنجامی ڕێكەوتنی هەولێرەوە لە دایك بوو بە عەمالیاتێكی قەیصەری. بەڵام بەداخەوە هەر دوای سوێند خواردنەكە  لە بڕگە و خاڵە سەرەكیەكانی تری ڕێكەوتنامەكە پەشیوان بونەوە و پشتگوێ خران و چ كورد و چ عەرەبی سونە و بەشێكی تری گرنگی تەنانەت شیعەكانیش دوورخرانەوە و پەراوێزخران و هێواش هێواش  لیستی دەوڵەتی یاسا و نوری مالكی گەرەكیانە هەژمون و باڵادەستی خۆیان بەسەر هەمواندا بسەپێنن و حوكمی تاكڕەوی و تاك حیزبی زیندوو بكەنەوە و هیچ

حساب بۆ خەبات و بەشداری و شەراکەت و تەوافوقی نیشتیمانی لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق نەکەن. ئەم بۆچون و خۆسەپاندنە, ئەم کەش و هەوا ئاڵۆز و بارگاویەی لێکەوتەوە کە لەهەر ئان و ساتێکدا بێت بەتەنها پریشکی ئاگرێکی بچوك کڵپە دەکات و چارەنوسی عێراقیش بەرەو نادیار و تاریکی دەبات.

هەربۆیە ئەم ٥ سەرکردە و لایەنانە کەوتونەتە خۆ بۆ ڕێگرتن لەکارەساتێکی دڵنیا گەر ئەم بارودۆخە زیاتر درێژە بکێشێت, بەهیوای ئەوەی بتوانن کارێك و لێکێتێگەیشتنێکی نوێ و هاوپەیمانی و دنیا بینینێکی نوێ دروست بکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم بارودۆخە و ڕزگارکردنی عێراق.

- ئەم بارودۆخە لە قازانجی کێیە؟

بەدڵنیایی ئەم بارودۆخەی عێراق لە قازانجی زۆرینەی عێراقیەکاندا نیە, بەڵکو تەنها دەستە و تاقم و حیزب و سەرکردەیەك لێی بە قازانجن و گەرەکیانە لە ڕێگەی خۆسەپاندن و ملهوڕی و تاکڕەوی و گوێپێنەدانی ئەوانی ترەوە و بە بەکارهێنانی یاسا و داداگاکان و هەڕەشە و گوڕەشە و تۆمەتبارکردن و تیرۆر و تۆقاندنەوە و بەکارهێنانی پۆستە ئەمنی و سەربازیەکانەوە تەواوی بڕیار و ئۆرگان و وێسگەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و سەربازی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن و لە قازانجی بەرژەوەندیەکانی خۆشیان بەکاریان بهێنن.

- ئەنجامی ئەم بۆچوون و خۆسەپاندنە, چارەنوسی حکومەتی مالکی بۆ کوێ ئاڕاستە دەکات؟

بەدڵنیایی سووربون و بەردەوامبوونی ئەم ئاڕاستەیە لە بیرکردنەوە و سیاسەتکردن لەلایەن لیستی دەوڵەتی یاسا و سەرکردەکانیەوە, عێراق بەرەو دابەشبوونی زیاتر دەبات لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و دەبێتە هۆی زیاتر گەشەکردنی توندڕەوی و تیرۆر و تۆقاندن, ئەوەتا بەشێکی گرنگ و کاریگەری شیعەکانیشی لێدوورکەوتۆتەوە و جیاوازیەکانیان زیاترن لە خاڵی پێکەوەییان, سەرەڕای کوردەکان و سونە مەزهەبەکانیش , کە سێ پێکهاتەی سەرەکی عێراقن. هەربۆیەش چارەنوسی ئەم حکومەتەی د. مالکی گەر بەردەوام بێت لەسەر ئەم بەرنامە تاکڕەوی و خۆسەپێنیەی کە کردویەتیە ڕچە و ڕێبازی کارکردنی, ئەوا گۆشەگیری و تەریك کردنی زیاتری حکومەتەکەی لێدەکەوێتەوە و ئەنجامیش تێکچوونی زیاتری بارودۆخی سیاسی

و ئابوری وڵاتی لێوەبەرهەم دێت و بەناچاریش ڕوەو متمانە لێوەرگرتنەوە و گۆڕانکاری هەنگاو دەنێت.

چونکە کارێکی شیاوی سیاسی و ژیرانە نابێت گەر سەرکردە و پارتێك وابزانن کە بەتەنها عێراقی نوێ بەڕێوە دەبرێت و لەویش زیاتر کارێکی نەشیاوە کە سەرکردەو پارتە سیاسیە کاریگەرەکانی وڵات خۆیان بە دوور بگرن و نەبنە ڕێگر لەبەردەم خواست و ویستی سەرکردە و پارتێکدا کە ئەجێندای دەرەکی جێبەجێ بکات تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی.

جا گەر دەوڵەتی یاسا و د. مالکی خۆیان بە خەمخۆر و دڵسۆزی ڕاستەقینەی گەل و خاکی عێراق دەزانن ئەرکیانە کە نەرمی بنوێنن و بگەڕێنەوە بۆ شاڕێگەی عەقڵ و گفتوگۆ و ڕاوێژکردن بە هەموان و ئەرکیانە کە یەك و یەکگرتووی ڕیزەکانی گەل و خاکی عێراق بپارێزن نەك لاوازی بکەن.گەر مالکی و حیزبەکەی پێیان وابێت بە بە دەستهێنانی چەند سەرکەوتن و دەسکەوتێکی ئیجابیانە بۆ عێراق لەسەر ئاستی عەرەبی و ئیسلامی ڕێگایان پێدەدات بە ویستی خۆیان سیاسەت بکەن و وڵات بە تەنها بەڕێوەبەرن ئەوا هەڵەیەکی مێژوویی و سیاسی گەورە دەکەن و زۆر بەخراپیش بەسەر ئایندەی سیاسی خۆیان و حیزبەکەیاندا دەشکێتەوە. چونکە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانن کە هەموو دەسکەوتەکان بەندن بە یەکڕیزی و ڕێکخراوی ناوماڵی عێراق لەناو خۆدا و بەنەمانی ئەو یەکڕیزیە شکۆمەندی و دەسکەوتەکان بەرەو نەمان و بچوکبونەوە دەچن. هەربۆیە باشترین ڕێگا چارەسەر بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە سیاسیەی عێراق گەڕانەوەیە بۆ ڕێکەوتنامەی هەولێر و پەسەندکردنی ئەو پرۆژە ١٨ خاڵیەی کە بەڕێز صەدر پێشکەشی کردوە و هەر ٥ سەرکردەش لەسەری ڕیکەوتون و ئەرکی هەموانیشە دەست بگرن بە بنەماکانی دیموکراسی و فرەیی و پێکەوە کارکردن و ئیجماعی نیشتیمانی, نەك پەنابردنە بەر هێز و ملهوڕی و تاکڕەوی .دەنا گۆڕانکاری حەتمی ڕوودەدات و عێراقیش بۆ پاشەوە دەگەڕێتەوە نەك بۆ پێشەوە هەنگاو هەڵبگرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستادارکورد و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/٥/٣دا و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٤٧١ لە ٢٠١٢/٥/١٢دا و ڕۆژنامەی خەباتی ژمارە ٤٠٦٧ لە ٢٠١٢/٥/١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

*******************************

## تەنگژە سیاسیەکانی عێراق
## لەکوێوە؟ تاکەی ؟ بەرەو کوێ؟ *

- ئاشکرایە عێراق لە مێژووی کۆن و نوێدا وڵاتێکی پڕ ئاژاوە و تەنگژە و بارگرژی بوە و هیچ دەیە ساڵێك تێنەپەڕیوە کە جەنگێکی کورت خایەن یان درێژخایەنی تیادا ڕوو نەدابێت,بەمەش هەمیشە لە دۆخێکی نائاسایی و ناجێگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بوە و سەرەڕای دەوڵەمەندی خاکەکەی بە نەوت و سامانە سروشتیەکانی تر و بونی ئاو و زەوی کشتوکاڵی زۆر , بەڵام هەمیشە بە دواکەوتووی و هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری ماوەتەوە.هەربۆیە وڵاتی عێراق دەتوانرێت پێی بوترێت وڵاتی قەیران و تەنگژە سیاسیەکان و وڵاتی شەڕ و هەڕەشە و گێرەشێوێنی, وڵاتی نائارامی و ناسەقامگیری. هەموو ئەم بارودۆخەش لەسەرەتاوە بۆ پێکهاتە جیاوازەکەی گەلانی عێراق لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ ناهۆشیاری و لاوازی هەستی هاوڵاتیبوون و لەلای سێهەمیشەوە بۆ دانەمەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای زانستی و دەوڵەتداری و موئەسەساتی بوە و تەنها بەگوێرەی ویست و ئارەزوو و پلانی کەسایەتی و گروپەکان بەڕێوە براوە کە زۆر جارانیش لەدەرەوەی سنورەکانەوە ئاڕاستە کراوە لەکۆنەوە تاکو ئێستاش هەر لە سەردەمی ئیسلامەوە تاکو سەردەمانی عوسمانی و صەفەویەکان و دواتریش دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا و پێکەوە نانی مەملەکەتی شانشینی و دواتر کۆماریەکان و ئێستاش لە عێراقی نوێدا..

لەهەموو ئەو وێسگە و قۆناغە جیاوازانەشدا دەسەڵاتدارێکی دیموکراسیخواز و ئاشتیخوازی ڕاستەقینە نەهاتۆتە سەر حوکم تا لە سایەی بیروباوەڕ و فکرێکی کراوە و مرۆڤیشدا ئەم وڵاتە بەڕێوەبچێت.

تەنگژە سیاسیەکەی ئێستای عێراقیش بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی دێرینی هەیە و وەك دەوترێت لە عێراقدا مێژوو گەلێك جاران خۆی دووبارە دەکاتەوە و هەرجارەش خوێناوی تر و پڕ مەترسیترە.

سەرچاوەی ئەم تەنگژە سیاسیە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی سیاسی لە نێوان پارتە دەسەڵاتدارەکاندا لە نێوان عەرەب –عەرەب و عەرەب –کورد بەپلەی یەکەم و

بەهەمان گوڕوتینیش بە پاڵنەری نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیش ململانێکان درێژەیان هەیە. هەموو ئەم ململانێیانەش لەسەر بنەمایەکی فکری و ئایدۆلۆژی عێراقیانە نین کە خزمەت بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی عێراق و خۆشگوزەرانی عێراقیەکان بێت بەڵکو لە زۆر کاتدا لەبەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە و دونیادا تەواو دەبن و سوود و قازانجیان بۆ ئەوانە و ماڵوێرانێکانیشی بۆ عێراقیەکانە.

وەك پێشتر باسمان کرد, بەداخەوە سیاسەتمەدارانی نوێی عێراق و لە عێراقی نوێی فیدڕاڵی و فرەیی و تەوافوقی نیشتیمانی و پەڕلەمانی و دیموکراسیدا. هێشتا فکر و بۆچوون و بیرکردنەوەیان ژەنگ گرتوە بە بیربۆچوونی شۆڤێنی و نەتەوەیی و مەزهەبی دەمارگیر و توندڕەوانە و هێشتاش بڕوای تەواویان نیە بە مەسەلەکانی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلان و گیانی تەبایی و برایەتی و لێخۆشبوون و نکوڵی لەمافی کەمینەکان و شەریکەکانی ژیانیان ئەکەن لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و هەمیشە لایەنگری چارەسەری سەربازی و یەکلاکردنەوەن بە بەکارهێنانی هێز و دوور لەزمانی گفتوگۆ و گوێگرتن لە ڕەخنە و گلەیی و گازندەی بەرامبەر.

ئەم تەنگژە سیاسیەی ئێستای عێراقی تێکەوتوە, هێندەی بەرگی مەزهەبی و دەسەلاتخوازی و تاکڕەوی و بەرژەوەندی کەسایەتی و حیزبی و مەزهەبی لەخۆگرتوە, نیوهێندە بەرگی ململانێیەکی شەریفانە و لە پێناو خزمەتکردنی گەلان و خاکی عێراقی لێنابینرێت. هەربۆیەش درێژە و بەردەوامی هەیە و دەشبێت و ئایندەی عێراقیش بەرەو تاریکایی زیاتر دەبات نەك ڕۆشنایی.بۆیە عێراقی نوێ پێویستی بەسەرکردە و سەرکردایەتیەکی ژیر و هێمن و قاڵبوو لە خەباتی شارستانی و دیموکراسیدا گەرەکە کە بەرژەوەندی عێراق و عێراقیەکان دوور لە بەرژەوەندی دەرەکی لە بەرچاوبگرێت و بڕوای تەواویشی بەبنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و پێکەوە ژیانی گەلان هەبێت. دوور لەم بنەمایە ناتوانرێت عێراق بۆ هەتاهەتایە بەیەك و یەکگرتویی بمێنێتەوە لەژێر سایەی ئەم کەسایەتی و حیزب و دەسەلاتدارانەی ئێستادا. بۆیە گەر ئەم تەنگژەیە لە ئێستادا کپ و مات بوبێتەوە ئەوە مانای کۆتایی و دوا چارەسەر نیە. بەڵکو مرۆڤ پێویستە

لەم خامۆشی و بێدەنگی و مەنگی و کپ بونە زۆر بسڵەمێتەوە چونکە ئەم کوانوە پڕ لە ژیلەمۆیەی عێراق هەمیشە مەترسی کڵپە سەندن و گڕگرتن و تەقینەوەی لێدەکرێت.

هەربۆیە هێندەی مەترسیەکان ئامادەگیان هەیە ئومێدەکان لەبەرچاونین, هێندەی تاریکایی و نادیاری ئەوسەری تونێلەکە لەبەرچاوە, ڕۆشنایی و تروسکایی هەست پێناکرێت. کە ئەمەش مانای بەردەوامی و درێژەدانی ئەم بارودۆخە سیاسیە ناجێگیرە دەگەیەنێت نەک چارەسەر.

ئاشکراشە چارەسەرنەکردنی بنەبڕی هۆکارەکانی ئەم قەیران و تەنگژەیەی عێراق بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات و هیچ کەس و لایەنێکیش مسۆگەری سەرکەوتنی کۆتایی لانیە و بۆ چارەسەرێکیش گەرەکە کە هۆکارەکانی قەیرانەکە چارەسەر بکرێت بە:

- پابەندبوونی هەموان بە دەستووری هەمیشەییەوە کە هەرچەندە ئەم دەستورەش تەواوی خواست و ویستەکان و مافەکانی هەموان وەك خۆیان گەرەکیانە دابین ناکات,بەڵام لە ئێستادا هەرئەوە لەبەردەستدایە.
- هەموان بە عەقڵیەتێکی کراوەتر بێنەپێش و بڕوای تەواویشیان بەبنەماکانی دایەلۆگ و ئاشتی و برایەتی و یەکدی قبوڵکردن و پێکەوەکارکردن و ژیان هەبێت.
- هەموان خۆیان بەدوور بگرن لە دووبارە پیادەکردنەوەی سیاسەتی پەراوێزخستنی یەکتر و دوورخستنەوە و پێشێلکردنی مافەکان و قۆرخکردنی دەسەڵات و تاك ڕەوی.
- هەموان بەڕاستگۆییەوە متمانە بەیەکدی بکەن و وەکو شەریك و بەشدار و خاوەن ماف لەیەك بڕوانن نەك وەك دوژمن و ناحەز.
- هەموان بە بیر و پلانێکی عێراقیانەوە مامەڵە بکەن و بۆ هەموو ڕوودا و پێشهاتەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایی بڕوانن و پلان و بەرنامەشیان لەسەر ئەم بنچینەیە دابڕێژن لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دونیاشدا.
- لەم قۆناغەدا پێویست دەکات عێراق تادەتوانرێت بەدوور بگیرێت لە ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا.هێندەی خۆ سەرقاڵ دەکات بە کێشە دەرەکیەکانەوە

پێویستە خۆ خەریك بكات بە بنیاتنانەوەی دام و دەزگا و ژێرخانی دەوڵەتی عێراقی نوێ و پلان و بەرنامەی گەشەسەندن و خۆڕێکخستنەوەی هەبێت تا بتوانێت تەندروستی بۆ دەوڵەت بگێڕێتەوە و هێز و سەنگ و قورسایی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدەستبێنێتەوە.

- لە کۆتایدا هەموو ئەم هەنگاوانە پەیوەستن بە پابەندبوونی هەموان بە چەسپاندن و تۆخکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی و ئاشتیخوازی و فرەیی و ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنی نیشتیمانیەوە لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدانی و ...هتد. و هەوڵ نەدان بۆ سڕینەوەی یەکتری و هەربەمەش دەتوانرێت عێراق بەرەو مەنزڵگەیەکی ئارام ببرێت دوور لە تەنگژە و قەیرانی سیاسی , عێراقێك کە هەموان هەست بە بون و مان و هاولاتیبونی خۆیان بکەن و سەروەری و پیرۆزی و کەرامەتی مرۆڤایەتیانی تیا پارێزراوبێت دوور لە جەنگ وماڵوێرانی و هەژاری و نەداری.بەهیوای ئەوەی سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراق پەند و عیبرەت لە ڕابووردوو وەربگرن و چارەنوسی دەسەلاتدارانی پێش خۆیان هەمیشە لەبەرچاو بێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد لە ٢٠١٢/٨/٣٠دا وڕۆژنامەی خەباتی ژمارە ٤١٤٦ لە ٢٠١٢/٩/٢دا و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٤٨٧ لە ٢٠١٢/٩/٨دا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٥٨٧٩ لە ٢٠١٢/٩/١٤دا بلاوکراوەتەوە.

## دیجلە
## بە پێچەوانەی ئاڕاستەی شەپۆلەکانیەوە ڕێ دەکات! *

- ڕووباری دیجلە بەدرێژایی تەمەنی شارستانێتی مرۆڤایەتی لەوڵاتی دووڕووباردا هەبوە و هەمیشە بە ئاڕاستەی ئاسایی و سروشتی خۆیەوە لە باکورەوە بۆ باشور ڕەوتی کردوە و ڕێچکەی خۆی گرتوە و درێژەی بەمان و بونی خۆی داوە.

بەڵام لە ئێستادا دیجلە ناوێك گەرەکێتی مێژووی درێژی ئەو ڕووبارە گەورەیە بگۆڕێت و بەپێچەوانەی ئاڕاستەی سروشتی خۆیەوە لەباشورەوە بۆ باکور بکشێت. کەهەمیشەش ئەو ڕەوت و بزوتنەوە و هێزانەی کە بە پێچەوانەی ڕەوتی مێژوو و سروشتەوە جوڵاَبن سەرئەنجامیان شکست و ملشکاندن و لەناوچون بووە, بەدڵنیایش ئەم دیجلە ناوەش و پیلاندانەرانیشی هەمان چارەنوسیان دەبێت.

ئەم دیجلە نامۆ و زۆر جیاوازە ڕووبار نیە بەڵکو هێزێکی سەربازی تازەپیاکەوتوی حکومەتە لەرزۆك و خۆلێگۆڕاوەکەی بەغدادە کە گەرەکێتی بازی گەورەی ملشکاندنی خۆی بدات بەسەر مێژوو وجوگرافیاو دەستور و یاساکان و هەموو بنەماو دابونەریت و ڕەوشتی برایەتی و پێکەوە ژیان و هەموو ڕێکەوتنە سیاسی و تەوافوقی نێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق پێشێل بکات.فەرماندەیی دیجلە کە لەبنچینەدا بەنادەستوری لەدایکبوە و بە عەمەلیاتی قەیصەری بەپەلە دروستکراوە, سەرەڕای ئەمەش لێپرسراوەکەشی ڕابوردویەکی شەرافەتمەندانەی سەربازیشی نیە و یەکێك بوە لە فەرماندەکانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کە ١٨٢٠٠٠ کوردی بێگوناهی بێسەروشوێنکرد,هەر بۆیە ئەمە هێندەی تر ڕەوایەتی و شەرعیەتی ئەم فەرماندەیەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە.دەکرێت بپرسین کە فەرماندەیی دیجلە لە م قۆناغەدا بۆ؟بۆ ناونرا دیجلە؟ بۆچی بارەگای سەرەکی هێنرایە شاری کەرکوك؟و دەیان پرسیاری تریش...

لای هەموان ئاشکرایە کە بە پێی دەستور دەبێت هەموو فەرماندەییەکی سەربازی ڕەزامەندی پەرلەمانی عێراقی لەسەر بێت بەڵام حکومەتی مالکی بە حیلە شەرعی و بۆ تێپەڕاندنی ئەو بەندە دەستوریە بەوەکالەت دروستیان دەکات و بەڵام لە بنچینەشدا هەموو ئەرکە سەرەکیەکانی پێ جێبەجێدەکات.لەم قۆناغەشدا

کەدروستکراوە و لەدوای ٩ ساڵی ڕابووردوولەڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لە گۆڕنراو و لەناوچەیەکی کێشە لەسەری زۆر هەستیار بەلای کوردەوە و لەسەروو بەندی نزیك بونەوە لە چارەسەری کێشەی بودجە و پڕ چەککردنی پێشمەرگە و ڕێکەوتن لەسەر یاسای گاز و نەوت و بودجەی گشتی و نزیکبونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەردانی دوو وەفدی سیاسی و حکومی هەرێم بۆ بەغداد و ..هتد.و هەموو ئەم کێشانە بۆخۆیان ئاڵۆز و مەترسیداربوون بەدروستکردنی ئەم فەرماندەییەش هەموو هەوڵەکانی چارەسەرکردنەکانی ڕەواندەوەو کردینیە بڵقی سەر ئاو و ڕێگا چارەکانی بەرتەسککردونەتەوە.

بەغداد گەرەکێتی بەم فەرماندەییە فشار بخاتە سەر کورد بۆئەوەی نەرمی بنوێنێت بۆ گەڕاندنەوە بۆ بەغداد لەهەموو کارێکی گەورە و بچوکدا.ئەگەر نا وەکو ڕووباری دیجلە هەموو دەسکەوت و هاوپەیمانی و برایەتی کورد و شیعە ڕادەماڵێت و کورد دەخاتەوە چوارچێوەی تەسك وقەتیسەکەی سنورە داخراوەکانی عێراقەوە. بەهەمان شێوەش هێنانی بارەگای سەرەکی بۆ شاری کەرکوك تەحەدایەکی تری گەورەتر بوو بۆ کورد چونکە لە پێشدا بڕیاربوو بارەگاکەی لە پارێزگای دیالەدا بێت چونکە بنچینەی ئەم فەرماندەییە بریتی بوو لە فیرقەی بەشائر الخیر کە لەپرۆسەیەکی سەربازیدا توانی سەرکەوتن بەدەستبێنێت بەسەر هێزەکانی تیرۆریستان لەو پارێزگایەداو ئەو کارەشی هەر بە هاوکاری و یارمەتی کورد بۆ چووە سەر.ئەم فەرماندەییە بە ئاشکرا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەرێم و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی دروستکراوە و بۆ وەبیرهێنانەوەی سەردەمی ئەنفال فەرماندەییەکەی کەسێکی ئەنفالچیان داناوە وەك عبدالامیر زەیدی هەربۆیە کورد نابێت هیچ سازش و نەرمیەك بنوێنێت لەبەرانبەر ئەم فەرماندەییەدا.

دەبێت کورد هەندێ ڕاستی تۆقێنەر و مەترسیدار هەیە هەرگیز لە بیریان نەکات و حسابی جدیان بۆ بکات بەهەموو هێز و جەماوەر و سەرکردایەتیەکەیەوە و لایان ڕوون وئاشکرا بێت ،وەك ئەوەی ئەو کۆمەڵە دەسەڵاتدارە کەمەی کە لە ئێستادا بڕیار بەدەستی ڕاستەقینەن لە حکومەت و سوپادا کە بریتین لە لیستی دەوڵەتی یاساو حیزبی دەعوەی ئیسلامی و نوری مالکی بەهەمان عەقڵیەتی ڕژێمی بەعسی

لەگۆڕنراوی تاکرەو وخۆسەپێن و ملهوڕانە بێگوێدانە هاوار و دەنگە ژێر و ئاقلانەکانی شیعە و سونە و کورد مامالە دەکەن و دەولەتداری دەکەن. گەرچی بەدەموچاو گۆڕاون بەلام لەناخدا هەمان عەرەبی بیرتەسك و شۆڤێنین و چاویان بە دەسەلات و سەروەری و ئازادی کورددا هەلناییەت.هەربۆیەش بەغداد چیدی لەبەرانبەر داواکاریە ڕەواکانی کوردا نەرم ونیان نابێت و بە سانایی ملنادات بۆ داواکاریەکانی کورد و ئامادەش نیە بە خۆشی و بێفشار دانبنێت بەو مافانەدا کە لەدەستوردا چەسپێنراون چ جای ئەو هەلسوکەوت و سیاسەتانەی کورد کەنەك وەك هەرێمێك بەلکو وەکو دەولەتێکی سەربەخۆ مامەلە دەکات قبولٚ بکات. هەربۆیە کورد پێویستە لەسایەی ئەم سەرکردایەتی و عەقلیەتە خۆسەپێن و شەڕەنگێز و تاکرەوەدا هەمیشە ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەلٚ بەغداد.

هەموو ئەم ڕەفتار و کردارانەی بەغداد ئەو ڕاستیە حاشا هەلنەگرانە دەسەلمێنن کە دەبێت شەڕێکی خوێناوی لەنێوان هەرێم و بەغدادا ڕوودات بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو کێشانەی کە تائێستا بەردەوامن وبونەتە مەترسیش هەرلە مەسەلەی هێزی پێشمەرگە و یاسای گاز و نەوت و مادەی ١٤٠ و سەرژمێری دانیشتوان و بودجەی گشتی هەرێم و ..هتد.چونکە ئەزمونی تەهمیشکردن و دواخستن و پشتگوێخستنی داواکاریەکانی کورد بە عەمدی لەلایەن بەغداوە ڕاستی ئەو بۆچونە دەسەلمێنن, خۆ ئەگەر بیانویستایەو لە بەرنامەو پلانیاندا بوایە ئەوا ڕێگەی چارەسەر زۆر کورت و ئاشکرایە کە ئەویش دانپیادانانی بێدوودلیە بەداواکاریەکانی کورددا.بەلام هەمیشە ویستویانە کە هێز و تواناسەربازیەکانیان بۆ بگەڕێتەوە و ئەوکات لە پێگەی هێز و تواناوە مامەلە لەگەلٚ داواکاریەکانی کورددا بکەن.

بەلام پێدەچێت ئەو کۆمەلە دەسەلاتدارە کەمەی حیزبی دەعوە و مالکیش هەندێ ڕاستی مێژوویی و جوگرافیایان لەبیرچووبێتەوە کە کورد لەوپەڕی بێهێزی و لاوازی سەربازیدا و ڕژێمی بەغداش لەو پەڕی بەهێزی سیاسی و سەربازی خۆیدا نەکورد ملکەچ بوە و نەڕژێمەکانی بەغداش سەرکەوتوبون بەسەر کوردا بەبەکارهێنانی هێز و تانك و تۆپ و کیمیاباران و ئەنفالدا و بەناچاری و لەلاوازیانەوە چەندین جار داوای ئاشتی و دانوسانیان کردوە گەرچی بۆ فێلٚ و کاتبەسەربردنیش بوبێت.کورد هیچ

کاتێك سازشی لەسەر بستێك زەوی خۆی نەکردوە جا چ جای لەسەر کەرکوك کە پێگە و قورسایی و گرنگی گەورەی هەیە بۆ کورد . مالکی و سوپاکە و فەرماندەیی دیجلە دەبێت بەدەیانجار بیربکەنەوە لە بەکارهێنانی هێزدا چونکە سوپاکەی بەعس کە پێنجەم سوپا بوو لەسەر ئاستی دونیا نەیتوانی کورد تێکبشکێنێت ئێستا ئەم سوپا لەرزۆك و بێ مێژوو و بێ ئەزمونە دەتوانێت کورد ملکەچ پێبکات و ورەو هێزی تێکبشکێنێت. ئەوە بیروڕایەکی پوچەڵە کە گەرەکێتی کورد بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی بەعس و بۆ چوارگۆشەی یەکەم و خاڵی سفر دوای ئەو هەموو شۆڕش و خەبات و قورانیدان و حوکمداری و دەسکەوتە گەورانە, چونکە نەکورد کوردەکەی جارانی بێپشتیوان ماوەتەوە و نەڕژێمەکەی ئێستای عێراقیش لە بەعس بەهێزتر و خاوەن پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیە. مالکی گەرەکێتی چۆن بەسەر صەدریەکان لەنەجەف و بەسرەدا سەرکەوتوبوو و توانیشی تاڕادەیەکیش هێزی تیرۆریستان کپ بکاتەوە و سونەکانیش لەبەریەك هەڵبوەشێنێت گەرەکێتی ئەوەی لەبەردەمیدا ماوە کە کوردە بەدەردی ئەوان بەرێت و ئیدی گۆڕەپانەکە بۆ خۆی پاوان بکات و چیدیش حساب بۆ هیچ کەس نەکات.بەڵام دەبێت مالکی باش بزانێت کە خۆی و حکومەتەکەی و پەڕلەمانەکەشی لەئەنجامی میانەگیری و ڕێکەوتنامەی هەولێرەوە هاتونەتە بوون و به هێز و توانا و بازوی خۆی نەبوە بە سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق. ئەوە کوردبوو کە حکومەتەکەی دامەزراند و هەر کوردیش بوو لە مەترسی و هەڕەشەی متمانەسەندنەوەی ڕزگاریکرد و هەر کورد وکوردستانیشە سەرچاوەی داهاتێکی زۆر و زەوەندی ئابوریە بۆ عێراق. ئیدی ئایا دەبێت کورد بترسێت و پاشەکشە بکات یان مالکی و حکومەتەکەی ؟ ئایا کورد چاکەی هەیە بەسەر عێراق و مالکی و حکومەتەکەیەوە یان مالکی و حیزبەکەی بەسەر کوردیانەوە هەیە؟ئەوە کوردە کە بەویست و خواستی خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا ماوەتەوە و بۆتە زامنی پاراستنی یەکویەکگرتووی گەل و خاکی عێراق . ئەگەرنا بەم فشار و مەترسیی دروستکردنانە پاڵ بەکوردەوە دەنێن بۆ هەڵبژاردەی تر کە لە قازانجی عێراق و حکومەتەکەی ناشکێتەوە.

- لە کۆتاییدا دەبێت کورد و سەرکردایەتیەکەی باش بزانن کە لە عێراقی ئێستا و ئایندەشدا بێکێشە و گرفت نابێت و مەترسیەکانیش گەر زیاد نەکەن ئەوا کەم نابنەوە. هەربۆیە گرەنتی مانەوە و بەهێزبونی کورد لە برایەتی و پێکەوە کارکردنە بەهەموو ڕاوبۆچونە جیاوازەکانەوە و ڕێکخستن و تۆکمەترکردنی ناوماڵی کوردیە و ئاشتکردنەوە و

گەڕانەوەیە بۆلای جەماوەر و  پشتگوێنەخستنی داواكارە ڕەواكانی هەموانە. هەربۆیە كورد نابێت چیدی نەرم و نیان و سازشكار خۆی دەربخات لەبەردەم بەغدادا و لەسەر بنەمای (( **العین بالعین و السن بالسن و البادیء اظلم**)) دا كار بكات و وەلاَمی هەموو هەڕەشە و گوڕەشەیەكی بەغداد وەكو خۆی بداتەوە و نمونەش ئەو وەلاَمە توندەی هێزی پێشمەرگە بوو بۆ فەماندەیی دیجلە لەشاری خورماتودا و ئەنجامیش بەغداد پاشەكشەی كرد.ئەم پڕكێشیەی بەغداد لەدروستكردنی فەرماندەی دیجلە و هێنانی بۆ كەركوك بەداخەوە لە ئەنجامی خەمساری كوردەوە بوو لە سەرەتاوە و بەجدی مەترسی و پیلان و مەرامە شارەواكانی بەغدادیان بەهەند وەرنەگرتبوو.هەربۆیە لە ئێستاوە و بۆ ئایندەش كورد دەبێت زیاتر هوشیارتر وجدی تر و سوورتر بێت لەسەر داواكاریە دەستوریەكانی و بەقسە وبەلێنی زەردو سووری بەغداد تێنەكەوێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەكانی ستاندارکورد و ڕادیۆ ناوخۆ لە ١٨ و ١٩ /٢٠١٢/١١دا و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٤٩٧ لە ٢٠١٢/١١/٢٤دا بلاَوكراوەتەوە.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قوڵپ دەدات! *

• ئەم وتەیە,وتەی سەرکردەیەکی سیاسی بە ئەزمون و خاوەن شارەزاییەکی بێوێنەیە لە ڕووداو و مێژوو و دەسەڵاتداریێتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەنگ و قورسایی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایشی هەیە و خاوەنی زیاد لە ٦٠ ساڵی خەبات و تێکۆشانی چەکداری و سیاسیە ئەویش بەڕێز مام جەلالە. کە لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی میلیەتی تورکیدا ڕایگەیاندبوو لەچوارچێوەی پێشکەشکردنی ڕێگاچارە و نەخشەڕێگایەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا. وداواکارە لە ئەردۆگان کە بەحیکمەت و دانایی خۆی کێشەی کورد چارەسەر بکات چونکە ناوچەکە بەگشتی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوپەڕی مەترسیداری و گێژاو و ململانێدایە و قوڵپ دەدات و دەکوڵێت و ئامادەیە لەهەر چرکەساتێکدا بتەقێتەوە.کە ئەمەش زیان بە هەمووان دەگەیەنێت.

بەڕاستی بەڕێز مام جەلال بەم وتە کورتەی بەلاَم پڕ ماناو دەلالەت و لێکدانەوەیەی بە ڕاشکاوانە هەموو لایەك و پێش هەموانیش تورکیا و ئەردۆگانی ئاگادارکردۆتەوە کە چیدی زمانی زبر و هێز و عەسکەرتاریەت باوی نەماوە و هەربۆیە پێویستە بەدوای چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسی و سیاسەتی نەرمونیاندا بگەڕێت.چونکە نە بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا زۆر سەقامگیر و بیٚ مەترسی و بێکێشەیە, نە بارودۆخی ناوچەکە و دونیاش هێندە ئارام و بێگرفتە کە تورکیا بتوانێت و هەرچیەکی ویست لەناوخۆو ناوچەکەدا جێبەجێبکات.

تورکیا بە ئێستاشەوە کە حیزبی ئاك پارتی و سەرۆکەکەی ئەردۆگان لافی ئەوە لێدەدەن کە لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا توانیویانە تورکیا لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی لە ناوخۆ و ناوچەکە و دونیاشدا گەشە پێبدەن و سەقامگیری بکەن و بەهێزیشی بکەن کە زۆر جاران خەون بە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە دەبینن و وەك خۆیان دەڵێن ئەوان عوسمانیە نوێیەکانن و داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوە و تیۆرسینی ئەم ئاڕاستە فیکریە کار بۆ چەسپاندن و بەرجەستەکردنی تێزە فکری و ئایدۆلۆژیەکانی ئەم بیربۆچونە دەکات

لەسەر ئاستی تورکیاو ناوچەکە و گەرەکێتی جارێکی تر و سەرلەنویٚ ئیمپراتۆریەتێکی پانوپۆڕی پان ئیسلامیزم و تورکیزم دروست بکەنەوە و خۆیان لێگەورە دەبێت و سلاٌویٚکی پان و پۆرو فراوان بەهێندەی پانوپۆڕی ئیمپراتۆریەتە لەدەستچووەکەیان دەنێرن بۆ گەلانی ئەو ناوچانە. ئەوان لەبیریان چووە کە زەمەن و زەمینە زۆر گۆڕدراون چ لە تورکیا و چ لەناوچەکە و چ لەدونیاشدا و لە ئێستادا سیاسەت و نەزمی نوێی جیهانی قبوڵی هیچ دەوڵەتێکی گەورە و بەهێز و پان وپۆڕ ناکات بەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست و بەپێچەوانەوە لە چوارچێوەی بیردۆزەی فەوزای دروستکەردا گەرەکیانە ڕۆژهەلاٌتێکی گەورەی ناوەڕاستی نویٚ بنیاتبنێنەوە لە سەر بنەمای چەسپاندنی دیموکراسی و تۆڕی زانیاری و پەیوەندیەکان و هوشیارکردنەوەی گەلانی ناوچەکە و دروستکردنی ولاٌتانی بچووک لە ئەنجامی هەڵتەکاندنی دەوڵەتە گەورەکانەوە, ئەم سیستەمە نوێیەی جیهان کە ماوەی ٢٠ساڵێکە بۆتە تاك جەمسەر تەنانەت لە ولاٌتە ملکەچ و بەناو هاوپەیمانەکانی خۆشیان قبولٚ ناکەن کە زیادەڕۆیی بکەن و زیاد لەبەرەکەی خۆیان پیٚ ڕابکێشن لەسەر حسابی سنوری ولاٌتانی دراوسیٚ و ناوچەکە. بۆیە پێویستە تورکیای ئەردۆگان و ئاکپارتی باشتر و وورد‌تر بیربکەنەوە لەهەر هەنگاوێك کە بیانەوێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەڵیبنێن. کورد لە ئێستادا لە تورکیادا نزیکەی ٢٠-٢٥ ملیۆن کەسە و خاوەنی زیاتر لە ٥٠ کورسی پەڕلەمانی و چەندین پارتی سیاسی کاریگەرە لەناو جەماوەری کوردستان و تورکیاشدا و ڕێگە پێدراوو یاساین و لەولاشەوە خاوەن هێزێکی چەکداری تۆکمە و کاریگەر و زەبروەشێنی پێشمەرگانەیە بەسەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کورستان و ڕابەرە بەدیلگیراوەکەی عەبدولاٌ ئۆجەلان.کەماوەی ١٣ ساڵە لە دورگەی بەدناوی ئیمرالٚیدا لە زیندانی تاکەکەسیدایە.لەجاران زیاتر بەهێزتر و تۆقێنەرتر و کاریگەرترە و تورکیای زیاتر هەژاندوە. بۆیە ئەردۆگان پێش هەموان خۆی فریودەدات گەر وابزانێت بەپشتگوێخستن و تەهمیشکردنی پارتە سیاسیەکانی کورد و ئۆجەلان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی زمانی زبر و بەکارهێنانی هێز و فڕوفێڵی سیاسی لەبەردەم ئەمریکا و ئەوروپادا کێشەی کورد خامۆش و بچوك دەکاتەوە . چونکە

کورد بۆ خۆی ڕێگاچارەی ئاشتیانە و خەباتی جەماوەری و مەدەنیانە پیادەکات لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی و مانگرتنی مەدەنیانە و نمونەی مانگرتنی زیاد لە ٧٠ ڕۆژی ٧٠٠ زیندانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی تورکیاو خۆپیشاندانە چەند ملیۆن کەسیەکەی کورد لە کوردستانی تورکیادا باشترین بەڵگە و گەواهی ئاشیتیخوازانەی داواکاریەکانی کوردن.

دەبێت تورکیا و ئەردۆگان باش بزانن کە نەئەمریکا و نە ئەوروپا و تەنانەت لەناوخۆی تورکیاشدا ساڵ دوای ساڵ ئەردۆگان و پارتەکەی سەنگ و قورسایی خۆیان لەدەستدەدەن چونکە ئەو بەڵێن و پەیامە ئاشتیە درۆیانەی کە بەجەماوەری تورکی لە پێش کوردیدا دەیاندا هیچیانی نەبردۆتە سەر و متمانە و ڕاستگۆیی لەسەر ئاستی شەقامی تورکیدا بەگشتی و کوردیش بەتایبەتی لەدەستداوە و هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی گەورەشی بۆ دروست بوە لەلایەن هەردوو پارتی جەهەپە ( پارتی گەلی کۆماری ) و مەهەپە( پارتی نەتەوەیی تورکیا) و نەیتوانیوە دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بچەسپێنێت و مافی کەمینەکان فراوانتر بکات و ئازادیەکان فەراهەم بکات و بتوانێت مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپاش بۆ بون بە ئەندام بێنێتە دی.

ئەردۆگان هەرچەند ئیسلامیەکی میانڕەو و بەڕواڵەت دیموکراسیخواز خۆی نمایش دەکات بەلاَم لەناخو بیرکردنەوە و مامەڵەشدا تاکڕەو و خۆسەپێنە و ئەوەتا ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵە بەتەنها سەرۆکی ئاك پارتیەو سەرۆك وەزیرە و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە و هەوڵی گۆڕانی دەستوریش دەدات بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك کۆماری داهاتوی تورکیاش و بەشێوەیەك هەموو تورکیاو ئاکپارتی لەخودی خۆیدا کۆکردۆتەوە و خۆی لێبۆتە سوڵتانە عوسمانیەکان و وەکو خۆی دەڵێت زۆر سەرسامە بە سوڵتان ئەلپ ئەرسەلان و محەمەد فاتح وسوڵتان سەلیمی یاوز و گەرەکێتی کە ڕێچکەی ئەوانیش بگرێت.

ئەردۆگان سروشت و مێژووی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی لەبیرکردوە کە هەمیشە کوانوی خەفەبووی ئامادەباش بوە بۆ کڵپەسەندن و هەرکاتیَ خامۆش و ئارام بەدەرکەوتبێت ئەوا لەهەموو کات زیاتر مەترسی تەقینەوەی لێدەکرێت, ڕۆژهەلاَتی

ناوەڕاست بە پێگە جیۆسیاسیە گرنگەکەی و بە ئابوری و دەوڵەمەندیە بەهێزەکەی و فرە ئەتنی و ئاین و مەزهەبیەکەی ماکی تەقاندنەوە و وێرانبوونی خۆی لەناوەخنی خۆیدا هەڵگرتوە و هیچ کاتێك ئاشتی و ئارامیەکی درێژخایەنی بەخۆوە نەبینیوە. و هیچ دەوڵەت و سەرکردەیەکیش نەیتوانیوە بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ جڵەوی بکات بۆ خۆی و لە ئێستاشدا و لە ئەنجامی شۆڕشی گەلانی ناوچەکەوە لەهەمووکات زیاتر مەترسیدارترە و قوڵپ دەدات. بۆیە هیچ سەرکردە و وڵاتێکیش لەکاتی تەقینەوەی ناوچەکەدا نەدەتوانێت جڵەوی ڕووداوەکان بکات و نەدەشتوانێت خۆی بەدوور بگرێت و بشپارێزێت لە پڕیشك و فوارە گڕکانیەکەی. تەنها ئەوەندە هەیە کە بتوانێت بەنەرم و نیانی و حیکمەت و داناییەوە کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و زیانەکانی کەمتر بکاتەوە. هەربۆیە ئەردۆگان ئەرکێتی گەر جارێك بیر لە بەکارهێنانی هێز و شەڕ و تاکڕەوی و تەهمیشکردن بکاتەوە بەرانبەر بە کورد دەبێت دەیان جار بیر لە ئاشتی و پێکەوە ژیان و دیموکراسیەت و چارەسەکردنی کێشەی کورد بکاتەوە لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراو و ڕاستەقینە و سەرکردەمێژووی و کاریگەرەکانیەوە . هەر بەمەش دەتوانێت تورکیا لە زیانی گەورە و مەترسیەکانی تەقاندنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمبکاتەوە و ڕێگە دوور و درێژەکەی جەنگ و زمانی هەڕەشە بە وشەیەکی ئاشتی ڕاستەقینە کورت بکاتەوە. ئەو چەند هەنگاوە بوێرانەیەی کە لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا ناویەتی بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە ئاشتی و دانپیادانانی ڕاستەقینە و تەواوی مافە ڕەواکانی کورد کۆتایی پێبهێنێت و کێشەیەکی گەورە و موزمین لەکۆڵ هەردوو نەتەوەی کورد و تورك بکاتەوە و بەمەش دەبێتە پاڵەوانی ئاشتی ڕاستەقینە نەك لەتورکیاو ناوچەکە بەڵکو لەسەر ئاستی دونیاش و بەمەش هێندەی تر سەنگ و قورسای و ڕێزدارتر دەبێت و لەمێژووشدا ناووناوبانگی بەنەمری دەمێنێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/١٢/٢دا و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٤٩٩لە ٢٠١٢/١٢/٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## جارێکی تریش حکومەتی وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکان
## نەك حکومەتی فەرمانبەران و کرێکاران *

- ئاشکرایە لای هەموان کە هەمیشە سووتەمەنی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی بە پلەی یەکەم بریتی بوون لە خەڵکانی ڕەش و ڕووت و برسی و هەژار و ڕەنجدەران لە کرێکار و جوتیار و فەرمانبەران و ...هتد.

هەرئەوانیش بوون بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ژیان و خوێنی خۆیان بەخشیە ئەو خەباتە ڕەوایە و گەیاندویانەتە دوا مەنزڵی سەرکەوتن و دامەزراندنی حکومەت و هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەم دەسەڵاتە کوردیەی کەماوەی ١٨ ساڵە بەردەوامە.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە کە ئەم زۆرینە زۆرەی جەماوەری شۆڕش و خەبات و سەرکەوتنەکان کە ئێستاش پایە و کۆڵەکەی سەرەکی ڕاگرتن و پارێزگاریکردنی ئەم دەسەڵاتەن. بێبەش و کەنارگیر و دوورخراوەن لە پۆست و پلەو پایە و ئیمتیازاتەکانی ئەم دەسەڵاتە.لەبەرامبەر کەمینەیەکی زۆر کەمی دەسەڵاتداران و خزمان و کاسەلێسەکانیان.کە لە ئێستادا هاوڵاتیانی کوردوستان بونەتە دوو چینی زۆر جیاواز لەیەکتر , چینی دەسەڵاتداران و خاوەن سەرمایە کە زۆر لە خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتدا دەژین  تا سنووری ئینتەلا بونیان و چینی دووەمیش چینی کەم دەرامەت و ڕەش و ڕووت و هەژارن کە زۆر بە زەحمەت دەتوانن قووتی ژیانیان دابین بکەن.

چینی دەسەڵاتداران کە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەندێکی زۆر کەمیان کە بەشداریان هەبوە لە خەباتی کوردایەتیدا, هەموویان لەسەر بودجە و سەروەت و سامانی ئەم وڵات و میلەتە غەرقی ڕەفاهیەت بوون و وەکو پادشا و ئەمیر و سوڵتانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕادەبوێرن. کە هەموو ئەو دەسەڵات و سەڵتەنەت و سەروەت و سامانە مافی دزراوی چینە ڕەش و ڕووت و کەم دەرامەت و ڕەنجدەرەکانی ئەم میلەتەن.

حکومەتی هەرێمی کوردوستان بەدرێژایی ئەم ١٨ ساڵە بەدەست مشەخۆری و گەندەڵی و حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی و بنەماڵەچێتی و خێڵ چێتی و دڵ ڕازیکردنەوە و بێ پلانیەوە دەناڵێنێت .و نەیتوانیوە تەنانەت پایە و کۆڵەکە

بنچینەییەکانی دەسەڵاتیش دابڕێژێت و بیچەسپێنێت. ئەمەش هەمووی لەبەر ململانێی حیزبایەتی و نەبونی نیەتێکی ڕاستگۆیانە بۆ پاکسازی و چاکسازی و دامەزراندنی ئەم دەسەڵاتەبووە نەك لەبەر نەبوونی بودجە و پارە و خەرجی بوبێت.

- لە ئێستادا حکومەتی هەرێم خاوەنی ١٧٪بودجەی گشتی عێراقە بەڵام ئەم بودجەیە هێندە بۆ پڕۆژەی بێ مانا و هێندە بۆ کار و بەرژەوەندی تایبەتی سەرکردە و بنەماڵە بەکاردێت و هێندە بۆ هاوکاری و یارمەتی خەڵکانی تری دەرەوەی میلەت بەکاردێت و هێندەی بۆ میوانداری وسەفەرکردن و ڕابواردن و پێکەوەنانی ڤێلاّ و باڵەخانە و کڕینی زەوی لەناوەوە ودەرەوەی کوردوستاندا بەکار دەهێنرێت و هێندەی بۆ مووچەی سەرۆکایەتی هەرێم و پەڕلەمان و حکومەت و ئەندام پەڕلەمانەکان و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار و شارەزاکان خەرج دەکرێت.کە موچەکانیان لەنێوان

(( ٥٠٠٠٠٠٠ بۆ ١٠٠٠٠٠٠٠)) دینار دەبێت کە لەوانەشە زیاتر بێت , نیو هێندە بۆ فەرمانبەران و کرێکاران و ڕەنجدەران و پاشماوەی ئەنفال و کیمیاوییباران و شەهیدان خەرج ناکرێت .ئەم هەڵسوکەوتەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمیش چاو لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی بەغدا دەکەن . ئەوەتا موچەی خانەنشینی (( مەحمود مەشهەدانی))سەرۆکی پەڕلەمانی عێراقی لەسەر کار لابراو بریتیە لە ٥٠٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دینار )) مانگانە جگە لە نثرية و ٢٠٠ پاسەوانیش کە زۆربەیان خزم و سەر بەعەشیرەتەکەی خۆیەتی. لەکاتێکدا موچەی سەرۆکی ئەمریکا (( جۆرج بۆش)) بریتیە لە ٣٣٠٠٠ دۆلار و موچەی خانەنشینی بیل کلینتۆن ٢٤٠٠٠ دۆلار وموچەی سەرۆکی فەڕەنساو ئەڵمانیا لەسنوری ٣٥٠٠٠ دۆلار و سەرۆکی تورکیا ١٢٣٠٠ دۆلار و موچەی سەرۆك وەزیرانی یابان بریتیە لە ٢٥٠٠٠ دۆلار وموچەی سەرۆکێکی وەك زامبیا بریتیە لە ١٣٤١دۆلار (( کە بەناو دیکتاتۆرە)) و سەرۆکی بۆلیڤیا ٢٠٠٠ دۆلار و سەرۆکی ڤێتنام ١٦٥٠ دۆلار و سەرۆکی چین ٣٥٠٠ دۆلار. هەر ئەم هۆکارەشە کە وڵاتی عێراق لەدوای صۆمالەوە دووەم وڵاتە لە گەندەڵیدا.

حکومەت هاواری لێ هەڵساوە بە بیانوی زۆری ژمارەی فەرمانبەران و گوایە نزیکەی ٧٠٪ ی بودجە بۆ مووچەیە. بەڵام لەم لاشەوە بەپێی گشتاندنێکی وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم بە ژمارە ٣٣٥ لە ٢٠٠٩/١/١٣ و یاساو ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٣٧٢٢ لە ٢٠٠٨/١٢/٢٩دا. بڕی ٥٠٠٠٠٠ دیناربۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان زیادکرا و لە ٢٠٠٩/١/١وە جێبەجێدەکرێت و بۆیان خەرج دەکرێت. ئایا ئەمە بەهەدەردانی سامانی میلەت و وڵات و بودجەی حکومەت و خواردنی بەشی کرێکاران و فەرمانبەران و ڕەنجدەران نیە.

حکومەت پڕوپاگەندەی ئەوەدەکات کە هەوڵی چەسپاندنی یاسا و یەکسانی و دادپەروەری و بە موئەسەسات کردنی دەوڵەت دەدات, کەچی لەم لاشەوە بەبڕیاری دوور لەیاساو قەرەقوشی فلان و فیسار کەسی خزم و دۆستی دەسەلآتداران دەکاتە ڕاوێژکار و شارەزا و بەهەمان موچە و ناونیشان خانەنشینیشیان دەکات بەبێ ئەوەی هیچ مەرجی یاساییان تیادا بێت, یان ژمارەیەکی زۆری ب. گشتی بەناوی (( مدیر عام معەوەم)) هەیە و موچەیەکی زۆریان دەداتێ بەبێ ئەوەی دەوام بکەن و خزمەتێك پێشکەش بکەن . یان هەندێکی تریشیان تەمەنیان بۆ زیاد دەکات تا زیاتر خێر و بێری ئەم میلەتە بخۆن وەك ئەوەی کەسی تر شارەزا و خاوەن ئەزمون نەبێت تا لە جێگەیاندا دابنرێن.لەبەرامبەریشدا کرێکار و فەرمانبەرانی سادەش بۆ یەك ڕۆژیش نابێت زیاتر لە کاتی خۆیان لە وەزیفەدا بمێننەوە و ڕاستەوخۆ ئینفیکاکیان پێ دەکەن و خانەنشینیان دەکەن بە موچەیەکی کەم کە لانی کەمی ژیانیان بۆ دابین ناکات.(( بانێکە و سەد هەوا)).

حکومەت هەندێك جار وەك پیاوەتی و بەخشندەیی باس لە زیادکردنی موچەی فەرمانبەران دەکات و دەیداتەوە بە چاویاندا. بەڵام نازانێت بەهەموو ئەم زیادکردنانەشەوە هێشتا لانی کەمی ژیانی بۆ دابین نەکردوون و هێشتاش موچەی فەرمانبەرێکی ئێستا ناگاتە موچەی فەرمانبەرێکی ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو.ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بازاڕ و نرخی ئێستا سەدان و هەزاران جار بەرزبۆتەوە بەبەراوورد لەگەڵ بازاڕ و نرخی ساڵانی هەشتاکان. بۆ نموونە: فەرمانبەرێکی خاوەن ١٠ ساڵ خزمەتی وەزیفی و دەرچووی کۆلێژ لەساڵی ١٩٨٨دا موچەکەی بریتی بوە لە ٣٨٠ دیناری سویسری کە

لەوکاتەدا نرخی ١٠٠ دۆلار بریتی بوە لە ٣٣ دیناری سویسری. کەواتە کۆی موچەی فەرمانبەرەکە بریتی بوە لە ١١٥١ دۆلار. بەلاٌم هەمان فەرمانبەر و دوای ٢٠ ساڵ خزمەتی تر و لەساڵی ٢٠٠٨دا موچەکەی بریتیە لە ١١٠٠٠٠٠ دینار واتە بەنرخی ئێستای دۆلار کە ١٠٠ دۆلار بریتیە لە ١٢٠٠٠٠دینار و کەمتریش موچەکەی دەکاتە ٩١٦ دۆلار.بەم شێوەیە موچەی فەرمانبەرەکە لەساڵی ١٩٨٨دا بڕی ٢٣٥ دۆلاری زیاتر بوە لەموچەی هەمان فەرمانبەر لەساڵی ٢٠٠٨دا واتە لەدوای ٢٠ساڵی ڕێك.ئاشکراشە لەساڵی ١٩٨٨دا نرخی کەل و پەل وکالاٌکان هێندە هەرزان بوون فەرمانبەر بەئاسانی دەبوە خاوەن خانوو و ئۆتۆمبێل و دەشیتوانی سەفەری دەرەوەی ولاٌتیش بکات.

بەلاٌم لە ئێستادا هەمووی پێچەوانە بۆتەوە فەرمانبەر دەبێت خانو یان ئۆتۆمبێلەکەشی بفرۆشێت تا بتوانێت ژیانێکی زۆر سادە و ساکار بۆ خێزانێکی ٥ سەر خێزانی دابین بکات و ئەمە بەهیچ شێوەیەکیش نابێت بیر لە سەفەرێك بۆ نزیکترین ولاٌتانی ناوچەکەش بکاتەوە نەك ولاٌتانی ئەوروپا و ...هتد. ئەمە بۆ فەرمانبەران و کرێکان و کەم دەرامەتەکان وایە بەلاٌم بۆ وەزیر و ئەندام پەڕلەمان و ب. گشتی و ڕاوێژکار و شارەزاکان بەپێچەوانەوەیە و نەك ئۆتۆمبێل و خانوو نافرۆشن بەڵکو بەدەستە ڤێلا و باخ و ئۆتۆمبێلی کیلۆمەتر سفری ئەخیر مۆدێل دەکڕن و نەك هەر سەفەر ناکەن بەڵکو زۆرینەی کاتی نەك هەرخۆیان بەڵکو  ژن و منداڵەکانیشیان لە ئەوروپاو ئەمریکا بەسەر دەبەن. هەمووشی  یان زۆربەشی لەسەر بودجە و سەروەت و سامانی حکومەت و میلەت و مافی چینە هەژار و کەمدەرامەتەکانە.

جائیدی چۆن دەبێت ئەو چینە هەژارانە دڵیان خۆش بێت بەم حکومەت و دەسەلاٌتە و چۆن جارێکی تر خۆیان بکەنە سوتەمەنی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی و ئەم دەسەلاٌتەی کەپڕە لە ناعەدالەتی و گەندەڵی و ماف خواردن.بە حکومەت و دەسەلاٌتی خۆیان بزانن. بەهیوای ئەوەی دەسەلاٌتداران لەم هەرێمۆکەیەدا بە چارەکی خەمی خۆیان بیر لە ئێستا و ئایندەی ئەم چینە هەژارەش بکەنەوە. بۆئەوەی حکومەتەکە ببێتە حکومەتی هەموان بەهەژاران و کرێکاران و فەرمانبەرانەوە نەك هەر حکومەتی وەزیر و ئەندام پەڕلەمان و مدیر عامەکان بێت.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ١٥٨ لە ٢٠٠٩/٢/٣دا و لە ژمارە ٢٧ گۆڤاری ئەندازیاران لە زستانی ٢٠٠٩دا  بلاٌوکراوەتەوە.

## سیستەمی سیاسی عێراقی نوێ بەرەو کوێ ؟ *

- ئاشکرایە عێراقی نوێ دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ٩ نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا. بوە ولأتێکی نوێ لە ڕووی سیستەمی سیاسی و ئابوری و سەربازی و...هتدەوە.جیا لە ڕژێمە توتالیتاری و تاکڕەو وداخراو و خۆسەپێنەکەی صدام حسین ولە سیما هەرە دیارەکانی ئەم سیستەمە سیاسیەی عێراقە نوێیە بریتیە لە داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی و ئابوری و ئیداری و سەربازی و فەرهەنگی لەسەر بنەما و بەشێوازێکی نوێی دیموکراسیانە و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و برایانە لە نێوان پێکهاتە جیاوازە ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی عێراقدا و بەشێوەیەك کە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکانی ڕێز لێگیراون وبنەمای لێکتێگەیشتن و دیالۆگ و تەوافوقی سیاسی کاری لەسەر دەکرێت و بەشداریکردنی جەماوەری گەلیش لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپالأوتنی ئازادەوە بۆتە دیارترین سیماکانی ئەم سیستەمە سیاسیە نوێیەی عێراق کە لەسایەی فیدڕاڵیەت و دەستوری هەمیشەیی و بونی دەسەلأتە شەرعیەکانەوە بەڕێوە دەبرێت و عێراقی نوێ گەلێك جیاوازە لە عێراقی دوێنێی بەعسی صدامی.

ئەم عێراقە نوێیە و ئەم سیستەمە سیاسیە دیموکراسیە کە وێنەی زۆر کەمە لە ناوچە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا بەهاوبەشی و خەباتی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینە جیاوازەکانی عێراق هاتۆتە دی و هەربۆیەش هەموان شەریك و داڕێژەر و پارێزەریشین و هەموانیش بۆ زیاتر گەشەکردن و بالأکردن و ڕێکخستن و پتەوکردن و چەسپاندنی لەهەوڵ و خەباتی بێوچاندان و دەیانەوێت ڕاستگۆیانە سەربکەون بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەو ڕێگری و مەترسیەکاندا و ڕێگە نادەن کە جارێکی تر ڕەوڕەوەی مێژوی ڕەشی دەسەلأتی تاکڕەوی و تاکەکەسی و تاکە حیزبی و تاکە مەزهەبی بگەڕێتەوە دەسەلأت و بەئاگر و ئاسن و تۆقاندن حوکم بکات.

داڕێژەران و دروسکەرانی سیستەمی سیاسی عێراقی نوێ و زۆرینەی گەلانی عێراقیش لە ڕاپرسیەکی بێوێنەدا لە ٢٠٠٥/١٠/١٥دا دەنگی(( بەڵێ ))یان دایە

دەستوری هەمیشەیی عێراق کە بۆ یەکەم جار بوو دەوڵەتی عێراقی لە مێژووی ٨٣ ساڵەی دروستبونیدا ببێتە خاوەن دەستورێکی هەمیشەیی کە تیایدا سیستەمی سیاسی عێراقی لە چوارچێوەی فیدراڵی و دیموکراسی و پەڕلەمانیدا دیاریکرد. مەبەستیش لەم سیستەمە نوێیە بریتی بوو لە پاراستنی یەك و یەکگرتویی خاك و گەلانی عێراق و هاوبەشیکردنی هەموانیش بوو لە دەسەڵاتدا و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە نویٚ وهەستیار و ڕاگوزەرەی عێراقدا. بەم شێوەیە هەموو پێکهاتەکان هەریەکە بەگوێرەی قەوارەی خۆی بەشداربوو لە پەڕلەمانی عێراقیداو سیستەمی پەڕلەمانی پەسەندکرا بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی حوکم لە عێراقدا بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێت لە سەرهەڵدانەوەی تاکڕەوی و تاك بڕیاری و تاك جەمسەری و یەك ناوەندی بڕیاری و بەمەش مەترسی لەسەر دیموکراسیەت و ئازادیەکان و سەرجەم دەسکەوتەکان ڕەوینەوە.

بەڵام بەداخەوە لەم چەند ڕۆژەی ڕابووردوودا, لەسەر زاری نوری مالکی سەرۆك وەزیران و سەرانی تری حیزبی دەعوەی ئیسلامی لە عێراقدا . ئەوە بڵاوکرایەوە کە ئەوان خوازیار و لایەنگری سیستەمی سەرۆکایەتین بۆ عێراقی ئایندە وهەوڵدەدەن کە سیستەمی پەڕلەمانی بگۆڕن بە سیستەمی سەرۆکایەتی و دەیانەوێت ڕۆڵ و دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار کاراتر و فراوانتر و زیاتر بکەن.

• پرسیار لێرەدا ئەوەیە. ئایا ئەم بیروڕایە بۆچی لەم کات و ساتەدا؟چۆن و لە کوێوە سەریهەڵداوە؟پاڵنەر و خواست و مەرامە شاراوەکان چین لە پشت ئەم داواکاری و گۆڕانکاریەوە؟ ئایا بەسانایی کوتلە و پارتە سیاسی و گەلانی عێراق ڕازی دەبن بەم جۆرە تێز و بیرکردنەوانە؟ و دەیان پرسی تریش......

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە باش بزانین کە ئەم داواکاری و داخوازیانەی نوری مالکی و سەرانی حیزبەکەشی مەرامی سیاسی و تایبەتی و بەرژەوەندی تاك لایەنانەی تیادایە و ئەوان باش دەزانن کە ماوەی مانەوەی ئەم خولەی پەڕلەمانی عێراق و ماوەی سەرۆکایەتی وەزیران نزیك بۆتەوە و دەیانەوێت هەر لەئێستاوە تسویق و بازاڕگەرمکردن بکەن بۆ ئەم تێز و بیرکردنەوانەیان , بەمەرامی ئەوەی کە ڕێگە و زەمینە خۆشبکەن بۆ قبوڵکردنی بیربۆچونەکانیان و لەسەر ئەو بنەمایەش لە ئایندەدا

هاوپەیمانی و دۆستایەتی دروست بکەن لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیەکاندا وئەوان باش دەزانن کە لە ئایندەدا گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە و هاوپەیمانی نوێ و کوتلەی سیاسی نوێ دروست دەبێت جیا لەم هاوپەیمانی و کوتلە سیاسیانەی ئێستا.و دەترسن کە پۆستی سەرۆك وەزیرانیان پێنەبڕێتەوە لەناو شیعەکاندا , ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە و لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقدا لیستی سەرۆك وەزیران بە هاوکاری چەند حیزب و گروپ و سەرۆك هۆزێك توانی لەسەرجەمی ١٤ پارێزگا ٩ پارێزگا لیستی یەکەم بێت و گرەوی گەمە سیسایەکە تاڕادەیەك بباتەوە لەبەرامبەر دوو هێزی تری گەورە و تەقلیدی شیعەدا کە ئەوانیش مەجلیسی باڵای ئیسلامی عێراقی و ڕەوتە ڕیفۆرمیستەکەی جەعفەری بووکە لە حیزبی دەعوە جیابۆوە.کە سەنگ و قورساییان هەبوو لە خولی هەڵبژاردنی ڕابوردودا . بەمەش حیزبی دەعوە و سەرانی حیزبەکە هەست بە قەبەبون و زلبونی جەماوەر و هێزیان دەکەن و واشی بۆ دەچن لە هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانیشدا بەهەمان شێوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن. خۆ ئەگەر لە ئێستاوە کار بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە پەرلەمانیەوە بدەن بۆ سەرۆکایەتی ئەوا بەدڵنیاییەوە هەم لە پەرلەمان زۆرینە و هەمیش سەرۆکی کۆماریش لە خۆیان دەبێت و بەم شێوەیە و هاوشێوەی حیزبی عەدالەت و گەشەپێدانی تورکیا لانی کەم تا ٤ ساڵی تر یەك لایەنە وبەتەنها خۆیان دەتوانن حوکم بکەن و چیان بوێت لە گۆڕانکاری دەستوری و یاسادا جێبەجێی دەکەن و ئاشکراشە لە سیستەمی کۆماریدا کە ڕاستەوخۆ سەرۆك کۆمار لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت و خاوەن دەسەلاتی فراوان دەبێت و تەنانەت دەشتوانێت پەرلەمان لەکار بخات و بەم شێوەیە سەرانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی هەر لە ئێستاوە کەوتونەتە خەون بینین بەو ڕۆژەوە و بەنیازی ئەوەی ئیدی لە ململانێ و کێشمەکێشی پەرلەمان و کوتلە سیاسیەکان ڕزگاریان دەبێت.خۆ ئەگەر ئەم خەونەی سەرانی حیزبی دەعوە بێتەدی و لەسەر زەمینەی واقیع پیادە بکرێت کە (( دووره ئەو خەیاڵە بێتە دی )), ئەوا سەردەمێکی نوێی دیکتاتۆریەت و تاك ڕەوی و ترس و تۆقاندن لە عێراقی نوێشدا سەرهەڵدەداتەوە و ئەم جارە مەترسیەکەشی گەورەتر دەبێت لە پێشووتر.

هەربۆیە هەموان و لە پێشەنگیشدا کورد وەك کارەکتەرێکی ئاکتیڤی سەر گۆڕەپانی سیاسی و خاوەن سەنگ و قورسایی خۆی و وەك شەریکە بەشی ڕاستەقینە و داڕێژەر و دروستکەرەوەی کۆماری سێیەمی عێراقی بەتوندی بەگژ ئەم تێز و بیرۆکەیدا دەچێتەوە و لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانیدا لە هەوڵی پەکخستنیدان , لانی کەم لەم قۆناغە پڕ مەترسی

و هەستیار و ڕاگوزەرەدا كە هێشتا عێراقی نویٚ لەبەردەم مەترسی تیرۆر و دەستێوەردانی ناوچەیی و كۆنە بەعسیەكاندا ماوە و عێراق هێشتا نەیتوانیوە بەتەواوی توانا و هێز و پێگە سیاسی و ئابوری و جوگرافیە گرنگەكەیەوە بگەڕێتەوە سەر گۆڕەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وهێشتا پێویستی بە پشتگیری زلهێزەكان و دۆست و هاوپەیمانەكانی هەیە بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم جۆرە مۆدێلەی حوكم لە ناوچەكەدا و بۆئەوەی ببێتە دەروازەیەكی گۆڕانیش لە جۆری سیستەمی حوكمەكانی ناوچەكە و ناوەندە عەرەبی و ئیسلامیەكاندا.

ئاشكراشە ئەم جۆرە بیركردنەوانە بەتەنها لە بەرژەوەندی یەك لایەن دایە ودژە لەگەڵ دەستور و بەبنەمای تەوافوقی سیاسی و پێكەوەژیان و ئاشتەوایی و برایەتی عێراقیدا كە بەهەوڵ و خەبات و لێبوردنی هەموان هاتۆتە دی بەگشتی و بەتایبەتیش كورد و لەناو كوردیشدا ڕۆڵ و كاریگەری بەڕێز مام جەلال وەك سەرۆك كۆمارێكی بیٚ لایەن و پارێزەری دەستور ڕوون و ئاشكرایە و هیچ كەس و لایەن و گروپێك ناتوانێت لەبەرچاوی نەگرێت. چونكە لە هەڵبژاردنەكاندا زۆرینەی عەرەبی شیعە دەنگ دێنن و لەناویشیاندا حیزبی دەعوە وەك سەرانی ئەو حیزبە وای بۆدەچن كە زۆرینەی دەنگەكان بەدەست بهێنن و ئەمەش بەتەنها لە بەرژەوەندی ئەواندایە.

بۆیە ناكرێت و كارێكی شیاو ومەنتیقیش نیە كە گەلانی عێراقیش و كوتلە و هاوپەیمانە سیاسیەكانیش بچنە ژێر بار و كاریگەری ئەو جۆرە بیركردانەوانە و پێویستیشە زۆر بەتوندی دەست بگرن بە ئەڵقەی دیموكراسی و سیستەمی فیدراڵی و پەرلەمانی و تەوافوقی سیاسیەوە و ڕێگە نەدەن ئایندەی سیستەمی سیاسی عێراقی نویٚ تاك لایەنە و تاك ڕەوانە بەرەو هەڵدێر و لێڵی و تاریكی ببرێت و هیچ كەس و لایەنێكیش زامنی چارەنوسی عێراق نەكات و نەشزانرێت ئەنجام چی دەبێت و بەرەو كویٚ ئاڕاستە دەگرێت و بەرەو كویٚ هەنگاو دەنێت .

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەوڵ ژمارە ٣٣١ لە ٦/٦/٢٠٠٩دا بلاْوكراوەتەوە.

دیمانە

## ئەم دیمانەیەم ئەنجامداوە لەگەڵ گۆڤاری نێوەند...*

پرسیار /

تێبینی دەکرێ کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی د.بەرهەم ساڵح، کابینەیەکی تاڕادەیەك بەهێزە بەوەی ژمارەیەك کەسایەتی تەکنۆکرات و خاوەن توانا وەك وەزیر تێیدا دەستبەکار بوون. بەبۆچوونی ئێوە بەهۆی بوونی ئەو ژمارە کەسایەتیی و شارەزایەی لەکابینەی شەشەمی حکومەتدا پۆستی بالآیان هەیە، فۆرمی کارکردنی حکومەت بەرەو باشتر ناڕوات؟، ئایا ئەوە چەند دەتوانێت یارمەتی سەرکەوتنی کابینەکە بدات؟.

وەلآم/

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە هەموو حکومەتێك سەرکەوتوودەبێت گەر سیستەمە گشتیە ئیداری و دارایی و سیاسیەکەی سیستەمێك بێت لەسەر بنەمای زانستی دامەزرابێت و فەلسەفەی حوکمڕانیەکەشی لەسەر بنەماکانی (( دیموکراسی وشەفافیەت و ئازادیەکان))داڕشتبێت و کار بە تێزی ((بەدامودەزگایکردنی )) دەسەلآتەکە بکات و تاکتیك و ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرای کارکردنیشی بۆ خۆی هەبێت.

لەتەمەنی ١٩ ساڵەی حومکڕانی کوردیدا, بەداخەوە تاکو ئێستا کارنەکراوە بۆ سیستەماتیککردن و بەدامودەزگایکردنی جومگە و ئۆرگانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەربۆیەش نە پلانێکی زانستی هەیە بۆ کار وپڕۆژەکان و نەتاکتیك وستراتیژێکی ڕوونیش هەیە, نەجیاکردنەوەی دەسەلآتەکانی حیزب لە حکومەت هەیە و لەگەڵ ئەمانەشدا دیاردە دزێوەکانی ڕۆتینی زیانبەخش و گەندەڵی ئیداری و دارایی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت تەشەنەی کردوە و هەموو ئەم هۆکارە نێگەتیڤانە بونەتە هۆکاری نەچەسپاندنی پایە بەهێزەکانی ئەم دەسەلآتە وجێگیر نەبوونی و لاوازی و پێشنەکەوتنی.

هۆکارەکانی ئەم سستی و لاوازیە گەلێکن, بەڵام لە پێش هەموانیانەوە بریتیە لە هەیمەنەی دەسەڵاتی حیزب و ڕابەر و سەرکردەکان بەسەر سەرتاپای جومگە و ئۆرگان وبڕیارەکانی حکومەتەوە.بەشێوەیەك کە نەسەرەك وەزیر و نە هیچ وەزیرێکیش دەسەڵاتی تەواوی بڕیاردان و پلاندانانی حکومەت و وەزارەتەکانی خۆشیان هەیە و لەکاتی نەبونی دەسەڵاتیشدا حکومەت ناتوانێت کاروبارەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی ڕابپەڕێنێت. لەگەڵ هەموو ئەم هۆکارانەشدا هۆکارێکی تری سەپێنراو بەسەر ئەم دەسەڵاتە کوردیەدا بریتیە لە بونی سیاسەتێکی دوژمنانە لەلایەنی دەوڵەتی عێراقەوە بەئێستاشەوە وەك ((کێشەکانی بودجە و نەوت و گاز و هێزی پێشمەرگە و مادەی ١٤٠ی دەستور و...هتد)) . لەگەڵ دەوڵەتانی دەروجیرانیشدا کە زۆر جاران بونەتە هۆی دروستکردنی کێشە و گرفتی گەورەی سیاسی و ئابوری و دارایی و سەربازی و..هتد.بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەپەرژێتە سەر ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و نەهێشتنی بێکاری و بوژاندنەوەی بازاڕ و بازرگانی و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و تەندروستی و بوژاندنەوەی ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردەواری.

بەڵام لە ئێستادا و خۆش بەختانە و دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا و هەڵبژاردنی دووخولی پەرلەمانی و پێکهێنانی کابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە هۆی دابینکردنی ڕێژەی ١٧٪ داهاتی عێراق بۆ کوردستان, حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی گەورەی دارایی نەماوە و کێشەی کەسانی پسپۆڕ و تەکنۆکراتیشی نیە.و بەهەزاران کادری ئیداری و دارایی و زانستی و یاسایی لە حکومەتی هەرێمدا هەن.بەڵام لێرەشدا بەداخەوە هەڵبژاردنی کەسەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و توانا و لێهاتوویی و دڵسۆزی و ئەمانەت و نەزاهەتەوە نیە, بەڵکو لەسەر بنەمای مەحسوبیەت و مەنوسوبیەت و خزمخزمێنە و برادەرایەتی و سەپاندنی حیزبیەوە دێت.کە ئەمەش کاریگەری نەگەتیڤی دەبێت لەسەر سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی کابینەکە لە کارەکانیدا.

مایەی خۆشحاڵیە لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمدا بە سەرۆکایەتی د. بەرهەم احمد صاڵح کە لە ١٩ وەزارەت پێکهاتوە کە ١٦ وەزیریان دەرچوی کۆلێژە جیاوازەکانی(( پزیشکی و ئەندازیاری و یاسا و زانستەکان)) و دوانیشیان دەرچووی ئامادەیین و یەك وەزیریشیان دەرچووی ناوەندین. بەم شێوەیە تاڕادەیەکی زۆریش زۆربەیان شارەزایی لەکاری حکومەت

و ئیدارەدا هەیە و خاوەن ئەزمونن. بەم شێوەیە دەتوانرێت بوترێت کە کابینەیەکی تەکنۆکراتە و دەتوانرێت لە بڕیار و بەرنامە و کاریاندا زانستیانە هەڵسوکەوت بکەن و بتوانن کار وپڕۆژەی گەورە و پێشکەوتوو جێبەجێبکەن و ئەم کابینەی حکومەتە بکەنە کابینەیەکی پڕ بەرهەم و خزمەتگوزار و بازدانێکی گەورە بدەن بەرەوتی پێشکەوتن و داهێنانەکان و کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواریش بەرەو قۆناغێکی باڵاتر و گەشەکردوو لە هەموو بوارەکاندا بەرن و هەنگاو گەلێکی عەمەلی و جدی هەڵبنێن لە نەمانی گەندەڵی و ناشەفافیەت و دیاردە دزێوەکانی تردا و بتوانن ببنە جێگەی ڕەزامەندی هاوڵاتیان بە دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ((ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و ڕێگاوبان و پرد)) و بەهەمان شێوەش ئەنجامدانی پڕۆژە ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان لەهەموو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون و بازرگانی و گەشتوگوزار و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری و بازاڕ.بەمەش دەتوانن دیاردەی بێ کاری کەم بکەنەوە و کاریش بکەن بۆ بەرزکردنەوە و باشترکردنی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و وەرزش و لاوان و هەوڵیش بدەن کە پڕۆژەی گەورە و کاریگەر و ستراتیژی جێبەجێ بکەن لە بواری نەوت و سامانە سروشتیەکانیشدا.

بەم شێوەیە ئەم کابینەیە لە ڕووی دارایی و توانای مرۆییەوە(( زانستیەوە)) تاڕادەیەکی زۆر بێکێشەیە بەڵام لە پێشدا دەبێت کاربکرێت بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم لە سیستەمە گشتیەکەدا و کار لەسەر بنەمای((موئەسەساتی)) بکرێت نەك مەزاجی کەسەکان و بیر و بەرژەوەندی سەرکردەو حیزبەکان.ئەم کابینیە چەندە بتوانێت ببێتە خزمەتگوزاری جەماوەر ئەوەندەش سەرکەوتوو دەبێت چونکە لێڕازیبونی جەماوەر مایەی مانەوە و بەردەوامبونی حکومەتە و سەرچاوەی شەرعیەتەکانیشێتی.

لەکۆتاییدا خوازیارم ئەم حکومەتە بتوانێت سەرکەوتوبێت و سەرتاپای کارنامەکەی خۆی جێبەجێبکات.چونکە سەرۆکی حکومەتەکە ئەزمونی دووجار سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەیە و بۆ ماوەی زیاتر لە ٤ ساڵیش جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوە و چەند پۆستێکی وەزاری تری عێراقیشی وەرگرتوە.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری نێوەند ژمارە ٧٠ لە مانگی ٢٠٠٩/١٢دا بلأوکراوەتەوە.

# کێرڤی تەمەنی

## ڕژێمی سوریا ڕوو لە داکشانە...*

• ئاشکرایە شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی سوریا لە ٢٠١٢/٣/١٥ وە دەستیپێکردووە هاوزەمان لەگەڵ هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی و هەموانیان پێکەوە دیاردەیەکی ناوازەیان دروستکرد کە بە بەهاری عەرەبی ناسراو دەنگی دایەوە و بوونە ئیلهام بەخشیش بۆ زۆرێك لە گەلانی ناوچەکە کە بکەونە خۆ بۆ ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتە تاکڕەو و بنەماڵەیی و خۆسەپێنەکانیان بەمەرامی چێکردنی گۆڕانکاری و هەڵتەکاندنی بنەماکانی ئەو دەسەڵاتانە.

لەلایەك جێگەی دڵخۆشی بوو کە بەشی هەرە زۆری ئەو ڕاپەڕینانە لە وڵاتی تونس و لیبیا و میسر و یەمەندا گەیشتنە سەرکەوتن و دەرپەڕاندنی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆر و ملهوڕەکانیان و دەروازەکانی ئازادیان بۆ خرایە سەر پشت و هەناسەیەکی قوڵی ئارامی و بێترسیان هەڵکێشا کە زیاتر لە ٢٠-٣٠ ساڵ دەبێت ڕۆژگاری وا ئازادیان بەخۆوە نەبینیوە.

هەرچەندە ئەو ڕاپەڕینانە سەرکەوتووبوون لە دەرپەڕاندن و لەسەرکار لابردنی دیکتاتۆر و فیرعەونەکان, بەڵام بەڕای زۆرێك لە چاودێران ئەو شۆڕشانە لە ئێستادا بەلاڕێدا براون و ئومێد و خەونەکان بەرەوکاڵ بونەوە دەچن و بەهارە عەرەبیەکەیان هەرزوو لێبوە پایز, بەوەی کە هێزە ئیسلامیە میانڕەو وتوندڕەو و سەلەفیەکان توانیان زۆرینەی دەنگەکان بۆ خۆیان کۆبکەنەوە و پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتیەکان بۆ خۆیان مسۆگەربکەن و ئەمەش مەترسیەکی گەورەی لای هێزە عیلمانی و لیبراڵ و دیموکراتخوازەکان دروستکردوە, کە هێشتا زووە ئایندە و ئەجێندای ئەو هێزە ئیسلامیانە هەڵبسەنگێنرێن و ترس و دڵەڕاوکێکانیش زیاد لە قەوارەی خۆیان گەورە بکرێن,بالێگەڕێین چەند ساڵێکیش ئەو هێزە ئیسلامیانە لە دەسەڵاتدا بن و بەرنامەو بیرکردنەوە و پلانی ئەوانیش تاقیبکەینەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە,گرنگی و هەستیاری بارودۆخ و پێگەی سوریایە لە ناوچەکەدا و ئەوەی مایەی نیگەرانیشە درێژەکێشانی زیاد لە پێویستی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی گەلانی سوریایە,کە ڕۆژانە و ماوەی زیاد لە ساڵ و نیوێکە دەبێتە هۆی مردن و لەناوچوون و ئاوارەبوونی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بەدەست سوپاو میلیشیاو شەبیحەکانی ڕژێمی بەعسەوە.

ئەم درێژخایەندنە,چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە لەوانە,کەمتەرخەمی و خەمساردی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیە لەلایەك کە هێندەی گەرموگوڕی و پشتگیریان لە ئۆپۆزسیۆنی تونسی و لیبی و میسری و یەمەنی پەرۆشی نابینین لەلایەن عەرەب و ئیسلامەکانەوە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا دژ بە ڕژێمی سوریا.

لەولاشەوە خەمساردی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ئەمریکا و ئەوروپا و لەبەرامبەریشدا بەرگریکردنێکی سەرسەختی ڕوسیا بە پلەی یەکەم و دواتریش چین لەمانەوەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد.

دواتریش کاریگەری و دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکەیە بەتایبەتیش تورکیا و ئێران و هێندەی تر پرۆسەی سەرکەوتنەکەیان دوور خستۆتەوە, هەرئەم هۆکارە ناوچەیی و نێودەوڵەتیانەش بەشێوەیەکی نێگەتیف کاریگەریان داناوە لەسەر یەکڕیزی و توندوتۆڵی پەیوەندیەکانی نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا بەکورد و عەرەب و ئەوانی تریشەوە, و نەبونی یەك سەرکردایەتی بەهێز و خاوەن یەك ناوەندی بڕیاردان کە ئەمەش بۆ خۆی بۆتە ڕێگری گەورە لەبەردەم سەرکەوتنی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی گەلانی سوریا.

بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە و مژدەبەخشە ئەوەیە کە گەلانی سوریا ڕۆژ بە ڕۆژ سوورتردەبن لەسەر داواکاریەکانیان و بەردەوامن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و بەهیچ بەڵێن و کارێکی بەناوچاکسازی و حکومەت گۆڕین و هەڵبژاردنەکانی ڕژێمی سوریا باوەڕ ناکەن و بەپڕوپوچ و بێ مانای لە قەڵەم دەدەن.

هەر ئەم سووربونەی جەماوەرە کە ترسی گەورەی لای لێپرسراوە جیاوازە بالاَ دەستەکانی سوریا دروستکردووە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە حەقیقەتی ڕژێمەکەی سوریا تێبگەن و هەریەکەیان لە هەوڵدایە ڕۆژێك زووتر خۆی دەرباز بکات,ئەوەتا هەڵهاتنی ڕۆژانەی ئەفسەری پلە بەرز و سەرباز لە ڕیزەکانی سوپادا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو وهەڵهاتنی فڕۆکەوانێك بەفڕۆکە جەنگیەکەیەوە بۆ ولاَتی ئوردون گورزێکی گەورە بوو بۆ سەر ورەی جەماوەر و سوپاش لە یەککاتدا.و سەرەتایەکی مژدە بەخشیشە بۆ هەڵوەرینی زیاتری ڕیزەکانی سوپای سوریا.

لە ئێستادا ولە ئەنجامی ئەو بەردەوامی جەماوەرو خۆڕێکخستنەوەی زیاتری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و گەرموگوڕتربوونی هەوڵەکانی پشتیوانی عەرەبی و نێودەوڵەتی و خاوبونەوەی پشتگیری ڕوسیاش بۆ ڕژێمەکەی سوریا و سازدانی کۆڕوکۆبونەوەی سیاسی و کۆکردنەوەی کۆمەکی ئابوری و بیرکردنەوە لە چەکدارکردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و دامەزراندنی ناوچەیەکی ئازادکراو وەك خاڵی دەستپێکردنی هێرش و پەلاماردانی چەکداری لە نێوان سوپای ئازاد و سوپای ڕژێمی سوریادا.وایان کردوە کە سەرانی ئەو ڕژێمە ڕۆژ بەڕۆژ گۆشەگیرتر و بچوکتر ببنەوە و تووشی هێستریابون و پەلاماری دۆست و دوژمنەکانیان دەدەن و هەموو هەنگاوێکیان بەهەڵەی کوشندە و گەورەتر دەشکێتەوە بەسەریاندا وەك ئەوەی ڕوویدا لە کاتی خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی تورکیا.

خاڵێکی زۆر گرنگ لە ئێستادا ئەوەیە کە هەموان بە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیش و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە لێیتێبگەن و بەجدیش و بیٚ دوودڵی کاری بۆبکەن بریتیە لە ڕووخاندن و گۆڕانی ڕژێمی سوریا و دوای ڕووخاندنیش بە بەرنامە و پلان و ڕێکەوتن و هەوڵی دڵسۆزانە ونیشتیمانپەروەرانە بدرێت بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی سیستەمێکی نوێی دیموکراسی کە هەموان تیایدا شەریك بن و لەبەرژەوەندی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی گەلانی سوریا بێت لە عەرەب و کورد و مسوڵمان

و مەسیحی و سونی و عەلەوی و ...هتد. و پەنا بەرنە بەر پرۆسەی هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان , دوور لە شەڕ و کوشتار و ململانێی خوێناوی ناوخۆیی کە تەنها لە سوود و قازانجی دوژمنانی گەلانی سوریا تەواو دەبێت و دەبێتە هۆی لاوازکردن و بێدەسەڵاتبوون و بەهەدەردانی زیاتری توانا مادی و مرۆییەکانی گەلانی سوریاکە لە بنچینەدا زۆر تۆکمە و دەوڵەمەند نیە.خاڵی گەورە و گرنگیش بۆ سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن تەنهاو تەنها یەك و یەکگرتویانە و ڕێکەوتنیانە لە سەر ئێستا و ئایندەی سوریا بەبێ پێشێلکردنی مافی هیچ لایەك و پێکهاتەیەك و دوورکەوتنەوەیانە لە خۆسەپاندن و بچوککردنەوەی ئەوی تر.

بۆیە هەموو ئەم ڕووداوانە و کاردانەوە حساب بۆ نەکراوانەی ڕژێمەکەی سوریا کێرڤی تەمەن و مانەوەی سەرانی ڕژێمەکە و ڕژێمی بەعسی عەرەبیش بەرەو داکشان و ڕووخاندن و لەناوچوونی کۆتایی دەبات. و بەمەش ئومێد و ئایندەی ڕاپەڕینەکەی گەلانی سوریاش تۆختر و ڕۆشنتر دەکاتەوە بەسەرکەوتن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد لە ٢٠١٢/٧/١٢ و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٨٠ لە ٢٠١٢/٧/١٤دا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٨٦٤ لە ٢٠١٢/٨/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی تەنگژە سیاسیەکەی عێراقدا ...

## سیاسەت و سیاسی موحەنەك کێ بوون؟ *

- ئاشکرایە زانستی سیاسی یەکێکە لە زانستە سەردەمیەکان و رۆڵی گرنگ و کارا دەگێڕێت لە مامەڵە کردن و پێشڕەوی کردنی ڕوداوەکاندا بە چاك یان بە خراپ .

هەر ئەم زانستەش جۆرەها قوتابخانەی بۆ دروست بووە کە جۆرەها و چەندەها خوێندکاری تیادا دەرچووە و هەریەکەیان لە گۆڕەپانی سیاسی وڵات و ناوچە وکۆمەڵگا و دونیاشدا هەریەکەیان بە سەنگ و قورسایی خۆیان کاریگەریان بەجێهێشتووە لەسەر نەزمی سیاسەتی جیهان وسەرجەم بوارەکانی تری ژیان لە ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانست و ئەدەب و هونەر ..... هتد .

سیاسەت هەم زانستە هەمیش هونەرە, کەسی سیاسیش کەسێکی بیرمەند و بیر تیژ و خاوەن بینین و تێڕوانین و ڕاوبۆچونی وەهایە کە ئێستاو ئایندە بە یەکەوە گرێدەدات و هەموو ڕوداوەکانی دەورو بەریش دەخوێنێتەوە و بە ڕاستی هەڵیان دەسەنگێنێت و کارێکی واش دەکات کە لە بەرژەوەندی خۆی و گەل و وڵاتیدا بە کاریان بهێنێت چەند دەتوانێت و چەند بۆی دەکرێت. چونکە بۆ خۆی سیاسەت هونەری ئەوەی لە توانادایە نەك هونەری لە ڕادەبەدەر و پەیجوور .

کەسی سیاسی پێویستە پشوو درێژو و بە حەوصەڵە و ورە بەرز و خاوەن توانایەك بێت کە لە کاتی تەنگانەدا کۆنترۆڵی هەستەکانی بکات . سیاسی سەرکەوتوو پێویستە سیاسەت بە عەقڵ ژیربێژی(منطق) و حسابات بکات نەك بە کۆنە قین و پاڵنەری کەسایەتی و ڕق و بوغز و بە هاندانی کەسان و لایەنی تر.

سیاسی سەرکەوتوو لە خۆڕا و لە شەو و ڕۆژێکدا دروست نابێت بەڵکو لە ئەنجامی ئەزمون و تاقیکردنەوەو بینین و پیادەکردنی سەدان و هەزاران ڕووداو و تەنگانە و تەنگەژەی سیاسی و ڕۆژانی سەختەوە پەیدا دەبێت .

سیاسی سەرکەوتو ئەوەیە کە هەمیشە بەرژەوەندی باڵای گەل و وڵاتی خۆی بپارێزێت و لەشەڕو جەنگ و ناکۆکی و ململانێی زیانبەخش دووریبخاتەوە.

بە هەمان شێوە خەسڵەتێکی گرنگی سیاسی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لەکاتی پێویست و زۆر دڵڕاوکێ و نا جێگیر و دۆشدامان وقەتیسکردندا خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوە بێت و تواناو جورئەت و ڕاشکاوی هەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە و خۆ دەربازکردن.

سیاسی سەرکەوتوو گەرەکە نەرم و نیان بێت و بنەمای بدەو وەربگرە پەیڕەو بکات و هیچ کات نابێت ڕێگە بدات هەموو دەرگاو پەنجەرەکان دابخرێن و بە هەمان شێوەش نابێت سەرجەم خواست ویست و داواکاریەکان بەیەك جار بخاتە ڕوو بۆ بەرامبەر ((نابێت هێلکەکان هەمویان لە یەك سەبەتەدا دابنێت )) بۆ ئەوەی هەمیشە ئومێدی ئاسۆیەکی ڕوون بمێنێتەوە .نەك سیاسەتی یا هیچ یان هەموو پیادە بکات . چونکە هەمیشە سیاسەتی نەرم ونیان سەرکەوتووە بە سەر سیاسەتی توندو ڕەقدا .

- **لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا لەم تەنگەژە سیاسیەی عێراقدا کە ماوەی چەند مانگێکی خایاند و لەم دوو هەفتەیەی کۆتادا زۆر گەرم و چڕ ببووەوە . کێ و چ سیاسیەك و چ سیاسەتێك موحەنەك وخاوەن ئەزمون سەرکەوتوو بوو؟ سیاسەتێکی توندو ڕەق یان سیاسەتێکی نەرم و نیان و بێدەنگ؟**

ئاشکرایە بۆ هەموان بە تایبەتیش بۆ کورد بە هەمو ڕەنگ و دەنگەکانەوە کە حکومەتی ناوەندی عێراق هەر لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی صەدام حسێنەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە بە نیەتێکی پاك بە شەراکەتێکی ڕاستەقینەوە چ سونە و چ شیعەکان لەگەڵ کورد و داخوازی و مافە ڕەواکانیدا مامەڵەیان نەکردووە . بەڵکو نەرم و نیانیان تەنها لە لاوازیانەوە بووە نەك لە دیموکراسیەت و برایەتی و تەبایی و بڕوابون بەو مافانە بوبێت . بۆیە کورد هەموان وبێ جیاوازی لەو بڕوایەدا نیم کە سازش لە سەر مافە نەتەوایەتیەکان بکات کاتێك کا گەیشتە سەر یەکلاکردنەوەی مەسەلەکان .بەڵام دەکرێت کورد وربینتر و عاقڵانەتر وسنگفراوانتر مامەڵە لەگەڵ ناکۆکیە ناوخۆیە عێراقیەکاندا بکات , بەشێوەیەك کە نەبێتە دادوەر و نەبشبێتە شەریکەشەڕ و نەبشبێتە تەماشاکەری گەمە سیاسیەکان,بەڵکو لە چوارچێوەی دەستور و یاسا و ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوایەتی و ڕێککەوتنامە هاوبەشەکاندا مامەڵە بکات لەگەڵ

هەمواندا و چەندی دەکرێت بەرژەوەندی کورد و کوردستان بپارێزێت و مسۆگەریان بکات.

بەداخەوە لەم تەنگژەیەدا کورد بوە دوو هەڵوێست لەنێوان ڕەق و توند لەبەرامبەر نەرم و هێمن و لەسەر خۆ.بوە سەری ڕمی ململانێکانی شیعە و سونە, بوە سەری ڕمی ململانێکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و دراوسێ لە شیعە و سونە. بەداخەوە هەولێر بوە هەڵگری ئالأی گۆڕین و متمانە سەندنەوە لە حکومەتی مالکی لە بەغداد. کە دەبوایە ئالأهەڵگری گۆڕانکاریەکان لەناو عەرەبی شیعە و سونەدا بوایە و هەر لەناو جەرگەی بەغدادیشەوە بوایە.

کێشە و ململانێکان گەیشتنە ڕادەیەك کە هێندەی پاڵنەری کەسی و بەرژەوەندی تایبەتی و حیزبی و بنەماڵەیی و سەرکردەیی لێدەخوێنرایەوە نیو هێندە بەرژەوەندی کورد و کوردستانی دوورمەودای تیادا بەدینەدەکرا.

بەم شێوەیە هەموو هێزە توندەکان لە کورد و شیعە و سونە کۆبونەوە لەبەرەیەکدا کە ئالأی گۆڕین و متمانە سەندنەوەیان هەڵگرتبوو لە حکومەتی مالکی کە تەنها خوایان یەکبوو دەنا هیچ بەرژەوەندی و بیرباوەڕ و ستراتیژیەك یەکیانی نەخستبوون ئەوان بە توندڕەوە شیعی و سنویەکانەوە ناحەزی داواکاریاکانی کوردبوون نیوهێندەی بەرامبەرەکانیان لەشیعە و سونەکانی تر ناحەزی کوردنین بە مالکیشەوە. لەبەرامبەریشدا سەنگەرێکی تری نەرم و نیانتر و ژیرانەتر و لەسەرخۆ و هێمنتر لە کورد و شیعە و سونە دروستبوو کە لایەنگری گۆڕانکاری و چاکسازی و پێکەوە دانیشتن و دیالۆگ و ڕووبەڕووبونەوە بوون.

ئەم بەرەیە وردتر و لە سەرخۆتر و بەحساباتێکی وردتری ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاییشەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکرد و ئەنجامیش گرەوەکەی بردەوە, لەوپەڕی چرکەساتی دوودڵی و دڵەڕاوکێ و نزیکبونەوە لە یەکلایکردنەوەی متمانە سەندنەوە توانی هاوکێشە سیاسیەکان بگۆڕێت بە بەرژەوەندی خۆی و لە ئێستادا کە نەتوانرا واژۆی ١٦٣ ئەندام پەرلەمان کۆبکرێتەوە لەکۆی ٣٢٥ واژۆ, ئەوا ڕێگا دەستوریە سەلیمەکان کۆتاییان پێهات و نەناردنی نامەی متمانە وەرگرتنەوەش بۆ پەرلەمان لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە هێندەی تر سەرکەوتنی بەرەکەی بەلادا خست و

هاتنە سەرهێڵی زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئەمریکا و تەنانەت هەردوو وڵاتی دراوسێی عێراقی خاوەن نفوزیش (( تورکیا و ئێرانیش)) پشتگیریان لەمانەوەی حکومەتی مالکی کرد و بەمەش بەتەواوی هیوا بڕاوی لای بەرەی توندڕەوانی ئاشکرا کرد.

بەم شێوەیە هەر دوێنێ ٢٠١٢/٦/١٠ بەشێوەیەکی کۆتایی و لەگەرمەی کۆبونەوەی بەرەی دژە مالکیدا لە هەولێر کۆتایی بەو تەنگژە سیاسیە زۆر هەستیار و مەترسیدارە هێنرا هەرچەندە سێبەر و مۆتەکەکەی بەتەواوەتی نەڕەویوەتەوە, ئەو سەرکەوتنەش بەدانپیادانانی سەرۆکی حکومەتی عێراقی بەپلەی یەکەم بۆ حیکمەت و موحەنەکی سەرۆک مام جەلال دەگەڕێتەوە کە وەك سیاسیەکی موتەمەریس و موخەزرەم و موحەنەك مامەڵەی لەگەڵ تەنگژەکەدا کرد و وەك سەرۆك کۆمارێکی بێلایەن و پارێزەری دەستوریش ڕێگا چارە دەستوریەکانی پیادەکردو بەمەش بێلایەنی لای هەمووان بۆ هەمووان سەلماند. کە بەهێمنی و دوور لە چاوی کامێرا و ڕاگەیاندنی ئاگرین و گوتەی وروژێنەر و قەبەی بێناوەڕۆك نەك لە بەغدادو هەولێرەوە بەڵکو لە ناو شاخەکانی کوردستان و لەشاری سلێمانی و چەمی ڕێزان و قەلأچوالانەوە توانی عێراق و کوردستانیش لە تەنگژەیەکی زۆر مەترسیدار دەرباز بکات.

پێویستە کورد لەم تەنگژەیەوە پەندی زۆر وەربگرێت و جارێکی تر بەهاندان و کنەکردنی سەرکردە و حیزب و دەوڵەتی تر گڕنەگرێت و فریو نەخوات و خۆی نەکاتە پێش قەوڵ و کەواسوری بەرلەشکر و دەسکەوت و مافە ڕەواکانی نەکاتە قوربانی بەرژەوەندی کەسان و لایەنی تر و یەکێتی هەڵوێست و گوتاری کوردیش تووشی درز بردن نەکات و ئاییندە و هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکە و دونیاش باشتر بخوێنێتەوە و هەڵبسەنگێنێت, حیکمەت و دانایی و ژیری زاڵ بکات بەسەر توندڕەوی و بەرژەوەندی کەسی و دروشمی بریقەداردا.نەك هەرئێستا مالکی ببینێت کە هەموان پێکەوە ڕێکن لەسەر ئەوەی ناوبراویش جۆرێك لە ڕۆحی خۆسەپاندن و تاکڕەوی و تەهمیشکردنی لایەنەکانی تری پیادە کردوە لە ڕابووردوودا بەڵکو دەبێت دوای مالکیشی لەبەرچاو بێت کە ئایا مالکی باشترە یان جێگرەوەکەی کە سەپاندویانە کە هەر دەبێت شیعە مەزهەب بێت جا کەوا بێت جیاوازی چیە لەنێوان دوو عەرەبی شیعە

مەزهەبدا کە یەکەممان تاقیکردۆتەوە و ئەویرتریش نازانرێت کێ دەبێت و بیروڕاو هەڵسوکەوتی چۆن دەبێت. کورد دەبێت سیاسەت بۆ ڕۆژ و دوو ڕوژ نەکات بەڵکو سیاسەتی قۆناغ بە قۆناغ و دوور مەودا پیادە بکات. بۆیە کورد هەمیشە بە یەك و یەکگرتوی و هێمنی و دوور لە جەنگ وخوێنڕشتن زیاتر قازانج دەکات نەك لە شەڕ و خۆگیڤگرندنەوە و ململانێیەکی نابەرامبەردا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد لە ٢٠١٢/٦/١٤دا وڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٧٦ لە٢٠١٢/٦/١٦دا و ڕۆژنامەی میدیا ژمارە ٥٣٧ لە ٢٠١٢/٦/٢٦دا بلاْوکراوەتەوە.

# بەشی دووەم

دیمانە

## ئەم دیمانەیەم لەگەڵ گۆڤاری شەقامدا ئەنجامداوە *

**پرسیار/**

**لەكوردستان تاچەند هەست بەسیستەم دەكرێت؟ ئەگەر ناكرێت كێ بەرپرسە؟**

وەڵام/سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە وەبیرخۆمان بهێنینەوە كە لە كوردوستاندا لەساڵی ١٩٩٢ وە و دوای هەڵبژاردنی یەكەم پەرلەمانی كوردی لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دامەزراندنی یەكەم كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردوستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا, بناغەی سیستەمی سیاسی و حوكمڕانی كوردی داڕێژراو و ئیدی لەوكاتەوە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە كوردوستاندا تاڕادەیەك جۆرێك لە سیستەماتیكی پێوە دیارە.گەرچی ناتەواو وناكامڵ و كەموكوڕیشی تیادابێت.چونكە سیستەمی سیاسی پەرلەمانیە و هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری چەسپاوە و كاری پێدەكرێت.هەڵە و كەموكوڕیەكانیش دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی و كەم ئەزمونی كورد و دەسەڵاتە سیاسیەكەی لە حوكمڕانیدا, چونكە بەدرێژایی مێژوویی كورد لەم سەد ساڵەی دواییدا بەم جۆرە و بەم تەمەنە دەسەڵاتی خۆماڵی خۆی نەبوە.

**پرسیار/**

**ئایا ئەتوانین بڵێین ئەوەی پەیڕەو دەكرێت لە كوردستان سیستەمی فرە حزبیە؟ ڕونی بكەرەوە؟**

وەڵام/ بەڵێ سیستەمی فرە حیزبیە,چونكە زیاد لە یەك حیزب و دوو حیزب لە گۆڕەپانی سیاسی كوردوستاندا كاری ئاسایی و یاسایی و ئاشكرای خۆیان دەكەن و تەنانەت بەشداریشن لە بەڕێوەبردنی وڵات و دام و دەزگاكانی حكومەتدا و بونیان هەیە لە پەرلەمان و وەزارەتەكاندا هەریەكە بە قەوارە و ڕێژەی دەنگ و جەماوەری خۆیان.

بەڵام وێنای سیستەمی سیاسی لە كوردوستاندا بەشێوەیەكە كە دەسەڵاتی دوو حیزبی سیاسی گەورە و خاوەن جەماوەر و خاوەن مێژوو و قوربانیدان كە یەكێتی و پارتین تۆختر دەردەكەوێت لەبەرامبەر كاڵی دەسەڵاتی حیزبە سیاسیەكانی تر كە بە ڕێژە و ئاستی پارتی و یەكێتی خاوەن مێژوو و جەماوەر و قوربانیدان نین, هەربۆیە

وێنا سیاسیەکە وادەردەکەوێت کە سیستەمی فرەحیزبی نەبێت بەڵکو دوو حیزبی دەربکەوێت.

**پرسیار/**

**نەبونی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان هۆکاری چیەو کێ بەرپرسە لێی؟ ئایا پێت وایە لەهەڵبژاردنی داهاتوش ئۆپۆزسیۆن دروست نەبێت؟**

وەڵام/ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن کارێکی ساناو ساکار نیە,و نابێت ئۆپۆزسیۆن دروستکراوبێت و حازر بەدەست بێتە گۆڕەپانە سیاسیەکەوە. بەڵکوپێویستە زەمان و زەمینەی گونجاوی خۆی بۆ بێتە کایەوە و مێژوو کرد بێت و زەرورەت دروستی بکات . ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەمیشە لە ئەنجامی بارودۆخێکی سیاسی خۆیی و بابەتیەوە دێتە بوون , وەك ئەوەی لە ئەنجامی هەڵە و کەموکوڕی و تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەڵات و گەندەڵی و نەبونی ئازادی و دیموکراسیەت و پێشێلکردنی مافەکانەوە دێت لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە. جا کە تائێستا ئۆپۆزسیۆن دروست نەبوە, بەمانای ئەوەیە کە جەماوەر و پارتە سیاسیەکانیش ناڕازی نەبون لە پارتە دەسەڵاتدارەکان و بەو مانایەی کە پارتە دەسەڵاتدارەکان تونیویانە تاڕادەیەکی باش دڵی جەماوەر و پارتەکانی تریش ڕابگرن وڕازیبکەن و کەش و هەوایەکی تەندروستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئارامی و ...هتد. بۆ هەموان بڕەخسێنن.

دروست نەبونی ئۆپۆزسیۆنیش سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی هەڵویستی ڕاشکاوانە و ئاشکرای پارتە سیاسیەکانی دەرەوەی دەسەڵات یان سازشکردنیان لەسەر بیروڕا و بەرنامە و دروشمەکانیان و نەبونی کار و بەرنامەی زانستی و واقیعی تر لەبەرنامەی پارتە دەسەڵاتدارەکان و هەربۆیەش نەیان توانیوە ببنە جێگە متمانەی جەماوەر و بتوانن هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز دروست بکەن.

پێشبینی دەکرێت لەم هەڵبژاردنەی داهاتوودا دەنگ و ڕەنگی نوێ بچێتە پەرلەمانەوە و ببێتە سەرەتا و دەستپێکی دروستبونی ئۆپۆزسیۆن.

**پرسیار/**

تاچەند گەشبینی بەم هەڵبژاردنەی کەبڕیارە(٧/٢٥)بەڕێوە بچێت؟ ئایا ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت گۆڕانکاری بکات؟ ئایا ئەوەی بەرپرسە لەم وەزعە گۆڕانکاری پێدەکرێت؟

وەڵام/ ئەم هەڵبژاردنە سێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردیە لە دوای پەرلەمانی یەکەم لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و پەرلەمانی دووەم لە ٢٠٠٥/١/٣١دا, بەڵێ لە ئەنجامی دوو ئەزمونی پێشتر و باشتر پێگەیشتن و کامڵبوونی بیروڕا دیموکراسیەکان و بونی کەش و هەوایەکی ئازاد و نەترس و بونی چاودێرانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و بونی لیست و دەنگی جیاواز, گەشبینم بەم هەڵبژاردنە و ئەنجامەکانی و هیوادارم کە پرۆسەی دیموکراسیەت و چەسپاندنی ئازادیەکان لە کوردوستانی ئایندەدا باشتر بەرەو پێش بچێت.

بەڵێ بونی دەنگ و لیستی جیاواز مایەی هێنانە دی گۆڕانی زیاتری لێ دەکرێت, بەڵێ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگا هیچ کاتێك قۆرخنەکراوە و تاپۆش نەکراوە لەسەر هیچ کەس و لایەنێکی دیاریکراو, بەڵکو هەموو کەس و لایەنێك کە نیەتی ڕاستەقینەی گۆڕانی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی هەبێت دەتوانێت بەرنامەی جدی و واقیعی و عەمەلی و زانستی بۆ دابڕێژێت و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێشی بکات. گۆڕان هەمیشە بەکەس و لایەنی بە ئەزمون و کراوە و شەفاف و بەتوانا لە ڕووی هێزی مادی و مرۆییەوە دەکرێت و ئاسانتر دەکرێت.

پرسیار/

ئەوەی دەبینرێت سێ هێز یان سێ لیستی جیاواز ململانێی سەخت دەکەن، ئەوانیش لیستی کوردستان وگۆڕان وچاکسازی وریفۆرم، تاچەند گەشبینی بەململانێیەکی دروست؟ئایا پەرلەمانی داهاتو وەك ئەم پەرلەمانەی ئێستا دەبێت؟

وەڵام/ گەشبینم بە ململانێیەکی تەندروست, چونکە هەر لەسەرەتاوە لیستی کوردوستانی کە لیستی هەردوو پارتی دەسەلاتدارە و لیستێکی بەهێز و کاریگەر و خاوەن جەماوەر و خاوەن دەسکەوت و مێژووی پرشنگدارە و ئەزمونی حوکم و دەسەلاتی هەیە.قبوڵی ڕای جیاواز و لیستی جیاوازی کردوە و بەم شێوەیە قبوڵێتی هاوبەشی لەم گەمە سیاسی و دیموکراسیەدا بکات لەگەڵ هەموو لیست و قەوارەکانی

تردا.کە ئەمە مانای بونی نیەتی ڕاستگۆیانەیە لای هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و مایەی گەشبینیشە بە ئاییندە و بە ململانێکەش. بەدڵنیاییی نەخێر, چونکە پەڕلەمانی داهاتوو دەنگ و ڕەنگی نوێ و جیاوازی تێدەچێت کە دەبێتە مایەی زیاتر کاراکردنی و بینینی ڕۆڵی بەرچاو و ئاسایی خۆی لە دەرکردنی یاساکان و چاودێریکردنی حکومەت و لێپرسینەوە و ..هتد.

پرسیار/

ئایا پەڕلەمان لەماوەی چوار ساڵی ڕابردودا تاچەند بەکاری خۆی هەستاوە؟ ئایا پەرلەمان ئەوەندەی نوێنەری حزبەکانیان بون ئەوەندە نوێنەری خەڵك بوون؟

وەڵام/ ئەگەر وەکو دەرکردنی یاساکان سەیر بکرێت, چونکە پەڕلەمان دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە.ئەوا کاری باشی ئەنجام داوە و توانیویەتی گەلێك یاسای گرنگ دەربکات.بەڵام ئەگەر وەکو بەشەکەی تری کاری پەڕلەمان سەیر بکرێت کە بریتیە لە کاری چاودێری کردنی دەزگای جێبەجێکردن و بانگ کردن و لێپرسینەوەی وەزیرەکانی حکومەت ئەوا ئەدائی ناچێتە خانەی باشەوە,ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە چونکە پەڕلەمانی ئێستا هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار زۆرترین نوێنەریان تیادایە و حکومەتیش بەهەمان شێوە, بۆیە ئەگەر پەڕلەمان نەیتوانیبێت بەم کارە هەڵسێت ئەوا هۆکارەکەی بوونی کاریگەری هەردوو حیزب بوە لەسەری.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەڕلەمان بەداوداچون و بانگکردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و بودجەی حکومەتی کردوە.

پرسیار/

بۆچی لەکوردستان لیژنەی نەزاهە دانامەزرێت؟ ئایا ئیتر ئەوە بەسەر نەچووە ئەزمونی کوردستان بگوازرێتەوە بۆناوچەکانی عێراق؟

وەڵام/ بونی لیژنەی نەزاهە کارێکی زۆر باش و گرنگە و هۆکارێکە بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و مشەخۆری و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و لێپرسینەوەی کەسانی گەندەڵ . وەك دەبینین لیژنەی نەزاهەی عێراق لەچەند ساڵی ڕابوردوودا کاری زۆر گەورە و باشی ئەنجام داوە .و پێویستیشە لە کوردوستانیشدا دروست ببێت.ئەوەندەی من ئاگادار بم حکومەتی هەرێمیش لەبەرنامەیدایە و ڕازیە بە

پێکهێنانی ئەو لیژنەیە بەلاّم بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەوەی کە لە بەغداد هەیە, دیارە ئەو کارەش پێویستی بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت هەیە لەلایەن پەڕلەمانەوە , و پێدەچێت لەم خولەی پەڕلەماندا ئەو لیژنەیە پێك نەهێنرێت.

ئەزمونی کوردوستان لەگەلٚ هەموو کەموکوڕییەکانی و هەلٚەکان و ناتەواییەکانیدا و ئەگەر وەك وێنایەکی گشتگیر سەیری بکرێت ئەزمونێکی هێندە ڕەش و تاریك و جێگەی بێئومێد بوون نیە بەلٚکو دەکرێت باشتر بکرێت و بەرەو پێشەوە ببرێت و هەلٚە و کەموکوڕیەکان ڕاستبکرێنەوەوخەلٚکان و ناوچەکانی تریش سوودی لێوەربگرن.

پرسیار/

هەلٚبژاردنی سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لەلایەن خەلٚکەوە چ ئیجابیات وسلبیاتێکی هەیە؟ ئایا سیستەمی سەرۆکایەتی بۆکوردستان لەئێستادا تاچەند گونجاوە؟

وەلاّم/ بەڕای من هەلٚبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەکوردوستاندا ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە ناگونجێت لەگەلٚ دەستوری عێراقدا,چونکە لەدەستوردا هاتوە کە سیستەمی سیاسی عێراق بریتیە لە سیستەمێکی پەڕلەمانی و فرەیی و دیموکراسی و فیدڕالی. بۆیە ناکرێت هەرێمی کوردوستان و هیچ هەرێمێکی تریش کە بەشێکن لە عێراق بەپێچەوانەی دەستورەوە مامەلٚە بکەن. کەواتە کارەکە سەرەتا دەستوری نیە و دواتریش هەلٚبژاردنی سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە دەیکاتە خاوەن دەسەلاّتێکی گەورەو فراوان و دەتوانێت کاری پەڕلەمان سڕبکات و هەلٚبوەشێنێتەوەو یاسا و بڕیارەکانیشی کاری پێنەکرێت و ڕابیگرێت.کەئەمەش بۆخۆی دەبێتە مراندنی کەش و هەوای ئازادی و دیموکراسی و بەرتەسکردنەوەیان و هەنگاونان بەرەو تاك ڕەوی و قۆرخکردنی دەسەلاّت. بەتایبەتیش لە کوردوستان و ناوچەکەدا پڕۆسەی چەسپاندن و تێگەیشتن لە دیموکراسیەت و ئازادیەکان لە قۆناغی سەرەتاییدان.بۆیە بە ڕای من هەلٚبژاردنی سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە سلبیاتی زیاترە لە ئیجابیاتی و لەم قۆناغەدا سیستەمی پەڕلەمانی باشترە کاری پێبکرێت تائەوکاتەی دیموکراسیەت و بنەماکانی بەتەواوەتی دەچەسپێت و دەبێتە کەلتوری جەماوەر و سەرکردە ودەسەلاّتی سیاسیش.

**پرسیار/**

**لەکوردستان سەرجەم کایەکان بەحزبی کراوە، ئەمە تاچەند زیانی هەیە لەسەر سیستەمی دیموکراسی؟ ئایا بەم شێوەو عەقڵیەتە وڵات پێش دەکەوێت؟**

**وەڵام/ ئاشکرایە بەشێوەیەکی گشتی لەهەر کۆمەڵگایەکدا حیزب دەسەڵاتداربێت بەسەر سەرجەم کایەکانی ژیاندا, ئەوا ئەگەر ئەو حیزبە دیموکراسی نەبوو وەبڕوای بە ئازادیەکان و مافەکان و سەروەری یاسا نەبوو. ئەوا کۆمەڵگایەکی حیزبی داخراوی دواکەوتوی چەقبەستوو دەردەچێت و مانای ژیان و پیرۆزی و ئارامی و پێشکەوتن و داهێنان نامێنێتەوە و کارێکی زۆر خراپ دەکاتە سەر دیموکراسیەت و پێکەوە ژیان و ئازادی و تەبایی تاکەکان و پێکهاتەکان.و وڵات و کۆمەڵگا بەرەو هەژاری و دواکەوتوی و بێکاری و نەخۆشی زیاتر دەبات. نمونەش هەموو ئەو کۆمەڵگا و وڵاتانەیە کە لەسایەی حوکمی تاك حیزبی و دیکتاتۆری و تاك ڕەویەوە حوکم کراون لەسەدەکانی ڕابوردوو ئێستاشدا.**

---

*** ئەم بابەتە لە گۆڤاری شەقام ژمارە ١٢٠ لە ٢٠٠٩/٤/١٠دا بلاْوکراوەتەوە.**

## میراتگری کوردایەتی ڕەسەن کێیە؟ *

- بیری کوردایەتی وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی ونەتەوەیی پیشکەوتنخواز و ئاشتیخواز لەمێژە سەریهەڵداوە شانبەشانی بیرە نەتەوایەتیەکانی تری ناوچەکە و ئامانجیشی ڕزگارکردنی نەتەوەی کوردە لە ژێردەستەیی و پارچەپارچەبون و چەوساندنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەهێزی مەرکەزیە لەسەر خاك و نیشتیمانی کورد لە کوردستاندا. هاوشانی دەوڵەتانی نەتەوەیی تر لە تورك و فارس و عەرەب و ...هتد.

کوردایەتی وەك هەست و بیر مێژویەکی ڕاست و دروست و دیاریکراوی نیە بۆ سەرهەڵدانی, بەڵام کوردایەتی وەك هەست هەمیشە وەك کاراکتەرێکی خۆڕسك لە ناخ و مێشك و هەستی هەموو تاکێکی کورددا هەمیشە ئامادەگی هەبوە لە دێر زەمانەوە و هەمیشە تاکی کورد لەهەر جێگەیەکی ئەم دونیایەدا بوبێت چ خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوبێت یان نەخوێندەوار و دەشتەکی بوبێت, چ پۆست و پلەو پایەی بەرزی ئیداری و سەربازی بوبێت یان دوور بوبێت لە دەسەڵات و دام و دەزگای دەوڵەتیەوە و تاکێکی ئاسایی بوبێت هەمیشە هەستی کوردانەی لا زیندوو بوە و شانازی بەکوردبونی خۆیەوە کردوە و پارێزگاری لە خاك و زمان و داب و نەریتی کوردانەی خۆی کردوە.

بەڵام وەك بیرێکی سیاسی یان ئاینی یان فەلسەفی و ئایدۆلۆژی. ئەم بیری کوردایەتیە نەخراوەتە چوارچێوەیەکی فەرمی و بنەما و تێز و بۆچونەکانی نەچەسپێنراوە و کاری لەسەر نەکراوە بۆ گەشەپێدانی و پێشخستنی و چەسپاندنی لەناو دڵ و مێشکی تاکەکانی کورددا و خەباتێکی سیاسی و بەرنامەیەکی سیاسی ستراتیژیشیان بۆ دانەناوە کە کاری پێبکەن و بیکەنە خاڵی میحوەری و هەموو بەرنامە و کار و خەباتی کوردانەی لەسەر هەڵبچنن.

بەم شێوەیە تازەمانێکی نزیك لە ئێستامان و بگرە تائێستاش کوردایەتی وەك هەست زاڵترە لە بیر ((کە ئەمەش بەداخەوە کەمتەرخەمی و خەمساردی پارتە سیاسی و ڕابەر و هێزە باڵادەستەکانی کوردستانە لە پێش هەموانی ترەوە)) و

ئاشكراشه هیچ كاتێك هەست كاریگەری بیرێكی چەسپاو قوڵی نیه و ناتوانێت خواست و ئاوات و خەون و ئامانجەكان بەتەنها بەهەستی كوردایەتی بێنه دی بەبێ بونی بیرێكی چەسپاو و قوڵی كوردایەتی.

- هۆكاری نەكردنی ئەم كارەش گەلێكن لەوانه بەكورتی:-
- نەبونی دەوڵەتێكی كوردی مەركەزی بەهێزی خاوەن دام و دەزگای گەورە و فراوانی وا كه گرنگی بداته مێژوو و جوگرافیا و فەلسەفه و زانست و ئەدەبی كوردی و ...هتد. بتوانێت بەزیندووی بیانهێڵێتەوە.
- داگیركردن و دابەشكردنی كورد و كوردستان له دێر زەمانەوەو چەوساندنەوەو بەژێردەستەیی هێشتنەوەی.
- دواكەوتوی و هەژاری و نەخوێندەواری كوردان.
- بون و ڕوودانی شەڕ و شۆڕی سەپێنراو بەسەر خاك و نەتەوەی كورددا لەلایەن دوژمنان و داگیركرانەوە.
- گەشەنەكردنی ئابوری و زانست لەناو كورداندا بەهۆی هەڵكەوتەی تۆپۆگرافی كوردستانەوە و دابڕانی له دونیای دەرەوە و سەرقاڵبونی میر و بەگ و سەردانی كورد لەلایەك بەشەڕی ناوخۆی بنەماڵەكانیان و لەلایەكی ترەوە بەهۆی شەڕی دەرەكی سوڵتان و والیەكانەوە و پێدانی باج و خەراج و سەرانەی ساڵانەوە پێیان.
- دیاردەی دزێوی تۆخی بنەماڵه چێتی و پیرۆز ڕاگرتنی خێڵ و عەشرەت و تیره و ئاین بەسەر مەسەله نەتەواییەكاندا.

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هۆكار و ڕاستیه تاڵ و تفتانەدا بیری كوردایەتی قۆناغ بەقۆناغ گەشەی كردوه و بەكاریگەری و كارتێكردنی بیر و ئایدۆلۆژیا سیاسی و ئاینیەكانی دەوروبەر له پان توركیزم و عەرەبیزم و فارسیزم و بیر و ئایدۆلۆژیای ئاینی مەسیحیەت و ئیسلام و ..هتد.

هەستی كوردایەتی و سەرهەڵدانی زۆر له مێژە. ئەوەتا شاعیرێك بەناوی (( بەسام كورد)) لەسەدەی ٣ ی كۆچیدا ژیاوه و شیعری بەفارسی نوسیوه و له پێشەنگەكانی شاعیراندابوه و نازناوی كوردی لەخۆی ناوه كه ئەمه هەر لەخۆوه

نەبوە. یان باباتاهیری هەمەدانی کە لە پێشەنگەکانی جیهانی سۆفیگەری و شیعری فارسیدا بوە و هەموو شیعرەکانی هەست و بیری کوردانەی لێ چۆڕاوە.

ئاشکراشە دروستبون و دامەزراندنی میرنشین و دەوڵەتە کوردیەکان هەمان پاڵنەری بیر و هەستی کوردانەیان لە پشتەوە بوە. ئەوەتا دەوڵەتی کوردی دۆستەکی کەلە ساڵانی نێوان ٩٨٢-١٠٨٦ زاینیدا دامەزراوە. یەکێکە لە ئەزمونە گرنگەکانی سەرەتای دەسەڵاتی کوردی هاوشان لەگەڵ دەوڵەتەکانی تری وەك ڕوادی و شەدادی و حەسنەوی و عەنازی. هەروەها دامەزراندن و سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەرەسهێنانی دەیان میرنشینی کوردی تر لەسەدەی ١٠ ی زاینیەوە تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩ هەم. هەمان پاڵنەری بیری کوردایەتیان لە پشتەوە بوە.بەهەمان شێوە شاعیران و نوسەران و مێژونوسانی کورد و سەردار و دەستڕۆیشتوە ڕۆشنبیرەکانی کورد لەمێژە بەپاڵنەری بیری کوردایەتی دەستیان داوەتە شیعر نوسین و شانامە وەنینەوە و مێژوونوسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی کوردانە لە ڕۆژنامەکاندا نمونەش نوسینی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان و نوسینی شەرەفنامەی شەرەف خانی بەدلیسیە لەساڵی ١٥٩٧دا.

هەموو ئەمانە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنن کە مێژووی بیری کوردایەتی مێژوویەکی ڕەگ داکوتراوی قوڵە و هەتا گەیشتۆتە ئەم سەردەم و زەمانەی ئێستا بە چەندین نسکۆ و کەوتن و خەفەبون و هەرەس و هەڵسانەوە و گەشەکردندا تێپەڕیوە و لە هەندێك قۆناغ و لەئێستاشدا بیری کوردایەتی ئاستی نوسین و هەست و قەڵەمی تێپەڕاندوە و پەنای بردۆتە بەر شۆڕش و خۆپیشاندان و بەگژداچونەوەی چەکداری بەرامبەر دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.

هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینە کانی میر و بەگ و سەردارانی کورد و لەوانەش ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخەکانی شەمزینان و پیران و بەدرخانیەکان و شێخ مەحمودی نەمر و بارزانیەکان و قازی محەمەد و شۆڕشەکانی ئەیلول و نوێی گەلەکەمان لەم بەشەی کوردستان و شۆڕشی چەکداری پارتی

کرێکارانی کوردستان pkk لە باکوری کوردستان و خەباتی نەپساوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ..هتد. نمونەی زیندوی گەشەکردن و باڵانمای بیری کوردایەتین.

کەواتە کوردایەتی چ وەك هەست و چ وەك بیر و بزوتنەوە لە ئێستاوە سەریهەڵنەداوە و زادەی ئەم سەردەم و زەمانەی ئێستا نیە و هیچ سەرکردە و ڕابەر و لایەنێکی سیاسی ئێستاش دەستیان لە سەرهەڵدان و گەشەکردنیدا نەبوە و کوردایەتی لە زەمانی ئەم ڕابەر و سەرکردە و پارتە سیاسیانەی ئێستاوە دەستیان پێنەکردوە , بەڵکو سەرکردە و ڕابەر و پارتە سیاسیەکانی ئێستا لەسەر شان و مێژوو وخەباتی کوردایەتی پێشینان و ڕابەرانی تری کوردایەتی گەیشتونەتە چڵەپۆپەی گەشەکردنی کوردایەتی لە ئێستادا و هەربۆیەش ناکرێت خۆیان بکەنە دەم ڕاست و ڕیش سپی یەکەمی کوردایەتی و میراتگری کوردایەتی ڕەسەن و بەتەنها خۆیان بکەنە پاڵەوان و قارەمانی بەدەستهێنانی دەسکەوتەکان.

- **ئەی کەواتە کێ میراتگری ڕاستەقینە و ڕەسەنی کوردایەتیە؟**

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تەنها ئەو هێزە سیاسی و سەرکردە و ڕابەرانە دەبنە میراتگری ڕاستەقینەی کوردایەتی کە :-

١. خۆیان تەرخانکردوە بۆ سەرخستن و چەسپاندنی بیری کوردایەتی لەناو تاك بەتاکی کورددا بۆئەوەی ببێتە ڕچە و ڕێباز و هێڵی گشتی کارکردن و خەباتکردن و پەروەردەکردنی نەوەی نوێش بەگیانێکی کوردانەی ڕاستەقینە و گەیشتۆتە ڕادەی شەهیدبون و لە سێدارەدانیان و بونەتە ڕەمز و سیمبولی خەبات و کۆڵنەدان و خۆشەویستی گەلەکەشیان وەدەستهێناوە و لەلاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی گەلەکەشماندا بەنەمری ماونەتەوە. دوور لە ئینتیمای حیزبایەتی و پیرۆزکردنی سەرکردە و ڕابەر و لایەنگری بۆ بنەماڵە و خێڵ و تیرە و مەزهەب و ناوچەگەری و لادان لە ڕاستە ڕێگای خەباتی کوردایەتی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دەزگا جاسوسیە نێودەوڵەتیەکان و داگیرکەرانی کوردستانداو بەتاڵانبردنی سەروەت وسامانی کوردستان و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ, بەشێوەیەك هەرکاتێکیش ئەو سەرکردانەی ئێستا نەمێنن تەنها وەك خاڵێکی ڕەش لەمێژووی کوردایەتیدا تۆمار دەکرێن نەك وەك ڕابەر و سەرکردانێکی نەمر...هتد.

٢. ئەو هێز و لایەن و ڕابەرانە دەبنە میراتگری ڕاستەقینەی کوردایەتی کە خۆیان تەرخانکردوە بۆ خزمەتکردنێکی ڕاستەقینەی جەماوەر و گەل و نەتەوە و پێشخستن و گەشەکردنی کوردایەتی. نەك بۆ بەدەستهێنانی پلە و پایە و ئیمتیازات و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و خۆدەوڵەمەندکردن.

٣. میراتگری ڕاستەقینەی کوردایەتی هێز و لایەن و ڕابەرانێکن کە پشت بکەنە بیری تەسکی حیزبایەتی و بنەماڵەیی و ناوچەگەرایی و خێڵ و مەزهەب و ئاین و کاربکەن بە بیرێکی فراوانی نەتەوەیی و ناوچەیی و دونیای.

٤. میراتگری ڕاستەقینەی کوردایەتی هێز و ڕابەرانێکن کە خۆیان بکەنە سووتەمەنی و پێشمەرگەی گومناوی سەرخستن و گەشەکردن و چەسپاندنی کوردایەتی. نەك ئەمان بەناوی کوردایەتیەوە بە پێپلیکانەی پۆست و پلە و ناو وناوبانگی گەورەدا سەربکەون بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان.

٥. میراتگری ڕاستەقینەی کوردایەتی ئەو هێز و کەس و لایەنانەن کە خۆبەخشانە کاردەکەن بۆ سەرخستنی کوردایەتی و بزوتنەوەی کوردایەتی دەکەنە نەخشەڕێگای کار و خەباتیان. نەك ئەو کەس و لایەنانەی کە خۆیان سەپاندوە و ڕێگەش بەکەس و لایەن و هێزی نوێگەرای تر نادەن کە بەشداری جدیان هەبێت لەو پێناوەدا و دەنگ و ڕەنگی جیاوازیان هەبێت و شێواز و ڕچەی نوێگەراییان هەبێت لە خەباتدا و داوای گۆڕانکاری و سەرخستن و پێشخستنی ئەم ئەزمون و دەسەڵاتەی کوردایەتی بکەن بە تێگەیشتنێکی نوێی سەردەمیانە دوور لە دۆگمابون و چەقبەستن و کۆنەپارێزی.

- لە کۆتاییدا دەبێت هەموان ئەو ڕاستیە بزانین کە بزوتنەوەی کوردایەتی ڕەسەن و ڕاستەقینە ڕچە و ڕێبازی خۆی دەبڕێت و لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوڕەوەی مێژوودا هەموو قۆناغەکان تێدەپەڕێنێت و گەشەی ئاسایی خۆی چێ دەکات. بەبێ وەستان و نوچدان و پێویستبوونی بە پارت و لایەن و ڕابەڕانێکی دیاریکراو.چونکە بۆ خۆی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی خۆڕسکە و بەسروشتیش گەشە و بەرەو پێشەوە دەچێت. هەربۆیە هیچ کەس و لایەن و پارت و ڕابەرێك ناتوانێت خۆی بکاتە تەنها میراتگری کوردایەتی, بەڵکو هەموان خاوەن و میراتگری کوردایەتین

هەریەکە بە قەوارە و کاریگەری و قورسایی و خەباتی ڕاستەقینەی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان. و چەسپاندنی بیری کوردایەتی لەناو نەتەوەی کورددا و گرتنە بەری شاڕێگای کوردایەتی دوور لە مساوەمە و سازشکردن بۆ داگیرکەران و دوژمنانی کوردایەتی و سەردانەواندن بۆیان و دەست و پێ ماچکردنیان .ئیدی مافی هیچ کەس و لایەنێك نیە کە لە قۆناغێکدا ڕۆڵ وکاریگەریان هەبوبێت بیکەنە منەت و بیفرۆشنەوە بەجەماوەر و بەدەسکەوتی تایبەتی خۆیان حسابی بکەن .

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠٠٩/١٠/٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئاسۆکانی مەسەلەی کورد لە تورکیادا

## بەرەو کوێ؟ *

- ئاشکرایە خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(( کوردایەتی )) لەهەر ٤ بەشەکەی کوردستاندا درێژەی هەیە و هەریەکەیان لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگە وسیستەمە سیاسیەکەی دەوڵەتانی سەردەستدا بە ئامڕاز و شێوازی جۆراوجۆر درێژەیان داوە بە خەبات و کەم تا زۆر توانیویانە بەرگری لەمان و زمان و کەلتور و مێژو و جوگرافیای کورد بکەن و گەلێك دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و...هتد وەدەست بهێنن.

(( کوردایەتی )) لە کوردستانی باشوردا توانیویەتی لە ئێستادا دەسەلاتێکی خۆماڵی کوردانە پێکەوە بنێت و لە تەواوی کۆماری عێراقیشدا بەشداری کاریگەری هەبێت لە دەسەلات و چەسپاندنی فیدراڵیەت و دیموکراسیەت و ئازادیەکاندا و ئەم بەشەی کوردستان بۆتە چرایەکی گەش و ڕۆشنکەرەوە و پەناگەیەکی ئارام بۆ کوردانی بەشەکانی تریش و هەموانیان سوود و کەڵکی زۆریان وەرگرتوە لەم ئەزمون و دەسەلاتەی کورد. هەربۆیەش مانەوە و بەردەوامبونی ئەم دەسەلاتە و کۆمەك و هاوکاری و پشتگیریکردنیشی بۆتە ئەرکێکی مێژویی و نەتەوەیی لەسەر هەموان. چونکە بوون و مانەوە و بەردەوامبونی کاریگەری زۆر گەورەی دەبێت لەسەر ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی خەباتی کوردایەتی لەناوچەکە و دونیاشدا و بە پێچەوانەشەوە نەمان و بچوکبونەوەی دەبێتە کارەساتێکی جەرگبڕ و کوژاندنەوەی ئومێد و نادیاربونی ئایندەش.

- بەداخەوە لەهەردوو بەشەکەی کوردستانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا ((کوردایەتی )) بە قۆناغێکی سست بون و متبوندا گوزەر دەکات سەرەڕای بوونی هێز و پارتی سیاسی و چەکداری و بەردەوام بوون لە خەباتکردندا.ئەوەش لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی بەرنامەیەکی خەباتی ڕوون و ئاشکرا و ڕاست و ڕەوان و یەکگرتوو لەنێوان پارت و هێزە سیاسیە کوردیەکاندا و لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانین و تێگەیشتن و بینینی سیستەمە سیاسیە دەسەلاتدارەکان

لەو بەشانەی کوردستاندا کە تائێستا بە شێوازێکی نادیموکراسی و دوور لە مرۆڤایەتی ڕەفتار و مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ڕەوای کورددا دەکەن.

- ئەوەی جێگەی ئومێد و دڵخۆشکردنە لە ئێستادا ئەوەیە کە مەسەلەی کورد لە باکوری کوردستاندا جۆرە کرانەوەیەك و گەرموگوڕیەکی بە خۆوە بینیوە چ لەسەر ئاستی کورد خۆی و چ لەسەر ئاستی دەسەلاَتی سیاسی لە تورکیادا لەسایەی حوکمڕانی پارتی داد و گەشەپێدانەوە((ئەکەپە)). کە ئەم کرانەوەیە بەڕووی مەسەلەی کورد و باسکردن و گفتوگۆکردن دەربارەی ئەم مەسەلەیە بە ئاشکرا و لە ژێر چەتری پەڕلەمانی تورکیادا لە ڕۆژانی ١٠ و ٢٠٠٩/١١/١٣دا(( یادی کۆچی دوایی مستەفا کەمال ئەتاتورك)) و لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و میدیاکانی ئەو وڵاتەدا و تەنانەت لەسەر ئاستی شەقامی تورکیش کاریگەریەکی گەورەی دەبێت لەسەر ڕۆشنکردنەوە و ڕووناککردنەوەی ئاسۆکانی دوا ڕۆژی مەسەلەی کورد لە باکور.

ئاشکرایە لە دەوڵەتی تورکیای نوێدا کە لەساڵی ١٩٢٣ وە لەسەر دەستی مستەفا کمال ئەتاتورکدا دامەزراوە و بەدرێژایی ئەم ٨٦ ساڵەی ڕابوردوو یەکێك لەمەسەلە هەرە یاساغ و قەدەغەکراوەکان بریتی بوو لەمەسەلەی کورد و باسکردن لێی و ناوهێنانی و تەنانەت بیرکردنەوەش لە چارەسەرکردنی  لەتاوانە گەورەکان بووە و دەچوە چوارچێوەی خیانەتی گەل و نیشتیمان و جۆرەها و قورسترین سزای بەدواوە بوو وە ببوە هێڵی سوور بۆ هەموو سەرکردە و پارتە سیاسیەکان بە عیلمانی و ئیسلامی و نەتەوەیی و دیموکراسیەکانیشەوە و هیچ کەس و لایەنێك جورئەتی باسکردن و گفتوگۆکردنی نەبوە. و تەنها چارەسەر بریتی بوە لە ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی و بەکارهێنانی چەك و ئاگر و ئاسن بەرامبەر هاولاَتیانی سیڤڵی کورد و سەرتاپای کوردایەتیش کەلە ساڵەکانی هەشتای سەدەی ڕابوردووەوە دەستیان بەخەباتی سیاسی و چەکداری کردلەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە(( پەکەکە)) و ماوەی ٢٥ ساڵە بەهەزاران ڕۆڵەی کورد و تورك لەوپێناوەدا لەناوچوون و بە هەزاران دایك جەرگیان سوتاوە و بە ملیارەها دۆلار زیانی مادی لێکەوتۆتەوە و بەمەش ژێرخانی ئابوری تورکیا بەگشتی و ناوچەکانی

کوردستان بەتایبەتی داتەپیوە و نەخۆشی و دواکەوتویی و بیٚ کاری و هەژاری لە کوردستاندا بلاٌوبۆتەوە.

بەلاٌم خۆشبەختانە و لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری سالٌی ١٩٩١ی باشوری کوردستانەوە و درککردنی دەولٌەتی تورکیا بەگەورەبون و کاریگەربونی ڕۆلٌی کورد لەناوچەکە و دونیاشدا و بەهەولٌ و هیمەتی سەرۆك مام جەلال بۆ میانەکردنی لەنێوان تورکیا و پەکەکە دا لەسالٌی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا لەسەردەمی سەرۆك تۆرگۆت ئۆزالدا کرانەوەیەکی کەم بەڕووی مەسەلەی کوردا دروست بوو و توانرا سەهۆلٌبەندانی ڕق و قین و دوژمنایەتی کەمێك بتوێتەوە , بەلاٌم هەلٌە و توندڕەوەی و بیرتەسکی ناسیونالیزمی کورد و تورك پەکی ئەو هەولٌەیان خست.

لەئێستادا و لەسەردەمی حوکمڕانی پارتی داد و گەشەپێدان(( ئەکەپە))دا هەولٌ و نیەتێکی جدی هەست پێدەکرێت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیادا بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ و دیموکراسیانە. لەگەلٌ بوونی دژایەتیەکی توند و گەورەی ئەم پرۆسەیە لەلایەن هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆنەوە (( گەلی کۆماری جەهەپە بەڕابەرایەتی دێنیس بایکالٌ و بزوتنەوەی نەتەوەی تورکی مەهەپە داود باخچەلی)) کە نمایندەی شۆڤێنیەت و دەمارگیری و توندڕەوی و پان تورکیزم دەکەن.و دوژمنی سەرسەختی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردن بە شێوازی دیموکراسیانە.

ئاشکرایە ئەم پرۆسەی کرانەوەیە بەڕووی مەسەلەی کورددا لە باکوری کوردستان پرۆسەیەکی گەلێك گرنگ و گران و هەستیارە و سەرکەوتنی کارێکی سانا و بیٚ گرفت و گولٌ ڕێژکراو نیە و لەچەند ڕۆژ و مانگ و سالێکدا نایەتە دی, بەلاٌم بۆخۆی دەسپێکردن و بە ئاشکرا باسکردنی و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە و لەلایەن پارتی دەسەلاٌتدارەوە سەرەتایەکی دلٌخۆشکەر و جێگەی بوژانەوەی ئومێد و خواستەکانە و هەموان لەناو تورکیادا بە کوردستانیشەوە بە وریایەوە تێی دەڕوانن.پارتی داد و گەشەپێدان (( ئەکەپە)) بەم کار و هەنگاوانەی لەلایەك موجازەفە بە ژیانی سیاسی خۆی دەکات لەسەر ئاستی گەلی تورکیادا لەکاتی سەرنەکەوتنی پرۆژەکە و لەلایەکی تریشەوە هەنگاوێکی گەلێك بوێر وگەورە و مەزن دەنێت لەسەر ئاستی

مەسەلەی کورد لە تورکیادا لەکاتی سەرکەوتنیدا.ئاشکراشە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیادا پێش ئەوەی بە قازانجی کورد تەواو ببێت بە قازانجی تورکیا و دەسەلأت و سیستەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و سەربازیەکەی تەواو دەبێت. چونکە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەبێتە هۆی جوانکردن و گەورەبونی سیمای سیستەمی سیاسی و جێگیربوونی لەتورکیا و ناوچەکە و دونیاشدا و بەتایبەتیش لەبەردەم یەکێتی ئەوروپادا و هەروا دەبێتە هۆی بوژانەوەی زیاتری بواری ئابوری و جێگیربونی بواری کۆمەلأیەتی و گەشەی بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و خوێندەواری و کەمبونەوەی هەژاری و بیێ کاری و دواکەوتویی.

بۆیە(( ئەکەپە)) و سەرکردەکانی هەنگاوێکی گەلێك هەستیار و مەترسیدار و گرنگیان ناوە و بەم کارەیان برایەتی و تەبایی لەنێوان سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبەکانی تورکیا دروست دەکەن و هەموانیش پشتیوانیەکی گەورە لەم پرۆسەیەی ئاشتبونەوەیە دەکەن و (( ئەکەپە)) و سەرکردەکانی بە گیانێکی دوور لە تورکیزم و شۆڤێنیەت و بیری تەسکی حیزبایەتی و نەتەوایەتیەوە کار دەکەن و گەرەکیانە مێژووی ڕەشی ٨٦ ساڵەی ڕابوردووی دەسەلأتی ئاگر و ئاسنی جەندرمە و میت و سوپای تورکیا بگۆڕنەوە بە دەسەلأتێکی دیموکراسیانە و ئازادانە و ماف پەروەرانە بۆ هەموو پێك هاتەکانی تورکیا و لە پێش هەموشیانەوە کورد کە لە ئێستادا نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەسن لەکۆی ٧٢ ملیۆن کەس کەلە تورکیادا دەژین.

بەم شێوەیە گەر هەوڵ و هیمەتەکانی (( ئەکەپە)) سەرکەوتوبێت بە ئاڕاستەی کرانەوەو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیادا بەهاوبەشی لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە پارتی گەشەپێدانی دیموکراسیەت ((دەتەپە)) و پەکەکەدا . خۆ ئەگەر لایەنی کوردیش هەنگاوی جدی و عەمەلی بهاوێژێت هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی ئەکەپەدا و ببێتە هاوکار و کارئاسنکەر بۆ ئەکەپە. ئەوا بەدڵنیاییەوە ئاسۆکانی دواڕۆژی کوردایەتی لەم بەشەی کوردستانیشدا زیاتر ڕۆشن و ڕووناك دەبێتەوە و بەهەمان شێوەی دەسەلأت و ئەزمونی باشوری کوردستان کاریگەری گەورەی دەبێت بۆ دواڕۆژی بەشەکانی تر لە کاتێکدا کە باکوری کوردستان بەتوانا مادی و مرۆیی و سروشتیە دەوڵەمەندەکانیەوە گەورەتر وکاریگەرترە لەناو خاك و گەلی کوردستاندا.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٥٥ لە ٢٠٠٩/١٢/٥دا بلأوکراوەتەوە.

*******************************

# پێگە سیاسی کورد
# لە دەسەڵاتی ئایندەی عێراقدا بەرەو کوێ؟*

• ئاشکرایە کورد ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری بینی لە پڕۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیدا لەساڵی ٢٠٠٣دا لەپاڵ هێزەکانی ئەمریکا و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا و کوردستان هەموو کات پێگە و جێگەی خەبات و جۆشدان و خۆئامادەکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو دژی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو.هەرئەم ڕۆڵ بینینەی کورد بوە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتای ڕوخاندنی ڕژێمدا و تاساڵی ٢٠٠٥ یش هاوکار و هاوبەش و شەریکێکی سەرەکی بێت لە دەسەڵاتی نوێی عێراقدا و جەمسەرێکی گرنگ و هێزێکی سیاسی و جەماوەری حساب بۆ کراویش بێت لە هاوکێشە و بەڵانسی ململانێ و هێزەکاندا.و کورد توانی گەلێك دەسکەوتی گەورەو گرنگ وەدەست بهێنێت لەوانەش نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی و جێگیرکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و دانان بە سیستەمێکی فیدڕاڵی و دیموکراسی و فرەییدا و سەلماندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و چەسپاندنی ڕێژەی ١٧٪ی بودجەو گەلێکی تریش. و کورد لەو ساڵانەدا و تائێستاش بەڕاستی و ڕاستگۆیانە و لێپرسراوانەوە هاوبەشی حوکم و ڕۆڵی ئیجابی دەبینی لە پڕۆسەی ئاشتەوایی و دوورکەوتنەوە لە شەڕی مەزهەبی و تایەفی و جەنگان دژی تیرۆرو تیرۆریستان و بەمەش گەل و خاکی عێراقی لەدابەشبون پاراست.بەڵام بەداخەوە لەدوای ساڵی ٢٠٠٦وە پێگە و ڕۆڵی کورد لە بەغداد بەرەو کزی و لاوازی و بێهێزی دەچوو, بەهۆی لەلایەك بەهێزبون و خۆڕێکخستنەوەی دام و دەزگا سەربازی و ئەمنیەکان و حکومەتی عێراقیەوە و دوورکەوتنەوەی تارمایی شەڕی تایەفی و مەزهەبی و لاوازبونی تیرۆریستان و کەمبونەوەی چالاکیەکانیان و لەلایەکی تریشەوە فشار و هەوڵەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ بچوککردنەوەی ڕۆڵی کورد لە بەغداد و لەلایەکی تریشەوە کورد خۆی هۆکارێکی گەورەتر و کاریگەرتر بوو لەناوخۆی کوردستاندا.

- لە ئێستاشدا و لەبەردەم پرۆسەیەکی زێدە گرنگ و مەترسیداری هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی ئایندەی عێراقیدا , کورد هەڵوێست و پێگەی بەرەو زیاتر لاوازبون و بێهێزی و بچوکبونەوە دەچێت و پێشبینی دەکرێت لە ئایندەدا ڕۆڵ و پێگەی کورد بەرەو دوورکەوتنەوەی زیاتر بچێت لەناوەندی بڕیار لە بەغدادا لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:-

١. گۆڕین و ئاڵۆزبونی نەخشەی سیاسی لە عێراقدا لە ئەنجامی پێکەوەنانی هاوپەیمانی و گروپی سیاسی نوێ لەنێوان هێز و پارتە سیاسیە شیعی و سونیەکانی عێراقدا.

٢. نەمان یان کارنەکردن بەبنەمای تەوافوقی سیاسی لە ئایندەدا و کارکردن بەبنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کەمینە و زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان.

٣. بوونی زیاد لە لیستێکی هەڵبژاردن لەلایەن کوردەوە کەئەمەش بۆ خۆی دەبێتە پەرتبون و لێك دوورکەوتنەوەو نەمانی یەك و یەکگرتوویی لیستی کوردستانی.

٤. بونی چەندین هاوپەیمانی نوێی بەهێز لەنێوان شیعە-شیعە و شیعە-سونە و ..هتد., دوور لە هاوپەیمانی لەگەڵ کورددا.کە ئەمەش بۆخۆی مەترسی گەورەیە لەسەر پێگەی ئایندەی کورد.

٥. بونی فشارێکی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی سونی و شیعی بەهێز لەسەر شیعە و سونەکانی عەرەبی عێراق بۆ یەکخستنی هەوڵەکانیان دژی کورد.

بەم شێوەیە کورد لە ئەنجامی نەبونی سەرژمێریەکی ووردی دانیشتوان و کارکردن بە ئاماری وەزارەتی بازرگانی عێراقی بەم ژمارەیەی ئێستاوە کە دیاریکراوە ژمارەی دانیشتوانی عێراق بۆتە ٣٢ ملیۆن کەس و بەمەش ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانیش دەبێتە ٣٢٣ کورس لە جیاتی ٢٧٥ کورسی ئێستا. و زیادکردنی ژمارەی کورسیەکانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە ژمارەی کورسیەکانی هەرێمی کوردستان کە تەنها ٣ کورسی زیادکردەوە. بەم پێیە بێت ئەوا لە باشترین حاڵەتدا هەرێمی کوردستان جگە لە کەرکوك وجێگە ناکۆکەکان

تەنها ٤٠ کورسی بەردەکەوێت کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پێگەی کورد زیانی گەورەی پێدەگات.لەوانەش:-

١. دوورکەوتنەوەی کورد لەناوەندی بڕیاردان لە بەغداد.
٢. لەدەستدانی ئەو دەسکەوتانەی بەدەستهاتوون لە:-

- گۆڕینی مادە و بڕگەکانی دەستور کە زۆر دەمێکە لەهەوڵی گۆڕینیدان لەدەستوری هەمیشەیدا لە فیدرالْیەت و مادەی ١٤٠ی دەستور.
- کەمکردنەوەی ڕێژەی ١٧٪ی بودجە.
- سەپاندنی یاسای گاز و نەوتێك کە بەسوودی گەورەی هەرێم نەشکێتەوە.
- دان نەنان بە هێزی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمیشدا.

٣. هاتنە دواوەی لیستی کوردستانی لەلیستی دووەمی پەڕلەمانیەوە بۆ لیستی چوارەم و پێنجەم. کەئەمەش وادەکات زۆربەی یاساو بڕیارەکان بەخواستی کورد نەیەتەوە.
٤. لەدەستدانی کورد بۆ پۆست و پلە و پایە سیادی و گرنگەکان لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و پەڕلەمان وحکومەتی ناوەندا وەك ئەوەی ئێستا هەیەتی.

بەم شێوەیە کورد دەبێتە زەرەرمەندی یەکەم و گەورە لە ئایندەی عێراقدا.

- **لێرەدا کورد پێویستە چی بکات؟ و ئەرکەکانی ئایندەی سەرکردایەتی سیاسی کورد چی دەبێت؟**

پێویستە کورد بەگشتی و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی کۆمەڵێ هەنگاو بنێت پێش ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە سازبدرێت وڕێگە نەدات کە هەڵەی تری بەسەردا تێپەڕ ببێت لەوانە:-

١. داوا بکات سەرژمێری گشتی لە عێراقدا ئەنجام بدرێت.

٢. ئەگەر سەرژمێریش نەکرێت پێویستە ووردبینی و بەداواداچونی وورد بکرێت بۆ ئەو ئامار و سەرژمێریەی وەزارەتی بازرگانی دەربارەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و کورسیەکانی پارێزگاکانی عێراق.

٣. یاسای هەڵبژاردن پەسەند نەکات ئەگەر هەموو ماف و داخوازیەکانی کوردی لە خۆ نەگرت.

٤. هەموو کورد بە جەماوەر و پارتە سیاسیەکان و سەرکردایەتی سیاسی کورد و کۆمەڵە و ڕێکخراوە دیموکراسی و مەدەنیەکان و پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی کوردانەی ڕوون و ئاشکرادا کۆببنەوە و هەموان دەست بە

ئەڵقەی یەك و یەكگرتویی كوردەوە بگرن و پێكەوە بەرەنگاری فشارە سیاسەكانی ناوخۆی عێراق و ناوچەكە ببنەوە.مساوەمە و تەنازول لە مافە ڕەواكانی كورد نەكەن.

٥. دوا هەنگاویش ئەگەر هیچ كام لەو هەنگاوانەی پێشوو جێبەجێنەكران ئەوا پەنا ببرێتە بەر بەشدارینەكردن و بایكۆتكردنی هەڵبژاردنەكە و پەناگیری جەماوەری و سازدانی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوان لەشاروشارۆچكەكانی كوردستاندا.

بەڵام پێش هەنگاونان بەئاڕاستەی بایكۆتكردنی هەڵبژاردنەكە پێویستە ئیجماعێكی كوردی گشتی هەبێت لەسەر ئەو هەنگاوە نەك بەتەنها بڕیارێكی سەرۆكایەتی هەرێم ئەو هەنگاوە بنرێت دوور لە بیركردنەوە لە زیان و قازانجەكانی ئەو هەنگاوە و بەرژەوەندی باڵای كورد و كوردستان ڕەچاوبكرێت و بخرێتە سەرو بەرژەوەندی تایبەتی و پلە و پۆست و حیزبایەتی تەسكەوە, چونكە بەشدارینەكردن لە هەڵبژاردنەكەدا مانای نەمانی نوێنەرانی كوردە لە پەڕلەمانی عێراقدا و نەمانی ڕۆڵی كورد و بەشدارینەكردنێتی لە حكومەت و ناوەندی بڕیاردا , كەئەمەش بۆ خۆی كارەساتێكی گەوەیە. چونكە كورد لە ٦ ساڵی ڕابوردودا بە هەموو سەنگ و قورسایی و ڕەوایی مەسەلەكەی و سەركردایەتیە بەناوبانگەكانی ئامادەگی بەردەوامیان هەبوە لە بەغداد و كەچی هێشتاش نەتوانراوە هەموو خواست و داواو مافەكانی كورد بچەسپێنرێت . ئەدی ئەگەر كورد بەو هەموو قورساییەوە ئامادەگی نەما لە بەغداد چ ڕوودەدات بەدڵنیاییەوە كارەسات و گۆشەگیردن و لاوازبون و بچوكبونەوەی پێگەی سیاسی كورد ڕوودەدات و ئەوەشی بەدەستمان هێناوە بەناوی دیموكراسی و لەژێر چەتری پەڕلەماندا لێمان زەوتدەكرێتەوە . هەربۆیە هەنگاونان بە ئاڕاستەی بەشدارینەكردن لە هەڵبژاردنەكەدا وەك ئینتیحارێكی سیاسی وایە و خۆكوشتن و ماڵ وێرانی و لەدەستدانی پێگە و قورسایی كورد و مەسەلەكەشی بەدوادا دێت لە عێراق و ناوچەكە و دونیاشدا و دەبێت كورد ئەو هەڵە سیاسیەی شیعەكان لە بیستەكانی سەدەی ڕابوردوو و سونەكانیش لە هەڵبژاردنی ڕابوردوودا نەكاتەوە و خۆی بەدەستی خۆی و لە ئەنجامی بڕیارێكی سەرپێی و هەڵەوە بچوك و لاواز و گۆشەگیر نەكات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠٠٩/١٢/١دا بڵاوكراوەتەوە.

## کێ پاڵنەری سەرەکی بوو
## لە دروستبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا ؟ *

- وەك ئاشکرایە سیستەمی سیاسی لەدوو جەمسەری لەلایەك دەسەلاًت و ئۆپۆزسیۆنیش لەولای ترەوە پێکدێت.کاتێك کەش وهەوایەکی تاڕادەیەك دیموکراسی بەرقەراربوونی ئازادیەکان ساز و گونجاو بێت و بەم سیستەمە سیاسیە دەوترێت سیستەمێکی سروشتی و ئاسایی و هەمیشەش بۆ دوورمەودا جێگیر و داهێنەر و بەخشندە و خزمەتگوزار و جێگەی لێڕازیبونی هاوڵاتیانیش دەبێت.

لەبەرامبەریشدا و ڕێك پێچەوانەی ئەم سیستەمەش بوونی هەیە و دەشبێت, ئەویش سیستەمێکی داخراو و گشتگیر و تاکڕەو بەشێوەیەك ڕێگە بە چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان نادات و هەمیشە کەش وهەوایەکی بارگاوی و ناجێگیر و پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن ئامادەگی هەیە. ئەم سیستەمە بە سیستەمێکی کاتی و ناسروشتی دادەنرێت. چونکە هاوسەنگی نێوان دووجەمسەرەکە(( دەسەلاًت و ئۆپۆزسیۆن)) لاسەنگ بوە و تێکچوە.هەمیشەش ئەم سیستەمانە دواکەوتووە و هەژار و کۆنەپارێز و ناجێگیرن و جێگەی متمانە و لێڕازیبونی هاوڵاتیانیشیان نین و ناشبن.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئایا سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا و لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ و دوای دامەزراندنی حکومەت و هەڵبژاردنی یەکەمین پەڕلەمان, چ جۆرە سیستەمێك بوە؟دیموکراسی یان تاکڕەو وخۆسەپێن؟ ئایا دوای ١٨ ساڵ حوکمڕانی توانرا جۆری سیستەمەکە بەرەو گەشەکردنی زیاتر و لێڕازیبونی جەماوەر بەرن؟

لەوەلاًمدا دەڵێین. گەر بەویژدانەوە بڕوانینە تەمەنی ئەو دەسەلاًتە تاقانە و خۆماڵیە کوردیە کە سەدان ساڵ شۆڕش و خەبات و خوێن و فرمێسکی لە پێناویدا دەڕێژرێت سەرتاپای جێگیر و ئارام و بێ گرفت و ململانێی ناوخۆیی و دەرەکی نەبوە, هەربۆیە نەتوانراوە کە بە شێوەیەکی زۆرباش دیموکراسیەت و ئازادیەکان

بچەسپێنرێت لەگەڵ ئەوەی کە لێرەو لەوێ جیاوازی هەبوە لە ڕێژە و ئاستی چەسپاندنیاندا.
هەربۆیە ناتوانرێت ئەو ڕاستیە ڕەتبکرێتەوە کە ئەم دەسەلأتە یان سیستەمە بەتەواوەتی سیستەمێکی دیموکراسی بوە لەلایەك بەهۆی نەبونی ئەزمونی دەسەلأت و حوکمڕانی لای سەرانی کورد و لەلایەکی تریشەوە زاڵبوونی عەقڵی شۆڕشگێڕی و شاخ لەلای کاربەدەستانەوە(( جێگەی خۆیەتی ئەو ڕاستیەش بڵێین کە بون و چەسپاندنی دیموکراسیەت لە هەموو دونیادا ڕێژەییە و لە هیچ جێگەیەکی ئەم دونیایەدا بوونی دیموکراسیەت ١٠٠٪ نیە و ناشبێت)). بەهەمان شێوەش ناتوانرێت بوترێت تاکڕەو وخۆسەپێنیش بوە , چونکە لەلایەك لەڕێگەی هەڵبژاردن و شەرعیەت پێدانی جەماوەرەوە هاتونەتە سەر دەسەلأت وبەشێوەیەك لە شێوەکان و کەم تا زۆریش هێز و لایەنی تریشیان هاوبەش پێکردوە لە دەسەلأتدا.بەلأم لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا . ڕاستیەکی زەقتریش هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە سیستەم و دەسەلأت لە کوردستاندا لە ساڵی ١٩٩٢ وە تاکو ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەشێوەیەکی سەرەکی دابەشکرابوو لە نێوان دوو حیزب و دواتر بوە دووبنەماڵە و دووسەرکردە.هەربۆیەش لەماوەی ١٨ ساڵی حوکمڕانیاندا لەجیاتی ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە بەم دەسکەوت و ئەزمون و دەسەلأتە بدەن,بەداخەوە هێواش هێواش بەکاوە خۆوە کەوتنە دزینی سەروەت و سامانی میلەت و دابەشکردنی دەسەلأت لە نێوان خۆیاندا و بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکان و قۆرخکردنی بازاڕ و بازرگانی و ئابوری وڵات و گەشەپێنەدانی زیاتری دیموکراسیەت و بلأوکردنەوەی دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و بنەماڵەچێتی و پیرۆزکردنی ڕابەر و سەرکردەو ناوچەگەرێتی و عەشایەر زیندووکردنەوە و خزمخزمێنە و دڵڕازیکردن لەسەر حسابی کاڵکردنەوەی خۆشەویستی گەل و نیشتیمان و کوردایەتی.لەگەڵیشیدا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بێڕێزکردنی یاسا و بلأوبونەوەی ناعەدالەتی و مشەخۆری و نەبوونی سیاسەت و پلان و بەرنامەیەکی زانستی و عەمەلی بۆ ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی ئابوری و بازاڕ و کەرتەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و پیشەسازی و خزمەتگوزاری و ...هتد.

لە ئەنجامی ئەم هەموو کارە ناڕەواو هەڵە کوشندانەدا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش . کە بونە جێگەی تورەبون و زویربون و لێدوورکەوتنەوەی جەماوەری گەلەکەمان و تەنانەت کادر و پێشمەرگە و هەڵسوڕاوەکانی هەردوو حیزبەکە خۆشیان و لە ئەنجامیشدا ڕووبەڕووی بچوکبونەوە و نەمان و گۆڕان دەچن.

- پرسیارێکی تر خۆی دەسەپێنێت کە ئەویش ئەوەیە, ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا بۆ دروست بوو؟ کێ پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ دروست بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن؟

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەر کۆمەڵگا و سیستەمێکی سیاسی دونیادا کارێکی حەتمیە و هەردەبێت ڕووبدات. و دروست بون و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن کارێکی خۆڕسك و سروشتیە چونکە وەك پێشتر باسمان کرد سیستەمی سیاسی بەبێ بوونی هەردوو جەمسەری ململانێ وهاوکێشە سیاسیەکە(( دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن)) بەسیستەمێکی سیاسی نائاسایی ناودەبرێت.هەربۆیەش سەرهەڵدان و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا لەلایەك کارێکی سروشتیە و لەلایەکی تریشەوە لە ئەنجامی ئەو هەموو کەموکوڕی و هەڵە و گەندەڵی و پێشێلکردنی ماف و نایەکسانی و تورەبونی جەماوەرەوە سەریهەڵداوە.

ئاشکراشە پاڵنەری سەرەکی بۆ دروستبونی ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنە کاراو خاوەن بنکە فراوانە جەماوەریە دەگەڕێتەوە بۆ کردار و گوتاری هەردوو حیزبی دەسەلاتدار, چونکە لەماوەی ١٨ ساڵی دەسەلاتیاندا هێندەی بەرژەوەندی سەرکردە و بنەماڵە و حیزبیان پاراستوە نیو هێندە بەرژەوەندی گەلیان مەبەست نەبوە.هەربۆیە لە ئێستادا و لە دوای دوو پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ و پەرلەمانی عێراقیدا لە ٢٠١٠/٣/٧دا. دەرکەوتنی ئەنجامەکان کە لەبەرژەوەندی هەردوو حیزبدا نەبون و هێواش هێواش پێگە و قورسایی جەماوەرییان لەدەست دەدەن و ئۆپۆزسیۆنیش لەبەرامبەردا گەورەتر و گەشەکردوو تر دەبن, ترسیان لێنیشتوە و پەنا دەبەنە بەرکاری تەزویر و ساختەکاری و دەنگ کڕین و فرتوفێڵ و پاڕانەوە و هەڕەشە و گوڕەشە و تۆقاندن

و گولەباران لەدۆست و لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن. کەواتە دەبێت هەردوو حیزب پێش ئەوەی گلەیی و گازندە و تۆمەت و تەخوین بخەنە پاڵ ئۆپۆزسیۆن, ئەوا پێویستە گلەیی لە گوتار و کرداری سەرکردە و بنەماڵە و حیزبەکانی خۆیان بکەن. چونکە نەیان توانیوە ئیدارەیەکی باش و سەرکەوتوو پێشکەش بکەن تاجەماوەر لێیان ڕازیبێت.

- پرسیارێکی دی ئەوەیە, بۆ جەماوەر لە دەوری ئۆپۆزسیۆن کۆدەبێتەوە و دەنگی خۆی دەداتە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە جیاتی دەسەلات لەگەڵ ئەوەی کە لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆن هیچ پۆست و پلەو ئیمتیازات و موچەیەکی نیە بیداتە ئەوان ؟ئایا ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟

وەلامێکی کورت و کرمانجی ئەوەیە کە نەك تەنها جەماوەر بەڵکو تەنانەت کادر و لایەنگر و هێزە چەکدارەکانی خۆشیان و تەنانەت لەناو ماڵەکانی خۆشیاندا کەسان و ئەندامی خێزانەکانیان هەن بێئومێد بون لە پڕۆسەی چاکسازی و گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوە و نوێبونەوە و خزمەتگوزاری و بەڵێنە زۆر و زەوەند و درۆینەکانی هەردوو حیزب و دەسەلات.و بەومانایەش دەنگیان داوەتە ئۆپۆزسیۆن و لایەنگری خۆیان بۆ ڕاگەیاندوە کە چیدی هەردوو حیزب لەدەسەلاتی سیاسیدا نەمێنن, ئەمەش تەنها بە پڕۆسەیەکی گۆڕانی گشتگیر دەبێت لەتەواوی سیستەمە سیاسی و ئابوری و ئیداریەکەی هەرێمی کوردستاندا.

هەربۆیە جەماوەر بڕیاریانداوە بە گۆڕینیان و بەکرداریش و لە دوو پڕۆسەی هەڵبژاردندا و زۆر بوێرانە و بێ سڵەمینەوە لە نانبڕین و هەڕەشە و گوڕەشە و دەرکردن و سزادانیان بەشێوازێکی زۆر شارستانیانە و ئاشتیانە و بەسەری پەنجەکانیان و بەڕەنگی نیللی تۆخ دەنگی خۆیان داوەتە ئۆپۆزسیۆن لەدژی دەسەلات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠١٠/٣/١٧دا بلاْوکراوەتەوە.

## تیرۆر لە کوردستاندا
## لەکوێوە؟ بەرەو کوێ؟ *

- ئاشکرایە مێژووی سەرهەڵدان و دەستپێکردنی تیرۆر لە جیهاندا زۆر لەمێژە و یەکەم کاری تیرۆریستیش لەسەر دەستی کوڕەکانی ئادەمەوە ڕویداوە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا و ئیدی کاروانی تیرۆر و تۆقاندن سەرچاوەی گرتوە و سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی خوێناوی کردوە.و ئەوەتا لە سەدەی یەکەمی مێژوودا گروپێکی جولەکە دژی ڕۆمانیەکان کاری توندوتیژیان ئەنجام داوە و حەشاشەکان لەسەدەی یانزەهەمدا دژی هاولاّتیان و دەسەلاّت و سەردەمی شۆڕشی فەڕەنساش لەنێوان سالاّنی ١٧٨٩-١٧٩٩ کە مێژوونوسان ناوی دەبەن بە (( قۆناغی ترس)) کاری تیرۆریستیان ئەنجام داوە.و لەسەدەی بیست و یەکیشدا و لەم چەند ساڵەی دوایدا دیاردەی تیرۆر بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و هەموو کونجێکی دوور و نزیکی ئەم دونیایەی گرتۆتەوە و بۆتە مەترسی و هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر هەموو کۆمەڵگاکان و بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە ئابوری جیهان بە ملیارەها دۆلار و گەورەترین کاری تیرۆریستیش بریتی بوو لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی ئەمریکا کە لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی توندڕەوی سەلەفی ئیسلامیەوە ئەنجامدرا.و دواتر کاری تیرۆریستی گەلێك ولاّتانی دونیای گرتەوە هەر لە یابان و چین و ڕوسیا و پاکستان و هندستان و ئێران و عێراق و ئەفغانستان و سعودیە و ئوردن و میسر و مەغریب و تەنزانیا و کینیا وبەریتانیا و ئیسپانیا و فلیپین و ...هتد.
- وشەی تیرۆر لە وشەی ئینگلیزی و ئەصڵی لاتینی terror وە هاتوە وتیرۆریستیش لە terrorism وە.کە مانای ترس و تۆقاندنی خەڵکانی بێ چەك و مەدەنی دێت بۆ لاوازکردنی ڕۆحی مەعنەوی دوژمن.
- کێ دەبێتە تیرۆریست؟

هەندێ پێیان وایە کەسێك یان گروپێك دەبنە تیرۆریست چونکە ناتوانن پرۆسەی گۆڕان چێ بکەن بەهۆی ئامڕازە ڕەواکانەوە. وەك هۆکارە ئابوری یان ناڕەزایی و داواکاری جەماوەری بۆ گۆڕان.

- جۆرەکانی تیرۆر

تیرۆر و تیرۆریستان چەندین شێواز و تەکنیك و ئامڕازی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ لەناوبردنی دژەکانیان.و دوو جۆری سەرەکی تیرۆر هەیە:

١. تیرۆری ڕەوا

وەك کاری شۆڕش و خەبات و بەرگریکاری لە پێناو پاراستنی خاك و مێژوو و کەلتور و وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەیی. وەك خەباتی ڕەوای چەکداری و شۆڕشەکانی کورد و فەلەستینیەکان و هەموو نەتەوە ژێر دەستەکانی تر.

٢. تیرۆری ناڕەوا

وەك تیرۆر لەسەر ئاستی (( دەوڵەت و گروپ و مافیا و نێودەوڵەتی و تاکەکەسیش )) پەیڕەو دەکرێت و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاشدا شێوازی جێبەجێکردنەکانی تیرۆر گۆڕاون و پێشکەوتون و بەشێوازی هەڕەمەکی یان ڕێکخراو پیادەکراون. تیرۆر لە ئێستادا و لەسەردەمی بەجیهانبووندا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی لە پشتەوەیە و چەوساندنەوەی کەسەکانە بەبێ جیاوازی ڕەگەز و دین.

- پێناسەی تیرۆر:

دەزگا و دەستە و ڕێکخراو و کەسانی نێودەوڵەتی پسپۆڕ لە بواری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دیاردەی تیرۆردا. زیاد لە ١٠٠ پێناسەی جیاوازیان بۆ تیرۆر کردەوە لەوانە:

بریتیە لە و کردارانە کە بە سروشتیان دەبنە هۆی دروستبوونی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ لەهەر مەترسیەك بەهەر شێوەیەك بێت.

بریتیە لە ترساندنی کەسەکان بەهۆی کارە توندوتیژیەکانەوە.

بریتیە لە بەکارهێنانی پلان بۆ داڕێژراوو ڕێکخراو بۆ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ترس بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.
بریتیە لە کردارێکی بێ بەزەیی و قێزەون.
بریتیە لە کارێك کە پێچەوانەی بەها کۆمەڵایەتیەکانە و دەبێتە هۆی دەست بەسەراگرتنی کەرامەتی مرۆڤ.

- لەکوردستانیشدا بەهەمان شێوە تیرۆر مێژوویەکی کۆنی هەیە و لەگەڵ یەکەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی میدیادا و لەناو بنەماڵەی فەرمانڕەوادا تیرۆر پیادەکراوە و دواتریش هەموو میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەیی و ناوخۆییەکان و شۆڕشەکاندا, دیاردەی تیرۆر بوون و ئامادەگی هەبوە, لەلایەك لەناو چینی دەسەڵاتدا و خودی بنەماڵە فەرمانڕەکاندا لە ئەنجامی ململانێی سەر کورسی و دەسەڵاتیاندا و لەلایەکی تریشەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرامبەر بەکەسان و گروپ و دەستە و تاقمە دژەکانیان و جۆرەها ئامراز و شێوازیشیان گرتۆتە بەر.هەر لە تیرۆرکردنی ڕاستەوخۆو ژەهرخواردن و خنکاندن و تەقاندنەوەی ماڵ و ئۆتۆمبێل و ڕفاندنی کەسە نزیکەکانی ڕکابەرەکان و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و ئەتککردنی ناموس و بڕینی ئەندامەکانی جەستە و سزادان و تواندنەوەی بەمادەی کیمیاوی و پیادەکردنی سیاسەتی کۆمەڵکوژی و لەناوبردن و ڕاگواستن و ئابلۆقەی ئابوری و بلاّوکردنەوەی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و زمان و کەلتور و مێژوو و جوگرافیاو ...هتد.

کورد وەك نەتەوە لە مێژە بەدەست تیرۆری ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراوی دەوڵەتانی سەردەستی ناوچەکەوە لە تورك و فارس و عەرەب دەناڵێنێت و لەوانیشەوە فێری تیرۆر و تۆقاندن بوە بەرامبەر تاکەکان و گروپەکان و پارتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان.
بەم شێوەیە دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی کوردیش چ لەسەردەم و قۆناغی شاخ و شۆڕشی چەکداریدا و چ لە قۆناغ و سەردەمی حوکمی مەدەنی و دیموکراسی و پەڕلەمانی و شەرعیەتیشدا بێ بەش نین لە ئەنجامدانی تاوانی تیرۆر و چەسپاندنیشی و قوڵکردنەوەشی و پێشخستنی شێواز و ئامرازەکانیشی لە

کۆمەڵگای کوردەواریدا. و لەسەردەمی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا چەندین تێکۆشەر و کەسایەتی ناسراو لەڕووی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیریەوە تیرۆرکراون لەسەر دەست و فەرمانی شۆڕشگێڕانی دوێنێ و دەسەلاَتدارانی ئەمڕۆدا ولە ئێستاشدا بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار بۆ سەر گیان و مانی تاکەکان و بۆسەر ئازادی و دیمکوراسیە ناکامڵەکەی دەسەلاَتی کوردیش و بۆتە زەنگێکی مەترسیداریش بۆ ئایندەیەکی نادیاریش.و ڕۆژ بەڕۆژیش ڕوو لە هەڵکشاندن و زیادبونیشە.نمونە زیندوەکانیش تیرۆرکردنی شەهیدانی قەڵەم و وشەن وەك ((د. عبدالستار تاهیر شریف و سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمانی جوانەمەرگ))و کاروانی تیرۆرکردنیش هەر بەڕێوەیە...

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە. ئایا دەسەلاَتدارانی کوردی بە چ نیاز و مەبەستێك تیرۆر پیادە دەکەن؟ بەرامبەر بەکێ ؟ و ئەم دیاردەیەش تاکوێ و بە چ ئاڕاستەیەکیش جێبەجێ دەکرێت و تاکوێ بەردەوام دەبێت؟

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە لە بیر نەکەین کە دیموکراسیەتی دەسەلاَتی کوردی تا ئەو ئاست و خاڵەیە کە مەترسی بۆ سەر دەسەلاَتەکەیان دروست نەکات و دیموکراسیەتێکیشیان گەرەکە کە بەمەرجی خۆیان بێت. چونکە لە بنچینەدا نە بڕوایان بە دیموکراسیەت هەیە و نە ڕاستگۆشن لە پیادەکردنیدا و نە بڕواشیان بەکاری سیاسی و مەدەنی و ئۆپۆزسیۆنبوون و گۆڕانیش هەیە و نایانەوێت ئاڵوگۆڕی دەسەلاَتیش بە ئاشتیانە ئەنجام بدرێت وتەنها و تەنها بۆ جوانکردنی ڕووی ڕەشی دەسەلاَتەکەیانە لەبەردەم دەورو جیران و دونیادا.

ئەوان تیرۆر پیادەدەکەن بە نیازی ئەوەی هەموو دەنگە ناڕازیەکان و دژەکانیان کپ بکەن بەمەستی زیاتر چەسپاندنی دەسەلاَتەکانیان و درێژەدان بە مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەلاَت. بۆ ئەوەی زۆرترین سەروەت و سامانی گەل بدزن و بەهەدەری بدەن.

ئەوان تیرۆر پیادەکەن بەرامبەر کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیر و نوسەر و ڕۆژنامەنوس کە کەسانی مەدەنی و دیموکراسیخوازان. ئەوان نەچەکیان هەڵگرتوە و نەداواکاری ڕووخاندنی ئەم دەسەلاَتەن و نە بەنیازی کودەتاشن.

بەڵکو تەنها و تەنها وشە و قەڵەمیان لەلایە و نیازیان چاکسازی و گەشەکردن و بە مۆدێرنکردنی ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیەن.

ڕەخنەگرانی دەسەڵات. بوێری و ئازایەتی و نەترسانیان کردۆتە دروشم بۆ ڕووبەڕوبونەوەی دەسەڵات و خوێن و ژیانی خۆیان کردۆتە خەڵات بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان کە ئەم خەباتەی ئەوان هیچی کەمتر نیە لە خەباتی شاخی دەسەڵاتدارانی ئێستا.

گەر ڕێگر و شەپۆلێکی ناڕەزایی سەرتاسەری و جەماوەری لە کوردستاندا بە توندی بەر بەم هەڵمەت و نیاز و پلانانەی دەسەڵات و دەزگا نهێنیەکانیان نەگرێت. ئەوا زۆر نزیکە ئەم دیاردەی تیرۆرە زیادە ڕەوی تیادا بکرێت و هێواش هێواش سەردەمی تاك ڕەوی و ترس و تۆقاندنەکانی بەعس ئاسا لە کوردستاندا سەر هەڵبداتەوە و ئیدی تاك و گروپ و پارتە سیاسیەکانیش دڵنیا نەبن و ترس و تۆقاندن باڵ بکێشێت بەسەر کۆمەڵگاکەماندا.

چارەسەریش بەدەنگ هاتنی سەرجەم چین و توێژەکانی گەلە بەڕابەرایەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕاگەیاندنی خۆپیشاندان و ناڕەزایی جەماوەرییە لەسەر شەقامی کوردستاندا و تێگەیاندنی هەموو میدیا و دەسەڵاتەکانی دونیایە لەم کارەسات و ڕەوشە خوێناوی و ترسناکەی کوردستان.

بەهیوای ئەوەی دەسەڵاتی کوردی وەهۆشخۆی بێتەوە و بەسەر کارو کردارە هەڵە و نامۆ و نامرۆڤایەتیەکانیدا بچێتەوە.بەرامبەر بەرۆڵەکانی خۆیدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردستانپۆست لە ٢٠١٠/٥/١٢دا کوردستان نێت لە ٢٠١٠/٥/١٣دا و سبەی لە ٢٠١٠/٥/١٥دا وگۆڤاری نێوەند ژمارە ٧٥ لە مایسی ٢٠١٠دا بلاْوکراوەتەوە.

## پژاك

## تـاکە ئومێدی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان *

• لەم ماوەیەدا بۆ ماوەی هەفتەیەك سەردانی وڵاتی ئێرانم کرد و بەتایبەتیش کوردستان و شارەکانی مەریوان و سنە و کرماشان و ڕەوانسەر و جوانڕۆ و کەرەند و ئیسلام ئاباد و سەرپێڵی زەهاو وقەصری شیرینم بینی و تیایاندا مامەوە و لەگەڵ چەندین کەسی سادە و ساکار و دوکاندار و شۆفێری تاکسی و فەرمانبەری دەوڵەت و خوێندەواریشدا گفتوگۆمان کرد لەبارەی هەمەجۆر بابەتەوە و لەناویشیاندا باسمان لە پژاك (( پارتی بوژاندنەوە و ئازادی کوردستانمان)) کرد. وەك پارتێکی سیاسی و چەکداری سەر گۆڕەپانی ئێستای کوردستان و ئێران . لەهەموو ئەو گفتوگۆیانەمدا هەستم بەوەکرد کە جەماوەری کوردستان ئومێدێکی گەورەیان هەڵچنیوە لەسەر خەبات و کاری شۆڕشگێڕانەی پژاك دژی ڕژێمی ئێرانی و هەموان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە تاکە ئومێد و تروسکەی هیوابەخشە بۆیان کە بتوانێت ترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژان بخاتە ناو دڵ و دەروونی کاربەدەستانی ئێرانەوە لە پاسدار و سوپا و تەنانەت فەرمانبەری ئاسایی دەوڵەتیشەوە و حسابی ووردی بۆ بکەن و هەست بەگەورەیی و کاریگەری پژاك بکەن لەڕووی جەماوەریی و پشتگیری جەماوەرییەوە. هەربۆیەش ڕژێم ناچاری هەڵوێستەکردن بۆتەوە لە جێبەجێکردنی پیلانە گڵاوەکانیدا و پژاك بۆتە هێزێکی گەورە و ڕێگر لەبەردەم سیاسەتەکانیدا و لە زۆر کات و جێگەی کوردستاندا ڕژێم بەناچاری نەرم و نیانی دەنوێنێت لەبەردەم داواکاری ئەو ناوچانەدا و بەهیوای ئەوەی سۆز و خۆشەویستی جەماوەر لەلایەك بۆخۆی ڕابکێشێت و لەلایەکی تریشەوە لە پژاکیان دووربخاتەوە , ئەوەش بە بەخشینەوەی پوڵ و پارەی زۆر لەڕێگەی بەجاشکردن و بە ئیتلاعاتکردنی دانیشتوانی گوند و شارو شارۆچکەکان بۆ گەڕان و سۆراغکردنی گەریلا و پێشمەرگەکانی پژاکەوە و جێبەجێکردنی هەندێ پڕۆژەی بچوکەوە. ڕاستە لەهەندێ ناوچەدا لەلایەن ژمارەیەك کەسی نەفس نزم و هەل پەرست و

خۆفرۆشەوە ڕژێم توانیویەتی پیلانەکانی سەربگرێت , بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە زۆرینەی جەماوەر ڕازی بکات و لە پشتگیری و پشتیوانی پڕاك دووریان بخاتەوە ئەگەر وەك سۆز و خۆشەویستیش بێت و هیچ کات خۆیان بە دۆستی ڕژێم دانانێن هەمیشە چاویان لەو ڕۆژەیە کە پڕاك و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی چەکداری کورد بەسەر ئەو ڕژێمەدا سەربکەوێت و بە دەردی ڕژێمی بەعسی صدامی بەرن وەك ئەوەی لەباشوری کوردستاندا ڕوویدا.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە, بۆچی و چۆن پڕاك توانی ببێتە جێگە متمانەی ئەو جەماوەرە پان و پۆڕەی کوردستان؟ ئەی هێز و پارتە تەقلیدیەکانی تر چیان بەسەر هاتوە و لە کوێی ئەم قۆناغ و گۆڕانکاریە سیاسی و چەکداریەی کوردستاندان؟

ئاشکرایە گەلی کورد لەهەر بەشێکی کوردستانی گەورەدا بەدرێژایی مێژووی دروستبونی دەوڵەتانی نەتەوەیی فارس و تورك و عەرەب لەو وڵاتانەدا. هەمیشە بونەتە ئامانجی سەرەکی ڕژێمە دەسەڵاتدار و سەرکوتکەرەکان و پیلانی لەناوچوون و تواندنەوە و سڕینەوەی مێژوو و جوگرافیا و کەلتور بونەتەوە. بۆیە هەمیشە هەستیان بە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە کردوە و ئاواتیشیان ئازادی و ڕزگاربوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوە و لەو پێناوەشدا بێ وچان و بە بەردەوامی لە شۆڕش و خەبات و ڕاپەڕین و بێزاری و تورەبوندا بوون بەرامبەر ئەو ڕژێمانە و پیلانەکانیان و دەریایەك خوێن و فرمێسکیان ڕشتوە و قوربانیان داوە.

هەربۆیەش کارێکی ئاساییە کە هەر پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی و سەرکردە و ڕابەرێك ئاڵای خەبات و شۆڕش بەرزبکاتەوە دژی ئەو ڕژێمانە لە کوردستانی گەورەدا ڕاستەوخۆ جەماوەری گەل لێی کۆدەبنەوە و بەگیان و بەماڵ هاوکاری و پشتیوانی لێدەکەن و دەچنە ڕیزەکانیەوە.ئاشکراشە بەدرێژایی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد چەند فاکتەرێك لەپشت سەرکەوتن و بەردەوامیەوە بوون لەوانەش (( پشتیوانی جەماوەر و ڕەوایی مەسەلەی کورد و داواکاریەکانی و شاخ و دۆڵەکانی کوردستان و خوای گەورە)). هەربۆیەش لە ئێستادا پڕاك بۆتە ئەو

بزوتنەوەیە و ئاڵاهەڵگرەی کوردایەتی ڕەسەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێگەی متمانەی جەماوەرەکەشی.

پژاك بەتەمەنێکی کەم و بەتوانایەکی سیاسی و سەربازی کەمترەوە و بەرامبەر ڕژێمێکی بەناو ئیسلامی و شمولی و خۆسەپێن و دڕندە و چەوسێنەری خاوەن توانایەکی سیاسی و ئابوری و سەربازی گەورە لەناوچەکە و دونیاشدا توانیویەتی بوون و هێز و کاریگەری خۆی لەناو جەماوەر و لەلای ڕژێمیش بسەپێنێت و لەناو جەرگە و قوڵایی شار و شارۆچکەکاندا کارو چالاکی ئەنجام بدات و ترس و دڵەڕاوکێ دروست بکات لەناو دەسەڵاتدارانی ڕژێمدا و قوربانی گەورەش بدات. هەربۆیە لەکاتی لە سێدارەدانی کەمانگەر و هاوڕێکانیدا لەلایەن سەرتاسەری جەماوەری کوردستانەوە ناڕەزایی و خۆپیشاندانیان دەربڕی و ڕژێمیش هەموو هێزەکانی خستە حاڵەتی ئامادەباشیەوە و لە ئێستاشدا و بۆ ماوەی هەفتەیەك زیاترە کەوتۆتە تۆبارانکردنی ناوچە سنوریەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشورەوە کە بە پێگەی پژاکی دەزانێت و لە ئێستادا پژاك و پەکەکە بونەتە سەرەنێزەی خەباتی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستاندا و ڕژێمەکانی تورك و فارسیش پێکەوە هاوکاری مادی و مەعنەوی و جاسوسی دەکەن بۆ هێرشکردن و لەناوبردنیان.

ئەمەش ئەگەر ئاماژەیەك بێت بۆ ڕاستیەك ئەوا ئاماژەیە لەسەر ترس و تۆقاندنی ڕژێمی ئێرانی لە هێز و توانای ئێستا و ئایندەی پژاك.

بەداخەوە دەڵێم کە هێز و پارت و سەرکردە تەقلیدیەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە (( حدك و کۆمەڵە )) و...هتد. کەخاوەن مێژوو و ڕابوردویەکی گەش و درەوشاوەن لە خەبات و قوربانیدان و چەندین سەرکردە و ڕابەری مەزنیان بەخشیە کوردستان. بەڵام لە ئێستادا ئەو ڕۆڵ و کاریگەر و ناوبانگەیان نەماوە لەناو جەماوەری کوردستان و لەلایەن ڕژێمیشەوە هیچ ترس و فشارێکیان دروست نەکردوە. ئەو هێزانە بەداخەوە هێندەی سەرقاڵی ململانێی ناوخۆیی خۆیانن و باڵ باڵێنە زاڵبوە بەسەر فکر و کاریاندا نیوهێندە لە خەیاڵ و پلانی شۆڕش و بەرەنگاری و هەستانەوە وپێکەوە کارکردندا نین . هەربۆیە کەوتونەتە پەراوێزی ڕووداو و گۆڕانکاریە سیاسی و چەکداریەکانی کوردستانەوە. مێژوو و ڕابووردو و جەماوەرەکەشیان هێواش هێواش لەکاڵبونەوە و کەمبونەوەدان. کەڕەنگە ئەو هێزانەش هۆکار و وەڵام و بیانوی خۆیان هەبێت لەهەمبەر ئەو ڕەوشەی کەتێیکەوتون. بەڵام هیچ بیانویەك نەدەبوو ببوایەتە هۆکاری پاشەکشەیان لە گۆڕەپانی

شۆڕش و خەباتی چەکداریان و دابڕێن لە جەماوەرەکەیان. چونکە هەموو ڕژێمە دژ بەکوردەکان تەنها لە زمانی چەك و شۆڕش و خەبات تێدەگەن و حسابی بۆ دەکەن نەك کاری سیاسی و جەماوەری و ڕاگەیاندن و قەڵەم و ڕۆژنامە و سەتەلایت لەدەرەوەی وڵات.

- **ئەی چارەسەر چییە؟**

تەنها چارەسەر بۆ گێڕانەوەی هێز و توانا و هەیبەت و قورسایی خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵات. گەڕانەوەیانە بۆخەباتی چەکداری و ناو جەماوەر و شاخ و دۆڵەکانی کوردستان و کارکردنی پێکەوەیی و پێکەوەنانی بەرەیەکی بەهێزی یەکگرتوی کوردستانیە و وەلانانی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان و بەردەوام بونە لە خەبات بۆ گەیشتن بە دوا ئامانج کە ڕووخان و وەدەرنانی ڕژێمە لە کوردستان.و گەرموگڕترکردنی پەیوەندیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیشە لەگەڵ هەموو هێز و دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیاش.بەتایبەتیش لەم ساتە وەختەدا کە ڕژێمی ئێرانی بە قۆناغێکی سەخت و دژوار و زۆر هەستیاری ناوخۆیی و دەرەکیدا تێپەڕدەبێت. ئەوەتا لەناوخۆدا گیرۆدەی ململانێی توندی نێوان باڵی موحافیزەکاران و ئیصلاحیەکان و تەنانەت ناو خودی موحافیزەکارانیش بۆتەوە,کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی زۆر سەریان دەرهێناوە و دەستێوەردانەکانی ئێرانیش بۆ کاروباری دەوڵەتانی ناوچەکە لە عێراق و ئەفغانسان و بەحرەین و کوێت و لوبنان و فەلەستین و مەغریب و ...هتد. و لەسەرو هەموشیانەوە کێشەی چەکە ئەتۆمیەکەی کەبۆتە هۆی سەپاندنی زیاتری گەمارۆ ئابوری و سەربازی و سیاسیەکان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە و بەم شێوەیە ڕژێم لە ئێستادا لە حاڵێکدایە کەس حەسوودی پێنابات.

هەربۆیە پێویستە لەسەر هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و چەکداریە کوردەکان وەخۆکەون و پلانی تۆکمەی بەگژداچونەوە و مقاوەمەت و فشار خستنەسەر ڕژێم دابنێن و پێکەوە کاربکەن پاڵ وەپاڵی یەکەوەبدەن و لەگەڵ پژاك لەم قۆناغەدا کاروچالاکیان توندتر بکەن و پێکەوە هەموانیان ببنە جێگە ئومێد و متمانەی جەماوەر بۆ گەیشتن بەسەرکەوتنی یەکجارەکی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردستانپۆست لە ٢٠١٠/٦/١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## دەسەلاتی کوردی و هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆریەت *

- ئاشکرایە هەموو سیستەمێکی سیاسی شمولی و تاکڕەو و دیکتاتۆری لە دونیادا یەکەم هەنگاوی لەڕێگەی بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکانەوە دەستپێدەکات. چونکە مرۆڤی ئازاد خاوەن هۆشیاری سیاسیە و کەسێکی زێدە هەستیارە و خاوەن پێشبینی و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی پێشوەختی ڕووداوەکانە و دەزانێت سیستەمە سیاسیەکە و دەسەڵاتدارە تاکڕەوەکان پێشوەخت چۆن بیر دەکەنەوە و خاوەن چ بەرنامەیەکی ترسناکن و دەیانەوێت چۆن تاك و کۆمەڵگە کۆیلە بکەن و بەرەو سەرشۆڕی و ترس و دڵەڕاوکێیان بەرن بەمەبەستی زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیان و بەردەوامیدان بە ژیان و دەسەڵاتە تاکڕەوەکەیان هەربۆیەشە یەکەم هەنگاو دوژمنایەتی کەسان و گروپ و ڕێکخراو و میدیای ئەهلی و ئازاد دەکەن .

ئاشکرایە مرۆڤ بەبێ بوونی ئازادی هەڵسوکەوت و گوزەران و بیروڕا و ... سەرجەم ئازادیەکانی تریش, دەبێتە بونەوەرێکی بێ گیان و بێ هەست و دادەماڵرێت لە سەرەتایترین ئیمتیازاتەکانی وەك مرۆڤ کە پێی جیادەکرێتەوە لە هەموو بونەوەرەکانی تر.

مرۆڤ بێ ئازادیەکان, دەبێتە کۆیلە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بەرتەسکدا دەبێتە بونەوەرێکی بێ داهات و بێ ئامانج و بێ داهێنان و دوور لە پێشکەوتن و ئاسۆکانی بیروبۆچوون و لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیشی بۆ ژیان و دەوروبەری بەرتەسك و لێڵ و تاریك و ناڕۆشن دەبن.

مرۆڤ لە بونەوەرێکی سەرقافڵەی ژیان و داهێنانەوە دەبێتە دواکەوتە و پاشکەوتەی سیستەمێکی بەزۆر سەپێنراو و ملهوڕ و کۆنە پارێز و دواکەوتوو.

هەربۆیە مرۆڤ بەبێ بوونی ئازادیەکان. هیچ مانایەکی مرۆڤایەتی بۆ نامێنێتەوە و کۆمەڵگەش بەبێ بوونی ئازادی تاکەکان دەبێتە کۆمەڵگەیەکی مردوو و سڕبوو دوور لەگەشە و پێشکەوتن و داهێنان و هیچ ئاکارێکی زیندوویێتی تیادا نامێنێتەوە بۆ بەشداریکردن لە گەڵ کۆمەڵگە و شارستانیەتە پێشکەوتووەکانی دەوروبەریدا و دەبێتە کۆمەڵگەیەکی نامۆ و کەنارگیر و دواکەوتوو لەڕەوتی ژیانی سەردەم.

- لە ئێستای بارودۆخی کوردستانی بەناو ئازاد و دیموکراسیدا و دوای ١٩ ساڵ لە حوکمڕانی کوردی و دوای ٧ ساڵیش لە گۆڕنانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عێراقدا. تازە بەتازە دەسەلاتی کوردی هەنگاو دەنێتەوە بۆ دواوە و دەیەوێت ڕەورەوەی مێژو و دیموکراسیەت بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە بە بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکان و هەڕەشە وگوڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە ڕۆژنامەنوسان و تیرۆر و تۆقاندنیان و گرتن و ڕاوەدونان و سەرنگومکردنیان و غەرامەکردن و هەڕەشەی داخستن لە ڕۆژنامەکان و بانگردنیان بۆ بەردەم دادگاکان.....هتد.

ئەم هەنگاوانە سەرەتایەکی ترسناکن بۆ هەڵگەڕانەوە و کودەتاکردن بەسەر سیستەمی دیموکراسی و ئازادیدا کە ١٩ ساڵە هەموان بە بەژن و بالآیدا هەڵدەدەین و پاشگەزبونەوەیە لە خەبات و خوێن و فرمێسکی نیوسەدەی گەلەکەمان لە پێناو ئازادی و دیموکراسیدا, هەنگاونانە بەرەو زیندووکردنەوەی دیکتاتۆریەت و سەربڕینی بیروڕاو قەڵەمی ئازاد و میدیادی سەربەخۆو ئەهلیە و تیرۆرکردنی گیانی داهێنان و پێشکەوتنخوازی و مەدەنیەتە, دژە لەگەڵ نەزمی نوێی جیهان و کرانەوە و شەفافیەت لەسیاسەت و ئابوری و فەرهەنگ و بڕیارداندا بە ئاشکرا.ئەم هەنگاوانە دوا ئەنجام دەیگەیەنێتە لوتکەی غروور و لەخۆڕازیبوون کە ئەویش ترۆپکی زوڵم و زۆری و تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەلاتی لێدەکەوێتەوە.

دەسەلاتی کوردی بەو کارەی کە گەرەکێتی لە ڕێگەی تیرۆر و تۆقاندنی ڕۆژنامەنوسان و غەرامەکردنی میدیاکان و ڕاکێشانیان بۆ بەردەم دادگاکان وچاوسورکردنەوە و هەڕەشکردن لە گیان و مانیان وادەزانێت کە گیانی ئازادیخوازان دەمرێنێت و قەڵەمە ئازادەکان بێدەنگ دەکات , بەهەڵەدا چوە و لە جێگەی هەر ڕۆژنامە نوسێك و قەڵەمێکی سەربڕدراو دەیان چرۆی تازەپێگەیشتووی دیمکوراسیخواز و ئازادیخواز گەشە دەکەن کە تەنها مەبەستیانە کۆمەڵگەی کوردەواری و دەسەلاتە سیاسیەکەشی بەجوانترین شێواز پیشانی ناوچەکە و دونیاش بدەن و ئاستی هۆشیاری تاك و کۆمەڵگە بەرزبکەنەوە و شارستانیەتی کوردیش تێکەڵ بە شارستانیەتە پێشکەوتوەکانی ناوچەکە و دونیاش بکەن و هیچ کاتێك مەبەستیان گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی نیە.

هەربۆیە دەسەڵاتی كوردی بەم هەنگاوانەی نمونەیەكی زۆر خراپ پێشكەش بە ناوچەكە و دونیاش دەكات و پیاهەڵدانی ١٩ ساڵەی ڕابوردوشمان بە باڵای ئەم ئەزمونەدا دەبێتە بڵقی سەرئاو و دووڕوویی دەسەڵاتیش دەردەخات. ئاشكراشە لە كۆتایشدا تەنها دەسەڵات زەرەرمەندی یەكەم دەبێت و هێزو گروپ و ڕێكخراو وكۆمەڵگا ئازاد و دیموكراسیخوازەكان گرەوی مانەوە و سەركەوتن و بەردەوامبوون و پێشكەوتن دەبەنەوە.هەربۆیە دەڵێین بەڵێ بۆ بیرو ڕای ئازاد و سەربەخۆ نا بۆ تیرۆرو تۆقاندن و بەرتەسكردنەوەی ئازادیەكان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠١٠/٩/٣٠دا بڵاوكراوەتەوە.

## سەرئە نجام کورد سەرکەوت *

• پاش ڕزگارکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ وە کورد وەك شەریکێك و خەمخۆرێکی ئێستا و ئایندەی عێراقی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا مامەڵەی لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکان و ململانێ گەرم و گوڕەکانی نێوان کوتلە سیاسیەکان و ئاینەکان و مەزهەبەکانی پێکهاتەی عێراقدا کردوە و هەمیشە ڕۆڵی ناوبژیوان و خەمخۆر و ئاشتیخوازی بینیوە و توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆرباش هاوسەنگی هێز و ململانێکان ڕابگرێت و ڕێگربێت لەبەردەم پێکدادانی چەکداری و خوێناوی و بەگەواهی دۆست و دوژمنانیش کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی هەمیشە ڕۆڵی کاراو ئیجابی و صمام الامانی بینیوە و زۆر جارانیش ئەم ڕۆڵ گێڕانەی بۆتە مایەی توڕەیی و ڕەخنە لێگرتن لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری لە کوردستاندا و بەنەرمی نواندنی زیاد لە پێویست و هەندێ جاریش سازشکردن ناویان بردوە و گەلێك جارانیش کورد لەپەرۆشی بۆ مەسەلە نیشتیمانیە عێراقیەکان دەستی هەڵگرتوە لە هەندێ ماف و داواکاری ڕەوای خۆشی.

• ئاشکرایە تەنگژەی پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧. ماوەیەکی پێوانەیی لە دواکەوتن خایاند و هەموانی توشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ و نائومێدی و ڕەشبینی کرد کە سیاسیەکانی عێراق بتوانن ئەم قۆناغەش تێبپەڕێنن و حکومەتێکی بنکە فراوان و شەراکەتی ڕاستەقینە پێکبهێنن کە بەرزتر بێت لەئاست تێڕوانین و بۆچوونە بچوك و تەسکە حیزبی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان. بەحەقیقەتیش قۆناغەکە ڕووی لە پشێوی و نائارامی و مەترسی و دەیان ئەگەری چاوەڕواننەکراو دەکرد و هەربۆیەش هەموان چاوەڕوانی موعجیزەیەکیان دەکرد کە عێراق لەم تەنگژە و ململانێ ناڕەوایە و لەم بارودۆخە ئاڵۆز و زۆر هەستیارە و لەم بۆشاییە سیاسیە ڕزگار بکات.دوای ٨ مانگ لە گفتوگۆی بێزەنتی و ڕاکێشانی حەبل و هێنان و بردن و کۆبونەوە و پێکەوەنانی هاوپەیمانی و کۆبۆنەوەی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و زیاتر لەناوخۆ و دەستخستنە ناو کاروباری عێراقەوە بە ئاشکرا و نهێنی لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیا و یوئێن و ...هتد.و هەندێ جاریش بە فشار و چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەکردنیش نەتوانرا ئومێدێك دروست بکرێت. تائەو

کاتەی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەستپێشخەریەکی مێژوویی ڕاگەیەنرا بۆ سەرجەم کوتلە سیاسیەکان کە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و هەموان لە چواردەوری مێزێکی هێلکەیی کۆببنەوە و ڕاشکاوانە و ڕووبەڕوو گفتوگۆ بکەن. ئەوەبوو ئەم دەستپێشخەریە بوە کلیلی چارەسەر و دەروازەی بەڕووی هێمنکردنەوەی گفتوگۆو ململانێکان کردەوە و بۆ یەکەم جار دوای ٨ مانگ هەموو سەرۆکی کوتلە سیاسیە ناکۆکەکان ڕووبەڕوو دانیشتن لەگەڵ یەکدا و توانرا بەستەڵەکی نێوانیان بتوێنرێتەوە و دوای زنجیرەیەك گفتوگۆی گەرم وگوڕ و جدی لە هەولێر و لە بەغداد و کەمتر لە ٣ ڕۆژ بگەنە ڕێکەوتنێکی سیاسی لەسەر دابەشکردن و دیاریکردنی هەرسێ پۆستە سەرۆکایەتیەکەی پەڕلەمان و سەرۆك کۆمار و سەرۆکی حکومەت. ئەوەبوو لە بەرواری ٢٠١٠/١١/١١دا دووەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی سازدراو تیایدا سەرۆکی پەڕلەمان و دووجێگر و سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرانەوە و سەرۆکی حکومەتیش دیاریکرا.

- بەم شێوەیە توانرا گرێ کوێرەکەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی بکرێتەوە لەسەر دەستی کورددا و ئەم جارەش کورد سەلماندیەوە کە دەتوانێت نەك ئیدارەی ململانێ سیاسیەکانی تەنها کوردستان بدات بەڵکو لە تواناشیدایە هاوکار و شەریك و خەمخۆری هەموو عێراقیش بێت.

ئەوەی لەم پڕۆسەیەدا زۆر گرنگ بوو, ئەوەیە کە لەلایەن کوردەوە دەستپێشخەری چارەسەرەکە کرا و هەر لەسەر دەستی کوردیشدا توانرا کۆتایی بە تەنگژەکە بهێنرێت و هەر کوردیش زامنی سەرکەوتن و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنە سێ قۆڵیەکەی نێوان بەڕێزان بارزانی و مالکی و عەلاوی بوو.

بەهەمان شێوە لەناوخۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا زۆر هەوڵدرا و فشار خرایە سەر کورد و تەنانەت هەڕەشەش کرا کە کورد دەست هەڵبگرێت لە پۆستی سەرۆك کۆماری, بەڵام ئەوەش نەچوە سەر و بۆجاری دووەم توانرا بەڕێز مام جەلال هەڵببژێردرێتەوە بە سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ.وەك ئیستیحقاقێکی نەتەوەی دووەم لە عێراقدا کورد پێداگیری کرد لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستە سیادیە.

لەم پڕۆسەیەشدا و لە میانەی کۆبونەوەکان و گفتۆگۆکان و دانیشتنی پەڕلەمانیشدا بۆ سەرکردایەتی کورد و جەماوەری گەلەکەشمان بە ئاشکرا دەرکەوت کێ دوژمنی سەرسەختی داواکاری و مافە ڕەواکانمانە و کێ و چ لایەن و مەزهەبێکیش دۆست و پشتیوانە.

بەم شێوەیە سەرەتا و کۆتای پڕۆسەکە لەسەر دەستی کورددا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و کورد بوە پاڵەوانی ئاشتی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا و بەیەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی و گوتار و کرداری توانی سەنگ و قورسایی خۆی زیادبکات و سەرئەنجامیش سەرکەوتن بۆخۆی مسۆگەر بکات و ئایندەش زامنی سەرکەوتنی زیاتر و ئاشکرابوونی ڕۆڵ و کاریگەری کوردە لە عێراقی نوێدا.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٦٤٠ لە ٢٠١٠/١٢/٦دا بلاْوکراوەتەوە .

## ئەریّ پێویستە کیّ داوای لیّبوردن لە کیّ بکات ؟ *

- لەدوای بلاّوکردنەوەی بەیاننامە ٧ خالّیەکەی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە شەوی ٢٠١١/١/٢٩دا. کە تەنها لە ٥٧٦ وشە پێك هاتبوو, تیایدا گۆڕان داواکاری ئەوەی کردبوو کە گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا بکرێت لە ڕێگەی هەلّوەشاندنەوەی پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و ئەنجامدانی پڕۆسەیەکی هەلّبژاردنی خاوێن و شەفافی نویّ لەماوەی ٣ مانگدا و دەستکێشانەوەی حیزب لەکاروباری حکومەت و دەرهێنانی هێزی پێشمەرگە ودەزگاکانی ئاسایش و زانیاری و پاراستن لە ژێر سایەی حیزبدا و کردنیان بە موڵکی میلەت وگەڕاندنەوەی موڵك و مالّی حکومەت بۆ حکومەت و وەرگرتنەوەی لە حیزبەکان و...هتد.

ئیدی ئەم چەند ڕستەو وشانە کە تەنها لەشێوەی بەیاننامەیەکدا بلاّوکرانەوە و ئاڕاستەی دەسەلاّت و هاولاّتیانی کوردستان کرابوو بوە زەمین لەرزەیەکی ٩ پلەیی ڕێختەر کە ژێر پیّ و کورسی دەسەلاّتدارانی هێنایە لەرزە و هەژان و ترس ودلّەڕاوکێیەکی وەهای لادروست کردن کە تەنها لەدوای چەند کاتژمێرێکی کەم هەردوو مەکتەب سیاسیەکەیان بە ڕەنگپەڕیوی و تەنگەنەفەسیەوە وەلاّمێکی هێستریا ئاسا و دوور لە ئەتەکێتی سیاسی و ئیداریەوە کە پڕ بوو لە هەڕەشە و تۆمەت و ناوزڕاندن لەبزوتنەوەی گۆڕان و سەرانی بزوتنەوەکەی دایەوە. و هەر لەو شەوەدا و تاماوەی چەند ڕۆژێکیش ترسیان نەڕەویبۆوە و هەموو هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و پاراستن و زانیاری و تەنانەت ڕێکخستنەکانیشیان خستبوە حالّەتی توندی ئامادەباشیەوە و خۆیان ئامادەکردبوو بۆ هەموو ئەگەرێك کە لەلایەن جەماوەرەوە بەرەو ڕوویان بێتەوە.کار گەیشتە ئەوەی تانك و زریپۆش و هێزی زێرەڤانی لەهەولێرەوە و لەدەرەوەی سلێمانیەوە بهێنن و بەرامبەر گردی زەرگەتەی گۆڕان دایان مەزرێنن وەك ئەوەی لە شەڕی بەرەییدا بن . سەیرە ئەو تانکانە لەسالّی ١٩٩١وە بەکارنەهێنراوە بۆ شەڕی ناوخۆی خۆیان و شەڕی دژی ڕژێمی بەعس و

ئێران و تورکیا کەچی بەرامبەر جەماوەری گەلەکەی خۆیان خستیانە ئامادەباشیەوە.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەرێ بزوتنەوەی گۆڕان بەیاننامەی بلاْوکردەوە یان هێزی چەکداری کۆکردەوە؟ یان بزوتنەوەی گۆڕان بەنیازی کودەتای سەربازی و خوێناوی بوو یان داوای دانیشتن و چاکسازی و گفتوگۆی سیاسی دەکرد؟ ئەرێ گۆڕان دڵسۆز و خەمخۆرتر بوو یان دەسەلاْت و هەردوو حیزبەکە بۆ ئێستا و ئایندەی بەرژەوەندی سیاسی کوردستان؟ کام لا بونە هۆی نانەوەی نائارامی و پشێوی لەهەرێمدا ؟ و چەندین پرسیاری تر...

ئاشکرایە بزوتنەوەی گۆڕان هەر لەسەرەتای خۆ ئیعلانکردنیەوە وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری بێ چەك و ڕوو لە ئاشتی خۆی ئاشکراکرد.بە ئێستاشەوە خاوەنی هیچ هێزێکی چەکداری ڕێکخراو و خاوەن چەك وتەقەمەنی و مەشق و ڕاهێنان و سەربازگەی ئاشکراو نهێنی نیە و بارەگاکانیشی لەلایەن چەند گەنجێکی تازەپێگەیشتوەوە دەپارێزرێن کە بڕواناکەم زۆربەیان ئاشنایەتی تەواویان لەگەڵ چەك و بەکارهێنانیدا هەبێت. دەتوانرێت لە ڕووی سەربازیەوە بەچەند دەیە کەسێك دەستیان بەسەردا بگیرێت چونکە لەبەرامبەر ئەو هەموو هێزە سەربازیانە و تانکانەی دەسەلاْتدا هیچ ڕوویەکی بەراوردیان تیادا نیە. بەلاْم ئەوەی ئەو بارەگایانە دەپارێزن تەنها جەماوەرە دڵسرۆزەکەی گۆڕانە کە ئەوانیش چەکدار نین.هەربۆیە لەدونیادا ڕووینەداوە بزوتنەوەیەکی سیاسی بە بلاْوکردنەوەی بەیاننامەیەك دەسەلاْتێکی ٢٠ ساڵە بڕوخێنێت لە شەو ڕۆژێکدا تا بزوتنەوەی گۆڕان لە کوردستاندا ئەو کارەی پێبکرێت. ئیدی ئەم هەموو ترسە لە چی؟؟

بزوتنەوەی گۆڕان لە خەمخۆری و دڵسۆزیەوە بۆ هەرێمی کوردستان و ئایندەی گەلەکەمان ویستی دەسەلاْت بە ئاگابێنێتەوە لەو باهۆزی گۆڕانکاریانەی کە لە ناوچەکەدا بەڕێوەیە و باپێش گەیشتنی گەردەلولە وێرانکەرەکە فریای خۆمان بکەوین. هەربۆیە ئەرکی دەسەلاْت بوو کە بەو پەڕی سنگ فراوانیەوە و دوور لە هەڵچوون و توڕەبوون وەلاْمی ئیجابیان بدایەتەوە و ئەوان دەستپێشخەر بونایە بۆ دانیشتن و گفتوگۆ و ڕێکەوتن.بەلاْم هەڵوێستی دەسەلاْت بەپێچەوانەوە بوو وەك

ئەوەی ئەوان ئۆپۆزسیۆن بن و گۆڕانیش دەسەڵات و لەوپەڕی لێپرسراوێتی و خەمخۆریەوە نزیك بوو.

ئاشکرایە لای جەماوەر کە بەیاننامەکەی گۆڕان نەبوە هۆی نائارامی و پشێوی بەڵکو ئەوە وەڵامە توندو ڕەق و نەفەس کورتیەکەی دەسەڵات بوو ترسی خستە ناو شەقامی کوردیەوە و بازاڕ و بازرگانی شێواند و زیانی گەیاندە هاولاتیانیش.

لە ئێستاشدا پارتی و یەکێتی بەجیا و پێکەوە و لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا داوادەکەن کە بزوتنەوەی گۆڕان داوای لێبووردن لە جەماوەر بکات چونکە هەڵەیەکی سیاسی و کوفری سیاسی کردوە بەرامبەر دەسەڵات و جەماوەریشی بێزار و توڕەکردوە.

هەربۆیە دەڵێین ئەرێ بەڕاست پێویستە کێ و کام لا , دەسەڵات یا گۆڕان داوای لێبووردن لە جەماوەر بکات؟؟

بەڕای من هەر سەرکردە و هێز و لایەنێکی سیاسی چەندە گەورە و بەدەسەڵات بێت یان بچوك و بێ دەسەڵات بێت گەر هەڵەیەکی بچوك یان گەورە بکات کە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتیمان بێت, پێویستە لەسەری کە نەك جارێك دەیان جار داوای لێبوردن بکات لە جەماوەر و سەری نەوازش و تەقدیر دابنەوێنێت.و بەمەش نەك هەر هەڵەکەی ڕاست دەکاتەوە بەڵکو گەورەتریش دەبێت لای جەماوەر و خۆشەویست و بەڕێزیش دەبێت.چونکە هیچ هێز و لایەن و سەرکردەیەك چەندە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ و گیانفیداییشی کردبێت بۆ گەل و نیشتیمان هەرگیز گەورەتر نابێت لە جەماوەر چونکە تەنها جەماوەرە سەرچاوەی شەرعیەتی هەموو دەسەڵات و دەسەڵاتدارێك.

بزوتنەوەی گۆڕان بەدەرکردنی ئەم بەیاننامەیە. نەخیانەتی گەورەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی کردوە و نەهێزی دوژمنانی هێناوەتە سەر بینای پەڕلەمان و حکومەتی هەرێم و نەبۆتە پێشقەوڵی هێزی داگیرکاری ئێرانی و تورکی و صدامی و نەسنورەکانیشی والاکردوە لەبەردەم هێرش و پەلاماری دوژمنان و نەپاڵەوانی شەڕەکانی ناوخۆش بوە و نە دزی و گەندەڵی و ناعەدالەتی و بێکاری و هەژاریشی بلاوکردۆتەوە و نەسەروەت و سامانی سروشی ولاتیشی هەرزان فرۆشکردوە و

نەمافی مرۆڤی کوردیشی پێشێلکردوە و نەدەزگای سیخوڕی دامەزراندوە بەسەر هاولاتیاندا , ئیدی لەپای چی داوای لێبوردن بکات ؟

بەڵام ئاشکرایە لەبەرامبەردا ئەوە دەسەڵاتە کە دەبێت نەك جارێك بەڵکو دەیان جار داوای لێبوردن بکات لەجەماوەر و هێزی پێشمەرگە و بزوتنەوەی گۆڕانیش. لە پای ئەو وەڵامە شەڕانگێزیە و کۆکردنەوەی هێز و تانکانە و تۆقاندن و ترس دروستکردن لەلای جەماوەر و هەموو کارە خیانەتکارانەکانی ڕابووردوویان بەگەل و نیشتیمان.

بزوتنەوەی گۆڕان وەك هێزێکی پێشەنگی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا بەم بەیاننامەیەی ئەرکێکی مێژووی و نیشتیمانی و نەتەوایەتی خۆی جێبەجێکردوە و ئۆباڵی هەر ڕووداو و گۆڕانکاریەکیشی ئایندەی لە کوردستاندا کە لەلایەن جەماوەرەوە ڕوو‌بدات لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دژی دەسەلات خۆی لێبێبەری کردوە و دەسەلاتیش کەمتەرخەم. چونکە ئەوە دەسەلاتە لە غرور و ملهوڕی خۆی دانابەزێت و نەرمی و ئامادەگی دانیشتن و حیوار و چارەسەرکردنی کێشە و داواکاریە ڕەواکانی جەماوەر نانوێنێت. بەمەش گۆڕان ئەو گوتەیەی پەیڕەوکردوە کە دەڵێت (( اللهم ابلغت اللهم فاشهد)).

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردستان پۆست و سبەی لە بەروارەکانی ١٦ و ٢٠١١/٢/٢٣دا بلاوکراوەتەوە.

## حکومەت

## لەنێوان دەستلەکارکێشانەوە و ڕووخاندندا...*

- ئاشکرایە لەدونیای پێشکەوتووی دیموکراسیدا و لە فەزای گشتی ئازادی و ڕادەربڕیندا کارێکی زۆر ئاساییە کە دەسەلاٌت بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەستاودەست بکات, یان لەکاتی هاتنەکایەی تەنگژە و جەنگ و دۆخێکی نائاسایدا حکومەت هەڵبوەشێنرێتەوە و لە جێگەیدا حکومەتێکی نوێ لەژێر ناونیشانی (( حکومەتی نیشتیمانی یان حکومەتی ڕزگارکەری نیشتیمانی یان حکومەتێکی بنکە فراوان)) پێکبهێنرێت بەمەبەستی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغ و تەنگژەیە و دواتر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پێشوەختەوە پەرلەمان و حکومەتێکی نوێ دێتەکایەوە لەسەر بنەمای استیحقاقی هەڵبژاردن یان ڕێکەوتنی سیاسیەوە کە هەمووان قبوڵی بکەن.

بەهەمان شێوە کارێکی زۆر ئاسایترە کە لەکاتێکدا دەسەلاٌت تووشی قەیرانی سیاسی دەبێتەوە و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەپشتگیری جەماوەر و شەقام داوا لەحکومەت یان تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی وڵاتیش بکات, چونکە هەر حکومەت و دەسەلاٌتێك شەرعیەتی لەجەماوەرەوە وەرگرتوە هەربۆیەش دەسەلاٌت ئەرکێتی کە هەمیشە گوێڕایەڵ و خزمەتکاری جەماوەرەکەی بێت و داواکاریەکانیان جێبەجێ بکات تەنانەت کاتێك داوای هەڵوەشانەوەی خۆشی بکات نەك بیانوی بێ ئەرزش بێنێتەوە بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی لە دەسەلاٌتدا.بەوەی کە ئەوان بە هەڵبژاردن هاتونەتە سەر حوکم و لەڕێگەی کودەتاو خۆسەپاندنەوە نەهاتوون.

- لە ئێستای کوردستاندا, کێشەیەکی قوڵ سەریهەڵداوە کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو, بەلاٌم بەهۆی بارودۆخی ئەوکاتەوە بەتەواوەتی کامڵ نەببوو و گەشەی نەکردبوو نەگەیشتبوە ئاستی تەقینەوە.بەلاٌم ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بە ساڵ کێشەکە بوونی خۆی زیاتر دەسەپاند, تادوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا و نەمانی مەترسیە گەورەکە لەسەر هەرێمی کوردستان. و سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆن و دەرکەوتنی ناڕەزایی شەقامی کوردی بە ئاشکرا بەرامبەر دەسەلاٌت و هەردوو گەورە حیزبی

دەسەلاَتدار. کێشەکە لای هەموان ئاشکرابوو چیدی دەسەلاَت نەیتوانی مانۆڕ و پێچ و دەوران بکات و خۆی لێ بێ ئاگا بکات. بەلاَم بەدرێژای ٨ ساڵی ڕابووردوو هیچ هەنگاوێکی جدی و پراکتیکی نەناوە بۆ چارەسەرکردن یان گەمارۆدانی کێشەکە و تەنها ڕۆژ و ساڵی ڕایکردووە و خۆی هەڵخەڵەتاندووە نەك جەماوەر بەهەندێ دەسکەوتی کەم وپڕکەموکوڕی دەیزانی چاوبەستەکی لەجەماوەر دەکات.

- حکومەتێك کەلەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا نەیتوانیبێت کێشە هەنوکەیی و گەورە و زۆر پێویستەکانی جەماوەر چارەسەر بکات هەر لەکێشەی کارەبا و ئاو و سووتەمەنی و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بوژاندنەوەی بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاودێری و خوێندن و ...هتد. ئیدی چۆن دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا ئەم کارانە بکات یان چ گرەنتیەك هەیە کە جەماوەر متمانە بە بەڵێنەکانی بکات.

کێشەی هەرەگەورەی ئەم دەسەلاَتە ئەوەیە کە لەلایەك هەردوو حیزبەکە متمانەیەکی پتەو و ڕاستگۆیانە بەیەکدی ناکەن و هێندەی وەك دوژمن و ناحەز سەیری یەکتری دەکەن نیو هێندە وەك شەریك و هاوکار و دۆست لەیەکتری ناڕوانن.لەلایەکی ترەوە ئەم دەسەلاَتە نەك بەرنامەیەکی زانستی و عەمەلی نیە بۆ چاکسازیەکانی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی و خوێندن و ...هتد. بەڵکو نیەتێکی ڕاستگۆیانەشی نیە.هەربۆیە ناتوانێت هیچ هەنگاوێکی عەمەلی هەڵگرێت بە ئاڕاستەی چاکسازییەکان و نەهێشتنی گەندەڵی و ناعەدالەتی و پیادەکردنی شەفافیەت.

- حکومەتێك کە بۆخۆی گیرۆدەی دەیان ململانێی سیاسی و ئابوری و بازاڕ بوبێتەوە لەنێوان کەسە بەدەسەلاَت و خاوەن بڕیارەکانی ناو دوو حیزبەکە و ئەوان حکومەت هەڵبسوڕێنن و وەکو لێبوکێك بەکاری بێنن و بێ ئیرادەی بکەن. ئیدی ئەو حکومەتە بون و نەبوونی وەك یەکە.

- حکومەتێك و سەرۆکەکەی کە بڕیار بەدەستی کۆتا نەبن و لەناو کابینەی حکومەتەکەشدا وەزیر گوێ لەسەرۆکەکەی نەگرێت و حسابیشی بۆ نەکات. ئیدی ئەو حکومەتە بۆچی بمێنێت.

- حکومەتێك هێندە سوك و ڕسوا بێت کە تەنانەت ڕێکخراوێکی حیزبی قوتابیان بتوانێت لە جێگەی حکومەت و وەزیری خوێندن و سەرۆکی زانکۆ گەورەترین زانکۆی کوردستان دابخات,چیدی پێویست بەبونی ئەو حکومەتە نەماوە.
- حکومەتێك بەبەرچاویەوە و لەڕۆژی ڕوناکدا و لە زۆربەی شاروشارۆچکەکاندا هاولاتیان خەڵتانی خوێن بکرێت بەدەستی کادری حیزبی و هێز و لایەنی چەکداری نەناسراو هەر بێدەنگ بێت.ئەریٚ ئەو حکومەتە مان و نەمانی وەك یەك نیە.
- حکومەتێك نەتوانێت پارێزگاری لەگیان و سەروەت و سامان و موڵکی گشتی و بەهاو ڕێکخراو و دام ودەزگا ئەهلی و ئازادەکان لە میدیاو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ...هتد.نەکات ئەریٚ ئەو حکومەتە مانەوەی چ پێویستە.
- حکومەتێك لەماوەی ١٨ ڕۆژی خۆپیشاندانی گەورەترین شاری کوردستان (( سلێمانی ))و ناوچەیەکی فراوانی ئەم شارە (( کە یەکێتی لەوەوپێش بەقەلای سیاسی خۆی دادەنا ))نەتوانێت بێتە ناو خۆپیشاندەران و لەنزیکەوە گویٚ لەداواکاریەکانیان نەگرێت و هەوڵی چارەسەرکردنیشیان نەدات. ئیدی حکومەتی کێیە.

هەربۆیە ئەم حکومەتە کە ئەوەندە بیٚ دەسەلات و بیٚ متمانە بێت چ لەلایەن دوو حیزبەکەوە و چ لەلایەن جەماوەرەوە. دەبوایە هەر لەیەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانەوە لە ٢٠١١/٢/١٧ی شاری سلێمانیەوە, دەستی لەکاربکێشایەتەوە و دانی بنایە بەبیٚ دەسەلاتی خۆیدا, بەمەش لەلایەك ولاتی لەم تەنگژەسیاسیە ڕزگار دەکرد و دەرگای والا دەکرد لەبەردەم چارەسەرکردنەکاندا و جەماوەر و ئۆپۆزسیۆنیش ئارام دەبونەوە. و لەلایەکی تریشەوە ئەم حکومەتە و سەرۆکەکەی دەبونە ڕچەشکێن بۆ ئایندە و ناویشیان لە مێژوودا تۆمار دەکرا کەوا حکومەتێکی دیموکراسی و گوێڕایەڵی جەماوەرەکەی بوو.بەلام حکومەت و سەرۆکەکەی نەیتوانی ئەم هەنگاوە بوێرانەیەش بنێت و هەر بەردەوام بوو لەسەر غافڵگیری و پشتگوێخستن و حساب بۆنەکردنی داواکاری و ڕای جەماوەر.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردستانپۆست و سبەی لە بەروارەکانی ٨ و٢٠١١/٣/١٠دا بلاوکراوەتەوە.

## بەڵێ
## کوردستان لەتونس و میسر ناچێت
## بەڵکو لە لیبیا وسوریا و یەمەن دەچێت!!*

- ئاشکرایە هەردوو حیزب و هەردوو سەرکردەی تاکڕەو و خۆسەپێنی تونس و میسر هەریەکە بۆ ماوەی ٢٣-٣٠ ساڵ حوکمی وڵاتانی تونس و میسریان کرد.لەسایەی یاسای تەواری و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و ترس و تۆقاندنەوە. کەئەمەش بوە هۆی توڕەبونی جەماوەر و گەلەکانیان و لەدوا ترۆپکی توڕەبونیاندا هەموان پێکەوە ڕژانە سەر شەقامەکان و هەموو ترس و لەمپەڕ و ڕێگریەکانی دەسەڵاتیان تێك شکاند و بڕیاری کۆتایی خۆیاندا به ڕوخاندن و وەدەرنانی سیستەمی حوکمی تاکڕەوی و بنەماڵەیی و تاك حیزبی بن عەلی و موبارەك لە وڵات . و ئەوەبوو ئەو دوو دیکتاتۆرە لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا ١٨-٢٨ ڕۆژ خۆیان ڕانەگرت و لە ژێر فشاری جەماوەردا وازیان لە دەسەڵات هێنا و لە ئێستادا چاوەڕوانی ڕۆژانی کۆتاییان دەکەن لە ژیاندا و لە ژێر ڕەحمەتی دادگایکردندان.

ئیدی ئەم دوو شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەریە ئاشتیخوازانەیەی تونس و میسر بوە مۆدێلێك لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بۆ ڕووخاندنی بتەکانی سەدەی بیست و یەکەم و ئاسودە بوون بە ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی.

ئەوەبوو جەماوەری لیبیاو سوریا و یەمەن و بەحرەین و ئێران و عێراق و کوردستانیش بەهەمان شێوە دەستیان دایە خۆپیشاندان و ناڕەزایی بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتیانە. بەڵام ئەوەتا ماوەی نزیکەی ٢ مانگە لە هیچ کام لەو وڵاتانەی دواییدا جەماوەر نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی بگات و بتوانێت ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و خۆسەپێنەکانی وڵاتەکانیان بەهەمان شێوەی تونس و میسر بەرەو زبڵدانی مێژوو توڕ هەڵبدەن.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە.. ئەریٚ چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان ڕژێمەکانی تونس و میسر لەگەڵ کوردستاندا؟ئەی چ هاوشێوەییەك هەیە لە نێوان ڕژێمەکان لیبیا و

سوریا و یەمەن لەگەڵ کوردستاندا؟ئەی دەسەلاّتی کوردستان بۆ هەمیشە دەڵێت کوردستان میسر و تونس نیە؟

وەلاّمی هەموو ئەو پرسیارانە ئەوەیەکە. بەڵێ دەسەلاّتی کوردی ڕاست دەکات کە کوردستان تونس و میسر نیە چونکە دوو دیکتاتۆرەکەی تونس و میسر زۆر ئاقلاّنە و حەکیمانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکان و خۆپیشاندەراندا و داواکاریەکانیاندا کرد.و هەر زوو تێگەیشتن کەوا ئەو جەماوەرە ناڕازیە لەسەر هەقن و ئیدی کاتی کۆتایی دەسەلاّتەکانیانە و ژیرانە و بە ئاشتیانە کورسی حوکمیان بەجێهێشت و لەساتەکانی کۆتایی حوکمیاندا بونە ڕێگر لە خوێنڕشتن و نانەوەی فیتنەیەکی گەورەی شەڕی ناوخۆیی کە ئەو ولاّتانەی خەڵتانی خوێن دەکرد.و هەربۆیە درێژەیان بە خۆسەپاندن و ملهوڕی و دەسگرتن بەکورسیەوە نەدا.بەکەمترین زەرەر و زیان شۆڕشەکانی ئەو دوو ولاّتە سەرکەوتن و بەهەمان شێوە ئەو دەسەلاّتانە جەماوەری گەلەکەی خۆیان بە ئاژاوەگێڕی و پیاوی بێگانە ناوزەدنەکرد.

بەلاّم دەسەلاّتدارانی کوردستان بە پێچەوانەوە هەر لەسەرەتاوە خۆپیشاندەرانیان بە ئاژەوەگێڕ ودەستی دەرەکی و لە ئێستاشدا لەلای دوژمنانی کورد بە تورك و فارس و عەرەبەوە جۆرەها ناوناتۆرەیان لێدەنێن و لەلای ئەمریکا و ئەوروپیەکانیش تۆمەتی ئیسلامیبوون و قاعیدە و سەربەئێرانیان پاڵدەدەن..

دواتر ئەم دەسەلاّتە کە ماوەی ٢٠ ساڵە بە جۆرەها بڕوبیانوو دەسەلاّتی خۆیان سەپاندوە و گەرەکیانە درێژەی پێبدەن و سەروەت و سامانی میلەت بەتالاّنبەرن و هەرزان فرۆشی بکەن و تەنها بۆ کەمایەتیەکی زۆر کەمی بنەماڵە و حیزب و گروپی تر بەکاری بێنن و زۆرینەی زۆری جەماوەریشی لێبێبەش بکەن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی ٢ مانگە خۆپیشاندان و باری نائارامی باڵی کێشاوە بەسەر کوردستاندا. تائێستا دەسەلاّت بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی نەداوە بۆ وەلاّمدانەوەی خۆپیشاندەران و چێکردنی چاکسازی.

بەهەمان شێوە لەسەرە ڕۆییەکی تر و ملهوڕییەکی زیاترياندا بێگوێدانە خوێنڕشتن و نانەوەی فیتنە و چاوبڕین لە ئایندە لە وەلاّمی داخوازیە ئاشتیخوازانەکانی جەماوەردا دەسەلاّت بە گولە و توندوتیژی و گرتن و ڕاوەدوونان وەلاّم دەداتەوە.

دوا هەڵوێستیشیان ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرێکی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتێکی ئیفلیج و بێ بەرهەمە کە جەماوەر لێی ناڕازیە کە لەئێستادا بۆتە مەتڵەبێکی سەرتاسەری جەماوەری کوردستان. هەربۆیە منیش لەگەڵ دەسەلاتم کە دەڵێت کوردستان تونس و میسر نیە. چونکە دەسەلاتەکەی کوردستان لەوان عاقڵتر و حەکیمتر و ئاشتیخوازتر و دیموکراسیتر نیە و نەوەك ئەوانیش زوو دەست بەرداری کورسی حوکم بون و نەوەك ئەوانیش دانیان بەهەڵە و کەموکوڕی و گەندەڵی خۆیاندا ناوەوە و ڕەواییان داوە بە داواکاری خۆپیشاندەران.
هەربۆیەش دەسەلاتی کوردی مۆدێلی ڕژێمە سەرکوتەکەرەکان بەلام عاقڵەکان و ئاشتیخوازانەکانی بن عەلی و موبارەکیان بەدڵ نیە . بەڵکو لەبەرامبەردا هەڵسوکەوت و مامەڵە و پیلان و ئامرازە دواکەوتوەکانی ڕژێمە خوێنڕێژ و دیکتاتۆر و سەرچڵەکانی موعەمەر قەزافی دۆستیان و بەشار ئەسەدی دیکتاتۆری بەچکە دیکتاتۆر و عەلی عەبدولا صاڵحی شێتۆکەیان لاپەسەندە.
و گەرەکیانە ئەزموونی ئەوان دووبارە بکەنەوە و لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا.هەربۆیە هاوشێوەییەك و لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان عەقڵ و بیرکردنەوە و مامەڵە و گوتە و کرداری دەسەلاتدارانی کوردستان و ئەو سێ ڕژێمە تیرۆریستیانەی لیبیا و سوریا و یەمەندا.
*بەلام پێویستە دەسەلاتی کوردی عاقلانەتر و حەکیمانەتر بیر لە کۆتاییپێهێنانی خۆپیشاندانەکان بکاتەوە بەشێوەیەکی شارستانیانە و لێپرسراوانە و لەڕێگەی ئاشتی و دیالۆگەوە. نەك پەنا بردنە بەر سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە بۆ ئۆپۆزسیۆن و نەك سیاسەتی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندن و گرتن و ڕاوەدوونان بۆ جەماوەر.و نەك سیاسەتی خۆگێلکردن و بەسووك سەیرکردنی خۆپیشاندەران. ونەك سیاسەتی هێنانەوەی بڕوبیانوی بێ بناغە بۆ مانەوەیان لە حوکمدا.
سەرۆکی حکومەت و حکومەتەکەشی. بۆیان شانازیترە و سەروەریترە کە دەستلەکاربکێشنەوە نەك ملهوڕیکردنیان و سووربونیان لەسەر مانەوەیان. حکومەتێك کە بێئیرادە و بێ دەسەلات بێت مانەوە یان نەمانەوەی وەك یەکە.حکومەتێك کە پاشکەوتەی حیزب و بڕیاری سەرکردەکانی حیزب بێت چیدی مانەوە و نەمانەوەی

زەرور نیە.ئەبێ دەسەڵاتی کوردی و بەتایبەتیش دوو سەرکردەی حیزبەکە ئەو ڕاستیە باش بزانن بە لاچوون و نەمانیان لە حوکمدا, ئایندەی حیزبەکانیشیان و بە هەزاران کادری بەتواناشیان بەرەو نەمان و لەناوچوون دەبەن.هەروەکو دوو حیزبەکەی بن عەلی و موبارەك.

بۆیە تاکات ماوە و بۆ پاراستنی ئەوەی دەکرێت بپارێزرێت لە مێژوو و سەروەری و قوربانیدان و دەسکەوتەکانیان. بۆیان باشترە گوێ لە داواکاری و پێشنیاز و ڕەخنەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و خۆپیشاندەران بگرن. کە بەم کارەشیان کوردستان ڕزگاردەکەن لە بارودۆخێکی نەخوازراو و ئۆباڵی مێژووشیان لە ئەستۆدا نابێت. بەڵام بە پێچەوانەوە تەنها دەسەڵات بەرپرسیاری یەکەم دەبێت لە تێکچوونی زیاتری ئەم ئەزمونی حوکمڕانیە کوردیە خۆماڵیەدا کە هیچ کەس و لایەنێکی پەرۆشی کوردایەتی ئاوات ناخوازن کە بەرەو نەمان و بچوکبونەوە بچێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردستانپۆست و سبەی لە١١ و١٣/٤/٢٠١١دا بڵاوکراوەتەوە.

## کاروانی چاکسازی و گۆڕانکاریەکان بەکوێ گەیشتوە؟ *

• ئاشکرایە ئەو دەنگانەی کە داوای چاکسازی و گۆڕانکاری دەکەن لە تەواوی سیستەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی کوردستاندا لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ وە بەئاشکرا وەك هێزێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن خۆیان ڕاگەیاند لەبەرامبەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا.. هەرچەندە پێشتریش لێرەو لەوێ دەنگی چاکسازی و گۆڕانکاری بەرزکرابۆوە لەلایەنی جیاوازەوە بەڵام بێهێز و شەرمن و نارێکخراو بوون. ئیدی لەدوای ٧/٢٥ وە کاروانی گۆڕانکاری و چاکسازیەکان بە ئاشکرا کەوتەڕێ و واماوەی ٢ ساڵە خەباتێکی نەبڕاوە و بێوچان دەدەن لەو پێناوەدا. ئەم کاروانی چاکسازی و گۆڕانکاریانە لەسەرەتادایە و هێواش هێواش گەورەتر و گەشەکردووتر و ڕێکخراوتر و پێگەیشتووتر دەبێت. هەربۆیە ئاساییە کە هەندێ جار ئامانجەکانی نەپێکێت و ڕووداو وپێشهاتەکان وەکو خۆیان نەبینێت و خوێندنەوەی ڕاست و دروستیان بۆ نەکات و هەندێ جار تووشی هەڵە و نوچدانیش ببێت. لەلایەك بەهۆی نوێبوونی کاری ئۆپۆزسیۆنی لەکوردستاندا و نەبوونی ئەزمونێکی باش و کامڵ لەو بوارەدا و لەلایەکی تریشەوە هەڵپەی زوو دەسکەوتنی زۆرترین دەسکەوتی سیاسی و جەماوەری و وەدیهێنانی ئامانجەکان وادەکەن کە هەڵە و هەڵەشەیی و بێبەرنامەیی و بێپلانی ڕووبدەن. لەلای سێهەمیشەوە دەسەڵاتەکەی کوردستانیش بەهەمان شێوە نە لە دەسەڵاتدا قاڵبۆتەوە و درك بەهەموو بوارەکانی ژیان و گوزەرانی جەماوەر دەکات و نەسنگ فراوانیەکەشی هێندەیە کە قبوڵی ڕای جیاواز و کاری ئۆپۆزسیۆن بکات. هەربۆیەش و لەبەر ئەم هۆکارانە کاروانی چاکسازی و گۆڕانکاریەکان تووشی سستی و خاوبونەوە و ڕێگری زۆر بونەتەوە.

هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کە خۆیان لە بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیدا دەبینێتەوە, ئەوانیش بۆ خۆیان لەسەرەتاوە دڕدۆنگ و دوور لەیەکتر بوون. بەڵام خۆشبەختانە و لە دوای ٢٠١١/٢/١٧ وە و دوای ئەنجامدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەرەوە, کەوتونەتە خۆ بۆ لێکنزیکبونەوە و هاوهەڵوێستی و هاوکاریکردنی یەکتر کە ئەم کارەیان بوە هۆی دروستبوونی شۆك

لای دەسەلات.چونکە هیچ کاتێك دەسەلات چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم ٣ هێزە جیاوازە لە بیروڕا و بۆچوون و ئایدیا و دروشم و پێکهاتە و تاکتیك و ستراتیژی خەباتیاندا, ئاوها کۆك و تەبابن لەسەر بەگژداچونەوەی دەسەلات و داخوازیان بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریەکان.

هەربۆیە دەسەلات بە نهێنی و بە ئاشکرا فشاری ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکی لە ڕووی مادی و مەعنەوی و ترس و تۆقاندنەوە بەکارهێنا بۆلێکدوورکەوتنەوەیان و دابڕانیان لەیەکتری لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لە جەماوەری ڕاپەڕیوو. بەلاّم تائێستا نەیتوانیوە سەرکەوتن وەدەست بهێنێت.بۆیە ئەم کاری پێکەوەیی و هاوکاری و هاوهەڵوێستیەی ئۆپۆزسیۆن و جەماوەر زۆر گرنگە و هەنگاوی بەرچاو و سەرکەوتنیانە و زەرورە درێژەی پێبدەن و خۆڕاگریش بن لەبەردەم هەموو جۆرە فشارێکی تردا لە ئایندەدا.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە, ئایا چاکسازی و گۆڕانکاری بەکێ و بە چ هێزێك دەکرێت؟ بە چ شێوازێك ؟ ئامراز و داروپەردووی ئەو چاکسازی و گۆڕانکاریانە کێن و چۆنن؟ ئایا دەسەلات دەتوانێت چاکسازی و گۆڕانکاری بکات یان ئۆپۆزسیۆن؟ پرسیاری گەورەتریش ئەوەیە, ئایا کامیان لە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن ڕاستگۆترن لە جێکردنی پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاریەکاندا؟ ئەی ئەم دروشمە جوان و سەرنجڕاکێشانە لە کۆتاییدا لە سوودو قازانجی کێ لە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن و جەماوەر دەشکێتەوە؟؟ و دەیان پرسیاری تریش...

سەرەتا وەك لۆژیکی لێکدانەوە و شیکردنەوەی پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەلات لە کوردستاندا. ڕاستەوخۆ ئەندێشە و بیری مرۆ بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو هێزەی دەتوانێت چاکسازی و گۆڕانکاری بکات , سەرەتا دەبێت نیەتێکی ڕاستگۆیانەی هەبێت لەو پێناوەدا و هێندەی بیر لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەکاتەوە نیوهێندە بیری لای دەسکەوت و ئیمتیازات بۆ سەرکردە حیزبەکانی خۆیان نەکاتەوە..

هێزێك دەتوانێت گۆڕانکاری و چاکسازی بکات کە ترسی نەبێت لە لەدەستدانی پلە و پایە و ئیمتیازاتە مادی و مەعنەویەکانی.

هێزێك دەتوانێت چاکسازی بکات کە کۆنەپارێز نەبێت و عەقلْ و بیر و بەرنامەی نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی هەبێت.

هێزێك دەتوانێت کە چاکسازی و گۆڕانکاری بکات کە بڕوای بە بنەما سەرەکیەکانی سیستەمێکی دیموکراسی هەبێت لە ئازادی و یەکسانی و ئاشتی و پێکەوە ژیان و ئالْوگۆڕی دەسەلاْت بە ئاشتیانە و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و یاسا و سەربەخۆیی میدیاو زانکۆ و خوێندنی لا پیرۆزبێت.

هێزێك دەتوانێت گۆڕانکاری و چاکسازی بکات کە بڕوای بە عەدالەتی کۆمەلاْیەتی و شەفافیەت و کارکردنی پێکەوەیی هەبێت. نەك هێزێك توندڕەو و توندوتیژ و شەڕەنگێز و خۆسەپێن و پاوانخوازی دەسەلاْت و کورسی حوکم بێت و گەندەلْی و مشەخۆری پیشەی بێت.

جا ئەم پڕۆسە گەورە و گرنگ و زۆر هەستیارەی چاکسازی و گۆڕانکاریە, پێویستی بەکەش و هەوایەکی هێمن و ئارام هەیە دوور لە توندوتیژی , پێویستی بە عەقلْ و بەرنامەی وورد و زانستی هەیە. نەك بە تەنگەنەفەسی و نەفەس کورتی, پێویستی بە نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی هەیە, نەك هەلْپەکردن و هەنگاوی خێراو بیْ بەرنامە.

لەهەمان کاتیشدا ئەم پڕۆسەیە ئامڕاز و داروپەردوو و پێداویستی مادی و مەعنەوی و نەفسی هەموانیشی گەرەکە لە تاك بەتاکی کۆمەلْگاوە تاڕێکخراوە جەماوری و پیشەیی و دیموکراتیەکان و کۆمەلْگەی مەدەنی و تادەگاتە پارت و ڕێکخراو و بزوتنەوە سیاسیەکان و لەناویشیاندا سەرکردە و خاوەن نفوزەکانی نێو دەسەلاْت. چونکە هاوڕابوونی هەموان و کۆکبون و کۆبونەوەی هەموان و لێکتێگەیشتن لە چەمك و ناوەڕۆك و ووردەکاری و ئامانج و پلانی چاکسازی و گۆڕانکلاریەکە سەرکەوتنی پڕۆسەکە ساناتر و خێراتر دەکات. هۆشیاری تاکەکان و ڕوونی و شەفافیەتی ئامانجەکان و ڕۆشنی ڕێچکە و ئامڕازەکانیش هۆکاری تری سەرکەوتنێکی مسۆگەرن.

بەلاْم بەداخەوە دەلْێم لانی کەم لە ئێستادا کە نە دەسەلاْت و نە ئۆپۆزسیۆن و نە جەماوەریش بە باشی لە ئامانج و دروشم و ئامڕاز وڕێباز و شێوازی ئەم پڕۆسەیە نەگەیشتوون و بەم شێوەیەش بێت ئومێدی سەرکەوتن زۆر ڕۆشن نابێت. چونکە

دووڕوویی و تەنگەنەفەسی و گیانی تۆڵەکردنەوە و یەکدی قبوڵنەکردن لەلایەن دەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆنەوە زاڵترە لە گیانی بیرکردنەوە و پێکەوەکارکردن ولێکتێگەیشتن لەسەر زەمینەی واقیعدا .

دەکرێت دەسەلاَت بۆ خۆی بەرنامەیەکی باش و ڕۆشن و سەرتاپاگیری بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریەکان پێبێت گەر نیەتێکی باش و ڕاستگۆیانەی هەبێت.لەو کاتەشدا پڕۆسەکە ساناتر و خێراتر بە ئەنجام دەگات. بەلاَم ماوەی ٢٠ ساڵ حوکم و ڕووداوەکانی دوای ٢/١٧ ئەو ڕاستیەی لای دۆست و دوژمنان سەلماند کە دەسەلاَتی کوردی گەرەکی نیە یان نایەوێت یان نیەتی چاکسازی و گۆڕانکاری نیە, چونکە دەرکەوت لە جیاتی وشە و ڕەخنە و ناڕازیبونی ئاشتیانە گولە و توندوتیژی و عەسکەرتاریەت و ڕەشبەگیری و گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجەدانی بەکارهێنا و لە جیاتی گوێگرتن و قبوڵکردنی بەرامبەر خۆگێلکردن و ڕەتکردنەوەی بەرامبەری هەڵبژارد.

لەبەرامبەریشدا, هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش توانای ئەو چاکسازی و گۆڕانکاریانەیان نیە. چونکە نەخۆیان و نە لایەنگرانیان و نە جەماوەریش پلان و پڕۆژەیەکی زانستی و واقعی و عەمەلی شەفاف و ڕۆشنیان نیە بۆ ئەو پڕۆسەیە و بە تەنها لە چوارچێوەی هەندێ دروشمی باق و بریقدا ماوەتەوە و هیچ کامیانیش بەرنامەی دوای سەرکەوتنی پڕۆسەکەیان لا نیە. هەرچەندە نیەتێکی ڕاستگۆیانە هەستپێدەکرێت لە و خەباتەیاندا. بەلاَم دەسەلاَت بۆتە ڕێگر و نە خۆی پڕۆسەکە چێدەکات و نە ڕێگەش دەدات ئۆپۆزسۆن ئەو کارە بکات.

بەدڵنیایشەوە و لەو ڕاستیانەی لای سەرەوەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دەسەلاَت نیەتێکی ڕاست و ڕاستگۆیانەی نیە بۆ چێکردنی گۆڕانکاری و چاکسازیەکان و گەرەکێتی درێژە بەم بارودۆخە بدات و مانەوەی خۆی و هێز و جەبەروت و پاوانخوازی خۆی بۆ ماوەیەکی تر درێژ بکاتەوە.

لەبەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆن گەرەکێتی بە زووترین کات ئەو پڕۆسەیە سەربگرێت و خەبات و قوربانیشی لەو پێناوەدا بەخشیوە لە شەهید و بریندار و سووتاندنی

بارەگا و بڕینی یارمەتی و نانبڕینی لایەنگرانیان و بەردەوامیشە لە مقاوەمەتی ڕەوای خۆی لەبەرامبەر فشارەکانی دەسەڵاتدا.

زۆر ڕوون و ئاشکراشە کە هەموو پڕۆسەیەکی چاکسازی و گۆڕانکاری لە هەر دەسەڵاتێکدا داوابکرێت و ببێتە مەتڵەبێکی سیاسی و جەماوەری ئەوە لە ئەنجامی ناعەدالەتی و نایەکسانی و نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و نەبونی شەفافیەت و بوونی گەندەڵی و پاوانخوازی و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و خۆسەپاندنەوە هاتووە.

هەربۆیەش بەسەرکەوتن و بە ئەنجام گەیاندنی پڕۆسەیەکی وا زیندوو و هەستیار و ژیاری بە دڵنیایی لە قازانجی زۆرترین جەماوەر و کۆمەڵگا تەواو دەبێت کە سەرچاوەی شەرعیەت و حوکم و دەسەڵات و سیستەمەکەن.

بۆیە لەم قۆناغەی ئێستای کوردستاندا دەکرێت دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و جەماوەریش پڕۆژەیەکی ئاشتەوایی ڕاستەقینە پیادەبکەن و دواتر مێزی گفتوگۆی ڕاشکاوانە بکەنە مەیدانی ململانێکان و گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی سەرجەم کێشە و خاڵە ناکۆکەکان و هەرسێ لا ببنە سێ کوچکەیەکی تەبا و کۆك بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆسەیە و هەرێمەکەمان لەم قەیرانە ڕزگار بکەن و ئێستا و ئایندەی ئەزمونەکەمان بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونتر بەرن و هەموان تەنها مەبەست و ئامانجیان قازانجی گەلەکەمان بێت و سەرخستن و چەسپاندنی زیاتری ئەم ئەزمونی حومکڕانیە خۆماڵیە کوردیە بێت دوور لە بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی تەسکی سەرکردە و بنەماڵە و حیزب و ناوچە و عەشەرەتچێتی، بەڵام پڕاوپڕ بێت لە گیانی کوردانەی ڕاستەقینە و ڕەسەن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردستان پۆست و سبەی لە بەروارەکانی١ و٢٠١١/٥/٢دا بڵاوکراوەتەوە .

# ئەریٚ هەرێمی کوردستان
# بۆتە دورگەیەکی ئارام و بیٚ مەترسی یان..؟*

- لەم چەند ساڵەی ڕابووردودا زۆر کەس و لایەن پێیان وابوو کە چیتر مەترسی و هەڕەشەکان لەسەر هەرێمی کوردستان و ئەم دەسەلاتە نەماون و چیتر پێویست بەوەناکات کە پارتە حوکمڕانەکانی کوردستان بە بیانووی بوونی هەڕەشە و گوڕەشەی دەرەکیەوە, لایەنە سیاسی و جەماوەری گەلەکەمان هەڵبخڵەتێنن و بۆخۆیان چییان بویٚت و چۆنیان گەرەك بێت ئاوها مامەڵە لەگەڵ کێشە و ململانیٚ سیاسیەکانی ناو کوردستان بکەن و بودجە و سەروەت و سامانی ئەم ولاتە بە قازانجی خۆیان و لایەنگرانیان خەرج بکەن .و دەسەلات وبڕیاری سیاسی بۆخۆیان پاوان بکەن و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و زۆرینەی جەماوەریشی لێبێبەش بکەن.

ئەوان ئەوسا و ئێستاش پێیان وایە کە کوردستان لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لە ساڵی ۲۰۰۳وە چیتر هەڕەشەی جدی و ڕاستەوخۆی لەسەر نەماوە و کوردستان بۆتە دورگەیەکی ئارام و شامی شەریف و بۆتە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ و دوورە لە هەڕەشەی دوژمنان وئەوان وا لە کوردستان دەڕوانن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن کە بۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن ئالا و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان و هیچ هێز و دەوڵەتێی ناوچەکە ناتوانن هەڕەشە و هێرشی بکەنە سەر و پێیان وایە کە کوردستان بۆتە خاوەن هێزێکی سەربازی و سیاسی و ئابوری وەها کە دەرودراوسێکان لێی دەترسن و زاتی هێرش کردنە سەریان نیە.

ئەوان هەموو ئەو ڕاستی و هەڕەشە و مەترسیانەیان وەلانابوو یان نەیان دەبینی و نەیان دەسەلماند کە نەك کوردستان بگرە عێراقیش و ناوچەکە و تەنانەت دونیاش بە ئارامی و هێمنی نەمابۆوە لەدوای کارەساتی ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱ و هەموو دونیا بە زلهێزەکانیشەوە و لەپێش هەموشیاندا کوردستان ببونە گۆڕەپانێکی گەورە و فراوان و کراوە بۆ چالاکیە تیرۆریستیەکان.

ئەوان بیریان چۆتەوە کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەدوای ئەفغانستان کە بە قۆناغی سەرەتایی دانابوو عێراقی بەزانکۆی دەرچوونی کادرە تیرۆریستیەکانی دانابووکە هەڕەشەیان لەهەموو ناوچەکە و دونیاش دەکرد نەك بەتەنها لە کوردستان.

ئەو کەس ولایەنانە بیریان چۆتەوە کە هێشتا کوردستان هەرێمێکی سەر بەدەوڵەتی عێراقی فیدراڵە و خاوەن سنور و ئاڵا و سەربەخۆیی خۆی نیە و نەبوشە بە ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکان هەربۆیە سەروەری و سنور و ژیان و دەسەڵاتەکەشی لە بەردەم ڕەحمەتی مەترسی و هێرشی دەرودرواسێکاندایە و دەتوانن لەو قۆناغە بێ دەسەڵاتیەی دەوڵەتی عێراقدا هەموو کات پیرۆزیەکانی پێشێل بکەن. هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جیۆسیاسیەکەیەوە ببوە خاڵی پێکگەیشتن و هێڵی ڕووبەڕوو لەگەڵ تیرۆریستان و گۆڕەپانی ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش.هەربۆیە ئەم هەرێمە هەمیشە هەڕەشەی مان و نەمانی لەسەربوە.

- لێرەدا زۆر کەس و لایەن پێیان وایە و دەڵێن کە , هەر دەسەڵات و هەردوو پارتە حوکمڕانەکەی کوردستان ئەم بارودۆخەیان هێناوەتە ئاراوە و هەر پارتی و یەکێتی بوون کە لەو ماوەیەدا نەیانتوانیوە دەسەڵاتی کوردی باشتر و بەهێزتر بچەسپێنن و هێزو توانای بەبەردا بکەن. هەردەسەڵاتی سیاسی کوردستان بوە کە بۆتە هۆی لاوازکردنی هەرێم و ورەی جەماوەر بەهۆی ململانێ حیزبیەکانی خۆیان و هەڵپەی وەدەستهێنانی پلە و پۆست وکۆکردنەوەی سەروەت و سامان و بڵاوبونەوەی گەندەڵی و ناعەدالەتی و نەبونی خزمەتگوزاریەوە و تۆراندنی زۆرینەی جەماوەر و پارتە سیاسیەکان و نەرمی نواندنیان بۆ نەیاران و ناحەزانی کورد.هەربۆیەش تەنها و تەنها پارتی و یەکێتی بەرپرسیاری یەکەمن لەو بارودۆخەی کە ئێستای کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت...

بۆ وەڵامی ئەو هەموو دەڵێنانە, گەر مرۆ بە ویژدانەوە بڕوانێتە گوتار و کرداری هەردوو پارتی حوکمڕان لەکوردستاندا.. بۆی دەردەکەوێت کە ئەوان هیچ کاتێك لە لێپرسراوێتی قۆناغەکە خۆیان نەشاردۆتەوە و بە نهێنی و ئاشکرا و لەسەر زاری کەسە یەکەمەکانیشیانەوە دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە کە کەموکوڕی و گەندەڵی و

ناعەدالەتی و هەژمونی حیزبی بەسەر حکومەتەوە هەیە و زۆر لە دامودەزگا حکومیەکان وەکو پێویست و بەتەواوی یەکیان نەگرتۆتەوە و خزمەتگوزاریەکانیش وەك پێویست نین. ئەوان هیچ کات ئیدیعای ئەوەیان نەکردوە کە هەموو مافێکیان سەندوە بۆ گەلەکەمان و هیچ کات نەیان گوتوە لەشەو ڕۆژێکدا حکومەت و دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنن و ڕایدەگەیەنن . هیچ کام لەو دووپارتە دەسەڵاتدارە ئیدیعای سەرکەوتنی یەکجارەکیان نەکردوە لەململانێ سیاسیەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقدا و هەمیشە گوتویانە کە خەباتیان بەردەوامە بۆ سەندنەوەی تەواوی مافەکانی گەلەکەمان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کەس و لایەنێکی ئەو دووپارتەش نکوڵی لە بوونی هەڵە و کەموکوڕی و کەمتەرخەمی و هەندێ جاریش خەمساری خۆیان ناکەن لەبەرامبەر هەڵەی سیاسی و ئابوری گەورە کە لەماوەی ئەم ٨ ساڵەدا کردویانە کە دەتوانرا باشتر ئیدارەی ململانێ سیاسیە ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و دونیاییەکانیشیان بکردایە و دەسکەوتی گەورەتر و زیاتریان وەدەست بهێنایە,.هەربۆیە بەدڵنیایی بەشی گەورەی لێپرسراوێتی دەکەوێتە ئەستۆی پارتە حوکمڕانەکان چونکە ئەوان داهات و دارایی و هێزی سەربازی و بڕیاری سیاسیشیان لەلابوە.هەربۆیەش ئەوان لیپرسراون لە ناجێگیری سیاسی لەکوردستان و لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و لێکترازانی ڕیزەکانی گەل و پارتە سیاسیەکانیش.لەسەر ئاستی عێراقیش زۆر مەسەلەی گەورەو گرنگی وەکو بودجە و هێزی پێشمەرگە و ناوچە دابڕێنراوەکان لەکوردستان کە لەچوارچێوەی مادەی ١٤٠ ی دەستوردا باسی لێوەکراوە نەتوانراوە چارەسەری کۆتا و بنەبڕیان بۆ بدۆزرێتەوە و هەرئەمەش وایکردوە کە لە ئێستادا لەناوچەکانی سەعدیە و جەلەولاو قەرەتەپە و خانەقین و کەرکوك و دوزخورماتوو..هتد . کێشە و ململانێی گەرم ڕوودات و لەجێگەی سیاسەتی (( تعریب و تهجیر و تەبعیسەکەی)) بەعسی صدامی جاران سیاسەتی (( تەعریب و تەشەیوع و تەهجیرەکەی)) دەسەڵاتە نوێکەی عێراقی نوێ پەیڕەو دەکرێت دژ بەکورد و ناوچەکانی. کە گەر بەزوویی و حەکیمانە

چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوا زۆر نزیکە کە پێکدادانی خوێناوی لە نێوان کورد و عەرەبدا ڕووبدات.

لەسەر ئاستی ناوچەکەش و دونیاشدا هەموان دەبینین کە دراوسێ بەناو ئیسلامیەکانمان سەرچاوەی ژیانمان لێ وشك دەکەن لە ئاو و سوتاندنی ڕەز و باخ و وێرانکردنی گوندەکانی سەرسنورو .

• لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لایەن و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لێپرسراوێتی مێژوویی و نیشتیمانی و نەتەوایەتیان ناکەوێتە ئەستۆ و ئەوان ئەستۆ پاك و بێبەری ئەبن لە ئایندەدا . هەربۆیەش گەر بەهێندەی دەسەڵاتدارانیش ئەرکیان نەکەوێتە ئەستۆ ئەوا کەمتریان ناکەوێتە ئەستۆ و هەربۆیەش پێویستە هەموان پێکەوە و بەیەك دەنگ و بەیەك گوتاری سیاسی و هەڵوێستەوە بەرەو ڕووی هەموو ئەگەرەکان ببنەوە و لەبەردەم ئەو هەڕەشانەدا بەیەك و یەکگرتوویی بوەستنەوە و هیچ کەس و لایەنێك پاشەکشە نەکات بەبیانوی بەشدارنەبونی لە بڕیاری سیاسی و دەسەڵاتدا . چونکە ئەمە ململانێیەکی حیزبی بچوك نیە بەڵکو مەسەلەیەکی هەستیار و ژیاری و گرنگی نەتەوایەتیمانە و ئەرکی هەموانە لەسەر ئەو ئەرکانە یەك و یەکگرتووبن نەك ڕکابەری سیاسی و موزایەدەی نیشتیمانی بەسەر یەکەوە بکەن.لەلایەك هەڕەشەکان بەکەم و بچوك نەزانن و لەولاشەوە دەسکەوتە وەدەسهاتوەکانیش لەسەر دەستی پارتە حکومڕانەکان بەکەم نەزانن لەماوەی ئەو ٨ ساڵەی ڕابووردووداو کوردستانیش بەو دورگە ئارام و بێ کێشەو بێ هەڕەشەو مەترسیەش نەزانن، بەڵکو دورگەیەکی چوار دەورگیراوە بە دراوسێ ناحەزەکان و هەڕەشە و مەترسیەکانیان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد لە ٢٠١١/٩/٢١دا و لە ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٣٤١ لە ٢٠١١/٩/٢٦دا بڵاوکراوەتەوە.

## دەوڵەتی كوردی
## لەنێوان خەون و مافێكی ڕەوادا...*

• ئاشكرایە نەتەوەی كورد یەكێكە لەو نەتەوە كەمانەی كە تاكو ئێستا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەت و كیانی سەربەخۆی خۆی, هەرچەندە هەموو مەرج و خەسڵەتەكانی نەتەوەبوونی تیادایە لە خاك و زمان و ئاین و مێژوو و كەلتوور و ئابوری هاوبەش. كە بنەمای سەرەك دروستبونی هەر نەتەوەیەكن.بەهەمان شێوە كورد تاكە نەتەوەیەكی بە ژمارە زۆری ٣٥-٤٠ ملیۆن كەسیە كە تائێستا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەت و ئالاّی خۆی لەسەر گۆی زەویدا.

• لێرەدا پرسیار ئەوەیە..كە ئایا بۆچی تا ئێستا كورد نەبۆتە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی؟نەیویستوە یان نەیانهێشتوە؟ئایا كورد خەباتی بۆ نەكردوە و چاوەڕوانی دەوروبەر و زلهێزەكانی دونیا بوە تا لەسەر سینیەكی زێڕین دەوڵەتێكی لەناو پاكەتدا پێشكەش بكەن؟ ئایا كورد خۆی هۆكار بوە لە دروستنەبوونی دەوڵەتی كوردیدا یان هۆكارە دەرەكی و نێودەوڵەتیەكان ڕێگربوون؟نەخوێندنەوەی ڕاست و دروستی سیاسەت و بەرژەوەندیە ئابوریەكانی دونیا هۆكار بوون یان كورد بەبێ هەڵسەنگاندن ملی خەباتێكی كوێرانەی گرتوە؟

پێشەكی دەبێت هەندێ ڕاستی وەبیر خۆمان بهێنینەوە, لەوەی كە كورد وەك دێرینترین نەتەوەی ناوچەكە لە پاڵ نەتەوەكانی فارس و تورك و عەرەب ژیان و گوزەرانی كردوە و وەك ئەوان وبگرە لەوان زیاتریش و لە پێشتریش خاوەنی دەوڵەت و دەسەلاّتی كوردی بوە و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەكانی مێژووی ناوچەكەشدا هەنگاوی ناوە و هەر سەردەمە و قۆناغە بە شێوازی جیاواز خەبات و شۆڕش و قوربانی داوە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆی خۆیدا.بەلاّم قەدەر وایكردوە كوردستان هەڵكەوتەیەكی جیۆسیاسی گرنگ و دەوڵەمەند ولە چەقی ناوچەیەكی گرنگی دونیادا هەڵبكەوێت كە ببێتە مایەی چاوتێبڕینی دوژمنان و بیكەنە گۆڕەپانی ململانێ خوێناویەكانیان و هەریەكەیان هەوڵی داوە دەستی بەسەردا بگرێت.

کەم نەتەوە هەیە هێندەی کورد شۆڕش و خوێن و فرمێسکی کردبێت وڕشتبێت لە پێناو سەربەخۆیدا.بەڵام ئەی بۆ نەیتوانیوە ئامانجەکەی وەدەست بێنێت.دیارە لێرەدا زۆر هۆکاری ناوەکی و دەرەکی هەیە کە کاریگەری زۆریان هەبوە لەسەر ئەو مەسەلەیە. لەوانە هۆکارە ناوخۆییەکان:

- کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگایەکی ژێر دەستە و چەوساوەبوە.
- کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو هەژار و نەخۆش و نەخوێندەوار بوە.
- کۆمەڵگەیەکی عەشایەری بوە و هێندەی ئینتیمای بۆ عەشایەر و خێڵ و بنەماڵە و سەرکردە هەبوە نیو هێندە ئینتیمای بۆ نەتەوە نەبوە.
- هەست و بیری کوردایەتی و نەتەوەیی زۆر ڕەگ داکوتراو و چەسپیو نەبوە لەلای تاك و گروپ و سەرکردە و پارتە سیاسیەکانیش.
- کۆمەڵگەیەکی دەمارگیری ئاینی بوە کە زۆر دڵسۆزانە بەرگری لە دین کردوە و دەستی پێوەگرتوە کە زۆر جار بۆتە ڕێگر لە بەردەم خواستە نەتەوەییەکانی.
- ململانێ ناوخۆیی و ناوچەیی و خێڵایەتی و بنەماڵەیی و حیزبی وایان کردوە کە هێزی بەرگری لە بەرامبەر دوژمنان لاواز بکات.
- کۆمەڵگەیەکی ڕێکنەخراو بوە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و کۆمەڵگەیەکی گوندنشین وپەرش و بڵاو و دوور لەیەك بوون.
- هەڵنەکەوتنی کاریزمایەکی بەهێز و خۆشەویستی وا کە ببێتە خاڵی کۆکەرەوەی هەموو لایەن و ئاڕاستە جیاوازەکان.

بەم شێوەیە هۆکاری ناوخۆیی کە زۆر گرنگە. کۆمەڵگەی کوردەواری نەگرنگی پێداوە و نە هەوڵیشی داوە بەرەو ئاستێکی بەرزتر وباشتری ببات.

- هۆکارە دەرەکیەکانیش کە بونەتە هۆکاری دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی:
- داگیرو دابەشکردنی خاك و گەلی کوردستان لەلایەن زلهێزەکانی دونیاوە بەسەر چوار بەشدا و هەریەکەشیان لە ژێر دەستی نەتەوەیەکدا بوە.
- هەڵکەوتەی جیۆسیاسی کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە ململانێی سیاسی و ئابوری و دووری سنورەکانی لە دەریاوە..
- فرە دوژمنی بۆ کورد و خواست و خەباتەکەی.

- دواکەوتوویی دوژمنەکانی کوردستان.
- نەبوون و دروستنەکردنی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی سیاسی و ئابوری و کەلتوری لەنێوان پارت و سەرکردە و خاوەن سەرمایەکانی کورد و گەلی کوردیش لەگەڵ دەوڵەتان و کۆمپانیاکان و گەلانی تردا.

بەم شێوەیە کورد لە کۆن و لە ئێستاشدا کەمتەرخەم نەبوە لە خەبات و قوربانیداندا. بەلاّم بەهۆی نەخوێندنەوەی ڕووداو وپێشهاتەکان و بێ ئاگابوونی لە پەیوەندیە نهێنی و ئاشکراکانی نێودەوڵەتی و گەورەیی بەرژەوەندیە ئابوریەکان لەبەرامبەر داواکاریە سیاسیەکاندا.بونەتە هۆی ئەوەی کە کورد نەتوانێت گرەوی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و هەربۆیەش هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیش گەر دوژمنیشی نەبوبن ئەوا دۆستێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆ نەبوون بۆ کورد بۆ هاوکاری و پشتگیری و گەیشتن بە ئامانجەکانی.

کورد گەر لە هەندێ قۆناغ و وێسگەی خەبات و مێژوەکەیدا کەم تەرخەم و خۆخۆر و پەنجەکانی یەکتریان شکاندوبێت و سەرقاڵی دەسەلاّتێکی کاتی و بچوك و ناوچەیی و خێڵەکی و بنەماڵەیی بوبێت , وەکو هەموو میرنشینەکانی کورد.ئەوا هەمیشە چاوی بڕیوەتە ئایندە و ئاسۆیەکی ڕوون کە تیایدا دەوڵەتێکی سەرتاسەری گەورە و بەهێزی نەتەوەیی دابمەزرێنێت وەك هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە. هیچ کوردێك نیە چ وەك تاك چ وەك سەرکردە و پارتی سیاسی خەون و بەرنامەی نەبوبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

بەلاّم بە داخەوە تا ئێستاش کە لەسەدەی بیست و یەکدا دەژین زۆر کەمن ئەو نەتەوانەی نەبونەتە خاوەن دەوڵەت . کە کوردیش یەکێکە لەوانە هێشتا دەوڵەتی کوردی لای زۆربەمان لە چوارچێوەی خەونێکی وەدینەهاتوودا ماوەتەوە هەر لەبەر ئەو ڕەشبینی و نائومێدیانەشە کە هەوڵی جدی نادرێن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

- **لێرەدا دەکرێت بپرسرێت کە ئایا دەبێت تاهەتاهەتایە هەر خەونی زڕ و بێبەر و وەدینەهاتوو بەدەوڵەتی کوردیەوە ببینین؟ یان ئیدی کاتی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە هاتوە کە مافێکی ڕەوای هەموو گەلانە بە کوردیشەوە؟**

ئاشکرایە دونیای ئێستا زۆر گۆڕاوە و زۆریش جیاوازە لە دونیای سەدەکانی ڕابووردوو, لە ڕووی گۆڕان و گەشەی سیاسی و تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکان و هۆشیاری گەلان و گەشەی ئابوری و تێکچڕژانی بەرژەوەندیەکان و تێکەلاّوبوونی شارستانیەتی و کەلتورە

جیاوازەکانی گەلان و لە ڕووی گەشەی تەکنەلۆژیا و زانست و زانیاری و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانەوە کە دونیای کردۆتە گوندێکی هاوچەرخی بچووك.
ئاشکراشە کوردیش هاوبەش و هاوکار و کاراکتەرێکی ئاکتیڤە لەم پرۆسەی گەشەکردن و گۆڕانکاریانەی ناوچەکە و دونیاشدا. هەربۆیە پێویست دەکات کە تاك و گروپ و ڕێکخراوە مەدەنی و دیموکراسی و پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکانی کورد بە جدیتر خەبات و هەنگاو بنێن بە ئاڕاستەی پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. چونکە تاڕادەیەکی باش بارودۆخ و کەش و هەوا سیاسیەکەی ناوچەکە و دونیاش لەگەڵ خواست و ویستی کورد و گەلانی تریشدا هاوجووتە لەدروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیدا, هەربۆیە چیدی با خۆمان و نەوەکانی ئایندەش هەڵنەخڵەتێنین بە بیانوی بێ ئەرزشەوە کە توانامان نیە و دونیا لەگەڵمان نیە و زەمان و زەمینەی گونجاو نەهاتۆتە پێش و با چیدی ئەو مافە ڕەوایەی گەلەکەمان هەر لەچوارچێوەی خەون و خەیاڵدا نەهێڵینەوە.هەربۆیەش پێویستە بەگشتی کورد و سەرکردە و پارتە سیاسیەکان لەهەر چوار بەشەکەدا و بەتایبەتیش سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان کۆمەڵ گەلێك هەنگاو هەڵگرن بەو ئاڕاستەیەدا لەوانە:

١.دروستکردنی کۆمیتەیەکی هاوبەشی سەرکردایەتی سیاسی لەنێوان هەموو سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی هەر چوار بەشەکەدا.

٢. بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری کوردستانی کە هەموو بەشەکان نمایندەیان هەبێت.

٣. گۆڕینی ئینتیمای تاك و گروپ و پارت و سەرکردەکان لەبەش بەشی و خۆخۆیی و حیزبایەتی بچوکەوە بۆ ئینتیمای گەل و خاك و نەتەوە.

٤. دوورکەوتنەوە لە ململانێی خۆخۆی و ناوخۆیی و شەڕی براکوژیەوە.

٥. دانانی بەرنامە و ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرا و بوێرانە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

٦. کارکردن بۆ چەسپاندن و پتەوکردنی بنەماکانی دەوڵەت لەم بەشەی کوردستاندا(( باشوور)) کە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دام و دەزگاکانی تری دەوڵەتیە بۆ ئەوەی ببێتە بناغە بۆ دەوڵەتی گەورەی کوردی لە ئایندەدا.

٧. کارکردن بۆ پێکەوەنانی هێزێکی تۆکمە و بەهێزی خاوەن مەشق و ڕاهێنان و چەك و تەقەمەنی و تەکنەلۆژیای سەربازی سەردەمی بۆ پارێزگاری لە دەوڵەت و دەسکەوتەکان.

٨. گرنگیدانی زیاتر بەگەشە و پێشخستنی بواری ئابوری و بازاڕ و بازرگانی و کردنەوەی دەرگای وەبەرهێنان لەبەردەم کۆمپانیا و دەوڵەتە زلهێزەکان تاببنە شەریك و هاوکار, چونکە لە ئێستادا هۆکارو بەرژەوەندی ئابوری و بازاڕ بەهێزترە لە هۆکاری سیاسی و هەمیشە بەرژەوەندییە ئابوریەکان بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە لەبەرامبەر گۆڕانی هۆکارە سیاسیەکاندا.و لە ئێستادا گرنگی ئەو فاکتەرە بەڕوونی دەبینین کە تەنانەت وڵاتە داگیرکەرەکانی بەشەکانی تری کوردستان چۆن مامەڵەی گەورەی ئابوری لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکەن کە زۆر باش دەزانن کە ئەم حکومەتە بناغە و کرۆکی دەوڵەتی ئایندەی کوردیشە, بەڵام لەبەر گەورەیی و کاریگەری بەرژەوەندی ئابوری و بازاڕ ناتوانن ئەو کارە نەکەن و پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵدا نەبەستن.

٩. گرنگی دانی زیاتر بە پەیوەندیە دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان. بە بەرزکردنەوە و کردنەوەی زیاتری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ناو وڵاتانی ناوچەکە و دونیاداو کردنەوەی کونسوڵی وڵاتان لە هەرێمدا, بەمەبەستی زیاتر ناساندنی مەسەلەی کورد و وەدەستهێنانی زیاتری پشتیوانی و پشتگیری لە کۆڕو کۆبونەوە نێودەوڵەتیەکاندا و لەسەر ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکانی تر, بۆ ئەوەی لەکاتی دەنگدان لەسەر هەر مەسەلەیەك پەیوەست بە کوردەوە دۆست و پشتیوانمان زۆربێت.هەروەك چۆن فەلەستینیەکان توانیان دەنگی زۆرینەی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان وەدەستبێنن بۆ داواکەیان بۆ بوون بە ئەندامی هەمیشەیی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا.

- بەم شێوەیە دەکرێت کە خەون و ئاواتی وەدینەهاتووی لە مێژینەمان بکرێتە ڕاستیەکی بەرجەستە و ڕاستەقینە و وەدی هاتوو وەك دەوڵەتی ژمارە ١٩٤ی باشوری سودان و ئێمەش ببینە دەوڵەتی ژمارە ١٩٥,وبگەینە ئەو مافە سەرەتا و سادەیەی نەتەوەکەمان کە لە مێژە بەدوایدا وێڵین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردیۆ و ڕادیۆ ناوخۆ لە بەروارەکانی ٤ و٨ /٢٠١١/١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## دووری نێوان
## پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و پارتەدەسەڵاتدارەکان *

سەرەتا دەبێت هەندێ ڕاستی وەبیرخۆمان بێنینەوە کە ژیان و کەش وهەوای حیزبایەتی لەهەر کۆمەڵگایەکدا , دیموکراسی بێت یان تاکڕەوی کەشوهەوایەکی ڕاست و دروست و ساغڵەم نابێت ئەگەر هەموان بەیەك دەنگ و بەیەك ڕەنگ بیربکەنەوە.بەڵکو پێویستە ژیانی حیزبایەتی بەپێی یاسا ڕێکبخرێت و هەموانیش ئازادبن لە پێکەوەنانی حیزبی سیاسی و کارێکی زەروریشە کە هەمیشە حیزبایەتی پاوان نەکرێت لەلایەن دەسەلآتەوە بەڵکو دەبێت بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت و ئازادی کاری سیاسیشیان بۆ بڕەخسێنرێت.چونکە گەر ئۆپۆزسیۆن نەبێت ئەوا هاوسەنگی هاوکێشەی حیزبایەتی تێکدەچێت. هەربۆیەش سەرەڵدانی حیزبی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا کارێکی زێدە گرنگ و تەواو دروستیش بوو.

سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن بوە هۆکاری زیندوکردنەوەو گەشەپێدان و بەگەڕخستنەوەی ژیانی سیاسی لە کوردوستاندا.هەروەها مەرج نیە هیچ حیزبێکی سیاسی بۆ هەمیشەیی لە دەسەلآتدا بمێنێتەوە و هیچ حیزبێکیش بۆ هەتاهەتایە لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا خەبات بکات . بەمەرجێك بنەماکانی دیموکراسی و هەڵبژاردن و بەئاشتی ئاڵوگۆڕی دەسەلآت و وەلاوەنانی بەکارهێنانی هێز لای هەموان ڕێزلێگیراو ودانپیادانراو بن.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا, زەرورە کە هەموو حیزبە سیاسیەکانی کۆمەڵگا پەیوەندی دووقۆڵی و چەند قۆڵیشیان لەگەڵ یەکدا هەبێت ,سەرەڕای جیاوازی فکری و ئایدۆلۆژی و ڕچە و ڕێبازی کارکردنیشیان. گرنگە کە دۆست و هاوپەیمانی یەکتریش بن لە زۆر مەسەلەی نیشتیمانی و نەتەوایەتیدا, چونکە کاری حیزبی و سیاسەت کردن هیچ کاتێك بەتەنها سەرکردەیەك و بەتەنها حیزبێك ناکرێت بەتایبەتیش لە سیستەمی دیموکراسیدا و لە کۆمەڵگایەکی فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئیتنی و دینی و مەزهەبی و کەلتوری و ...هتد.

لە ئێستای کوردستاندا,دوورەپەرێزی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لە یەکتری و بونی کێشە و لێکتێنەگەیشتن و هەوڵنەدانی جدی بۆ یەکتری قبوڵکردن و خوێندنەوەی بەرامبەر. کارێکی زۆر نەرێنی کردۆتە سەر تەواوی پرۆسە سیاسیەکەی کوردستان و کەش وهەوایەکی ناجێگیری سیاسی و ئابوری و نائارامی لێکەوتۆتەوە.بەشێوەیەك کە هیچ تاکێك لە کوردستان هەست بە ئارامی و هێمنی ناکات و بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا گوزەران دەکات.

دووری بەرەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لە یەکتری لە کوردستاندا, بۆتە هۆی لاوازبوونی هەڵوێست و گوتاری سیاسی سەرکردایەتی کورد لەکوردوستان و عێراق و دەروجیران و دونیاش.هەرئەم هۆکاری دوورکەوتنەوە و لێکدابڕان و درزتێبونەوەی ڕیزەکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان, هانی دوژمنان و دەرودراوسێکانی داوە بۆ هەڕەشەکردن و فشار خستنە سەر حکومەت و هەوڵدانیشیان بۆ گەمارۆدان و قەتیسکردن و بچوکردنەوەی ئەم ئەزمونی حوکمڕانیەی کورد.

پێشنیازمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخ و نەهێشتنی ئەم دڕدۆنگی و لێکدابڕانەی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدارەکان لە کوردستاندا,ئەوەیە کە:

گرنگە هەموان لە گرنگی و هەستیاری قۆناغەکە تێبگەن و قەوارەی مەترسی و هەڕەشەکان بەجدی وەربگرن.

کاری هەنوکەیی هەموانە کە لێپرسراوێتی نەتەوەیی و نیشتیمانی و بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل و نیشتیمان بخەنە سەروو بەرژەوەندیە کەسی و حیزبیەکانەوە.

لەبەرئەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکان,توانا مادی و مەعنەویەکانیان زیاتر لەلایە دەبێت خاوەن دەستپێشخەری و نەرمی نواندی زیاتر بن لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆندا.

بەهەمان شێوەش ئۆپۆزسیۆنیش دەبێت خۆیان ڕابێنن لەسەر ژیانێکی سیاسی هاوسەنگ و لێپرسراوتر و تەنها خۆیان و بەرنامە و بۆچونەکانی خۆیان لا پیرۆز نەبێت و دەسەڵاتیش بە مشەخۆر و گەندەڵ و نادڵسۆز بزانن.

پێویستە هەموان پێکەوە کۆك و تەبابن لە سەر چێ کردنی پرۆسەیەکی گشتگیری چاکسازی بەشێوەیەك هەموو کایە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنیەکانیش

بگرێتەوە لەپێناو سەقامگیرکردنی سیستەمە سیاسیەکەی کوردستان و مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەشتر.

من پێم وایە کاری حیزبی کاری دەستە جەمعی و بەکۆمەڵ گەلێك سوودمەندترە لەکاری تاکە حیزبی.هەربۆیەش کارێکی دروست دەبێت کە چوارچێوەیەکی کاری هاوبەش و میکانیزمێکی ڕاست و دروست دابنرێت کەهەموان بە پارتە دەسەلاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکانەوە کۆبکاتەوەو فۆرمێکی یاسایی و دەستوری پێبدرێت وەك نمونەی (( ئەنجومەنی سیاسی بۆ سیاسەتە ستراتیژیەکان)) دابمەزرێت و هەموان تیایدا بەشداربن و لەسەر پرسە گرنگ و چارەنوسسازو هەستیار و نەتەوەیی ونیشتیمانیەکان کۆدەنگ بن.

کە ئەمە هیچ کات مانای ئەوەنەبێت کە جیاوازیی فکری وڕێبازەکانی کارکردنی خۆیانیان لەبیر بچێتەوە لەسەر مەسەلە ناوخۆیی و کێبڕکێی شەریفانە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بە هاولاتیان و ...هتد. ئەم ئەنجومەنەش بەکردەوە کارا و بەهێزبێت و هەموانیش پابەندی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بن نەك تەنها بۆ جوانکاری سیمای دەسەلات و ئیفلیج و لاواز بێت.

بەم شێوەیە دەکرێت ژیانی حیزبایەتی و سیاسی لەکوردستاندا ڕێکبخرێت و گەشەشی پێبدرێت و دروشمی دووری و دۆستی وەلابنێین و لەجیاتیدا دروشمی برایەتی و تەبایی و پێکەوەکارکردن بکەینە نەخشە ڕێگای ئایندەمان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندار کورد و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٦٠٥ لە ٢٠١١/١٠/١٣دا بلاوکراوەتەوە.

## بوونی زمانێکی یەکگرتوو گرنگە بۆ مانەوەی نەتەوەیەك بە زیندوویتی...*

- سەرەتا زمان بریتیە لە ڕێکخستنی کۆمەڵێك ئاماژە و سیمبول و بریتیە لە هۆکارێکی ناسین, زمان بەگرنگترین هۆکاری لێکتێگەیشتن و مامەڵەکردنی نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك دادەنرێت لەهەموو بوارەکانی ژیاندا. بەبێ بوونی زمان چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی مرۆڤ هەرگیز چێ نابن,زمان پەیوەندیەکی بەتینی هەیە لەگەڵ فکردا,چونکە هەموو فکر و بیروباوەڕێکی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە دەخرێنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە و هەر لە ڕێگەی زمانیشەوە هەموو فکرێك دێتە بوون.

ئاشکرایە بوونی زمانێکی یەکگرتووی ئاخاوتن و نوسین بۆ هەر نەتەوەیەك زێدە گرنگە بۆ مانەوە و بەردەوام بوونی هەر گەل و نەتەوەیەك و بۆ درێژەدان بەململانێ نەتەوەییەکان لەناو وڵاتێکدا یان ناوچە و تەنانەت دونیاشدا.

نەتەوەی بێ زمانێکی یەکگرتوو,سیفەتی نەتەوەیی کامڵ نابێت و ناتوانرێت لەخانەی نەتەوەدا ئەژمار بکرێت. گرنگی زمان بۆ هەر نەتەوەیەك لەوەدایە کە دەبێتە شوناس و پێناسەی نەتەوەکە و خاڵی سەرەکی و گرنگە لە بونیادی نەتەوەدا. هیچ گەل و نەتەوەیەك نیە لە دونیادا کە زمانەکەی پاك و خاوێن و تێکەڵاوی زمانی تر نەبوبێت.لەلایەکی تریشەوە هیچ زمانێك نیە کە تەنها لەیەك دیالێکت پێکهاتبێت. بۆیە خاڵی لاوازی هەر نەتەوەیەك بریتیە لە زمانەکەی و دوژمنان و ناحەزان هەمیشە لە درزی لاواز و فراوانی زمانەوە دەستوەردەدەنە ناو کاروباری ناوخۆی نەتەوە و وڵاتێکەوە و ئاگری خامۆشی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی لە ئاین و مەزهەب و نەتەوە و زمانە جیاوازەکان بەکاردێنن بۆ خۆشکردنی ناکۆکی و ململانێکانیان لە پێناو زاڵ بوون بەسەریاندا.

جا هەر کاتێك پێکهاتەکانی نەتەوەیەك ململانێکانی توندبوەوە لەسەر زمان و دیالێکتەکان و هەریەکەیان دەستی گرت بە دیالێکتی ناوچەکەی خۆیەوە, ئەوا ڕیزەکانی کۆمەڵگا لێك دەترازێت و گیانی تەبایی و برایەتی و هاوکاری و پێکەوە کارکردن و ژیانیش بەرەو لاوازی و نەمان دەچێت.لەولاشەوە دوژمنانیش هێندەی تر

خەون و پیلانە گلاوەکانیان دێننە دی بە داگیرکردن و دابەشکردنی ئەو نەتەوە و نیشتیمانە.

نەتەوەی کوردیش, کە هەموو مەرجەکانی نەتەوەی تیادایە لە خاك و زمان و ئاین و مێژوو ئابوری هاوبەش, بەلام بەداخەوە لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو و تاکو ئێستاش نەبۆتە خاوەنی زمانێکی یەك و یەکگرتووی ئاخاوتن و نوسین لە ئەدەبیات و میدیاو ڕاگەیاندنەکانیشدا لەسەر ئاستی جەماوەری و ڕۆشنبیران و دام و دەزگا ڕەسمیە دەولەتیەکانیشدا , هەربۆیە هەمیشە خالی لاواز و مەترسیداریش بوە بۆ دەستێوەردانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان لە کاروباری ناوخۆیی نەتەوەکەمان.

ڕاستە بوونی دیالێکت و زاراوەی جیاواز و زۆر لە زمانێکدا مانای دەولەمەندی و زیندوێتی ئەو زمانە دەگەیەنێت بەلام لەهەمان کاتیشدا هەمیشە بۆخۆی دەبێتە هۆی لاوازی ئەو زمانەش.چونکە هەر پێکهاتە و خاوەن دیالێکتێك بۆ پاراستنی دیالێکتەکەی ناوچەکەی و هۆزەکەی و مەزهەبەکەی زیاتر دەمارگیری دەنوێنێت وبەمەش گیان و ئینتیمای نەتەوایەتی و یەك و یەکگرتوویی کال دەبێتەوە لەبەرامبەر تۆخبونەوەی گیانی جیاوازی و لێکدوورکەوتنەوە و ناوچەگەرێتی و هۆز و مەزهەبچێتی.

بۆیە لە ئێستادا ودوای ٢٠ سال لە ئەزمونی حوکمڕانی و دەسەلاتی خۆمالی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا ئەرکی هەنوکەیی سەرکردایەتی سیاسی و ڕۆشنبیران و کۆمەلە و ڕێکخراوە مەدەنی و بنکە و ناوەندە ڕۆشنبیریەکانە کە هەول و فشاری خۆیان بخەنە کار بۆ کۆکردنەوەی نیەت و تواناو خواستەکانی هەموولایەك لەسەر ئەوەی کە هەنگاو بنێن بەرەو چەسپاندنی یەك دیالێکتی زمانی کوردی بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی جەماوەری و ڕەسمیش ببێتە زمانی یەکگرتووی ئاخاوتن و نوسین لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا. بەبێ گوێدانە هەندێ بڕوبیانوی بێ ئەرزش کە بەدرێژایی مێژوو ڕێگربووە لە پێکەوەنانی زمانێکی یەکگرتوو.

دەکرێت ئەزموونی نەتەوەکانی دونیاش سوودمەند بێت بۆمان لەو پێناوەدا ,ئەوەتا لەدونیادا کە ٥٠٠٠ زمان هەیە بەلام لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا تەنها بە ٦ زمانی ((

ئینگلیزی و فەڕەنسی و چینی و ئیسپانی و عەرەبی و ڕووسی ))دەئاخاون و دەنوسن, یان لە ولاتێکی وەك هندستاندا کە ژمارەی دانیشتوانی لە ١ ملیار کەس زیاترن و ٣٤٧ دیالێکتی جیاوازیان هەیە تەنها زمانی هندی و ئینگلیزیان کردۆتە زمانی ڕەسمی دەوڵەت. و ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگریشە کە بوونی زمانێکی ڕەسمی و یەکگرتوو نابێتە هۆی سڕینەوە و کانسڵکردنی دیالێکتە ناوچەییەکان, بەڵکو تەنها چەسپاندنی زمانێکی پاراو و ڕەسمیە لەسەر ئاستی ئۆرگانە ڕەسمیەکان و ناوەندە ڕۆشنبیریەکانی دەوڵەتی و کۆمەڵگا و ناوچەکە و دونیاش و دەشبێتە شوناسی نەتەوەی کورد لەناو نەتەوەکانی دونیادا و دەبێتە هۆکاری کۆکەرەوە نەك جیاکەرەوەی نەتەوەی کورد.بۆیە نابێت هیچ دیالێکتێك خۆی بە مافخوراو و پێشێلکراو بزانێت و پێویستە هەموان بەرژەوەندی بالای نەتەوە لەسەرو بەرژەوەندیە بچوك و تەسکەکانی ناوچە و هۆز و مەزهەبەکان دابنێت.

بەڕای ئێمە دەتوانرێت کە زمانێکی یەکگرتووی کوردی بە بەرهەمبێت و زۆر بە سانایش و دوور لە دەمارگیری ناوچەیی شێوەزاری کرمانجی خواروو یان ناوەڕاست کە بەهەڵە بە (( سۆرانی)) ناوزەد دەکرێت بکرێتە ئەو زمانە یەکگرتوەی کە هەموان خەونی پێوە دەبینین , چونکە زمانی یەکگرتوو بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووشە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بەبێ بوونی زمانێکی یەکگرتووی سەرتاسەری خەونێکی پوچ و بەتاڵ دەبێت. جا لەوپێناوەدا ئەرکێکی زێدە گرنگە کە کاری جدی بکرێت بە ئاڕاستەی پێکەوەنانی زمانێکی یەکگرتوو.ئەویش لەبەر ئەم چەند هۆکارانەی لای خوارەوە:

- لەمێژووی دەسەلات و میرنشینە کوردیەکاندا, ئەردەلان و بابان و سۆران جگە لە بادینان هەرسێکیان شێوە زاری کرمانجی خواروویان لە ئاخاوتن و نوسینی ڕەسمی و ئەدەبیاتدا بەکارهێناوە.
- لەهەردوو حکومەتی مەلیك مەحمود و کۆماری مهابادیشدا بەهەمان شێوە بووە.
- ژمارەی ئەو شاعیر و نوسەر و ئەدیب و کتێب و گۆڤارانەی کە هەبوون و دەرچوون بە شێوە زاری کرمانجی خواروو زۆر زیاترن لە شێوە زارەکانی تر.

- لەم بەشەی باشووری کوردستاندا و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری عەرەبیشدا لەساڵی ١٩٢١وە هەر بەم شێوە زارەی کرمانجی خواروو خوێندن و نوسین هەبوە.
- هەموو تاکێکی کورد لەهەر جێگە و ناوچەیەکی کوردستانی گەورەدا بێت بەسانایی فێری نوسین و ئاخاوتنی ئەم شێوە زارە دەبێت و تێیدەگات.
- سەرۆك بارزانی کە خۆی لە ناوچەیەکی شێوە زاری کرماجی باکوور لەدایك بوە و گەورەش بوەو خوێندنیشی هەر بەو شێوە زارە بووە, بەڵام هەمیشە لە گوتارە ڕەسمیەکانیدا بە شێوە زاری کرماجی خواروو دواوە وهانی هەموانیشی داوە هەر بەو شێوەزارە بخوێنن و بنوسن.لەئێستاشدا سەرۆکی هەرێمیش هەر بەهەمان شێوە دەئاخاوێت و دەنوسێت.
- لە دامەزراندنی یەکەم زانکۆی کوردیشدا (( سلێمانی )) لەساڵی ١٩٦٨وە و تاکو ئێستاش خوێندن و نوسین هەر بەهەمان شێوە زارە.

بۆیە پێویستە ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیەی کوردی بێگوێدانە بڕوبیانو و ڕێگریەکان کاری جدی بکات بۆ چەسپاندن و ناسینی ئەم شێوە زارە وەك زمانی یەکگرتوی کوردی و ئەو ئەرکە کە لە ڕابووردودا نەتوانراوە جێبەجێبکرێت ئەم تەواوی بکات و ئێستا و ئایندەش ڕۆشنتر بکاتەوە وچەند هەنگاوێکی جدی بنێت لەسەر ئاستی دەسەڵات لەوانەش:

١. بەستن و سازکردنی کۆنفرانس یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ سەرجەم ئەکادیمیان و زانستخوازان و زمانەوانی هەموو بەشەکانی کوردستان و هەموان بیروڕا جیاوازەکان یەکبخەن و لەچوارچێوەی فۆرمێکی هاوبەش و یەکگرتوودا بگەنە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بۆ ئایندە و زەمینە سازی بکەن بۆ نوسینەوە و ڕێکخستن و هەڵبژاردن و دیاریکردنی زارەوە و وشە و ڕێزمان و پیت و زمانێکی یەکگرتوو.

٢. پێکەوەنان و دامەزراندنی (( مجمع العلمی )) لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا و بە ئەزمون لەبواری زمان ناسیدا بۆ دانانی بناغەیەکی تۆکمە و پتەوی زمانێکی یەکگرتوو وە پاراستنی ئەو زمانەش لە تێکەڵاوبوون و لاوازبوون.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٣٥٩ لە ٢٠١٢/٢/١١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی پێکهێنانی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا...

## گەندەڵی

## لەنێوان بون بە کەلتوور و دیاردەیەکی قێزەون

## لەدەسەلاتی کوردیدا ...*

- گەندەڵی لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابووردوودا زۆری لەسەر نوسراوە و زۆریشی لەسەر وتراوە ,بەلام بەداخەوە نەپلانێکی عەقلانی و ستراتیژی بۆ چارەسەرکردنی دانراوەو نە ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز و ڕاستگۆش بۆ بنەبڕکردن و بەگژداچونەوەی هەبووە. ئەوەی هەبوو تەنها دروشم و ڕاگەیەندن و قسەی باق و بریقی سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوو. نەك هەر ئەوەش بەلای هەندێك لە سەرکردە سیاسیەکانەوە لە ئێستادا گەندەڵی لە دیاردەیەکی دروستبووی کاتیەوە بۆتە کەلتوری گەل و نەتەوەکەمان . کەئەمەش بۆخۆی تێگەیشتن وهەڵەو مەترسیەکی زۆر گەورەیە . هەربۆیە بەپێویستم زانی ئەو هەڵە تێگەیشتن و ئەو ناشیرینکردنەی گەلەکەمان ڕاستبکەمەوە.
- گەندەڵی چییە؟

گەندەڵی بەزۆر جۆر و شێواز پێناسەکراوە,هەندێ پێیان وایە کە بریتیە لە دەرچوون لەیاساو سیستەم(( پابەندنەبوون پێیانەوە)), یان لە ئەنجامی نەبوونی یاساو سیستەمدا گەندەڵی دەکرێت بۆ بەرژەوەندی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلایەتی بۆ تاك یان بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو کە ئەم دیاردەیە بریتیە لە هەڵس و کەوتێکی دژ بە ئەرکە فەرمیەکانی پۆستێکی گشتی کە ئامانج لێی دەسکەوتی مادی و مەعنەویە بۆ تاکە کەس.

هەروەها ,ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتیش هەیە لەسەر پێناسەی گەندەڵی وەك لەلایەن (( ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیەوە)) کراوە کە گەندەڵی بریتیە لە (( هەموو کارێك کە بەکارهێنانی خراپی لە پۆستێکی گشتی لێبکەوێتەوە بۆ دەسکەوتنی بەرژەوەندییەکی تایبەتی بۆ تاکە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك)).وە ئاشکراشە لە ئەنجامدا گەندەڵی دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بەبەرژەوەندی گشتیش.

- **نیشانە و ڕوخسارەکانی گەندەڵی چین لەکوردستاندا؟**

دیاردەی گەندەڵی لە کوردستاندا خۆی لە کۆمەڵ گەلێك هەڵسوکەوتدا دەبینێتەوە کە هەندێ کەس لەوانەی کە پۆستی گشتی وەردەگرن پێی هەڵدەستن. لەو هەڵسوکەوتانەش:-

١. بەرتیل وەرگرتن: کە بریتیە لە دەسکەوتنی پارە و پول یان هەر دەسکەوتێکی تر لە پێناو جێبەجێکردنی کارێك یان وەستانەوەی دژ بە یاسا و ڕێساکان.

٢. مەحسوبیەت: بریتیە لە جێبەجێکردنی چەند کارێك بۆ بەرژەوەندی کەسێك یان لایەنێکی دیاریکراو کە ئەو کەسە لایەنگرێتی وەك حیزب و بنەماڵە و ناوچە و عەشرەت و مەزهەب و دیانەت و ...هتد بەبێ ئەوەی شایەنی ئەو دەسکەوتە بن.

٣. دڵڕازیکردن: بە دانانی کەسانی نەشیاو لە جێگەی نەشیاوی خۆیاندا بەبێ ئەوەی شایەنی ئەو پۆست و پلەیە بن.

٤. واسیتەکردن: بریتیە لەدەستوەردان بۆ بەرژەوەندی کەسێك یان کۆمەڵێك بەبێ گوێدانە بنەماکانی کارو لێوەشاوەیی پێویست. وەك دامەزراندنی کەسێك لە پۆستێکی دیاریکراودا بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی یان لایەنگری حیزبی، هەرچەندە ئەو کەسە بێتوانا و شایەنی ئەو پۆستەش نەبێت.

٥. دزینی ماڵی گشتی: واتە بەدەستخستنی موڵك و ماڵی دەوڵەت و مامەڵە کردن پێوەی بەبێ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبێت.

٦. ویژدانکڕین: واتە دەستخستنی موڵك و ماڵ لەلایەنێکی دیاریکراوەوە لە کۆمەڵگا لەبەرامبەری جێبەجێکردنی بەرژەوەندیەك کە پەیوەندی هەبێت بە پۆستی کەسی گەندەڵەوە.

- **هۆکاری بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی چییە لە کوردستاندا؟**

هۆکاری جیاواز لە پشت سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵیەوە هەن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا. لەگەڵ ئەوەی کۆدەنگیەك هەیە لەسەر ئەوەی کە گەندەڵی بۆ خۆی دیاردەیەکە نەك کەلتوری بەجێماو لە باب و باپیرانەوە. گەندەڵی وەك دیاردەیەك بریتیە لە هەڵسوکەوتێکی نێگەتیفی مرۆڤ کە بەرژەوەندی تاکەکەسی

دەیجولێنێت.دەکرێت کۆمەڵ گەلێك هۆکار دیاریبکرێت لە پشت دیاردەی گەندەڵیەوە وەك:

١. بڵاوبونەوەی هەژاری و نەزانی و نەخوێندەواری و ناهۆشیاری دەربارەی مافەکانی تاك و باڵادەستی بەها باوەکان و پەیوەندی هەبوەکان لەسەر بنەمای پشتاوپشتی و خزمایەتی.

٢. پابەندنەبوون بە بنەمای جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادەوەری. لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا و هەژموونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەلاتی یاساداناندا وەك ئەوەی پەرلەمانی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی بەسەر حکومەتدا نیە, کەئەمەش ناهاوسەنگی دەخاتە ناو بنەمای چاودێری دوولایەنەوە.هەروەك چۆن لاوازی دەسەڵاتی دادوەری و ناسەربەخۆی و نائەمینی هۆکارێکی تری هاندەرە بۆ بڵاوبونەوەی گەندەڵی.

٣. لاوازی دەزگاکانی چاودێری دەوڵەت و ناسەربەخۆ ییان.

٤. فراوانبوونی بوار بۆ پیادەکردنی گەندەڵی لە قۆناغی ڕاگوێزیدا یان ئەو ماوانەی کە گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕوودەدەن. هەروەك چۆن کەم ئەزمونی و تەواو کامڵنەبوونی بیناکردنی دام و دەزگاکان لە چوارچێوەی یاساکاندا کە کەش و هەوایەکی لەبار دەڕەخسێنن بۆ گەندەڵکاران کە لاوازی دەزگای چاودێری بەسەر پۆستە گشتیەکانەوە دەقۆزنەوە لەو قۆناغانەدا.

٥. لاوازی ئیرادە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیەوە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی, بەوەی کە هیچ کاردانەوەیەك یان ڕێوشوێنی یاسایی و سزایی ناگرنە بەر دژ بەکەسە گەندەڵەکان, لەبەرئەوەی خۆی یان بەشێك لەسەرکردە و کادر و لایەنگرانیان تێوەگلاون لە گەندەڵی.

٦. لاوازی و لەقاڵبدانی دام و دەزگا خزمەتگوزاری و گشتیەکان کە خزمەت بە هاوڵاتیان دەگەیەنن, ئەمەش وادەکات کە هانی پێشبڕکێ بدەن لە نێوان خەڵکانی گشتیدا بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستانە چونکە بە ڕێگای ڕاست و شەرعیەت و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و توانا و لێوەشاوەیی ناتوانن ئەو پۆستانە

وەدەستبێنن, هەربۆیە بەهێزەکان لەڕێگەی واستە و مەحسوبیەت و خزمایەتی و بەرتیل دانەوە هەوڵی وەرگرتنی ئەو پۆستانە دەدەن.

٧. نزمی ئاستی موچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و بەرز بونەوەی ئاستی گوزەران کە هاندەرە بۆ دروستبوونی بارودۆخێکی گونجاو بۆ هەستانی هەندێ کەس بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی دارایی تردا,ئەگەر لە ڕێگەی بەرتیل وەرگرتنیشەوە بێت.

٨. نەبوونی بنەماکانی کارکردن و یاساو ڕێسای نوسراو و نەبوونی هەڵسەگاندنی فەرمانبەران لەکەرتی گشتی و تایبەتیدا. کەئەمەش دەروازەیەکە بۆ پیادەکردنی گەندەڵی.

٩. نەبوونی یان لاوازی ئازادی میدیاکان و ڕێگە پێنەدان بەمیدیا و بە هاولاَتیانیش بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان و تۆمارە گشتیەکان. کەئەمەش ڕێگرە لەبەردەم کاری چاودێریکردنیاندا بەسەر کاری وەزارەت و دام و دەزگا گشتیەکانەوە.

١٠. لاوازی ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و دام و دەزگا تایبەتیە چاودێرییەکان بەسەر کارەکانی حکومەتەوە یان لایەنگیرن بۆ حکومەت.

١١. نەبوونی یاسا و سیستەمێك بۆ ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی کە سزای توند دەسەپێنێتە سەر گەندەڵکاراندا.

١٢. هۆکارە دەرەکیەکان بۆ گەندەڵی: ئەمەش بەرهەمدێت لە ئەنجامی بوونی بەرژەوەندی و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکان یان وەبەرهێنە دەرەکیەکانی ترەوە . وەبەکارهێنانی هۆکاری نایاسایی لەلایەن ئەو کۆمپانیا دەرەکیانەوە بۆ وەدەستخستنی ئیمتیازات و قۆرخکاری لەناو دەوڵەتدا یان بەهێنانی شمەك و کالاَی بەسەرچوو.

کە هەموو ئەم هۆکارانە لەکوردستاندا لەسەر زەمینی واقیع و بەچاو دەبینرێن و هەستیان پێدەکرێت کە لەلایەن هەندێ لە دەسەلاَتدارانەوە یان دەسڕۆیشتوەکانەوە پیادەدەکرێن.

- جۆرەکانی گەندەڵی چین ؟

جۆر و سیماکانی گەندەڵی هەمەڕەنگن و ناتوانرێت قەتیس بکرێن و دیاری بکرێت بە شێوەیەکی وورد, چونکە جۆری گەندەڵییەکە دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئەو لایەنەی کە پیادەی دەکات یان ئەو بەرژەوەندییەی کە هەوڵی بۆ دەدات. لەوانەیە تاکە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك یان دەزگایەکی تایبەت یان دامەزراوەیەکی ڕەسمی یان ئەهلی بێت. کە هەولْ دەدات بۆ دەستخستنی بەرژەوەندیەکی مادی یان ددەسکەوتێکی سیاسی یان کۆمەلاْیەتی.

گەندەڵی تاکە کەسی, تەنها کەسێك پیادەی دەکات بەبیْ هاوکاری کەسانی تر یان لایەنی تر.یان کۆمەڵێك گەندەڵی دەکەن بەشێوەیەکی وورد و بە بەرنامە بۆ داڕێژراو , کە ئەمەش مەترسیدارترین جۆرەکانی گەندەڵیە چونکە ڕۆچۆتە ناو سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگاوە بە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاْیەتیشەوە.

- گەندەڵی بە پێی ئەو ئاستەی کە پیادە دەکرێت دەکرێتە:

١. گەندەڵی ئاسۆیی(( گەندەڵی بچوك)) : ئەم جۆرەی گەندەڵی لەئاستی فەرمانبەرانی کەرتی گشتیدا کە فەرمانبەری بچوکن پیادە دەکرێت. کە بریتیە لە بەرتیل وەرگرتن لەبەرامبەر ڕاپەڕاندنی کاری هاولاْتیاندا چەندە بچوك یان گەورە بێت.

٢. گەندەڵی شاقوڵی (( گەندەڵی گەورە )) : ئەم جۆرە گەندەڵیە کاربەدەستە گەورەکان پیادەی دەکەن, کە پەیوەستە بە ڕاپەڕاندنی کار و مامەڵەی زۆر گەورە بۆ بەدەستخستنی دەسکەوتی مادی زۆرر گەورە نەك بەرتیلی بچوك.

- بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت کۆمەڵگەلێك شێوەی گەندەڵی دیاریبکرێت وەك:

١. بەکارهێنانی پۆستی گشتی لەلایەن چەند کەسێکی دەستڕۆیشتووەوە وەك (( وەزیر و وەکیل وەزیر و ڕاوێژکار و ...هتد)) بۆ دەستخستنی دەسکەوتی تایبەتی وەك قۆرخکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری, بەڵێندەرایەتی و بازرگانی کەلو پەلی بنچینەیی یان دەستخستنی(( شیرینی)) لەکەسانی تر لە بەرامبەر پێدانی ئەو کارانە.

٢. نەبوونی دەستپاکی و شەفافیەت لە پێدانی تەندەرە حکومیەکاندا, وەك پێدانی تەندەری پرۆژەکان بە شێوەیەکی ناشەرعی بەو کۆمپانیایانەی سەر بە لێپرسراو وخزمەکانیان. یان پێدانی تەندەری پرۆژەکان بە کۆمپانیای وەهمی یان دیاریکراو دوور لەیاساو ڕێساکان وەك بێ بانگەوازکردن و بێ کردنەوەی دەرگای پێشبڕکێ و بێ دابینکردنی هەلی بەشداری وەکو یەکی بۆ هەموان.

٣. مەحسوبیەت و خزمایەتی و واسیتە لەدامەزراندنە حکومیەکاندا, وەك دامەزراندنی کەسانێك لەلایەن لێپرسراوانەوە لە پۆستە گشتیەکاندا بەهۆی خزمایەتی و لایەنگیری سیاسی یان بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی. ئەمەش لەسەر حسابی بنەمای توانا و وەکیەکی لەهەلی کاردا.یان هەستانی لێپرسراوان بەدابەشکردنی یارمەتی و هاوکاری و پارەو پول و زەوی لەمالی گشتی بەسەر چەند کۆمەلە کەسێك یان ناوچە و عەشرەتێکی دیاریکراودا و لەسەر بنەمای خێلچێتی و ناوچەگەرێتی بەمەبەستی دەسکەوتی سیاسی.

٤. بەهەدەردانی مالی گشتی لەرێگەی مۆلەتپێدان یان لێبوردنی باج و گومرك بۆ هەندێ کەس یان کۆمپانیا بەبێ بنەمایەکی ڕەوا.تەنها بۆ دلڕازیکردنی هەندێ کەسایەتی ناو کۆمەلگا یان بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی دوولایەنە یان بەرامبەر بە پێدانی بەرتیل کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێبەشبوونی گەنجینەی گشتی میلەت و دەولەت لە گرنگترین سەرچاوەکانی داهات.

٥. بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی سیاسی وەك فێل و ساختەکردن لە هەلبژاردنەکاندا,یان کڕینی دەنگی دەنگدەران یان پەیداکردنی سەرچاوەی ناشەرعی بۆ هەلمەتی هەلبژاردنەکان یان کارکردنە سەر بڕیارەکانی دادگاکان.و کڕینی ویژدان و لایەنگری تاك و کۆمەلەکان.

- کاریگەریەکانی گەندەلی چین لەسەر کۆمەلگا؟

گەندەلی کاریگەری زۆر خراپ و گران و مەترسیدار دەخاتە سەر سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی. و دەکرێت لەم چەند خالەدا کۆیان بکەینەوە:

١. کاریگەری گەندەڵی لەسەر بواری کۆمەڵایەتی: گەندەڵی دەبێتە هۆی تێکدان و لادانی بەها ڕەوشتیەکان و دابەزین و بڵاوبونەوەی گیانی بێباکی و خراپ لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.و سەرهەڵدانی دەمارگیری و توندڕەوی لە بیروڕا و بڵاوبونەوەی تاوان وەك پەرچەکردارێك بۆ ڕووخانی بەهاونەبوونی هەلی وەکیەکی.

هەروەك چۆن گەندەڵی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ناپیشەیبون و ونبونی بەهاکانی کارکردن و ڕازیبونی دەروونی بۆ بیرۆکەی دەستبەرداربوون لە پێودانگەکانی جێبەجێکردنی ئەرکە وەزیفیەکان و چاودێریەکان و پێشێلکردن و گوێپێنەدان بەمافی گشتی.و دروستنەبوونی هەستکردن بە چەوساندنەوە لای زۆرینەی جەماوەر کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕازیبون و توڕەبوونی کۆمەلایەتی و بڵاوبونەوەی ڕق و کینە لە نێوان توێژ و چینەکانی کۆمەڵگادا. هەروەها بڵاوبونەوەی هەژاری و زیادبونی چینە پەراوێزخراوەکان و زیان بەرکەوتوەکان و بە تایبەتیش ژنان و منداڵان و گەنجان.

٢. کاریگەری گەندەڵی لە بواری ئابوریدا: گەندەڵی دەبێتە هۆی گەلێك بەرەنجامی خراپ لە گەشەکردنی ئابوریدا لەوانە:

- نەتوانینی ڕاکێشانی وەبەرهێنی دەرەکی,و کۆچکردنی خاوەن سەرمایە خۆماڵیەکان بۆ دەرەوەی وڵات.چونکە گەندەڵی دژە لەگەڵ کەشوهەوای پێشبڕکێی ئازاددا کە مەرجی سەرەکیە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنی خۆماڵی و دەرەکی وەکیەك.کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی گشتی بۆ دابینکردنی هەلی کار و فراوانبوونی دیاردەی بێکاری و هەژاری.
- بەهەدەردانی سەرچاوەکان بەهۆی تێکچڕژانی بەرژەوەندیە کەسیەکانەوە لە پڕۆژە گەشەکردوە گشتیەکاندا.تێچووی مادی گەورە بەهۆی گەندەڵیەوە لەسەر گەنجینەی گشتیدا وەك بەرئەنجامێك بۆ بەهەدەردانی داهاتە گشتیەکان.
- بەدەستنەختنی هاوکاری و پشتیوانی دەرەکی,لە ئەنجامی خراپی ناوبانگی سیستەمی سیاسیەوە.
- کۆچکردنی توانا ئابوریەکان لەبەر نەبوونی پێزانین و دەرکەوتنی مەحسوبیەت و لایەنگیری لە پۆستە گشتیەکاندا.

٣. کاریگەری گەندەڵی لەسەر سیستەمی سیاسی: گەندەڵی کاریگەری خراپ بەجێدێڵێت لەسەر سەرتاپای سیستەمی سیاسی وڵات,لەڕووی شەرعیەتبونیەوە و جێگیری و ناوبانگیەوە.وەك:

- کاریگەری دەبێت لەسەرئەوەی کە تاچەند دیموکراسیەت لە سیستەمی سیاسیدا چەسپیوە و لە توانایدایە کە ڕێز لە مافە بنچینەییەکانی هاوڵاتیان بگرێت ,لەپێشیانەوە مافی وەکیەکی و یەکسانی لەهەلی کار و ئازادیەکان و گەیشتن بە زانیاریەکان و ئازادی میدیا. هەروەك چۆن گەندەڵی ڕێگرە لە شەفافیەت و کرانەوەی سیستەمی سیاسی.
- گەندەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت لەبڕیارە چارەنوسسازەکانیشدا لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کەسیەوە دەدرێت دوور لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە گشتیەکان.
- گەندەڵی دەبێتە هۆی ململانێی گەورە ئەگەر بەرژەوەندیەکانی نێوان کۆمەڵ و گروپە دەستڕۆیشتوەکان بەریەك بکەون.
- گەندەڵی دەبێتە هۆی دروستبوونی کەشوهەوایەکی پڕ لە دووڕوویی سیاسی لە ئەنجامی کڕینی لایەنگیری سیاسیەوە.
- گەندەڵی دەبێتە هۆی لاوازی دام و دەزگا گشتیەکان و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چەسپاندنی زیاتری دام و دەزگا کلاسیکیەکان و کۆنەپارێزەکان. کە ئەمەش دەبێتە لەمپەڕ لەبەردەم بوونی ژیانێکی دیموکراسیدا.
- گەندەڵی دەبێتە هۆی خراپکردنی ناوبانگی سیستەمی سیاسی و پەیوەندیە دەرەکیەکان و بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە گەرەکیانە هاوکاری مادی بکەن. بەشێوەیەك لەکاتی پێدانی هاوکاریە مادیەکان ئەو وڵاتانە مەرجی زۆر قورس دەسەپێنن کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر سەروەری دەوڵەت بەرامبەر پێدانی ئەو هاوکاریانە.
- بەشداربوونی سیاسی لاواز دەکات لە ئەنجامی نەبوونی متمانە بە دام ودەزگا گشتیەکان و دەزگای چاودێری و لێپرسینەوەکاندا.
- گەندەڵی دەرەکی چییە؟

گەندەڵی دیاردەیەکی ناوخۆیی نیە.تەنها بەسیستەمی سیاسی یان وڵاتانەوە نوسابێت.بەڵکو گەندەڵی سنورەکان تێدەپەڕێنێت و سەرچاوەکەشی کۆمپانیا زەبەلاحە فرە نەتەوەییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و حکومی و ناحکومیەکانە.

گەلێك لەو کۆمپانیا گەورە جیهانیانە کە سنورەکان تێدەپەڕێنن ,بە مامەڵە و هەڵسوکەوتەکانیان جۆرێك لەگەندەڵی دەرەکی پیادە دەکەن وەك پەنابردنە بەر فشار خستنە سەر حکومەتەکان لە پێناو کردنەوەی بازاڕ بۆ کالاَکانیان یان بۆ بەدەستخستنی ئیمتیازاتی گرێبەستەکان بۆ وەبەرهێنانی سامانە سروشتیەکان یان بۆ بیناکردنەوەی ژێرخانی وڵات.وە بۆ ئەمانەش پەنا دەبەنە بەر بەرتیل دان بە لێپرسراوەکان لە پۆستە گشتیەکاندا بۆ مسۆگەرکردنی دەستخستنی ئەو ئیمتیازاتانە یان بۆ ساغکردنەوەی کالاَی بەسەرچوو یان دوور لەمەرجە سەلامەتیەکان.

ئەم مامەڵە و هەڵسوکەوتانەی ئەو کۆمپانیایانە بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا دەبینرێن کە بەقۆناغی ڕاگوزەری و تازە سەربەخۆکاندا تێدەپەڕن.

لەبەرئەوەی زیان و مەترسی و کاریگەریە خراپەکانی گەندەڵی تەنها قەتیس نیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی.بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش مەترسیەکان کاریگەرن.بەتایبەتیش لەسایەی ئەو ئاڕاستەیەی کە بەرەو ئازادی بازرگانی و ئازادی پێشبڕکێ هەنگاو دەنێن.

زۆرێك لەو وڵات و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و کۆمەڵە ئابوریە نێودەوڵەتیەکان پەنایان بردۆتە بەر ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچونەوەی و بنبڕکردنی گەندەڵی.لەو ڕێکەوتننامانەش, ڕێکەوتنامەی دوو ئەمریکاکەیە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی,ڕێکەوتنامەی ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ یاساکانی تاوان تایبەت بە گەندەڵی.هەروەها ئەم ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانە هانی دەوڵەتان دەدات بۆ بەگژداچونەوەی گەندەڵی و پابەندبونیان بە بنەماکانی بنبڕکردنی گەندەڵیەوە.

- ئەو میکانیزمانە چین کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیگرێتە بەر بۆ نەهێشتن و بەگژداچونەوی گەندەڵی؟

١. لێپرسینەوە: بریتیە لەوەی کە ئەو کەسانەی پۆستی گشتی وەردەگرن پێویستە لێپرسینەوەی یاسایی و کارگێڕی و ڕەوشتیشیان لەگەڵدا بکرێت لە ئەنجامی کارەکانیان.بەمانای ئەوەی کە فەرمانبەرانی حکومەت بەرپرسیار بن لەبەردەم لێپرسراوەکانیاندا کە لە لوتکەی دام ودەزگاکاندان. کەئەوانیش بەرپرسیارن لەبەردەم دەسەلاتی یاساداناندا کە کاری چاودێری دەکات بەسەر دەسەلاتی جێبەجێکردندا.

٢. پرسیارکردن: بریتیە لە ئەرکی لێپرسراوان لە پۆستە گشتیەکاندا, گەر هەڵبژێردرابن یان دامەزرابن,کە ڕاپۆرتی بەردەوام بەرزبکەنەوە دەربارەی ئیشوکارەکانیان و ئاستی سەرکەوتن و جێبەجێکردنەکانیان,مافی هاولاتیانە کە زانیاریان دەسبکەوێت لەسەر ئیشوکاری دام ودەزگا حکومیەکان. بۆ ئەوەی دڵنیایی دروست ببێت کە ئیشوکارەکانیان دەگونجێت لەگەڵ بەها دیموکراسیەکاندا و لەگەڵ پێناسەی یاسای وەزیفە و ئەرکەکانیاندا.کە هەر ئەمەش دەبێتە پاڵپشت بۆ بەردەوامی شەرعیەت و ڕەواییان و پشتگیری جەماوەر بۆیان.

٣. ئاشکرایی و ڕوونی: بریتیە لە ڕوونی لەکار و کردەوەکانی دام ودەزگاکان و ڕوونی پەیوەندیان لەگەڵ هاولاتیاندا. هەروەها ئاشکرابوونی ڕێوشوێنەکان و هۆکار و ئامانجەکانیش. کە ئەمەش دەچەسپێت بەسەر کاری حکومەتدا هەروەك چۆن دەچەسپێتیش بەسەر کاری دەزگاکانی تری ناحکومیشدا.

٤. دەسپاکی: بریتیە لە کۆمەڵێك بەها کە پەیوەستە بە ڕاستگۆیی و ئەمینی و دڵسۆزی و پیشەیبون لەکاردا,سەرەڕای نزیکی لەواتا و ماناکانی نێوان چەمکی شەفافیەت و دەسپاکیدا. بەلام دووەمیان کە دەستپاکیە پەیوەستە بە بەها ڕەوشتیە مەعنەویەکانەوە لەکاتێکدا یەکەمیان کە شەفافیەتە پەیوەندی هەیە بە سیستەم و ڕێوشوێنە کرداریەکانەوە.

- پلانی ستراتیژی بۆ نەهێشتن و بەگژداچونەوەی گەندەڵی

بەهۆی ئالۆزبوونی دیاردەی گەندەڵی و ڕۆچوونی بۆ ناو سەرجەم کایەکانی ژیان و لەتوانادا نیە کە بە ماوەیەکی کەم و کورت و بە بەرنامەیەکی کورتخایەن بنبڕ بکرێت, بۆیە پێویست دەکات کە پلانێکی ستراتیژی تۆکمە دابنرێت کە پشتی بەستبێت بە

گشتگیری و تەواوکاری لە نەهێشتنی ئەو دیاردەیەدا,پێویستە بە ووردی لە چەمکی گەندەڵی و هۆکار و شێوازەکانی تێگەیشتبین,ئەوسا کاربکەین بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەل و بوارانەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یان ڕەوای پێدانی و قبوڵکردنیشی لەلایەن کۆمەڵگاوە.هەروەها ووردتر گەڕان بەدوای دۆزینەوەیدا پێش ڕوودان و سەرهەڵدانی,هەروەها دانانی سزای توندیش بۆ ئەو کەسانەی کە گەندەڵی دەکەن.

هەوەك لەم بوارەدا ڕابونێکی ڕۆشنبیری پێویستە بۆ لەناوبرندنی گەندەڵی کە ئەم ڕابونە ڕۆشنبیریە ببێتە هۆی ئاشکرابوونی مەترسیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی گەندەڵی.و هۆشیاری بلاوبکاتەوە هەرچەندە تێچوونیشی بەرزبێت.

هەوەك چۆن پێویستە کە ئیرادەیەکی ڕاستەقینە هەبێت لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیەوە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی تاوای لێبێت بگاتە ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگاش, یان لانیکەم ئەم هەڵمەت و بەگژداچونەوەی گەندەڵیە بەریەککەوتن دروست نەکات لەگەڵ دەسەلاتی سیاسیدا.

دژایەتیکردنی گەندەڵی ڕایەکی گشتی چالاك و هۆشیاری گەرەکە کە بەدواچوون بکات بۆ ڕووداوەکان وە هەستێت بە ئاشکراکردنی گەندەڵی و سزادانی گەندەڵکاران لەمیانەی پشتگیرنەکردنی جەماوەر بۆ ئەو کەس و لایەنە گەندەڵکارانە لەناو سیستەمی سیاسیدا.

پلانی ستراتیژی دژایەتیکردنی گەندەڵی پێویستی بە بەکارهێنانی هۆکاری زۆر و بەردەوام و هەمەچەشنەی سیاسی و یاسایی و جەماوەری هەیە. لەوانە:

١.بیناکردنی سیستەمێکی دیموکراسی کە دامەزرابێت لەسەر جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکتری,سەروەری یاسا,لەڕێگەی ملکەچبوونی هەموان بۆ یاساو ڕێزگرتنی و یەکسانی لەبەردەمیدا و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لەهەموو لایەنەکانەوە,سیستەمێك بێت کە لەسەر بنەمای شەفافیەت و لێپرسینەوە بیناکرابێت.

٢. بیناکردنی دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ و بەهێز و دەستپاك,ڕزگارکردنی لەهەموو کاریگەرییەکانی کە بیەوێت لاوازی بکات.وەپابەندبوونی دەسەلاتی جێبەجێکردن بەڕێزگرتن لەبڕیارەکانی.

٣.کارکردن بە یاساکانی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی لەسەر هەموو ئاستەکان,وەك یاسای ئاشکراکردنی سەروەت و سامان و ماڵ و موڵکی گەورە لێپرسراوان, و یاسای دەسکەوتی ناڕەوا,و یاسای گەیشتن بە زانیاریەکان, و توندکردنی یاسای تایبەت بە بەرتیل و مەحسوبیەت و بەکارهێنانی خراپی وەزیفەی گشتی لەیاسای سزاداندا.

٤. پێشخستنی ڕۆڵی چاودێری و لێپرسینەوە بۆ دەزگا یاسادانەرەکان لە ڕێگەی هۆکارە پەرلەمانیە جۆراوجۆرەکانەوە وەك: پرسیارکردن لەوەزیرەکان و گفتوگۆکردنی ئاشکرای مەسەلەکان, ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بانگکردن,لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت.

٥.پشتگیری کردنی ڕۆڵی دەزگا چاودێریەگشتیەکان وەك چاودێری کەرتی دەوڵەت یان دیوانی چاودێری دارایی و کارگێڕی کە بەدواداچوون دەکەن بۆ بەکارهێنانی خراپی ئیدارە لەدام ودەزگاکانی دەوڵەتدا و بەکارهێنانی جیاوازی و زوڵم و زۆر لە بەکارهێنانی دەسەلاَتەکاندا و سەرپێچی دارایی و ئیداری,نەبونی شەفافیەت لە ڕێوشوێنەکانی وەزیفەی گشتیدا.

٦. جەختکردنەوە لەسەر دوورایی ڕەوشتی لەدژایەتیکردنی گەندەڵیدا لەکەرتی گشتی و تایبەت و ئەهلیدا لە ڕێگەی چڕکردنەوەی داواکاریەکان بۆ دیانەتە جیاوازەکان بۆ بەگژداچونەوەی گەندەڵی بەشێوە جیاوازەکانیەوە.هەروەها لەڕێگەی یاسای خزمەتی شارستانیەوە یان یاسا و دۆکۆمێنتە تایبەتەکان بە شەرەفی کارکردنەوە.

٧. پێدانی ئازادی بەڕۆژنامە و میدیاکان و کارئاسانی بۆ کردنیان بۆ گەیشتن بە زانیاریەکان و پێدانی مافی پارێزگاری بە ڕۆژنامەنوسان بۆ هەستان بەڕۆڵی خۆیان لە بلاَوکردنەوەی زانیاریەکاندا و ئەنجامدانی بەدواداچوونەکانیان کە حاڵەتی گەندەڵی و گەندەڵکاران ئاشکرا دەکەن.

٨. گەشەپێدانی ڕۆڵی جەماوەر لە بەگژداچونەوەی گەندەڵی لە ڕێگەی بەرنامەی هۆشیارکردنەوەوە دەربارەی ئەو پەتا و بەلاَیەو مەترسیەکان و بارگرانیەکەی لەسەر گەل و ولاَت.هەروەها پشتگیری ڕۆڵی دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و زانکۆ و پەیمانگا زانستیەکان و ڕۆشنبیران لە بەگژداچونەوەی گەندەڵی و هەستان بە ڕۆڵی هۆشیارکردنەوەی چین و توێژەکان و جەماوەریش.

بەم شێوەیە و لەڕێگەی پلان و بەرنامەی واقعی و زانستی و کرداریەوە دەکرێت کە ئەم دیاردە کوشندەیە بنبڕو کەمبکرێتەوە و ڕێگە لەبلاَوبونەوەی زیاتری بگیرێت.نەك بە بەڵێن و گوتەی ناڕاست.

ئاشکرایە کە تائێستا و دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لەسەر سەرهەڵدانی گەندەڵی لەم دەسەلاَتە خۆماڵیەی کورددا,خۆشبەختانە هێشتا گەندەڵی هەر بە دیاردەیەکی قێزەون و کوشندە و ڕەگدانەکوتراو ماوەتەوەو نەبۆتە کەلتورێکی بۆماوە و پەسەندکراو لەلایەن زۆرینەی جەماوەرەوە.چونکە کەلتوری کوردەواری و باوباپیرانمان زۆر نامۆن بەم دیاردەیە و هەقیش

نیە سەرکردایەتی سیاسی ئالأی سپی هەڵ بکات لەبەردەم ئەم دیاردەیەدا بەبیانوی ئەوەی کە گەندەڵی بۆتە کەلتور و بنبڕکردن و بەگژداچونەوەی دژوار و کارێکی نەکردەیە, چونکە کەلتوری گەلان و نەتەوەکان بە کوردیشەوە بریتیە لە لایەنە گەش و ڕۆشن و مژدەبەخش و پڕ سەروەریەکانی مێژوویان.بۆیە کاتێك دیاردەیەکی خراپ دەبێتە کەلتور ئەوا سەراپای مێژووی ئەو گەل و نەتەوەیە ڕەش و تاریك و بێئومێدی و لەناوچوون بەرۆکی دەگرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێین با یەکەم کاری سەرکردایەتی سیاسی کورد بریتی بێت لە بەگژداچونەوەی دیاردەی گەندەڵی و چیدی ڕێگەنەدەن بۆ بوون بە کەلتورێکی ناشیرینی گەلەکەمان.هەرئەم ڕێگەیەشە بۆ گەیشتنمان بەخەونی چەندین ساڵەمان لەدامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. چونکە هیچ کاتێك گەل و نەتەوەیەکی گەندەڵ و گەندەڵکار ناتوانێت ببێتە خاوەنی دەوڵەتی کوردی وبا کابینەی حەوتەمی حکومەتی کوردستان لەماوەی ئەم دوو ساڵەی کارکرنیدا کاری سەرەکی و لێبڕاوی تەنها بریتی بێت لە بەگژداچونەوە و بنەبڕکردنی گەندەڵی وهەربەمەش دەتوانێت ببێتە جێگەی متمانەی زۆرینەی جەماوەری گەلەکەمان چونکە نەهێشتنی گەندەڵی و گەندەڵکاران لە دروشمی بێ ناوەڕۆك و ئیستیهلاکی ناوخۆییەوە بۆتە داواکاریەکی ڕەوا وسەرەکی ئۆپۆزسیۆن و جەماوەری گەلەکەمان.بەهیوای سەرکەوتنی ئەم کابینە نوێیە لەم ئەرکە سەختەیدا.

سەرچاوەکان:
=========

- پێگەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی.
- ژمارەیەك پێگەی ئەلکترۆنی لە تۆڕی ئینتەرنێدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ستاندارکورد و کوردیۆ لەبەرواری ٢٠١٢/٤/١٢دا ولە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٧٠ لە ٢٠١٢/٥/٥دا بلأوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی وتەکانی بوهان غەلیۆنی سەرۆکی ئەنجومەنی کاتی سوریادا...

## ئەرکی نەتەوایەتیمان

## بەرامبەر برا کوردەکانمان لە سوریا..*

- لە ئێستادا ساڵێك و چەند مانگیکە ڕژێمی بەعسی سوریا ڕووبەڕووی ناڕەزایی و توڕەیی و بێزاری توندی ڕۆژانەی گەلانی سوریا بۆتەوە و بێ جیاوازی ئیتنی و نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی داوای ڕوخاندن و گۆڕینی ڕژێمەکە و سەرانی ڕژێمەکە دەکەن, بەڵام بەداخەوە ڕژێمی سوریا لە جیاتی ئەوەی پەندو عیبرەت لە ئەزمونی ڕاپەڕینەکانی بەهاری گەلانی عەرەبی وەربگرێت و کەمێکیش لە پاشەڕۆژی سەرانی وڵاتانی تونس و لیبیاو میسر و یەمەن وورد ببێتەوە و بە شێوەیەکی ئارامی و ئاشتی و دوور لە کوشت و کوشتار و دەست هەڵبگرێت لە کورسی حوکم و گەلانی سوریاش وازلیبێنێت تا بەوپەڕی ئازادی خۆیانەوە چارەنوسی خۆیان دیاریبکەن , بەڵام هەموو ئەو ڕاستی و ڕووداوانەی چواردەوری خۆی وەلاناوە و وەکو پیشەی هەموو ڕژێمێکی خۆسەپێن و کورسی پەرست و تاکڕەو و بنەماڵەیی هەڵسوکەوت دەکات و مامەڵەی ئاگر و ئاسن لەگەڵ خەڵکی سیڤیل و بێ دەرەتان و بێ گوناهی وڵاتەکەی خۆی دەکات. تائێستا زیاتر لە ٤ هەزار کوژراو و زیاتر لەوەش بریندار و دەیان هێندەی ئەوەش لە بەندیخانەکاندا بێ سەروشوێن و لە ژێر ئەشکەنجەی نامرۆڤانەدان و زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسیش ئاوارەو دەربەردەری وڵاتانی دراوسێ بوون.
- ڕژێمی سوریا بەم ئاکار و ڕەفتارە نامرۆڤانەیەی لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکە و لەلایەن سەرجەمی پێکهاتەکانیەوە بۆتە دێوەزمە و دوژمنکار و لەسەر ئاستی عەرەبی و ئیسلامی و دەرودراوسێش بۆتە جێگەی نەفرەتلێکردن و دوورکەوتنەوەی دۆست و پشتیوانەکانی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەموان داوای گۆڕین و دەستهەڵگرتنی سەرۆکی سوریا دەکەن جگە لە ڕوسیا و چین کە هەرچەندە لەم دواییەشدا چینیش وازی لە پشتیوانیکردنی هێناوە. هەربۆیە لە ئیستادا ڕژێمی سوریا بێ پشتیوانی و پشتگیریەکی ڕاستەقینە ماوەتەوە و ڕووخاندن و گۆڕانکاری تیایدا بۆتە کارێکی زێدە پێویست و چیتر نەگەلانی سوریا

و نەدەرودراوسێ و نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناتوانن زیاد لە پێویست دان بەخۆدا بگرن و کارێکی جدی نەکەن بۆ کۆتایی هێنان بەم تراجیدیا نامرۆڤیە.

- بەداخەوە لە مەلەسەی سوریادا بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی ئەوروپاو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات تێکچڕژاون و ناتوانن دەست بەرداریان بن هەموو ئەمانەش لەسەر حسابی گەلانی هەژار و زوڵملێکراوی سوریایە. بەو هۆیەشەوە تەمەنی کورتی ئەو ڕژێمە ڕۆژ بە ڕۆژ درێژدەکەنەوە .چونکە سوریا لەلایەك نزیکە لە ئیسڕائیلەوە و لەلایەکی تریشەوە هاوپەیمانیەکی بەهێزی ئێرانە و لە هەردوولاشەوە ئەمریکا و ڕۆژئاوا گەرەکیانە ئیسرائیل بپارێزن و لەولاشەوە ئێرانیش بێ دەست و پێ بکەن , بەڵام نفوز و دەستڕۆیشتوی ئێران لە عێراق و سوریاو فەلەستین و لوبنان و بەحرەین و ...هتد وایکردوە کە ئەم کارەی ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکان سەخت بێت و بەئاسانی نەیەتە دەستەوە.
- خاڵێکی زێدە گرنگی تریش کە بۆتە مایەی دواکەوتنی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی سوریا بەداخەوە نەبوونی سەرکردایەتیەکی سیاسی بەئەزمون و ناسراو و بەتوانایە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە و دونیاشدا,ئەوان بۆخۆیان هەر لە ئێستاوە بونەتە دووبەرەی دژ بەیەك و ناکۆك لەسەر زۆر مەسەلە لەلایەك لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆو دەرەوەدا لەلایەکی تریشەوە لەنێوان ئیخوان موسلیمین و سەلەفیە توندڕەوەکان لەگەڵ یەکدا و هەردووکیشیان لەگەڵ بەرەی عیلمانی و لیبراڵەکاندا و بەهەموانیشیان وەکو عەرەب لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کوردیدا ناکۆکن. ئەم خاڵەش بۆتە چەقی ململانێکان و ڕێگری گەورە لەبەردەم دروستبوونی بەرەیەکی یەك و یەکگرتوویی بەهێز و کۆك لەسەر هەموو مەسەلەکان.

لەلایەکی تریشەوە کە ئێمە مەبەستمانە هەڵویستەی لەسەر بکەین بریتیە لە ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە سوریاو هێز و توانا و ئامادەگیان بۆ ئایندەی مەسەلەی کورد لەسوریا. بەداخەوە بەهۆی ژمارە زۆری ڕێکخراو و هێزە سیاسیە کوردەکان لەلایەك و ململانێ و ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیشیان لەلایەکی ترەوە بۆتە کێشەیەکی گەورەی بەردەم پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە

سوریا کە ڕووبەڕووی هەژمون و ڕابەرایەتی ئۆپۆزسیۆنی سوری بەجورئەتەوە ڕابوەستێت و پێداگیری لەسەر ماف و ڕەوایەتی داواکاری کورد بکات لە سوریا و ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە مێژوویی و جوگرافیاییەکانی بونی کورد لە سوریادا بۆ هەموان بسەلمێنێت.

جا هەر ئەم لاوازی و بێتوانایی و بارودۆخە ناجێگیر و کزۆڵەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەگشتی و کوردیش بەتایبەتی چاوەڕوانی دەسکەوت و سەرکەوتنێکی نێزیك و گەورەی لێناکرێت. بۆیە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سوری بەگشتی و کوردیش بەتایبەتیە کە لەسەر بەرنامەیەکی تۆکمە و هەمەلایەنە بۆ ئایندە ڕێکبکەون کە لانی کەم هەموانیان کۆبککاتەوە لەسەر مەسەلە گرنگەکانی دیموکراسی و ئازادی و تەوافوقی نیشتیمانی و شەراکەتی دەسەلات و دیاریکردنی جۆری حوکم و پەیوەندیەکان و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و وەك یەکی و هاوڵاتیبون و ..هتد. بەم کارەشیان دەتوانن ببنە جێگە متمانە و بڕوابونی گەلانی سوریا و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و دونیاش.

لەسەر ئاستی هێزە کوردیەکانیش, پێویستە هەر لە ئێستاوە جەختبکەنەوە لەسەر ئیمزاکردنی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی بەئیسلامی و عیلمانیەوە لەسەر ڕێکەوتنێکی شەرەف و نیشتیمانی کە تەواوی ماف و داخوازیەکانی کوردی تیادا چەسپیبێت و ببێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بۆ ئایندە. بۆ ئەوەی هیچ هێزێکی دەسەڵاتدار لە ئایندەدا جورئەتی پاشگەزبونەوە و نکوڵی کردنی مافی کورد نەکات لە سوریادا.

وەکو ئەوەی لە ئێستادا سەرۆکی ئەنجومەنی کاتی سوریا دوکتۆر بورهان غەلیۆن بەناو ڕووناکبیر و بیرمەند و مامۆستای زانکۆ لە پاریسی فەڕەنسا ڕایدەگەیەنێت کە بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین نەك فیدڕاڵی بەڵکو ئۆتۆنۆمیش بدەنە کوردی سوریا چونکە کورد لەهیچ شارێکدا زۆرینەی ڕەها نین و هیچ ناوچەیەکی تایبەتیش بەکورد نیە و شتێك نیە بەناوی کوردستانی سوریاوە. هەروەها دەشڵێت نامانەوێت ئەزمونی عێراق کۆپی بکەین . ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی ئەنجومەنی کاتی سوریا لەکاتێکدایە هێشتا نەبۆتە سەرۆکی وڵات و هەربۆخۆی بە هەڵبژاردنی گەل نەهاتوە ودەستی لە شیرینی و لەزەتی دەسەلات گیر نەبوەو لەوپەڕی بێهێزیدایە ئەم

هەڵوێستەی هەبێت ئەی کاتێك بوە حاکمی وڵات و بەو بیربۆچونە شۆڤێنیانەی و هەڵقولاو لەبیری تەسکی نەتەوەیەوە دەبێت مامەڵەی چۆن بێت لە کورد کە بەشێکی گرنگ و دووەم پێکهاتەی نەتەوەییە لە سوریادا ؟ . ئەو لەبیری چوە یان لەبیر خۆی دەباتەوە کە بەدرێژایی حوکمی بەعسیەکان لەسوریادا کورد بێبەشکراوە لە کەمترین مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و سیاسی خۆی و ناوچەکانیان ڕووبەڕووی ئەنفال و ڕاگواستن و تەعریب و تەبعیسی بەعسیان بۆتەوە و گۆڕانکاری گەورە لە دیموگرافیای ناوچەکە و دانیشتوانی کورددا کراوە بەمەبەستی سیاسی و شۆڤێنیانەی بەعس.

پێدەچێت بورهان غەلیۆن کە بە بیرمەند و ڕووناکبیر زیاتر ناسراوە نەك سیاسی سەرچاوەی ئەم بۆچونانەی لە بیروڕای سەرانی دەوڵەتانی دراوسێ بە تورك و عەرەب و ئیسلامی و بەتایبەتیش سونیەکانەوە و لە ناویشیاندا لیستی عێراقیەی سونە مەزهەبی عێراقیەوە وەرگرتبێت , چونکە هەموو ئەو لایەنانەی کە باسمان کرد چاویان بە ڕۆڵ و کاراکتەری کورد هەڵنایەت لە عێراقدا بەشەرمەزاریشی دەزانن کە کوردێك سەرۆکی عێراق بێت , وەکو ئەوەی کورد لەعێراقدا خێری پێکرابێت و مافی هیچ بەشداری و شەراکەتێکی حوکمی نەبێت , ئەوان نازانن یان لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کەهەمیشە کورد لە ڕیزی پێشەوەی بەرەنگاری ڕژێمە سەرکوتکارەکانی عێراق و سوریادا بوە و ناوچەکانیشیان پەناگایەکی ئارام بوە بۆ ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی.

- جالێرەدا پرسیار ئەوەیە, کەلەم بارودۆخە زۆر هەستیار و ناسك و لەرزۆکی هێزە کوردیەکاندا لە سوریا, ئەرکی نەتەوایەتی دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان چیە بۆ پشتیوانیکردن و ڕێنوێنی و بەرچاوڕوونکردنەوەی براکانمان لە ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژئاوای کوردستاندا؟

ئاشکرایە کوردو کوردستانی ڕۆژئاوا بە ژمارە و قەوارە لە هەرسێ بەشەکەی تری کوردستان کەمتر و بچوکترن, لەڕووی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ...هتد. کەم ئەزمون و هەژاریشن. بەڵام مافی زۆریان بەسەر شۆڕشەکانی کوردەوە هەیە لەهەرسێ بەشەکەی تری کوردستاندا,هەر لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی

گەلەکەمان و دالدەدانی ئاوارە سیاسیەکانی کوردانی ئێران و بون بە پەناگای شۆڕشی کوردی تورکیا(( پەکەکە )) بۆ ماوەی چەندین سالٚ بە ئێستاشەوە. ئەوان بەمالٚ و سەروەت و گیان بەشداریەکی لەبەرچاویان هەبوە و پشتیوانیەکی لەڕادەبەردەریان کردوە بۆ هەمووان, بۆیە لەئێستادا و لەکاتی ئەم تەنگانەو لێقەوماوییاندا و لە سەروەختی ژانگرتنی گەلانی سوریا بە شۆڕش و گۆڕانکاریەکاندا ئەرکێکی مێژوویی و ئەخلاقی و نەتەوایەتی دەیسەپێنێتە سەرمان کە لە ئێستادا وەلاٚمی هەموو ئەو چاکە و پشتیوانی و پشتگیرییەیان بدرێتەوە بەهاوکاری سیاسی و ئابوری و هوشیاری و ...هتد.

با کوردستانی باشور بکرێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ برا ئاوارەکانمان, با دارایی و داهاتی کوردستان ئەوانیشی لێبەخشندە بکرێن و ببنە برابەشمان, با هاوکاری زانیاری و زانستی پێویست ببەخشرێتە ڕۆلە و برا ئاوارەکانمان و دەرگای زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگاکانمانیان بەڕوودا ئاوالاٚ بکەین و هوشیاری نەتەوایەتیان بەرزبکەینەوە و تێکەلاٚوی زمان و ئەدەب و هونەری ئەم بەشەی کوردستانیان بکەین. با فشار و پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانمان بەکاربێنین لە سەر دەولەتانی دراوسیٚ بەتایبەتی تورکیا و عەرەبیەکانیش بۆئەوەی لێنەگەڕێن ئۆپۆزسیۆنی سوریای عەرەبی کورد و مەسەلەکەی پشتگویٚ بخات و و بێبەشبکرێن لە ئایندەی حوکم لە سوریادا. تەنها بەم کارانەمان و پشتیوانی و دەسگرتنەیان دەتوانین کەمێك لەو چاکە و پشتیوانیەی ڕۆژانی تەنگانەیان بدەینەوە.

بۆ ئەم پشتیوانیەش, پێویستە هێزە کوردیەکانیش خۆیان بکەونە خۆ بۆ پێکەوەنانی بەرەیەکی کاری هاوبەشی یەکگرتووی بەهێز و دیاریکردنی سەرکردایەتیەکی بە ئەزمون و حەکیم و خاوەن پێگەی گەورەی جەماوەری لە کوردستان و سوریاشدا بۆ ئەوەی بتوانن بە هێز و تواناوە ڕۆلی خۆیان ببینن و کاریگەری خۆیان نیشانی هەموان بدەن لە سەر ئێستا و ئایندەی سوریاو لە ئێستادا ئەرکیانە کە هەموو ململانیٚ حیزبی و ناوچەییەی تەسك و بچوکەکانیان وەلا بنێن و هەمووان ببنە پشت و پەنای یەکتری و هەموو هەولٚ و تێکۆشانێکیان بۆ

ڕوخاندان و گۆڕانکاری لە حوکمی بەعسیاندا بێت و دژ بە هەموو پیلانە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان بوەستنەوە.
ئاشکراشە ئەوەی کەتائێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش بە براکانمان کراوە زۆر باش و کاریگەر بوە بەڵام زیاتریان گەرەکە و پێویستە بێ جیاوازی و بێ دەستخستنە ناو تایبەتمەندیەکانی براکانمان و دوور لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناکۆکی لەنێونیاندا کار بکرێت و  بە ووردیش بەسەر هەموو هاوکاریە مادیەکاندا بچنەوە و بیدەنە لایەن و حیزبی کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سوریا و کوردستان و خاوەن پێگەی جەماوەری گەورە نەك تەنها هاوکاری و پشتیوانی چەند کەس و لایەنێکی بچوك بکەن کە هیچ قورسایی و کاریگەریەکی ئەوتۆیان نیە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان و سوریادا و تەنها بەرژەوەندی خۆیانیان مەبەستبێت. دەکرێت مەرجی یەکگرتن و پێکەوەنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی بکرێتە پێش مەرجێك بۆ هاوکاری و پشتیوانی براکانمان لەسوریا بەمەبەستی زیاتر خۆڕێکخستن و توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکانیان کە تەنها ئەمە لەبەرژەوەندی مەسەلە گەورەکەی کوردو کوردستاندایە لەسوریا.

---

* ئەم بابەتە لە  ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٧٦٠ لە ٢٠١٢/٤/٢٤دا و سایتەکانی ڕادیۆناوخۆ  وستاندارکورد لە ٢٢ و  ٢٠١٢/٤/٢٣دا و لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٦٩ لە ٢٠١٢/٤/٢٨دا  بڵاوکراوەتەوە.

# پێگە وهەڵوێستی کورد
# لەم قەیرانە سیاسیەی عێراقدا..*

• ئاشکرایە کورد لە پێش ڕزگارکردن و لە دوای ڕزگارکردنی عێراقیش، ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبوە لە سەر ڕووداوەکان و کاراکتەرێکی سەرەکی و بە ئەزموون و جدیش بوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا,و هەمیشەش لایەنگری ئاشتی و ئارامی و تەوافوق و پێکەوە کارکردن بوە لەگەڵ هەموو هێزە سیاسیەکاندا بە جیاوازی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبیانەوە و هەمیشە هۆکاری لێکنزیکبونەوە و برایەتی و تەبایی بوە. هەوڵی جدیشی داوە بۆ سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و فرەیی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەربوونی یاسا و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی ناوەند و هەرێمەکان لەچوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا لەسایەی دەستورێکی هەمیشەیدا کە هەمووان لە سایەیدا هەست بە ماف و بوون و هاولاتیبونی خۆیان بکەن.

ئەوا ماوەی ٩ ساڵ دەبێت کورد لەسەر ئەم هەوڵ و کۆشش و خەمخۆریەی بەردەوامە و گەر کورد نەبوایە لە زۆر کاتدا عێراق هەنگاوی بەرەو هەڵدێران و بە ئاڕاستەی شەڕی ناوخۆی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی دەنا و چارەنوسیشی بەرە و تاریکی و ناڕۆشنی هەڵدەگەڕا.

کورد لەم ماوەیەدا هۆکاری سەرەکی بوە بۆ ڕزگارکردنی عێراق بەگشتی و زۆر لایەن و سەرکردەش بەتایبەتی لە کۆتایی هاتنی ژیانی سیاسیان، کوردستانیش هەمیشە لانکەی ئارامی و پێکەوەژیان و تەبایی بوە بۆ هەموانیان.

بەلام بەداخەوە ئەم هەموو خەمخۆری و دڵسۆزی و نیاز پاکیەی کورد بەهەند وەرنەگیراوە, و زۆرجارانیش توشی تەشقەڵە و شەڕ پێفرۆشتن بۆتەوە و جۆرەها بانگەشەی ناڕەوا و فشاری سیاسی و ئابوری و سەربازیشی خراوەتە سەر بەمەبەستی وازهێنان و دەستهەڵگرتن لە مافەکانی و داواکاریە ڕەواکانی و زۆر جارانیش کورد نەرمی زیاد لە پێویستیشی نواندوە لە پێناو پاراستنی یەك و یەکڕیزی خاك و گەلانی عێراقدا.

گەر بارودۆخی سیاسی و ململانێکان بەم تەوژم و ئاڕاستەیە بەردەوام بن ئەوا ئایندەی نزیکی عێراق ڕۆشن و دڵخۆشکەر و ئارام نابێت چونکە دەسەڵاتخوازانی کۆن و نوێی عەرەب لە سونە و شیعە هێندە تامەزرۆی کورسی دەسەڵاتن کە هەموو هۆکارەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لا ڕەوایە کە گرتنە دەستی دەسەڵاتە و وازلێنەهێنانێتی,چونکە سونەکان بۆ ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵ تا ئەوپەڕی چێژ و لەزەت و خۆشیەکانی دەسەڵاتیان چەشتوە و بۆیە زۆر لایان سەختە کە ئێستا لێی دوورکەوتونەتەوە, هەرچی شیعەکانیشە بەدرێژایی ئەو ماوەیە زوڵملێکراو وتوڕهەڵدراو و دوور بوون لە خۆشی و ئیمتیازەتەکانی دەسەڵات و کە ئێستاش پێگەیشتون ئەوا زۆر ئەستەمە کە بە ئاسانی وازی لێبێنن بۆیە گەرەکێتی کە قەرەبووی ئەو ماوەی ٨٠ ساڵە بکاتەوە کە دووربوە لە دەسەڵات, بەم شێوەیە ململانێی عەرەبی سونە و شیعە کە سەدان وهەزاران ساڵە لە مێژووی ئیسلامدا بەردەوامە و لە عێراقیشدا پێدەچێت بۆ ساڵانێکی دوور و درێژی ئایندە هەر بەردەوامی هەبێت و بگرە خوێناویتریش بێت.

ئالێرەدا گرنگی ڕۆڵی کورد و هەستیاری پێگەکەی و حەکیمی و دانایی سەرکردەکانی کورد دەردەکەوێت, کە ئایا لە بارودۆخێکی سیاسی نائارام و تێکچڕژاو و پڕ کێشە و ململانێی عەرەبی سونە و شیعەدا کورد چ ڕۆڵێکی هەبێت؟ بەشداریکەر ؟ یان ناوبژیکەر؟یان سەیر کەر؟ ئەی دوا چارەسەر و ڕێگا کامەیە کە کورد بتوانێت بیٚ زیان و بەسەرکەوتویی و دەسکەوتی گەورەوە لێی دەربچێت؟

کورد بەدرێژایی ٩ ساڵی ڕابووردوو هەمیشە هۆکاری خێر و ئاشتی و ئاشتبونەوە و ڕێکخستنەوەی ماڵی ناوخۆی عێراقی بوە بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە و هەمیشە وتراوە کورد( صمام الامانی ) پاراستنی یەك و یەکڕیزی خاك و گەلانی عێراقە.کەواتە ڕۆڵی ناوبژیوانی بینیوە, بەڵام چی دەسکەوتوە و چی وەگیر هێناوە, ئاشکرایە تەنها کێشە و جێبەجێنەکردنی داوا ڕەواکانی و تەنازولکردن لە مافەکانی و بچوکردنەوەی و لاوازکردنی دەسگیر بوە.

کورد زۆرجاران ویستویەتی ڕۆڵی بیٚ لایەن و تەماشاکەر ببینێت بەڵام لێنەگەڕاون و بە نیەت و بیٚ نیەت کوردیان ڕاکێشاوەتەوە ناو گۆڕەپانی ململانێکانی خۆیانەوە, و

لەمەشدا کورد نەیتوانیوە کە لایەنگیری هیچ کام لە جەمسەری ململانێکە بکات لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا  کە لەمەشدا هەمدیسان تووشی ئیحراجی و ڕەخنە لێگرتنی هەردوولا بۆتەوە.

چارەسەری سێیەمیش بۆ کورد بەشداریکردنە لەم ململانێیەدا, بەلاَم کورد تا توانیبێتی لەم چارەسەرەش خۆی بەدوور گرتوە هێندەی کێشەکان پەیوەندی بەکوردەوە نەبوبێت بەشداری نەکردوە, بەلاَم لەمەشدا هەر نەیتوانیوە بەکامی دڵی و ئارەزووی خۆی  هەنگاو وهەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکات, هەربۆیە ئەم سێ ڕێگا چارەسەرە کە بەدرێژایی ئەم ٩ ساڵە کورد تاقیکردونەتەوە ئەنجامێکی پۆزەتیفی بۆ کورد لێنەکەوتۆتەوە.بەڵکو تەنها دەستیدەستیپێکردن و کات بەفیڕۆدان و غافڵگیرکردنی دەستکەوتوە و هیچ کام لە کێشە و داواکاریە سەرەکیەکانی کورد نەك بە تەواوەتی بەڵکو بە چارەك و نیوەش ونەهاتونەتە دی, هەر لەمەسەلەی مادەی ١٤٠ی دەستور و هێزی پێشمەرگە و مەسەلەی نەوت و غاز و بودجە و پلەو پۆستە ئیداری و سەربازی و ئەمنیەکانەوە لە عێراقدا.

کورد بەناو شەریکە لە حکومەتی ناوەندیدا بەچەند وەزیر و وەکیل و ب. گشتی و پۆستی سەربازی و ئەمنیدا , بەلاَم بەفعلی بێ دەسەلاَت و کەنارخراون.

هەربۆیە دوای ٩ ساڵ لە بەناو شەراکەت و تەوافوقی نیشتیمانی و پێکەوە کارکردن و نەرمی نواندن و تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگاکان کە دەتوانرێت درێژە بەم تەمەنی بەناو پێکەوە ژیان و برایەتی و شەراکەتە بدرێت بەلاَم ئەنجامێکی دڵخوازی بۆ کورد لێنەکەوتۆتەوە.

بۆیە دەکرێت کورد بیری وورد و پلانی عەقلاَنی و تۆکمە و لەتواناهەبوودا دابنێت و هەموو ئەگەرەکان و گریمانەکان لەپێش خۆیدا بەکراوەیی بهێڵێتەوە و بڕیارێکی  گرنگ و چارەنوسساز بدات بۆ یەکلایکردنەوەی هەڵوێست و پارێزگاریکردن لە پێگە و دەسکەوتەکانی لە عێراقدا ئەگەر ویستی بمێنێتەوە لەسایەی دەستورو یاسای پەسەندکراودا.

خۆ ئەگەر نەتوانرا درێژە بەمانەوەی بدات و تەنگیان پێهەڵچنی و هێرش و هەڕەشەی سیاسی و ئابوری و سەربازیان لەسەری زیاترکرد و پاڵیان پێوەنا بۆ دەرەوەی ماڵی عێراق ئەوا دوای هەڵسەنەگاندنی بارودۆخە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی عێراق و ناوچەکە و دونیاش, ڕێگا چارەی چوارەم کە بریتیە لە  جیابونەوە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بگرێتە بەر,وەك دوا چارەسەر و بەناچاری بەلاَم ئەم چارەسەرە و ئەم

هەنگاو و بڕیارە هەم زۆر گرنگە و هەمیش زۆر هەستیارە و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەهەموو هاوکێشە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی ناوچەکە و دونیاش و پەیوەستە بە بەرژەوەندی زلهێزەکانی دونیاشەوە و هەربۆیە پەلەکردن و هەڵەکردن تیایدا وەك هەڵەکردن وایە لە عەمەلیاتی مێشکدا کە گەر سەرکەوتوو نەبوو ئەوا بەمردنی نەخۆشەکە تەواو دەبێت و کوردیش ئەوەشی کە هەیبوو لەدەستی دەدات . هەربۆیە ئەم هەنگاوە ڕێگا خۆشکردن و زەمینە سازی مادی و مەعنەوی گەورەی گەرەکە سەرەتا لەناوخۆی کوردستان و دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆن و جەماوەرەوە و دواتر بۆ یەکخستنی گوتار و کرداری هەموان و ئامادەباشی بۆ خۆڕاگری و قوربانیدان و پشت بەستن بەخۆو و دواتر هاوکاری و هەمئاهەنگی و بەدەستهێنانی پشتیوانی و پشتگیری ناوچەیی و دونیایی بۆ ئەو مەسەلەیە پێویستە.ئەم کارەش پێویستی بە دروستکردن و بنیاتنانی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی دیپلۆماسی و سیاسی و ئابوری گەورە هەیە کە کورد بەناوەندە بڕیار بەدەستەکانی دونیاوە ببەستێتەوە, کە دەبێتە مایەی پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. کوردستان بنەماو پایە گەورەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی تیادایە لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتد. بەلآم حەکیمی و دانایی و سەلیقەی ووردی سەرکردایەتی گەرەکە کە بە چ شێواز و چۆن پلانێکی عەمەلی هەموو توانا و وزەکانی کوردایەتی یەکبخەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە.

ئیدی کاتی ئەوە هاتوە کورد لە عێراقدا بەڕاشکاوی هەڵوێست و پێگە و بڕیاری خۆی ڕابگەیەنێت بە دۆست و دوژمنەکانی و چیدی نەرمی و دڵڕازیکردن دادی نادات,چونکە دوژمنانی کورد تالاواز و بێ دەسەلآت بن ڕێز لە ئیرادە ویستی کورد دەگرن بەلآم هەر هێندەی زانیان هێز و توانایان ئەوەندەیە کە هێرش بکەنە سەر کورد بێ دوودڵی و بەهەموو هێز و توانایانەوە و بەو پەڕی خوێن ساردیەوە و بێ حساب بۆکردنی ڕابووردوو پیاوەتی و مەردایەتی کورد لەگەڵیاندا ئەوەی بۆیان بکرێت و بلۆێت بێ دوودڵی و سڵەمینەوە لەبەرامبەر کورددا دەیکەن. جا کەوابێت پێویستە کوردیش کار بەو پەندە عەرەبیەی خۆیان بکات کە دەڵی (( دەتکەمە ژەمی نێوەڕۆ پێش ئەوەی بمکەیتە ژەمی ئێوارە )).

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد لە ٢٠١٢/٥/٢٣دا و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٧٣ لە ٢٠١٢/٥/٢٦دا و ڕۆژنامەی میدیا ژمارە ٥٣٤ لە ٢٠١٢/٦/٥دا بلآوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی یاسای کردنی سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری

## بەڵێ سلێمانی

## شایانی بوون بە پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستانە..*

- لای هەموو کوردستانیان بەگەرمیان و کوێستانیەوە و تەنانەت لە سەر ئاستی کوردستانی گەورەش و لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانی کۆن و نوێی کوردستان و عێراقیشەوە لە ئینگلیز و ئەمریکیەکان هەموانیان مێژووی پڕ سەروەری شاری سلێمانی باش دەزانن و بەرز دەینرخێنن و زۆرباشیش لە ڕۆڵ و کاریگەری و زیندوێتی خەڵکی ئەم شارە تێدەگەن,لەبواری سیاسەت و ئابوری و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر و شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا. سلێمانی شاری کەڵەپیاوانە لە سیاسەتمەداران و سەرمایەداران و شاعیر و نوسەر و هونەرمەند و خەباتگێڕانی کوردایەتی.

بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەو گەورەیی و پێشەنگیەدا سلێمانی چ وەکو شار و چ وەکو خەڵك و دانیشتوانەکەشی بەهێندەی قوربانیدان و پێشەنگی و ڕابەرایەتیکردنەکەی لای لێنەکراوەتەوە و گرنگی و بایەخی پێنەدراوە, چ لەسەر دەستی ڕژێمی بەغدادەوە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی پاشایەتیەوە لەساڵی ١٩٢١وە تاکو دەوڵەتی کۆماری و تا ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صدامیش لەساڵی ٢٠٠٣دا کە لە بەرنامەیدا هەبوو نەك خزمەتگوزاری پێشکەش بکات بەڵکو هەموو شارەکە ڕابگوێزێت و لەسەر نەخشەش بیسرێتەوە.

سلێمانی کە ڕووبەرەکەی ( ١٧٠٢٣ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە) و یەکێکە لە فراوانترین شارەکانی عێراق و ژمارەی دانیشتوانەکەشی (١٣٥٠٠٠٠ ) ملیۆن کەسە بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٩کە سێیەم پارێزگایە لە عێراقدا لە ڕووی چڕی دانیشتوانەوە و پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابوری هەیە چونکە کەوتۆتە سەر سنور لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا.

لە ڕووی جوانی سروشت و پاك و خاوێنیشەوە یەکێکە لە شارە یەکەمەکانی عێراق و ئاوو هەوایەکی فێنك و خاوێنیشی هەیە.

لەڕووی پیشەسازیشەوە زۆرترین ژمارەی کارگەی وەبەرهێنی گەورەی چیمەنتۆ و شەکر و گەچ و جگەرە و جلوبەرگ و ...هتد. تیادابوە کە لە هیچ پارێزگایەکی عێراقدا نەبوە, ئەمەش تەنها لەبەر دەوڵەمەندی سلێمانی بوە بە کەرەستە خاوەکانی بەرهەمهێنان نەك لەبەر خۆشەویستی سلێمانی بوبێت.

لەڕووی فکر و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەرەوە سلێمانی هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە بەشاری شاعیران و نوسەران و هونەر و هونەر دۆستی ناسراوە و ئەدەبی بەرگریکاری لە سلێمانیەوە سەریهەڵداوە. و ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپخانەی هەر لەسەردەمی مەلیك مەحمودەوە تیادا بوە .

لەڕووی سەخاوەت و نەجابەت و بەخشندەیی و ڕێزگرتن لە غەریبان هەموو کاتێکدا پەناگە و لانەی حەوانەوەی سەرجەم خەڵکانی عێراق بوە لە عەرەب و تورکومان و مەسیحی و شیعە و سونەکانیانەوە لەکاتی لێقەومان و ئاوارەبونیاندا.

لەڕووی کراوەیی و بەهرەمەندی و پێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازیدا و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمیشدا خەڵکەکەی بۆ خۆی بۆتە سەرتۆپی شارەکانی عێراق.

سلێمانی بۆ خۆی لە دامەزراندنیەوە بۆتە پایتەختی نوێی بابانەکان و دواتر بۆتە پایتەختی یەکەم حکومەت لە مەملەکەتی مەلیك مەحمود و هەموو سەرکردەی شۆڕشەکانی باشوری کوردستانیش هەر لەسلێمانیەوە پێگەیشتون و ناوداربوون و تیایدا فێری خەبات و کوردایەتی بوون وەك مەلیك مەحمود و بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و بەهادین نوری و دەیانی تر کە هەریەکەیان ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبوە لە خەباتی کوردایەتیدا.

بەداخەوە سلێمانی لەگەڵ هەموو ئەم سەروەری و مێژوە پڕ لەشانازیەیدا بەهێندەی شارێکی بچوکی عێراق و تەنانەت کوردستانیش خزمەتی پێنەکراوە.

ئەوەتا لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی صدامیدا ویستراوە ڕابگوێزرێت و لەسەر نەخشەش بسڕێتەوە و بێبەشکراوە بەتەنها لە دروستکردنی نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی و بێبەشکراوە لە دروستکردنی سایلۆیەکی گەورەی گەنم وەکو

هەموو پارێزگاکانی تری عێراق,بێبەشکراوە لە دروستکردنی ماستەر پلان بۆی وەکو شارێکی مۆدێرن,تەنها شەقامی بازنەیی بۆ دروستکردوە ئەوەش زیاتر لایەنی ئەمنی هەبوە نەك خزمەتگوزاری.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە , ئەی لەسەردەمی حکومەتی کوردی و فەرمانڕەوایەتی ٢٠ ساڵەییدا کورد خۆی چیکردوە بۆ سلێمانی و خەڵکەکەی ؟ چۆن پاداشتی ئەو هەموو قوربانیدان و بەخشندەییەی سلێمانی داوەتەوە؟ئایا سلێمانی بەڕاستی شارە حەیات و خۆشەویستەکەیە یان تەنها دروشمە و بۆتە شارێکی بێکەس و بێبەش؟

سەرەتا دەڵێین هەڵەیە گەر بلێین هیچ شتێك بۆ سلێمانی نەکراوە لەسەردەمی حوکمڕانی کوردیدا , بەڵام دەڵێین بەهێندەی گەورەیی و پرشنگداری و قوربانیدانەکانی سلێمانی کاری بۆ نەکراوە لەبەر ئەمە حکومڕانی کوردی کەمتەرخەمە بەرامبەر سلێمانی و خەڵکەکەشی, چونکە لەم سەردەمی ئازادی و ڕزگاری کوردیەشدا سلێمانی یەکەم شاری گەورە بوو کە ڕاپەڕی و بەمەش لەلایەك ورەی جەماوەری کوردستانی بەرزکردەوە و لەولاشەوە ورەی دوژمنانی ڕووخاند,بەمەش سلێمانی جارێکی تر بوەوە بە پایتەختی ڕاپەڕین و شۆڕش و کوردایەتی و سەرکەوتن, سلێمانی هەر لەسەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە بوەوە یەکەم شار کە یەکەم ڕێکخستنی نهێنی و یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی پێشمەرگە و یەکەم چالاکی پێشمەرگانەی تیادا سەرهەڵبداتەوە کە ئەوانیش ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوون و هەر لەسلێمانیشەوە یەکەم سەرکردە و یەکەم شەهیدی زیندانەکان بوون کە ئەوانیش خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی بوون. هەر بۆیەش یەکێتی سلێمانی بە قەڵای پۆڵاینی سیاسی و جەماوەری خۆی دادەنا.

بەڵام بەداخەوە دوای ٢٠ ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی کورد خۆی نەتوانراوە ئەو کار و پڕۆژانەی کە ڕژێمی بەعس سلێمانی لێبێبەش کردبوو ئەمان پێشکەشی بکەن ئەوەتا تائێستا نەتوانراوە کە:

نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی تەواو بکرێت.

سایلۆیەکی گەورەی گەنم دروستبکرێت.

چەندین کارگەی بەرهەمێن دابمەزرێت , بەداخەوە ئەوەی کەهەش بوون نەمان.

نەتوانراوە شەقامی ١٠٠ مەتری دروستبکرێت.

نەتوانراوە یاریگایەکی نێودەوڵەتی ستانداردی تیادا دروستبکرێت.

نەتوانراوە چەندین میوانخانە و سەیرانگای جوان و مۆدێرنی تیادا دروستبکرێت.

نەتوانراوە سلێمانی جوانتر و ڕازاوەتر و سەوزتر بکرێت.

نەتوانراوە چەندین هۆڵی شانۆیی و سینما دروستبکرێت, بەداخەوە ئەوەشی کە هەبوون نەمان.

نەتوانراوە ڕووی گەشی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری سلێمانی باشتر و گەشاوەتر دەربخرێت تا بەحەق شایەنی ئەوە بێت کە دوای ٢٠ساڵ لە فەرمانڕەوایی کورد مافی پایتەختی ڕۆشنبیری پێبدرێت کە تازە بەتازە گەرەکیانە یاسای بۆ دەربکرێت کە هەندێ کەسیش تائێستا گومانیان لەو ڕۆڵ و کاریگەری و سەنگینیەی سلێمانی هەیە.

نەتوانراوە ناوی سلێمانی بدەنە شاکارێکی هونەری یان ئەندازەیی یان تەلاسازی یان کۆمپانیایەکی گەورە کە شایستەی گەورەیی سلێمانی بێت, کە من لێرەوە پێشنیاز دەکەم بۆ خاوەن سەرمایەی ئەم شارە کاك فاروقی مەلا مستەفا کە ناوی ئاسیا سێل بگۆڕێت بۆ سلێمانی سێل بۆ گەورەیی و پیرۆزی سلێمانی,چونکە یەکەم شار بووە کە ئەم داهێنانە گەورە و گرنگەی بواری پەیوەندی لە هەموو عێراقدا لەسلێمانیەوە دەستپێکرد.

جارێکی تریش ڕووی دەمم دەکەمەوە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دەڵێم لەسەرەتادا قەڵاچوالانتان کردە پایتەختی دەسەڵاتتان دوای ڕاپەڕین و دواتر گوازتانەوە بۆ سلێمانی و لە ئێستاشدا بەدروستکردنی شاکارێکی تەلارسازی زۆر جوان و قەشەنگ لە شاری هەولێری خۆشەویستمان بۆ مەکتەبی سیاسی, بەمەش پایتەختی سیاسیتان لە سلێمانی وەرگرتەوە و گوازتانەوە بۆ شاری هەولێر کە ئاشکراشە لە دوای هەردوو گوازتنەوەکە ڕۆڵی قەڵاچوالان و سلێمانی لاواز و بچوکبونەوە چونکە قورسایی دەسەڵاتتانی تیادا

نەما, بۆیە پێشنیاز دەکەم بۆ گەڕانەوەی هەیبەت بۆ سلێمانی و گەڕانەوەی خۆشەویستی و گەورەیی یەکێتیش لە سلێمانیدا بەهەمان شێوە بینایەکی مەکتەبی سیاسی جوان و قەشەنگ لەسلێمانیش و لە جێگایەکی دیار و بەرچاودا دروست بکەن و بەڕاستیش دەستبکەن بەخزمەتکردنی سلێمانی و خەڵکەکەیی و زویری و تورەیی سلێمانی لەخۆتان دوور بخەنەوەو خزمەتکردنیش تەنها بەدروشم و پیاهەڵدان و لەدوورەوە نابێت بەڵکو بە جێبەجێکردنی دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیژی گەورە دەبێت.

- بۆیە گەر بەم شێوەیە سلێمانی پێشێل و پشتگوێ بخرێت ئەوا نەك سلێمانی پێشدەکەوێت بەڵکو دەشبێتە گوندێکی وێرانەی دواکەوتوی هەژار و بێکارو ناڕۆشنبیر کە شیاوی ئەوە نەبێت بکرێتە پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمەکەمان.بۆ یەکێتیش لەشارە حەیاتەکەوە دەبێتە شارە بێکەس و بێبەشەکە.
- لەکۆتایشدا دەڵێم کە ئەم نوسینەم هیچ جۆرە پاڵنەرێکی ناوچەگەرێتی و دەمارگیری بەدواوە نیە بۆ سلێمانی و لەڕۆڵ و کاریگەری هیچ شار و شارۆچکەیەکی ئەم کوردستانەش کەم ناکاتەوە, بەڵکو تەنها بۆ خەمخۆری و پەرۆشی و هەست بەمەترسیم بۆ سلێمانی و خەڵکەکەی وڕابووردو و ئایندەشی بوە. و بۆیە دەڵێم لە سەروبەندی دەرکردن و گفتوگۆکردن دەربارەی یاسایەك بۆ کردنی سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان.. بەڵێ سلێمانی بە هەق شایستەی بوون بە پایتەختی ڕۆشنبیریە و نەك ئێستا و دوای ٢٠ ساڵ بیری لێبکرێتەوە بەڵکو دەبوو لەکارە یەکەمینەکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بوایە.. ئێستاش نەچوە بچێت و بەهیوای ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو یاسایە دەربکرێت و لە سەر زەمینی واقعیش جێبەجێبکرێت و بەمەش کەمێك لە وەفا و خۆشەویستی و هەیبەت بۆ سلێمانی و خەڵکەکەشی بگەڕێنرێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٨٣ لە ٢٠١٢/٨/٤دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئایندەی

## ئەو جەمسەرگیریە سیاسیانەی کە لە کوردستاندا دروست بوون *

- پێگە و هەڵکەوتەی جیۆسیاسی کوردستان لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داگیر ودابەشکراو بەسەر چوار دەوڵەتی جیاوازی ناوچەکەدا کە هەریەکەیان خاوەنی شارستانی و مێژووی دەسەڵاتداری و کەلتوری جیاوازن و ئەم جیاوازیەشیان بە نەرێنی کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوەی کوردی وڵاتەکانی خۆیان و ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ دابەشبوونی کورد بەسەر چەندان بیرو باوەڕ و بۆچوون و بیرکردنەوەدا, و لەلایەکی تریشەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە کوانوی پڕ ژیلەمۆی خامۆش و کڵپەسەندووی زۆربەی کێشە و گرفتەکانی ناوچەکە و دونیاشە بەهەمان شێوە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر بەرنامە و بیر و تاکتیك و ستراتیژی کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی.

زۆر جاران بیروڕای وا هەبوە کە وتراوە گەر کوردستان جگە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەر ناوچەیەکی تری دونیادا بوایە لەوانەبوو زۆر لەمێژ بوایە ببوایەتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی. بەڵام ئەم دووهۆکاری دابەشبوون و هەڵکەوتە جوگرافیەی کوردستان تاکو ئێستاش بونەتە تەوقی نەفرەت و بەبەر گەردن و باڵای کوردایەتیدا بڕاون و ڕێگری سەرەکین بۆ گەیشتنی کورد بە سەربەخۆی و پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی.لەدونیادا فاکتەری جیۆپۆلەتیك بەهێندەی کوردستان لەهیچ وڵاتێکی تردا ڕۆڵ و کاریگەری نەرێنی نەبینیوە.کەئاشکراشە ئەم فاکتەرە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هەموو فاکتەرە یاریدەدەرەکانی تر بۆ هێشتنەوەی نەتەوە و دەوڵەت بە بەهێزی و خۆڕاگری و گەشەکردوویی.

هەر بۆیە کورد لەکوردستانی گەورەی داگیر و دابەشکراودا مەحکومە بە پیادەکردنی بیرکردنەوە و بەرنامە و سیاسەتی جیاواز نەك بە یەك بیر و یەك بەرنامە و یەك سیاسەتی یەکگرتوەوە. و بەتایبەتیش لەم بەشەی باشوری کوردستاندا کە هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆی پێکەوە ناوە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵێك دەبێت و جۆرێك لەدەسەلات و ئیدارەی تیادا دامەزراوە و پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکانیش لەم

ماوەیەدا بەشداری و تێکەڵاوی گەمە سیاسیەکانی جیهانی و ناوچەیی بوون نەك وەك یاریکەری سەرەکی بەڵکو بەداخەوە وەك یاریکەرێکی تازە پیاکەوتوی هیچ نەدیو و نەزان و تازە کورە لە دونیای دەوڵەتداریدا کە کەمەکێك فێری ئیدارە و سیاسەت و ئابوری و بازاڕ بونە و هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە درێژەیان بەتەمەنی دەسەلاتی ئەم هەرێمە داوە بەهەموو کەموکوڕی و دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مشەخۆری و بێ سیستەمی سیاسی و فرە کوێخایی و پێشێلکردنی مافەکان و یاسا و بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکان و بەرهەڵستکردنی میدیاکان و ...هتد.کە هەموانیان بەزیانی گەورە شکاونەتەوە بەسەر ئەم ئەزمونەدا. هەربۆیە پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکانیش تاکو ئێستا بە بیرێکی حیزبیانەی کورتبینیەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو وپێشهاتەکاندا دەکەن و بەرژەوەندی حیزبایەتی و بنەماڵەییەکانیان پێش بەرژەوەندیە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان دەخەن. جا هەرکاتێ بەرژەوەندیە حیزبیەکانیان هاوجووت بوون لەگەڵ بەرژەوەندی هەر دەستە و تاقم و وڵات و ڕژێمێکدا ئەوا بێ سێو دوو بەلای ئەو لایەدا دەیشکێننەوە بێگوێدانە پاشکەوتەکانی دواتری,دیاردەی جەمسەرگیری هەرێمایەتی یان جیهانی بۆخۆی لە دونیای سیاسەتدا دیاردەیەکی ئاسایی و تەندروستە بەمەرجێ لە پێناو بەرژەوەندیە بالأکانی گەل و نیشتیماندا بێت نەك حیزب و بنەماڵەکاندا. جەمسەرگیری لە دونیای ئێستای تاك جەمسەری و بەجیهانبوون و کۆمپانیا زەبەلاحە ئابوریەکاندا بۆتە دیاردەیەکی بەربلاو لەدونیادا و هیچ وڵات و گەلێك ناتوانێت درێژە بە ژیان و مانی خۆی بدات بەبێ گرێدانی هاوپەیمانی دوو قۆڵی و چەندقۆڵی و پێکەوەنانی بارستەی سیاسی و ئابوری و کەلتوری گەورە و بەهێز. هەربۆیە دیاردەی جەمسەرگیری دیاردەیەکە هەرکەس و پارت و سەرکردە و وڵاتێك بیکات کارێکی هەڵە و ناپەسەند نیە, بۆیە جەمسەرگیربوونی پارتە سیاسیەکانی کوردستانیش لەم چوارچێوەیەدا بوونی هەیە وهەموو حیزبە بچوك و گەورەکان بە عیلمانی و ئیسلامیەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان جەمسەرگیریان کردوە لەگەڵ یەکێك لە ناوەندەکانی بڕیار لە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە وڕێکخراو و دەوڵەتەکان لە جیهانیشدا.

وەك هەرێمی کوردستان , بەداخەوە یەك تاکە بەرنامە و ڕاوبۆچوون و بەرنامەیەکی تەبا و یەکگرتوو نیە کە هەموان لەسەری کۆك بن و کاری بۆبکەن و کاریشی لەسەر بکەن و بیکەنە سەنگی مەحەك لە پێکەوەنان و دامەزراندنی هاوپەیمانی و پەیوەندیەکانیاندا و بەرژەوەندیە بالاکانی کوردستانیان کردبێتە هێلی سووری قەدەغەکراوکە پێشێل نەکرێت, هەربۆیە لە غیابی ئەم یەك و یەکنەبونی سیاسەت و ستراتیژەدا ناتوانرێت بووترێت هەرێم بە لایەکدا دایشکاندوە چونکە لە بنەمادا سیاسەتێکی هەرێمی یەکگرتوو بوونی نیە. ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە هەردوو حیزبی بالادەست و دەسەلاتدار لەکوردستاندا کە خۆی لە پارتی و یەکێتیدا دەبینێتەوە نمایندەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەکەن , سەرەڕای بوونی ڕێکەوتنامەی ستراتیژیش لەنێوانیاندا ئەوانیش کۆك و تەبا نین لەسەر یەك سیاسەتی یەکگرتوویی کوردستانی و هێندەی پەرۆشی بەرژەوەندیەکانی خۆیانن نیو هێندە پەرۆشی بەرژەوەندیەکانی کوردستان نین , بەلام دەتوانرێت بوترێت کە پارتە سیاسیەکان بەگشتی وبەتایبەتیش دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە بەلێ هەموانیان دابەشبونەتە سەر جەمسەری جیاواز و ئەو جەمسەرانەش کاریگەری نەرێنیان کردۆتە سەر پێکهاتە و یەکبون و یەکڕیزی ئەو پارتانە و توانیویانە سەرکەوتووشبن لە پەرتکردنی گوتار و پێگە و هەلوێستیشیاندا.

وەك باسمان کرد هەلبژاردنی ئەو جەمسەرانە زۆر جاران بەناچاری بووە نەك بەدلخوازی خۆیان بێت چونکە پێگەی جیۆسیاسی کوردستان بە پلەی یەکەم کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو هەلبژاردنانە. بەلام پارت و سیاسیەکانی کورد پێویستە لەسەریان پێش هەلبژاردنی هەر ئیختیارێك و ڕێگە چارەیەك پێویستە دەیان جار بیربکەنەوە نەك وەکو سیاسیەکی ولاتانی پێشکەوتوو دامەزراو مامەلە لەگەل ڕووداو پێشهاتەکاندا بکەن. لە سەردەمی ئێستای بەجیهانبوون و بازاڕی ئازاد و گەورەیی و پێشەنگی ڕۆل و کاریگەی ئابوری و بەتایبەتیش نەوت و وزەدا زۆر جاران ئابوری کەمەرکێشی سیاسەت و ڕووداوەکان دەکات نەك بە پێچەوانەوە بۆیە کوردستانیش بە دەولەمەندی ئەو دوو سامانە سروشتیە زۆر گرنگە وەکو دوو سەرچاوەی وزە دەکرێت سوودی لێبیینرێت لەو هەلبژاردن و جەمسەرگیریانەدا.بۆیە هەلبژاردنی هەر جەمسەرێك تاکو ئێستاش مەحکومە بە مێژوو و جوگرافیا و جۆرێکە لە سیاسەتە سونەتیەکانی کورد و دووبارەکردنەوەی مێژووە ڕەش و تاریکەکانی ڕابووردووشە.

ئەوەی بە ئاشکرا دیارە بەلێ ڕاوبۆچون و سیاسەتەکانی یەکێتی بەلای جەمسەری ئێران و شیعەدا شکاندویەتیەوە وپارتیش بەلای تورکیاو سونە و ڕۆژئاوادا شکاندویەتیەوە , کە

هەریەکەشیان بڕوبیانووی خۆی هەیە و لێرەشدا جارێکی تر جوگرافیا کارتێکەر و بڕیاردەرە لە هەڵبژاردنی ئەو دوو پارت وسەرکردەکانیاندا بۆ جەمسەرەکانیان. بەلاَم لەڕاستیدا و لەسەر زەمینەی واقع هیچ کاتێك نفوزی تورکیاو سونە مەزهەبەکان لە عێراقدا نەگەیشتونەتە نفوز و بالاَدەستی ئێران لە عێراقی ئێستای دەسەلاَتداری شیعەدا.

بەحوکمی ئەوەی کە هەردوو پارتی و یەکێتی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵە دەسەلاَتدارن لە هەرێمی کوردستاندا و زۆرینەی پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمیان بەدەستەوەیە و داهات و دارایی هەرێمیشیان لە ژێر دەستایە . هەربۆیەش واکەوتۆتەوە کە ڕۆڵ و کاریگەری ئەو دوو حیزبە لەوانی تر زیاتر لەبەرچاو ودەرکەوتووتربێت , بۆیەشە نەگۆڕان و نە ئیسلامیەکان پێگەیەکی گەورە و ڕۆشنیان نیە لە چوارچێوەی ئاوها سیستەمێکی حیزبی و بنەماڵەیی قۆرخکراودا وپێگەیان لەهاوکێشە سیاسیەکاندا لاوەکیە نەك سەرەکی لانی کەم تاکو ئێستا و لە ئایندەشدا پێدەچێت زیاتر ڕۆڵیان هەبێت بەهۆی گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی ناوچەکە . بەلاَم لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥وە هەست بەوە کراوە کە هەردوو پارتی دەسەلاَتدار لە پاشەکشە و نەرمی نواندندان نەك خۆسەپاندن و پشتگوێخستنی لایەنەکانی تر.

لە کۆتاییدا دیاردەی ئەم جەمسەرگیریەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەریەکە بەلایەکدا کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ئێستا و ئایندەی مەسەلەی کورد. کە هەق وایە لەم دۆخە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەی کوردستان وناوچەکەدا پارت و سەرکردە سیاسیەکان باشتر وووردتر و بەدیقەتتر و زیرەکانەتر بیر لە ئایندەی مەسەلەی کورد و کوردستان بکەنەوە تەنانەت لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەشدا.چونکە قۆستنەوەی ئەم هەلەی هاتۆتە پێش لە گۆڕانکاری ڕژێمە سەردەستەکانی کوردستان کارێکە لەسەروو هەموو کار و بەرنامە و بەرژەوەندیە حیزبی و بنەماڵەیی و ناوچەییە بچوك و تەسکەکانەوەیە بە بەراورد لەگەڵ بەرژەوەندیە بالاَکانی کورد و کوردستاندا.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٩٠٣ لە ٢٠١٢/١٠/١٢دا و سایتی ستاندارکورد لە ٢٠١٢/١٠/١٠دا و ڕۆژنامەی هاولاَتی ژمارە ٩١٣ لە ٢٠١٢/٧/٢٣دا بلاَوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەیەك بۆ ڕەوشی سیاسی کوردوستان
## لە پێش و لە پاش هەڵبژاردنی پەرلەماندا *

• سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە لە کوردوستاندا لەساڵی ١٩٩٢ وە و دوای هەڵبـــژاردنی یەکـــەم پەرلـــەمانی کـــوردی لـــە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا, بناغەی سیستـەمی سیاسـی و حـوکمڕانی کـوردی داڕێـژراو و ئیـدی لەوکاتـەوە دەسـەڵاتی سیاسـی و ئیـداری لـە کوردوسـتاندا تاڕادەیـەك جۆرێـك لـە سیسـتەماتیکی پێـوە دیارە.گەرچی ناتەواو وناکامڵ و کەموکوڕیشی تیادابێت.چونکە سیستەمی سیاسی پەرلەمانیـە و هەرسـێ دەسـەڵاتی یاسادانان و جێبـەجێکردن و دادوەری چەسـپاوە و کـاری پێـدەکرێت.هەڵـە و کەموکوڕیـەکانیش دەگەڕێتـەوە بـۆ نەشـارەزایی و کـەم ئەزمونی کورد و دەسەڵاتە سیاسیەکەی لە حوکمڕانیدا, چونکە بەدرێـژایی مێـژوویی کورد لەم سەد ساڵەی دواییدا بەم جۆرە و بەم تەمەنە دەسەڵاتی خۆماڵی خۆی نەبوە. بـەڵام بۆمـاوەی ١٩ سـاڵە دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی توانیویـەتی تاڕادەیـەکی بـاش سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی بچەسپێنێت و لەسایەیدا ئازادیەکان و مافەکان و یاسا پارێزراوبن و سیستەمی فرە حیزبیش پیادەبکرێت,چونکە زیاد لە یەك حیزب و دوو حیزب لە گۆڕەپانی سیاسی کوردوستاندا کاری ئاسایی و یاسایی و ئاشکرای خۆیـان دەکـەن و تەنانـەت بەشداریشـن لـە بـەڕێوەبردنی وڵات و دام و دەزگاکـانی حکومەتدا و بونیان هەیە لە پەرلەمان و وەزارەتەکاندا هەریەکە بە قەوارە و ڕێژەی دەنگ و جەماوەری خۆیان.

بـەڵام وێنـای سیسـتەمی سیاسـی لـە کوردوسـتاندا بەشـێوەیەکە کـە دەسـەڵاتی دوو حیزبی سیاسی گەورە و خاوەن جەماوەر و خاوەن مێژوو و قوربانیدان کە یەکێتی و پارتین تۆختر دەردەکەوێت لەبەرامبەر کاڵی دەسەڵاتی حیزبە سیاسیەکانی تر کە بە ڕێژە و ئاستی پارتی و یەکێتی خاوەن مێـژوو و جـەماوەر و قوربانیـدان نین, هەربۆیـە وێنـا سیاسیەکە وادەردەکـەوێت کـە سیسـتەمی فرەحیزبـی نـەبێت بـەڵکو دوو حیزبـی دەربکەوێت. و بۆ ماوەی ١٩ ساڵ حوکم و دەسـەڵات لـە کوردوسـتاندا پـەیڕەو بکـەن و گـەلێك دەسـکەوتی گـرنگ وەدەسـت بهێـنن و ئاشـتی و ئـارامی لـە کوردوسـتاندا

بچەسپێنن و ئاوەدانی و گەشەپێدانی بەرچاویش لە سەر ئاستی هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و کۆمەلاَیەتی و ...هتد بەرقەرار بکەن و ژیانی فرە حیزبی و کاری سیاسیش بۆ هەموان بەبیروڕا جیاوازەکانەوە دابین بکەن , لەگەلٚ ئەمەشدا هەندێ هێزی سیاسی سەر گۆڕەپانە سیاسیەکەی کوردوستان لە هەولٚی دروستکردنی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارادان لە بەرامبەر دەسەلاَتی هەردوو پارتی دەسەلاَتداردا بەبیانوی بوونی کەموکوڕی و گەندەلٚی و ..هتد و پێیان وایە ئەوان دەتوانن کە چاکسازی و گۆڕان لەم سیستەمە سیاسیەدا بکەن .

ئاشکراشە کە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن کارێکی ساناو ساکار نیە,و نابێت ئۆپۆزسیۆن دروستکراوبێت و حازر بەدەست بێتە گۆڕەپانە سیاسیەکەوە. بەلٚکوپێویستە زەمان و زەمینەی گونجاوی خۆی بۆ بێتە کایەوە و مێژوو کرد بێت و زەرورەت دروستی بکات . ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەمیشە لە ئەنجامی بارودۆخێکی سیاسی خۆیی و بابەتیەوە دێتە بوون , وەك ئەوەی لە ئەنجامی هەلٚە و کەموکوڕی و تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەلاَت و گەندەلٚی و نەبونی ئازادی و دیموکراسیەت و پێشێلکردنی مافەکانەوە دێت لەلایەن پارتی دەسەلاَتدارەوە. جا کە تائێستا ئۆپۆزسیۆن دروست نەبوە, بەمانای ئەوەیە کە جەماوەر و پارتە سیاسیەکانیش ناڕازی نەبون لە پارتە دەسەلاَتدارەکان و بەو مانایەی کە پارتە دەسەلاَتدارەکان توانیویانە تاڕادەیەکی باش دلٚی جەماوەر و پارتەکانی تریش ڕابگرن وڕازیبکەن و کەش و هەوایەکی تەندروستی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی و ئارامی و ...هتد. بۆ هەموان بڕەخسێنن.

دروست نەبونی ئۆپۆزسیۆنیش سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی هەلٚوێستی ڕاشکاوانە و ئاشکرای پارتە سیاسیەکانی دەرەوەی دەسەلاَت یان سازشکردنیان لەسەر بیروڕا و بەرنامە و دروشمەکانیان و نەبونی کار و بەرنامەی زانستی و واقیعی تر لەبەرنامەی پارتە دەسەلاَتدارەکان و هەربۆیەش نەیان توانیوە ببنە جێگە متمانەی جەماوەر و بتوانن هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز دروست بکەن.بەلاَم پێشبینی دەکرێت لەم هەلٚبژاردنەی داهاتوودا دەنگ و ڕەنگی نوێ بچێتە پەرلەمانەوە و ببێتە سەرەتا و دەستپێکی دروستبونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن.

ئاشکرایە ئەم هەڵبژاردنەی ئایندەی پەرلەمان سێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردیە لە دوای پەرلەمانی یەکەم لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و پەرلەمانی دووەم لە ٢٠٠٥/١/٣١دا, و لە ئەنجامی دوو ئەزمونی پێشتر و باشتر پێگەیشتن و کامڵبوونی بیروڕا دیموکراسیەکان و بونی کەش و هەوایەکی ئازاد و نەترس و بونی چاودێرانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و بونی لیست و دەنگی جیاواز, مرۆ گەشبین دەبێت بەم هەڵبژاردنە و ئەنجامەکانی و هیوا دەخوازێت کە پرۆسەی دیموکراسیەت و چەسپاندنی ئازادیەکان لە کوردوستانی ئایندەدا باشتر بەرەو پێش بچێت.و ئاشکراشە لە هەر وڵات و کۆمەڵگایەکیشدا دەنگ و لیستی جیاواز هەبێت دەبێتە مایەی هێنانە دی گۆڕانی زیاتر بەرەو باشتر هەڵکشان و بەرزبونەوەی ئاستی دیموکراسیەت و حاڵەتێکی زۆر تەندروستیشە, ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە هەندێ لایەن و کەس و گروپ بانگەشەی گۆڕان و چاکسازی دەکەن و دەیانەوێت لە ژێر ئەو ناو و ناونیشانانەوە خۆیان بکەنە خاوەنی پرۆسەیەکی گەورە و گرنگ و زێدە هەستیار لەکاتێکدا پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگا هیچ کاتێك قۆرخنەکراوە و تاپۆش نەکراوە لەسەر هیچ کەس و لایەنێکی دیاریکراو, بەڵکو هەموو کەس و لایەنێك کە نیەتی ڕاستەقینەی گۆڕانی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی هەبێت دەتوانێت بەرنامەی جدی و واقیعی و عەمەلی و زانستی بۆ دابڕێژێت و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێشی بکات. گۆڕان هەمیشە بەکەس و لایەنی بە ئەزمون و کراوە و شەفاف و بەتوانا لە ڕووی هێزی مادی و مرۆییەوە دەکرێت و ئاسانتر دەگاتە ئەنجام .

ئاشکراشە لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا زیاد لە بیست کیان و هاوپەیمانێتی و لیست و حیزبی سیاسی ململانێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی زیاترین ژمارەی کورسی لە پەرلەمانی ئایندەدا و مرۆ بەم ململانێیە گەشبین دەبێت و بەتەندروستی لە قەڵەم دەدات و نیشانەی بون و پیادەکردنی دیموکراسی و ئازادیەکانە لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوەو چاونەترسان و بەهێزبونیشیان دەردەخات لە بونی جەماوەر و متمانەی جەماوەر بەکار و پرۆژە و بەرنامەکانی ڕابوردویان و ئومێدیشیان زۆرە بە ئایندە, لیستی کوردوستانیش کە لیستی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارە و لیستێکی بەهێز و کاریگەر و خاوەن جەماوەر و خاوەن دەسکەوت و مێژووی پرشنگدارە و

ئەزمونی حوکم و دەسەلاّتی هەیە.قبوڵی ڕای جیاواز و لیستی جیاوازی کردوە و بەم شێوەیە قبوڵێتی هاوبەشی لەم گەمە سیاسی و دیموکراسیەدا بکات لەگەڵ هەموو لیست و قەوارەکانی تردا.کە ئەمە مانای بونی نیەتی ڕاستگۆیانەیە لای هەردوو پارتی دەسەلاّتدار و مایەی گەشبینیشە بە ئاینده و بە ململانێکەش. پێشبینیش دەکرێت کە پەڕلەمانی داهاتوو دەنگ و ڕەنگی نوێ و جیاوازی تێبچێت کە دەبێتە مایەی زیاتر کاراکردنی و بینینی ڕۆڵی بەرچاو و ئاسایی خۆی لە دەرکردنی یاساکان و چاودێریکردنی حکومەت و لێپرسینەوە و ..هتد.

بەبەراورد لەگەڵ کاری ٤ ساڵی ڕابوردووی کە لە زۆر ڕوەوە پەڕلەمان نەیتوانیوە وەك کارەکتەرێکی ئاکتیڤ خۆی دەربخات , لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وەکو دەرکردنی یاساکان سەیر بکرێت, چونکە پەڕلەمان دەسەلاّتی یاسادانانی هەیە.ئەوا کاری باشی ئەنجام داوە و توانیویەتی گەلێك یاسای گرنگ دەربکات.بەلاّم ئەگەر وەکو بەشەکەی تری کاری پەڕلەمان سەیر بکرێت کە بریتیە لە کاری چاودێری کردنی دەزگای جێبەجێکردن و بانگ کردن و لێپرسینەوەی وەزیرەکانی حکومەت ئەوا ئەدائی ناچێتە خانەی باشەوە,ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە چونکە پەڕلەمانی ئێستا هەردوو حیزبی دەسەلاّتدار زۆرترین نوێنەریان تیادایە و حکومەتیش بەهەمان شێوە, بۆیە ئەگەر پەڕلەمان نەیتوانیبێت بەم کارە هەڵسێت ئەوا هۆکارەکەی بوونی کاریگەری هەردوو حیزب بوە لەسەری.بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پەڕلەمان بەداوداچون و بانگکردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و بودجەی حکومەتی کردوە.

دیاردەیەکی زۆر دزێو نێگەتیڤ کە لە دەسەلاّتی سیاسی کوردوستاندا بۆتە خاڵێکی ڕەش و لەلایەن هێزە نەیارەکانی دەسەلاّت و تەنانەت دەسەلاّت خۆشیەوە زۆر باسی لێوەدەکرێت و داوادەکرێت کە بنەبڕبکرێت و چارەسەری بۆ بکرێت و چیدی ڕێگە نەدرێت چارەنوسی ئەم ئەزمون و دەسەلاّتە کوردیە خۆماڵیە بکەوێتە مەترسی لەناوچونەوە , بریتیە لە دیاردەی گەندەڵی لە دام و دەزگاکانی حکومەت و تەنانەت حیزبەکانیش و شۆڕبۆتەوە بۆ نزمترین ئاستی کۆمەڵگا و بۆتە نەخۆشیەك و پەتایەکی کوشندە. هەربۆیەش هەموان داوا دەکەن کە لیژنەی نەزاهە دروست بکرێت لە کوردوستان و خاوەن دەسەلاّتیش بێت بۆ لێپرسینەوە لە هەموان وەك هەنگاوێك بۆ

ڕێگەگرتن لە زیاتر تەشەنەسەندنی گەندەڵی. بونی لیژنەی نەزاهە کارێکی زۆر باش و گرنگە و هۆکارێکە بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و مشەخۆری و بەتالانبردنی سەروەت و سامان و لێپرسینەوەی کەسانی گەندەڵ . وەك دەبینین لیژنەی نەزاهەی عێراق لەچەند ساڵی ڕابوردوودا کاری زۆر گەورە و باشی ئەنجام داوە .و پێویستیشە لە کوردوستانیشدا دروست ببێت وحکومەتی هەرێمیش لەبەرنامەیدایە و ڕازیە بە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە بەلاّم بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەوەی کە لە بەغداد هەیە, دیارە ئەو کارەش پێویستی بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت هەیە لەلایەن پەرلەمانەوە , و پێدەچێت لەم خولەی پەرلەماندا ئەو لیژنەیە پێك نەهێنرێت.

ئەزمونی کوردوستان لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی و هەڵەکان و ناتەواییەکانیدا و ئەگەر وەك وێنایەکی گشتگیر سەیری بکرێت ئەزمونێکی هێندە ڕەش و تاریك و جێگەی بێئومێد بوون نیە بەڵکو دەکرێت باشتر بکرێت و بەرەو پێشەوە ببرێت و هەڵە و کەموکوڕیەکان ڕاستبکرێنەوەوخەڵکان و ناوچەکانی تریش سوودی لێوەربگرن.و هەموو ئەو دیاردە دزێوانەی وەك گەندەڵی و ناعەدالەتی و بێکاری و هەژاری و گرانی و ...هتد. چارەسەر بکرێن.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە و پێویست بە هەڵوێستە کردن دەکات لەسەری بریتیە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە . چونکە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەکوردوستاندا ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە ناگونجێت لەگەڵ دەستوری عێراقدا,چونکە لەدەستوردا هاتوە کە سیستەمی سیاسی عێراق بریتیە لە سیستەمێکی پەرلەمانی و فرەیی و دیموکراسی و فیدڕاڵی. بۆیە ناکرێت هەرێمی کوردوستان و هیچ هەرێمێکی تریش کە بەشێکن لە عێراق بەپێچەوانەی دەستورەوە مامەڵە بکەن. کەواتە کارەکە سەرەتا دەستوری نیە و دواتریش هەڵبژاردنی سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە دەیکاتە خاوەن دەسەلاّتێکی گەورەو فراوان و دەتوانێت کاری پەرلەمان سڕبکات و هەڵبوەشێنێتەوەو یاسا و بڕیارەکانیشی کاری پێنەکرێت و ڕایبگرێت.کەئەمەش بۆخۆی دەبێتە مراندنی کەش و هەوای ئازادی و دیموکراسی و بەرتەسکردنەوەیان و هەنگاونان بەرەو تاك ڕەوی و قۆرخکردنی دەسەلاّت. بەتایبەتیش لە کوردوستان و ناوچەکەدا پرۆسەی چەسپاندن و تێگەیشتن لە دیموکراسیەت و ئازادیەکان لە قۆناغی سەرەتاییدان.بۆیە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە سلبیاتی زیاترە لە ئیجابیاتی و لەم قۆناغەدا سیستەمی پەرلەمانی باشترە کاری پێبکرێت لانی کەم

تائەوکاتەی دیموکراسیەت و بنەماکانی بەتەواوەتی دەچەسپێت و دەبێتە کەلتوری جەماوەر و سەرکردە ودەسەلاَتی سیاسیش.

هەربۆیە بۆئەوەی هەنگاوی یەکەم بنرێت بە ئاراستەی جیاکردنەوەی دەسەلاَتی حیزب لە حکومەت و بە موئەسەساتکردنی دام و دەزگاکان و زیاتر چەسپاندنی ئەم ئەزمونە و گەشەپێکردن و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا پێویست دەکات کە دەسەلاَتی حیزب و هەژمونی حیزبایەتی کەمبکرێتەوە بەسەر کایەکانی ژیانی کۆمەڵگادا. چونکە وەك ئاشکرایە بەشێوەیەکی گشتی لەهەر کۆمەڵگایەکدا حیزب دەسەلاَتداربێت بەسەر سەرجەم کایەکانی ژیاندا, ئەوا ئەگەر ئەو حیزبە دیموکراسی نەبوو وەبڕوای بە ئازادیەکان و مافەکان و سەروەری یاسا نەبوو. ئەوا کۆمەڵگایەکی حیزبی داخراوی دواکەوتوی چەقبەستوو دەردەچێت و مانای ژیان و پیرۆزی و ئارامی و پێشکەوتن و داهێنان نامێنێتەوە و کارێکی زۆر خراپ دەکاتە سەر دیموکراسیەت و پێکەوە ژیان و ئازادی و تەبایی تاکەکان و پێکهاتەکان.و ولاَت و کۆمەڵگا بەرەو هەژاری و دواکەوتوی و بێکاری و نەخۆشی زیاتر دەبات. نمونەش هەموو ئەو کۆمەڵگا و ولاَتانەیە کە لەسایەی حوکمی تاك حیزبی و دیکتاتۆری و تاك ڕەویەوە حوکم کراون لەسەدەکانی ڕابوردوو ئێستاشدا.

بۆیە بۆئەوەی ئەم ئەزمون و دەسەلاَتە کوردیە بکەینە نمونەیەکی گەشاوە و پرشنگدار لە عێراق و ناوچەکەشدا پێویست دەکات هەمووان بە نەیار و دەسەلاَتدارو جەماوەریشەوە پەرۆشی پاراستنی ئەو دەسکەوتانە بین کە تائێستا بەدەست هاتون و هەوڵی بێوچانیش بدەین بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان و هەموو مەترسیەکانی دوژمنانی ناوخۆیی و ناوچەیی و تەنانەت دونیایش لەبەرچاوبگرین و وانەزانین کە ئەزمون و دەسەلاَتەکەمان هیچ مەترسیەکی جدی لەسەر نەماوە و بکەوینە ململانێی ناشەریفانە و سەنگەر لەیەك گرتن بەناو و بیانوی چاکسازی و گۆڕانەوە ڕاست و چەپێکی گەورە بەسەر هەموو ئەو دەسکەوت و مێژوو و قوربانیدانانەدا بهێنین کە بەری ڕەنجی خەباتی چەندین ساڵەی گەلەکەمانن و هەوڵبدەین کە ڕەوشی سیاسی کوردوستان ڕۆشن و ڕوناکتر بکەینەوە ونەهێڵین تارمایی و تاریکی باڵ بکێشێت بەسەر خەون و ئاوات و خواستەکانی گەلەکەمان و نەوەکانی داهاتوشماندا.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٣٣ لە ٢٠/٦/٢٠٠٩دا بلاَوکراوەتەوە.

## با لێگەڕێین ئاڵوگۆڕی

## ئاشتیانە و ئاساییانە لە حکومەتدا چێ بکرێت... *

- ئاشکرایە بەپێی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی نێوان هەردوو پارتی دەسەلاتدار یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕێککەوتون لەسەر ئەوەی کە هەر دوو ساڵ جارێك ئاڵوگۆڕ لە پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان و حکومەت و جێگرەکانیاندا بکرێت.ئیدی ئەم ڕێککەوتنە بۆتە بنەمایەك و هەردوولا پێوەی پابەندبوون و کارێکی زۆر ئاساییشە کە لە ئێستاشدا وەکو ٢ساڵی ڕابووردوو درێژە بەمانەوەی ئەم کابینەیە بدرێت یان ئاڵوگۆڕێکی ئاشتیانە بکرێت.

ئاشکراشە لەهەموو ڕێکەوتن و گرێبەستێکی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و تەنانەت کۆمەلایەتیشدا بەڕەزامەندی هەردوولای ڕێکەوتنامەکە درێژە بە گرێبەستەکە بدرێت یان کۆتایی پێبهێنرێت یان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنرێت کە لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت.

ئەم ڕێکەوتنامەیەی نێوان هەردوولا یەکێتی و پارتی, هێندەی مەسەلەیەکی ناوخۆیی نێوانیانە , نیو هێندە پەیوەندی بەمەسەلە گرنگ و گەورەکانی هەرێمەوە نیە.چونکە ئاڵوگۆڕێکی ئاسایی وا کە پێشتریش ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت چ پێویست دەکات هەموو هاولاتیان و پارتە سیاسیەکان بە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و دیمکراسیەکان بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات و ئەم هەموو مشت ومڕەی لێبکەوێتەوە.

ئەم مەسەلەی ئاڵوگۆڕکردنە لەناوجەرگەی ڕووداو و پێشهاتە گرنگ و پڕ مەترسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئابوری کوردستان و عێراق و ناوچەکە, بۆتە چەقی باس وخواس و گفتوگۆکان و لەمیدیاکانیشدا پانتاییەکی گەورەیان بۆ تەرخان کردووە و وایکردوە ئیفلیجی خستۆتە سەرجەم ڕێچکە و جومگەکانی حکومەت و ئیشوکاری ڕۆژانەی هاولاتیان و بازاڕیشەوە.بەشێوەیەك وەك مەتەڵی لێهاتوە, ڕۆژێك حکومەت دەدرێتەوە بە پارتی و ڕۆژی دواتر لای یەکێتی دەمێنێتەوە و ئەم لێپرسراو لەهەریەکە لە دووپارتەکە و چاودێرە زۆر وزەوەندەکانی وڵاتەکەشمان هەریەکەیان بەپێی بۆچون و تێگەیشتنەکانی خۆی گریمانە لێدەداتبۆ

مانەوە یان نەمانەوەی حکومەت و بەم شێوەیە بۆتە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو.بەم شێوەیە ئەم مەسەلە زۆر بچوکە بۆتە گەورەترین کێشە و خەریکە باڵ بەسەر هەموو بیروبۆچوون و بیرکردنەوەکاندا دەکێشێت و مەسەلە گرنگە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانمان لەبیر دەباتەوە لە مەسەلەکانی مادەی ١٤٠ ی دەستور و گازونەوت و پێشمەرگە و تۆپبارانکردن وسنوربەزاندنی سنورەکان و ...هتد.

بەڕای ئێمە ئەم مەسەلەیە هێندەی گرنگە بۆ بەردەوام بوونی ژیان و دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردی و وەك دەزگایەکی جێبەجێکردن و گرنگی هەرێم. نیوهێندە گرنگ نیە بەو شێوەیەی کە زۆر لایەن هیواو و ئاواتی زۆریان لەسەر هەڵچنیوە. بۆیە گەر سەرۆکی حکومەت بگۆڕێت و لای یەکێتی نەمێنێت و پارتی وەریبگرێتەوە ئەوە مانای ئەوە نیە کە هەموو کێشە و کەموکوڕیەکان چارەسەر دەبن و وڵات دەبێت بە شامی شەریف کە ئێستا بۆخۆی شامیش بەشەریفی و ئارامی نەماوەتەوە.

ئەم بۆچونەش هەڵەیەکی گەورەیە, چونکە خۆ ٤ساڵی پێشتووتر حکومەت لای پارتیش بوە و کێشە و کەموکوڕی گەورەتریش هەبوە و زۆربەشی بەمیراتی بۆ ئەم کابینەیە ماوەتەوە. لە کابینەی پێشوودا گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان بەغداد و هەولێر زۆر توندتر بوون.هەندێ دەسکەوت لەم کابینە دوو ساڵیەدا وەدەستهاتوە کە بەبەراوورد بە کابینە ٤ ساڵیەکەی پێنجەم زۆر گەورە و گرنگترن و هەندێکیان هەر ناویشیان نەبوە . وەك پرۆژەی توانسازی و شەفافیەت و ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی گرێبەستە نەوتیەکان و بڕی شیرینیەکانیان و هاوکاری گەنجانی کەمدەرامەت و ربڕینەوەی یارمەتی مانگانە بۆیان و بە سیستەماتیککردنی پرۆسەی دامەزراندن و زیادکردنی سلفەکانی عەقار و هاوسەرگیری و ڕێکخستنەوی زیاتر هێزی پێشمەرگە وفراوانکردنی پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکان لەگەڵ دەوڵەتان و کۆمپانیا جیهانیەکاندا و ...هتد.

حکومەتی هەرێم وەك دەزگایەکی جێبەجێکار. گەر کۆمەڵە یاسایەکی مۆدێرن و بێ کەموکوڕی و ڕوون و ئاشکرای لەبەردەستدا بێت و لەچوارچێوەیاندا هەڵسوکەوت بکات ئەوا یاساکان سەروەر دەبن وحکومەتیش بەهێزتر و چەسپاوتر دەبێت.گەر سیستەمێکی سیاسی و ئیداری ودارایی و ئابوری گونجاو وسەردەمیانەی هەبێت

ئـەوا حکومـەتێکی سـەرکەوتوو کـاراش بەرهـەم دێـت.کەلەسـەر بنـەمای زانسـتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی و یەکسانی و دوور لـە مەحسـوبیەت و مەنسـوبیەت و گەنـدەڵی و ململانێـی سیاسـی و حیزبـی بێـت.ئـەوا حکومـەتێکی شایسـتەو ڕێزلێگیراو دەچەسپێت.

گەر پارتە سیاسیەکان و سەرکردە و گروپە دەستڕۆیشتوەکانی کۆمەڵگاش هاوکار و یارمەتیـدەر بـن و نەبنـە ڕێگـر لەبـەردەم بەرنامـەکانی حکومەتـدا ئـەوا حکومـەتێکی چوست و چالاك و هەڵسوڕاو دروست دەبێت.بەڵام گەر بە پێچەوانەشـەوە بێـت ئـەوا نەك بەهێزترین کەس و خاوەن بڕوانامەی بەرز و خـاوەن مومارەسـە و زۆر شـیاویش لە هەڕەمی حکومەتدا بێت ئەوا هیچ کارێکی گەورەی پێناکرێت گـەر دەیـان جاریش گۆڕانکاری بکرێت. بۆیـە کێشـەی ئێسـتا کێشـەی ئاڵوگۆڕی کەسـەکان نیـە کێشـەکە زۆر لەوەگـەورەترەو پێویسـتی بـە عـەقڵ و پشـوودرێژی و چاکسـازی تـەواوی سیستەکە هەیە.

بۆیە پێموایە با لێگەڕێین کەوا ئاڵوگۆڕ لە حکومەتـدا بەشـێوەی ئاسـایی و دەوری و لەسـەر بنـەمای ڕێکـەوتنی نێـوان دوو پارتـە دەسـەڵاتدارەکە جێبـەجێ ببێـت و حکومەتی داهاتوش ببێتە تەواوکاری کارە باشەکان و دەسکەوتی زیـاتر وەدەسـت بهێنێت بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك و هەرێمەکەمان.

با هەموومان پشوودرێژتر و دووربینتر بین و کەشوهەوایەکی ساغڵەم بخوڵقێنین بـۆ چەسـپاندنی بنـەمای ئـاڵوگۆڕی ئاشـتیانەی دەسـەڵات دوور لـە خوێنرشـتن و بـەکارهێنانی چـەك و بیکەینـە نـەریتێکی دیموکراسـیانە وەك وڵاتـە پێشـکەوتوو وکۆمـەڵگا مەدەنیـەکانی ڕۆژئـاوا, نـەك کێشـە و کینـە و ململانێکـان و برینـەکان گـەورەتر و زیندووبکەینـەوە و ئـەوەی هەشمانـە لەدەسـتی بـدەین لەسـەر هەنـدێ بەرژەوەندی تەسك و بچوکی کەسێتی و حیزبی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستادارکورد لە ٢٠١١/١٠/٢٦ و ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٣٤٦ لە ٢٠١١/١٠/٣٠دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی سێیەم

## ئەریٰ یەکێتی

## دەتوانێت تاسەر بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە یان ؟*

• سەرەتا دەبێت پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتی مەبەستمانەوە(( بیت القصید)) دەبێت چەند ڕاستیەکی مێژویی هەیە بیخەینەوە بیر و پێش چاوی خۆمان لەوانە:-

١. یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان, ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن فکر و ڕچە و ڕێبازی کوردانەو شۆڕشگێرانەی ڕەسەنی خۆی بوو.

٢. یەکێتی, ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی داهێنەری پێشکەوتوخواز و ئازادیخواز بوو.

٣. یەکێتی, خاوەن هێزێکی پێشمەرگانەو ڕێکخستن و جەماوەرێکی گەورە و بەهێز وپان وپۆڕی کوردوستان بوو.

٤. یەکێتی,تاکە هێزی سیاسی و پێشمەرگانە بوو لە سەرتاسەری کوردوستان و زۆرینەی کوردوستاندا لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە شاخ.

٥. یەکێتی,ڕێکخراوێکی سیاسی حساب بۆ کراو بوو لەلایەن دۆست و دوژمنانیەوە و هێزە گەورەکانی دونیاشەوە و کاریگەری و قورسایی هەبوە لەسەر هاوکێشە و بەڵانسی هێزەکانی ناوچەکە.

٦. یەکێتی, هێزێکی ڕۆشنبیر و عەقائدی و ڕەگ داکوتراوی ناو زۆرینەی جەماوەری کوردوستان بوو هەر لەکرێکار و جوتیار و ئەدیب و نوسەر و هونەرمەند و ژنان و خوێندکاران و مامۆستایان و ئەندازیاران و دکتۆر هەتا پیاوانی کار و خاوەن سەرمایە و...هتد.دوور بوو لە تاك پەرستی و بنەماڵە پەرستی و خێڵ و ناوچە و مەزهەبچێتی.

٧. یەکێتی, خاوەنی دەیان شەهیدی سەرکردە و هەزاران شەهیدی سەنگەر و کەمئەندام و زیندانی سیاسی و خاوەن دەیان داستانی پڕ لەسەروەری و نەبەردی وداهێنان و پڕۆژەو دەسکەوتی گەورەبوە هەر لەسەردەمی شاخەوە تا سەردەمانێکی نزیکی شار و دەسەڵات. و دەیان و دەیان ڕاستی حاشا هەڵنەگری تریش.

• جا پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە, یەکێتی لە ئێستایدا و لە ئەنجامی ململانیٚ و جیاوازی بیر وبۆچوون و لەسەر دووڕیانی لێك هەڵوەشان ولێکترازانی ڕیزەکانی و گەرمبونی مەترسی دووکەرت بونیدا ئایا تەنها یەکێتی ڕابووردووی ماوە؟ یان یەکێتی دەتوانێت بەردەوامی بەژیان و مانی خۆی بدات و ئێستاو ئایندەش بۆ خۆی مسۆگەر بکات و وەك ڕابوردوەکەی پرشنگدار بێت؟ ئایا یەکێتی لەم قۆناغ و لەم بارودۆخە ناوخۆییە شڵەژاوەیدا دەتوانێت بەردەوام بێت و بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە یان بەرەو چارەنوسێکی نادیار هەنگاو دەنێت؟

بیٚ گوومان ڕابووردووی یەکێتی پڕ بەها و پرشنگدار و ڕۆشن بوە و ئەم ڕاستیەش دوژمنان پێش دۆستەکان گەواهی بۆ دەدەن, بەلاٚم دوای ۳۳ سالٚ تەمەنی یەکێتی کە زۆرینەی مێژوە پرشنگداریەکەی لەزەمانی شاخ و شۆڕشدا بوە لەنێوان سالاٚنی ۱۹۷۵-۱۹۹۱ واتە ١٦ سالٚ خەباتی شۆڕش و شاخیدا.بەلای زۆرکەسەوە یەکێتی ڕاستەقینە و ڕەسەن و خاوەن مێژوو بوە و هەر ئەو ١٦ ساڵە بوە بەتەنها و دواتر و ۱۷ ساڵەکەی تەمەنی شار و دەسەلاٚت شتێکی زیادەی نەخستۆتە سەر ئەو مێژوەی و لە ئێستادا لە خەرمانی ئەو مێژوەی دەخوات و هێواش هێواش ئەو مێژوو ڕابوردوە پرشنگدارەی نامێنێت و یەکێتی دەست بەتالٚ و مایە پوچ دەمێنێتەوە و ئێستا و ئایندەشی نادیارە.

زۆر کەس هەن دەڵێن کەکەمیش نین ئەو کەسانە,و لەناویشیاندا سەرکردەی یەکێتیش هەن کە دەڵێن لە ئێستادا ئەو کەسانەی بەدەوری یەکێتیەوە ماونەتەوە و پارێزگاری لێدەکەن دوو جۆرن:-

یەکەمیان : ئەو کەسانەن کە بەڕاستی دڵسۆزی یەکێتی و مێژوو و ڕێبازەکەین کە ئەوانیش بریتین لەو پێشمەرگە و کەم ئەندام و زیندانیە سیاسیەکان و خانەوادەی شەهیدانن کە بەخوێن و فرمێسك و ئارەقی خۆیان یەکێتیان پاراستوە و پێگەیاندووەو بەهیچ شێوەیەك ڕازی نابن کە یەکێتی بچوك ببێتەوە یان لاواز و نەمێنێت.لەگەلٚ ئەوەی بەهێندەی قوربانیدانیان سوودمەند نەبون لە دەسەلاٚتی یەکێتی.

دووەمیشیان: ئەو کەسانەن کە لەسەردەمی دەسەڵات و شاردا لە یەکێتی کۆبونەتەوە یان ڕاستر خۆیان پیادا هەڵواسیوەو وبەشێکی تریشیان شۆڕشگێڕەکانی دوێنی بوون و لە ئێستادا بونەتە سەرمایەدار بەشێوەیەك سوودمەند بوون کە بونەتە خاوەن سەروەت و سامانێکی بێ شومار و ڤێلا و ئۆتۆمبێل و ڕەز و باخ و پلە و پایە و بەرژەوەندی ئابوری و بازرگانی و کۆمپانیای وا گەورە کە بچوك بونەوە یان نەمان و لاوازبوونی یەکێتی بەزیانی گەورە دەشکێتەوە بەسەریاندا.

ئیدی لە ئێستادا لەم دوو جۆرە کەسە زیاتر,کەسانی تری کۆمەڵگا دوورن لە یەکێتی یان زویر و دڵ شکاو و توڕەن لە یەکێتی و بچوك بونەوە یان نەمانی یەکێتی هێندە زەرەری مادیان لێنادات چونکە لە بنچینەدا بەرژەوەندیان نەبوە تا زەرەرمەند بن.

ئاشکراشە ئەو دوو جۆرە کەسانە کە باسمان کردن بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواریدا کەمینەی کەمینەن, چونکە کۆمەڵگای کوردەواری سەرەتا دابەشبۆتە سەر دوو بیر و فکری سیاسی عیلمانی و ئاینی و لەناو عیلمانیەکانیشدا دابەش بۆتە سەر چەندین پارتی سیاسی نەتەوەیی و دیموکراتی و چەپ وسۆشیالیستی و ...هتد.کە لەناو هەموو ئەمانیشدا ئینجاجەماوەری یەکێتی تیادایە.

کەواتە یەکێتی لە ماوەی ١٧ ساڵی دەسەڵات و شاردا نەیتوانیوە پارێزگاری لە زۆررینەی جەماوەر و چین و توێژەکانی خۆی بکات و زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگا لەخۆی و سیاسەت و بەرنامەکانی ڕازی بکات.نەك هەر ئەوە بەڵکو نەشیتوانیوە پارێزگاری لە یەك ڕیزی و یەك ئایدیای و یەك بەرنامەیی خۆشی بکات و لەناوخۆی خۆشیدا دەیان و دەیان کێشە و ناعەدالەتی و کوتلە و ململانێی ناڕەوا و ناشەرعیەتی تیادا پەیدا بوە. ڕاستی ئەم قسانەشمان ئەو بارودۆخە شڵەژاو و بارگاوی و ئاڵۆز و بێ بەرنامەیی و بێ سەروبەرییەیە کە یەکێتی تێیکەوتوە و لە ئێستادا گەیشتۆتە لوتکەی و خاڵی نەگەڕانەوەی کە ئیدی لەسەر دووڕیانە مێژوویی و زۆر مەترسیدارەکەیە و لەخاڵی وەرچەرخاندایە و ڕێگا هات و نەهاتەکەیەو بەهەر لایەکدا بشکێتەوە چارەنوسی یەکێتی دیاری دەکات بەباش یان

بەخراپ .یان ئەوەتا یەکێتی بە نیەتێکی ڕاست وڕاستگۆییەوە و هەریەکە لە سکرتێرەوە تا مەکتەب سیاسیەکان و سەرکردایەتی و هەموو ئۆرگانەکانی خوارەوە پێ بەجەرگی خۆیاندا بنێن و بێ گوێدانە بەرژەوەندیە تایبەتی و دەسکەوتە مادی و پلە و پایە و ئیمتیازاتەکان و بازرگانی و کوتلە چێتی و پیاوپیاوێنە و خزم خزمێنە و ناوچە و عەشرەتچێتی.بێنە پێشەوە و بەرژەوەندی یەکێتی بخەنە سەروو هەموو بەرژەوەندیەکانیانەوە و لاپەڕەیەکی نوێی(( موکاشەفە وموصارحە)) لەنێوان خۆیاندا پەیڕەوبکەن و پرۆسەیەکی ئاشتبونەوەی گشتی دەستپێبکەن و هەرچی هەیەو نیە لەڕەخنە و ڕاو پێشنیازی هەموان گوێلێبگیرێت و هەرە باشەکانیان پەسەندبکرێت ئەوەی لە بەرژەوەندی گەشە و پێشکەوتن و گەورە بوون و یەکێتی ناو یەکێتیدایە. تەنها بەم کارە یەکێتی دەپارێزرێت و هەرئەمەش ڕێگای هاتەکەی یەکێتیە.بەپێچەوانەوە درێژەدان بە ململانێ و جیاوازی و ناکۆکیەکان و نەگەیشتن بەلێکتێگەیشتن و دڕدۆنگی و دورەپەرێزی وپەراوێزخستنی یەکتر و حساب بۆ یەکدی نەکردن و قوڵکردنەوەی دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و خۆخۆری و کوتلەچێتی و ناوچە و عەشرەتچێتی و خزم خزمێنە.ئەوا بەدڵنیایی یەکێتی نەك دەبێتە دوو کەرتەوە بەڵکو بە هێندەی بۆچونە ناوچەیی و عەشرەت و بنەماڵەکانیش دەبێتە دەیان کەرتەوە.

زۆر سەیر و سەمەرەیە لەئێستای ئەم بارودۆخەی یەکێتیدا کە زۆر هەستیار و پڕ مەترسیە لەهەر سەرکردە و مەکتەب سیاسیەك و لێپرسراوێکی یەکێتی (( بەخاوەن دەسەلات و زویرەکانیشەوە )) دەپرسیت, بۆئەم بارودۆخە چارەسەر ناکەن ؟و بۆ چارەسەرێکی ئاقلانە و حەکیمانە نادۆزنەوە؟.

هەر هەموویان لەوەلامدا خۆیان بێ گوناه پیشان دەدەن و بەرامبەرەکەشیان بە تاوانبار دەزانن و هەموو حەق و ماف و ڕەوایەتیەك بەخۆیان دەدەن و بەرامبەرەکانیشیان بەکەمتەرخەم و گێرەشێوێن و تێکدەر و لادەر ناوزەد دەکەن. بەلام لە ڕاستیدا هەر هەموویان بەهەردوو (( تیمەکە یان هەردوو سەنگەرەکەوە)) هەموانیان گوناهبار و تاوانکار و کەمتەرخەم و خەمساردیشن لەئاست

چارەسەرەکان.ئەو ڕاستیەش لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە حەقیقەتی ڕەها لای هیچ کامیان نیە و هەریەکەیان بەشێك لە حەقیقەتیان لەلایە.

کەواتە یەکێتی بێ هەموویان (( بەدەسەلاتدار و زویرەکانیشەوە)) یەکێتیەکی لاواز و مەهزوز و بێ ئەرزشە.و بەپێچەوانەشەوە بەهەموویانەوە بەهێز و گەشەدار و سەرکەوتوو دەبێت.کەواتە ئەگەر یەکێتی و بەتایبەتیش سکرتێر و مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی (( چونکە هەر ئەمان سەرچاوەی هەموو کێشە و ململانێکانن)) نەك ئاستەکانی خوارەوە. سووربن و بەردەوام بن لەسەر ئەم بیرکردنەوەو پینەوپەڕۆکردن و پەراوێزخستن و حساب بۆ نەکردن و لێدانی بەرژەوەندی و دوورخستنەوە و دەرکردن و تاکڕەویکردنە ئەوا بەدڵنیایی یەکێتی بەم شێوە و سیما و ڕوخسار و ناوەڕۆك و بەرنامە و سەرکردایەتیەی ئێستای نامێنێتەوە و ئەگەر نەبێتە دوو کەرتەوە ئەوا بەدڵنیایی دەبێتە دەیان کەرتەوە.

خۆئەگەر هەموانیش بەنیەتێکی ڕاستگۆیانە هاتنە پێشەوە و هەریەکە لە خۆیەوە دەستی لەبەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆی لەپلەو پۆست و ئیمتیازات و کۆمپانیا و بازرگانی و گەندەڵی خۆی هێنا و شاڕێگە ڕاست و دروستەکەی خەبات و تێکۆشان و شۆڕشگێڕی هەڵبژاردەوە و بونەوە سەرکردە خاکی و جەماوەریەکەی سەردەمی شاخ و نزیکبونەوە لە خواست و داخوازی جەماوەرەکەیان. ئەوا بەدڵنیایی یەکێتی لە ئێستا و ئایندەشیدا وەك ڕابوردوەکەی پرشنگدار و گەشەدار دەمێنێتەوە.

**لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەرکی کێیە یەکێتی بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە؟ سکرتێر ؟یان مەکتەبی سیاسی ؟ یان سەرکردایەتی و ئۆرگانەکان؟ یان جەماوەرەکەی یەکێتی ؟**

بەدڵنیایی ئەرکی هەموانیانە،هەریەکە بە پێی کاریگەری و دەسەلات و توانای خۆی. بەلام لە هەموانیان کاریگەرتر ئەو کەسانەن کە هەمیشە بەدوای چارەسەردا گەڕاون و بەشێکی کاریگەر بوون لە بۆ چارەسەری کێشەکان و نەك بەشێك بوبن لە کێشە و ململانێ و دروست بوونی کێشەکاندا. بەدڵنیایش ئەو کەسانەی کە کێشە دروست دەکەن لەناو یەکێتیدا زۆر کەمن.و ئەو کەسانەشی کە لایەنگری چارەسەر و پاراستنی یەکێتیان لا مەبەستە زۆرینەی زۆرینەن.کەواتە لایەنە شەڕەنگێز و گێرە

شێوێنەکان و لقە زڕ و ڕزیوەکان لەبەرامبەر لایەنە باش و ئاشتی خواز و لایەنگرانی پێکەوەژیان و یەکێتی ناو یەکێتی و لقە بەردار و بەبەرهەمەکەی یەکێتی کەمینەن.
بۆیە تەنها هێز و کاریگەری ئەو کەس و لایەنە باشانە دەتوانێت یەکێتی لەم قەیران و قۆناغ و گێژاوە ڕزگار بکات ,دەبا هەموو هێز و بیر و توانا باشەکان یەکبگرن بۆ پاراستنی ڕابوردو و ئێستا و ئایندەی یەکێتی.

- ئاشکراشە کە هەموو ئەم ململانێیانەی ناو یەکێتی بەشی هەرە زۆری لەسەر پۆست و پلە و ئیمتیازات و دەسەڵات و بازرگانی و سەروەت وسامانە(( وەك بەشێك لەسەرکردەکانی یەکێتی خۆیان دانی پیادا دەنێن)).نەك جیاوازی فکر و ئایدیا و بەرنامە . وەك سەرکردەیەکی یەکێتی باسی دەکات لە ساڵی ١٩٩١وە یەکێتی خاوەن فکر نەماوە , چونکە ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی هەڵبژاردوە. ئەم گوتەیەشی لەلایەن سەرکردەیەکی حیزبی شیوعی چینیەوە پێ وتراوە.

کەواتە هیچ کەس لە یەکێتیدا خاوەن فکر و ئایدیا و بەرنامەی جیاواز نیە و هەموان بەرنامەی یەکێتیان لاپەسەندە. تەنها ئەوەندە هەیە لەسەر شێواز و ئالیاتی کارکردن جیاوازیان هەیە.و لەسەر ناعەدالەتی لە بەخشینەوەی پلە و پۆست و ئیمتیازاتەکان جیاوازیان هەیە.بۆیە دەکرێت گەر بیانەوێت وەك دوو تیمی ئابوری و بازرگانی مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن ئەوا لە ئەنجامی سەودا و مامەڵە هەردەگەنە یەك, چونکە جیاوازی لەسەر چەند ملیۆن دینار و چەند پۆست و پایەیەك چارەسەری ئاسانە چونکە هیچیان موڵکی کەسیان نیە و دەتوانن مامەڵە و سەودای لەسەر بکەن, بەڵام جیاوازی فکری و سیاسی و بەرنامەی سیاسی هەروا دەست هەڵگرتن لێی سانانیە.ئەنجامیش جیابونەوە و دوورکەوتنەوەی لێدەکەوێتەوە وەك هەموو جیاوازیە فکریەکانی پارتە سیاسیە گەورەکانی دونیا.(( پارتی شیوعی چینی و سۆڤێتی وپارتی سۆسیالیستی فەڕەنسا و...هتد)).

- **لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین, ئەریَ ئەم هەموو ترسە لە بچوك بونەوە یان لاوازبونی یەکێتی لە پای چی؟ ئایا گەر یەکێتی بچوك یان لاواز بێت هیچ مەترسیەك دروست دەبێت لەسەر مەسەلەی کورد و ئەم دەسەلاَت و دەسکەوتانەی کە بەدەست هاتوون لەم هەرێمەدا؟**

**یان ئایا یەکێتی لە بەهێزیداچی کردوە بۆ کورد و مەسەلەکەی و جەماوەرەکەی؟ تا لە بێهێزیدا بۆیان نەکات؟**

بەکورتی, بەڵێ بچوك بونەوە یان لاواز و نەمانی یەکێتی زۆر مەترسیدارە و هەمووان بەگەل و کۆمەڵگا و مەسەلەی کوردیشەوە و ئەم دەسەلأت و هەرێمەش زیانی گەورەیان پێدەگات و ناو ناوبانگی کوردو مەسەلەکەشی دەزڕێت و بچوك و بێ بەها دەمێنێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە و دونیاشدا.و لەپێش هەموانیشەوە سکرتێر و مەکتەب سیاسیەکان و سەرکردایەتیەکان زەرەرمەندی گەورە دەبن.چونکە هەموانیان بێ جیاوازی بەهۆی ناو وناوبانگی یەکێتیەوە ناسراون و ڕێزلێگیراون و بونەتە خاوەنی ڕێز و سەرمایە وبەبێ یەکێتی و دوور لەیەکێتی زۆربەیان دەبنەوە تاکێکی زۆر سادەی کۆمەڵگا.

ڕاستە یەکێتی ئەوان دایان مەزراند و گەشەیان پێدا و گەورەیان کردو گەیاندیانە دەسەلأت و یەکێتی و سەرکردەکانی بونەتە دووڕووی دراوێك و تەواوکەری یەکترن و مێژویەکی پرشنگدار و لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژوییان تۆمار کردوە لەمێژووی خەباتی گەلی کوردا و پێکەوە دەدروەشێنەوە.

کەواتە ئەگەر بەڕاستی دەترسن لە بچوك بونەوە یان لاوازی و نەمانی یەکێتی ئەوا دەبێت ئاشترببنەوەو یەکتر قبوڵبکەن و پێکەوە کاربکەن. ئەگەریش حساب بۆ بچوکبونەوەو مانەوەی یەکێتی ناکەن و بەمەترسیدار و کاریگەری نازانن ئیدی ئەم هەموو فرمێسکە تیمساحاویانە چیە هەڵیدەڕێژن , با بەئاشکرا و بێ دوودڵی و دوور لە ڕاڕایی هەریەکەیان باڵ و ڕێکخراو و حیزبی خۆیان ئاشکرا بکەن و سەربەخۆ کاربکەن دوور لەیەکتری و ئیدی بەم ململانێ ناشەرعی ونا ئاقلأنەییانەیان خۆیان و یەکێتی و جەماوەرەکەشی سەرقاڵ نەکەن و لە دوودڵی و بێ متمانەیی و گومان ڕزگارمان بکەن و بەهەمان شێوەش بایەکتری باشتر بناسین و و کەسیش لەناو ئاوی لێڵدا مەلە نەکات و هەڵوێست بەیەکتری نەفرۆشنەوە و ئیدی مێژوو و نەوەکانی ئایندەش باحاکم بن لەسەر ڕاستی و دروستی هەڵوێسەکانی هەردوولا.

کە دڵنیاشم هیچ لایەکیان حەقیقەتی ڕەهای لەلا نیە و نەلایەکیان تەواو فریشتە و بێ گوناهن و نەلاکەی تریش تەواو شەیتان و شەڕەنگێزن.بەڵام ناشکرێت و کارێکی نامەناتقیشە ئەم بارودۆخەی یەکێتی هەروا بەردەوام بێت وتاسەر بە پینە وپەڕۆکردن و دڵڕازیکردن بەپێدانی پارەو دۆلار و ئۆتۆمبێل و پلەو پایە حیزبێکی گەورەی کاریگەری وەك یەکێتی بەڕێوەببرێت و پرۆسەیەکی گەورەو گرنگ و هەستیاری گۆڕان و چاکسازی بچوکبکرێتەوە بە گۆڕانی چەند دەم وچاوێك و پۆستێك کە هەموانیان بێزراو وتابینە قاقایان نغرۆ بون لە گەندەڵی و هەموشیان لەهەمان بازنەی دەسەلاتەوە هاتون و بەشداربونە.چونکە لەئێستادا نەوەی ڕاپەڕین بونەتە ١٨ ساڵ و بەشداری لە دیاریکردنی چارەنوسی دەسەلاتدا دەکەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکان و دەنگدانەوە کە بەهیچ شێوەیەك بڕوایان بەڕابووردو نیە و لە ناخۆشی و مەینەتیەکاندا بەشداریان نەکردوە و شۆڕش و خەباتیشیان نەبینیوە بۆیە ئەوان ڕابوردویان لەبیرکردوە و تەنها ئێستا و ئاینده دەبینن و هەر لەسەر ئەوەش بڕیار دەدەن و دەنگدەدەن. هەربۆیە بەدڵنیایی ڕۆژێك دێت کە یەکێتی بەم یەك و یەکگرتوییەی ئێستای نامێنێتەوە و نەوەی دوای ڕاپەڕین بەم سەرکردایەتی و بەرنامەو خیتابە سیاسیەی ئێستای یەکێتی ڕازی نابن (( کە لەناخی دڵمەوە ئەو ڕۆژە بە ئاوات ناخوازم)) و بێ گومانیشم زۆرینەی هەڤاڵانی یەکێتیش ئەو ڕۆژگارەیان ناوێت , بەڵام کارو کرداریش بە ئاواتخواستن و خەیاڵ پلاوی نابێت بەڵکو پلان و بەرنامە و بیری ووردی گەرەکە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠٠٩/٣/١١ و ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە ٤٢٦ لە ٢٠٠٩/٣/١٥دا بلاوکراوەتەوە.

## سەرکەوتنێك ...بەڵام پڕ ئازار*

- ئاشکرایە هەموو سەرکەوتنێك بچوك بێت یان گەورە لەسەر ئاستی ژیانی تاکە کەس بێت یان گروپ وحیزب و پارتی سیاسی یان گەل و نەتەوەو کۆمەڵگایەکیش بێت.خۆشی و شادی دەخاتە دڵ و دەروونی خاوەنەکەیەوەو دەبێتە مایەی شانازی و پیاهەڵدان و دەبێتە خاڵێکی دیار و گەشاوە لە مێژووی ژیان و گوزەرانی ئەو کەس و لایەن و نەتەوەیەدا .ئاشکراشە هیچ سەرکەوتن و دەسکەوتێك لەهەر بوارێکدا بێت چ سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلأیەتی و زانستی و ئەدەبی و هونەری بێت.لە خۆڕا وەدەست نایەت, بەڵکو هەوڵ وکۆشش و خەبات و ماندوبونی زیاد لە پێویستی گەرەکە.هەربۆیە مانای سەرکەوتن و کاریگەریەکانی دوای ئەو ماندوبونە چێژ و خۆشیەکی گەورەی لێدەکەوێتەوە.بەڵام لە کاتێکدا سەرکەوتنێك بەدەست دێت ولە ئاست خواست و خەونەکانی خاوەنەکەیدا نەبێت ,گەلێك پڕ ئازارە و ئەو ماندوبون و کۆششەی کە بۆی کراوە لە بیرناباتەوەو بگرە ئەگەری ئەوەش هەیە کە خاوەنەکەی توشی گرفتی دەرونی و جەستەیش بکاتەوەو بیّ ئومێدی و ڕەش بینیش باڵ بکێشێتە سەر مێشك و بۆچون و بیرکردەوە و بەرنامەی کارەکانیشی بۆ داهاتوو.
- جا سەرکەوتنی لیستی کوردستانی و کاك مەسعود بارزانیش لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا کە لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا ئەنجامدرا .وەك لە ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکاندا هاتوە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٩دا , هەروەك سەرکەوتنی ئەو خوێندکارە وایە کە ماوەی یەك ساڵی تەواو تێدەکۆشێت و ماندو دەبێت بۆئەوەی ئەنجامێکی گەورە و بەرز بەدەست بهێنێت , بەڵام ئەنجام تەنها دەرچونێکی سادەیە و کە تەنها قۆناغەکە تێدەپەڕێنێت و دەردەچێت , بەڵام دەرچونێك کە دڵخۆش ناکات و لە ئاست خواست و خەونەکانی خاوەنەکەیدا نەبوە و هەربۆیە دەبێتە مایەی بێزاری و دڵتەنگی و توڕەیی و ئازاری زۆر.بەهەمان شێوەیەش ئەم سەرکەوتنەی لیستی کوردستانی و کاك مەسعود بارزانی سەرکەوتنێکە تەنها لە

ڕووی ژمارەی دەنگەکانەوەیە(( هەرچەندە گومانی زۆریشی لێدەکرێت لەسەر ڕاست و دروستی ژمارەی دەنگەدەران لەلایەن لیستەکانی ترەوە)) و توانراوە ئەم پرۆسەیە تێبپەڕێنرێت و بۆماوەی ٤ ساڵی تر درێژە بەدەسەلاتی هەردوو پارتی دەسەلاتدار بدات .ئەگینا ئەم سەرکەوتنە زۆر بچوکە لەبەرامبەر خەبات و مێژوو جەماوەر و دەسکەوتەکانی پارتی و یەکێتیدا.کە هەریەکەیان لەنێوان ٣٤ بۆ ٦٢ ساڵ خەبات و قوربانیدانیان داوە و ماوەی ١٩ ساڵیشە دەسەلاتداری ئەم هەرێمەن. هەربۆیە سەرکەوتنەکە گەلێك پڕ ئازار و ژانە بۆ سەرکردە و ڕابەر و کادرو جەماوەرەکەشیان و هیچ خۆشیەکی ڕاستەقینەی لایان دروست نەکردوە.

- ئاشکراشە ئەم ئەنجامە زۆر بچوکە لەخۆڕا نەهاتوە, و بەرئەنجامی کۆمەڵ گەلیك هۆکارو کەموکوڕی هەردوو پارتی دەسەلاتدارە لەوانە:-
- بەرئەنجامی کەموکوڕی و هەڵەی گەورەی سیاسی و ئابوری و خزمەتگوزاری و کۆمەلایەتی سیاسەتەکانی هەردوو پارتی دەسەلاتدار بووە.
- بەرئەنجامی کۆبونەوەی ڕق و بێزاربونی جەماوەر و حیزبەکانی تر بوە لەم دەسەلاتی ١٩ ساڵەییەی هەردوو پارتی دەسەلاتدار.
- بەرئەنجامی ناعەدالەتی و بەفیڕۆدانی داهات و سەروەت و سامانی ئەم میلەتە و خزمەتنەکردنی جەماوەری پان و پۆڕی ئەم گەلە بوە.
- بەرئەنجامی غرورو لە خۆبایبونی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی سەرکردەکانی هەردوو پارتی دەسەلاتدار بووە.
- بەرئەنجامی دابڕانی سەرکردە و کادرانی هەردوو پارتی دەسەلاتدار بوە لە جەماوەر و چین و توێژەکانی گەل و داواکاریە ڕەواکانیان .
- بەرئەنجامی نەبونی شەفافیەت و پاوانکردنی دەسەلات و تاکڕەوی و گوێنەدان بە داخوازی زۆرینەی جەماوەر و چین و توێژەکانی گەنجان و ژنان و ڕۆشنبیران و کرێکاران و جوتیاران بوە.
- بەرئەنجامی مامەڵەی خراپی لێپرسراوان بوە لە زیادەڕەوی بۆ سەر ماڵ و موڵکی گشتی بۆ حسابی تایبەتی خۆیان وبنەماڵەکانیان نەك حیزب و حکومەت و

دڵڕازیکردن و نزیکردنەوەی کەسانی گەندەڵ و بێ توانا و ڕابوردو ناپاك و پیادەکردنی سیاسەتی دڵڕازیکردن و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت.

- بەرئەنجامی کاڵکردنەوەی هەستی خۆشەویستی و ئینتیمای تاکی کوردی بۆ نەتەوە و نیشتیمان و کوردایەتی و لەبەرامبەردا تۆخکردنەوەی ئینتیما و خۆشەویستی بۆ حیزب و ڕابەر و سەرکردە و بنەماڵە و خێڵ و ناوچەگەرێتی.

هەموو ئەم هۆکارانە بونە هۆی دروست بونی بێ متمانەیی لای جەماوەر بە دەسەلاَت و دەسکەوتەکانی ئەم دوو پارتە و ئەنجامیش دورکەوتنەوە لێیان و بێزاربون و نارەزایی دەربڕینی لێکەوتەوەو لەم هەڵبژاردنەشدا دەنگیان پێنەدان وەك تەنها سزایەك کەلەدەسەلاَتی گەلدا مابۆوە.

ئاشکراشە خەباتی شاخ و شۆڕش و چەکداری گەلێك ساناترە لەبەرامبەر خەباتی دیموکراسی و هەڵبژاردن و پەرلەمانیدا. چونکە شۆڕش تەنها ڕەوایەتی ماف و داواکاریەکانی بەسە و شەرعیەتە شۆڕشگێڕیەکەی هەموو سەرمایەکەیەتی , بەلاَم لە خەباتی جەماوەریدا گەورەترین پارت و سەرکردە پێویستیان بە تاکە دەنگێکی تاکەکان هەیەو لە مێژوی خەباتی گەلانیشدا  زۆرێك لە سەرکردە و پارتە شۆڕشگێڕەکان کە ڕۆڵی گەورەیان هەبوە لە ڕزگاری نیشتیمانی و وەدەستهێنانی سەربەخۆیدا توشی شکستی گەورە و دۆڕاندن و بچوکبونەوە و نەمانیش هاتونەتەوە.هەربۆیەش دەبێت هەردوو پارتی دەسەلاَتداری کوردستانیش ئەم ئەنجامانەی ئێستایان پێ قبوڵ بێت و چاوەڕوانی ڕۆژانێکیش بن کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا دەنگی پێویست ناهێنن کە حکومەت پێك بهێنن و ببنە هێزی ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاَتیان لەلا نەمێنێتەوە.

بۆیەش ئەرکی هەردوو پارتی دەسەلاَتدارە گەر بیانەوێت لە ئایندەدا متمانەی جەماوەر بەدەست بهێننەوە وڕۆژانی زێڕینی خۆیان زیندوو بکەنەوە دەبێت بەسەر کار و کردەوە وبەرنامە و سیاسەتەکانی حکومی و حیزبی خۆیاندا بچنەوە و هەڵە و کەموکوڕیەکانیان چارەسەر بکەن و پەرەش بەکارە خزمەتگوزاریەکان بدەن و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بۆسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دابین بکەن و دیاردەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و بێکاری و پاوان کردنی دەسەلاَت و ئابوری و بازاڕ لەلایەن

سەرکردە و کۆمپانیاکانیانەوە و پەراوێزخستن و نانبڕین و بەخشینەوەی پارە و ئۆتۆمبێل و وزەوی و ..هتد. واز لێبێنن و بەجدی کار بکەن بۆ وەدیهێنانی خەون و ئاوات و داخوازیەکانی زۆرینەی جەماوەری گەلەکەمان.ئەگەر ئەم هەنگاوانە بەجدی هەڵنەگرن, ئەوا دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا چاوەڕوانی ئەنجامی خراپتر بکەن و دەسەلآت و حوکمیان لە دەستدا نامێنێت و ڕۆڵ و کاریگەریان بچوك و نائاکتیڤ دەبێت لە کۆمەڵگادا و مێژوو ئێستا و ئایندەشیان لەدەست دەچێت و دەبنە بەشێك لە مێژوی میلەتەکەمان بەلأم مێژویەکی ڕەش و تاڵ و لەبیرکراو.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ١٨٤ لە ٢٠٠٩/٨/٤دا بلأوکراوەتەوە.

لە پەراوێزی تانەدانەکانی سەرکردە کۆن وئێستاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەیەکتری

## تکایە..

## زیاتر مێژوومان ڕەشتر مەکەن و جوانی و پیرۆزیەکانیشمان لێ مەشێوێنن *

- لای هەموان ئاشکرایە کە مێژووی ڕابوردومان وەك هەموو نەتەوە وگەلێك, بریتیە لەو سەرمایە نەبڕاوەو کەڵەکەبوەی کە زۆرجاران هەموانمان شانازی پێوە دەکەین , خۆ ئەگەر خۆشمان کاراکتەرێکی چالاك و دروستکەر و بەشداربویەکی ئەو مێژووە بوبین ئەوا هەقمانە باشتر و زیاتر شانازی پێوە بکەین. هەموانیشمان دەزانین کە جێگەی کەسەر و خەفەتێکی زۆرە کە مێژوی دوور و درێژی باوباپیرانی دوور و نزیکمان گەر سەرتاپای تاریك و تون و ڕەش و نوتەك و بەسوێ نەبێت, ئەوا بەشی هەرە زۆری تاریکستانە جگە لە چەند وێسگە و قۆناغێکی کەم نەبێت کەوەك چرایەك یان مۆمێکی زۆر بچوك توانیویانە دڕ بەو تاریکیە بدەن و کەمێك ڕۆشنی بکەنەوە و هەر ئەو ڕۆشناییە و تروسکاییە بچوکانە بونەتە مایەی هاندان و بەردەوام بون و خەباتکردن و گیانفیدایی و ئومێدبەخشین بەنەوەکانی ئایندە بەخۆشمانەوە.

هەربۆیە ئەو مێژوە دورودرێژو تاریکستانە بەو گەورەییەی و بەو پڕ نەهامەتیەی نەیتوانیوە جێگە بەو تروسکاییە بچوکانە لێژ بکات و لەبیرمان بەرێتەوەو نەیتوانیوە هەموو سەرکردە و ڕابەر و شۆڕش و خەبات و دەسەلات و فەرمانڕەوا و میرنشین و زانا و دانا و شاعیر و هونەر و هەڵکەوتوانی نەتەوەکەمان گەرچی بچوك و کەمیش بوبن لێمان ناشیرین بکات و پیرۆزی و گەورەیی ئەوانمان لەبەر چاو بخەن.

دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە و تائێستاش لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ شێواندنی مێژوو و کەلتور و جوگرافیا و زمان و ئەدەب و هونەر و داب و نەریتە ڕەسەن و پیرۆزەکانی نەتەوەکەمان, هەمیشە لە هەوڵدان خەبات و شۆڕش و ڕاپەڕین

و قوربانیدان و سەرکردە و ڕابەرانمان قێزەون و ناشیرین بکەن و لە گەورەیی و پیرۆزیان کەم بکەنەوە, بەلاَم هیچ کات بۆیان نەچۆتە سەر.

- بەلاَم لە ئێستادا و لە دوای ۱۹ ساڵی دەسەلاَتی خۆماڵی و دامەزراندنی دامودەزگای حوکمی کوردی لە پەڕلەمان و حکومەت و دەسەلاَتەکانی تر و گەشەکردن و ئاوەدانی زۆر و خۆشگوزەرانی و ئارامی و بە ئاشتی ژیان و گەشە و نماکردنی بالاَی کوردایەتی لە ناوچەکە و دونیاشدا و گەورەبونی ڕوناکی و ڕۆشنایی و ئاسۆکانی ئایندەی نەتەوەکەمان وەك وێسگە و قۆناغ و چرایەکی زۆر گەش لەمێژوە تاریکەکەماندا. بەداخەوە لەسەر دەست و قەڵەم و گوتە و کرداری ڕابەرانی گەلەکەمان و بە تایبەتیش سەرکردە کۆن و ئێستاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێواش هێواش خەریکی ڕووخاندنی تەلاری سەوز و بەرزی کوردایەتین, خەریکن تەنانەت ئەو چەند وێسگە و قۆناغە ڕۆشن و گەشانەشمان لێ تاریك و لێڵ دەکەن و هیچ نرخ و بەها بۆ هەست و سۆز و دڵ و دەرونی سەدان هەزار دایکی شەهید و پێشمەرگە و کەم ئەندام و جەماوەری پان وپۆڕی کوردایەتیش ناکەن و گەرەکیانە ئاگری ڕق و قین و ململانێ ناڕەواکانیان بەربدەنە بەهاجوان و پیرۆزەکان و بێ ڕێز و بێ نازیان بکەن و نەوەی نوێش بەئاڕاستەیەکدا بەرن کە نەفرەت لە ڕابوردو و مێژو و سەرکردە و ڕابەر و خەبات و شۆڕش وکوردیش بکەن و بڕوایان بەهیچ لە پیرۆزیەکان نەمێنێت و خۆشیان بەخاوەنی ئەم خاك و نەتەوەیەش نەزانن.

لەهەموو دونیای دیموکراسیدا کە خۆتان زۆربەی ژیانتان یان بەشێکیتان لەوێدا بەسەربردوە کێبڕکێ و ململانێ لەناو ڕەوتی شۆڕش و ژیان و حیزبی سیاسیدا هەیە و دەشبێت.جیابونەوە و لێکترازانی ڕیزەکان ڕوودەدات و جیاوازی بیروبۆچونەکان دروست دەبن و ڕەخنە و ناڕەزایی سەرهەڵدەدات و داواکاری گۆڕان و چاکسازی بەرزدەبێتەوە و دەنگی نوێبونەوەو بەرنامەسازی و شەفافیەت و بەدەزگاییبون و دیموکراسیەت سەرهەڵدەدات بەنیازی بەرەوپێشبردن و گەشەکردن و ڕێکخستنی زیاتری ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی کۆمەڵگاکانیان.

بەڵام نەك لەپێناو ملشكاندن و ناوزڕاندن و خۆبچوككردنەوە و ناشیرینكردنی یەكتری. نەك بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژوویەكی زۆر نزیكی براكان و هەڤاڵەكان. نەك بۆ ناو وناتۆرەی ناشیرین بەبالآی یەكتردا هەڵبلێن. نەك بۆ شێواندنی مێژوو و ڕوانین و شیكردنەوەی قۆناغێكی زۆر هەستیار لەیەك لایەن و ڕوانگەی تاكە كەسێكەوە.

لەدونیای دیموكراسی و پێشكەوتودا ڕێوشوێنی یاسایی و ئصوڵی هەیە بۆ ئاشكراكردن و بینین و پیشاندانی نهێنیەكانی هەر قۆناغێك بەپێی گرنگی و هەستیاری زانیاریەكان لە ٢٠بۆ ٣٠ و بۆ ٥٠ساڵ ئینجا ئاشكرادەكرێن, بەڵام بەداخەوە لای ئێمە نهێنی دوێنێیەكی زۆر نزیك ئاشكرا دەكەن, نەك بۆ مەبەستی سوود و كەڵك وەرگرتن لێی لەلایەن ئەكادیمیان و مێژوونوسان و خوێندكارانی خوێندنی بالآوە , بەڵكو بۆ ڕەشتركردنی مێژومان و ناشیرینكردنی هەموو جوانی و پیرۆزیەكان.

ئەی سەركردە كۆن و ئێستاكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان, زۆر باش بزانن كە هیچ كامتان نە فریشتەی بێ گوناهن و نە بێ هەڵە و كەموكوڕین, لەبەرامبەریشدا هیچ كامتان شەیتانی نەفرەت لێكراونین و دێو و درنجی شەڕەنگێز و ناشیرین نین.بۆیە (( تانەدانتان)) لە یەكتری وەك ئەوە وایە بەرەو ڕووی ڕەشەبا تف هەڵبدەن و ئەنجام هەر ڕووی خۆتان دەگرێتەوە, و بەم كارەشتان هیچ كامتان قازانج ناكەن جگە لە دوژمنان و ناحەزانی هەردوولاتان و ئەم دەسەلآتە كوردیە نەبێت.چونكە بمانەوێت یان نەمانەوێت یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە قۆناغێكی زۆر هەستیار و ناسكدا توانی سەرهەڵبدا و گەشە بكا و ببێتە جێگەی ئومێدی زۆرینەی جەماوەری گەلەكەمان و دوژمنانیش پێش دۆستەكان حسابی بۆ بكەن, كە ئاشكراشە هەموانتان جێگە دەست و بیر و قەڵەم و كارتان تیایدا هەبوە بەهەموو چاكە و خراپیەكانیەوە ,بەهەموو ڕاست و هەڵەكانەوە ,بەهەموو سەركەوتن و نوچدانەكانەوە و یەكێتی بۆ هەموانتان بۆتە ناونیشان و ناسنامە و مێژوو. جا ئەگەر یەكێكتان حاشا لەو مێژوە پڕ سەروەریە بكات ئەوە وەكو ئەو دارە وایە كە

لەڕەگەوە هەڵبکێشرێت و بێ بەرهەم و زڕ دەردەچێت.دەبێتە کەسێکی گومناو وبێ ناونیشان و بەرەو مردن و لەناوچون دەچێت.

تکایە لەهەموانتان شەڕە قسە و ناو وناتۆرە و تانەدان لەیەکدی لەسەر ڕووپەڕی میدیاکان ڕابگرن و دەکرێت ڕووبەڕوو لەگەڵ یەکدیدا چیتان هەیە بەیەکدی بڵێن نەك وەك ئێستاکە بونەتە بابەتی پارە پەیداکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان. لانی کەم گەر دەتانەوێت مێژوو بەڕاستی بگێڕنەوە با لەڕێگەی قەڵەم بەدەستەکانی یەکتریەوە بێت نەك خۆتان ئەوەش بۆئەوەی بوارێك بمێنێتەوە بۆ ئاشتبونەوە وپاراستنی ئارەقی شەرمەزاری لەبەرامبەر یەکتریدا وبا کەمێك ژیان و خەباتی هەڤاڵانەی چەند ساڵەی خۆتان ببێتە هۆکارێك بۆ نەدرکاندنی هەندێ زانیاری کە دوڕاندنی تاهەتاهەتایی برایانەتانی لێدەکەوێتەوە بە کۆتایی تەمەنتانەوە.

ئێوە بەهەموو پێوانەیەك لە هەموان و لە خەڵکە سادە و ساکارەکەی سەر شەقام بەهۆشترن و زاناو دانای ئەم گەلەن و پێشەواو ڕابەرانی ٤٠-٥٠ ساڵی ئەم بەشەی کوردستانن و ئەگەر لە ئێستادا بوبنەتە دوو سەنگەر و دوو بیروڕا و دوو بەرنامەی جیاواز, ئەوا لە دوێنێیەکی زۆر نزیکدا براو هاوخەبات و هەڤاڵ و خوێنگر و خوێن سێنی یەکتری بوون, ئیدی بۆچی هێندە کەم جیکەلانە و ((پشووی شۆڕشگێڕیتان)) کەمبۆتەوە کە بچوکترین ڕەخنەی یەکدی قبوڵ ناکەن و ڕەخنە و ڕای جیاواز بۆ گۆڕانکاری جێگەی لاتان نابێتەوە, شوکر بۆخوا گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق هێند فراوانە کە جێگەی هەموانی تیادا دەبێتەوە بەبێ ئەوەی شانتان بەریەك بکەوێت, سەیرە ئێوەی برا و سەرکردە لە بەرامبەر ناحەزان و دوژمناندا ڕووخۆش و قسەشیرین و هەڵویست و گوتار نەرم و برای تەوافوقی سیاسین کەچی لەگەڵ براکانتاندا دڵ ڕەق و زمان زبر و هەڵوێست ڕەقتر وهیچ تەنازولیشیان بۆناکەن.

- لە کۆتایدا هێندە دەڵێم, تکایە لەبەر ململانێ ناڕەواکانی خۆتان کە هێندەی لەسەر پاوانکردنی دەسەڵات و ئیمتیازات و پلەو پایە و پۆست و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانە, نیوهێندە بۆ خزمەتکردنی جەماوەر و گەلەکەمان و تەنانەت بۆ هەڤاڵە دڵسۆزەکان و کادرە هۆشیارەکان و لایەنگرەکانی خۆشتان نیە.مێژووی ئێستا و ئایندەی گەلەکەمان لەم بەشەی کوردستاندا مەدەنە دەم ڕەشەبای مەرگ و

لەناوچون و بچوکبونەوەو لەدەستدانی ئەم ئەزمون و دەسەڵاتە کەلەمێژووی دوورو نزیکماندا کورد هێندەی ئێستا ئازاد و سەربەخۆ و گەشەکردو و ناسراو نەبوە لەناوچەکە و دونیاشدا و چیدی مێژووی ڕەش و تاڵمان وەبیرمەهێننەوە و مەکەونە شکاندنی پەنجەکانی یەکتری .

دواتکاشم ئەوەیە گەر هەر ناتوانن ململانێیەکی شارستانیانە بکەن , ئەوا گۆڕەپانە سیاسیەکە بۆ نەوەیەکی نوێی دوا خۆتان بەجێبهێڵن کە دڵ و دەرونیان لەبەرامبەر یەکتردا پڕ لەقین و بوغز و دوژمنایەتی نەبێت و ئایندەی گەلەکەشیان لا مەبەست تر بێت وەك لە بەرژەوەندیە کەسیەکانی خۆیان.

---

* ئەم بابەتە لە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٥٩ لە ٢٠١٠/١/٢دا بلاْوکراوەتەوە.

## هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی
## لەکوێوە؟ بۆ کوێ؟ لەبەرژەوەندی کێدا؟*

- هاوپەیمانی ستراتیژی گەلێك پێناسەی جیاوازی هەیە لەوانە:

١. بریتیە لە هەوڵدانی دوو شەریك یان زیاتر بەرەو دروستکردنی پەیوەندیەکی تەواوکاری دوولایەنە. کە مەبەستی سوود وەرگرتنی زیاترە لە توانا هاوبەشەکان لە بارودۆخێکی بزێوی کێبڕکێی بۆ لە خۆگرتنی گۆڕانەکانی دەوروبەر.

٢. یان بریتیە لە چێکردنی هاوکاری لە جێگەی کێبڕکێ کە لەوانەیە ببێتە هۆی دەرپەڕاندنی یەکێك لە جەمسەری ململانێکان لە گۆڕەپانەکەدا, ئەم هاوپەیمانێتیە دەبێتە هۆی دەست بەسەراگرتنی مەترسی و هەڕەشەکان و هاوبەشیکردن لە سوود و دەسکەوتەکاندا.

- بەم شێوەیە هاوپەیمانێتی ستراتیژی لەبواری سیاسی و ئابوریدا بریتیە لە دروستکردنی گیانی تەبایی و هاوکاری کە دەوەستێتە سەر متمانەی دوولایەنە بەیەکتری, مەبەست لێی گەیشتنە بە کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو بە ڕێکەوتنێکی هاوبەش بۆ ماوەی دوور مەودا.

لە دونیای ئێستادا باوی ئەم جۆرە هاوپەیمانێتیەیە بەشێوەیەك کە هیچ دام و دەزگا و وڵات و حیزبێکی سیاسی ناتوانێت فەرامۆشی بکات, چونکە ناتوانرێت لە دونیایەکی پڕ ململانێ و هەڕەشە و مەترسیدا هیچ لایەنێك بە تەنها و دوورەپەرێزی ژیانی بەردەوام ببێت و بمێنێتەوە. زۆر لە شکستی ئەزمونەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوورەپەرێزی و پەراوێزکەوتن.

هاوپەیمانی ستراتیژیش پێویست دەکات کە هاوسەنگی تیادابێت لە نێوان لایەنە بەشداربوەکاندا لە دەسەڵات و دەسکەوتەکانیشدا.

هاوپەیمانی ستراتیژی دەگۆڕێت بە گوێرەی جۆری پەیوەندی و ئاستی عەقڵانی و تێگەیشتوویی و قەبارەی مەترسی و زانیاری و بەرژەوەندی و بارودۆخەکان. بە هیچ شێوەیەك هاوپەیمانێتی ستاتیکی و جێگیر نیە بەڵکو لەگۆڕانی بەردەوامدایە بەگوێرەی ڕووداو وپێشهاتەکان.هاوپەیمانی ستراتیژی دەکرێت بۆ ماوەیەکی نادیار,

کورت, مامناوەندی, دوورمەودا بێت. هیچ هاوپەیمانێتیەك دروست نابێت و سەرکەوتوش نابێت لەنێوان دوولایەنی گەورەو بچوکدا و تاسەریش نابێت.

- لێرەدا دەپرسین, ئایا هاوپەیمانی ستراتیژی لە نێوان دوو جەمسەری دەسەلاتی کوردیدا

(( پارتی و یەکێتی )) لەکوێوە سەریهەڵداوە؟ بە چ ئاڕاستە و مەبەستێك بوە؟ لەبەرژەوەندی کێشدایە ((بنەماڵە یان حیزب یان گەلدا))؟

پێش ئەوەی وەلامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە , پێویست دەکات چەند ڕاستیەك وەبیر خۆمان بهێنینەوە لەوانە, لەم سەردەمەدا و لەکاتی ئیمزاکردنی ئەو هاوپەیمانێتیەدا لەنێوان پارتی و یەکێتیدا, توانا و دەسەلاتەکانیان هاوسەنگ نەبوون و هیچ کامیان لە پێگە و توانا و هێز و متمانە بە خۆوە ئەو هاوپەیمانێتیەیان ئیمزا نەکردوە. هەروەها هەردوولایان لە پێگەی متمانە بەیەککردنەوەی تەواوە پەنایان نەبردۆتە بەر ئەو هاوپەیمانێتیە, چونکە هەردووکیان دوژمنی سەرسەختی یەکترین و مێژووی ٣٤ ساڵی ڕابوردویان پڕە لە ململانێ و براکوژی و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی یەکدی و لە ئێستاشدا گەر شەڕی گەرمیان لەنێواندا نەبێت ئەوا بەدڵنیایی شەڕی سارديان زۆر بەگەرمی لەنێواندایە لە سەر دەسەلات و فراوان بون و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و پلە و پۆستەکان لە  کوردستان و عێراقیشدا, هەربۆیە ئەم هاوپەیمانێتیە لەسەر بناغەیەکی پتەو و ڕاستگۆیانە بنیات نەنراوەو هەمیشە مەترسی هەڵوەشانەوەی ئامادەگی هەیە.لەلایەکی تریشەوە هەڕەشەکانی سەرهەڵدانی هێزی نوێی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا و نەمانی ڕژێمی بەعسی صدامی و زۆری دەسکەوتە مادی و مەعنەویەکان و پلە و پۆست و ئیمتیازاتە ئابوری و سیاسیەکان و گەورەبوونی ناڕەزایی جەماوەر و دوورکەوتنەوە لێیان پاڵنەری ڕاستەقینەی دروستبوونی ئەم هاوپەیمانێتیە بوە.

مەبەست و ئامانجیش لێی بە پلەی یەکەم پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانە بۆ هەردوو بنەماڵە و دواتر هەردوو حیزب . لەم ڕێگەیەشەوە توندکردن و گەورەکردن و چەسپاندنی زیاتری دەسەلاتی خێڵ و بنەماڵە و سەرکردە و حیزب بوە. نەك پاراستنی دەسکەوتە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان لەسەر ئاستی کوردستان و

عێراقیش. هەروەها لە پێناو بەرژەوەندی زۆرینەی جەماوەری گەلەکەشماندا نەبوە.و لەسەر زەمیەنەی واقعیش و لەم چەند ساڵەی رابوردوشدا هێندەی پاوانکردنی دەسەلاتی سیاسی و ئابوری و بازاڕ و بازرگانی لە کوردستاندا بینراوە و هەستی پێکراوە لەلایەن هەردوو بنەماڵە و حیزبەوە, نیوهێندە دەسکەوت بۆ چین و توێژەکانی جەماوەر نەبینراوە لە هیچ بوارێکی ژیاندا و نەیانتوانیوە ژیانێکی پڕ کەرامەت و خۆشگوزەرانی دابین بکەن بۆ گەلەکەمان لەسایەی ئەو هەموو داهات و بودجە  زۆرەی کە لە بەر دەستیاندا بوە. تەنها بۆ خۆیان و بنەماڵە و کەمینەیەکی کەمیش لە مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتیەکانیان بوە.

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ساتی ئیمزاکردنیەوە تاکو ئێستاش تەنهاوتەنها لەنێوان هەردوو سەرکردەی دووحیزبەکەدا ئیمزاکراوە و ووردو درشتی زانراوە, ئەگینا هێندێ خاڵی شارەوەی تیادایە کە تەنانەت مەکتەب سیاسیەکانی هەردوولاش پێی نازانن و لە وردەکاریەکان ئاگادارنەکراونەتەوە,بەهەمان شێوەش ئەم ڕێکەوتننامەیە دەبوایە دابەزیایەتە خوارەوە بۆ سەرجەم ئۆرگان و جومگەکانی هەردوو حیزب و جەماوەری هەردولا و حکومەتیش بەلام نەتوانراوە ئەوە بکرێت,  چونکە نەمتمانەی ڕاستەقینە و نە نیەتی ڕاستگۆیانەش هەبوە هەربۆیە ئەنجام و کۆتایی ئەو ڕێکەوتننامەیە هێندەی بە قازانج و دەسکەوت تەواو دەبێت بۆ هەردوو بنەماڵەی دەسەلاتدار نیو هێندە تەنانەت بە قازانجی هەردوو حیزب و جەماوەری گەلەکەشمان تەواو نابێت.

جا ڕێکەوتننامەیەك تەنها لە بەرژەوەندی دوو بنەماڵەی بچوکدا بەبەراورد لەگەڵ زۆرینەی گەلدا تەواوببێت دوور لە بنەما نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان. بەدڵنیایی بەرەو شکست و هەڵوەشاندنەوە دەچێت و بەتایبەتیش لەدوای هەڵبژاردنی نوێی پەڕلەمانی عێراقەوە لە ٢٠١٠/٣/٧دا , چونکە هەردوولایان قەوارەی توانا و هێز و دەسەلات و جەماوەریی ڕاستەقینەی خۆیان بۆ دەردەکەوێت. ئەوسا ناهاوسەنگیەکە بەزەقی دەبینن لە نێوانیاندا ئیدی ناچار دەبن چاو بخشێننەوە لەلایەك بەو هاوپەیمانێتیەی نێوانیان و لەلایەکی تریشەوە بۆ گەڕان بەدوای شەریکەبەش و هاوپەیمانێکی نوێدا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش. بەتایبەتیش کە لە

ئێستای کوردستاندا هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن هێز و چالاك و سەنگ و قورسایی وجەماوەری و یاسایی دروست بوە و دەتوانێت لە یەك کاتدا هاوسەنگی هێزەکان ڕابگرێت و تێکیشیان بدات. کە ئەمەش بۆ خۆی هێندەی لە قازانج و سوودی گەلەکەمانە , دەهێندەش بەزیانی گەورەی پاوانکردنی دەسەلاَت لە کوردستاندا بۆ تەنها دوو بنەماڵە و دوو سەرکردە و دووحیزب دەشکێتەوە. هەربۆیەش پشتگیری و لایەنگیری ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنە ڕەسەنەی کوردایەتی کە خۆی لە بزوتنەوەی گۆڕان و هەندێ لایەنی تردا دەبینێتەوە بۆتە ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی و ئاینی و ئەخلاقیش بۆ هەموو تاکێکی کورد و هە موو چین و توێژەکانیش و بۆتە مۆم و ئاسۆیەکی گەش و ڕۆشن بۆ ئێستا و ئایندەی گەل و نیشتیمانەکەمان .

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠١٠/٣/٧دا بلاَوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەیەك بۆ
## كۆنگرەی سێیەمی یەكێتی و ئە نجامەكانی *

- سەرەتا لەماوەی ٣٥ ساڵ تەمەنی یەكێتیدا تەنها ٣ كۆنگرەی گشتی بەستراوە لە ساڵەكانی ١٩٩٢ و٢٠٠١ و٢٠١٠دا و ٤ پلینۆمی بەستوە لە ساڵەكانی ١٩٩٠ و١٩٩٥ و٢٠٠٧ و٢٠٠٩دا و ٢ كۆنفرانسیشی گرتوە لە ٨/٣١ تا ١٢ /١٩٧٧/٩ و ٢-١٩٨٠/٣/١٨دا. كە بۆخۆی ئەمە جێگەی پرسیار و تێڕامانە كە ڕێكخراوێكی سیاسی بەناو سۆسیال دیموكرات و عیلمانی و پێشكەوتوخواز و دیموكراسی پەروەر لەماوەی ٣٥ ساڵدا ٣ كۆنگرە ببەستێت, خۆ ئەگەر بە ٣ ساڵ جارێك كۆنگرەی ببەستایە ئەوا دەبوو ١١ بۆ ١٢ كۆنگرەی بگرتایە.
- لێرەدا پرسیار ئەوەیە كە ئایا نەبەستنی كۆنگرەكان لەكاتی خۆیدا ڕێكەوت بوە ؟ یان لەبەر بارودۆخی ناهەمواری ناوخۆیی و ناوچەیی بوە؟ یانیش بە پیلانی سەركردایەتیەكەی بوە؟

زۆربەی لێكدانەوە وبۆچونەكانیش بۆ ئەوە دەچن كە بە نیاز و پیلانی پێشوەخت بوە, تەنها بۆ ئەوەی زۆرترین ساڵ سكرتێر و سەركردایەتیەكەی(( پاسەوانانی كۆنی)) یەكێتی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە, كە لە ئێستادا سكرتێری یەكێتی ٣٥ ساڵە سكرتێرەوە و ئەندام مەكتەب سیاسیش هەیە لە نێوان ١٥ بۆ ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ و زیاتر ئەندامی مەكتەبی سیاسیە.. كە ئەم مۆدێلە تەنها لە حیزبە ستالینیەكان و شمولی و تاكڕەو و خۆسەپێن و نادیموكراتیەكاندا باوە نەك حیزبە لیبڕاڵ و دیموكرات و سۆشیال دیموكراتەكاندا.

- ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە, خوێندنەوەیەكی كورتی سەرپێیە بۆ كۆنگرەی سێیەمی یەكێتی و ئەنجامەكانێتی. سەرەتا وەك باسمان كرد یەكێتی تەنها ٣ كۆنگرەی گشتی بەستوە. هەر كۆنگرەیەكیش ماوەی چەندین ڕۆژی خایاندوە . ئەوەتا كۆنگرەی یەكەم لە ١٩٩٢/١/٢٧ تا١٩٩٢/٢/١٤ی خایاندوە واتە ١٨ ڕۆژ و كۆنگرەی دووەمیش لە ١/٣٠ تا ٢٠٠١/٢/٥ واتە ٧ ڕۆژ و كۆنگرەی سێیەمیش لە ٦/١ تا ٢٠١٠/٦/١٢دا واتە ١٢ ڕۆژ.

یەکێتی ڕێکخراوێکی سیاسیە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم نزیکەی ٥ ملیۆن کەسە و لە نێوانیشیاندا ژمارەی ئەندام و لایەنگران و پێشمەرگەی یەکێتی نزیکەی تەنها ٥٠٠ هەزار کەس دەبێت.جا بەم قەبارە بچوکەوە کۆنگرەکانی وادوابکەوێت وبۆ ئەم ماوە دوور و درێژانە ببەسترێت , ئەی گوایە ئەگەر لە جیاتی حیزبی شیوعی چینی یان حیزبەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی و بەهاراتا جاناتای هندی بوایە بەچەند ڕۆژ کۆنگرەی تەواو دەکرد کە ژمارەی دانیشتوانیان لە سەرو ملیار کەسەوەن و ژمارەی ئەندامانیشیان بەگشتی بە ملیۆنان ئەندام دەبێت.کاتێك ئەوان خاوەن دەوڵەتانێکی زلهێزی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و خاوەن کێشە و ململانێی گەورەی نێودەوڵەتین.

- کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە ٢٠١٠/٦/١ دا دەستی پێکرد و ڕاگەیەنرا کە بەبەشداری تەنها ١٥٠٠ ئەندام و چاودێر دەبەسرێت کەچی لە بەرواری ٢٠١٠/٦/١٣دا کاتێك ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرکردایەتی ڕاگەیەنرا کە ١٦١٩ کەس دەنگی داوە و تەنها ١٥٤٦ دەنگ پەسەندکراوە و ٧٣ دەنگیش پوچەڵ کراوەتەوە. واتە لە نێوان ٦/١ بۆ ٦/١٣ . ١١٩ دەنگ زیادی کردوە.پرسیار ئەوەیە. ئایە ئەم دەنگانە لە کوێوە هاتوون و چۆن بونەتە ئەندامی کۆنگرە و کێ و چ باڵێك هێناویەتی و بۆ چ مەبەستێك هاتوون؟
- لەو ئەنجامەدا هاتووەکە: بەڕێز مام جەلال بە زۆرینەی دەنگ و بەبێ هەڵبژاردن بۆتەوە بە سکرتێر , هەر ئەویش هەردوو بەڕێزان (( کۆسرەت ڕەسول و د. بەرهەمی)) پالأوتوە بۆ سەرکردایەتی وئەندامانی کۆنگرەش پەسەندی کردوون بێ هەڵبژاردن.هەر لەهەمان ڕۆژیشدا بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی نوێی یەکێتیەوە سکرتێری گشتی ئەو دوو بەڕێزەی دیاریکرد بە جێگری خۆی کە دەبوایە لە ناو ئەندامانی سەرکردایەتیدا بونایەتە مەکتەب سیاسی و دواتریش بۆی هەبوو بیکردنایەتەوە بە جێگری خۆی.
- سەرەتا بەنیازبوون کە ٣٥-٤٠ ئەندامی سەرکردایەتی هەڵببژێردرێت بەڵام دواتر بوە ٤٥ی بنچینەیی و ٥ی یەدەگ واتە ٥٠ ئەندام سەرکردایەتی. ئەمەش لەلایەك بۆ جێکردنەوەی هەندێ کەس و دڵڕازیکردنی هەندێکی تر و

هێورکردنەوەی ململانێی باڵەکان و پەیڕەوکردنی بنەمای تەوافوقی سیاسی کە لە بنچینەدا پێچەوانەی دیموکراسیەتە.

ڕێکخراوێکی وا بچوکی لەناو هەرێمێکی بچوکتریشدا ئەم ژمارە زۆرەی سەرکردایەتی بۆچیە لەکاتێکدا یەکێتی حیزبی یەکەم و باڵادەستی ڕەهای کوردستان نیە و لە قۆناغی پێش کۆنگرەشدا ژمارەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگرانی لێجیابۆوە. پێویست وابوو ژمارەی ئەندام سەرکردایەتیەکانی کەمبکردایەتەوە نەك زیادی بکات و لەو قۆناغەی پێشووشدا هەندێ لە سەرکردایەتیەکان هیچ پۆست و مەهامێکیشی نەدرابویە لەگەڵ ژمارەشیاندا. ئەی خێرە لە ئێستادا لە ڕووی ژمارە و بڕواوبون بە یەکێتیبون وپتەوی ڕیزەکانیشیەوە بەرەو کەمبونەوە و لاوازبوون و درزتێبوون دەچێت. ئەم هەموو سەرکردایەتیەی هەڵبژاردووە.یان ئەمەش پیلانێکی ژێر بەژێری لە پشتەوەیە کە تەنها لەلایەن پیلانڕێژ ودەستڕۆیشتوەکانی ناو یەکێتیەوەدەیزانن(( لسبب فی نفس یعقوب)).

- سەرکردایەتی نوێی _کۆنی یەکێتی

یەکێتی لە قۆناغی پێش کۆنگرە, ٦ ئەندام مەکتەب سیاسی و ٤_٥ ئەندام سەرکردایەتی لێجیابۆوە. جگە لەوانە لەم کۆنگرەیەدا هەموو مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتیە کۆنەکان هەڵبژێردرانەوە جگە لە ٨ سەرکردایەتی نەبێت و ٣ مەکتەب سیاسیش کە ئەوان بۆ خۆیان خۆیان هەڵنەبژاردەوە بۆ سەرکردایەتی (( کە ئەگەر بیانویستایە ئەوا بە سانایی دەردەچونەوە)).

- لەئێستادا کە ٤٥ سەرکردایەتی بنچینەیی هەیە:

٢٢ کەسیان دووبارەن و تەنها ٢٣ سەرکردایەتی بەناو نوێن. واتە نیوەی تەواوی سەرکردایەتی ئێستا کۆنن. ئەو ٢٣ کەسە نوێیەش, ١٤ کەسیان لەماوەی ١٩ ساڵی دوای ڕاپەڕیندا لێپرسراوێتی گەورەیان هەبوە وەك(( لێپرسراوێتی مەڵبەندەکان و جێگر و ئەندام پەڕلەمان و لێپرسراو مەکتەب و ئەندام مەکتەب و بەڕێوەبەری گشتی و وەزیر و ...هتد)).تەنها ٨ کەسیان زۆر نوێن لەناو یەکێتیدا کە ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان لێپرسراوێتیان هەبوە لەناو یەکێتیدا وەك(( وەزیر و ئەندام پەڕلەمان و لەبنەماڵەی سەرکردەکانی یەکێتی بوون))لەنێو ئەم بەناو سەرکردە

نوێیانەدا کەسی وای تیادایە بۆ ڕۆژێکیش یەکێتی نەبوە و کاری سیاسی و حیزبایەتیان نەکردوە لە ئۆرگانێکی یەکێتیدا. ئەگەر لێشیان بکۆڵیتەوە مەرجی سەرکردایەتیشیان تیادا نیە چونکە وەك دیاریکرابوو دەبێت ٧ ساڵ ئەندامی یەکێتی بوبێت, هەیانە کە ئەگەر بشبوبێتە یەکێتی لە ٧ ساڵ کەمترە. کەواتە بونە سەرکردایەتیەکەی ناشەرعیە. بەتایبەتیش لەناو ژنەکاندا.

ئیدی بەم سەرکردە بەناو نوێیانەوە کە هەموانیان لە بنچینەدا کۆنن لە عەقڵ و کار و کردەوەیاندا لەناو یەکێتیدا.ئایا دەتوانن بەم عەقڵ و توانا و ڕابوردوویەیانەوە بتوانن پرۆسە گەورە و گرنگ و زۆر هەستیارەکەی چاکسازی و نوێبونەوە ئەنجام بدەن لەناو یەکێتیدا و بتوانن یەکێتی ڕزگاربکەن لەو هەموو قەیرانەی پێش و پاش کۆنگرە.

- کۆنگرە و ژنان

یەکێتی لەساڵی ١٩٩٢وە بۆتە ڕێکخراوێکی سۆسیال دیموکرات و لەساڵی ٢٠٠٤ یشەوە بۆتە ئەندامێکی هەمیشەیی ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیونالْ واتە ماوەی ١٩ ساڵە. بەلاَم بەدرێژایی ئەم ماوەیە نەیویست یان نەیتوانی یان بڕوای نەبوو بەوەی کە ژنان بێنێتە سەرکردایەتیەکەیەوە؟ یان بەڕاستی ژنانی بەتوانا و لێهاتوو وخاوەن خەبات نەبوون لەناو یەکێتیدا؟

ڕاستیەکەی وادیارە لەلایەك بڕوای بەتوانا و لێهاتووی ژنان نەبوە و لەلایەکی تریشەوە نەیدەویست هەموو ژنێك ببێتە سەرکردە, بەلاَم لە ئێستادا و لە ژێر فشاری ڕێکخراوی SI دا , ٩ ژنی بەرزکردەوە بۆ سەرکردایەتیەکەی کە هەندێکیان نەك شایستەی سەرکردایەتی بەڵکو شایستەی ئەندامێتیشی نیە لەناو یەکێتیدا, چونکە خاوەن خەبات و ڕابووردوو لێهاتووی نین و تەنها بۆ جوانکردنی سیمای یەکێتیە لەبەردەم ئەو ڕێکخراوەدا.ئاشکرایە سۆسیال دیموکراتەکان لەسەر بنەمای کاری پێکەوەیی و ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەلاَیەتی کاردەکەن . بەلاَم یەکێتی نە لە کار و سیاسەتی ڕۆژانەیدا و نە لەم هەڵبژاردنەی سەرکردە ژکانیشدا عەدالەتی پیادە کردوە و جارێکی تریش زوڵمی گەورەی لە ژنە تێکۆشەر و خاوەن خەباتەکان کرد. بەوەی ژنی بێتوانا و نا یەکێتی کردە هاوشانیان و سەرکردەیان.

- **کۆنگرەو گەنجان**

**لە کۆی ئەو ٤٥-٥٠ سەرکردایەتیە, هەموانیان تەمەنیان لە سەروو ٥٠ ساڵیەوەیە. ئەمەش مانای وایە عەقڵ و تەمەن کۆنەکان و پیرەکان زاڵترن لە سەرکردایەتیدا نەك گەنجەکان. هەربۆیەش ئەمجارەش گەنجان و لاوان بێبەشکران لە بەشداریکردنی سەرکردایەتی یەکێتیدا کە کۆنگرە لە ژێر ناونیشانی((بەرە و گۆڕانکاریکردن و چەسپاندنی یەکێتی ناو یەکێتی )) بەسرابوو.**

**من بەش بەحاڵی خۆم بڕوام وایە بەم عەقڵ و تەمەن و توانا کۆنانەوە گۆڕانکاری ڕاستەقینە ناکرێت بەبێ بوونی گەنج و توانا و خوێن و بیری نوێ.**

- **کۆنگرە و ململانێی باڵەکان**

**یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەراندنیەوە لە ١٩٧٥/٦/١وە, وەك شانازیەك باسی دەکەن کە یەکێتی لە چەند باڵ و فکر و ڕێکخراوی جیاواز پێکهاتووە. بەلام هەر ئەو باڵ و ڕێکخراوە جیاوازانە ماکی لاوازی و بێهێزی و دووکەرتبوون و ئەنجامیش بچوکبونەوەی یەکێتی بوون لە ڕابوردوو ئێستا و ئایندەشدا.یەکێتی وەك دەڵێن (( بەشیرەوە ململانێی ناوخۆیی و باڵە جیاوازەکانی خواردووە)). هەربۆیە ناتوانێت لەناسکترین قۆناغدا واز لەو خوە شیریەی بهێنێت. هەربۆیە لە کۆنگرە و دوای جیابونەوەی باڵی نەوشیروان مستەفاشدا ٢ باڵ یان ٣ باڵی جیاواز(( باڵەکانی مام جەلال و کاك کۆسرەت و د.بەرهەم)) بە ئاشکرا و نهێنی لە ململانێدا بوون.**

**لەم هەڵبژاردنەشدا نایەکسانی و هاوسەنگی ناوچەکانی تیاداتێکچوو. بەشێوەیەك لە ئێستادا کەسێکی بادینی یان شەنگالی لە سەرکردایەتی یەکێتیدا نەماون لەکاتێکدا ناوچەی بادینان و کەسەکانیشی لەسەرەتای یەکێتیەوە ڕۆڵ و کاریگەری و گرنگی گەورەیان هەبوە لە ناو یەکێتیدا و بۆ یەکێتی. ئەمە بەجۆرێك بەمانای تەسلیمکردنی ئەو ناوچەیەیە بە پارتی و وازهێنانی یەکێتیە بۆ ئەو ناوچەیەو کەسانێتی چونکە یەکێتی لە ٢ هەڵبژاردندا لەوناوچەیە و لە پارێزگای موسڵیش کەسی بۆ دەرنەچوو بۆ پەڕلەمانی کوردستان و عێراق ئەگەر دەریشچوبێت زۆر کەمن.**

- **ئەنجامی کۆنگرە و داهاتووی یەکێتی**

وەك دەردەكەوێت ئەنجامی كۆنگرە بەگشتی لەبەرژەوەندی بنەماڵەی مام جەلال و باڵەكەی كۆتایی هات و زۆرینەی سەركردایەتی كە زیاترە لەنیوەی لایەنگری ئەو باڵەن و بەمەش یەكێتی لە ڕێكخراوێكی سۆسیال دیموكرات و دیموكراسی و ئازادی و عیلمانی و پێشكەوتنخوازەوە هەنگاو دەنێت بەرەو ڕێكخراوێكی بنەماڵەیی و موخابەراتی و عەسكەرتاریەت كە ئەمەش سەرەتای خۆسەپاندن و تاك ڕەوی و بەرتەسكردنەوەی دیموكراسیەت و ئازادیەكانە و ئەنجامیش ئەم مۆدێلە ناگونجێت لە گەڵ عێراق و ناوچە و نەزمی نوێی جیهانیدا و یەكێتیش بەرەو لاوازبوون و پوكانەوەو تەریكبونی زیاتر هەنگاو دەنێت.كەمن پڕ بەدڵ ئاوات بەو ئەنجام وكۆتاییە درامیە بۆ یەكێتی ناخوازم.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی كوردستانپۆست لە ٢٠١٠/٦/١٦دا بڵاوكراوەتەوە.

# ئەریَ کاتی ئەوە نەهاتوە کە بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاشتببنەوە , لێکنزیکببنەوە , یەکبگرنەوە *

- **کورتەیەکی مێژوویی**

**ئاشکرایە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٧٥ وە و دواتر هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی چەکداری لە باشوری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٧٦وە لەدوای کارەسات و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. پەرۆشی کوردایەتیەکی ڕەسەن وڕاستەقینە بوە و هەمیشە لەهەوڵی پاراستنی یەکڕیزی گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەیدا بوە و هەڵگری ئالآی ئاشتی و دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسین وپێکەوە ژیان و تەبایی و برایەتی بوە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی و لەسەر ئاستی گەلان و دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیاش.**

**یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵگری هەندیَ پرەنسیپ و تێگەیشتن و چەمك و میتۆدی نویَ بوون کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بونیان نەبوە . هەڵگری بیر وباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی ڕوون و ئاشکرای پێشکەوتوخوازی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بوە. هەڵگری ئالآی بیروڕای جیاواز و کۆکەرەوەی ڕچە و ڕێبازو ئایدیای کوردانەی جیاواز بوە لە چوارچێوەی خۆیدا . بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەڕاستی پێشەنگ و ڕابەر و دامەزرێنەری مۆدێلێکی نوێی خەباتی سیاسی و چەکداری و فکری نویَ بوو کە بەهەموو مانایەك سیفاتی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی ڕەسەنی کوردایەتی تیادا بەرجەستە ببو. هەربۆیەش توانی لەماوەی ١٦ ساڵ خەباتی خۆیدا بگاتە دەسەلآت لەم بەشەی کوردستاندا کە لەمێژووی خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورددا هیچ حیزب و ڕێکخراو و سەرکردایەتیەك نەیتوانیوە ئەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەدەستی هێناوە وەدەستی بهێنێت. هەربۆیەش یەکێتی بەهەق و هەحیقەت ببوە حیزبێکی هەڵقولآوی ناو جەماوەر و خۆشەویست و قیبلەنمای ملیۆنان کەس و ببوە جێگەی**

متمانەی کۆمەلانی خەلك و جێگەی حساب بۆکردن لەلایەن دوژمنان و دەولەتانی ناوچەکە و دونیاشەوە.

یەکێتی لەسەردەمی دەسەلات و حوکمڕانیدا هەروەك چۆن لەسەردەمی شاخدا خاوەنی دەستپێشخەری و داهێنان بو ئاوهاش لەم سەردەمەدا توانی ببێتە پێشەنگ لە خەباتی سیاسی و دیموکراسی و جەماوەری و پەرلەمانیدا.و بەهێز و توانای خۆی و دوور لە تەزویر و فرت و فێل دەیتوانی نیوە زیاتری دەنگەکانی جەماوەری کوردستان بۆخۆی مسۆگەر بکات و لەزۆر قۆناغی شار و شاخدا ببوە هێزی سیاسی یەکەمی گۆڕەپانی کوردستان. هەموو ئەم سەرکەوتن و دەسکەوتانەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هێزێکی جەماوەری و خاکی و لەخۆبوردوو و خزمەتکاری کۆمەلانی خەلك و دلسۆز بەگەل و نیشتیمان و خەباتکاری سەرسەختی دوژمنان و چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەلایەتی و دژی گەندەلی و تیرۆر و تۆقاندن و خۆسەپاندن و ملهوڕی و دیاردە دزێوەکانی ناوچەگەرێتی و عەشرەتچێتی و بەنەمالەچێتی و تاك پەرستی و تاك حیزبی بوە.بەلام بەداخەوە یەکێتی لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە لە سالی ٢٠٠٣دا کەوتە ناو کۆمەلێ گەلێك هەلەی گەورە و مێژوویییەوە کە لە ڕێڕەوی ڕاستی حیزبایەتی و کوردایەتی ڕەسەن لایدا . لەو هەلانەش:

- هەلەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

ئاشکرایە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەڕێڕەوی خەباتی ٣٥ سالەی خۆیدا بەحوکمی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی کوردستان و ناوچەکە و ناوخۆی کوردستان ڕووبەڕووی چەندان کەوتن و هەلسانەوە بۆتەوە و تووشی نسکۆی سیاسی و سەربازی بۆتەوە و توشی چەندان پیلانی ناوخۆیی و دوژمنان بۆتەوە بۆ بچوککردنەوەی و لاوازکردنی و نەمانی و لەناوبردنی .چونکە هەست دەکرا کە ئەم ڕێکخراوە بۆتە ڕەمز و سومبولی خەباتێکی ڕاستگۆیانەی کوردایەتی و جێگە متمانەی ملیۆنان کورد و بۆتە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر دوژمنان. بەلام یەکێتی توانی بەسەر هەموو ئەو پیلان و کۆسپ و تەگەرە ناوخۆیی و دەرەکیانەدا سەربکەوێت و لەهەموو قۆناغەکاندا بالاتر و بەهێزتر و ڕەگ داکوتاوتر خۆی دەرباز

بکات و بەردەوامی بدات بە ڕچە و ڕێبازە ڕاست و دروستەکەی خۆی و هەنگاونان بەرەو ئاییندە و نەگەڕانەوە بۆ دواوە.سڕی هەموو ئەو سەرکەوتنانەی تەنها و تەنها ئەوەبوو خاوەن بیروباوەڕێکی جێگیر و چەسپاو و ڕاستگۆیانەی کوردایەتی بوو. خاوەن جەماوەرێکی پان و پۆڕو دڵسۆزی کوردانە بوو. خۆی بە خزمەتکار و گەلیشی بە سەروەر دادەنا . خۆی لە ئازار و داواکاری و مەینەتیەکانی جەماوەرەکەی دوور نەدەخستەوە.سازش و ملکەچی هیچ هێز و دەوڵەتێکی قبوڵ نەدەکرد(( وەك تاکتیك و هێندەی لە توانایدا بوایە )) و سوور بوو لەسەر ڕێڕەوی خەباتی کوردانەی خۆی.جا حیزبێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن ئەم تێز و بیرو باوەڕ و پرەنسیپە شۆڕشگێرە ڕاستەقینانە بێت ئاساییە کە ببێتە جێگەی متمانەی جەماوەر و بەهێز و پتەو و خۆڕاگریش بێت.

بەڵام بەداخەوە دەڵێم یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تا ماوەیەکی زۆر نزیك لە ئێستا هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو ڕچە شۆڕشگێرانەیەی خۆی . بەتایبەتیش تادوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا . بەڵام لەدوای ئەو مێژووەوە یەکێتی تاکتیك و ستراتیژی خۆی لەبیر کرد و کەوتە هەڵەی گەورە و مێژووییەوە کە لەئێستادا خەبات و سەنگینی و جەماوەریبوونی یەکێتی و مێژوو و ئێستا و ئاییندەی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و هەڕەشەی مان و نەمان و بچوکبونەوە و لەناوچوونیشی لەسەرە .ئایا ئەو هەڵانە سەرچاوەکانیان چیبوو؟ ئایا بڕوانەمانی یەکێتی بوو بە خەبات و کوردایەتی و شۆڕش و پرەنسیپە پیرۆزەکانی سەردەمی شاخ؟ یان لادان بوو لەو پرەنسیپانە؟ یان هەستیکرد کە دوای ئەو زەمەنەی شۆڕش و دەسەڵاتی دوای ڕاپەڕین ئەو بنەمایانە هەڵەن و پێویستیی پێیان نەماوە؟یان یەکێتی لەحیزبێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن خەباتێکی ڕاستگۆیانەی کوردانەوە بۆتە حیزبێکی هەلپەرست و دەسەڵاتخواز و لادەر لەهەموو بەها پیرۆزەکانی شۆڕشگێڕی؟ ئایا یەکێتی کەوتە بەر لێشاو و شاڵاوی بەرژوەندپەرستەکان یان بیرروباوەڕە شۆڕشگێڕیەکانی گۆڕیەوە بە دەسکەوت و پلە و پۆست و ئیمتیازاتە مادیەکانی دەسەڵات لە کوردستان و عێراقیشدا؟ ئایا یەکێتی و سەرکردەکانی کەوتنە دوای نەزوەی کەسێتی و هەنوکەیی و کورسی و دەسەڵاتەوە؟ یان هەر لە

بنەماوە بیروباوەڕیان بەبەها پیرۆزە شۆڕشگێڕیەکان نەبوە؟ئایا یەکێتی بەبەرنامە لەو ڕاستە ڕێگەیەی خەباتی خۆی لادرا یان لەهەڵە و نەزانی و غافڵگیری و پیلانەوە دوورخرایەوە؟ئایا سەرکردەکانی توانای تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە نوێیەی کوردستان و عێراقیان نەبوو؟ یان هەندێ دەسەلاتداری شەڕخواز لەناو یەکێتیدا ویستیان یەکێتی بەو ئاقارەدا بەرن بۆ بەرژەوەندی خۆیان؟

١. هەڵەی سەرەکی و کوشندەی یەکێتی ئەوەبوو :

کەنەیتوانی یەکڕیزی و تەبایی و برایەتی و هاوخەباتی و یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی لەناو سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگرانی خۆی لەلایەك و خۆی و جەماوەرەکەشی بپارێزێت. بەهۆی دیاردە دزێوەکانی تەکەتولی ناڕەواو بڕوانەبوون بە یەکتر . سەرکردایەتیەکەی هەریەکە بۆخۆی کەوتە هەڵپەی وەدەستهێنانی دەسکەوت و پلەو پۆست و سەروەت و سامان.لەو پێناوەشدا هیچ هێڵێکی سووریان نەهێشتەوە تێپەڕی نەکەن تاکارگەیشتە تەخوینکردنی یەکتریش و تۆمەتبارکردنی یەکدی و هەڵدانەوەی لاپەڕە خوێناویەکان و ناو وناتۆرە لەیەکتر و یەکتر قبوڵنەکردن و سازش و نەرمی نەنواندن و چاڵهەڵکەندن بۆ یەکتر و زۆر جاران کاری وایان کردوە کە بۆتە مایەی شکستی سیاسی و سەربازی بۆ یەکێتی و یەکێتی تەنها بەناو مابۆوە وەك حیزبێکی سیاسی خاوەن دیسپلینی شۆڕشگێڕی و ڕێکخراوەیی . چونکە هەریەکە لەو قوتبانەی ناو یەکێتی یەکێتیان بۆ بەرژەوەندی و خواست و ویستە شەخصی و گروپ و ناوچە و مەزهەب و عەشرەت و بنەماڵەکانی خۆیان بەکاردەهێنا . بێ گوێدانە مێژوو و خەبات و خوێن و فرمێسکی هاوبەش و بێ ڕێزگرتن لە شەهیدان و بنەماڵەکانیان و هەموو قوربانیەکانی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر و ئەنفال و کیمیاوی و ...هتد.

٢. دواتریش یەکێتی سەرەڕای هەموو ئەم کێشە و ململانێ ناوخۆیانەی خۆی کە نەیدەتوانی و تا ئێستاش نەیتوانیوە چارەسەریان بکات لەگۆڕەپانێکی بچوکی ناوخۆیی حیزبی خۆیەوە.ڕووی کردە کێشە و ململانێکانی ناو کوردستان و بەهیوای ئەوەی زاڵبێت بەسەر کێشە ناوخۆییەکانیدا , بەهێزێکی لەرزۆك و بێتواناوە بەئومێدی بەهانا هاتنەوە و دەسگیرۆیکردن و دەربازبوونی ئەوەی

دەكرێت دەربازبكرێت و تاماوەی چەند ساڵێكی تریش درێژە بەدەسەلات و مانەوەی خۆی بدات بەرەو پارتی دیموكراتی كوردستان هەنگاوی هەڵنا, من لێرەدا پاڵپشت بە ڕلستیە مێژووییەكان بەداخەوە دەڵێم كە (( پارتی هەرگیز دۆستی یەكێتی نەبوە و لەداهاتووشدا دۆستی نابێت)). و ڕێكەوتنێكی بەناو ستراتیژی لەگەڵدا مۆر كرد كە تەنها و تەنها تاكو ئێستا لەبەرژەوەندی پارتیدا بوە نەك یەكێتی گەر بەردەوامیشی هەبێت ئەوە هێندەی تر زیانی گەورە بەر یەكێتی دەكەوێت و پارتیش بەهێزتر و گەورەتر دەبێت.نمونەی ڕاستی ئەم قسانەشمان ئاشكرایە چ لەسەر ئاستی حكومەت و دامودەزگاكانی حكومەت لەكوردستاندا و چ لەسەر ئاستی حیزبایەتی و هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان و عێراقیشدا و نزیكترینیشیان دابەشكردنی پۆستە وەزاریەكان و لیژنەكانی حكومەت و پەرلەمانی عێراقن . چۆن پارتی وەك هێزی گەورە و یەكەم هەڵسوكەوت دەكات و حساب بۆ یەكێتی ناكات (( بەڕاستیش گەر بەژمارەی دەنگ و كورسیەكان سەیربكرێت ئەوا هێزی یەكەمەو لە یەكێتی گەورەترە)). یەكێتی هەمیشە تەنازول كەربوە بۆ پارتی و هەق و مافی خۆی وەرنەگرتوە و بەڵكو داویشێتی بەپارتی و پارتیش لەبەرامبەردا هەمیشە پێداگر و وەرگر و زاڵتر دەركەوتوە. كە ئەم هەڵوێستەی یەكێتی ببوە جێگەی ڕەخنەی سەركردایەتی و ئەندام و لایەنگر و جەماوەرەكەشی لە كەسی سكرتێری گشتی و مەكتەب سیاسیەكەشی. بەلام سووربونی دەسەلاتدارەكانی ناو یەكێتی لەسەر هەڵوێستەكانیان لەگەڵ پارتیدا یەكێتیان گەیاندە ئەم ئەنجامانە.

٣. هەڵەیەكی كوشندەی تری یەكێتی دووركەوتنەوەی بوو لە خواست و ویست و داواكاریە ڕەواكانی جەماوەر و شەقامی پان وپۆڕی خۆی لەكوردستان و دەرەوەشیدا. بەشێوەیەك یەكێتی وادەردەكەوت بەتایبەتیش سەركردایەتیەكەی بێمنەت بوون لە پشتگیری جەماوەرەكەی و دەنگەكانی و ڕۆژانی سەختی شاخ و شەڕەكانی ناوخۆ وپیلانی دراوسێكان و تەنها و تەنها خەمی كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و پێكەوەنانی كۆمپانیا و بازرگانی وپڕۆژە وپلە و پۆست و ئیمتیازات بوو. نەك خزمەتكردن بە گەل و جەماوەرە ڕەش و ڕووت وهەژار و دەسكورت و بێ نەواكانی خۆی. پشتی كردبوە كرێكاران و جوتیاران و لادێكان و گەنج و ژنانی

لەبیرکردبوو. یەکێتی لەسەردەمانێکدا خاوەنی جەماوەرێکی پان وپۆڕی کوردستان بوو و فراوانترین ناوچەی کوردستانیشی لە ژێر دەستدا بوو و پاڵەوانی گۆڕەپانی سیاسی و چەکداریشی بوو بەلأم لە ئێستادا وا بچوك بۆتەوە کە بەهەزار حاڵ دەتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا ژمارەیەك بۆ خۆی وەدەسبهێنێت کە دەردەکەوێت تەنانەت ئەندامەکانی خۆشی دەنگی پێنادەن.یەکێتی ئەو ڕاستیەی بیرچۆتەوە کە جەماوەر سەرچاوەی دەسەلأت و شەرعیەتی هەموو حیزبێکی سیاسیەو پشتی کردبوە جەماوەرەکەی و ئەویش لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا زۆر بەتوندی وەلأمی یەکێتیان دایەوەو یەکێتیان توشی شۆك و شڵەژاوی و پەشۆکاوی کرد کە تائێستاش و دوای کۆنگرەی سێیەمیشی نەهاتۆتەوە سەرخۆی و بە ئاسانیش ناگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی.

- ئەی چارەسەر چیە و یەکێتی بۆئەوەی هەموو مێژووە پڕ سەروەریەکەی و خۆشەویستی جەماوەرەکەی و هێز و توانا نەبڕاوەکەی جارانی وەدەستبێنێتەوە چی بکات؟ هەروەك پێشوو بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی خۆی ؟ یان بیر بکاتەوە لە ڕێگاچارە زۆر ئاسان و کورت مەوداکان کە لە تواناداں پیادەیان بکات؟ئایا دەبێت یەکێتی درێژە بە ڕێکەوتنی ستراتیژی بدات لەگەڵ پارتیدا یان هەڵیبوەشێنێتەوە و خۆی دەرباز بکات لەو تەڵە و پیلان و داوەی کە تێی کەوتوە؟ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە یەکێتی بۆ ڕاستکردنەوەی هەموو هەڵەکانی و (( گەڕانەوەی ئاو بۆ ڕێچکە و ڕووبارە ئاساییەکانی خۆی )) وبۆ گەڕانەوەی مێژوە گەشەدارەکەی وبۆ سەردەمە زێڕین و پڕ جەماوەریەکەی ویەك و یەکگرتوییەکەی و دەسەلأتە پتەو و ڕەگداکوتراوەکەی لەناو قوڵایی جەماوەری کوردستاندا. لەجیاتی ئەو هەموو سازشکردن و خۆبچوککردنەوەیە و خۆ بەکەمگرتنەی لەبەردەم پارتیدا کاتی ئەوە نەهاتوە کە تەنها کەمێك نەرمی بنوێنێت و گوێبگرێت وبوار بڕەخسێنێت بۆ هەڤاڵە دێرین و دڵسۆز و هاوخوێن و هاوخەباتەکانی خۆی و بەنیەتێکی ڕاسەتەقینەوە دوور لە کین و بوغز و تۆڵەسەندنەوە . ئایا یەکێتی چ زیانێك دەکات کە زیاتر هەوڵبدات بۆ ئاسایکردنەوەی نێوان خۆی و بزوتنەوەی گۆڕان؟ ئایا یەکێتی بە سازش نواندن بۆ هەڤاڵە دێرینەکانی خۆی پتەوتر دەبێت

یان بچوك و لاواز و لەمردن نزیك دەبێتەوە؟پرسیارە هەرە گەورەکەش ئەوەیە ئەریٚ کاتی ئەوە نەهاتوە کە سکرتێری گشتی یەکێتی لەکۆتایی کاروانی خەباتی خۆیدا هەڵوێست و هەنگاو و دەستپێشخەریەکی مێژوویی بەڕووی بزوتنەوەی گۆڕاندا بنوێنێت و یەکێتیەکەی هەموان بکاتەوە بەتاکە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی گەورە و پتەو و بەهێز و حساب بۆ کراو لەلایەن دۆست و دوژمنانەوە؟

وەڵام بەکورتی و کرمانجی نەك وەك هەندێك دەڵێن زووە بۆ لێکنزیکبونەوە و دانیشتن و ئاسایکردنەوە و پێکەوەکارکردن. بەڵکو زۆر درەنگیش کەوتوە.و چیدی تر نە یەکێتی دەتوانێت خۆ بگرێت و نەگۆڕانیش دەتوانێت لەوە زیاتر بەهێز و پتەو و خۆڕاگر بێت. خوێندنەوەکان بۆ ئێستاو ئایندەی بارودۆخەکان ئەوەیە کە دەبێت تەنها یەك هێز بەڕووی پارتیدا لە گۆڕەپانەکەدا هەبێت کە زۆر بەهێز و خاوەن جەماوەر و خاوەن بەرنامەیەك بێت کە بتوانێت بەر بە غرور و دەسەڵاتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بگرێت . ئەگینا هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بێهێز و پەرشوبلاو و دوور لەیەکتر ناتوانێت بەرامبەر ملهوڕی و بەرنامە حیزبی و بنەماڵەیی و فراوانخوازی و میراتگریەکەی پارتی خۆی ڕابگرێت. هەربۆیە کاتی ئەوە هاتوە کە هەموو هێزە عیلمانیەکانی کوردستان بەگشتی(( دوور لە هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان )) و یەکێتی و گۆڕان بەتایبەتی لەیەك حیزب یان یەك هاوپەیمانیدا یەکبگرن و ڕاستگۆیانە خەباتبکەن و مقاوەمەتی ئەو فراوانخوازی و پاوانخوازیەی پارتی بکەن. ئەگینا پارتی بەو سیاسەتەی کە پیادەی دەکات گەر بۆی بکرێت وبۆی بچێتە سەر ڕێگە بە هیچ حیزب و سەرکردە و بنەماڵەیەکی تر نادات جگە لە پارتی و بارزانی و بنەماڵەکەی لەکوردستاندا بالأدەست بن و لەبەرامبەریدا بوەستن.

بۆیە لەئێستا زووتر نیە کە یەکێتی بەتایبەتی بچێتەوە بەسەر هەموو حساباتەکانی خۆیدا و بیرو بەرنامەی نویٚ و گونجاو دابنێت بۆ ئەو مەسەلەیە و ئەو هەنگاوە مێژوویە بنێت کە سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگر و تەنانەت جەماوەرەکەی هەردوولاش چاوەڕوانێتی و هەست و سۆزێکی ئاشکراش هەیە لەلایەن هەردوولاوە بۆ ئەومەبەست و ئاڕاستەیە و تەنها هەنگاوێگی لەخۆبوردەیی و مێژوویی و چاونەترسی گەرەکە کە بنرێت لەهەر لایەکەوە.(( بەندە ئەم هەست و

سۆز و بیرکردنەوە و پێخۆشبونەی ئەندام و لایەنگران و تەنانەت لێپرسراوە باڵاکانی هەردولای هەستپێکردوە چونکە نزیکم لەهەردوولایانەوە و هەڤاڵ و هاوڕێی نزیکیشم لەهەردوولادا هەیە )) . جا باهەردوولا هەنگاو بەسەر سۆز و کەرامەت و هەیبەت و غرور و خۆبەزلزانینی کەسایەتی خۆیاندا بنێن و بابۆ جارێکیش بێت بەرژەوەندی گەورەی یەکێتی و دیموکراسیەت و ئازادیەکان و ئایندەی کوردو کوردستان بخەنە سەروو بەرژەوەندی خۆیانەوە و ڕق و کینە و دڕدۆنگی و پلەو پۆست و دەسەڵات بەبیانوو نەهێننەوە. با ناکۆك نەبن لەسە ناو و دروشم وسەرکردایەتی و پلە و پۆست.با هەموان وەك یەك تیم و بە ڕۆحیەتە پێشمەرگانەکەی جارانەوە بەرەو ڕووی یەکتری بچن و لەیەك نزیك ببنەوە و یەکیش بگرنەوە و یەکێتیەکەی جاران بەبەرگێکی نوێی گۆڕانەوە و بەدروشم و بەرنامەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و چاکسازی و بە موئەسەساتیەوە بەرەو ڕووی ئاینده ببنەوە و لەنزیکترین ماوەدا ئەو هەنگاوە بنێن و ئەم داواو داخوازی و پێخۆشبونەی جەماوەر و لایەنگرانی هەردوولاش بەجێبهێنن و دڵنیاشبن کە هیچ کاتێك ئەندامانی هیچ لایەك یەکتریان بە دوژمنی خۆیان نەزانیوە و مێژووی هاوبەشی یەکترییان لەبیر نەکردوە و ئاواتیشیانە داهاتووش پێکەوە دیاریبکەن.

---

* ئەم بابەتە لە کوردستانپۆست لە ٢٠١١/١/٢٥دا بڵاوکراوەتەوە.

## یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
## لەدوای ٤/١٨ وە بەرەو کوێ ؟ *

- سەرەتا کارێکی دروست دەبێت کە دان بنێین بەهەندێ ڕاستی مێژوویدا کە یەکێتی لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە دوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ی پارتیەوە و بە تێپەڕبوون بە قۆناغەکانی دامەزراندن و هەستانەوە و گەشەکردنی کوردایەتی لە دەیەکانی حەفتاو هەشتای سەدەی ڕابووردودا و دواتر وەك هێزێکی کاریگەر و گەورەی سەر گۆڕەپانی سیاسی و چەکداری کوردستان و خاوەن بیرۆکە و ئەندازیاری ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان و هەتا دوای قۆناغی شەڕی ناوخۆی کوردستان لە نێوان هەموو هێزە سیاسیەکان و بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە ١٩٩٤ –١٩٩٨. یەکێتی ڕۆڵێکی بەرچاو و ئاکتیڤ و کاریگەری هەبوە لە پارێزگاریکردن لە مێژوو و ئایندەی کوردایەتیدا بەمانا گەورەو فراوانەکەی. لەسەر ئاستی حیزبی و حکومی و جەماوەریشدا ببوە خاوەن هێز و دەسەڵات و نفوزێکی بەربڵاو و هەتا ئەوکاتەش خۆشەویستیەکەی لای جەماوەر لە ترۆپکیدا بوو و توانیشی گەلێك دەسکەوتی گەورە وەدەست بهێنێت کەناکرێت چاوی لێبپۆشرێت و سفر بکرێتەوە..

بەڵام دواتر و بەتایبەتیش دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا کە جوگرافیای دەسەڵات و نفوز و ئیمتیازات و پلە و پۆستەکان و جەماوەریش گەورە و فراوان بوون بەشێوەیەك کە سەرکردایەتی یەکێتی بیریشی لێنەکردبۆوە.هەربۆیە تووشی ململانێیەکی توند بوەوە لەناو خۆی یەکێتیدا. هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانی ململانێکانی ناو یەکێتی لەساتی لەدایکبونیەوە سەری هەڵداوە هەر لەساڵی ١٩٧٥وە و درێژە و بەردەوامی هەبووە بەدرێژایی ٣٤ ساڵەی تەمەنی یەکێتی .. هەندێ جار خاو و زۆرجارانیش توند.

بەڵام جاران ململانێکان شەریفانە و دروستکەربوون و ئامانج لێیان گەشەکردن و بەهێزبوونی یەکێتی بوو لە ناو جەماوەر و گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی ئەو سەردەمەدا. بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و مشەخۆری و

ناعەدالەتی لەلایەك و لەولای تریشەوە بۆ وەدەستهێنانی پلەو پۆست و ئیمتیازات و کۆکردنەوەی زیاتری سەروەت و سامانە..

ململانێکان لەنێوان دووبەرەی دژ بەیەکدایە . بەرەیەك لایەنگری کۆنترۆڵکردنی سەرتاپای یەکێتیە و حەزی بە پاوانخوازی و قۆرخکردنی دەسەڵاتە لەلایەن سکرتێر و بنەماڵە و گروپێکی بچوکەوە و لەم پێناوەشدا گەندەڵی و مشەخۆری و ناعەدالەتی بەشێوەیەکی فراوان سەرتاپای جومگەکانی حیزب و حکومەتی یەکێتی گرتۆتەوە. بەرەی دووەمیش لایەنگری ئازادی و دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پرس و ڕاوێژکردنە و خوێندنەوەی جەماوەر و نەهێشتنی گەندەڵی و بەرقەرارکردنی عەدالەت و چاکسازی و گۆڕانکاری بەردەوامە.

بەرەی یەکەم گەرەکێتی کە یەکێتی بەرەو ئاقاری تاکڕەوی ودیکتاتۆری و عەسکەرتاریەت ببات . بەرەی دووەمیش دەیویست کە یەکێتی بەردەوام بێت لەسەر بەگەشاوەیی هێشتنەوەی مێژوەکەی و بەردەوام بوونی لە خاکێتی و نزیکی لەجەماوەر و دوورکەوتنەوەی لە قۆرخکردنی دەسەڵات و وەك حیزبێکی خاوەن دیسپلین و مۆڕاڵی مامەڵە بکات و گەشە بە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بدات.

هەربۆیەش لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا نەتوانرا سەرکردایەتی و ئۆرگان و مەکتەب و مەڵبەند و کۆمیتەو تەنانەت جەماوەرەکەشی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و ئەوەبوو لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ وە باڵی ڕیفۆرمخواز و دواتریش گۆڕانخوازان بە ئاشکرا لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا خۆیان لە یەکێتی جیاکردەوە و چیتر نەتوانرا لە ژێر چەتری یەکگرتویی یەکێتیدا بمێننەوە.کە بڕوایان بە ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و چاکسازی و گۆڕانکاری نەبوو.ئەم جیابونەوەیە گورزێکی کەمەرشکێن بوو بۆ یەکێتی و بوە هۆی لاوازی و بێهێزی لەڕووی حیزبی و سیاسی و جەماوەریشیەوە لەبەرامبەر ڕکابەرە سەرسەخت و دوژمنە کۆن و نوێیەکەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانە. لەزۆر هەڵبژاردن و ناوچەدا و بەتایبەتیش لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیاندا کە یەکێتی بە قەڵای سیاسی و جەماوەری خۆی دادەنا و هەرواش بوو. یەکێتی بووە دووەم و سێیەم هێز.

لە ئێستاشدا و دوای ٢ مانگ ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و مانگرتنی هێمنانە و ئاشتیانەی جەماوەر لەناوچەی سلێمانی و گەرمیان و شارەزوور و پشدەر و کۆیە و پێنجوێندا.. جارێکی تر سەنگ و قورسایی و جەماوەری بوون و دەسەڵات و دروشمەکانی یەکێتی کەوتەوە بەر سەنگی مەحەك.

بەڵام بەداخەوە لەدوای ٢٠١١/٤/١٨ وە و ڕۆژانی دواتریش سەرکردایەتی یەکێتی بەگشتی و بەتایبەتیش باڵی عەسکەرتاریەتەکەی کە شەڕەنگێزن و لەئێستادا زاڵن لە بڕیارداندا لەناو یەکێتیدا بەسەرکردایەتی سکرتێری گشتیەوە مێژوو و ئێستا و ئایندەی یەکێتیان ڕەشکردەوە و هێندەی دی یەکێتیان بەرەو بچوکبونەوە و قێزەونکردن برد نەك لەبەردەم دۆست و نەیارەکانیدا بەڵکو لەبەردەم دڵسۆزان و ئەندام ولایەنگران و جەماوەرەکەی خۆشیدا.

یەکێتی هەمیشە بەوە ناسرابوو یان وەکو خۆی ئیدیعای دەکرد و شانازی پێوە دەکرد:

کە پەرۆشی دابینکردنی ژیانێکی پڕ ڕەفا و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئازادی و دیمکوراسی و ئاشتی و دژ بە تیرۆر و تۆقاندن و جەنگ و ناکۆکیە کە بنەمای حیزبێکی سۆسیال دیموکراتە.

کە پەرۆشی دابینکردنی نان و ئازادیە بۆ نوسەران و هونەرمەندان و ڕووناکبیران.

کە پەرۆشی سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی ژنان و مرۆڤە.

کە پەرۆشی سەربەخۆیی زانکۆ و خوێندن و ڕێزگرتنی مامۆستایان و زانایان و ئاینی ئیسلامە.

کەپەرۆشی بەئاشتیانەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و لایەنگری حیوار و تەوافوقی نیشتیمانی و نەتەوایەتیە.

کە پەرۆشی خزمەتکردنی سەرجەم چین و توێژەکان و بەتایبەتیش هەژاران و خانوە قوڕەکان و گوند و جوتیارانە.

- بەڵام بە داخەوە لە ڕۆژی ٤/١٨دا هەموو ئەم دروشم و ئیدیعا و گوتارە بێ ناوەڕۆکانەی وەکو بڵقی سەر ئاوکەوتوو تەقین و ڕووی ڕاستەقینەی سەرکردایەتیە عەسکەرتاریەتەکەی یەکێتیان بۆ هەمووان دەرخست.

کاتێك سەکۆی ئازادیان لەبەردەرکی سەرادا سووتاند بەزەبری هێز و تەقەکردن و توندوتیژی و سەراکەیان داگیرکرد لە جەماوەری ئاشتیخوازی خۆپیشاندەر, چ مانایەکیان بۆ ئازادی و دیموکراسی هێشتەوە.

کاتێك ڕەشبەگیریان ڕاگەیاند و زیندانەکانی ئاسایشی گشتی و فەرماندەیی و زیندانە نهێنیەکانی تریان پڕکرد لە گەنج و لاو لەسەرجەم چین و توێژەکان. ئیدی چ مانایەکیان بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و سەروەری یاساش هێشتەوە.

کاتێك خوێندکارانی کچ و کوڕ و مامۆستایانی زانکۆ و زانایانی ئاینیان ئەشکەنجەدا و گرت و ئەنفالیان کردن و تێر جنێوی ساردو سوکیان بەسەردا بەخشینەوە. ئیدی چ مانایەك بۆ سەربەخۆیی زانکۆ و ڕێزگرتنی زانست و زانایان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام هێشتەوە.

کاتێك کوڕ و کچی گەنجی هەژار و ماڵە قوڕەکانیان شەهید و بریندار کرد. چ مانایەکیان بۆ خزمەتکردن و پەرۆشی هەژاران و جەماوەرەکەی خۆشیان هێشتەوە.

کاتێك نوسەر و ڕوناکبیر و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنیان زیندان و ئەشکەنجەدا چ مانایەکیان بۆ دروشمی نان و ئازادیەکەی خۆیان هێشتەوە.

- بەم شێوەیە یەکێتی لەدوای ٤/١٨ وە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە کە زۆر جیاوازە لە قۆناغی پێشووتر. لەڕووی کردار و گوتار و بەرنامە و دیسپلینە حیزبیەکانیشیەوە. کە ناکرێت چاوەڕوانی کار و کردەوە و خزمەتکردنی جوان و باشی لێبکرێت و ناکرێت چاوەڕوانی فراوانبونی زیاتری پانتایی ئازادیەکان و دیموکراسی لێبکرێت لەسایەی ئەم باڵە زاڵەی ناو سەرکردایەتیەکەیدا.

٢٠١١/٤/١٨ لێرەوە بوە خاڵێکی وەرچەرخانی ڕەش و تاریك لە مێژووی یەکێتیدا و بوە خاڵی جیاکەرەوە بۆ دوو قۆناغی خەباتی یەکێتی.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە. کە یەکێتی بۆ ئەم ڕێباز و ئاڕاستە توندوتیژەی هەڵبژارد؟ کێ پاڵنەر و بزوێنەر و بڕیاردەری ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانە بوو لە دەرەوە و ناوەوەی یەکێتیدا ؟ئەی لەکۆتاییدا یەکێتی چی دەچنێتەوە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە مەترسیدارەدا لە کردار و هەڵسوکەوتکردنیدا بەرامبەر بە جەماوەر ؟

وەلامەکان زۆر ڕوون و ئاشکران .. یەکێتی و سەرکردایەتیە عەسکەرتاریەتەکەی بە پیلان و بەرنامە ئەم ئاڕاستە توندوتیژ و هێز بەکارهێنانەیان هەڵبژارد نەك لە بێئاگایی و نەزانین و کەوتنە هەڵەوە تێی کەوتبن. چونکە لەهەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێوە لە کۆنگرەی سێی یەکێتیەوە ئایندەی یەکێتی ڕوونبۆوە.لەگەڵ ئەمەشدا باش دەزانن بە ئاشتی وەلامدانەوەی جەماوەر و بە ئاشتی دوورکەوتنەوە لە دەسەلات و وازهێنان لە کورسی حوکم و ئیمتیازات و پلە و پۆستەکانیان, مانای نەمانی خۆیان و حیزبەکەیانە و مانای دادگایکردن و ڕووڕەش بوون و تورهەڵدانیانە بەرەو زبڵدانی مێژوو وەك دیکتاتۆرەکانی دوور و نزیکیان لە شاهەنشای ئێران وچاوچیسکۆی ڕۆمانیا و صدامی بەعسی و بن عەلی تونس و و موبارەکی میسر. هەربۆیەش تابۆیان دەکرێت بەهەموو شێواز و ئامڕازێك بەرگری لەدەسەلات و هێز و مانەوەیان دەکەن بێگوێدانە دۆڕاندنی ناو و ناوبانگ و مێژوو سەروەری و دەسکەوتەکانیان وەك دیکتاتۆرەکانی قەزافی و ئەسەد و عەلی عەبدولا سالح. بەم کارەشیان سەلماندیان کە هیچ بڕوایەکیان نە بەدیموکراسی هەیە و نە بەئازادی و بەئاشتیانەی ئالوگۆڕی دەسەلات هەیە و ئەوان بەم کارەیان نەك تەنها بوونە لایەنگری تاکڕەوی و زوڵم وزاڵمی و چەوسێنەر و دیکتاتۆر بەڵکو بۆ خۆیان بەپلەی ئیمتیاز بوونە دیکتاتۆر و پاوانخواز و بەندەی کورسی و دەسەلات.

ئاشکراشە پاڵنەری ئەم کارەی یەکێتی. دوژمنە سەرسەختەکەیەتی کە پارتیە و پارتیش گەرەکێتی یەکێتیش وەکو خۆی بکاتە پارتێکی تاکڕەو و خۆسەپێن و بنەماڵەیی و پاوانخواز و نادیموکراسی و دوژمنی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و بەندەی دوژمنانی کورد و کوردستان و بەمەش هیچ جیاوازیەك نامێنێت لە نێوانیاندا و چیدی یەکێتیش خاوەن هیچ سەروەریەك نامێنێت کە خۆی پێوە بابدات بەسەر پارتیدا. ئەمەش لەسایەی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان شەخصی بارزانی و تاڵەبانیدایە کە زۆربەی مەکتەب سیاسیەکانیشیان ئاگاداری بەند و بڕگە نهێنیەکانی نین. بزوێنەری سەرەکیش و تاك و تەنها لەناو یەکێتیدا بۆ ئەم ئاڕاستەیە تەنها کەسی سکرتێری گشتیە و هەر ئەو لێپرسراوە لە بچوکبونەوە و لاوازکردن و بەرەو نەمان چوونی یەکێتی. هەر ئەویش لێپرسراوە لە قێزەونکردن و

دوورکەوتنەوەی یەکێتی لە جەماوەر. هەر ئەویش لێپرسراوە لەڕشتنی هەموو خوێنێك و پێشێلکردنی یاسا و ڕێزنەگرتن لەخەبات و سەروەریەکانی یەکێتی.لە ئێستادا سکرتێری یەکێتی بۆخۆی بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆ ئێستا و ئایندەی یەکێتی کە هەقە سەرکردایەتیەکەی چیدی ڕێگەی پێنەدەن یەکێتی زەلیل و ڕسواتر بکات.و لەو ڕاستیە باش تێبگەن کە هەمیشە یەکێتی گەورەتر و باڵاتر و پیرۆزترە لە سکرتێرەکەی.

ئەنجامیش زۆر ڕوونە کە یەکێتی تەنها بچوکبونەوە و نەمان و بێهێزی و لاوازی زیاتر دەچنێتەوە لەبەرامبەر پارتیدا و لەدەستدانی سەنگ و قورسایی و مێژووە گەشەکەشی دەدۆڕێنێت لەبەردەم دۆست و نەیارانی و جەماوەرەکەشی و مێژوویەکی ڕەش و قێزەونیش بۆ خۆی تۆمار دەکات.هەربۆیە لە ئێستادا کارێکی هەنوکەیی لەبەردەم یەکێتیدا ئەوەیە کە بەڕێزەوە بڕوانێتە داواکاری جەماوەری خۆپیشاندەر و شەقام و ئۆپۆزسیۆنی گەلەکەمان و دووربکەوێتەوە لەملهوڕی و هێزبەکارهێنان بۆ ئەوەی تا کات ماوە بتوانرێت یەکێتی ڕزگار بکات لە نەمان و بچوکبونەوەی زیاتر...

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردستان پۆست لە ٢٠١١/٤/٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

*******************************

## کوردستانی نوێ

## فێرگە گەورەکەی ڕۆژنامەنوسانی نەوەی دوای ڕا پەڕین....*

- ئاشکرایە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان بریتی بوو لە ڕۆژنامە ئازیز و پێشەنگەکەی کوردستانی نوێ کە ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و لە ئێستادا یادی دوو دەیەی تەمەنی پڕ بەرهەم و بەخشش و داهێنان و فێرکردن و پێشەنگی و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی ڕۆژنامەنوسانی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەینەوە.

کوردستانی نوێ وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەردەمی نوێی ئازادی و دیموکراسی کوردستان, هەر لە ڕۆژە یەکەمەکانیەوە وتاکو ئێستا بۆتە مینبەرێکی دەرگا والا بۆ هەموو تواناکان و بۆ هەموو بیروڕا جیاوازەکان و بەمەش متمانەی خۆی لای هەموان دروستکرد و هەموانیش بەپەرۆشەوە قەڵەمەکانیان خستە کار بۆ گەشەپێدان و زیاتر پێشخستنی ڕۆژنامەکە بە بیروڕا و پێشنیاز و ڕەخنەکانیانەوە.

کوردستانی نوێ کە ئۆرگانێکی حیزبیە, مافی خۆیەتی بیروڕا و بەرنامە و بلاوکردنەوەکانی حیزبەکەی خۆی بلاوبکاتەوە و لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتیەکانی حیزبەکەی خۆیدا کار بکات, بەلام هەمیشە بوار و مەودایەکی گەورەو پان و پۆڕیشی هێشتۆتەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە سەرکردە و بەرنامە و حکومەت و دیاردە دزێو و گەندەڵکاریەکانی ناو کۆمەڵگا و هەموو ڕەخنە و ڕایەکی تریشی بلاوکردۆتەوە گەر لە سیاقی ئەکادیمی و پیشەیی و ڕێز و پاراستنی پیرۆزیەکاندا بن و بەزمانی گوڵ نوسرابێتن. کە هەر ئەمەش وایکردوە کوردستانی نوێ جێگەی بڵند و ڕۆشنی خۆی لای نوسەرانی بیروڕا جیاواز و ئازادەکانیش دروست بکات.

کوردستانی نوێ, بەهۆی ئەوەی کە ڕاسگۆیی و پیشەیی و پشوودرێژی لەکارکردندا کردۆتە سیمای خۆی, کەمترین هەڵە و کێشە و گرفتی بەرەو ڕوو بۆتەوە. کە ئەمەش بۆخۆی گەواهیەکی گەورەیە لە سەر پێگە و بیرکردنەوە و مێژووی کوردستانی نوێ.

کوردستانی نویٚ, بە درێژایی ٢٠ ساڵەی تەمەنی دەقی نەگرتوە تەنها بە ڕچە و ڕێباز و بوارێکی تایبەتیەوە, بەڵکو بە توانا و هۆشیاری و سەلیقەیی سەرنوسەر و ستافی کارای ڕۆژنامەکە هێز و توانای خۆی لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وهونەر و ئەدەب و زانست و وەرزش و ...هتد.تاقیکردۆتەوە و سەرکەوتوانەش لێیدەرچوە و توانیویشێتی کە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا خۆی بگونجێنێت و گوتارو سیاسەتی خۆی بەسەنگینیەوە بەردەوامی پێبدات بەمەش بۆتە ڕۆژنامەیەکی هەمە چین و توێژەکان و هەموانیش سوودمەند و بەشدار و خوێنەر و کڕیار و هاوکار بوون بۆ ڕۆژنامەکە کە هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کوردستانی نویٚ زۆرترین فرۆشتن و زۆرترین خوێنەر و زۆرترین نوسەر کاری تیادا بکەن و بەشداری بکەن.

کوردستانی نویٚ, پێشەنگ بوە لەوەی کە تەنها قەتیس نەبوە بۆ نوسەرانی کورد, بەڵکو کوردی هەر چوار بەشەکەی کوردستانی گەورە و نوسەرانی عێراقی و بیرمەند و ڕۆشنبیرانی بەناوبانگی عەرەبی و ئیسلامی و بیانیش ووتار و بابەتی سیاسی و فکری تیادا بلاٚوبکەنەوە.

کوردستانی نویٚ, بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە دەردەچێت بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی تەواو بە ڕێك و پێکی و بەردەوامی , بۆتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوان و خوێندکارانی زانکۆ و خوێندنی بالاٚ لە هەموو بوارەکاندا کە ئەمەش بۆخۆی گەواهیەکی ترە لەسەر متمانە و ڕاسگۆیی و پیشەیی و زانستی بوونی کوردستانی نویٚ لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا.

کوردستانی نویٚ, لەبەر ئەوەی هەمیشە بەتەنگ پاراستن و پارێزگاری و پیرۆز ڕاگرتنی بەها و ئاکارە ڕەوشتی و ڕۆحی و تایبەتمەندیەکانی تاك و گروپەوە بوە لە بوارەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە خێزانی و گەنج و لاوان و ژنان و ...هتد. هەبوونی بابەتی تایبەت بەو چین و توێژانە بەشێوەیەکی زانستی و لەچوارچێوەی ئادابی گشتیدا و دوور لە ووروژاندن. هەمیشە و هیچ کات نەبۆتە هۆی دروستبوونی کێشە و هیچ کاتێکیش نەبۆتە مایەی شەرم و ترس لەبردنە ماڵەوە و خوێندنەوەی لەناو ئەندامانی خێزاندا. کەئەمەش هێندەی تر سەنگینی و متمانەبوونی کوردستانی نوێی زیادکردوە بەتایبەتی لەناو خێزانەکاندا.

کوردستانی نویٚ بەهۆی تەمەن درێژی و بەردەوامی و دەرگا ئاوەڵەیی و نەبوونی سانسۆرێکی زۆر توند لەسەر بلاٚوکردنەوەی بابەتەکان. بۆتە فێرگە و قوتابخانە یەکەم و

گەورەکەی نەوەی نوێی ڕۆژنامەنوسانی گەنج و توانیویەتی ببێتە دەروازەیەکی گەورەو کراوە بەڕووی زۆرێك لەو ڕۆژنامەنوس و نوسەر و شاعیر و ئەدیبانەی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە دەستیان داوەتە قەڵەم و نوسین کە زۆربەیان لە ئێستادا بونەتە نوسەر و ڕۆژنامەنوسی دیار و شارەزا و توانیویانە خزمەت بەبواری ڕۆژنامەنوسی کوردی بکەن.

بەندەش بۆخۆم بە فەخر و شانازییەوە یەکێکم لەو کەسانەی کە لە ڕێگەی کوردستانی نوێی زێدە ئازیزەوە توانیومە دەست درێژ بکەم بۆ نوسین و جورئەتی قەڵەم بەدەستەوە گرتنم پێبڕێ و لەساڵی ١٩٩٦وە کە یەکەم بابەتم بڵاوکرایەوە ئیدی تائێستا بەردەوامم و توانیومە ببمە سەرنوسەری گۆڤارێکی زانستی و هەربۆیەش هەمیشە فەزڵ و چاکەی کوردستانی نوێ لەیاد ناکەم.

- لەکۆتایدا, سەرەڕای هەبوونی کەلێن و کەموکوڕی و هەڵە و لەهەندێ قۆناغیشدا تۆخبونەوەی حیزبایەتی و بەرتەسککردنەوەی مەودای ڕای جیاواز و بڵاوبونەوەی ڕەخنە و بیروڕای ئازاد و بڵاونەکردنەوەی بابەتی نوسەران لە کوردستانی نوێدا. بەڵام هەمیشە کوردستانی نوێ توانیویەتی پارێزگاری لە ناو وناوبانگی گەشاوەی خۆی بکات و ڕاستگۆیی و پیشەیی بونی خۆی بپارێزێت و دانەخزێتە ناو بازنە تەسکەکانی ململانێی حیزبایەتی و پارێزگاری لە ئاستی بەرزی خۆشی بکات و دووربکەوێتەوە لە ڕچە و ڕێبازی ڕۆژنامە رووزەردەکان و نەبێتە بڵندگۆیەك بۆ ناوزڕاندن و داهێنانی وشەی قێزەون و زبری دوور لەڕەوشتی کوردەواری.

هەربۆیە خوازیاری بەردەوامبوون و تەمەندرێژی و بەخششی زیاتر بۆ کوردستانی نوێ دەکەم و بەهیوای ئەوەی لە ئایندەشدا ڕۆڵی پێشەنگی و فێرکاری و سەنگینی خۆی بەردەوامی پێبدات و بواری زیاتریش بۆ ڕای جیاواز و ئازادەکانیش والأتر بکات و نەترسێت لە ڕەخنە و پێشنیاز و بۆچونە دژەکانیش. هەربەمەش دەبێتە گوڵدانە جوان و ڕازاوەکەی وشەی کوردەواری و هێندەی تر بەرز و بڵندتر دەبێت وڕۆڵە مێژوویی و پەیامەکەی خۆشی لەبواری ڕۆژنامەنوسی و چەسپاندنی بیری کوردایەتیدا هێندەی تر بەسەرکەوتوویی دەگەیەنێت و لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیشدا کوردستانی نوێ تاهەتایە بە ناوێکی دیار و درەوشاوە دەمێنێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٦٥٦ لە ٢٠١١/١٢/١٩دا بڵاوکراوەتەوە.

*******************************

لە پەراوێزی مشتومڕ لەسەر مانەوە یان نەمانەوەی ڕێکەوتنی ستراتیژی

## ئەریٚ کاتی هەڵوەشاندنەوەی

## ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی نەهاتووە؟ *

- ئاشکرایە ڕێکەوتنی بەناو ستراتیژی لە نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئیمزاکراوە لە ۲۰۰۷/۷/۲۷دا. ئەوەی بەندە ئاگاداربم ماوەکەی بۆ دوو خولی هەڵبژاردن دەبێت واتە ۸ ساڵ, کە وەك لەکاتی خۆیدا ئاشکرا کرا لە چەند خاڵێك پێکهاتووە کە گوایە هەموانیان لە سوود و قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەواو دەبێت. بەڵام خاڵە نهێنییەکانی تا ئێستاش زۆرێك لە سەرکردایەتیەکانی هەردوولاش نایزانن و لێیبێئاگان.

ئەم ڕێکەوتنامەیە لەو کاتەدا بۆ؟

ئاشکرایە ساڵی ۲۰۰۷ دەکاتە دوای ٤ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیدا و بە تەواوەتی قۆناغێکی نوێ هاتە کایەوە کە پێویست دەکات هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی عێراق بە کورردستانیشەوە خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. قۆناغی گرتنە دەستی دەسەڵاتی عێراقە, عێراقێکی دەوڵەمەندی پڕ سەروەت و سامان و ئیمتیازات. عێراقێك کە هەموو دەوڵەتانی ناوچە و دونیا و زلهێزەکانیش تەماعیان تیادایە بۆ ئەوەی هەریەکە و لە بۆچوون و بەرنامە و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و سەربازی خۆیانەوە کەڵکی لێوەربگرن و بەشی خۆیان دەسبکەوێت.

کوردستانیش پێش ئەم قۆناغە, هەرێمێکی بچوکی داخراوی تاڕادەیەك نەناسراو بوو,بۆیە بەڕزگارکردنی عێراق دەروازەیەکی گەورەی ناوچەیی و دونیایی لێکرایەوە,بەتایبەتیش دوای بەشداریکردن و ڕۆڵ بینینێکی کارا لەلایەن کوردەوە لەدەسەڵاتی نوێی عێراقدا و وەرگرتنی پلەو پایە و پۆستی باڵا و گەورە, و تێکەڵ بوون بە بازاڕێکی گەورەتر و پڕ خێر و بێرتریش. بۆیە نەدەکرا هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە کوردستان بەکێشە و ململانێ و ناکۆکی و ناتەباییەکانی

کوردستانەوە بچنە بەغداد.چونکە بێ یەکتری و بێ ڕێکەوتنامەیەکی ستراتیژی ئاوهای پێشوەخت لەسەر دابەشکردنی پۆست و پلە و پایە و ئیمتیازاتەکان بچوك و بێسەنگ دەبوون لەناو هێز و لایەنێکی زۆر و گەورەی عەرەبیدا.هەربۆیە بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی گەورەیی و کاریگەری و دەسکەوتەکانی خۆیان ئەم ڕێکەوتنامەیەیان ئیمزاکردو و بە هەقیش توانیان گەلێك دەسکەوتی گەورە بۆ خۆیان و حیزبەکانیان چنگ بخەن و تائێستاش بەردەوام بن.

- کاریگەرییەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە

ئەم ڕێکەوتننامەیە کاریگەری باش و خراپی هەبوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیشدا لەوانە:-

- لە سەر ئاستی عێراقدا

تاڕادەیەکی باش و لەدەورانی یەکەمی دەسەڵاتی نوێی عێراقدا لە ئەنجومەنی حوکم و نوسینەوەی دەستوری کاتی و هەمیشەیی و پەرلەمانی کاتی و دواتر هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆماردا,توانرا لەڕێگەی پێکەوەکارکردن و هاوکاری و هاوئاهەنگی پارتی و یەکێتیەوە سەنگ و قورسایی کورد بپارێزن و گەلێك دەسکەوت و پلە و پۆستی گەورە و گرنگ لە حکومەت و پەرلەمان و سوپادا بۆ کورد وەدەستبخەن و بەشێوەیەکی گشتی لەسەر مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان کۆك و تەبا بن. لەکاتێکدا لەم خولەدا هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کاراو چالاك لە کوردستان دروست نەببوون و نەببونە هێزی فشار بۆ سەر یەکێتی و پارتی.

بەڵام لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا لەساڵی ٢٠١٠دا و تاکو ئێستا و دروستبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ئاکتیڤ لەکوردستاندا لە بەرانبەر هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا. و هاتنە ئارای گۆڕانکاری گەورە لە بەلانسی هێزە سیاسیەکان لە عێراق و کوردستاندا و لەنێوان شیعە و سونەدا و بچوك بونەوەی هێز و توانای پارتی و یەکێتی لەبەردەم گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆندا و بەشداریکردنیان لە هەردوو پەرلەمانی عێراق و کوردستاندا.

لەدوای ئەم قۆناغەی سەهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن ئەم ڕێکەوتنامەیەش بوە جێگەی ڕەخنەلێگرتن و ئاشکراکردنی کەلێن و کەموکوڕیەکانی و تۆمەتبارکردنی بە

قۆرخکردنی دەسەڵات و ئیمتیازاتە سیاسی و ئابوریەکان تەنها بۆ یەکێتی و پارتی و ئیدی ڕێکەوتنەکە نە ئەو پیرۆزییەو نە ئەو پتەوی و بەهێزیەی جارانی نەما تەنانەت لەنێوان پارتی و یەکێتیشدا و لە زۆر مەسەلەدا لە پەرلەمانی عێراقدا ناکۆکی و ناتەبایی ڕاوبۆچونیان تێکەوت هەربۆیە لە ئێستادا لەسەر ئاستی عێراقدا ئەم ڕێکەوتنامەیە گەرچی لە خولی یەکەمدا کاریگەری و ڕۆڵی زۆر باشی هەبوو, بەڵام لە ئێستادا هێواش هێواش ئەو ڕۆڵە کاریگەر و درەوشاوەیەی یەکەم جاری نەماوە.

- لەسەر ئاستی کوردستاندا

ئەم ڕێککەوتنامەیە بە پلەی یەکەم لەبەرژەوەندی مانەوە و بەردەوەام بوونی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا بووە. بۆ قۆرخکردن و دەست بەسەراگرتنی سەرجەم وێسگەکانی بڕیاری سیاسی و یاسادانان و حکومەت و داهات و دارایی و ئابوری و بازاڕی کوردستان تەنها بۆ خۆیان ,هەربۆیە لە سایەی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا یەکێتی و پارتی وەك یەك تیم و تەنانەت زۆر جارانیش وەك یەك حیزب و سەرکردایەتی کۆدەبونەوە و بڕیاریان دەدا کە ئەمەش بۆ خۆی ببوە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ لە سەر دیموکراسی و ئازادیەکان و بەرتەسککردنەوەی کاری سیاسی و میدیایی و ...هتد.ئەم یەکبون و هاوپەیمانێتیەشیان بە تایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کارا بوو لە کوردستاندا و بەرزبونەوەی ئاستی ناڕەزایی و توڕەبونی جەماوەریش بوو بە هەموو چین و توێژەکانەوە.

بەڵام لەلایەکی ترەوە گەر سەیری ئەم ڕێکەوتنامەیە بکەین دەبینین ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە یەکخستنی گوتار و کرداری کورددا لەبەردەم عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا.بوە هۆی ڕەواندنەوەی تەمی شەڕی ناوخۆ و براکوژی,بوە هۆی یەکبون و یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی سلێمانی و هەولێر ئەگەر بە ڕووکەشیش بوبێت. لەگەڵ ئەو بودجە زۆرەی کوردستاندا کە ١٧٪ ی بودجەی عێراقە و داهاتەکانی تریش,کە هەرچەندە کاری خزمەتگوزاری و پڕۆژەی گەورە و بچووك کراون و هەنگاوێکی باشی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری پێشکەشکراوە. بەڵام زۆر کەمە ودەکرا زۆر زیاتر بکرایە گەر گەندەڵی و مشەخۆری نەبوایە.

بۆیە لە کۆتاییدا ئەم ڕێکەوتننامەیە لە کوردستاندا بەگشتی هێندەی لەبەرژەوەندی دوو حیزبی دەسەڵاتدار تەواو بووکە لێرەشدا زۆر جاران یەکێکیکیان لەوی تریان زیاتر سوودمەند دەبوو,نیو هێندە لەبەرژەوەندی دیموکراسی و ئازادی و بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و دەستکورتدا تەواو نەبوە.هێندەی بۆ چەسپاندن و مانەوەی هەردوو حیزب لەدەسەڵات و پۆستە باڵاکاندا بوە نیو هێندە لە خزمەت خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەدا نەبوە.هێندەی لە بەرژەوەندی دەسکەوتی مادی و سەروەت و سامان و بەهەدەردانی سامانی نەوتی کوردستان و بەهەرزان فرۆشتنی تەواو بوە. نیو هێندە لە خزمەت ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکدا تەواو نەبوە.

- لە ئێستادا, ئایا دەکرێت ئەم ڕێکەوتنامەیە چیدی درێژەی پێبدرێت و بەردەوام بێت؟ یان کۆتایی پێبهێنرێت؟ ئایا هۆکار و پێداویستیەکانی هاتنە بوونی هەروەکو پێشتر ماون و کاریگەرن؟ یان گۆڕانکاریەکانی کوردستان وعێراق و ناوچەکە پێویست بە خۆڕێکخستنەوە و جۆرە ڕێکەوتنێکی تر دەکات؟

ئەم ڕێکەوتنامە بەناو ستراتیژیەی نێوان یەکێتی و پارتی کە هەر لەسەرەتاوە بۆ پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی دوو حیزبەکە بوە. نەك کۆمەڵانی خەڵك. لە کاتێکیشدا یەکێتی و پارتی مێژوو و ڕابوردوویەکی ڕەش و خوێناویان هەیە لەگەڵ یەکتردا کە درێژ دەبێتەوە بۆ ساڵەکانی شەستی سەدەی ڕابووردوو. کە لەماوەی نزیکەی ئەم ٥٠ ساڵەدا هێندەی لە ململانێی خوێناوی و لە کەمین و بۆسە و پیلانی لەناوبردنی یەکتردا بوون بە چارەکی ئەوە لاپەڕەیەکی سپی و برایەتی و تەباییان لە نێواندا نەبوە نە لەشاخ نە لە شار.هەربۆیە ئەم ڕێکەوتنامەیە لە ئەنجامێکی سروشتی و خۆڕسکی و نزیکی و تەبایی و لێکتێگەیشتنی مێژووییەوە نەهاتۆتە بوون.بەڵکو لەبەر دروستبوونی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتیان و سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆن و لەبەر دەسکەوتن و بەشداری و دابەشکردنی داهاتە زۆر و زەوەندەکەی کوردستان و عێراق و وەك هەنگاوێکی تاکتیکی هاتە بوون.واتە بە پرۆسەیەکی قەیصەری و کتوپڕ وەك دەڵێن بە ((شەقی زەمانە ( دیفاکتۆ)) لەدایك بوو.کەوەك هاوسەرگیریەکی بەزۆر و بە نابەدڵ وابوو لە نێوان کۆنە دوژمنەکان و دۆست و هاوپەیمانە

نوێیەکاندا.کە ئاشکراشە هەر پرۆسەیەکی ئاوها هەرگیز سەرکەوتنی هەتاهەتایی بۆ مسۆگەر ناکرێت.

هەربۆیە دوای نەمانی هۆکار وپێداویستیە ڕاستەقینەکانی هێنانە کایەی ئەم ڕێکەوتنامەیەوە و ڕوودانی گۆڕانکاری گەورەش لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە لەسایەی ڕاپەڕین وشۆڕشەکانی گەلانی بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لە کوردستان و هوشیاربونەوەی زیاتری جەماوەر و میدیاکان و تەنانەت گۆڕانکاریش لە هێز و دەسەڵات و نفوزی یەکێتی و پارتی خۆشیاندا,و دەرکەوتنی کەموکوڕی و کەلێنەکانی ڕێکەوتنامەکە و دروستبوونی گلەیی و گازندە لە ڕێکەوتنامەکە تەنانەت لەلایەن سەرۆك و سکرتێری هەردوو حیزبەکەشەوە و دواتر مەکتەب سیاسیەکان و سەرکردایەتیەکانیشیان ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نەتوانرا ئەو ڕێکەوتنامەیە هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستا شۆڕبکرێتەوە بۆ بنکەی ڕێکخستن و جەماوەری هەردوولاش کە ئەمان زۆر زیاتر و هەر لەسەرەتاوە ناڕازیبوون بەم ڕێکەوتنامەیە چونکە نەپرسیان پێکراوە نە تائێستاش ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەیان لا ڕوونە.

هەربۆیە لە ئێستادا چیدی پێویست بەدرێژەدان و بەردەوام دان بەم ڕێکەوتنامەیە ناکات. چونکە بۆتە تەوقێکی ئاسنین لەگەردنی هەردوولادا و ئازادی گوتار و کردار و هەڵوێستی لێ زەوتکردوون و هیچکامیان ناتوانن سیاسەت و بیروڕا و هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆیان لەسەر مەسەلەکان دەرببڕن. بۆیە کاتی ئەوە هاتوە هەردوولا بەخۆشی خۆیان دەستەبەرداری یەکتر بن و ئەم هاوسەرگیرییە سیاسیە-ئابوریە زۆرە ملێ و ڕابووردووە تەمەن کورتەیان و مانگە هەنگوینیەکەیان بە ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی جیابونەوە ( **طلاق**) ی سیاسی و ئابوریان کۆتایی پێبهێنن و چیدی نەخۆیان و نە کۆمەڵانی خەڵکیش هەڵنەخڵەتێنن بە بیانوی پاراستنی یەکڕیزی گەل و نیشتیمان و خاکی کوردستانەوە.

چونکە هەر لەم ماوەیەدا, لەسەر مەسەلەی نەوت و گازی کوردستان و هەڵوێست وەرگرتن لەسەر متمانە سەندنەوە لەحکومەتی مالکی و هێنانی سوپا و هێزی سەربازی عێراقی بۆ ناوچەی زومار و شەنگال .. هێندەی نەمابوو دابڕانی گەورە و ئاشکرا ڕوویدات لە نێوان یەکێتی و پارتیدا و بە ئاشکراش هەریەکەیان لە ڕاگەیاندنەکاندا و لەسەر بەرزترین ئاستدا گلەیی و گازندە و ڕەخنەیان لە هەڵوێستی یەکتر دەگرت و بەرامبەرەکەیان بەبێ وەفا و بێ ئەمەك ناودەبرد.

بۆیە لە ئێستادا و دوای هاتنەکایەی ئەم هەموو گۆڕانکاریانە لە تورکیاو ئێران و سوریادا.کورد پێویست دەکات بە عەقڵیەتێکی کراوەتر و بە پلانێکی ووردتر و تۆکمەتر و یەکگرتووتر و بەگیانی دڵسۆزی و ڕاستەقینەوە. ڕووداوو پێشهاتەکان هەڵبسەنگێنن و ئامادەباشیش بکات بۆ ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان و لە پێناو بەرژەوەندی حیزب و سەرکردە و دەسکەوتی ئابوریدا, ئەوسەروەری و ئازادیەی کە گەلەکەمان هەیەتی نەیکەنە قوربانی.

جا لە ئێستادا با کورد دابەش نەبنەوە بەسەر بەرەی عوسمانی و سەفەوییەکان بە بیانوی بێئەرزشەوە.و مێژووی ڕەشی ڕابووردوی چەند سەدەی ڕابووردومان دووبارە نەکەینەوە چونکە ئەم هەلەی هاتۆتە پێش بۆ کوردان لە باشور و ڕۆژئاوا و بەدڵنیایش لەباکور و ڕۆژهەلاَتیشدا و لە ئایندەیەکی نزیکدا بارودۆخی کورد گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت .ناکرێت بەهۆی ململانێی ناڕەواوە لە دەستی بدەین. بۆیە ئەرك و ماندووبون و لەخۆبوردن و هێمنی و لەسەر خۆیی و پشوودرێژی و دووربینی و هوشیاری گەورەی گەرەکە.

باهەموان خۆمان ڕابێنین لەسەر دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلاَت و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە دەسەلاَت. هەربەمەش مێژوو ڕابووردوو سەروەریەکان گەشدەبێتەوە و سەر لەنوێ بەهێز و تواناوە دێتەوە پێش نەك خۆ قەتیسکردن لە چوارچێوەی یەك سیاسەت و یەك بەرنامە و یەك سەرکردە و یەك حیزبدا.

باسەرکردەکان جێگەی خۆیان چۆڵ بکەن بۆ نەوەی نوێ و چیدی ماف و تەمەنی نەوەکان نەخۆن.چ حیزب و چ کۆمەڵگە تەنها بە گۆڕانکاری و خۆ نوێکردنەوە و خۆڕێکخستنەوە بە سەرکردە و بەبیر و توانا و بەرنامەی نوێوە گەشە دەکات و گەورە دەبێت و دەمێنێتەوە نەك بەخۆسەپاندن و قۆرخکردنی دەسەلاَت تەنها لەلایەن یەك سەرکردە و یەك حیزب و تەنها گروپێکەوە.

بۆیە دەڵێین ڕێکەوتنامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی سەردەمی بەسەر چوە و پێویست دەکات ڕێکەوتنامەیەکی ستراتیژی تۆکمەتری نەتەوەیی جێگەی بگرێتەوە کە هەموان تیایدا بەشداربن نەك تەنها دوو هێز و دوو سەرکردە و نەك تەنها لەیەك پارچەدا بەڵکو لەهەر چوار پارچەکەدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد لە ٢٠١٢/٨/٧دا و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە٤٨٥ لە ٢٠١٢/٨/٢٥دا بلاَوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەیەك

## بۆ پڕۆژەی (( چاكسازی و نوێبونەوە )) كەی بەڕێز مام جەلال *

- سەرەتا دەست خۆشی لەهەر سەركردە و ڕابەر و دڵسۆز و كەسایەتیەك دەكەم كە لەنیەتێكی ڕاستگۆیانە و كوردانەوەو پەرۆش بۆ كورد و كوردایەتی و ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیە هەڵدەستێت بە پێشكەشكردنی هەر ڕاو بۆچونێك و پرۆژەیەك لە پێناو سەرخستن و زیاتر بەرەو پێشچوونی ئەم ئەزمونە كوردیە. ئەم پرۆژەیەی بەڕێز مام جەلالیش لەچەند ڕوویەكەوە گرنگە چونكە مام جەلال سكرتێری گەورەترین حیزبی سیاسی كوردوستان و عێراقە و لەلایەكی تریشەوە بەشدارە لە حوكم و دەسەڵاتی كوردستاندا و لەلای سێهەمیشەوە مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵیشە و كەسایەتیەكی گرنگی ناوچەیی و جیهانیشە .

كە هەموو ئەم هۆكارانە هێندەی تر گوڕژم دەدەنە ئەم پڕۆژەیە و دەكرێت ببوایەتە بەرنامەیەكی كاری سەرتاسەری گەر هەندێ كەموكوڕی تیادا نەبوایە كە خاڵی گرنگ و جەوهەرین. بەڵام بۆ خۆی سەرەتا و دەسپێكێكی گرنگە دوای ١٨ ساڵ لوتكەی هەرەمی دەسەڵاتی حیزبی و حكومی لەكوردوستان و لە عێراقدا هەست بەمەترسی بارودۆخ و ڕەوشە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیەكان بكات و هەوڵی چاكسازی و نوێبونەوەشی بدات.

- وەك ئاشكرایە پڕۆژەكە بەناوی (( چاكسازی و نوێبونەوە)) هاتووە. كەواتە هەر لەسەرەتاوە دانپیادانانێكی ناوەخنی تیادایە كە لە ڕابووردوو ئێستاشدا لادان و گەندەڵی و كەموكوڕی لە ئیشوكارەكاندا چ لە حیزب و چ لە حكومەتدا هەبوە و هەشە. چونكە هیچ پڕۆسەیەكی چاكسازی لە بۆشاییدا و لە كارو بەرنامەیەكی تۆكمە و بێ كەموڕیدا ناكرێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا كێ هۆكاری سەرهەڵدانی لادان و كەموكوڕی و گەندەڵی و خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات و دەستێوەردان و پێشیلكردنی ئازادی و سەربەخۆیی دادگا و زانكۆكان بونە؟ و كێ هۆكاری بڵاوبونەوەی دیاردە

دزێوەکانی تەکەتولچێتی و ناوچە و خێڵ و بنەماڵە چێتی و خزمخزمێنە و مەحسوبیەت بوە ؟

وەلام , هەموو سەرکردە و ڕابەر و لێپرسراوە بالاو دەستڕۆیشتوەکانی حیزبەکان بوە لەپێش هەموشیانەوە یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تریش هەریەکەیان بە قەبارە و دەسەلاتی خۆیان ئەو پێشێلکاریانەیان کردووە.

ئاشکرایە پرۆسەی چاکسازی لە هەرکارێکدا, پێویست بەدەستنیشانکردنی هۆکار و کاریگەری و کەس و لایەنەکان دەکات و دواتر چارەسەریش بەلابردن و نەهێشتنی هۆکارەکان و سزادانی کەس و لایەنەکان دەبێت.بەپێی یاساو لێپێچینەوە و سزادان و ...هتد. ناکرێت پرۆسەیەکی واگەورەو گرنگ تەنها بە پرۆژەو دروشم بێت و لەسەر دەستی هەمان ئەو کەس و لایانانە بکرێت کە خۆیان هۆکاری سەرەکی گەندەڵی و لادان و کەموکورپیەکان بوون. بۆیە ئەگەر ئەو کارە نەکرێت, پرۆسەی چاکسازی بێ مانا و بێ ناوەڕۆك و بەتاڵ دەبێتەوە لە مەغزاو مەبەستە سەرەکیەکەی خۆی و ناچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و چانسی سەرکەوتنیشی نابێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە, چاکسازی لە کێوە ؟ لەکوێوە ؟ دەسپێبکات...

وەلام , پێویستە پرۆسەی چاکسازی سەرەتا لە حیزبە سیاسیەکانەوە دەستپێبکات لە بچوك و گەورەوە, لە بێ دەسەلات و دەسەلاتدارەوە, چونکە هەمان کادری ئەو حیزبانەن چونەتە ناو دام و دەزگاکانی حکومەتەوە و حکومەتیشیان توشی بێ بەرنامەیی و گەندەڵی و دیاردە دزێوەکانی تر کردوە بە پشت ئەستوریان بە حیزبەکانیان.ئاشکراشە هەموو کادرە حیزبیە بالاو دەستڕۆیشتوەکان چونەتە پلە و پۆستە حکومیە بەرز و خاوەن بڕیارەکانەوە. کەواتە کاری گەندەڵی و دوور لەیاسایی و پێشێلکردن و دەستێوەردان و خزمخزمێنە لەسەرانی حیزبەکانەوە سەریهەڵداوە و دواتر شۆڕ بۆتەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە. چونکە تەنها سەرانی حیزبەکان خاوەن پلە و پایە و دەسەلات و نفوز و پارە بوون کە دەتوانن هەموو کارێکی بێ یاسایی ئەنجام بدەن . نەك کادرەکانی خوارەوە.

هەربۆیەش دەبێت پرۆسەی چاکسازی لە سەرانی حیزبەکانەوە دەست پێبکات لە ڕابەر و سەرۆك و سەرکردەکانەوە چونکە فەرمان و بڕیار ئەوان دەریان کردوە بۆ ئۆرگانەکانی خوارەوەو ئەوان سەرچاوەی گەندەڵیەکانن. هەروەك چۆن مێشك سەرچاوەی بڕیار و فەرمانەکانە بۆ هەموو جەستەی مرۆڤ . جا هەرکاتێك بەشێك لە جەستە تووشی نەخۆشی یان پەککەوتنێك هات ئەوا چارەسەر سانایە چونکە سەرچاوەی فەرمانەکە ساغ و سەلیمە , بەلاَم ئەگەر مێشك خۆی توشی نەخۆشی و پەککەوتن هات ئەوا هەموو جەستەکە توشی نەخۆشی و کەموکوڕی و لاوازی دەبێت و چارەسەریش سانا نابێت.لەئێستای کۆمەڵگای کوردەواریدا سەرچاوەکە کە سەرکردایەتی سیاسیە گەندەڵ و نەخۆش و پەککەوتەیە ئیدی هەموو کۆمەڵگاشی گرتۆتەوە و چارەسەریش سانا نیە .

بۆیە پرۆسەیەکی وا گەورەو گرنگ, پێویستی بەکاری وورد و بەرنامەیەکی زانستی و واقیعی و گشتگیر و خاوەن میکانیزمێکی دیار و ڕۆشن هەیە و لەکاتێکی دیاری کراویشدا. نەك ئاوا بەکراوەیی و بێ دیاریکردنی قۆناغ و کات و میکانیزم و لێپرسینەوەو بەداواچوون و سەرپەرشتی کردن بێت.

- بەشی دووەمی پرۆژەکە (( نوێبونەوەیە))

پرسیار ئەوەیە نوێ بونەوە لە چیدا؟ لە کێدا ؟ بەمەبەستی چی ؟ و .....هتد.

پرۆسەی نوێبونەوەش پرۆسەیەکی گەورە و فراوان و گرنگ و زۆر هەستیارە . چونکە هەموو کەس و لایەن و بیرکردنەوە و بەرنامەیەك بە ئاسانی کرداری نوێبونەوەی پێ قبوڵ ناکرێت و هەشە نایەوێت قبوڵی بکات بە ئاسانی .بەتایبەتیش کەس و لایەنی کۆنە پارێز و داخراو و بیر تەسك وخاوەن بەرنامەی توندڕەوی نەتەوەیی و مەزهەبی و دینیەکان, ئاشکراشە لە کوردوستاندا حیزبە سیاسیەکان هەریەکەیان بە جۆرێك گیرۆدەی ئەو خالاَنەن و هەیە کۆنە پارێز و دواکەوتوە, هەشە بیرتەسك و عەقڵ دۆگما و چەقبەستوە, هەشیانە بەرنامەیەکی داخراو و توندڕەو و دەمارگیری نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی پەیڕەو دەکات.ئیدی ئەوەی کە دەمێنێتەوە زۆر کەمن کە خاوەن ئایدیا و بەرنامەیەکی شەفاف و کراوە و دیموکراسی و پێشکەوتنخواز بێت و دەتوانن لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی

سەردەمدا خۆیان بگونجێنن و کاری نوێبونەوە قبولْ بکەن.لە عەقلْ و بیر و بەرنامە و تاکتیك و ستراتیژ و جەستەی خۆیاندا. بۆیە ئەم پڕۆسەی نوێبونەوەیەش گەر مەبەست تەنها دەرکردنی چەند یاسا و ڕێساو ڕێنمایی و ئامۆژگاری و بڕیاری تازە بێت بۆ خۆڵکردنە چاو. ئەوا تەنها وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە و هیچ سوودێکی نابێت. گەر نوێبونەوەیەکی ڕاستەقینە و ڕاسگۆیانە ڕوونەدات لە گۆڕانی ڕابەر و سەرۆك و سەکردەکاندا. نوێبونەوە نەبێت لە بەرنامە و کار و کردار و هەڵسوکەوت و گوتار و لە دروشم و تاکتیك و ستراتیژدا. نوێبونەوە نەبێت لە جەستە و عەقلْ و تەمەندا , ئەوا پڕۆسەی نوێبونەوە چیْ نابێت و بەڵکو زیاتر چەسپاندنی ئەوەی کە هەیە دەبێت.

پڕۆسەی نوێبونەوە هیچ کاتێك بە عەقڵی پیر و پەککەوتە و بە جەستەی نەخۆش و لاواز و بەبیری تەسك و کۆنەپارێز و کەسانی بیْ توانا و نەخوێندەوار ناکرێت, بەڵکو بە کەسانی خاوەن توانا و جۆش و خرۆش و هێز و توانا و چالاکی و داهێنان و گوڕو تینی گەنجانە دەکرێت , گەنجانە لە بیرکردنەوە و گەنجانە لە عەقلْ و بۆچون و شیکردنەوە و گەنجانە بەشێوەیەك دوور بێت لە ئیتنیمای کوێرانە بۆ خێلْ و ناوچە و مەزهەب و سەرکردە و ڕابەر و بنەماڵە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان.

بۆ سەرکەوتنی ئەم پڕۆسە گرنگە لەلایەك پێویست بە سوود وەرگرتن لە ئەزمون و دانایی و شارەزایی بەتەمەنەکان و لەلایەك گوڕوتین و توانا و هێز و جۆش و خرۆش و داهێنانی گەنجان دەبێت سەرەتا لەناو حیزبەکان و دواتریش لەناو حکومەتدا.

ئەم پڕۆسەی نوێبونەوەیەش تەنها بە پیاوان ناکرێت و سەرکەوتوش نابێت ئەگەر نیوەکەی تری کۆمەڵگاش بەشدار و هاوکار و هوشیار نەکرێتەوە کە ئەوانیش ژنانن. بۆیە پێویستە ژنانیش شانبەشانی پیاوان کاربکەن بۆئەوەی تەنها بڕیار لای پیاوان نەبێت . ئاشکرایە ئەزمونی کوردایەتی بەدرێژایی مێژووی شۆڕش و خەباتەکەی خاڵی لاوازی ئەوەبوە کە ژنان دووربون لە ناوەندی بڕیارەکان و هەمیشە پیاو کاربەدەست و ئاڕاستەکەر بووە. هەربۆیەش شۆڕشەکان و خەباتی

کوردایەتی زۆرینەیان شکست و کەوتن و نوچدان چانسیان بوە.بۆیە ئەم پرۆسەیە دەبێت زێدە وورد و خورد و ماوە و کات و میکانیزمی تەواو کاملی بۆ دابنرێت.

بۆیە پرۆژەکە هەر لەناوەکەیەوە (( چاکسازی و نوێبونەوە)) دەردەکەوێت کە پرۆژەیەکی بچوك و سانا و سەرپێی نیە. بەڵکو نەك هەر تەنها بچوك و سانا نیە. بەڵکو قورس و لە قورسیش گرانترە و زەحمەت و پڕە لە گرێ و گۆڵیش. بۆیە توانا و بەرنامە و بەدواچوون و سەرپەرشتیەکی بەردەوام و ڕاسگۆیانەی گەرەکە.چونکە پرۆژەکە پرۆژەی گۆڕان و ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕیەکانی ١٨ ساڵەی حوکمی حیزب و بنەماڵە بووە. دوور لە یاسا و مافەکان و ئازادیەکان.جا پرۆسەیەکی وا گەورە و گرنگ کە هەموو کۆمەڵگای کوردەواری لەتاکەوە بۆ کۆمەڵ و لە ژێرخانەوە بۆ سەرخان و لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتیەوە بۆ بوارەکانی زانستی و دادگاکان بگرێتەوە. کەواتە زۆر سەخت و دژوار و گرانە لە جێبەجێکردندا ئەگەر نیەتێکی ڕاستەقینە و ڕاسگۆیانەی لە پشتەوە نەبێت بۆ چاکسازی و نوێبونەوە.

- پرۆژەکە پێنج تەوەری سەرەکی لە خۆ دەگرێت:

١. دەستێوەرنەدان لەکاروبار و ئیش و فەرمانی یەکتر لەنێوان حیزب و حکومەتدا.
٢. چەسپاندنی حوکمی قانون
٣. نەهێشتنی واسیتە و مەحسوبیەت و خزمخزمێنە
٤. سەربەخۆیی دادگاکان
٥. سەربەخۆیی زانکۆ و پەیمانگاکان

- لەناو ئەم پێنج تەوەرانەدا لەدەقی پرۆژەکەدا گەورەترین و فراوانترین پەراوێز بۆ باس لە حیزب و هەڤالآن و دەستێوەردانەکان و تێکەلآوبونی ئیشوکارەکانی حیزب دەکات لەگەڵ حکومەتدا و بواری کاری حیزبایەتی لە ٨ خاڵ پێك هاتوە , بەلآم بوارەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە ٥ خاڵ و بواری دادگاکان لە ٣ خاڵ پێك هاتوە.

**لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئایا ئەم پرۆژەیە بۆ كێیە؟ بۆ كام حیزب؟ بۆ حیزبی بێ دەسەلأت یان دەسەلأتدار ؟ ئایا تەنها بۆ یەكێتیە ؟ یان بۆ هەموان ؟ بۆ ناوچەیەكی دیاریكراوە ؟ یان سەرتاسەری كوردوستان؟ ....هتد.**

بۆ وەلأم . پێویست بە دیقەت و تێڕوانینی وورد دەكات لە دەق و ناوەڕۆكی پڕۆژەكە.گەر بەووردی و بێ لایەنانە لە پڕۆژەكە ووردببیتەوە . بەڕوونی هەست بەو ڕاستیە دەكەیت كە بەشێك یان زۆربەی پڕۆژەكە ئاڕاستەی هەڤاڵانی یەكێتی كراوە نەك حیزبەكانی تر.بەهەمان شێوە زیاتر بریتیە لە ئامۆژگاری و بڕیاری حیزبی نەك لە پڕۆژەیەكی كامڵ و تەواو و زانستی كە خاوەن میكانیزم و قۆناغ و كاتی دیاریكراو بێت.ئاشكراشە ئامۆژگاری و بڕیار دەبێت كوێرانە و مل كەچانە بێ گفتوگۆكردن لەسەریان جێبەجێبكرێن , بەلأم پڕۆژە لەپێناو دەوڵەمەندكردن و كامڵ بونیدا پێویست بە ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕا هەیە لەسەری و ڕێكەوتن هەیە بۆ جێبەجێكردنی. بۆیە لێرەدا ناتوانرێت ناوی پڕۆژە لەم ئامۆژگاری و بڕیارانە بنرێت.

ئەگەر ئامۆژگاری و بڕیارە وەك چۆن لە دەقی پڕۆژەكەدا هاتوە(( بۆیە لەسەر هەڤاڵانی ی ن ك پێویستە بە وردی ئەم ئامۆژگاری و بڕیارانەی لای خوارەوە جێبەجێبكەن)).و لە سكرتێری گشتی ی ن ك وە دەرچوون. لەلایەك دان بەو ڕاستیەدا دەنرێت كە زۆرینەی كەموكوڕیەكان و گەندەڵیەكان هەڤاڵانی یەكێتی كردویانە, و لەلایەكی تریشەوە بەو مانایە دێت كە بەتەنها ئاڕاستەیە بۆ سەركردایەتی و ئۆرگان و كادرانی یەكێتی. دوور لە حیزبەكانی تر.هەروەها لە زۆربەی خاڵەكاندا ناوی (( ڕێكخراو و كادر و ڕێكخستنەكانی ی ن ك)) هاتوە . لێرەشدا دیارە مەبەست ئاستەكانی خوار سكرتێری گشتی و جێگرەكانی و مەكتەب سیاسیەكان و سەركردایەتیەكانە.

كە ئاشكراشە هیچ كام لەو ئاستانەی خوارەوە تواناو دەسەلأت و هێزی پێشێلكردنی هیچ یاساو دادگا و زانكۆیەكیان نیە . بەڵكو هەموو خۆیانن. هەربۆیەش جێبەجێكردنەكانی پەیوەست و مولزەم كردوە بۆ ئاستەكانی خوارەوە نەك سەرەوە كە ئەمەش بواردن و ڕزگاركردنی ئاستەكانی سەرەوەیە لە هەموو

گەندەڵی و کەموکوڕیەکانی لەوەو پێش و لە ئایندەشدا .جا چ جای کادر و ئۆرگانەکانی حیزبەکانی تر.و بەمەش ئاستەکانی سەرەوەی پاراستوە لەهەر لێپێچینەوەو سزایەکی یاسایی لەسەر کارە گەندەڵی و لادان ودزینی سەروەت و سامانی میلەت و ...هتد.چونکە مام جەلال تەنها سکرتێری گشتی یەکێتیە نەك حیزبەکانی تر و تەنها خاوەنی دەسەلاٌت و بڕیارە بۆ ناو یەکێتی نەك حیزبەکانی تر.

هەروەها ئەم پڕۆژەیە بەتاك لایەنانە و لە خودی مام جەلالەوە دەرچووە نەك مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکانی تر, بەبێ گفتوگۆکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و وەرگرتنی ڕاو پێشنیازی حیزبەکانی تر و ڕێکەوتن لەسەر میکانیزمێکی هاوبەشی جێبەجێکردن.هەربۆیەش ئەم پڕۆژەیە تەواو پڕۆژەیەکی یەکێتیانەیە و ئاڕاستەی هەڤالانی یەکێتیە لە حیزب و حکومەتدا و تەنها بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاٌتی یەکێتیشە. نەك سەرکردە و کاردر و ئۆرگانەکانی حیزبەکانی تر و ناوچەکانی تری کوردوستان.بەمەش پڕۆژەکە لەگەورەیی و گرنگی و گشتگیری دادەماڵرێت و دەبێتەوە پڕۆژەیەکی بچوك و کەم گرنگی و قەتیسماو. کە ئەمەش دەبێتە خاڵی دەسپێك بۆ سەرنەکەوتن و نەهێنانەدی ئامانجەکانی و پەککەوتنی و مردنیشی. کەواتە پڕۆژەکە لەهەناوی خۆیدا خاڵ و هۆکاری لاوازی و مردنی خۆی هەڵگرتوە.

بەلاٌم ئەگەر پێشتر مام جەلال لەگەڵ سەرکردەی حیزبەکانی تر و لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتیشدا کۆببوایەتەوەو ڕێکەوتن و ئاڵوگۆڕ و وەرگرتنی بیروڕا و پێشنیازەکان هەبوایە و بە یاسا ڕێك بخرایە و هەموان بەشداربونایە, ئەو کاتە هەموانیش مولزەم دەبون بە جێبەجێکردنیەوە و بە دڵنیایش سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئامانجە ڕاست و دروستەکانی پڕۆژەکە دەهاتنە دی و پڕۆژەکەش دەبوە پڕۆژەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و جەماوەری گشتگیر و زێدە گرنگ و ئاکتیڤ.

لە ئێستاشدا وەك دەرکەوت و لە ڕاگەیاندنەکاندا بلاٌوکرایەوە لەگەورەترین حیزبی بەشدار و شەریکی یەکێتی لە حکومەتدا کە پارتیە تا حیزبە بچوکەکان و تا تاکەکانی کۆمەڵگاش هەموان بێ بەری بوونی خۆیان ڕاگەیاند لەو پڕۆژەیە و هیچ

کامیان خۆیان مولزەم نەکرد بە جێبەجێکردنیەوە و ڕایان گەیاند کە ئەو پڕۆژەیە تەنها بۆ یەکێتیە و لە ئەنجامی ململانێی باڵەکانی ناو یەکێتیەوە هاتۆتە بوون و پارتی و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەو کێشە و ململانێ و دەستێوەردانەیان نیە.

بۆیە ئەم خەم ساردی و وەپیر نەچونەوەی پارتی و حیزبەکانی تر و جەماوەریش ئاماژەن بۆ سەرنەکەوتن و بەئامانج نەگەیشتنی پڕۆژەکە, هەرچەندە هێشتا زوە بۆ حوکمدان لەسەر چارەنوسی پڕۆژەکە , ئەمەش لە ئەنجامی نەبونی هەمئاهەنگی و گوێ نەگرتن و شەریك نەکردنی پارتی و حیزبەکانی تر بوو بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەکە. چونکە گەر پڕۆژەکە ئیجماعێکی سیاسی ونیشتیمانی و جەماوەری لەسەر بوایە. بەدڵنیایی سەرکەوتوو دەبوو.بەلام ئەم پڕۆژەیە تەنها و تەنها یەکێتیانەیە و بۆ یەکێتیەکانە و بۆ بەشەکەی یەکێتیە لە حکومەت و بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتیە کەئەمەش خاڵی لاوازی پڕۆژەکەیە و خاڵی پەککەوتن و مردنیشێتی.

بەلام لە ئێستاشدا دەکرێت گەر یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تریش بیانەوێت ئیجماعێکی سیاسی و نیشتیمانی و جەماوەری دروست بکەن کارێکی گران نیە و کات زۆر تێنەپەڕیوە. پڕۆژەکە لە کۆتایدا ببێتە پڕۆژەیەکی ڕاستەقینەی هەمووان بۆ (( چاکسازی و نوێبونەوە)) لەکوردوستاندا و ئیدی ئەزمونی پاشاگەردانی و بێ یاسایی ١٨ ساڵە کۆتایی پێ بهێنرێت و دەسبکرێت بە قۆناغێکی نوێ وئەم دەسەلاتە کوردیە یاسا تیایدا سەروەر بێت و ئازادی و دیموکراسی بچەسپێت و دەسەلات تەنها دەسەلاتی گەل بێت دوور لە پیرۆزکردنی ڕابەر و سەرکردە و حیزب و خێڵ و بنەماڵە و ناوچەگەرێتی و مەزهەبچێتی و خزمخزمێنە و بۆئەوەی کورد و کوردایەتی لە مەترسی ڕزگاربێت و بتوانێت لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاری و بەرەو پێشچونەکانی ناوچەکە و دونیا هەنگاو بنێت و کۆمەڵگایەکی کوردەواری ئازاد و سەربەخۆ و دیموکراسی و ڕەفاه و خۆشگوزەران بێتە دی کە عەدالەتی کۆمەلایەتی بەرقەرار و جێگیر بێت و هەموان وەك یەك و یەکسان و ئازادبن و دوور بن لە تۆقاندن و ماف پێشلێکراوی و تیرۆر و بەئاشتی و ئارامی بژین و کوردیش وەك گەلێکی زیندوو و ئاشتی پارێز بەشداری لە پێکەوە ژیان و کارکردنی پێکەوەیی ناوچەکە و دونیاش بکات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی سبەی لە ٢٠٠٩/٢/٢دا بلاوکراوەتەوە.

دیمانە

## ئەم دیمانەیەم لەگەڵ گۆڤاری نێوەند ئەنجامداوە*

پرسیاری ١: کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆتایی پێهات، بەلأم زۆرێك لە چاودێرانی سیاسی دەرەوەی یەکێتی لەو بڕوایەدان کۆنگرەکە نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت لەو ڕووەوەی نەیتوانی یەکێتی نویٚ بکاتەوە و بیخاتە سەر شاڕێی هەستانەوەیەکی نویٚ. ئێوە چۆن سەیری ئەم بۆچوونە دەکەن و چۆن سەیری ئاکامەکانی ئەم کۆنگرەیە دەکەن؟.

وەلأم:

بەڵێ . منیش لەگەڵ ئەو بۆچونەدام, کە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نەیتوانیوە ئامانجە سەرەکیەکەی خۆی وەدیبهێنێت کە ئەویش بریتیە لە نوێکردنەوەی یەکێتی, چونکە لە ڕووی ڕێچکەی خەباتی داهاتووی یەکێتیەوە هەمان پڕۆگرامی سۆسیال دیموکراتی پەسەندکردەوە و لە ڕووی پەیڕەوی ناوخۆیشیەوە گۆڕانکاری ئەوتۆی ئەنجامنەداوە. جگە لەو خالأنە نەبێت کە پەیوەندیان بە بوونی ڕژێمی بەعسەوە هەبوە لە ئامانجەکاندا و دانانی هەندێ بڕگەی نویٚ کە پەیوەندیان بە ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە هەیە و مادەی ١٤٠ی دەستوور دەیانگرێتەوە.لە هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتیەکەشیدا گۆڕانێکی گەورە ونوێبونەوەیەکی ڕاستەقینەی چێ نەکردوە. چونکە لەکۆی ٤٥ ئەندامە سەرەکیەکە و ٥ ئەندامە یەدەگەکە, نیوەیان ئەندامانی سەرکردایەتی کۆنن, بەسکرتێر و هەردوو جێگرەکەشەوە. نیوەکەی تریشیان هەموویان یان زۆرینەیان بەبەردەوامی لێپرسراوێتی گەورەو کاریگەریان هەبوە وەك(( ل. مەکتەب و ل. مەڵبەند و جێگر و ئەندام مەکتەب و وەزیر و ئەندام پەڕلەمان و مودیر عام و لە بنەماڵەی سەرکردەکانی یەکێتیبوون...هتد)).کە هەموانیان عەقڵ و توانا و بیری کۆنی ناو یەکێتین و بەشداربوون لەو ململانێ و بارودۆخە ناوخۆییەی یەکێتی کە بوە هۆی لاوازبوون و کەمبونەوەی ئەندامانی و جیابونەوەی باڵێکی گەورە و بەهێز لێی و هەموانیان بەشدارن لەو نسکۆ و شکستانەی کە بەسەر یەکێتیدا هاتوە. هەربۆیە ئەم سەرکردایەتیە ناتوانێت پێی بوترێت سەرکردایەتیەکی

نویَ.ئاشکراشە پڕۆسەی نوێبونەوەش پڕۆسەیەکی گرنگ و هەستیارە و بە عەقڵ و بیر و توانای نویَ سەردەکەوێت و دەگاتە ئامانج. هەربۆیەش ئاکامەکانی کۆنگرە دەتوانرێت بوترێت کە نەگۆڕانکاری کردەوە و نەتوانیویشێتی یەکێتی ناو یەکێتی بچەسپێنێت وەك دروشمی کۆنگرەکە بریتی بوو لە (( بەرەو گۆڕانکاری و چەسپاندنی یەکێتی ناو یەکێتی )).

پرسیاری ۲:ئەگەر دیقەت بدەین ئەو کاندیدانەی ئەمجارە لە کۆنگرەی سێیەمدا سەرکەوتن بۆ سەرکردایەتی نوێی یەکێتی زیاتر باڵی سەربازیی و ئەمنی ناو یەکێتی بوون کە هەموو دەزانین ئەم جەناحە زۆر توندن بەرامبەر بە بزووتنەوەی گۆڕان. پرسیار دەکەم هۆکارەکانی سەرکەوتنی باڵی سەربازیی و ئەمنی چی بوو؟ ئایا یەکێتی ویستی بەهەموو توانایەکەوە ئەو دەستەیە بێنێتە پێشەوە بۆ قۆناغی داهاتوو؟.

وەڵام:

وەك ئاشکرایە بزوتنەوەی گۆڕان و سەرکردەکانی و هەڵسوڕاوەکانی و جەماوەرەکەشی, کەسانی دەستڕۆیشتوو خاوەن بڕیار و کادری چالاك و جەماوەری دڵسۆزی یەکێتی بوون. بە جیابونەوەشیان لێدانێکی گەورەیان کێشایە کەمەری یەکێتی و ئاماژە بە ئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردنی ۲۰۰۹/۷/۲۵ و ۲۰۱۰/۳/۷ نزیکەی نیوەی ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیان لەگەڵ خۆیان جیاکردەوە. هەربۆیە ئەم کارەیان, یەکێتی و سەرکردەکانی توشی شۆك کرد و ئیدی بارودۆخێکی دەروونی خراپ باڵی کێشایە سەر بیرکردنەوەو بەرنامەی یەکێتی و شپرزەیی و هەڵچوون و شڵەژان بە بڕیارەکان و کردار و گوتاریانەوە دەرکەوت و بزوتنەوەی گۆڕانیان کردە ناحەز و دوژمنی سەرەکی خۆیان (( لە جیاتی دوژمنە سەرەکیەکەیان و بەناو دۆستەکەی ئەمڕۆیان)), هەربۆیەش هەر کادر و سەرکردەیەکی یەکێتی توندبوایە لە هەڵوێستیدا بەرامبەر بە گۆڕان ئەوا دەبووە دڵسۆزی یەکێتی. بۆیەش لەم هەڵبژاردنەدا تاکە بنەما بۆ سەرکردایەتی یەکێتی بریتی بوە لەوەی کیَ زیاتر دوژمنانە کاری کردوە دژ بە گۆڕان. ئاشکراشە لەناو یەکێتیدا کیَ توندوتیژبوە و هەموانیان کادرە پێشمەرگەیی و ئەمنی و جاسوسیەکان بوون کە ئێستا دەرچوون.

هەربۆیەش ئەمان دەنگی زۆریان هێناوە و هەربۆیەش باڵی مام جەلال و بنەماڵەکەشیان بەجدی کاریان کردوە بۆ سەرکەوتنی ئەم کەسانە بۆ پارێزگاریکردن و مانەوەی زیاتریان لە دەسەڵاتدا.بەڵێ یەکێتی بەبەرنامە و پیلانی پێشوەخت کاری بۆ سەرکەوتنی ئەم کەسانە کردوە. چونکە کەسانی ڕۆشنبیر و قەڵەم بەدەست و ڕووناکبیرەکانی ناو یەکێتی ئەوانەشی داوای گۆڕانکاری و چاکسازیان دەکرد لەناو یەکێتیدا و هەڵوێستیشان نەرم و نیان و عاقڵانەتر بوو بەرامبەر بە گۆڕان هیچیان دەرنەچوون.

پرسیاری ٣:دەوترێت سەرکردایەتی نوێی یەکێتی ناتوانن یەکێتی بەرەو هەستانەوە بەرن، بەپێچەوانەوە پێشبینی ئەوە دەکرێ ئەو باڵە سەربازییە هێندەی تر یەکێتی لە گۆڕەپانەکەدا بەرەو لاوازیی ببەن. ئێوە چۆن دەڕواننە داهاتووی یەکێتی لە دوای کۆنگرەی سێیەمەوە؟. پێتانوایە ئەم سەرکردایەتییە نوێیە دەتوانن لە ئاستی قۆناغەکەدا بن؟.

وەلام:

ئەم سەرکردایەتیە(( نوێیە_ کۆنە))ی یەکێتی وەك باسمان کرد هەموانیان باکگراوەندێکی بیرکردنەوەی کۆنیان لا چەسپیوە لە ئێستاشدا و لە ئایندەشدا بە عەقڵیەتی خۆسەپاندن و تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەلات و بەرژەوەند خود پەرستی و بنەماڵە پەرستی و عەسکەرتاریەتەوە بیردەکەنەوە و سیاسەت دەکەن.کە ئەمەش لە ئایندەدا دەبێتە زاڵبوونی بیری بنەماڵەچێتی و تاکڕەوەی و شمولی و خۆسەپاندن و ئەنجامیش بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی و ئازادیەکان و بەمەش یەکێتی زیاتر تەریك و کەنارگیر دەبێت و بەرەو بچوکبونەوە و لاوازبوونی زیاتر دەچێت و لە گۆڕەپانە سیاسیەکەی کوردستان و عێراقیشدا پەراوێز دەخرێت و ناتوانێت لە ئاست گۆڕانکاری و ڕووداوەکاندا بێت.

پرسیاری ٤:هەندێك لە کاندیدە سەرنەکەوتووەکانی سەرکردایەتی یەکێتی باس لەوە دەکەن کە چەندین تەزویرات لە سندوقەکاندا کراوە و پاشان هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیناریۆیەك زیاتر بەولاوە هیچی تر نەبووە. ئێوە چۆن سەیری ئەو ڕەوشە دەکەن و

پێتانوایە کۆنگرە و هەڵبژاردنی کاندیدەکان تەنیا سیناریۆیەکی چەواشەکارانە بووە یان نا؟.

وەلأم:

یەکێتی لەماوەی ٣٥ ساڵەی تەمەنیدا تەنها ٣ کۆنگرەی گشتی بەستوە. کە ئەگەر هەرسیٚ ساڵ جارێك کۆنگرەی ببەستایە ئەوا دەبوو ١٢ کۆنگرەی بگرتایە. بەڵام بۆ کۆنگرەکانی لەکاتی خۆیدا نەبەستوە؟ چونکە سەرکردایەتیەکەی ئەوەی ویستوە و بە ئامانجی مانەوەی زیاترین کات لە سەرکردایەتیدا بمێنێتەوە . ئەوەتا سکرتێر ٣٥ ساڵە سکرتێرە و ئەندام مەکتەب سیاسی واش هەیە ماوەی ١٥-٣٠ ساڵە ئەندام مەکتەب سیاسیە.هەربۆیەش لە ئەنجامی نەبەستنی کۆنگرەکانەوە گۆڕانکاری گەورە ڕووینەداوە لە سەرکردایەتی و یەکێتیدا و بنەمای دیموکراسی و هەڵبژاردنیش تەنها وەك دروشم بەرزکراوەتەوە و بەڕاستگۆیانە پیادەنەکراوە.بۆ ئەوەی ئەم سکرتێر و مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتیە کۆنانەش بەردەوام بن و بمێننەوە پەنا دەبەنە بەر تەزویرکردن و کڕینی دەنگ و بەخشینەوەی پارە و دەمانچە و بەڵێنی پێدانی درۆ و ناخواردن و ...هتد.(( وەك هەندیٚ لە ئەندامانی کۆنگرە باسی لێوەدەکەن)) ,کەهەموو ئەمانە دوورن لە گیانی دیموکراسیەتی ڕاستەقینەوە و ئەوەی لە کۆنگرەی سێشدا ڕوویداوە هەمان پیشەی کۆنی نوێی سەرکردایەتیە کۆنە پارێزەکانی یەکێتین و ململانێی باڵەکانیش هێندەی تر ئەم دیاردە دزێوانەیان تۆخکردۆتەوە بۆ بەرژەوەندی کاندیدەکانی خۆیان.

پرسیاری ٥:وەك دەزانین بۆ یەکەمجار یەکێتی لە ڕێی ئەم کۆنگرەیەوە دە ژنی بەرز کردەوە بۆ ئاستی سەرکردایەتی، بەڵام باس لەوە دەکرێت ئەم ژنانە بە هەقی خۆیان نەهاتوون بەڵکو بەپشتیوانی باڵەکان و بە تەزکیەی هەندێك بەرپرسی سیاسی هاتوون؟ ئایا ئەم بۆچوونە نزیکە لە ڕاستییەوە؟ پاشان پرسیار دەکەم ئایا چۆن دەڕواننە هەنگاوی هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ ئاستی سەرکردایەتی یەکێتی؟.

وەلأم:

ڕاستە, ئەو ژنانە هەندێکیان موستەحەقن و خاوەن ڕابووردو و خەباتی خۆیانن لە ناو یەکێتیدا و مافی سروشتی خۆشیانە کە ببنە سەرکردایەتی یەکێتی و هەر ئۆرگانێکی

تریش. بەڵام هەندێکی تریشیان هەیە نەك شایستەی سەرکردایەتی بەڵکو ئەندامی سادەی یەکێتیش نین. بەڵکو هەندێکیان بە ئێستاشەوە بێت یەکێتی نەبوون ونیشن و بۆ ڕۆژێکیش لە ئۆرگانێکی یەکێتیدا کاریان نەکردوە و توانا و لێوەشاوەی سەرکردایەتی یەکێتیشیان نیە. بەڵام بە پشتیوانی و تەزکیە و بەرزکردنەوەی باڵێکی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی کراونەتە سەرکردایەتی و دەنگیان بۆ کۆکراوەتەوە.

هەنگاوی هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لە دیموکراسیەت و بڕوابونی سەرکردایەتی یەکێتیەوە نەهاتوە بە توانا و لێوەشاوەی و خەباتی ژنان. بەڵکو لەلایەك لە ژێر فشاری ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیونالْ دابوە , چونکە گەر ژنان لە سەرکردایەتی یەکێتیدا نەبێت ئەوا مافی ئەندامێتی هەمیشەیی لێدەسەنرێتەوە و بۆ جوانکردنی سیمای یەکێتیە لە بەردەم ئەو ڕێکخراوەدا و لەلایەکی تریشەوە لەسەرکردایەتیدا دەنگی مسۆگەری باڵەکەیان دەبن.تەنها (( ئەشەدوبیلا دەکەن و سەر دەلەقێنن و بەڵێکردنیان مسۆگەرە)).

پرسیاری ٦:تێبینی دەکرێت دوای ئەم کۆنگرەیەش پەتای باڵباڵێنی ناو یەکێتی کۆتایی نەهاتووە و پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا بەهەمان قورسایی پێشوو شەڕی باڵەکانی هەنگاوەکانی گەشەی یەکێتی پەك بخەن. ئێوە چۆن دەڕواننە ململانێی داهاتووی باڵەکانی ناو یەکێتی و پێتانوایە سروشتی ئەو ململانێیانە چۆن دەبن؟.

وەڵام:

ئاشکرایە لە ئەدەبیاتی یەکێتیدا زۆر جاران بە شانازیەوە دەڵێن کە یەکێتی لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە لە ١٩٧٥/٦/١وە لە چەند باڵ و ڕێکخراو و فکری جیاواز پێکهاتوە. هەربۆیەش لەو ڕۆژەوە ململانێی نارەوا لەسەر پۆست و دەسەڵات سەری هەڵداوە و لە ناسکترین قۆناغیشدا و لەو پەڕی مەترسی لەسەر یەکێتی سەرانی یەکێتی وازیان لە ململانێی باڵەکانیان نەهێناوە و هێندەی جیابونەوە و دووکەرت بوون لە یەکێتیدا ڕوویداوە لەناو هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی تردا ڕووی نەداوە. لەم کۆنگرەیەشدا و لە هەڵبژاردنی ناو کۆمیتە و مەڵبەندەکاندا بە ئاشکراو نهێنی لیستی جیاواز و باڵ و ململانێی جیاواز هەبوە و هەرباڵە و بۆ دەرچواندنی زۆرترین کاندیدی خۆی بۆ کۆنگرە کاری کردوە. لەئەنجامیشدا دەرکەوت کە باڵی مام جەلال سەرکەوتوبوو, باڵی

کاک کۆسرەت لاواز و بچوکبۆوە. باڵی د. بەرهەم کە لە بنچینەدا یان نەبوو یان هەر بەهێز نەبوو هێندەی تر لاواز و بچوکتر بۆوە.

هەربۆیەش ململانێی ناو باڵەکان بەدڵنیاییەوە لە دوای کۆنگرەش هەر بەردەوام دەبێت و لەوانەشە توندتریش بێت بە بەهێزبوونی باڵی هێرۆخان و کەسە توندڕەوەکانی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنیەکان. مانەوەی ئێستای ململانێکان بەم شێوە هێوریە بەندە بەمانەوە و بەهێزی مام جەلالەوە لەناو یەکێتیدا چونکە مام جەلال توانیویەتی هاوسەنگی نێوان باڵەکان ڕابگرێت بەوەی هەرجارە و پشتی لایەنێکی گرتوە و لەوی تری داوە . بەلاَم بە نەمانی مام جەلال لەڕووی توانا و هێز و دەسەلاَتەوە یان لە ڕووی نەمانی جەستەیشیەوە لەناوەندی بڕیارەوە لەناو یەکێتیدا, ئەوا ململانێی باڵەکان بەرامبەر یەکتر زۆر توندتر دەبێت و هێندەی دی ئێستا و ئایندەی یەکێتی بەرەو هەڵدێر و نادیاری و تاریکی دەبەن.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری نێوەند ژمارە ٧٦ لە حوزەیرانی ٢٠١٠دل و لە سایتی کوردستان پۆست لە ٢٠١٠/٧/١٣دا بلاَوکراوەتەوە.

# بەشی چوارەم

# چینی ئۆزۆن *

- چینی ئۆزۆن بۆتە کێشەیەکی جیهانی,بەشێوەیەك کە گەلانی جیاوازی دونیا گرنگی زۆری پێدەدەن لەبەر ئەو مەترسیانەی کە چاوەڕوانی لێ دەکەن.بەشێوەیەك کە زیندەوەرە جیاوازەکانی سەر گۆی زەوی بە مرۆڤ و ڕووەك و ئاژەڵانەوە هەڕەشەیان لەسەرە.

چینی ئۆزۆن بریتیە لە بەشێك لەو بەرگە هەوایەی کە چواردەوری گۆی زەوی داوە. ئەم چینەش وەك هەرشتێکی تری سروشتی کە پشت دەبەستێتە سەر هاوسەنگی تەندروستی بۆ توخمە کیمیاویەکان بەڵام بەهۆی خواست و ئاواتەکانی مرۆڤەوە کە گەیشتۆتە ئاستی کاولکاری وای لەو توخمە کیمیاویانە کردووە کە هاوکاربن نەك هەر لە تێکدان بەڵکو لە وێرانکردنی چینی ئۆزۆنیش.

- **چینی ئۆزۆن چیە؟**

بریتیە لە چینێك لە چینەکانی بەرگە هەوا, بە چینی ئۆزۆن ناونراوە چونکە گازی ئۆزۆنی تیادایە. هەروەها لەبەرگی (( ئەستراتوسفیری )) یشدا هەیە.گازی ئۆزۆن پێك دێت لە ٣ گەردیلەی ئۆکسجین کە پێکەوە بەندن و هێماکیمیاویەکەی بریتیە لە $O_3$, گازی ئۆزۆن دروست دەبێت لە کارلێکی توخمە کیمیاویەکانەوە لەگەڵ ئەو وزە دەرچوەی لە ڕووناکی ڕۆژەوە دەردەچن وەك تیشکی سەروو بنەوشەیی, و چینی ئەستراتۆسفیری(( کە یەکێکە لە چینەکانی بەرگە هەوا)). گازی ئۆکسجین کە بەشێوەی سروشتی دروست دەبێت لە گەردی دوو گەردیلەی ئۆکسجین $O_2$ لەگەڵ تیشکی سەرووبنەوشەیی دەرچوو لە تیشکی ڕۆژ بەریەك دەکەون. ئەو گەردیلانە ئازاد دەبن بۆ ئەوەی لەگەڵ تەنی تردا یەك بگرن.گازی ئۆزۆن لە ئەنجامی یەکگرتنی یەك گەردیلە ئۆکسجین $O$ لەگەڵ دوو گەردیلە ئۆکسجین $O_2$ (( دروست دەبێت کە بریتیە لەو ئۆکسجینەی کە مرۆڤ هەڵیدەمژێت)) و بەمەش گازی ئۆزۆن دروست دەبێت $O_3$.

- **چینەکانی بەرگە هەوا چین؟**

بەرزی گازی ئۆزۆن لە ڕووی زەویەوە بەنزیکەی ٣٠-٥٠ کیلۆمەتر دەبێت و ئەستوریەکەشی دەگاتە نێوان ٢-٨ کیلۆمەتر. وەدەشێت گازی ئۆزۆن دروست

ببێت لەبەرزایی کەمتریشەوە وەك لە بەرزی ٣٠ کیلۆمەتردا. کەئەمەش لە ڕێگەی کارلێکی توخمە کیمیاویەکانەوە دەبێت, بۆ نمونە: هایدرۆکاربۆن و ئۆکسیدی نیتریك لەگەڵ ڕووناکی ڕۆژ بەهەمان ئەو ڕێگەیەی کە ئۆکسجین یەکدەگرێت لەگەڵ وزەی دەرچوو لە ڕۆژەوە . کە ئەم کارلێکە لەو جۆرەیە کە ناودەبرێت بە (( هەوری تەمومژی دوکەڵاوی )). کە ئەم توخمە کیمیاویانەش لە دوکەڵی ئۆتۆمبێلەوە دروست دەبن, ئەم هەورانەش ئێمە دەیبینین بە چاوی خۆمان لە ئاسمانی شارەکاندا .

- **تەمومژی دوکەڵاوی چیە**( Smog )؟

تێکەڵاوبونی دوکەڵی بەرزبۆوە لە پڕۆسە پیشەسازیە جیاوازەکانەوە لەگەڵ هەڵمی ئاوی ناو هەوا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی تەمومژی دوکەڵاوی کە دەبێتە هۆی خنکاندنی زۆرێك لە زیندەوەران.

دوو جۆر پۆلێنکردن هەیە بۆ تەمومژی دوکەڵاوی:-

١. تەمومژی دوکەڵاوی کلاسیکی Classical Smog یان تەمومژی دوکەڵاوی دروستکراو.

ئەم جۆرە لەو شارانەدا دروست دەبێت کە پیشەسازیان تیادایە. بەشێوەیەك هەوا ڕەنگی خۆڵەمێشی دەبێت و لەکاتی نزمبونەوەی پلەی گەرما لە زستان و بونی شێدا دەردەکەوێت. هۆکاری دروستبونی ئەم جۆرەش بریتیە لە بوونی ئەم پیسکەرانەی لای خوارەوە کە تێکەڵ بە هەوا دەبن وەك :- تەپ وتۆز . دوکەڵ , لم. خۆڵەمێش, تەنی وردیلە, ئۆکسیدەکانی کبریت...هتد.لەوەرزی زستانیشدا لەکاتی بەرەبەیاندا دروست دەبێت, و کاریگەری دەبێت لەسەر پڕۆسەی هەناسەدانی مرۆڤ و بەتایبەتیش ئەوانەی کە نەخۆشی تەنگەنەفەسیان هەیە.

- **تەمومژی کیمیای ڕوناکی** Photochemical Smog

لێرەدا ڕەنگی هەوا کاکاویەکی تۆخە و بۆنێکی ناخۆشی هەیە و دروستبونیشی پەیوەندی هەیە بەوەرزی هاوینەوە و بەرزبونەوەی پلەی گەرما و ئەو پیسکەرانەشی کە دەبنە هۆی دروستبونی ئەم جۆرە لەتەمومژی کیمیای ڕوناکی بریتین لە :

ئۆزۆن. ئۆکسیدەکانی نایترۆجین, هایدرۆکاربۆنەکان. یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن. لەکاتی بەرکەوتنی ئەم توخمە پیسکەرانە بەتیشکی ڕۆژ کارلێك دەکات لەگەڵ هایدرۆکاربۆنات و ئۆکسیدەکانی کیمیای ڕوناکی دروست دەکات. لەناوەڕاستی ڕۆژدا دروست دەبێت لەوەرزی هاویندا. لە زیانەکانی ئەم جۆرە سوربونەوەی کۆئەندامی هەناسەدان و چاوە.

لەبەناوبانگترین نمونەش لەسەر ڕوودانی هەوری ڕەش ئەوەبوو کە بڵاوبۆوە لە ئاسمانی شاری لەندەندا لەساڵی ١٩٥٢دا.بەشێوەیەك زیانی گەورەی لێکەوتەوە کە گەیشتە مردنی ٤ هەزار کەس . بەشێوەیەك کە بۆماوەی چەند ڕۆژێك ئەو شارەی تاریککرد کە نەدەتوانرا ڕۆژ ببینرێت لەبەر چڕی ئەو تەمومژە دوکەڵاویە. جاچەندە چینی ئۆزۆن بەرزتر بێت باشترە. و هەرکاتێ لەبەرزایی کەمەوە دروست بوو مەترسیدارە و زیان بەمرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك دەگەیەنێت, چونکە دەبێتە هۆی ژەهراوی بوون.

لەبەرئەوەی گازی ئۆزۆن دوورە لە زەویەوە نابێتە هۆی ئازاردانی ڕاستەوخۆ بۆ دانیشتوانی گۆی زەوی بەپێچەوانەی ڕووەکەوە کە کاریگەرییەکانی دەیگاتێ. بەشێوەیەك گازی ئۆزۆن ئەو وزە گەرمیە هەڵدەمژێت کە لە ڕووی زەویەوە پێچەوانە دەبێتەوە ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو وزەیە بە نزیکی دەمێنێتەوە لە ڕووی زەوی و ڕێگەی پێنادرێ کە دەربچێت ئەم دیاردەیەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت دیاردەی (( پەنگخواردنەوەی گەرمی)), بەمانای ئەوەی گازی ئۆزۆن بریتیە لە گازی صۆبانی سەوز.

- **گرنگی چینی ئۆزۆن**

لەگرنگترین کارەکانی چینی ئۆزۆن بریتیە لە پاراستنی ڕووی زەوی لە تیشکە زیانبەخشەکانی ڕۆژ.وەك ڕێگەگرتنی لە گەیشتنی تیشکی سەرووبنەوشەیی بەڕووی زەوی کە زیانی زۆر گەورە دەدات لە مرۆڤ و بەتایبەتیش کە دەبێتە هۆی شێرپەنجەی پێست.هەروەها زیان دەگەیەنێت بە ئاژەڵ و ڕووەك وەکیەك. هەروەها بوونی لە هەوادا بە چڕییەکی بەرز دەبێت هۆی ئەم دیاردانەی لای خوارەوە:

تەنگەنەفەسی ,حاڵەتی هیلاکی و سەرئێشە و ...هتد. و ئەو تێکچونانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر کۆئەندامی دەمار و هەناسەدان.

• **ڕووخانی چینی ئۆزۆن(( کونبونی چینی ئۆزۆن )) :**

ڕووخانی چینی ئۆزۆن یان داخورانی یان لێچونی یان کونبونی . هەمان مانان بۆ تێکچوونی ئەو چینە پارێزگارەی گۆی زەوی و هەموو بونەوەران کە لەسەری دەژین. ئەریَ بەڕاست ئەم پڕۆسەی ڕووخاندنە چۆن ڕوودەدات؟

داخورانی چینی ئۆزۆن ڕوودەدات لە کاتێکدا ئەم کارلێکانەی لای خوارەوە ڕووبدەن:-

١. تیشکی سەروو بنەوشەیی هەڵدەستێت بە تێکشکاندنی پێکهاتەکانی کلۆر و فلۆر و کاربۆن( CFCS) کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەرچوونی گەردیلەی کلۆری چالاک.

٢. گەردیلەی کلۆرە چالاکەکە کارلێك دەکات لەگەڵ گەردێك لەگازی ئۆزۆن.

٣. لەئەنجامی کارلێکی گەردیلەیەکی کلۆر لەگەڵ گەردێکی ئۆزۆندا, گەردێکی ئۆکسجین و یەکەم ئۆکسیدی کلۆرین دەردەچێت.

٤. گەردیلەیەکی ئۆکسجینی چالاك کارلێك دەکات لەگەڵ یەکەم ئۆکسیدی کلۆر. بەشێوەیەك کە گەردیلەی کلۆرە چالاکەکە دەردەچێت بۆ تێکشکاندنی گەردێکی ئۆزۆنی نویَ.ئیدی بەم شێوەیە سووڕەکە تەواو دەبێت.

• هۆکارەکانی تر کەدەبنە هۆی ڕووخاندنی چینی ئۆزۆن کامانەن؟

١. ئۆکسیدەکانی نایترۆجین, وەك ئۆکسیدی نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین. کە هەردووکیان دەردەچن لە هەندیَ جۆری فڕۆکەکانەوە کە دەفڕن لە ئاستی چینی ئۆزۆن .

٢. دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی.

٣. پێکهاتوەکانی (( کلۆر و فلۆر و کاربۆن )) کە بەکار دەهێنرێت لە ئامێری هەوا خۆشکەرەکاندا لەهەر جێگەیەکدا بن وەك ناوماڵ یان ئۆتۆمبێل یان ئەوەی لە دروستکردنی بۆنەکاندا بەکاردەهێنرێت. یان بکوژەکانی مێروەکان و

داوودەرماندا. ئایا ئەم بکوژی مێروانە تا چ ڕادەیەك دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە؟

٤. هاڵۆنەکان, کە بکاردەهێنرێن لە کوژاندنەوەی ئاگرەکاندا.

• **هاڵۆنەکان چین؟**

گازی هاڵۆن دەکەوێتە چوارچێوەی پۆلێنکردنی توخمە هالۆجینەکانەوە کە توخمەکانی کلۆر و فلۆر وبرۆم و یۆد دەچنە پێکهاتنیەوە.

گازی هاڵۆن بریتیە لە گازی میثان کە لە گەردیلەیەکی کاربۆن و ٤ گەردیلە هایدرۆجین پێکدێت و بۆندەکانی نێوان هایدرۆجینەکان و کاربۆن تێکدەشکێنرێت بۆ ئەوەی یەکێك لە توخمەکانی فلۆر یان کلۆر یان برۆم جێگەی هایدرۆجینەکە بگرێتەوە وپێك هاتەیەکی نویٚ بەلاٚم قورستر لە پێکهاتەی یەکەم لە ڕووی کێشی گەردیلەییەوە دروست دەبێت. و ئەم پێکهاتە نوێیەش لەسەر ڕووی ئاگر ڕادەوەستێت لە ئەنجامی قورسی کێشەکەیەوە. کە ئەمەش وا دەکات زیاتر پێکەوە بێت و ئەمەش پێویستی بە هێزێکی گەورە دەبێت بۆ جیاکردنەوەی ئەم پەیوەستیە و هەربۆیەش بۆ کوژاندنەوەی ئاگر بەکار دەهێنرێت.

• **ئەی پێکهاتەی کلۆر و فلۆر و کاربۆن چییە؟**

بریتیە لەو توخمانەی کە لە ڕووی پیشەسازیەوە ناسراون بە (( فریۆن )) کە لە ئامێرە ساردکەرەوەکانی وەك (( ثلاجة و هەوا خۆشکەرەکاندا)) بەکاردەهێنرێن. هەروەك دەچێتە پیشەسازی (( ئایرۆسول )) کە بریتیە لە پرژێنەرە بۆنخۆشەکان کە لابەری بۆنی ئارەقن.هەروەها دەچێتە پیشەسازی ئەلکترۆنیەوە ئەم پێکهاتانەش تەمەنیان درێژە و دەگاتە ١٠٠ ساڵ یان زیاتر. بەلاٚم زیانەکانی کاتیٚ دروست دەبێت کە بەرز دەبێتەوە بۆ چینە بەرزەکانی هەوا . کەلێرەدا کلۆر ئازاد دەبێت بەکاری تیشکی سەروو بنەوشەییەوە, ئەمە ئەو کلۆرەیە کە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ئۆزۆن و هەر ئەمیشە کە دەبێتە هۆی کونبوونی چینی ئۆزۆن و کەمکردنەوەی لە بەرگە هەوادا.

٥. برۆمیدی مثیل Methyl Bromide کە بەکار دەهێنرێت وەك بکوژی مێروەکان بۆ پاککردنەوەی گەنجینەی بەروبومە کشتوکاڵیەکان و خاوێنکردنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکانیش.

• **برۆمیدی مثیل چیە؟**

گازێکی بێ ڕەنگ و بێ بۆنە. بەکاردەهێنرێت وەك بکوژی مارو مێروەکان بۆ بەرگریکردن لە ئافەتی کشتوکاڵی و لەکاتی هەڵگرتنیدا.دەبێتە هۆی سووربونەوەی بەرزی کۆئەندامی هەناسەدان دوای بەرکەوتنی بەنزیکەیی ٤-١٢ کاتژمێر. نیشانە خراپەکانی کە دەردەکەوێت لەسەر مرۆڤ کاتێ تووش دەبێت.وەك : سەرئێشە, گێژبوون,دڵتێکەڵهاتن,تەزووپیاداهاتن,لاوازی لەکاردانەوەی ماسولکەکاندا, هەروەها دەبێتە هۆی سوتاندنەوەی پێست لەکاتی بەرکەوتنیدا.

٦. هەندێ لە توێنەرەوەکان (( Solventes)) کە بەکار دەهێنرێن لە پرۆسەی پاکردنەوەی پارچە میکانیکی و بازنە کارەباییەکاندا.

**• توێنەرەوەکان چین؟**

توێنەرە ئەندامیەکان بریتین لە توخمی کیمیاوی ژەهراوی وەك: اثیر, اسیتۆن,تۆلۆین. ئەم توێنەرەوانە بەکاردێن وەك توخمی پێکەوەلکێنەر, چەورکەر, هۆکاری پاکژکردنەوە. کەدەبێتە هۆی خنکاندنی مرۆڤ چونکە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی ئۆکسجین بە خوێن, هەروەك کاریگەری خراپی هەیە لەسەر جگەر و گورچیلە و کۆئەندامی دەمار.

**• ئەو زیانانەی کە لە ئە نجامی داخورانی چینی ئۆزۆنەوە دروست دەبن :**

١.لێچوونی چینی ئۆزۆن و زیادبوونی تیشکی سەرووبنەوشەیی دەبنە هۆی دروستبوونی هەورە ڕەشەکان(( تەمومژی دوکەڵاوی)) کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە هەوادا دەمێنێتەوە. کەدەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی مردن کە بەهۆی تێکچوونی کاری کۆئەندامی هەناسەوە خنکاندن ڕوودات.

٢. داخورانی چینی ئۆزۆن و تێپەڕبوونی تیشکی سەروو بنەوشەیی بەبەرگە هەوای زەویدا بە ڕێژەی زۆر بۆ سەر ڕووی زەوی دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای کۆئەندامی بەرگری لەلای مرۆڤ و وای لێدەکات کە تووشی ڤایرۆسەکان بێت یان توشی بەکتریا بێت وەك نەخۆشی((درن )) و نەخۆشیەکانی تر.

٣. لەگەڵ زیادبوونی داخوران لە چینی ئۆزۆندا,چاو تووشی زیانی گەورە دەبێت وەك تووشبون بە ( ئاوی سپی ) یان ( ئاوی شین).

٤. تووشبونی مرۆڤ بە نەخۆشیە پێستیەکان کە لەسەر ئاستی دونیادا پێشبینی دەکرێت بگاتە نزیکەی ٣٠٠ هەزار حاڵەت ساڵانە لە شێرپەنجەی پێست.

٥. زیادبونی کێشەی پەنگخواردنەوەی گەرمی.

٦.زیانپێگەیاندنی ژیانی ڕوەکی و کشتوکاڵی. بەشێوەیەك کە هەندێ ڕوەك هەن زۆر هەستیارن بەرامبەر تیشکی سەروو بنەوشەیی کە کاردەکاتە سەر بەرهەمی و زیان دەگەیەنێت بە ناوەڕۆکە کانزاییەکەی و نرخە خۆراکیەکەی و بەهەمان شێوە بەرهەمێکی کشتوکاڵی کەمی لێدەکەوێتەوە.

٧. ژیانی دەریایی, کە بریتیە لە ماسی و هەڵواسراوە ڕوەکیەکان کە ناتوانن دورەپەرێزبن لە کاریگەریە تێکدەرەکانی تێکچوونی چینی ئۆزۆن.کە ئاشکرایە ئەم بونەوەرە دەرياييانە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ڕاگرتنی هاوسەنگی ژینگەیی و بەتایبەتیش هەڵواسراوە ڕوەکیەکان. بەشێوەیەك کە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە هەواوە هەڵدەمژن و ئۆکسجین دەدەنەوە بەبونەوەرە زیندوەکانی تر.و کەمکردنەوەی دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی.

٨. گۆڕانەکانی کەش وهەوا. بەتایبەتیش بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما کە ئەمیش بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی زیادبونی کێشەی پیسبوونی هەوا.بەشێوەیەك پلەی گەرمای ڕووی زەوی کاردەکاتە سەر جوڵەی هەوا( بەرزبونەوە و دابەزینی )). هەروەها کاردەکاتە سەر جوڵەی پیسبونی هەوایی لە نێوان بڵاوبونەوە و نیشتندا.کە لەگەڵ بەرزبونەوەی پیسکەرەکاندا پڕۆسەی گەرمبونی بەردەوامی چینە نزمەکانی بەرگی گازی سەر ڕووی زەوی ڕوودەدات لە کاتەکانی ڕۆژدا کە لە مانگەکانی هاویندا دەگاتە ئەوپەڕی بەرزبونەوەی, لە ئەنجامی ئەمەشدا پیسکەرەکان بڵاودەبنەوە لەگەڵ جوڵەی هەوادا. بەڵام دابەزینی ئەو پیسکەرانە و نەگواستنەوەیان لەگەڵ جوڵەی هەوادا دروست دەبێت لە پڕۆسەی ساردکردنەوەی بەردەوامدا لەکاتەکانی شەودا کە لەوەرزی زستاندا زیاد دەبن کە دەبێتە هۆی نیشتنی ئەو پیسکەرانە.

٩. سووتاندنی جەنگەڵەکان و دیاردەی بە بیابانبوون و بەرزبونەوەی ئاستی ڕووی دەریا و کەنارە جیاوازەکان لە دونیادا, هەموو ئەمانە لە ئەنجامی کونبونی چینی ئۆزۆنەوە دروست دەبن.

سەرچاوە:

=====

- لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە

---

* لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ژمارە ٣١ لە زستانی ٢٠١٠دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیس بوونی ژینگە *

- پیسبوون یان پیسبوونی ژینگە بریتیە لە مەترسیدارترین نەهامەتی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە , کەواتە پیسبوون بەمانای تێکچوونی ژینگە دێت لە ئەنجامی گرفتێك لە تەبایی نێوان پێکهاتەکانی کە ژینەگەیان پێکهێناوە بە شێوەیەك کە توانای بینینی ڕۆڵی سروشتی خۆی نامێنێت. بەتایبەتیش خۆڕزگارکردن لە پیسکەرەکان بە پڕۆسە سروشتیەکان لە هەوا و ئاو و خاکدا.

- **چۆنێتی پیسبوونی ژینگە**

ئەو پێناسە سانایەی کە بە مێشکی هەمواندا دێت بریتیە لەوەی کە (( بریتیە لە شتێك کە خاوێن نەبێت )) کە لە ئەنجامدا زیان و گرفتی تەندروستی بۆ مرۆڤ و زیندەوەرانی لێدەکەوێتەوە . بەلاَم ئەگەر سەیری چەمکی پیسبونمان کرد بە شێوەیەکی زیاتر زانستی و وورد ئەوا دەتوانرێت ئاوها پێناسەی بکەین: (( بریتیە لە گۆڕان لەو ژینگەیەی کە چواردەوری بونەوەرانی داوە,بەکاری مرۆڤ و چالاکیە ڕۆژانەییەکانی کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێ سەرچاوە کە ناگونجێت لەگەڵ ئەو جێگەیەی کە بونەوەرەکەی تیادا دەژی و دەبێتە هۆی تێکدانی)).

مرۆڤ بریتیە لە و هۆکارە سەرەکیەی کە دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو پیسکەرانە بکات کە بیانکاتە سەرچاوەیەکی بەکەڵك یان بیانگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی زیانبەخش , نمونەش لەسەر ئەوە: دەبینین کە پاشەڕۆ بایۆلۆژیەکانی ئاژەلاَن سەرچاوەیەکی بە سوود پێك دێنن ئەگەر وەك بە پیتکردنی زەوی کشتوکاڵی بکاربهێنرێت, بەلاَم ئەگەر فڕێدرانە ناو ئاوەڕۆکانەوە ئەوا دەبنە هۆی بلاَوبونەوەی نەخۆشی و پەتاکان.

بەهەمان شێوە ئەنجامی چالاکیە ئابوریەکانی مرۆڤ بەشداریەکی گەورە دەکاتە سەر پڕۆسەی پیسبوونی ژینگەیی چ ولاَتێکی دیاریکراو بێت یان دونیایی بێت. چونکە پیسکەرەکان دەجوڵێن لەمیانەی چینەکانی بەرگەهەوادا بەبێ ئەوەی

حساب بۆ سنورە جوگرافی و سیاسیەکان بکات لەسەر ئاستی هەموو گۆی زەوی .

هەروەك چۆن پیشەسازی لەلایەکی ترەوە ڕۆڵێکی کەمتر نابێت لەبەرهەمی چالاکیە ئابوریەکاندا لە گۆڕینی ژینگەیەکی تەندروستەوە بۆ ژینگەیەکی زیان بەخش و دەرکەوتنی زنجیرەیەك کاریگەری کۆمەڵایەتی و ئابوری و گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژینگەدا لە هەواو زەوی و ڕووبار و دەریاچە دووربن یان نزیك لەسەرچاوەی پیسکەرەکانەوە.

**• کێ بەرپرسیارە لە پیسبوونی ژینگە؟**

مرۆڤ هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتیە لە دروستکردنی پرۆسەی پیسبوون لە ژینگەدا و دەرکەوتنی هەموو پیسکەرەکان بەجۆرە جیاوازەکانیەوە کە بەم شێوەیە پیشانی دەدەین:-

مرۆڤ = فراوانبوونی پیشەسازی – پێشکەوتنی تەکنەلۆژی – خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکان – تەقینەوەی دانیشتوان

بەم شێوەیە:-

مرۆڤ داهێنەرە.

هەر ئەو دروستکەرە.

هەر ئەو بکارهێنەرە.

هەر ئەویشە پێکهێنەری سەرەکی دانیشتوان.

**• ئاستەکانی پیسبوون:-**

أ. پیسبوونی نامەترسیدار

ئەم جۆرە بڵاوبۆتەوە لەسەر ڕووی زەوی بەشێوەیەك کە جێگەیەك نیە ئەم جۆرە پیسبونەی تیادا نەبێت.دەتوانین ناوی بەرین بە پیسبوونی پەسەندکراو بە شێوەیەك کە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵیدا بژی بەبێ ئەوەی تووشی زیان یان مەترسی ببێتەوە, هەروەها ئەم جۆرە نابێتە هۆی تێکدانی ژینگەیی و جوڵەی پێکەوەیی لە نێوان توخمەکانی ئەو هاوسەنگیەدا.

ب. پیسبوونی مەترسیدار

بریتیە لەو پیسبونەی کە کاریگەری خراپی دەردەکەوێت لەسەر مرۆڤ و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی و دەتوانرێت ناوی بەرین بە (( پیسبوونی وەرچەرخێنەر)) و بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە چالاکی پیشەسازیەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە. مەترسیەکەشی لەوەدایە کە پێویستە ڕێوشوێنی گونجاوی خێرا بگیرێتە بەر کە مرۆڤ دەپارێزێت لەمەترسیەکی ڕاستەقینە کە هەڕەشە لە ژیانی دەکات و ناکرێت پشتگوێ بخرێت. لێرەدا مرۆڤ ڕێگەی پێنادرێت لەگەڵ ئەم جۆرە پیسبونەدا بژێت.

ج. پیسبونی کاولکەر

ئەم جۆرە پیسبونە بریتیە لەو جۆرەی کە داڕوخانی ژینگە و مرۆڤی تیایدا ڕوودەدات و هەموو جۆرە هاوسەنگیەکی ژینگەیی تێك دەدات.بەو مانایەی کە تێك دەدات بەبێ پێدانی هیچ بوارێك بە مرۆڤ. تەنانەت ڕێگە نادات بیریش لە چارەسەرەکان بکاتەوە. ئەم جۆرەش لە پیسبوون پەیوەندی بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە هەیە کە مرۆڤ واگومان دەکات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان تیایدا داهێنان بکات وەك چالاکیە تیشك دانەوەکان و ئەتۆمیەکان. باشترین نمونەش، ڕووداوی کورەی ئەتۆمی(( چێڕنۆبیل)) بوو، کە چاکسازی لەم جۆرە پیسبونەدا پێویستی بە سالأنێکی دوورودرێژە لەگەڵ خەرجیەکی گەورەدا. هەر بەمەشەوە ناوەستێت بەڵکو کاریگەریشی لەسەر چەند نەوەیەك لە مرۆڤەکان بۆ ماوەی دوورودرێژ بەجێدێڵن.

- جۆرەکانی پیسبوون
- ١. **پیسبوونی هەوا**

مەبەستمان لە پیسبوونی هەوا. بریتیە لە بوونی توخمی زیان بەخش تیایدا. کە زیان دەگەیەنێت بە تەندروستی مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا و دواتریش ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە تەندروستی خۆی بکات ئەوا پێویستە کۆنترۆڵی پیسبوونی هەوا بکات لەبەرئەوەی ئیکسیری ئەو ژیانەیە کە هەڵیدەمژێت.

پیسکەرەکانی هەوا دەبێتە هۆی مردنی نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەس سالآنە (( ئەم ڕێژەیەش نزیکەی ٢٪ ی کۆی ڕێژەی هۆکارەکانی تری مردنن)).یەکێك لە وەڕسترین ئەو پێکهاتانە لەم بوارەدا بریتیە لە دوکەڵ کە دەردەچێت لە توتن و جگەرە کە نزیکەی ٣ ملیۆن کەس سالآنە دەکوژێت و پێشبینیش دەکرێت کە ئەم ڕێژەیەش بەرزببێتەوە بۆ ١٠ ملیۆن کەس سالآنە لە ٤٠ سالّی داهاتوودا. ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوامی هەبێت.

- کەی دەتوانین بە هەوا بڵێن پیسە؟

پێکهاتەی سروشتی بۆ هەوا بە سیفەتی ئەوەی ئۆکسجینی ژیانە بەم جۆرەیە:-

- گازی نایترۆجین = ٧٨٪
- گازی ئۆکسجین =٢١٪
- هەڵمی ئاو = ١-٣٪ لە قەبارەی گشتی ئاو
- گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن = ٣ر٠٪

هەروەك چۆن گازی تریش هەن بە ڕێژەی زۆر کەم وەك:-

نیۆن, ئارگۆن,هیلیۆم,کربتۆن,ئامۆنیا ,ئۆزۆن,میثان. هەرکاتێ پێکهاتەی تر جیاواز لەمانە چوە هەواوە ئەوا هەوا پیس دەبێت.کەواتە کاتێ هەوا سیفەتی پیسبوو وەردەگرێت کە توخمی کیمیاوی بەهەر شێوەیەك بێت بوونی هەبێت.کە کاریگەری خراپ و زیان بەخش بەجێدێڵێت بۆ سەر ژیان لەسەر ڕووی گۆی زەوی بۆ زیندەوەرەکان. جا ئەو پیسکەرانە لەسەر هەر شێوەیەکی دۆخی ڕەق , شل ,گاز, تیشك, میکرۆبی بن.

هەوا لەهەموو پێکهاتەکانی تری ژینگە زیاتر توانای پیسبوونی هەیە. لەبەرئەوەی پیسکەرە گازیەکان لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت لە میانەی ئاڕاستەکانی ڕەشەبا و جوڵەکانیەوە. بەشێوەیەك کە جوڵەی با کاردەکاتە سەر سروشتی خاك وئاو و ڕووەکەکان. جێگەی ئاماژەیە کە هەوا زیاترین داواکاری لەسەرە بۆ مانەوەی مرۆڤ. بەشێوەیەك هەر تاکێك پێویستی بەبڕێك هەوا هەیە ڕۆژانە کە بەرامبەر(( ٦ ))ئەوەندەیە لە پێویستی بە ئاو و(( ١٠ ))ئەوەندەیە لە پێویستی بە خۆراك. ئەم پێویستیە زۆرەی مرۆڤ بۆ هەوا وای لێدەکات کە تووشی مەترسی

ببێتەوە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ و ئەو ژینگەیەشی کە تیایدا دەژی لە ئەنجامی تێکچوونی ئیشوکارە زیندوەکانی هەوا.

• **دەتوانین پیسکەرەکانی هەوا پۆلێنبکەین بۆ دوو بەشەوە:-**

١. سەرچاوەکانی سروشتی بەو مانایەی کە مرۆڤ کاریگەری تیایاندا نیە, وەك تەپوتۆز... و هۆکاری تریش.

٢. سەرچاوەکانی پیشەسازی بەو مانایەی لە دروستکراوی مرۆڤە و هەر مرۆڤیش هۆکاری سەرەکی داهێنانی هۆکارە زانستیەکانە کەوا دەزانرێت ژیانی بۆ ئاسان دەکات.بەلأم به پێچەوانەوە ژیانی بۆ زیاتر ئالۆز دەکات و پیستریشی دەکات. وەك: نەبینراوەکانی ئۆتۆمبێل کە لە ئەنجامی سووتاندنی سووتەمەنیەوە دروست دەبن, بەرهەمهێنانی کارەبا.....و هتد.کە دەبنە هۆی دەرچوونی گاز و تەنی وردیلە و لە هەوادا بلأودەبنەوە لە چواردەورمان و زیان بە ژینگە سروشتیە جوانەکەمان دەگەیەنن.وەك دەبینین لەهەموو دونیادا شارە گەورە پیشەسازیەکان لەهەر جێگەی تر زیاتر تووشی پیسبوون دەبنەوە. هەروەها ولأتە تازە گەشەکردوەکان کە هۆکاری پێویستیان نیە بۆ ڕێگەگرتن لە پیسبوونی ژینگە.

• **سەرچاوەکانی پیسبوونی هەوا**

لەگرنگترین ئەو توخمانەی کە زۆر بلأون و دەبنە هۆی پیسبوونی هەوا بریتین لە:-

١. تەنیلە وردیلە هەڵواسراوەکان

بریتیە لە تەپوتۆزی وردی هەڵواسراو لە هەوادا کە لەناوچە بیاباناویەکانەوە دێن. یان ئەو پیسکەرانەی کە لە ئەنجامی سووتاندنی سووتەمەنی و پاشەڕۆکانەوە دێن,پاشەڕۆ پیشەسازیەکان لە ئاسن و چیمەنتۆ و چنراوەکان و شوشە و گلێنە و پلاستیك, لەپاڵ هۆکارەکانی گواستنەوە و وێسگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباوە. بەلأم ئەمانە بەبەردەوامی بە هەڵواسراوی نامێنێتەوە لە هەوادا,هەروەك چۆن لە خۆشیانەوە نانیشن. ئەمەش دەوەستێتە سەر قەبارەی هەڵواسراوەکان و جوڵە و ئاڕاستەی باوە.

دەشێت ئەو تەنیلانە ژەهراوی بن بە سروشتیان بەبێ ئەوەی کارلێك لەگەڵ هیچ پێکهاتەیەکی تردا بکەن.لەبەر سیفاتە کیمیاویەکانی و فیزیاویەکانی لە ئەنجامی هەڵگرتنی توخمە ژەهراوی لەسەر ڕووی و گواستنەوەی بۆ سیەکانی مرۆڤ.

- **جۆرەکانی تەنیلە هەڵواسراوەکان**

أ. دوکەڵ: بەرهەمدێت لە ئەنجامی سووتاندنی ناتەواوی توخمە هایدرۆکاربۆنیەکان وەك خەڵوز و توتن و نەوت و...هتد.دوکەڵ بریتیە لە دەنکی بچوك لە کاربۆن.

ب. هەڵمەکان: بەرهەم دێت لە ئەنجامی چڕبونەوە لە حاڵەتی گازیەوە کە بریتیە لە دەنکی ڕەق.

ت. تەمومژ: پێك دێت لە شلەمەنی(( ئاو , ترشی کبریتیك,ترشی نایتریك,....هتد)).

پ. تەپوتۆز :دەنکی زۆر وردن, دەشێت سەرچاوەکەی سروشت بێت لە ئەنجامی هەڵکردنی باکە تۆز و لمی زۆر ووردی جێگیر لەسەر ڕووی زەوی هەڵدەگرێت لە هەوادا کە مرۆڤ هەڵیدەمژێت. سەرچاوەی پیشەسازیش بریتیە لەوەی کە لە ئەنجامی پرۆسە پیشەسازیەکانەوە دروست دەبێت.

- **٢. پیسبوون بە پاشەڕۆکان**

پیسبون بە پاشەڕۆکان ئەمانە دەگرێتەوە:-

١.پاشەڕۆی ڕۆژانەی مرۆڤ

٢.پاشەڕۆ تیشکاویەکان

- **پیسبوون بەهۆی پاشەڕۆ ڕۆژانەییەکانی مرۆڤەوە**

ئەم جۆرە پیسبونە ڕێژەکەی لە زیادبوندایە بە تایبەتیش لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا و بە تایبەتیش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە. لەخوارەوە بەراوردێکی سانا دەکەین لە نێوان پاشەڕۆ و ڕێژەکەی لە هەندێ وڵاتدا.وەك لەو خشتەیەی لای خوارەوە دەردەکەوێت:

| ولات | پێکهاتەکان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کاغەز | توخمی ئەندامی | خۆڵەمێش | کانزاکان | شوشە | توخمی تر |
| ئەمریکا | ٤٢ | ٢٢,٥ | ١٠,٥ | ٨ | ٦ | ١١,٥ |
| فەرەنسا | ٢٩٦ | ٢٤ | ٢,٥ | ٤,٢ | ٣,٥ | ١٤ |
| سوید | ٥٥ | ١٢ | - | ٦ | ١٥ | ١٢ |
| میسر | ١٠ | ٥٥ | ١٠ | ٥ | ٥ | ١٥ |

- دەشێت ئەو پاشەڕۆیانە ببنە هۆی زیانی گەورە لە ئەنجامی نەبوونی هۆشیاری تەندروستی و لاوازی سیستەمی کۆکردنەوەی و خۆڕزگارکردن لێی وەك:-

١. بڵاوبونەوەی بۆنە ناخۆشەکان
٢. ئاگرکەوتنەوە
٣. ژینگەی شیاو بۆ دەرکەوتنی مێروو وەك مێش و مێشولە و مشك.
٤. زیادبونی میکرۆبەکان کە دەبنە هۆی:

أ. سکچوون
ب. کولێرا
ت. دووسەنتریای ئەمیبی
پ. هەوکردنی جگەری
ج. تیتانۆس
ح. سیل
خ. تێکچوونی بینین
د. بڵاوبونەوەی نەخۆشیە میکرۆبیەکانی ئاژەڵان.

- **پیسبوونی تیشکاوی**

١. پاشەڕۆ سەربازیەکان

تائێستا گفتوگۆ مشتومڕەکان بەردەوامن لەسەر چۆنێتی خۆڕزگارکردن لە پاشەڕۆ تیشکاویەکان کە تائێستا هەموان نەگەیشتونەتە چارەسەرێکی گونجاو لە

بارەیانەوە,سەرەڕای وەستاندنی پرۆگرامە ئەتۆمیە تایبەتەکان لە دونیادا. لە ئێستادا ولاتێك نیە کە چالاکیە تیشکیەکان بشارێتەوە.ئەم کارە بە نهێنی نەماوەتەوە, بەلام بەرانگاری و سەختیەکانیش هەرماون. کێشەکە ئەوەنیە کە پیشەسازی زیاتری چەکی ئەتۆمی بەردەوامە. بەلکو لە ڕێگا چارەکاندایە لە پاشەڕۆکانی کە مەسەلەکە زیاتر ئالۆز دەکات و دوراییەکی تر دەداتە کێشەکە. یان بەکارهێنانی ڕێگای تەندروست بۆ هەلگرتنی و لە پال کێشە داراییە گەورەکاندا کە پێویستە بۆ دابینکردنی خەرجیەکان و لابردنی پیسبوون کە ئەو پاشەڕۆیانە دروستی دەکەن.

٢. پاشەڕۆ مەدەنیەکان

پاشەڕۆی تیشکاوی بە تەنها لایەنی سەربازی و چەکی کۆکوژ ناگرێتەوە, بەلکو بال دەکێشێت بۆ بواری مەدەنیش وەك:-

بەرهەمهێنانی کارەبا کە پاشەڕۆی تیشکاوی دەردەچێت کە سەختە مامەلەکردن لە گەلیاندا و هۆکارەکانی سەلامەتی تریش کە بەکارناهێنرێن لە شەڕەکاندا. هەروەك چۆن مەدەنیەکان ژینگە پیسدەکەن لە ڕێگەی هەلگرتنی ئەو پاشەڕۆ تیشکاویانەوە لەناو زەویدا و وادەزانن کە ئەمە باشترین ڕێگا چارەیە. لەگەل ئەوەی هەموو ولاتان لە هەولدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی سەرکەوتوو. بەلام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. قەبارەی مەترسیەکە تەنها ئەو زەویە ناگرێتەوە کە ئەو پاشەڕۆیانەی تیادا دەشاردرێتەوە, بەلکو ئەو زەویە کشتوکالیانەی دەوروبەریشی دەگرێتەوە کە کشتوکالی تیادا دەکرێت کە ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و دەبێتە هۆی تێکشکاندنی جینەکانی, بەو مانایەی کە کاریگەریەکانی درێژەی دەبێت و ناتوانرێت بسڕێتەوە,کەئەمەش چارەسەر نیە و بەلکو دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی نوێ بۆ کێشەکانی پیسبوونی ژینگە.

- **پیسبوونی بینین (( ونبونی وێنا جوانەکان ))**

بریتیە لە تێکچوون یان لێلبونی هەر وێنایەك کە چاوی مرۆڤی دەچێتە سەر کە لەکاتی سەیرکردنیدا هەست بە نائارامی دەروونی دەکات.یان دەتوانین بلێین

جۆرێکە لە جۆرەکانی نەمانی چێژبینینی هونەری یان ونبونی وێنا جوانەکانی هەموو شتێکی دەوروبەرمان لە بیناکان, ڕێگاوبانەکان, شۆستەکان و...هتد.

- هەندێ نمونە لەسەر ئەم جۆرە پیسبونە:-

١. خراپی دیزاینکردنی شارستانی بۆ هەندێ بینا چ لەلایەن بۆشایەکان یان شێوەی بیناکان.

٢. ستوونی ڕوناکیەکان لە ڕێگاکاندا کە زۆر بەرزن کە ناگونجێن لەگەڵ ڕێگاکاندا.

٣. صندوقەکانی پاشەڕۆکان بە هەموو جۆرەکانیەوە کەمایەی ڕەشبینین.

٤. جۆراوجۆری بۆیاخی پێشەوەی بیناکان.

٥. بەکارهێنانی شوشە و ئەلەمنیۆم کە دەبنە هۆی زیادکردنی هەستکردن بە گەرما.

٦. دانانی ئامێرەکانی هەوا خۆشکەر لە پێشەوەی بیناکاندا.

٧. بلاوبوەنەوەی پاشەڕۆکان لە چواردەوری تەنەکە خۆڵەکان و سەرزەوی.

٨. بلاوبونەوەی مالان لە نزیك گۆڕستانەکانەوە.

٩. چێکردنی پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوە لە نزیك جێگە دێرینەکانەوە و نەگونجاندنی جێگە تازەکان لەگەڵ کۆنەکاندا.

١٠. بوونی خانوی ڕووخاو لە نزیك تەلارە بەرزەکانەوە.

١١. ئۆتۆمبێلە شکاوەکان یان ئەوانەی باریان هەڵگرتوە و نەگونجاون.

١٢. هەڵواسینی لافیتە و بۆردی ئاگاداری و پڕوپاگەندەکان لە شەقامەکان و نەگونجاندنیان.

١٣. دروستکردنی بینا لەبەردەم جێگە جوانەکاندا و شاردنەوەیان وەك, دەریا یان ئەو جێگەیانەی کە ئاویان لێیە. و چەندین نمونەی تریش.

- **پیسبوونی ئاو**

ئاو بریتیە لەو پێکهاتوە کیمیاویە شلە ڕونەی کە پێکهاتوە لە دوو گەردی هایدرۆجین و گەردێك ئۆکسجین و هێما کیمیاویەکەی بریتیە لە $H_2O$ .ئاو ڕێژەی ٧١٪ ی ڕووبەری گۆی زەوی داگیر دەکات و بەم شێوانە هەیە: زەریاکان ,

ڕووبارەکان , دەریاکان, ئاوی ژێر زەوی , ئاوی باراناو , بەفر. هەروەها لەخانەی زیندوودا هەیە بە ڕێژەی ٥٠-٦٠٪ و هەروەك لە جیهانی ڕووەك و ئاژەلانیشدا هەیە و هەر بەم حاڵەتەشەوە ناوەستێت و بونی ئاو دەکشێت بۆ جیهانی دەرەکیش(( دەرەوەی گۆی زەوی )), بەرگە هەوا و بە شێوەی هەڵمی ئاو هەیە.

- **بوارەکانی بەکارهێنانی ئاو گەلێکن لەوانە :**
  - بۆ ساردکردنەوە
  - بۆ خواردن دروستکردن
  - بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا
  - بۆ بەخێوکردنی ماسی جوانی
  - بۆ ئاودانی ڕوەك و ئاژەلان
  - بۆ مەبەستی پیشەسازی
  - ئاو گرنگە بۆ مرۆڤ
  - بۆ پارێزگاری لەسەر پلەی گەرمای لەش
  - بۆ خۆپزگارکردن لە پاشەڕۆژ
  - بۆ کرداری هەرس
  - گواستنەوەی پێکهاتەکان لەنێوان خانەکاندا
  - بۆ توانەوەی خوێکان و شەکرەکان و پرۆتیناتەکان
  - گرنگە بۆ ئەندامەکانی لەش لە دڵ و گورچیلە و خوێن

- **ئاستی باشی ئاو لە ڕووی بەکارهێنانەوە**

١. ئاوی خاوێن بەکاردەهێنرێت بۆ هەموو مەبەستێك بەبێ ترس
٢. ئاوی سوێر وەك ئاوی زەریا و دەریاکان
٣. ئاوی ئاوەڕۆ کە هیچ کردارێکی شیکردنەوە و پاککردنەوەی بۆ ناکرێت هەربۆیە ناشێت بەکاربهێنرێت بۆ هیچ مەبەستێك لە ژیانی مرۆڤدا
٤. ئاوی ئاوەڕۆی پاکژکراوە کە بە پرۆسەی پاکژکردنەوەی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە

- پیسبوونی ئاو

١. پیسبوونی ئاوی شیرین و کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ

- ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی پیسبوونی ئاوی شیرین؟

ئاوی شیرین ئەو ئاوەیە کە مرۆڤ ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لەبەر ئەوەی دەیخواتەوە و بەکاری دێنێت لە خواردنەکانیدا. سەرچاوەکانی ئاوی شیرین لەم دواییانەدا تێکچوون و داڕمانێکی گەورەی بەسەردا هات لەبەر گرنگی پێنەدانی گەورە پێی. دەتوانین بە کورتی هۆکاری ئەم دیاردەیە باس بکەین:-

١. بەکارهێنانی تانکی ئاو لە کاتی سەرنەکەوتنی ئاو بۆ نهۆمە بەرزەکان کە ئەم تانکیانە پاك ناکرێتەوە بەشێوەیەکی بەردەوام کە ئەمەش بریتیە لە مەترسیدارترین کار.

٢. کەمتەرخەمی لە خزمەتگوزاریەکان لە ئاوەڕۆکاندا و خۆڕزگارکردن لە پاشەڕۆکان.

ئاوی ئاوەڕۆکان بریتیە لەو ئاوەی کە جۆرەها میکرۆب و بەکتریای زیانبەخشی تیادایە لە ئەنجامی ئەو پاشەڕۆیانەی کە تێی دەکرێت و لە ڕووی بایۆلۆژیەوە شی نابێتەوە کە ئەمەش وادەکات بگوازرێتەوە بۆ ئاوی ڕووبار و دەریاچەکان.

گەورەترین سەرچاوەی پیسکردنی ئاوی ئاوەڕۆکان بریتین لە پاشەڕۆ شلەکانی کارگەکان لە ئەنجامی پیشەسازیە گۆڕەکانەوە وەك: بەرهەمهێنانی کارەبا, کرداره کارەبایی و ناکارەباییەکان,ئاسن و داڕشتەکان, بەرهەمەکانی چیمەنتۆ. شوشە,بەرهەمە پلاستیکیەکان, بەرهەمە کیمیاویەکان,صابون و پاکژکەرەوەکان, ڕۆنەکان, وەرەقی کارتۆن,پێستەو ڕەنگکردن, ڕستن و چنین, مەوادی خۆراکی, پالأوتنی نەوت.

ئەم کارگانە پاشەڕۆکانیان بەبێ چارەسەرکردن دەکەنە ناو ئاوەڕۆ کشتوکاڵیەکانەوە و کە ئەمەش دەبێتە هۆی:

١. ئاوەکە زیندوێتی خۆی لەدەست دەدات بەشێوەیەك دەگاتە ئاستی نەمانی ئۆکسجینی تواوە تیایدا, ئەمەش دەبێتە هۆی داڕمانی ژینگەی زیادبوونی

زینـــدەوەرە زۆر ووردەکـــان کـــە هەڵدەســـتن بـــە ڕۆڵ بینینـــی توخمـــە ئەندامیـــە دەرچووەکان لەپاشەڕۆ پیشەسازیەکانەوە, بەشێوەیەك ئۆکسجینی زینـدوو وەك پێوەرێك وایە بۆ دارمانی ئاو و ئاستی پیسبوونی ئەندامی لە بڕی ئەو ئۆکسجینە زینـدووە لـەماوەی کـرداری بـە ئۆکسـیدبوونی توخمـە ئەندامیـەکان لـە ئـاودا. لـە دوایدا بەکتریای بێ هـەوای چالاك دەبێـت لـەکاتی نـەمانی ئۆکسـجینی زینـدودا و کـرداری هـەڵهاتن(( تخمر)) ڕوودەدات و دواتـر بۆگـەنکردنی ئاوەکـەی لێدەکەوێتـە وە.

٢. ئاوەکـــە پاڵنـــەرەکانی ژینگـــەیی گونجـــاو وەدەســـتدێنێت بـــۆ زیـــادبوونی زینـدەوەرە میکرۆبیـەکان. کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گواسـتنەوەی میکرۆبـاتی هـەناوی لـەکاتی گەشـتنی بـۆ خـواردنی مـرۆڤ جا بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ بێـت یـان ناڕاستەوخۆ.

٣. کارلێکـەکان و هەڵهاتنـە ناهەواییـەکان و گـاز داڕنراوەکـان وەك کبریتیـدی ئایـدرۆجین بـە بۆنـە ناخۆشـەکەی و میثـان و...هتـد. لـەگازە ژەهراویـەکان یـان ئەوانەی کە توانای گڕگرتنیان هەیە دەردەکەون.

٤. چـینێکی زۆر ئەسـتوور دروسـت دەبێـت لەسـەر ڕووی ئـاوی ئاوەڕۆکـان بەشێوەیەك ڕۆیشتنی ئاوەکە نابینرێت.

٥. توخمە پیسکەرەکان و کانزا قورسەکان دەچنە ناو ئـاوی ژێـر زەویـەوە . کـە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئاوی خواردنەوە.

٦. هـــەروەها پاشـــەڕۆ شـــلەکان دەجـــوڵێن بـــەناو بۆشـــاییەکانی خاکـــدا و بەتایبـەتیش لـە حاڵـەتی ڕەنگەکانـدا کـە لـە پرۆسـەی ڕسـتن و چـنیندا بـەکار دەهێنرێن.

- خۆڕزگـارکردن لـە پاشـەڕۆ پیشەسـازیەکان بـەبێ چارەسـەرکردنیان, یـان ئەگـەر چارەسـەریش کران بەشێوەیەکی کـەم و بەتایبـەتیش پاشـەڕۆ ڕەقـەکان کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:-

١. تواندنـــەوەی کـــانزا بنەڕەتیـــەکان و پاڵاوتنیـــان وەك: لمـــی ســـوتاوی داڕشتەکان, پیسی فڕنەکان, شکاوی خشتی گەرمی . ئۆکسیدەکان.

٢. بەرهەمە کانزاییەکان: تەلی مس و ئەلەمنیۆم و وەرەق و پاشماوەی مس و ڕەقەکان.

٣. بەرهەمە کیمیاویەکان: ئۆکسیدی کرۆم و کالیسیۆم و کاربۆناتی صۆدیۆم.

- **پاشەڕۆ ئەندامیەکان:-**

١. ڕستن و چنین: پاشماوەی توخمی خاو و ڕستنی چنراوەکان.

٢. کاغەز: توێکڵی کاغەز کە نەهاڕراوە و پیسیەکانی کاغەز.

٣. تەختەکان: وردە تەختە و پاشەڕۆکان و پاشماوەی ڕەگی تەختەکان.

٤. بەرهەمە کیمیاویەکان: پاشماوەی مەتات و پاشەڕۆ لولەکیەکان و پاشماوەی پلاستیك لە پڕۆسەی دروستکردنی ئامێرە ناوماڵیەکاندا وقوتوە جیاوازەکان و تەختەی فۆڕمیکا.

٥. بەرهەمە خۆراکیەکان: پاشماوەی دانەوێڵە و خەڵوزی ڕوەکی و...هتد.

- بەڵام ئاوی ژێر زەوی لە هەندێ ناوچەدا دەبینین کە هەندێ کانزای وەك ئاسن و مەنگەنیز دەچنە ناو ئاوی ژێر زەویەوە لەگەڵ لەناوبەری مێروەکاندا کە بەکار دەهێنرێن لەزەویە کشتوکاڵیەکاندا.

- **کاریگەریەکانی پیسبوونی ئاوی شیرین لەسەر تەندروستی مرۆڤ :-**

سەرەتایترین کار بریتیە لە داڕمانی تەندروستی مرۆڤ بە خێرایی لە ڕێگای توشبوونی بە نەخۆشیە هەناویەکانەوە وەك:

١. کولێرا

٢. تایفۆئید

٣. دۆسەنتری بەهەموو جۆرەکانیەوە

٤. هەوکردنی جگەری درمی

٥. مەلاریا

٦. بەلهارسیا

٧. نەخۆشیەکانی جگەر

٨. حاڵەتی ژەهراویبوون

٩. تەنها کاریگەریەکانی بۆ سەر مرۆڤ نیە, بەڵکو باڵ دەکێشێت بۆ ژیان لەناو ئاوی ڕووبار و دەریاچەکانیشدا. بەهۆی ئەو پەین و پاشەڕۆ کشتوکاڵیانەوە لە ئاوی ئاوەڕۆکاندا دەبنە یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی قەوزە و ڕوەکە جیاوازەکان کە زیان دەگەیەنێت بە سامانی ماسی. لەبەر ئەوەی ئەو ڕوەکانە دەبنە هۆی ڕێگرتن لە گەیشتنی ڕووناکی ڕۆژ و ئۆکسجین لە ماسیەکان و هەروەها هۆکارن بۆ زیادکردنی مێروەکان وەك مێشوولە و...هتد.کە دەبنە هۆی نەخۆشی بەلهارزیا.

٢. پیسبوونی ژینگەی دەریای و کاریگەریەکانی

- سەرچاوەکانی پیسبوون

١. یان بەهۆی ئەو نەوتەوە دەبێت کە لە ئەنجامی ڕووداوی پاپۆڕە نەوت گوێزەکانەوە کە لێرەدا ئەو نەوتەی دەڕژێتە ئاوی دەریاکانەوە بۆ ماوەی ٧٠٠کم لەجێگەی ڕژانەکەوە بڵاودەبێتەوە.ئەم جۆرە پیسبونە لە ڕێگەی ڕووداوی پاپۆڕیەکانەوە دروست دەبێت و نەوت دەڕژێتە ناو دەریاکانەوە یان بەهۆی فڕێدانی هەندێ پاشماوەی نەوت بۆ ناو دەریاکان. ئاوی دەریاکان هەروەها بەهۆی پاشەڕۆ کشتوکاڵیەکانیشەوە پیس دەبێت کە لەڕێگەی ئاوی ڕووبارەکانەوە تێی دەچێت وەك لەناوبەری مێروەکان و پاشەڕۆی کارگەکانەوە.

٢. یان بەهۆی ئاوەڕۆی ماڵان و پیشەسازیەوە پیس دەبێت..

- کاریگەریەکانی پیسبوونی ئاوی دەریاکان:

١. دەبێتە هۆی نەخۆشی جیاواز بۆ مرۆڤ وەك:
   - هەوکردنی جگەری درمی.
   - کۆلێرا.
   - هەوکردنی پێست.

٢. زیان دەگەیەنێت بە زیندەوەرە زیندوەکانی تر.

٣. زیان گەیاندن بە سامانی ماسی.

٤. کۆچکردنی باڵندە سوود بەخشەکان بە کۆمەڵ

٥. زیانگەیاندن بە دەریاچە مەرجانیەکان.

- **هۆکاری تر بۆ پیسبوونی ئاو:-**

١. ئاوی باراناو

ئاوی باران لە ئاسمان دێتەخوارەوە هیچ پیسیەکی لەگەڵدا نیە , بەڵام لە ڕێگای گەیشتنی بەزەوی پیسکەرەکانی ناو هەوای پیاهەڵدەواسرێت وەك: ئۆکسیدەکانی نایترۆجین, ئۆکسیدی کبریت, گەردیلەی خۆڵ. ئەمەش لە پیسکەرە ڕەق و گازیەکانەوە دێت کە لەکارگە و ماکینەی ئامێرەکان و ئۆتۆمبێلەوە دروست دەبن.هەموو ئەم پیسکەرانە پێکەوە لەناو ئاوی باراندا دەتوێنەوە بۆ ئەوەی توخمێکی تر دروست بکەن نەك تەنها بۆ پیسکردنی ئاو بەڵکو بۆ پیسکردنی خاکیش.لەو کاتەدا ڕووەك ئەو ژەهرانە هەڵدەمژێت و دوایی مرۆڤ و ئاژەڵ دەیانخوات و توشی ژەهراوی بون دێن. هەروەك چۆن ئاوی دەریاکانیش پیس دەکات و زیندەوەرەکانی ناویشی و دواتر مرۆڤ و ماسی و بونەوەری تری دەریایی دەیخوات بەهەمان شێوە تووشی ژەهراوی بوون دێت.

ئاوی خواردنەوە و ئەو کانزا و ناکانزایانەی کە تیایدایە:-

- **کانزا قورسەکان چین و زیانەکانیان چیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ ؟**

١. جیوە:- ئەگەر چڕی جیوە لەناو ئاوی خواردنەوەدا زیاتر بوو لە ٢ملگم / لتر. ئەوا بەو ئاوە دەوترێت پیس بوو بەجیوە, دواتر مرۆڤ تووشی ژەهراوی بوون دەکات ئەگەر چڕیەکەی لەلەشدا زیاتر بوو لە ٨٠ ملگم.

نیشانەکانی ژەهراوە بوون بە جیوە:-

- وشکبونەوەی سەری پەنجەکان و لێو و زمان.
- بێهێزی لە کۆنترۆڵکردنی جوڵەدا.
- تووشبون بە کوێری.
- کارلێکردنی لە کۆئەندامی دەمار.
- گۆڕان لە جینەکان و منداڵ بوون و توشبونیان بە شەلەل.

٢. فلۆر:- توخمێکە بەکاردێت لە پاکژکردنەوەی ئاوی خواردنەوەدا. تێکڕای ڕێگەپێدراو بریتیە لە ١ ملگم/لتر. ئەم توخمە سوودی هەیە بۆ مرۆڤ و ڕێگرە لەدان

کلۆربوون. بەلاَم ئەگەر ڕێژەکەی زیاتر بوو لە ١,٥ ملگم/ لتر ئەوا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پەڵەی کاکاوی لەسەر دان.

٣. کلۆر :- توخمێکی کیمیاویە و بەکار دەهێنرێت لە پاکژکردنەوەی ئاوی خواردنەوەدا. زیادبوونی ڕێژەی کلۆر لە ئاودا دەبێتە هۆی کارلێکردنی پێکهاتەی ئەندامیەکان لەناو ئاودا لەگەڵ کلۆرەکەدا و بەمەش پێکهاتەی تر دروست دەبێت کە گریمانەی توش بوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

٤. ڕەصاص:- ڕێژەی ئەم کانزایە لە ئاودا تا ٠,١ ملگم/لتر ڕێگەی پێدراوە. ئەگەر زیاتر بوو ئەوا ژەهراوی بوون بە ڕەصاص ڕوودەدات. پیسبونی ئاوی خواردنەوە بە ڕەصاص بە هۆی گەیاندنی بۆری ماڵانەوە ڕوودەدات.

نیشانەکانی ژەهراوی بوون بە ڕەصاص:-

- ئازار لە کۆئەندامی هەرسدا کە ڕشانەوەی لەگەڵدا دەبێت.
- گرژبوونی کۆئەندامی دەمار ڕەنگە شەلەلی دەست و قاچی لەگەڵدا بێت.
- فیٚ
- بێهۆشبوون
- توشبونی پوک بە هێڵێکی شین بەلای ڕەشدا دەڕوانێت.

٥. زەڕنیخ:- بەهۆی لەناوبەری مێروەکانەوە دەگاتە ئاو یان لە پاشەڕۆی کارگەکانەوە و دەبێتە هۆی تووشبونی مرۆڤ بە شێرپەنجەی جگەر و سی و مردنی خێرا.

٦. کادیۆم:- ڕێژەی ڕێگەپێدراو بریتیە لە١-١٠ملگم/ لیتر, و دەچێتە ناو ئاوی خواردنەوەوە. زیادبوونی ڕێژەی کادیۆم زیاد لە ڕێژەی ڕێگە پێدراو کاردەکاتە سەر ڕێژەی کالیسیۆم و تووشبوونی مرۆڤ بە ئێسکە نەرمە.

٧. ئاسن:- زیادبوونی ئاسن دەبێتە هۆی قورس هەرسکردن لەلای مرۆڤ.

- **پیسبوون لە وێسگەکانی وزەوە**

نزیکەی ٦٠٪ لە وزە لە وێسگەکانی وزەوە دەردەچن لەسەر شێوەی گەرمی, کە پێویستی بە ساردکردنەوە هەیە. بۆ ڕێگەگرتن لە زیاد بەرزبونەوەی پلەی گەرمای مەکینە و تۆڕی بۆریەکان. سەرچاوەی ئەم ئاوی ساردکراوانە بریتیە لە ئاوی

دەریاکان کە دواتر بۆی دەگەڕێتەوە بە پلەیەکی گەرمی بەرزەوە زیاد لە ١٠-١٢ پلەی سەدی.ئەم پلە گەرمیە بەرزە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ئۆکسجینی تواوە لە ئاودا.

- پیسبوونی تیشکاوی

ئەم جۆرە پیسبوونە دێنە بون بە هۆی بەکارهێنانی توخمی تیشکدەرەوە, وەك یۆڕانیۆم U وثۆریۆم Th کە لە کورە ئەتۆمیەکانەوە بەرهەم دێن. و توخمی ڕەقی تریش کە تیشك دەدەنەوە دەردەچن.

- لەناوبەری مارومێروەکان

- **هەندێ چارەسەر بۆ پیسبوونی ئاو**

١. زووچاکردنی ئاوی ئاوەڕۆکان پێش ئەوەی بگاتە ناو خاك یان ڕوبەرە ئاویەکانی تر. کە دەکرێت جارێکی تر بەکاربهێنرێتەوە لە ئاودانی زەویە کشتوکاڵیەکاندا بەڵام بەبێ پیسبوونی خاك و ڕووەکەکان کە مرۆڤ و ئاژەڵ دەیانخوات.

٢. کەمکردنەوە لە چالاکی گواستنەوەی دەریایی, وەك ئەوانەی کە ڕوودەدات لە ڕژانی نەوت بۆ ناو ئاوی دەریاکان و سووتاندنیان یان کۆکردنەوەیان.

٣. هەوڵی شاردنەوەی پاشەڕۆ تیشکدەرەکان لە هەندێ بیابانی دیاریکراودا. لەبەرئەوەی ڕۆدەچێت و مەترسی دروست دەکات بۆ سەلامەتی ئاوی ژێر زەوی.

٤. چەسپاندنی هەندێ ڕێوشوێن بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە. ئەوەش بە ڕێگەگرتن لە چاندن یان دروستکردنی بیابان چالاکی پیشەسازی کە زیان بە ئاو بگەیەنن.

٥. هەوڵدان بۆ دووبارە بەکارهێنانەوی هەندێ پاشەڕۆی کارگەکان پێش ئەوەی بکرێتە ناو ئاوی ئاوەڕۆکانەوە و دواتر بچێتە ناو ئاوی ژێر زەویەوە, لە کاتێکدا بەکارهێنانەوەیان زیانی نەبێت.

٦. شیکردنەوەی بەردەوامی کیمیاوی و زیندەگی بۆ ئاو بەهۆی تاقیگەی تایبەتەوە بۆ دڵنیابوون لە خاوێنی ئاو و پیس نەبوونی.

٧. کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا .کە هۆکارە بۆ پیسبوونی ئاوی باراناو. و گۆڕینی بۆ ئاوی ترشی کە دەبێتە هۆی زۆر کێشە و گرفت.

٨. گرنگترین ڕێگا چارە بریتیە لە بونی هۆشیاریەکی مرۆیی کە گرنگی دەداتە پاراستنی ئاو لە پیس بوون کە سەرچاوەی ژیانە.

- ٥. **پیس بوونی بیستن (( ژاوەژاو ))**

پیسبوونی بیستن یان ژاوەژاو پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە بە شارەکان و جێگە پێشکەوتوەکانەوە و بە تایبەتیش جێگە پیشەسازیەکانەوە بە هۆی بەربڵاوی بەکارهێنانی ئامێر و هۆکارە نوێکانی تەکنەلۆژیاوە. ئەم جۆرە لە پیسبوون پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە بە پێشکەوتن و گەشەسەندنەوە کە مرۆڤ ڕۆژ دوای ڕۆژ هەوڵی بۆ دەدات.

- **پیسبوونی بیستن چیە ؟**

ئاشکرایە دەنگەکان بە شێکی دانەبڕاوی ژیانمانە و بۆتە سیمایەکی دیار وئەو دەنگانە گەلێك سیفاتی جیاوازی هەیە وەك چێژ وەرگرتن لەڕێگەی گوێگرتنمان لە مۆسیقا و دەنگی باڵندەکان. هەرورەك هۆکارێکی وتووێژە بۆ پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا.و هۆکارێکە بۆ ئاگادارکردنەوەی مرۆڤ وەك: زەنگی دەرگا.بڵندگۆکانی ئاگادارکردنەوە, یان ئاگادارمان دەکاتەوە لە بونی کەموکوڕی و گرفتێك وەك لە ئۆتۆمبێل و..هتد.بەلام لە ئێستادا و لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا دەنگەکان بونەتە سەرچاوەی بێزارکەر. نامانەوێت گوێمان لێیان بێت کە ناودەبرێن بە (( ژاوەژاو )).

- **جۆرەکانی ژاوەژا**

١. ژاوەژاوی هۆکارەکانی گواستنەوە وەك ڕێگاوبان و ئۆتۆمبێلەکان و هێڵی ئاسنین و شەمەندۆفێرەکان و فڕۆکەکان.

٢. ژاوەژاوی کۆمەلایەتی وەك لە ڕێگەی ئاژەڵە مالیەکانەوە و ئیشوکاری ناومال و مرۆڤەکان و چاکردنی ئۆتۆمبێل و هۆکاری تر.

٣. ژاوەژاوی پیشەسازی, ئەم جۆرە لە کارگە و جێگە پیشەسازیەکاندایە و مەترسی گەورەی هەیە بۆ سەر بیستن و تەندروستی کرێکارەکانیان.

٤. ژاوەژاوی ئاو , ئەم جۆرە بەهۆی لەلایەك مرۆڤەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی پاپۆڕ و نەوت هەڵگرەکان و لەلای سێیەمیشەوە بەهۆی ئاژەڵە ئاویەکانەوە وەك ماسی و نەهەنگەکانەوە دروست دەبن.

- **جاریش ژاوەژاو سوودی هەیەچۆن ؟**

١. لەکاتێکدا نزیك شەقامێکی قەرەباڵغیت بۆ ئەوەی کەمێك دوورکەوینەوە لەو ژاوەژاوە, ئەوا گوێگرتن لە دەنگی ئەو نافورەی ئاوە مێشك و دەروون ئارام دەکاتەوە.

٢. لەکاتێکدا لە فەرمانگەیەکی قەرەباڵغداین و ژاوەژاوی فەرمانبەران بێزارکەرن. ئەوا بیستنی دەنگی هەوا خۆشکەرەکان بۆ چەند ساتێك وەك سەمفۆنیایەك دێنە گوێمان.

- **چۆنێتی دوورکەوتنەوە لە ژاوەژاو دروستکردن**

١. هەوڵ بدە تۆ نەبیتە سەرچاوەی ژاوەژاوی بێزارکەر بۆ کەسانی دەوروبەرت.

٢. دووربکەوەرەوە لە ئیشکردن و ژاوەژاو دروستکەر لە دەرەنگانی شەو.

٣. کزکردنی دەنگی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و...هتد.

٤. دووربکەوەرەوە لە سازدانی ئاهەنگی بێزارکەر.

٥. بەکارهێنانی ئەو کەلوپەلانەی کە دەنگیان لێ دەرناچێت.

٦. ڕێگە مەدە ئاژەڵەماڵیەکانت دەرودراوسێکان بێزار بکەن.

٧. زەنگ و ئاگادارکردنەوە دەنگ بەرزەکان بەکارمەهێنە.

٨. هەمیشە هەوڵبدە ژاوەژاو کەمبکەرەوە یان وای لێبکە پەسەند بێت یان ڕایبگرە و بیوەستێنە.

- ژاوەژاو دەبێتە هۆی :-

١. کەڕبوون
٢. هیلاکبونی مێشك
٣. هەستکردن بە تەنگەنەفەسی
٤. تووشبوون بەسەر ئێشە و ئازاری سەر
٥. کەمبونەوەی حەزی خواردن

٦. ونبــوونی توانــای هەســت وەرگــرتن بەتایبــەتی لەوکارانــەی کــە پەیوەنــدیان بەبیرکردنەوەوە هەیە

- **چارەسەری گونجاو بۆ ژاوەژاو**

١. وەرگرتنی باج

٢. دەست بەسەراگرتنی ئەو ئامێرانەی سەرچاوەی ژاوەژاوی بەرزن

٣. هەندیَ وڵات ڕوودەکەنە بەکارهێنانی جۆرە قیرێك کە دەنگەکان هەڵدەمژێت بۆ نزیکـەی تـەنها ٥ دیسـیبل. لەکاتێکدا پێوانـەی ژاوەژاو بەیەکەیـەك دەپێورێـت کـە پێـی دەوترێت(( دیسیبل )) کورتکراوەی (( دی . بی )) و لە نێوان ٣٠-٣٥ دی .بی.

- ٦. **پیسبوونی خاك**

ئەو خاکەی کە سەرچاوەی هـەموو خێروبێر و بەرهەمەکانە. لەلایـەن مرۆڤەوە زۆرتـرین خراپـەکاری بەرامبـەر دەکرێـت بـەهۆی بەکارهێنانیـەوە لـە ژینگـەدا. و زۆر بێبەزاییانـە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات هەرچەندە سەرچاوەی ڕۆزی خۆی و ماڵ و منداڵەکانیشێتی و ئەوەش لە ئەنجامی ناهۆشیاری مرۆڤەوەیە بۆ ئەو ڕاستیە.

- **هۆکارەکانی تێکچوونی خاك**

- سـوێربوونی خـاك و تێربـون بـە ئـاو: زۆر بـەکارهێنانی ئـاوی ئـاودێری و خـراپ بەکارهێنانی ئاوی ئاوەڕۆ دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە خاك.

- بونی دیاردەی بە بیابانبوون: ئەمەش بەهۆی نەبارینی باران و بونی ڕەشـەبای بەهێز و توند کە دەبێتە هۆی لابردنی لم بۆ زەویە کشتوکاڵیەکان.

- بەکارهێنانی لەناوبەری مێروەکان و توخمە کیمیاویەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان.

- فراوانبوونی ئاوەدانی و شارەکان.

- پیسبوون بەهۆی توخمە نیشتوەکانی ناو هەواوە لە جێگە پیشەسازیەکان.

- پیسبوون بەهۆی توخمە تیشکدەرەکانەوە.

- پیسبوون بەکانزا قورسەکان.

- **پیسبوون بەهۆی بونەوەرە زیندوەکانەوە.**

- **کاریگەرییەکانی تێکچونی خاك**

- کەمکردنی توخمە خۆراکیەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر ژیان و گەشەی مرۆڤ.

- ونبونی کۆمەڵەی ئاژەڵ و ڕووەکەکان یان نەمانیان.

– زیان گەیاندن بە زیندەوەرەکانی تر.وەك (( سامانی ماسی و کۆچکردنی باڵندەکان و زیانگەیاندن)).

- **زیانەکانی پیسبوونی ژینگە**

١. دەرکەوتنی کێشەی ژینگەیی جیاواز لەناویشیاندا تەقینەوەی دانیشتوان.

٢. ترشەباران.

٣. تێکچونی جۆراوجۆری بایۆلۆژی.

٤. داخورانی چینی ئۆزۆن.

٥. دیاردەی بەبیابانبوون.

٦. بەهۆی پیسبونی ئاسمانیەوە , فڕۆکەکان دەبنە هۆی نەبینینی شوێنی ئاسۆیی و شاقوڵی بەهۆی زیادبوونی تەپ وتۆز و گازە زیان بەخشەکان و تەنیلە وردەکان لە هەوادا.

٧. تیکچوونی گەرمی و ناجێگیری کەش و هەوا.

٨. ڕوودانی ئاگرکەوتنەوە.

٩. زیادبوونی ڕێژەی ئۆکسیدە زیابەخشەکان و کانزا قورسەکان کە هەڵواسراون لە هەوادا.

١٠. سەختی پاکژکردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆکان.

١١. مانەوەی پیسکەرە پیشەسازیەکان لەزەویە کشتوکاڵیەکاندا بۆ ماوەی دوورودرێژ.

١٢. کەمبونەوەی ڕووبەرە کشتوکاڵیەکان لە بەرامبەر داگیرکردنە پیشەسازیەکاندا.

١٣. زیادبوونی ڕێژەی شێ لە هەوادا. بەهۆی نەبوونی ڕووبەری ئاوی ئاوەڕۆکان.

١٤. زیادبونی پاڵپەستۆی گەرمی لەناوچە پیشەسازیەکانەوە.

- **چارەسەرکردنی پیسبوونی ژینگە**

دەکرێت لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەم چەند ڕێوشوێنانەی لای خوارەوە تاڕادەیەك بەرگری بکرێت لە دیاردەی پیسبوونی ژینگە, لەوانەش:–

١. هۆشیاری تاکەکان کە پیسبوون بریتیە لە کاولکاریەك کە هەوڵی زۆری گەرەکە بۆ ڕێگەلێگرتنی.

٢. وەستاندنی مۆڵەتی کارکردنی پیشەسازی کە دەبێتە هۆی کاولکردنی ژینگە.

٣. دوورخستنەوەی ئەو پیشەسازیانەی کە دەبنە هۆی پیسکردنی ژینگە لە جێگەی نیشتەجێبوونی ئادەمیزاد.

٤. پێشخستنی هۆکارەکانی لەناوبردنی پیسکەرەکانی هەوا.

٥. پێشخستنی هۆکارەکانی خۆڕزگارکەر لە خاشاك و پاشەڕۆکان.

٦. هەستان بەکاری ڕواندنی بەرفراوانی دارودرەخت.

٧. پشکنینی بەردەوامی ئۆتۆمبێلەکان.

٨. ڕووکردنە بەکارهێنانی گازی سروشتی لە جیاتی نەوت.

٩. چارەسەرکردنی پیسبوون بە نەوت.

١٠. دروستکردنی پێگەی پارێزگاریکردنی دەریایی.

١١. ڕووکردنە بەکارهێنانی لەناوبەرە ئەندامیەکان و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی لەناوبەرە مێروویەکان.

- بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە پیسبوون دوژمنێکی جیهانیە، چونکە هیچ ڕێگر و سنورێك لەبەردەم پیسبوندا نیە و لەوپەڕی باکورەوە بۆ ئەوپەڕی باشوور و لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوە تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوا دەگوازرێتەوە. گەلێك وڵات هەیە هیچ چالاکیەکی پیشەسازی و کانزایی نیە بەڵام دەناڵێنێت بەدەست دیاردەی پیسبونەوە. باو هەور و شەپۆلە ئاویەکان هاوکاریدەکەن لە گواستنەوەی پیسکەرەکان لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر. بۆ نموونە: ئەو هەورە ڕەشەی لە ئەنجامی سووتاندنی بیرە نەوتەکانی کوێتەوە ڕوویدا لە جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا، بوە هۆی پیسبوونی نەك تەنها ئاسمانی کوێت ، بەڵکو گوازرایەوە بەسەر دەریای ڕەشدا و وڵاتانی ڕۆمانیا و بولگاریاشی خستە مەترسیەوە.

سەرچاوە:-
=======

- بۆ نوسینی ئەم بابەتە سوود لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

---

* لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٢ لە بەهاری ٢٠١٠دا و گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ٤٣ لە هاوینی ٢٠١٠دا بڵاوکراوەتەوە.

## دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی

## ناسینی و هۆکارەکانی *

• زاراوەی (( پەنگخواردنەوەی گەرما)) بۆ یەکەم جار لەلایەن زانای کیمیاویی سویدیەوە (( سفانتی ارینۆس )) لەساڵی ١٨٩٦ی زاینی وە داهێنرا.بەهەمان شێوە زانا ارینۆس ئەو بیردۆزەیەی ئاشکرا کرد کە دەڵێت (( سووتەمەنی هەڵهێنجراوی سووتێنراو ڕێژەی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگە هەوادا زیاتر دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی, هەروەها گەیشتە ئەو ئەنجامەی لە کاتی زیاتربوونی ڕێژەی دوانە ئۆکسیدی کاربۆندا لەبەرگە هەوادا , ئەوا پلەی گەرمای گۆی زەوی بە تێکڕای ٤ بۆ ٥ پلەی سلیۆسی بەرز دەبێتەوە و بەشێوەیەکی بەرچاو نزیك دەبێتەوە لەم پێشبینیانەی ئێستاوە)).

وەك ئاشکرایە کاریگەری پەنگخواردنەوەی گەرما بۆ ملیۆنان ساڵ پاڵپشتی لە ژیانی سەر ئەم ئەستێرەی زەویە کردووە. وەك ئەوەی لە خانوە شووشەییەکاندا ڕوو دەدات کاتێ تیشکی ڕۆژ دەچێتە ژوورەوە گەرم دەبێت, بەڵام شووشەکە ڕێگە نادات بە هاتنە دەرەوەی بۆ ناو هەوای ساردی دەرەوە. ئەنجامیش پلەی گەرمای ناو خانوە شوشەکە بەرزتر دەبێت لە پلەی گەرمای دەرەوە. بەهەمان شێوە کاریگەری پەنگخواردنەوەی گەرما وادەکات کە پلەی گەرمای گۆی زەوی بەرزتر بێت لە پلەی گەرمای فەزای دەرەکی.هەروەها ئاشکرایە کە بڕێکی بچووك لە گازی سووتێنەر هەیە لە هەوادا کە گەرمای ڕۆژ هەڵدەمژن بۆ ئەوەی زەوی و هەوا و ئاو گەرم بکەن کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی ژیان لەسەر زەوی.

• **دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما چییە ؟**

دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما , بریتیە لە بەرزبونەوەی لەسەرخۆی پلەی گەرمای چینەکانی خوارەوەی نزیك لە ڕووی زەویەوە لە بەرگەهەوای چواردەوری زەویدا. هۆکاری ئەم بەرزبونەوەیەش بریتیە لە زیادبوونی دەرچوونی green house gases گازە گەرمەکان یان گازی سەوزی زۆپا.

گرنگترین ئەو گازاناش بریتیە لە میثان کە دروست دەبێت لە ئەنجامی کارلێکی میکرۆبی لە کێڵگەکانی برنج و بەخێوکردنی ئاژەڵان و لە ئەنجامی سووتاندنی

بارستایی زیندوو(( ڕوەك و دارودرەخت و پاشەڕۆی ئاژەلان )) وە دروست دەبێت.هەروەك لە ئاوی بۆگەنی گۆلاوەكانەوە دروست دەبێت. لە پالْ گازی میثانیشدا, گازی ئۆكسیدی نیترۆز(( پێك دێت لە كارلێكە میكرۆبیەكانەوە لە ئاو و خاك ))دا. هەروەها كۆمەلە گازەكانی وەك (( كلۆر و فلۆر و كاربۆن )) كە دەبنە هۆی (( داخورانی چینی ئۆزۆن )). هەروەها گازی ئۆزۆن كە دروست دەبێت لە چینەكانی خوارەوەی هەوادا.

- **تێگەیشتنی زاناكان بۆ پەنگخواردنەوەی گەرما**

پەنگخواردنەوەی گەرما, بریتیە لە دیاردەی بەرزبونەوەی پلەی گەرما لە ژینگەیەكدا لە ئەنجامی گۆڕان لە هاتوچۆكردنی وزەی گەرمی بۆ ئەو ژینگەیە و لێوەشی. بەگشتی ئەم زارەوەیە بە دیاردەی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی دەوترێت لە تێكڕادا. دەربارەی هۆكارەكانی ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی زەوی, زاناكان دابەشبوون, هەندێكیان دەلێن كە ئەم دیاردەیە سروشتیە و ئاو و هەوای زەوی سروشتیانە هەندێ ماوەی گەرما بەخۆیەوە دەبینێت و بەهەمان شێوە ماوەی سەرماش بەخۆیەوە دەبینێت.بەلگەش لەسەرئەوە دەهێننەوە لە ڕێگای قۆناغی بەستەلەك لە نێوان سەدەی ١٧ و١٨ لە ئەوروپا. وەهەندێكی تریان وای بۆ دەچن كە ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ كۆبونەوەی گازە گەرمەكان لەبەرگە هەوادا.

- **هۆكارەكانی دەرچوونی پیسكەرەكان بۆ ناو هەوا بریتین لە :-**

یەكەم :– هۆكارە سروشتیەكان

- گڕكانەكان
- سووتاندنی دارستانەكان
- پیسكەرە ئەندامیەكان

دووەم :– هۆكارە پیشەسازیەكان

ئەوانەی لە ئەنجامی چالاكیەكانی مرۆڤەوە و بەتایبەتیش سووتاندنی سووتەمەنیە هەلهێنجراوەكان وەك (( نەوت و خەلوز و گازی سروشتی ))

- **هۆكارەكانی ئالوگۆڕی كەش و هەوا**

**یەکەم:- سروشتیەکان**

**أ. ئەو گۆڕانانەی کە ڕوودەدەن بۆ خولگەی زەوی لە چواردەوری ڕۆژ و لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لە بڕی تیشکدانەوەی ڕۆژی ڕوودەدەن کە دەگەنە زەوی. کە ئەمەش هۆکارێکی زۆر گرنگە لە گۆڕانکاری ئاو و هەواداو بە درێژایی مێژوو ڕوو دەدات.کە ئەمەش دەبێتە پێشەنگ بۆ ئەوەی هەر گۆڕانێك لە تیشکدانەوەدا کاریگەری دەبێت لەسەر کەش و هەوا.**

**ب. تەقینەوەی گڕکانەکان**

**ت. گۆڕان لە پێکهاتەکانی بەرگەهەوادا.**

**دووەم :- ناسروشتیەکان**

**ئەمەش لە ئەنجامی چالاکیە جیاوازەکانی مرۆڤەوە ڕوودەدەن وەك:-**

**أ. بڕینی گژوگیا و لابردنی دارستانەکان.**

**ب. بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ وزە.**

**ت. بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ سووتەمەنی هەڵهێنجراو(( نەوت و خەڵوز وگاز )). کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی چڕی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا.لە ئەنجامیشدا زیادبوونی پلەی گەرمای هەوای لێدەکەوێتەوە.**

- **لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا تێکچوون لە پێکهاتەکانی بەرگە هەوادا دەرکەوت لە ئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤدا و لە ناویشیاندا پێشکەوتنی پیشەسازی و هۆکارەکانی گواستنەوە.لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیەوە و تا ئێستاش و بەهۆی پشتبەستنی لەسەر سووتەمەنی هەڵهێنجراو لە (( خەڵوز و نەوت و گازی سروشتی )) وەك سەرچاوەی سەرەکی وزە و بەکارهێنانی گازەکانی کلۆر و فلۆر و کاربۆن لە پیشەسازیەکاندا بە شێوەیەکی فراوان.بە ڕای زاناکان بۆتە هۆی زیادبوونی گەرمی لەسەر ڕووی زەوی و ڕوودانی ئەوەی پێیدەوترێت (( دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی Global Warning )) و ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی گازە گەرمەکانەوە دێت.**

- **گازە گەرمەکان**

**ئەم پێکهاتە کیمیاویانەی لای خوارەوە لە گرنگترین گازە گەرمەکانن وەك:-**

١. هەڵمی ئاو
٢. دوانە ئۆكسیدی كاربۆن Co٢
٣. ئۆكسیدی نیترۆز N٢o
٤. میثان Ch٤
٥. ئۆزۆن O٣
٦. كلۆر فلۆركاربۆن FCS

- **ڕۆڵی گازە گەرمەكان**

ئەو وزە گەرمیەی كە لە ڕۆژەوە دەگاتە زەوی دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی پلەی گەرمی و بە هەڵمبوونی ئاو و جوڵەی هەوا بەشێوەی ئاسۆیی و شاقوڵی. لە هەمان كاتیشدا زەوی وزە گەرمیەكەی ون دەكات لە ئەنجامی تیشكدانەوەی زەوی كەلەسەر شێوەی شەبەنگی درێژ دەردەچێت(( ژێر سوور )). بەشێوەیەك ئەو وزە گەرمیەی زەوی لە ڕۆژەوە وەریدەگرێت یەكسانە بەو وزە گەرمیەی كە دەیداتەوە. ئەم هاوسەنگیە گەرمیە دەبێتە هۆی جێگیربوونی تێكڕای پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ئاستێكی دیاریكراودا كە بریتیە لە ١٥ س.

گازە گەرمەكان ڕۆڵێكی زیندوو و گرنگ دەبینن لە خۆشكردنی پلەی گەرمی ڕووی زەوی بە شێوەیەك:-

- زەوی ئەو وزە دەرچوانە كە لە تیشكی ڕۆژەوە دەردەچن هەڵدەمژێت و بەشێك لەو تیشكانە دەداتەوە بەرگە هەوای دەرەكی.بەشێك لەو وزە یان تیشكانە هەڵدەمژرێت لە ڕێگەی هەندێ لەو گازانەی كە لەبەرگە هەوادا هەن.ئەو گازانەش بریتین لە گازە گەرمەكان كە ڕۆڵێكی زیندوو و سەرەكی دەبێت لە گەرمكردنی ڕووی زەوی بۆ ئاستێك كە ڕێگە بە ژیان دەدات لەسەر ڕووی زەوی.
- ئەو گازانە هەڵدەستێت بە هەڵمژینی بەشێك لەو تیشكانە كە لە ژێر سوورەوەن و دەردەچن لە ڕووی زەویەوە و هەڵیدەگرێت لە بەرگە هەوادا و بەمەش پارێزگاری لە پلەی گەرمی ڕووی زەوی دەكات بەشێوەیەكی جێگیر و بەتێكڕای

سروشتی (( واتە لە سنوری ١٥ س)). خۆ ئەگەر ئەو گازانە نەبونایە ئەوا پلەی گەرمای ڕووی زەوی دەگەیشتە ١٨ س ژێر سفر.

لەوەی سەرەوە و لە ئەنجامی چالاکیە زۆرەکانی مرۆڤەوە و بە تایبەتیش پیشەسازیەکان. دەتوانین تێبینی بکەین کە:

زیادبوونی ئەو گازە گەرمانە بە ڕێژەیەکە کە زیادە لە پێویستی بەرگە هەوا بۆ پارێزگاریکردن لە پلەی گەرمای ڕووی زەوی بە جێگیری لە ئاستێکی دیاریکراودا. لەبەر ئەوەی بوونی بڕێکی زۆر لەو گازە گەرمانە و کۆبونەوەیان لە بەرگەهەوادا دەبنە هۆی هەڵگرتنی بڕێکی زۆرتر لە وزەی گەرمی لە بەرگە هەوادا و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای ڕووی زەوی.

- **ئاماژەکانی دەسپێکردنی ڕوودانی ئەو دیاردەیە**

١. لە ئێستادا هەوا ٣٨٠ بەش لە ملیۆن گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆنی تیادایە, کە دادەنرێت بە گازی سەرەکی کە دەبێتە هۆی ڕوودانی دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما, بەبەراوورد بەڕێژەی ٢٧٥ بەش لە ملیۆن لەگازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا پێش دەسپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی. بەم شێوەیە ڕێژەی چڕی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بۆتە ٣٠٪ لە بەرگە هەوادا لە ئێستادا بەبەراورد لە پێش قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیەوە.

٢. ڕێژەی گازی میثان بۆ دوو ئەوەندەی پێش شۆڕشی پیشەسازی بەرزبۆتەوە.

٣. گازەکانی کلۆر و فلۆر وکاربۆن بەڕێژەی ٤٪ ساڵانە زیاد دەکات لەم ڕێژەیەی ئێستای.

٤. ئۆکسیدی نیترۆز بەرزبۆتەوە بە نزیکەی ١٨٪ لە بڕی چڕیەکەی پێش شۆڕشی پیشەسازی(( بەپێی دوا ڕاگەیانراوی ڕۆژنامەوانی ڕێکخراوی ارصادی جیهانی)).

دەبینین کە ئەم گۆڕانکاریانەی کەش و هەوا بۆتە هۆی:-

أ. بەرزبونەوەی ئاستی ئاو لە دەریاکاندا لە ٠,٣٪ -٠,٧٪ پێ لەماوەی سەدەی ڕابوردوودا.

ب. بەرزبونەوەی پلەی گەرما لە نێوان ٤,٠٪ - ٠,٨٪ س لەماوەی سەدەی رابوردوودا. بەپێی راپۆرتی لیژنەی جیهانی پەیوەندیدار بە گۆڕانکاریە کەش و هەواییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان.

- **پەنگخواردنەوەی گەرما** (( **بەڕاستی دونیا دەگۆڕێت** ))

بڕیارە لە راپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئاشکرا بکرێت کە گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری زۆر گەورە بەجێدەهێڵێت لەسەر سروشتی دونیا و ژینگەکەشی, بەهەمان شێوە راپۆرتی یانەی گۆڕانی کەش و هەوا تایبەت بەهەماهەنگی نێوان حکومەتەکان لەو بڕوایەدایە.کەوا کاریگەریەك هەیە و دەکرێت تێبینی بکرێت لەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکان. گەرچی ئەو کاریگەریە لەسەر مرۆڤ کەمتر دەردەکەوێت بەبەراورد لەگەڵ سروشتدا.

کەناڵی بی بی سی دوای ئەوەی کە ڕەشنوسی راپۆرتێکی بینیوە هۆشداریداوە دەربارەی ئەو مەترسیانەی کە کۆمەڵگا مرۆییەکان بەرەو ڕووی دەبنەوە لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریە ئاو وهەوا پێشبینی کراوەکاندا.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە بەرزبونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی بەڕێژەی ٥ر١ پلەی سەدی لە ئاست ڕێژەکانی ساڵی ١٩٩٠ وا دەکات یەك لەسەر سێی جۆرەکانی ئاژەڵ و ڕووەك بەرەو مەترسی لەناوچوون ببنەوە.

هەروەها زیاد لە یەك ملیار کەس ڕووبەڕووی کەمی ئاو دەبنەوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تواندنەوەی بەفری شاخەکان و ڕوبەرە بەستووەکان کەوەك خەزانێکی سروشتی ئاوی سروشتی و شیرین وەهان.

لە ئێستادا زاناکانی دونیا لە ئەوروپا و ئەمریکا و چین و هند سەرقاڵی چۆنێتی داڕشتنی ئەو ڕاپۆرتەن کە هۆشداری دەداتە(( کاریگەرە وێرانکەرەکان )) لەسەر (( ملیۆنان کەس )). زۆربەی زاناکان هۆکاری بەرزبونەوەی ئەم پلە گەرمیەی زەوی دەگێڕنەوە بۆ گازە گەرمەکان. وەك دوانە ئۆکسیدی کاربۆن کە لە ئەنجامی پیشەسازیە قورسەکان و سووتاندنی سووتەمەنیە هەڵهێنجراوەکان دەردەچن بۆ هەوای گۆی زەوی.

ئەم ڕاپۆرتە زیاد لە ٢٩ هەزار زانیاری زانستی لە خۆ دەگرێت دەربارەی جۆرەکانی گۆڕان لە کەش و هەوای فیزیاوی و بایۆلۆجی لە جیهانی سروشتدا.و لەهەمان ڕاپۆرتدا هاتووە کە ٨٥٪ ی ئەو زانیاریانە ئاماژە بۆ بەرزبونەوەی گەرمای گۆی زەوی دەدەن.

- **لێکۆڵینەوەکان دەربارەی دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما**

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستوە کە لە ڕۆژنامەی زانستی بەناوبانگی Science دا بلأوکراوەتەوە کە دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما کە زەوی بەدەستیەوە دەناڵێنێت دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسیەکانی بلأوبونەوەی نەخۆشیەکان لەناو ئاژەلأن و ڕوەکە وشکاوی و دەریاییەکاندا و زیادبوونی مەترسی گواستنەوەی ئەو نەخۆشیانەش بۆ مرۆڤ.

زانا(( درۆهارفیل )) لە زانکۆی (( کۆرنل )) کە سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی زانستیشە دەڵێت (( ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەو پەتایانەی کە زۆر کاریگەریان لەسەرە لەلایەن کەش و هەواوە دەردەکەون لە ڕێگەی زۆر جۆری جیاوازەوە لە دروستکەری نەخۆش لە ڤایرۆس و میکرۆب و مشەخۆرەکانەوە و تووشی کۆمەڵەی جۆراوجۆر لە بونەوەرەکان دەبێتەوە. لەوانەش مەرجان و ڕوەکە وشکاوەکیەکان و چۆلەکە و مرۆڤیش.

زاناکان بۆیان دەرکەوتوە کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان بەرزبونەوەی پلەی گەرما و گەشەکردنی ڤایرۆس و میکرۆب و هۆکارەکانی تری نەخۆشی.

- هەوڵە جیهانیەکان بۆ لەناوبردنی گۆڕانە ئاو و هەواییەکان ولأتانی دونیا هەستیان بەکاریگەری هاوکاری نێوانیان کردوە لە پێناو لەناوبردنی گۆڕانی کەشوهەوادا, ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نوێیەکانەوە. کە ڕێگە دەگرن لە دەرچوونی گازە گەرمەکان. لەو پێناوەشدا چەندین کۆڕو کۆنگرەی نێودەوڵەتی سازدراون. گرنگترینیان کۆنگرەی کیۆتۆ بوو لە یابان لەساڵی ١٩٩٧دا. کۆنگرەی دووەمیش لە سویسرا(( جنێڤ )) بەسترا لە نێوان ٢٩/١٠ –٧/١١/ ١٩٩٠

و هۆشداریدا لە مەترسیەکانی گۆڕانی ئاو وهەوا.کە بە چاودێری دەستەی جیهانی چاودێری کردنی کەش و هەوا و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ژینگە و ڕێکخراوی یۆنیسکۆ و ...هتد. سازدران و تیایدا زیاتر لە ٧٠٠ زانا و ١٠٠ وڵات بەشداریان تیادا کرد.

لە ڕاپۆرتی زانستی و هونەری کۆتایی ئەو کۆنگرەیەدا هاتووە:-

کە (( تێکڕای چاوەڕوانکراوی بەرزبونەوەی پلەی گەرما لەماوەی سەدەی داهاتوودا. ئەگەر نەتوانرێت ڕێگە بگیرێت لە زیادبوونی بەرچاوی گازە گەرمەکان ئەوا بەرزبونەوەیەکی بیٚ وێنە دەبێت.بەشێوەیەك لەماوەی ١٠ هەزار ساڵی ڕابووردودا هاوشێوەی نەبوە . کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کەش و هەوا و مەترسیەکی گەورەش دروست دەکات لەسەر ژینگە کە ڕەنگە گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەزۆر جێگەی دونیادا ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە.و لەوانەشە هەڕەشەی لەناوبردنی هەندیٚ دوورگەی بچوکیش بکات وەك دورگەی ماڵدێڤ و ...هتد. وناوچە نزمەکان و ناوچە وشکەکانیش)).

لەئەنجامی ئەو هەموو مەترسیانەدا کە لە ئەنجامی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەویدا ڕوودەدەن .لەساڵی ١٩٩٥ دا لەشاری ڕیۆدیجانیرۆ لە بەڕازیل کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بەستراو تیایدا داواکرا لە هەموو وڵاتەکان و بەتایبەتیش پیشەسازیەکان کە کاربکەن بۆ دابەزاندنی ڕێژەی گازە گەرمە دەرچووەکان.بەڵام چونکە بڕیارەکە ئیختیاری بوو زۆر لە وڵاتان جێبەجێیان نەکرد. هەربۆیە ساڵی ١٩٩٧ کۆنگرەی کیۆتۆ لە یابان سازدرا و ١٦٠ وڵات بەشداریان تیادا کرد. بڕیاری گرنگ و مولزەم دەرچوو کە تیایدا ئەمریکا پابەندکرا کە ڕێژەی گازە گەرمە دەرچووەکان بەڕێژەی ٧٪ کەم بکاتەوە و یابانیش بەڕێژەی ٦٪ و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاش بەڕێژەی ٨٪ و هەندیٚ ڕێوشوێنی گرنگی تریش گیرانە بەر بەشێوەیەك کە بە تێکڕا ڕێژەی ٥٪ ی گازە دەرچووەکان کەمبکرێنەوە. بەبەراورد بەڕێژەی ئەو گازانە لەساڵی ١٩٩٠دا.ئەم دابەزاندنەش لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٢ جێبەجێبکرێت.

دابەزاندنی ڕێژەی گازە گەرمەکانیش لە ڕێگەی:-

- بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە دەبێت کە ژینگە پیس ناکات وەك وزەی خۆر و با و ...هتد.
- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی تایبەتی و زیادکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی.
- دروستکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەوزەی کارەبا کاردەکەن.

- **هەندێ لە ڕا پۆرتەکان و هۆشداریەکانیان**

* کۆتا ڕاپۆرتێك کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە دەربارەی ئەم بابەتە بڵاوکراوەتەوە ئاشکرایدەکات کە :-

أ. مەترسی هەیە دەربارەی تواندنەوەی سەهۆڵەکان لە گرینلاند کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی دەریاکان بە نزیکەیی ٧ مەتر لەماوەی ١٠٠٠ ساڵی داهاتوودا.

ب. زیادبوونی چالاکی پیشەسازی و ئابوری و ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی ٦ ئەوەندە لەماوەی ٢٠٠ ساڵی ئایندەدا, ئەو هۆکارانەن کە دەبنە گەورەتربوونی کێشەی پەنگخواردنەوەی گەرما.

دەربارەی ئەم بابەتە یەکێك لە زاناکان دەڵێن (( هەر بەرزبونەوەیەك لە پلەی گەرمادا بەڕێژەی ١ پلەی سیلسیۆس, دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی بە ڕێژەیەکی گەورە و بە شێوەیەکی گەورە و خێرا کار دەکاتە سەر سیستەمی ژینگە لاوازەکان.

وەبەرزبونەوەی ٢ پلەی گەرما بە پلەی سیلسیۆس, دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی بە ڕێژەی دوو ئەوەندە بە شێوەیەکی بنچینەیی و ڕەنگە ببێتە هۆی داڕمانی سیستەمی ژینگەیی بەتەواوەتی و زیادبوونی برسێتی و کەمی ئاو و کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری گەورە و بە تایبەتیش لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا.

** ئاژانسی ژینگەیی ئەوروپی هۆشداریداوە دەربارەی گۆڕانە خێراکانی کە لە ئەنجامی پەنگخواردنەوەی گەرماوە دروست دەبێت.بە شێوەیەك کە بەرزبونەوەی گەرما دەبێتە هۆی لە ناوبردنی $\frac{3}{4}$ ی بەفرە کەڵەکەبوەکان لەسەر لوتکەی

شاخەکانی(( ئەلْب )) بەهاتنی سالْی ٢٠٥٠ کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی لافاوی وێرانکەر لە ئەوروپا و ئەم هۆشداریەش پێویستە حسابی بۆ بکرێت.

*** زانا بەریتانیاییەکان دەلْێن کە سالْی ٢٠٠٥ دووەم سالە لە ڕووی گەرمترین سالەکانەوە لە دونیادا لەسەرەتای ئامارە وردە ژینگەییەکانەوە لە دەیەکانی شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە.

**** لێکۆلەرەوەکان لە دەزگای دیاریکردن و زانکۆی ایست ئینجلیای بەریتانی دەلێن:-

أ. پلەی گەرما لە سالی ٢٠٠٥ دا لە نیوەی باکوری گۆی زەویدا بەڕێژەی ٦٥. س بەرزبۆوە بۆ سەروو ئەو نیوەیەی کە چاوەڕوانکراوبوو لە نێوان سالانی ١٩٦١-١٩٩٠دا.

ب. پلەی گەرما لەسالی ٢٠٠٥دا بەرزبۆوە بە نزیکەی ٤٨.س لەسەر ئاستی دونیا, ئەمەش وادەکات کە سالی ٢٠٠٥ دابنرێت بە گەرمترین سالْ لەدوای سالی ١٩٩٨وە.

ت. زاناکان لەو بڕوایەدان, کە نیوەی باکوری گۆی زەوی خێراتر لە نیوەی باشوور گەرمتر دەبێت, چونکە زۆربەی پێکهاتەکەی وشکانیە, کە ئەمەش زیاتر و خێراتر کاریگەری تێدەکرێت لە ڕووی گۆڕانکاریە ژینگەییەکانەوە بەبەراوور لەگەلْ دەوروبەردا.

پ. لێکۆلەر(( دیفێد ڤانیر )) لەیەکەی لێکۆلینەوەی ئاو وهەوا لە زانکۆی ئێست ئینجلیا ئاماژە بەوە دەدات کە پلەی گەرمای ئاو لەدەریای ئەتلەسی لە نیوەی باکوری گۆی زەوی بریتیە لە بەرزترین پلەی گەرما لەسالی ١٨٨٠ وە.

- بەردەوام زیادبوونی ڕێژەی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا بۆتە ڕاستیەکی حاشا هەلنەگر و بەمەش پلەی گەرمای ڕووی زەوی بەبەردەوام لەبەرزبونەوەدایە. ئەمەش مانای وایە کە کاریگەری لەسەر کەش و هەوا زیاتر دەردەکەوێت. و گرنگترین دیاردە و سیماکانیش کە ڕوودەدەن بریتین لە:-

١.	بەشی گەورە لە سەهۆڵبەندانەکان دەتوێنەوە و دەبنە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان و لافاو دروست دەبێت و دوورگە نزمەکان دەکەونە بەرمەترسیەوە لەگەڵ شارە کەناریەکاندا.

٢.	بەرزبونەوەی ئاستی ڕووی دەریا کاریگەری مەترسیدار دروست دەکات.

٣.	زیادبوونی ژمارە و توندی گەردەلولەکان.

٤.	بلاْوبونەوەی نەخۆشیە درمەکان لە جیهاندا.

٥.	وێرانکردنی هەندێ لە جۆرە زیندووەکان و ڕێگەگرتن لە جیاوازبوونی زیندەگی.

٦.	ڕوودانی شەپۆلی وشکەساڵی.

٧.	ڕوودانی کارەساتی کشتوکاڵی و وونبوونی هەندێ بەروبووم.

٨.	گریمانەی زیادبوونی ڕوودانی ڕووداوی جیاواز و لەناکاو لەکەش و هەوادا.

سەرچاوە:-
=======
پێگەکانی ئینتەرنێت

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٣ لە هاوینی ٢٠١٠دا و گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ٤٧ لە هاوینی ٢٠١١دابلاْوکراوەتەوە.

*******************************

## تەکنەلۆژیای نەوت و گاز *

- **کۆچکردنی نەوت**

نەوت و گازی سروشتی لەو بەردانەدا دروست نەبوون کە تیایدان, بەڵکو کۆچیان کردوە بۆ ناو ئەو بەردانە . لەبەرئەوەی بەردە شاراوەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە کونی دەرچوونیان هەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو بەردانە نەتوانن توخمە ئەندامیەکان هەڵبگرن کە نەوتیان لێپێك دێت.چونکە ئەو توخمانە بە کاریگەری کرداری بە ئۆکسیدبوون خراپ دەبن کە ڕوودەدەن لەو کونە دەرچانەی لە بەردەکاندا هەن.کە پێویست دەکات بە چەند چینێکی ئەستوور لە نیشتوە نەرمەکان داپۆشرێت بۆ ئەوەی پێکهاتە ئەندامیەکان لە کرداری بە ئۆکسیدبوون بپارێزێت.

- **بوونی نەوت و گاز**

بێگومان بونی نەوت و گاز لە چینەکانی سەرەوەی کۆکەرەوەی پێکهاتە و چینەکاندا ,جەختدەکاتەوە لەکۆچکردنی شاقوڵی و لاوەکی بۆ پێکهاتە سەرەتاییەکان.هەروەك چۆن پاڵاوتنی نەوتی ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە جوڵەی زەیتەکان لە قولاییەکی گەورەوە بەرەو ڕووی زەوی ڕوویانداوە. هەروەك تێبینی دەکەین کە بوونی نەوت و گاز و ئاو هەیە لە ناو بەردە شاراوە کونکونەکاندا لە ڕیزبوونی چینەکاندا بە گوێرەی کێشی جۆری بۆ ئەو پێکهاتانە بەشێوەیەك کە ئاو لەژێرەوەدایە و گازەکەش لە سەرووترە. کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئازادی لە جوڵەیدا بەشێوەی شاقوڵی و ئاسۆیی.لەلایەکی تریشەوە بوونی نەوت لە هەندێ باری کەمدا لەبەردی ئاگریندا یان گۆڕاودا دووپاتی کۆچکردنی دەکات بۆ ناو ئەو بەردانە.چونکە ئەستەمە لەڕووی پراکتیکیەوە نەوت لەو جۆرە بەردانەدا دروست ببێت کە بە تەواوی خاڵین لە بونەوەری ئەندامی.

- **ئەو بەڵگانەی کە پشتگیری لە کۆچکردنی نەوت دەکەن:-**

١. بەردی سەرچاوە: - بریتین لەو بەردە نیشتوانەی کە نەوت لە بنچینەدا تیایاندا دروست دەبێت.

٢. بەردی گەنجینەیی:- بریتیە لەو بەردانەی کە نەوتیان تیادایە و لە ناویشیاندا هەڵیدەگرن.

٣. کۆچی سەرەتایی:- بریتیە لە کۆچکردنی نەوت لەبەردی سەرچاوەوە بۆ بەردی گەنجینەیی.

٤. کۆچی لاوەکی:- بریتیە لە جوڵەی نەوت لەناو بەردی گەنجینەیی خۆیدا.

- ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن بۆ کۆچکردنی نەوت

١. نزمی کونداری نیشتوەکان کە نەوت هەڵدەگرن.

٢. جیاوازی فشاری دروست بوو لە ئەنجامی جوڵەکانی زەویەوە.

٣. فشاری بەهێز کە گازی سروشتی دروست دەکات لەسەر نەوت.

٤. سیفەتی مولولەیی.

- ئەو بەڵگانەی کە کۆچکردنی نەوت پشتڕاستدەکەنەوە

١. دەرکەوتنی نەوت لەسەر ڕووی زەوی لەسەر شێوەی هێڵی نەوتی.

٢. بوونی بەردەوامی نەوت لەبەردی لمی و جیڕیدا.

٣. بونی نەوت بە بڕی کەم لەبەردی ئاگریندا.

- **هۆکارەکانی کۆبونەوەی نەوت**

١. بونی بەردی خاوەن کونی زۆر بۆ کۆبونەوەی بڕی گەورە و دەرچەی بەرز بۆ ڕێگەپێدان بەنەوت کە لەناویدا هاتوچۆ بکات وەك بەردی لمی و جیڕی و کۆنگلۆمیراتی کوندار کە ناودەبرێت بە (( تانکی هەڵگرتنی نەوتی بەردی)).

٢. بونی بەردی ڕەقی بێ کون کە ڕێگە دەگرێت لە جوڵەی نەوت بۆ سەرەوە وەك ئەنهایدرایت و گەچ و قوڕی سەرپۆشی و هەندێ بەردی خوێی و ئاگری کە ناودەبرێت بە (( بەردی داپۆشێنەر)).

٣. پێویستە تانکیەکان خاوەنی سیفاتی پێکهاتەیی تایبەت بن کە کاربکەن لەسەر ڕێگەگرتنی نەوت لە جوڵە بۆ هەر لایەك.

- داوە نەوتیەکان

١. داوە نەوتیەکان:- بریتین لەو بەردانەی کە خاوەنی سیفاتی پێکهاتەیی وەهان کە ڕێگە لە جوڵەی نەوت دەگرن بۆ هەر لایەك.

٢. داوی گومەزەیی خوێی :- کاردەکات لەسەر پاڵنان و ڕۆیشتنی خوێی بەردی کە ناتوانێت بۆ سەرەوە دەربچێت بۆ کۆکردنەوەی نەوت.

٣. داوی دەرزی:- دروست دەبێت لە ئەنجامی درزبردنی بەردەکانەوە بەشێوەیەك کە بەردێکی درزتێبوو بەرامبەر بەردێکە کە درزی تیادا نیە و بەمەش ڕێگە لە جوڵەی نەوت دەگرێت.

٤. داوی چینی :- دروست دەبێت لە ئەنجامی نیشتنی چینێك لە لم لەناو چینێکی ئەستوور لە قوڕی ڕوویی و بەمەش نەوتی تیادا کۆدەبێتەوە.

٥. داوی نەوتی تر:- وەك داوی پێکهاتەیی, داوی نیشتەنی, داوی بەردە مەرجانیەکان.

٦. زۆرترین داوی بەربلاّو لە کەنداوی عەرەبیدا:- بریتیە لە داوی قوڕی ڕووچاڵ و داوی گومەزی.

- گەڕان وکنەکردن بەدوای نەوتدا
- قۆناغەکانی گەڕان و کنەکردن

١. ڕووپێوی جیۆلۆجی :- کە تیایدا لێکۆلێنەوە دەربارەی پێکهاتەی بەردەکان و سەدە جیۆلۆجیەکان و هەڵکەندراوەکان دەکرێت و چێکردن و تاقیکردنەوەی بەردەکان و هەڵکەنراوەکانی تر و کێشانی نەخشە جیۆلۆجیەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتگیر دەربارەی ناوچەکە.

٢. گەڕان و ڕووپێوی جیۆفیزیاوی

لەوڕێگەیانەی کە بەکاردێن, ڕێگای بومەلەرزەیی , وکارەبایی و موگناتیسی و ڕاکێشانی زەویە.

- ڕێگای بومەلەرزەیی:-

ڕێگایەکی زۆر وورده, پشتدەبەستێتە سەر کرداری تەقاندنەوە لە چاڵێکی لولەکیدا, کە لە ئەنجامدا لەرینەوەی زەوی لێدروست دەبێت کە دەچێت بۆ ناوجەرگەی زەوی لەسەر شێوەی شەپۆلی دەنگی((سیزمیە)) کە بەهەموو لایەکدا بلاّودەبێتەوە. شەپۆلە گەڕاوەکان وەردەگیرێن بەهۆی میکرۆفۆناتی تایبەتەوە کە ناو دەبرێن بە (( جیۆفۆنات )) کە تیایدا حسابی ماوەی گواستنەوەی شەپۆلەکان و زانینی قولاّیی و

زانیاری گرنگ وەك پێکهاتەی جیۆلۆجی و سیفاتەکانی بەرد و بەڵگەکانی کۆبونەوەی نەوت دەکرێت.

- ڕێگای کێشکردنی زەوی:-

پشت دەبەستێتەر سەر جیاوازی سروشتی بۆ هێزی کێشکردنی زەوی بۆ پێکهاتە جیاوەزەکانی توێکڵی زەوی. کە پێوانەی ڕاکێشان دەکرێت بە ئامێرێك کە پێی دەوترێت(( گرافیمیتەر)) کە جیاوازی لەهێزی کێشکردنی نێوان بەردە بەرز و نزمە چڕییەکاندا پیشان دەدات لە ڕێگەی خوێندنەوە جیاوازەکانەوە کە دەتوانرێت نەخشەیەك بکێشرێت کە پێکهاتەکانی ژێر ڕووی زەوی دەربخات.

- ڕێگای موگناتیسی

لەم ڕێگەیەدا پێوانەی هێزی کایەی موگناتیسی بەردەکان و ئاڕاستەکانیان دەکرێت بەهۆی ئامێرێکەوە بەناوی (( ماگنیومیتەر)) بەشێوەیەك کە چۆنێتی دابەشبوونی بەردە ئاگرینەکان نیشان دەدات لەگەڵ چڕی بەردە نیشتوەکاندا و دواتر بەدەستخستنی پێکهاتە هەرێمیەکان دەردەخات لە ژێر ڕووی زەویەوە.

- ئەو هۆکارانەی کە بڕی نەوت دەوەستێتە سەریان لە خەزانەکاندا

١. جۆری بەردی خەزانەکان.
٢. بوونی پێکهاتەی جیۆلۆجی گونجاو بۆ کۆبونەوەی نەوت
٣. بوونی زیاتر لە خەزانێکی نەوت لە چینە هەڵگرەکاندا و لە قولاَیی جیاوازدا.

- گەورەترین پالاَوگەکانی نەوت لە جیهاندا(( بەرمیل / ڕۆژ))
- **گازی سروشتی شل**

بە ئینگلیزی پێی دەوترێت LNG یان Liquefied Natural Gas بریتیە لە گازی سروشتی کە چارەسەرکراوە و شلکراوەتەوە بە ساردکردنەوە. کە گازەکە لە کێڵگە نەوتی و گازیەکان دەردەهێنرێت و دەگوێزرێتەوە بەهۆی بۆری تایبەتەوە بۆ دامەزراوەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کە کرداری چارەسەرکردنی زیاتری بەسەردا دەکەن. وەك ساردکردنەوە و شلکردنەوەی گازەکە لە ژێر فشاری هەوادا.

- **پێشەکیەکی مێژوویی**

بیرۆکەی شلکردنەوەی گاز لە ساڵی ١٩١٤ وە سەریهەڵداوە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە وەك داهێنانێك و لەساڵی ١٩١٧ دا بەریتانیا هەستا بە یەکەم کرداری بازرگانی لە ڕۆژئاوای فێرجینیادا. بەڵام بەکارهێنانی گاز بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕێچکەی خۆی گرت کاتێك بەریتانیا گرێبەستێکی لەگەڵ جەزائیردا بەست لەساڵی ١٩٦١دا بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بەمەبەستی پێدانی بەریتانیا بەکەمتر لە نزیکەی ١ ملیۆن تەن لە گازی سروشتی شل ساڵانە. لەدوای ئەوە کرداری شلکردنەوەی گاز لە دونیادا بلاوبۆوە و هێواش هێواش گەیشتە نزیکەی ٤٠٠ بەندەر بۆ گازی شل . لە ئێستادا وڵاتانی عەرەبیشی گرتۆتەوە وەك سی گاز لە میسر و قەتەرگاز و سەری گاز لە قەتەر و یەمەن ئێل جی ئێف .

- **سیفاتەکانی گازی شل**

١.دەپارێزرێت لە دۆخی شلیدا لە پلەی گەرمای ٥ر١٦١ س ژێر سفردا و نزیکەی پاڵەپەستۆی هەوادا.

٢. چڕییەکەی نزیکەی ٤ر٠ کغم/م٣ کاتێك شل بێت. و کاتێکیش دەبێتە گاز قەوارەکەی زیاد دەکات و نزیکەی ٦٠٠ جار گەورەتر دەبێت لە دۆخی شلی.

٣. تام و بۆن و ڕەنگی نیە.دەتوانرێت هەستی پێبکرێت کاتێك دەچێتە هەواوە لە ڕێگەی دروست بوونی هەورەوە لە نزیك جێگەی دەرچونەکەیەوە. بەهۆی هەڵمژینی گەرمی هەواوە و دواتر هەڵمی ئاو چڕ دەبێتەوە لە هەوادا لەسەر شێوەی هەور.

٤. دەبێتە هۆی تێکشکاندنی کانزاکان.پلاستیکەکان,مەتات و هەر توخمێکی تر کە پێشبینی لێبکرێت کە نەرم و مەتاتی بێت لە بارودۆخی ئاسایدا بۆ ئەوەی ببێتە هاوشێوەی شوشەی شکاو.

٥. دەبێتە هۆی سوتاندنەوەی سارد(( دەناسرێت بە پێوەدانی شەختە)) کاتێك بەر لەش دەکەوێت بەهۆی جیاوازی گەورە لە نێوان پلەی گەرمای لەش و گازە شلەکەدا.

٦. دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی سارد(( سوتاندنەوەی تیادا نیە)) کاتێك بەر ئاو دەکەوێت و بەم دیاردەیەش دەوترێت (( قۆناغی پەڕینەوەی خێرا)).

٧. وزەی سووتاندنی نزیکەی ٤٩ مێگاجول/کغم و زۆر خاوێنە بە بەراوورد لەگەڵ توخمە سووتاوە نەوتیەکاندا وەك دیزڵ و بەنزین و میثان بە پێکهاتەی سەرەکی دادەنرێت.

- **گازی شل بۆچی ؟**

هەندێ لەو باوەڕەدان کە گاز دەتوانرێت وەك سووتەمەنی بەکاربهێنرێت لە دۆخی شلیدا, کە ئەمە هەڵەیە. بەلام هۆکاری سەرەکی لەدوای شلکردنەوەی گازەوە تەنها بریتیە لە ساناکردنی کرداری گواستنەوەی. زۆر لە لێکۆڵینەوە ئابوریەکان دەریان خستوە کە تێچووی گواستنەوەی گاز بەشلی لە نێوان دەریا و زەریاکاندا زۆر هەرزانترە وەك ئەوەی کە لە دۆخی گازیدا بێت. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە گازی شل (( میثان )) قەوارەیەکی بچوکتر دەگرێت بە نزیکەی ٦٠٠ جار وەك لە دۆخی گازی.

وەلەحاڵەتی بیرکردنەوە لە فشاری گاز لە هەڵگرە دەریاییەکاندا بە ئامانجی کەمکردنەوەی قەوارەکەی, پێویست دەکات کە دیواری ئەو هەڵگرانە بە ئەستوری گەورە دیزاین بکرێت بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو فشاری گازە بگرێت.و ئەمەش دەبێتە هۆی قورساییەکی گەورە بۆ پاپۆڕەکان. بەلام گازی شل لەگەڵ ئەوەی چڕیەکەی گەورەترە لە گازی سروشتی بەشێوەیەکی بەرچاو. بەلام بۆ نمونە زۆر کەمترە لە چڕی پۆلا کە بەکاردەهێنرێت لە دیزاینی ئەو هەڵگرانەدا لە ژێر پاڵەپەستۆی هەوادا.

- کردارەکانی چارەسەرکردن و شلکردنەوە

دەکرێت کردارە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی شل کورتبکرێتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

١. یەکەم جار گازە دەرهاتوەکە لەزەویەوە لە ڕێگەی بۆریەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەنتەری چارەسەرکردنەکە.

٢. چارەسەرکردنی گاز دەسپێدەکات لە بارودۆخێکی پێوانەیدا ((کە زۆر لە ژێر پاڵەپەستۆ و پلەی گەرمای هەوادایە)) , بەلابردنی توخمە ناپێویستەکان و ئەو توخمانەی کە زیان دەگەیەنن بە دامەزراوەکە و بە ژینگەش. لەو توخمانەش: ئاو و چەوری نەوتی وگازەکان و توخمە هایدرۆکاربۆنیە چڕبوەکان و گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن. چونکە ئەو توخمانە دەبنە هۆی گیرانی بۆری ساردکەرەوەکان لەدوایدا.( لەبەرئەوەی هەموویان دەیبەستن و دەبنە توخمی ڕەق پێش ئەوەی بگەنە پلەی بەستن و شلبونەوەی گاز بە زۆری). هەروەها گازی کبریتیدی هایدرۆجین کە لەسەر ئاستی جیهان قەدەغەکراوە ( کە گازێکی کوشندەیە و دەبێتە هۆی ترشەباران) و هەروەها جیوە چونکە دەبێتە هۆی داخوران و داڕمانی چینەکان و بۆریەکان کە لە ئەلەمنیۆم دروستکراون.

٣. لەدوایدا کرداری ساردکردنەوەی گاز دەستپێدەکات لەسەر چەند قۆناغێك.لێرەدا ڕێگای ساردکردنەوە لە کۆمپانیایەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی تر دەگۆڕێت بە گوێرەی سروشتی جێگە کە و تێچووی ئابوری. زۆربەی کات کرداری ساردکردنەوە دەستپێدەکات بە ساردکردنەوەی پرۆپان(( کە یەکەم جار سارد دەکرێتەوە بە ئاو و دواتر بە گازی پرۆپان خۆی)) . هەندێ گاز کە لە پێکهاتەی گازی سروشتیدان جیادەکرێتەوە بە پێی پلەی کولاندنیان وەك میثان ,ئیثان,پرۆپان,بیوتان,پێنتان ,..... وهتد. وەسوود لە هەندێکیان وەردەگیرێت لە ساردکردنەوە و هەندێکی تریان وەك سووتەمەنی لە دامەزراوەکەدا.

ئەوەی جێگەی باسە ئەوەیە کە گازی پرۆپان و ئەوانەی سەروو ئەو بەگازە قورسەکان دەناسرێن و پێویستە جیابکرێنەوە بۆ ئەوەی نەبنە هۆی کرداری بەستن و گرتن. گازی سروشتی دەپەستێورێت لە پلەی گەرمای نزیکەی ٣٦ پلەی ژێر سفر.

٤. قۆناغی دووەمی ساردکردنەوە دێت کە گرنگترینیانە کە تیایدا گازەکە ساردتر و ساردتر دەکرێتەوە بەساردکەرەوەی گازی دەرهێنراو لەهەمان گازی سروشتی وەك ساردکەرەوەی تێکەڵ کە پێکهاتوە لە تێکەڵەیەك لەگازی ئیثان و

پڕۆپان. لەم قۆناغەدا گازە سروشتیەکە تاڕادەیەك پەستێنراوە و ساردە لەپلەی گەرمی نزمدا لە ١٥٠ پلەی ژێر سفر.

٥. ڕاستەوخۆ دوای ڕزگارکردنی گازە پەستێنراوەکە بە((دەرچەی تۆمسۆن))، فشارەکەی نزم دەبێتەوە تا نزیك دەبێتەوە لە پاڵەپەستۆی هەوا و بەهۆی توانای بەرگری گەرماوە گۆڕان لە وزەدا ڕوو دەدات(( یاسای گازی نمونەیی )) و پلەی گەرما دادەبەزێت تا نزیکەی ١٥٨ پلەی ژێر سفر کە زۆر نزیکە لە پلەی شلبونەوە.لەڕاستیدا گازەکە شلبۆتەوە لەو پلە گەرمیەدا لەبەرئەوەی تا ئەم کاتەش گازەکە لە ژێر فشارێکی بەرزتردایە بە کەمێك لە فشاری هەوا.

دواتر کرداری شلبونەوەی ئاسایی ڕوودەدات لە دەفرێکدا کە بە دەفری بەهەڵمبوونی کۆتایی دەناسرێت.بە شێوەیەك فشاری گازەکە دادەبەزێت بۆ نزیکەی فشاری هەوا. و لە گەڵیشیدا پلەی گەرما دادەبەزێت بۆ -٥ر١٦١ پلەی سەدی و لێرەدا گازەکە دەبێت بە شلە و دەتوانرێت پاڵیپێوەبنرێت بۆ خەزانە ساردەکان کە گەرمای پارێزراوە و توانای بەرزە. هەروەك چۆن دەتوانرێت لە دوایدا پاڵیپێوەبنرێت بۆ هەڵگرەکان و بگوێزرێتەوە( بە شێوەیەکی گشتی پاپۆڕی دەریایی ) دەبێت.

- کۆمپانیاکانی گازی شل

وڵاتی قەتەر بە گەورەترین وڵاتی ناردنە دەرەوەی گازی سروشتی شل دادەنرێت لە دونیادا.لەکاتێکدا جەزائیر دادەنرێت بە یەکەم بەرهەمهێنەری گازی سروشتی شل . و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩شدا کۆمپانیای یەمەنی بۆ گازی سروشتی شل دەستیکرد بە یەکەم کرداری بەرهەمهێنانی.

لەخوارەوە ناوی هەندێ کۆمپانیا دەخەینە ڕوو کە بەرهەمێنەری گازی سروشتی شلن لەگەڵ ناوەندی بەرهەمی ساڵانەیان:-

- نۆرث ویست : ٤ر٤ ملیۆن تەن بۆ ساڵێك
- سی گاز: ٥ر٥ ملیۆن تەن بۆ ساڵێك
- کۆمپانیای یەمەنی بۆ گازی سروشتی شل : ٧ر٦ ملیۆن تەن بۆ ساڵێك
- تانجۆ: ٦ر٧ ملیۆن تەن بۆ ساڵێك

- ساخالین: ٦ر٩ ملیۆن تەن بۆساڵێك
- قەتەر گاز : ٦ر١٥ ملیۆن تەن بۆ ساڵێك
- سەری گازی قەتەر: ٦ر١٥ ملیۆن تەن بۆ ساڵێك
- مەترسیەکانی گازی سروشتی شل

گازی سروشتی شل مەترسیەکی گەورە دروست ناکات تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە بەکەمتەرخەمیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەو مەترسیانەش:-

١. تەقینەوەی ئەو هەڵگرەی کە تیایدایە لە کاتێکدا کە پلەی گەرمیەکەی بەرزدەبێتەوە لە پلەی گەرمی شل بونەوەی -٥ر١٦١ پلەی سەدی. و دەشێت سووتاندنیشی لەگەڵدا بێت کاتێك کە سەرچاوەی ئاگرکەوتنەوە لە هەوادا بێت.و لەم کاتەشدا کۆنترۆڵکردنی سەخت دەبێت.

٢. لەوانەیە بەهۆی بڕی گازی شلی دەرچووەوە کرداری خنکاندن ڕووبدات و حاڵەتی مردنیشی لێبکەوێتەوە. لەگەڵ ڕەق بوون و بەستنی لەش بە هۆی سەرمای زۆرەوە.

٣. تەقینەوەی سارد لەکاتی بەرکەوتنیدا بە ئاو.

٤. ڕووداوی سکیکدا بەکارەساتێکی دڵتەزێن دادەنرێت کە ڕوویدا لە جەزائیر لە ساڵی ٢٠٠٤دا و بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر مەوادی مەترسیداری گازی سروشتی شل کە تیایدا هەموو ئەو کارمەندانە مردن کە لەدامەزراوەکەدا بوون کە ژمارەیان ٢٧ کەس بوون.هەروەها ڕووداوێکی تر پێشتر ڕوویدابوو لە ساڵی ١٩٧٣دا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ٣٧ کەس مردن و کارەساتێکی خوێناوی تریش پێشتر لە کلیلاند ڕوویدا لە ساڵی ١٩٤٤ داو ئەنجام ١٢٨ کەس گیانیان لە دەستدا.

سەرچاوە:-

=======

پێگەکانی ئەنتەرنێت

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٤ لە پایزی ٢٠١٠دا بلاْوکراوەتەوە.

# چی دەزانیت دەربارەی زەمین لەرزە ؟ *

- **پێناسە:**

زەمین لەرزە دیاردەیەکی سروشتیە کە بریتیە لە لەرینەوەیەکی خێرای زەوی کە لە پاشکۆیدا شەپۆل هەیە کە پێیان دەوترێت شەپۆلە زەمین لەرزەییەکان.کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شکاندنی بەردەکان و جولاندنیان بەهۆی زیادبوونی فشارە ناوەکیەکانەوە لە ئەنجامی کاریگەریە جیۆلۆجیەکان کە لە ئەنجامی جوڵەی پلێتەکانی زەویەوە ڕوودەدات.

زەمین لەرزە دەبێتە هۆی درزبردنی زەوی و تەقاندنی کانیاو یان دەرکەوتنی کانی تازە یان ڕوودانی بەرزبونەوە و نزمبونەوە لە بەرگی زەویدا. یان دەبێتە هۆی ڕوودانی شەپۆلە بەرزەکان لە ژێر ڕووی دەریاوە(( تسونامی )) و لەگەڵ شوێنەوارە کاولکاریەکانی بۆ بیناکان و ڕێگاوبان و دامەزراوەکان.یان هەندێ جار لە ئەنجامی جوڵەی پلەی گەرما و فشاری ناو چینەکانی زەوییەوە دەبنە هۆی دروستبوونی زەمین لەرزە. ئاشکراشە زەمین لەرزەش بە پێوەرێك دەپێورێت کە ناسراوە بە پێوەری ڕێختەر کە لە ٩ پلە پێك هاتووە.

هەرکاتێ هێزی زەمین لەرزە لە نێوان پلە ١-٤ بێت هیچ زیانێك ناگەیەنێت و تەنها هەستی پێدەکرێت. گەر لە نێوان ٤-٦ بێت مام ناوەندە لە ڕووی زیانگەیاندنەوە کە زیان دەگەیەنێت بە ماڵان و باڵەخانەکان. بەڵام پلە ترسناکەکان لە نێوان ٧-١٠پلەدایە کە لێرەدا زەمین لەرزە دەتوانێت شارێك وێران بکات و بیخاتە ژێر زەوییەوە.

- **چۆن زەمین لەرزە دروست دەبێت ؟**

لەو کاتەی توێکڵی زەوی تووشی لەرینەوە دەبێت, ٦ جۆر لە شەپۆل ڕوودەدەن, دووان لەو شەپۆلانە پەیوەستن بە جەستەی زەویەوە کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر بەشی ناوەوەی زەوی . لە کاتێکدا ٤ شەپۆلەکەی تر تەنها شەپۆلی ڕووین. دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان ئەو شەپۆلانەدا بکرێت لەسەر بنەمای جۆری ئەو جولانەی کە کاردەکەنە سەر گەردیلەی بەردەکان. بەشێوەیەك شەپۆلە

سەرەتاییەکان یان شەپۆلە فشارییەکان گەردیلە دەنێرن کە لە لەرینەوەدان و دێن و دەچن لەهەمان ئاڕاستەی جوڵەی ئەو شەپۆلانەدا. لەکاتێکدا شەپۆلە لاوەکیەکان لەرینەوە شاقولیەکان دەگوازرێتەوە لەسەر ڕێڕەوەی ڕۆیشتنی. بەشێوەیەکی گشتی شەپۆلە سەرەتاییەکان خێراتر دەگوازرێتەوە لە شەپۆلە لاوەکیەکان. لە دوایشدا کە زەمین لەرزەش ڕوودەدات, ئەوا یەکەم شەپۆل کە دەگات و تۆمار دەکرێت لە وێسگەی لێکۆڵینەوە جیۆفیزیکیەکاندا لەهەموو دونیادا بریتین لە شەپۆلە سەرەتایی و لاوەکیەکان.

- **بیردۆزەکانی دروستبوونی زەمین لەرزە**

زەوی هەر لە ساتی دروستبونیەوە بریتی بوە لە تەنێکی گەرم وەك هەموو هەسارەکانی تر, کاتێکیش ساردبۆتەوە بەرگێکی ئاوی بۆ دروست بووە, و بەرگە هەواشی بۆخۆی ڕاکێشا. لەگەڵ زیادبوونی ساردبونەوەشیدا ئەو چینە ڕەقە دروست بوو لەدەرەوەیدا کە ناسراوە بە توێکڵی زەوی.بەڵام هەناوی زەوی تا ئێستاش بەگەرمی ماوەتەوە و بۆتە توێنەرەوەی شارەکان بە شێوەیەك بەبەردەوامی ئەو بەردە ڕەقانەی توێکڵی زەوی تووشی داخوران دەکات و هەڵیدەگرێت و دەیگوازێتەوە بەتوانای زۆر گەورە کە بە تێپەڕبوونی کات زیاتر دەبێت. توێکڵی زەویش بۆ خۆی پێکهاتووە لە کۆمەڵێك پلێتی بەردی زۆر گەورە, کەهەر پلێتێکیشی کیشوەرێك یان زیاتر هەڵدەگرێت.

کرداری هەڵگرتن یان گواستنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لەو ناوچانەدا ڕوودەدەن کە جێگەی بەیەکگەیشتنی ئەو پلێتانەن. کە زانایان ناویان لێناوە (( درز یان دەرچە )) کە سەرەتا و کۆتایی پلێتەکان دیاریدەکەن کە کیشوەرەکانیان هەڵگرتوە.کاتێکیش کە کرداری گواستنەوە یان فشار زۆر دەبێت لەسەر توانای ئەو بەردانە چیدی بەرگە ناگرن و تەنها ڕێگەش ئەوەیە کە ئەو وزەیە ئازاد بێت و لەناکاوێکدا لە شێوەی شەپۆلی جولاوەی بەهێز بەهەموو لایەکدا بلاودەبێتەوە و بەردەکانی توێکڵی زەوی دەبڕێت و وادەکات کە بلەرێتەوە و بلەرزن کە مرۆڤ پێی ئاشنا بووە.

لە ئەنجامی ئەم کردارەوە لەسەر گۆی زەوی کۆمەڵێك ناوچەی لاواز دروست بووە لە توێکڵی زەویدا کە دادەنرێن بە (( بنکەی چالاکی زەمین لەرزە یان دەرچەی هەوا گۆڕکێی زەوی )) بۆ ئەو وزە جوڵاوەی کە پێویستە دەربچێت. کە پێیان دەوترێت (( پشتێنەی زەمین لەرزە )) کە بریتین لە :-

- پشتێنەی زەریای هێمن کە درێژ دەبێتەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە و بەکەناری زەریای هێمندا بەرەو باکوور.
- پشتێنەی ڕۆژئاوای ئەمریکای باکور کە درێژ دەبێتەوە بە کەناری زەریای هێمندا.
- پشتێنەی ڕۆژئاوای هەردوو ئەمریکا، کە فەنزوێلا و شیلی و ئەرجەنتین دەگرێتەوە.
- پشتێنەی ناوەڕاستی زەریای ئەتڵەسی ، کە ڕۆژئاوای مەغریب دەگرێتەوە و درێژ دەبێتەوە بەرەو باکور بۆ ئیسپانیا و یۆگۆسلاڤیا و یۆنان و باکوری تورکیا. ئەم پشتێنەیە کاتێك درێژ دەبێتەوە بەرەو باشوری ڕۆژهەلات یەکدەگرێت لەگەڵ ناوچەی(( شاخی زاگرۆس )) لەنێوان عێراق و ئێراندا. کە ئەم ناوچەیە نزیکە لە (( پشتێنەی هێمالایا)).
- پشتێنەی ئەلب، کە ناوچەی شاخی ئەلب لە باشووری ئەوروپا دەگرێتەوە.
- پشتێنەی باکوری چین، کە لە ڕۆژهەلاتەوە درێژ دەبێتەوە بە پانی باکوری چین لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و بەیەك دەگات لەگەڵ درزی ناوچەی قەوقازدا و لە ڕۆژئاواشدا لەگەڵ درزی زەریای هێمندا بەیەك دەگەن.
- لاوازترین پشتێنەی زەمین لەرزەش بریتیە لەو پشتێنەیەی کە درێژدەبێتەوە لە باشووری درزی ئەنادۆڵەوە بە درێژایی دەریای مردوو لە باشوور و هەتا کەنداوی سوێس لە باشووری سینا. و دواتر بۆ ناوەڕاستی دەریای سوور و تادەگاتە دەرچەی گەورەی ئەفریقا کە کاریگەری هەیە بۆ سەر یەمەن و ئەسیوبیا و لوتکەکانی ئەفریقای گەورە.

گۆی زەوی بۆ خۆی بریتیە لە یەك یەکەی یەکگرتوو.بەلام گرگانەکانی توێکڵی زەوی و ئەو فشارانەی کە دەکەوێتە سەر ناوچە جیاوازەکان و دەبنە هۆی ڕوودانی

چالاكی زەمین لەرزەیی ناتوانرێت پەیوەست بكرێتەوە بەیەكەوە لەگەڵ ڕوودانی چالاكی زەمین لەرزەی تر لە ناوچەیەكی تردا. هەر لەبەر ئەم هۆكارەیە كە هەر پشتێنەیەكی زەمین لەرزە سروشتێكی تایبەتی خۆی وەرگرتوە  كە جیاوازە لە یەكێكی تر لەڕووی سروشتی زەویەكانیەوە(( جیۆلۆجیەوە )) و پێكهاتەكانی ژێر ڕووی زەوی. كە دەتوانرێت لە گەڵیدا بووترێت كە چالاكی زەمین لەرزەكەی تایبەتە بەو ناوچەیەی كە پشتێنەكەی تیادایە.ئەمەش مانای نزیكبونەوەی ڕوودانی كاتی چالاكی زەمین لەرزە ناگەیەنێت لەسەر پشتێنەی زەمین لەرزە جیاوازەكان. لێرەدا تەوافوقێك هەیە لە كاتی ڕوودانیاندا لەگەڵ یەكدا كە ئەمەش هۆكارەكانی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆكار لەناوجەرگەی زەویدا كە تائێستاش جێگەی باس و خواسی مرۆڤە.

- **هۆكارەكانی ڕوودانی زەمین لەرزە**

زاناكان هەندێ هۆكاریان دیاریكردوە و گرنگترینیان :-

١. تەقینەوەی گڕكانەكان كە زەمین لەرزەش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
٢. درزبردن و خلیسكانی بەردەكان لەسەری كە ناسراوە بە زەمین لەرزەی تەكتۆنی.

كۆمەڵێك هۆكار لە پشت ڕوودانی زەمین لەرزەوەن لە سەر ڕووی زەوی كە دەكرێت دابەشبكرێن بۆ هۆكارە ناوخۆییەكان كە پەیوەندییان بە پێكهاتەی زەوییەوە هەیە كە لە چەند چینێك پێك دێت كە لە دەرەوە بۆ ناوەوە بەم شێوەیەیە:

١. توێكڵی زەوی
٢. ڕووپۆش
٣. كرۆكی زەوی

- كرۆكی زەوی پێكدێت لە گۆیەكی ڕەق لەئاسن و نیكڵ كە بەوە جیادەكرێتەوە كە پلەی گەرمای دەگاتە هەزارەها پلەی سەدی(( نزیكەی ٦٠٠٠ پلەی سەدی)) و بەهۆی ئەوەی كە چینەكانی زەوی چوون یەكنین و كرداری گواستنەوەی گەرما لە جێگەیەكەوە بۆ جێگەیەكی تر ڕوودەدات, بەشێوەی گەیاندن

لەناوچە ڕەقەکاندا و بەشێوەی هەڵگرتن لەناوچە شلەکاندا و بەشێوەی تیشك لەسە ڕووی زەوی.

- جاکاتێك وزە پەنگخواردوەکە کۆدەبێتەوە لە ناوچەیەکی ناو چینەکانی زەویدا ئالێرەدا ڕۆڵی مانگ و ڕۆژ دەردەکەوێت لە ڕێگەی شەپۆلێکی ڕاکێشانەوە کە کاردەکاتە سەر زەوی کە ئەمەش ڕێگە دەدات بە ئازادبوونی گەرمای هەڵگیراو لەناو زەویدا لەسەر شێوەی زەمین لەرزە و گڕکانەکان.هەروەها هۆکاری نزیککەوتنەوەی هەسارەکان لەگەڵ یەکدا دەبێتە هۆی ڕوودانی زەمین لەرزە و گڕکانەکان بەشێوەیەك هێزی هەڵکشانی ڕۆژ و مانگ گەورەتر دەبێت کە یاریدەی ئازادبوونی گەرمای زەوی دەدات.

هەروەها جیۆلۆجیای جێگەش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕوودانی زەمین لەرزەدا, لەوانە ئەستووری توێکڵی زەوی و ئەو درز و دەرچانەی کە هەن یان ئەو دورگانەی ناو زەریاکان و زەویە بەردییەکان. هەروەها هەرکاتێك هەسارەیەك نزیك دەبێتەوە لە ڕۆژ هێزی ڕاکێشان زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی ڕوودانی زەمین لەرزە و گڕکانی گەورە وەك ئەوەی لەهەسارەی زوهرەدا ڕوویداوە. هەرکاتێك هەسارەکان گەورەتر بن و دووربکەونەوە لەڕۆژ ئەوا ڕوودانی زەمین لەرزە و گڕکان کەم دەبنەوە.

ئاشکرایە زەوی لە دوو سەرچاوەوە وزەی گەرمیەکەی وەردەگرێت, یەکەمیان ڕۆژە کە کاریگەریەکەی لەسەر ڕووی زەوی دەردەکەوێت کە ئەوە بەشی سەرەوەیە لە توێکڵی زەوی کە لە ٢٨-٣٠ م زیاتر نابێت. سەرچاوەی دووەمیشیان بریتیە لە گەرمای ناخی زەوی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی چالاکیە تیشکدانەوەکانەوە دروست دەبێت کە لە هەندێ توخمەوە دەردەچێت و بەتایبەتیش یۆرانیۆم و کۆریۆم و ...هتد. کەزۆر تیشکدەرەوەن.

- **پێشبینیکردنی ڕوودانی زەمین لەرزە**

بە پشتبەستن بەبیردۆزەکانی دروستبوونی زەمین لەرزە, ئەوا پێشبینیکردنی ڕوودانی زەمین لەرزە لەسەر سێ ئاست دەبێت:-

١. لەکویّ زەمین لەرزە ڕوودەدات, لەو شرۆڤەکردنەی سەرەوەماندا دەتوانرێت تێبینی بکرێت کە زەمین لەرزە لە ناوچەیەکی فراوان لە دونیادا ڕوودەدات, کە بریتین لە پشتێنەی زەمین لەرزەکان لە جیهاندا.

٢. هێزی زەمین لەرزەکە لەو جێگەیانەدا ڕوو دەدەن. ئەم ئاستە دادەنرێت بە سەختترین لە ئاستی یەکەم و کەس ناتوانێت قەوارەی وزەی شاراوە تەخمین بکات لەناو زەویدا کە لەگەڵ زەمین لەرزەدا دەردەچێت. وەهەر پێشبینیەك بکرێت تەنها پێشبینی نزیکیە نەك حەقیقی بۆ تێکڕای ناوەندی زەمین لەرزە لەو ناوچەیەدا.

٣. پێشبینی کردنی کاتی ڕوودانی زەمین لەرزە: لە ئێستادا ئەم کارە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت بزانرێت. وە هیچ هۆکار و ئامڕازێکیش نیە بۆ زانینی کاتی ڕوودانی زەمین لەرزە. و ئەو زەرەر و زیانانەی کە بەر مرۆڤ دەکەوێت لە ئەنجامی ئەو زەمین لەرزانەوە دەبێت کە نزیکن لە ڕووی زەویەوە ناو دەبرێت بە (( زەمین لەرزەی تەکنۆنی کە لە قولاّیی ٧٠ کم وە ڕوودەدەن)) چونکە زۆر دووبارە دەبنەوە, بەلاّم ئەو زەمین لەرزانەی لە نێوان قوولاّیی (( ٦٠-٦٠٠ کم)) وە ڕوودەدەن دادەنرێن بە زەمین لەرزەی مام ناوەند لە ڕووی دووبارەبونەوەی و قولاّیی و زیانەکانیشی و ناسراون بە (( زەمین لەرزەی بلۆتۆنی )).

ئەو خاڵەی کە زەمین لەرزەکەی لێوە ڕوودەدات پێی دەوترێت (( سەرچاوە یان کونی )) زەمین لەرزە.بەلاّم ئەو خاڵەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەری لەسەر ڕووی زەوی پێی دەوترێت((سەنتەری ڕوویی)) بۆ زەمین لەرزەکە.

وزەی دەرچوو لە زەمین لەرزەکەوە دەگوازرێتەوە لە سەرچاوەکەیەوە بە هەموو لاکاندا لەسەر شێوەی شەپۆلی سیزەمی (( زەمین لەرزەیی )) و هەندێك شەپۆل بەرەو ناوەوەی زەوی دەچن و هەندێکی تریان بۆ سەرەوەی زەوی. شەپۆلەکانی بەرەو سەرەوە خێراترن لەوانەی بۆ ناوەوە دەچن و دەتوانرێت پێوانەی ئەو شەپۆلە دەرچوانە بکرێت لە زەمین لەرزەیەکی گەورەوە لەسەر ئامێری دیاریکردنی زەمین لەرزە لەو ناوچەیەی بەرامبەرە بە زەمین لەرزەکەدا لە دونیادا. ئەو شەپۆلانە دەگەنە ڕووی زەوی لەماوەی ٢١ خولەکدا.

- **جۆرەکانی زەمین لەرزە**

زەمین لەرزە بەپێی قوڵایی جێگەی دەستپێکردنی دەکرێتە ٣ جۆرەوە:-

١. زەمین لەرزەی ڕوویی کە دروست دەبێت لە قوڵایی ٧٠کم. ناو دەبرێت بە (( زەمین لەرزەی تەکنۆنی)).

٢. زەمین لەرزەی مام ناوەند کە دروست دەبێت لە قوڵایی نێوان ٧٠-٣٠٠کم. ناسراون بە (( زەمین لەرزەی بلۆتۆنی )).

٣. زەمین لەرزەی قووڵ کە دروست دەبێت لە قوڵایی ٣٠٠-٧٠٠کم.ناسراون بە (( زەمین لەرزەی گڕکانی )).

- **پێوانەی توندی زەمین لەرزە**

بەشێوەیەکی گشتی زەمین لەرزە بە دوو پێوەری گرنگ دەپێورێت:

١. توندی زەمین لەرزە Intensity توندی زەمین لەرزە بەوە دەناسرێت کە پێوەرێکی وەسفیە کە زەمین لەرزە کاریگەری دەکاتە سەر مرۆڤ و کەل و پەلەکانی. نمونەی ئامێری زەمین لەرزەی ئەم شێوەیە بریتیە لە پێوەری(( میرکالی نێوەند)) کە لە ١٢ پلە پێکدێت. بۆ نمونە ئەگەر توندی زەمین لەرزەیەك ١٢ پلە بێت ئەوە زەمین لەرزەیەکی کاولکەر دەبێت. و دەبێتە هۆی ڕوودانی گڕکان و دەرچوونی تۆپەڵی ئاگری لە ناخی زەویەوە و زەوی دەلەرێنێتەوە بەگشتی لەناو کۆمەڵەی ڕۆژدا.

٢. هێزی زەمین لەرزە Magnitude کە زانای ئەڵمانی Richter دایناوە و هەر بەناوی خۆشیەوە ناسراوە.کە پشت دەبەستێتە سەر بڕی ئەو وزەیەی کە دەبێتە هۆی ڕوودانی زەمین لەرزە ئەمەش پێوەرێکی زانستیە و نرخەکانیشی لە شەپۆلە زەمین لەرزەکانەوە دەپێورێت کە لە وێسگە جیاوازەکانی زەمین لەرزەوە تۆمار دەکرێت.وەلەسەر ئەم بنەمایەش هیچ جیاوازیەك نابێت لە نێوان هێزی زەمین لەرزە کە لەوێسگەیەکی میسر یان سویددا دەپێورێت.

- **جیاوازی لەنێوان توندی و هێزی زەمین لەرزەدا**

زاناکان هەردوو چەمکی توندی زەمین لەرزە و هێزی زەمین لەرزە بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی قەوارەی زەمین لەرزە. چەمکی توندی زەمین لەرزە بەوە دەناسرێت کە

زاراوەیەکە بەکار دەهێنرێت بۆ پێوانەکردنی ئەو وزەیەی کە بەرهەم دێت لە زەمین لەرزەوە. بەڵام هێزی زەمین لەرزە دەپێورێت بە (( پێوەری ڕێختەر )) کە لە ٩ پلە پێك دێت بۆ نمونە: ئەگەر سەرچاوەی قوڵی زەمین لەرزەیەك ڕاستەوخۆ لە ژێر شارێکدا بێت کە دەبێتە سەنتەری ڕوویی کاول بوو بۆ زەمین لەرزەکە. بەم شێوەیە قەوارەی کاولکاری لەم شارەدا زۆرتر دەبێت لەشارێکی تر. کەواتە توندی زەمین لەرزەکەش زۆرترە لەم شارەدا وەك شارە دوورەکە. بەڵام هێزی زەمین لەرزەکە جێگیر و نەگۆڕە و کاریتێناکرێت بەهۆی ئەو جێگەیەی کە زەمین لەرزەکەی تیایدا ڕوویداوە.

- **شە پۆلەکانی زەمین لەرزە و چۆنێتی دەستنیشانکردنی**

کاتێك قڵیشبردنی زەوی ڕوودەدات و سەرچاوەی زەمین لەرزە دروست دەبێت, پلێتەکانی زەوی بە توندی دەست دەکەن بە جووڵە لەسەر ڕێگای قڵیشەکەوە . لە ئەنجامی ئەم جوڵە لەناکاو و خێرایەدا جوڵە وزەیەکی گەورە دەردەچێت و بڵاودەبێتەوە لەسەر شێوەی شەپۆلی نەرمی لەرینەوە کە بریتین لە شەپۆلی لەرینەوەی زەمین لەرزەیی. دوو نمونەی شەپۆلی لەرینەوەی بنچینەیی هەیە کە ئەوانیش:-

- شەپۆلە سەرەتاییەکان
- شەپۆلە لاوەکیەکان
- لەگەڵ ئەم دوو شەپۆلەشدا نمونەی سێیەمیش دەردەچێت کە پێی دەوترێت (( شەپۆلە ڕووییەکان)).

ئەم سێ جۆر شەپۆلانە بەخێرایی دەگۆڕێن. لەبەر ئەوەش کاتی گەیشتنیان دەگۆڕێت بە وێسگەکانی دیاریکردنی زەمین لەرزە. ئەم شەپۆلە زەمین لەرزانەش وەردەگیرێن بەهۆی ئامێری ((سیسموگرافەوە)) کە زانیاریمان دەداتێ دەربارەی توندی و کاتی گەیشتنی زەمین لەرزەکان.

لێرەدا پەیوەندیەکی گرنگ هەیە کە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی ماوەی گواستنەوەی شەپۆلە زەمین لەرزەییەکان لە خاڵی دروستبونیەوە تا وێسگەی

دەستنیشانکردنی کە ئامێری سیسمۆگرافەکەی تیادایە کە هەڵدەستێت بەکاری دەستنیشانکردنی شەپۆلەکان. ئەو پەیوەندیەش دەناسرێت بەجیاوازی زەمەن لە نێوان گەیشتنی شەپۆلە سەرەتاییەکان P و شەپۆلە لاوەکیەکان S . ئەم جیاوازیەش دەگونجێت لەگەڵ ئەو ماوەیەی نێوان وێسگەی دیاریکردن و مەرکەزی سەرچاوەی زەمین لەرزەکە و دەتوانرێت شەپۆلە زەمین لەرزەییەکان لە یەکتری جیابکرێتەوە لەسەر بنەمای کاتی گەیشتنیان بۆ وێسگەی دیاریکردنی زەمین لەرزە

- **دیاریکردنی جێگەی سەرچاوەی زەمین لەرزە**

دەتوانرێت جێگەی سەرچاوەی زەمین لەرزە دیاریبکرێت بەهاوکاری کردنی ٣ وێسگەی دیاریکردنی زەمین لەرزە کە نزیك بن لە جێگەی زەمین لەرزەکە و دووری ماوەی زەمین لەرزەکەوە , لەم ٣ وێسگەیەوە دیاردەکرێت یابەڕێگەی پەیوەندی بەیانی, یان لە ڕێگەی حسابکردنی ماوەکە بە پێوانی زەمەنی گەیشتنی شەپۆلە زەمین لەرزەییەکان و خێراییەکانیان و ئەم یاسایە جێبەجێدەکرێت دووری = کات * خێرایی شەپۆل

وەلەهەر وێسگەیەکدا بازنەیەك وێنە دەکێشرێت کە چەقی بازنەکە بریتیە لە جێگەی وێسگەکە و نیوە تیرەکەشی بریتیە لە ماوەی ئەژمارکراو و خاڵی یەکتربڕینی هەرسێ بازنەکە بریتیە لە جێگەی سەرچاوەی زەمین لەرزەکە.

**خشتەی ڕوودانی زەمین لەرزەکان لە جیهاندا**

| ژ | ناوی زەمین لەرزە | وڵات | بەرواری ڕوودانی زەمین لەرزە | هێزی زەمین لەرزە بە پلەی ڕێختەر | زیانەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کانتەربری | نیوزلەندا | ٢٠١٠/١٠/٤ | ٧ر٤ | |
| ٢ | شیلی | شیلی | ٢٠١٠ | ٨ر٨ | |
| ٣ | هایتی | هایتی | ٢٠١٠ | ٧ | ٢٣٠٠٠٠کوژراو<br>١ ملیۆن ئاوارە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | بم | ئێران | | | ٤٠٠٠٠ کوژراو |
| ٥ | زەریای هندی | ئەندەنوسیا | ٢٠٠٤/١٢/٢٦ | | ٢٣٠٠٠٠ کوژراو |
| ٦ | کشمیر | هندستان | ٢٠٠٦ | | ٧٩٠٠٠ کوژراو |
| ٧ | حەسیمە | مەغریب | ٢٠٠٤/٢/٢٤ | ٦ر٥ | ٦٠٠ کوژراو |
| ٨ | بومرداس | جەزائیر | ٢٠٠٣/٥/٢١ | | وێرانکردنی ولایەتێك بەتەواوەتی |
| ٩ | وەهران | جەزائیر | ٢٠٠٨/٦/٦ | ٥ر٥ | |
| ١٠ | چین | چین | ٢٠٠٨/٣/٥ | | شارێکی بەتەواوەتیو ێرانکرد |
| ١١ | گۆجاران | هندستان | ٢٠٠١/١/٢٦ | | |
| ١٢ | ڕۆژئاوای جەزائیر | جەزائیر | ١٩٩٩/١٢ | ٨ر٥ | ٢٨ کوژراو ١٧٥ بریندار |
| ١٣ | تورکیا | تورکیا | ١٩٩٩/١١ | ٧ | ٤٥٠ کوژراو |
| ١٤ | تایوان | تایوان | ١٩٩٩/٩ | ٦ر٧ | ١٥٠٠ کوژراو |
| ١٥ | ئەسینا | یۆنان | ١٩٩٩/٩ | ٩ر٥ | ٤٩ کوژراو |
| ١٦ | باکوری ڕۆژئاوای تورکیا | تورمکیا | ١٩٩٩/٨ | ٨ر٦–٧ | ١٠ هەزار کوژراو بریندار |
| ١٧ | ئاتاربرادیش | هندستان | ١٩٩٩/٣ | | ١٠٠ کوژراو |
| ١٨ | ئەرمینیە | کۆلۆمبیا | ١٩٩٩/١ | | ١٠٠٠ کوژراو |
| ١٩ | کەناری باکوری ڕۆژئاوای بابوا | غینیای نوێ | ١٩٩٨/٦ | | ١٠٠٠ کوژراو |
| ٢٠ | ئەزەنە | تورکیا | ١٩٩٨/٧ | | ١٤٤ کوژراو |
| ٢١ | ئەفغانستان | ئەفغانستان | ١٩٩٩/٥ | | ٤٠٠٠ کوژراو |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | باکوری ڕۆژئاوای ئێران | ئێران | ١٩٩٧/٢ | ٥ر٥ | ١٠٠٠ کوژراو |
| ٢٣ | ساخالین | ڕووسیا | ١٩٩٩٥/٥ | ٧ر٥ | ٢٩٨٩ کوژراو |
| ٢٤ | کەنداوی عەقەبە | ئوردون و میسر وفەلەستین وسعودیە | ١٩٩٥/١١ | | |
| ٢٥ | کوبی | یابان | ١٩٩٥/١ | | ٦٤٣٠ کوژراو |
| ٢٦ | کۆلۆمبیا | کۆلۆمبیا | ١٩٩٤/٦ | | ١٠٠٠ کوژراو |
| ٢٧ | باشوری ڕۆژئاوای هندستان | هندستان | ١٩٩٣/٩ | | ٢٢٠٠٠ کوژراو |
| ٢٨ | باشوری ڕۆژئاوای قاهیرە | میسر | ١٩٩٢/١٠ | ٨ر٥ | ٣٧٠ کوژرا و ٣٠٠٠ بریندار |
| ٢٩ | گەیلان | ئێران | ١٩٩٠ | | ٤٠٠٠٠ کووژراو |
| ٣٠ | لۆمابرینا | کلیفۆڕنیای ئەمریکا | ١٩٨٩/١٠ | | ٦٨ کوژراو و ٧ ملیۆندۆلار زیان |
| ٣١ | باکوری ڕۆژئاوای ئەرمینیا | ئەرمینیا | ١٩٩٨/١٢ | ٩ر٦ | ٢٥٠٠٠ کوژراو |
| ٣٢ | مەکسیکۆسیتی | مەکسیک | ١٩٨٥/٩ | | ١٠٠٠٠ کوژراو |
| ٣٣ | شەلەف | ڕۆژئاوای جەزائیر | ١٩٨٠/١٠ | ٣ر٦-٣ر٧ | ٣٠٠٠ کوژراو |
| ٣٤ | باشوری ئیتالیا | ئیتالیا | ١٩٨٠ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | تانغشان | چین | ١٩٧٦ | | ٥٠٠٠٠٠ کوژراو |
| ٣٦ | مربع جبل الاخضر | لیبیا | ١٩٦٣ | | ٣٠٠ کوژراو |
| ٣٧ | شیلی | شیلی | ١٩٦٠ | ٩٫٥ | سڕینەوەیچ ەندەها گوند لەسەر ڕووی زەوی و هەزارەها کوژراو |
| ٣٨ | ئاسام وبلایەکی | هندستان | ١٩٥٣٤ | ٩ | |
| ٣٩ | فۆکۆی | ڕۆژهەڵاتی دەریای چین و یابان | ١٩٤٨ | | ٣٧٧٠ کوژراو |
| ٤٠ | دەریای باکور | بەریتانیا | ١٩٣١ | ٥٫٥ | |
| ٤١ | کانتۆ | یابان | ١٩٢٣ | | ١٤٢٠٠٠ کوژراو |
| ٤٢ | سانفرانسید سکۆ | ئەمریکا | ١٩٠٦ | | ٣٠٠٠ کوژراو |
| ٤٣ | شەهلی | چین | ١٢٩٠ | | ١٠٠٠٠٠ کوژراو |
| ٤٤ | لشبۆنە | پورتوگال | ١٧٧٥ | | ٦٠- ١٠٠٠٠٠ کوژراو گەورەترین زەمین لەرزە لە مێژوودا |

- **چۆن هەڵسوکەوت بکەین لەکاتی ڕوودانی زەمین لەرزەدا ؟**

١. ئەگەر لەماڵەوە بوویت لە ژێر مەدخەلی دەرگاکاندا بوەستە یان لە ژێر مێزێکی بەهێزدا و دوور لە پەنجەرە و شووشە.

٢. ئەگەر لە دەرەوەی بینادا بویت لە دوری بیناکان و دارودرەخت و هێڵی تەلەفۆن و کارەبا بوەستە.

٣. ئەگەر لە ئۆتۆمبێلدا بویت دووربکەوەرەوە لە پرد و نەفەق و لە ئۆتۆمبێلەکەت دامەبەزە.

٤. هەوڵبدە نەفسیەتت هێور و ئارام بێت.

- **ئەی لەدوای زەمین لەرزە چی بکەین ؟**

١. بەدوای بریندارەکاندا بگەڕێ و هەوڵی چارەسەریان بدە.

٢. وریای ئەو جێگەیانە بە کە ئاو وگاز و ئاوەڕۆی لێ دەچێت.

٣. هێڵی کارەبا بڕواەکان تاقیبکەرەوە و کارەبا لەناو ماڵەکەت بڕە.

٤. زەرەر و زیانەکان دیاری بکە.

٥. بەپێی پەتی مەڕۆ.

٦. مادە مەترسیدارەکان پاك بکەرەوە کە ڕژاون.

٧. گوێ لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بگرە بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی.

٨. بەکارهێنانی تەلەفۆن کەم بکەرەوە.

٩. بەدوای ونبوەکان و ناسیاوەکانتا بگەڕێ.

- **ئە و ئامێرانەی کە پێویستن لەگەڵدا بێت لەکاتی ڕوودانی زەمین لەرزەدا**

١. ڕادیۆیەکی بچووك

٢. لایتێك

٣. جانتای چارەسەری سەرەتایی

٤. کتێبی چارەسەری سەرەتایی

٥. ئاگرکوژێنەوە

٦. ئاوی خواردنەوە
٧. خواردنی هەفتەیەك
٨. شقارتە
٩. ژمارەی تەلەفۆنەکانی پۆلیس و فریاکەوتن و تەندروستی و ئاگرکوژێنەوە
١٠. کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو

سەرچاوە :–
=======

پێگەی ویکیبیدیا , الموسوعة الحرة/ لە ئەنتەرنێتەوە

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٥ لە زستانی ٢٠١٠دا و گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ٤٦ لە بەهاری ٢٠١١دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەندازەی بۆماوەیی*

• ئەندازەی بۆماوەیی کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت Genetic engineering و پێشی دەوترێت چاکردنی بۆماوەیی. بریتیە لە یاریکردنی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بە توخمی بۆماوەییەوە بۆ زیندەوەرەکان بەڕێگەیەك کە لە بارودۆخی سروشتیدا ڕوونادات.کەلەم ڕێگەیەدا پەروەردەی کلاسیکی لەخۆناگرێت بۆ ڕووەك و ئاژەڵ و ....هتد.و هەموو ئەو زیندەوەرانەی کە بەم ڕێگایە دێنە بەرهەم پێیان دەوترێت بونەوەرێکی چاککراوەی بۆ ماوەیی.

بەکتریا یەکەم بونەوەر بوو کە بە شێوەی ئەندازەی بۆ ماوەیی کاری لەسەر کرا لە ساڵی ١٩٧٣دا و دواتر مشکەکان لە ساڵی ١٩٧٤دا. و فرۆشتنی ئەو ئەنسۆلینەی کە لە بەکتریاوە بەرهەم دەهات دەستی پێکرد لەساڵی ١٩٨٢دا. بەلأم فرۆشتنی خۆراکی چاککراوە بۆ ماوەیی لەساڵی ١٩٩٤وە دەستیپێکرد.

ئەندازەی بۆماوەیی: بریتیە لەو تەکنەلۆژیایەی کە مامەڵە لەگەڵ جینەکاندا دەکات. مرۆیی و ئاژەڵی و هەروەها جیناتی زیندەوەرە زۆر وردەکانیش, یان ئەو یەکە بۆ ماوەییانەی کە لەسەر کرۆمۆسۆمەکان هەن جیاکەرەوە و پێکگەیشتن و چوونە ناوەوەی هەندێ بەش لە بونەوەرێکەوە بۆ یەکێکی تر.بەمەبەستی ناساندنی کاری جینەکان یان بە ئامانجی زیادکردنی بڕی توخمی بەرهەم هاتوو یان بۆ تەواوکردنی ئەوەی کە لێی کەم دەبێتەوە لەو خانەیەی کە مەبەستە.

ئەو شێوەیەی کە زۆر باوە لە ئەندازەی بۆ ماوەییدا بریتیە لە تێکردنی توخمێکی بۆ ماوەیی نوێ لە جێگەیەکی دیارینەکراوەوە لە جینی خێزانێك. ئەم کارەش جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی دابڕان یان لەبەرگرتنەوەی توخمە بۆ ماوەییە پەیوەندیدارەکە و بەرهەمهێنانی بینایەك کە هەموو توخمە جینەکان لە خۆ بگرێت بەمەبەستی دەسکەوتنی (( دەربڕینی بۆ ماوەیی)) ڕاست و دروست.و لە دوایدا تێکردنی ئەم بینایە بۆ ناو بونەوەرێکی تر.

شێوەکانی تری ئەندازەی بۆ ماوەیی بریتین لە (( بە ئامانجگرتنی جینەکان)) و (( لێدانی جینی دیاریکراو بەبەکارهێنانی نیوکلییزیز Nucleases ی ئەندازیار . وەك

نکلیازی پەنجەی زینک Zinc_Finger Nuclease یان ئەنزیماتی ئاڕاستەکراو Homing Endo Nuclease چاککراوەی بۆ ماوەیی.

تەکنەلۆژیای ئەندازەی بۆماوەیی لە گەڵێ بواردا جێبەجێکراوە وەك گەڕان و لێکۆڵینەوە و تەکنەلۆژیای زیندوو و پزیشکیش.

لەئێستادا توخمی ئەنسۆلین و هۆرمۆنی گەشەی مرۆیی بەرهەم دێت لە بەکتریاوە.مشکی تاقیگەیی بەکارهێنراوە وەك مشکی ئۆرام Onco Mouse و مشکی لەکارخراوی بۆ ماوەیی Knockout Mouse بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی و بەرهەمهێنانی بەروبومە بەرەنگارەکانی مێروەکان یان ئەو بەروبومانەی کە بەرەنگاری لەناوبەرەکان دەبنەوە بەشێوەی بازرگانی.

هەندێ ڕووەك و ئاژەڵ بە شێوەی ئەندازەی بۆماوەیی پێشخران کە توانای بەرهەمهێنانی دەرمانیان هەیە کە تێچووەکانیان کەمترن لەو دەرمانانەی کە بەڕێگەی کلاسیکی بەرهەم دێن.بەبەکارهێنانی ڕێگای تەکنەلۆژیای زیندوویی(( کە پێی دەوترێت دەرمانخانەی بایۆلۆژی یان ئاژەڵی )) لەساڵی ٢٠٠٩ دا.بەڕێوەبەرایەتی خۆراکی و دەرمان هەستا بە ڕەزامەندی دان بە فرۆشتنی پرۆتینی دەرمانی کەناودەبرێت بە (( دژە پرۆمبین ))Anti Thrombin کە لەشیری بزنەوە بەرهەم دێت بەڕێگەی ئەندازەی بۆ ماوەییەوە.

- **پێناسەی ئەندازەی بۆ ماوەیی**

ئەندازەی بۆماوەیی هەڵدەستێت بە چاکردنەوەی پێکهاتەی بۆماوەیی بۆ بونەوەرێکی زیندوو بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا کە توخمە بۆماوەییەکە پێشکەش دەکرێت کە ئامادەکراوە لە دەرەوەی بونەوەرە زیندوەکە یان ڕاستەوخۆ بۆ ناو کۆمەڵەکە یان بۆ ناو خانەکە کە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵەکەدا.ئەم ڕێگەیە پێویستی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ترشی ناوکی دەبێت بۆ دروستکردنی پێکهاتەی نوێ لە توخمی جینە بۆماوەییەکە.کە لە ڕێگەی تێکەلأوکردنی ئەو توخمە بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی سیستەمی گوێزەرەوەوە یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای کوتانی مایکرۆسکۆبیەوە و کوتانی فیلأوی و پەستانەوەی ووردەوە.

ئەندازەی بۆماوەیی پەروەردەکردنی کلاسیکی لە خۆناگرێت بۆ ڕووەك و ئاژەڵ و گەشەکردنی تاقیگەیی و پێشکەشکردنی جۆرەها شێوازی ڕەنگ و بازدان و تەکنەلۆژیای پێکەوەلکاندنی خانەکان کە ترشی ناوکی و بونەوەرە زیندوە چاککراوەکان بە ڕێگەی بۆماوەیی بەکارناهێنرێت.

دەکرێت ئەندازەی بۆماوەیی بەکاربهێنرێت لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی لەبەرگرتنەوەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ئەندازەی بۆماوەیی ناژمێردرێت. بەڵام پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵیدا هەیە.

زانستی زیندەوەرزانی دروستکراو بریتیە لە سیستەمێکی سەرەتایی کە بە ئەندازەی بۆماوەیی پێشدەکەوێت لە ڕێگەی پێشکەشکردنی توخمە بۆماوەییە دروستکراوەکان بە ڕێگەی پیشەسازی لە توخمە خامەکانەوە بۆ زیندەوەرێك.

ئەگەر توخمێکی بۆماوەیی زیادکرا لە جۆرەکانی تر بۆ کۆمەڵەکە, ئەوا بە بونەوەرە دروستبوەکە دەوترێت چاککراوە بۆ ماوەییەکە.بەڵام ئەگەر ئەو توخمە بۆ ماوەییەی کە بەکارهێنرا لەهەمان جۆر یان لە جۆرێك بوو کە بۆ خۆی نەوەی دەخستەوە بە سروشتی لەگەڵ کۆمەڵەکەدا ئەوا بە بونەوەرە دروستبوەکە دەوترێت بونەوەری هاوپەیوەند Gisgenesis .

هەروەها ئەندازەی بۆماوەیی دەکرێت بەکاربهێنرێت لە لابردنی توخمە بۆ ماوەییەکە لە بونەوەرە مەبەستەکە کە بونەوەرێکی لەکارخراو دروست دەکات.چاککردنەوەی جینی لە ئەوروپادا دادەنرێت لە بەرامبەر ئەندازەی بۆماوەییدا بەڵام هەمان وشە لە ئەمریکادا بەکاردێت بۆ ئاماژەدان لەسەر ڕێگەی زیادکردنی کلاسیکی.

- **تێڕوانینێکی مێژوویی**

مرۆڤ بەدرێژایی هەزاران ساڵ توانیویەتی کە چاکردنەوە لە جینەۆماتە جیاوازەکاندا بکات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دروستکراوەوە.و بەکارهێنانی بازدان لە ئێستادا.

ئەندازەی بۆماوەیی بوونی نەبوە وەك چەمکی یاریکردنی ڕاستەوخۆ کە مرۆڤ پیادەی دەکات لەدەرەوەی چوارچێوەی وەچەخستنەوە و بازدان تەنها لە ساڵەکانی

حەفتاکانی سەدەی ڕابووردودا نەبێت.بۆ یەکەم جار وشەی(( ئەندازەی بۆماوەیی )) لەلایەن جاك ویلیامسۆنەوە بەکارهات لە چیرۆکی ئەندێشەی زانستیدا بەناوی (( دورگەی ئەژدیها)) کە لە ساڵی ١٩٥١دا بڵاوکرایەوە.

هەریەکە لە ئەلفرێد هیرسی و مارثاتشیس یش جەختیان لە ڕۆڵیDNA کردەوە لە بۆماوەییدا پێش ئەوە بە ساڵێك.هەروەك چۆن جێمس واتسۆن و فرانسیس کریك ئەوەیان چەسپاند کە گەردیلەی DNA کە پێکهاتەیەکی لولپێچی دوانەیی هەیە پێش ئەوە بە ساڵێك.

پۆڵ بێرگ لە ساڵی ١٩٧٢دا یەکەم گەردیلەی DNAدامەزراند بەهۆیDNA کۆکراوەوە لە ڤایرۆسی مەیمونی ٤٠S٧ لەگەڵ ئەوەشدا وەرگیراو لە ڤایرۆسی ئەللمدا.

هەریەکە لە هیربرت بویرز و ستانلی کوهین یەکەم بونەوەری چاککراوەی بۆ ماوەییان داهێناTransgenic لەساڵی ١٩٧٣دا لە ڕێگەی تێکردنی جیناتی بەرگەگر بۆ دژە زیندەوەرەکان لە پلازمیدی بەکتریای ئەستریکی کۆلۆنی دوای ئەوە بە یەك ساڵ.

ڕۆدۆڵف جانیسش مشکێکی چاککراوەی جینی دروستکرد لە ڕێگەی پێدانی DNA نامۆ لە کۆرپەی مشکێك و وایکرد کە یەکەم ئاژەڵی چاککراوەی جینی بێت لە دونیادا لە ساڵی ١٩٧٦دا.

لە دوای ساڵێك یەکەم کۆمپانیا بەناوی گینیتیك دامەزرا بۆ ئەندازەی بۆماوەیی لەلایەن هێربەرت بویر و ڕۆبەرت سوانسۆن و دوای ساڵێکی تر ئەو کۆمپانیایە هۆرمۆنێکی مرۆیی بەرهەمهێنا بەناوی ((سوماتوستاتین )) لەئیستریکیەی کۆلۆنی.

کۆمپانیای گینیتیك ئاشکرای کرد کە ئەنسۆلینی مرۆیی بە شێوەی ئەندازەی بۆماوەییەوە بەرهەم هێناوە لە ساڵی ١٩٧٨دا.

لەساڵی ١٩٨٠دا, دادگای باڵای ئەمریکا لەکێشەی دیامۆند دژی تشارکارباتی بڕیارێکی دەرکرد کە دەتوانرێت ژیانی چاککراوە لە ڕێگەی جیناتەوە(( مافی داهێنانی )) پێبدرێت.

ڕێگەدرا بە بەرهەمهێنانی ئەنسۆلین کە بە کتریایەك بەرهەمی دێنێت پێی دەوترێت(( هۆملۆین)) بەهۆی (( بەڕێوەبەرایەتی خۆراك و دەرمانەوە)) لەساڵی ١٩٨٢دا.

لەساڵی ١٩٨٦داله فەرەنسا و ئەمریکادا هەوڵی تاقیکردنەوەی مەیدانی درا بۆ بەرهەمهێنانی ڕوەکی چاککراوەی بۆماوەیی. بەشێوەیەك توانرا ڕوەکی توتنی ئەندازەیی دروستبکرێت کە بتوانێت بەرگری بکات لەبەرامبەر لەناوبەرە ڕوەکیەکان.

وڵاتی چین یەکەم وڵات بوو کە لە ساڵی ١٩٩٢دا توانی کە توتنی بەرگەگری ڤایرۆسەکان بخاتە بازاڕەوە کە بە ئەندازەی بۆماوەیی بەرهەم هاتبوو.

کۆمپانیای مونسانتۆ لە ساڵی ١٩٩٤دا ڕەزامەندی وەرگرت لەسەر خستنە ناوبازاڕەوە بۆ جۆری تەماتەیەك Flavr Savr بەشێوەی بازرگانی کە بەشێوەیەك ئەندازەکرابوو کە بۆ ماوەیەکی درێژتر بمێنێتەوە Shelf Life.

لەساڵی ١٩٩٤دا یەکێتی ئەوروپا ڕەزامەندی دا لەسەر توتنێك بەشێوەی ئەندازەی بۆماوەیی بەرهەم هاتبوو کە بەرگری بکات لە لەناوبەرە ڕووەکیەکان(( برۆمینالْ ))کە ئەمەش وایکرد کە ببێتە یەکەم بەروبوم کە بەشێوەی ئەندازەی بۆماوەیی چاککرابێت لە جیهاندا.

لەساڵی ١٩٩٥دا. ئاژانسی ئاراستنی ژینگە ڕایگەیاند کە پەتاتەی پتۆ Bt Potato سەلامەتە.کەبوە یەکەم لەناوبەری زیندەوەری بەروبومەکان کە ڕەزامەندی لەسەر درا لە ئەمریکادا.

لەساڵی ٢٠٠٩دا, یانزە جۆر بەروبوم چێنرا لە ٢٥ وڵاتدا کە بەشێوەی ئەندازەی بۆماوەیی چاککرابوون بەمەبەستی خستنە بازاڕەوە. گەورەترین وڵات کە فراوانترین ڕووبەری چێنراوی هەیە بۆ ئەو ڕووەکانە.بریتیە لە ئەمریکا و بەڕازیل و ئەرجەنتین و هند و کەنەدا و چین و پاراگوای و باشوری ئەفرقیا.

لەساڵی ٢٠١٠دا, زاناکان لە پەیمانگای ج.کریك فینتەر ڕایگەیاند کە یەکەم جینۆمی بەکتریایی دروستکراویان دامەزراند و زیادیان کرد بۆ خانەیەك کە هیچ DNA یەکی تیادا نیە و لە ئەنجامیشدا میکرۆبێك دروست بوو بەناوی (( سینیاثا))کەبوە یەکەم شێوەی ژیانی دروستکراو لە جیهاندا.

لەگەلْ دۆزینەوەی کرۆمۆساتدا گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە بزانن جینەکان بریتین لە شریتی تۆمارکراو لە سیفاتی بونەوەرەکە یان خانە مادەییەکە.ئەو جینانەش تەنها بریتین لە پلیکانەی دوانەیی لە ترشی نەوەوی کە ئۆکسجینی کەمەDNA, وەیان ناسراوە بە هەلْگری کۆدی بۆماوەیی.

- **گرنگی DNA**

١. DNA هەلْگری کۆدی بۆماوەییە.

٢. ئەو سیفاتانەی کە هەلْیگرتوون وەردەگێڕدرێتە سەر پرۆتینات کە بەرجەستە دەبێت لەسەر شێوەی سیفەتی داواکراو بۆ جێبەجێکردن.

٣. هەر تالێك دەشێت ببێتە چوارچێوەیەك کە تالێکی نوێی لەسەر دروست بکرێت کە تێکهەلْکێش بن لەگەلْ یەکتریدا بە بەکارهێنانی یەکەکانی پێکهاتەکانی لە سایتۆپلازما.

٤. دەتوانرێت کرداری بڕین و پێکگەیشتنی ئەو لولپێچە دوانیە ئەنجام بدرێت بە هۆکارە تەکنیکیە جیاوازەکان و لە جێگەی جیاوازیشدا. هەروەك بە ئاسانی دەتوانرێت ئەو دوو لولپێچە لەگەلْ یەك جیابکرێتەوە.

٥. دەتوانرێت کرداری کورتکردنەوە و پێکەوە لکاندنی پارچەیەك لێی لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر ئەنجام بدرێت.

٦. هەر کارێکی ڕووخاندن یان گۆڕانکاری ئەم سیستەمە دەشێوێنێت و دەبێتە هۆی: یان ئەنجامێکی کوشندە بۆ بونەوەرەکە یان حالەتێکی نەخۆشی کە دەبێتە هۆی بێکاربونی یەکێك لە سیفاتەکانی کە دەگۆڕێت بە پێی گرنگیەکەی.

٧. پێکهاتەی DNA بریتیە لە (( شەکر ,ئەدنین ,فۆسفات)) کە ئەم پێکهاتەیەش هاوبەشە لە هەموو بوەنەوەرەکاندا لە زۆر وردەوە تادەگاتە فیل.

- **چۆنێتی ئە نجامدانی ئەندازەی بۆماوەیی**

ئەندازەی بۆماوەیی جێبەجێدەکرێت بە گەلێك ڕێگە کە بە شێوەی سەرەکی پێك دێت لە ٤ هەنگاو:-

١. دابڕینی جینی ویستراو: کاری جیاکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت لە میانەی دیاریکردنی ئەو جینەی کە دەویسترێت بکرێتە ناو خانەکانەوە لە ڕێگەی زانیاری

پێشوەخت دەربارەی بۆماوەییەکان کە لە ڕێگەی یان کتێبخانەی cDNA یان gDNA وە دەستدەکەون ودواتر ئەو جینانە زیاتر دەکرێن بەبەکارهێنانی کارلێکی زنجیرەیی بۆلیمێرز.

٢. تێکردن وهەڵگرتنی جینی ویستراو لە هەڵگرێکی گونجاودا وەك پلازمید.هەروەك دەتوانرێت هەڵگری تریش بەکاربهێنرێت وەك هەڵگرەکانی ڤایرۆسی و لیبوزوم.

٣. تێکردنی هەڵگرەکە لەو خانەیەی کە دەویسترێت چاککبکرێت. کە بە چەند ڕێگەیەك دەکرێت لەوانە دەمانچەی DNA .

٤. دابڕین و چاکردنەوەی ئەو خانانەی کە چاککراون بە ڕێگەی بۆماوەیی بەسەرکەوتوویی لە خانە سروشتیەکان.کە ئەمەش بە چەند ڕێگایەك دەکرێت . لەوانە: یان بەکارهێنانی مسباری DNA بۆ گەڕان بەدوای جینە تێکراوەکەدا. یان بەکارهێنانی سیما جیاکەرەوەکان Selectable Marker بۆ گەڕان بەدوای سیفاتە بەرگریەکان کە لەگەڵ هەڵگرەکەدا هەیە.کە جیادەکرێتەوە بەبەرگریەکەی بۆ سیفەتێکی دیاریکراو وەك سیما جیاکەرەوەکان کە سیفەتی بەرگری وەردەگرێت بۆ دژە زیندەوەرێکی دیاریکراو.

- **بوارەکانی جێبەجێکردنی ئەندازەی بۆماوەیی:**

١. پزیشکی
٢. لێکۆڵینەوە زانستیەکان
٣. بواری پیشەسازی
٤. بواری کشتوکاڵی
٥. بەکارهێنانی تر.

سەرچاوە/
لە پێگەی ویکیپیدیا , الموسوعة الحرة , لە ئەنتەرنێتەوە

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٦ لە بەهاری ٢٠١١دا بلاوکراوەتەوە.

## هەندێك لە نهێنیەکانی
## نەوت کەلای زۆر کەس نەزانراون! *

- ئاشکرایە نەوت پێکهاتەیەکی سروشتی گرنگ و کاریگەرە و ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە پێشکەوتن و داهێنانە هەمەجۆرەکانی مرۆڤایەتی لەوکاتەوەی دۆزراوەتەوە تاکو ئێستاش و واشچاوەڕوان دەکرێت کە بۆ زیاتر لە ٥٠ ساڵی داهاتووش هەمان ڕۆڵی خۆی ببێنێت لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا.زۆرجاران بۆ هەندێ ولات و کۆمەڵگە بۆتە خێر و بەرەکەت و بۆ هەندێکی تریش بۆتە تەوقی نەفرەت ودۆزەخ . نەوت هەرچەندە لە بنچینەدا ڕۆڵێکی ئابوری هەیە بەلام لە زۆر کاتیشدا ڕۆڵی سیاسیشی بینیوە و بۆتە چەکێکی کوشندە و کاریگەر لەسەر بڕیاری سیاسی وعەسکەری و ..هتد.
- بەو هەموو گرنگی و ئاشنایەتیەی مرۆڤ بۆ نەوت . بەلام هەندێ نهێنی دەربارەی نەوت هەن کەلای زۆرکەس ئاشکرانین, بۆ ئاشناکردنی خوێنەران ئەم چەند نهێنیەی نەوتتان بۆ ئاشکرا دەکەین بەهیوای سوودلێوەرگرتن:

١. بڕوایەکی باو هەیە کە وای بۆ دەچێت کە نەوت لە بەرمیلدا هەڵدەگیرێت یان دەگوێزرێتەوە.بەلام ئەم بڕوایە هەڵەیە و سەرچاوەکەشی بلاوبونەوەی بەکارهێنانی بەرمیلە وەك یەکەی پێوانەکردن.لەڕاستیدا لە پیشەسازی نەوت لە جیهاندا بەهیچ شێوەیەك بەرمیل بەکارناهێنرێت بەڵکو نەوت لە ڕێگەی لولە نەوتیەکانەوە پاڵپێوەدەنرێت بۆ خەزانە زۆر گەورەکان.دواتر بۆ هەڵگری ناو گوێزەرەوە نەوتیەکان کە بەتاڵدەکرێنەوە لە ولاتە بەکارهێنەرەکانی نەوت لە هەڵگری گەورەدا.

هۆی بلاوبونەوەی بەکارهێنانی بەرمیل ئەوەیە کاتێ نەوت دۆزرایەوە بە بڕی بازرگانی لەساڵی ١٨٦٥دا لە باکوری ڕۆژئاوای ولایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکادا لەبەرمیلی (( مەی )) دا هەڵدەگیران لەبەر ئاسانی کرداری گواستنەوەی بەهۆی گالیسکە ئەسپیەکانەوە یان لەسەر بەلەمە ئاویەکان.

٢. هەندێ کەس بڕوایان وایە کە جیهان پشت دەبەستێتە سەر نەوت لە بەرهەمهێنانی زۆرترین وزەدا کە پێویستی پێیەتی.

ئەم بڕواکردنەش هەڵەیە,چونکە هەریەکە لە خەڵوز و وزەی ناوەکی و سووتەمەنی زیندەگی((پاشماوەی ڕووەکی و ئاژەڵی )) بەشی زۆری وزەی بەکارهاتوو پێکدێنن لە جیهاندا.

٣. هەندێ کەس زیادەڕۆی دەکەن لە داهاتی نەوتی وڵاتانی کەنداودا, بەشێوەیەك لەو بڕوایەدان ئەو داهاتەنە بریتین لە لێکدانی نرخی نەوت کە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بڵاویدەکەنەوە بەبەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتە.

ئەمەش زانیاریەکی هەڵەیە. و لە ڕاستیدا داهاتی ئەو وڵاتانە زۆر لەوە کەمترن لەبەر دوو هۆکار:

- نێوەندی نرخی نەوتی کەنداو کەمترە لە هەردوو نرخی نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساس و برنت. کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان دەکەنەوە.لەبەرئەوەی نەوتەکانی کەنداو لە نێوەنددا, خراپترە لەنەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساس و برنت ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پێویستی بەگواستنەوە هەیە بۆ بازاڕەکانی ئەمریکا و ئەوروپا.
- ئەوەی حکومەتەکان دەستیان دەکەوێت بریتیە لە باج و شیرینی لە کۆمپانیا نەوتیەکانەوە دوای ئەوەی کە ئەو کۆمپانیایانە هەڵدەستن بە پێدانی تێچووی دۆزینەوە و گەڕان وهەڵکەندن و بەرهەمهێنان و گواستنەوە و ....هتد.

هەروەها پێویستە لەسەر کۆمپانیا خۆماڵیەکان بەشێك لە داهاتەکانیان بەکاربهێنن بەمەبەستی پاراستنی ئاستی یەدەگی و وەبەرهێنان, چونکە نەوت سەرچاوەیەکە کەدووچاری ووشك بوون دێت و ئەمەش پێویست دەکات کە بەشێك لە داهاتەکان بەکاربهێنرێت لە کردارەکانی وەبەرهێناندا.

٤. بیروباوەڕێکی بڵاو هەیە کە دەڵێت: ئەو وڵاتانەی کە زۆر پێشکەوتوون ئەوانەن کە زۆرترین وزە بەکاردەهێنن بەرامبەر بە بەکارهێنانی وزە بۆ هەر تاکێك.هەروەك بیروڕایەك هەیە کە دەڵێت : وڵاتە پیشەسازیەکان بەرزترین تێکڕای پیس بوون بەرهەمدێنن لە جیهاندا بۆ هەر تاکێك.

بەڵام لە ڕاستیدا هەندێ لە وڵاتەکانی کەنداو, بەرزترین ئاست داگیردەکەن لە دونیادا لە هەردوو لایەنی : بەکارهێنانی وزە بۆ هەر تاکێك و دەرکردنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بۆ هەر تاکێك.

٥. هەندێ کەس بڕوایان وایە, کە بەرهەمی وڵاتانی کەنداو بۆ نەوت و ناردنەدەرەوەی وایلێکردوون کە بونەتە دەوڵەمەندترین ووڵات لە دونیادا.

بەڵام ئەم بڕوایەش هەڵەیە, چونکە داهاتی نەوت لەساڵی ٢٠٠٥دا لە هەموو وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکردنی نەوت کە ژمارەیان ١١ ئەندامە ڕێژەی ٤٪ ی بەرهەمی نەتەوەیی ئەمریکایان تێپەڕنەکردووە.

هێندە بەسە کە لێرەدا ئەوە باس بکەین کە سامانی کەسێکی ئەمریکی وەك بێڵ گێتس سەرۆکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت. زیاتر بوە لەداهاتی وڵاتی کوێت لە نەوت لەساڵی ٢٠٠٥دا.هەروەها داهاتی بێڵ گێتس لە ساڵی ١٩٩٩دا زیاتر بوە لە سێ ئەوەندەی داهاتی نەوتی کوێت لەهەمان ساڵدا.

بەهەمان شێوە داهاتی کۆتایی کۆمپانیای ئەکسۆن مۆبایلی ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠٥دا, بەنزیکی یەکسانە بە داهاتی نەوتی کوێت بۆ هەمان ساڵ.

- ئایا خوێنەری ئازیز دەزانیت کە قازانجی کۆتایی کۆمپانیای ئەکسۆن مۆبایلی ئەمریکی لەماوەی تەنها ٩٠ ڕۆژدا گەورەترە لە میزانیەی وڵاتی سوریا بۆ یەك ساڵی تەواو؟

- **نەوت چییە؟**

نەوت توخمێکی ناچوونیەکە و سروشتەکەی لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر جیاوازە. بەمەبەستی یارمەتیدانی دانانی نرخی ١٦٠ جۆر لەنەوتی جیاواز نەوتی خاوی پێوانەیی (( ڕۆژئاوای تەکساس و برنت)) بەکاردەهێنرێن و نرخی ئەو نەوتانە دادەنرێن بەبەراورد لەگەڵ نرخی ئەو نەوتە خاوە پێوانەییانە و چەندێتی دووریان لە بازاڕی ئەو نەوتە خاوانە.

کرداری جیاکردنەوەی جۆرەکانی نەوت پشت دەبەستێتە سەر چڕییەکانیان(( کێشیان بەبەراورد بە قەوارەیان)) و ئاستی ترشییان(( بوونی کبریت تیایاندا)) و هۆکاری تریش.

لەگرنگترین کارەکانی پەیمانگای نەوتی ئەمریکی ئەوەبوو کە توانی پێوانیەك بۆ چڕی دابنێت کە بە پلەی جیاواز دەپێورێت و بە سفر دەست پێدەکات.بەم شێوەیە کاتێك نەوتێك چڕییەکەی کەمتر بێت لە ٢٥ پلە ئەوا بە نەوتێکی قورس دادەنرێت و ئەو نەوتەی کە چڕییەکەی لەنێوان ٢٥-٣٥ پلەدا بێت ئەوا بەنەوتێکی مام ناوەند دادەنرێت و هەرکاتێکیش چڕی نەوت لە ٣٥ پلە بەرزتر بوو ئەوا بەنەوتێکی سووك دادەنرێت.بەڵام نەوتی شیرین ئەو نەوتەیە کە ڕێژەی کبریت تیایدا کەمترە لە ١٪دا.

نرخی نەوت دادەبەزێت بەبەراورد بە نەوتە خاوە پێوانەییەکان هەرکاتێك چڕی و ترشێتی زیاد کرد.وەنرخەکەشی بەرزدەبێتەوە لەگەڵ دابەزینی چڕییەکەی و ترشێتیەکەی.بەرهەمی نەوتی سوکی شیرین ڕێژەی ٤٠٪ی بەرهەمی جیهانی پێکدێنێت, لەکاتێکدا نەوتی قورس و مام ناوەند ڕێژەی ٦٠٪ی ماوە پێکدێنێت.

- **جۆرەکانی نەوت بە گوێرەی پۆلێنکردنی ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکی**

ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکی نەوت دابەش دەکات بۆ چوار جۆر لە ڕۆن بە پشتبەستن بە مەترسیدارێتی و توانای پاککردنەوەی لەکاتی لێچووندا,کە ئەوانیش:-

١. ڕۆنی سوك کە بەخێرایی دەبێتە هەڵم

کە زۆربەی پێکهاتە نەوتیەکان دەگرێتەوە کە جۆری زۆرباشن لە نەوتی خاو.بەوە جیادەکرێنەوە کە ڕوونن و بەخێرایی گڕدەگرن و دەبنە هەڵم و سەر ئاویشدەکەون, لەگەڵ خاکدا تێکەڵ دەبن بە ئاسانی و بەگرانیش دەتوانرێت خۆیان لێ ڕزگار بکرێت کە بریتین لە ڕۆنی ژەهراوی کە بۆنێکی تیژیان هەیە.

٢. ڕۆنەکانی کە پێوە نالکێن

کە بریتین لە ڕۆنە مێوییەکان کە سەر ئاو دەکەون و بەگرانی تێکەڵ خاك دەبن و کەمتر ژەهراویترن لە جۆری یەکەم و دەتوانرێت خۆیان لێ ڕزگار بکرێت بەشۆردنەوەی بە ئاو.

٣. ڕۆنە قورسەکان کە پێوە دەلکێن

بریتین لە ڕۆنی جیر کە ڕەنگیان خاکی یان ڕەشن,لەبەرئەوەی چڕییەکەیان نزیکە لە چڕی ئاوەوە لە زۆر کاتدا ژێر ئاو دەکەون.مەترسیەکەی لەوەدانیە کە

ژەهراوییە,بەڵکو لەوەدایە کە دەلکێت بە ماسی و باڵندە و ئاژەلەکانەوە,ئەم جۆرەش بریتین لە پێکهاتە نەوتیە قورسەکان و خاوی ناوەنجی و قورس.

٤. ڕۆنە ناشلەکان

بریتین لە ڕۆنی ناژەهراوی ڕەش یان خاکیەکی تۆخ. دەتوێنەوە بەگەرمی و پاکژکردنەوەیان گرانە.کە هەموو جۆرەکانی نەوتی قورسی تیادایە.

- **نەوتی خاوی برنت چییە؟**

نەوتی خاوی برنت بەکاردەهێنرێت وەك پێوەرێك بۆ دانانی نرخی دوو لەسەر سێی بەرهەمی نەوتی جیهانی بەتایبەتیش لە بازاڕەکانی ئەوروپا و ئەفریقیادا.

لەبەرئەوەی بیرە نەوتەکانی نزیکبونەتەوە لە وشکبوون کە ئەمەش کێشەیەکی گەورە دروست دەکات بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە بەدوای جێگرەوەیەکی تردا دەگەڕێن بۆ نرخ دیاریکردن. نەوتی خاوی برنت پێکدێت لە تێکەڵەیەکی نەوتی لە ١٥ کێڵگەی جیاوازی ناوچەی برنت و نینیان لە دەریای باکوردا.کەلەو دوو ناوچەیەدا ڕۆژانە ٥٠٠هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرێت.

نەوتی خاوی برنت لەنەوتە سوکە شیرینەکان دادەنرێت بەهۆی کێشی جۆریەوە کە دەگاتە ٣٨ پلە و نزمی ڕێژەی کبریت کە دەگاتە ٣٧ر٠٪. لەسەر بنەمای جیاوازی لەگەڵ نەوتە خاوەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی بە نرخێکی بەرزتر دەفرۆشرێت لە سەبەتەی نەوتی (( ئۆپێك )) بە نزیکەی یەك دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك و بەنرخێکی هەرزانتر لەنەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساسیش بەنزیکەی ١ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.

سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەورووپی زۆربەی بەرهەمی خاوی برنت بەکاردەهێنن, بەلام هەندێك جار دەشنێرێتە دەرەوە بۆ ئەمریکا و هەندێ ولاتی ئەفریقیا. ئەگەر جیاوازی لەنێوان نرخی برنت و نرخی نەوتە هاوشێوەکان لە بازاڕەکاندا گەورەتر بێت لە تێچووی گوێزانەوەی.

- **نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساس چییە؟**

لەنەوتە سوکە شیرینەکانە, کێشی جۆری بریتیە لە ٣٩ پلە و بەڕێژەی ٢٤ر٠٪ کبریتی تیادایە. ئەمەش وایلێدەکات کە بەرزتر بێت لە نەوتەکانی(( ئۆپێك )) و خاوی برنتیش.

هەر لەبەر ئەمەش هەمیشە بەنرخێکی بەرزتر دەفرۆشرێت لەنەوتەکانی (( ئۆپێك)) بەزیادەی دوو دۆلار و بە زیادەی یەك دۆلار لە خاوی برنت.لەبەر باشی جۆرەکەی بۆتە سەرچاوەی سەرەکی بەنزین لە ئەمریکادا و لەناوەکەشیەوە دیارە زۆربەی لە ڕۆژئاوای تەکساس بەرهەم دێت.ئەم نەوتە یەکێکە لە پێوەرە جیهانیەکان کە بەکاردەهێنرێت بۆ دانانی نرخی نەوتە خاوەکانی تر.و بەتایبەتیش لە ئەمریکای باکوردا.کە گەورەترین بازاڕی نەوتە لە جیهاندا و خاڵی نرخ دانانیش بریتیە لە شاری کۆشینج لە ئۆکلاهۆما چونکە خاڵی یەکتربڕینی کۆمەڵەیەکی گەورەیە لە بۆریە نەوتەکان کە لێیەوە نەوت دەگوازرێتەوە بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئەمریکا.لەنێوانیشیاندا بەندەرەکانی ئەمریکایە و لەوێشەوە بۆ هەر جێگەیەك لە دونیادا.گرفتی ئەم نەوتەش هەروەك گرفتی نەوتی خاوی برنتە بەهۆی دابەزینی بەردەوامی لەیەدەگی و بەرهەمیدا.

ئەم هۆکارەش بەکارهێنەرانی ئەم نەوتە لە بازاڕە نەوتیە جیهانیەکاندا ناچار دەکات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان وازی لێبێنن و جێگرەوەیەکی تر بدۆزنەوە.

- جیاوازی چیە لە نێوان ڕێکخراوی (( ئۆپك و ئەواپك )) دا؟
- ڕێکخراوی ئەواپك

ڕێکخراوی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتانی عەرەبی (( ئەواپك ))دامەزرا لە مانگی ١٩٦٨/٦ زدا,وڵاتەدامەزرێنەرەکانی بریتی بوون لە (( سعودیە و لیبیا و کوێت ))کە ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە هاوکاریکردنی نێوان وڵاتانی ئەندام لە بواری پێشخستنی پیشەسازی نەوتی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی و پارێزگاریکردن لە بازاڕی نەوت بەمەرجی شیاو و گونجاو. ژمارەی ئەندامان لە ڕێکخراوەکەدا زیادبوو بۆ ١٣ وڵاتی عەرەبی بێجگە لە ٣ وڵاتە دامەزرێنەرەکە کەئەوانیش بریتین لە وڵاتانی (( بەحرەین وئیمارات وتونس وجەزائیر و عێراق و قەتەر و میسر )). بەرهەمی ووڵاتانی ((ئەواپك))بریتیە لە ٣٠٪ لەکۆی بەرهەمی جیهانی و کۆی یەدەگیشی نزیکەی ٥٠٪ی یەدەگی جیهانی دەبێت. و لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە چەند پرۆژەیەکی عەرەبی هاوبەش بە ئەنجام گەیەنراوە.

- ڕێکخراوی ئۆپك

ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکردنی نەوت (( ئۆپێک ))لەساڵی ١٩٦٠زدا دامەزراوە و وڵاتە دامەزرێنەرەکانی بریتین لە وڵاتانی (( سعودیە و کوێت و عێراق و ئێران و فەنزەوێلا)).کە ئامانجی ڕێکخستن و یەکخستنی سیاسەتی نەوتیە بۆ وڵاتانی ئەندام و دۆزینەوەی ڕێگاچارە و هۆکاری جێگیرکردنی نرخەکانە و پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتانی ئەندامە بەمەبەستی وەدەستهێنانی داهاتێکی جێگیر بۆیان.ئەندام بوون لە ڕێکخراوەکەدا فراوان بوو تا گەیشتە ١٣ ئەندام لەساڵی ١٩٩٠دا و دواتر بوە ١١ ئەندام لەساڵی ١٩٩٩دا. ئەو وڵاتانەی بوونە ئەندام جگە لە وڵاتە دامەزرێنەرەکان بریتین لە وڵاتانی (( جەزائیر و ئەندەنوسیا ولیبیا و نەیجیریا و قەتەر و ئیمارات)).وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک ٨٥٠ بلیۆن بەرمیل لەیەدەگی ڕۆنی جێگیریان هەیە کە ڕێژەی ٧٦٪ لەیەدەگی ڕۆنی جیهانی بوو تا ساڵی ١٩٩٩.بەرهەمی ئەم ڕێکخراوە دەگاتە ٤٠٪ لە بەرهەمی جیهانی و قەوارەی هەناردەکردنیشی دەگاتە ٥٥٪ لەهەناردەی جیهانی بۆ ڕۆنەکان و یەدەگی سعویە بەتەنها نزیکەی ٣٣٪ لەیەدەگی ڕێکخراوەکە پێکدەهێنێت و بەرهەمەکەشی ٣٢٪ پێك دێنێت.بارەگای ڕێکخراوەکە لەشاری ڤیەننایە لە نەمسا و ئەنجومەنێکی پارێزگاران سەرپەرشتی دەکات لە وڵاتانی ئەندام و کۆنگرەی وەزیرەکانی بریتیە لە باڵاترین دەسەڵات بۆ بڕیاردان.

- **گەورەترین وڵات کە نەوت بەرهەم دێنن**

١. ئەمریکا : کە هەموو بەرهەمەکەی بەکاردێنێت لەناوخۆیدا و نەوتی تریش هەناردە دەکات لەدەرەوە بۆ داپۆشینی بڕەکەمەکەی.

٢. ڕووسیا: زۆربەی بەرهەمەکەی بەکاردەهێنێت لەناوخۆیدا و هەندێکی کەمیش دەنێرێتە دەرەوە.

٣. سعودیە: گەورەترین وڵاتی جیهانە کە نەوت دەنێرێتە دەرەوە , لەناوخۆشدا نزیکەی ١ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە بەکاردەهێنێت و ئەویتری دەنێرێتە دەرەوە.

- **سەبەتەی ئۆپێک مانای چییە؟**

سەبەتەی ئۆپێک لە ٧ جۆر نەوتی خاوی پێوانەیی پێك دێت. کە ئۆپێک شەشیان بەرهەمدەهێنێت کە بریتین لە:-

- نەوتی عەرەبی سعودی سووك

- نەوتی دوبەیی ڕوون
- نەوتی بیابانی جەزائیری
- نەوتی خاکی سووکی نەیجیری
- نەوتی میناسی ئەندەنوسی
- نەوتی تیاخواناى سووکی فەنزەوێلی

لەگەڵ نەوتێکی خاوی تر کە ئۆپك بەرهەمی ناهێنێت کە بریتیە لە (( نەوتی ئیسماسی مەکسیکی)).

لەبەرئەوەی ئەم سەبەتەیە پێکدێت لە تێکەلەیەك لەنەوتی سوك و قورس . هەمیشە نرخەکانی نزمترە لە نرخی (( برنت )) و (( ڕۆژئاوای تەکساس)). ئۆپك پشتدەبەستێتە سەر نرخێکی مامناوەنجی بۆ ئەو سەبەتەیە لە سیاسەتی بەرهەمهێنانیدا. سەرەڕای ئەوەی ئۆپك لەساڵی ١٩٨٧ وە ئەم سەبەتەیەی دامەزراندوە بەڵام تەنها لەساڵی ٢٠٠٠دا گرنگیەکەی دەرکەوت. کاتێك ئۆپك ناوچەی نرخی پێکهێنا کە ڕێگەدەدات بە گۆڕینی سیاسەتی بەرهەمهێنان بۆ پارێزگاریکردن لەسەر نرخی ئەم سەبەتەیە لە چوارچێوەی ئەم ناوچەی نرخانەدا کە لەنێوان ٢٢ و ٢٨ دۆلار بۆ هەربەرمیلێکدایە.

نرخەکانی ئەم نەوتە خاوانە دەگۆڕێت بەهۆی جیاوازی لە کێشی جۆری و بڕی کبریت تیایاندا و جێگەی جوگرافیاکەی.لەبەرئەمە ئەو نرخانەی کە هەندێ وڵات وەریدەگرن زۆر کەمترە لە نرخەکانی نەوتە خاوە پێوانەییەکان کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان دەکەنەوە.

- **جیاوازی چییە لە نێوان یەدەگ و هەڵگیراوەکانی نەوتدا؟**

یەدەگی نەوت جیاوازە لەو هەڵگیراوانەی نەوت کە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە کاتێك باس لە گۆڕانی نرخەکانی نەوت دەکرێت.

یەدەگە نەوتیەکان بەمانا گشتیەکەی بریتیە لە نەوتی هەبوو لەناخی زەویدا کە دواتر دەردەهێنرێت بەو نەوتەشی کە تائێستا نەدۆزراوەتەوە.

بەڵام نەوتی هەڵگیراو بریتیە لەو نەوتەی کە دەرهاتوە وەك نەوتی خاو و پێکهاتەکانی تری کە کۆمپانیا و دەوڵەتەکان هەڵیان دەگرن بۆ مەبەستی بازرگانی یان

ستراتیژی.بڕە هەڵگیراوەکان لەنەوت هەمیشە کاردەکەنە سەر نرخەکانی نەوت, بەلأم پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ نیە لەنێوان نەوتی یەدەگ و نرخەکانی نەوتدا.

نەوتی یەدەگی دابەشدەکرێت بەسیٚ جۆرەوە:

یەدەگی مسۆگەر کە بریتیە لەو نەوتەی کە بەشێوەیەکی زانستی هەبوونی سەلمێنراوە و دەتوانرێت دەربهێنرێت لەچەند ساڵی داهاتوودا پشت ئەستوور بە تەکنەلۆژیا و هۆکارە ئابوریە بەردەستەکان . یەدەگی دووەم لەو جۆرەیە کە لەوانەیە هەبێت, یەدەگی سێیەمیش دەشێت هەبێت.

سەرەڕای دڵنیابوون لە هەبوونی ئەم سیٚ جۆرە, بەلأم جیاوازی نێوانیان ئاستی دڵنیابوونە لەدەرهێنانی ئەو بڕە نەوتانە کە بریتیە لە ڕێژەی ٩٠٪ بۆ جۆری یەکەم و زیاترە لە ٥٠٪بۆ جۆری دووەم و کەمترە لە ٥٠٪ بۆ جۆری سێیەم.

- **چی دەزانیت دەربارەی بازاڕە نەوتیە دواخراوەکانەوە ؟**

جیاوازی هەیە لەنێوان بازاڕە نەوتیە دواخراوەکان و بازاڕە خێراکان.. ئەو نەوتەی کە لەبازاڕە دواخراوەکاندا گرێبەستی لەسەر دەبەسرێت بەرهەم دێت و دەفرۆشرێت و تەسلیم بەکڕیارەکان دەکرێت لە ئایندەدا. دەشێت دوای چەند ساڵێك بێت لە ئێستاوە.ئەم کردارەش جێبەجێدەکرێت بەگوێرەی نرخێك کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتوون.دوور لە نرخەکانی ئێستا یان کاتی تەسلیمکردن.ئەو نرخانەی کە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بلأودەکرێتەوە تەنها بریتین لەو نرخی نەوتانەی ناو بازاڕی دواخراو بۆ مانگی داهاتوو.بازاڕی نەوتی دواخراو لەگەرمترین و چالاکترین بازاڕاکانە لە جیهاندا.بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠٩دا چەند گرێبەستێکی نەوتی فرۆشراو هەبوو بۆ ساڵی ٢٠١٠ کە نرخەکانیان ٤٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك زیاتر بوو لە نرخەکانی ساڵی ٢٠٠٩.

هەموو گرێبەستێکی بازاڕی دواخراو لە بۆرصەی نیویۆرکدا لە ١٠٠٠ بەرمیل پێکدێت,بەمەرجێك خاڵی تەسلیمکردن شاری (( کۆشینج)) بێت لە ولایەتی ئۆکلاهۆما بەهۆی پێگە ستراتیژیەکەیەوە کە دەکەوێتە سەر خاڵی یەکتربڕینی بۆریە نەوتیەکان کە دەتوانرێت نەوت هەناردە بکرێتە دەرەوە بۆ هەموو جیهان بەهۆی چوونی ئەو بۆریانەوە بۆ بەندەرەکانی ئەمریکا.

وەبەرهێن و کڕیار و فرۆشیارەکانی بازاڕی نەوتی دواخراو هەلێکی باش دەبیننەوە بۆ وەدەستهێنانی قازانج لەڕێگەی کڕین و فرۆشتنی ئەو گرێبەستە نەوتیانەوە لەسەر کاغەز تاکاتی تەسلیمکردن بەبێ هەستان بەبێ ئەنجامدانی هیچ کردارێك بۆ بارکردن و تەسلیمکردن.

- **چۆن نرخی نەوت دادەنرێت Pricing؟**

نەوت بریتیە لە بلاوترین ئەو کالایانەی کە لە جیهاندا ئالوێری پێدەکرێت و نرخەکەشی دەگۆڕێت بەپێی جۆرەکەی. نەوتی سووکی شیرین گرانترین نرخی هەیە لە بازاڕەکانی نەوتی جیهانیدا. و گەورەترین بازاڕی نەوتی لە جیهان لە شاری (( لەندەن و نیویۆرك و ولاتی سەنگافورە))دا هەن. بەهەمان شێوە پێکهاتەکانی نەوت وەك گازۆلین و زەیتی گەرمکردنەوە بازاڕێکی گەرمیان هەیە.

سەرەڕای هەبوونی جۆر و پێکهاتەی جیاواز لەنەوت بەلام لە نێوان کڕیار و فرۆشیارەکانی نەوتدا ڕێککەوتنێك هەیە لەسەر هەلبژاردنی چەند جۆرێکی دیاریکراو کە وەك پێوەرێك دادەنرێن بۆ باشی جۆری نەوت.لەسەر ئەم بنەمایە کەم و زیاد لەنرخی نەوتدا دەکرێت.لەسەر ئاستی جیهانیش خامی (( برنت ))هەلبژێردراوە لە بەریتانیا بۆ ئەوەی ببێتە پێوەرێکی جیهانی و لەناوچەی کەنداوی عەرەبیشدا خامی (( دوبەی )) بەکاردەهێنرێت وەك پێوەرێك بۆ نرخدانان و لە ئەمریکاشدا خامی ((ناوەڕاستی تەکساسی)) سووك دیاریکراوە.

ڕێکخراوی ولاتانی هەناردەکەرانی نەوت (( ئۆپك)) سیستەمێکی سەرچاوەییان داناوە تایبەت بەخۆیان کە بە (( سەبەتەی ئۆپك))ناسراوە و بریتیە لە ٧ جۆر لە نەوتی خاو وەك لەپێشەوە باسمان کرد.

سەرچاوە:

======

پێگەکانی ئینتەرنێت

---

- ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٧ لە هاوینی ٢٠١١دا و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٥٦٨ لە ٢٠١١/٨/٢٦دا بلاوکراوەتەوە.

# مێژووی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کاریگەری و مەترسیەکانی لەسەر مرۆڤایەتی *

- **چەکی کیمیاوی چییە؟**

چەکی کیمیاوی بەکاردێت بۆ وێرانکردن یان لە قەوارەدانی یان ڕێگەگرتن لە چالاکی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو بۆ وەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو.ئەوەی کە چەکی کیمیاوی جیا دەکاتەوە بریتیە لەوەی کە زۆرجاران کاریگەری هەیە لەسەر تەنها زیندەوەران(( جگە لە چەکی ئەتۆمی کە کاولکاریەکەی گشتگیرە و سنورە جوگرافیایەکانیش تێدەپەڕێنێت)). چەکی کیمیاوی پۆلێن دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە, یان لەسەر توندی کاریگەرییەکانی یان بەهۆی توانای کۆنترۆڵکردنی و ڕێگەگرتنی لە خێرایی بڵاوبونەوەی.

یان بریتیە لەو مەوادە کیمیاویانەی کە بەکاردەهێنرێن بەشێوەی سەربازی یان بۆ کوشتن یان زەرەروزیانی قورس یان بۆ ڕێگەگرتن بەهۆی سیفاتە فیزیاوییەکانیەوە. بەڵام ئەم پێناسەیە ئەو مەوادە کیمیاویانە ناگرێتەوە کە بەکاردەهێنرێن بۆ لەناوچوونی گژوگیا.

- **مێژووی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی**

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەگەڕێتەوە بۆ دێر زەمان لە جەنگەکاندا.سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە جەنگەکانی هندی کۆن کە نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین ڕوویانداوە,جۆرە گازێکی ژەهراوییان تیادا بەکارهاتوە کە دەبوە هۆی (( لەش خاوبونەوە وخەواڵوویی وگێژبوون)), هەروەك چۆن گاز بەکارهێنرا لە گەمارۆدانی (( پلاتیا)) لەکاتی جەنگی (( بیلۆیۆتین)), هەروەك چۆن کتێبەکانی نووسەر(( توسیدیدس)) باس لە چۆنێتی بەکارهێنان و کاریگەریەکانی دەکات.

بەدرێژایی مێژوو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی زیاتر بەرجەستە بووە,بەڵام سەدەی بیستەم هەر لە سەرەتاوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لە بواری پێشخستن و فراوانی مەودای کاریگەرییەکان.بەتایبەتیش لە جەنگی (( بویر)) کە

کاریگەرییە کاولکاریە گەورەکانی دەرکەوت و لەگەڵ هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمیشدا, بەکارهێنانی گازە ژەهراویەکان پەرەیسەند کە هەموو لایەنەکانی جەنگەکە پەنایان بۆ برد.بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوە هۆی لەناوبردنی ٨٠٠-١ ملیۆن کەس لە هێزەکانی ڕووسیا و فەڕەنسا وبەریتانیا و ئەڵمانیا و ئەمریکا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

ئەڵمانەکان گازی کلۆرینی بەکارهێنا دژی هاوپەیمانەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا.هەروەها گازی زۆر کوشندەتریان بەکارهێنا وەك فۆسجین و ماستارد کە بوەهۆی کوشتنی ٩٢٠٠٠ کەس و بەرکەوتنی ١٣٠٠٠٠٠ کەسی تر.

لەساڵی ١٩٢٥ دا ڕێکەوتنامەی جنێڤی نەتەوەیەکگرتوەکان ئیمزاکرا بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە جەنگەکاندا. بەڵام ڕێککەوتنێکی لاواز و ناڕۆشن بوو وە هیچ سزایەکی لە خۆ نەگرتبوو.

سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە بەسەر توانای چەکی کیمیاویدا هات,بەڵام لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەکارنەهات, بەڵام ئەڵمانەکان بڕێکی زۆر گازی مێشکییان بەرهەم هێنابوو.لەساڵی ١٩٥٢دا بەریتانیا گازی VX ی بەرهەمهێناو دواتر ئەمریکاش لەساڵی ١٩٦٨دا بەرهەمی هێنا و دواتر بەهۆی ڕووداوێکەوە کارگەکە داخرا چونکە گازی لێدەرچوو وەبوە هۆی کوشتنی ٦٠٠ سەر مەڕ.

لەجەنگی ڤێتنامیشدا مەوادی کیمیاوی سپی و شین بەکارهات بۆ لەناوبردنی گژوگیای دەوری دوژمن.

تەتەرەکان لەساڵی ١٧٤٣دا, مشکی تۆپیویان فڕێدەدایە سەر دیواری قەڵای ئەو شارانەی کە گەمارۆیان دەدا بەمەبەستی بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعون بۆ ئەوەی دانیشتوانەکانی خۆیان بدەن بەدەستەوە.

بەهەمان شێوە ئینگلیز و ئیسپانیەکان لەکاتی داگیرکردنی دوو ئەمریکاکاندا لەسەدەی پانزەهەمدا. پەتاتەیان دەدایە هندیە سوورەکانی باکور و باشوور وەك دیاری بەڵام پیسکرابوون بە ڤایرۆسی گەڕی بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکان.لەسەدەی هەژدەهەمدا, ڕووسەکان تەرمی مردوەکان کە تووشببوون بە نەخۆشی تاعون

فڕێیان دەدایە سەر دیوارەکانی شارەکان لە ئاسیای ناوەڕاستی ئیسلامیدا بەمەبەستی لەناوبردن و تەسلیمبوونی گەلانی ئەو وڵاتانە.

ناپلیۆن لە هەموو جەنگەکانیدا, ئاژەڵی مرداربوەی کە تووشی نەخۆشی تاعون و ڤایرۆسی کوشندە ببون فڕێدەدایە ناو ئاوی خواردنەوەکانەوە بۆ لەناوبردنی دوژمنەکانی.

لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیاییەکان بەکتریای کولێرایان خستە ناو ئاوی خواردنەوەکانەوە لە ئیتالیا لەبەرئەوەی هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو.ئەڵمانیاش بۆمبی بایۆلۆژی هەڵگری نەخۆشی تاعونی فڕێدەدایە سەرشاری لەندەن.

لەساڵی ١٩٤٦دا میسرییەکان توشی نەخۆشی کولێرا بوون بەهۆی دانانی بەکتریای کولێراوە لەناو ئاوی ڕووباری نیلدا لەلایەن باندە توندڕەوەکانی جولەکەوە. بەهەمان شێوە لەدوای جەنگی ساڵی ١٩٦٧ ئیسڕائیلیەکان بەکتریای کولێرایان فڕێدایەوە ناو ئاوی نیل.

یابانیەکانیش لە جەنگەکانیاندا لەگەڵ مەنشوریەکان و چینیەکاندا لەساڵی ١٩٣١ دا, پاشەڕۆی هەڵگری تاعوون و کولێرایان لەڕێگەی فڕۆکەوە فڕێدادایە خوارەوە لەگەڵ حەبی گەنمی کە مشك دەیخوارد و دەبوە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی.کە هەزاران خەڵکی سیڤیل و سەربازی لەناودەبرد.

بەم شێوەیە یابان تاکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ئەم پاشەڕۆ کوشندانەی فڕێدەدایە خوارەوە. لەدوای خۆبەدەستەوەدانیشی, ئەمریکا و ڕووسیا سوودیان لە شارەزایی یابانیەکان وەرگرت لەبواری بەکارهێنانی جەنگی ڤایرۆسیدا. کەئەمەش وایکرد ئەمریکاش لە جەنگی دژ بە ڤێتنامیەکاندا جەنگی ڤایرۆسی بکات, لەبەرامبەریشدا جەنگاوەرە ڤێتنامیەکانیش تیری ژەهراویان دژی ئەمریکیەکان بەکار دەهێنا.

لەساڵی ١٩٨٤دا پیاوێکی ئاینی لە هندیە سوورەکان بەکتریای سالمۆنیلای خستە ناو زەڵاتەوە لەهەندێ لە چێشتخانەکانی ئەمریکادا لە دالاس و ئۆرگۆنکە بوەهۆی ژەهراوی بوونی ٧٥٠ کەس کە ٦٠ کەسیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.

لەساڵی ١٩٩٥یشدا كۆمەڵەیەكی ئاینی لە یابان هەستان بە بلاٌوكردنەوەی تاعون و كولێرا و ئیبۆلا لە ڕێگەی هاوێژەرەوە كەلەسەر ئۆتۆمبێلەكان دابەسترابوون كە بە ڕێگا سەرەكیەكانی تۆكیۆدا دەسوڕانەوە.هەروەها یابانیەكان تووشی ترس و دڵەڕاوكێ بوون كاتێك كەسێكی نەناسراو شوشەیەكی پڕ لە گازی مێشكی(( سارین )) لەناو میترۆی تۆكیۆدا ڕشت كە بوە هۆی گیان لەدەستدانی ٦٢ كەس و بەركەوتنی ٥٠٠٠ كەسی تر كە ڕەوانەی نەخۆشخانە كران.

ڕژێمی بەعسی صدامیش چەكی كیمیاوی لە ١٩٨٨/٣/١٦دا لەشاری هەڵەبجەدا بەكارهێنا دژی خەڵكی سیڤیلی دانیشتوانی شارەكە كە بوە هۆی لەنابردنی ٥٠٠٠ كەس و بەركەوتنی زیاد لە ١٠٠٠٠ كەسی تر و كاریگەرییەكانیشی تا ئێستا لەسەر مرۆڤ و گیانلەبەر و ڕوەك و خاكی ناوچەكە هەر ماوە. بەهەمان شێوە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧–١٩٨٨دا لەگەلێك ناوچەی تر چەكی كیمیاوی بەكارهێنرا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.هەروەها لە جەنگی ٨ ساڵەی نێوان عێراق–ئێرانیشدا لەلایەن هەردوولای جەنگەكەوە چەكی كیمیاوی بەكارهێنراوە.

- **كاریگەری و جۆرەكانی چەكی كیمیاوی**

كاریگەریەكانی چەكی كیمیاوی بریتین لە :–

١. كاریگەری لەسەر توانای دوژمنە مرۆییەكان.
٢. ڕێگریكردن لە دوژمن بۆ گرتنی هەندێ جێگە و ناوچەی گرنگ.
٣. ڕێگرتن لە پێشكەوتنی دوژمن.
٤. لێدانی ئامانجەكان لە قولاٌیی بەرەی دوژمندا.
٥. كاریگەری دەروونی و لاوازكردنی ورە لە ناو ڕیزەكانی دوژمندا.
٦. كاریگەری لەسەر ژینگە بۆ خزمەتی هێزە هاوپەیمانەكان و بەرنامەكانیان.

دەكرێت چەكی كیمیاوی بەكارهاتوو دابەشبكرێت لە جەنگە كیمیاویەكاندا بۆ (( هۆكارە كیمیاویە ژەهراوییەكان)) و (( گازە كوشندەكان)) كە كاریگەرییان لەسەر مرۆڤەكان دەبێت. و

(( مەودای لەناوبەری ڕووەكەكان)) و (( بۆمبە سووتێنەرەكان )). دەتوانرێت هەندێ هۆكار بەكاربهێنرێت بۆ گەیاندنی ئەو چەكانە بۆ ئامانجەكان.وەك تۆپەكان

و هاوەنەکان و بۆمبەکان لە ڕێگەی فڕۆکە و ڕۆکێتەکان و ڕشاندنی لە هەوادا و لە ڕێگەی مین و قومبولەی دەستی و گڕ هاوێژەکانەوە.

- **کاریگەرییەکانی چەکی کیمیاوی**

ئەم چەکە کیمیاویانە دەبنە هۆی دەرکردنی گاز و شلەمەنی کە هێرش دەکەنە سەر مێشك و خوێن و پێست و سییەکان و دەبنە هۆی فرمێسك ڕشتن و ڕشانەوە و سووتانەوەی پێست و تێکچوون و لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر مێشکدا.ئەم چەکانە دەتوانێت ڕووبەرێکی فراوان دابپۆشن بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك و چەند ڕۆژێکیش. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتێکی فەوزا و سەرقاڵبوونی دەزگا تەندروستیەکان و ڕاوەستاندنی تەواوی ژیان لەناوچە کارەساتبارەکاندا و کارێکی زۆر و خەرجیەکی زۆری دەوێت بۆ کۆنترۆڵکردنی.

- **ڕێگەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی**

چەکی کیمیاوی بەچەند ڕێگەیەك بەکاردەهێنرێت وەك:-

ڕۆکێتە دوورهاوێژەکان و کیشوەربڕەکان و فڕۆکە ومینەوە,لەبەناوبانگترینیان بریتیە لە بەکارهێنانی ڕۆکێتی سکۆد کە زۆربەی وڵاتان هەیانە.

ئەو جێگەیانەی کە دەکرێنە ئامانج بۆ لێدانی چەکی کیمیاوی بریتین لە: جێگەی بوون و نیشتەجێبوونی سەربازەکان,گەنجینە لۆجستیەکان,جێگەی کۆنترۆڵ, فڕۆکەخانەکان, ئامانجە ئابوریەکان و جێگەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیان.

- **پۆلێنکردنی چەکی کیمیاوی**

بەشێوەیەکی گشتی چەکی کیمیاوی دەکرێتە دوو جۆرەوە:-

١. مەوادی جێگیر کە بریتیە لەو مەوادانەی کە دەبنە هۆی مەترسی بۆ ماوەی دووردرێژ یان بەهۆی ئەوەی کە کارناکات تا دەستی لێنەدرێت یان بە بەردەوامی هەڵمی ژەهراوی دەردەکات بە هێواشی بۆ ماوەی دوورودرێژ کە پلەی گەرمییان بەرزن.

٢. مەوادی ناجێگیر کە بەکاردەهێنرێن بۆ کاتی کەم و کاریگەرییەکانیشی کورت و کەمن و دەبنە هۆی ژەهراوی بوون لە ڕێگەی هەناسەوە کە پلەی گەرمیان نزمە.

- **هێزی کاریگەری چەکی کیمیاوی**

کاریگەری چەکی کیمیاوی دەوەستێتە سەر توانای کاولکاری و خستنەوەی زۆرترین بەرکەوتوو وە پەکخستنی ژیان و ئاوەدانی بە کەمترین بڕی بەکارهاتوو.زۆر هۆکار هەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو توانا کاولکاریانە لەوانە: بڕی مادەی بەکارهێنراو,هۆکارە ژینگەییەکان و جۆری ئەو جێگەیانەی کە لێدراوە, بەلاّم هۆکاری کات,ئەوا چەند هۆکارێك کاریگەرییان هەیە لەوانە:

١.هەوا:دەبێتە هۆی خێرا دابەشبوونی چەکە کیمیاویەکە لە ڕووبەرێکی فراواندا.

٢.گەرما: گەرمای زۆربەرز دەبێتە هۆی ئەوەی کە مادەکە جێگیر نەبێت.

٣. باران: دەبێتە هۆی تواندنەوەی هەندێ مەواد.

- **جۆرەکانی چەکی کیمیاوی**

**١.چەکی ئەتۆمی کۆکراوە**

**٢.شوشەی گڕاوی(( مۆلۆتۆڤ ))**

بەم ناوەوە ناونراوە لەسەر ناوی (( فایاشسلاف مۆلۆتۆف)) بریتیە لە جۆرێکی چەك کە لەناو مالاّندا دەتوانرێت دروست بکرێت کە بەزۆری لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا بەکار دەهێنرێت, بەهۆی ئاسانی دروستکردنی و بەکارهێنانیشی.کە پێکهاتەکەی بریتیە لە توخمێکی شل کە لە (( نەوتی سپی یان ڕۆنی ئۆتۆمبێل کە لەگەڵ بەنزین )) تێکەڵ دەکرێت و هەندێ جاریش باروود یان شەکر یان قەتران یان تێکەڵەیەك لە توخمی ترشی کبریتیك لەگەڵ کلۆراتی پۆتاسیۆم بەکاردێت و گڕ دەدرێت بەهۆی پارچە قوماشێکەوە کە لەناوەوە هاتۆتە دەرەوە و هەڵدەدرێت بەرەو ئەو ئامانجەی کە دەویسرێت زیانی لێبدرێت.

ئەم جۆرە چەکە بۆ یەکەم جار لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا بەکارهات و دواتریش لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا بەکارهات کاتێك هێزەکانی ڕووسیا دژی هێزە نازیەکان لە فنلەندادا لە شەڕی زستاندا بەکاریان هێنا لە سالّی ١٩٣٩ دا.

زۆربەی ولاّتان یاسایان داناوە دژ بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکە کە هەندێ جار دەگاتە ئاستی خنکاندن.

٣. **دوانەی فینیل کلۆریدی زەرنیخ C١٢H١٠ASCL**

**کە بە گازی پژمینیش ناسراوە و بێرەنگە و بە خێرایی شی نابێتەوە لە ئاودا, بەلام لە** ئیثانۆلَ **و دوانەی** ئەثیل ئیثەردا **شی دەبێتەوە.مادەیەکی ژەهراویە و چڕییەکەی ٤٢ر١گم / سم٣ و پلەی توانەوەی ٤٤ س وپلەی کولانی ٣٣٣س.لەلایەن میخالیس و لاکۆستەوە لەساڵی ١٨٧٨ ز وە ئامادەکراوە.**

**لەجەنگی جیهانی یەکەمدا وەکو چەکی کیمیاوی بەکارهات و کاریگەری لەسەر کۆئەندامی هەناسە دادەنێت.چونکە لەسەر شێوەی دڵۆپەی زۆر بچوکە و فلتەری دەم و چاو پارێزەکان نایگرن.ناچار سەربازەکان لەکاتی بەرکەوتنیاندا ئەو دەم و چاو پارێزەرانەیان لادەبرد و دواتر بەهۆی گازە ژەهراویەکانی ترەوە وەکو گازی فۆسجین ژەهراوی دەبوون.لەبەرئەوە لەو سەردەمەدا بە گازی لەنابەری دەم و چاو پارێزەکان ناوی لێنرابوو.**

٤. **گازی خەردەل**

**گازی خەردەل پێکهاتەیەکی کیمیاویە کە سەر بە پێکهاتە ئەندامیەکانە کە دەناسرێت بە** ثیۆلات**.کە بریتیە لە شلەیەك کە هەڵمێکی ترسناك دەردەکات و دەبێتە هۆی سوتاندنەوەو قڵیشانی پێستی بەرکەوتوو.**

**گازی خەردەل ئازاری کۆئەندامی هەناسە دەدات لەکاتی هەڵمژینی هەوادا,و دەبێتە هۆی ڕشانەوە و سکچوون لەکاتی قوتدانیدا.هەروەها زیان بەچاو و ڕیشاڵیەکانیش دەگەیەنێت.بەهەمان شێوە زەرەر لە سیەکان و پێست و ئەو ئەندامانەی کە خوێن دروست دەکەن.ترسناکترین کاریگەرییە دوور مەوداکانیشی ئەوەیە کە هۆکاری تووشبوونە بە شێرپەنجە و گۆڕان لە بۆماوەییدا و لە ئێستادا هیچ چارەسەرێك نیە.**

**ئەڵمانیا لەساڵی ١٩١٧دا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەکاریهێنا و هەروەها لە ساڵی ١٩٣٦ لەکاتی هێرشکردنە سەر حەبەشیەکاندا بەکارهاتوە لە لایەن ئیتالیەکانەوە. و لەلایەن میسریەکانیشەوە دژی یەمەنی باکور لەساڵی ١٩٣٦-١٩٦٧ دا بەکارهاتوە.و لە جەنگی عێراق-ئێرانیشدا لە ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٨ لەلایەن هەردوولای جەنگەکەوە بەکارهاتوە.**

### ٥. گازی سی ئاڕ

گازی سی ئاڕ یان دای بنزۆکسازیبین, بریتیە لە پێکهاتەیەك کە فرمێسك ڕێژە و دەبێتە هۆی ئیفلیجی کاتی,لەلایەن وەزارەتی بەرگری بەریتانیاوە پێشخراوە.بۆ بەکارهێنان لە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکاندا لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستدا و سەرەتای شەستەکانی هەمان سەدەوە.

توخمێکی بلوری ڕەقە و بۆنەکەی لە بۆنی بیبەر دەچێت و توانەوەی لاوازە لە ئاودا و تیایدا شی نابێتەوە. لە زۆر کاتدا لەسەر شێوەی دەنکی زۆر بچوکدایە کە هەڵواسراوە لە شلەیەکدا کە لە بنچینەدا بریتیە لە پرۆپیلین گلایکۆڵ.بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە گازی سی ئاڕ گاز نیە.بەڵکو توخمێکی ڕەقە لە پلەی گەرمی ژووردا. لە بوتڵی بچوکدا هەڵدەگیرێت و بە بەرزبونەوەی پلەی گەرمیەکەی هەورێکی تنۆکەیی بە تێکڕاییەکی جێگیر بەرهەم دێنێت.

توخمێکی فرمێسك ڕێژە و تواناکەی ٦-١٠ جار بەهێزترە لە گازی(( سی ئێس )). دەبێتەهۆی سووربونەوەیەکی زۆری پێست بەتایبەتیش لە جێگە شێدارەکانی لەشدا.و ڕەقبونی پێڵوەکان و دەبێتە هۆی کوێربونێکی کاتی و کۆکە و گران هەناسەدان و بەلاداکەوتن. هەروەها دەبێتە هۆی ئیفلیجیەکی خێرا.و گومانیشی لێدەکرێت کە توخمێکی شێرپەنجەیی بێت.ژەهراوییە لەکاتی قوتدانیدا یان بەرکەوتنیدا بەڵام کەمتر لە گازی سی ئێس.دەبێتە هۆی مردن لە کاتێکدا گەر بەزۆری بەرت بکەوێت ئەمەش لەو جێگایانەدا دەبێت کە هەوا گۆڕکێ خراپ بێت کە مرۆڤ دەتوانێت بڕێکی کوشندەی لێ هەڵبمژێت لە چەند خولەکێکدا.هۆکاری مردنیش لەم کاتەدا سییەکانە و کاریگەرییەکانی بۆ ماوەی دوورودرێژ دەمێنێتەوە و لەسەر سەربانەکانیش دەنیشێت.بەتایبەتیش لەسەر ڕووە زبرکان بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ دەمێنێتەوە.

- **چارەسەرکردن**

بەپێچەوانەی گازی سی ئێس وە کە بە بەکارهێنانی ئاوێکی زۆرەوە کاریگەرییەکەی لادەبرێت.بەڵام سی ئاڕ بە بەکارهێنانی ئاو کاریگەرییەکانی خراپتر دەبێت و

بەکارهێنانی ئاو دەبێتە ئازارێکی توند کە لەوانەیە بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر درێژە بکێشێت دوای بەرکەوتن.

چارەسەر لە کاتی بەرکەوتندا, تەنها بریتیە لە هەندێ ڕێوشوێنی خۆپارێزی وەك, داکەندنی جلوبەرگە بەرکەوتوەکان,شۆردنی چاو و پێست و بەکارهێنانی قەترەی چاو بۆ کەمکردنەوەی ئازاری چاوەکان.

- **بەکارهێنانی لە مێژوودا**

لەکۆتایی ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم گازە لە هەندێ ناوچەی باشوری ئەفریقیادا بەکارهاتوە,کە بوّتە هۆی مردنی چەند کەسێك و بە تایبەتیش لە منداڵاندا.هەندێ لە گروپە ئێرلەندیەکانی باکور, سوپاو پۆلیسی بەریتانیایان تاوانبار کرد بەبەکارهێنانی گازی سی ئاڕ دژی بەندکراوە کۆمارییەکان.

بەڵام ئەمریکا ئەم گازە بەکار ناهێنێت دژی خۆپیشاندەران لەبەرئەوەی گومانی بون بە هۆی شێرپەنجەی لێدەکرێت و لە ئێستادا سوپای ئەمریکا گازی سی ئاڕ بەجۆرێك لە چەکی کیمیاوی دادەنێت کە کاریگەری لاوەکی ترسناکی هەیە لەسەر مرۆڤ.

٦. **گازی سارین**

سارین Sarin شلەیەك یان هەڵمێکە کە ڕەنگی نیە.کاریگەرییەکانی دەوەستێتە سەر چۆنێتی بەرکەوتنی و دەبێتە هۆی نابینایی و گرانی هەناسەدان و تێکچوونی ماسولکەکان و ئارەقکردنەوە و ڕشانەوە و سکچوون و لەهۆشخۆچوون و ڕەقبوون و وەستانی هەناسە کە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان.

بەرکەوتنی دوور و درێژ دەبێتە هۆی مردن.وەك ئەو هێرشەی کە گروپی (( ئۆم شنریکیۆ)) لە یابان لە ساڵی ١٩٩٥ دا لە وێسگەیەکی شەمەندەفەر لە شاری تۆکیۆ بەکاریان هێنا.

ڕژێمی بەعسی صدامی لە گۆڕنراویش دانی بەوەدا نابوو کە لە نێوان ١٠٠-١٥٠ تەن لە گازی سارینی بەرهەم هێناوە و گۆڕیویەتی بۆ چەك دوای پڕکردنی لە بۆمبی تۆپ هاوێژەکاندا و لە ڕۆکێتی ١٢٢ میلمەتریدا و بۆمبی هەواییدا.

٧. **گازی مێشك**

ناسراوە بە VX یان گازی مێشك, کە بریتیە لە شلەیەکی چەوری سەوز و بۆنی نیە و کاریگەریەکی هەمیشەیی هەیەو دادەنرێت بەو توخمانەی کە زۆر ژەهراوین لەناو هەموو ئەو توخمانەی کە تائێستا بەرهەم هێنراون.
گازیVX کە بەهۆی هەواوە دەگوازرێتەوە دەتوانرێت لەماوەی چەند خولەکێکدا زیندەوەران لەناو ببات. بەڵام هەڵمژینی سەرەکی لە ڕێگەی پێستەوە دەبێت.کە کاردەکاتە سەر کۆئەندامی دەمار.ولە نیشانەی کاریگەرییەکانی , نەبینین , گرانی هەناسەدان , تێکچوونی ماسولکەکان ئارەقکردنەوە,ڕشانەوە,سکچوون, لە هۆشخۆچوون و گرژبوون,وەستانی هەناسەدان و دواتر مردن.

- **مێژووی بەکارهێنانی**

ڕژێمی بەعسی صدامی لە گۆڕنراو هەوڵی زۆریدا کە بڕێکی زۆر لەگازی VX کە بەرهەمی هێنابوو بشارێتەوە لە تیمە پشکنەرەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان کە نزیکەی ٤ تەن لە مادەی VX ی بەرهەم هێنابوو لەساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٠دا.

**٨. گازی سی ئێن**

کلۆریدی فیناسێل , توخمێکی گرنگی کیمیای ئەندامیە لەبەرئەوەی دادەنرێت بە هەیکەلێکی دروست بوو بۆ گەردیلەکانی تر کە دروست بوون.کلۆریدی فیناسیل پێکدێت لە گەردیلەیەکی ئەسینا فینۆنی چاککراو.لەمێژوودا بەکارهاتووە بۆ نەهێشتنی کارە تێکدەرانەکانی خۆپیشاندانەکان.
ئەم توخمە بەشێوەی بازرگانی هەیە.وەدەتوانرێت دروست بکرێت لە ئەنجامی کارلێکی نێوان فریدڵ-کرافتس لە ڕێگەی ئەستەلەی بەنزین بە بەکارهێنانی کلۆریدی کلۆر و ئەسیتیل. بەبوونی کلۆریدی ئەلمنیۆم وەك فاکتەرێکی هاندەر.

- **مێژووی بەکارهێنانی**

ئەم گازە لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا تاقیکراوەتەوە , بەڵام بەشێوەیەکی کردای بۆ مەبەستی لەناوبردن بەکارنەهاتوە بەهۆی بەرزی ئاستی ژەهراوییبونیە. ئەو گازی فرمێسك ڕێژەی ئێستا بەکاردێت بریتیە لە گازی سی ئێس.
هەردوو گازی سی ئێن و سی ئێس کاریگەرییان لە یەك دەچێت بەوەی دەبنە هۆی سووربونەوەی ناوپۆشی دەم و لوت و گەروو و سیکڵدانۆچکەکانی هەواوە و هەندێ

جاریش دەبنە هۆی لە هۆش خۆچوون و تێکچوونی هاوسەنگی کاتی و سەر لێشێواندن و لە هەندێ حاڵەتی کەمیشدا دەبێتە هۆی سووربونەوەی پێست و ئەگزیما.لە چڕییە بەرزەکانیدا گازی سی ئێن دەبێتە هۆی لەناوبردنی پیشاڵەکانی قەرەنی چاو.

**٩.گازی سی ئێس**

ناسراوە بە کلۆروبنزالمالونونیتریك, بریتیە لە گازێکی فرمێسکرێژ و بەکاردێت لە بلاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکان, لەڕاستیدا گاز نییە .بەڵکو لەسەر شێوەی دڵۆپەی زۆر بچوك هەیە بۆ توخمێکی توێنەرەوەی بلاوبۆوە کە توخمی کلۆرۆبنزالمالونونیتریکی بۆ زیادکراوە. کە بریتیە لە توخمێکی ڕەق لە پلەی گەرمای ژووردا. ئەم گازە بە گازێکی بکوژ دانانرێت کە لەلایەن دوو ئەمریکیەوە دۆزرایەوە کە ئەوانیش (( بن کۆرسۆن و ڕۆجەرستوتون)) بوون لە کۆلێژی میدلبیری لە ساڵی ١٩٢٨دا و ئەم ناوە بلاوەی CS لەهەردوو پیتی یەکەمی خانەوادەی دوو دۆزەرەوەکەیەوە هاتوە.

ئەم گازە کرداری پێشخستنی زۆری بەسەردا هات لەلایەن وەزارەتی بەرگری بەریتانیاوە کە لەلایەن سوپای بەریتانیاوە تاقیکردنەوەی زۆری لەسەر کراوە وەك چەکی کیمیاوی لە تاقیگەی بۆرتۆن داون لە وێلتشیر لە بەریتانیا لە ساڵەکانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا. لە سەرەتادا لەسەر ئاژەڵەکان تاقیکرایەوە و دواتر لەسەر ئەو کەسانەی بەخواستی خۆیان هاتبوونە سوپای بەریتانیاوە.تێبینی کرا کاریگەری CS لەسەر ئاژەڵەکان دیاریکراوە بەهۆی کەمی مولولەی فرمێسك ڕژێنەکانەوە و بوونی خوریەکانیان کە وەك پارێزەرێك وابوو.

- **دروستکردن :**

لەکارلێکی هەردوو توخمی دوانە کلۆرۆبنزالدیهاید و مالۆنۆنیتیل دروست دەبێت بە بەکارهێنانی(( کرداری چڕکردنەوەی کنوفیناجل)). هەردوو دۆزەرەوەکەی سیفاتە فسیۆلۆجیەکانی ئاوها باس دەکەن, دەبێتە هۆی پژمین و فرمێسکڕشتن. هیچ زیان ناگەیەنێت کاتێ دەستی لێ دەدەیت کە شێداربێت. بەڵام بە وشکی کاریگەری زۆر مەترسیداری دەبێت.

- **بەکارهێنانی لە مێژوودا**

بەزۆری بەکاردەهێنرێت بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکان, وەك گازێکی فرمێسك ڕێژ کە کاریگەری خێرای هەیە.زیاد لە ١٥ جۆر گازی فرمێسك ڕێژ هەیە.بەڵام CSبەزۆری بەکاردێت چونکە کەمتر ژەهراوییە.

CS کارلێك دەکات لەگەڵ تەڕی سەر پێست و چاوەکان و هەستی سوتاندنەوە و داخستنی چاوەکان بە خێرایی دەبەخشێت.کاریگەرییەکانی بریتیە لە فرمێسك ڕشتن و ئاو هاتنە خوارەوە بە لووتدا و کۆکە و سووتاندنەوەی لووت و قوڕگ و لە دەستدانی هۆشیاری و گێژبوون و گرانی هەناسەدان.هەروەها دەبێتە هۆی سووتاندنەوەی ئەو جێگایانەی پێست کە شێدارن و ئارەق دەکەنەوە یان لەکاتی بەرکەوتنی تیشکی خۆردا. لەکاتی بەکارهێنانی بە چڕی زۆر بەرزدا دەبێتە هۆی کۆکەی زۆر توند و ڕشانەوە لەماوەیەکی کورتیشدا هەموو کاریگەرییەکانی نامێنێت.

دەتوانرێت کاریگەرییەکانی ئەم گازە لابرێت بە بەکارهێنانی گیراوەیەکی تفت کە پێك دێت لە ئاو ودوانەی کبریتیتی صۆدیۆم بە چڕی ٥٪.ئەم گازە بەکارهێنانی قەدەغەکراوە لەکاتی جەنگەکاندا بە پێی ڕێککەوتنامەیەکی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە ساڵی ١٩٩٧دا و زۆربەی وڵاتەکان لەساڵی ١٩٩٣دا ئیمزایان لەسەرکردووە و لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٧ هەموو وڵاتانی دونیا ئیمزایان لەسەر کردوە تەنها ٥ وڵات نەبێت کە ئەوانیش(( ئەنگۆلا وسوریا و صۆمال و کۆریای باکور و میسرن)).

بەڵام بەکارهێنانی لەناوخۆدا کارێکی ڕێگەپێدراوە لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە. چونکە ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی تەنها لەکاتی جەنگەکاندا دەبێت.

ئەم گازە بەکارهێنراوە لەلایەن ئەم وڵاتانەوە:-

١. ئیسڕائیل پۆلیس بەکاریهێناوە لە ساڵی ١٩٤٨دا.

٢. سریلانکا پڵنگەکانی تامیل بەکاریان هێناوە دژ بە هێزەکانی حکومەت لەساڵی ٢٠٠٨دا.

٣. عێراق لە ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو عێراق سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەبەرهەمهێنانی ئەم گازەدا و لە هەشتاکانیشدا چەندین تەنی لێ بەرهەمهێنا لە مەدائن لەباشووری بەغداد و دواتر لە موسەناش.

صدام حسین بڕیاریدا کە گازی مێشك بەکاربهێنرێت دژی کوردەکان و دژی ئێرانیەکانیش لە جەنگی عێراق-ئێراندا.و گومان دەکرێت سوپای عێراق چەندین جۆری گازی بەکارهێنابێت وەك گازەکانی (( سارین و سومان وتابون و گازی VX)).

هەروەها هەندێ سەرچاوە ئاماژە دەدەن بەوەی کە توخمی سیانیدی هایدرۆجینیشی بەکارهێناوە کە کاردەکاتە سەر توانای خڕۆکە سوورەکان بۆ بەرهەمێنانی ئۆکسجین.

٤. فلیپین لەکاتی لەنابردنی هەڵگەڕانەوەیەکی سەربازی کە سیناتۆر ئەنتۆنیۆ تریانتیس سەرکردایەتی دەکرد.

٥. ڤێتنام لەلایەن ئەمریکاوە بەکارهات دژی شۆڕشگێڕانی ڤێتنامی بۆ ئەوەی لە سەنگەر و نەفەقەکانیان بێنە دەرەوە ,هەروەها هێزەکانی ڤێتنامی سەرووش لەساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٧٢ بەکاریان هێناوە.

٦. قوبروس بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٨ دا لەسەر دەستی سوپای بەریتانی بەکارهات.

٧. میسر لە شۆڕشی ٢٥ یەنایەری ساڵی ٢٠١١ دا لەلایەن پۆلیسەوە بەکارهاتوە.

٨. بەریتانیا و ئێرلەندای باکوور لەساڵی ١٩٦٩ دا بەکارهاتووە لەشەڕی بۆغساید. و لەشاری بەلفاستیش لەساڵی ١٩٧٠دا بەکارهاتووە و لە ینادون لەساڵی ١٩٧٢دا.

بۆ یەکەم جار لەسەر زەمینی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٤ گازی سی ئێس بەکارهاتوە.بۆ دووەم جاریش لەساڵی ١٩٧٣ دا بەکار هاتەوە.ئیدی لە ساڵەکانی ١٩٨٢ و ١٩٩٥ و ١٩٩٦ و ١٩٩٩ و ٢٠٠٦ و ٢٠١١ ش بەکارهاتۆتەوە بۆبلاۆوەپێکردنی خۆپیشاندەران.

٩. ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٣دا لەلایەن پۆلیسی فیدڕاڵیەوە بەکارهاتوە.هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩دا و لە ساڵی ١٩٦٩شدا بەکارهاتوە.

١٠. یۆنان بەبەردەوامی لەلایەن پۆلیسی یۆنانەوە تاکو ئێستاش بەکاردێت دژی خۆپیشاندەران.

١١.  لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا بەکاردێت وەك (( تونس و کەنەدا و زامبیا و ڕواندا و باشوری ئەفریقیا و کۆریای باشور و صربستان و ئیتالیا و نەرویج و ئوستوڕالیا و ...هتد.)).

١٠. ئاگری ئیغریق

بریتیە لە شلەیەکی گڕگرتوو بەکارهاتوە وەك چەکێك لەلایەن بێزەنتینیەکانەوە لەشەڕە دەریاییەکاندا لەساڵی ٦٧٤ی زاینیەوە.بەزمانی یۆنانی بە ئاگری ئیغریقی دەوترێت (( ایغرۆن بیر)) بە واتای ئاگری شێدار دێت.تا ئێستا سروشتی ئەو توخمە نەزانراوە.بەڵام واگومان دەکرێت کە تێکەڵەیەك بێت لە چەند توخمێك کە بە خێرایی گڕدەگرن.وەك نەوت و خوێی بەردین و کبریت و قاڕ.ئەم توخمە سیفەتێکی هەبوو کە تەنانەت لەسەر ئاویش دەسوتا. هەر لەبەر ئەمە بوە کە پێشی دەوترا ئاگری شل یان.ئاگری دەریایی.نوسەری بێزەنتی ثیۆفانس باسی دەکات و دەڵێت

(( دۆزینەوەی ئاگری ئیغریقی دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازیاری فینیقی کالینیکۆس لە بەعلەبەك لە ساڵی ٦٧٠ ی زاینیدا. مێژوونوسان وای بۆ دەچن کە بریتی بێت لە بەرهەمی شارستانیەتی هێلینی)).

- بەکارهێنانی لە مێژوودا

ئاگری ئیغریقی چەند جارێك بەکارهاتووە بۆ پارێزگاریکردن لەشاری قوستەنتینیە و شکاندنی گەمارۆی سەری ساڵی ٦٧٤ز. هەروەها لە جەنگی سیلایۆی دەریاشدا لە ساڵی ٦٧٧ز دا بەکارهاتوە.دژی کەشتیگەلی ئەمەوی. هەروەها دژی بولگار ساڵی ٩٤١ز.هەروەها توخمێکی هاوشێوە لەلایەن چینیەکانەوە دۆزرایەوە و بەکارهێنرا لەساڵی ٩٧٥زدا.

١١. ناپاڵم

بریتیە لە شلەیەك کە توانای گڕگرتنی هەیە و لە جەنگەکاندا بەکاردێت.لەلایەن کۆمەڵێك کیمیاوی ئەمریکیەوە پێشخرا لە زانکۆی هارڤارد لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا.بەڕابەرایەتی زانا لویس فیزر.ئیسرائیل بە درێژایی کەناڵی سوێس هاوێژەری ناپاڵمی داناوە لەکاتی دامەزراندنی هێڵی بارلیڤ بۆ بەرەنگاربونەوەی هەر هێزێك کە بیەوێت لەکەناڵەکە بپەڕێتەوە. بەڵام میسرییەکان توانییان لە

١٩٧٣/١٠/٦دا سەرکەوتن بەدەستبهێنن و لە کەناڵەکە بپەڕنەوەو ئەندازیاری دانانی هاوێژەری ناپاڵمەکانیش دەسگیر بکەن.

١٢. **بۆمبی بۆن ناخۆش**Stink Bomb

بریتیە لە بۆمبێك کە بۆنێکی ناخۆش دەردەکات بۆ بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران بەکاردێت لەکاتی ئاژاوەنانەوەدا. لەڕووی سەربازیەوە پێشخراوە لە بۆمبی ئاساییەوە کە لەکاتی یارییەکاندا بەکاردەهات.کاریگەرترین جۆری ئەم بۆمبە پێکدێت لە چەند جۆرە مەوادێکی بایۆلۆژی بۆن ناخۆش لەناویشیاندا بۆنی ڕشانەوە و پاشەڕۆی مرۆڤ و قژی سووتاو و پیسی بۆگەنیو

١٣. **فۆسجین(( دووانە کلۆریدی ئۆکسیدی کاربۆن ))**

بریتیە لە گازێکی بیٚ ڕەنگ,قورس,بۆن ناخۆش,زۆر ژەهراویترە لە گازی کلۆر بە ٩ هێندە.کارلێك دەکات لەگەڵ ئاسندا بۆ ئەوەی ببێتە مادەیەکی ژەهراوی ڕەنگ زەردی سووربباو.شێوازە کیمیاویەکەی بریتیە لە ٢C٥CL ,لەلایەن جۆن دایڤی لەساڵی ١٨١١دا دۆزرایەوە لەڕێگەی کارلێکی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن لەگەڵ کلۆردا لە ژێر تیشکی ڕۆژدا.ئازارێکی زۆری کۆئەندامی هەناسەدا دەدات.ئەڵمانیەکان لەساڵی ١٩٣٥دا بەکاریان هێناوە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دژی هێزی هاوپەیمانەکان.

١٤. **فسفۆڕی سپی**

بۆمبی فسفۆڕی سپی بریتیە لە چەکێك کە کار دەکات کاتێك فسفۆڕ تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ئۆکسجیندا.فسفۆڕی سپی بریتیە لە توخمێکی مێوی ڕوون و سپی زەردباو,بۆنەکەشی لە بۆنی سیر دەچێت و لە فۆسفات دروست دەکرێت.کەلەگەڵ ئۆکسجیندا بە خێراییەکی زۆر کارلێك دەکات کە ئەنجامیش ئاگر و دووکەڵێکی سپی پڕ دروست دەکات. ئەو ناوچانەی کە ئەم چەکەیان لیٚ دەدرێت لە خاکەکەیدا دەنیشێت یان لە بنی ڕووبار و دەریاکاندا و تەنانەت لەسەر پێستی ماسیەکانیش دەنیشێت لەکاتی بەرکەوتنی لەشی مرۆڤ بە فسفۆڕی سپی. پێستەکە و گۆشتەکەش دەسوتێنێت و تەنها ئێسکەکە دەمێنێتەوە.

- **سیفاتە جیاکەرەوەکانی**

بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمی بۆمبی فسفۆڕی پێویستە لانی کەم زانیاریمان هەبێت دەربارەی سروشتی کیمیاوی فسفۆڕی سپی و ئەو کارلێکە کیمیاویە جیاوازانەی کە ئەم توخمە دەیکات بەشێوەی P٤.

کاتێك فسفۆڕی سپی لە هەوادا بێت ڕاستەوخۆ دەسوتێت لەگەڵ ئۆکسجیندا بۆ بەرهەمێنانی بینتۆکسیدی فسفۆڕو توخمی تریش بەرهەم دێت بە پێی بارودۆخی کارلێکەکە.سووتانی فسفۆڕ لەگەڵ ئۆکسجیندا بەبوونی توخمی تر دەبێت بە تایبەتیش ئەوانەیان کە توانای ئۆکسەدەبونیان هەیە وەك کبریت,کە دەبێتە هۆی سووتانی و تەقینەوەیەکی بەهێز.

- **مێژووی دروسکردنی تۆپی فسفۆڕی سپی**

تانك هەڵدەستێت بەهاویشتنی تۆپی فسفۆڕی سپی, بەکارهێنانی فسفۆڕی سپی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم, کە لەسەر شێوەی گیراوەیەك بوە لە فسفۆڕی سپی و توخمی دوانە کبریتاتی کاربۆن.

- ئەمریکا بۆمب و ڕۆکێتی فسفۆڕی سپی بەکارهێناوە.
- لە جەنگی ڤێتنامدا بەکارهاتوە.
- ڕژێمی بەعسیش لە کوردستاندا بەکاریهێناوە.
- هێزەکانی ئەمریکا بۆمبی فسفۆڕییان لەشاری فەلوجەی عێراقدا لەساڵی ٢٠٠٤دا بەکارهێناوە.
- ئیسرائیلیش لەساڵی ٢٠٠٩دا ئەم جۆرە چەکەی بەکارهێناوە لەکەرتی غەزە لە فەلەستین.
- کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە چەکە

١. سوتاندنی لەشی مرۆڤ تادەگاتە سەر ئێسك وەك لە فەلوجەی عێراقدا ڕوویدا.

٢. فسفۆڕی سپی لە زەوی وشکانی و ناو ڕووبار و دەریاکاندا دەنیشێت و دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت.

٣. یەك بۆمب هەموو زیندەوەرانی دەروپشتی دەکوژێت بە دووری ١٥٠کم.

٤. هەڵمژینی ئەم گازە دەبێتە هۆی تواندنەوەی بۆریە هەواییەکان و سیەکانیش.

٥. دوکەڵی ئەم چەکە مرۆڤەکان تووشی سووتاندنی زۆر دەکات لە دەم و چاو و لێوەکان و خۆپاراستن بەهۆی پارچە پەڕۆیەکی تەڕەوە دەبێت کە بۆ هەناسەدان بەکاردێت.

- **تێبینیەکانی سەر ئەم چەکە**

١. ڕەنگەکەی زەردباوە وەك ئەوەی کە بینرا لە کەرتی غەزەدا لەساڵی ٢٠٠٩دا.

- دوکەڵەکەی کارلێك ناکات لەگەڵ جلوبەرگ و کەلوپەلدا.بەڵام کاتێك بەر پێست دەکەوێت یان لەگەڵ توخمی مەتاتیدا کارلێك دەکات.
- دوکەڵەکەی دەم و چاو و لێوەکان دەسوتێنێت.
- دوکەڵەکەی سپییە.
- وادروستکراوە کە بەرەنگاری کەمامە دەکات کە بۆ چەکی کیمیاوی دروستکراوە.
- فسفۆڕ ڕاستەوخۆ کە بەر ئۆکسجین دەکەوێت و دەسوتێت ڕووناکیەکی تیشکدەرەوە و دوکەڵێکی سپی دەردەکات.
- فسفۆڕی سپی لەکاتی بەرکەوتنی پێستدا, هەموو چینەکانی پێست دەسوتێنێت تادەگاتە سەر ئێسك ئەگەر نەکوژێنرێتەوە.
- **قەدەغەکردنی ئەم چەکە**

مادەی سێیەم لە ڕێککەوتنامەی جنێڤ بۆ قەدەغەکردنی چەکی تەقلیدی. قەدەغەی بەکارهێنانی چەکی سوتێنەری کردووە دژی خەڵکانی سیڤیل و تەنانەت ئەو جێگە سەربازیانەشی کە نزیکن لە جێگەی دانیشتوانی سڤیلەوە.ئەمە ئەو بۆمبانە دەگرێتەوە کە لە فرۆکەوە فڕێدەدرێن نەك ئەو بۆمبانەی کە لەڕێگەی تانك و بۆمب هاوێژەکانەوە هەڵدەدرێن.

- **خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی**

بەرگریکردنی سەرکەوتوو لە هێرشی کیمیاوی دەوەستێتە سەر ئاشکراکردنی خێرا بۆ بلاوبونەوەی هۆکارە کیمیاوییەکان بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو و پێویست و ئامادەکاری هۆکارەکانی خۆپاراستن. لەکاتی بەرکەوتنی ناوچەکەدا بە

چەکی کیمیاوی, هاتوچۆکردن لە ناوچەکەدا قەدەغە دەکرێت بەمەبەستی هەستان بە ئەرکی پاراستن و پاکردنەوەی پێویست.

بەهۆی مەترسی چەکی کیمیاوی و فراوانی کاریگەرییەکانی هەڵمەتێکی نێو نەتەوەیی هەیە بۆ وەستاندنی بڵاوبونەوەی و بەکارهێنانی لە کۆتایی سەدەی ڕابووردوەوە.شاری لاهای لەساڵانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧دا دوو کۆنگرەی تیادا سازکرا و تیایاندا بڕیاردرا کە بەکارهێنانی ئەو بۆمبانەی قەدەغەکرد کە گازی خنکێنەر بڵاودەکەنەوە.هەروەك چۆن کۆمەڵەی گەلان لە نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا هەستا بە گفتوگۆکردنی بەکارهێنانی هۆکارە کیمیاویەکان لە جەنگەکاندا. لەساڵی ١٩٢٥دا لە ڕێکەوتنامەی جنێڤدا بڕیاریدا بەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی . کۆنگرەی داماڵینی چەك لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٤دا.گرنگیدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەم مەسەلەیە بەردەوام بوو تا ساڵی هەشتاکان. سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێك لە وڵاتان خاوەنی بڕێکی زۆری هەڵگیراون لەم چەکانە و توێژینەوەکانیش بەردەوامن بۆ پێشخستنیان.

بەبێگومان چەکی کیمیاوی مەترسیەکی گەورەی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هەروەك چەکە کۆمەڵکوژەکانی تر. ئەو مەترسیانەش زیاتر بەرجەستە دەبن وەك (( یوثارتن)) سکرتێری پێشووتری نەتەوەیەکگرتوەکان ڕاستیەکی سەلماند لە کتێبیکیدا بەناوی (( چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی )) کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دەرچوو لە ساڵی ١٩٦٢دا و لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت : (( هەموو وڵاتان بەنزیکەیی لەناویشیاندا وڵاتانی تازە گەشەکردوو و وڵاتە بچوکەکانیش لە توانایاندایە کە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی دەستبخەن,بەهۆی سانایی ئامادەکردنی هەندێکیان و کەمی تێچوونیان و خێرایی کارکردن لە تاقیگە و کارگەکاندا. ئەم ڕاستیەش وادەکات کە کۆنترۆڵکردنی ئەم چەکانە و چاودێرکردنیان کارێکی زۆر سەخت و دژوار بێت)).

هەر مرۆڤێك دەتوانێت کارگەیەکی ئامادەکردنی ئەم میکرۆبە بکوژانە ئامادە بکات.کە تەنها تێچوەکەی ٢٠٠٠٠ جونەیهی میسری تێدەچێت و شوقەیەکی ٥٠-١٠٠م٢ گەرەکە.و دەتوانرێت میکرۆبەکان بچێنرێت لە مەنجەڵێکدا بە قەوارەی بەرمیلی

ترشیاتێك و توخمە خۆراکی و پرۆتین و شەکریەکانی تێبکرێت بۆ ئەوەی کرداری چاندن و ترشاندن ڕووبدات و بەمەش بە بەلایین جار میکرۆبەکان زیاد دەکەن.لەبەر ئەمە بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆژی زۆر ئاسانە بۆ هەر وڵاتێك, ئەمەش وایکردوە بە ئاسانی بڵاوببێتەوە و مەترسیەکی گەورەش دروست بکات.

سەرچاوەکان:–
==========


- پێگەی ویکیپیدیا(( الموسوعة الحرة)) لە ئەنتەرێتەوە
- (( المفسدون فی الارض)) ل احمد محمد عوف
- الحرب الکیمیاویة, ادوارد م.سبیرز,١٩٩١,المؤسسة العربیة للدراسات والنشر
- الموسوعة السیاسیة,المؤسسة العربیة للدراسات والنشر,الطبعة الثالثة,١٩٩٠


---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٨ لە پایزی ٢٠١١دا و گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ٥٠ لە بەهاری ٢٠١٢دا بڵاوکراوەتەوە .

## وزەی خۆر

## وەك سەرچاوەیەكی وزەی خاوێن لە ئایندەدا..*

- **پێشەكی**

جوڵەی گەشەكردن و پێشكەوتن بەرەو وەستاندن دەچێت و هەموانیشمان هەست بەو دڵە ڕاوكێیە دەكەین. هەریەكێكیش لە ئێمە هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو تەنگژەیەی كە دونیای پیادا گوزەر دەكات لە دۆزینەوەی جێگرەوەیەك بۆ ئاڵتونی ڕەش كە ئەویش نەوتە.

لێرەدا پرسیارێك بە مێشكدا دێت كە ئایا لە ساڵی ٢٠٥٠دا نەوت دەمێنێت؟

وەك ئاشكرایە نەوت,سامانێكە كە توانای نوێبونەوەی هەیە,و بەبەردەوامی لە دروستبوندایە لە چاڵە نیشتوەكاندا, بەڵام ئاڕاستەی بەكارهێنانی ئێستا كە دادەنرێت بە ٥ر٣ ملیار تەن لە ساڵێكدا كە ئەم هێندەش هەزار جار زیاترە لە ئاڕاستەی دروستبوون و نوێبونەوە. ئەو نەوتەی كە ئێستا بەكاریدێنین لە سەدەكانی ڕابووردوودا دروست بوە (( پێش ٥٠٠ ملیۆن ساڵ )). خۆ ئەگەر ئەو بەكارهێنانی نەوتە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت, ئەوا ئەوپەڕی تەنها هەتا ساڵی ٢٠٦٠ نەوت دەمێنێت.

زیاد لە ٥٠ ساڵە لێكۆڵینەوەكان بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی وزەی جێگرەوەی نەوت.باسكردنی ئەم مەسەلەیە هەندێ كات بەهێزە و هەندێ كاتی تر كاڵ دەبێتەوە.ئەوەی ئەم بوارەش دەجوڵێنێت یان خاوی دەكاتەوە بریتیە لە هەژموونی سیاسی. هەركاتێك پەیوەندیە دیپلۆماسیەكانی وڵاتان ڕووبەڕووی تەنگژە بوەوە بە هۆكاری حاڵەتێكی لەناكاوی ئابوری و سیاسی و سەربازیەوە, ئەوا دەنگۆی جێگرەوەی نەوت بەرزدەبێتەوە, نەك ئەوە بەڵكو ئەم مەسەلەیە دەچێتە بواری موزایەدەی سیاسیشەوە لەكاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا یان لەكاتی دامەزراندنی ڕایەڵەی نوێی پەیوەندیە نێوانیەكان یان تەكەتولەكان لە نێوان وڵاتانی تردا.

كاتێك ڕادەی بەرهەمهێنانی ساڵانەی نەوت بەرزدەبێتەوە بۆ وەدیهێنانی خواستە زیادبوەكانی دونیا,ئەوەی كە پێیدەڵێن ترۆپكی بەرهەمێنان,كە لە ڕوانگەی ئێمەوە بریتیە لە (( یەكسان بوونی بڕی بەرهەم لەگەڵ بڕی بەكارهێنراودا)). دوای ئەوەی

بەرهەم لەسەر ئاستێکی جێگیر دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی دەست بە دابەزین بکاتەوە لەگەڵ زیادبوونی خواستەکان. ئەمەش ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ لای بەکاربەرەکان کە ناتوانن ئەو بڕە پێویستەیان دەستبکەوێت لە وزە.

بەهۆی دڵەڕاوکێکان بەهۆی پیس بوونی هەوای شارەکان و ترشە باران و لێچوونی نەوت و مەترسی ئەتۆمی و بەرزبونەوەی پلەی گەرمی زەوی، کە هاندەرن بۆ گەڕان بەدوای جێگرەوەکانی خەڵوز و نەوت و وزەی ئەتۆمی.هەرچەندە سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوەش خاڵی نیە لە پیسبوون بەشێوەیەکی گشتی. بەڵام مەودایەکی فراوان لەبەردەمدایە بۆ هەڵبژاردنی جێگرەوەیەك کە کەمترین پیسبوونی لێبکەوێتەوە لەبەرامبەر سەرچاوە کۆنەکانی وزەدا.

بەم شێوەیە ئێمە لە دەروازەی سەدەیەکی نوێداین. کەدونیا پێویستی بە سەرچاوەی ترە بۆ بەرهەمهێنانی وزە لەپاڵ سەرچاوە نەوتیەکانی ئێستادا.کە بەدڵنیایی وەك سەرچاوەیەکی وزەی سەرەکی دەمێنێتەوە بۆ چەند ساڵێکی درێژتر.

وزەی خۆر دادەنرێت بە سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە لەسەر گۆی زەویدا و هەر لەم سەرچاوەیەشەوە چەندین سەرچاوەی تر دروست بوون و گۆڕاون لەناخی زەویدا و لە ئاوڕێژەکان و ...هتد.وەك سەرچاوەکانی وزە وەك خەڵوزی بەردین و تەختە.

لەبەرئەوەی وزەی خۆر یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە، لەبەرئەوە زۆربەی وڵاتان ڕوویان کردۆتە بەکارهێنانی وزەی خۆر بەشێوازی جۆراوجۆر و بڕی پێویست بودجەیان بۆ داناوە بۆ گەشەپێدانی بەرهەمەکان و لێکۆڵینەوە تایبەتیەکان بە بەکارهێنانی وزەی خۆر وەك یەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی وزەی جێگرەوەی گاز و نەوت.

لەبەر ئەوەی پشکی شێر دراوە بە لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنەکان لە بواری گۆڕینی وزەی خۆر بۆ وزەی کارەبا، بەناوی Photovoltaic ناسراوە.کە ئەم سەرچاوەیە لە وزە بۆتە جێگەی هیوا بۆ وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان لە پێشکەوتندا.بەشێوەیەك

بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بۆتە گرنگترین هۆکاری سەرەکی بۆ دۆزینەوەی ژێرخانی سەرەکی تیایدا.

باشترین تەکنەلۆجیاکان بریتیە لەوەی کە وزەی خۆر بەکاردەهێنرێت بەشێوەی گۆڕینی گەرمای ڕاستەوخۆی تیشکەکانی خۆر بۆ وزەی کارەبا بەهۆی خانە خۆریەکانەوە دادەنرێت بە تەکنەلۆژیایەکی نویٚ و پێشکەوتوو بریتیە لە پیشەسازییەکی ستراتیژی بەو سیفەتەی کە سەرچاوەیەکی وزەیی ئایندەییە کە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە پاریزگاریکردن لەسەر سەرچاوەکانی وزەی کلاسیکی بۆ مەبەستی گرنگتر و بەکارهێنانی بەنرختر.سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەی وزەکەی بیٚ بەرامبەرە و لەناوناچێت و خاوێنە و بیٚ پاشەڕۆیە و بیٚ مەترسیشە.

مەترسی لەناوچوونی سەرچاوەکانی وزەی کلاسیکی و پیسبوونی ژینگەی دروستبوو لە ئەنجامی هەڵپەی ولآتە پیشەسازیەکان لە سووتانی نەوت و خەڵوز, ئەمە سەرەڕای بەرزبونەوەی نرخەکانی و ئەوەی لەم کارەوە دروست دەبێت لە کێشەی ئابوری زۆر مەترسیدار بۆ ولآتە تازە پێگەیشتوەکان گرنگترە لەوەی کە وامان لێدەکات کە ڕوبکەینە ئەو بەخششەی خوای گەورە کە بە ولآتەکەمانی داوە لەسەرچاوەی وزەی نوێبۆوە و پێویستی بەکارهێنانیشی و بە تایبەتیش وزەی خۆر.

- **مێژووی گەشەکردنی بەکارهێنانی وزەی خۆر و پێشکەوتنی**

خۆر گەورەترین بەخششی خودای گەورەیە. ڕوناکیەکەی دەنێرێتە سەر زەوی و بەمەش ژیان تیایدا زیندوو دەکاتەوە.مرۆ زۆر لە مێژە زانیویەتی کە خۆر سەرچاوەی ژیان و هێزە ,و گومانی هەبوە کە پەروەردگار بێت و پەرسوتشێتی.وەك چۆن لە قورئاندا هاتوە کە باڵندەی پەپو سلێمانە بە حەزرەتی سلێمان پەیامبەری گوتوە (( وجدتها و قومها يسجدون للشمس من دون الله)) کە مەبەست شاژنە بەڵقیسی سەبەئە. لەمیسری کۆنیشدا بەخوای (( رع )) ئاماژەیان بۆ داوە.لەدەوڵەتی ڕۆمانی کۆنیشدا بەخوای (( میترا)) ئاماژەیان بۆ داوە.

مێژووی بەکارهێنانی وزەی خۆر درێژدەبێتەوە بۆ پێش  مێژوو کاتێك ڕاهیبی کڵێساکان سەربانە بە زێڕ ڕووکەشکراوەکانیان بەکارهێناوە بۆ داگیرساندنی تەرازووی جێگەی سەربڕینەکان.

لەساڵی ٢١٢ پێش زاینیدا ئەرشمیدس توانی کەشتیگەلی ڕۆمانی بسوتێنێت بە چڕکردنەوەی تیشکی خۆر لەسەری لە مەودایەکی دوورەوە بە بەکارهێنانی ئاوێنەی تیشکدەرەوە.

لەساڵی ١٦١٥ زاینیدا زانا سالمۆت دی کۆکس هەستا بە لێکدانەوەی ئەوەی ناسراوە بە (( مۆتۆڕی خۆری)), کە بریتیە لە کۆمەڵێك هاوێنە کە دانراون لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کە کارەکەیان بریتیە لە چڕکردنەوەی تیشکی خۆر لەسەر دەفرێك کە ئاوی تیادایە.کاتێك هەوای ناو دەفرەکە گەرم دەبێت دەکشێت و پەستان دەخاتە سەر ئاوەکە و پاڵی پێوەدەنێت و لەسەر شێوەی نافورە دێتە دەرەوە.

زانای فەڕەنسیش جۆرج لویسلکلیرك بۆڤن یەکەم کورەی خۆری داهێنا بۆ لێنانی خواردن.

لە ساڵی ١٧٤٧ ز زانای فەلەکناسی فەڕەنسی ج.کاسیتی توانی شوشەیەکی سوتێنەر دروست بکات کە تیرەکەی ١١٢ سم بوو. کە توانی پلەیەکی گەرمی دەستبکەوێت کە بەرزتر بێت لە ١٠٠٠ پلەی سەدی.کە دەیتوانی بۆریەکی ئاسن بتوێنێتەوە لەماوەی چەند چرکەیەکدا.

زانا لاڤۆزیش توانی کورەیەکی خۆری دیزاین بکات کە لە توانایدا بوو بۆ ١٧٦٠ پلەی سەدی گەرمی دەست بکەوێت.ستۆك و هینمان لە ئەڵمانیا یەکەم تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا بەهۆی وزەی خۆرەوە بۆ تواندنەوەی سلیکۆن, مس , ئاسن , مەنگەنیس.

لەساڵی ١٨٧٥دا, دونیا چەند کۆمەڵگایەکی خۆری پێشکەوتووی بەخۆوە بینی, بەشێوەیەك ئامێرێکی هەڵمی دیزاین کرا کە دەیتوانی ٥ر١ کیلۆ وات کارەبا بەرهەم بهێنێت.لەساڵی ١٨٧٨دا ئەبیل بیفر توانی مەکینەیەکی چاپ بخاتە گەڕ کە بە وزەی خۆر کاری دەکرد.

لەماوەی نێوان ١٨٨١-١٨٨٤ ز دا زانا جۆن اریکسۆن توانی بازنەی اریکسۆن دابهێنێت کە بەهەوای گەرم کاری دەکرد بۆ گۆڕینی وزەی خۆر بۆ جوڵە وزە. هەروەها زانای ئینگلیزیش و.ادمز توانی گەرمکەرێك دروست بکات کە بە وزەی خۆر کاریدەکرد و دەیتوانی ٢ کیلۆ وات کارەبا بەرهەم بهێنێت.

ئەو ئامێرە خۆریانەی کە داهێنران لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا, تەنها لە کاتێکدا کاریان دەکرد کە خۆر بەدەرەوە بوو لە ڕۆژدا. بەڵام لەکاتی شەودا لەکاردەکەوتن یان لەکاتێکدا کە ئاسمان هەوربوایە.لەساڵی ١٨٩٣دا زانا م.ل.سیفری توانی ببێتە خاوەنی داهێنانی ئامێرێکی خۆری کە ٢٤ کاتژمێر کاربکات لە ڕۆژێکدا کە وزەی خۆری هەڵدەگرت لە پاتری تایبەتیدا بۆ ئەوەی لەکاتی خۆر ئاوابوندا بەکاریبێنێتەوە.

لەساڵی ١٨٨٨ زدا وستۆن گەیشتە ئەو ڕێگایەی کە دەیتوانی وزەی خۆر بگۆڕێت بۆ وزەی میکانیکی بە بەکارهێنانی ئەوەی کە ناسراوە بە (( جوتەکی گەرمی )) بە شێوەیەك دەتوانرێت جوهدێك بەرهەم بهێنرێت لە نێوان خاڵی پەیوەندیە گەرم و ساردەکان لە نێوان دوو کانزای جیاوازدا وەك نیکڵ و ئاسن بۆ نمونە لەساڵی ١٨٩٧زدا زانا هـ.سی.ڕیچان ئامێرێکی جوتەکی گەرمی دروستکرد بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە بەکارهێنانی وزەی خۆری.

لەساڵی ١٩٠٤ دا لە سانت لویس لە ئەمریکا ئامێرێکی خۆری بەرهەم هات کە ٥ کیلۆ وات کارەبای بەرهەم دەهێنا.لەساڵی ١٩٠٥ز دا بۆیل و ادوارد وایمان, یەکەم ئامێری خۆریان جێبەجێکرد کە دەیتوانی ١٥ کیلۆ وات کارەبا بەرهەم بهێنێت لە بیابانی کالیفۆڕنیادا لە ئەمریکا.

لە ساڵی ١٩١١دا فرانك شۆمان توانی سیستەمێکی خۆری کارپێبکات کە ٣٢ کیلۆ وات کارەبای بەرهەم دەهێنا کە بە پڕۆژەیەکی ئابوری دانرا.

لەساڵی ١٩١٢دا, شۆمان و بۆیز هەستان بە جێبەجێکردنی گەورەترین پڕۆژە بۆ پاڵپێوەنانی ئاو لە دونیادا. ئەویش لەشاری مەعادی لە میسر کە ٣٧-٤٥ کیلۆوات کارەبای بەرهەم دەهێنا لەماوەی ٥ کاتژمێری بەردەوامدا, بەڵام ئەم پڕۆژەیە پشتگوێخرا بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لەساڵی ١٩١٥دا.

لەسیەکانی سەدەی ڕابوردوشدا,گرنگیدان بە وزەی خۆری زیادبوو و بە تایبەتیش لە بواری بەکارهێنانی لە گەرمکەرە خۆریەکاندا بە توانای ١٠٠-٢٠٠ لیتر تا ژمارەی گەرمکەری ماڵان لەسەر سەربانەکان گەیشتە چارەکە ملیۆنێك لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە یابان و لە ناوەڕاستی سیەکانیشدا بیرۆکەی پاتری خۆری هاتە کایەوە.

- **گەشە پێدانی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی خانە خۆریەکان**
- **پێناسەی خانە خۆرییەکان**

خانە خۆرییەکان بریتین لە گۆڕەری ڤۆڵتی ڕوناکی هەڵدەستیٚ بە گۆڕینی ڕووناکی خۆری ڕاستەوخۆ بۆ کارەبا کە بریتین لە خانەی نیمچە گەیەنەر و هەستیاری ڕوناکی و چوار دەورگیراوە بە بەرگێکی پێشەکی و پاشەکی گەیەنەری کارەبا.

توانراوە کە گەشەپێدان بە ئەنجام بگەیەنرێت لە تەکنەلۆژیای زۆردا بۆ بەرهەمهێنانی خانە خۆرییەکان لە ڕێگەی زنجیرەیەك کردار لە چارەسەری کیمیاوی و فیزیاوی و کارەباییەکاندا لەسەر شێوەی چڕکەرەوەی خودی یان بەرزە میکانیکی. هەروەك چۆن توانراوە گەشە بدرێت بە مەوادی جیاواز لە شێوەی گەیەنەرەکان بۆ دروستکردنی خانەی خۆری لەسەر شێوەی توخم وەك توخمی سلیکۆن یان پێکهاتەکان وەك گالیۆم و زەرنیخ و کاربیدی کادیۆم و فۆسفیدی ئاندیۆم و کبریتاتی مس و ...هتد.لە مەوادی مژدە بەخش بۆ دروستکردنی ڤۆڵتی ڕوناکی خانەی خۆری بۆ جێبەجێکاریەکانی زەوی کە بریتیە لە توێکلێکی تەنك لە سلیکۆن و تێکچووە بە بڕی بچوك لە خڵتەکان بۆ پێدانی لایەك بە بارگەی موجەب و لاکەی تریش بە بارگەی سالب بەمەش دوانەیەکی ڕووبەر گەورە پێك دێنن.

خانە خۆرییەکان کاتێك تیشکی ڕۆژیان بەردەکەوێت وزەی کارەبا بەرهەم دێنن, بەشێوەیەك ((فۆتۆنەکان)) کە هەریەکەیان بڕێك وزەی دیاریکراوی هەڵگرتوە. ئەلکترۆنە ئازادەکان وزە وەردەگرن کە بەگەرمی دەلەرێنەوە و دەبنە هۆی شکاندنی بۆندی گەردیلەیی لە تۆڕەکەدا بە مادە نیمچە گەیەنەرەکە و بەمەش دەبێتە هۆی ئازادکردنی بارگەکان و بەرهەمهێنانی دوو ئەلکترۆن لە بۆشایدا. دوای ئەوە هەڵگری بارگەکان دەردەچن بەرەو جووتە گەیەنەری گەرۆك لە نێوان دوو لایەنی گەیاندن و وەکیەکدا لە ڕێگەی بۆشاییەکەوە و کۆدەبێتەوە لەسەر ڕووی پێشەوە و دواوەی

خانەکە بەمەش ڕۆیشتنێکی بەردەوامی تەزووی کارەبا ڕوودەدات کاتی بەیەك گەیشتنی بەهەڵگری کارەبایی و توانا کارەباییە بەرهەم هاتووەکە لەلایەن خانە خۆرییەکەوە ئاسایی دەگاتە ١ وات.

ئەم خانە خۆرییانە دروست دەکرێن لە سلیکۆن لە ڕێگەی گەشەپێدانی بۆری سلیکۆنی یەکی یان فرە بلوری و دواتر دەپەستێورێت بۆ پارچەی تەنك و چارەسەر دەکرێت بە ڕێگەی کیمیاوی و فیزیاوی بە قۆناغی جیاواز تا دەگاتە خانەی خۆری.

توانای ئەم خانانە بەرزن و لە نێوان ٩-١٧٪ یە.خانەی سلیکۆنی تاکە بلوری زۆر گرانە لەبەر ووردی تەکنەلۆژیا و بەکاربردنی وزە, لە کاتێکدا خانە سلیکۆنیە فرە بلورییەکان دادەنرێن بە کەمتر تێچوو لە تاکە بلوریەکان و کەم تواناتریشن.

- **دروستکردنی خانە خۆرییەکان**

دوو جۆری سەرەکی دروستکراو هەن لەم بوارەدا و ئەوانیش بریتین لە کورە خۆرییەکان و پشت دەبەستێتە سەر دانەوەی تیشکی خۆر لە جێگەی زۆرەوە کە چڕکراونەتەوە لەسەر یەك گۆڕەری گەرمی و ئەویتر بریتیە لە کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی وزەی خۆری بەهۆی پێچەوانەکەرەوە ئاسۆییەکانەوە کە تیشکی خۆر دەدەنەوە بۆسەر بۆری درێژ بۆ کۆکردنەوەی گەرمی.گرنگی دەدرێت بە بەکارهێنانی (( ڤۆڵتێڕوناکی )) وەك سەرچاوەیەکی وزەی نوێبۆوە. لە کرداریەکانی زەوی بە نیازی گەشەپێدانی تەکنیکی و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە کەرتی نیشتەجێبوون و تەندروستی و خوێندن و پیشەسازی و کشتوکاڵ و نەوت و ....هتد. بەکارهێنانی فۆڵتێڕوناکی سەرنج ڕاکێشە لە ڕووی ئابورییەوە بەتایبەتی لە جێگا دوورە دەستەکان کاتێك تێچووی تۆڕی کارەبا بەگشتی کەم دەکات و بەمەش دەبێتە هۆکاری بوژاندنەوەی ئابوری.

- دەتوانرێت کردارەکانی سەر زەوی پۆلێن و دیاریبکرێن بە پێی توانای کارەبایی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

١. کردارەکانی خاوەن توانی نزم:- ئەم ئامێر و سیستەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- کۆمپیوتەر و یاریە ئەلکترۆنیەکان و کاتژمێرەکان.

• ئامێرەکانی ئێسگەی ڕادیۆ بیسراوەکان و بارهەڵگر و ئامێرە توانا نزمەکان.

٢. کردارەکانی خاوەن توانا مام ناوەندیەکان:- ئەم سیستەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

• ڕوناکی، ئامێری ئێسگە بینراوەکان، سەلاجەی دەرزی هەڵگرەکان،ئیشارەتی هاتوچۆ و ئاگادارییەکان،پانکەی سەقفی، تەلەفۆنە زەرورەیەکان،شەحنکەرەوەی پەرژینە کارەباییەکان. کە شەحنی ئەو پەرژینانە دەکاتەوە کە بەدەوری باخەکان و جێگەی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانە بۆ ئەوەی لێی نزیك نەبنەوە.

٣. کردارەکانی خاوەن توانا مام ناوەندی و بەرزەکان:- وەك پاڵنەرەکانی ئاو، وێسگەی پەیوەندی و شەپۆلە سەنتیمەتریەکان، وێسگەی مانگە دەسکردە زەمینیەکان،پارێزەری بۆری نەوت و گاز و دامەزراوە کانزاییەکان بۆ پاراستنیان لە داخوران و پێدانی تۆڕی کارەبای گشتی.

- **گۆماوی خۆری**
- **تێچووی کارەبای خانە خۆریەکان**

تێچووی ١وات لە بازاڕە جیهانیەکاندا لە نێوان ٨-١٠ دۆلاردایە بۆ وڵاتە هاوردەکان. بەڵام نرخی ١ وات بۆ کردە خاوەن توانا مام ناوەندی و خاوەن توانا مام ناوەندی و بەرزەکان دەگاتە ٣٠ دۆلار. ئەم تێچونەش بەرزدەبێتەوە بە گوێرەی دیزاین و ئامێری کۆنترۆڵ و هەڵگرتنی وەستاو و ئەلکترۆناتی یاریدەدەر.بەڵام تێچووی ١ واتی خاوەن توانا بەرزەکان(( وێسگە کارۆ خۆریەکان توانا مێگاواتیەکان)) کەمێك کەمترە لە ٢٠ دۆلار.

- **هەندێ لە گرفتەکانی بەکارهێنانی وزەی خۆر**

گرنگترین گرفت کە بەرەو ڕووی لێکۆڵەرەوەکان دەبێتەوە لە بواری بەکارهێنانی وزەی خۆریدا بریتیە لە بوونی تەپوتۆز و هەوڵدانی پاکردنەوەی ئامێرەکانی وزەی خۆر لێیان.لێکۆڵینەوەکانی ئێستا ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە زیاد لە ٥٠٪ ی چالاکی وزەی خۆری ون دەبێت لەکاتی خاوێن نەکردنەوەی ئامێری وەرگری تیشکی خۆر بۆ ماوەی مانگێك.

باشترین ڕێگا بۆ خۆپزگارکردن لە تەپوتۆز بریتیە لە بەکارهێنانی ڕێگاکانی خاوێنکردنەوەی بەردەوام بەمانای پاکژکردنەوەی بۆ ماوەیی کە هەموو ٣ ڕۆژ جارێك بۆ هەر ماوەیەك.ئەم ڕێگایانە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر دەگۆڕێن کە پشت دەبەستێتە سەر سروشتی تەپوتۆزو کەش وهەوا لەو ولاتەدا.

بەلام گرفتی دووەم بریتیە لە هەلگرتنی وزەی خۆر و سوود وەرگرتن لێی لە شەودا یان ڕۆژانێك کە هەور بێت یان ڕۆژانی تەپوتۆز و خۆلبارین. ئەم پڕۆسەی هەلگرتنەی وزەی خۆرەش پشت دەبەستێتە سەر سروشت و بڕی وزەی خۆری و جۆری بەکارهێنان و ماوەی بەکارهێنان و کۆی تێچووی ڕێگای هەلگرتنەکە. باشتر وایە کە ئەو ئامێرانە بەکارنەهێنرێت بۆ هەلگرتن بۆ کەمکردنەوەی تێچوون و سوود وەرگرتن لە جیاتی ئەوەی لەوزەی خۆر ڕاستەوخۆ تەنها کاتی بوونی. مەسەلەی هەلگرتنی وزەی خۆری دادەنرێت لەو مەسەلانەی کە پێویستیان بە لێکۆلینەوەی زانستی زیاتر و دۆزینەوەی زیاتر هەیە.

هەلگرتنی گەرمی بەهۆی ئاو و بەردەوە دادەنرێت بە باشترین ڕێگا چارەی هەبوو لە ئێستادا. بەلام تایبەت بە هەلگرتنی وزەی کارەبایی تا ئێستا هەر ڕێگا بلاوەکە پیادە دەکرێت کە بریتیە لە بەکارهێنانی پاتری شل (( پاتری ترش و ڕەصاص ))، لە ئێستادا زیاد لە ١٠ ڕێگە هەیە بۆ هەلگرتنی وزەی خۆری وەك تواندنەوەی کانزاکان و گۆڕینی دۆخی مادە و ڕێگای تێکەلاوکردنی دوانەیی و ...هتد.

گرفتی سێیەمیش لە بەکارهێنانی وزەی خۆری بریتیە لە ڕوودانی داخوران لە کۆمەلگا خۆرییەکاندا بەهۆی بوونی خوێکان لە ئاوی بەکارهاتوودا لە سوڕی گەرمکردنەکاندا، و سوڕە داخراوەکان و بەکارهێنانی ئاوی خالی لە خوێکان دادەنرێن بە باشترین چارەسەر بۆ ڕێگەگرتن لە گرفتی داخوران و درزبردن لە کۆمەلگا خۆریەکاندا.

- **پێشنیاز و ڕاسپاردەکان**

لێکۆلینەوە و هەولدان بۆ دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ وزەی هەلهێنجراو(( نەوت و گازی سروشتی ))، بریتیە لە بەشێکی تەواوکەر بۆ بەردەوام بوونی ڕۆلی ولاتانی هەناردەکردنی نەوت وەك ولاتانێکی هەناردەکەری وزە و پارێزگاریکردن لەسەر

ئاستی ئابوری کە ئەو ولاّتانەی تیادا ئەژی لە ئێستادا و لەپێناو ڕێکردنیان لەگەلّ ولاّتانی تری دونیادا لەو بوارەدا.

پێشنیاز دەکرێت کە ڕەچاوی ئەم ڕاسپاردانە بکرێت:-

١. پشتگیری کردنی مادی و معنوی و چالاککردنی بزوتنەوەی لێکۆلّینەوە لە بوارەکانی وزەی خۆریدا.

٢. دامەزراندنی بانکێکی زانیاری بۆ تیشکدانەوەی خۆری و پلەکانی گەرمی و خێرایی با و بڕی تەپوتۆز و ...هتد.لە زانیاریە وەرزانە پێویستیەکان بۆ بەکارهێنانی وزەی خۆر.

٣. هەستان بە پڕۆژەی پێشەنگ و گەورە لەسەر ئاستێك کە ولاّت سوودی لێوەربگرێت وەك سەرچاوەیەکی تر لە وزە و ڕاهێنانی کادری ناوخۆیی لەسەری.نەك تەنها بۆ دووبارە بونەوە بەلّکو بۆ گۆڕینی جۆرایەتی لە ولاّتانی تردا بۆ سوود وەرگرتن لەهەموو جێبەجێکارییەکانی وزەی خۆری.

٤. ئاکتیڤکردنی ڕێگای ئالّوگۆڕی زانستی و بلاّوکراوە زانستیەکان لە نێوان ولاّتاندا لە ڕێگەی سازدانی کۆڕوکۆبونەوەی بەردەوامەوە.

٥. نوێکردنەوەی لێکۆلّینەوەکان دەربارەی بەکارهێنانی وزەی خۆری و گەشەپێدانی ئەوەشی کە هەیە.

٦. جێبەجێکردنی هەموو ڕێگاکانی دەستپێوەگرتن و پاراستنی وزە و لێکۆلّینەوەکردن دەربارەی باشترینیان و هاوکاری و هاندانی ئەو هاولاّتیانەی کە وزەی خۆری بەکاردەهێنن لە مالّەکانیاندا.

٧. هاندانی هاوکاریکردن لەگەلّ ولاّتانی پێشکەوتوودا لەم بوارەدا و سوود وەرگرتن لە شارەزایی و ئەزمونیان کە لەسەر بناغەی وەکیەکی و بەرژەوەندی دوولایەنە بێت.

- لە سەیرترین پڕۆژەی ئایندە لەم بوارەدا, بریتیە لە پڕۆژەیەکی نویَ کە پشت دەبەستێتە سەر مانگ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. ئەم پڕۆژەیە پشت دەبەستێتە سەر

سیستەمی(( وزەی خۆری مانگ ))The Lunar Solar Power بۆ دروستکردنی وێسگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەسەر ڕووی مانگ.
ئەم پڕۆژەیە پێکدێت لە پلێتی پان لە خانەی کارۆڕوناکی,ئەم پلێتانە هەڵدەستن بەوەرگرتنی تیشکی خۆری کەوتوی سەر مانگ وەپێچەوانەکردنەوەی بە شێوەیەکی تر بۆ زەوی کە ئامێری وەرگر وەریان دەگرێت و دەیانگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی.
لە ئێستادا باسکردن لە کارەبا لە مانگەوە وەکو خەیاڵێکی زانستی تەماشا دەکرێت,بەڵام خستنە ڕووی ئەم پڕۆژە نوێیە بۆ یەکەم جار لە گەورەترین کۆنگرەی نێودەوڵەتیدا بوو بۆ لێکۆڵینەوە و تەکنیکی بۆ شایی ناسراو بە (( کۆنگرێسی بۆشایی جیهانی )) کە لە هیوستن لە ئەمریکا سازدرا لەماوەی نێوان ١٠-٢٠٠٢/١٠/١٩دا.دەرخرا کە نەخشەیەکی ووردەکاری هەیە بۆ ئەو تەکنەلۆژیایە کە چۆنێتی سوود وەرگرتن لە وزەی خۆری سەرمانگ دەردەخات و دەیگۆڕێت بۆ کارەبا و دەنێردرێت بۆ زەوی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ڕوو لە زیادبووی دانیشتوانی زەوی بۆ وزە.

- **بۆچی مانگ ؟**

لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت کە ئایا بۆچی زاناکان ڕوو دەکەنە مانگ بۆ دەستخستنی وزەی خۆر لە کاتێکدا کە لە چەندین جێگەی جیاواز و لەماوەی جیاوازدا و بەدرێژایی ساڵ لەسەر ڕووی زەوی وزەی خۆر بە باشی دەست دەکەوێت.
سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بڕە تیشکەی خۆر کە هەر ٢٠ خولەك دەگاتە سەر زەوی یەکسانە بە وزەی سووتەمەنی هەڵهێنجراو کە وڵاتە سەرەکیە بەکاربەرەکانی وزە لە ساڵێکی تەواودا بەکاری دێنن. بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە, پێویستە سەرەتا سەیری ئەو پڕۆژەیە بکەین بەو سیفەتەی کە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی هیوا هەڵواسراوەکان لەسەر وزەی خۆر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمی وزە لە ئایندەدا.
ئاشکرایە کە وزەی نەوت چۆڕبڕ دەبێت لەدوای چەند دەیە ساڵێکی تری داهاتوودا بەپێی لێکۆڵینەوەکان کە بە باشترین سەرچاوەی وزە دادەنرا. چونکە نەتوانراوە یان

بەهۆی نەبوونی بڕی زۆر لەمادەی یۆرانیۆم لەناوچەکەدا. ئەمە و سەرەڕای گرانی تێچووی ئامێرەکانی وزە و پێشکەوتوویی تەکنەلۆژیا لەماوەی ٥٠ ساڵی ڕابووردوودا و پێشبینیش دەکرێت کە ئەتوانرێت دەستی پێبگات, ئەمەش وایکردوە کە نەتوانرێت وەبەرهێنانی تیادا بکرێت.بەڵام هەرگیز هیوا بڕاو نابین لە گەیشتن بەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە.لەبەکارهێنانی جێگرەوەکانی وزەدا دوو بەرئەنجامی گرنگی لێ دەست دەکەوێت, یەکەمیان ماوەی بەکارهێنانی وزەی نەوتی درێژ دەکاتەوە و دووەمیشیان پێشخستنی سەرچاوەیەکی تری وزەیە لە پاڵ سەرچاوەی نەوتی ئێستاوە.

- لە کۆتاییدا, گرنگە ئەوە بزانین کە مەترسی پیسبوونی ژینگە لە دونیادا بەهۆی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی هەڵهێنجراوەوە, بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئێستا و ئایندەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەوی. هەربۆیە گەڕان بەدوای سەرچاوەی تردا و بەتایبەتیش سەرچاوەی وزەی خاوێن و تازەبۆوە بۆتە کارێکی زێدە گرنگ بەمەبەستی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەکارەساتێکی کوشندە.

هەربۆیە هەر لە ئێستاوە هەوڵی جدی هەیە لەلایەن وڵاتانی گەورە و پێشکەوتوەوە و تەنانەت وڵاتانی تازە پێگەیشتوی خاوەن نەوت و گازی سروشتیش, بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی تری وزە لە وزەی خۆرو ئاو و با و گەرمی ناخی زەوی و جوڵەی شەپۆلی دەریاکان و ...هتد.و هەریەکەیان بەپێی توانای خۆیان لێکۆڵینەوە و بودجەی گەورەیان بۆ ئەو مەسەلەیە دابینکردوە کە ئەمەش بۆخۆی مژدەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ بەردەوامبوونی ژیان و شارستانیەتی لەسەر گۆی زەوی .بەو هیوایەی کوردستانیش سوود لەم تەکنەلۆژیا نوێیە ببینێت و ژینگەی کوردستانیش لە پیس بوون بپارێزرێت و هەر لە ئێستاوە کادری شارەزا و بودجەی پێویست و دەرگای لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ ئەم بوارە بکرێتەوە.

سەرچاوە:

======

پێگەکانی ئەنتەرنێت.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٩ لە زستانی ٢٠١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی خنکانی ئەندازیارێکدا لە عەمبارێکی نەوتی ڕەشی پاڵاوگەی نەوتی سلێمانیدا...

## ئەریٚ تاکەی نەوت لە کوردستاندا
## هەر نابێتە نیعمەت و هەر بە نیقمەت دەمێنێتەوە؟*

• ئاشکرایە کارگەی شەکر لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٠وە دامەزراوە, و تەنها ماوەی ١٦ ساڵێك کاری کردوە و بەرهەمی هەبوە و دواتر لەسەردەمی جەنگی عێراق_ئێراندا و لەناوەڕاستی ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردووە و دوای ٤ جار بۆردومانکردنی فڕۆکەکانی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ لەکار و بەرهەم وەستێنراوە و دواتریش لەساڵی ١٩٨٩دا بەبڕیارێکی دەزگای گشتی شەکر لە عێراق بۆ یەکجارەکی ئەو کارگەیە داخراوە ,و کارمەندەکانیشی دابەشکراونەتە سەر کارگە و فەرمانگەکانی تری حکومەت.

ئیدی لەو کاتەوە کارگەی شەکر بەبیٚ کەڵکی و پشتگوێخراوی و پەراوێزخراوی مابۆوە و تەنانەت دەستی ڕاو و ڕووت و تاڵانکردنیشی گەیشتیٚ لەسەردەمی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا و دواتر هەندیٚ بەشی کارگەکە ببوە جێگەی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان وهەندیٚ فەرمانگە وڕێکخراوی تریشی تێدابوو.لە ئێستاشدا هیچ بەرنامە وئومێدێك نیە بۆ خستنەوەگەڕی ئەو کارگەیە .زەوی و زارەکەشی هەر بەشە بەدەست لایەنێکەوەیە و کراوەتە گۆڕەپانی یاری و...هتد.

تابەرواری ١٩٩٧/١٢/٥ بەهەوڵ و هیمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر دەستی ئەندازیاران و تەکنیککاران و کرێکارانی شارەزا و داهێنەر و خۆبەخش و دڵسۆز بەم گەل و نیشتیمانەوە توانرا بۆ یەکەم جار لەمێژووی کورددا, پاڵاوگەیەکی نەوت دابمەزرێت گەرچی بەشێوەیەکی زۆر زانستی و کوالێتی زۆر باش نەکرابوو, وە زۆر لە مەرج و ستانداردە ئەندازیارییەکانی تیادا نەبوو, نە لەکەل و پەل و ئامێرەکاندا و نە لە بەرهەمەکەشیدا, چونکە نەکەل و پەل و ئامێرەکان تازە و لەوڵاتانی پێشکەوتوەوە هاتبون و دروستکرابون بەڵکو تەنها پاشماوەی ئەو کارگەی شەکرە کۆنە بوون کە باسمان کردن و بە پینەوپەڕۆ پێکەوە

لکێنرابوون. بەرهەمەکەش لە ڕووی کوالێتیەوە مواصفاتی سووتەمەنی نایاب و زۆر باشیشی تیادا نەبوو, بەڵکو تەنها گرنگیەکەی لە ڕووی سیاسیەوە بوو بەرامبەر بڕیاری گەمارۆی ئابوری و سووتەمەنی لەسەر کوردستان کە ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق سەپاندبویە سەر کوردستان, بەڵام بۆ ئەو سەردەمە و لەو ڕۆژانی تەنگانەیەدا بە دەسکەوتێکی گەلێك مەزن هاتە ئەژمارکردن و هەرواش بوو ,وەمایەی دەستخۆشیکردن و شانازیکردنیش بوو.

بەڵام لە ئێستادا ئەم پالاوگەیە, ئەوەندەی بەندە ئاگادار بێت کەڵك و سوودێکی ئەوتۆی نەماوە, چونکە لەلایەك نە گرنگی پێدەدرێت و نەپێداویستیەکانی بەرهەم و فەرمانبەران و پێشخستن و گەشەپێدانی بۆ دابین دەکرێت لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە و لەلایەکی تریشەوە کوردستان لە ڕووی سوتەمەنیەوە هەرچەندە بڕی پێویستیشی لە سووتەمەنی لەکاتی خۆیدا بۆ دابین ناکرێت لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە. بەڵام کێشەی سووتەمەنی وەکو ساڵانی گەمارۆی ئابوری نەماوە . هەربۆیە بوونی ئەم پالاوگەیە و بەم توانا کەمەی بەرهەمی کە لە ڕۆژێکدا تەنها لە نێوان ٣بۆ ٤ هەزار بەرمیل نەوتی خاو دەپالێوێت و بەرهەمەکەشی بەم شێوەیەی خوارەوەیە : بەنزین ٣٧٪ و گازۆیل ١٨٪ و نەوتی سپی ١٨٪ و نەوتی ڕەشیش ٢٩٪یە.کە ئەمە بۆ خۆی بڕێکی زۆر کەمە بەبەراوورد بەو بڕە سووتەمەنیانەی کە لە بەغداد و کەرکوك و بێجیەوە دێت کە بەپێی ڕۆژ کەم و زیاد دەکات و بەم بڕانەی لای خوارەوەیە: بەنزین لەنێوان ٣٠٠-٤٠٠هەزار لیتر و گازۆیل لە نێوان ٦٠٠-٧٠٠ هەزار لیتر و نەوتی سپی لە نێوان ٣٠٠-٤٠٠هەزار لیتردان.

لەلایەکی تریشەوە لەساڵی ٢٠٠٧دا, کاتێك ئەم پالاوگەیە دامەزراوە جێگەکەی هەرچەندە لەسەرەتاشەوە بۆ پالاوگە نەگونجاو بووە . بەڵام بەهۆی کەمی تێچوون و بوونی ئەو ئامێر و کەل و پەلانەی کارگەی شەکر و نزیکی لە کارەبا و ئاو و ناو شاری سلێمانیەوە بەناچاری پەسەندکراوە و تا ڕادەیەکیش ئەو کاتە چوار دەوری پالاوگەکە چۆڵ بوە و وەکو ئێستا نەکەوتۆتە چەقی قەرەباڵغی و نیشتەجێبونەوە و مەترسی کەمتر بوە . بەڵام لە ئێستادا بوون و بەردەوامبوونی ئەو پالاوگەیە لەو جێگەیەدا بەهیچ جۆرێك شیاو نیە و زۆر مەترسیدارە و هەمیشە مەترسی تەقینەوە

و ئاگرکەوتنەوە و گڕگرتن ئامادەبوونی هەیە.هەربۆیە لەدوای ئەم ڕووداوی خنکانی ئەندازیاری نەوتەوە جوانەمەرگ (( تاریق احمد کریم))وە لە یەکێك لە عەمبارەکانیدا پێویست دەکات کە بەبڕیارێك لە لایەن پارێزگای سلێمانی و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەو پالاوگەیە دابخرێت و لەکار بوەستێنرێت و کارمەندانیشی ئازاد بکرێن لە گواستنەوەیان بۆ فەرمانگەکانی تری حکومەت یان بگوێزرێنەوە بۆ پالاوگەی نەوتی بازیان, یان پالاوگەکە بگوازرێتەوە بۆ جێگەیەکی ئەمینتر و گەشە و پێشخستنیشی بەسەردا بهێنرێت .

- ڕووداوەکە چۆن بوە؟

ئەوەندەی زانیاریم هەبێت لەڕۆژی ٢٠١٢/٣/٢١ دا و ٤شەممە و کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی ئەندایاری نەوت (( تاریق احمد کریم )) لێپرسراوی بەشی هاتووی نەوتی خاو و کارمەندێکی تر بەمەبەستی پێوانە کردنی بڕی هەبوو و هاتووی نەوتی خاو بۆ عەمبارەکە کە کارێکی زۆر سادە و ڕۆتینی ڕۆژانەیە و لە بناغەدا کاری ئەندازیار و لێپرسراوی بەش نیە بەڵکو کارمەندێکی تەکنیکی دەتوانێت ئەو کارە بکات چوونەتە سەر تانکی هەڵگرتنی نەوتی خاو و کارەکەیان تەواوکردوەو و لە گەڕانەوەیاندا کە هاتوچۆیان بەسەر پارچە پلێت یان موشەبەکێکی ئاسندا بوە و دانراوە لەسەر تانکیەکە بۆ ئەوەی پێ نەخەنە سەر سەقفی تانکیەکە چونکە ڕزیو و کونبوەو مەترسی هەبووە.بەلام لەلایەك بەهۆی جدیەت و دڵسۆزی ئەندازیاری قوربانیەوە بۆ کارەکەی خۆی ئەو کارەی کردوە و لەلایەکیی تریشەوە پێدەچێت متمانەشی کەمبوبێت بە پێوانەکردنی کەسانی تر بۆیە خۆی ئەو کارەی کردوە.

بەهەرحاڵ کاری پێوانەکردنیان تەواو کردوە و لە گەڕانەوەیاندا یان بەهەڵە پێی کەوتۆتە سەر سەقفی تانکیەکە یان خۆی بۆ ووردبونەوە و لێڕوانین و زانینی ڕادەی بێهێزی و لاوازی سەقفەکە پێی خستۆتە سەر سەقفەکە و بەهۆی ڕزین و لاوازی سەقفەکەشەوە کەوتۆتە ناو عەمبارەکەوە و ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە ڕوویدا وگیانی پاکی بوە قوربانی هەڵەی کەسانی ترەوە.ڕووداوەکەش بەهۆی ئەو کارمەندەی کە لەگەڵیدا بووە زانراوە و گەر ئەو نەبوایە پێدەچوو هەر وونبوایە و کەس نەیدەزانی

ناوبراو لە کوێیەو بۆ کوێ چوە وسەدان گومان و قسەی بێبنەماشی بۆ دروست دەکرا.

بەداخەوە دوای ٢٦ کاتژمێر بە هەوڵ و هیمەتی پیاوانی بەرگری شارستانی و پۆلیسی فریاکەوتن و خەمخۆری زۆری ئیدارەکەی توانرا لە بەرواری ٢٠١٢/٣/٢٢ و کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٥ شەممە تەرمەکەی دەربهێنرێتەوە و ببرێتە دادوەری پزیشکی و دواتر بنێژرێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ڕووداوەکە هەرچۆنێك بوبێت ڕوویدا و گیانی پاکی ئەندازیارێك و خاوەن خەون وعەقڵ و توانایەکی داهێنەری کوردی تیاداچوو. ئایا هۆکار چیە؟ ئایا دەکرا و دەتوانرا ئەو ڕووداوە ڕوونەدات؟ وە کێ بەرپرسیارە؟

بەندە وەك ئەندازیارێکی کیمیاوی و پسپۆڕ لە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا و وەك خاوەن ئەزمونێکی کەمیش لە بواری نەوتدا, لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە تووشی شۆك هاتم کەچۆن دەبێت ئەندازیارێك یان کارمەندێك بکەوێتە ناو عەمبارێکی نەوتەوە؟ بۆچی شۆکبوون؟ چونکە عەمباری نەوتی خاو لەهەموو دونیادا سەر داپۆشراوە و بۆ کاری پێوانەکردنیش پێوەرێکی ئۆتۆماتیکی بەقەدی تانکیەکە و بەڕووی دەرەوەدا هەیە بۆ پێوانەکردنی بڕی هەبووی سووتەمەنی ناو تانکیەکە , ئیدی پێویستی ناکات هیچ کەسێك بچێتە سەر تانکیەکە. خۆ ئەگەر ئەو پێوەرە کاری نەکرد یان متمانە بە خوێندنەوەی نەدەکرا ئەوا کارمەندێك دەچێتە سەر تانکیەکە و لە دەروازیەکەوە و لەماوەی چەند خولەکێکی کەمدا کاری پێوانەکردنەکە ئەنجام دەدات. بۆیە نابێت ڕووداوی کەوتنە ناو تانکی بەهیچ جۆرێك ڕووبدات. پێشم وایە لە مێژووی نەوت و عەمبارکردندا نەك لەکوردستان و عێراقدا بەڵکو لەدونیاشدا ڕووداوی وا نامۆ و دڵتەزێن ڕووینەداوە تاکو ئێستا. بۆیە بە هەموو بۆچونەکان هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکە ڕزین و داخوران و لاوازی سەقفی عەمبارەکە بوە کە لە کانزای ئاسن دروستکراوە. هۆکاری ئەم ڕزین و داخورانەش بریتیە لەوەی کە ئەم عەمبارانە لە بنچینەدا تەنها یەکێکیان بۆ هەڵگرتنی نەوتی ڕەش بۆ بۆیلەرەکانی کارگەی شەکر دروستکراون ئەو دوانەی تریان بۆ هەڵگرتنی شیلەی پاشماوەی شەکر کە بە (( مۆلاس )) ناسراوە دروستکراون کە هەریەکەیان بڕی ٣ملیۆن لیتر

نەوتی خاویان تیادا هەڵگیراوە. و ماوەی زیاد لە ٤٠ ساڵیشە دروستکراون هەندێ کاتیش لەکاردا نەبون و بەتاڵ بوون و زۆر جارانیش بەر بۆردومان کەوتون و لەو ماوە دوور و درێژەشدا کەش و هەوا و گەرما و سەرما کاری لێکردون و لەکاتی هەڵگرتنی نەوتی خاویشدا بەهۆی بوونی پێکهاتەی کبریتی و دروستبوونی شێ لەناو نەوتە خاوەکەدا ژەنگی هەڵهێناوە وتوشی ڕزین و داخوراندن بون و بەمەشەوە لاواز و کون بوون.هەربۆیە پێویستە ساڵانە و بەشێوەی بەردەوام و دەوری سازکاری تیادا بکرێت لە بۆیاخکردنەوە و لەحیمکردن و توندوتۆڵکردنەوەیان.نەك بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پشتگوێبخرێن.

ئاشکرایە لەهەموو کارگە و پرۆژە و پاڵاوگەیەکی پیشەسازی و نەوتدا, کارێکی ئاساییە کە دیاردەی ڕزین و داخوران و لیك و لێچون ڕووبدات لە ئامێر و کەل وپەل و عەمبارەکاندا. بەڵام ئەوە کارێکی نائاساییە کە ئەو خەلەل و کەموکوڕیانە چارەسەر نەکرێن و سازکاری بەردەوامیان تیادا نەکرێت و پشتگوێ بخرێن تاکارەساتی دڵ تەزێنیان تیادا ڕوودەدات. هەربۆیە دەتوانراو دەکرا کە ڕێگە بگیرێت لەو کارەساتە و دەیاتی تریش,وەك دەوترێت چەندین کارمەندی تر لەو ماوەی ساڵانەدا تووشی جۆرەها نەخۆشی کوشندە بونەتەوە. بەڵام بۆ ڕێگری نەکراوە؟ ئاشکرایە یان لەکەمەتەرخەمی یان لە ناخەمخۆری و نادڵسۆزیەوە بوە؟ئەی کێ بەرپرسیارە؟

ئێمە لە پێگەیەکدا نین کە کەس و لایەنی کەمتەرخەم دیاریبکەین, بەڵام لە ڕووی ئیداریەوە ئاشکرایە ئەگەر بودجە و دەسەڵاتی چاککردن لەلای ئیدارەی پاڵاوگە بوە و نەیانکردوە ئەوا ئیدارەی پاڵاوگە کەمتەرخەم و بەرپرسیارە. خۆ ئەگەریش ئەو دەسەڵاتەیان نەبوە و بەنوسراوی ڕەسمی داوای دابینکردنی بودجە و ڕەزامەندیان کردوە لە سەروو خۆیان ,و ئەوان وەڵامیان نەبوە ئەوا سەرووی ئیدارەی پاڵاوگە کەمتەرخەم وبەرپرسیارە.

جا بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکە و زانینی وورد و درشتی ئەو مەسەلەیە پێویست بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی کاراو شارەزاو پسپۆڕ دەکات نەك لیژنەیەکی ئەمنی و یاسایی , پێویستیشە ئەو لیژنەیە لە کەسانی ئەکادیمی و

پسپۆڕ لە بواری نەوت و پەیوەندیدار وبە بەشداری نوێنەری یەکێتی ئەندازیاران پێك بهێنرێت.ئەمەش بۆ دەرخستنی کەس و لایەنی کەمتەرخەم و بەرپرسیار لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆپاراستنی مافی ئەندازیاری قوربانی و کارمەندانی تریش لە ئایندەدا.

- ئەم ڕووداوە ناوازەیە هەندێ ئەرك دەخاتە سەر ئەستۆی:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان کە یاسا و ڕێسای گونجاو و توند دەربکات بۆ پەیڕەوکردنی مەرجەکانی سەلامەتی لەهەموو دام و دەزگاکانی حکومەت و پڕۆژەیەکی نوێدا و بەتایبەتیش پڕۆژە پیشەسازی و مەترسیدارەکان جا حکومی بن یان کەرتی تایبەتی بن.

٢. شارەوانی شار و شارۆچکەکان و لایەنە بەرپرسەکانی تر کە پلانی دانان و دامەزراندنی کارگە و پڕۆژە پیشەسازیە مەترسیدارەکان وەك (( پالاوگەی نەوت و کارگەی غاز و مەوادە کیمیاوی و ژەهراویەکان)) دادەنێن دەبێت زۆر مەرجی توند دابنێن و دووربن لە ئاوەدانی.

٣. لەگەڵ دەستخۆشی بۆ پیاوانی بەرگری شارستانی و پۆلیسی فریاکەوتن و لایەنەکانی تریش کە توانیان لەماوەی ٢٦ کاتژمێردا کارەکەیان بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەن. بەڵام ئەم ڕووداوە لەهەر وڵاتێکی تردا بوایە لاوانەبوو زۆر لەو ماوەیە کەمتر کارەکەیان بکردایە. ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ نادڵسۆزی ئەو لایەنانە , بەڵکو ئاماژەیە بۆ گرنگی پێنەدانی تەواو و زۆر باشی حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ بۆ فەرمانگەکانی بەرگری شارستانی لەڕووی دابینکردنی ئامێر و کەل و پەلی تایبەت و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و ئەزمونی ئەو کارمەندانە لە ڕووی بینینی خولی فێربوون لە دونیای دەرەوە. کە هەق وایە بە جدی بیر لەوبوارەش بکرێتەوە.چونکە ئەو پیاوانە بەر پرسن لە ڕزگارکردنی سەروماڵی خەڵکی و حکومەتیش.

٤.پێویست دەکات لەمەودوا نەخشەی دامەزراندن و بیناکردنی پڕۆژە پیشەسازیەکان بەگشتی و بەتایبەتیش مەترسیدارەکان لەلایەن ئەندازیارانی شارەزاو بە ئەزمونەوە بکێشرێن و لەلایەن یەکێتی ئەندازیارانیشەوە بڕاستێنرێن و

زۆر بەووردی مەرجەکانی سەلامەتی پیشەسازی تیادا بچەسپێنرێن بۆ ڕێگرتن لە ڕووداوی دڵتەزێنی ئاوها.

- لەکۆتاییدا دەڵێین سەد حەیف و مەخابن بۆ لەدەستدانی عەقڵ و توانا ئەندازیارێکی نەوتی گەنجی وەك کاکە تاریق لە ئەنجامی هەڵە و کەمەترخەمی هەندێ لایەن وکەسانی ترەوە و دەپرسم داخۆ کەی بێت نەوتی ئەم کوردستانە ببێتە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ هەژاران و لێقەوماوان و پسپۆڕانی بوارەکە و چیدی بە مایەی شەڕ و هەژاری و لێقەوماوی و لەناوبردنی کوردان نەمێنێتەوە.بەهیوای ئەوەی گیانی پاکی ئەندازیاری هاوڕێم تاریقی جوانەمەرگ بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبوری و دڵئارامیش ببەخشێتە خانەوادە و ٢ منداڵە چاو گەشەکەی و هاوڕێی و دۆستانیشی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٢/٣/٢٨دا و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٦٥ لە٢٠١٢/٣/٣١دا بڵاوکراوەتەوە.

## پیشەسازی شووشە..*

- شوشە لە دێر زەمانەوە بەکارهاتوە و مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ۳۰۰۰ ساڵ پێش زاین و لە زۆر بواردا بەکار هاتوە وەك( پەرداخی شوشە ,ئاوێنە, لەتاقیگەی لێکۆڵینەوەکانی کیمیا و بایۆلۆجی و فیزیادا).

بەکارهێنانی شوشە زۆرن و زۆر بوار دەگرێتەوە, وەك لولە و بۆری شوشەی تاقیگەیی و هاوێنە و کەل و پەلی تاقیگەیی کە زۆربەیان لە شوشە دروستکراون. شوشەی ئاسایی بەشێوەیەکی بەربلاو بەکاردەهێنرێت بەهۆی ڕوونی و شەفافیەتیەوە کە تیشکی خۆر پیایدا تێپەڕ دەبێت.

- مێژووی بەرهەمهێنانی شوشە

تائێستا کات و جێگەی تەواوی دروستکردنی شوشە نەزانراوە, بەلام وای بۆ دەچن کە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە,لە ئەنجامی بەستنی شلمەنیە گڕکانیەکانەوە یان لە ئەنجامی بەریەککەوتنی هەورە بروسکە لەگەڵ لمی تەڕی زەویدا.

ئاماژەکان وانیشان دەدەن کە دۆزەرەوەی شوشە دەریاوانێکی فینیقی سوریای بوە,کاتێك لە گەشتێکی بازرگانی دەگەڕێتەوە لە دەریای ناوەڕاستدا شوشەی دۆزیەوە, کاتێك گەیشتەوە سەر کەناری دەریاکە و خەریکی نان دروستکردن بوون, بەڕێکەوت پارچەیەك لە نیتری ( پێکهاتەی صۆدیۆم) ی خستە ناو ئاگردانەکەوە و ئەو پارچەیە لەگەڵ گڕی ئاگرەکەدا کارلێکی کرد و تێکەڵ بە لمی ووردی سەر کەنارەکە بوو و لە ئەنجامدا (( شلەیەکی لینج )) دروست بوو کە سەرنجی دەریاوانەکەی ڕاکێشا و بینی کە ئەو شلەیە گۆڕا بۆ توخمێکی شەفاف و ڕوون کە بریتی بوو لە شووشە. فینیقیەکان هەستان بە گەشەپێدانی پیشەسازی شووشە و دواتر ناوبانگی بلاوبۆوە,میسریە کۆنەکان شووشەیان بۆ یەکەم جار دەرهێنا لە ساڵی ١٦٠٠ ی پێش زایندا.

پیشەسازی شووشە لە پێشوودا دیاریکراو و ئاشکرا نەبوو و تەنها لەلایەن پیاوانی ئاینی و جادوگەرەکانەوە بوو.لەو کاتانەدا قاپ و پارچە شووشەییەکان دادەنران بە خشڵ و شوشەی نایاب و تەنها لای دەوڵەمەندەکان هەبوون.

پیشەسازی شووشە لە میسر و سوریاوە گوازرایەوە بۆ وولاٌتانی ڕۆمانی و زۆر گەشەی کرد,دوای ئەوەش لەسەردەمی ئیسلامیدا گەشەی گەورەتری کرد و دواتر گەیشتە شاری ڤینیسیا و لەوێشەوە بۆ فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئینگلتەرا.

لەسەرەتادا ئامادەکردنی کەل و پەلە شوشەییەکان بە ڕێگەی فووتێکردن دروستدەکرا,لەسەرەتای ئەم سەدەیەشەوە ئامێری ئۆتۆماتیکی داهات لە پیشەسازی شووشەدا.

ناوی شووشە بە هەموو ئەو مەوادانە دەوترێت کە شەفافن و پێکهاتەکەشیان لە پێکهاتەی شلمەنی دەچێت و ڕەقیەکەشی لە پلەی گەرمای ئاساییدا یەکسانە بە پلەی ڕەقی توخمە ڕەقەکان. شووشە لە باری ڕەقی و شلیدا بلوراتی تیادایە و ناتوانرێت پلەی توانەوەی دیاریبکرێت,چونکە لە دۆخی ڕەقیەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخی شلی بە تێپەڕبوونی بە دۆخی پلاستیکیدا کە ئاستێکی بەرزی لینجی هەیە.

- **سیفاتەکانی شووشە**

١. ڕوونی: شووشە سیفەتی ڕوونیەکی وەك یەکی و خاوێنی هەیە, کە هەموو تیشکە ڕووناکیەکانی پیا تێپەڕدەبێت لە سەروو بنەوشەییەوە تا ژێر سوور, هەروەك چۆن شووشە توانای پێچەوانەکردنەوە و شکاندنەوەی ڕووناکی هەیە و کۆلکەی شکاندنەوەی شووشە لە نێوان( ٤٦٧ر١ – ١٧٩ر٢) دایە و کۆلکەی شکاندنەوە لە شووشەی ڕەصاصدا گەورەتریشە.

٢. ڕەقی : شووشە توخمێکی فشەڵە و زوو دەشکێت و شێوەی ناگۆڕێت لە ژێر فشاردا یان بەرکەوتندا,ڕەقی شووشە بە توانای بەرگری دەناسرێت بۆ ڕووشان و بەریەککەوتن.ڕەقی شووشەش دەگۆڕێت بە جیاوازی پێکهاتەکەی,زیادبوونی ڕێژەی جیر و سلیکا دەبێتە هۆی ڕەقیەکەی.

٣. بەرگری بۆ مەوادە کیمیاویەکان: شووشە بە شێوەیەکی گشتی بەرگری لە گیراوە کیمیاویەکان دەکات جگە لە ترشی فلۆردریك و توێنەرەوە تفتەکان نەبێت کە

شووشە بە ئاسانی دەتوێنێتەوە. وە ئاویش کاریگەری دەبێت لەسەر شووشە گەر بۆ ماوەیەکی زۆر بەر یەك بکەون.

- **پیشەسازی شووشە**

سیلیکا بە توخمی سەرەکی دادەنرێت لە پیشەسازی شووشەدا و ئەمیش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم/ توخمە سەرەکیەکان کە ئەمانە دەگرێتەوە:-

١. لم یان سلیکا: ترشی سلیکۆن بریتیە لە توخمی سەرەکی کە شووشەی ئاسایی لێ دروست دەکرێت و لە لمەوە دەستمان دەکەوێت,لمی بلوری بەکارنایەت لەبەر گرانی و بەرزی تێچوون و دەسکەوتنی, مەرجی سەرەکی لە لمی بەکارهاتوودا ئەوەیە دەبێت کە ڕێژەیەکی بەرزی لە ئۆکسیدی سلیکۆنی تیادا بێت کە دەگاتە ٨٠٪ وەڕێژەی پیسی کەم بێت بە تایبەتیش ڕەنگدارەکان وەك پێکهاتە ئاسنینەکان.

٢. پێکهاتەکانی صۆدیۆم,چونکە ئۆکسیدی صۆدیۆم کار دەکات لەسەر کەمکردنەوەی پلەی تواندنەوە و یارمەتی دروستبوونی شووشە دەدات.

٣. کلس و دۆڵەمەیت: ئۆکسیدی کالیسیۆم یارمەتی ڕەقبونی شووشە دەدات.

٤. فلدسبار: بەکاردەهێنرێت بە شێوەیەکی گەورە و بەشێوەیەکی خاوێن هەروەك چۆن نرخی هەرزانە و بە سانابیش دەتوێتەوە.

٥. بۆراکس: ئۆکسیدی صۆدیۆم و بۆرۆنی تیادایە, کە ئەم توخمە دەتوێتەوە بە شێوەیەکی باش و کۆلکەی ڕاکێشانی شووشەش کەم دەکاتەوە.وەك دەبینین ئەو شووشەیەی کە ڕێژەیەکی گەورەی ئۆکسیدی بۆرۆنی تیادا بێت کتوپڕ ناشکێت ئەگەر گەرم یان سارد بکرێتەوە.

دووەم/ توخمە لاوەکیەکان

ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە زیاد دەکرێت بۆ باشتر کردنی جۆری شووشە وەك توخمە ڕەنگیەکان و خێراکەرەکانی تواندنەوە و ڕوونی وەك ئۆکسیدی ڕەصاص و تیتانیۆم و باریۆم.

- **قۆناغەکانی دروستکردنی شووشە**

دروستکردنی شووشە بە چوار قۆناغدا تێپەڕ دەبێت کە بریتین لە:-

١. تواندنەوە:- توخمە سەرەکیەکان لەسەر شێوەی بۆدرە ئامادە دەکرێت یان تۆپی خڕ و تێکەڵ یەکتر دەکرێن بەڕێژەی کێشی دیاریکراو و دواتر دەکرێنە ناو فڕنێکی تایبەتیەوە نمونەی ئەو فڕنانەش:-

أ. فڕنی جفنە: کە توانای گرتنی بریتیە لە ٢ تەن لە مەوادی سەرەکی و بەکاردێت بۆ دروستکردنی جۆری دیاریکراو لە شووشە وەك شووشەی بینین و جوانکاری.

ئەم فڕنە لە صلصال یان پلاتین دروست دەکرێت,بەڵام صلصال لەوانەیە بەشێکی بتوێتەوە لەکاتی تواندنەوەی شووشەکەدا و لەبەرامبەریشدا پلاتین نرخی بەرزە.

ب. فڕنی حەوزی : بریتیە لە حەوزێك کە لە قرمیدی ئاگری دروستکراوە و دەتوانێت ١٥٠٠ تەن لەمەوادی خاو بگرێت.

٢. دروستکردن: تواوەی شووشەکە سارد دەکرێتەوە بەهێواشی تا دەگاتە قۆناغی دروست بوون بە پلەی داواکراو,دروستبونیش بە دوو ڕێگە دەبێت:-

أ. فووتێکردن و دروستکردنی دەستی: تواوەکە دەکرێتە ناو قاڵبێکەوە و فوی تێدەکرێت یان بە دەم یان بە فووتێکەر.

ب. فووتێکردن بە ئامێر : تواوەکە دادەڕێژرێت و بەهۆی ئامێرێکەوە فووی تێدەکرێت.

پێویستە کاری دروستکردنەکە لە کاتێکی زۆر کورتدا ئەنجام بدرێت, دەبێت شووشەکە لە مادەیەکی هەویریەوە بگۆڕێت بۆ مادەیەکی ڕەق.

٣. ساردکردنەوە: بریتیە لە کرداری ساردکردنەوەی شووشە بە هێواشی بۆ ئەوەی درزبردن و شکاندن ڕوونەدات و جێگەی لاوازیش دروست نەبێت دوای دروستکردنی شووشەکە. ئەم کردارەش بەدانانی کەل و پەلە شووشەییەکان دەبێت لەناو فڕنێکی ساردکەرەوەدا لە پلەی گەرمی ٤٠٠-٦٠٠ پلەی سەدیدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و دواتر سارد دەکرێتەوە بۆ پلەی گەرمی ئاسایی و فڕنی ساردکەرەوەش

درێژییەکەی ١٥-٧٥ مەتر و پانیەکەشی ١-٥ مەتر دەبێت و بەکارەبا گەرم دەکرێت یان بە سووتەمەنی تر.

٤. کۆتایی : لەم قۆناغەدا کەل و پەلە شووشەییەکان پاك دەکرێنەوە و ساف دەکرێن و دەبڕدرێن و پۆلێن دەکرێن.

- **پێکهاتەی کیمیاوی شووشە**

پێکهاتەی کیمیاوی شووشە ناچێتە ژێرباری پەیوەندیە کیمیاویەکانەوە,بەڵکو پێك دێت لە کۆمەڵێك لە ئۆکسیدی کانزاکان..

- **ڕەنگکردنی شووشە**

دروستکردنی شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کۆمەڵێك کانزای ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر شێوەی ئایۆنات, بۆ نمونە: شووشەی زەرد هۆکەی بۆ بوونی ئایۆنی ئاسنی سیانی دەگەڕێتەوە.هەروەها دەتوانرێت ڕەنگی سەوزی شووشە بگۆڕێت بۆ زەرد بە زیادکردنی دووەم ئۆکسیدی مەنگەنیز. بەردە بەنرخە دروستکراوەکان دروست دەکرێن بە زیادکردنی تۆزی کانزا گران بەهاکان وەك مس و زێڕ بۆ تواوەی شووشە کە بە تێکەڵکردنی یان گیراوەی قورس دروست دەکەن.

- **جۆرەکانی شووشە**

١. بێرکس: بەرگری گەرما دەگرێت, لەکاتی گەرمکردنیدا ناشکێت بەهۆی بچوکی کۆلکەی درێژبونیەوە بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی بەرز لە ئۆکسیدی بۆرۆن و قاپی لێ دروست دەکرێت لەگەڵ پیاڵەی چا و شووشەواتی تاقیگەکانیش.

٢. شووشەی زۆر بەهێز سیلیکا ٩٦ : بە بچوکی کۆلکەی درێژبوون و بەرزی پلەی تواندنەوەی جیادەکرێتەوە.

٣. شووشەی چینی: ڕێژەیەکی گەورەی لە ئۆکسیدی ڕەصاص تیادایە. و نەرم دەبێتەوە بە گەرمکردن و لە ئامێرەکانی چاو و خشڵی دروستکراودا بەکاردێت.

جۆرێکی تریش هەیە لە شووشەی صوانی کە ڕێژەیەکی گەورەی لە ئۆکسیدی پۆتاسیۆم تیادایە کە ڕەنگی نیە وزۆر خاوێنە کە لە ئامێرە کارەباییەکاندا بەکاردێت چونکە کارەبا ناگەیەنێت.

٤. ڕیشاڵە شووشەییەکان: بریتیە لە دەزولە و ڕیشاڵی شووشەیی دروست دەکرێت بە تێپەڕکردنی شووشەی تواوە بەسەر تۆڕێکی پلاتینی گەرمکراو بە کارەبا بە شێوەیەکی بەردەوام بەمەش ڕیشاڵی شووشەیی دروستدەکرێت و بەدەوری بۆریەکدا لولپێچ دەکرێت کە بە خێرایی ئەم ڕیشاڵە شووشەییانە بەکار دەهێنرێت وەك توخمێکی گەرمی نەگەیەنەر و لە دروستکردنی جلو بەرگی بەرگریکار لە ئاگر.

٥. شووشەی لێڵی ناڕوون: دروست دەکرێت بە زیادکردنی توخمی ( کە گەردیلەکانی بە شێوەی هەڵواسراون) بۆ تواوەی شووشە بە شێوەیەك کە گەردیلە هەڵواسراوەکان لەکاتی ساردکردنەوەی شووشەکە بە شێوەی لێڵ و ناڕوون دەبن بەهۆی ئەوەی کە تیشکی ڕوناکی پەرش و بلاو دەکەنەوە بەهۆی جیاوازی کۆلکەی شکاندنەوەی گەردیلەکان لەگەڵ کۆلکەی شکاندنەوەی بەشەکانی تری شووشەکە.

- پۆلێنکردنی شووشە بەگوێرەی بەکارهێنانی

١. شوشەی بیناکان: وەك شووشەی پەنجەرە و دەرگا و ئۆتۆمبێلەکان.

٢. شووشەی قاپ و قاچاخ: وەك شووشەی بوتڵ و داودەرمان.

٣. شووشەی بینین : وەك شووشەی هاوێنە و مایکرۆسکۆب و تەلەسکۆبەکان.

- **شووشەی تێکەلاو**

شووشەی تێکەلاو بریتیە لەو شووشەیەی کە ڕەنگ دەکرێت لەکاتی دروستکردنیدا بەهۆی زیادکردنی ئۆکسیدە کانزاکانیانەوە بۆ پێك هاتە سەرەکیەکەی وە دەبڕدرێت بەپێی دیزاینی داواکراو, جا بۆ پەنجەرە بێت یان بۆ هەر بەشێکی تری بینا بێت, دوایی ئەم شووشەیە کۆدەکرێتەوە و پێکەوە دەلکێنرێت بەهۆی تولی کانزاییەوە کە زۆر جاران لە ڕەصاص دروست دەکرێت و هەندێ جاریش لە زنك و مسن.

ناونراوە شووشەی تێکەلاو چونکە شووشەکە دەکرێتە جۆگەلەی تولی کانزاییەوە, کە ئەمەش داڕشتەیەکی ناسراوە لە زمانی عەرەبیدا کە لە ووشەی(( عاشق و معشوق )) وە هاتوە. بۆ نمونە: شووشەی تێکەڵ بە ڕەصاص,عاشقەکە شووشەکەیە و مەعشوقەکە ڕصاصەکەیە,بەهۆی بەکارهێنانی ئەم تولە کانزاییانەوە دەتوانرێت نەخش و نیگاری شووشەیی دروست بکرێت بەو دیزاینەی کە دەویسترێت. شووشەی موعەشەق وەك پیشەیەکی دەستی کۆن ناسراوە کە نەوە دوای نەوە فێری بوون بەدرێژایی مێژوو. دوای

ئەوەی کە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە دروستکردنی شووشە فێر بوو لەلایەن میسریە کۆنەکانەوە ( فیرعەونیەکانەوە) توانیان پیشەسازیەك فێر بن کە بە ( حەوافی میسری) ناسراوە. لەماوەی نێوان ٢٧٥٠-٢٦٢٥ ی پێش زایین بوە.ئەم حەوافە دروست دەکرا بە ڕێگای پێچانەوەی تولێکی ئەستوور لە شووشەی تواوە بە دەوری بارستاییەك لە قوڕێك کە زۆر یەکگرتوو نەبوو بۆ ئەوەی چوارچێوەیەك بۆ ئەو پارچە قوڕانە دروست بکرێت.

ئەم جۆرە شووشەیە لە جۆری ( ناڕوون ) بوو وە زۆر گران بەها بوو, لەسەدەی یەکەمی زاینیدا, ڕۆمانیەکان توانیان کە شووشە بۆ پەنجەرە بەکار بێنن, بەلأم شێوەکانی ڕێك و پێك نەبوو وەزۆر ڕوونیش نەبوو. بەلأم عەرەبەکان زۆر شارەزاتر بوون لەم پیشەیەدا. بەشێك لە پسپۆڕان پێیان وایە کە شووشەی پەنجەرەی عەرەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەهەمی زاینیەوە دەرکەوتوە,بەلأم بەشێکی تریان کە(( ڕاسترە)) پێیان وایە کە شووشەی عەرەبی لەسەدەی دەیەمی زاینیەوە دەرکەوتوە لە قۆناغی بێزەنتیدا لە ئەوروپا. شێوازێکی تایبەتی هەبوە شووشەی پەنجەرەی عەرەبی کە ڕۆژئاوا پێیان دەوت(( مۆریس)) ئاماژە بۆ عەرەبی باکوری ئەفریقیا و مەغریب. ئەم جۆرە لە شووشەیەش, بە یەکێك لەم ڕێگایانە دروست دەکرا, یان بە ڕێگەی هەڵکەندنی بەرد یان مەڕمەڕ و دواتر تێکردنی شووشەکە بۆ ئەو شوێنە هەڵکۆڵدراوانە یان بە ڕێگای دانانی پارچە شووشە لەناو گەچدا پێش ئەوەی وشك ببێتەوە و دوای ئەوەی کە ئەو گەچە دەخرایە چوارچێوەیەکی ئاسنەوە. نمونەش: مزگەوتی شینە لە شاری ئەستانبوڵ لە تورکیا, لەم قۆناغەدا پەنجەرەی عەرەبی بەناوبانگ بوە بە دیزاینی گوڵ و گوڵزار.

ئەوروپا ئەم جۆرە پەنجەرە عەرەبیەیان ناسی کاتێك کە عەرەبی باکوری ئەفریقیا چوونە ناو ئیسپانیاوە, کە وای لە ئەوروپیەکان کرد کە بتوانن گەشە بە شووشەی موعەشق بدەن کە بگونجێت لەگەڵ فەلسەفە و بیروباوەڕ و پێداویستیەکانیاندا.

پیشەسازی شووشەی موعەشق گەشەی سەند بەشێوەیەك بەکارهێنانی ڕصاص و مس بونە جێگرەوەی مەڕمەڕ و بەرد و گەچ. بۆ ئەوەی دیزاینەکەیان جوانتر بێت و باشتر و هەرزانتریش بێت. شووشەی موعەشەق بوە بەرهەمێکی ناوازەی هونەری کە شێوەیەکی جوان دەداتە بیناکان و نرخی وەبەرهێنانی بەرزدەکاتەوە و مرۆڤ هەست بە ئارامی دەکات تیایدا.

- **شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ**

دەست ڕەنگینی و شارەزایی هونەرمەند و پسپۆڕەکان داهێنانی گەورە دروست دەکەن بە وێنەکێشان و ڕەنگکردنی شووشە. وەك ئەوەی بەشێك لە سروشت بە گەڵا و گوڵ و لق و چڵەکانیەوە بۆ ناو ماڵەکان وەك شێوەی باخچەیەکی ڕازاوە . کە بەمەش سیمایەکی جوان و ڕازاوە دەدەنە ماڵەکان.

- ڕازاندنەوەی ئاوێنەکان

هونەری نەخشکێشان و هەڵکەندن لەسەر شووشە هونەرێکی سەربەخۆیە بۆ خۆی بەشێوەیەك لە نێوان جوانی ڕەنگەکان و شکاندنەوەی ڕوناکی لەسەر ڕووی ئاوێنەکان کۆدەکاتەوە.بۆ ئەوەی جوانیەکی نەرم و نیان زیاد بکات بۆ ماڵەکان کە هەستی ئارامی و دڵخۆشی دروست دەکات.

شووشەی موعەشەق دەتوانرێت لە زۆر جێگەدا بەکاربهێنرێت وەك خانوی نیشتەجێ و بازرگانی و مزگەوتەکانیش.دەکرێت لەبەر ڕۆژ دابنرێت بۆ ئەوەی ووردەکاری دیزاینەکە ڕەنگ بداتەوە و تینی تیشکی ڕۆژیش کەم بکاتەوە.هەروەك دەتوانرێت لە دیواری نێوان ژوورەکاندا دابنرێت بۆ نەبینینی ئەودیویتر.ئەو جێگایانەی کە دەکرێت شووشەی موعەشەقی تیادا دابنرێت وەك : گومەز و منارەکراوە ئاسمانیەکان  کە شێوەی جیاوازی هەیە یان لەسەر شێوەی گومەزی دەرپەڕیو یان بۆ ناوەوە یان بەشێوەی هەرەمی هەیە. پەنجەرەکانی گومەزەکان کە شێوەی ئەندازەییان هەیە. ڕووکاری بیناکان کە بەسەر هۆڵ و قادرمەکاندا دەڕوانێت,شووشەی دەرگاکان و منارەکان.

- **جۆر و ڕەنگەکانی تری شووشە**

١. شووشەی تاریك : لە تێکەڵکردنی شووشە و توخمی تن پێك دێت دوای گەرمکردنیان بۆ ١٥٠٠ پلەی سەدی و دواتر ساردکردنەوەیان.

٢. شووشەی ناڕوون : شووشەی ڕوونە , بەڵام ڕەنگی تێدەکرێت بۆ هەڵمژینی تیشکی خۆر و نەبینینی دیوی ناوەوە.

٣. شووشەی دوانی : بریتیە لە دوو چین لە شووشە کە لەنێوانیاندا هەوا هەیە و سوودی ئەوەیە گەرما و سەرما دەگێڕێتەوە.

٤. شووشەی بەهێزکەر: ئەم جۆرە بەرگری گەرما دەگرێت.

٥. شووشەی پەرشکراوی لمی : بەشێوەیەکی تێر لم دەڕژێنرێتە سەر شووشەکە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە شووشەکە شەفاف نەبێت.

٦. شووشەی گۆیی : بەشێوەیەکی تایبەت دروست دەکرێت بۆ سەر باڵکۆن و دەرگای حەمام و سەلاجە و ...هتد.

٧. شووشەی پێچەوانەکەرەوە: شووشەیەکی ئاساییە و بە توێژاڵێکی تەنکی کانزا داپۆشراوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ڕۆژ,وا لە شووشەکە دەکات کەلەو دیوەوە کەس نەبینرێت.

٨. شووشەی ئاوێنە: بەکاردێت بۆ دروستکردنی ئاوێنە.

٩. شووشەی ڕۆژی : بەکاردێت بۆ خانە ڕۆژیەکان کە گەرمی هەڵدەمژێت و دەیگۆڕێت بۆ کارەبا.

- لە کۆتاییدا دەکرێت کە لە کوردستانیشدا هەنگاو هەڵبنرێت بەرەو پیشەسازی شووشە و بەدانانی کارگەی گەورەی سەردەمی . چونکە لەلایەک تەنها یەک کارگەی کۆنی سەدەی ڕابووردوو هەیە لە هەموو وڵاتی عێراقدا و لەلایەکی تریشەوە سەرجەم کەرەسە سەرەکیەکانی ئەم پیشەسازیە لە کوردستان و عێراقدا دەست دەکەون و لەلای سێهەمیشەوە بازاڕێکی گەورەی ناوخۆیی و دەورەبەریش لەبەردەمدایە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان. هەربۆیە کارێکی زانستی و ئابوری سەرکەوتوو دەبێت کە وەبەرهێنان لەم بوارەشدا بکرێت.. بەهیوای ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا لەکوردستاندا بیر و پلانی زانستی و واقعی هەبێت بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێدانی بواری پیشەسازی بەگشتی و پیشەسازی شووشە بە تایبەتی.

سەرچاوە:
=====

پێگەکانی ئینەتەرنێت

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٤٠ لە بەهاری ٢٠١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە
# بۆ سیاسەتی نەوتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان *

• ئاشکرایە کە بنەمای دامەزراندن و چەسپاندنی هەر دەوڵەتێك وەستاوەتە سەر چەندین پایەی بەهێز لە ڕووی سیاسی و ئابوری و پەیوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و ...هتد.کە بە هەموانیان دەبنە بناغە و بنچینەیەکی پتەو و بەهێز بۆ ڕاگرتنی ئەو دەوڵەتە لەسەر پێی خۆی و بەرگریکردن و پارێزگاریکردنیش لە سەروەریەکەی. جا هەر کاتێك نەتوانرا ئەو پایە و بنچینانە دروستبکرێن و دابمەزرێن و پێکەوەش گرێبدرێن ئەوا ناتوانرێت بەردەوامی ئەو دەوڵەتە مسۆگەر بکرێت. و هەرکاتێکیش یەکێك لەو پایانە بێهێز و لاواز بوو و نەیتوانی ڕۆڵی خۆی بگێرێت ئەوا کاریگەری خراپیش دەکاتە سەر ئەوانیتریش و ئەنجامیش دەوڵەتەکە ڕووبەڕووی دەیان مەترسی و هێرش و پەلاماردان دەبێتەوە.

ئەم ڕاستیانە گەر بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی خاوەن مێژوو ڕابووردووی خاوەن سەروەری و دەوڵەتداری ڕاست و زۆر پێویست بن, ئەوا بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگایەك کە گەرەکێتی تازە بە تازە خۆیان بنیاو پێکەوە بنێن بەدەیان جار گرنگتر و کاریگەرترن.

لەم سەردەمەی ئێستاشدا کە ڕۆڵی سیاسەت لەبەرامبەر ڕۆڵی ئابوری و پێگەی جوگرافیدا کاڵ بۆتەوەو لە ئێستادا بەپێچەوانەی ڕابووردووەوە ئابوری جڵەوی سیاسەتی کردووە و بەدوای خۆیدا کێشی دەکات. کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ گرنگی ڕۆڵی ئابوری و سەرمایە و بازرگانی و ئاڵوێر و پەیوەندیە ئابوریەکان لەسەر حسابی پەیوەندی و نفوزی سیاسی.

ئاشکراشە لەو وڵاتانەی کە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەکانی سامانە سروشتیەکان و بەتایبەتیش نەوت و غازی سروشتی, ئەوا ئەو دوو پێکهاتەیە بونەتە کۆڵەکە و سەرچاوەی سەرەکی داهات و بودجەی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایانە.هەرواش بە دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەند و خۆشگوزەران دەناسرێن و ڕۆڵ و کاریگەری و پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیشیان گەورەو بەرچاو و کاران هەرچەندە لە قەوارەی سیاسی و ژمارەی دانیشتوانیشیاندا بچوك و کەم بن.نمونەی ئەو وڵاتانەش

هەموو ولاّتانی عەرەبی کەنداو و یابان و ئەڵمانیا و کۆریایی باشور و ...هتد.کە بەهۆی قورسایی و بەهێزی ئابوریانەوە نەك سیاسیانەوە بونەتە پێشەنگ و دەمڕاست لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵتیشدا.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە, خوێندنەوەیەکە بۆ سیاسەتی نەوتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا. و پرسیار ئەوەیە, ئایا ئەم سیاسەتە نەوتیەی حکومەتی هەرێم ڕاست و دروستە؟ ئایا لەگەڵ یاسا و دەستوری عێراق و نێودەوڵەتیدا دەگونجێت؟ ئایا ئەم سیاسەتە نەوتییە لە بەرژەوەندی ئێستا و ئایندەی کوردایەتیدایە؟ یان تەنها لە بەرژەوەندی حیزبێك, سەرکردەیەك, گروپێك کەسی کەمدایە؟ ئایا ئەم سیاسەتە نەوتیە کە ئەم هەموو هەلاّ و تەنگژە سیاسیەی عێراقی تیادایە و لێکەوتۆتەوە شایەنی ئەو سەرکێشیەیە کە مەترسی لە دەستدانی ئەم هەرێمەشی لێدەکرێت؟ئایا ئەم سیاسەتە نەوتیە سەرجەم هێزە سیاسیەکان و جەماوەری کوردستانیشی لەخۆی کۆکردۆتەوە, یان هێندەی تر بۆتە جێگەی ناڕەزایی و توڕەبوون و گومان دروستکردن لای جەماوەر؟

سەرەتا دەبێت هەندێ ڕاستی وە بیر خۆمان بێنینەوە کە نەوتی کوردستان لە دێر زەمانەوە و تاکو ئێستاش نەبۆتە مایەی خێر و خۆشی بۆ کوردستان و بەڵکو هەمیشە مایەی پەلاماردان و داگیرکردن و قاتوقڕی بوە بۆ کوردان, لەلایەن زلهێزەکان و داگیرکارانی کوردستانەوە.چونکە لەبەر دەوڵەمەندی کوردستان بە نەوت و باشی جۆری نەوتەکەی , کوردستان بۆتە جێگەی چاوتێبڕین و تەماع بۆ داگیرکردنی و بەمەش تەنها کورد لەناوبردنی بۆ ماتەوە نەك خێر و خۆشی.



## نەخشەی نەوتی کوردستان

بەڵام خۆشبەختانە و لەدوای ڕزگارکردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا و دواتر پێك هێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا و دواتریش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ٢٠٠٣دا, سەرکردایەتی کورد بەگەرمی بیری لەوەبەرهێنان و دەرهێنان و فرۆشتن و سوودوەرگرتن لەنەوتی کوردی کردەوە و ئەوەبوو لەسەردەمی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەزگایەکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دامەزراند و دەستکرا بەهەڵدانەوەی بیرە نەوتەکانی تەق تەق وشیواشۆك و دروستکردنی پاڵاوگەیەکی سەرەتایی بەدەست و بیر و بازووی ئەندازیاران و تەکنیککاران و کرێکارانی کورد و توانرا لە ١٩٩٧/١٢/٥دا بۆ یەکەم جار نەوتی کوردی بەدەستی کورد خۆی دەربهێنرێت و بپاڵێورێت و سوودی لێوەربگرێت,ئەم کارەی حکومەتی هەرێمی ئەو کاتە هەنگاوێکی زێدەگرنگ بوو بۆ سوود وەرگرتن لەو سامانە بە بەهایە کە دوژمنانی گەلەکەمان چاویان بەو دەسکەوتەدا هەڵنەدەهات و بە مەترسی بۆ سەر خۆیان و ئایندەیان حساب دەکرد و زۆر کەس و لایەنیش بڕوایان نەبوو بەوەی کە کورد بۆ خۆی ئەو کارەی کردبێت.هەر لەدوای ئەم هەنگاوەوە ئیدی کابینە یەك لەدوایەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامە و پلانی مەرکەزییان دانا بۆ گرنگیدانی زیاتر بەبواری نەوت وبەتایبەتیش دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ٢٠٠٣دا چونکە کوردستان زیاتر کرایەوە بەسەر دونیایی دەرەوەدا.

لەناو سەرجەم کابینەکاندا کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ و گرنگیەکی زیاد لە پێویستی داوە بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ئەو بوارە و سیاسەتێکی ڕاست و دروستی گرتۆتەبەر بەهاندانی کۆمپانیا جیاوازەکانی دونیا بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت لە کوردستاندا و توانیشی کوردستان بکاتە جێگەی چاوتێبڕین و کارکردن و هاتنی ئەو کۆمپانیایانە و دەستکردن بە کاری گەڕان و هەڵکەندن و دۆزینەوەی نەوت و دەرهێنانی و فرۆشتنیشی لە بازاڕەکانی دونیاشدا.توانی چەندین گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا ناودار و بچوك و مامناوەندە نەوتیەکانی دونیا لە ئەمریکی و بەریتانی و فەڕەنسی و کۆریی و

نەرویجی و ..هتد. وەك کۆمپانیاکانی ئیکسۆن مۆبێل و زەرفۆرد و جەنەڕاڵ ئەلکتریك و هلال و دی ئێن ئۆ ئیمزا بکات. پێشبینیش دەکرێت کە کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتی فەڕەنسی توتاڵ و کۆمپانیای شتاتی نەرویجیش لەچەند مانگی داهاتوودا گرێبەستی گەڕان بەدوای نەوتدا لەکوردستاندا ئیمزا بکەن هەروەك وەزیری سامانە سروشتیەکان ڕایگەیاندوە لە کۆنگرەی وزە لە شاری لەندەن لەڕۆژی سێشەمە لە ٢٠١٢/٦/١٩دا .هەرچەندە وەك ئەوەی باس دەکرێت کە کەموکوڕی یاسایی و دارایی لەو گرێبەستانەدا هەن چونکە بە سوودی گەورەی ئەو کۆمپانیایانە تەواو دەبێت نەك کوردستان چونکە گرێبەستەکان لە جۆری ( گرێبەستی شەراکەتن) و بەمانای ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە دەبنە شەریکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و زۆربەی داهاتەکان بۆ ئەوانە و بەڕێژەی زیاد لەپێویسێت پێیان دراوە و ماوەی کارکردنەکانیشیان دوورو درێژە...چەندین ڕەخنە و گازندەی تریش..وەك ناشەفافی و ناڕوونی ئەو گرێبەستانە و نەهاتنی داهاتەکان بۆ ناو بودجەی گشتی و وەرگرتنی شیرینی ئەو گرێبەستانە لەلایەن دوو حیزب و سەرکردەی باڵادەستی کوردستانەوە و بۆ خزمەتکردنی حیزبەکانیان نەك بۆ میللەت.

بەڕای خەڵکانی پسپۆڕ لەبواری نەوت و لەبەر پێگەی سیاسی کوردستان وەك هەرێمێکی ناسەربەخۆ و نەبونی سەروەری و پەیوەست بە دەوڵەت عێراقی مەرکەزیەوە, ئەم هەنگاوە و سیاسەتە نەوتییە کارێکی گەلێك گەورە و مەزنە, چونکە توانیویەتی ڕای کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکان ڕابکێشێت بۆلای کوردستان و ئەو مەترسیانە بڕەوێنێتەوە کە هەیانە لە تیرۆر و کاری تێکدەرانە و هانیداون کە کاری وەبەرهێنان بکەن لە کوردستاندا, هەروەها ئەم سیاسەتە نەوتیە بۆتە هۆی زیاتر ناسین و دروستکردنی پەیوەندی توندوتۆڵی ئابوری لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش لەگەڵ کوردستاندا و کوردستان لە ئێستادا تێکەڵاوی تۆڕە ئاڵۆز و لێکگرێدراو و تێکچڕژاوە ئابوریەکانی دونیا بوە و ئەمەش هێندەی تر پێگەی سیاسی و ئابوری کوردستانی سەنگین کردوە و ناتوانرێت بە سانایی کورد و کوردستان پەراوێز بخرێن.و هەر بەهۆی ئەم سیاسەتەشەوە بوە کە کوردستانێکی بچوکی

نەناسراو و هەرێمێکی ناسەربەخۆ بخرێتە سەر نەخشەی غاز و نەوتی دونیاوە کە ئەمە بۆ خۆی دەسکەوتێکی گەلێك مەزنە.




نەخشەی نەوت و غازی سروشتی کوردستان

ئەم سیاسەتە نەوتیەش وەك ئاشکرا کرا بە پێی ڕێکەوتنێکی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی بەغدا بوە لە شوباتی ٢٠٠٧دا کە هەردوولا بۆیان هەیە کە کاری گەڕان و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گرێبەست ئیمزا بکەن تا ئەوکاتەی یاسای گاز و نەوت لە پەرلەمانی عێراقەوە دەردەچێت بەبێ گەڕانەوە بۆ لای یەکتری. ئەوەتا تائێستاش ئەو یاسایە دەرنەچوە لەگەڵ ئەوەی کە یاسای گاز و نەوت لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە و هەرکاتێکیش یاسایەك لە هەرێم هەبوو لەناوەند نەبوو ئەوا ئەولەویەت بۆ یاساکەی هەرێم دەبێت هەربۆیە ئەم سیاسەتە نەوتییەی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا و دەستوری عێراقدایە و داهاتەکەشی دەچێتە خەزێنەی ناوەندەوە و تەنها ١٧٪ دێتەوە بۆ کوردستان. بەڵام گەر دەرچوونێك هەبێت لە ستانداری

جیهانی لەو گرێبەستانەدا ئەوا بەدڵنیایی بۆ زیاتر هاندان و چەشەکردنی ئەو کۆمپانیایانە بوە بۆ هاتنیان بۆ ناو کوردستان چونکە ئاشکرایە ئەو کۆمپانیایانە سەرکێشی بە مەکائین و توانا و داهاتی خۆیانەوە ناکەن و بێن لەناوچەیەکی مەترسیداردا کار بکەن و هەربۆیەش هاتوون چونکە تەواو دڵنیابوون و ڕەزامەندی وڵاتەکانیشیان وەرگرتوە و یاسای وڵاتەکانیشیان ڕێگەی پێداون.

ئاشکرایە بەردەوامبوونی ئەم سیاسەتی نەوتیەی کوردستان بۆ ماوەی ٦-٧ ساڵە بەهۆی لەلایەك بۆ باشی جۆری نەوتی کوردستان و کەمی تێچوونی بوە بەبەراوورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا.

چونکە جۆری گرێبەستەکانی لەگەڵ بەغدادا لە جۆری (( گرێبەستی خدمەیە)) بەمانای ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە تەنها بڕێك پارەی کەم لەهەر بەرمیلێك زیادەدا کە بەرهەم دێت وەردەگرن کە ئەویش لە ١-٥ دۆلار تێپەڕ ناکات هەروەها بەهۆی کارئاسانی و سوودمەندبوونی دەوڵەتانی ناوچەکەشە لەو کارە و بەتایبەتیش تورکیا و ئێران و زلهێزەکانیشە, بۆیە بەم شێوەیە جۆرە ڕەزامەندیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشی وەرگرتوە, ئەوەتا حکومەتی ئەمریکی ناتوانێت یان نایەوێت ڕێگە لە کۆمپانیای زەبەلاحی ئیکسۆن مۆبێل بگرێت لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەبواری نەوتدا کە لە ١٨مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١١دا گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئیمزا کردوە بۆ وەبەرهێنان لە ٦ کێڵگەی نەوتی کوردستاندا کە هەندێکیان دەکەونە ناوچە جێناکۆکەکان لە پارێزگای موصڵدا کە حکومەتی بەغداد دژایەتی دەکات,چونکە ئەو کۆمپانیایە بە سەفیری ئابوری ئەمریکا دادەنرێت لە دونیادا و زۆرێك لە گەورە لێپرسراوانی ئەمریکا و دوو حیزبە گەورەکە و بەتایبەتیش حیزبی کۆماریەکان پشکیان هەیە لە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبێلداو ناتوانن دەست لەو قازانجە گەورەیە هەڵبگرن کە دەستیان دەکەوێت لە کوردستاندا,سەرەڕای گەورەیی قەوارەی قازانجەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا. ئەو کۆمپانیایانە و حکومەتەکانیشیان باش دەزانن کە کوردستان دەروازەی گەورەی نەوت و غازی سروشتی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ئایندەدا کاتێك لە ئێستادا ساڵی ٢٠١٢ بەرهەمی ڕۆژانە بریتیە لە ٢٥٠٠٠٠ بەرمیل و پێشبینی

دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٤ دا ببێت بە ١ ملیۆن بەرمیل و لە ساڵی ٢٠١٩ شدا ببێتە ٢ ملیۆن بەرمیل هەروەك وەزیری سامانە سروشتیەکان ڕایگەیاندوە لە کۆنگرەی وزەی نێودەوڵەتی لە هەولێر لە ٢٠١٢/٥/٢٠دا دوای ئەوەی کە هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوت دادەمەزرێت لەگەڵ ولاتی تورکیادا ,کە ئەمەش قەوارە و گەورەیی و گرنگی کوردستان دەردەخات بۆ هەموو کۆمپانیاو ولاتانی ناوچەکە و دونیاش و بەتایبەتیش ئەوروپای هەژار لەنەوت و غازی سروشتیدا و نزیکترین جێگەش بۆ دەسکەوتنی ئەو سامانە گرنگ و ژیارییە بۆیان کوردستانە لە ڕێگەی تورکیاوە.بەلام تەنها حکومەتی ناوەندی بەغدادە کە دژی ئەم سیاسەتی نەوتیی کوردستانەیە کە ئەویش تەنها پاڵنەری گەورەیی و خۆ بەزلزانین و سیاسەتی هەڵەی مەرکەزیەت و سەردەمی شۆڤێنی و دیکتاتۆریەتی لەپشتەوەیە, و بەمەترسی دادەنێن بۆ ئایندەی عێراق و نایانەوێت ئەو ڕۆژە ببینن کە کورد ببێتە خاوەنی نەوتی خۆی و بۆ سوود وکەڵکی کوردو کوردستان بەکاریبێنێت و گەرەکیانە هەر وەکو جاران بیدەنە چەك و تەقەمەنی و بەسەر کورددا بیڕێژنەوە.هەربۆیەش بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە و بەتایبەتیش ئەمساڵ حکومەتی بەغداد هەموو کارێکی گرتۆتە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە و کارەی حکومەتی هەرێم بە هەڕەشە و گوڕەشە لەو کۆمپانیایانە و حکومەتەکانیشیان, بەلام تائێستا بۆی نەچۆتە سەر و پێشدەچێت بۆی نەچێتە سەر چونکە سیاسەتە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان بەپێچەوانەی ئاڕاستەی بەرنامە و بیرکردنەوەی حکومەتی مەرکەزین لە بەغداد..

سووربون و بەرداومبوون لەسەر ئەم سیاسەتە نەوتیە بەدڵنیایی بە سوود و قازانجی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەشکێتەوە گەرچی لە ئێستادا بەچاونابینرێت و هەستی پێناکرێت و لێرەو لەوێ ناڕەزایی و گومان هەیە, بەلام لە دوور مەودادا نەوت و گازی سروشتی کوردستان دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندبوون و بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی زیاتری سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و کوردستان پێگەیەکی گەورە و پێشەنگی دەبێت لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە لە ناوچەکەدا.گەر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بە تێڕوانین و بەرنامەیەکی نەتەوایەتی و نیشتیمانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەوا دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ

دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەهێز و دەوڵەمەند و دەشتوانرێت هەر بەهۆی ئەم نەوتەوە تۆڕێکی پەیوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی گەورە و فراوان و بەهێزیش دروستبکرێت بۆ پشتیوانی لە هەر هەنگاوێك بنرێت بەو ئاڕاستەیە.کارێکی زەرورە کە سەرکردایەتی کورد و حکومەتی هەرێم بەرداوەم بێت لەسەر ئەم سیاسەتە بەمەرجێك وابکات کۆدەنگیەکی سیاسی و جەماوەری بۆ ئەم سیاسەتە نەوتیە بەدەسبێنێت بۆ پشتیوانی لێکردنی و هەموو گومان و ڕەخنە و گازندەکانی جەماوەر و لایەنە سیاسیەکانیش بڕەوێنێتەوە بەوەی کە ئەم بوارە گرنگە دوور بخرێتەوە لە گەندەڵی و مشەخۆری و مەحسوبیەت و مەنوسبیەت وبەکارهێنانی تەنها بۆ بەرژەوەندی حیزب و سەرکردە و گروپ و کۆمپانیاکان.هەموو داهاتەکان بەشێوەیەکی شەفاف و ڕوون بخاتە ناو بودجەی گشتیەوە و بۆ خزمەتکردنی کوردو کوردستان بەکاریبێنێت.هەربەمەش سەرکەوتن و پشتیوانی جەماوەر بەدەستدێت بۆ ئەو حیزب و سەرکردەیەی کە توانیویەتی سیاسەتێکی نەوتی ڕاست و دروست دابڕێژێت.

ئەم سەروەت و سامانە گرنگە دەکرێت هەندێ سەرکێشیشی پێوە بکرێت چونکە ئێستا و ئایندەی گەلەکەمانی پێوە بەندە وناشبێت لەبەرانبەر حکومەتی ناوەندا پاشەکشەی لێبکرێت بەبەهانەی ئەوەی کە سامانە سروشتیەکان لە دەسەلاٌتی حکومەتی ناوەنددایە و پێشێلکردنی دەستوری هەمیشەییە چونکە تەنها ئەو مادەیە لەدەستور پێشێل نەکراوە تاکوردیش هیچ مادەیەك پێشێل نەکات ئەوەتا مادەی ١٤٠ و بودجە و هێزی پێشمەرگە و فیدڕاڵیەت و ..هتد هەموانیان پێشێل کراون و کەسیش باسیان ناکات..لە ئێستاش و ئایندەشدا وزە بۆتە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی ململانێکان و بەردەوامیش دەبێت , هەربۆیەش دەبێت کورد لەم ململانێیەدا نەدۆڕێت.

لەکۆتایی ئەم خوێندەوەیەماندا بۆ سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێین پێویستە حکومەتی هەرێم سووربێت لە سەر بەردەوامی و پیادەکردنی ئەم سیاسەتە و زۆر زیاتریش لە ئێستا هەنگاو و هەوڵی بەردەوام بدات بۆ هێنان و ڕاکێشانی سەرنجی کۆمپانیاو وڵاتانی دونیا بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێت و هەوڵی دامەزراندنی تۆڕێکی پەیوەندی تێکەلاٌو و پتەو بدات لەگەڵ هەموانادا بۆ قازانج و

سوودی ئایندەی مەسەلەی کورد بەکاریان بێنێت , و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم سیاسەتە نەوتییەی و ئەو هەنگاوانەی کە هاویشتۆتی قۆناغی زۆر باشی بڕیوە بەلاّم بۆ تەواوکردن و سەرخستنی و زیاتر گەشەپێدانی ئەم سیاسەتە پێویستە بیر و پلانی وورد دابڕێژێت بۆ ڕاکێشانی و دامەزراندنی تۆڕێکی گشتگیر و تەواوی بۆری بۆ گواستنەوەی نەوت بۆ بەندەرە جیهانیەکان و دامەزراندنی پالأوگەی نەوتی گەورە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوخۆ لەهەموو جۆرە سووتەمەنیەکان ,لەبەرانبەریشدا پێویستە زیاتر لەگەلْ لایەنە سیاسیەکان و جەماوەری گەلەکەشماندا لەبواری نەوتدا ڕاشکاوانەتر و ڕوونتر بێت بۆئەوەی سەنگەرێکی مەحکەم دروست بکات و ئامادەباشیەکیش هەبێت بۆ هەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو.چونکە گەر جەماوەر خۆی بەخاوەن و بە سوودمەند بزانێت لە داهاتی نەوت و بشزانێت ئایندەی خۆی و نەوەکانی و ولأتەکەشی پێوە بەندە ئەوا بەدلْنیایی خۆشی بۆ دەدا بەکوشت و قوربانی بۆ دەدات بەلأم گەر هەست نەکات ئەو نەوتە بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەیی و بۆ ولأتەکەیە ئەوا دەیان جار پشت دەکاتە حکومەتەکەی وپارێزگاری و بەرگریشی لێناکات.

لەکۆتاییدا دەلْێن لەگەلْ هەموو کەموکوڕی و گازندە و گلەییەکاندا ئەم سیاسەتە نەتییەی کوردستان جێگەی دەستخۆشیە و سەرفرازی بۆ ئەو سەرکردە و سیاسەتمەدار و ئەندازیاری سیاسەتی نەوتییی کوردیەی کە توانی کورد و کوردستان بخاتە سەر نەخشەی نەوت و گازی سروشتی لەدونیاداو گەشەو پێشکەوتنێکی بەرچاویش بداتە بواری نەوت لە کوردستاندا.و ئاشکراشە کە کاری گەورەو مەزن هەر لە سەرکردە و ڕابەری مەزنیش دەوەشێتەوەو مێژووش ناو و ناوبانگی بەنەمری تۆمار دەکات.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤١١٩ لە ٢٠١٢/٧/١٨دا بلأوکراوەتەوە.

# پیشەسازی کاغەز *

- **پێناسە**

کاغەز بریتیە لە توخمێکی ڕووتەختی ناسك کە لە ڕێگەی فشار بەکارهێنان بۆ سەر ڕیشاڵە سلیلۆزیەکانی سەوزەواتەوە بەرهەم دێت,ڕیشاڵەکان لە زۆر کاتدا سروشتین کە لە بنچینەدا لە سلیلۆز پێك دێن,توخمی ئەو لاپەڕانەش بەکاردێن بۆ نوسین و چاپکردن و بەرگتێگرتنی دیوار و ناومالْ و کیسە و چێشتخانە و ...هتد.

- **ناسینی زیاتری کاغەز**

جیاوازیکردن لە نێوان کاغەز و توخمی تردا ئاسانە,بەلاّم سەختە جیاوازی بکرێت لە نێوان هەندێ جۆری دیاریکراوی کاغەزدا.بۆ ناسینەوەی کاغەزی تازە ئەوا بەرواری بەرهەمهێنان باشترین ڕێگەیە بۆ ناسینی جۆری کاغەزەکە,لەدوای سالْی ١٨٢٠ وە کاتێك توخمی تر بەکارهێنران لە بەرهەمهێنانی کاغەزدا وەك توخمە سپیەکان و توخمە یارمەتیدەرەکان و توخمی کیمیاوی تر کە بونە هۆی ئالۆزبوونی ناسینەوەی جۆری کاغەز, کە ناتوانرێت جۆری کاغەز بناسرێتەوە تەنها لە ڕێگەی شیکردنەوەی کیمیاویەوە نەبێت بۆ ڕیشاڵەکان.

جیاوازی هەیە لە نێوان کاغەزی دروستکراو بەدەستی و کاغەزی دروستکراو لە ڕێگەی ئامێرەوە,دیارترین جیاوازیشیان بریتیە لە ڕێکخستنی ڕیشاڵەکان لەگەلْ یەکتردا.کاغەزی دروستکراو بەدەست لەبەرئەوەی ڕیشاڵەکان بە شێوەیەکی ناڕێك و پێك ڕێکخراون ئەوا بەهێزترە لە کاغەزی دروستکراو بە ئامێر چونکە ڕیشاڵەکان هەموویان لە تەنیشت یەکەوە وبەیەك ئاڕاستە ڕێکخراون لاوازترن و بە ئاسانی دەدڕێن.

بەهۆی کرداری زوو دڕاندنی کاغەزی نوێەوە,هەولْی زۆر دراوە کە لە ڕووی کیمیاویەوە جێگیرتر بێت,و هەولْدرا کە کاغەزی نویْ بە توخمی تفت بەرهەم بێت لە جیاتی توخمی ترش, بەمەبەستی بەهێزکردنی و لەبەرئەوەی کاغەزی دروستکراو لە ترشەکان دەبوە هۆی پیسبوونی ئاوەڕۆکان و هەوا و خاکیش و هەربۆیە حکومەتەکان بڕیاریاندا کە کاغەزی زیاتر خاوێن و کەمتر پیسکەر بەرهەم بێنن.

بۆیە لە ئێستادا زۆربەی ئەو کاغەزانەی بەرهەم دێن لەولاتە پیشەسازیەکاندا تفتن نەك ترش,بەلام تاکو ئێستاش لەبەر هەرزانی نرخی کاغەزی تەختەی زەمینی کە بەرهەم دێت بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکان و هەندێ کاری تر کە هەمیشەیی نین, و بەخێرایی دەدڕێن. کە ئەمەش کێشەی گەورەی دروستکردوە لە کتێبخانەکان لە جیهاندا.چونکە بەرهەمهێنانی ئەو کاغەزانە لە توخمە ترشەکانن و کەش و هەواش گونجاو نیە بۆیان.

- **مێژووی کاغەز**

وەکو دەزانین چاکەی دۆزینەوەی توخمی کاغەز دەگەڕێتەوە بۆ چینیەکان کە توانیان بەرهەمی بهێنن لە سەدەی یەکەمی زاینیدا,ئەوەش لە ڕەگی ڕوەکی خەیزەرانەوە( بامبۆ) وە دەستیان پێکرد کە ناوەکەی بۆشە و هەروا لە جل وبەرگی بێکەلك و تۆڕی ڕاو و گژوگیای چینی, ئەم توخمانە چاك دەکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بەشێوەیەك کە دەکوترێن, دوای ئەوەی کە دەشۆرێن و ڕەنگەکانیان نامێنێت,لەئاشی تایبەتدا تا دەگۆڕێت بۆ هەویرێکی نەرم و دواتر هەندێ ئاوی بۆ زیاد دەکرێت تا وای لێدێت وەکو شلەی صابونی لێدێت,دوای ئەوەی کە تێکەڵەکە دەپاڵێورێت ڕیشاڵە یەکگرتوە ماوەکان وەردەگیرێت بە ووریاییەوە بۆ ئەوەی بلاوبکرێتەوە لەسەر پلێتی ڕووتەخت بۆ ووشککردنەوەیان بە گەرمی خۆر. دواتر ڕووی کاغەزەکان ساف دەکرێن بەهۆی تێکەڵەیەك لە نەشا و ئارد و دواتر جارێکی تر وشکدەکرێتەوە, بەم شێوەیە کاغەزێك دەستدەکەوێت کە بۆ بەکارهێنان ئامادەیە.

- **پیشەسازی کاغەز**
- پێشکەوتنی پیشەسازی کاغەز:

پیشەسازی کاغەز بە بەردەوام لە پێشکەوتندایە و زیاتریش گرنگی پەیدا کرد کاتێك گۆتەنبەرگ یەکەم چاپخانەی دۆزییەوە, لە گەڵیدا گرنگی درایە جۆرە جیاوازەکانی کاغەز,تەکنەلۆژیای نوێش ڕۆڵی خۆی بینی لەو پیشەسازیەدا, تاوای لێهات کە کارەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو کە تەنها وەك کاغەزی چاپ و بەرگتێگرتن بەکار بێت,بەشێوەیەك جۆر و شێوەی جیاواز لە کاغەز دروست بوو کە هەریەکەیان

ڕۆڵێکی دیاریکراو دەبینێت بە گوێرەی سەرچاوەی یەکەمی کە لێوەی بەرهەم هاتووە.

هەندێ کاغەز هەن کە لە بنچینەدا لە درەختی کێوی وەرگیراوە, کە ئاسایی لە ناوچە ساردەکانی ئەوروپادا هەیە,هەندێ کاغەزی تر هەیە کە تێرکراوە بە ڕیشاڵی سلیلۆزی بۆ ئەوەی کە لوسی قوماش و باق وبریقەکەی وەربگرێت.یان لەبەرئەوەی سیفاتی چاك بدات لەکاتی چاپکردن لەسەری و بەکارهێنانی مەرەکەبی گونجاو , کە سەرچاوەی سەرەکیان بریتیە لە لۆکە و درەختی ئورز و قامیشی مژین.

پیشەسازیەکە تەنها لەسەر ڕێگە و جۆرەکانی کاغەزەوە نەوەستاوە,بەڵکو سیفاتی زۆر ووردتر و ئاڵۆزتر هەن, بەشێوەیەك ئامێری تایبەت هەن بۆ پێوانەی بریقەدانەوەی ڕووی کاغەز.و ئامێر هەیە بۆ پێوانەی هێز و توندوتۆڵی و بەرگری کاغەز کە بەکاردێت بۆ کرداری تێگرتن و ئامێر هەیە بۆ پێوانی ڕێژەی ترشی و تفتی.

- **ئامادەکردنی کاغەز**

کاغەز ئامادە دەکرێت لە ڕیشاڵی سلیلۆز کە هەیە لە دیواری هەموو خانە ڕوەکیەکاندا, کاتێك تێکەڵەیەك لە ئاو و ڕیشاڵ دەپاڵێورێت لە ڕێگەی بێژنگێکی ووردەوە, ڕیشاڵەکان لەگەڵ یەکدا تێك دەئاڵێن و بەمەش پلێتێکی تەنك لە کاغەز دروست دەبێت,کاتێك ئەو کاغەزە تەنکە تەڕە وشك دەبێتەوە ئەوا بۆندی کیمیاوی لە نێوان گەردیلەکانی ڕیشاڵە سلیلۆزەکاندا دروست دەبێت بەمەش هێز دەداتە بەر کاغەزە تەنکەکە, تەختە دادەنرێت بە سەرچاوەی سەرەکی ڕیشاڵی پیشەسازی کاغەز و تێگرتن و پڕکردن.

- **ڕۆڵی سلیلۆز**

لە زۆرترین توخمە ئەندامیەکانە کە بڵاوە لەسەر زەوی , کە دیواری خانە ڕوەکیەکان پێك دێنێت و ڕۆڵێکی ڕاگیرکەری دەبێت, سلیلۆز پێکدێت لەگەردی پۆلیمەری کە زنجیرەیەکی سادە پێك دێنێت کە لە ئەنجامی چڕبونەوەی گەردەکانی شەکری گلۆکۆز کە پێکەوە دەبەسرێن پێکدێت بەهۆی بۆندی گلۆکۆسیدیەوە,گەردەکان ڕێکدەخرێن لە دیواری خانە ڕوەکیەکاندا هەندێ جار لەسەر شێوەی ڕیشاڵی

هاوتەریبی یەکتری و هەندێ جاری تریش بە شێوەی ناڕێك و پێك کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پاڵپشتێکی زۆر بەهێز, کە خانە ڕووەکیەکە دەپارێزێت.

- **دروستکردنی کاغەز بە مەکیەنە**

دوو ڕێگە هەیە بۆ دروستکردنی هەویری کاغەزی : میکانیکی و کیمیاوی

- لەدروستکردنی کاغەزدا بە ئامێری : ئەو ڕیشالأنەی بەکاردێن بەهۆی ئامێرەوە پاك دەکرێنەوە لە پێناو ڕزگاربوون لە تۆز وخۆڵ و توخمی نامۆ.
- دوای ئەمە کرداری پاککردنەوەیە: ڕیشاڵەکان لە کوڵێنەرێکی بازنەیی گەورەدا دادەنرێت کە ڕیشاڵەکان و جیرەکە دەکوڵێنرێن لە ژێر فشاری هەڵمدا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك.
- جیرەکە لەگەڵ چەوریەکان و توخمە نامۆکانی تری ناو ڕیشاڵەکان یەکدەگرن تاوەکو صابونیان لێدێت کە توانای توانەوەی نیە,دەتوانرێت لەو صابونە خۆ ڕزگاربکرێت لەدواتردا, هەروەك چۆن جیرەکەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەر بۆیەیەکی ڕەنگاوڕەنگ کە هەبێت لە پێکهاتە ڕەنگاوڕەنگەکاندا.
- دواتر ڕیشاڵەکان دەگوێزرێنەوە بۆ ئامێرێك کە پێیدەوترێت هۆلاندز کە زنجیرەیەکی دانەبڕاو دروست دەبێت.
- تێکەڵەی پێکهاتوو لە ئاو و هەویرەکە تێدەپەڕێنرێت لە نێوان ڕۆڵەیەك و بنکەیەکی ئاسنیدا و هەویرەکە دەگۆڕێت بۆ ڕیشاڵ بەشێوەیەك کە لەحەوزەکەوە ئاوەکە هەڵدەمژرێت و تەنها هەویر و ڕیشاڵەکە دەمێنێتەوە.
- لەکاتی تێکردنی تێکەڵەی ئاو و هەویرەکە بۆ چوار دەوری هۆلاندزەکە,پیسیەکان دەکرێنە دەرەوە و هەویرەکە خاوێن دەبێتەوە بە هێواشی تا بە تەواوی جیا دەبێتەوە بۆ ڕیشاڵی تاکی.
- دواتر هەویرە تەڕەکە دەکرێتە ناو ئامێرێکی هۆلاندزی لاوەکیەوە لە پێناو ئەوەی جارێکی تر ڕیشاڵەکان جیا بکرێنەوە.
- لەم قۆناغەدا, توخمە ڕەنگیەکان و غەرا و چەسپ و توخمی تێکەرە وەك کبریتاتی جیری تێدەکرێت, ئەمەش بۆ زیادکردنی قەوارە و کێشی کاغەزەکە .

- **جیاوازی لە نێوان کاغەزی دروستکراو لە ڕێگەی ئامێر و دەستەوە :**

کاغەزی دروستکراو بەدەست لەزۆر ڕووەوە جیاوازە لە کاغەزی دروستکراو بە ئامێر بەڵام لە خاڵێکی بەرچاودا زۆر جیاوازە لە کاغەزی دروستکراو بە ئامێر کە ئەویش بریتیە لە چۆنێتی ڕێکخستنی ڕیشاڵەکان.

چونکە ڕیشاڵەکان لە کاغەزی دروسکراو بەدەستدا بەشێوەیەکی ناڕێك وپێك ڕێکخراون کە هەر ئەمەش هێز و بەرگری زیاتر دەداتە کاغەزەکە. بە پێچەوانەی کاغەزی دروستکراو بە ئامێر کە ڕیشاڵەکان هاوتەریب لەگەڵ یەکدا ڕێکخراون و بەمەش کاغەزەکە بە سانایی دەدڕێت و بەرگری زۆری نیە.

- **جۆرەکانی کاغەز**

١. کاغەزی چاپکردن : کاغەزێکی سووکە کە کێشی مەتر چوارگۆشەیەك لە نێوان ٤٤-١٢٠ گم کە بەکاردێت لە چاپکردنی ئۆفسێت و پەڕاو و کتێبدا.

٢. کاغەزی وێنە : کاغەزێکی سووکە,کێشە ئاساییەکانی بریتیە لە ٧٠ و٧٥ و٨٠ گم / مەتر دووجادا بەکاردێت لە ئامێرەکانی وێنەگرتندا وچاپە لێزەریەکان و نوسینگەییەکاندا.

٣. کاغەزی ڕۆژنامەکان: کاغەزێکی سووکە و بەرگەگر نیە و تەمەنی کورتە و بەرگەی ئاو و شلەمەنی ناگرێت.

٤. کاغەزی گۆڤارەکان : لە کاغەزی ڕۆژنامەکان دەچێت, بەڵام بە ڕەونەق و تیشکدانەوەکەی لەو جیاوازە, هەردووکیان لەکرۆکی جیاکراوەیە بەڕێگەی کیمیاوی دروست دەکرێت.

٥. کاغەزی کارتۆن: دوو جۆری هەیە:

- پەڕەکەدار: کە لەچەند چینێك پێکهاتووە, بۆ صندوقی پڕکردن بەکاردێت.
- خۆڵەمێشی : دروستدەکرێت بۆ وشککردنەوەی هەویری کرۆکەکە لە ڕێگەی فڕنی تایبەتیەوە,لەجیاتی ڕۆڵەکانی ووشککردننەوە و بەکاردێت لەبەرگتێگرتنی چاپکراوە جیاوازەکاندا.

٦. کاغەزی بەهێز : ئەو کرۆکەی کە لە دروستکردنیدا بەکاردێت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەڕێگەی کیمیاوی جیاواز, و بە چینی مۆمی دادەپۆشرێت و بەکاردێت لە بەرگتێگرتنی مەوادە خۆراکیەکاندا.

- **کاریگەریەکانی پیشەسازی کاغەز**

١. کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان:

بەهۆی نزمی نرخی کاغەزەوە. ئەمەش بۆتە هۆی زوو دەسکەوتنی کە بەم هۆیەوە زۆر ناسراوە و هانی پێشکەوتنی قوتابخانە و زانکۆکانی داوە, هەربەم هۆیەوە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگاش توانیویانە فێری خوێندەواری ببن,لەپاڵ ئەمانەشدا کرداری بنچینەیی بیرکردنەوەشی گۆڕیوە بەشێوەیەك لە تەنیشت ڕۆشنبیری قسەکردنەوە ڕۆشنبیری نوسراو و چاپکراویش وەدەرکەوتوە.

٢.کاریگەریە ئابورییەکان :

تاماوەیەك توانای خوێندنەوە و نوسین بە تەنها لای چینە دەوڵەمەندەکان قەتیس بوو, تا ئەو کاتەی پیشەسازی کاغەز دەرکەوت کە دەتوانرێت بگوێزرێتەوە و ئەو کاغەزەی بە ئامێر بەرهەم دێت و بەهۆی ئەم پیشەسازیەوە زۆرێك لەهەلی کار هاتنە بوون و تێچووی پیشەسازی کاغەزیش نزم بۆوە بۆ:

- ٢٨ سەنت بۆ یەك ڕەتڵ لەساڵی ١٨٦٤دا.
- ٢ سەنت بۆ یەك ڕەتڵ لە ساڵی ١٨٩٧دا.
- گەورەترین وڵاتانی جیهان کە کاغەز بەرهەم دێنن

٣. کاریگەریە سیاسیەکان :

بەهۆی کۆنترۆڵکردنی بیروبۆچونەکانەوە یاساکان دانران بۆ ڕێگەگرتن لەناردنە دەرەوەی پارچەی قوماش,ڕۆژنامەکان بەکارهاتن بۆ بلاوبونەوەی زانیارییە سیاسیەکان و بەکارهات وەك مینبەرێك بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی, بەشێوەیەك لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا یاساکان هانی پیشەسازی کاغەزیاندا لەگەڵ کەمکردنەوەی باج لەسەر پێشخستن و پیشەسازی کاغەز و پێدانی نرخی گونجاو بەگواستنەوەیەوە.

٤. کاریگەریە ژینگەییەکان:

لە ئەنجامی بەکارهێنانی کاغەزەوە هەندێ پاشەڕۆ هاتنە بوون کە کاریگەری خراپیان هەیە لەسەر ژینگە. کێشە لەوەدایە کە توێکڵی زەوی بڕێکی زۆر سلیکای تیادایە کە لە نێوان ١٢-١٤٪ لە کێشی خامە کە ئەم مادەیەش دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لەبەردەم گێڕانەوەی کیمیاویەکان کە بەکار دێن لە کرداری لێنانی خامە بۆ دەرهێنانی کرۆکی کاغەز, ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی توخمی شلەیەك کە ناسراوە بەناوی شلەی ڕەش Black Liquid کە پێویستە خۆیلێڕزگار بکرێت چونکە هیچ سوودێکی لێنابینرێت لەکارگەکانی کاغەزدا.

کێشەی پیسبوونی ژینگەش زیاد دەبێت لەگەڵ زیادبوونی بڕی پاشەڕۆکاندا لە پیشەسازی کاغەزەوە,بڕی ئاوی پیسکەر کە بەرهەم دێت لە پیشەسازی کرۆکی کاغەزەوە دادەنرێت بە مەترسیدارترین پیسکەرەکان ,دۆزراوەتەوە کە ئەو بڕی ئاوی بەکارهاتوە دەوەستێتە سەر جۆری تەکنەلۆژیای پیشەسازی کرۆکی کاغەز و یەك تەن لە توێکڵی درەختی ئورز پێویستی بە نزیکەی ١٥-٢٠ م٣ لە ئاو هەیە لە باشترین ڕێگای دەرهێنانی کرۆکدا.لەکاتێکدا تێکڕای ئاوی بەکارهاتوو بەرز دەبێتەوە بۆ ١٠٠م٣ لە حاڵەتی نەگێڕانەوەی بەکارهێنانی ئاوەکە لە کرداری پیشەسازیدا,پێویستە تێبینی ئەو مەترسیە بکرێت کە لە ئەنجامی پاشەڕۆبوونی ئەو بڕە ئاوەوە دروست دەبێت کە مەترسیەکەی لەوەدا نیە کە تەنها بەهەدەردانی سامانی نەتەوەییە بەڵکو مەترسیەکە لە ڕێژەی پیس بوونی ژینگەدایە کە دروستی دەکات.

- **بەکارهێنانی کاغەز**

١. نوسینگەیی و چاپەمەنی : پیشْ ٢٠٠٠ ساڵ بەکارهاتوە بۆ نوسین.
٢. هونەری : بۆ وێنەکێشان( بەڕەنگی ئاوی یان زەیتی و...هتد).
٣. بانکی: پارەی کاغەزی.
٤. پەیوەندیکردن : کاغەز بۆ نامە و شوناسی پۆستەیی و پول و ...هتد.
٥. چێشتخانە: بۆ پێچانەوەی خواردن و دروستکردنی هەویرەمەنی.
٦. پاك و خاوێنی : وەك دەسڕی کاغەزی.
٧. پیشەسازی : پالأوتەی کاغەزی , کاغەزی کوندار , دیوار و ...هتد.

- **دووبارە دروستکردنەوەی کاغەز**

سەرەڕای گرنگیە گەورەکەی دەتوانین وا پێناسەی بکەین کە بریتیە لە دووبارە دروستکردنەوە و بەکارهێنانەوەی باشی پاشەڕۆکان, جا ( ناو ماڵی' پیشەسازی , کشتوکاڵی ) بێت.

ئەم کردارە ڕێگەمان پێدەدات بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ڕۆژنامەکان بۆ چینی کارتۆنی,یان دووبارە دروستکردنەوەی قوتوی کانزایی کۆن و پێشکەشکردنی قوتوی تازە و هەروەها بۆ کەمکردنەوەی کۆبونەوەی لە ژینگەدا.ئەم کردارەش بەجیاکردنەوە و پۆلێنکردنی پاشەڕۆکان دەبێت لەسەر بنچینەی توخمە خاوە هەبوەکان تیایدا,دواتر دووبارە دروستکردنەوەی هەر توخمێك بەجیا.

بەهەمان شێوە بریتیە لە دووبارە دروستکردنەوەی کاغەز و بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆ کاغەزیەکان بەشێوەیەك کرداری کۆکردنەوەی کاغەزی بەکارهێنراو لەدام ودەزگا و خوێندنگا و دەستەکان ئەنجامدەدەرێت و دەنێرێت بۆ کارگەکانی کاغەز و کارتۆن کە هەڵدەستن بە دووبارە دروستکردنەوەی و فرۆشتنی لەسەر ئاستی بازاڕی ناوخۆیی یان بازاڕی ناوچەیی کە ئەمەش پارەی قورس دێنێتە ناو وڵاتەوە لەڕێگەی کەمکردنەوەی تێکڕای بەکارهێنانی کاغەز و سەرەڕای دابینکردنی بڕی کاغەزی پێویست بۆ بازاڕ لە کاتێکی دیاریکراودا.

ئاشکرایە هەموو جۆرەکانی کاغەز ناتوانرێت دووبارە دروستبکرێنەوە و بە تایبەتیش کاغەزە تەندروستیەکان, ئەوانەی کە دەکرێت دووبارە دروستبکرێنەوە بریتین لە : کاغەزی ڕۆژنامە و گۆڤار و کارتۆن و کاغەزە بەهێزەکان.

- **قۆناغەکانی دووبارە دروستکردنەوەی کاغەز**

١. قۆناغی کۆکردنەوە
٢. قۆناغی جیاکردنەوە
٣. قۆناغی بڕین
٤. قۆناغی شۆردنەوە
٥. قۆناغی تێکەڵکردن
٦. قۆناغی دروستکردنەوە

٧. قۆناغی وشککردنەوە

- بە دوو ڕێگە کاغەز دروستدەکرێتەوە:

١. ڕێگەی دەستی
٢. ڕێگەی ئامێری

- **گرنگی دووبارە دروستکردنەوەی کاغەز**

ئەم دووبارە دروستکردنەوەیە سوودێکی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگاکەماندا لەوانە:

- **گرنگی ئابوری : دەبێتە هۆی:-**

١. یارمەتیدان لەکەمکردنەوەی خەرجی کە بۆ کڕینی مەوادی خاوی پیشەسازی کاغەز پێویستە.
٢. کەمکردنەوەی بێکاری ئەمەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان.
٣. بەدەستهێنانی وزە.

- **گرنگی ژینگەیی:**

١. یارمەتیدەرە لە ڕزگار بوون لە کاغەزی بەکارهێنراو بەڕێگەیەکی ژینگەیی سەلامەت لە جیاتی سووتاندنی یان شاردنەوەی کە دەبێتە هۆی زیادکردنی پیسبوونی ژینگە.
٢. داواکاری لەسەر تەختە و ڕیشاڵەکان کەم دەبێتەوە و ڕێگەش بە دارستانەکان دەدات بۆ زۆر بوون بەزیادبوونی تواناکانی لەسەر وەرگرتنی کاربۆن لە بەرگە هەوادا.
٣. پاراستنی زەوی کشتوکاڵی و جێگەکانی فڕێدانی پاشەڕۆ کاغەزیەکان.

- **گرنگی خێرخوازی**

بەهۆی داهاتەکەیەوە یارمەتیدەری چالاکیە خێرخوازیەکانە بۆ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان.

- بەپێی ئامارێکی ئاژانسی پاراستنی ژینگە لە ئەمریکا , بەرهەمی ١ تەن کاغەز ١٠٠٪ لە پاشەڕۆی کاغەزەوە دەبێتە هۆی :
  - دابینکردنی ٤١٠٠ کیلۆ وات / کاتژمێر لە وزە.
  - دابینکردنی ٢٨م٣ لە ئاو.

- کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوایی کە دێتە بوون بە بڕی ٢٤ کغم لە پیسکەرە هەواییەکان.
- گێڕانەوەی دروستکردنەوەی کاغەزی بەکارهاتوو لە :

١. ئەمریکادا دەبێتە هۆی:

- دابینکردنی ٦٤٪ لە وزە
- کەمکردنەوەی ٥٨٪ لە پیسبوونی ئاو

٢. لە میسر

- دابینکردنی ٧٤٪ لە وزە
- کەمکردنەوەی ٣٥٪ لەپیسبوونی ئاو
- کەمکردنەوەی ٧١٪ لە پیس بوونی هەوا

٣. لە ئوردون

- دابینکردنی ٦٠٪ لەوزە
- کەمکردنەوەی ٩٥٪ لە پیسبوونی هەوا

- **کێشە و گرفتەکانی بەردەم دووبارە دروستکردنەوەی کاغەز**

سەرەڕای ئەو گرنگیە گەورەیەی کە دوبارە دروستکردنەوەی کاغەز هەیەتی, بەڵام هەندێ کێشە و گرفتیشی لەگەڵدایە لەوانە:-

- کرداری کۆکردنەوەی کاغەزی بەکارهاتوو:

سەرەڕای هاندان و دەرکردنی یاساکان دەربارەی هاوکاری و گرنگی دووبارە دروستکردنەوەی کاغەز,بەڵام هێشتا لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا ئەو هوشیاریە تەواوەیان نیە دەربارەی ئەم کردارە.

- ناتوانرێت لە سێ جار زیاتر کاغەز بەکاربهێنرێتەوە:

لەکرداری دروستکردنەوەی کاغەزدا درێژی ڕیشاڵە سلیلۆزییەکان کورت دەبنەوە, لەبەرئەوە ئەو کاغەزەی کە دروستدەکرێتەوە کەمتر بەهێزە و لەڕووی کوالێتیشەوە ئاستی نزمترە لەکاغەزی یەکەم جار.هەربۆیە تەنها بۆ ڕۆژنامە و کارتۆن بەکاردێت.

- کرداری دروستکردنەوەی کاغەز تەنها قۆرخکراوە لەلای ژمارەیەکی زۆر کەم لەکارگەکان.

- بەکارهێنانی ئەم کاغەزە دەبێتە هۆی زۆرێك لەگرفت لە پێدانی کاغەزی ویستراو لەوانە:-

١.گرفت لە باشیدا
٢. گرفت لە ئاستی خاوێنیدا
٣. گرفت لە ئەستوریدا
٤. گرفت لە لوسی یان ئاستی نەرمیدا
٥. داواکاری زۆرترە لە بڕی هەبوو.

- **لە کۆتاییدا** دەکرێت لەکوردستانیشدا کارگەی بەرهەمهێنانی کاغەز و دووبارە دروستکردنەوە و بەکارهێناوەنەوەش دابنرێت و ببێتە هۆکارێك بۆ پێشخستنی پیشەسازی کاغەز لەکوردستاندا و سوود وەرگرتن لە مەوادی خاو و دۆزینەوەی هەلی کاری زیاتر بۆ گەنجان و کەمکردنەوەی خەرجی و بۆ هێنانی کاغەز لەدەرەوە و کەمکردنەوەی پیس بوونی ژینگەی کوردستان, بەهیوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی و وەزارەتی پیشەسازی و کەرتی تایبەتیش پلان و بەرنامەی جدی دابنێن بۆ ئەم جۆرە پیشەسازیە کە ڕۆژانە بە سەدان تەن پاشەڕۆی هەمەجۆر فڕێدەدرێتە ناو ژینگەی کوردستانەوە بەبێ ئەوەی جارێکی تر بتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت.

سەرچاوە:
=====
پێگەکانی ئینتەرنێت

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارن ژمارە ٤١ لە هاوینی ٢٠١٢دا و گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ٥٢ لە پایزی ٢٠١٢دا بلاْوکراوەتەوە.

*******************************

## پڕۆژەی هێڵی بۆری غازی سروشتی

## نابۆکۆ و کاریگەری و گرنگی بۆ ئایندەی کوردستان...*

• ناوی پڕۆژەکە

ناوی ئەم پڕۆژەیە نابۆکۆ لە پارچەیەك مۆسیقای کلاسیکیەوە هاتووە کە لە دانراوی فێردیە وەك جەختکردنەوەیەك بۆ سیما ئەوروپیەکەی..

• بیرۆکەی پڕۆژەکە

بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە پشت دەبەستێتە سەر هەناردەکردنی غازی سروشتی لە تورکومانستانەوە, کە خاوەنی چوارهەم گەورەترین یەدەگی غازی سروشتیە لە جیهاندا. تورکومانستان وڵاتێکی داخراوە لە ڕووی جوگرافیاوە ,بەواتای ئەوەی کە ناکەوێتە سەر دەریایەکی کراوە. لەبەر ئەوە هەموو بازرگانی و غازەکەی لە ڕێگەی ڕووسیاوە دەڕواتە جیهانی دەرەوە.بەڵام تورکومانستان دەڕوانێتە سەر دەریای قەزوێنی داخراو.بەڵکو گەورەترین کێڵگەی غازیشی دەکەوێتە نزیك کەنارەکانی دەریای قەزوێنەوە. بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە بریتیە لە ڕاکێشانی هێڵێکی بۆری بە قەزوێندا کە غازی تورکومانستان بگوێزێتەوە بۆ ئازەربایجان و لەوێشەوە بۆ هێڵی بۆری نابۆکۆ.



**وێنەی هێڵی بۆری نابۆکۆ**

- بەلام لێرەدا کێشەیەکی سیاسی و یاسایی سەخت هەیە لەنێوان ولاتانی حەوزی دەریای قەزوێندا. ئەویش بریتیە لە وەی کە ئەگەر دەریای قەزوێن بەدەریا بێتە ئەژماردن ئەوا هەر وولاتە دەبێتە خاوەنی سامانی سروشتی و ئاوی خۆی بەپێی درێژی کەنارەکانی,بەلام ئەگەر وەکو دەریاچە بێتە هەژماردن ئەوا هەموو ولاتانی حەوزی قەزوێن پێویستە هەموو سامانی سروشتی و ئاوی دەریاچەکە لەنێوان خۆیاندا بەیەکسانی دابەش بکەن و هەمووان مافیان تیایدا دەبێت وەك شەریکە بەش.هەر لەبەرئەمە تورکومانستان و ئازەربایجان پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کە قەزوێن دەریایە نەك دەریاچە و هەربۆیەش هیچ ولاتێکی تر مافی بەسەر سامانە سروشتی و ئاوەکەیانەوە نیە. بەلام لەبەرامبەردا ڕووسیا دەڵێت قەزوێن دەریاچەیەکی تازەبۆوەیە بەهۆی هاتنە ناوەوەی ئاوی ڕووباری ڤۆلگاو ..هتدەوە بۆ ناوی.سەرەڕای ئەوەش ڕووسیا لە ڕووی سەربازیەوە بالادەستی تەواوی هەیە بەسەر دەریاکەدا,هەربۆیە ناتوانرێت بەبێ ڕەزامەندی ڕوسیا بەهیچ جۆرێك هێڵێکی غاز بە قەزوێندا دابمەزرێت, بەڵکو تورکومانستان و ئازەربایجانیش ناتوانن هیچ کێڵگەیەکی غاز لەسەر کەنارەکانیاندا پێش بخەن.
- **مێژووی بیرۆکە و دامەزراندنی پرۆژەی نابۆکۆ:**

ئامادەباشی بۆ پرۆژەکە لەمانگی ٢٠٠٢/٢ وە دەستیپێکردوە و هاوکات لەگەڵ گفتوگۆکردنی سەرەتا نێوان کۆمپانیای OMV نەمساوی و بۆتاشی تورکیادا.لە مانگی ٢٠٠٢/٦دا پێنج کۆمپانیای OMVنەمساوی و MOLی مەجەری و بولگارغازی بورلگاریا و ترانسگازی ڕۆمانی و بوتاشی تورکی واژۆیان لەسەر ڕێکەوتنامەیەك کرد بۆ دامەزراندنی هێڵێکی بۆری نابۆکۆ.دوای ئەوە لە مانگی ٢٠٠٢/١٠دا ڕێکەوتنێکی دی واژۆکرا,لە ٢٠٠٣/١٢دا کۆمسیۆنی ئەورووپی ٥٠٪ ی تێچووی گشتی چاوەڕوانکراوی لێکۆڵینەوەی کەڵەکەبوی ئابوری پرۆژەکەی دابینکرد.لە ٢٠٠٥/٥/٢٨یشدا گرێبەستی شەریکایەتی واژۆکرا لە نێوان ئەو پێنج کۆمپانیەدا لە نابۆکۆدا.لە ٢٠٠٦/٥/٢٦یشدا لەسەر ئاستی وەزیران بەیاننامەیەك واژۆکرا دەربارەی هێڵی نابۆکۆ.

لە ٢٠٠٨/٢دا کۆمپانیای RWE ئەڵمانیش بوە شەریك لە کۆنسورتیۆمدا و لە ٢٠٠٨/٦/١١یشدا یەکەم گرێبەستی گەیاندنی غاز لە ئازەربایجانەوە واژۆکرا لە ڕێگەی هێڵی بۆری نابۆکۆدا بۆ بولگاریا.




لە ئەنجامی تەنگژەی غاز لە نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیادا لە زستانی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ دا ڕوسیا هەڕەشەی بڕینی غازی کرد لە ئۆکرانیا و ئەوروپای ڕۆژئاوا.لەسەر ئەوە ئەڵمانیا پشتگیری خۆی بۆ بیرۆکەی نابۆکۆ کێشایەوە.لەجیاتی ئەوە ئەڵمانیا دەستیکرد بە دامەزراندنی پرۆژەی ئاراستەی شین بەهاوکاری لەگەڵ ڕوسیادا.

لە ٢٠٠٨/٨/٩دا لە ئەنجامی جەنگی جۆرجیا دژ بە ئۆسیتیای باشور, ئاگرێکی گەورە بەربوە هێڵی غازی هاتو لە قەوقازەوە لە ڕۆژهەلاتی تورکیادا و ماوەی ٢ هەفتەی خایاند تا کوژێنرایەوە.دوای ئەوە لە ٢٠٠٨/٨/١٢دا هێزەکانی ڕوسیا هەستان بەبۆردومانکردنی هەر پێنج هێڵی نەوتی کە بەجۆرجیادا تێپەڕ دەبێت.لەگەڵێشیدا هەموو دامەزراوەکانی هێڵی نابۆکۆشی بۆردومان کرد.

********************************




لە ٢٠٠٨/١٢/٨دا جێگری سەرۆکی ئەمریکا سەردانی ئازەربایجانی کرد تا ڕازیبکات بۆ قبوڵکردنی پێدانی غاز بە هێڵی نابۆکۆ, ودوای ئەویش ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانێکی مێژوویی کرد بۆ ئەرمینیا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕاکێشانی هێڵی نابۆکۆ بە ئەرمینیادا لە جیاتی جۆرجیا کە ڕوسیا بۆردومانی هێڵەکەی کرد.

ئیدی لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و تورکیا لەلایەك و هاندانی تورکومانستان و ئازەربایجان لەلایەکی ترەوە دەسکرا بە وتوێژ بۆ بەشداریکردن و کارئاسانیکردن بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە.

لەو میانەیەدا تورکیا هەڕەشەی کشانەوەی کرد لە چونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە گەر بەستەڵەکەکان لانەبرێت و دواتریش ڕایگەیاند کە پشتگیری لە ڕاکێشانی هێڵی نابۆکۆ دەکات و وەکو چەك دژی ئەوروپا بەکاریناهێنێت لە تەنگژە سیاسیەکاندا.

لە ٢٠٠٩/١/٧دا هەردوو بانکی وەبەرهێنانی ئەوروپی EIB و بانکی دامەزراندن و ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپی EBRD ڕایانگەیاند کە هاوکاری دارایی پێشکەش بە پڕۆژەکە دەکەن و کۆمسیۆنی ئەوروپی لە ٢٠٠٩دا بڕی ٢٥٠ ملیۆن یۆرۆی دا بە پڕۆژەی هێڵی غازی نابۆکۆ.

سەرۆکی ئازەربایجانیش ڕایگەیاند لە ٢٠٠٩/١/٢٩دا کە هەوڵدەدا بەرهەمی غاز چەندین جار زیاد بکات.

لە ۲۰۰۹/۷/۱۲دا وەزیری وزەی تورکیاش ڕایگەیاند کە غازی ئەوروپی لەدەستی تورکیادا دەبێت بەپێی ڕێکەوتنی هێڵی نابۆکۆ و دەستیشی هەڵگرت لە کڕینی ۱۵٪ ی ئەو غازە کە ببوە ڕێگرێك لەبەردەم سەرگرتنی ئەو پڕۆژەیەدا.

لە ۲۰۰۹/۷/۱۳دا تورکیا و یەکێتی ئەوروپا ڕێکەوتنی مۆڵەتی پڕۆژەکەیان واژۆکرد.کە غاز لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەگەیەنێتە ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە و بەمەش پشتبەستنی ئەوروپا لەسەر غازی ڕوسیا کەم دەبێتەوە.

تورکیا هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە چونکە پێگەی خۆی پتەوتر دەکات لە ئەوروپادا کەوەك ناوەندێکی وزەی لێدێت بەلای ڕۆژئاواوە.

- **پڕۆژەی جێگرەوەی نابۆکۆ**

ڕووسیا بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدات  کە پڕۆژەی نابۆکۆ سەر نەگرێت چونکە دەزانێت کە زیانێکی گەورەی ئابوری بەردەکەوێت هەربۆیە  کۆمپانیای گاز پرۆمی ڕوسیا پڕۆژەیەکی جێگرەوەی پێشنیازکردوە بۆ نابۆکۆ کە بریتیە لە دروستکردنی بەشێکی زیاتر بۆ هێڵی بۆری ئاڕاستەی شین لە ژێر دەریای ڕەشدا بۆ تورکیا,دوایی درێژ دەبێتەوە بۆ بورلگاریا و صربیا و کرواتیا لەوێشەوە بۆ ڕۆژئاوا بەرەو مەجەڕ.

- **گرێ کوێرەکە :**

لەوکاتەوەی بیرۆکەی نابۆکۆ و دامەزراندنی کۆنسۆرتیۆم هاتۆتە ئاراوە لەساڵی ۲۰۰۲وەوە, هاوسەنگی هێزەکان گۆڕاوە لە یاریە گەورەکەدا.گەڕانەوەی ڕوسیا بە ڕۆڵێکی باڵادەستترەوە لە ئاسیای ناوەڕاستدا و مردنی تورکومانباشی و هاتنی قوربانقولی پردی محەمەدۆڤ و واژۆکردنی هەردوو گرێبەستی فرۆشتنی زۆربەی غازی تورکومانستان بەڕوسیا,کاری دامەزراندنی هێڵی بۆری غاز بە قەزوێندا بۆتە کارێکی سەخت و دژوار,بەم شێوەیەش سەرچاوە سەرەکیەکەی غازی پڕۆژەی نابۆکۆ دیارنەما.

- **سەرچاوە جێگرەوەکانی تورکومانستان لە دابینکردنی غاز بۆ پڕۆژەکە :**

دوای دڵنیابوونی پلاندارێژەرانی پڕۆژەکە لە بەشدارینەکردنی تورکومانستان تیایدا لەسەرەتای ساڵی ۲۰۰۸ وە,بیر لەسەرچاوەی تر کرایەوە:

١.ئاسانترین ئەو جێگرەوانەش ئازەربایجانە لە کاتێکدا کە زۆربەی غازی ئازەربایجان لە کێڵگەی ((دێنزشاوە)) دێت کە کۆمپانیای BP بەڕێوەی دەبات,و قۆناغی داهاتوشی بریتیە لە فرۆشتنی تەواوی غازەکە بۆ پێدانی هێڵی بۆری تورکیا–یۆنان–ئیتالیا.قۆناغی داهاتوتریشی لە پێش ساڵی ٢٠١٤ دا تەواو نابێت,واتا دوای ١ ساڵ لە بەرواری کردنەوەی چاوەڕنکراوی هێڵی نابۆکۆ. بەپێی لێدوانی سەرۆکی کۆمپانیای غازی دەوڵەتی ئازەری تا ئەو کاتەش ئازەربایجان غازەکەی بە ڕوسیا دەفرۆشێت تا یەکێتی ئەوروپا گرێبەستی کڕینی غازی نابۆکۆ واژۆ دەکات..

٢. دوای ئازەربایجان ئێران دێت وەك سەرچاوەیەکی تری جێگرەوە و وەك وڵاتی خاوەن دووەم یەدەگی غازی سروشتی.بەڵام پابەندبوونی یەکێتی ئەوروپا بە سزا نێودەوڵەتیەکانی سەر ئێرانەوە وەك سەرچاوەیەك دووری دەخاتەوە.هێوربونەوەی گرژیەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەردەمی سەرۆك ئۆباماشدا نابێتە هۆی زاڵ بوون بەسەر پەیوەندیە تێکچڕژاوەکانی ئێران لەگەڵ ڕووسیادا.

٣. ئۆزباکستانیش کە خاوەنی ٨ر١ بلیۆن مەتر سێجا غازە بەڵام لەساڵی ٢٠٠٨وە گرێبەستێکی لەگەڵ ڕووسیادا واژۆکردوە بۆ فرۆشتنی تەواوی غازەکەی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ.

٤. لەم گرفتەوە پەرۆشی میسر تێدەگەین کە هەوڵ دەدات ببێتە سەرچاوەی دابینکردنی غازی سروشتی بۆ پڕۆژەی نابۆکۆ بەوەی کە ٦ر١ بلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی هەیە.بەڵام ئەمیش لە پێش ساڵی ٢٠٠٦وە و بۆ ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژ پێشەکی هەموو غازەکەی فرۆشتوە بۆ پڕۆژەکانی ئاوەڕۆ و ئیسرائیل.ئەگەر ئەمەش نەبوایە ڕاکێشانی هێڵێکی بۆری لە میسرەوە کە ئێستا لە بەندەری عەسقەلانە بۆ بەندەری شیحانی تورکیا کارێکی بە سوود نابێت لە ڕووی ئابوریەوە.هەروەها دابینکەری باشیش نابێت بۆ پڕۆژەی نابۆکۆ کە درێژیەکەی ٣٩٠٠کم دەبێت و ساڵانەش دەبێت بڕی ٣١ بلیۆن مەتر سێجا غاز بگەیەنێتە ئەوروپا.بەمەش گریمان گەر توانای بەرهەمی میسریش زیادبکرێت ئەوا تەنها دەبێتە دڵۆپێك لە دەریای داواکاری یەکێتی ئەوروپا کە ساڵانە پێویستی بە ٢٠٠ بلیۆن مەتر سێجا غاز هەیە.

**هەرێمی کوردستان و گرێدانی بە پرۆژەی نابۆکۆوە:**

هەرێمی کوردستان ڕێکەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیایRWA ی ئەڵمانیدا واژۆکردوە بۆ ڕاکێشانی هێڵی بۆری نەوتی کوردستان بۆ پرۆژەی نابۆکۆ کە دەتوانرێت سالآنە ٢٠ ملیار مەتر سێجا غازی کوردستان بگەیەنێتە ئەوروپا. لەگەڵ پرۆژەی نابۆکۆ کە ٣١ ملیار مەتر سێجا دابین دەکات بەمەش پشتبەستنی ئەوروپا بە غازی ڕوسیا کەم دەبێتەوە کە چارەکی پێویستیەکانی بۆ دابین دەکات.

تێچووی پرۆژەی نابۆکۆ ٧ر٩ ملیار یۆرۆیە کە یەکسانە بە ٠٥ر١٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی, کە وابڕیارە لە ساڵی ٢٠١٤دا بکەوێتە کار.

بەلاَم بەهۆی ناکۆکیەکانی بەغداو هەولێرەوە لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم,و هێشتنەوەیان بەچارەسەرنەکراوی بۆتە خاڵێکی مەترسیدار بۆسەر پرۆژەکە.چونکە توانای پرۆژەکە ٣١ ملیار مەتر سێجایە خۆ ئەگەر سەرچاوەی تەواوی غازی بۆ دابین نەکرێت ئەوا پرۆژەکە سەرکەوتوونابێت و لەڕووی ئابوریشەوە بە قازانج نابێت.




بەلاَم پێناچێت تاسەر بەغداد بتوانێت لاملی و سەرپێچی بکات و نەرمی نەنوێنێت لە بەرامبەر داواکاری و پێداویستی ئەوروپادا.بەغداد گەرەکێتی کە هەموو ووردەکاری ئەوگرێبەستانەی هەرێم دەیانکات لەگەڵ کۆمپانیاکاندا لە بەغداد واژۆبکرێت و خۆی بڕیاردەری یەکەم و کۆتا بێت.ئەمەش جێگەی قبوڵکردنی هەرێم نیە.

هەرچەندە دەسکەوتە ئابوریەکان بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی دەوڵەتی عێراق و کوردستان تەنها بڕی ١٧٪ی بودجەی بەردەکەوێت.بەلاًم کوردستان بەم هاوبەشی و شەراکەت و پێوەگرێدانە دەبێتە کاراکتەرێکی ئاکتیڤی سەرگۆڕەپانی سیاسی و ئابوری ناوچەکە و دونیاش و بەمەش کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر پەیوەندی و ئایندەی مەسەلەی کورد و هەنگاونان بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆی کوردستان چونکە هەمیشە نەوت و وزە و ئابوری بەهێز پایەیەکی گرنگی دروستبونی دەوڵەت و درێژەپێدەری تەمەنیشی بوون لە دونیادا و بەتایبەتیش لە ئێستادا کە هۆکار و بەرژەوەندیە ئابوریەکان ڕۆڵی گەورەتر و کاریگەرتر دەبینن لە پەیوەندیە نێودەوەڵەتیەکاندا و بازدەدەن بەسەر سنور و سەروەی دەوڵەتانیشدا, لەلایەکی تریشەوە کوردستان بەم هاوبەشیکردنەی دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی تەنگژەی وزە لە دونیادا و دەسکەوتی گەورەشی دەبێت بۆ عێراق و کوردستانیش.

کوردستان دەتوانێت ڕۆژانە ١٫٥ ملیار مەتر سێجا غاز دابین بکات بۆ پڕۆژەی نابۆکۆ. کە ئەمەش بڕێکی پێویست و گونجاوە وەك قۆناغی یەکەم.

هەر لەمیانەی گرنگی دانی کۆمپانیا نەوتیە عەرەبی و جیهانیەکان بە نەوت و غازی کوردستان کۆنسرتیۆم کە چوار کۆمپانیای عەرەبی و ئەوروپی لەخۆدەگرێت ڕایانگەیاند کە پلانێکی گەشەپێدانیان هەیە لە غازی کوردستاندا بەبڕی ٨ ملیار دۆلار وەك پڕۆژەی وەبەرهێنان. و بەمەش هێندەی تر توانای دابینکردنی نەوتو غازی کوردستان زیاتر دەکات.

**مەترسی وهەڕەشەکانی سەر ئەم پڕۆژەیە:**

ئاشکرایە ئەم پڕۆژەیە گەلێك ئاستەنگ و کێبڕکێکەر و دژی هەیە بۆ ئەوەی سەرنەگرێت و هەریەکەشیان بیانوی خۆی هەیە لەوانە:

١. تائێستا نەتوانراوە کە سەرچاوەی گەورە و دەوڵەمەندی دڵنیاکەرەوەی غاز بۆ پڕۆژەکە دابینبکرێت.

٢. دژایەتیکردنی ڕوسیا بۆ پڕۆژەکە لە ڕێگەی پڕۆژەی ساوتستریم کە توانای دابینکردنی ٦٣ ملیار مەتر سێجا غازی هەیە. کە ڕوسیا پشتیوانی لێدەکات بۆ دابینکردنی غازی ئەوروپا.

٣. کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان بەغداد و هەولێر لەسەر مەسەلە نەوتییەکان و چوونە ناوەوەی کوردستان بۆ پڕۆژەکە.

٤. هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر یەکێتی ئەوروپا کە لە هەرکاتێکدا بیەوێت ئەم پڕۆژەیە وەك کارتێکی گوشار بەکاربهێنێت بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە چونکە تورکیا ناوەندی بەیەکگەیاندنی هێڵە جیاوازەکانی بۆری غازی پڕۆژەکەیە.

٥. بونی هێڵی (( ئاڕاستە شین)) کە ئەڵمانیا لەگەڵ ڕوسیادا لە جێبەجێکردنیدایە لە ژێر دەریای ڕەشەوە وەك مونافسێکی ئەم پڕۆژەیە.

٦. واژۆکردنی تورکیا لەگەڵ ئازەربایجان لەسەر پڕۆژەیەك بۆ ڕاکێشانی هێڵی بۆری(( ترانز-ئەناضۆلیا))بۆ گواستنەوەی ١٠ ملیار مەتر سێجا غاز لە ئازەربایجانەوە بۆبازاڕەکانی ئەوروپا کە ئەمەش دەبێتە کەمردنەوەی سەرچاوەکانی دابینکردنی غاز بۆ پڕۆژەی نابۆکۆ.

٧. هەروەها هەردوو هێڵی گواستنەوەی غاز لە تورکیاوە بۆ یۆنان و ئیتالیا کە پڕۆژەی ATG یە و پڕۆژەی ترانس –ئەدریاتیك کە ئەمانیش وەك مونافسێکی پڕۆژەی نابۆکۆن.

٨. ناکۆکیەکانی نێوان یەکێتی ئەوروپا و ئێران لەلایەك و حسابنەکردنی سوریاش وەك سەرچاوەیەکی تری غاز بۆ پڕۆژەکە هەڕەشەن و مەترسین لەسەر پڕۆژەکە.

٩. هێڵی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەوروپا ( SAAB) کە لەلایەن کۆمپانیای زەبەلاحی BP بەریتانیەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت, مونافسێکی تری نابۆکۆیە چونکە بە قازانجترە و کەم تێچووترە لەبەرئەوەی بۆریەکانی ئێستا بەکاردێنێت کە هەن و دامەزراون.

لەبەر ئەم هەڕەشانە و گەلێکی تریش وەك ئەوەی جێگری بەڕێوەبەری پێشووی کۆمپانیای TBAO ی نەوتی تورکی ( نجدت بامیر) ڕایگەیاند پڕۆژەی هێڵی بۆری غازی نابۆکی لە قۆناغێکی بێئاگاییدا دەژی بەلأم سەرەڕای هەموو ئەو هەڕەشانەش ناتوانرێت بوترێت کە پڕۆژەی نابۆکی مردوە.

• بەم شێوەیە ئەم پڕۆژەیە گرنگیەکی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش و بەشداربوانیشی ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان دەبێت لە ئێستا و ئایندەی ڕووداوە سیاسی و ئابوریەکان و هەربۆیەش بەشداربوونی هەرێمی کوردستان لەم پڕۆژەیەدا کاریگەری گەورەی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئایندەی مەسەلەی کورد لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە.بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تادەتوانێت گرنگی و درێژە بدات بەم سیاسەتە نەوتیە سەرکەوتوانەی کە پیادەی کردوە و توانیویەتی کە کوردستان بخاتە سەر نەخشەی گاز و نەوتی هەموو دونیاو کوردستان بکاتە جێگەی چاوتێبڕینی کۆمپانیا زەبەلاحە نەوتی و ئابوریەکان و حسابی گەورەی بۆ بکەن و گوێنەدەنە هەڕەشەو گوڕەشەکانی بەغداد و چاویش بپۆشن لە قازانجەکانیان لە باشوری عێراق و ڕووبکەنە هەرێمی کوردستان.

ئاشکرایە ئەم سەردەمە سەردەمی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا توندوو وشك و برنگەکان نەماوە و لە ئێستادا پاڵەوانی سەر شانۆی جیهانی و ناوچەییەکان و ڕووداوەکان بریتیە لە ئابوری و بازاڕ و بازرگانی و لەناویشیاندا وزە و بەتایبەتیش نەوت و غازی سروشتیە.وەك دوو سەرچاوەی گرنگی وزە کە خۆشبەختانە هەرێمی کوردستانیش زۆرر دەوڵەمەندە بە هەردووکیان بۆیە بەشداریکردن لەهەر پڕۆژەیەکی وزەی ناوچەیی و دونیاییدا هێندەی تر پێگەی جیۆسیاسی کوردستان بەهێزتر دەکات و دەشبێتە مایەی دەسکەوت و قازانجی گەورەی ئابوریش بۆ ئێستاو ئایندەی مەسەلەی کورد.گەر بەزیرەکانە و دوور لە هەژمونی حیزبایەتی تەسك بەڕێوەببرێت و بکرێتە سەرچاوەیەکی داهاتی شەفاف بۆ پێشخستن و بوژاندنەوە و دامەزراندنی ژێرخانی ئابوریەکی بەهێز و جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی کاریگەر بۆ سەر ئایندەی دەوڵەتی کوردی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندەر لە بەرواری ٢٠١٢/١٠/٣٠دا و لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٩٤ لە ٢٠١٢/١١/٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی صابون *

## پێشەكی

لەم ساڵانەی دواییدا هۆكارەكانی دەسكەوتنی تێكەڵە كیمیاویە ساكارەكان جۆراوجۆر بوون كە دەتوانرێت بەكاربهێنرێن لە پاكەرەوە دروستكراوەكاندا وەكویەك لە تێكەڵە تفتەكانەوە بێت یان پاشەڕۆ نەوتیەكانەوە بێت بەبێ زیانگەیاندن بەسیما و سروشتی ئەو توخمەی كە دەویسرێت پاكبكرێتەوە لەگەڵ ڕەچاوكردنی دەستخستنی ئەو پەڕی توانای پارێزگاری بەكاربەر لەكاتی بەكارهێناندا.لەگرنگترین توخمە پاكەرەوە بەكارهێنراوەكان لە بازاڕدا صابونی شل و شلەمەنیەكانی پاكەرەوەی شوشە و پاكەرەوەی ناوماڵ و كەلوپەلە تەختەییەكان و تێكەڵەً پاكەرەوەكانی ڕاخەر و كلیم و پاكەرەوەكانی مەڕمەڕ و كاشی و ..هتد.لێرەوە دەتوانرێت ئەوە بووترێت كە كاری گیراوەكە لە جێبەجێكردنی ئەركەكەیدا هەڵبژاردنی ڕاسترین توخمی بەكارهاتوودایە لەگەڵ بڕەكەیدا لەگیراوەكەدا هەروەك چۆن ونكردنی توخمە كاریگەرەكە لەناو گیراوەكەدا كار دەكاتە سەر كاریگەرێتی و توانای گەیاندنی مەبەستەكەی كە لە پێناویدا دروستكراوە لەكاتی هەڵبژاردنی توخمی بەكارهاتوو لەگیراوەكەدا و بڕەكانیان پێویستە تاقیكردنەوەی زۆر بكرێت لەلایەن یەكەی دروستكردنەوە بۆ نمونە پەیوەندی بە توخمی تێكردنی بەكارهاتوو و پلەی تواناداری و بڕی چڕی پێویست ئەمەش لەبەر دووركەوتنەوە لەو گرفتانەی كە دێنە بوون لەكاتی خستنە بازاڕی گیراوەكەوە و بەكارهێنانیدا.

### مێژووی پیشەسازی صابون

پیشەسازی صابون دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ساڵ پێش ئێستا.لەكاتێكدا باووباپیرانمان لەشی خۆیان چەوردەكرد بەزەیتی زەیتون و لەگەڵ گوشراوی هەندێ ڕوەكدا و ڕیشاڵەكانیان بۆ پاكردنەوەی خۆیان.لەشارە بەناوبانگەكان بە پیشەسازی صابون بریتین لە حەڵەب و نابلس و تەڕابولس كە تا ئێستاش ئەو پیشەسازییەیان تیادا بەردەوامە. صابون دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارانە و لە بەناوبنگترینیشیان صابونی حەڵەبی و نابولسی وتەڕابولسیە.زانا شوێنەوارناسەكان لە وێرانەكانی شاری بۆمبایدا كارگەیەكی بچوكی دروستكردنی صابونیان دۆزیوەتەوە كە زۆر لەو صابونە

دەچێت کە لە ئێستادا بەکاریدەهێنین.جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دروستکردنی صابون لە مالأندا دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠ سالٚ پێش ئێستا.

دەڵێن کە کۆنترین هەولٚ بۆ دروستکردنی صابون لە مێژوودا دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئەوروپا پێیهەڵساون کە ناسراون بەناوی : سلاتیەکان ئەوەش لەسەرەتای سەدەی بەردینەوە بوە,هەستاون بە ئامادەکردنی صابونێکی سەرەتایی لە (( چەوری بەران)) و خۆڵەمێشێکی ڕوەکی کە صۆدای تیادا بێت. و ناویاننناوە سابۆ,کە وشەی صابونی لێوە وەرگیراوە.

لەسەردەمی نیکۆلا لیبلان و تا ئەو سەردەمەش خۆڵەمێشی صۆدا, کە سەرەکیترین پێکهاتەی صابونە, لە تەختە و گژوگیای دەریاییەوە دەردەهێنرا بەڕێگایەکی زۆر هێواش و سەرەتایی کە تێچووی بەرزبوو, لەبەر ئەوە پێویستیەکی زۆری هەبوو بەوەی کە بەڕێگەیەکی خێراتر و کەمتێچووتر بدۆزرێتەوە بۆ دەسکەوتنی لەبەر ئەوەی ئەو توخمە پێویستە بۆ پرۆسە پیشەسازیەکان.صۆدا سەرەڕای چوونە ناو پیشەسازی صابونەوە ,دەشچێتە پیشەسازی هەریەکە لە شوشە و پۆرسیلین و کاغەزیشەوە.

لەسالٚی ١٧٧٥ دا,ئەکادیمیای فەڕەنسی بۆ زانستەکان پاداشتێکی دارایی ڕاگەیاند بۆ ئەو کەسەی کە بتوانێت صۆدا ئامادە بکات بە ڕێگایەکی ئاسان و کەمتێچوو.لیبلان ئەو پاداشتەی بردەوە دوای ئەوەی کە صۆدای ئامادەکرد لە خویٚ.و دواتریش توانی صابون ئامادە و دروستیش بکات.بەلأم لیبلان پاداشتەکەی وەرنەگرت چونکە دوای ئەوە شۆڕشی فەڕەنسی هەلأیسا .حکومەتی شۆڕشی فەڕەنسی داوایکرد کە ئەو داهێنانە بکرێتە موڵکی گەل.و بابەتی پاداشتەکەی ڕەتکردەوە.لیبلان لەدوای ئەوە ژیانێکی هەژاری و کولە مەرگی زۆر توندی بینی لەسالٚی ١٨٠٦دا بڕیاریدا کە خۆی بکوژێت و ژیانی ڕزگار بکات.دەشلێن ئەوە لە داهێنانی سۆمەریەکانیشە.لە وێرانەی سۆمەردا پارچە گڵینەیان دۆزیوەتەوە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ سالٚ پ.ز. و نوسراوی لەسەرە کە باس لە چۆنێتی دروستکردنی صابون دەکات,دواتر صابون لە ڕۆماشدا دەبینین و دواتریش لەولأتانی ئیسلامیشدا.

ناوی صابون یان سافۆن,وەك لە ڕۆژئاوا ناودەبرێت ,لەناوی شاری صافۆنای ئیتالیەوە وەرگیراوە کە بە شێوەیەکی زۆر و بازرگانی دروستدەکرا.

- **توخمە سەرەتاییەکان لە  پیشەسازی صابوندا**

توخمە سەرەتاییەکان بۆ دروستکردنی صابون وەك بەرهەمێکی پیشەسازی کیمیاوی و نەوتی بونیان هەیە و دەستدەکەون و ڕێژەکانیان جیاوازە بە پێی سروشتی توخمە پاکەرەوەکە و ڕێگاکانی بەکارهێنانی و لەگرنگترین توخمە سەرەتاییەکان:

لەلایەنی ئەندامیەوە لە چەوری ئاژەڵی و ڕوەکی و زەیتەکان( زەیتی تۆوی کەتان,زەیتی ترینتینە) و چەوریەکانەوە دروست دەکرێت,بەلأم لەلایەنی کیمیاییەوە صابون دروستدەکرێت لە خوێی صۆدیۆم یان پۆتاسیۆم یەکێك لە ترشە چەوریەکان و گیراوەی سلیکات و گیراوەی سەلفۆنێت و گلیسرین و خەل و نۆشادر و ڕەنگی دروستکراو و بۆنەکان و بەردی سوکی وورد,دروستدەبێت لەمیانەی کارلێکی نێوان هەریەکە لە چەوریەکان و زەیتەکان و تفتەکاندا.

- **پیشەسازی صابون**

١.  لە کۆندا

لەسەدەی چواردەهەمی زاینیەوە لەسەر زاری جەلدەکیەوە لە کتێبی ئاستی دانایی: هاتووە کە (( صابون دروستکراوە لە هەندێ ئاوی تیژ کە وەرگیراوە لە تفت و جیر,ئاوی تیژ جل وبەرگ لەناو دەبات,فێڵیان بەسەر ئەوەدا کردووە و تێکەڵیان کردووە لەگەڵ چەوریەکاندا کە زەیتە,صابونیان لێبەرهەمهێناوە کە جل وبەرگ پاك دەکاتەوە و زیانەکانی ئاوی تیژ لەدەست و جلوبەرگەکان دوور دەخاتەوە)).

بەهاتنی سەدەی سیانزەهەمی زاینی,کاتێك پیشەسازی صابون لە ئیتالیاوە پەڕیەوە بۆ فەڕەنسا,صابون لە چەوری بزن دروستدەکرا و لە کاتێکدا تفتەکان لەدرەختی زانەوە دەستدەکەون.لەدوای تاقیکردنەوە,فەڕەنسیەکان گەیشتنە ئامرازێك بۆ دروستکردنی صابون لە زەیتی زەیتون لە جیاتی چەوری ئاژەڵی.لەساڵی ١٥٠٠ زدا,ئەم داهێنراوەیان بردە بەریتانیاوە,ئەم پیشەسازیە لە ئینگلتەرەدا بەخێرایی گەشەی سەند,لەساڵی ١٦٢٢ زدا پاشا جێمسی یەکەم ,یەکەم خاوەندارێتی تایبەتی لەو بوارەدا بەخشی.لەساڵی ١٧٨٣زدا کیمیازانی سویدی کارل ولیهیلم شێل

بەڕێکەوت هەستا بەدووبارەکردنەوەی کارلێکی پیشەسازی صابون کاتێك زەیتی زەیتونی کولاو کارلێك دەکات لەگەڵ ئۆکسیدی ڕەصاصدا لە ئەنجامی ئەو کارلێکەدا توخمێکی بۆنخۆش دروستدەبێت و ناویلێنا (( ئیسۆس)) و لەئێستادا دەناسرێت بە (( گلیسرین)).

لەم دواییانەدا شیفرۆڵ لەساڵی ١٨٢٣ زدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە چەوریە ئاساییەکان کارلێك ناکەن لەگەڵ تفتەکاندا بۆ دروستبوونی صابون بەڵکو یەکەمجار شیدەبێتەوە بۆ دروستکردنی ترشە چەوریەکان و گلیسرین.ساڵی ١٧٩١ زدا کاتێك کیمیازانی فەڕەنسی نیکۆلاس لیبلانك ١٧٤٢ز-١٨٠٦ز گەیشتە ڕێگایەك بۆ دەستخستنی کاربۆناتی صۆدیۆم یان صۆدا لە خوێی ئاساییەوە.

٢. لە ئێستادا

زەیت و چەوریە بەکارهێنراوەکان بریتین لە پێکهاتەکانی گلیسرین و ترشی چەوری وەك ترشی خورمایی یان ترشی ئستیاری.کاتێك کە ئەو توخمانە چارەسەر دەکرێن بەگیراوەیەکی تفتی تواوە وەك هایدرۆکسیدی صۆدیۆم لە پرۆسەیەکدا کە ناودەبرێت بە صابونکردن,ئەوە شیدەبێتەوە و گلیسرین دروست دەبێت لەگەڵ خوێی صۆدیۆمی ترشی چەوری.

بۆ نمونە ترشی پەلمەرین کە دادەنرێت بە خوێیەکی ئەندامی بۆ گلیسرین و ترشی خورمایی پەلميناتی صۆدیۆم و گلیسرین بەرهەم دێنێت لەکرداری بەصابونبوندا.

دەتوانرێت ترشە چەوریە پێویستەکان بۆ دروستکردنی صابون دەسبکەوێت لە چەوری و پیو و زەیتی ماسی و زەیتە ڕوەکیەکانەوە وەك زەیتی گوێزی هند و زەیتی زەیتون و زەیتی خورما و زەیتی فولصۆیا و زەیتی گەنمەشامی.

- **جۆرەکانی صابون**
- بەرهەمەکان جۆراوجۆرن لە ڕەنگ و بۆن و شێوە و قەوارە و لە گرنگترینیان:

١. صابونی ڕەق : لەو چەوری و زەیتانە دروستدەکرێت کە ڕێژەیەکی بەرز لە ترشە تێرەکان لەخۆ دەگرن کە صابون دروست دەکەن لەگەڵ هایدرۆکسیدی صۆدیۆمدا.

٢. بەڵام صابونی نەرم : بریتیە لە صابونێکی نیمچە شل کە لە زەیتی ناوکی کەتان و ناوکی لۆکە و زەیتی ماسی دروست دەبێت کە لەگەڵ هایدرۆکسیدی صابوندا کرداری بون بە صابون ڕوودەدات. وەك:

- گیراوەی پاکەرەوەی شوشە
- پاکەرەوە و بریقەپێدەری کەلوپەلی ناوماڵ
- بریقەپێدەری تەختەی زەوی ناوماڵ
- شلەی پاکەرەوەی ڕاخەرەکان
- شلەی پاکەرەوەی کاشی و مەڕمەڕ و سیرامیك

٣. پەیوەند بەو چەوریەی کە بەکار دەهێنرێت لە پیشەسازی صابوندا بریتیە لە هەرزانترین جۆر کە دەستدەکەوێت لەپاشماوەکانەوە و بەکاردەهێنرێت لەدروستکردنی جۆرە هەرزانەکانی صابوندا. و باشترین خواردنەکان لە چەوری کە بەکاردەهێنرێت لەدروستکردنی صابوندا صابونی دەستشۆرە گران بەهاکان.چەوری بۆ خۆی صابونی زۆر ڕەق بەرهەم دێنێت بە شێوەیەك کە ناتوێتەوە بۆ ئەوەی کەفێکی باش بدات لەدوایدا ئەو هەمیشە لەگەڵ زەیتی گوێزی هندیدا تێکەڵ دەکرێت.

٤. بەڵام زەیتی گوێزی هند بەتەنها ئەویش صابونی ڕەق بەرهەم دێنێت کە ناتوێتەوە.بەشێوەیەك لە ئاوی شیریندا بەکار نایەت,بەڵام لە ئاوی سوێردا کەف دەکات هەربۆیەش وەك صابونی دەریایی بەکاردێت.

٥. صابونی ڕوون و ئاسایی زەیتی خروع و گوێزی هندی تیادایە کە لە جۆری زۆر باشی چەوریدایە.

٦. بەڵام صابونی دەستشۆری گرانبەها لە زەیتی زەیتون دروستدەبێت کە کوالێتی بەرزە و بە صابونی قشتالی دەناسرێت.

٧. بەڵام صابونی ڕیشتاشین,صابونێکە پۆتاسیۆم و صۆدیۆم لە خۆناگرێت بەهەمان شێوە ترشی ئستیاریش لەخۆناگرێت کە کەفێکی هەمیشەیی دەدات.

٨. بەڵام کرێمی ڕیشتاشین بریتیە لە هەویرێك کە تێکەڵێك لە صابونی ڕیشتاشین و زەیتی گوێزی هند لەخۆ دەگرێت.

- **سیفاتەکانی صابونی بەرهەم**

١. **جێگیری فیزیاوی**

وەك جێگیری ڕەنگ و جێگیری قاڵب و لێك جیانەبونەوی توخمەکان لەیەکتری و جێگیری گەرمی لەکاتی کەوتنە بەر کاریگەریە گەرمیەکانەوە.

٢. **جێگیری کیمیاوی:**

کە خۆی لە جێگیری کارلێکە کیمیاویەکاندا دەبینێتەوە-جێگیری توخمە ئاکتیڤەکە لە گیراوەکەدا بۆ درێژترین ماوە-بەبێ کاریگەری لەسەر ڕەنگ و سروشتی ئەو توخمەی کە دەویسرێت پاك بکرێتەوە.

٣. **جێگیری ئابوری:**

جێگیری تێچووی بەرهەم ئەمەش لە جێگیری تێچووی توخمە بەکارهێنراوەکانەوە دێت لە بەرهەمدا و جێگیری تێچووی پاکەتی بەکارهاتوو بۆ درێژترین ماوە.

هەموو ئەم توخمانە دەبنە هۆی متمانە دروستکردن بۆ بەرهەمەکە لەلایەن بەکاربەرەوە ئەمەش وادەکات کە بەرهەمەکە زۆرترین و درێژترین ماوە بمێنێتەوە لە بازاڕەکاندا.

- **هەنگاوەکانی بەهەمهێنانی صابون**

١. ئامادەکردنی تو خمە سەرەتاییەکان
٢. جۆرەکانی بەرهەم
٣. توخمە تەکنیکیەکانی پڕۆژەکە.لە قۆناغەکانی دروستکردن و ڕووبەری کارگە و ئامێر و مەکینەکان و پێداویستی لە توخمە سەرەتاییەکان و دەستی کار.
٤. پڕکردن و پێچانەوە.
٥. بنەماکانی باشی جۆر.
٦. خستنە بازاڕەوە.

- **ڕێگای دروستکردنی صابون:**
- **کەلوپەل**

زەیتی زەیتون
زەیتی گوێزی هند
جۆرەکانی تری زەیت
کلۆریدی صۆدیۆم
ڕێگای یەکەم / ڕێگای سارد

- گیراوەیەکی چڕ ئامادە دەکرێت لە هایدرۆکسیدی صۆدیۆم NAOH۱
- ۱۰۰ مل لەهەر زەیتێك لەکوپێکی شوشەدا دابنێ توانای ٥۰۰مل بێت.
- ٤۰ مل زیاد دەکرێت لەگیراوەی NAOH
- تێکەڵەکە تێکدەدرێت تاگیراوەکە توند دەبێتەوە
- دوای دارشتنی تێکەڵەکە لە قاڵبدا دادەپۆشرێت و بەجێدەهێلرێت تا ڕەق دەبێت.
- ئەو هەنگاوانەی سەرەوە دووبارە بکەرەوە بە بەکارهێنانی زەیتەکانی تر.

ڕێگای دووەم/ ڕێگای گەرم یان کولاندن

- گیراوەیەکی چڕ لە NAOH۱ هایدرۆکسیدی صۆدیۆم ئامادە دەکرێت.
- ۱۰ مل لە گیراوەی هایدرۆکسیدی صۆدیۆم دادەنرێت لە کوپێکی شوشەدا کە توانای ٥۰۰ ملی هەبێت و گەرم دەکرێن.
- ۱۰۰مل زیاددەکرێت لە زەیت بۆ گیراوەی هایدرۆکسیدی صۆدیۆمە گەرمەکە.
- ۳۰ مل بەهێواشی زیاددەکرێت لە گیراوەی NAOH.
- گەرم دەکرێن تاکولاندن لەگەڵ ڕەچاوکردنی تێکدانی گیراوەکە بە بەردەوامی.
- کاتێك تێکەڵەکە توند بۆوە ئاگرەکە لادەبرێت و ٤۰ مل لە گیراوەی NACL زیاد دەکرێت.لەگەڵ بەردەوامبون لەگەرمکردن.
- لەدواییدا تێکەڵە جیادەکرێتەوە بۆ دوو چین سەرەوە بریتیە لە صابون کە جیادەکرێتەوە و دەکرێتە قاڵبەوە و دادەپۆشرێت بە تەختەیەك لە پلاستیك و بەجێدەهێلرێت تا ڕەق دەبێت.
- ئەو هەنگاوانەی سەرەوە دووبارە بکەرەوە بەبەکارهێنانی زەیتەکانی تر.
- هەڵگرتن

صابون هەڵدەگیرێت لە کاغەزی باشدا بەشێوەیەکی توند و هەڵدەگیرێت و باردەکرێت و ڕەنگ دەکرێت بەڕەنگی جیاواز بۆ ئەوەی بەشێوەی جوان دەربکەوێت گرنگیشە کە بەرگ و کاغەزی جوان هەڵببژێردرێت کەلەگەڵ حەزو ئارەزوی بەکاربەردا بگونجێت و سەرنجیان ڕابکێشێت.

- بنەماکانی باشی جۆری بەرهەمەکە:

پێویستە ڕەچاوی ئەم بنەمایانەی لای خوارەوە بکرێت لە پێناو باشی جۆری بەرهەمەکە:

۲. هەڵبژاردنی باشترین توخمە سەرەتاییەکان و ئاستی تێکەڵکردنیان.

٣. هەڵبژاردنی باشترین قەوارە و شێوە و دیزاینی پاکەتەکان.

٤. گرنگە کە دوای تەواوبونی کارکردن وخستنە پاکەت و ئامادەکردنی بەرهەم کەلوپەلەکان باش بشۆرێن بۆ پارێزگاری لەسەر چڕی توخمەکان لەهەر قۆناغێکدا.

٥. پارێزگاری لەسەر ڕێژەی گلیسرینی زیادکراو بۆ زیادکردنی لینجی توخمە بەکارهاتووەکان.

٦. لەهەڵە کوشندەکان کە دەکرێت بریتیە لە زیادکردنی ڕێژەی صۆدای کاویە لە صابونی شلدا لە ڕێژەی پێویست کە زیان دەگەیەنێت بە بەکاربەر.

٧. بۆن و ڕەنگەکان پێویستە بگونجێت لەگەڵ خواستی بەکاربەردا.

٨. گرنگیدان بە نەهێشتنی هەوا لە ئەنجامی کارلێکە کیمیاویەکانەوە.

٩. پێویستە بە چاو سەیری ئاست و ناوەخنی کارتۆنەکان بکرێت.

١٠. چاودێری بڕی ناو قاڵبەکان کە زیادوکەم ئەکەن چونکە زیان لەباشی جۆری بەرهەمەکە دەدەن.

١١. دەربارەی توخمە زیان بەخشەکان پێویستە لەسەر کارتۆنەکان ئاگاداریان لەسەر بنوسرێت.

- **لە کۆتاییدا**

دەکرێت لە کوردستانیشدا گرنگی تەواو بدرێت بە هەموو جۆرە پیشەسازیەکان و بە تایبەتیش ئەوانەی کە توخمە سەرەتاییەکانیان بە ئاسانی دەستدەکەوێ ت و هەن لەناوخۆی کوردستاندا, پیشەسازی صابونیش یەکێکە لە پیشەسازیە سادە و ساکارەکان کە پڕۆسەی بەرهەمێنانی زۆر ئاڵۆز نیە و دەتوانرێت بەو توخمە سەرەتاییانەی کە لە هەرێمدا هەن ئەم پیشەسازیە گەشەی پێبدرێت و پێداویستی ناوخۆی لێدابینبکرێت. بە هیوای ئەوەی کە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی پلانی جدی بۆ ئەم مەبەستە دابنێت . لە پێناو لەلایەک گەشەی ئاوری و پیشەسازی خۆماڵی و لەلایەکی تریشەوە کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری.

سەرچاوە :

=====

www.kenanaonline.com

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٤٢ لە پایزی ٢٠١٢دا بلاْوکراوەتەوە.

دیمانە

## ئەم دیمانەیەم لەگەڵ پێگەی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی ئەنجامداوە*

ئەندازیار نەوزاد عوسمان ناسراو بەنەوزادی موهەندیس لەگفتوگۆیەکی تایبەتی ماڵپەڕی مەڵبەندا تیشک دەخاتەسەر ڕەگەز و فاکتەرە بنچینەییەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەهەرێمدا و (حکومەت و هێزی کار و کەرتی تایبەت) بە سێ کوچکە و نهێنی هێزی سەرکەوتنی پرۆژەکان لەقەڵەمدەدات و ئاشکراشیدەکات هەمئاهەنگی تەواو لەنێوانیاندا نییە و یەکتر تەواوکەرنین، و لەمڕووەوە وتی:" بەداخەوە ئەم کەموکوڕی و نەبوونی پەیوەندیە توندوتۆڵ و تەواوکاریە ئاکاری خراپی بەجێهێشتووە لەسەر سەرتاپای پڕۆژەکان و تەنها بەهەدەردان و مایەپوچ بوونی لێ کەوتۆتەوە".

نەوزادی موهەندیس لەناوەڕۆکی گفتوگۆکەدا سەبارەت بەدۆخی ئێستای چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی هەرێم دەڵێت: کاتی ئەوە هاتوە هەموو کار و پڕۆژەیەك بەپێی پلانی زانستی و عەمەلی ئەنجامبدرێت دوور لەدەستێوەردان و دڵڕازیکردن و دەستگیرۆیکردنی ئەم کۆکپانیا یان ئەو کۆمپانیا لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی و ماف میللەت و بودجەی گشتی.

**ماڵپەڕی مەڵبەند**: وەك ئەندازیارێك و شارەزایەك پێتانوایە ڕەگەزە بنچینەییەکانی سەرکەوتنی پڕۆگرام و پرۆژەکان لە وڵاتدا خۆی لەچیدا دەبینێتەوە؟

**نەوزادی موهەندیس:** ئاشکرایە سێ کوچکەی گرنگ هەیە، بۆ دەسپێك و جێبەجێکردن و سەرکەوتنی هەموو پڕۆژەیەك گەورە بێت یان بچوك، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم حکومەت وەك لایەنی پلاندانەر و سەرچاوەی داهات و دابینکردنی بودجە و ڕێکخەر و کارئاسانیکەری ئیشوکارەکان لەڕێگەی دەرکردنی یاسا و ڕێسای سەردەمی و هاوجووت لەگەڵ قۆناغی ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی وڵاتدا.

دووەمیان بریتیە لە دەستی کار کە ئەمیش خۆی لە ئەندازیار و تەکنیککار و کرێکاردا دەبینێتەوە، چونکە ئەمانن کە دەتوانن پلان و بەرنامەی حکومەت جێبەجێ بکەن لەکەرتی گشتی و تایبەتیدا هەر ئەمانیشن هێزی بیرو بازوون و جێبەجێکارن.

سێیەمیشیان بریتیە لە کەرتی تایبەت کە خۆی لە کۆمپانیا و بەڵێندەراندا دەبینێتەوە، ئەم لایەنە لەئێستای قۆناغەکەدا کە دونیای بەجیهانبوون و بازاڕی ئازادە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لە جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانی لایەنی یەکەم و

دووەمدا و ئەمانن کە پلانەکان لەسەر کاغەز و لەناو مێشکدا دەهێننە سەر زەمینەی واقیع.

**ماڵپەڕی مەڵبەند:** ئایا ئەو ڕەگەز و فاکتەرە بنەڕەتیانەی باسیدەکەیت لەهەرێمدا بوونی هەیە؟ و سروشتی بوونی هەریەکێکیان تاچەند بەهێز و ئامادەیە بۆ سودمەندبوون لێی؟

**نەوزادی موهەندیس:** ئەو ڕەگەز و فاکتەرانە لەهەرێمی کوردستاندا بونیان هەیە، بەڵام بەداخەوە هەمئاهەنگی تەواو نیە لە نێوانیاندا و زۆر جاران بەریەك کەوتن و خراپ لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا ڕوودەدات و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەدا و جێبەجێکردنی کاری کۆمپانیاکان و پرۆژەکان، بەداخەوە زۆر جاران ئەو سێ ڕەگەزە ڕۆڵی تەواوکار نابینن کە زۆر پێویستە وەك یەك تیم کاربکەن نەك بە جودا و دوور لەیەك.

**ماڵپەڕی مەڵبەند:** ئایا گرنگی هەمئاهەنگی و پێکەوەگرێدانی ئەو ڕەگەزانە زامنی چیین بۆ بەرنامە و پلانەکانی حکومەت بەئاڕاستەی ئاوەدانی و بەرەپێشبردنی وڵات و سەرکەوتنی پرۆژەکان؟

**نەوزادی موهەندیس:** مەرجی سەرەکی پلان و بەرنامەی حکومەت لە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنی پرۆژەکان بریتیە لە بوونی هاوکاری و هاوئاهەنگی و دڵسۆزی و ئەمانەت و پێکەوە گرێدانی هەرسێ ڕەگەزەکە لە ئیشوکارەکاندا و نەهێشتنی ڕێگر و لەمپەڕەکان و پێشکەشکردنی کارئاسانی و چەسپاندنی مەرجە ئەندازیارییەکان لە پرۆژەکاندا.

**ماڵپەڕی مەڵبەند:** لەهەرێمدا نێوانی ئەو ڕەگەزانە لەچ ئاستێکدایە و کاریگەری نێوانی واقیعی ئێستایان تاچەند ڕەنگدانەوەی بەسەر پرۆژەکانەوە هەبووە و دەبێت؟

**نەوزادی موهەندیس:** بەداخەوە دەڵێم ئاستی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە ئاستێکی زۆرباشدا نیە، چونکە خراپی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و بوونی کەموکوڕی زۆر و بونی گلەیی و گازندەی دەستی کار و کەرتی تایبەت لە حکومەت، ئاماژەی گەورەن بۆ بوونی بۆشاییەك یان دابڕان و یێکتێنەگەیشتنێك لەنێوان هەرسێ ڕەگەزەکەدا و بەداخیشەوە ئەم کەموکوڕی و نەبوونی پەیوەندیە توندوتۆڵ و تەواوکاریە ئاکاری خراپی

بەجێهێشتووە لەسەر سەرتاپای پڕۆژەکان و تەنها بەهەدەردان و مایەپوچ بوونی سەروەت و سامانی میللەت و زۆرێك لە کۆمپانیاکانی لێ کەوتۆتەوە.

**ماڵپەڕی مەڵبەند**: ئەگەر لاواز و سستە نێوانیان و لەئاستی پێویستدا نیە بۆچی؟

**نەوزادی موهەندیس**: بەهۆی لەلایەك حکومەت یاسا و ڕێسای زۆر و ناشەفاف دەردەکات، کە کارئاسانی کەمی تیادایە بۆ هێنان و بەگەڕخستنی دەستی کار و وەبەرهێن و کۆمپانیا ناوخۆییەکان و بڕیارەکان بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار دەردەچن لەسەرەو و دواتر لە سەر زەمینەی جێبەجێکردن بەخراپی دەشکێنەوە. هەروا گوێنەدان بە توانای دەستی کار و کەرتی تایبەتی ناوخۆ بەبیانوی نەبونی ئەزمون و شارەزاییەوە کە زۆر جار ئەندازیار و تەکنیکی و کرێکار و بەڵێندەرانی ناوخۆ زۆر باشتر و دڵسۆزترن بۆ پڕۆژەکان و لەکاتی خۆیدا جێبەجێیان دەکەن و ئامادەشن بۆ هەر سزا و لێپرسینەوەیەك، بەپێچەوانەی زۆرێك لە کۆمپانیا دەرەکیەکان کە پڕۆژەکان بەنیوە ناچڵی تەواوناکەن و بەجێیان دێڵن و پارەیەکی زۆریش بەهەدەر دەبەن.

**ماڵپەڕی مەڵبەند**: ئایا سودی هەمئاهەنگی نێوان ئەو فاکتەرانە لەکام بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە؟

**نەوزادی موهەندیس**: وەك پێشتر باسمان کرد نهێنی سەرکەوتنی هەموو پڕۆژە و پلانێك لە هەمئاهەنگی و هاوکاری و لێکتێگەیشتن و بوار ڕەخساندن بۆ یەکدی دەبێت، چونکە بەبێ ئەو هاوکارییە هیچ کار و پڕۆژەیەك ناتوانرێت لەکاتی خۆی و بەبودجەی دیاریکراو و بەکوالێتی بەرز تەواو بکرێت و بگاتە ئەنجام، بۆیە ئیتر دوای ٢٠ ساڵ لەحوکمڕانی کوردی، کاتی ئەوە هاتوە هەموو کار و پڕۆژەیەك بەپێی پلانی زانستی و عەمەلی ئەنجام بدرێت دوور لە دەستێوەردان و دڵڕازیکردن و دەستگیرۆیکردنی ئەم کۆکپانیا یان ئەو کۆمپانیا لەسەر حسابی بەرژەوەندی و ماف میللەت و بودجەی گشتی و بەرزی کوالێتی و دڵسۆزی و ئەمانەت بۆ گەل و نیشتیمان.

---

* ئەم چاوپێکەوتنە سایتی مەڵبەندی ڕێکخستنی ١ ی سلێمانی لەگەڵیدا سازداوم لە بەرواری ٢٠١٢/٤/٢٦دا .

## سێ كوچكەی پڕۆسەی ئاوەدانكردنەوە*

❖ ئاشكرایە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی ولاَت ، پرۆسەیەكی گەورەو گرنگە و پێویست دەكات تەدارەكی تەواوی بۆ ئامادە بكرێت بە مەبەستی سەركەوتنی و بە ئەنجام گەیاندنی .

ئەم پرۆسەیەش پشت دەبەستێتە سەر سێ هۆكاری سەرەكی ، كە ئەوانیش حوكومەت و هێزی كار و كۆمپانیا و بەلێدەرانە,هەربۆیە گەر یەكێك لەم سێ هۆكارە ئامەدەبونیان نەبێت ئەوا پرۆسەكە شكست دەهێنێت یان كەم و كوری پێوە دیار دەبێت ، چونكە ئەو سێ هۆكارە تەواو كەری یەكترین .

حكومەت خۆی دەبینێتەوە لە دانانی پلان و تەرخانكردنی بودجەو یاساو ڕێسای گونجاو و شەفاف ، بۆ كار ئاسانیكردن بۆ كۆمپانیاو بەلێندەران بۆ ئەوەی بتوانن بەسەركەوتویی و بێ كێشە كار و پڕۆژەكان جێ بە جێی بكەن.

بەلاَم بەداخەوە زۆر جاران و لەم سالاَنەی رابردودا و تا ئێستاش حكومەت نەیتوانیوە ئەركی خۆی لەو لایەنەوە كە پەیوەندی بەوەوە هەیە جێبەجێ بكات و هەر ئەمەش بۆتە هۆكاری سەرەكی بۆ دواكەوتن و جێبەجێ نەكردن و زۆرجاریش بە جێهێشتنی پرۆژەكان بە نیوە ناچڵ و ئەمەش بەزیانی گەورەتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر داهات و خەرجی حكومەت و لەو لاشەوە تورەیی و ناڕازیبونی خەلكی زیاتر دەكات .

حكومەت پێویست دەكات كە پلانێكی وردو زانستیی و واقعیی هەبێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی كوردستان بە پێی گرنگی سێكتەر و ناوچەكان و پێداویستی هاولاَتیان . نەك بە شێوەیەكی هەڕەمەكی و زۆر جارانیش بۆ دڵ ڕازیكردنی ناوچەیەك یان كەسایەتییەك لە دەرەوەی پلانی دانراو زۆر بەلێنی جێبەجێكردنی پڕۆژەكان دەدات و ئەنجامیش جێ بە جێ ناكرێت .

لەلایەكی ترەوە تەرخانكردنی بودجەی سالاَنە ئەركی حكومەتە كە لەكاتی خۆیدا دابینی بكات ، بەلاَم بە داخەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان نەی توانیوە ئەم خالَەشیان جێبەجێبكات ، جا هۆكارەكەی هەر شتێك بێت ، ئەم كارەش كاریگەری خراپ دەكاتە سەر ئاڕاستەی جێبەجێكردن و تەواو كردنی پڕۆژەكان لە كاتی

خۆیاندا ، چونکە بەبێ بونی بودجەی پێویست هیچ پڕۆژەیەك لە كاتی خۆیدا تەواو نابێت .ئاشكرایە بودجەی ساڵانە پێویستە پێش هاتنی ساڵی نوێ پەسەند بكرێت و لە یەكەم مانگی ساڵی نوێشدا بگاتە دەست سەرجەم دام و دەزگا حكومیەكان و ئەوانیش ڕاستەوخۆ بكەونە خۆ بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەكان بەلاَم بەداخەوە ساڵی ژمێریاری لەم هەرێمەدا بۆتە ٣-٤ مانگی فعلی كاركردن ، كە هیچ پڕۆژەیەك ناتوانرێت تەواو بكرێت . كاردانەوە خراپەكانی ئەم هۆكارەش هەمووان هەستیان پێ دەكەین .

خاڵێكی تر كە دەكەوێتە چوار چێوەی ئەركی حكومەتەوە بریتیە لە دەركردنی بڕیار و ڕێسای ڕۆشتن و كورت و پوخت و كەم بۆ ئەوەی بە سانایی لێی تێبگەیت و بە سانایش جێبەجێ بكرێت لەسەر زەمینەی واقع . بەلاَم بەداخەوە لەم لایەنەشەوە حكومەت بە هۆی ناڕۆشنی و دورو درێژی و زۆری بڕیار و ڕێنماییەكان و گۆڕانكاری تیایاندا وای كردوە كە كێشەی زۆر دروست بكات و هەم دام و دەزگاكانی حكومەت و هەمیش كومپانیا و بەڵێندەران هەر لە پرۆسەی تەندەرین و پێدانی پڕۆژەو پێدانی سولفەدا.

هیچ كرێكارێكی وڵاتی خۆیان بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەكان بە بیانوی ئەوەی كە كرێكارانی كورد شارەزا نین .

ڕاستە هێزی كار لە كوردستاندا بە هەر سێ گروپەكەوە هێزی كارێكی هەرزانن ، بەلاَم بە داخەوە هۆشیار و خاوەن ئەزمون و شارەزایی زۆر نین . چونكە نە حكومەت و نە كۆمپانیاكانیش هەڵساون بە كردنەوەی كە هەموو ئەمانەش بونەتە هۆی دواكەوتنی زۆرێك لە پڕۆژەكان و زیانگەیاندنیش بە بەڵێندەران و كۆمپانیاكان . بۆیە هیوادارین كە حكومەت لە ئەركانەی كە لەم پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەدا دەكەوێتە ئەستۆی ، لە ئایندەدا بە جدی كار بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو تەگەر و كۆسپانە لە پێناو دابینكردنی ئایندەیەكی گەشدا بۆهەرێمەكەمان .

❖ دوای ڕۆڵ و ئەركی حكومەت ، ڕۆڵی هێزی كار دەبێتە كارەكتەری دووەم لە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی كوردستاندا و بەبێ بونی یان ئامادەنەبونی ئەم كوچكەیەی سێ كوچكە سەرەكیەكە ئەوا پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە ناگاتە سەركەوتنی .

هێزی کار لەم پرۆسیەدا خۆی لە کادرە ئەکادمیی و زانستی و شارەزاو بە ئەزمونەکان دەگرێتەوە لە ئەندازیاران و تەکنیککاران و کرێکاراندا .

ئەندازیاران ڕۆڵی پێشەنگ و ڕابەرایەتی دەبینن لە هەموو پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوەدا هەر لە قۆناغی سەرەتایی تا کۆتایی هەر پڕۆژەیەك . و ژمارەی ئەندازیارانی کوردوستانیش نزیکەی ٢٠ هەزار ئەندازیارن . کارێکی زۆر پێویستە کە ئەندازیار بەشداری چڕی هەبێت لە دانانی تەندەری پڕۆژەکان و کردنەوەیدا و دواتر لە دیزایین کردنی پڕۆژەو سەرپەرشتی و جێبەجێکردنیشدا . ئەم قۆناغە لە هەموو پڕۆژەیەکدا هەبونیان هەیە و پێویستیشیان بە ئەندازیاری خاوەن ئەزموون و شارەزایی تەواو هەیە .

ئەندازیار چ لەلایەن حکومەتەوە بێت یان لەلایەن کۆمپانیا و بەڵێندەرانەوە بێت ، بەشداری دەکەن و ئەرکیشیانە پێش هەموو کارێك مەرج و مواسەفاتە ئەندازیاریەکان جێبەجێبکەن و بە دڵسۆزی و ئەمانەتەوە کارەکانیان جێبەجێبکەن بەبێ گوێدانە دەسکەوتی مادی و هیچ کەمتەرخەمی و چاو پۆشینێك نەکەن نەك بۆکۆمپانیا و بەڵێندەران لەسەر حسابی چۆنێتی و چەندایەتی پڕۆژەکە کە دواتر بە زەرەرو زیانی هاوڵاتیان و بودجەی گشتی و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەشکێتەوە . گروپی دووەم لە هێزی کار بریتین لە تەکنیککاران کە ئەرکی زۆریان لە سەرە لە قۆناغی جێبەجێکردنداو لە کوردسستاندا ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠٠٠ تەکنیککار دەبن چونکە هەر ئەمانن کە نەخشە و دیزایینەکان لەسەر ڕووی لاپەڕەکانەوە دەگوازنەوە بۆسەر زەمینەی واقع و دەیهێننە بوون . بۆیە ئەم گروپە دوای ئەندازیاران کە زیاتر دیزاین و سەرپەرشتیکردنیان لە ئەستۆدایە ، بە کارەکتەری سەرەکی دادەنرێن . هەر بۆیە پێویست دەکات حکومەت و تەنانەت کۆمپانیاکانیش گرنگی زیاتر بە هۆشیارکردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاری ئەم گروپە بدەن بە کردنەوەی خول و ڕاهێنان و فێرکردن لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا .

گروپی سێیەم لە هێزی کار بریتین لە کرێکاران ، ئەم گروپە بە باسك و بازوو هێز و توانای جەستەیان بونەتە پێشمەرگەی سەنگەری یەکەم لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا و ئەرکی قورس و گرانیان لە ئەستۆدایە بەبێ بونی ئەم گروپە هەموو نەخشەو زانست و زانیاریەکان بێ مانان و ناچنە چوار چێوەی جێبەجێکردنەوە . بۆیە زۆر زەرورە حکومەت لە ڕێگای سەندیکا کرێکاریەکان و لەناو دام ودەزگاکانی حکومەتیشدا گرنگی زیاتر بە کرێکاران بدەن و هەوڵی پەروەردەکردن و فێربون و هۆشیارکردنەوەی زیاتریان بدەن ، بۆ ئەوەی هیچ کۆمپانیا و بەڵێندەرێکی بیانی پەنا نەبەنە بەر هێنانی خولی ڕاهێنان و پەروەردەکردن و

فێرکردنیان بە زانستە نوێکانی سەردەم چ لە ناوەوەی ولات چ لە دەرەوەی ولاتدا . بە داخەوە ئەندازیار یان تەکنیکی یان کرێکاری وا هەیە لە شارەکانی خۆی زیاتر دونیای نەبینیوە . بۆیە گوناهیشی نیە گەر وەك هێزی کاری دەوڵەتانی دراوسێو ناوچەکە و دونیاش شارەزا نەبن .

بۆیە ئومێد دەکەین بۆ ئەوەی ئایندەیەکی گەشتر وەدیبێنین لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا حکومەت و کۆمپانیاکان لە ئێستاوە لە پلانی ساڵانەی خۆیاندا بودجەی پێویست تەرخان بکەن بۆ ئەم مەبەستە و ئەم بوارەش بە هەند وەربگرن .

- لە قۆناغی سێیەمدا ڕۆڵی کۆمپانیاکان و بەڵێندەران دێنە پێشەوە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا , کە هیچ کاتێك ڕۆڵی بەڵێندەران کەمتر نەبوە لە ڕۆڵی حکومەت و هێزی کار چونکە بەڵێندەران بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە قۆناغی بازاری ئازاد و کرانەوەی بازاڕ و بازرگانی و کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانە، چونکە بەڵێندەران لەلایەك وەك خاوەن سەرمایە هاوکار و پشتیوان و تەواوکەرە بۆ ڕۆڵی حکومەت و لەلایەکی تریشەوە لایەنی جێبەجێکاری پلان و بەرنامەکانی حکومەتن و دەبنە هۆی زووتر و زیاتر گەشە پێدانی ولات .

بەڵێندەران لە کوردستاندا کە ژمارەیان نزیکەی ٩٨٠بەڵێندەری بیانی و خۆماڵین . تا ئێستا نەیانتوانیوە یان ڕێگەیان پێنەدراوە یان کار ئاسانی و پشتگیریان نەکراوە لە لایەن حکومەتەوە کە بەڕۆڵی سروشتی هۆیان هەستن. هەر بۆیەش بەڵێندەران لە ئێستادا نیگەرانن . وە نیگەرانیەکانیشیان تا ڕادەیەك ڕەوایەتی تیادایە ، لەوەی کە حکومەت بڕیار و ڕێسای وای بۆ تەرخان نەکردوون کە دەسگیرۆیی و کارئاسانیان بۆ بکات و زۆر جاران بە هۆی نا شەفافی و ئالۆزی تەندەرەکان و چۆنیەتی پێدانی تەندەر دواتریش سەرپەرشتی و پێدانی سلفەکانیان ودانانی هەندێ مەرجی قورس وا لە کۆمپانیاو بەڵێندەرانی ناوخۆ دەکەن کە نەتوانن کار و پرۆژە وەر بگرن .

بەلام لە بەرامبەردا حکومەت بۆ کۆمپانیا و بەڵێندەرانی بیانی کە زۆر کات و لە زۆر پرۆژەدا هێندەی کۆمپانیا خۆماڵیەکان نە شارەزابون و نە دڵسۆزیش بوون و لە بەرامبەریشدا کارئاسانی زیاتر وبەهەدەردانی سەروەت و سامانی زیاتر و لە زۆربەشیاندا بە جێهێشتنی پرۆژەکان بوە بە نیوە ناچڵی .

لێرەدا جارێکی تر ئەرکی حکومەت دێتەوە پێش بەوەی کە دەسگیرۆیی زیاتری بەڵێندەران بکات لە پێدانی پڕۆژەکاندا و هاوکاریکردنیان بۆ بینینی دونیای دەرەوە و وەرگرتنی شارەزایی و ئەزمونی کۆمپانیاکانی دونیا و کارئاسانیکردن لە وەرگرتنی گومرگ و باج لێیان لەسەر ئەو ئامێر و کەلوپەلانەی کە دەیهێننە ولاتەوە.لە بەرامبەریشدا چاودێرییەکی ووردی کارەکانیشیان بکات بۆ ئەوەی پڕۆژەی بیٚ کەموکوڕی و زیاد لەماوەی خۆی جێبەجێی نەکەن .

هەر بەم شێوەیە دەتوانرێت کە ئەم پایەو کۆڵەکە گرنگەی پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەی هەرێم زیاتر بەرەو پێش ببرێت و ئایندەیەکی گەشاوە تر چاوەڕوانی هەمووان بێت .

لەکۆتاییشدا ئەرکی حکومەتە کە کاری پێکەوە گرێدان و هەمئاهەنگی تەواو وکارئاسانی بکات بۆ کۆی پایە و کۆڵەکە و کوچکەکانی سەرکەوتنی پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە ولاٚتدا.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری بەڵێندەران لە ژمارەکانی ٢٣ و٢٤ لە شوباتی ٢٠١٣دا بلاٚوکراوەتەوە.

## وزەی تــازەبۆوە *

- وزەی تازەبۆوە بریتیە لەو وزەیەی کە لە سەرچاوە سروشتیەکانەوە دەست دەکەوێت کە توانای تازەبونەوەیان هەیە یان ئەوانەی کە لەناو ناچن(( وزەی بەردەوام )). سەرچاوەکانی وزە تازەبۆوەکان لە ناوەڕۆکەوە جیاوازن لەگەڵ سووتەمەنی هەڵهێنجراو لەنەوت و خەڵوز و غازی سروشتی.یان سوتەمەنی ئەتۆمی کە بەکاردێت لە کورە ئەتۆمیەکاندا.لەم وزە تازەبوانەدا پاشەڕۆی وەکو دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یان گازە کوشندەکان دەرناچێت و هەروەها کاریگەریشیان بۆ سەر دیاردەی بەرزبونەوەی گەرمای گۆی زەوی نیە وەك ئەوەی لە سوتەمەنیە هەڵهێنجراوەکاندا ڕوودەدات یان پاشەڕۆ ئەتۆمیە زیان بەخشەکان کە لەکورە ئەتۆمیەکانەوە دروست دەبن. وزەی تازەبۆوە لە (( با , ئاو , ڕۆژەوە)) بەرهەم دێت, هەروەك چۆن دەتوانرێت لە جوڵەی شەپۆلەکانی دەریا و زەریاکان و دیاردەی هەڵکشان و داکشانی ئاوی زەریا و دەریاکان و یان لەگەرمای ناو زەویەوە و هەروەها لە هەندێ بەروبومی کشتوکاڵی و ئەو درەختانەی کە زەیتیان لێوە بەرهەم دێت. دێتە بوون.

بەڵام ئەو وزەیەی کە لە بەروبومی کشتوکاڵی و درەختەکانەوە بەرهەم دێت پاشەڕۆی هەیە کە دەبێتە هۆی زیادبونی پلەی گەرمای زەوی ولە ئێستادا زۆرترین وزەی تازەبۆوە بەرهەم دێت لە وێسگە کارۆئاویەکانەوە لە ڕێگەی بەنداوە زۆر گەورەکانەوە لەهەر جێگەیەکی گونجاودا کە بتوانرێت دروستبکرێت لەسەر ڕوبار و ئاوەڕۆچکەکاندا. ئەو ڕێگایەنەشی کە پشت دەبەستێتە سەر (( با و ڕۆژ )) بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان و هەندێ لەوڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا بەکار دێن.

بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگای سەرچاوەکانی وزە تازەبوەکانەوە لەم دواییانەدا بۆتە کارێکی بەربڵاو و هەندێ وڵات هەن کە پلانی زانستیان داڕشتوە بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمهێنانی وزە تازەبوەوەکان بەشێوەیەك کە پێداویستیان لە وزە بەڕێژەی ٢٠٪ دادبین دەکات لەساڵی ٢٠٢٠ دا. و لە کۆنگرەی کیۆتۆ لە یابان

زۆربەی سەرۆك دەوڵەتەکان ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەسالأنی داهاتودا.بۆ دوورکەوتنەوە لەو هەڕەشانەی سەر گۆڕانی ئاو و هەوا بەهۆی پیسبون و کەمبونەوە یان نەمانی سووتەمەنیە هەڵهێنجراوەکانەوە. ئەمە سەرەڕای مەترسیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لەسەر سووتەمەنی هەڵهێنجراو و ئەتۆمی.

لەم دواییانەدا ئەوەی کە دەناسرێت بە (( بازرگانی وزە تازەبوەوەکان)) زیادی کردوە, بەشێوەیەك کە ئەم کارانە بریتین لە گۆڕینی وزە تازەبوەوەکان بۆ سەرچاوەی داهات و بازاڕ گەرمکردن. سەرەڕای ئەو هەموو ڕێگریە ناتەکنیکیانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بلأوبونەوەی وزە تازەبوەوەکان بە شێوەیەکی بەربلأو وەك تێچووی بەرزی وەبەرهێنانی سەرەتایی و ..هتد.بەلأم نزیکەی ٦٥ ولأت پلانی وەبەرهێنانیان داڕشتوە لە بواری وزە تازەبوەوەکاندا. وە کار و سیاسەتی پێویستیان داڕشتوە بۆ پێشخستن و هاندانی وەبەرهێنان لە وزە تازەبوەوەکاندا.

- **جۆرەکانی وزە تازەبوەوەکان**

**١. وزەی زیندەگی**

بریتیە لەو وزەیەی کە لەبونەوەرە زیندوەکانەوە لە ڕوەك و ئاژەڵەوە دەست دەکەوێت. کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی وزە تازەبوەوەکان. جیاواز لە سەرچاوە سروشتیەکانی وەك نەوت و خەڵوزی بەردین و جۆرەکانی تر و سوتەمەنی ئەتۆمیش.هەندێ ناوچە دەستیان کردوە بە ڕواندنی جۆرێکی تایبەت لە ڕووەك کە بۆ بەکارهێنان دەشێت وەك سوتەمەنی زیندەگی . لەوانە گەنمەشامی و فول صۆیا لە ئەمریکادا. هەروەها ڕوەکی لەفت لە ئەوروپا و قامیشی شەکر لە بەڕازیل و زەیتی خورما لە باشوری ڕۆژهەلأتی ئاسیادا.

هەروەها دەتوانرێت سووتەمەنی زیندەگی وەدەست بێت لە شیکردنەوەی پیشەسازیدا بۆ چێنراوەکان و پاشەڕۆکان و پاشماوە ئاژەڵیەکان کە دەکرێت بەکاربهێنرێنەوە, وەك توێکڵ و تەختە و پەین و توێکڵی برنج و ئاوەڕۆ و

شیکردنەوەی پاشەڕۆکان و پاشماوە خۆراکیەکان کە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ غازی زیندەگی لە ڕێگەی هەرسکردنی ناهەواییەوە.

بارستەی زیندەگی کەوەکو سووتەمەنی بەکاردێت پۆلێندەکرێت بە چەند جۆرێکەوە وەك پاشەڕۆ ئاژەڵیەکان و تەختەییەکان و پوشینەکان, ئەم بارستەیە زیندەگیەش کاریگەری ڕاسەوخۆشی نابێت لەسەر نرخەکەی بەو پێیەی سەرچاوەیەکی وزەیە.

بارستایی زیندوو لە پیشەسازی وزەدا ئاماژەیە بۆ توخمە زیندوەکان کە تاکاتێکی نزیك زیندوو بوون.کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت وەك سووتەمەنی یان لە بەرهەمی پیشەسازیدا.زۆرترین بارستایی زیندوو بریتین لە توخمە ڕوەکیەکان و بەکاردەهێنرێن وەك سووتەمەنی زیندەگی. هەروەها زارەوەکە ئاماژەش دەدات بۆ توخمە ڕوەکی و ئاژەڵیەکان کە بەکار دەهێنرێن لە بەرهەمهێنانی ڕیشاڵ یان کیمیاویات یان گەرمیدا.هەروەها لەوانەیە بارستایی زیندوو و هەندێ پاشەڕۆش بگرێتەوە کەشی دەبنەوە بە سروشتی کە دەکرێت بسوتێنرێن وەك سووتەمەنی. تەنها توخمە ئەندامیەکان جیاوازن لەو جۆرانە بەهۆی ئەوەی کە کارلێکەکانی ناو زەوی گۆڕیونی بۆ خەڵوز یان نەوت. بارستایی زیندەگی بەگشتی دەپێورێت بە کێشە وشکەکەی.

سووتەمەنی زیندەگی بریتیە لە (( ئیثانۆلَ و دیزڵی زیندەگی و غازی زیندەگی و بیوتانۆڵی زیندەگی)) کە هەموانیان جۆری سووتەمەنین.کە ڕاستەوخۆ بەکار دەهێنرێن لە ماشێنەکانی نەوتدا.

سەرەڕای ئەوەی کە بارستایی زیندەگی بریتیە لە سووتەمەنی تازەبۆوە بەلاَم هەر هاوبەشە لەگەرمکردنی دونیادا.کە لە ئەنجامی تێکچوونی بەلانسی توخمی کاربۆنەوە لە سروشتدا دروست دەبێت.بۆ نمونە لەکاتی بڕینەوەی جەنگەڵەکاندا یان فراوانبوونی شارەکاندا لە ناوچە سەوزەکاندا.هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بارستایی زیندوو بەشێکە لەسوڕی کاربۆن. کاربۆن لەبەرگە هەوادا بەکرداری ڕۆشنە پێکهاتن دەگۆڕێت بۆ توخمێکی زیندوو. و جارێکی تر دەچێتەوە ناو هەوا لەکاتی شیبونەوەی ڕوەك یان سوتانیاندا.ئەم کردارەش لەکاتێکی کەمدا ڕوودەدات, دەتوانرێت کە توخمێکی ڕوەکی بگۆڕدرێت کە وەك سووتەمەنی بەکار

دەهات بە ڕواندنی ڕوەکێکی نویێ. یان ئەوەی بە (( بێ لایەنی کاربۆن)) ناسراوە بەبەکارهێنانی بارستایی زیندەگی وەك سووتەمەنی.

- بەکارهێنانی تری بارستایی زیندەگی جیاواز لە سوتاندنی وەك سووتەمەنی:-

١. وەك کەرەسەی بینا

٢. جانتا پلاستیکیەکان و کاغەزیەکان کە شیدەبنەوە بەسروشتی(( بەکارهێنانی ڕیشاڵی سلیلۆزی)).

- **وزەی زیندەگی و ژینگە**

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە جۆرەکانی تری وزە تازەبۆوەکان سەرکەوتوترن لە وزەی زیندەگی لە ڕوانگەی کاریگەری بێ لایەنکردنی کاربۆنەوە.ئەوەش بە هۆی بەرزبونەوەی سوتەمەنیە هەڵهێنجراوەکان لە بەرهەمیدا.سەرەڕای ئەوەی بەرهەمی سوتاندنی سووتەمەنی زیندەگی لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن زیاترە لە غازەکانی تر کە ژینگە پیس دەکەن. ئەو کاربۆنە بەرهەم هاتوەی لە سووتەمەنی زیندەگیەوە نابێتە نمایندەی بەرهەمی سوتاندنەکە ناکات. بەڵکو بۆی زیاد دەکرێت ئەوەی کە دەردەچێت لەماوەی خولی گەشەکردنیدا.

بەلام لایەنی پۆزەتیڤی بریتیە لەوەی کە ڕوەك دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کاردەکات لە کرداری ڕۆشنە پێکهاتنەوە و هەر لێرەشەوە ئەو ناوە هاتوە کە دەوترێت (( ڕاستکردنەوەی کاربۆن)) یان(( بێ لایەنکردنی کاربۆن)).

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە ئەو پارچە دارانەی کە لە جەنگەڵستانەکاندا گەشە دەکەن لە سەدەها یان هەزاران ساڵەوە بەکار دەهێنرێن وەك سووتەمەنیەکی زیندوو. بەبێ ئەوەی گۆڕینی بەشداری بکات لە کاریگەری بێلایەنکردنی کاربۆن. بەلای زۆرێکەوە کە لەو بڕوایەدان کە تاکە ڕێگا بۆ ڕێگرتن لە زیادبونی بڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگە هەوادا بریتیە لە بەکارهێنانی سووتەمەنی زیندەگی بۆ گۆڕینی سەرچاوەکانی وزە نا تازەبۆوەکان.

- **بەروبومە وزەییەکان**

ئەم زاراوەیە بەکاردێت وەك ئاماژەیەك بۆ هەندێ جۆری چێنراو یان پوشوپەلاش کە دەڕوێنرێت بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ بەرهەمهێنانی وزە وەك پوشی زەرد و ...هتد.

- **٢. وزەی ئاوی**

وزەی ئاوی بریتیە لەو وزەیەی کە بەدەست دێت لە جوڵەی ئاوی بەردەوامەوە کە لەناو ناچێت , و یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی وزەی تازەبۆوە یان بەواتایەکی تر بریتیە لە سوود وەرگرتن لە جوڵەی ئاو بۆ مەبەستی بەسوودتر.
بەکارهێنانی وزەی ئاوی لە پێش بون و بڵاوبونەوەی وزەی کارەبایی بازرگانیەوە بوە.لە بوارەکانی ئاودێری و هاڕینی بەروبومەکاندا و پیشەسازی ڕستن و چنیندا.چەندین سەدە سوود لە وزەی ئاوی وەرگیراوە.بۆ نمونە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا. وزەی ئاوی لە ئاشی گەنم و جۆ و برنجدا بەکارهاتوە, وەك لە چین و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دووردا. هەروەها بەکارهاتوە لە جوڵەی هایدرۆلیکیدا بەشێوەیەك کە ئاوی لە ڕوبارەکانەوە بەرزکردۆتەوە بەمەبەستی ئاودێری کە دەناسرێت بە ((ناعور)).
لە سیەکانی سەدەی هەژدەهەمدا, لە گەرمەی دروستکردنی جوڵەکانی ئاودێریدا, ئاو بەکارهاتوە بۆ گواستنەوەی ستوونی بۆ سەروو خوار لە نێوان گردەکاندا بەبەکارهێنانی هێڵی ئاسنینەوە. گواستنەوەی وزەی میکانیکی ڕاستەوخۆ پێویستی بەبونی پیشەسازی هەیە کە وزەی ئاویی بەکاردێنن لە نزیك تاڤگەکانەوە. بەتایبەتیش لەنیوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا. و لە ئێستاشدا گرنگترین بەکارهێنانەکانی وزەی ئاوی بریتیە لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی, کە وزەیەکی هەرزانە و تەنانەت ئەگەر لە دوورترین جێگەی ئاوەڕۆکانیشدا بەرهەم بێت.

- **جۆرەکانی بەکارهێنانی وزەی ئاوی**

١. ناعور: کە بۆ سەدان ساڵ بەکارهاتوە لە ئاشەکان و بزاوتنی ئامێرەکاندا.
٢. وزەی کارۆئاوی: لە بەنداو و دامەزراوە ئاویەکاندا کە کارەبا بەرهەم دێنن.

٣. وزەی هەڵکشان و داکشان: بریتیە لە بەکارهێنانی وزەی هەڵکشان و داکشانی بە ئاڕاستەی ئاسۆیی.

٤. وزەی شەپۆلی هەڵکشاو: بریتیە لە بەکارهێنانی وزەی هەڵکشان و داکشان بە ئاڕاستەی شاقوڵی.

٥. وزەی شەپۆلەکان: بریتیە لە بەکارهێنانی وزە لەسەر شێوەازی شەپۆلەکان.

- ٣. وزەی ڕۆژ

ئەم وزەیە دادەنرێت بەوزەی دایك لەسەر ڕووی زەوی, بەشێوەیەك کە هەموو وزەکانی تر لەمەوە دروست دەبن.هەر لەسایەی وزەی ڕۆژەوە کە هەموو هەڵگیراوەکانی ناو زەوی دروست دەبن لە خەڵوز و نەوت بە تێپەڕبوونی ملیۆنان ساڵ.هەر بەهۆی ئەم وزەیەوە هەموو ئامێر و مەکینەکانی زەوی دەبزوون بەگەرمبونی هەوای دەروبەر و وشکانی و دروستبونی ڕەشەبا و پاڵنانی سوڕی گۆڕانی ئاو.زەریاکان گەرم دەکات و یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنی ڕوەکەکان و خواردنی گیانەوەران. بەتێپەڕبوونی کاتیش دەبێتە هۆی دروستبونی سووتەمەنی هەڵهێنجراو لەناخی زەویەوە. ئەم وزەیە دەشێت بگۆڕێت بە ڕاستەوخۆ یان ڕێگای ناڕاستەوخۆ بۆ گەرمی و ساردی و کارەبا و وزەجوڵە.وزەی ڕۆژ وزەیەکی کارۆموگناتیسیە, و شەبەنگە بینراوەکانی ڕێژەی ٤٩٪ پێك دێنێت و شەبەنگە نەبینراوەکانیشی وەك تیشکە سەروو بنەوشەییەکان ڕێژەی ٢٪ پێك دێنن و تیشکە خوار سورەکان ڕێژەی ٤٩٪ پێك دێنن.وزەی ڕۆژیش دەگۆڕێت بە پێی جوڵەیی و دووری لە زەویەوە.

ئەم وزەیە لە ڕێگەی پلێتی ڕۆژییەوە دەگاتە ناو ماڵەکان و چڕی و توندی تیشکی ڕۆژ جیاوازە لەسەر نەخشەی زەوی بەپێی وەرزەکانی ساڵ لەسەر نیوەی گۆی زەوی.هەروەها بەپێی دووری لە زەویەوە ومەیلان و بارودۆخی لەسەر پێگە جوگرافیەکان بە درێژایی ڕۆژ یان لەماوەی ساڵدا. وە بەپێی چڕی هەورەکان کە ڕێگرین, چونکە هەورەکان کۆنترۆڵی بڕی تیشکەکان دەکەن کە دەگەنە وشکانی. بەپێچەوانەی ئاسمانێکی ساف و دوور لە هەور و دوکەڵ. تیشکی ڕۆژ دەکەوێتە سەر دیوار و پەنجەرەو وشکانی و بینا و ئاوەکان و تیشکەکان هەڵدەمژێت و هەڵیدەگرێت

لە بارستایی گەرمایدا Thermal Mass ئەو گەرمیە هەڵگیراوە لە دوایدا تیشك دەداتەوە لەناو بیناکاندا.وەئەو بارستاییە گەرمیە دادەنرێت بە سیستەمێکی گەرمکردنی ڕۆژی کە هەڵدەستێت بەهەمان کاری پاتری لە سیستەمی کارەبای ڕۆژیدا کە ناو دەبرێت بە(( ڤۆلتیەی ڕوناکی Photo Voltaic)). کە هەردوکیان گەرمی ڕۆژ هەڵدەگرن بۆ ئەوەی دواتر بەکاربێتەوە.

گرنگە بزانرێت کە ڕوە تۆخەکان و بەتایبەتیش ڕوە ڕەشەکان بە توندی گەرمی هەڵدەمژن و بەزۆریش نایدەنەوە.لەبەرئەوە گەرم دەبن, بە پێچەوانەی ڕوە کراوەکان یان سپیەکان کە گەرمی ڕۆژ دەدەنەوە و لەبەرئەوە گەرم نابن.

گەرماش بە سێ ڕێگە دەگوێزرێتەوە:- یان بە گەیاندن Conduction لەناو توخمە ڕەقەکاندا, یان بە هەڵگرتنی گەرمی Cnovection بەهۆی گازەکان یان شلەکانەوە. یان بەڕێگەی تیشکدانەوە Radiaition . لەبەرئەمە دەبینین پێویستی زۆر هەیە بە گواستنەوەی گەرمی بەشێوەیەکی گشتی بەجۆری توخمە گەرمیەکان کە هەڵیدەگرن.بۆ پاشەکەوتکردنی وزە و تێچوونی.

هەندێ بنەما هەن کە دیزاینەرەکان ڕەچاویان دەکەن بۆ پرۆژەکانی وزەی ڕۆژ.لە نێوانیاندا توانای توخمە گەرمیە هەڵبژێردراوەکان لەسەر کۆکردنەوەو هەڵگرتنی وزەی ڕۆژی. هەرئەمەش دەگونجێت بەسەر دیزاینی بیناکان و هەڵبژاردنی کەرەسەی بیناکان بەپێی ناوچە ئاو و هەواییەکان وەکویەك لەناوچە گەرمەکان یان مام ناوەند و ساردەکاندا. هەروەك دەزانرێت لە شوێن کەوتەی ڕۆژ لەسەر بیناکان و ژینگەی چواردەوری وەك نزیکی لە ئاو لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاڕاستەی با و ژینگە سەوزەکەی چواردەوری و جۆری خاکەکەی و بارستاییە گەرمیەکە کە سەربان و دیوار و تەنکیەکانی ئاو دەگرێتەوە.هەموو ئەم ڕاستیانە گرنگی خۆیان هەیە لە هەڵمژینی گەرمی لەکاتی ڕۆژ و دانەوەی لە شەودا.

- **ڕۆژ و زەوی**

زەوی ڕۆژانە بڕی ١٧٤ بیتاوات وەردەگرێت لە تیشکی خۆر لە چینە بەرزەکانی بەرگە هەوا.لەکاتی بەریەککەوتنی تیشکی خۆر لەگەڵ بەرگە هەوادا ڕێژەی ٦٪ دەداتەوە و ڕێژەی ١٦٪ هەڵدەمژێت لەگەڵ تێبینی کردنی بارودۆخی کەش وهەوای سروشتی

وەك (( با و هەورو پیس بوون))کە دەبنە کەمکردنەوەی تیشکی خۆر بەتوندی لەکاتی ڕاگوزەریاندا بەناو بەرگە هەوادا بەڕێژەی ٢٠٪ بەهۆی تیشکدانەوە و ڕێژەی ٣٪ بەهۆی هەڵمژینەوە.

ئەم بارودۆخە هەوایە تەنها بڕی وزەی گەیشتوو بۆ ڕووی زەوی کەم ناکاتەوە, بەڵکو نزیکەی ٢٠٪ لە تیشکی هاتوش بلأودەکاتەوە و بڕێك لە شەبەنگەکانیشی ڕێگەی لێدەگرێت. دوای تێپەڕبوون بەناو بەرگەهەوادا, نزیکەی نیوەی تیشکی خۆر لە شەبەنگی کارۆموگناتیسی بینراودا دەبێت و نیوەکەی تریشی بەزۆری لە شەبەنگی تیشکی ژێر سوردا دەبێت( و بەشێکی کەمیشی تیشکی سەرو بنەوشەیی دروست دەکات).

هەڵمژینی وزەی ڕۆژ لە ڕێگەی هەڵگری گەرمیەوە لەبەرگە هەوادا(( گوێزەرەوەی گەرمی هەستیار)) و بەهەڵمبون وچڕبونەوەی هەڵمی ئاو(( گوێزەرەوەی ماتە گەرمی)) پاڵ دەنێت بەسوڕی سروشتی ئاوەوە و با دروست دەبێت.هەڵمژینی ڕوناکی خۆر لە ڕێگەی با و بارستایی زەویەوە وا دەکات کە پلەی گەرمی ڕووی زەوی بە تێکڕایی١٤ پلەی سەدی بهێڵێتەوە.گۆڕینی وزەی خۆر بۆ وزەی کیمیاوی بەهۆی نواندنی ڕوناکیەوە لە ڕوەك و خواردنی بەرهەم هاتوو و تەختە و ئەو جێگەیانەی کە سووتەمەنی هەڵهێنجراویان لێ دەردەهێنرێت.

تیشکی خۆر هاوتەریب کار دەکات لەگەڵ سەرچاوە لاوەکیەکانی تری خۆردا وەك (( با و جوڵەی شەپۆلەکان)) کە هۆکارن بۆ دروستبونی سووتەمەنیەکانی ژێر زەوی وەك خەڵوزو پێترۆڵ.

وزەی خۆر دەخەملێنرێت بە ٩ر٩٩٪ لە زیادەی وزەی تازەبۆوە لەسەر زەوی.

تێبینی دەکرێت کە بڕی وزەی ڕۆژ لە ژینگەدا زۆر گەورەیە بە شێوەیەك کە دەتوانێت هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤ دابین بکات لە وزە. بەهەمان شێوە بەرهەم هێنانی کارۆئاوی لە ڕوبارەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆر.

- بڕی تێکڕای خۆری هەڵمژراو بەهۆی بەرگە هەواوە, زەریاکان,بارستاییەکانی تری زەویەوە,دادەنرێت بە نزیکەی ٣٨٥٠ زیتا جوڵ لە ساڵێکدا.
- وزەی ماتە با دادەنرێت بە نزیکەی ٢٥ر٢ زیتاجوڵ لە ساڵێکدا.

- **پرۆژەکانی وزەی خۆر لە بیابانی گەورەدا**

وزەی خۆر دەکەوێتە سەر ناوچەگەرمەکان لە ئەفریقادا و بەتایبەتیش لە بیابانی گەورەدا و دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما بۆ نزیکەی ٤٥ پلەی سەدی. بەمانای هەر ١ مەتر چوارگۆشە لە بیابان بڕی زیاد لە ١٠٠٠ وات لە تیشکی خۆری بەردەکەوێت.هەر ئەمەیە کە وای لە ولاتانی ئەوروپا وەك فەرەنسا و ئەلمانیا کردوە کە بیر لە بەکارهێنانی ئەو وزەیە بکەنەوەلە ئایندەدا و بۆ وەدەستهێنانی وزەی کارەبایی بەناو دەریای سپی ناوەڕاستدا. حساباتە سەرەتاییەکان دەریان خستوە کە ڕوبەری ١٦٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە بیابانی گەورە داپۆشراوە بە ئاوێنەی ڕووچالی لاکێشەیی کە لە توانایدایە هێندە وزە بەرهەم بهێنێت کە پێداویستی هەموو کیشوەری ئەوروپا لە وزەی کارەبا دابین بکات.

ئەم پڕۆژانە لە کۆبونەوەی نێوان ولاتانی عەرەبی و ئەوروپیدا گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە.لە چانسی ئەو ولاتانەی کە دەکەونە بیابانی گەورەوە ئەوەیە کە دەتوانن خۆیان ئەو وزەیە بکار بێنن.چونکە پێویستی بەدامەزراندنی تۆڕی کارەبای پالەپەستۆبەرز نیە لە دووری سەنتەری بەرهەمهێنانەوە, وەك ئەوەی لە حالەتی هەناردە کردنی تەزوی کارەبادا هەیە بۆ ئەوروپا بە تێپەڕبوون بە دەریای سپی ناوەڕاستدا. بەشێوەیەك بڕێکی زۆر لەکارەباکە ون دەبێت لە ڕێگادا. لەبەرئەوە ولاتانی ئەوروپا بیر لە داهێنانی تەکنەلۆژیایەکی نوێ دەکەنەوە بۆ گواستنەوەی تەزوی کارەبا لە ڕێگەی کێبلاتی تەزوی بەردەوامەوە.

- بەرهەمی وزە بەهۆی وزەی ڕۆژەوە کار دەکات کاتێك ڕۆژ درەوشاوە بێت. کاتێ شەو دادێت کارناکات.لەبەر ئەم هۆکارە ئەم ڕێگایە بۆ بەکارهێنانی وزەی تازەبۆوە پێویستی بە هۆکاری هەلگرتنی وزە هەیە لە ڕۆژدا بەشێوەیەك کە بتوانرێت بەکار بهێنرێتەوە لە دوای خۆرئاوا بوون.هەروەك دەتوانرێت وێسگەی ئاسایی دابمەزرێنرێت لە پالێ وێسگە خۆریەکاندا بە شێوەیەك کە بەرهەمهێنانی کارەبا بەشەو و بە ڕۆژ بەبێ پچڕان بەردەوام بێت.
- لەلایەکی ترەوە,هۆکارەکانی هەلگرتنی بارستە گەرمیەکان لە کاتی کارکردنی وێسگە خۆریەکاندا لە کاتژمێرەکانی خۆردا زۆرن.ساناترینیان بریتیە لە هەلگرتنی

ئاوی گەرم بۆ بەکارهێنان لەمالأن و کارگەکاندا. هەر ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی بەکارهێنانی کەرەسەی بەنرخ بۆ ئەم مەبەستە. هەروەها دەتوانرێت گەرمی هەڵبگیرێت لەو خوێیانەی کە پلەی توانەوەیان بەرزە,و ڕێژەی ماتە وزەی گەرمیان بەرزە.کە دەتوانرێت ئەو وزەیە ڕابکێشرێتەوە لەکاتی خۆر ئاوابوندا. هەروەها ڕێگەیەك هەیە کە ڕێگە دەدات بە هەڵگرتنی کارەبا, ئەویش ڕێگای کارۆئاویە. ئەوەش بە ڕێگای پاڵپێوەنانی ئاو دەبێت بۆ ئاستە بەرزەکان بۆ ناو تانکی گەورە لە شێوەی دەریاچەدا لەکاتی ڕۆژدا و بەرهەمهێنانی کارەبا لەکاتی شەودا بەهۆی تۆربیناتەوە.

- ولأتی میسر لە ئێستادا هەڵدەستێت بە دامەزراندنی وێسگەیەکی دوولایەنە بۆ وزە کە هەڵدەستێت بە پەیوەستکردن لە نێوان بەرهەمی وزەی کارەبا بە ئاوێنەی ڕۆژی لەگەڵ غاز لە ناوچەیەك کە دەکەوێتە باشوری پایتەختی قاهیرەوە بە دووری ١٠٠کم. ئەم وێسگە خۆریە کار دەکات بە ٥٣٠٠٠ یەکەی ئاوێنەی ڕووچاڵ بەبەرزی ٦م. بەشێوەیەك کە تیشکی خۆر چڕ دەبێتەوە لەسەر بۆری هەڵمژێنەر کە جێگیر کراوە بە درێژی هێڵی چاڵی ئاوێنەکانەوە. پلەی گەرمی ئاوی ناو بۆریەکان بەرزدەبێتەوە ودەگاتە نزیکەی ٤٠٠ پلەی سەدی. هەڵمی بەرهەمهاتووش بەکاردەهێنرێت لەبەرهەمهێنانی وزەی کارەباییدا بەهۆی تۆربینەوە و موەلیدەی کارەباییەوە.

ئەو تەزوە کارەبایەی کە بەرهەم هاتوە کاردەکات لەسەر نزمکردنەوەی وزەی وێسگەکە کە بەغاز کاردەکات.وزەی وێسگە خۆریەکە دادەنرێت بەنزیکەی ٢٠ مێگاوات. بەمەش کۆی بەرهەمی وێسگەکە بەرز دەبێتەوە بۆ ١٥٠ مێگاوات. بەپێی پلانی دەمەزراندنەکە ئەم وێسگەیە ساڵی ٢٠١٠ دەکەوێتە کار و بەرهەمی کارەباکەی دەبەسرێتەوە بە تۆڕی کارەبای ناوچەکەوە.

- پێناسەی خانەی خۆری

بریتیە لە گۆڕەری ڤۆلتیە ڕوناکی کەهەڵدەسێت بە گۆڕینی ڕوناکی خۆر ڕاستەوخۆ بۆ کارەبا. هەروەها بریتیە لە خانەی وەبەسراوی هەستیار. لە ڕووی ڕوناکیەوە و داپۆشراوە بە پەردەیەکی پێشەوە و دواوە کە کارەبا دەگەیەنێت .

تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو داهێنراوە بۆ بەرهەمهێنانی خانەی خۆری بەپێی زنجیرە کردارێك چارەسەری کیمیاوی و فیزیاوی و کارەبایی لەسەر شێوەی چڕکەرەوەی خۆیی یان بەرزی . هەروەك چۆن کەرەسەی جیاوازی گەیەنەریش داهێنراون بۆ دروستکردنی خانەی خۆری لەسەر شێوەی توخمەکان وەك توخمی سلیکۆن یان لەسەر شێوەی پێکهاتەکان وەك پێکهاتەی گالیۆم و زەرنیخ و کاربیدی کادیۆم و فۆسفیدی ئاندیۆم و کبریتیدی مس و...هتد.کە کەرەسەی هاندەرن بۆ دروستکردنی پیشەسازی ڤۆلتیە ڕوناکی.

- **تەکنەلۆژیای ساردکەرەوەی خۆری**

بەم نزیکانە تەکنەلۆژیایەکی نامۆی نوێ دەرکەوت بۆ بەکارهێنانی وزەی خۆری.کە دەتوانرێت پێناسە بکرێت بەناوی(( ساردکەرەوەی خۆری) )، بۆ یەکەم جار بیرۆکە و دیزاینی یەکەم ئامێری ساردکەرەوە بەهۆی وزەی خۆرەوە لەلایەن زانایەکی یابانیەوە هاتە دروست بوون بەناویSanyo کە یەکەم پلێتی لەو پلێتانە دیزاین کرد.کە ڕوبەرەکەی دەگاتە ١٦ مەتر چوارگۆشە. نهێنی ئەم تەکنەلۆژیایە کورت دەکرێتەوە بەوەی کە ئەم پلێتە خۆریانە هەڵدەستێت بەوەرگرتن و کۆکردنەوەی وزەی خۆر.دوایی هەڵدەستێت بە گۆڕینی بۆ وزەی کارەبایی کە ئەمیش ماتۆڕێك وەکار دەخات کە هەڵدەستێت بە ساردکردنەوە.هەروەك چۆن دەتوانێت گەرمیش بکاتەوە.

- **٤. وزەی هەڵکشان و داکشانی دەریا و زەریاکان یان وزەی مانگ**

بریتیە لەو وزە جوڵەیەی کە هەڵگیراوە لەو شەپۆلانەی کە لە ئەنجامی ئەو هەڵکشان و داکشانەی کە بەسروشتی دروست دەبێت لە ئەنجامی هێزی ڕاکێشانی مانگ و ڕۆژەوە و سوڕانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەکەی خۆیدا و بەم شێوەیەش ئەم وزەیە پۆلێندەکرێت بەوەی کە وزەیەکی تازەبۆوەیە.

زۆرێك لەو وڵاتانەی کە نزیکن لەکەنار دەریاکانەوە توانیویانە سوود لەم وزە جوڵەیە وەربگرن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و بەمەش فشاریان کەمکردۆتەوە لەسەر وێسگەکانی وزە گەرمیەکان.بەمەش پیسبونی ژینگەیان کەمکردۆتەوە کە لەوێسگە گەرمیەکانەوە دەردەچوون لەبەرئەوەی بە خەڵوز یان پێترۆڵ کاریان دەکرد.

- **ڕێگەکانی بەرکارهێنانی**

دوو ڕێگەی سەرەکی هەن بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەهۆی بەکارهێنانی دیاردەی هەڵکشان و داکشانەوە:-

١. ڕێگەی دروستکردنی بەنداوەکان:- وەك ئەوەی جێبەجێکراوە لە وێسگەی Rance لە فەڕەنسا کە لەساڵی ١٩٦٦ وە دروستکراوە و کاردەکات بە هێزی ٢٤٠ مێگاوات .ئەم بەنداوە دروستکراوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو شەپۆلانە بکات کە بەرهەم دێن لە هەڵکشان و داکشانەکانەوە و ئاڕاستەکردنی ئەم شەپۆلانە بە شێوەیەك کە تێبپەڕێن لە کونی تۆڕبینەکان یان پانکەکانەوە.

ئەو تۆڕبینانە وەك ئەو پانکانە وان کە بەکار دەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە ((با ))وە. بەلأم لەم حاڵەتەدا ٢٤ پانکە لەسەر بەنداوێك جێگیرکراوە کە درێژییەکەی ٧٥٠ م و بڕی ١٨٤ ملیۆن مەتر سێجا ئاو گل دەداتەوە.هەر پانکەیەك گەیەنراوە بە تۆڕبینێك کە هێزی ١٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت. ئەم بەنداوە لە ڕێگەی ڕوباری ڕانسەوە دروستکراوە. ئەم پانکانە لەژێر ڕووی ئاوەکەوە جێگیر دەکرێن لە دەرچەکاندا و بەهۆی شەپۆلە ئاویەکانەوە ئەم تۆڕبینانە دەسوڕێنەوە و لە میانەی گوێزەرەوەی جوڵەوە دەتوانرێت بە زیادکردنی باڵی سوڕانەوەکەوە و دواتر سوود لەو باڵە وەردەگیرێت بۆ سوڕاندنی بەرهەمهێنەکە کە بەهۆی کایەیەکی موگناتیسیەوە هەڵدەسێت بەبەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

- ئەم تۆڕبینانە دەتوانێت ئەو وزە زیادانەش بەکار بهێنێت لە وێسگەکانی ترەوە هەرکاتێ ویسترا کە فشار لەسەر کارەبا کەمبکرێتەوە.بۆ ئەوەی حەوزەکان پڕبکرێتەوە لە ئاو و جارێکی تر بەکارهێنانەوەی ئاو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەکاتی پێویستدا. بەلأم بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە پشت دەبەستێتە سەر بوونی جێگەی گونجاو لە ڕێژگەکانی ڕوبارەکاندا وەك گەروەکانی دەریاکان کە دەتوانرێت بەنداو دروست بکرێت بۆ بەکارهێنانی.
- بێجگە لەو وێسگە فەڕەنسیەی کە کاردەکات بە وزەی هەڵکشان و داکشان,لەکەنەداش وێسگەیەکی هاوشێوە دروستکرا لەساڵی ١٩٨٤ لەناوچەی نوڤاسکوتیا بە توانای کارەبایی ٢٠ مێگاوات.هەروەك چین لەساڵی ١٩٨٦دا لە ولایەتی کسینجیانج وێسگەیەکی بەهێزی ١٠ مێگاواتی دروستکرد.گەورەترین

وێسگە کە ١٠ بەرهەمهێنەری کارەبایی لە خۆدەگرێت کە هەریەکەیان بڕی ٢٦ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت لە کۆریای باشورە کە ئێستا لە سیهوا دروست دەکرێت.لە ئینگلەتەرەشدا وێسگەیەکی زۆر گەورە لە ژێر دیزایندایە لە ڕێژگەی ڕوباری سیڤرن لە نێوان کاردیڤ و شاری بریستۆڵدایە بە ٢١٦ تۆڕبین کە دەتوانێت ٨٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت, کە ڕێژەی ٥٪ لە پێداویستی ئینگلتەرە دابین دەکات.بەڵام ئەم پڕۆژەیە ڕووبەڕوی ناڕەزایی بۆتەوە لەلایەن لایەنگرانی پارێزگارانی ژینگەوە.

٢. ڕێگەی قولە ((بورج)):-ئەم ڕێگەیە پشت دەبەستێتە سەر جێگیرکردنی پانکەیەك یان دوان لەسەر قولەیەکی پتەو و چەسپاو, بەشێوەیەك کە ئەو پانکانە لەژێر ڕووی ئاوەکەوە بن.هەروەك لە پێشتر باسمان کرد.نمونەی ئەم ڕێگەیەش دروستکردنی بورجێکی نمونەیی بوو لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ئێرلەندا دروستکرا.بەهێزی ٣٠٠ کیلۆوات, هەروەها لەناوچەی Sea Gen و ئەم بورجە دەستی کرد بەبەرهەمهێنانی کارەبا لە کاتێکدا کە خێرایی ئاوەکە دەگەیشتە نزیکەی ٥٠ر٢ مەتر لە چرکەیەکدا. هەندێ جاریش دەگاتە ١٠ مەتر لە چرکەیەکدا.ئەم بورجە بەهۆی پانکەیەکەوە دەتوانێت ٢ر١ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت. واتە هەر پانکەیەکی ئەم بورجانە دووجار زیاتر لەتوانای ئەو بورجەی ساڵی ٢٠٠٢ دەتوانێت کارەبا بەرهەم بهێنێت.ئەم جۆرە بورجانە گونجاوترن لە ڕووی پارێزگاریکردن لە ژینگەوە لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوەکان. چونکە نابنە ڕێگر لە دەریاکاندا.

- **مەرجەکانی بەکارهێنان و سوودە ئابوریەکانی**

پێویستە بەرزی هەڵکشان و داکشان لە ٥ مەتر کەمتر نەبێت و بۆ ئەمەش ١٠٠ جێگە لە دونیادا هەیە کە ئەم مەرجەیان تیادا بێت.هەروەها بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە لە ئاوە سوێرەکاندا دەبێتە هۆی داخورانی ئامێرەکان و لەبەر ئەمەش کاری ئیدامە و سازکاری بەبەردەوامی پێویستە و بەهۆیەوە نرخی تێچونەکانی زیاد دەکرد و قازانجی دادەبەزاند.

- **وێسگەکانی بەرهەمهێنان**

یەکەم کارگە و گەورەترینیشیان کە دامەزراوە لەساڵی ١٩٦١دا بوو لە Saint-Malo لە فەرەنسا و لەساڵی ١٩٦٦ وە کارکردن تیایدا دەستی پێکرد و بەرزی هەڵکشان و داکشان لەم ناوچەیەدا دەگاتە ١٢-١٦ م.لەبەرئەوە فەرەنسیەکان کەوتنە دروستکردنی بەنداوێك بە درێژایی ٧٥٠ مەتر.بەمەش دەریاچەیەك دروست بوە بە ڕووبەری ٢٢کم٢ و بەتوانای گرتنی ئاو بەبڕی ١٨٤ ملیۆن مەتر چوارگۆشە و لەم بەنداوەدا ٢٤ دەرچە هەیە کە لە هەریەکەیاندا تۆربینێك هەیە بەتوانای ١٠ مێگاوات.و بەگشتیش دەگاتە ٢٤٠ مێگاوات و توانای بەرهەمهێنان لە ساڵێکدا دەگاتە ٦٠٠ ملیۆن کیلۆ وات لە کاتژمێرێکدا.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم بەنداوە بەکار دەهێنرێت بۆ هەڵگرتنی ئاو لە ڕێگەی ئەو وزە کارەبایە زیادەوە لەوێسگەکانی ترەوە لە کاتە ناپێویستەکاندا بۆ بەکارهێنانەوەی ئەو وزە هەڵگیراوە لە ئاو لەکاتی پێویستدا. لەکەنەداش وێسگەیەکی تر هەیە کە لەساڵی ١٩٨٤دا دروستکراوە بەتوانای بەرهەمهێنانی ٢٠ مێگاوات و بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و تەنها سوود لە جوڵەی هەڵکشان دەبینێت.

- **ڕێژەی بەکارهێنان**

ڕێژەی بەکارهێنانی شەپۆلەکان دەگاتە ٨٠٪بەمەرجێ ئەگەر تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکارهێنرا بەبەراورد لەگەڵ بەکارهێنان لە وێسگە گەرمیەکاندا کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە.

- **لە رووی ژینگەوە**

ئەم جۆرە لە وزە پۆلێن دەکرێن لە جۆری(( هاوڕێی ژینگە)). چونکە هیچ گازێك یان پاشەڕۆیەکی ژەهراوی دەرناکات و سامانی ماسیش دەپارێزێت و هەموو لێکۆڵینەوەکان ڕەچاوی دانانی وێسگەکان وتۆربینەکان بەشێوەیەك دەکەن کە مەترسی بۆ سەر سامانی ماسی کەم بکاتەوە و فەرەنسیەکان ڕێژەی ئەو مەترسیەیان لە ڕێژەی ١٠٪ بۆ ٥٪ کەمکردۆتەوە. ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی ماسیەکان دەبنەوە بریتین لە دابەزینی فشار و پێکادانی پانکەکان.

* ٥. وزەی با

ئەم وزەیە بەوە دەناسرێت کە بریتیە لە کرداری گۆڕینی جوڵەوزەی((با)) بۆ جۆرێکی تر لە جوڵەکانی وزەی سانا بەکارهێنراو.کە بەزۆری بۆ وزەی کارەبا دەگۆڕدرێت ئەوەش بەبەکارهێنانی((پانکە)). تێکڕای بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە باوە لەساڵی ٢٠٠٦دا گەیشتە ٧٤٢٢٣ مێگاوات.کە بەرامبەر ١٪ تێکڕای بەکارهێنانی کارەبایە لە جیهاندا.

بەووردی ڕێژەی بەرهەم بەرامبەر بەکارهێنان نزیکەی ٢٠٪ لە دانیمارك و ٩٪ لە ئیسپانیا و ٧٪ لە ئەڵمانیایە.بەمەش بەرهەمی جیهانی بۆ وزەی گۆڕاو لە باوە زیاد دەکات بە ٤ هێندە لەماوەی نێوان سالآنی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٦.

کرداری گۆڕینی با کە بەهۆی پانکەی گەورەوە دەسوڕێتەوە بۆ کارەبا بەهۆی بەرهەمهێنەری کارەباوە. بەشێوەیەك زاناکان هەڵدەستن بەگۆڕینی جوڵەی با بۆ جوڵەی فیزیاوی بە شێوەیەك ئەم بەکارهێنانی بایە لەسەرەتای مێژووەوە بەکارهێنراوە. فیرعەونیەکان بەکاریان هێناوە بۆ لێخوڕینی بەلەمەکانیان لە ئاوی ڕوباری نیلدا. هەروەك چۆن چینیەکانیش بەکاریان هێناوە لە ڕێگەی ئاشی هەواوە بۆ پاڵپێوەنانی ئاوی ژێر زەوی.

وزەی با بەکار دەهێنرێت لەسەر شێوەی کێڵگەی پانکەی هەوایی بۆ بەرژەوەندی تۆڕی کارەبای ناوچەیی و لەسەر شێوەی پەڕەکەی بچوك بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای مالآن لە گوندەکاندا یان تۆڕی ناوچە دوورەکان.

وزەی با بە وزەیەکی ئەمین دادەنرێت سەرەڕای ئەوەی کە یەکێکە لە ئەندامانی خێزانی وزەی تازەبۆوە.کە بریتیە لە وزەیەکی ژینگەیی کە هیچ پیسکەرێکی زیانبەخشی لێ دەرناچێت بۆ ژینگە.لە ئێستادا جیهان دەڕوات بەرەو پشتبەستنە سەر سەرچاوەکانی وزەی تازەبۆوە دوای دیاردەی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی و پیسبوونی ژینگە.وەك وزەیەکی جێگرەوە و سووککردنی بەکارهێنانی سوتەمەنی هەڵهێنجراو لەبەرئەوە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەوڵ دەدات بۆ دابەزینی تێچووی وزەی تازەبۆوە بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە بلأوبیبێتەوە.

- **پانکە هەواییەکان**

پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەم پانکە هەواییانە بریتیە لە پەڕەی سوڕاوە کە هەڵگیراون لەسەر ستونێك و موەلیدەیەك کە هەڵدەستێت بە گۆڕینی وزەی جوڵەی با بۆ وزەی کارەبایی.کاتێك کە با بەسەر ئەو پەڕەکانەدا دەڕوات,پاڵێکی جوڵە هەوایی دروست دەکات و دەبێتە هۆی سوڕانی پەڕەکەکان,ئەم جولاٚنەش مولیدەکە دەخاتە گەڕ و وزەی کارەبا دروست دەکات.هەروەك چۆن ئەو تۆڕبینانە بە ئامێرێکی کۆنتڕۆڵەوە بەسراوەتەوە کە کۆنتڕۆڵی جوڵەی پەڕەکەکان دەکات بۆ ڕێکخستنی تێکڕای سوڕانەوەکانی و وەستانی جوڵەکەی ئەگەر پێویست بکات.بڕی وزەی بەرهەمهاتوو پشت دەبەستێتە سەر خێرایی با و تیرەی پەڕەکەکان. تاخێرای با کە و ژمارەی پەڕەکەکان زیاد بێت بڕی وزەی بەرهەمهاتووش زیاد دەکات.

- **بەکارهێنانی وزەی با**

ولاٚتی دانیمارك دادەنرێت بە یەکێك لەو ولاٚتانەی کە زۆرترین وزەی با بەکاردەهێنێت لەساڵی ٢٠٠٩دا.لە ئێستادا بڕی ٢٠٪ لە وزە بەرهەم دەهێنێت بەهۆی قولەی باییەوە و شارەزایی و بەشداریەکی گەورەی هەیە لەم بوارەدا.

هەروەها دانیمارك توانیویەتی بەرهەمهێنانی وزەکەی باش بکات بە شێوەیەك بەرهەمی یەك قولەی دەگاتە ٣ مێگاوات و بەرزی قولەیەك دەگاتە نزیکەی ١٤ قات.دوای دانیمارکیش ولاٚتی ئیسپانیا دێت لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە و دواتریش پورتوگال دێت.کە هەریەکەیان نزیکەی ١٠٪ی وزە بەرهەم دێنن.ئەڵمانیاش هەڵدەستێت بە دانانی بەرنامەیەکی گەورە بۆ دامەزراندنی کێڵگەیەك کە ٢٠٠٠-٢٥٠٠ مێگاواتی نویٚ بەرهەم بێنێت بۆ هەر ساڵێك.

سەرچاوە:

======

- پێگەی ئینتەرنێتی www.ar.wikipidia.org

---

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٣٠ لە پایزی ٢٠٠٩دا بلاٚوکراوەتەوە.

# ڕۆڵ و کاریگەری پترۆڵ

# و

# ئاسۆکانی دواڕۆژی لە جیهاندا *

- **وشەی پێترۆڵ**

وشەکە بنچینەی لاتینیە و لە دوو بەش پێك دێت (( پێترۆ )) بەمانای (( بەرد )) دێت و ((ئۆلیۆم )) یش بەمانای (( زەیت )) دێت .کە پێکیشەوە هەردوو بڕگەکە بەمانای (( بەردی زەیتی)) یان (( زەیتی خاو))دێت.پێترۆڵ بەشێوە بازاڕیەکەشی ناودەبرێت بە (( ئاڵتونی ڕەش )) . کەبریتیە لە شلەیەکی چڕی بەرز کە توانای گڕگرتنی هەیە. ڕەنگی بونیەکی تۆخی هەیە یان بونیەکی سەوز. کە لەتوێکڵی سەرەوەی زەویدا هەیە و هەندێ جاریش پێی دەوترێت (( نەفتا)). لەزمانی فارسیەوە (( نافت, نافاتا))کە بەمانای ئەوە دێت(( توانای جوڵەی هەیە))کە پێکدێت لە تێکەڵەیەکی ئاڵۆز لە هایدرۆکاربۆنات و بەتایبەتیش لە زنجیرەی ئەلکانات. بەڵام لە ڕوخسار و پێکهاتە و ئاستی پاکژیدا زۆر دەگۆڕێت لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر. و پێترۆڵ بەیەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی وزە دادەنرێت و توخمێکی سەرەکیشە بۆ بەرهەمە کیمیاویەکان و لەوانەش پەینەکان و لەناوبەری مێرو مەگەزەکان و پلاستیکیەکان.

- **دروست بوونی پێترۆڵ**

پێترۆڵ دروست دەبێت لە کۆمەڵێك زیندەوەری ژێر زەوی لەو لاشە ئەندامیە زۆرە دەریاییانەی کە هەن لە (( بلانکتۆن)) هەروەها پێکدێت لەو زیندەوەرە ڕوەکیانەی کە کۆبونەتەوە لە زەویدا لەگەڵ توخمە بەردیە هەڵوەشاوەکان لەسەر شێوەو جۆری جیاواز.کە ئەم توخمە ئەندامیانە لە هەزاران ساڵەوە داپۆشراون کە پێشتر لەناو ئاوی سوێری دەریاکاندا ژیاون و بەڵگەش بۆ ئەمە بونی ئاوی سوێرە لە نزیك جێگەی گەڕان و دۆزینەوەی پێترۆڵدا یان لەکاتی هەڵکەندنی بیری پێترۆڵدا ئەمە سەرەڕای بوونی هەڵکۆڵینە دەرییاییەکان.

پێترۆڵ (( نەوتی خاو )) تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە توخمە کیمیاویە ئەندامیەکان, بەشێوەیەکی سەرەکیش هایدرۆکاربۆناتەکان و توانراوە زیاد لە ٥٠٠ پێکهاتە لەنەوت بدۆزرێتەوە.

نەوتی خاوی مام ناوەند بەزۆری لەم توخمانە پێکدێت:-

| | |
|---|---|
| کاربۆن | ٨٥-٩٠٪ |
| هایدرۆجین | ١٠-١٥٪ |
| ئۆکسجین | ٠-٥ر١٪ |
| کبریت | ١ر٠-٣ر٠٪ |
| نایترۆجین | ١ر٠- ٥ر٠٪ |

هەندێ جۆری نەوتی خاو ڕێژەیەکی بەرزی کبریت و نایترۆجین و توخمی تریان تیادایە. کە ئەم جۆرە پێویست بەکرداری پاڵاوتنی ئاڵۆز دەکات بۆ وەدەستهێنانی پێکهاتەکانی پێترۆڵ بەشێوەیەکی سەلامەت.وەك پێترۆڵی ئۆتۆمبێل (( بەنزین )), هەندێ لە پێکهاتەکانیش زۆر سوکن لە کێشدا و دەبنە هەڵم لە پلەی گەرمی نزمدا.وەهەندێکی تریش زۆر قورسن وەك بیوتامین (( قار )).

چڕی نەوتی خاو جیاوازە, لەسەر بنەمای بوونی بڕی پێکهاتە سووك و قورسەکان تیایدا. بڕەکانیش بەشێوەی کیلۆگرام بۆ هەر مەترە سێجایەك دەپێورێت وەك:-

| | |
|---|---|
| نەوتی خاوی مەکسیکی | ٩٧٣ |
| نەوتی خاوی تەکساس | ٨٧٣ |
| بەنزین | ٧٣٧ |
| کیرۆسین | ٨١٧ |
| دیزل (( گازۆیل )) | ٨٤٠ |
| نەوتی ئۆتۆمبێل | ٨٨٠-٩٤٠ |
| ئاوی پاکژ لە پلەی ٤ سەدیدا | ١٠٠٠ |

مرۆڤ لە مێژە و پێش هەزاران ساڵ نەوتی خاوی بەکارهێناوە و بابلیەکان ناویان ناوە ((نەوت)).

- **پێکهاتەی پێترۆڵ**

لەکاتی کرداری پالاوتندا,کاری جیاکردنەوەی پێکهاتە کیمیاویەکانی پێترۆڵ ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی(( دڵۆپاندنی بەشی )) (( التقطير التجزيئى)) .کە لەم کردارەی جیاکردنەوەدا پشت دەبەسرێتە سەر(( خاڵی کوڵانی ڕێژەیی )) یان (( توانای بەهەڵمبوونی ڕێژەیی )). پێکهاتە جیاوازەکان(( بەشێوەی بەدوایەکدا بە گوێرەی پلەی کوڵاندنەکانیان)). لەوانەش غازە سوکەکان وەك (( میثان و ئیثان و پرۆپان )). بەم شێوەیە:-

بەنزین,سوتەمەنی بزوێنەرەکان وەك (( فڕۆکە )), کیرۆسین((نەوتی سپی )),دیزڵ, گازۆیل,پارفینە مۆمیەکان,ئیسفەڵت. و بەم شێوەیە.تەکنیکە نوێیەکان وەك جیاکردنەوەی ڕەنگە غازیەکان, HPLC,جیاکردنەوەی ڕەنگە غازیەکان,دەتوانرێت هەندێ بەشی پێترۆڵ جیابکرێتەوە بۆ پێکهاتەی تاکی.کە ئەمە ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی کیمیای شیکاری, و بەکاردێت لە بەشەکانی کۆنترۆڵکردنی چۆنێتیدا(( السيطرة النوعية )) لە پالاوگەکانی پێترۆڵدا .

- ووردتر بڵێین :پێترۆڵ پێك دێت لە هایدرۆکاربۆنات, ئەمەش پێك دێت لە هایدرۆجین و کاربۆن و هەندێ بەشی ناکاربۆنی کە ئەمەش دەکرێت نایترۆجین,کبریت ,ئۆکسجین,و هەندێك بڕی کەم لەکانزاکانی وەك فەنادیۆم یان نیکڵی تیادابێت.کە ڕێژەیان ١٪ لەپێك هاتەی پێترۆڵ تێپەڕناکات. چوار ئەلکانە سوکەکان بریتین لە : میثان $CH_{٤}$,ئیثان $C_{٢}H_{٦}$ و پرۆپان $C_{٣}H_{٨}$ و بیوتان $C_{٤}H_{١٠}$, کە هەموویان غازن و پلەی کوڵاندنیان یەك لەدوای یەك بریتین لە - ٦ر١٦١س° ,-٨٨س°,-٤٢ س ° , -٥ر٠ س° .

درێژی زنجیرەی کاربۆنی $C_{٥-٧}$ هەمویان سوکن و بەسانایی دەبنە هەڵم,نەفتای پوختن و بەکاردێن وەك توێنەرەوەکان,شلەمەنی وشکی پاکژکەرەوە. بەرهەمە خێرا وشککەرەوەکانی تر.

بەڵام زنجیرە کاربۆنیەکانی $C_{٦}H_{١٤}$ بۆ $C_{١٢}H_{٢٦}$تێکەڵن لەگەڵ یەکتردا و بەکاردێن لە گازۆلیندا, بەڵام نەوتی سپی دروست دەکرێت لەزنجیرەکانی $C_{١٠}$بۆ $C_{١٥}$, دواتر سووتەمەنی دیزڵ(( چەوری گەرمکردن)) لەنێوان $C_{١٠}$تا $C_{٢٠}$ و

بەکارهێنانی سوتەمەنیە قورسەکانی تر لە بزوێنەری پاپۆڕەکاندا بەکاردێن.وەهەموو ئەو پێکهاتانەی پێتڕۆڵ شلن لەپلەی گەرمی ژووردا.

زەیتەکانی چەورکردن یان چەوریە نیمچە ڕەقەکان(( لەناویشیاندا فزلین)) لەنێوان کاربۆنی C١٦ بۆ C٢٥ دان.زنجیرە بەرزەکان لە سەروو C٢٠ وە ڕەقن , سەرەتا لە پارافینی مێویەوە و دواتر قەتران و قار و ئەسفەڵت .

- مەودای پلەکانی کوڵانی پێکهاتەکانی پێتڕۆڵ لە ژێر کاریگەری فشاری هەوایدا لە کرداری دڵۆپاندنی بەشیدا بەپلەی سەدی بریتین لە:-

| | | |
|---|---|---|
| اثیر پێتڕۆڵ | ٤٠-٧٠س° بەکاردێت وەك توێنەرەوە |
| بەنزینی سوك | ٦٠-١٠٠س° بەکاردێت وەك سوتەمەنی ئۆتۆمبێل |
| بەنزینی قورس | ١٠٠-١٥٠س° بەکاردێت وەك سوتەمەنی ئۆتۆمبێل |
| کیرۆسینی سوك | ١٢٠-١٥٠ س° بەکاردێت وەك توێنەرەوە و سوتەمەنی ناوماڵ |
| کیرۆسین | ١٥٠-٣٠٠س° بەکاردێت وەك سوتەمەنی بزوێنەری فڕۆکە |
| زەیتی غاز | ٢٥٠-٣٥٠س° بەکاردێت وەك سوتەمەنی دیزل/ گەرمکردن |
| زەیتی چەورکردن | لەسەروو ٣٠٠س° بەکاردێت بۆ چەورکردنی بزوێنەرەکان |

بەشەکانی تر کەماون قار وئەسفەڵت و سوتەمەنی ماوە.

- **مێژووی پێتڕۆڵ**

یەکەم بیری نەوت لەسەدەی چواری زاینیدا یان پێشتردا لێدرا لە (( بوحجار)). ئەم نەوتە دەسوتێنرا بۆ بەهەڵمکردنی ئاوی سوێر بەمەبەستی بەرهەمهێنانی خوێ.وە بەهاتنی سەدەی دەیەم توانرا کە بۆری خەیزەران بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی نەوت بۆ سەرچاوەکانی ئاوە سوێرەکان.

لەسەدەی هەشتەمی زاینیدا, لەشاری بەغدادا(( قار )) بەکار دەهات بۆ ڕێکخستنی ڕێگا نوێیەکان.کە لە ئەنجامی پاڵاوتنی نەوتەوە وەدەست دەهات کە لەو ناوچەیەدا هەبوو.لەسەدەی نۆهەمدا لەشاری ((باکۆ)) ی ئازەربایجان کێڵگە نەوتیەکان لێدران و بۆ یەکەم جار نەوت بەرهەم هات بەشێوەیەکی ئابوری ,وەئەم کێڵگانە لێدران بۆ وەدەستهێنانی نەوت. ئەم کارەش بەهۆی وەصفکردنی جوگرافی ناسێکی

ماسۆدیەوە جێبەجێکرا لەسەدەی دەیەمدا.هەروەها جوگرافیناس (( مارکۆ پۆلۆ)) لەسەدەی سیانزەهەمدا کەوەصفی ئەو نەوتە دەرهاتوەی کردوە لەو بیرانە کە باری سەدەها پاپۆڕن.

مێژووی هاوچەرخی نەوت دەستپێدەکات لەساڵی ١٨٥٣ وە,بەدۆزینەوەی پرۆسەی دڵۆپاندنی نەوت. دڵۆپاندنی پێترۆڵ ئەنجامدرا و توانرا کیرۆسین(( نەوتی سپی )) وەدەست بهێنرێت بەهۆی زانیاری(( ئیجناسی لۆکاسفین))کە زانایەکی پۆڵەندی بوو.وەیەکەم کانی پێترۆڵی خاو دامەزرێنرا لە (( بۆربکا)).

وەلەساڵی دواتردا توانرا یەکەم کارگەی پاڵاوتن(( لە ڕاستیدا دڵۆپاندن)) دابمەزرێت لە یۆلازوفایز. بەهەمان ڕێگای لۆکاسفیز.ئەم دۆزینەوانە زۆر بەخێرایی لەدونیادا بڵاوبونەوە. میرزۆف هەستا بەدامەزراندنی یەکەم کارگەی دڵۆپاندن لە ڕوسیا لە کێڵگەیەکی نەوتی خاودا لە باکۆ ساڵی ١٨٦١. پیشەسازی نەوتی ئەمریکی دەستیپێکرد کاتێ (( ئیدۆین دریك )) هەستا بە دۆزینەوەی پێترۆڵ لەساڵی ١٨٥٩ دا. لە نزیك (( تیتۆسفێل)) لە پەنسلڤانیا. گەشەکردنی ئەم پیشەسازیە تاڕادەیەك هەتا سەدەی هەژدەهەمی زاینی خاوبوو.چونکە تەنها داواکاری لەسەر کیرۆسین(( نەوتی سپی )) هەبوو, هەروا بۆ ڕووناککردنەوەی گڵۆپەکان.بەڵام مەسەلەی گرنگی نەتەوەیی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد.سەرەتای بەکارهێنانی بزوێنەرەکانی سوتێنەرە ناوخۆییەکان کەوای کرد داواکاری لەسەر پێترۆڵ بەشێوەیەکی گشتی زیادبکات.یەکەم دۆزینەوەکان لە ئەمریکا لە پەنسلڤانیا و ئۆنتاریۆ دەستی پێکرد.کە بوە هۆی (( گرفتی نەوت)) لە تەکساس و ئۆکلاهۆما و کالیفۆڕنیا. سەرەڕای ئەمانەی کە باسکران, هەتا ساڵی ١٩١٠ کێڵگەی نەوتی گەورە لە کەندادا دۆزرایەوە.دورگەکانی هندی ڕۆژهەڵات, ئێران و فەنزەوێلا و مەکسیك, وهەوڵی گەشەپێدانی درا بۆ بەکارهێنانی لەبواری پیشەسازیدا.

سەرەڕای ئەمە,هەتا ساڵی ١٩٥٥ خەڵوز لە بەناوبانگترین سووتەمەنی بوو لە دونیادا.دوای ئەمە نەوت جێگەی خۆی گرت.لەدوای هەردوو گرفتی وزە لەساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٩ دا,هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کەوتنە خۆ بۆ تیشك خستنە سەر توانا و سەرچاوەکانی پێترۆڵ. ئەمەش وایکرد کە تیشك بخرێتە سەر نەوت کە توخمێکی

دیاریکراوە و ڕەنگە کۆتایی پێبێت. لانی کەم وەك سەرچاوەیەکی وزەی ئابوری کە توانای ژیانی هەبێت.لە ئێستاشدا زۆربەی پێشبینیەکان زۆر ترسناکن. خۆ ئەگەر ئەو پێشبینیانە لەکاتی خۆیاندا نەهاتنە دی ئەوا ئەو پێشبینیانە لادەبرێن وەك ڕێگا چارەیەك بۆ بلاْوکردنەوەی دڵنیایی.وەك پوچەڵکردنەوەی ئەو پێشبینیە مەترسیدارانەی دەربارەی یەدەگی نەوتی کە لەساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردودا ڕوویدا.

ئایندەی پێترۆڵ وەك سووتەمەنی بەبەردەوامی جێگەی مشتومڕە, دەنگوباسەکان لە ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٤دا ڕایانگەیاند کە تەنها بەشی نزیکەی ٤٠ ساڵ نەوت هەیە لە ژێر زەویدا.و هەندێ کەس مشتومڕ دەکەن لەسەر ئەوەی کە گوایە بڕی نەوتی هەبوو دیاریکراوە. وە لەلایەکی ترەوە مشتومڕێکی تر هەیە دەربارەی بوونی تەکنەلۆژیای نوێ کە دەتوانێت هایدرۆکاربۆناتی هەرزان بەرهەم بهێنێت.و زەوی بڕێکی ئێجگار گەورەی لەنەوتی ناکلاسیکی تیادایە. یەدەگێك لەسەر شێوەی لمی قەترانی.کێڵگەی بیتیومین,نەوتی منداڵی,کە ئەمەش ڕێگە دەدات بەبەکارهێنانی نەوت بۆ ماوەیەکی دوورتر.

لە ئێستاشدا بە ڕێژەی ٩٠٪لە پێداویستی ئۆتۆمبێل بە سووتەمەنی هەر لەنەوتەوە دابین دەکرێت.و نەوت ٤٠٪ی بەکارهێنانی گشتی وزە پێك دەهێنێت لە ئەمریکادا.و تەنها ڕێژەی ٢٪ بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. نرخی نەوت دەکەوێتە سەر چۆنێتی گواستنەوەکەی و بڕی ئەو وزە گەورەیەی کە تیایدایە.کە بۆتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ بارهەڵگرەکان و توخمێکی سەرەکیشە بۆ زۆربەی پیشەسازیە کیمیاویەکان, کەوای لەنەوت کردوە کە بۆتە گرنگترین کەل و پەل لە دونیادا و هەر بەهۆی گەیشتن و بەدەستخستنی نەوتەوە گەلێك پێکدادانی سەربازی ڕوویانداوە.لەوانەش جەنگی جیهانی دووەم و جەنگی عێراق–ئێران و نزیکەی ٨٠٪ ی یەدەگی نەوتی جیهان لەناوچەی ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاستدایە و لەو ڕێژەیەش ٥ر٦٢٪ی لە پێنج ولاْتی ناوچەکەدایە کە ئەوانیش: شانشینی سعودیە و ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی وعێراق و کوێت و ئێرانن.و ئەمریکا تەنها ڕێژەی ٣٪ی یەدەگی نەوتی هەیە.

- **دەرهێنانی پێترۆڵ**

**بەشێوەیەکی گشتی قۆناغی یەکەم :-**

لەدەرهێنانی نەوتی خاو بریتیە لە هەڵکەندنی بیر تا بگاتە (( کۆکەرەوەکان)) مستەودەعەکانی نەوت لە ژێر زەویدا. لە ڕووی مێژوییەوە, هەندێ بیرە نەوت هەن لە ئەمریکا کە بەشێوەیەکی سروشتی نەوت گەیشتۆتە ڕووی دەرەوەی زەوی, بەڵام زۆربەی ئەو کێڵگانە نەماون.جگە لە هەندێ جێگەدا نەبێت لە ئالاسکادا.زۆرجاران چەند بیرە نەوتێك لێدەدرێت بۆ هەمان(( کۆکەرەوەی نەوت)). بۆ گەیشتن بە ناوەندێکی ئابوری لە ڕووی دەرهێنانەوە. وە لە هەندێ بیری تردا ئاو یان هەڵم یان تێکەڵەیەك لە غازاتی جیاواز دەکرێتە ناو مستەودەعەکەوە بۆ بەردەوامبوونی دەرهێنانێکی ئابوری.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر فشاری ژێر زەوی لەو مستەودەعانەدا زۆر بێت,ئەوا نەوتە خاوەکە پاڵپێوەدەنرێت بۆ دەرەوە لە ژێر کاریگەری ئەو فشارەدا. سووتەمەنی غازی یان غازی سروشتی زۆر جار هەن لەو مستەودەعانەدا. کەدەبێتە هۆی زیادکردنی فشاری هەبوو لە ژێر زەویدا.لەم حاڵەتەدا هێندە فشارەکە بەرزە کە پێویست دەکات لەسەر دەمی بیرەکاندا قوفڵ دابنرێت بۆ بەستنەوەی بیرەکە بە تۆڕێکی بۆری بۆ هەڵگرتن و پرۆسەی ئیشپێکردن.کە بەم کردارەش دەوترێت(( دەرهێنانی سەرەتایی)) وڕێژەی ٢٠٪ ی نەوتی ناو مستەودەعەکان بەم ڕێگایە دەردەهێنرێن.

**قۆناغی دووەم:-**

لەماوەی تەمەنی بیردا فشاری زەوی کەم دەبێتەوە,و لە ئاستێکی دیاریکراودا توانای پاڵ پێوەنانی نەوتە خاوەکەی نامێنێت بۆ سەر ڕووی زەوی. لەوکاتەدا ئەگەر نەوتی ماوە لەبیرەکەدا لە ڕووی ئابوریەوە بەقازانج بوو. کە زۆر جارانیش بە قازانجە, ئەوا نەوتە ماوەکە بە ڕێگەی نەوتی زیادە دەردەهێنرێت. لەم ڕێگەیەدا تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکاردەهێنرێت. کە زۆرجاران تێکردن یان پاڵپێوەنان بەهۆی((پەمپەوە)) وە بەکاردێت.وەك پەمپی بەردەوام,وەپەمپی قوڵی کارەبایی بۆ بەرزکردنەوەی نەوتەکە بۆ سەر ڕووی زەوی.هەروەها تەکنەلۆژیای یاریدەدەر

بەکاردێت بۆ زیادکردنی فشاری ناو مستەودەعەکە لە ڕێگەی تێکردنی ئاوەوە.یان دووبارە تێکردنەوەی غازی سروشتی, بەرزکردنەوەی غاز ئەمەش بەتێکردنی هەواوە.دووەم ئۆکسیدی کاربۆن, یان غازاتی تر بۆ ناو مستەودەعەکە. هەردوو ڕێگاکە بەیەکەوە ئەنجام دەدرێت(( سەرەتایی و زیادکردن)) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ٢٥-٣٥٪ لە مستەودەعەکە.

قۆناغی سێیەم:-

لەدەرهێنانی نەوتە خاوەکەدا پشت دەبەسرێت لەسەر کەمکردنەوەی چڕی نەوتەکە بۆ زیادکردنی بەرهەم.ئەم ڕێگایە کاتێك بەکاردەهێنرێت کە هیچ کام لە ڕێگاکانی(( سەرەتایی و زیادکردن))ناتوانن چیدی نەوتە خاوەکە دەربهێنن. بەلام ئەم ڕێگایەش کاتێك بەکاردێت دوای دڵنیابوون لە بە ئابوری بوونی کردارەکە.وە ئایا نەوتی بەرهەم هاتوو دەتوانێت هەموو تێچوەکانی بەرهەم و قازانجی چاوەڕوانکراو لە بیرەکە وەدەست بهێنێت.هەروەها پشت دەبەستێتە سەر نرخی نەوت لەو کاتەدا,کە دەکرێت ئەو بیرانەش بخرێنەوە کار کە لەبەرهەم وەستابوون لەکاتی بەرزبونەوەی نرخەکاندا.

ڕێگەی دەرهێنانی نەوتی موحەسەن بەگەرمی بریتیە لە ڕێگەی سێیەم لە پلەدارکردنی دەرهێنانی نەوتدا.کەلەم ڕێگایەدا پشت دەبەسرێتە سەر گەرمکردنی نەوتەکە بەشێوەیەك کە دەرهێنانی ئاسان بکات.تێکردنی هەلم بەربلاوترین تەکنەلۆژیایە کە بەکاردێت لەم ڕێگایەدا,کە زۆر جار ئەم کارە دەکرێت لەڕێگەی بەرهەم هێنانی جووتەکیەوە.بیرۆکەی بەرهەمهێنانی جووتەکی بریتیە لە بەکارهێنانی تۆربینێکی غاز بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و بەکارهێنانی گەرمی ونبووی بەرهەم هاتوو لێوەی بۆ بەرهەمهێنانی هەلم.کە دەکرێتە یان پالدەنرێتە ناو مستەودەعەکەوە. ئەم ڕێگایە بەزۆری بەکاردەهێنرێت بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوتەکە لەدۆڵی سانتواکین,کەنەوتی چڕی بەرزی تیادایە.کە نزیکەی١٠٪ ی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێك دەهێنێت. هەروەها تەکنەلۆژیایەکی تریش هەیە کەلەم ڕێگایەدا بەکاردەهێنرێت کە بریتیە لە(( سووتاندن لە جێگەدا)) الحرق فی الموقع . کەتیایدا نەوت دەسوتێنرێت بۆ گەرمکردنی نەوتی چواردەوری و زۆر جارانیش

پاکژکەرەوەکان بەکاردێن بۆ کەمکردنەوەی چڕی نەوتەکە.و دەتوانرێت نزیکەی ٥-١٥٪لەنەوت دەربهێنرێت لەم قۆناغەشدا.

- **ڕێگەی تر بۆ بەرهەمهێنانی نەوت**

بەپێشبینیکردنی بەرزبونەوەی نرخی نەوت بەبەردەوامی, ئەوا ڕێگەی تر بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بۆتە جێگەی گرنگیپێدان.وە باشترین بیرۆکەشیان بریتیە لە گۆڕینی خەڵوز بۆ نەوت کە ئامانجیش لێی بریتیە لە گۆڕینی خەڵوز بۆ نەوتی خاو. و ئەم بیرۆکە نایاب و ناوازەیەش لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە سەریهەڵدا. کاتێك کە هاوردەکردنی نەوت ڕاگیرا لە جەنگی جیهانی دووەمدا و ئەڵمانیەکان ڕێگەی دەرهێنانی نەوتیان لە خەڵوزەوە دۆزیەوە.کە دەناسرا بە (( ئێرساتز ))واتە (( گۆڕین)) بەزمانی ئەڵمانی. تەخمین دەکرێت کە نیوەی نەوتی بەکارهاتوو لە ئەڵمانیادا لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بەم ڕێگایە هاتۆتە بەرهەم.لەدواییدا کارکردن بەم ڕێگایە وەستێنرا لەبەر ئەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی سروشتی زۆر کەمتر بوو. بەڵام بەبینینی بەرزبونەوەی بەردەوامی نرخی نەوت, ئەوا کارکردن بەڕێگەی بەرهەمهێنانی نەوت بە ڕێگەی گۆڕینی خەڵوز بۆ نەوت جێگەی بیرکردنەوەیە.و ئەم ڕێگای گۆڕینی خۆڵەمێشی خەڵوزەش بۆ نەوت گەلێك کردار و قۆناغی جیاوازی تیادایە. بەم شێوەیە لە ١ تەن خەڵوزدا نزیکەی ٢٠٠ لیتر نەوتی خاو بەرهەم دێت کەلەقارەوە تا پێکهاتە کیمیاویە دەگمەنەکانی تیادایە Er .dancte

- **بیری نەوت**

بیری نەوت بریتیە لە چاڵێك کە هەڵدەکەنرێت لە قوڵایی زەویدا بۆ گەیشتن بەو بەردانەی کە نەوت یان غازیان تیادایە کە دەتوانرێت دەربهێنرێن. تۆمارە بومەلەرزەییەکان هەندێ وێنە نیشان دەدەن بۆ ئەو چینە بەردانە بە درێژایی چەند کیلۆمەترێك لەژێر زەویدا.زانا جیۆلۆجیەکان ئەو وێنانە شیدەکەنەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو ناوچانەی کە نەوت یان غازیان تیادایە, بۆ هەڵکەندنی بیری نەوت ئامێر و تەکنەلۆژیای نوێی هەڵکەندن بەکاردێت لە ژێر زەویدا کە بەزۆری نەوتیان تیادایە و

بەمەش بیری نەوت دروست دەبێت. زۆربەی ئامێرەکانی هەڵکەندن بەکار دەهێنرێن لەسەر زەوی, لەئاوی قوڕاویدا, و لەئاوی قوڵیشدا.

بیری نەوت هەڵدەکەنرێت بە درێژایی چەند کیلۆمەترێك لە ژێر زەویدا بە تێپەڕبوون بە چینی بەردی ڕەقدا.

لوقمەی هەڵکەندن بریتیە لەو ئامێرە بەکارهاتوە بۆ بڕینی چینی بەردی. زۆربەی لوقمەکانی هەڵکەندن کاردەکەن بە هۆی هەڵکەندن یان تێکشکاندنی بەردەوە.یان بەهۆی هەردووکیانەوە, بەگشتیش بەجوڵەی خولاوەوە.لوقمەی هەڵکەندن دەکەوێتە کۆتایی قاچی هەڵکەندنەوە. قاچی هەڵکەندن دروست دەکرێت لە درێژبونەوەی بۆری پۆڵایی جێگیر بەیەکەوە.فشار بەهۆی ئامێری هەڵکەندنەوە دەخرێتە سەر بەشی سەرەوەی قاچی هەڵکەندن بۆ پاڵپێوەنانی بۆ ناو زەوی. کاتێ بەشی سەرەوەی قاچی هەڵکەندن دەگاتە کۆتایی ئامێری هەڵکەندن, ئەوا بۆرییەکی تر زیاد دەکرێت لەسەرەوە بۆ قاچی هەڵکەندنەکە و بەم شێوەیە ئەم کردارە بەردەوام دەبێت هەتا لوقمەی هەڵکەندنەکە دەگاتە چینە بەردییەکان کە پێشبینی دەکرێت کە نەوتی تیادا بێت.

قوڕ بەکار دەهێنرێت بۆ ساردکردنەوەی لوقمەی هەڵکەندنەکە و چەورکردنی و لابردنی پارچە بەردەکان و بە گشتیش بریتیە لە تێکەڵەیەك لە کانزا سروشتیەکان و ئاو یان نەوت. پێویستە خۆڕزگار بکرێت لە قوڕەکە بەبێ زیان گەیاندن بە ژینگە. ئەمەش پێویستی بە پرۆسەی پاکردنەوەی تایبەت دەکات و شاردنەوەی پاشەڕۆکان لە کەنارەکاندا. بەزۆری ئەو قوڕە بەکار دەهێنرێت کە پشت دەبەستێتە سەر ئاو. لەبەر ئەوەی دەتوانرێت خۆڵێی ڕزگار بکرێت لەدەریادا بەبێ ئەوەی زیان بە ژیانی ئاوی بگەیەنرێت.

ئامێرە ئەلکترۆنیەکان کە لە نێوان لوقمەی هەڵکەندن و قاچی هەڵکەندندان هەڵدەستن بە شیکردنەوەی ئەو بەردانەی کە هەڵدەکەنرێت.دەتوانرێت ئامێری تر بەکاربهێنرێت لە کۆتایی لوقمەی هەڵکەندنەکەوە بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵکەندنەکە بەهێواشی. هەندێ هەڵکەندنی بیر دەگاتە قوڵایی ١٠ کیلۆمەتر(( ٦ میل )) و هەندێکی تر دەگاتە زیاتر لە ١٠ کیلۆمەتر((٦میل)) لە قوڵایی زەوی.

پلانی هەڵکەندنی بیر جێبەجێدەکرێت لەگەڵ درێژکردنەوەی بۆریە پۆلاینەکان کە پێکەوە کۆ دەکرێتەوە بە شێوەیەك کە بۆرییەکی ناو بەتاڵی درێژ پێك دەهێنن. جۆرێکی تایبەت لە چیمەنتۆ دەکرێتە بۆریەکانەوە تا دەگاتە بنکی بۆریەکان,ئەم چیمەنتۆیە لە ژێر فشاردا پاڵ بەبۆریە پۆلاینەکانەوە دەنێت بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك ئەگەر هەبێت لەنێوان بۆریەکان و بەردەکاندا. لەو قولاییانەی کە پێشبینی دەکرێت بەردەکان نەوت یان غازیان تیدا بێت کون دەکرێتە بۆریە پۆلاییەنەکانەوە و بەم کردارەش دەوترێت کونکردن.زمانە و ئامێری چاودێری ئەلکترۆنی لە بنکی بیرەکەدا دادەنرێت,کە دەتوانێت زانیاری بنێرێت دەربارەی بڕی ئەو نەوت و غاز و ئاوەی کە لە بیرەکەدا هەیە بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی بەهۆی مانگی دەسکردەوە بۆ شارەزاکان لە نوسینگەیەکی دوور, بەبەکارهێنانی ئەم زانیاریانەوە دەتوانرێت ئەو زمانانەی ناو بیرە نەوتەکە بکرێنەوە و دابخرێنەوە و کۆنترۆڵ بکرێن لە دوورەوە, ئەمەش بۆ زیادکردنی بەرهەمی غاز لە هەموو بیرە نەوتێکدا.

- **پیشەسازی نەوت و غاز**

نەوت و غاز بریتین لە شادەماری ژیان لەسەر گۆی زەوی لەم سەردەمەدا, بەشێوەیەك کە بونەتە بەشداریکەر و یارمەتیدەرێکی سەرەکی و گرنگ بۆ بواری ئابوری و بونەتە مایەی گەشەسەندنی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بوژانەوەی بازاڕ و ئاوەدانکردنەوەو گەشەکردنی سەرجەم بوارەکانی ژیان و زیادکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی نەتەوەیی و تاك لەو وڵات و کۆمەڵگایانەی کەخاوەن  بڕێکی زۆری نەوت و غازن.ئەگەر خاوەن بەرنامە و پلانێکی زانستی و دووربین بن و بەمەبەستی بوژانەوەو ژیانەوەی ژێرخانی ئابوری کۆمەڵگاکانیان بەکاریان بێنن دوور لە شەڕ و شۆڕ و کڕینی چەك و تەقەمەنی و جەنگ و کاولکاری.

- **کاریگەری ژینگەیی نەوت**

نەوت کاریگەریەکی بەرچاوی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕێوشوێنانەوە دەبێت کە ئەنجام دەدرێن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و

کارپێکردنیەوە . وەك ئەو بومەلەرزانەی کە لە ئەنجامی تەقینەوەکاندا لەکاتی بەرهەمهێناندا ڕوودەدەن.و لەکاتی هەڵکەندن و پاشەڕۆ پیسکەرەکان, هەروەك دەرهێنانی نەوت کارێکی گرانە لە ڕووی تێچونەوە و هەندێ جاریش زیان بەخشە بۆ ژینگە.سەرەڕای ئەوەی کە (( جۆن هۆنت وودز هولێ)) لەساڵی ۱۹۸۱دا ئاماژەی داوە بەوەی کە زیاتر لە ۷۰٪ی یەدەگی نەوتی جیهانی پاڵپێوەنەری گەورەی لەگەڵدایە کە واناکات زیان بە ژینگە بگەیەنێت لەکاتی دەرهێنانیدا.

وەزۆر لە کێڵگە نەوتیەکان دۆزراونەتەوە تەنها لە ڕێگەی هاتنە دەرەوەی سروشتیەوە.هەروەها دەرهێنانی نەوت لە نزیك کەناری دەریاکانەوە زیان بەزیندەوەرە دەرياييەکان دەگەیەنێت و بەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ژینگەکەی. هەروەها کرداری دەرهێنانی نەوت کاری تێکشکاندنی تیادایە کە دەبێتە جولاندنی بنی دەریاکان.بەمەش ڕووەکە دەرياييەکان دەکوژێت کە پێویستن بۆ ژیانی زیندەوەرە دەرياييەکان.هەروەها بەهۆی ڕژان یان بڵاوبونەوەی نەوتی خاو لە ئەنجامی ڕووداوی پێکاکێشانی بارهەڵگرە نەوتیەکانەوە ڕوو دەدات کار دەکاتە سەر ئەو پەیوەندیە دوو لایەنەی لە نێوان زیندەوەراندا هەیە.وەك ئەوەی لە ئالاسکادا ڕوویدا.دوورگەکانی گالاپاکۆس, ئیسپانیا و گەلێك جێگەی تر.

هەروەك سوتەمەنیە هەڵکەنراوەکانی تر. سووتاندنی نەوتیش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگە هەوادا. کەوا پێدەچێت کاریگەری هەبێت لەسەر دیاردەی گەرمبونی جیهان. بەپێوانەی یەکەی وزە, نەوت بڕی کەمتر لە $CO_2$ بەرهەم دەهێنێت لە خەڵوز.بەڵام زیاتر لە غازی سروشتی بەرهەم دەهێنێت.بەڕەچاوکردنی ڕۆڵی نەوت بەتەنها لە پرۆسەی گواستنەوەدا. توانای کەمکردنەوەی دەرچوونی$CO_2$ دادەنرێت بەیەکێك لە کێشە ئاڵۆزەکان لە بەکارهێناندا. کاردەکرێت بۆ باشترکردنی ئەم دەرچوونانە لە ڕێگەی هەڵگرتنیەوە لەکارگە گەورەکاندا.جێگرەوەکانی نەوت وەك سەرچاوەی وزە بریتین لە سەرچاوەی وزەی تازەکەرەوە کە بونیان هەیە.لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی ئەم جێگۆڕکێیە تا ئێستا زۆر بچوکە.وەك (( ڕۆژ, با,...هتد)) کە کاریگەریان کەمترە لەسەر ژینگە.کە دەکرێت ئەم سەرچاوانەی تر بەکاربێن لەکاتێکدا کە پێویست بەبڕی وزەی کەمتر بکرێت,

وەك ئۆتۆمبێل. وە پێویستە دیزاینی ئامێری تر بکرێت بۆ ئەوەی کاربکەن بەبەکارهێنانی کارەبا(( هەلگیراو لە پاتریدا)), یان هایدرۆجین(( لەڕێگەی خانەی سووتەمەنیەوە, یان سووتاندنی ناوەکی)) کە دەتوانرێت لەسەرچاوەکانی وزەی تازەکەرەوە بەدەست بێن.هەروەها ڕێگەچارەی تریش هەن کە بەکارهێنانی سووتەمەنی شل دەگرێتەوە کە بنچینەی زیندەگیان هەیە وەك (( ئیثانۆلَ, دیزلی زیندوو)). لە ئێستادا بۆچونێکی جیهانی هەیە کە پێشوازی لەهەر بیروڕایەکی نویێ دەکات کە بەشداری بکات لە گۆڕینی نەوت وەك سووتەمەنی بۆ کاری گواستنەوە.

- **ئایندەی نەوت**

بیردۆزەی لوتکەی(( هۆبەرت)), کە بە لوتکەی(( پێترۆلیش)) دەناسرێت. کەجێگەی جیاوازیە لە ڕووی بەرهەم و بەکارهێنانی دوورمەودا بۆ پێترۆلێ و جۆرەکانی سووتەمەنی هەلهێنجراوی تر.وەگریمانە دەکرێت کە یەدەگی نەوت تازە نابێتەوە, و پێشبینی دەکرێت کە بەرهەمی پێترۆلی ئاینده لە جیهاندا پێویستە و کارێکی حەتمیە کە بگاتە لوتکە و دواتر دابەزێتە خوارەوە بەڕەچاوکردنی نەمانی یەدەگی پێترۆلێ.لە ئێستادا مشتومڕێکی زۆر هەیە دەربارەی ئەگەری ئەو بەرهەم و زانیاریانەی دەربارەی بوونی نەوت لە پێشتردا دەکرێت بەکار بهێنرێن لە پێشبینی لوتکەی ئایندەدا.ئەم بابەتە دەکرێت والێی بڕوانرێت کە بەهایەکی گەورەی هەیە بە تێڕوانین لە هەندێ ناوچە بەتایبەتی و هەموو دونیاش بەگشتی.

ئێم.کینج هۆبەرت تێبینی ئەوەی کرد کە دۆزینەوەکان لە ئەمریکادا گەیشتە لوتکە لە سیەکانی سەدەی بیستدا.لەسەر ئەمەشەوە پێشبینی کرد کە ئاستی بەرهەم دەگاتە لوتکە لە حەفتاکانی هەمان سەدەدا و دەرکەوت کە پێشبینیەکەی ڕاست دەرچوو. دوای ئەوەی کە ئەمریکا لە سالی ١٩٧١ دا گەیشتە لوتکەی بەرهەمهێنان. بواری بەرهەمهێنان دەستی کرد بەکەمبونەوە. لەوکاتەدا ڕێکخراوی ئۆپێك توانی پارێزگاری لە نرخەکانی نەوت بکات کە بوە هۆی سەرهەلدانی کێشەی نەوت لە سالی ١٩٧٣دا.

ئیدی لەوکاتەوە گەلێك ناوچە گەیشتنە لوتکەی بەرهەم هێنانیان بۆ نموونە: دەریای باکور لەنەوەدەکانی سەدەی بیستدا , و چین ڕایگەیاند کە ٢ جێگە

لەگەورەترین جێگەی بەرهەمهێنان تیایدا دەستی کردوە بە دابەزین. هەروەك چۆن کۆمپانیای نەتەوەیی بەرهەمهێنانی نەوت لە مەکسیك ڕایگەیاند کە کێڵگەی کانتاریل پێشبینی دەکرێت کە بگاتە لوتکەی بەهەمهێنان لەساڵی ٢٠٠٦دا و دواتریش ناوەندی دابەزینی دەبێتە ١٤٪ ساڵانە.

لەبەر زۆر هۆ(( دەشێت لەبەرنەبوونی شەفافیەت لە ڕاگەیاندنی بڕی نەوتی یەدەگی ڕاستەقینە لە دونیادا)). کارێکی سانا نیە کە پێشبینی لوتکەی پێترۆڵ بکرێت لە هیچ جێگەیەکی دونیادا.لەسەر ئەو زانیاریانەی کە دەربارەی بەرهەم لەبەردەستدان . لایەنگرانی ئەم بیردۆزەیە پێشبینی دەکەن کە بەرهەمی دونیا پێکەوە بگەنە لوتکە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩٥ یان ١٩٩٥-٢٠٠٠. بە گشتی ئەم زانیاریە پێشبینی کراوانە پێش تەنگژەی بەرهەم بوو کە ڕوویدا لەساڵانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابووردودا.کە لەدواتردا بەکارهێنانی جیهانی کەم بۆوە.کە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو دواکەوتنەی کە پێشبینی دەکرا بۆ گەیشتن بە لوتکەی پێترۆڵ.

لە ئێستادا پێشبینیەکی نوێ هەیە بە زانیاری جوڵدمان شاس بەگەیشتنی لوتکەی نەوت لەساڵی ٢٠٠٧دا. وبەماوەیەکی تریش بۆ غازی سروشتی. کە لەساڵی ١٩٧١دا ڕوویدا. بۆتە کارێکی تێگەیشتوو کە لوتکەی جیهان تێبینی ناکرێت هەتا کەمکردنێکی بەرچاو بەدوایدا نەیەت لەبەرهەمی نەوتدا.

یەکێك لە ئامارژەکان بریتیە لە تێبینی کردنی کەمکردنێکی گەورە لە پڕۆژە نوێیەکانی نەوتدا لەساڵی ٢٠٠٥دا.کە پێویستە دەست بەبەرهەم بکات لەساڵی ٢٠٠٨دا و دواتریشدا.کە پێویستی بە ٤-٦ ساڵ هەیە بۆ هەر پڕۆژەیەکی نەوتی نوێ بۆ دەستکردن بەبەرهەم بۆ بازاڕ.وەچاوەڕوان ناکرێت کە ئەو کەمکردنە قەرەبوو بکرێتەوە بەماوەیەکی کەم. بە پێچەوانەوە بۆئەوەی دوور بکەوینەوە لە گەیشتن بە لوتکە, پێویستە ئەو پڕۆژانە نەك کەم نەکەن,بەڵکو پێویستە یارمەتیدەر بن بۆ زیادکردنی بەرهەمی ساڵانەی جیهانی.

- **ئایا نەوت لەساڵی ٢٠٥٠دا دەمێنێت ؟**

ئەمە ئەو پرسیارە گرنگ و زۆر هەستیارەیە کە تەواوی مرۆڤایەتی بەدوای وەڵامەکەیدا وێڵە, لەبەرئەوەی نەوت لە ئێستادا بۆتە شادەماری ئابوری جیهان و

نەمان و یان کەمبونەوەی دەبێتە هۆی کارەسات و دڵەڕاوکێ و وەستان یان گەڕانەوەی ئاستی گەشەکردنی جیهانی بۆ دواوە.

ئاشکرایە نەوت سامانێکە کە توانای نوێبونەوەی هەیە. نەوت بەبەردەوامی لە دروستبوندایە لە حەوزی نیشتوەکاندا.بەڵام ئەم بڕەی بەکارهێنانی ئێستا کە بە ٥ر٣ ملیار تەن لە ساڵێکدا دەخەملێنرێت ,زۆر گەورەترە بە هەزار جار لەو بڕەی کە تازە دەبێتەوە. ئەو نەوتەی کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت پێش ٥٠٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر و لەسەردەمانی ڕابووردوودا دروست بووە. خۆ ئەگەر بەم شێوە و بڕەی ئێستا نەوت بەکاربهێنرێت ئەوا پێشبینی دەکرێت کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٦٠ نەوت بمێنێت .

- **پۆلێنکردنی نەوت**

پیشەسازی نەوتی, (( نەوتی خاو)) پۆلێن دەکات بەپێی جێگەی دروست بوونی(( بۆ نموونە:- تێکەڵەی ڕۆژئاوای تەکساس یان (( برنت)). زۆر جاریش لە ڕێگەی کێشی جۆریەوە کێشی API((American Petroleum Institute)) , یان لەڕێگەی چڕیەکەیەوە((سوك ,مام ناوەند,قورس)), یان ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە پڕۆسەی پاڵاوتنی, ناوی دەبەن بە ((شیرین ,یان سەرخۆشکەر)) لەکاتی بوونی بڕێکی کەم لە گۆگرد تیایدا.یان بە ((تاڵ)) ناوی دەبەن لەکاتی بوونی بڕێکی زۆر لە گۆگرد تیایدا. کە پێویستی بە دڵۆپاندنی زیاتر هەیە بۆ گەیشتن بە مواصفاتی پێوانەیی بۆ بەرهەم.

- یەکە جیهانیەکان بۆ بەرمیل بریتیە لە:-

١. تێکەڵەی برنت:- کە ١٥ جۆر لە نەوتی تیادایە لە کێڵگەکانی برنت و سیستەمی نیتیان حەوزی شیت لاندی ڕۆژهەڵات و بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی زەیت لە ئەوروپا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنوری ڕۆژئاوا تێپەڕ دەکات کە هەوڵی دیاریکردنی نرخی نەوت دەدات.

٢. تێکەڵەی ڕۆژئاوای تەکساس:- (( WTI)) West Texas Intermediate بۆ نەوتی باکوری ئەمریکا.

٣. دوبەی :-بەکاردەهێنرێت وەك نیشانەیەکی نمایندەکاری بۆ ناوچەی ئاسیا و باسفیك بۆ نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٤. تابیس لە مالیزیا: – بەکاردەهێنرێت وەك سەرچاوەیەك بۆ نەوتی سوك لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی دووردا.

٥. میناس لە ئەندەنوسیا:– بەکار دەهێنرێت وەك سەرچاوەیەك بۆ نەوتی قورس لەناوچەی ڕۆژهەلاتی دووردا.

- سەبەتەی((سلة)) ی ئۆپیك پێك دێت لە:–

١. نەوتی سوك / شانشینی عەرەبی سعودی
٢. بوننی نەوتی سوك/ نەیجیریا
٣. کالی دوبەی
٤. ئەسمس مەکسیك(( سەر بە ئۆپیك نیە))
٥. میناس / ئەندەنوسیا
٦. تێکەڵەی شەهران /جەزائیر
٧. تیاجوانالایت/فەنزەوێلا

ئۆپێك هەوڵدەدات کە نرخی(( سەبەتەی ئۆپیك)) لە نێوان سنوری بەرز و نزمدا ڕابگیرێت. بەزیاد وکەمکردنی بەرهەم. ئەمەش وا لە شیکردنەوەکانی بازاڕ دەکات کە ببێتە هۆکارێکی زۆر گرنگ.هەروەها سەبەتەی ئۆپیك تێکەڵەی خامی قورس و سوکیش دەگرێتەوە کە قورسترە لە برنت وWTI .

- **هەڵسەنگاندنی نرخەکانی نەوت**

نرخی بەنزینی شەو لە ناوچەی شیکاغۆ(( وێسگەی ئۆمۆکۆ)) لەدواوەیە.لەکاتێکدا وێسگەی (( شل)) لە پێشەوەدایە و نرخی نەوتیشی بەرز نەکردۆتەوە وەك وێسگەی ئۆمۆکۆ.زۆر جاران سەرچاوە بۆ نرخی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ نرخی ڕۆژ یان بۆ نرخی(( WTI واتە خامی سوك)) لە بۆرسەی نییۆرك بە پێی پێوانەکانی کوشینج ئۆکلاهۆما.یان نرخی برنت لە بۆرسەی نەوتی جیهانی))بەپێی پێوانەکانی سۆلۆم فۆ.نرخی نەوت بە توندی پشت دەبەستێتە سەر نمرەکەی (( کە دیاریدەکرێت بە چەند هۆکارێك وەك کێشی جۆری یان API,وبڕی بوونی کبریت تیایدا)) و جێگەکەی.

زۆربەی زۆری نەوت بازرگانی پێوەناکرێت لە بۆرسەدا,بەڵکو لە ڕێگەی مامەڵەی ڕاستەوخۆوە دەبێت لە نێوان دەلاَلەکاندا. زۆر جار ئەمە دەبێتە پێوانە بۆ خاڵی دەسپێك بۆ نەوتی خاو کە لەلایەن ئاژانسی نرخ دانانی بلاتسەوە دانراوە.بۆ نموونە: لە ئەوروپادا نمرەیەکی دیاریکراو هەیە لە نەوت,وەك ڤۆڵمار, کە دەکرێت بفرۆشرێت بەنرخی(( برنت+٢٥ر٠ دۆلار بۆ یەك بەرمیل)). پێدەچێت(( ڕێژەی ٦٥٪ لە مامەڵەکان لە بازاڕی نەوتدا جێبەجێ بکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی خامی برنت, هەروەك هەڵسەنگاندنی تری گرنگیش هەیە. وەك دوبەی, تابیس و سەبەتەی ئۆپیك. بەڕێوەبردنی زانیاری وزە لە ئەمریکادا نرخێکی مام ناوەند بەکار دەهێنێت بۆ هەموو جۆرەکانی نەوتی هاتوو بۆ ئەمریکا(( وەك نرخی نەوتی جیهانی)).

پێدەچێت ئۆپیك هەستێت بە نرخدانانی نەوت و نرخی ڕاستەقینە بۆ بەرمیلێك بە نزیکەی ٢ دۆلاری ئەمریکی. کە بەرامبەرە بە نرخی  دەرهێنانی یەك بەرمیل نەوت لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا. ئەم نرخانەی کە دادەنرێت بۆ بەرمیلێك نەوت,تێچووی هەڵکەندن و پێشخستنی مستەودەعەکانی نەوتی تیادایە.سەرەڕای ئەمەش تێچووی بەرهەم هۆکارێکە کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێت.نەك لەسەر بنەمای بەرهەمی بەرمیلێکی تێکەلاَو.کەمکردنەوەی بەرهەمی ئۆپیك بوە هۆی پێشخستنی بەرهەم لە ناوچەکانی بەرهەمهێنان کە تێچوویان گرانتربوو وەك دەریای باکور. پێش ئەوەی یەدەگی هەڵگیراوی لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا کۆتایی بێت.وە جێگەی گومان نیە کە ئۆپیك خاوەن هێزێکی گەورەیە.

بەتێڕوانین بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەبەرهێنان لەو بوارەدا زۆر گرانە و تێچووی زۆرە. بەهۆی کەمبونەوەی بەرهەمهێنان لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوودا بوە هۆی کەمبونەوەی وەبەرهێنان  کە ئیشی پێدەکرا لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا.ئەمەش بوە هۆی کێبڕکێ لەبەرزبونەوەی نرخەکاندا لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٥دا.و ئۆپێك نەیتوانی کە توانای بەرهەمی گشتی فراوان بکات و پارێزگاری لە نرخەکان بکات.

- **نرخەکانی بەنزین لەمانگی مایۆی ٢٠٠٨دا لە وێسگەی سووتەمەنی لەدەرەوەی بایکرسفیلد لە کالیفۆڕنیا**

داواکاری لەسەر نەوت بەتوندی پشت دەبەستێتە سەر بارودۆخی ئابوری لە جیهاندا.کە ئەمەش هۆکارێکی بنچینەییە لە دیاریکردنی نرخەکانی نەوت.هەندێ لە پیاوانی ئابوریناس کەمی تێکڕای گەشەکردنی جیهانی دەگێڕنەوە بۆ زیادکردنی نرخەکانی نەوت.ئەمەش مانای ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان نرخی نەوت و گەشەی جیهانی جێگیر نیە بە ڕێگایەکی دیاریکراو.سەرەڕای ئەوەی کە بەرزبونەوەی نرخی نەوت زۆر جاران ناناسرێت بەوەی کە دیاردەیەکی دواکەوتوە و ڕوودەدات لە کۆتایی سوڕەکەدا.

لەمانگی یەنایەری ساڵی ١٩٩٩دا نرخی نەوت گەیشتە خاڵی نزمی.دوای زیادکردنی بەرهەمی عێراق لەهەمان کاتی ڕوودانی کێشە ئابوریەکەی ئاسیا کەوای کرد داواکاری لەسەر نەوت کەم ببێتەوە.دوای ئەوەی نرخی نەوت بە شێوەیەکی گەورە زیادی کرد. تەنانەت بوە دوو ئەوەندەش بە هاتنی مانگی نۆی ساڵی ٢٠٠٠.دواتر دەستی کردەوە بە دابەزین لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا و دواتر زیادی کرد بە تێکڕاییەکی نەگۆڕ هەتا وای لێهات نرخی یەك بەرمیل لە ٤٠ دۆلارەوە بوە ٥٠ دۆلار بە هاتنی مانگی ٩ی ساڵی ٢٠٠٤. نرخی نەوتی خاوی سوك لەمانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٤دا لە خەملاندنەکانی بۆرسەی نییۆرکی تێپەڕاند و گەیشتە ٥٣ دۆلار.و لەمانگی ٢٠٠٤/١٢دا بوە ٥٥ دۆلار. دواتر کێبڕکێی نرخەکان دەستیپێکرد و بوە هۆی زیادکردنی داواکاری لەسەر بەنزین و دیزڵ و بوە هۆی دروست بوونی دوودڵی لەوەی کە پاڵاوگەکان ناتوانن کاربکەن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك. ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بوو تاسەرەتای مانگی ٢٠٠٥/٨, کاتێ بۆرسەی نییۆرك وای بۆچوو کە ئایندەی نرخەکانی نەوتی خاو لە ٦٥ دۆلار تێپەڕ دەکات لە کاتێکدا کە داواکاری لەسەر بەنزین هەربمێنێت بێگوێدانە نرخەکان. بۆرسەی نییۆرك هەڵدەستێت بە بازرگانیکردنەوە بە نەوتی خاوەوە(( کە گرێبەستی ئایندەشیی تیادایە)). کە بنەمایە بۆ هەڵسەنگاندنی نرخەکانی نەوتی خاو لە ئەمریکادا لە ڕێگەی نەوتی تێکەڵەی ڕۆژئاوای تەکساسەوە و هەندێ بۆرسەی تریش هەن کە

مامەڵە دەکەن لە گرێبەستە نەوتیە ئایندەییەکاندا.وەك بۆرسەی نەوتی نێودەوڵەتی لە لەندەن کە مامەڵە دەکات بەسەر خامی برنتەوە.

- **تەنگژەی نەوتی ساڵی ٢٠٠٨**

نرخەکانی نەوت بەشێوەیەکی شێتانە بەرزبۆوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا,بەشێوەیەك ڕێگرییە پێوانەییەکانی شکاند لە بەرزبونەوەدا لە ٦٠ دۆلار بۆ بەرمیلێك لەساڵی ٢٠٠٧ و سەرەتای ٢٠٠٨ لە ٨٠ دۆلار تێپەڕیکرد و لەمانگی ٢٠٠٨/٣ بۆ یەکەم جار ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەزاند و گەیشتە بەرزترین ئاستەکانی لە مێژوودا کاتێك لەمانگی ٢٠٠٨/٦دا گەیشتە نزیکەی ١٤٧ر٢٧ دۆلار بۆ بەرمیلێك, بەلأم زۆری نەخایاند و بەرەو دابەزین هاتەوە ئەمەش بەهۆی ترس لەسەر داواکاری جیهانی بەهۆی خەفەبوونی ئابوری جیهانیەوە کە هۆکارەکەی ڕەهنی زەوی و زار و خانوو بوو . لەمانگی ٢٠٠٨/١٠دا نرخی نەوت دابەزی بۆ ٦٠ دۆلار بۆ یەك بەرمیل کە نزمترین ئاستە لە ماوەی ساڵێکدا. بەشێوەیەك مانگی ٢٠٠٨/١٠ بە خراپترین مانگ دادەنرێت بۆ نەوت بە شێوەیەك بە ڕێژەی ٣٢٪ نرخەکەی دابەزی و تەنها لە مانگی ٢٠٠٨/١٠ و دواتریش و لە ئێستاشدا و لەسەرەتای مانگەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا نرخی یەك بەرمیل نەوت لە نێوان ٤٠–٥٠ دۆلار بەرزو نزم دەکات.

- **ئەو ولأتانەی زۆرترین بەرهەمی نەوتیان هەیە**

بەپێی ئامارەکانی وزەی حکومەتی ئەمریکی. بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەو ولأتانە بەرهەمی نەوتیان هەبوە. بەملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا, بەپێی بڕی بەرهەمیان:–

١. شانشینی عەرەبی سعودی
٢. عێراق
٣. ڕوسیا
٤. ئێران
٥. مەکسیك
٦. چین

٧. نەرویج
٨. کەنەدا
٩. فەنزەوێلا
١٠. ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو
١١. کوێت
١٢. نەیجیریا
١٣. شانشینی یەکگرتوو(بەریتانیا))

- بەپێی بڕی هاوردەکردنیان لەساڵی ٢٠٠٣دا:-

١. شانشینی عەرەبی سعودی
٢. نەرویج
٣. ئێران
٤. ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو
٥. فەنزەوێلا
٦. نەیجیریا
٧. مەکسیک
٨. جەزائیر
٩. لیبیا

تێبینی:-
====

ولاٚتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەڵدەستێت بەبەکارهێنانی نزیکەی هەموو بەرهەمەکەی لەنەوت.

**سەرچاوەکان:-**
--------


- كتاب / حالة الطوارىء الطويلة/ الكوارث المستمرة فى القرن العشرين/ james howard kunstler/٢٠٠٥
- كتاب/ ازمات الزيت القادمة/ ٢٠٠٤
- كتاب/لايوجد بترول/ انتهاء عصر الزيت/٢٠٠٤
- كتاب/الفوز بغنيمة البترول/ amory b.lovins/٢٠٠٤
- كتاب/ Hubberts Peak/ عجز الزيت العالمى الوشيك/٢٠٠٣
- كتاب/ الطاقة فى مفترق الطرق/ نظرة وتوقعات شاملة/ Smil Vaclav/٢٠٠٣
- كتاب/ تحقيق البترول الملحمى للثروة والنفوذ / Daniel Yergin/١٩٩١
- كتاب/ صناعة البترول الامريكى / الجزء الاول عصر الاكتشاف/ Harold F. Williamson and Arnold R. Daum/ ١٩٥٩
- كتاب/ صناعة البترول الامريكى / الجزء الثانى عصر الطاقة/ Harold F. Williamson and Arnold R. Daum,RalphL.Andrson,GilbertC.Klose/ ١٩٦٣


---

*** ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣١٩ و ٣٢٠ لە ٧ و١٤ /٢٠٠٩/٣دا و لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٢٧ و٢٨ لە زستان وبەهاری ٢٠٠٩دا بلاًوكراوەتەوە.**

## سووتەمەنی و جۆرەکانی *

- **سووتەمەنی هەڵهێنجراو**

بریتیە لەو سوتەمەنیەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی هەڵهێنجراو. سووتەمەنی هەڵهێنجراو دەردەهێنرێت لە توخمی هەڵهێنجراو وەك خەڵوزی بەردین, خەڵوزی نەوتی ڕەش, غازی سروشتی, نەوت. و ئەم توخمانەش دەردەهێنرێن لەناوجەرگەی زەویەوە و دەسوتێنرێن لە ناو هەوادا لەگەڵ ئۆکسجین بۆ بەرهەمهێنانی گەرمی کە بەکاردەهێنرێت لەهەموو بوارەکاندا.

پێکهاتەی سوتەمەنی هەڵهێنجراو پشت دەبەستێتە سەر سوڕی کاربۆن لە سروشتدا, بەمەش توانراوە وزەی(( ڕۆژی)) هەڵبگیرێت لە سەردەمە دێرینەکانەوە بۆ ئەوەی لە ئێستادا ئەو وزەیە بەکاربهێنرێت. بە پێی خەملاندنەکانی جیهانی سەرچاوەکانی وزەی هەڵهێنجراو لەساڵی ٢٠٣٠دا ڕێژەی٩٠٪ ی پێداویستیەکان دابین دەکات لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٨١دا تەنها ڕێژەی ٨١٪ی پێداویستیەکانی دابین دەکرد.بەلام بارستایی زیندوو, دەردەهێنرێت لە تەختە و پاشەڕۆی ئەندامی جۆراوجۆر.

شۆڕشی پیشەسازی لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا هەڵایسا هاوزەمان لەگەڵ بەکارهێنانی وزەی هەڵهێنجراو لە بواری تەکنەلۆژیادا بەتایبەتیش خەڵوزی بەردین لەوکاتەدا.بەلام لە ئێستادا نەوتی خاو بەشی زۆری پێداویستیەکان لەوزە دابین دەکات لەبەرئەوەی دەرهێنان و چارەسەر و گواستنەوەی ئاسانە کەوای لێکردوە نرخەکەشی هەرزان بێت.وەك پێشتر باسمان کرد سووتانی توخمە هەڵهێنجراوەکان پشت دەبەستێتە سەر توخمی کاربۆن. لەکاتی سووتانی توخمی کاربۆن لەگەڵ ئۆکسجیندا وزە دەردەچێت لە شێوەی گەرمیدا لەگەڵیشیدا غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و توخمی کیمیاوی تریش وەك ئۆکسیدی نایترۆجین و گەردیلەی تر دەردەچێت.

- **یەدەگی سووتەمەنی هەڵهێنجراو**

پێشبینیەکان وای بۆ دەچن کە ئەگەر ڕێژەی بەکارهێنانی سووتەمەنی هەڵهێنجراو بەنەگۆڕی بمێنێتەوە ئەوا یەدەگی خەڵوزی بەردین بۆ ١٥٠ ساڵی تر بەش دەکات و غازی سروشتیش بۆ ٦٠ ساڵ و نەوتی خاویش بۆ ٤٠ ساڵی تر بەش دەکات.

ڕێژەی جێگیری یەدەگی نەوتی لەساڵی ١٩١٩دا گەیشتە تەنها ٢٠ساڵ, بەڵام لەئێستادا دەگاتە ٣٥-٤٠ساڵ.ئەمەش بەهۆی دۆزینەوەی بەردەوامی یەدەگی نوێ بەهۆی ڕێگا و شێوازە نوێکانەوە کە باشترن و ئاسانترن بۆ دەرهێنانی سووتەمەنی بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی هەبوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا. پێشبینی دەکرێت لەدەیەکانی داهاتوودا پێداویستی بۆ وزە بگاتە بەرزترین ئاست.ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ بەرزترین ئاستی.ئەمەش پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت کە بەرهەمهێنانی نەوتی دابەزێت کە ئەمەش پێویست دەکات ئەم بۆشاییە لەدابینکردن پڕ بکاتەوە.بەهۆی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە. بە بەکارهێنانی وزەی جێگرەوە وەك وزەی تازەبۆوە لە وزەی(( با و ئاو و هەڵکشان و داکشان و شەپۆلەکان وڕۆژ و بارستایی زیندوو)), بەشێوەیەك کە هێواش هێواش واز لە بەکارهێنانی وزەی هەڵهێنجراو بهێنرێت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە.

- هۆکارەکانی هەبونی وزەی هەڵهێنجراو:-
  1. قەوارەی یەدەگی
  2. کاریگەری بەکارهێنانی وزە
  3. بواری بەکارهێنانی
  4. دووری لەوزەی تازەبۆوە

زاراوەی بەرامبەر وزەی هەڵهێنجراو بریتیە لە وزەی تازەبۆوە, بەشێوەیەك وزەی تازەبۆوە کۆتایی پێنایەت بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەکارهێنانی,وەك وزەی ڕۆژ و ئا و با , بەڵکو بەبەردەوامی تازە دەبنەوە, لەکاتێکدا وزەی هەڵهێنجراو توانای بەرهەمهێنانی ون دەکات کاتێ دەسوتێت بەمەش تازە نابێتەوە.

- **لایەنە باش و خراپەکانی وزەی هەڵهێنجراو**
  1. لایەنە باشەکان

سووتەمەنی هەڵهێنجراو بەوە جیادەکرێتەوە کە چڕیەکی وزەی بەرزی هەیە لەگەڵ ئاسانی گواستنەوە و هەڵگرتنیدا. و بەهۆی چارەسەرکردنی بەشێوەی پترۆکیمیاویات دەتوانرێت جۆر و پێکهاتەی جیاوازی لێدروست بکرێت.بەتایبەتیش لە سووتەمەنیە

شل و غازیەکان.کە دەتوانرێت سووتەمەنی لیٚ دەربهێنرێت کە بۆ بەکارهێنانی جیاواز دەشێت لە بزوێنەر و فڕۆکە و پاپۆڕەکاندا دوای چارەسەری پێویستی کیمیاوی.

٢. لایەنە خراپەکانی

بریتیە لەوەی بەهۆی سوتاندنیەوە دەبنە هۆی سەرەکی پیسبوونی هەوا و دەبنە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما لە ئەنجامی غازەکانی دەوری بەرگە هەوا دروست دەبێت.کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم کرداری پەرچەگەرمیدا کە لەزەویەوە دەردەچێت بۆ دەرەوەی گۆی زەوی.کە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی زەوی و زیادبونی دیاردەی بەبیابانبون و وشکبونەوە.

- **جۆرەکانی سووتەمەنی هەڵهێنجراو**

١. نەوت و غازی سروشتی

زیندەوەرە ئەندامیەکان مردون و جێگیربوون لە بنی زەریاکاندا لەناو چینێك لە نیشتوەکان بەبیٚ ئەوەی هەوای بۆ بچێت.هەروەها چینەکانی تری زەوی دایپۆشیون. هەتا لەسەر ئەم توخمە ئەندامیانە چینێکی دابڕاو دروست بوە بە تێپەڕبونی ساڵ(( نزیکەی ٥٠٠ملیۆن ساڵ)). لەگەڵ نەبونی ئۆکسجیندا, بەکتریا ئەم توخمە ئەندامیانەی شیکردۆتەوە بۆ توخمی کیمیاوی کە پێکهاتەیان سادەترەو بەکاری فشار و گەرمی پێکهاتە هایدرۆکاربۆنیەکان دروست بوون.بەڵام ئەو ئاوەی کەماوەتەوە یان دەبێتە هەڵم یان دەنیشێت.لەوکاتەدا توخمە هایدرۆکاربۆنیەکان بەرزدەبنەوە کە سوکترن لە چینەکانی زەوی یان لەو بەردانەی کەلەسەرین.هەتا لەو چینانەی زەویدا جێگیر دەبێت کە ئیدی بواری بەرزبونەوەیان نادەن.

غازی سروشتیش هەمیشە لەگەڵ پێکهاتە هایدرۆکاربۆنیەکانی ژێرزەویدا هەیە و دەکەوێتە سەر بەشە شلەکەیەوە(( واتە نەوتە خاوەکەوە)).

٢. خەڵوز

خەڵوز دروست دەبێت لە پاشماوەی ڕوەکەکان کە هەوایان لیٚ دەبڕێت.بۆ نمونە لە ((دەریاچەکاندا)).وەناتوانێت شیببێتەوە و دواتر دەکەوێتە ژێر فشاری بەرز و گەرمای دەرەکیەوە.بەڵام ئاو و پاشماوەکانی تر بەتێپەڕبوونی کات دەبنە هەڵم و

نامێنن و دواتر خەڵوز دروست دەبێت بەپلەی جیاواز لەڕووی پێکهاتە و پاکژی و چڕیەوە.

خەڵوزی بەردین دادەنرێت بە بەنرخترین جۆری خەڵوز لەبەرئەوەی ئاستی پاکژی و چڕی بەرزە, کە ئەمەش مانای ئەوەیە لە توخمی کاربۆن پێکهاتوە بەشێوەیەکی سەرەکی. بەم سیفاتانەوە خەڵوزی بەردین توانای سووتانی بەرزی هەیە(( لەڕوی یەکەی گەرمیەوە)).

- هەندێ جۆری تر لە سووتەمەنی
- ١.نەوتی لمی

نەوتی لمی(( Oil Sands)) یان لمی نەوتی یان نەوتێك چڕی بەرزبێت بریتیە لە نیشتوەکانی بتۆمین.کە بریتیە لە تێکەڵەیەکی سروشتی لە لم یان قوڕ لەگەڵ ئاو و جۆرێکی چڕی لینج لەنەوت کە دەناسرێت بە بتۆمین.کەلەزۆر جێگەی جیاواز لە دونیادا هەیە, بەڵام بەشێوەیەکی گەورە و بازرگانی لە کەنەدا و فەنزەوێلادا هەیە.

نەوتی لمی دەناسرێت بەوەی کە نەوتێکی نائاسایی یان خامی بتۆمینە بۆ جیاکردنەوەی لەگەڵ نەوتی خامی سروشتی کە لەبیرەکان دەردەهێنرێت. لە ئێستادا نەوتی لمی دادەنرێت بە یەدەگی نەوتی جیهانی بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی نەوت و نزمبونەوەی تێچووی دەرهێنانی دوای دۆزینەوەی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ دەرهێنانی و پاڵاوتنی کە وای کردوە لەڕووی بازرگانیەوە بە قازانج بێت.

- یەدەگی نەوتی لمی

زۆرێك لە وڵاتانی دونیا یەدەگێکی گەورەیان هەیە لە نەوتی لمی,وەك ئەمریکا و ڕوسیا و زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, بەڵام گەورەترین یەدەگ لەهەردوو ووڵاتی کەنەدا وفەنزەوێلادا هەیە.یەدەگی ئەم دوو وڵاتە پێکەوە یەکسانە بە یەدەگی هەموو دونیا لە نەوتی خاو.لەساڵی ٢٠٠٧ بەرهەمی کەنەدا بەرزبۆوە لە نەوتی لمی بۆ ٤٤٪ لە کۆی گشتی بەرهەمی نەوت.و بەرهەمی نەوتی خاویش دابەزی بۆ ٣٨٪. بەهۆی ئەم بەرزبونەوەیەوە کەنەدا بوە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەمریکا و جێگەی سعودیە و مەکسیکی گرتەوە.بەرهەمی فەنزەوێلاش بەرزە, بەڵام هیچ زانیاریەکی پەسەندکراو دەربارەی نیە.

دەتوانرێت یەدەگی نەوتی لمی بخەمڵێنرێت بەنزیکەی ٣/٢ یەدەگی نەوتی جیهانی.یەدەگی نەوتی ئاتاباسکای کەنەدی دەخەمڵێنرێت بە نزیکەی ١٠٧ تریلیۆن بەرمیل و نەوتی فەنزەوێلی قورسیش بەنزیکەی ٢٣٥ ملیار بەرمیل. هەردوکیان پێکەوە یەدەگی نەوت دەکەنە ٣ر٦ تریلیۆن بەرمیل, لەکاتێکدا یەدەگی نەوتی خاوی سروشتی دەگاتە ١ر٧٥ تریلیۆن بەرمیل کە زۆرینەی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدایە و بەتایبەتیش لە مەمەلەکەتی عەرەبی سعودیەدایە.

- **مێژووی نەوتی لمی**

نەوتی لمی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان و بە تایبەتیش لە ولاتی نێوان دووڕووباردا(( عێراقی ئێستا))و لەلایەن دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەمریکاوە.و لەسەدەی هەژدەهەمدا بەبڕی زۆر دەرهێنراوە لەناوچەی بوخلبرون لە هەرێمی ئەلسازی فەڕەنسی بەڕێگەی جیاکردنەوە بە هەڵم. لەسەدەی نۆزدەشدا بەهەڵە لمی بیتۆمین ناونرا بە لمی زفتی لە کاتێکدا دروستبونی زفت جیاوازە لە نیشتوەکانی بتۆمین کە نزیکترە لە ئەسفەڵتەوە بە پلەیەکی گەورە.

- **بەرهەمی نەوتی لمی**

لمی بتۆمین بریتیە لە سەرچاوەی سەرەکی بۆ نەوتی نائاسایی(( نەوتی خاوی بیر)), نەوتی بیر دەردەهێنرێت بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگەی هەڵکەندنی زەویەوە تا ئەو قولاییەی کە نەوتەکە لە ژێر فشاری غازی سروشتیدا دێتە دەرەوە. و لە هەندێك بارودۆخدا فشاری دەسکرد بەکاردەهێنرێت(( بەهۆی تێکردنی غاز یان ئاو بۆ ناو بیرەکان)). بۆ دڵنیابوون لە جێگیری هاتنەدەرەوەی نەوتەکە.

بەلاَم لە حاڵەتی بتۆمیندا, دەرهێنانی نەوتەکەی بەڕێگەی جیاواز دەبێت.هەموو ڕێگاکان کە بەکار دەهێنرێت بۆ دەرهێنانی نەوتی بیتۆمینی پێویستی بە بڕێکی گەورەی گەرمی و فشاری ئاو هەیە بەبەراورد لەگەڵ نەوتی بیری ئیرتیوازیدا. و لە گرنگترین ڕێگاکانی دەرهێنانی نەوتی لمی بریتیە لە ڕێگای لێبڕینی ڕووی زەویەوە. بەهۆی ئامێرێکەوە کە پێی دەوترێت (( ئامێری لێبڕینی ڕوویی))Stripmining لەڕێگای ئامێری زۆر گەورەوە کە هەڵدەستێت بەبڕینی چینەکانی سەرەوەی لمەکە و ناردنی بۆ دەرهێنانی نەوت.بەمەش دەوترێت دەرهێنانی جێگەیی Insitu کە پشت

دەبەستێتە سەر سوککردنی لینجی نەوتی بتۆمینی لە ڕێگەی تێکردنی هەڵم بە پلەیەکی بەرز لە لم کە پاڵ بەنەوتەکەوە دەنێت بە ئاسانی بەرزببێتەوە بۆ سەر ڕوو.

- **گواستنەوە و پاڵاوتنی نەوتی لمی**

نەوتی خاوی دەرهێنراو لەو نیشتوانەدا بریتیە لە نەوتی قورس کە لینجی بەرزی هەیە کە ناتوانرێت بگوازرێتەوە بەهۆی بۆری نەوتی ئاساییەوە. هەروەها گران دەکەوێت بۆ گۆڕینی بۆ پێکهاتەکانی نەوت بەشێوەی بازرگانی وەك بەنزین و مازۆت.لەبەرئەوە هەر لە جێگەی خۆیدا دەگۆڕدرێت بۆ نەوتی پیشەسازی بەهۆی ئامێری پێشکەوتووەوە یان گۆڕینی بۆ پێکهاتەکانی نەوت بەهۆی پاڵاوگەوە.

وەك هەموو پرۆژەکانی بەدواگەڕان. پیشەسازی نەوتی لمی کاریگەری دەبێت لەسەر زەوی لەکاتی دەرهێنانیدا و لەسەر ئاویش لە قۆناغی جیاکردنەوەیدا, هەروەها کاریگەریشی لەسەر کەش وهەواش هەیە بەهۆی غازەکانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە دەردەچێت لەهەموو پرۆسەیەك و لە پڕۆسەی بەکارهێنانی پێکهاتەکانی نەوتەکەوە.

ئەمەش وایلێدەکات کە ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پیسبوونی ژینگە هەر لە زەوی و هەواوە و ئاوە. بەهۆی لەناوبردنی ڕوبەرێکی فراوان لەدارستان و باخ و پێویستی بەبەکارهێنانی ئاوی زۆر دەبێت و ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە پیس بوونی بڕێکی زۆر لە ئاو. و بەهۆی دەرچوونی بڕی زۆر لە غازەکانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و دووەم نتراتی ئۆکسید و ئۆزۆن و گەردیلەی بچوك و دووەم ئۆکسیدی کبریت. دەبێتە هۆی پیسبونی هەواو و لە ئەنجامیشدا بەرزوبونەوەی پلەی گەرمای زەوی و گۆڕینی کەش و هەوا.

- **٢.وزەی ئەتۆمی**

بریتیە لەو وزەیەی کە دەردەچێت لە ئەنجامی لێکدورکەوتنەوە یان پێکەوەلکانی ناوکی گەردیلە.وزەی ئەتۆمی ڕێژەی ٢٠٪ ی وزەی جیهانی پێك دەهێنێت. زاناکان وادەڕواننە وزەی ئەتۆمی کە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی وزەیە کە کۆتایی نایەت. ئەوەی کە گومان لە ئایندەی وزەی ئەتۆمی دروست دەکات بریتیە لە ڕێژەی

تێچووەکەی و مەترسیە گشتیەکان ئەوەی پەیوەندی بە سەلامەتیەوە هەیە و گرانی خۆدەربازکردنێکی ئەمین لە پاشەڕۆکانی کە توانای تیشکدانەوەی بەرزیان هەیە.

تیشکدانەوەی ئەتۆمی ئەگەر بکوژیش نەبێت ئەوا دەبێتە هۆی تێکچون و نەخۆشی و کەمئەندام بوونی مرۆڤەکان و چارەسەرکردنیان سانا نیە.ئەمەش لە ئەنجامی ئەو تیشکدانەوەیە لەسەر کارلێکە ئاساییەکانی خانە زیندوەکانەوە.و قەبارەی تیشک وەرگرتنەکەش کەم و زۆری کاریگەری هەیە لەسەر مان یان مردنی ئەو زیندەوەرانە.

هەندێ زیندەووەر هەیە تەنها بە هەڵمژینی ٢٠ جول/کغم دەمرێت, هەندێکی تریان دەگاتە ٣٠٠جول/کغم, شیردەرەکان کاریگەریان تێدەکرێت کاتێك ٢ جول/کغم هەڵدەمژن.بەڵام ڤایرۆسەکان ٢٠٠ جول/کغم ئەوکاتە کاریگەریان تێدەکرێت.

بڕی ئەو پاشەڕۆیانەی کە تیشك دەدەنەوە لە وێسگە ئەتۆمیەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئەنجامی پەرت بونی ئەتۆمیەوە. زۆر کەمترە لە بەرامبەر ئەو پاشەڕۆیانەی کە لە وێسگە گەرمیەکاندا دروست دەبن کە بەوزەی هەڵهێنجراو وەك نەوت و خەڵوز کاردەکەن.

پاشەڕۆی ئەتۆمی دەگاتە ٣ میلیگرام/کیلۆوات/ کاتژمێر لە بەرامبەر ٧٠٠ گرام دووەم ئۆکسیدی کاربۆن/ کیلۆوات/ کاتژمێر لە وێسگە گەرمیەکاندا. بەڵام ئەو بڕە تیشکە کەمە دەبێتە هۆی نەخۆشی و تێکچون کە چارەسەریان سانا نیە.لەبەر ئەوە ئەو وڵاتانەی کە کارەبا بەرهەم دێنن بەهۆی وزەی ئەتۆمیەوە کاردەکەن بۆ شاردنەوەی ئەو پاشەڕۆیانە لەژێر چینە خۆڵەکانی ژێر زەویەوە دوور لە دانیشتوان. کاریگەری ئەو تیشکانە درێژەی هەیە بۆ سەدان ساڵ وەیان بگرە بۆ هەزاران ساڵیش تا کاریگەریەکەی نامێنێت یان کەمدەبێتەوە بۆ کاریگەری تیشکدانەوەی ئاسایی.

بۆیە لەئێستادا زاناکان لە هەوڵدان کە وزەی ئەتۆمی وەبەرهەم بێنن لە ڕێگەی جوتبوونی ئەتۆمیەوە نەك پەرتکردنی ئەتۆمیەوە.کە تیایدا گەردیلەی یۆرانیۆم پەرت دەبێت و پرۆتۆنات و نیۆترۆنات و گەردیلەی بچوك دەردەکات.و جوڵەی دەگۆڕێت بۆ گەرمی لە ئاوی سارددا و لەو هەڵمە بەرزبۆوە کە فشاری بەرزە و وزەی کارەبایی وەدەست دێت. لەم ڕێگەیەدا پاشەڕۆی تیشکدەرەوەی زۆر بەجێدەمێنێت و مەترسی

گەورەی هەیە.بۆیە زاناکان لە هەوڵدان لەڕێگەی جوتبونی ئەتۆمیەوە کارەبا بەرهەم بهێنن کە پاشەڕۆی تیشکدەرەوەی کەمە.

- **وێسگەکانی وزەی ئەتۆمی**

وێسگەکانی بەرهەمهێنانی ئەتۆمی دادەنرێن لە جۆرێك لە وێسگەکانی بەرهەمهێنانی گەرمی هەڵمی.بەشێوەیەك هەڵدەستێت بەبەرهەمێنانی هەڵمیە گەرمی کە دروست دەبێت لە فڕنی کورەکانەوە.یەکەم کورەی ئەتۆمی کە دامەزرا لەساڵی ١٩٤٤ دا بوو لە هانفۆرد لە ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی کە سوتەمەنیەکەی یۆرانیۆمی سروشتی بوو.کە بلۆتۆنیۆمی بەرهەم دەهێنا و ئەو وزەیەی کە بەرهەم دەهات کەڵکی لێوەرنەدەگیرا. دواتر جۆرەها کورەی ئەتۆمی لە جیهاندا دامەزرا بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا.کە جیاوازن لە جۆری سووتەمەنی و ساردکەرەوەکان و ناوەندەکانیاندا.

- **پیتاندنی یۆرانیۆم**

یۆرانیۆم بریتیە لە توخمی سەرەتایی و بنچینەیی بۆ بەرنامە ئەتۆمیەکان, بە هەردوو بواری مەدەنی و سەربازیەوە.کە دەسدەکەوێت لە چینەکانی سەرەوەی ڕووی زەوی یان لە ڕێگەی بەدواگەڕانی کانزاکان لەناخی زەویدا.سەرەڕای ئەوەی کە یۆرانیۆم بەشێوەیەکی سروشتی لەهەموو جیهاندا هەیە.بەڵام بەشێکی کەمی بەشێوەیەکی چڕی خام دەستدەکەوێت.کاتێك چەند گەردیلەیەکی دیاریکراوی یۆرانیۆم پەرت دەبن لەزنجیرە کارلێکێکدا پێی دەوترێت(( پەرتبوونی ئەتۆمی)) و بەشێوەیەکی هێواشی ڕوودەدات لەدامەزراوە ئەتۆمیەکاندا.وبەشێوەیەکی زۆر خێرا ڕوودەدات لەکاتی تەقینەوەی چەکی ئەتۆمیدا. لە ئەنجامدا وزەیەك دەردەچێت کە پێویست دەکات لەهەردوو بارەکەدا کۆنترۆڵێکی زۆری پەرتبونەکە بکرێت.باشترین پەرتبونی ئەتۆمی ڕوودەدات کاتێ هاوشێوەی یۆرانیۆم ٢٣٥ یان بلۆتۆنیۆم ٢٣٩ بەکاربهێنرێت.

مەبەست لە هاوشێوە بریتیە لەو گەردیلانەی کە هەمان ژمارەی گەردیلەییان هەیە,بەڵام بە ژمارەیەکی جیاوازی نیۆترۆنات. یۆرانیۆمی ٢٣٥ بە (( هاوشێوەی پەرتبوون)) دەناسرێت.بەهۆی بونی مەیلی بۆ پەرتبوون کە دەبێتە هۆی زنجیرەیەك کارلێك و وزەیەك دەردەکات بەشێوەی گەرمی.

کاتێك گەردیلەیەکی یۆرانیۆم٢٣٥ پەرت دەبێت ئەوا دوو نیۆترۆن یان سیان دەردەکات و کاتێك گەردیلەی تری یۆرانیۆم٢٣٥ لە تەنیشتیەوە بێت و ئەو نیۆترۆنانە بەریەك بکەون دەبێتە هۆی پەرتبوونی گەردیلەی تر. و بەهەمان شێوە نیۆترۆناتی تر دەردەکەن.کارلێکی ئەتۆمی ڕوونادات تاگەردیلەی تەواوی یۆرانیۆمی ٢٣٥ بەتەنیشت یەکەوە نەبەن و بەشێوەیەك کە ڕێگە بدەن بە ڕوودانی زنجیرەیەك کارلێکی بەردەوام لەخۆوە. یان ئەوەی کە ناسراوە بە (( بارستایی وەرچەرخان)).

لەهەزار گەردیلەی یۆرانیۆمی سروشتیدا تەنها ٧ گەردیلەی لە یۆرانیۆمی ٢٣٥ تیادایە.لەکاتێکدا ٩٩٣ گەردیلەکانی تر بریتین لە گەردیلەی چڕی بەرز و ژمارەی گەردیلەییەکەی بریتیە لە یۆرانیۆمی ٢٣٨.کورەکانی ئاوی سوك Water Reactors Light جۆرێکە لە کورە پەرتکەرەکانی ئەتۆمی کە لەئەمریکادا بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.و ئاوی ئاسایی بەکاردەهێنرێت وەك ناوەندێکی ساردکەرەوە و گۆڕەری بۆ هەڵم بۆ ئیشپێکردنی تۆڕبینەکان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە موەلیدەکانەوە کە ئەمەش پێویستی بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەبێت.The Enrichment Fuel Uranium Of .

یۆرانیۆمی سروشتی پێکدێت لە ٧ر٠٪ یۆرانیۆمی ٢٣٥ کە هاوشێوە پەرتبوە, و ٣ر٩٩٪ یۆرانیۆمی ٢٣٨ کە پەرت نابێت.یۆرانیۆمی سروشتی دەپیتێنرێت بۆ ئەوەی ببێتە ٥ر٢-٥ر٣٪ لە یۆرانیۆمی٢٣٥ کە توانای پەرتبونی هەیە لەکورە ئاویە سوکەکاندا کە لەئەمریکادا ئیشی پێدەکرێت.لەکاتێکدا کورە ئاوە قورسەکان The Heavy Water کە لە کەنەدادا کاری پێدەکرێت یۆرانیۆمی سروشتی بەکاردەهێنرێت, لەباری پیتاندندا پێویست دەکات کە کورە ئەتۆمیەکان بەبڕی ٣٠ تەن لە یۆرانیۆمی پیتێنراوی پێبدرێت هەتا پلەی ٥ر٣٪ بۆ پێدانی یەك کورە بە سووتەمەنی ئەتۆمی بۆ ماوەی ١ ساڵ ئەگەر بە توانایەك کاربکات کە نزیکەی ١٠٠٠ مێگاوات بێت.

کرداری پیتاندنی یۆرانیۆم Enrichment Uranium چیٚ دەکرێت بە هەڵوەشانی توخمی هێکسا فلۆریدی یۆرانیۆم , Uranium Hexflouride لە توخمێکی بۆشایدااردا کە ڕێژەی یۆرانیۆمی ٢٣٥ زیاد دەکات لە یۆرانیۆمی سروشتیدا کە

بەکەڵکی بەکارهێنان دێت لەکورە ئەتۆمیەکاندا. هەروەها دەتوانرێت یۆرانیۆمی ٢٣٥ ی سوك جیابکاتەوە بەڕێگایەکی تر بەهۆی ئامێری((دەرکردەی ناوەندیەوە)). . سووتەمەنی یۆرانیۆمی پێویست بۆ کورەکانی پەرتکەر ناتوانرێت بۆمبی ئەتۆمی لێ دروست بکرێت چونکە پێویستی بە پیتاندنی زیاتر لە ٩٠٪ هەیە بۆ دەسکەوتنی کارلێکی زنجیرەداری خێرا. یۆرانیۆم و بلۆتۆنیۆم کە پیتێنراون بەڕێژەیەکی زۆر بەرز بەکاردەهێنرێن لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیدا لەبەرئەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراوی بەرز ڕێژەیەکی بەرزی یۆرانیۆمی٢٣٥ ی ناجێگیر و لەڕوی پیشەسازیەوە چڕی تیادایە.

- دەتوانرێت گەلێك ڕێگا بەکاربهێنرێت بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم:-

١. ڕێگای پەرتبونی گازی Gaseous Diffusion Method کە لە ئەمریکادا پەیڕەو دەکرێت لە بەرنامەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمیدا.

٢. ڕێگای پەرتبونی ناوەندی کە لە چین و فەرەنسا و بەریتانیا و ڕوسیادا پەیڕەو دەکرێت و لە ئێستاشدا ئێرانیش هەمان ڕێگە پەیڕەو دەکات بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی. هەروەها لە پاکستان و هندستان و کۆریای باکوریش پەیڕەو دەکرێت.

٣. ڕێگای پاڵپێوەنانی زۆر خێرا کە لە باشوری ئەفریقیا پەیڕەو دەکرێت.

٤. ڕێگای جیاکردنەوەی هاوشێوە بەکارۆموگناتیسی کە لە عێراقدا و لەپێش جەنگی ساڵی ١٩٩١ پەیڕەودەکرا.

٥. ڕێگای پیتاندن بە لیزەر کە بەنهێنی لەساڵی ٢٠٠٠دا لە کۆریای باشور تاقیکرایەوە.

- جۆرەکانی کورەی ئەتۆمی
- لەڕووی بەکارهێنانی ناوەندی ساردکەرەوەوە دەکرێتە ٤ جۆر:-

1. کورەی ئەتۆمی ئاوی سوك وەك لە ئەمریکادا بەکاردێت.
2. کورە ئەتۆمی ئاوی قورس وەك لە کەنەدادا بەکاردێت.
3. کورە ئەتۆمی هیلیۆمی.
4. کورە ئەتۆمی ثۆریۆم کە لە ئەڵمانیادا بەکاردێت.

- وەلەڕووی بەرهەمووە دەکرێتە ٢ جۆرەوە:-

١. کورەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی سەربازی و دروستکردنی چەکی ئەتۆمی.

٢. کورەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی مەدەنی و لێکۆڵینەوە.

- کورە ئەتۆمیەکان بەرەو کویْ ئاڕاستەمان دەکەن؟

ئەم پرسیارە گەلێگ گەورە وگرنگ و هەستیاریشە.و بەتایبەتیش لەکاتێکدا وزەی ئەتۆمی ولاتانی دونیا زیاد لە ١٦٪ ی وزەی کارەبا یان بۆ دابین دەکات.وە ٣٥٪ ی پێداویستی ولاتانی یەکێتی ئەوروپا لەوزە دابین دەکات.یابان بەڕێژەی ٣٠٪ پێداویستیەکانی کارەبای لەوزەی ئەتۆمی دابین دەکات. ئەم ولاتانەش ٣/١ پێداویستیان لەوزە لەڕێگەی وزەی ئەتۆمیەوە دابین دەکەن وەك: بەلچیکا و بولگاریا ومەجەڕ و یابان و سلۆڤاکیا و کۆریای باشور و سوید و سویسرا و سلۆڤانیا و ئۆکرانیا.

لەبەرئەوەی ئەو بڕە وزە ئەتۆمیەی کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا زۆر کەمترە لەو بڕە سوتەمەنیەی کە پێویستە لەنەوت و خەڵوز بۆ بەرهەمهێنانی هەمان بڕە کارەبا.١ تەن یۆرانیۆم دەتوانێت وزەیەکی گەورەی کارەبا بەرهەم بهێنێت کە گەورەترە لە ملیۆنان بەرمیل نەوت و ملیۆنان تەن لە خەڵوز. هەروەها وزەی ڕۆژ تێچوی زۆر گەورەترە لە وزەی ئەتۆمی.هەورووەها گازە زیانبەخشەکان دەرناداتە هەواوە وەك دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یان ئۆکسیدی نایترۆجین یان دووەم ئۆکسیدی کبریت کە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی گەرمای دونیا و ترشەباران و تەمومژی دوکەلاوی.

سەرچاوەی وزەی ئەتۆمی (( یۆرانیۆم)) زۆرە و بەئاسانی دەست دەکەوێت و دەگوزارێتەوە, بەلام سەرچاوەکانی نەوت و خەڵوز دیاریکراون.هەروەها دامەزراوە ئەتۆمیەکان بۆ بەرهەمهێنانی وزە ڕوبەری کەم داگیردەکەن لەزەوی بەبەراورد لەگەڵ وێسگەکانی بەرهەمهێنان کە پشت دەبەستنە سەر وزەی ڕۆژ یان وزەی با.

بەلام وزەی ئەتۆمی دەبێتە هۆی دروستبونی پاشەڕۆ کە توانای تیشکدانەوەی بەرزیان هەیە.کە هەڵدەگیرێت لە دەریاچەکاندا بۆ ئەوەی ساردیان بکەنەوە. بەمژینی گەرمای سووتەمەنیە بەکارهاتوەکە وە دابەزینی ئاستی تیشکدانەوەکەی.و دواتر چارەسەردەکرێت بۆ گێڕانەوەی یۆرانیۆم و بلۆتۆنیۆمە پەرت نەبوەکان و

بەکارهێنانەوەیان سەرلەنویٚ وەك سووتەمەنی کورەکان یان بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی.هەندیٚ لەو توخمانەی لەو پاشەڕۆیانەدان وەك بلۆتۆنیۆم کە تواناى تیشکدانەوەی بەرزیان هەیە و بۆماوەی هەزاران ساڵ دەمێنێتەوە.و هیچ سیستەمێکی ئەمینیش نیە بۆ خۆدەربازکردن لێیان. کورە ئەتۆمیەکان بونەتە خاوەن ناوبانگێکی خراپ بە هۆی دەرچوونی تیشك لێیانەوە, وەك ئەوەی لەکورەی چێرنۆبیل لە ئۆکرانیا لەساڵی ١٩٨٦ دا ڕویدا و بوە هۆی کوژرانی ٣١ کەس و بەرکەوتنی سەدان هەزار کەسی تر بەتیشك کە کاریگەریەکانی بەردەوام دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتوش.

سەرچاوە:-
======

- پێگەی ئینتەرنێت www.ar.wikipidia.org

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٢٩ لە هاوینی ٢٠٠٩دا بلاْوکراوەتەوە.

## نوسەر لەچەند دێڕێکدا



( نەوزادی موهەندیس )

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچنار لە سلێمانی
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی ودواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی لەشاری بەغداد تەواوکردوە
- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕ لە نەوت وپترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە
- بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەی سلێمانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ٢٠١٣/٩/٤وە

- **لەکتێبە بلاْوکراوەکانی نوسەر:-**

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦
٢. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧

٤. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری ساڵی ٢٠٠٨

٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان . ساڵی ٢٠٠٨

٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە .ساڵی ٢٠١٢

٨. دومۆزی مەلەك تاووس / لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی // وەرگێڕان ساڵی ٢٠١٢

٩. خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەلاتی سیاسی کوردستاندا .ساڵی ٢٠١٢

١٠. یەکەمین سەرکێشی عەقل/ لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە، سوریا، ولاتی دوو ڕووبار//وەرگێڕان ساڵی٢٠١٣

١١.نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە شاری سلێمانی.ساڵی ٢٠١٣

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا بە زمانی کوردی و عەرەبی. لەساڵی ١٩٩٦وە.
- خاوەنی دەیان وتاری کورتی واڵی تایبەتی فەیس بوکە.

*********************************
******************************
************************
**************
*****
*